# له شارەزوورەوە بۆ ناسرییە

پانۆرامای ڕووداوە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی
کوردستانو عێراقو جیهان، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٥ بۆ ٢٠١٨

**سەرحەد یونس محەمەد**

**٢٧١٨ی کوردی** **٢٠١٨ی زاینی** **١٤٤٠ی کۆچی**

## ❖ لە شارەزوورەوە بۆ ناسرییە


- ✓ نوسەر: سەرحەد یونس محەمەد
- ✓ بابەت: بیرەوەری
- ✓ نرخ: (٨٠٠٠) دینار
- ✓ نۆبەی چاپ: چاپی دووەم ٢٠١٩
- ✓ تیراژ: (٥٠٠) دانە
- ✓ چاپخانە: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان،
ژمارەی سپاردنی (٥٨٥) لە ساڵی (٢٠١٨) پێدراوە.



تێبینی: مافی لە چاپدانو کۆپی کردنو لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نوسەر

## پێشەکی

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەگەرچی لە ڕوانینی سەرەتادا بیرەوەری وەك ئەزموونی تاکەکەسی دەردەکەوێت، بەڵام وەك بیرمەندو کۆمەڵناسی فەرەنسی (مووریس هالبواکس/ Mauric Halbwachs) دەڵێت: ((بیرەوەری هەمیشە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دابەشدەکرێت)). بەو مانایەیی کە بیرەوەری سیفەتی کۆمەڵایەتیبوونو گشتگیریی هەیە. هەر بیرەوەریەکانیشە کەسەکان لەیەك نزیك دەکاتەوەو پێکەوە گرێیان دەدات. وە ڕایەڵەو ئامرازی ئەم پێکەوە بەستنەی ڕابردوو بە ئێستاوە گێڕانەوەیە، واتە لە ڕێگای گێڕانەوەوە ئێمە دەتوانین ژیانی خۆمانو ئەوانی تر _کۆمەڵگا_ بە نەوەکانی ئێستا بگەیەنین.

بیرەوەری بەرهەمی ساتەوەختێکی لەبیرنەکراوە، چرکەیەك کە توانای مانەوەی لە هەناوو زەینی ئێمەدا بۆ هەمیشە دەستەبەر دەکات. بیرەوەری هەندێك کەسو شوێنو ڕووداو، وەك تارماییو مۆتەکە باڵ بەسەر ئێستاشماندا دەکێشێت.

کاتێك ڕووداوەکان، مەوداو دووریو تۆزی زەمانەیان لەسەر دەنیشێت، ئەوکات تەنها لەڕێگەی خستنەڕووی بیرەوەریەکانەوە دەتوانرێت جارێکی دیکە زیندووبکرێننەوەو تۆزی زەمانەیان لەسەر لابرێت. بۆیە نوسینی پەرتووکە بیرەوەریەکان پێگەو قورسای ئێجگار گەورەیان هەیە لە ناوەندەکانی ئەکادیمیو نوسینو مەعریفەدا.

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووو کەلەپووری کوردو ڕوودوەکانی کوردستان بدەینەوە ئەوا دەکرێت بڵێین گەلی کورد بەیەکێك لە دێرینترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێتو، ڕۆڵێکی گرنگو پێکهێنەرو، بەشدارییەکی بەرچاوو کارای لە بوارە جۆر بەجۆرەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو کلتووریو ئابوریی ناوچەکەدا هەبووە، پاشان لە نەخشاندنی مێژووی خۆیو وڵاتانی چواردەوریدا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە.

لە ئێستادا کورد لەیەکێك لە پارچەکانی کە باشوری کوردستانە، خاوەن هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەریەو، هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم هەرێمەش وایە کە وەك ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە ژماردن، بەجۆرێك کە ناتوانێت خۆی بە دوور بگرێت لەو پێشهاتو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن.

گومان لەوەدا نیە مێژووی دوورو نزیکی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو کەلتووری میللەتەکەمان پڕیەتی لە هەورازو نشێو و، بە چەندین قۆناغی سەختو دژواردا تێپەڕیووە، بۆیە زۆر پێویستمان بە خوێندنەوەو شارەزابوونی ئەو مێژووە هەیە بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردووو لە هەمانکاتیشد بۆ ڕوونکردنەوەی داهاتوویەکی نادیار.

ئەم پەرتووکە شاکارێکی مەزنو هەوڵێکی دڵسۆزانەی نوسەرە بۆ گێرانەوەو خستنەڕووی واقعی سیاسیو کۆمەڵایەتی ماوەی ساڵانی ڕابردوو بۆ ئێمەی خوێنەر لە ئێستادا. وە ئەم کتێبە جگە لە یاداشتو بیرەوەرییەکانی نوسەر لە هەمان کاتیشدا پانۆرامای ڕووداوە مێژووییەکانی میللەتو کۆمەڵگاکەمانە. لێرەوە زۆر دەستخۆشی لە نوسەری بەڕێز دەکەم بۆ نوسینی ئەم کەشکۆڵە بێ وێنەیە، کە بێگومان کەلێنێکی زۆر لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکاتەوە.

**م. سەروەر حەمە ئەحمەد**
مامۆستا لە کۆلێژی یاساو
زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

## دەروازە

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای بالاّدەستی بیّ هاوەڵ و یاریدەدەر، سەلاّت و سەلام بۆ گیانی پاکی خۆشەویستەکەی کە رەحمەتە بۆ هەموو خەڵکی جیهان.سلاّو بۆ گیانی پاکی ئالوبەیتی سەروەرمان ،سلاّو بۆ گیانی بەرزەفڕی سەرجەم هاوەلاّن و شوێنەکەوتوانیان هەتا ڕۆژی پەسلاّن.

مامۆستا پشکۆ نەجمەدین دەبێژێت: من کە دەچمە شوێنێك یاخود پێیدا گوزەر دەکەم، کاتی ئێستا تێدەپەڕێنم‌و لە زەمەنە تۆزلێنیشتووەکانی مێژوودا دەگیرسێمەوە. من چێژێکی کەم وێنە لە دووبارە خولقاندنەوەی ڕوداوە تێپەڕیوەکان لە هزردا دەبەم[1].

بەڵێ منیش هەروەکوو پشکۆ کاتیّ تەماشای وێنە کۆنەکانی ئەلبومەکەم دەکەم، لەشەقەی باڵ دەدەم‌و دەگەڕێمەوە بۆ چل ساڵ پێشتر، لەوێوە ئاوێزانی مێژووی ڕابوردووم دەبم‌و دەست لە بەرۆکی بەرنادەم. هەر ئەوەندەم بەسە لە دەلاقەیەکەوە چوومە ژوورەوە، ئیتر هاتنە دەرەوەم زەحمەت دەبێت، دووبارە وێنەکان لە زەینم دا دەنەخشێنمەوە، چەم‌و جۆگەو کانی‌و دارەکان لە جێگای خۆیاندا دادەنێمەوە، تەنانەت ئەو هێلانە چۆلەکانەش کە کاتی خۆی دەستی وێرانکاری ئێمەی منالّی گەیشتبونیّ بنیات دەنێمەوەو پوشیان بۆ دەکێشم. وەکوو دەڵێن (بیری منالّی تیژە) مەبەستیان ئەوەبووە کە یادەوەری ناو مێشکی پاك‌و تازەی منالّ هیچ شتێکی تێدا سەیڤ نەکراوەو دەتوانێت وردو درشتی ڕووداوەکان تۆمار بکات. منیش کە ئێستا چل سالّی بەسەردا تێپەڕیوە، زیندانی ناسرییەو ڕوداوەکانی ناوی وەکوو خۆی دەگێڕمەوە، بیست‌و پێنج فلسم دەبردو لە حانوتی سجنەکە لای ئوم حسێن ساردییەکی ڕەشم دەنا بەسەرەوەو لەبەر تونییەکەی لوتمی دەچوزاندمەوەو بە سیّ چوار وچان بۆم تەواو دەکرا. وێنەی ئەو سەتڵە وەکوو خۆی دەکێشمەوە کە دایکم پڕی کرد لە خۆراك‌و نای بە سەرییەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوایی نەزانن باوکم‌و سیّ پێشمەرگەی هاوڕێی لە ناو چەمەکەی شەکرالی‌و ناوەڕاستی باخەکەدا ئیختیفا بوون، نانەکەی بۆ بردن‌و دواتر پڕی سەتڵەکە ئاوی هێنایەوە.

دەچمەوە بۆ سالّی **٧٩**و سەرێك لە هەمان ئەو باخە دەدەمەوە کە پێشمەرگەکان تێیدا ئیختیفا بوون، جریوەی باڵندە وچۆلەکە لە وەرزی بەهاردا حەشرێکی بەرپا کردووە، دار نییە دەیان هێلانەی پێوە نەبێت,تەرزی مێوەکان بەسەر دار بییەکانی چەمەکەدا هەڵگەڕاون‌و ژنان تا کویّ دەستیان دەیگاتیّ گەلاّی

---

١ پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون‌و یاد، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٩٣-٩٤.

سەوزی جوان دەچنن‌و دەیکەنە بەرچاکەکانیان. لالە حەمە سالح[1] لە چەمەکەدا دەست نوێژ دەگرێت‌و دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگا لەسەر ئەو بەردە دەکات کە بۆ بەردەنوێژ لەناو ئاوەکەدا ڕاخراوە. مامە داراو حەمەی حاجی خۆرشی بە دار لاستیکەکانی دەستیانەوە دێن‌و بە گڤەی بەردەکانی دەستیان ڕیزێك گەڵای چنار دەخەنە خوارەوەو بە پەلە دەچنە سەر تەرمی نیوەمردووی چۆلەکەو بە (نیەتی چەقۆ) سەریان لە لاشە جیا دەکەنەوە. وە دڵیان بەوە ئاو ناخوات دار لاستیکەکان دەکەنە ملیان‌و یەکی بە دارێکدا هەڵدەزنێن‌و دەستی وێرانکاری دەگەیەننە چەند هێلانەیەك‌و بەچکەی تازە توك کردوو بەبێ سەر دەخەنە خوارەوەو بەمن دەڵێن کۆیان بکەرەوە. هێلانەیەك، دوان، سیان، ئەو ڕۆژە سی چۆلەکەی بەستەزمانیان ڕاوکردو منیان بە سێ یەك کرد بە شەریکی خۆیان, وا نیوەڕۆ من بووم بە خاوەنی دە چۆلەکە. شەهلای خوشکم پێستیان دادەماڵێت‌و لە تاوەیەکی فافۆنیان دەنێت‌و دەیخاتە سەر ئاگرەکە, چزو هوڕو بۆنی گۆشتی چۆلەکەی برژاو ئەوەندەی تر ئیشتیهای من‌و ئەسعەدی برام دەبزوێنێت، جار جار دەست دەبەم بۆ تاوەکەو دەچزێت بە دەستماو پرشی ڕۆن لێ ناگەڕێت پارچەیەك بێنمە دەرەوە.


في قرية ( تبي صفا ) التابعة للناحية ( خورمال ) بمحافظ...
السليمانية وقبل اكثر من خمس سنوات انشئت مدرسة حديثة
ولم يبق منها سوى تعبيد ارضية الصفوف وتركيب الزجاج ، ...
تركت لحد الان .. وتحولت الى مرتع للحيوانات وملجأ لها
في حين اصبحت المدرسة القديمة المؤجرة غير صالحة مطلقا ...
وتسلم صاحبها بدلات ايجار خلال هذه الفترة تقدر بحوال...
(٩٠٠) دينار .. في حين لا تكلف المبالغ التي تحتاجها المدرس...
الجديدة لاكمال النواقص اكثر من (٢٠٠) دينار .. فلماذا ه...
الاهمال والهدر ؟! وهل يبقى الطلبة معرضين لمخاطر البناي...
المؤجرة حاليا والتي اصبحت غير صالحة مطلقا ؟

لماذا تركت هذه المدرسة ؟ !

تەپی سەفا مەڵبەندی خۆشترین یادگارییەکانی منداڵیم، جێگای فێربونی ئەلف بێی کوردی‌و ژمێرەو زانست. قوتابخانەیەکی شەش پۆلی دروست کراو لە بەردی نەقاری، بەڕێوەبەرێکی کوردپەروەرو ڕۆشنبیر پانتۆڵێکی شاڵستۆنی دەرقاچە پان، قەمسەڵەیەکی کورت تا سەرکەمەری دەهات، جوتێك قۆنەرەی پاژنەبەرزی لە پێ دەرکرد. سەرکۆ عەزیز[2] یەکەمین بەڕێوەری ئەو جیلەی من بوو کە لە ساڵی خوێندی ٧٨-٧٩ چوینە ئەو قوتابخانەیە. مامۆستا سەرکۆ

---

١ حەمەساڵحی حاجی مارف ناسراو بە حاجی حەمەساڵح لە ساڵی ١٩١٠ لە گەرمیان لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ لالە حەمەی عەلی سان ئەحمەد هاتوونەتە گوندی شەکرالی‌و لەوێ جێگیربوون، ناوبراو جارێك حەجی کردووەو بە پیشەی جوتیارییەوە خەریك بووە، هەرچەندە بە زگماك شەل بووە بەڵام لە ژیانیدا کەسێکی چالاك‌و گورجوگۆڵ‌و بەهیمەت‌و کاسب بووە، لە ڕۆژی ٣١/ ٥/ ١٩٩٤ لە هەڵەبجەی تازە کۆچی دوایی کردووە.

٢ سەرکۆ عەزیز ئەمین لەساڵی ١٩٧٥ وەکو مامۆستا هاتە گوندی تەپی سەفا، ئەو کاتانە قوتابخانەکە لەماڵی خولێخۆش بێت کاك حاجی سەید عەلیدا بوو، ساڵانە ١٢٠ دیناری لە وەزارەتی پەروەردە وەردەگرت وەکو کرێی ئەو خانووە کە کرابوو

برایەکی لە سلێمانییەوە لەگەڵ خۆی هێنا بوو بۆ تەپی سەفا کە پیشەی خۆشنوسی بوو بە ناوی شێرکۆ. ئێستاش ئەو بەیتە هۆنراوەیەی ئەحمەد موختار جاف لە زەینم ون نابێت کە شێرکۆ لە سەر دیواری قوتابخانەکە بەخەتێکی جوانو بە بۆیاخی سەوز نوسی:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتانە

هەموو ئانو زەمانێ عەینی قەڵغانو سوپەرتانە

وێنەی سەرۆککۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر لە پۆلی خوێندن دا هەڵواسرابوو، منیش لەکاتی ڕێستدا تفێکم لە وێنەکە کرد. قوتابییەکی هاوپۆلم ، وەکوو خوی منالّی وتی ئێستا بە مامۆستا سەرکۆ دەڵێم سەرحەد تفی لە وێنەکەی سەرۆککۆمار کردووە!. من زۆر ترسام، مامۆستا سامو هەیبەتی خۆی هەبوو، خەریك بوو زەندەقم بچێت، هەرچی تکام لێ کرد سودی نەبوو، باسەکەی گێرایەوە بۆ مامۆستا سەرکۆ. دوایی تێڕامانێك وتی ئایا ئەو قوتابییە ڕاست ئەکات؟ وتم نەوەڵاّ مامۆستا فلاّن ڕاست نالّێت، وام نەکردووە بپرسە لەو قوتابیانەی ناو پۆلەکە، مامۆستا سەرکۆ لە چەند قوتابییەکی پرسی کەس پشتیوانی لەو نەکرد، دواتر وتی جارێکیتر ئەو کارە دوبارە نەکەیتەوە. ئەوەی کە منی لە سزا پەڕاندەوە ڕاستو درۆی تفەکە نەبوو، بەڵکو ئەوەبوو مامۆستا خۆی کوردێکی نەتەوەپەرستی تاسەر ئێسقان ڕقی لە ڕژێمی بەعس بوو، ئەگەر بۆی بکرایە وێنەکەی پارچە پارچە دەکرد. منیش قوتابییەکەی زیرەك بووم، کەسی

---

بە مەکتەب. دواتر مامۆستا سەرکۆ دەبێت بە بەڕێوەر ، ئەو هەمیشە کامێرا ڕەشوسپییەکەی پێ بوو، وێنەی زۆر جوانی دەچرکاند. ڕۆژێك وێنەیەکی قوتابخانە نوێکەی تەپی سەفا دەگرێت، کە تەنها هەیکەل بووە و لەلایەن کاك شەوکەتەوە وەکو بەڵێندەر کراوەتەوە، بەلاّم ناوەوەی تەواو نەبووە و بووە بە جێگای پشودانی ئاژەڵ و مانگاو گوێرەکەی ئاوایی. مامۆستا لەو کاتەدا وێنەیەکی دەگرێت و لەگەڵ ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلدا کە بە دەستوخەتە خۆشەکەی کاك شێرکۆی برای نوسراوەتەوە دەیدات بە ڕۆژنامەی **الثورة**، پاش هەفتەیەك ڕۆژنامەکە بلاّوی دەکاتەوە و وەزارەتی پەروەردە ئاگادار دەبێتەوە کە پێداویستییەکی ئاوا هەیە لەو ناوچەیەدا و هێشتا تەواو نەکراوە، تیمێك دەنێرن بۆ کەشفی قوتابخانەکە و دەرخستەی بۆ دەکەن کەچەندی پێویستە بۆ تەواو کردنی.هەر لەو ساڵەدا واتە ساڵی ١٩٧٨ ، تەواو دەبێت و قوتابخانەکەی ماڵ کاك حاجی سەید عەلی بۆ دەگوازنەوە.

هەر ئەم مامۆستا سەرکۆیە کە پیاوێکی زۆر دڵسۆز و بەخزمەت بووە، بەبۆنەی کاك شێرکۆی برایەوە کە فەرمانبەری پەروەردە بووە، هەوڵ دەدات خۆراکی ڕۆژانە بۆ قوتابخانەی تەپی سەفا دابین بکات، حکومەتی عێراق خۆراکی ڕۆژانەی وەکو هێلکە و شیر و پەنیر و نۆکاو و سێو و پرتەقاڵی بۆ قوتابیانی ئەو قوتابخانانە دابین دەکرد کە لەسەر جادە بونایە و دوورە دەست نەبوونایە، بەلاّم تەپی سەفا دوور بوو لە جادەوە و ڕێگاکەی قوڕ بوو بۆیان نەدەکرد، کاك شیرکۆ ئەو هەوڵەی دابوو، بۆ قوتابخانەی تەپی سەفایان دابین کرد. کەلوپەلەکەیان لە گوندی تەپەڕێزینە دادەگرت و دوو کەسی ئاوایی و دوو قوتابی بە تراکتۆر دەچوون دەیان هێنایەوە.

زیرەك‌و گوێگر هیچی لەسەر نەدەبوو بەماڵ لەهەمان کاتیشدا باوکم تازە بەدەستی ڕژێمی بەعس کوژرابوو.

مامۆستا سەرکۆ لەپۆلدا زۆر توندوتیژ بوو، وانەی ژمێرە (بیرکاری) پیێ دەوتین، لە وانەیەکدا لوقمانی مامە حەمۆلی[1] هەستاندو پرسیارێکی لیێ کرد. لوقمان دەستی کرد بە گریان، وتی مامۆستا نایزانم، ئەمشەو تابەیانی ماڵمان پڕبووە لە ژن بەهۆی پرسەی کاکە حسێنمەوە (کاك حسێن لەشەڕی براکاندا بوو بە قوربانی). مامۆستا سەرکۆ دەستی هێنا بەسەریداو وتی دانیشە باوکم قەیناکات.

ئێستاش دەستخەتە جوانەکەی مامۆستا ڕزگار هەڵەجەییم بیر ناچێتەوە، هەروەها مامۆستا عەلی کە بە قەنافیز منالێی بەرزدەکردەوە (دواتر بوو بە پێشمەرگەی پارتی‌و شەهید بوو)، مامۆستا غالب داقوقی‌و مامۆستا جاسم خانەقینی‌و مامۆستا شاهۆ نەقشبەندی‌و مامۆستا عەبدوڵاو مامۆستا وەکیل‌و مامۆستا دڵسۆزو مامۆستا محەمەدو مامۆستا ئازاد حەمە فەرەج‌و چەندین مامۆستای خۆنەویست یەك لە دوای یەك وانەیان پیێ وتینەوەو دواتر بە هۆی سەربازی یان گواستنەوەیان بۆ شار ماڵئاواییان دەکردو لێمان ون دەبون. وانەی ئەلف‌و بێی نوێی باڵدار، کە تا ئێستاش وەکوو نەخشێك لەسەر بەرد هەڵکۆڵرابێت، ئاوا لە وێنەی لە مێشکم دا چەسپیوە.

کارگوزارە دڵسۆزەکانی قوتابخانە، کاك سەید حەسەن‌و خوالێی خۆش بێت کاکە حەمە ئەمینی ساڵح‌و کاك ئیبراهیم خێڵی حەمەیی، هەرکام لەوان لەکاتی دابەشکردنی خۆراکی قوتابخانەدا باشترین بەشیان بۆ من دادەناو وەکوو خەڵکانی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر خۆیان بەقەرزداری خوێنی باوکم دەزانی کە چەند مانگ پێش ئەوەی من بێمە ئەو قوتابخانەیە شەهید بوو. بەڵی خەڵك بەگشتی بەئەمەك بوون بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان.

دوکانی ڕەیس سۆپەرمارکێتی گوندەکە بوو، لەگەڵ قوتابخانەکەدا ڕێگای تەپی سەفای سەروو جیای دەکردنەوە. مستەفا عەزیز هەورامی ناسراو بە ڕەیس خێزانەکەی چەند ساڵ پێشتر کۆچی دواییکردبوو، خۆی‌و هەردوو کوڕەکەی هادی‌و مەهدی لە دوو هۆدەو هەیوانی گڵدا دەژیان، یەکیێ لەو ژورانەیان کردبوو بە دوکان. ساردی‌و بسکیت‌و کێك‌و چەرەسات‌و بنێشت‌و پیل‌و دەفتەرو قەڵەم‌و جگەرەو گۆرەوی‌و

---

١ لوقمان محەمەد ئەحمەد مەحمود یاروەیس لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٢ی گوندی تەپی سەفایە، خوێندی سەرەتایی لە تەپی سەفاو ناوەندی لە سیروان‌و پەیمانگای خانەی مامۆستایان لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان لە زانکۆی کۆیە بەشی کۆمەڵناسی تەواو دەکات‌و لە سلێمانی دەبێت بە مامۆستا، دواتر لە ساڵی ٢٠١١ لە زانکۆی مەنسورەی وڵاتی میسر دەست دەکات بە خوێندنی ماستەرو لە ٢٠١٣ بەپلەی زۆرباش تەواوی دەکات. مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی‌و لەهەمان کاتیشدا بەڕێوەبەری گروپی کۆمپانیاکانی یاروەیسەو کاری بزنس دەکات، خێزاندارەو لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.

دەستەسڕو پێداویستی وەکوو شوشەی چراو پلێتەو جۆرەها پێداویستی تر بۆ ئەو سەردەمە تێدا بوو. پێشمەرگە نییە لەو ناوچەوە تێپەڕ بوبێتو سەری لە دوکانی ڕەیس نەدابێت، یان پاکەتێ جگەرەی کڕیوە یان جوتێ گۆرەوی یان پیل بۆ ڕادیۆکەی یان دەروونی گەرم بووەو بەساردییەکی پیپسی کردووە بەسەر دەروونیداو فێنکی کردووەتەوە. ڕەیس قازانجێکی باشی دەکرد چونکە تاکە دوکانی گوند بوو لە هەمان کاتدا لەسەر ڕێگای چەند گوندێکی تر بوو، بەردەوام دوکانەکەی جمەی دەهات لە قوتابیانو ڕێبوارانو پێشمەرگەو خەڵکی ئاوایی. چەند مانگ جارێکیش منالآنی چەتونی گوند دەستێکی خێریان بە دەخیلەی دوکانەکەیدا دەهێناو کێلۆمەترەکەیان بۆ سفر دەکردەوە. چەندین جار فرسەتیان لێ دەهێناو قوتووی پارەکانیان بۆ خاڵی دەکردەوە، پارە وردەکان هەریەکەیان قوتووی جیاوازی خۆیان هەبوو هەر لە نیو دینارو ڕوبعو سەد فلسیو پەنجا فلسیو بیستو پێنج فلسیو دەفلسیو پێنج فلسی. هەموو جار دەستی تالآنکاری دەگەیشت بەو قوتووانە، تا ئەو کاتەی خانووەکەی کرد بە مسەلەحو دەرگای ئاسنی کەپسی تێ کرد، ئیتر ئەو فرسەتە بۆ منالّی چەتون نەمایەوە کە دەستی خێر بگەیەنن بە قوتووەکان.

ئێستاش خڕەی هەردوو گیرفانی شەرواڵەکەم دێت لە وردە بەردی سافو سۆڵو بەرەو چەمی (بوزانە)[١] دەبمەوەو خۆم لە پەرێزی دارتوویەکی گەورەدا دەشارمەوە، سەرەتاتکێ لەگەڵ ئەو ڕیشۆڵانەدا دەکەم کە دەمیان بۆ نۆبەرەی توی ئەو ساڵە دەبردو یەکێ لەوانم دەخستە ناو قەرەوڵی دارلاستیکە یەك کێشەکەمو توی سپیم لە گەردنی ڕەشیدا قەتیس دەکرد. ئای چی هەستێکی خۆشی پێ دەبەخشیم کاتێ تەرمی ئەو باڵندە بێ گوناهە بەنێو لقی درەختەکەدا ئەمبەرو ئەوبەری دەکردو چەند گەڵایەکی لە گەڵ خۆیدا دەهێنایە خوارەوەو دەکەوتە بەردەستم، ئێستا مەستی ئەو خۆشیانە بەرم دەداتو هەست بە ئازارەکەی دەکەمو دەڵێم ئەگەر مرۆڤەکان ئیمان نەبێت بە هەوێنی ژیانیان ئەوا ژیان لە هەموو خاوەن ژیانێك دەتۆرێنن.

ئێستاش وێنەیەکی ئەو پاکەتە سۆمەرە دەکێشمەوە کە لە پایزی ٨٦ دا لە شارۆچکەی سیروان کڕیمو لوقمانی مامە حەمۆلم تێدا کرد بە شەریکە بەشو لە چەمو کانی پشتی گردەکەدا لاسایی ڕەحمەتی کاك حەسەنی برایو کاك سەعدیو خالۆ مارفمان دەکردەوەو دەمان وت:

سەعدی تۆ بیشکێنە واتە (پاکەتەکە هەڵبچڕەو نایلۆنەکەی لێ بکەرەوە).

مارف تۆ بیشکێنە.

---

١ بوزانە چەمو جۆگەیەکە لە چەند کانییەکەوە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی گوندی تەپی سەفاوە هەڵدەقوڵێتو لە کۆتاییدا دەرژێتە چەمی شێخ موسێوەو لەوێوە بۆ چەمی زەڵم. جۆگەی بوزانە ئاوێکی سارد و سازگاری هەیە و بەوە پێی وتراوە (بوزانە) کە لە وشەی (بوز)ەوە هاتووە واتە سەهۆڵ. ئەو جۆگەیە ئاودێری بەشێك لە زەویو زارەکانی گوندی تەپی سەفا دەکات.

نا حەسەن تۆ بیشکێنە، ئەمانە قسەی منو لوقمان بوو بۆ یەکترمان دەکرد.

لەکۆتاییدا پاکەتەکەمان شکاند (واتە هەڵمان بچڕیو نایلۆنە تەنکەکەمان لێ کردەوە)، سەرو جگەرەمان بە ئەو پەڕی لەزەتو خۆشییەوە لێ کێشاو پاش ماوەیەك دووەمو سێهەممان لێ فت کرد. هەر لەوێدا بەڵێنمان بەیەکدا کە دەبێت ئەم پاکەتە بەشی دوو سێ ڕۆژمان بکات. خۆش لەوەدابوو کەسمان متمانەمان بەوی ترمان نەبوو کەپاکەتەکەی لە لابێت. دواتر من وەکوو برای مەسلەحەت خۆم تەسلیمی ئەو کردو پاکەتم بە ئەمانەت لە لا دانا، نەمزانی پاکەت دەبێت بەبەڵای گیانی لوقمانو دوای دەخولەکی تر دەیباتە سەر پەتی سێدارە.




بەرەو ئاوایی بوینەوەو بێ ئاگا لەوەی کاك خالی برای لوقمان (ئێستا فەریزەی حەجی بەجێهێناوەو حاجییە) چاودێری کردوینو ئاگای لەم کەینو بەینەی ئێمە بووە. لەپەنای پەرژینەکەی ماڵی کاك حەمە فەرەجی حەمەی سەلیم دا بۆسەی بۆ دانابوین، کە ئێمە ئەو ڕێگایەمان بە ئەمینو بێوەی دەزانی داخڵی ئاوایی ببینەوەو گەورەکانمان نەزانن لە کوێ بوین. هەر کە گەشتینە نیوەی پەرژینەکە کاك خالی وەکوو سۆپەرمان هەستایە سەرپێو بە بزەو پێکەنینەکەی خۆی کە چەند چرچو لۆچێکی دەخستە نێو چاوانی پرسی: بەخێر بێنەوە، ئەوە لە کوێ بوون؟

لەسەر گرد بوین ئێستا ئەچین بۆ دوکانی ڕەیس، ئەمە وەڵامی من بوو.

نا لە گرد نەبوون، ئاگام لێ بوو لە چەمی بوزانە بوون. کاك خالی وای وت.

بەخوا لەسەر گرد بوین، ئەمە وەڵامی لوقمان بوو بە ڕەنگی پەڕیویەوەو دەستەکانیشی دەلەرزین.

ئادەی با گیرفانتان بپشکنم، کاك خالید ئەمەی وتو نزیك دەبویەوە لێمان.

فەرموو بمانپشکنە، هیچمان پێ نییە، لوقمان ئەمەی وتو زیاتر ڕەنگی دەپەڕی، چونکە دەیزانی ئەو گورزەی کاك خالی چەند مەن ئاوی پێوەیە.

کاك خالی دەستی کرد بە گیرفانی لوقمانداو پاکەتی هێنایە دەرەوە. کارەسات. . کارەسات. من وردە وردە پاشەکشە دەکەمو دەمەوێت تا لوقمان میراز دەکرێت ئەو ناوە بە خێرایی بیستو پێنج کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بە جێ بێڵم.

هەرکە تەرمی نیوەمردووی لوقمانم لە ژێر قاچەکانی کاك خالیدا بینی، پرۆسەی ڕاکردنی من بەو خێراییە دەستی پێکرد، بۆ ئەوەی دەستی ئەو جەلادە بەمنیش نەگات. ئەو لە ڕوانگەی خزمایەتیو برا گەورەییەوە دەیتوانی تەمێم بکاتو لێم بدات. کات نزیك بانگی شێوان بویەوە، لەپشتی گردەوە

ڕۆشتمەوە بۆ بەری ئاواییو خۆم کرد بە ماڵدا. لەبەختی باشی مندا میوانمان لە شارەوە هاتبوو، ماڵی پورم لە سلێمانییەوە تەشریفیان هێنابوو، ئەگەر کاك خالی شکاتی منیشی بگەیاندایە دڵنیا بووم بەهۆی لێبوردنی تایبەتەوە ڕزگارم دەبوو. بەڵام هەر لەوە دەترسام کەی کاك خالی خۆی بکات بەماڵداو هەواڵی ئەم پاکەتە جگەرەیە بگەیەنێت! نانم بە ترسو لەرزەوە خواردو کاتی چا تێکردن، شەبەحێك خۆی کرد بە ژووردا، ویستم لەکاتی سڵاوو بەخێرهاتندا لەپەنایەوە بچمە دەرەوە، بەدەستێکی دەستی گرتمو بە پێکەنینەوە وتی: مەڕۆ، تۆ جاریٚ بەخێرهاتنی میوانەکە بکە.

میوانی چی من لەترسو شەرمی ئەوەدا لەو تەمەنەدا بووم بە جگەرەکێش کاك خالیم لیٚ بوو بە عەلی کیمیایی. نەیهێشت بچمە دەرەوەو کەیسی جگەرە کێشانی منو لوقمان تاوتویٚ کرا. دوای سیٚ ڕۆژ لوقمانم بینییەوە، باسی خۆی بۆ گێرامەوە کە لێدانی لای پەرژینەکە هێلکەو ڕۆن خواردن بووە لەچاو ئەو سزایەی لەماڵەوە دراوە. منیش بە شانازییەوە باسی ئەو لێبوردنە تایبەتەم بۆ کرد کەبە هۆی ماڵی پورمەوە بۆم دەرچوو بوو.

کوڵکنی، ئەو گوندە خنجیلانە جوانەیە کەئێستا دەتوانم نەخشەی ماڵو کۆڵانو چەمو ئاوو



کانییەکانی ساڵی هەشتاکانی وەکوو خۆی بکێشمەوە. ماڵی پورە فاتمەم کە خێزانی کاك قادر بوو خانەخوێی هەمیشەییمان بوو، هەرچەندە ڕەوفی کوڕیان بەتەمەن سیٚ ساڵ لەمن منالٚتر بوو، بەڵام هۆگرییەکی وامان بۆ یەك هەبوو کە ئێستاش کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ یە ئەو پەیوەندییە وەکوو خۆی وایەو تێك نەچووە، ئەگەر مانگی جارێك سەردانی نەکەم بێتاقەتی دەکەم. ماڵی کاك قادرو کاکە حەمەی برا گەورەی لە هۆزی یاروەیس بوونو هەر لەسەرەتاوە لەو گوندە نیشتەجیٚ بوو بوون. گوندەکە بە کوڵکنی ئەحمەدی فەقیٚ کەرەم ناسراوە، دانیشتوانەکەی لە عەشیرەتی سادانیو یاروەیسیو چەند ماڵێکی ئەملاو لاو هەورامی پێکهاتوون.

ئەو ئێوارەیەم بیر ناچێت لەگەڵ ڕەوفو لوقمان لە چەمی چاوگەدرێژو لەژێر خەزانی گەڵای زەردی پایزدا، یەکی لەسەر کۆتەرە دارێك لای مامە ڕەحیم[١] دانیشتبووینو لەبەر ئەو ئاگرەدا کە خۆی پیٚ وشك

١ مامە ڕەحیم کوڕی ئەحمەدی فەقیٚ کەرەم بووە کە گوندی کوڵکنی سەروی بنیات ناوە، لەدایکبووی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم بووە، کەسێکی باڵابەرزو مێزەر بەسەر بوو، جلو بەرگی ڕەسەنی کوردی وەکوو کەواو سەڵتە دەپۆشی، ژیانی

دەکردەوە گوێمان بۆ قسە خۆشەکانی هەڵخستبوو. جار جار جگەرەیەکمان بۆ ڕادەگرت، لێی وەردەگرتین‌و بە پشکۆیەك دایدەگیرساندو نەفەسێکی قوڵی لێ دەدا. مامەڕەحیم یەکێ بوو لەو ئەشرافی ئاوایی بەڵام لەبەرگی دێوانەدا. قسەکانی مایەی تێڕامان‌و سەرنجدان بوون،و جۆرێ لە پێشبینی‌و هەواڵی ئاینەدەیان لەخۆ دەگرت,بەڵام لای خەڵکی هەر وەکوو قسەی دێوانەکان هەژمار دەکراو بەهەند وەرنەدەگیرا. ناوبراو لە کاتی هێرشی ئێران بۆ سەر هەڵەبجەو شارەزوور هەر لە گوندی کوڵکنیدا لەلایەن پاسدارەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گولەو شەهید دەکرێت.

کوڵکنی گوندی کانی‌و گوڵباخ‌و گەڵامێوو شاتووو باڵندەی جوان، گوندی چەندین ڕۆحی پەپولەئاسای دڵپاك، هەرکە نزیك دەبویتەوە لە ئاوایی بۆنی گوڵباخەکانی ماڵی کاکە حەمەی بەدرەو ماڵی کاك قادر دەهات بەڕووتدا. بۆنی مەشکەدۆی سەر هەرزاڵەو کەرەو ڕۆنی کوردی ئیشتیهای مرۆڤی دەبزواند. کاتێ دەگەشتینە بەرەوە پورە فاتمە بەدوای مریشکێکی کوردیدا ڕایدەکردو چەقۆی بەملدا دەهێناو ئاوەڕووتی دەکردو تێکەڵ بە ڕۆن‌و پیازی قرچاوی دەکرد. دواتر سینییەك برنجی کوردی دەهێناو دەستی دەکرد بە بژنین. تا نان پێدەگەشت کاسەیەك دۆی پڕ لە قەزوان‌و شویتی ئامادەکرد.

بەڵی گێرانەوەی بیرەوەرییەکان چێژو تامی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە بۆ کەس مەیسەر نابێت کە هەموو شەوو ڕۆژەکانی ژیانی دۆکۆمێنت بکات‌و بیخاتە ناو دووتوێی کتێبەوە. ژیان پڕە لە هەورازو نشێو، خۆشی‌و ناخۆشی، گریان‌و پێکەنین، ترس‌و ئومێد، سەرکەوتن‌و دابەزین، ڕق‌و خۆشەویستی، نیشتمان پەروەری‌و خیانەت. هەموو ئەم چەمکە دژ بەیەکانە لە چوار دەورمان لەدایك دەبن‌و مرۆڤە باشەکان ڕووە جوانەکەی‌و مرۆڤە خراپەکانیش ڕووە ناشیرینەکەی لەشەر شانۆی ژیان نمایش دەکەن.

وا منیش هەرچیم لەو بیرەوەرییانە بیرماوە بۆتان دەخەمە نێو دوو توێی ئەم کتێبە، بەهیوای ئەوەی دڵخۆشتان بکەم‌و هەریەکەتان بگێڕمەوە بۆ لای ئەو بەسەرهاتانەی کە خەریکە تەپتۆزی زەمانە دای دەپۆشێت‌و لەبەرچاوانی ون دەکات.

ئەم پەرتوکە جگە لە یاداشت‌و بیرەوەرییەکانی خۆم کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەدەفتەری بەرباخەڵ ڕۆژژمێردا تۆمارم کردوون، سودم لە چەند باس‌و بەسەرهات‌و بیرەوەریی پێشمەرگەو خەباتکارە سیاسییەکان‌و نوسەرو ڕۆژنامەنوسەکان بینیوەو بۆ هەندێ باس‌و بەسەرهاتیش دیمانەم لەگەڵ خەڵکی بە ئەزمون‌و پەیوەندیدار بەچەند ڕووداوێکەوە سازداوەو یاداشت‌و بیرەوەرییەکانیانم تۆمار کردووە. لەگەڵ

---

بەتەنیایی دەبردە سەرو بەکەمی تێکەڵاوی خەڵکی دەکرد، قسەکانی جۆرێ لە پێشبینی پێوە دەبینرا بۆ ئاییندە، لە هێرشی ئێران بۆ سەر هەڵەبجەو هەورامان‌و شارەزوور لە ساڵی ١٩٨٨ دا لەلایەن پاسداری ئێرانەوە لە گوندی کوڵکنی دەدرێتە بەر دەستڕێژی گولەو شەهید دەکرێت.

هەموو ئەوانەدا سودم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك وەرگرتووەو زۆر بابەتو بەسەرهاتم لەوێوە وەرگرتووە، وە ئاماژەم بەناوی هەموو کەسانە کردووەو جار جاریش وێنەکانیانم لەگەڵ بابەتەکانیان داناوە. ئەم پەرتوکە هەرچەندە لە لایەکەوە بیرەوەرییە لە هەمان کاتیشدا پانۆرامای ڕووداوە مێژووییەکانە، دەستی خوێنەر دەگرێت ودەیبات بۆ بەر دەرگای ئەو ڕووداوانە، دەبێت خۆی تەقەیان لێ بداتو بیانکاتەوە.

شێوازی نوسینی ئەم پەرتوکە زۆر سادەو ئاسانو بەشێوەی دابەشکردنی ساڵەکان کراوەو بەروای ڕۆژو مانگو ساڵمان تێدا ڕەچاو کردووە. وە هەر بابەتێکمان لە شوێنێکەوە هێنابێت، پەراوێزمان بۆ داناوەو ئاماژەمان بۆ سەرچاوەکەی کردووە.

دەمەوێت لێرەوە سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە بە وشەیەکیش هاوکارییان کردووم بۆ نوسینەوەی ئەم پەرتوکە. لەوانە پیاوماقوڵی گوندی کانی شێخ لە عەشیرەتی هاروونی ڕێزدار مام خالید عەبدولرەحمان[1]، کە سیو شەش ساڵ زانیاری پڕ بایەخی لای خۆی لە ڕۆژ ژمێردا تۆمار کردبوو. هەر کە داوام لێ کرد زۆر بە سنگێکی فراوانەوەو بە ئەوپەڕی متمانەوە هەرچی ڕۆژ ژمێری هەبوو کردە جانتایەکی بچوکەوەو بە کاك هارونی کوڕیدا بۆی ناردم. زۆر سوپاسی ئەو متمانە زۆرەی دەکەم کە بەمن هەیبوو، چونکە وردو درشتی ژیانی خێزانیی خۆی لەو ڕۆژ ژمێرانەدا تۆمار کردبوو، کە ئەوەش شتێکی تایبەتەو ناخرێتە بەر دەستی هەموو کەس، هیوای لەش ساغیو تەمەن درێژی بۆ دەخوازم. هەروەها زۆر سوپاسی خاڵۆی خۆشەویستم مەلا تایەر حاجی عوسمان و کاك محەمەدی حاجی مشیر دەکەم بۆ ئەو دیمانە تایبەتانەی لەگەڵیاندا سازم دەکردو هەرگیز ماندوو بوونو بێتاقەتیان پێوە دیار نەبوو. هیوای لەشساغییان بۆ دەخوازم. هەروەها سوپاسی یەکە بەیەکەی ئەوانە دەکەم کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك سودم لە بابەتو زانیارییەکانیان وەرگرتووە، کەبە ئەمانەتەوە لە پەراوێزدا ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کردووە.

هیوادارم ئەم کتێبە کەلێنێك با زۆر بچوکیش بێت لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوەو ببێت بە هاندەرێك بۆ نەوەکانی داهاتوو کە وردو درشتی ژیانی خۆیانو کۆمەڵگاکەیان بخەنە سەر پەڕەی کاغەزو تۆماری بکەن، بەوەش ڕێگا لەوە دەگرن کە نەوەی ئاییندە مێژووی میللەتەکەیان بە چەواشەکاری بنوسنەوەو زیادەڕەویو کەمڕەوی تێدا بکەن. خوای گەورە کۆمەکی هەموو لایەك بێت.

---

١ خالید عەبدولڕەحمان مەحمود خەسرەو ناسراو بە مامە غالی کانی شێخی لەدایکبووی ١٩٥٠ی گوندی کانی شێخ، لە عەشیرەتی هاروونی. ناوبراو کەسێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیرەو لەسالآنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بە وانەبێژ دامەزراوەو وانەی وتووەتەوە، پاشان دەبێت بە ئەندامی یەکێتی جوتیارانو موختاری گوندەکەیان.

نوسەر

**سەرحەد یونس محەمەد**

٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨

شارەزوور/ هەڵەبجەی تازە

## کورتەیەك لە ژیانو ڕەچەڵەکی خۆم

لە وەرزی گەڵاڕێزانی ساڵی حەفتا لە دوای هەزارو نۆسەدی زایینی لەیەکێك لە گوندە خنجیلانەکانی دەشتی شارەزوور بەناوی (شەکرالی) لە دوای سێ کچ کە دوانیان پێش هاتنی من بۆ دنیا کۆچیان بۆ بەهەشتی بەرین کردبوو، چاوم بە ژیان هەڵهێناوە.

دوای حەوت ڕۆژ لە بەرواری هاتنمەوە بۆ سەرزەمین بانگ دەدرێت بە گوێی ڕاستم دا قامەتیش بە گوێی چەپم داو ناوم دەنێن (سەرحەد) کە ئەم ناوە لە شارەزوورو گەرمیانو کەرکوك لەو سەردەمەدا باو بووە. هەروەها ناوی هەرێمو ناوچەیەکیشە لە کوردستانی باکورو کۆلیژێکیش بەو ناوە لەوێ هەیە.

باوکم (یونس) کوڕی (محەمەد) کوڕی (عەلی) کوڕی (سان ئەحمەد) کوڕی (میرزا)ی کوڕ (پاشا)یە لە هۆزی وەڵی سەر بە عەشیرەتی گەورەی جاف، مەلا مەحمودی گردەنازێ خوالێی خۆش بێت هەمووجار بە باوامی دەوت: ئێوە بە نەسەب دەچنەوە سەر ساداتی سەوڵاوا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆچی ناچن سەجەرەی خۆتان بێننەوە، لەوێ موڵکتان هەیە.

دایکیشم (ئافتاو) کچی (عوسمانی هۆمەری مەحمودی یاروەیس) لە هۆزی یاروەیسی سەر بە عەشیرەتی گەورەی جافە.

سان ئەحمەدو مەحمودی یاروەیس هاوتەمەنو هاوڕێو هاومەشرەبو لە مەنسوبانی تەریقەتی نەقشبەندی بوونو زۆر تێکەڵاو بەشێخی سیراجەدینی تەوێڵە بوون، خوای گەورە هەموویان لەبەهەشتدا پێکەوە کۆ بکاتەوە. خزمایەتیو تێکەڵاوی ئەوان نەوە لەدوای نەوە تا ئێستا بەردەوامەو ژنو ژنخوازییان لەنێواندا هەبووەو لە کۆچو ڕەوی گەرمیانو کوێستاندا هاوکۆچ بوونو لە نیشتەجێبونیشدا بە هەمان شێوە.

سان ئەحمەد لە وڵاتی گەرمەسێرو لە وەرزی هاتنەوەیاندا لە کوێستان خوای گەورە کوڕێکیان پێ دەبەخشێت. لە دوای هاتنە دنیای کۆرپەکەی ئەسپەکوێت زین دەکاتو ساچمەزەن دەکاتە شانی، مشکیو جامانە تێکەڵاو دەکاتو فەقیانە سپییەکانی بەسەر قۆڵی سەڵتەکەیدا دەبەستێت، لەگەڵ چەند کەسی تری جاف دا نییەتی خانەقای تەوێڵە دەهێننو دەکەونەڕێ.

نییەتی سان ئەحمەدو گەشتەکەی لە گەرمەسێرەوە بەرەو هەورامان مەڵبەندی عیلمو عیرفان ناونانی مناڵەکەی بووە لەلایەن حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدینەوە (قدس الله سره).

پاش بڕینی چەند هەورازو نشێوو دۆڵو چەمو گەیشتنیان بە چیای بەرانان و لەو شیوەی کە ئێستا بووە بە بەنداو، لەو نزیکانەدا کە ڕێگای پەڕینەوەی خەڵك بووە، توشی چەند دزێك دەبن کە سەرقاڵی ڕووت کردنەوەی کاروانێکن، ئەم دزانە لەمێژ بووە خەریکی ئەو کارە بوونو کاروانچیو ڕێبوارانیان ڕووت دەکردەوەو تاڵانیان دەکردن. سان ئەحمەد زۆر داخ لەدڵ بووە بۆیان بەتایبەت سەردەستەکەیان کە کەسێکی

چەتوونو بێ حەیاو ستەمکار بووە. ساچمەزەنی لە باڕووتو ساچمە ئاخنراوی شانی دادەگرێتو قەرەوڵ لەسەر دەستەی دزان دەگرێت، لەگەڵ پەنجە لێدانی لە پەلەپیتکەی تفەنگ چیاکە دەنگەکە دەکاتەوە بە چەندین دەنگ، مەلەکان دەدەن لەشەقەی باڵ، حەزرەت لە خانەقاو لەکاتی شەونوێژدا دەفەرموێت بارك الله شەریکی فەتحەکەتمو وا ناوم نا فەتحی، چەند تیرەستێرەیەك لە ئاسمان دەکشێنو گیانی دەرچووی سەردەستەی دزان بۆمب باران دەکەن.

کاتێ دزەکان لاشەی لە خوێندا گەوزاوی فەرماندەکەیان دەبینن کلکیان دەخەنە نێو قاچەکانیانو ئەو ناوە بە جێ دەهێڵن، وە کاروانچییەکان قوتار دەبنو ماڵی دزراویان وەردەگرنەوە. بەم ئازایەتییەی سان ئەحمەد ڕێگای هاتووچۆی کاروانچییان ئاسایی دەبێتەوەو کەس ناوێرێت لەو ڕێگایەدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دزی بکات. کاتێ نزیکی خانەقای تەوێڵە دەبنەوە حەزرەتی شێخ تەشریف دێنێتە دەرەوەو بە پیرییانەوە دەچێت، لە دوورەوە بە سان ئەحمەد دەفەرموێت: شەریکی فەتحەکەتمو کوڕەکەتم ناوناوە (فەتحی). بەمەش سان ئەحمەدو هاوەڵەکانی فرمێسکی خۆشی لە چاویان دێتە خوارەوەو (سبحان الله ماشاء الله بارك الله) دوپات دەکەنەوەو دەستی حەزرەتی شێخ ماچ دەکەنو خۆشەویستی خۆیانیان بۆ دوپات دەکەنەوە. بەڵی سان ئەحمەد جگە لە فەتحیو عەلی چەند کوڕو کچێکی تری دەبن. عەلی باوکی هەریەکە لە محەمەدو ئەحمەدو زوهرەو[١] کچێکی تربووە. محەمەدی کوڕیشی کە بە لالە حەمە ناسراوە باوکی چوار کوڕو چوار کچ بووە بە ناوەکانی (ئامینە، یونس، سەعدییە، عاسی، دارا، زارا، کوبرا، زاهید). یونس باوکی نوسەرە و لە پێشمەرگایەتیدا کونیەکەی بووە بە( هاوار).

حاجی ئەحمەدی کوڕیشی باوکی هەریەکە لە (حامید، حەمیدە، عەلی،سان ئەحمەد، ئەدیبە، سەباح، بەهادین، نەجمەدین) بووە.

بەرهەمی ئەم خێزاندارییەی باوكو دایکم نۆ منداڵی کوڕو کچ بووە، بەڵام تەنها سێ کەسمان ماوین ئەویش دوو براو خوشکێکە بەناوەکانی (سەرحەدو ئەسعەدو شەهلا). وە ئەم براو خوشکانەمان کۆچی دواییان کردووە (کوڕێك بێ ناو لەکاتی لەدایك بووندا مردووە، شلێر، لەیلا، شیرین، ئەکبەر، (ئەمیر)یش دوایین منداڵیان بووە هەر بە منداڵی لە زیندانی ناسرییە کۆچی دواییکردووە).

خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی تەپی سەفا تەواو کردووە، ناوەندی لە ناحیەی سیروان تا نیوەی پۆلی سێ، بەڵام بەهۆی هێرشی ئێرانەوە بۆ سەر شاری هەڵەبجەو شارو شارۆچکەکانی ترەوە لەو ناوچەیە

[١] – زوهرە خێزانی حاجی محەمەدی ڕوستەم بووە لە گوندی کوڵکنی خواروو پیاوماقوڵی عەشیرەتی سەیانی، کە لە کیمیابارانکردنەکەی هەڵەبجەدا کۆچی دوایی دەکات،زوهرە لە حاجی محەمەد سێ کچی بووە بە ناوەکانی (فەوزییە، پەروین، ئامینە) ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کردووە

هاتینە شاری سلێمانیو لەوێ لە قوتابخانەی جمهوری پۆلی سێو چواری گشتیم تەواو کرد. پاش ئەوە شارۆچکەی هەڵەبجەی تازە دروست کرا لە ساڵی ١٩٨٩ لەوێ درێژەم بە خوێندن دایەوە، پاشان بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە وازم لە خوێندن هێناو چوومە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوەو لە ١٩٩٢/٢/٢ لەگەڵ خاتوو (سەریاس عوسمان ئەحمەد) زەماوەندمان کرد. پاشتر لە ساڵی ١٩٩٤ وەکوو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی دامەزرام، پاش چوار ساڵو لە ساڵی ١٩٩٨ ڕاژەکەم گوێزرایەوە بۆ وەزاەتی دادو لە دادگای بەرایی هەڵەبجە (شارەزوور)ی ئێستا وەکوو خەزنەدار دەست بەکار بووم.

لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠ دەستم کردەوە بە خوێندنو کۆلیژی یاساو ڕامیاری بەشی زانستە سیاسییەکانم بە پلەی باش لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی تەواو کرد. تا نوسینی ئەم چەند دێرە فەرمانبەرم بە ناونیشانی (بەڕێوەبەر) لە دادگای بەرایی شارەزوورو خێزاندارمو باوکی چوار کچو دوو کوڕم بە ناوەکانی (یاد، سۆما، سندوس، ئەمیر، سروشتو سوفیان).

## هۆزی وەڵی

(وەڵی) هۆزێکن لە عەشیرەتی گەورەی جافو لە گەرمیانو شارەزوور نیشتەجێن. (وەڵی)و (وەڵەدبەگی) دوو نەوەی دوو برا بوون کە ٣٥٠ساڵ پێشتر وەڵی لە (وارماوا)و وەڵەدبەگی لە (نوریاو)ی سەر بە هەورامانی لهۆن[١] نیشتەجێ بوون. هەرکاتێك وەڵەدبەگییەکان لێیان قەوما بێت ڕۆشتوون بۆ ناو وەڵییەکان چونکە زانیویانە خزمو پشتی یەکترن.

مەلا فەتاحی وەڵەدبەگی دەڵێت: چەندین جار لە باوکمم بیستووە دەیفەرموو: وەڵیو وەڵەدبەگی کوڕی یەك باوکن، (بابە حەمە عەلی)م کە لە ژاڵەناو بووە چەند جارێك فەتاح بەگی سەرۆکی

---

١ هەورامان کە هەموان وەکوو ناوچەیەك دەیناسن، بۆ خۆی بە چەندین هەورامان ناسراوە کە زیاتر بۆ هەورامییەکان بەو ناوانە دەیناسنو کەسانی تر هەموو ئەو شوێنانە بە هەورامان دەناسن نەك ناوێکیتر. هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریتییە لە (هەورامانی لهۆن، هەورامانی تەخت، هەورامانی دزڵیو شامیان، هەورامانی رزاو و گمرە، هەورامانی ژاوەرۆو کاوەرۆ). هەورامانی لهۆن لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکی دەکەوێتە باشووری کوردستانو بەشەکەی تری دەکەوێتە پارێزگای کرمانشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەورامانی لهۆن لە باکورەوە ناوەندەکەی نەوسوودەو لە باشوورەوە ناوەندەکەی شاری پاوەیە. لەو پێنج هەورامانەی ناویان هاتووە، دەیان گوندی گەورەو بچوکی سیحراویی سروشت جوان هەن. هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووەتە دوو پارێزگای کرماشانو سنەو زیاتر بە دوو ناوی هەورامانی لهۆنو هەورامانی ژاوەرۆ ناسراوە، لە ڕووی سیاسیشەوە هەورامان دوو پارچە بووە پارچەیەکی کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتو پارچەکەی تریشی لە باشووری کوردستانە. ئەمەش ناوی ئەو شارو شارۆچکەو گوندانەیە لە هەردوو دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتو کوردستانی باشور، کە لە دێر زەمانەوە زێدی هەورامییەکانە: (پاوە، سەولاوا، نۆدشە، نەوسود، بێساران، ئەوێهەنگ، پایگەلان، هەورامانی تەخت، بیارە، خورماڵ، دزڵی، نیبەر، مێراو، ژنێن، هویە، سەرهویە، نجێ، ساڵیان، شیان، فارساوا، چەشمەیەر، هەرسین، ئاریان، دەگاگا، ڕەزاو، کەڕاوا، خانەگای لای ڕەزاو، دووڕۆی سەرو خواروو، بندۆڵ، دەرەکێ، بارام ئاوا، دەمەیۆ، کەمالا، وەیسیا، روەوەرێ، سەرپیر، بڵبەر، سلێن، ژیوار، هەباساوا، وەرگەوێر، کەلجی، دۆڵاو، تاو، نوێن، ناو، ئەسپەرێز، دەشتەقەڵبێ، ڕوار، زوم، دەل، دەڵەمەرز، جوڵندی، پاڵنگان، دێوەزناو، سورەتفێ، هەجیج، دەرەهەجیج، مێویە، گەڵەوان، داریان، خانەگا، دشە، گلاڵ، نەیسانە، شەڕەکان، نەروی، تەشار، شێخانی تازە، شێخانی سوڵتان ئیسحاق، قەرەنی، خەنانەکەڕ، شێنێ، شوشمێی سەروو، شوشمێی خواروو، وەزڵی، دزاوەر، کێمنە، بێرواس، هانەگەرمەڵە، دێکانان، گەلێن، تفێن، وەسێنەی وارینە، نەسەنار، دەیرمۆڵی، دەژن، سەررێز، گواز، سەروماڵ، یالانپێ، زەڵم، ئەحمەدئاوا، هانەی دن، دەرەی مەڕ، سەرگەت، باخەکۆن، گەچێنە، دەرەکێ، نارنجڵە، دەرەقەیسەر، بنجۆی دڕە، زەردەهاڵ، هانەی قوڵ، دەگاشێخان، بەڵخە، تەوێڵە، پالانیا، سۆسەکان، گوڵپ، دۆڵبیان، بزلانە، وەسێنەی سەرینە، هەشەمێز، هەڵوان، تەختە، ژان، دێبەر، هەنگەڕاو، خەرپانی، خارگێلان، بانی شار، دەرموو. بڕوانە: حەمەی حەمە سەعید، دەنگی خاك، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ٢٠١٦، ل٢٨٨-٢٩٠.

وەڵەدبەگییەکان چووە بە دوایدا بیهێنێتەوە بۆ جوانڕۆ نەهاتووەتەوەو وتویەتی فەرقی (ژاڵەناو)و (جوانڕۆ) نییە بۆ من چونکە ئەمانیش خزمن.

ناوی وەڵی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باپیرە گەورەیان پیاوێکی موسڵمانو خواپەرستێکی دیاری سەردەمی خۆی بووەو پلەی سەیروسلوکی ڕۆحی بڕیوە، واتە بووە بە وەلیو پیاوچاکو ساڵح. بۆچونێکی تریش دەڵێن کە باپیرە گەورەیان ناوی (وەلید) بووە. هەرکام لەو دوو بۆچونە بەجیاو پێکەوەش دەکرێت ڕاست بنو باپیرە گەورەی وەڵی مام وەلید بێتو بۆخوا سوڵحاوو خاوەنی کەشفو کەرامات بوبێت.

لە شۆڕشی شێخ مەحمود لە دژی ئینگلیزەکان چەندین پیاوی ناوداری وەڵی وەکوو پێشمەرگەی گیانفیدا بەشداری بەرچاویان هەبووە، لەوانە (حاجی عەلی حەمە ئەمینی حەمكو حاجی کاکەوڵاو سەمینی سەیەو ئەحمەد عەلی حەمكو مەحمود حەمە وەیس وەیسە بەخۆی حەڤدە چەکدارەوە).

ئەو گوندو جێگایانەی کە زۆرینەی وەڵی لێ نیشتەجێن ئەم شوێنانەن: (دەربەندیخان، باوەنوور، وارماوا، گوندی گوڵانی حاجی کاکەوڵا، گوندی کانی ئاسکان کە ئێستا کەوتوەتە ناو شارەوانی دەربەندیخانەوە. گوندی دێوانەی حاجی حەمە فەرەج، گوندی کانی سورکەی وەڵییەکان، قشڵاخی وەڵی، گوندی تورکەی ڕۆبیتەن، گوندی ژاڵەی گەرمیان، گوندی تازەدێی گەرمیان، گوندی ڕەند عەلی خان، گوندی شەکرالی شارەزوور).

ئەو شوێنانەش کە بنەماڵەو خێزانە وەڵییەکانیان بە پەرشو بڵاوی تێدا نیشتەجێیە ئەمانەن: (کەلار، سەیدسادق، هەڵەبجەی تازە، گوندی شاتوان، گوندی ناوگردان، گوندی بەشارەت، گوندی کانی بەردینە، گوندی قشڵاخەڕوتە، گوندی تەپی سەفای سەروو، گوندی شەشك، چەند گوندو شوێنێکی تر).

ئەمانەش ناوی هەندێ لە پیاوە ناودارەکانی (وەڵی)ن: (مەلا قادی سۆفی، مەلا حەسەن هۆرێنی، مەلا محەمەد کاکەوڵا ڕەسول، مەلا ساڵح عەبدولقادر محەمەد، مەلا قادر محەمەد ئەحمەد، مەلا مەجیدی پونگڵە، مەلا ئیسماعیل ئیبراهیم ڕەمەزان، مەلا محەمەد ساڵح هۆرێنی، مەلا ڕەشید حاجی کاکەلی، مەلا مەحمودی کانی ساردی، عەبدولکریم محەمەد خودابەخش، حاجی کاکەوڵا ڕەسوڵ حەمە ئامان، حاجی عەلی حاجی حەمە ئەمینی حەمك، حەسەن سەمین سەیە، حاجی کاکەوڵا محەمەد ئەحمەد، لالە حەمەی عەلی سان ئەحمەد لە شەکرالی، حاجی ئەحمەد عەلی سان ئەحمەد لە شەکرالی، فایەق ساڵح لە شەکرالی، حاجی کاکەلی محەمەد ئەحمەد، حاجی مارف شاتوانی، کوێخا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، حاجی حەمە فەرەجی دێوانە، فەقێ مەحمود حەمە وەیس، کوێخا کەریم محەمەد ئیسماعیل، حەمە ساڵح ئەلی محەمەد لە قشڵاخەڕووتە، حاجی جەبار ئەحمەد حەمە وەیس لە هەڵەبجە، حەمە فەرەج مام هەسەن لە گوندی وازۆڵی، محەمەد ئەحمەد حەمە وەیس، حاجی حسێن محەمەد لە گوندی تەپی سەفای سەروو، حاجی برایم قادر سادەخان و حاجی عەلی برای لە گوندی تەپی سەفای سەروو، حاجی عەلی جاف، حاجی عەبدوڵای

جەڕاح، مام دارا عەبدولقادر لە گوندی ژاڵەناو، عەلی کەریم مەحمود پەریزاد، مام ئەسکەندەر، مەجیدی حەمەی ڕەسوڵ، مامە خولەی دێوانە، ئەحمەد عەلی سەمین، مەلا ئەحمەدی بانی خێڵانی، کوێخا محەمەد فەتاح ڕەحمان، حاجی عەبدوڵا عەبدولکەریم ڕەحمان، حاجی محەمەدی ئەمین، حسێن عەبدوڵا عەزیز، حاجی ئەشرەف مەجید، حەمە ساڵح قادر محەمەد ئیسماعیل، حەسەن محەمەد عەلی، حاجی حەسەن لالە مارف، عەلی حاجی کەریم محەمەد، مەلا عەلی ساڵح شەریف، مەلا ئەسعەد بانی خێڵانی، محەمەد ئەحمەد، مەحمود کوێخا کەریم، توفیق ئەحمەد جوامێر، ئیبراهیم مستەفا ساڵح، مەلا حەمە نەجم حەسەن، حاجی حسێن قادر مارف، حاجی مەحمود محەمەد زۆراب، حاجی قادر ساڵح مەعروف، عەبدوڵا حاجی مەحمود محەمەد، حاجی محەمەد حەسەن پیرۆەیس، محەمەد عەبدولڕەحمان، کەریم فەرەج سەمین، حەمەی عەبدولقادرە سور، ئەحمەد ڕەحمان سەید، حاجی عەبدولکەریم محەمەد خەسرەو، مەحمودی وەسمان لە کانی بەردینە)[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

---

١ ئەیوب ڕۆستەم، هۆزی وەڵی لە ڕابردوو و ئێستادا، چاپخانەی بابان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

# هۆزی یاروەیس

هۆزی یاروەیس تیرەیەکن لە عەشیرەتی کلاشی، کە ئەوانیش پێگەی سەرەکییان ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی کوردستان. کلاشییەکان لە سنوری جوانرۆ بە شێوەیەکی گشتی نیشتەجێن، وە چەند گوندێکیان لەو سنورەدا پێکهێناوە کە تاوەکوو سنوری چیای ماکۆكو سەرپێڵی زەهاو دەڕۆن. ئەم عەشیرەتە کە لە کۆندا چەند بنەماڵەیەکیان هاتونەتە سنوری کوردستانی عێراق کە ئەوانیش زۆربەیان لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەدا نیشتەجێن، وە هەندێکیان لە ئیستادا کەوتونەتە هەڵەبجەی تازەو ناحیەی زەڕایەنو قەزای کەلار، وە چەند بنامەڵەیکیشیان لە هەردوو گوندی دەڵەمەڕو کۆساوا بەشێوەیەکی سەرەکی نیشتەجێ بوون. وە هۆزی یاروەیسیش کە تیرەیەکی گەورەی ئەم عەشیرەتەن لە هەردوو گوندی تەپی سەفاو بەشارەتو کوڵکنی فەقێ کەرەم نیشتەجێن.

یاروەیس کوڕی کەمالی ئیسماعیلی یوسفی مەلا ئەیوبی کلاشی بووەو لەسەدەی نۆزدەدا گەرمیانو کوێستانی کردووەو لەگەڵ بەگزادەکانی جافدا پەیوەندی باشی هەبووە. یاروەیس لە تەمەنیدا نۆ ژنی هێناوەو وەچەو نەوەیەکی زۆری لە دوا بەجێ ماوە، یەکێ لەوان حاجی مەحمودی یاروەیس هاوەڵی حەزرەتی مەولەویو کاك ئەحمەدی پریسی بووەو لەهەمان کاتدا خەزنەداری مەحمود پاشای جاف بووە.

یاروەیس هەشت کوڕی بووە بە ناوەکانی: موحەمەد، ئەحمەد، مستەفا، قادر، ئیسماعیل، مەحمود، عەلیو سەعید. لەناو کوڕانەدا ئیسماعیلو عەلیو سەعید کەسیان لە شوێن بەجێ نەماوە. ئەوانی تر مناڵو نەوەی زۆریان هەبووەو بە هۆزی یاروەیس ناو دەبرێن. لێرەدا ناوی کوڕەکانی یاروەیسو نەوەو وەچەکانی دەهێنین:

یەکەم/ مستەفای یاروەیس، (عەلی وقادرو ڕەزا)ی لەشوێن بەجێماوە، قادر باوکی (عەبدوڵا و حەمە ئەمینو فاتمەو کچێکی) تربووە. ڕەزا باوکی (عەلی ومحەمەد) بووەو محەمەدیش باوکی ئەحمەدو ڕەعنا بووە. نەوەکانیش بریتین لە: (عەبدوڵا باوکی موحەمەدو فاتمەی خێزانی ئەحمەد محەمەد ڕەزا بووە، حەمە ئەمین باوکی قادر بووە).

فاتمەی مامەقادر دایکی حاجی حەمە فەرەجی حاجی حەمە نەسیم بووە لە تەپی سەفا. کچەکەی تریشی دایکی ئەحمەدی حاجی ئەوڕەحمان نەورۆلی بووە.

دووەم/ ئەحمەدی یاروەیس باوکی حەمە عەلیو سەعیدو فەتاحو محەمەد بووە.

نەوەکانیش: (عەبدولکەریمو فاتمە) کوڕو کچی فەتاح بونو (مارف) کوڕی محەمەدو (سەعیدو ڕەشید) کوڕانی حەمە عەلیو (مستەفاو سنیەو محەمەدو حەمە عەلی) مناڵی سەعید بوون.

حەمە عەلی سەعید: باوکی (فاتمە، فریاڵ، فوئاد، بورهان، فەرهاد، فەوزی، تەها) بووە.

مستەفا سەعید: باوکی (مەحمود، ئەحمەد) بووە.

عەبدولکەریم فەتاح: باوکی هەریەکە لە (حەمید، فاتمە، محەمەد، ئەحمەد، عەلی) بووە.

حەمە عەلی سەعید: باوکی هەریەکە لە (ڕەشید، سەعید) بووە، سەعیدیش باوکی (مەحمود) بووە.

محەمەد سەعید: باوکی (مەعروف) بووە، کە ئەویش باوکی (وەردە، مەحمود، گەردە، ئەحمەد) بووە.

سێهەم/ حەسەن یاروەیس: ئیبراهیمو محەمەدو مەحمودی لەدوا بەجێماوە.

محەمەد حەسەن: (خالیدو سادقو قادرو جەمیلەو سەعاتو ڕەعنا)ی لە دوا بەجێماوە.

مەحمود حەسەن: عەلی لە دوا بەجێماوە دەکاتە باوکی محەمەدو مستەفاو ناهی لە گوندی بەشارەت.

نەوەکانی محەمەد حەسەن: خالید محەمەد: باوکی هەریەکە لە (حامیدو ئەحمەدو ئەمجەدو بەهجەتو فاتمە) بووە لە گوندی بەشارەت.

دایکی سادقیش کچی فەرەجی حەمەی ڕەسوڵ بووە واتە خوشکی مام سابیر سەرۆك عەشیرەتی وردە شاتری لە سەیدسادق. ئەم سادقە لەلایەن دەستەی شێخ مەحمودەوە بە ناحەق شەهید کراوە.

چوارەم/ قادر یاروەیس: یاروەیسی لەدوا بەجێماوە لەگەڵ کچێك، ئەویش عەلی لەدوا بەجێماوە. کچەکەش خێزانی مام حەمە ئەمین ئەحمەد فتاح بووە.

پێنجەم/ محەمەدی یاروەیس: باوکی مەحمودو ئاڵتون بووە، ئاڵتونیش دراوە بە سەرۆك عەشیرەتی گلاڵی لەمیاندواوی کوردستانی ئێران.

شەشەم/ مەحمودی یاروەیس: باوکی هەریەکە لە محەمەدو عەلیو عومەرو ئیسماعیلو فەتاحو عەبدولرەحمان بووە.

کوڕەکان: محەمەد (ئەحمەدو مشیرو مەحمودو عەبدوڵاو مستەفاو حەسەنو خورشیدە)ی لێ بەجێماوە.

عەلی: (مستەفا)ی لەدوا بەجێماوە کە ئەویش باوکی فاتمەو کافییە بووە.

عومەر: (عەبدوڵاو هەیەرو عوسمانو ئامینەو خەدیجە)ی لەدوا بەجێماوە (خەدیجە خێزانی حاجی ناجی مورادخان بووە).

فەتاح: ئەحمەد[1]و عەزیزو فاتمەی لەدوا بەجێماوە.

---

١ هێزێکی شێخ مەحمود لە نزیك شارۆچکەی پێنجوێن سەرانە لە کۆچەرییەکانی جاف وەردەگرنو هەرکەس نەهاتایەتە ژێر بار تەقەیان لێ دەکرد. لەوێدا ڕەشاشێکیان دانابوو تەقەیان لە جافەکان دەکرد، جارێکیان ئافرەتێکی حامیلە بەرکەوت، قاچی منداڵەکەی لە سکی هاتە دەرەوە. مام ئەحمەد کوڕی فەتاحی مەحمودی یاروەیس کەسێکی بەشانو شەوکەتو بەغیرەت بووە, لەپشتەوە هەڵیکوتاوەتە سەر ئەو ڕەشاشەی پێشمەرگەکانی شێخ مەحمود لە ملەکەوەی پێنجوێن، دەستی گیرکردووە لە ملیوانی چاکەتی عەدەد ڕەشاشەکەو فڕەی داوەتە خوارەوە، خۆی چووەتە سەر ڕەشاشەکەو جافی ڕزگار کردووە. دواتر

عەبدولرەحمان: بەلاوىو لەو كاتەدا كە خوێندكاربووە لە خانەقاى تەوێڵەدا لەلايەن شێخ هيدايەتى كوڕەزاى شێخ عوسمانى سيراجەدينى يەكەمەوە بە (كوشتنى هەڵە) شەهيد دەكرێت.

نەوەكانى محەمەد مەحمود يارەويس: ئەحمەد محەمەد: (حەمە عەلى) لەدوا بە جێماوە كە ئەويش باوكى هەريەكە لە (نورى، بەهيە، ئەنوەر، خەليل) بووە.

مشير محەمەد: باوكى هەريەكە لە (هادى، بەختيار، نەسرين، فاتمە، عائيشە، ئامينە، پەروين، شەوكەت، محەمەد، عومەر) بووە.

مەحمود محەمەد: باوكى هەريەكە لە (محەمەد، ئەحمەد، قادر، لەيلا، خەديجە، خاوەر) بووە.

عەبدولاّ محەمەد: باوكى هەريەكە لە (جەواهێر، ئاسكە، نايلە، عەبولمحەمەد) بووە.

حەسەن محەمەد: باوكى (ئيبراهيم، زێبا) بووە.

نەوەكانى عومەر مەحمود يارەويس: عوسمان عومەر: ئەم كوڕو كچانەى لە دوا بە جێماوە (محەمەد، تاهير، مەعروف، تاريق، عومەر، مستەفا، سەركەوت، سلێمان، عەلى، خورشيدە، دلوستان، بەگزاد، فاتمە، گەردە-بەناز، ئامينە، ئافتاو). ئافتاويش دايكى نوسەرى ئەم پەرتوكەيە.

حەيدەر عومەر: باوكى هەريەكە لە (گولاڵە، نورى، سورەبيا، فاروق، ڕەشيد، عەلى، تەلعەت) بووە كە كەسيان لە ژياندا نەماونو هيچ منالێكى بۆ نەماوەتەوە.

نەوەكانى فەتاح مەحمود يارەويس: ئەحمەد فەتاح: (كەريم، ئەمنە، ئەختەر، ئامينە-حەمە ئەمين، فەتاح، محەمەد)ى لەدوا بەجێماوە.

عەزيز فەتاح[1]: هەريەكە لە (فاتمە، بەديعە، درەخشان، نەجات، فەرولەقا) لەدوا بەجێماوە.

---

شێخ مەحمود فەرمانى گرتنى بۆ دەردەكات، مەحمود خانى كانى ساسان پێى دەڵێت: يا شێخ تۆ بۆچى لەگەڵ جاف تێ هەڵدەچيت، هێزى جاف كەم نينو هەمويان پياوى شەڕكەرو ئازان, تۆش لەم كاتەدا لەزێدى خۆت هەڵكەنراويتو تەنها ئێرەت بەدەستەوە ماوە، ئەمە كارێكى حەكيمانە نييە دەيكەن، دواتر ئەحمەدى فەتاح كوڕەزاى مەحمودى يارەويسەو بنەماڵەيەكى بەناوبانگى جافن. گرتنو ئەزيەت دانى كارێكى ئاسان نييە وازى لێ بێنيت باشە. بەمەش شێخ دەست لەو بابەتە هەڵدەگرێتو جافەكان ئاشت دەكاتەوەو تۆپێك شاڵ پێشكەش بە مام ئەحمەد دەكاتو دەڵێت: ئەحمەد بەخوا مادەم ئەوەندە پياويكى ئازايت خۆشم دەوێيت. (سەرچاوە: مەلا تايەر حاجى عوسمان يارەويسى).

١ مامە عەزيز فەتاح مەحمود يارەويس دۆستى نزيكى حەسەن بەگى جاف بووە، وەكوو لالە حەمەى عەلى سان ئەحمەد لە شەكرالىو مەحمودى حەمەى سان ئەحمەد شەمێرانى سەركارى حەسەن بەگ بووە. ژنەكەى نەخۆش دەبێت پێكەوە لەهەڵەبجە دەچن بۆ لاى پزيشك، دواى ئەوە ژنەكەى چاك نابێتەوە .ئەميش بەيتێك شيعر بۆ پزيشكەكە دەنوسێتو هەجوى دەكات, مامە عەزيز خوێندەوارێكى باش بووەو دەستى شيعريشى هەبووە، شيعرەكەى مامە عەزيز بەم شێوەيە بووە:

خۆ ئێستە ژنان نەخۆش ئەكەون ..... دكتۆر بانگ ئەكەن باش بۆى ئەخەون

محەمەد ئەحمەد فەتاح: (سەعدیە، حەسەن، حسین، خالید، عومەر، لوقمان)ی لە دوا بەجێماوە.
فەتاح ئەحمەد فەتاح: باوکی هەریەکە لە (نازەنین، عوسمان، ڕوناك) بووە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

---

ئەڵێن مەحرەمە خۆ دکتۆر باشی............ بۆی حازر ئەکا ئەکەوێتە پاشی
شرینقەی دکتۆر وەك ژەهری مارە.............. تێی ئەڕژێنیٚو ئەسێنیٚ پارە
پارە ئەسێنیٚ بەشەرتی چاکی............. لالەو پاڵی ئەخا ئەڕژیٚ مەشاکی
جا ئەڵیٚ دکتۆر خاس چاکی کردم........ ناڵیٚ پارەم داو دکتۆر لێی بردم
عەقڵم لیٚ بڕاو ئیسلام نەماوە............ هەر بە شرینقە عالەمیان گ...وە.

پزیشکەکە ئەچێت بۆ لای حەسەن بەگو ئەڵێت میرم ئەم کابرایەم لە کۆڵ بکەرەوە، هەرچی بوێت بۆی دەکەم با هەجوم نەکات. مامە عەزیز دەڵێت: من هیچم ناوێت بەڵام با باش بن لەگەڵ ئەو خەڵکەدا.

## بەسەرهاتی شەهید بوونی عەبدولرەحمانی مەحمودی یارەویس

عەبدولرەحمان جوانترینو پێکەوتووترین کوڕی حاجی مەحمودی یارەویس بووە، لەکاتی جافداریدا حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدینی تەوێڵە (قدس الله سره) بە حاجی مەحمود دەفەرموێت: با ئەم کوڕە لە خانەقادا بمێنێتەوەو بخوێنێت, بەمەش باوکی ڕازی دەکاتو کوڕەکەی لای باشترین مامۆستای ئەو سەردەمەو لە ژێر چاودێری حەزرەتی شێخ دا دەخوێنێت. چونکە عەبدولرەحمان هاوتەمەنی شێخ هیدایەتی کوڕەزای حەزرەتی شێخ بووە، زۆر هۆگری یەك بوونو یەکتریان خۆش ویستووەو بەردەوام پێکەوە بوون، تا ئەوەی ڕۆژێك دەچن بۆ ڕاوو شکار، ساچمەزەنێکیان پێ دەبێت، دایدەگرنەوەو پڕی دەکەن لە ساچمەو باروتو ترەقەی لێ جێگیردەکەنو چەکوشی بۆ دەخەوێنن، تا ئەو کاتەی نێچیر پەیدا دەبێت. خەریکی دەمەتەقێ دەبن. شێخ هیدایەت ساچمەزەن لە کۆشیدا بووەو بەدەم قسەوە ئاگای لەوە نەماوە چەکوشی بەرزکردووەتەوە، لەپڕ پەنجەی بەر پەلەپیتکەی تفەنگ دەکەوێت، لەگەڵ گڕگرتنی باروت دا چیاکە وەکوو گرامافۆنێکی گەورە دەنگی ساچمەزەن دەکاتەوە بە چەندین دەنگی یەك لەدوای یەك، مەلەکان دەدەن لەشەقەی باڵو فڕەی باڵەکانیان دۆڵو بەندەنەکان پڕ دەکات، جوتیارەکان لەناو تەلآنو باخەکانیانەوە تەماشای ڕوخساری خەماوی ئاسمان دەکەن، چرای خانەقا لەتاق دەکەوێتە خوارەوەو ئاگرەکەی دەکوژێتەوە. ماینە کوێتی حاجی مەحمود لە کوێستان دەحیلێنێتو لوتی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان، وەکوو بیەوێت هەواڵی مەرگی عەبدولرەحمانی جوانەمەرگ بە باوکی بگەیەنێت. شێخ هیدایەت تفەنگ لەدەستی دەکەوێتە خوارەوەو پەلاماری عەبدولرەحمان دەداتو سەری دەخاتە کۆشی.

فرمێسك وەکوو شەونمی بەهار دەتکێتە سەر ڕومەتی ئاڵی. عەبدولرەحمان چاوەکانی بە ئەستەم بەرز دەکاتەوەو تەماشای ڕوخساری هاوڕێ لەدڵا شیرینەکەی دەکاتو دەیەوێت پێی بڵێت: ئەزانم هاوڕێ ئەو ساچمانەی کەلەکەی منی هەڵتەکاندووە، دڵی تۆشی خوێناوی کردووەو بەم حاڵە سارێژ نابێتەوە. ئەزانم هاوڕێکەم نیازت نەبوو نێچیرەکەت من بم، تۆ کوشتنی هەڵەت کردووەو هیچ نیازو نییەتێکی خۆتی تێدا نەبووە، قەدەری من وابوو کۆتایی بە گەشتەکەم بێنمو بچمەوە بۆ قیامەت. وردە وردە چاوەکانی لێك دەنێتو گیان دەسپێرێت.

کاتێ حەزرەتی شێخ عوسمانو دەستو دایەرەی خانەقا بەمە دەزانن، تەرمی جوانەمەرگ دەهێننەوەو شێخ هیدایەتیش لە ژورێکدا بەند دەکەن. بە پەیکێکدا هەواڵ بۆ حاجی مەحمودی یارەویس دەنێرن کە بێت بۆ خانەقای تەوێڵە بۆ ئەوەی فریای جەنازەی کوڕە جوانە مەرگەکەی بکەوێتو ماڵئاوایی لێ بکات، دواتریش ئەم بابەتی کوشتنەش بەلایەکدا بخات. حەزرەتی شێخ عوسمان بەو نیازەوە شێخ هیدایەت بەند دەکات کە حاجی مەحمود لەبری کوشتنی کوڕەکەی بیکوژێتەوەو فەرمانی شەرع جێ بەجێ بکات. ئەوە

بوو تا حاجی مەحمودی دەگاتە بەرەوە زۆر درەنگ دەبێتو گەرمای هاوین ڕێگا نادات تەرمێك ئەوەندە بمێنێتەوە، پیاوانی خانەقاو میوانەکان کە لە چەندین شاروجێگای دوورەوە هاتبون، تکا لە حەزرەتی شێخ دەکەن با ئەو جەنازەیە بنێژن. ئەوە بوو پێش گەیشتنی حاجی مەحمود تەرمی عەبدولرەحمانیان ئەسپەردەی خاك کرد. دوای ئەوە حاجی مەحمود دەگاتە خانەقا، حەزرەتی شێخو سۆفیو موریدەکان دەچن بە پیرییەوەو پێشوازی گەرمی لیٚ دەکەن. حەزرەتی شێخ دەفەرمویٚت: انا لله وانا الیه راجعون. من قَتَلَ قُتِلَ. واتە ئەوەی بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە. حاجی مەحمود دەفەرمویٚت: من قَتَلَ مُتَعَمِداً قُتِلَ. واتە هەر کەس بە ئەنقەست کەسیٚ بکوژێت دەکوژرێتەوە. ئێمە تۆڵەو قەرەبووو لێبوردنمان لەبەردەمدایە لێبوردن هەڵدەبژێرین. بەمەش فرمێسکی خەمو خۆشیو لێبوردنو برایەتیو ئیمان تێکەڵ بەیەکتری دەبنو باوکی بکوژو کوژراو باوەش دەکەن بە یەکداو دڵی یەکتر دەدەنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ئاو بکەن بەسەر ئەو ئاگرەکەداو تەبابیو برایەتیو دۆستایەتی لە نێوان هەردوو بنەماڵەدا بۆ سەدەیەك زیاتر درێژ بکەنەوە، ئێستاش ئەو پەیوەندییە هەر بەردەوامە، خوای گەورە لە هەموو پێشینانمان خۆش بێت.

حەزرەتی مەولەوی (قدس الله سره) هاوڕێی نزیکی حاجی مەحمودی یاروەیس بووە بەبۆنەی ئەو ڕووداوە لە قەسیدەیەکدا دەفەرمویٚت:

پزیزکەی چەخماخ کافی کارمەن ... ئینە چ وەختیٚ ئی گرفتەمەن

یان ئەڵیٚ:

پەردەی سەبوریم دڕیا ڕۆڵەڕۆ ... ڕیشەی جەرگەکەم بڕیا ڕۆڵەڕۆ
وە ناکام هیجرەت کەردەم ڕۆڵەڕۆ ... داخان گشت وەخاك بەردەم ڕۆڵەڕۆ
خانو مان خامۆش بیٚ تۆ ڕۆڵەڕۆ ... ئەتفالان مەدهۆش بیٚ تۆ ڕۆڵەڕۆ
تەڵمیت سیاپۆش بیٚ تۆ ڕۆڵەڕۆ ... خاتونان بیٚ هۆش بیٚ تۆ ڕۆڵەڕۆ[١]

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١ ئەم شیعرە لە کتێبی ( بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) وەرگیراوە، لە دانانی نەوشیروان مستەفا ئەمین.

## کورتەیەك لە مێژووی ژیانی مەحمودی یارەویس

مەحمود بەناوبانگترین کوڕی یارەویس بووە، کەسێکی خوێندەوارو زیرەكو لەخواترس بووە، سوێندی خواردووە کە لە تەمەنیدا سەحەر پێشی نەکەوتووە، واتە ئەم لە خەو هەستاوە دواتر سەحەری بەیانی ڕوناکی خۆی پەخش کردووە. مەحمودی یارەویس لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا ژمێریاری مەحمود پاشای جاف[1]و جێگای متمانەی ئەو بووە. هەروەها هاوەڵی نزیکی حەزرەتی مەولەویو کاك ئەحمەدی پریسی بووەو لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ کاك ئەحمەد پورزای یەکتری بوون. حاجی مەحمود لەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی زەویو زاری کوردستان دەفرۆشێت، چەند هەزار دۆنم زەوی بەراو بەتاپۆی ڕەشی عوسمانییەوە دەکرێت. ڕەوگە ئەسپو ماینو هێسترو باربەرەکانی لە ژمارە نەهاتوون. لەگەرمیانەوە بەرەو کوێستانەکانی شیوی سەقز کۆچیان کردووەو بۆ زستان هاتوونەتەوە بۆ گەرمەسێر.

ئەو ژمارە زۆرە لە ڕەوە ئەسپو ماینو هێسترو باربەر کە هەیبووە، لەنزیك شێروانە حەفرێکی بۆ کردوون بە حەوشە. هیچ وڵاخێکی نەیتوانیوە لەو حەفرە دەرچێتە دەرەوە، تەنها یەك دەرگای بۆ هێشتوونەتەوە. لەکاتی کۆچدا وڵاخەکانی بە سێ تاقم کەوتوونەتەڕێ، هەر تاقمێك وڵاخێکی ڕەسەن پێشیان کەوتووەو بەدەم لەوەڕەوە بەبێ ئەوەی ڕێگا ون بکەن بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆشتوون.

جارێکیان ڕەوە وڵاخەکانی مەحمودی یارەویس بەرەو گەرمیان دێنەوە، شێخ حەمە سەعیدی جۆمەرەسی میوانی شێخ عەبدولی سەرکان بووە. ڕەوە ئەسپو وڵاخەکانی مەحمودی یارەویس دەبینێت بە سێ برو هەر بڕەی ئەسپێك بووە بە پێشەنگی قەتاریانو کەسیان لەگەڵ نییە، بەرەو گەرمیان ملی ڕێگایان گرتووەتە بەر. دەپرسێت ئەم ڕەوە زۆرە هی کێیە؟ شێخی سەرکان دەڵێت: ئەوە ڕەوە ئەسپو ماینی مەحمودی یارەویسەو ئاوا خۆیان گەرمیانو کوێستان دەکەنو کەسیان ناوێت چاودێریان بکات. شێخی جۆمەرەسی ئەڵێت ئادەی ئەو ئەسپەی خۆمم بۆ بێنن! ئەسپەکەی بۆ دێنن بە زینو لەغاوەوە لەقەیەکی لێ دەداتو دەیکاتە ناو ڕەوە ئەسپی مەحمودی یارەویسو سوێند دەخواتو دەڵێت: جارێکیتر ئەو ئەسپە ناخەمەوە ژێرم، دەبێ بۆ ئەو خوا پێداوە بێت. کاتێ ئەم قسەیە دەگاتەوە بە مەحمودی

---

١ مەحمود پاشای کوڕی حەمەپاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگی جاف لە ساڵی ١٩٢٠ کۆچی دوایی کردووەو لە قزرابات لەو مزگەوتەی کەخۆی بنیاتی نابوو بەخاکیان سپارد. ئەو مزگەوتە لە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن شیعەکانەوەو دوای ئەوەی لە داعش پاك کرایەوە تەختی زەوی کرا، بەوەش یادگاری مەحمود پاشای جافیان لەو شارۆچکە کوردییەدا کوێرکردەوە. لەدوای مەحمود پاشای جاف، کەریم بەگی فەتاح بەگی کوڕی حەمە پاشای جاف کە دەکاتە برازای مەحمود پاشای جاف بووە بە سەرۆکی عەشیرەتی گەورەی جاف. سەرچاوە: کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تأریخی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، ١٩٩٥، ل٩٣.


یارەیس، بەگلەری بانگ کردووەو پێی وتووە: بڕۆ ئەو ئەسپە ڕەش کوێتە بێنە، زینێکی کرماشانی لێ بکەو بیبە بۆ بەر ماڵی شێخ حەمە سەعیدی جۆمەرەسیو پێی بڵێ: ئەمە هەدیەی مەحمودی یارەیسە بۆ تۆ[1]. ئاشی مەحمودی یارەیس لە هەڵەبجە بەناوبانگە بووەو تا هەشتاکانیش شوێنەواری مابوویەوە.

١ دیمانە لەگەڵ مەلا تایەر حاجی عوسمان، تەپی سەفا، ٢٠١٦.

## ژیاننامەی مەلا تایەر حاجی عوسمان عومەر مەحمود یارەویس

یەکێکیتر لە نەوەکانی مەحمودی یارەویس مەلا تایەر حاجی عوسمانە کە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی ژیانی، کە بەڕێز کاك عەبدولڕەحیمی[1] کوڕی ئەرکی نوسینەوەی کێشابوو. ناوبراو کەسایەتی وپیاو ماقوولو ڕیش سپی هۆزی یارەویسە لە تیرەی کەلئاشی، پیاوێکی خوێنەواری خانەدان وسەنگین وخۆشەویستی ناو خەلکو بەئەزموونی بواری کۆمەلایەتیو جوتیاریی ناوچەی هەلەبجەو هەورامانو شارەزوورەو هەمیشە ڕۆلی سەرەکی هەبووە لە چارەسەری کێشە کۆمەلایەتیو جوتیاریەکانی ناوچەکەداو هەمیشە پشتیوانێکی زۆر باشی هەژاران بووە.

لە **١٩٣٥/٢/٥** لەگوندی تەپی سەفا لەدایك بووە. لە سالی **١٩٤٣** هەرلەگوندی تەپی سەفا



دەستیکردووە بە خوێندنی زانستە شەرعییەکان لە مەدرسەی زانستی شەرعی لە گوندی تەپی سەفا کە لەلایەن حاجی عوسمانی باوکیو حاجی حەیدەری مامیو حاجی مستەفای ئامۆزای باوکیەوە سەرجەم خەرجیەکانی مەدرەسەکە دابین کراوە، لەسەرەتادا لەلای مامۆستا مەلا کەریمی سەدباری کەخەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە فێری نوسین وخوێنەوەی فارسی وعەرەبی بووەو چوار جوزئی لەقورئانی پیرۆز خوێندووە. وە پاش ئەوەی مامۆستا مەلا کەریم کۆچی دوایی دەکات بۆ ماوەی سالیك لەخوێندن دادەبڕێتو پاشان دووبارە لە سالی **١٩٤٤** لەلای مامۆستا مەلا سەید نەجمەدینی

---

[1] عەبدولڕەحیم مەلا تایەر حاجی عوسمان لە سالی **١٩٦٨** لە گوندی تەپی سەفا لە دایك بووە، خوێندی سەرەتایی لە هەمان گوندو ناوەندی لە سیروانو ئامادەیی لە هەلەبجە تەواوکردووە، لە سالی **١٩٨٧** ئاوارەی ئێران دەبێتو لە ئۆردوگاکانی ڕەوانسەرو سەریاس ماوەیەك ژیان بەسەر دەبات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هەلەبجەو لە شەشی ئامادەیی لە قوتابخانەی ئەحمەد موختار جاف درێژە بە خوێندن دەدات، لە سالی **١٩٨٨** بەر شالاوی کیمیاباران دەکەوێتو جارێکی تر لە گەل خێزانەکەیان ئاوارەی ئێران دەبنەوە، لە ئۆردوگاکانی کەنگاوەرو کامیارانو پاشان لە کانی دینار بۆ ماوەی دوو سال دەمێننەوە، لە لێبوردنی مانگی تەموزی **١٩٩٠** دەگەڕێنەوە بۆ عێراقو لە هەلەبجەی تازە نیشتەجێ دەبن، هەر لەوێ دەچێتەوە قوتابخانەی مەولەویو شەشی زانستی تەواو دەکات، سالی **١٩٩٥** کۆلیژی ئەندازیاری میکانیك لە زانکۆی سەلاحەدین بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات، پاش چەند سالێك لە شارەوانی دادەمەزرێت، پاشتر ڕاژەکەی دەگوێزێتەوە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی هەلەبجە، بەشی ئەندازەو پرۆژەکان، لە هەلەبجە نیشتەجێیەو باوکی دوو کوڕو کچێکە بە ناوەکانی (بەنان، ڕاوێژو محەمەد) .

سەرگەتی هەر لەگوندی تەپی سەفا دەست دەکاتەوە بە خوێندنو بۆماوەی دوو ساڵ بەردەوام دەبێت. لەوماوەیەدا چەند کتێبێکی فارسی بەناوەکانی (ناگەهان، یاداود، سەنتەراش، نان وماس، ئەی شودە) لەگەڵ کتێبی (ئەحمەدی)و (فتح القریب) تەواو دەکات، بەڵام دووبارە بەهۆی کۆچی دوایی مامۆستاکەیەوە جارێکی تر لەخوێندن دادەبڕێت.

لە ساڵی ١٩٤٦ جارێکی تر لەلای مامۆستا مەلا سەید مەحمودی کەلجی دەست دەکاتەوە بەخوێندن وکتێبی (گوڵستان)ی سەعدی شیرازی دەخوێنێت، وە لەبواری مێژووشدا کتێبی (مشاهیر الاکراد) دەخوێنێتو شارەزای زمانی فارسیو عەرەبی دەبێت، بەڵام بۆ فێربوونو خوێندنەوەو نوسینی زمانی کوردی، لەبەرئەوەی زۆرینەی کتێبەکانی ئەو سەردەمە بەزمانی فارسی وعەرەبی نوسراون، بەناچاری پەنادەبەنە بەر کۆکردنەوەی ئەو نامە کوردیانەی بۆ باوکی ومامۆستاکانی هاتووەو نامەکان بە سرێش ئەخەنە سەر یەك وپێیان وتووە (تۆمار)و چەند جارێك ئەو نامانەیان نوسیوەتەوە لەگەڵ هاوڕێ قوتابیەکانیدا، بەو شێوەیە فێری خوێندنەوەو نوسینی زمانی کوردی بوون.

لە ساڵی ١٩٤٧ لەشاری هەڵەبجە دەخرێتە بەر خوێندن لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە مەکتەبی (پەڕۆ)، پاش دوومانگ لەخوێندن بەهۆی زیرەکیەوە بەبڕیاری لیژنەیەك لەمامۆستایانی قوتابخانەی پەڕۆ دەیگوازنەوە بۆ پۆلی دووەم، بەڵام پاش سێ مانگ بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی خێزانەکەیەوە ناتوانێت لە خوێندن بەردەوام بێتو دەگەڕێتەوە بۆ گوندی تەپی سەفا.

لە ساڵی ١٩٥٠ جارێکی تر لەلای مامۆستا مەلا مەعروف سلێمانو مامۆستا مەلا ئەحمەد ناوێك کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەو ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری مهاباد بووە، بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئێرانو ڕووخانی کۆماری مهابادەوە بەنهێنی ڕووی لە عێراقو باشووری کوردستان کردووە، بەناوی فەقێیەتیەوە لەگوندی تەپی سەفا بووە، مەلا تایەر لەلای ناوبراو دەستدەکاتەوە بە خوێندنو کتێبەکانی (بۆستان، پەند نامەی عەتار)ی سەعدی شیرازیو چەند کتێبێکی تری عەرەبیو مێژوویی دەخوێنێتو بەهۆی زیرەکییەوە (گولستانو بۆستانی) سەعدی شیرازیو چەند کتێبیکی ترلەبەر دەکاتو بەوهۆیەشەوە شارەزاییەکەی لە زمانی عەرەبیو فارسیدا دەگاتە ئاستێکی پێشکەوتوو.

لەبەرئەوەی حاجی عوسمانی باوکی پیاوێکی خانەدانو خاوەن دیوەخان بووەو ڕۆژانە ئەرکێکی زۆریان لەسەر بووە بۆ بەڕێکردنی میوانەکانیانو بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دیوەخانەکەی ڕێگەی نەداوە بە مەلا تایەری کوڕی کە لێی دوور بکەوێتەوەو درێژە بەکاری زانستی شەرعی بداتو بەدوای زانستدا بگەڕێت لە مەدرەسە شەرعیەکانی ناوچەکانی تری کوردستان.

لە ساڵی ١٩٥٥ مامۆستا مەلا مەعروف گوندی تەپی سەفا بەجێ دەهێڵێتو دەبێت بە موحازر لە گوندی تاوێرە، حاجی عوسمانی باوکیو حاجی حەیدەری مامی هەرگیز نەیانهێشتووە مەدرەسەکەیان بێ

مامۆستابێت، ئەوەبوو تەكلیف لە جەنابی شێخ عوسمانی بیارە دەكەن بۆ ئەوەی مامۆستایەكی زۆر باشیان بۆ بنێرێت، جەنابی شێخیش دەفەرموێ: كۆمەڵێك مامۆستامان مۆڵەت وەردەگرن، یەكسەر لەلایەن هەریەك لە حاجی خالیدو حاجی عوسمانو حاجی مستەفاو حاجی حەیدەرەوە خەرجی ئاهەنگی دەرچوونی ئەو ١٢ مامۆستایەی خانەقای بیارە لەئەستۆ دەگرنو ڕۆژێ پیش ئاهەنگەكە دەینێرن بۆ بیارەو ڕۆژی دواتر خۆشیان بەشداری ئاهەنگەكە دەكەن. جەنابی شێخ دەفەرموێ: من خوالیخۆش بوو بەڕێز مامۆستا مەلا سەید نەجمەدین سەید تەها تان بۆ دەست نیشان دەكەم. ئەم مامۆستایە زۆر زیرەكو زۆر دینداریشە، ئەمانیش بەریزەوە لەگەڵ خۆیان ئەیهێنن بۆ گوندی تەپی سەفاو لەوێ دەست دەكات بە وانە وتنەوە، كە لەو كاتەدا مەدرەسەكەی تەپی سەفا ٧ قوتابی دەبێت.

مەلا تایەر لەگەڵ خوالیخۆش بوو مامۆستا سەید نەجمەدین سەید تەها ئەبن بەدوو هاوڕێی خۆشەویستی یەكترو زۆرینەی كاتەكانی ژیانیان لەدوای دەرسەكانیان هەر پێكەوە دەبنو یەكتریان زۆر خۆشدەوێت.

لە ساڵی ١٩٥٨ دا لەكاتێكدا كە ئینقیلابی عەبدولكەریم قاسم بەسەر حوكمی مەلیكیدا لە عێراق ڕوودەداتو لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٩ داولەو كاتەی كە حزبی شیوعی عێراقی لەكوردستاندا باڵادەست بوونو پەیوەندیەكی توندوتۆڵیان لەگەڵ عەبدولكەریم قاسم دا هەبووەو لەسەروبەندی دەستپێكردنی كاری ڕێكخستنە نهێنیەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانیشدا لە ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی دەكات بە ڕێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە بەنهێنیو دواترپەیوەندیەكانی حزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ عەبدولكەریم قاسم بەرەو لاوازی دەڕواتو پارتی دیموكراتی كوردستان پەرەدەسێنێت. لە ساڵی ١٩٥٩ هاوسەرگیریی لەگەڵ خاتوو ئامینە محەمەد عەلی دەكات بەجۆرێك ئەبێت بەپشتیوانێكی زۆر باش بۆی لە ئەنجامدانی كارو چالاكیەكانیداو دەبن بە خاوەنی دوو كوڕو دوو كچ. لە ساڵی ١٩٦١دا ولە سەروبەندی ئامادەكارییەكان بۆهەڵگیرساندنی شۆڕشی چەكداری بەناوی شۆڕشی ئەیلول، لەلایەن بەڕێزمام جەلال تاڵەبانیەوە سەرجەم سەرۆك هۆزەكانی ناوچەی سلێمانی لەهەردوو گوندی تەپی سەفا كۆ دەكرێتەوە، بۆ مەبەستی سوێند خواردن بۆ پشتیوانیكردنی شۆڕشو ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق لە شەڕی دەربەندیخان. ئامادەبووانی ئەم میواندارییە گەورەیەش پیكهاتبوون لە ٧٦٣ چەكداری عەشیرەتەكان، لەدیوەخانی حاجی عوسمانی باوكیو حاجی حەیدەری مامیو حاجی مستەفاو حاجی موشیری ئامۆزای ئەنجام دەدرێت لەسەر ئەركی خۆیان، مەلا تایەر لەو كاتەدا لەگەڵ خوالێخۆشبوو محەمەدی براگەورەیدا ڕۆڵی سەرەكیان گێراوە لە ئامادەكاركاریو ڕێكخستنی كاروبارەكانی میوانداریو سەرخستنی پرۆسەكەدا، شایانی باسە لەشەڕی دەربەندیخاندا بەهۆی نابەرانبەریی سوپای عێراقو هێزی عەشیرەتەكان لەڕووی ژمارەو جۆری چەكەوە سوپای عێراق سەركەوتوو دەبێو ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوو داگیر دەكات. لەو

کاتەشدا زۆرینەی سەرۆك عەشیرەت وپیاو ماقووڵەکان بروسکەی پەشیمانی لەپشتگیری شۆرش دەنێرن بۆ سوپای عەبدولکەریمو پاشگەز دەبنەوە لەسوێندخواردنو بەڵێنەکەیان، جگەلە (حاجی خالید وحاجی حەیدەرو حاجی مستەفاو حاجی عوسمانو حاجی موشیر) لە هۆزی یارەویس کە هەریەك لە حاجی خالیدو حاجی موشیرو حاجی مستەفا هەڵدێن بۆ ناوچەی هەورامانو حاجی مستەفاو حاجی موشیر لە ئەشکەوتەکانی گوندی دەرەی مەڕو حاجی خالیدیش لە گوندی گەچێنە نیشتە جێ دەبن، بەڵام حاجی حەیدەر بەهۆی تەمەنەوە ناتوانێت بڕواتو بڕیاری زیندانیکردن بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، حاجی عوسمانی برایشی لەبەرئەوەی حاجی حەیدەری زۆر خۆشدەویٚ دڵی نایەت بەجێی بهێلیت، ئەویش بڕیاری زیندان هەڵدەبژێرێتو هەردووکیان لە سلێمانی لەگەڵ ١٣٠٠ کەسیتر کەپاشگەز نەبوونەتەوە بۆ ماوەی پێنج مانگ زیندانی دەکرێن ئەوەش تەنها بەهۆی پەشیمان نەبوونەوەیان لەو بەڵێنەی کە دابوویان بە شۆرش. ئەمە لەکاتێکدا ئەم پیاوماقوڵانەی هۆزی یارەویس لەکاتی سوێند خواردنەکەدا ئامادەنەبوون سوێند بخۆنو وتوویانە ئێمە بەڵێن دەدەین سوێند ناخۆین چونکە بەڵێن پیاو ئەیدات.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا مەلا تایەر وەکوو کادیرێکی چالاكو بەرپرسی شانە سەرەکیەکانی ناوچەی خورماڵ دەست بەکار بووە، لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی جەمعیەی تەعاونی ناوچەی خورماڵ بووە بەناوی (شوعلەی بارزان).

دواتریش لە ساڵی ١٩٧٣ دا بەهەڵبژاردن دەرچووە بۆ سەرۆکی جەمعیەی تەعاونی (بێساران)و لەکاتی جێ بەجێکردنی یاسای ئیسلاحی زەراعیو دابەشکردنی زەوی وزاری کشتوکاڵی خاوەن موڵکەکان بەسەر جوتیاراندا، لەلایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە کۆمەڵێك پیشمەرگەی شۆرشی ئەیلول کە ژمارەیان (٦) کەس بووە لە گوندی تەپی سەفا لەلایەن مەلا تایەرەوە یەکی پارچەیەك زەوی کشتوکاڵییان پێدەدرێت، کە دوان لەوانە هەریەك لە شەهید عەلی شیعەو خوالێخۆشبوو مەحمود کەشکۆڵ ناسراو بە شێخ عەلی بوون. هەر لە ساڵی ١٩٧٤و لەپێش نسکۆی شۆرشی ئەیلولو لەژێر چەتری شۆرشی ئەیلولدا دەستیان کردووە بەکاری ڕیکخستنی نهێنی بۆ هەڵگیرسانی شۆرشیکی نوێ بەرابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. مەلا تایەر بەردەوام بووە لەهاوکاریکردنی ناوبراوان وبەڕادەیەك کە لەکاتی نسکۆی شۆرشیشدا کە حزبی بەعس چەکی لەخەڵك دەکرییەوە لەلایەن شێخ عەلی یەوە چەند چەکێك لەچەند پێشمەرگەیەکی خزم وەردەگرێت وناهێڵێت تەسلیمی بکەنەوەو دەڵێت ئێمە شۆرشیکی ترمان لەپێشەو چەکەکان تەسلیمی مەلا تایەر دەکات وئەویش لەشوێنێکی باشدا دەیانشارێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٦ یەکەمین مەفرەزەی سەرەتایی (٧) کەسی بەسەرۆکایەتی شەهید عەلی شیعە دەچنە شاخ، چەکەکان تەسلیم بەشێخ عەلی دەکاتەوەو ئەبێ بە پشتیوانیەکی لۆجستی باش بۆ شۆڕش.

لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٤ لەوکاتەی حزبی بەعس دەستیگرت بەسەر تەواوی ناوچەکانی کوردستاندا، دیسان مەلا تایەر مودیر ناحیەی خورمالی ڕازیکردووە بەوەی شەهید عەلی شیعە بکات بە میراوی گوندی تەپی سەفا بۆ ئەوەی بتوانن لەژێرچەتری میراویدا درێژە بەکاری ڕێکخستنی نهێنی بدەن، بەو جۆرە لەهاوکاریکردنی ڕێکخستنە نهێنیەکان بەردەوامبووەو ڕۆژێك لەلایەن شەهید وەستا ئەنوەرەوە کە لێپرسراوی ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناوچەی هەڵەبجە بووە، تەکلیف لە مەلا تایەردەکات وپێی دەڵێت جەنابت لەکاتێکدا کادیرێکی پیشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان بوویت، هەمیشە هاوکاری وچاوپۆشیت لەکاری ڕێکخستنی ئێمە کردووەو کارئاسانیت بۆ کردووین وجێگای متمانەی ئێمە بویت بۆیە داواکاریەکمان هەیەو کارێکی گرنگمان هەیە بۆمان ئەنجام بدەیت، ئەویش ئەوەیە نامەیەکی نهێنی ببەیت بۆ لێپرساوی ڕێکخستنەکانی شاری سلێمانی بەناوی شێخ لەتیف ناوێك کە لە بازاڕی عەسری سلێمانی ناسراوبە بازاری (شووشە) دوکانی هەیە بەرامبەر بە سەرای کۆن، پاش ئەوەی نامەکەت تەسلیم کردلەگەڵ خۆت بیهێنە بۆ گوندی تەپی سەفا، مەلا تایەریش بەئەمانەتو بەسەرکەوتوانە کارەکەی ئەنجامداوەو شێخ لەتیفی لەگەڵ خۆیدا هێناوە بۆ گوندی تەپی سەفاو پێداویستی شۆرشی بۆ هێناون. ، بەمجۆرە بەردەوام بووە تاوەکوو ساڵی ١٩٧٦. دواتریش دوای دەستپێکردنی خەباتی چەکداری یەکەمین مەفرەزەی سەرەتایی ناوچەی هەڵەبجە وهەورامان وشارەزوور کە پێکهاتبوون لە (٧) کەسو ئەم بەڕێزانە بوون (هەریەك لە شەهید عەلی شیعە وشەهید سەعە سوور ناسراوبە دکتۆر ڕەزاو شەهید شەوکەتی حاجی موشیروخوالێخۆشبوو مەحمود کەشکۆڵ ناسراو بە شێخ عەلی وکاك حامیدی حاجی خالیدو کاك محەمەدی حاج مەحمود وکاك توفیقی ڕەعنا ناسراو بە حاکم کامەران)، مەلا تایەر هەر بەردەوام بووە لە هاوکاریکرن ودالّدەدانیانو دابێنکردنی خۆراك وپێداویستیە هەنووکەییەکانیانو دیاریکرنی شوێنی خۆحەشاردانیان ورێکخستنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕێکخستنە نهێنیەکانداو پاراستنیان لە مەفرەزە خاسەکانی ئیستیخبارات وئاسایش وجاشی ناوچەکە ورێنمایی کردنیان بۆ خۆلادان لەشوێنە مەترسیدارەکان.

لە ساڵی ١٩٧٧ جارێکی تر لەلایەن جوتیارانی ناوچەی شارەزوورو هەورامان وهەڵەبجەوە هەڵدەبژێررێت بۆ سەرۆکی جەمعیەی تەعاونی موشتەرەکەی هەڵەبجەو بەردەوام بووە تاوەکوو ١٩٨٧. وە لە ساڵی ١٩٨٦ دا لە پەلامارێکدا بۆ گوندی تەپی سەفا لەلایەن فەوجێك لەجاشە مەفرەزە خاسەکانی زەڕایەنی ڕژێمی بەعسەوە لەگەڵ هەریەك لە شەهید عەبدولرەحمانی کوڕیو شەهید ناجی محەمەدی حاجی موشیر دەستگیر دەکرێنو بۆ ماوەی مانگێک لە زەڕایەن دەسبەسەر دەکرێن. لەو ماوەیەشدا لەلایەن هێزێکی زۆری جاش وجەیشی ڕژێمەوە کە پێکهاتبوون لە چەند فەوجێکی جاش وقوات خاسەی ڕژێم بە پاڵپشتی چەندین تانكو زرییۆش پەلاماری هەردوو گوندی تەپی سەفا دەدەن وپاش ڕاگواستنی خەڵکەکەی

هەردوو گوندەکە خاپوور دەکەن‌و لەونێوەندەشدا سەرجەم موڵك ومالّی مەلا تایەر لە لایەن ئیستیخباراتی بەعسەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت‌و ڕووبەڕووی زەرەرو زیانێکی گەورە دەبێتەوە، وە خانووەکەشی کەبالّەخانەیەکی دوو نهۆمی گەورەبووە لەمامیەوە بۆی مابوەوە خاپور دەکرێت. بۆ ئازادکردنی خۆی وشەهید عەبدولرەحمان وشەهید ناجی لەبەرامبەردا سێ چەکی کلاشینکۆفی پەرەشوتی ئەو کاتەیان پێدەکرن. وە لە سالّی ١٩٨٧ لە چوارچێوەی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە مەبەستی وشك کردنی سەرچاوەو پشتیوانیەکانی شۆڕش جارێکی تر گوندی تەپی سەفا ڕووبەڕووی خاپوورکردن دەبێتەوەو مەلا تایەریش ڕووبەرووی زەرەو زیانێکی ماددی زۆر دەبێتەوە لە خانوو وکەلوپەلی ناومال‌و ڕەشەولاّخ.

لە سالّی ١٩٨٨ بەهۆی کیمیابارانی شاری هەلّەبجەو هەورامان وشارەزوورەوە لەگەلّ خیزانەکەی ئاوارەی ولاّتی ئێران دەبێت ودیسان جارێکی تر ڕووبەرووی زەرەرو زیانێکی ماددی زۆر دەبێتەوە هەر لە کەلوپەلی ناومال وتراکتۆرو.

لەدوای ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلی کوردمان لەباشووری کوردستان لە بەهاری سالّی ١٩٩١ جارێکی تر بەزۆرینەی دەنگی جوتیاران ولایەنە سیاسیەکانی ناوچەکە بە تایبەت مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی تەکلیفی لێدەکەن، مەلا تایەر دەکرێتەوە بە لێپرسراوی لقی هەلّەبجەی ڕێکخراوی یەکێتی جوتیارانی کوردستان‌و بەردەوام دەبێت لە چارەسەری کێشە جوتیاری وکۆمەلاّتیەکانی ناوچەی هەلّەبجەو شارەزوورهەورامان تاوەکوو سالّی ٢٠٠٦، هەر لەو سالّەدا ولەسەر داوای خۆی‌و بەهۆی چوونە تەمەنەوە وازدەهێنێت لە لێپرسراوێتی یەکێتی جوتیاران لقی هەلّەبجە. لەناوەڕاستی نەوەدەکان‌و لە سالّەکانی ١٩٩٣، ١٩٩٨ بەهۆی بەرپابوونی شەڕی نەگریسی ناوخۆوە مەلا تایەر بەهۆی پێگەی میژوویی گوندی تەپی سەفاو بنەمالّەکەی وخزمایەتی لەگەلّ هەر یەك لەشەهیدی سەرکردە شەوکەتی حاجی موشیرو کاك حامیدی حاجی خالید، هەمیشە پشکی شێری بەر کەوتووە لە زیندانیکردن‌و زەرەروزیانی مادی وگیانی‌و چوارجار لەلایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ناوچەی هەلّەبجە بەبیانووی نابەجێ پەلکێشی زیندانکراوە. وە لە ١٩٩٤/٨/٢٥ داو لەئەنجامی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، کوڕی گەورەو زۆرخۆشەویستی بەناوی (عەبدولرەحمان) شەهید دەبێت بە پلەی لێپرسراوی کەرت لە کەرتی تایبەتی شەهید شەوکەتی حاجی موشیر لەڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانداو ئەمەش ئەبێتە کۆستێکی گەورە بۆ مەلا تایەر وبنەمالّە وخێزانەکەی. لە ئێستادا لە گوندی تەپی سەفا درێژە بە ژیانی جوتیاری خۆی دەدات‌و بەردەوامە لە بەدەمەوە چوونی کێشە کۆمەلاّیەتی‌و جوتیاریەکانی ناوچەکەو هەمیشە دەستێکی سپییە بۆ ئاوەدانکردنەوەی نیشتیمان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گوندی شەکرالی‌و نیشتەجێ بوونی باوام بە یەکجاری لەوێ

خەزەڵوەر یان وەرزی گەڵاڕێزان کە هاوکاتە لەگەڵ مانگی نۆڤەمبەری زاینییدا، هەروەها بەپێی ڕۆژژمێری گەردوونناسەکان دەکەوێتە کەلوی دوپشکەوە، ڕەنگی گەڵای درەختەکان دەگۆڕێت بە ڕەنگێکی ئاڵتونی جوان، بۆن‌و بەرامەی زەوی خۆش دەبێت‌و مرۆڤ ئارەزووی ئەوە دەکات تەماشای هێڵی ئەو گاسنە بکات کە بەدوای دوو گای ئەوساو تراکتۆری ئێستاوە زەوییەکە هەڵدەگێڕێتەوە. لەو وەرزەدا کاتی سەر پەڵەیەو جوتیارەکان دوای ئەوەی دانەوێڵەیان داچاند دەستیان بەتاڵ دەبێت‌و شەوانی درێژی پایزیان بە بێ دەمەتەقێی دۆست‌و هاودەم زۆر بە زەحمەت لێ دەڕوات.

ساڵی ١٩٤٥ دەشتی شارەزوور هەتا چاو بڕ بکات جەنگەڵ‌و زەل‌و قامیشە، لەهەندێ شوێن سوار قوت دەدات، مرۆڤ بەسەر ئەسپ‌و ماینەوە تەنها ملی بەدەرەوەیە. ئەو زەوییانەش خۆش کراون هەموو ڕەش کراونەتەوەو داچێنراون. تراکتۆری تایەتەوری ئینگلیزی تازە گەیشتووەتە هەڵەبجە حامی بەگ دانەیەکی لێ کڕیوەو خاوەن موڵکەکانیش هەموو ئارەزووی کڕینی دەکەن.

حەسەن بەگی جاف وحاجی مستەفاو مام مشیری برای‌و مامە حاجی هەیەرو مامە هۆسمانی برای‌و لالە حەمەی ئەلی سان ئەحمەدو چەند پیاو ماقوڵێکی تر لە تەپی سەفاوە بەسەر ئەسپ‌و ماینی ڕەسەنەوەو تفەنگ لەشان بەرەو بەشارەت بەڕێ دەکەون.

نزیك دەبنەوە لە چاوگ‌و چەمی شەکرالی، دەنگ‌و جریوەی مەل‌و چۆلەکەو گمەی کۆتر حەشرێکی بەرپا کردووەو دڵانی مەست‌و حەیران کردووە. تەرزی مێوەکان بەسەر دار بییەکاندا خۆیان ڕاکێشاوەو گەڵاکانیان بەزەردی تێکەڵاو بە لق‌و پۆپی دارەکان بوون، هێلانەکان بە دوای هەڵوەرینی گەڵاکان دەرکەوتوون بەڵام نە هێلکەو نە بەچکەیان تێدا نەماوە چونکە دەمێکە هەموو باڵەفڕ بوون‌و لەدایکانەکان جیابوونەتەوە. زەوییەکانی شەکرالی هەموو موڵکی حەسەن بەگی جاف بوون,چەند سەرکارێکی هەبوون بۆیان بەڕێوەدەبرد یەکێ لەوان لالە حەمەی ئەلی سان ئەحمەد بووە. گوندی شەکرالی چەندماڵێکی کەمی تێدا بووە ماڵی لالە حەمە ش لەو کاتەدا لە گوندی تەپی سەفا بووە.

حەسەن بەگ بەهەردوو مشتی ئاوی کانییەکە هەڵدەگۆزێت‌و لێی دەخواتەوەو مشتێکی تر دەکات بە دەم‌و چاویدا، پاشان دەسماڵە ئاوریشمییەکەی دەر دەهێنێت‌و دەم وچاوی پێ وشك دەکاتەوە، دەکەوێتە ناو دنیای بیرکردنەوە. لەپڕ ڕوو ئەکاتە لالە حەمە و ئەڵێت: لالە حەمە باشە تۆ بۆ نایەیت لەشەکرالی نیشتەجێ ببیت، ئەم چاوگ‌و کانی‌و ئاو زەوییانەی بەردەمی هەمووی بۆ خۆتەو هەرچیشت پێ خۆشە لە موڵکی مندا بۆ خۆتی دابچێنە، وە ئێرەش نزیکترە بۆ تۆو چاوت لە موڵکەکانی منەو خۆت‌و

بنەماڵکەشت جێگایەکی باشو فراوانترتان دەست دەکەوێت. لالە حەمە فەقیانەکانی توند دەکاتەوەو بەدەم قلیان تێکردنەوە تەماشایەکی ئاسمان دەکاتو پاشان چاو دەبڕێتە حاجی مستەفاو مامە عوسمانی هاوڕێی، وەکوو بڵێت ڕای ئەوان چۆنە ؟ حاجی مستەفا سەری بۆ دەلەقێنێتو ئەڵێت: حەمە وەڵا حەسەن بەگ خراپ نایەژێت، منیش نیازمە بچمە ئەوبەری کانی پاڵەوانو ئەوێ ئاوەدان بکەمەوە[1]، تۆش شەکرالی قەرەباڵغ بکەو ئاوەدانی بکەرەوە بەمەش جێگاو ڕێگامان فراوانتر دەبێت. لالە حەمە پێشنیارەکەی حەسەن بەگ قبوڵ دەکات. دواتر دەکەونە ڕێو لەچەمی کەنەقوڵ دەپەڕنەوە، کە چەمێکە لە بیارەوە دێتە خوارەوە بەنزیك گوندەکانی زەردەهاڵو خارگێلانو خێڵی حەمە و بەشارەتو شەکرالیو خاکوخۆڵدا تێ دەپەڕێتو دەڕژێتە ناو دەریاچەی دەربەندیخانەوە.

حاجی خالید سەرگەرمی بەخێرهێنانی میوانەکانیەتی، کەلەچەند شوێنێکەوە هاتوونو جار جاریش کوڕگەل دەنێرێتە سەر گردەکە بۆ ئەوەی بزانن میوانەکانی تەپی سەفا بۆ نەهاتوون. ژنان سەرگەرمی بژنینی برنجی کوردی بوون، سێ چوار پیاوێکیش خەریکی کەوڵکردنی چەند سەر مەڕ بوونو بە گورگەی پاساری گەورەکاندا هەڵیان واسی بوون. ژنێك باوەشێك دارو چیلکەی هێنا بۆ لای کوانووەکەو ئاگردان

---

١ حاجی مستەفا لە نزیکی چەمی کانی پاڵەوان خانوو دروست دەکاتو ئەم تەپی سەفای سەرووەی ئێستای لێ دەردەچێت، وە دوای یەك دوو ساڵ مزگەوتێكو حوجرەیەك (مەدرەسەیەك)ی تایبەت بە خوێندن لە تەنیشتی ماڵی خۆیاندا دروست دەکات (سەرچاوە: مەلا تایەر حاجی عوسمان یاروەیسی). لە ساڵی ١٩٥٢ ئەو مزگەوتو حوجرەیە جمەی هاتووە لە فەقێو موستەعیدو سوختەو لە خزمەتی مامۆستایانی پایەدارو زاناو کوردپەروەردا وانەی زانستو دانستیان وەرگرتووەو جبەو مێزەریان بۆ بەستراوەو بڕوانامەی زانستییان لە باخەڵ نراوەو بۆ بلاوکردنەوەی وانەی ڕەوشتو ئیمان بە سەرانسەری وڵاتدا بلاوەیان لێ کردووە. یەکێ لەو زانا پایەدارانە مامۆستا شێخ عەزیز پاڕەزانیو مامۆستا مەلا کەریمی مۆردینە کە ئەڵێ چواردە مانگ لە تەپی سەفا فەقێ بووم چوار سەعات برسێتیم نەدی، ئەوەش ئەگێڕێتەوە بۆ ئەو خزمەتە گەورەی کە (حاجی مستەفای تەپی سەفا) پێی کردوون، ئەڵێ لەو کاتەدا حەمامی تایبەتی بۆ فەقێکان دروستکردووەو لە شارەوە مرەبای میوەی بۆ هێناوین بۆ بەرچایی، دیارە بۆ ساڵی پەنجاکان وەها خزمەتێك ئاسان نەبووە. مەلا کەریم، لە فەقێیەتیدا ئاواتی گەورەی ئەوە بووە کە ببێتە مەلا، لەم بارەوە باسی خەوێکی خۆی ئەکات، (لە خەویا ئیمامی عومەری کوڕی خەتابو عوسمانی کوڕی عەفانو ئیمامی عەلی هاتوون بۆ گوندی تەپی سەفاو ئەمیش ئاوی خواردنەوەی پێداون، لەو خەوەیدا ئیمامی عومەر جبەی مەلایەتی پێ بەخشیوەو بە ئەمری ئەو چۆتە سەر مزگەوتی ئاواییو بانگی داوە، لەو کاتەدا ئاسمانی شارەزوور هەور گرتوویەتی، لەگەڵ هەر الله ئەکبەرێکا هەوری سەر شارەزوور ڕەویوەتەوە، ئەڵێ تاوای لێهات لەوێوە "ملەی مزیار" لە ناوچەی نەورۆڵیو لە پشتیشەوە شاخی پشتی زەڵم دەرکەوت. بۆ ڕۆژی دواتر کە خەوەکەی گێڕاوەتەوە بۆ مامۆستاکەی واتە (مەلا شێخ عەزیزی پاڕەزان)، بەو بۆنەوە لە سەر پێشنیاری حاجی مستەفای تەپی سەفا، نانو چێشتیان کردووەو مەلای هەڵەبجەو خورماڵو خەڵکی ناوچەکەیان دەعوەت کردووەو لە سەر بانی ئاوایی ئاهەنگێکیان گێڕاوە. (سەرچاوە: م. کەمال ئەحمەد تەپەکەلی).

بەرەبەرە هەڵدەگیرسا، هەرکەس سەرقاڵی کارێك بوون. حیلەی ئەسپو دەنگی گوێدرێژو قیڕەی قازو قولولوی عەلەشیشو گارەگاری مریشك ئەو ناوەیان پڕ کردبوو. زۆپای ماڵەکان وردە وردە گەرم دەبوونو دوکەڵەکانیان لەسەر بانەکانەوە بەرز دەبویەوە بۆ حەوا.

چەند سوارێك لە جانجانەوە بەرەو بەشارەت دێن، حاجی غالی پیاوێکی نارد بە پیریانەوە وردە وردە گەیشتنە بەرەوە، حاجی ساڵحی مەحمود دوانزەی ئیمامی، حاجی محەمەدی سلەمان قاجریو عەبدولرەحمانی مەحمودی خەسرەو کانی شێخیو حەمە ئەمینی حامی لە جان جانو چەند پیاوماقوڵێکی تر دابەزین. لە ڕێگاش حاجی حەمە سەعید دەگات بە میوانەکانی تەپی سەفاو پێکەوە دەڕۆنە ناو ئاوایی بەشارەت. حاجی غالیو پیاوانی ئاوایی زۆر بەگەرمیو بەدەسماچێن بەخێریان دەهێننو پێشوازییان لێ دەکەن بۆ دیوەخان.

حاجی غالی چاو دەگێرێتو ئەڵێ عوسمان کوا بۆچی تایەری خوشکەزام دیار نییە؟ بۆچی نەتانهێناوە؟ ئەم شەوگاری پایزە بە خوێندنەوەی شیعرو خورشیدو خاوەرو یوسفو زلێخا نەبێت دوایی نایەت، خێرا پیاوێك دەنێرێت بۆ تەپی سەفاو دەڵێت تایەر بخەرە پاشکۆی خۆتو لەگەڵ خۆتا پێش نان خواردنی ئێوارە بگەنەوە ئێرە. تایەر مێردمناڵێکی دە ساڵانی وریاو زیرەك دەبێتو کۆڕو مەجلیسەکانی بە شیعر خوێندنەوەو بەسەرهاتە خۆشەکان دەڕازاندەوە.

شەو دوانی نان خواردن کۆڕی دەمەتەقێو شیعر خوێندنەوە لە لایەن مەلا تایەری بچکۆلەوەو هەروەها ئەسکەندەرنامە لەلایەن حاجی هەیەرەوەو حەسەن بەگەوەو قسەوباسی تر گەرم دەبێت، کترییە ڕەشی سەر زۆپای دار چەندین جار پڕدەکرێتەوەو دواتر خاڵی دەکرێتەوە. دوای ئەوە شەوچەرەی مێوژو گوێزو بادەم دێنن ئەوەش نۆش دەکەن. بەم شێوەیە شەوگاری پایز دێنن بە چۆکدا، کاتێ هەمویان کفت دەبنو دەکەونە باوێشك دان، ماڵئاوایی لە خانەخوێ دەکەنو سواری ئەسپو ماینی خۆیان دەبنو هەریەکە بەرەو گوندو زێدی خۆی دەگەڕێتەوە.

دوای ئەوەی لەو میوانداریییە دەگەڕێنەوە لالە حەمە ئەحمەدی برایو مەحمودی زاوایان لەگەڵ لالە حەمەی سۆفی هەسەن ئاگادار دەکاتەوە کە خێرا دەست بکەن بە دروستکردنی خانوو لە شەکرالی، ئەوەبوو تا بەهار خانووو جێگاو ڕێگایان بۆ خۆیان ساز کردو لە تەپی سەفاوە کۆچو باریان پێچایەوە بۆ گوندی شەکرالیو ئەو گوندە بوو بە مەنزڵی هەمیشەییان.

گوندی شەکرالی لە ساڵی ١٩٧٠ دا کە من لە دایك بووم نزیکەی ٤٠ ماڵ دەبوو، لەوانە ماڵی باوامو باوکمو حاجی ئەحمەد برای باوامو حامیدی کوڕی، پورە شەمسەی ئامۆزایان کە خێزانی حاجی مەحمود بوو، عومەری ڕەزا، ماڵی حاجی عەبدولقادر حسێن ناسراو بە حاجی ئەوکەکاڵێو عەلی کوڕی، حاجی محەمەدی برای ناسراو بە حەمە کاڵێ، مام فایەق ساڵح کە عەشیرەتی وەڵی بوو لەدایکەوە برای مام

ئەوکەو مامە حەمە کاڵێ بوو، حەمە توفیق زاوای مام فایەق، حاجی عەلی فەتاح موختاری گوند بوو، حاجی عەلی ڕۆستەمو حاجی ئەولقادری برای، حاجی تالیم، حاجی نامیق، ساڵح بەگو حەسەنی کوڕی، حەمەی عەلی بیچان، محەمەد قادر ناسراو بە حەمە چەرمەڵ، حاجی حەمە ساڵح حاجی مارف لە عەشیرەتی شاتریو حەمە حەسەنی کوڕی، حەسەنی لالە حەمەی سۆفی حەسەن (شاتری)، حەمە ئەمین مەحمود ناسراو بە لالەمینە، ئەحمەدو فایەق کوڕانی فەقێ محەمەد، حەمە ڕەشید زاوای حاجی ئەوکەو حەمە ڕەشید حسێن ناسراوە بە ڕەشە سور، سمایلو برایم کوڕانی ئەحمەد فەتاح، عومەرو حەمە ڕەشید کوڕانی حاجی تالیم، حاجی خورشیدەی خێزانی مام کەریم، دەروێش نەسروڵاو حەمیدی کوڕی، حاجی فەرەجو خەلیفە عەبدولقادری کوڕی، حاجی عەبدوڵای ڕەیحانو ئەحمەدی برای.

هەموو خێزانێکی گوندی شەکرالی لەدوای دابەشکردنی زەوی خاوەن موڵکەکان لە ساڵی ١٩٧٣ دا، دەبن بە خاوەنی ٩ دۆنم زەوی خۆیان. بەمەش لە ڕووی بژێویو گوزەرانەوە بەرەو باشی دەڕۆنو ڕەنجو ماندوبونیان بۆ خۆیان بووەو چی دی کەس بەشە موڵکی لێ وەرنەگرتوون. سەرچاوەی ئاوی زەوییەکانی شەکرالی بە شێوەیەکی سەرەکی لە جۆگەی تەوێڵەجۆوە بووە، کە لە خورماڵەوە بەرەو تازەدێو کولکنیو تەپی سەفا دا تێپەڕیوەو هاتووەتە شەکرالی کە کۆتا گوند بووە سودی لەو سەرچاوە ئاودێرییە وەرگرتووە. سەرچاوەیەکی تر جۆگەی کەنەقوڵ بووە کە لەبیارەوە بەرەو خوارەوە دێتو دەڕژێتە چەمی زەڵمو دەریاچەی دەربەندیخانەوە. یەکێ تر لەو سەرچاوانە کانیو چەمو ئاوی گوندەکە بووە کەبەسەر زەوییەکانی ماڵی باوامو ئێمەوە بووەو بەردەوام شەتێك ئاوی لەبەر ڕۆشتووە. ئەو چاوگەی شەکرالی دیمەنێکی جوانیشی بەگوندەکە بەخشیبوو، باوامو باوکم یەکی باخێکی چناریان لەبەردا کردبوو، کە بە گەڵا سەوزە بریقەدارەکانیو دارمێوی هەڵکشاو بەقەدو پەلی دارییەکانو توترکو لاولاوو جریوەی مەلو باڵندە دیمەنی ناوچەکەیان ئەوەندی تر جوانتر کردبوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەكانی ساڵی ١٩٧٥

لە ساڵی ١٩٧٥ دوو ڕوداوی گرنگی پەیوەندیدار بە باشوری كوردستان ڕویدا كە یەكەمیان هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بوو، كە بە (ئاش بەتاڵ) ناوزەد كراو ئەوی تریان دروستبوونی ڕێكخراوێكی سیاسی نوێ بوو لەلایەن مام جەلالو كۆمەڵێك سەركردەی تری كورد لە وڵاتی سوریا بەناوی یەكێتی نیشتمانی كوردستان. ئەم دوو ڕوداوە یەكەمیان بێ هیواییو نائومێدیو خەمو خەفەتی بەدوای خۆیدا هێناو كۆمەڵگای كوردی بەبێ شوانو سەرپەرشت هێشتەوە، وە زۆرێك لە خەڵكی ئاوارەی باشوری عێراق بوونو هەزاران كەسی تریش لە ئێران بە پەناهەندەیی مانەوە. سەركردەی شۆڕش مەلا مستەفا بارزانی ئاوارەی وڵاتان بوو، دوای هەرەس داوای مافی پەنابەرێتی لە ئەمریكا كردو بەرەو ئەوێ كەوتەڕێ، دوای نزیكەی چوار ساڵ ئاوارەیی لە ساڵی ١٩٧٩ لەو وڵاتە كۆچی دواییكرد.

دووەم ڕووداو كەمێك هیوای بۆ خەڵكی گێڕایەوە شادومانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو كەسانەی خوێندەوار بوونو ئاگایان لە گۆڕانكاری ناوچەكە بوو، دڵیان بەوە خۆش بوو كەهەرچەندە داری چەند ساڵەیان وشك بووە، وا لە جێگایدا نەمامێك چێنراوەتەوە.

هەر كە ئەو هەواڵە گەیشتەوە بە هەرێمی كوردستان، كێچ كەوتە كەوڵی هەرچی ئەوانەی كە تامەزرۆی دروستبوونەوەی شۆڕشو هێزی چەكداری بوون، ئەوەبوو بەپەلە كەوتنەوە جموجوڵو كۆكردنەوەو شاردنەوە ی چەكو چاوەڕوانی بروسكەیەك بوون بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ.

پاش سەركەوتنی شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ لەوڵاتی عێراق، دەرفەتێكی مێژوویی بۆ گەلی كورد لە لەو وڵاتە هاتە پێش، تا بتوانێ مافە نەتەوایەتییەكانی خۆی بەشێوەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقێكی دیموكراتدا بەدەست بێنێت، لە دوای سەركەوتنی شۆڕش، پارتی دیموكراتی كوردستان كە تا ئەو كاتە بەنهێنی خەباتی دەكرد، دەستی بە تێكۆشانی ئاشكرا كرد، زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤاری كوردی بە ڕەسمیو بە ئاشكرا بڵاو بوونەوە لەوانە (خەبات) ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستانی عێرق بوو، بارزانییەكان كە ١٣ ساڵ بوو لە یەكێتی سۆڤییەت دا دەژیان گەڕانەوە وڵاتو دروشمی برایەتی كوردو عەرەب لە عێراق تا ڕادەیەك بەرقەرار بوو.



حكوومەتی عەبدولكەریم قاسم لەسەرەتاوە زۆر هەنگاوی بەكەڵكو شۆڕش گێڕانەی بە قازانجی خەڵكی عێراقو چینە زەحمەتكێشەكان نا، كە یەكێك لەوانە مەسەلەی دابەشكردنی

زەوی زار بوو، بەڵام بەرە بەرە (قاسم) لە پەرگرتنی بزووتنەوەی نیشتمانی خەڵکی عێراق ترساو لەلایەکیش هێزە دیموکراتیو نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتە نەیانتوانی لە گۆڕانی سیستمی سیاسی قازانجی دواڕۆژی خەڵکی وڵاتەکەیان کەڵك وەربگرن، لەئاکام دا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئازادییە دیموکراتییەکان بەرتەسك کرانەوەو زەمینە بۆ تێکچونی وەزعی سیاسی لە عێراق دا ئامادە بوو. ساڵی ١٩٦١ هەندێك لە دەرەبەگەکانی کوردستانی عێراق لەو بەرنامەی کە بۆ ڕێکخستنەوەی کەرتی کشتوکاڵو چاکسازی زەویو زار لە لایەن ڕژێمی (عەبدولکەریم قاسم)ەوە پیادەکرا، ناڕازی بوون دەستیان دایە چەكو چوونە شاخ، پاش ماوەیەك پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆکایەتی ئەو بزووتنەوە چەکداریەی گرتە دەست خۆیو درووشمی نەتەوایەتی (خودموختاری بۆ کوردستان) هەڵگرت. لەو بەروارەوە واتە لە ئەیلولی ١٩٦١ وە بزووتنەوە کە فۆرمێکی نەتەوایەتی بەخۆیەوە گرتو بەرە بەرە چینو توێژەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لە دەوری خۆی کۆ کردەوە. لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ تا ٦ی مارسی ١٩٧٥ واتە ماوەی چواردە ساڵ دا بزووتنەوەی کوردستانی عێراق بەزۆر قۆناغی جۆر بەجۆر دا تێ پەڕیوە کە بەداخەوە ئەنجامەکەی تێکچوونو تێشکان بوو کەلە مێژووی گەلی کوردا بە(ئاش بەتاڵ) ناوبانگی دەرکردوە. بەڵێ سوپایەکی نانیزامی دەیان هەزار کەسی بە چەکەکانیانەوە خۆیان کردەوە بە شارەکانداو چەکی شانیان ڕادەستی حکومەتی بەعس کردەوەو بەڵێنیان لێ وەرگیرا جارێکیتر نابێت بچنەوە شاخو بەشداری هیچ جوڵانەوەیەکی تر بکەن. خەلکی کوردستانی باشور لە بارودۆخێکی دەروونی ناخۆش دا بوون، کەس خۆی بەپیاو نەدەزانیو ئەمنێك یان پۆلیسێك دەیتوانی دانیشتوانی گوندێك ڕاپێچ بکاتو بیانخاتە ژێر دار.

هەر لەو سەروبەندەدا کۆمەڵێك پێشمەرگە، کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێرران بەچەکەکانی شانیانەوە کەناریان گرتو خۆیان ڕادەستی حکومەت نەکردەوە. هیواو ئومێدێك بەکزی بەدی دەکراو چاوەڕوانی دەرفەتێکیان دەکرد، شۆڕش هەڵبگیرسێننەوەو درێژە بەخەبات بدەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕێکەوتننامەی جەزائیرو کاردانەوەی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد

ئەم ناونیشانەی سەرەوە شیکارییەکی وردی دکتۆر (سەلام عەبدولکەریم)[1]ە سەبارەت بە هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، دکتۆر دەنوسێت: "لە ڕۆژی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ ڕێکەوتننامەی جەزائیر، لەنێوان (سەددام حسێن)ی جێگری سەرۆککۆماری عێراقو محەمەد ڕەزا شای ئێران، بەئامادەبوونی (هواری بومیدین)ی سەرۆکی جەزائیر لەپەراوێزی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئۆپێك لەوڵاتی جەزائیر ئیمزا کرا، بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە عێراق دەستبەرداری نیوەی شەتولعەرەبو زەوییە کێشە لەسەرە سنورییەکانی خۆی بوو لەبەرامبەر لەنێوبردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی.

هەر لەو ڕێکەوتننامەیەدا عێراق لەبەرامبەر بەڵێنەکانی ئێراندا هەموو هاوکاریو پشتگیرییەکی خۆی بۆعەرەبو بلوچ دژی حکومەتی شا وەستاندو وازیشی لەو پڕوپاگەندەو داواکارییانە هێنا، کەپارێزگای خوزستانی بەبەشێك لەزەوی عەرەبی دادەنا، لەبەرامبەریشدا ئێران هاوکارییەکانی بۆکورد وەستاند. ئەم ڕێکەوتننامەیە بەنیسبەت سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە شتێکی کتوپڕو چاوەڕوان نەکراوبوو، لەکاتێکدا هەندێ سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن لەکۆتایی مانگی شوباتو سەرەتای مانگی ئازاری(١٩٧٥)ەوە، بەهۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، چرپە چرپێك لەنێو هەندێك سیاسەتمەدارو کەسایەتی هۆشیاری ناوچە ڕزگارکراوەکان پەیدابووە، بەوەی پیلانێك دژی شۆڕشی کوردستانی عێراق لەئارادایە، بەڵام کەناڵە فەرمییەکانی شۆڕش بەلایدا نەڕۆیشتووەو جارجارەش باسیان لەتواناو ئیرادەی سەرکردایەتی کورد بۆروبەڕووبوونەوەی هەر گۆڕانکارییەك دەکرد. بۆیە ڕێکەوتننامەی جەزائیر سەرکردایەتی سیاسی کوردستانو مەلا مستەفا بارزانی خستە بەردەم هەڵوێست وەرگرتنێکی یەکلاکەرەوەوەو ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٢ بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانیو هاوڕێیەتی هەریەکە لە مەحمود عوسمانو شەفیق قەزازو موحسین دزەیی سەردانی ئێرانیان کردو لەکۆشکی نیاوەران چاویان بەشای ئێران کەوت. لەو سەردانەدا تێگەیشتن ئێران بۆ دواجار کۆمەکییەکانی لەشۆڕشی کورد دەبڕێ. دوای گەڕانەوەی بارزانیو شاندەکە لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٣ چەند کۆبوونەوەیەك لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ڕۆژانی ١٤-١٩٧٥/٣/١٨ ئەنجامدرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا بارزانی سێ ئەگەری خستە بەردەم سەرکردەکانی شۆڕش:

---

١ دکتۆر سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵا لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٩ لە شارۆچکەی سەیدسادق. کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی تەواو دەکاتو ساڵی ٢٠٠٩ بڕوانامەی ماستەر بەدەست دەهێنێتو لە ٢٠١٤ دەبێت بە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری مێژوودا.

١. خۆبەدەستەوەدانو پەنابردن بۆ ئێران.

٢. خۆبەدەستەوەدان لەگەڵ پێشمەرگەکان بەحکومەتی عێراقو سود وەرگرتن لەلێبوردنی گشتی.

٣. بەردەوامی لەسەر شەڕو کوشتار بەبێ هاوکاری ئێران.

لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکرات لە نێوان خۆیاندا دابەشبوون، بەشێکیان خۆبەدەستەوەدانیان ڕەتکردەوەو داوای بەردەوامی خەباتیان دەکرد. بەشێکی تر هەوڵیاندا لە ڕێگای ڕێکەوتنو گفتوگۆوە لەگەڵ بەغدا شۆڕش لە هەرەس ڕزگار بکەن. بۆئەم مەبەستە مەکتەبی سیاسی بەڕەزامەندی مەلا مستەفا بارزانی بروسکەی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس ناردو بەغدای بۆگفتوگۆو چارەسەری کێشەی کورد ئاگادار کردەوە، بەڵام ڕەتیان کردەوەو وەڵامیان نەبوو. نەوشیروان مستەفا دەنوسێت: بەدرێژایی ئەو کۆبوونەوانە دوو بۆچوون هەبوون: یەکێکیان لای وابوو مادەم عێراقو ئێران ڕێکەوتوون کورد بەتەنیا بەرگری پێناکرێ. ئەویتریان لای وابوو سەرەڕای هەموو کەموکورتیو ناتەواوییەك بەرگری دەکرێتو ئەبێ درێژە بەبەرگری بدرێ. لەڕاستیدا سەرکردە سەربازییەکانو زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان سوربوون لەسەر ئەوەی کەسەرەڕای بڕانی کۆمەکی ئێران درێژە بەشەڕ بدەن، بۆدرێژەدانی شەڕ نەخشەیەك دانراو بەگوێرەی ئەم نەخشەیە ژمارەی هێزی پێشمەرگە بۆ ١٣-١٤ هەزار کەس کەم بکرێتەوە.

دواجار لە ١٩٧٥/٣/١٩ بارزانی بڕیاری کۆتایی هێنان بەشۆڕشیو خەباتی چەکداریو کشانەوەی بۆ ئێران دا. ڕەنگە ئەم مێژووە بەخەملاندن دانرابێت، نەك کتومت لەو ڕۆژەدا بووبێت، چونکە کەس بەوردی نایزانێت. عومەری سەید عەلی باس لەوە دەکات سەرکردایەتی شۆڕشو مەکتەبی سیاسیو لیژنەی مەرکەزیو بارەگای بارزانی کۆمەڵێك ئامۆژگاریان بەخەڵك لەهەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا داوایان لێکردن هەموو دامودەزگا کارگێڕیو سەربازییەکان هەڵبوەشێننەوە، تەنانەت حزبەکەشیان حەل کرد. مەحمود عوسمان پێی وایە شۆڕش لەساتەوەختێکدا کۆتایی پێهێنراوە، کەدەتوانرا درێژەی پێ بدرێو ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی مەلا مستەفا بارزانی، بەو بەڵگەیەی شۆڕش لەوکاتەدا:

١. پارەیەکی زۆری هەبوو، بەبڕی ٢٤ ملیۆن دیناری عێراقی ئەوکاتە مەزەندە کراوە، بێجگە لەو قازانجەی لەکاروباری بازرگانیو فرۆشگەکانی شۆڕشدا دەستدەکەوت. لەڕاستیدا ئەم ژمارەیە پێناچێت ڕاست بێت، بەڵکو کەس بەتەواوەتی نازانێ ئەو بڕە پارەیە چەند بووە.

٢. لە ڕووی تەقەمەنییەوە لانیکەم ١٥ملیۆن فیشەکی جۆراوجۆری تفەنگو ڕەشاشو ٥٠٠ هەزار گوللە تۆپی جۆراو جۆرو ٦٠ هەزار پێشمەرگەی هەمیشەییو زیاتر لە ٤٠ هەزار هێزی بەرگری میللی چەکدارو دەیان جۆر ڕەشاشو بازوکاو تۆپی قورسو سوكو هاوەن هەبووە.

٣. ئازوقەیەکی ئەمبارکراوی زۆر هەبووە، کەبەشی چەندین مانگی شۆڕشی دەکرد.

٤. ئامادەیی ڕۆڵەکانی میللەت بۆقوربانیدانو بەرگری لەنێو خەڵکو پێشمەرگە هەبوو.

جگەلەمە باس لەوە دەکرێت ڕێکخراوی کۆمەڵەی (مارکسی، لینینی)، کەبەنهێنی لەڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە گەشەیان کردبوو، پەیوەندیان بەئیدریس بارزانییەوە کردووەو ئامادەییان بۆدرێژەدان بەشۆڕش دەربڕیوەو توانا سەربازییو چەکدارییەکانیشیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بڕیاری دەستهەڵگرتن لەشۆڕش درابوو، بۆیە بێ سودبووە. مەسعود بارزانی لەوەڵامی ئەم قسانەدا دەنوسێت: پاش هەرەسی ١٩٧٥ زۆر کەس لە گۆڕەپان ڕایان کردو ئەوکاتە بەهەمەوو شت ڕازی بوون، لە هەمەوو بڕیارەکاندا باش یان خراپ دەوری باڵایان هەبوو، زۆر لە بارزانی نزیکبوونو نزیکبوونەوەیان سودی تاکەکەسی تێدابوو، بەڵام پاش هەرەس نەك هەر لە بارزانی دوورکەوتنەوە، بەڵکو بەهەمەوو جۆرێك هەوڵیاندا بەرپرسیارێتی بخەنە سەر شانی ئەوو بەس، هەمەوو سەرکردایەتی بەرپرسیار بووە، ئەمە واقیعو حەقیقەتە. ئەم قسەیەی مەسعود بارزانی هەرچەندە بەجۆرێ لەجۆرەکان بەرگریکردنە لەمەلا مستەفا بارزانی باوکیو گشتاندنی بەرپرسیارێتیی هەرەسی شۆڕشە بەسەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستیشی تێدا بەدی دەکرێت، چونکە ڕاستە بارزانی بڕیارو دەنگی یەکلاکەرەوەی هەبوو، بەڵام ژمارەی ئەوکەسانەی نێو مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی پارتی لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ بڕیاری کۆتایی هێنانی شۆڕشدا نەبوون، لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکاتو ناوەکانیشیان ئاشکران. هاوکات زۆربەشیان بەقسەو کردەوە وەکوو هەڵوێستێك بۆمێژوو لەبڕیارەکەی مەلا مستەفا ناڕازی نەبوون، تەنها لەم نێوەندەدا باس لەهەڵوێستی ناڕەزایەتی ساڵح یوسفیو عەلی عەسکەری دەکرێت، بەجۆرێ ساڵح یوسفی لەو کۆبوونەوەیەدا وتویەتی: ئەوکاتەی پێویستبوو شەڕ نەکەین شەڕمان کرد، ئێستاش کەدەبێ بەرهەڵستی بکەین دەگوترێ شەڕ لەقازانجمان نییە. عەلی عەسکەریش وەکوو سەرکردەیەکی شۆڕش دەستهەڵگرتنی یەکجارەکی لەخەباتی چەکداریو سیاسی قبوڵ نەکردو لەسەر بەردەوامیدان بەبەرەنگاریو چەك دانەنان سوربوو. لەبارەی ڕاوبۆچونی عەلی عەسکەرییەوە هەندێ لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن ئەو شەوەی بڕیاری کۆتایی شۆڕش لەلایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە درا، عەلی عەسکەری دوای ئەوەی ناڕەزایەتی خۆی دەربڕیوە، پێشنیازی بۆ بارزانی کردووە هێزی چەکداری کوردی بەقوڵایی ١٠کم بچنە ناوەوەی خاکی ئێرانو چەکەکانیان پێبێت، بەوەش ئێران لەم جموجوڵە بێدەنگ نابێو ئەوکاتە شەڕ هەڵدەگیرسێو ناوچەکانی مهابادو مەریوانو سنە لە کوردستانی ئێران دەگرێتەوە، بەڵام بارزانی قبوڵی نەکردووە. دواتر عەلی عەسکەری داوایکردووە هێزێکی چەکداری ١٣٠٠ کەسی لەژێر سەرپەرشتیدا بمێنێتەوەو بارزانی هەندێ چەكو تەقەمەنی باشو پارەو خواردن بۆماوەی چەند مانگێك کۆمەکیان بکات، دیسان ئەم

پێشنیازەش قبوڵ نەکراوە. باس لەوەش دەکرێت هەندێ لەفەرماندە سەربازییەکانو ڕێبەرانی حزب تا ١٩٧٥/٣/٢٤ هەر لەبیری ئەوەدابوون شۆڕشی پارتیزانی لەدەڤەری پێنجوێن درێژە پێبدەن، بەڵام قەیرانی ساڵی ١٩٦٤ بیرهاتۆتەوە کەسیان نەیانوێراوە مل بداتە ئەوکارە. دەشێ ئەم قسەیە بەشێك لەڕاستی تێدابێت، چونکە کەشو هەوایەکی وا لەئارادا بووە، بەڵام کەس نەیوێراوە لەدەرەوەی بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش هەوڵی درێژەپێدانی خەباتی چەکداری بداتو بەکرداریش جیابوونەوەو ناکۆکییەکانی ساڵانی شەستی باڵی مەکتەبی سیاسیو بارزانی چارەنوسێکی خوێناوی بەدوای خۆیدا هێنا. هاوکات قسە لەسەر ئەوەش دەکرێت بارزانی دوای ئەوەی بڕیاری ڕاوەستاندنی شۆڕشی دەرکردووە، فەرمانیشی داوە پێشمەرگە بڵاوەی لێ بکاتو هەڕەشەیشی لەوانە کردووە ملکەچی بڕیارەکەی نەبنو لەقسەی دەربچن. بەرهەحاڵ ڕێکەوتننامەی جەزائیرو بڕیاری هەرەسهێنانی شۆڕش لەسەر خەڵکی کوردستان زۆر گەورەو کاریگەرو لێدانێکی کوشندەبوو، بەجۆرێ پێشبینی نەدەکرا، هاوکات زۆر قورسو گران کەوتەوەو جەماوەری کوردستان هەستی بەناخۆشییەکی زۆر کرد".

لە خوێندنەوەی واقیعی ئەو ڕۆژگارەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئاش بەتاڵ بژاردەیەکی نەخوازراو بووە، پیلانێکی شومو نەگریسی دوژمنانی کورد بووە بەرامبەر بەم نەتەوە ژێر دەستەیە. لەبەر ئەوەی شۆڕشی کورد هەمیشە بە یارمەتی دەوڵەتە ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەکان دروستبووەو لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە، ئەوا لە هەر کاتێکدا ویستبێتیان هەرەسیان پێ هێناوەو توشی ئیفلیجیان کردووە. هەروەها ئاشبەتاڵ دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە بزوتنەوە سیاسیو چەکدارییەکانی کورد بەتایبەتی لە باشوری کوردستان، مۆرکێکی بنەماڵەچییەتی پێوەدیارەو سەنتەری هەموو بڕیارەکان بە گشتی بۆ کەسی یەکەمی حزب گەڕاوەتەوە. ئەمەش وای کردووە کە نەتوانرێت لەو هێڵە دەربچیت کە ئەوان کێشاویانە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ژیانو بارودۆخی ئابوریو کۆمەڵایەتیمان لە گوندی شەکرالی لە ساڵی ١٩٧٥

دنیا وەکوو ئیستا جەنجاڵ نەبوو، ژینگەی وڵات بەگشتیو ژینگەی گوند بە تایبەتی پاكو خاوێنو دوور لە هەموو لەکەو پەڵەو تەنێکی نامۆ بوو. نە ژاوەژاوی ئۆتۆمبێلو نەدەنگی تەلەفزیۆنو نە گرمەی مۆلیدەو نە شەڕەپەڕۆی خۆکاندید کردنو نەباسی تیرۆرو تۆقاندنو نەباسی خواردنی ماوە بەسەرچوو، هەموو ئەمانە نەبوون. ئاسمان لەکاتی خۆیدا ڕەحمەتی خۆی دەرژاندە سەر زەویو کانیو جۆگەو ڕووبارەکانی وەکوو سەلسەبیل پڕ دەکردن لە ئاوی سازگار. دارودرەخت میوەی سروشتی پاكو خاوێنی دوور لەدەست تێوەردانی مرۆڤی بە پەلوپۆکانیدا هەڵدەواسیو بەهەشت ئاسا لقەکانی سەریان نەوی دەکرد. هەموو هاوینێك لە زەوییەوە سفرەوخوانێکی ڕازاوە کە پڕ بوو لە تەماتەو بامیەو کاڵەكو شوتیو خەیارو ترۆزیو کولەکە بۆ مرۆڤەکان ڕادەخراو فەرمویان لێ دەکرا، دواتر پایز دەهاتو سفرەکەی دەپێچایەوە، ژنە دەسترەنگینەکان هەر لەو سفرەی هاوینە هەرچی جۆر هەیە بەوشککراوییو دۆشاویی بۆ زستان هەمبار دەکرد، بەرواری ئێکسپایەریشیان نەبوو. هاوینان هەوای سپلیت توشی ڕۆماتیزمو تەشەنوجی نەدەکردین، شەماڵێکی فێنك بوو لەناو باخو کانیو جۆگەکانەوە دەهاتو پەردەکولەکانی لەسەربان دەشەکاندەوە، بۆنێکی شێداری خۆشی هەبوو ئەوندەی تر خەوی خۆش دەکرد.

ئای لەو دیمەنە جوانەی ئاسمان چەند ڕازاوەو جوان بوو، ئەستێرەکانو هەسارە گەڕۆکەکان ورشەو وریجەیان دەهاتو چراخانێکیان بەگومەزی ئاسمانەوە دروست کردبوو. ئێستا نزیکەی سی ساڵە بەئاواتی شەوێکی تاریکی سەربانەوەم ئەستێرەکان ببینم بۆم نارەخسێت لادێکانیشمان وەکوو شار شەو تابەیانی ڕووناکەو بێ بەشین لە جوانییەکانی ئاسمان. ئەی جوانییەکانی سروشت بۆ نەڵێم ئەو کات پەلەوەر قڕی لێ نەبڕابوو ئاژەڵە کوێیە جوانەکان شەو دەهاتنە نزیکی ژوڵانەی مریشکەکانو پارووی چەوریان لەگەڵ خۆیان دەبردەوە. لەبیرمە هاوینێك مریشکێکمان دیار نەما وامانزانی چەقەڵ خواردوویەتی، کاتێ پێمان زانی بەسیازدە بەچکەی ڕەنگاو ڕەنگی جوانەوە هاتەوە، لەناو بێشەی نزیك ماڵەوە هێلکەی دانابوو بەسەرییەوە نیشتبوو تا هەڵی هێنابوون. گەر لەبەر تاقەتو حەوسەڵەی خوێنەر نەبوایە کە حەزیان لە درێژدارِی نییە ئەوا تا بەیانی وەسفی جوانییەکانی جارانم دەکردو بێ تاقەتو وەڕس نەدەبووم.

گوندی شەکرالی یان (شکرعلی) هەڵکەوتوو لە نێوان هەردوو ناحیەی سیروانو خورماڵدا، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی (سیروان)ە، لە ڕۆژهەڵاتەوە گوندی تەپی سەفاو لە باشوریەوە گوندی خاكو خۆڵو لە باکورییەوە گوندی تەپەتۆڵەکەو لە ڕۆژئاوایەوە هەردوو گوندی لامەرکەزیو تەپەگوڵاوی هەڵکەوتوون. گوندەکە سەرجەم لە خانوی قوڕ دروست کرابوو، ژنانی ئاوایی چەند ساڵ جارێك دەچوون لە شێخ ڕەش گڵی سپییان دەهێناو لە ئاویان دەکردو بەشێوەی بۆیاخێکی خەست دەیانگرتەوەو دیوارەکانیان

پیێ سپی دەکردەوە، بەری ماڵی خۆمانو باوام فراوان بوو، چەند دارتوویەکی گەورەو عەرعەرێك ڕۆژ تا ئێوارە سێبەری خۆیان خستبووە سەر ئەو گۆڕەپانە بەرینو فراوانە. سەکۆیەکی نیومەتر بەرز لەژێر دارەکاندا بوو، جێگای چەند لەباد دەبویەوە لەسەری ڕاخرێت. بەهاوینان باوام لەسەر ئەو سەکۆیە بەسەر لەبادێك یان قاڵییەك کە سەرینێکی توکی پەلەوەری بەسەرەوە بوو پاڵی دەدایەوەو هەر لەوێش پێشوازی لە میوانو ڕێبواران دەکرد. قوتوی جگەرەکەی لەگەڵ چەرخێکی نەوتو تەپلەکێکی سێ گۆشەی فافۆن هاوڕێی شەوو ڕۆژی بوو. نەنە نایلەم مەشکەکەی دەکێزاو دۆ خۆشەکەی ڕۆ دەکردە ناو مەنجەڵێکی فافۆنو کەرەکەی لێ دەگرتو جیای دەکردەوە، پاشان کاسەیەك لەو دۆ خۆشەی پڕ دەکردو لەسەر سەکۆکە دای دەنا. باوام بەکەوچکە دارەکە تاسەی خۆی لێ دەشکاند. ئەو سەکۆیە هەموو ساڵێك سواغ دەدرایەوەو هێلەساوە دەدرا[1]. پورە سەعدییەم پێش ئەوەی شوو بکات بە کاك ئەسعەد بێڕەشکەیی هەموو بەیانییەك ئەو مەیدانە بەرینو فراوانەی دەوروبەری سەکۆکەی ئاوڕشێن دەکردو تۆزەکەی دەمراندو پاشان گەسکی لێ دەدا. لالە حەمە ساڵح هاوڕێی نزیکی باوام بوو لەهەمان کاتیشدا خەزووری بوو، ئەو کەسێکی کەم ئەندام بوو لاقێکی بە زگماکی شەل بوو، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر غیرەتو تواناکانی ئەو پیاوە مەردە دانەنابوو، ئەو زۆر لەکەسە ساغو سەلیمەکان ئازاترو لەهەمان کاتیشدا داناترو قسەزانتر بوو. پێکەوە لەسەر ئەو سەکۆیە دادەنیشتنو باسی دنیاو قیامەتیان دەکرد.

باوکم کوڕی گەورەی باوام بوو، خوشکەزای لالە حەمەساڵحیش بوو، بەهۆی کاك شێخ عەلی کەشکۆڵ و کاك شەوکەتی حاجی مشیر و کاك حامی حاجی خالیدەوە کە هاتوچۆیان دەکردین پەیمانی کارکردنی لەنێو ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەوان دابوو، بەڵام هێشتا ئاگای لەکەینو بەینی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ نەبوو، بەڵام دەمانچەکەی هەمیشە لەبەر پشتوێنیدا بوو.

باوکم کەسێك بوو شەو قەڵای مێردایەتی ئەو بوو، نەیدەتوانی لەماڵ دابنیشێتو شەو بە زاتی دایکمەوە بچێتە سەر چۆمەکە. بەڵکو لە زستانو لە نوتەك ترینو تاریك ترینی شەوەکاندا خۆی دەخزاندە نێو چەمو باخو بەشوێن نێچیرەوە چەند فەرسەخ ڕێگای دەبڕی. لەبیرمە شەوێك بەدیار گڕی شینی عەلادینەکەوە دانیشتبوینو چاوەڕێی نێچیری تازە ڕاوکراو بوین، لەناکاو کاك حامی[2] ئامۆزای باوکمو

---

١ هێلەساوە بەردێکی سافی هێلکەیی بەڵام پانتر بوو وەکوو ماڵەی ئێستا بۆ سواغ دانی قوڕی سەکۆ بەکار ئەهات.

٢ حامید ئەحمەد عەلی لە ساڵی ١٩٥٦ لەگوندی شەکرالی هاتووەتە دنیا، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە، لە هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێدا هاوکارێکی باشی پێشمەرگە بووەو چەقو تفاقی سەربازی بۆ دابین کردوونو ئیختیفای پێ کردوون، ئەندامی ناوەندی کۆمەڵایەتی شارەزووری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و لە هەڵەبجەی تازە نیشتەجێیە.

کاك ساڵحی پورزای[1] یەکی بە چۆلەکەیەکەوە خۆیان کرد بەژووردا و وتیان کوا کاکەم نەهاتەوە، دایکم وتی ئەو تا شتی باش نەهێنێتەوە نایەتەوە، ئێوە چیتان ڕاوکردووە؟ وتیان یەکی چۆلەکەیەکمان بەنسیب بووە، دایکم وتی پەلە مەکەن بابێتەوە، دوای چەند چرکەیەك باوکم خۆی کرد بە ژووردا، دوو پۆڕی بەدەستەوە بوو. کاك حامی لەداخ دا هەردوو چۆلەکەی کێشا بە دیوارەکەدا، وتی تۆ هەمیشە زەمت هەیە بەسەرمانا.

بژێوی خەڵکی گوند لەسەر کشتوکاڵ کردنو ئاژەڵداری بوو، کەس موچەخۆری دەوڵەت نەبوو. ئەوەی هاوین پەیدا دەکرا بە زەحمەت بەشی ئەوەی دەکرد خێزانێك بگەیەنێتەوە بە هاوینی داهاتوو، دەبوایە قەرزی بکردایە. جگە لەو دوو سەرچاوەیە، چەند گەنجێکیش لە چەمی کەنەقوڵی نزیك گوندەکە خەریکی کۆکردنەوەی لم بوون، گەلابەی یابوردە لە شارەوە دەهاتو لمەکەیان باردەکردو پارەی لمەکەیان دەدا بە خەڵکەکە. زۆر حەزم لەوەبوو سواری گەلابەی یابوردە بم، ئێوارەیەك لەگەڵ باوکم لە پێشەوە لای شۆفێرەکە سوار بوینو تا ناو ئاوایی پێکەوە هاتینەوە، ئەوەندە خۆش بوو بەلامەوە حەزم لە دابەزین نەبوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

---

١ ساڵح کوڕی مەحمود مارف بوو لەگەرمیان پورزای باوکم بوو لەهەمان کاتیشدا ئامۆزای دایکی کاك حامی بوو، دوای ئەوەی باوکم بوو بە پێشمەرگە، دوای ماوەیەك کاك ساڵحیش ڕۆشتە دەرەوەو بوو بە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ کاك عومەری حەمەساڵح بەشارەتی لە داستانی توەقوت دا گەیشتنە کاروانی نەمران.

## نەشتەرگەری

میزم گیرابوو، دڵۆپ دڵۆپ بە هێواشیو وەکوو ئەو تکە ئاوانەی لە بنمیچی ئەشکەوتەکانەوە دەکەونە سەر تاشەبەردێك، میزکردنم ئا بەو شێوەیەی لێهاتبوو.

ئادەی بە خێرایی بیرفێنن بۆ نەخۆشخانەی هەڵەبجە، ئەمە قسەی باوام بوو.

لەوێ دکتۆر جوابم دەکاتو دەڵێت میزی گیراوەو چارەسەری لای ئێمە نییە. باوکم لەدوای سێ کچ کە یەکێکیان مابوو، دڵی بەهاتنەدنیای من زۆرخۆش بوو، هەر ئەو رۆژە لەگەڵ دایکم جێگای دوو نەفەر لە دوای قەمەرەیەکی دۆج دەگرنو بەرەو سلێمانیم دەبەن. رێگاکە وەکوو ئەم رێگایەی ئێستا نەبوو. قەمەرەکە هەورازو نشێوی دەکرد، چاڵی قوڵ دەهاتە رێگامانو دواتر بەرەو بەرزاییەك سەردەکەوتینەوە، چەند جار ئەمە دوپات دەبوویەوە. دواتر لە هەشتاکاندا لەگەڵ دایکم دەچوین بۆ سلێمانی، ئەموت دایکە بۆچی چاڵەکان نەماون، دایکم دەیوت رۆڵە ئەوە جادەی کۆن بوو. تەماشای لای راستت بکە، ئەوەتا هێشتا ماوە بەڵام ئێستا ئۆتۆمبێل لەوێوە هاتوچۆ ناکات.

هەر ئەو رۆژە سەردانی عیادەی دکتۆر عەبدولرەحمانیان پێکردم، وابزانم عەبدولرەحمان رەیسیان پێ دەوت، ئەو پزیشکێکی عەرەب بوو، بەڵام شارەزاو پسپۆری نەشتەرگەری گشتی بوو، یەکسەر رەوانەی نەخۆشخانەی جمهوری کردم. سیستەرو پزیشکی ئێشکگر هاتنو وتیان نابێ ئەو منداڵە هیچ بخوات تاسەبەینێ نەشتەرگەری بۆ دەکرێ. منێکی چڵێسو چاوبرسی کە بە گۆشتی پۆرو مریشکی کوردی چۆلەکە پەروەردەکراوم، بەو فەرمانە زەندەقم چوو، دیواری نەخۆشخانەم لێ بوو بە دیواری ئەمنی عام. هەرچی کرووزامەوەو شینو شەپۆرم کرد هیچیان نەدامێ، شەو بەسەر جێگەی نەخۆشەوەو لەژێر سەرچەفی سپیدا بە سکی برسییەوە خەوم لێ کەوت. بەیانی برسێتی برستی لێ بڕیبووم، هەمان تاسو حەمامی دوێنی دەستم پێکردەوە، دایە برسیمە، دایە برسیمە، دایکم جگە لە فرمێسکی چاوی ناوێرێت هیچ شتێکی ترم دەرخوارد بدات، قسەی پزیشك لەو ساڵانەدا وەك دەقێکی ئاسمانی وابوو کەس نەیدەوێرا خۆی لێ لابدات.

نزیکی نیوەڕۆ بوویەوە خرامە ژێر گڵۆپێکی گەورەوەو چەند پیاوو ئافرەت لەدەورم کۆبوونەوەو دەستیان کرد بە دواندم، منێکی لادێیی ئەو هەمووە دەموچاوە نەناسراوە، زەندەقیان بردبووم بەڵام وەکوو ئەو نێچیرە وابووم کە هەرپەلێکی بەدەست شێرێکەوە بێتو دەرفەتی هەڵاتنی نەبێت. دوای کەمێك بەری چاوەکانم لێڵ بووو رۆشتمە ناو جیهانێکی لە خەو خۆشترەوە.

کاتێك بەهۆش خۆم هاتم لە سەر قەرەوێڵەکەی خۆم بوومو دایکم بەدیارمەوە بوو، دەنکە بەردێکی لەناو شاشێکی سپیدا نیشان دام وتی تەواو ئیتر بەئاسانی میزی خۆت بکە، ئەم بەردە بوو رێگای

میزکردنی لێ گرتبویت، وا دکتۆر عەبدولرەحمان دەری هێنا بۆت. دوای چەند شەوو ڕۆژێك لە نەخۆشخانە جواب کراینو ڕۆشتینەوە بۆ ماڵی کاك ڕەفیق کە هاوەڵزاوای باوکم بوو. لەوێ سەردانی ماڵی مام حاجی ئەحمەد مارفی باوکی کاك ڕەفیقمان کرد کە پیاوماقوڵی عەشیرەتی بێسەری بوو، کەسێکی دەوڵەمەند بوو ئیش وکاری بەڵێندەرایەتی دەکرد. بۆ یەکەم جار سەیری تەلەفزیۆنم کرد، زۆر خۆش بوو بەلامەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٥:

١٩٧٥/٢/٢٠ باڵیۆزی میسر لە بەیروت بە بارزانی ڕاگەیاند کە ئەنوەر ساداتی سەرۆککۆماری میسر دەیەوێت چاوی پێت بکەوێت.

١٩٧٥/٢/٢١ ئەوەندە باران باری دەریاچەی دەربەندیخان زۆر بە خێرایی زیادی دەکردو دەشتی شارەزووری تا کۆتا ئاستی دیاریکراو داپۆشی.

١٩٧٥/٢/٢٦ چوونی بارزانی بۆ تاران، بەڵام پاش دەرکەوتنی ڕێکەوتنی نێوان عێراقو ئێران، بە نائومێدی گەڕایەوە بۆ کوردستان.

١٩٧٥/٢/٢٨ لەبری مەلا مستەفا سامی عەبدولرەحمان ڕۆشت بۆ وڵاتی میسرو چاوی بە ئەنوەر سادات کەوت، سادات پێی ڕاگەیاندبوو کە ڕێککەوتنێك لە نێوان عێراقو ئێران لە جەزائیردا لە ئارایە.

١٩٧٥/٣/٥ ئەفسەرێکی پایەبەرزی ئێرانی هاتە لای بارزانیو پێی ڕاگەیاند کە ئێرانو عێراق ڕێك دەکەونو ئێران سنوری خۆی لەبەردەم پێشمەرگەکاندا دەبەستێت.

١٩٧٥/٣/٦ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی شومی جەزائیر لە نێوان شای ئێرانو سەددام حسێن ئەنجام درا. بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ڕیککەوتننامەیە عێراق دەستبەرداری نیوەی شەتولعەرەب دەبێت بۆ ئێران، لەبەرامبەردا ئێران هاوکارییەکانی لەشۆڕش بگرێتەوەو سنوریان بەسەردا دابخات. بەمەش هەرەس بە شۆڕشی ئەیلول هات.

١٩٧٥/٣/١٢ مەلا مستەفاو موحسین دزەیی سەردانی شای ئێران دەکەن، شا پێیان ڕادەگەیەنێت کە بەرژەوەندی ئێران لەوەدایە کە ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو بەتایبەت دەوڵەتی عێراق کۆتاییان پێ بهێنێت. وتی: توانیمان ناکۆکی ٤٢ ساڵی نێوان ئێرانو عێراق لەبەرژەوەندی خۆمان کۆتایی پێ بێنین. هەروەها پێی ڕاگەیاندن کە ئێوەش سەرپشکن لە ئێران وەکوو هاوڵاتییەکی ئێرانی دەمێننەوە، یان دەچنەوە عێراق بەڵێنم لە سەددام وەرگرتووە کەستان نەکوژێت، وە ئەگەر درێژەش بە شەڕ دەدەنەوە ئەوا ئارەزووی خۆتانە بەڵام ئێمە سنورتان لەسەر دائەخەین

١٩٧٥/٣/١٩ لەم ڕۆژەدا ئاشبەتاڵ بە شۆڕشی کورد کرا. دوای ئاشبەتاڵی شۆڕشی کورد مەلا مستەفا بارزانی داوای مافی پەنابەرێتی لە ئەمریکا کردو لەوێ نیشتەجێ بوو.

١٩٧٥/٣/٢٠ لەسەرکردایەتی پارتییەوە بروسکە بۆ فەرماندەی هێزەکان لێدرا، کە شەڕ بوەستێنن[١].

١٩٧٥/٣/٢١ ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق کە زمانحاڵی شۆڕشی ئەیلول بوو لەکار کەوت.

١٩٧٥/٣/٢٥ پادشای سێهەمی سعودییە فەیسەڵ کوڕی عەبدولعەزیز ئال سعود لەلایەن برازای خۆی فەیسەڵ کوڕی مساعید کوڕی عەبدولعەزیز لە ڕیازی پایتەخت تیرۆر کرا.

١٩٧٥/٤/٢٩ سەردانی سەددام حسێن بۆ تاران، لەوێ ڕایگەیاند کە تەنها چوار کەس لێبوردن نایانگرێتەوەو نابێت پێ بخەنەوە خاکی عێراق، ئەوانیش هەریەك لە: مستەفا بارزانی، ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، شێخ محەمەد خالید.

١٩٧٥/٦/١ دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەن جەلال تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفاو فواد مەعسومو عادل مورادو عەبدولڕەزاق فەیلی.

١٩٧٥/٧/١٢ کۆچی دوایی زانای ئاینی شێخ موراد زەنگەنە.

١٩٧٥/٧/٢٠ شێخ جەمالی عەریزە نوس لە هەڵەبجە کۆچی دواییکرد.

١٩٧٥/٩/١١ دروستبوونی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك).

١٩٧٥/٩/٢٣ کۆچی دوایی مەلا مستەفای عاسی شاعیر.

١٩٧٥/١٠/١١ کۆچی دوایی مێژوونوسی کورد ئایەتوڵا محەمەد مەردۆخی.

١٩٧٥/١٢/٢ کۆچی دوایی شاعیرو فۆلکلۆرستی کورد مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٦

سێ ڕووداوی گرنگ لەم ساڵەدا ڕویدا کە هەرسێکیان پەیوەندییان بە خانەوادەی ئێمەوە هەبوو، ئەوانیش دروستبوونی شۆڕشی نوێ بەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بوونی باوکم بە پێشمەرگە لەناو ئەو ڕیزەکانی شۆڕشە نوێیەدا، هەروەها زیندانی کردنمان لەلایەن ڕژێمەوەو ڕاپێچ کردنمان بوو بەرەو شاری ناسرییە لە باشوری عێراق. ئەمە جگە لە دروستبوونی شۆڕشی گوڵان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوەلە ژێر ناوی سەرکردایەتی کاتیی (القیادة المؤقتة) لە هەمان ساڵدا.

لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، شۆڕشی نوێ سەری هەڵدا. پێشترو لە ساڵی ١٩٧٥ کۆمەڵێك سەرکردە لە دەرەوەی وڵات دروستبوونی ڕێکخراوێکیان بەناوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە ڕاگەیاند. ئەو بۆشاییە سیاسیو چەکدارییەی لە کوردستانی باشوردا لە دوای ئاشبەتاڵەوە دروستبوو بوو، پێویستی

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکان، ١٩٩٧، ل٣١.

به پڕکردنەوە هەبوو، هەربۆیە ڕۆشنبیرانو سەرکردە سیاسییەکانی ناو شۆڕشی ئەیلول کەوتنە جموجوڵو پەیوەندی کردن بە یەکترەوە. ئەوەبوو نەوشیروان مستەفا لە ڤییەنای پایتەختی نەمساوە بە فڕۆکە هاتەوە بۆ وڵاتی شام (سوریا)و پەیوەندی کرد بە مام جەلالو فوئاد مەعسومو کەمال فوئادو عادل مورادو عەبدلوڕەزاق میرزاو هەمویان لە شاری دیمەشق کۆبونەوە. ئەمە جگە لە عومەر شێخ موس کە کوردی سوریا بوو نەیدەتوانی لەو کۆبوونەوەدا ئامادەبێت.

ئەم سەرکردانەو کۆمەڵێك کەسایەتی تر کە هەر لەو کاتەدا ڕۆشتبوونە وڵاتی شام یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان ڕاگەیاندو لەگەڵ شانەکانی کۆمەڵە لە ناوەوەی وڵات لە پەیوەندیو نامە گۆڕینەوەدا بوون کە شۆڕشی نوێ هەڵبگیرسێننەوەو بچنە شاخ. ئەوەبوو لەماوەی سالێکدا ئەو خەونە هاتەدی. لە ناوچەی شارەزوورو هەڵەبجەو هەورامان یەکەم دەستەی چەکداری بە چەکی خۆیانەوە چوونە شاخو بەردی بناغەی شۆڕشی چەکدارییان دانایەوە، بەهەمان شێوە لە چەند ناوچەیەکی تری باشوردا چەند مەفرەزەیەکیتر دروستبوونو تەقوتۆقیان دەستپێکرد.

"یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گەر زێدەتری نەکردبێت، ئەوا لە لایەنەکانی دیکەی باشووری کوردستان کەمتری نەکردووە، ئەوەی ئەو لە زۆر کایەی خەباتدا ئەنجامی داوە، لەهیچ شۆڕشێکدا نەکراوە، ئاخر ئەو ڕێکخراوە سیاسییە، لە سەردەمی خەباتی شاخو ڕزگاری نیشتمانییدا، بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس، هەرچی داهێنان هەبوو کردی، لەهەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا لەڕیزی پێشەوە بوو، ڕێکخستنەکانی سەرکردەو سەرکردەکانی ڕێکخستن بوون، کادیرەکانی پێشمەرگەو پێشمەرگەکانی کادیر بوون، لاپەڕە ڕەشەکانی براکوژی لێدەرچێت، دیرۆکی ئەو، هەرچی ناوی جوان هەبوو، هەرچی سیمای بەرخۆدان هەبوو، بە بزووتنەوەی کوردایەتییان بەخشی، نەك هەر دوای هەرەس، سەروبەندی ڕاپەڕینییش، هەر ئەوان، بەر لەهەموان، چەخماخەی بەگژداچوونەوەو تەپڵی ڕامالێنی بەعسیان لێدا، بەدیار جۆشو خرۆشی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە، کێمان هەبوو، ئەو سروودە نیشتمانییەی نەبیستبێت؟ کە ببووە ویردی سەرزارانو بەردەوام دەگوترایەوە:

ئاسوودەبن، زەبری زیندان ... هەڵواسینو پەتو خنکان

تەوژمی خەبات بەرنادات ... هێزی تێکۆشان شەق ناکات

ئاسوودە بن نە بەلێدان، نە بەکوشتن ... ئاسوودە بن نە بە ڕاونان ودەرکردن

بە تەعریبو تەبعیس کردن ... ڕیشەی کورد قەت نایەت لەبن"[١]

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١ نەوزاد عەلی فەتاح، ڕۆژنامەنوس، شارەزوور، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، ٢٠١٧.

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٦:

١٩٧٦/١/٣ کۆچی دوایی شاعیر مەلا حامیدی مەلا حەمدون.

١٩٧٦/٣/٧ کۆچی دوایی ئیحسان نوری پاشا لە شاری تاران بە ڕووداوی هاتوچۆ.

١٩٧٦/٤/٢٥ کۆچی دوایی شاعیر مەلا ئەسعەد مەحوی لە شاری سلێمانی.

١٩٧٦/٤/٢٩ لەم ڕۆژەدا لە کات ژمێر دووی پاش نیوەڕۆ خۆر گیرا.

١٩٧٦/٥/١٢ کۆچی دوایی ئیسماعیل حەقی شاوەیس.

١٩٧٦/٥/١٩ نەوشیروان مستەفا وڵاتی نەمسای بەجێ هێشتو هاتەوە بۆ سوریا، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە وەکوو سەرکردەیەك سەرپەرشتی شۆڕشی نوێ بکات لە دژی ڕژێمی بەعسی عێراقی. ١٩٧٦/٥/٢٦ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم ڕۆژەدا پارتی یەکەم چالاکی خۆی بەرامبەر ڕژێمی بەعس ئەنجامدا.

## ئامادەکاری بۆ چوونە دەرەوە

گەرمای شارەزوور هێشتا بە ڕادەیەکی وا تاوی نەسەندبوو کە مرۆڤ بێ تاقەت بکات. بەڵام سێبەر خەریك بوو خۆش دەبوو، ڕووەکی گوڵەبەڕۆژە لەوەدابوو زەوییە ڕەشەکە بشارێتەوە. خاکەنازێکی بەدەستەوە بوو، خەریك بوو ئاوی بامیەو تەماتەی دەدێرا. کەلگەی شاوڵاخی لە ئاستی زەوییەکەی خۆی شکاندو سەرێك ئاوی بۆ تەماتەو بامییەکە بەردایەوە. بامێکە لە کاتی گوڵو بەردا بوو، بەرەش بوونو سیس بوونی گەڵاکانیدا دیاربوو، کە زۆر تینویەتی. تەماتەکەش دوو ئاو کرابویەوەو نۆرەی ئاوی سێهەمی بوو، وە بژاریش گرتبووی، دەبوایە دوای ئەم ئاوە بژارێکی ئەویشی بکردایە. لە پێشدا ئاوی خستە سەر تیرە بامییەکە کە پانتایی نیو دۆنمی داگیر کردبوو. کاتێ ئاوەکە بەسەر زەوییە تینووەکەدا دەڕۆشت، کفە کفێکی دروست دەکردو بۆنی تەڕبوونی گڵەکە دەهاتە لوتی بنیادەم. وردە وردە ئاوەکە کلۆسمەکانی دەتواندەوەو ڕێگای بۆ خۆی دەدۆزییەوەو بەرزو نزمی دەکرد. هەرچی کرمو خشۆکو هەزارپێ هەیە لە پێشی ئاوەکەوە دەڕۆشتنو مەنزڵگای خۆیان بەجێ دەهێشت. جار جار خاکەناسێکی بە کلۆسمێکی نیوەتەڕبوودا دەکێشاو وردی دەکرد. گەڵاو قەدی بامییەکان کە لەبەر تینوێتی ڕەشو سیس هەڵگەڕابوون، بەگەیشتنی ئاوەکە بە ڕیشووەکانیان وەکوو گوڵ دەگەشانەوەو گەڵاکان خۆیان دەکردەوە. ئاوەکە بەرەبەرە زەوییەکەی دەدەماند، هاتە خوارەوە بۆ سەر چەمو باخەکەی خۆی کە لە تەنیشتی کشتوکاڵەکەیەوە بوو. مشتێ ئاوی کرد بە دەموچاویداو خۆی فێنك کردەوە، پڕی هەردوو ناولەپی ئاوی هەڵگرتو خواردییەوە، کە ئاوەکە وەکوو چاوی قرژانگ ڕۆشنو خاوێن بوو. دواتر چوو لەسەر بەردەنوێژەکە کە لەناو چەمەکەدا بۆ نوێژ خوێنان دانرابوو، دانیشت. هەردوو قاچەکانی لە ناو ئاوەکەدا

بوون. ئاوی چاوگی شەکرالی ئاوێکی ساردی سازگاربوو. هەر جوتیارێك بەقەراغی چاوگەکەدا بڕۆشتایە بۆ سەر مەزراکەی لە پێشدا سەتڵێ یان هەر دەفرێکی تری پێ بوایە، لە چەمەکە یان دەچووە سەروترو لەکانیەکە پڕی دەکردو لەگەڵ خۆی دەیبرد. دوای ئەوەی گەرمای لەشی فێنك کردەوە هاتەوە سەر بۆ لای بامیە ئاودانەکەی. تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد کە ئاوەکە بەسەر زەوییە وشکەکەدا دەڕۆشتو تۆزێکی لێ هەڵدەستاند، پاشان کلۆسمە گەورەکان دەتوانەوەو لەجێگای خۆیاندا نزم دەبونەوە. دەنگە فشەکلاَّونەو جرەو باڵندەی تر لەو دەشتو قەراغی چەمەدا دەهات کە زەوییەکەی ئەم پاڵی دابوو بە چەمەکەوە، کە کاتی هێلکەدانانو هەڵهێنانیان بوو. باخێ چناری نێوان هەردوو پارچە زەوییەکەدا داچێنابوو. ئاوی چاوگەگەش بەناو باخو چەمەکەدا تێ دەپەڕی، کە پڕبوو لە توترکو لاولاوو مێوو، جێگاو مەنزڵی جۆرەها باڵندەبوو. لەپڕ چاوی ڕەشمارێ کەوت بە تەنیشتیدا تێپەڕی، خاکەنازەکەی بۆ هەڵگرتو پەلاماری دا، بەلاَّم ڕەشمار خێرا مشوری خۆی خواردو خۆی کرد بەناو چەمەکەدا. گەڕایەوە بۆلای ئاوەکەی. دوو بن مەلەوێچەی بەدی کرد، کە لەناو بامیەکەدا تێراو بوو بوون، خێرا دەستی درێژ کردو لە ڕەگەوە هەڵی کێشان. هەر بەم دەم ئاودانەوە چەند تەڵ گیای تری بەدی کردو هەموویانی بژار کرد. تۆپەڵێك مێشوولەی ورد بەسەرو دەموچاوییەوە نیشتن، بەلاَّم دەستی بۆ نەبردن، چونکە ئەو جۆرە مێشولەیە کە لە مانگی حوزەیرانو کاتی دروێنەی گەنمدا پەیدا دەبن، سروشتی شەنگەسورەیان هەبوو، وازیان لێ بهێنی خۆیان دەڕۆن، بەلاَّم دەستیان بۆ بەری دۆخەکە زیاتر دەئالۆزێو واز لە مەردووم ناهێنن. ڕۆشتە پێینی بامییەکە ئاو خەریك بوو دەگەشتە کۆتاییو زەوییەکە بەتەواوی مەستاو بوو بوو. خێرا ڕای کرد بۆ ددانەی زەوییەکەو گەلگەکەی بەرەو ماکاوە تەماتەکە شکاند. ئاوی لەبامییەکە بڕیو خۆی کەوتە پێشی ئاوەکەو بەرەو تەماتەکە ڕۆشت. هەمووساڵێك ماکاوێك تەماتەی دەکرد، ماکاوەکە بریتی بوو لە چوار قەدو هەرقەدێ شەش گۆلی درێژغە بوو. واتە هەموو بیستو چوار گۆل تەماتە بوو ئاوەکەی خستە سەر گۆلێك تەماتەو تەماشای کرد، ئافتاو بە تەرمۆزێ چاوە هات بۆلای، قاچی لە کلۆسمێکی گەورە هەڵکەوت خەریك بکەوێ بە دەمداو تەرمۆز پیاڵەو شەکرەکە لە دەستی بکەوێتە خوارەوە، بەلاَّم توانی خۆی بگرێتەوەو نەکەوێ. هاتە پێشەوەو وتی: یونس. ماندوو نەبی، ماوتە تەواوی بکەی؟

سەرچاو ئافتاو، بەڵێ هێشتا ماومە، بامییەکە زۆر تینوی بوو، درەنگ تێرئاو بوو. ئێستا خستوومەتە سەر گۆلێ تەماتەکە.

باشە وەرە تۆ چایەکە بخۆ بەم نانو کەرەوە، ئێستا دادە نایلە مەشکەی کێزاوە، ئەم کەرەیەم بۆ هێناوی بە چاوە بیخۆی، من ئاوەکە دەدێرم.

خۆ باش ئەڵێی، با من پشویەك بدەم.

یونس گەنجێکی گورجوگۆڵ بوو، تەمەنی هێشتا سیساڵ تێ نەپەڕی بوو. کوڕی گەورەی لالە حەمەی علی سان ئەحمەد بوو. یونس کەسێکی قایمو قۆڵ بوو بالآیەکی مام ناوەندی هەبوو، قژی ڕەشو خاوو دەمو چاوی سپی پێست. پەنجەکانی دەستی باریكو درێژ بوون. کەسێکی ڕوخۆشو دەم بە پێکەنین بوو، جامانەی لەسەر دەکرد، پرچی لە پێشەوە لە ژێر جامانەکەی دەهاتە دەرەوەو زیاتر جوانی پێ دەبەخشی. لە ناوەڕاستی شەستەکاندا زەماوەندی لە گەڵ ئافتاو خانم دا کردبوو کە ئەو کچی مامە عوسمانی هۆمەری حاجی مەحمودی یاروەیس بوو لە تەپی سەفا کە یەکێ بوو لە خاوەن موڵکەکان. ئافتاو خانم کەسێکی باڵا مام ناوەندیو زۆریش کورت نەبوو، ڕەنگی پێستی گەنم ڕەنگو چاوو برۆ ڕەش، بەپێچەوانەی یونسەوە هەرچەندە کەسێکی سادەو دڵپاك بوو بەڵام خێرا هەڵدەچوو، هەربۆیە زۆر جار یونس سەری دەنایە سەریو دواتر ئاشتی دەکردەوە. بەرهەمی ئەم ژنو مێردایەتییەیان بریتی بوو لە هەشت منالّ، تەنها چواریان مابوونو چواریشیان پەپولەی بەهەشت بوون. کۆتا منالّیان ئەمیر بوو کە ئێستا چوار مانگ تەمەنێتیو ئافتاو خانم تێر شیری کردووەو خەواندوویەتیو دواتر هاتووە بۆ لای مێردەکەی. ئاوەکە بەناو گۆلی تەماتەکاندا پێچاوپێچ وەکوو مار ڕێگای دەبڕیو پاشان ڕێگای ڕۆشتنی نەدەما، دەوەستاو گۆلەکە پڕ دەبوو لە ئاوو سەرگۆلەکانیشی تەڕ دەکرد. پاشان ئافتاو خانم ئاوەکەی خستە سەر قەدێکی تر. یونس خەریك بوو نانو کەرەو چای خۆی دەخوارد, لەپڕ ئافتاو خانم وتی: یونس، ئەو پیاوە کێیە بەرەو ئێرە دێ؟

کوا، کام پیاو؟ لە کوێوە دێ؟

ئا ئەوەتا لە کەنەقوڵەوە هاتە سەر بەرەو لای خۆمان دێ.

ئادەی، ئەوە لە کاك مەحمود کەشکۆڵ دەچێ، ئا ئا خۆیەتی ئەوە.

مەحمود کەشکۆڵ وورده وورده نزیك بویەوە، لەڕێگاکە لایداو بەسەر جۆگەی ئاوەکەدا بەرەو ئەمان هات. پێش ئەوەی بگاتە لای ئەمان بە گۆرانییەکی حەسەن زیرەك دەستی پێکرد:

هۆ کاکەی جوتیار جوتت گا جوت بێ ... خەرمانت گوڵ بێ

دواتر: ماندوو نەبن برا، میوانی ناوەخت قبوڵ ئەکەن؟

یونس: سەرچاوم هاتی برا، تۆ کەی میوانی، خاوەن ماڵ خۆتیت.

ئافتاو خانیش بەخێرهاتنی کردو چوو لە چەمەکە پڕی جامێ فافۆن ئاوی ساردی بۆ هێنا. ئاوەکەی خواردەوە، یونس چایەکی بۆ تێ کرد، چاکەی بە پاروویەك کەرەوە خوارد. مەحمود کەشکۆڵ کەسێکی سورکاری سمێڵ زەرد بوو، لاشەی باریكو چاوەکانی گەشو زیت بوون. پیاوێکی ئازاو ماندوو نەناس بوو، پێشتر لەشۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بووەو لێپرسراوێتیشی هەبووە. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولو لە ساڵی ١٩٧٥دا بەشداری لە دروستبوونی کۆمەڵەی ڕەنجەراندا کردووەو لەگەڵ وەستا ئەنوەری برایدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لەو ڕێکخراوەدا. کەشکۆڵ کەسێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوار بووەو زۆر جار شیعری

نوسیوە. بۆیە پێی وتراوە کەشکۆڵ، لەبەر ئەوەی هەمیشە هەگبەکەی پڕ بووە لە زانیاریو هەواڵی جۆربەجۆر. هێشتا شۆڕش مابوو، ئەو بەنهێنی کاری بۆ دامەزراندی کۆمەڵە دەکردو لە ڕێگای میراوییەوە کە کرابوو بە میراوی جۆگەی تەوێڵەجۆ، کاری ڕێکخستنی دەکردو پەیوەندی بەهەموو جوتیارانی ناوچەکەوە دەکرد. یەکێ جوتیارانەش یونس بوو، کە پەیوەندییەکی باشیان هەبوو چ لە ڕێگای ڕێکخستنەوە بێ یان لە ڕێگای خزمایەتییەوە بووە.

دوای ئەوەی ئاوەکەی خواردەوەو پشوی دا، وتی:

یونس خاکەنازەکە بدە بە ئافتاو، بابچینە سێبەری باخەکە دەمەتەقەیەك بکەین.

یونس: باشە برا با ئاوەکە بخەمە سەر ئەم گۆلە، بۆ ئافتاوی بەجێ دێڵم.

ئافتاو خاکەنازی گرت بە دەستییەوەو ئەمانیش هاتن بۆ سێبەری چەمو باخەکە. مەحمود کلاشەکانی داکەندو لەسەر وشکانییەکە داینان، شەرواڵەکەی تا ئەژنۆی هەڵکردو چووە ناو ئاوەکە. لەسەر بەردە نوێژەکە دانیشتو قاچی لەناو ئاوەکەدابوو. مشتێ ئاوی هەڵگرتو کردی بە دەموچاویدا. دواتر دەستی هێنا بەسەر قژیداو لایدا. تنۆکەی ئاو لەسمێڵی بەردەبوونەوەو دەکەوتنە سەر ئەژنۆی. سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد، وتی: کاك یونس، کەس لەم ناوەدا نییە؟

یونس: نا خەمت نەبێ، کەس نایەتە ئێرە، مەگەر باوکم یان لالە حەمە سالحم، ئەویش بۆ نوێژکردن. هێشتا تازە کاتژمێر دەیە، کاتی نوێژ زۆری ماوە.

مەحمود دەستەسڕەکەی لە گیرفانی دەرهێناو دەموچاوی پێ وشك کردەوە، دواتر وتی: برا، لە خوا بەزیاد بێت ڕێکخستنەکانمان گەشەی کردووەو بەرهەمی خۆی هەبووە، دەمانەوێت هەنگاوێکی گەورەتر بنێین، ئەویش چەك هەڵگرتنو چوونە دەرەوەیە، نازانم پێت چۆنە؟

یونس جامانەکەی لەسەری داکەندو خستییە باوەشی، تەماشایەکی ئەملاولای کردو وتی: هێشتا زوو نییە برا؟ بۆ ناوەستین تا ساڵێکی تر، هیچ نەبێ خەڵکێکی زۆرتر کۆدەکەینەوە.

نا هیچ زوو نییە. بگرە درەنگیش کەوتووین، دەبوایە لەگەڵ نسکۆ چەخماخەی شۆڕشی نوێ لێ بدرایە. بەڵام خەڵکەکە پەرتەوازەو نا ڕێکخراو بوون، بۆیە ساڵێ دواکەوتین، ئەمە قسەی کەشکۆڵ بوو.

باشە بۆ ئێستا چەند کەس دەبن، یونس دەپرسێت؟

وەکوو ڕێکخستن زۆرین، وەکوو ئەوەش چەك هەڵبگرین تا ئێستا حەوت کەس یەکلایی بوینەتەوە، ئەمە بەس لەم دەڤەرەی خۆمان, لە ناوچەکانی تریش برادەرانمان بەنیازن لە هەمان کاتی ئێمەدا بچنە دەرەوە، ئەگەر کەمێکیش دوا بکەون، کێشەمان نییە، ئەمە وەڵامی مەحمود بوو.

بۆ ئێستا کاك شەوکەتتان لەگەڵە، دیسانەوە یونس پرسی؟

بەڵێ منم، کاك شەوکەتی حاجی مشیری هاوەڵزاواتە، کاك حامی حاجی غالییە، کاك محەمەدی حاجی مەحمودە، کاك عەلی شیعەیە، دکتۆر ڕەزایە، کاك تۆفیق ڕەحیمە. وە ئەگەر لەم کاتەشدا تۆو کاك غەفور دەرەشیشیو کاك فەرەج تریفەییو کاك مەحمود گەرمیانیو کاك حەمەی حاجی تۆفیق لە تەپەکوڕەو کاك عومەری حەمە سالح لە بەشارەتو کاك حەمە ڕەشید حاجی سەعید لە قاینەیجەو کاك ئەحمەد شاتوانیو کاك ڕەوفی خەلیفە سەعیدو کاك عەریف مەحمودو کاك حەمەی حاجی سابیرو زۆر کەسی تریش، هەموو ئەمانە بێنە دەرەوە، قورساییەکی باشمان دەبێو خەڵکی تریش ڕوومان تێ دەکا.

یونس جامانەکەی کردەوە سەریو بەهەردوو دەستی ڕێکی کرد، پاشان وتی: برا خۆت باش دەزانی، ئەمە چەندین جارە لەسیروانەوە بانگیان کردووم بۆ مونەزەمەو ئیمزایان پێکردووم، کە بە هیچ شێوەیەك نابێ تێکەڵاو بەکاری ڕێکخستن ببم. ئەوان باش دەزانن ئێمە خەریکی چین. هەستیان بە مەترسییەکی گەورە کردووە، بەڵام هێشتا لایان ڕوون نییە، کە چۆنو کەیو لەکوێ سەر هەڵدەدات. من ئا لەم کاتەشدا نەیەمە دەرەوە، دواتر هەر دێم. ئێستا دەمانچەکەم حازرەو دەمەوێ کلاشنکۆفێکیش بکڕم، ئەزانم ئێوەش هەموتان خۆتان چەکتان کڕیوە.

مەحمود کەشکۆڵ: تۆ کەمێکیش دوابکەوی کێشەمان نییە، گرنگ ئەوەیە هاوکارمان بیو چاوت لەسەر سیخوڕەکان بێ.

یونس: بێ گومان دەبێ چاوێکم بکەم بە دە چاو، لە ئێستادا باش نییە هەرچی ڕێکخستنمان هەیە بچێتە دەرەوە، ناوخۆش لە دەرەوە پێویست ترە.

ڕاستە وایە، کاری ڕێکخستن پێویستە، با پەیوەندیت لەگەڵ برایانی هەڵەبجەدا نەپچڕێ، کاك سەی نەجیمو کاك جەمیلی مەلا مستەفاو کاك سەعدی حەمەی حاجی ناجیو کاك حیکمەتی مەلا عەلی، ئەمانە گرنگن هاوکاری یەك بکەن، کەشکۆڵ وای وت.

خەمت نەبێ، ئێمە کاری خۆمان دەکەین، یونس وای وت.

پاش ئەوەی بەتێروتەسەلی گفتوگۆکەیان تەواو بوو، مەحمود کەشکۆڵ لە ئاوەکە هاتە دەرەوەو گۆرەوییەکانی لە گیرفانی دەرهێناو لەپێی کردنەوە، کلاشەکانی کرد بەسەر پێیەوە. وتی: من دەبێ بڕۆم، کارم زۆرەو کاتیش درەنگە.

یونس: نابێ بڕۆیت برا، وا نیوەڕۆیە، نان بخۆو دوایی بە ئیسراحەت بڕۆ.

باوەڕ بکە ناتوانم، هەردەبێ بڕۆم، إن شاء الله یەکتر دەبینینەوە.

تا ئەوان خواحافیزییان لەیەك کرد، ئافتاوخانم ئاوی تەماتەکەی تەواو کردبوو, مەحمود هاتە سەرەوە لە چەمەکەو لەسەروی چاوگەکەوە بەرەو گردی سەفا بویەوە. لە دوورەوە دەستێکی بۆ ئافتاو خانم بەرز

کردەوەو خواحافیزی لێ کردو وتی: ببورە ئافتاوی خوشکم کاک یونسم لێ کردی، خۆت ئاوی کشتوکاڵەت دا. گەردنم ئازا بکە.

نا کاک مەحمود گیان، پێم خۆش بوو نەڕۆشتیتایە.

بەخوا کاک یونس خوڵکی تورکی کردووم، بەڵام ئیشم هەیە دەبێ بڕۆم خوا حافیزتان بێ.

خوا حافیزت بێ بەخێرچی.

یونس چووە سەر کەلگەکەو ئاوەکەی بە تەواوی وشك کرد. خاکەنازەکەی خستە سەرشانیو لەگەڵ ئافتاو بەرەو ماڵ بوونەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**١٩٧٦/٦/٢٦** یەکەم مەفرەزەی چەکداری شۆڕشی نوێ لە ناوچەی شارەزوور دروستبوو کە ئەم ناوانە بوون: شەوکەت حاجی مشیر، محەمەد حاجی مەحمود، مەحمود عەبدولرەحمان کەشکۆڵ، حامید حاجی خالید، حەمە سەعید ئەمین، عەلی ئەحمەد (عەلی شیعە)، تۆفیق ڕەحیم.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## فڕینی حەوت هەڵۆ بەرەو چیا

مانگی حوزەیران بوو، وەرزی دروێنەی خەڵەو دەغڵو دانو پاچەکۆڵەو ئاودان، تەواوی زەوییەکانی شارەزوور بە کشتوکاڵ داچێنرا بوو، گەرما وورده وورده تینی دەسەند، سێبەری دارتووەکان بەرەو خۆش بوون دەڕۆشت، ڕیشۆڵەو عەیانە مەل دەهاتن بۆ توو خواردن، پەلوپۆی دارەکان ڕەشی دەکردەوە لە تاو باڵندە، جریوەی مەلو خوێندنی کەنەسمەو بولبولی ڕەنگاوڕەنگ ئاوزێکی خۆشی بە گوێی ڕێبوارانداا دەدا. ئاوی کانیو سەرچاوەکان پلەیەکی جێگیری هەیە، ئەوە گۆڕانی وەرزەکانە وا لە ئاوەکە دەکات بە زستان گەرمو بە هاوین سارد بێت. کاتێ وەرزی زستان دێتو پلەی گەرما دەبێت بە سفر ئاوی کانی لە پلەی پازدە دایەو هەڵم دەکاتو گەرمترە لەچاو ئاوی دەرەوە، وە کاتێ لە هاوینیش پلەی گەرما دەبێت بە سی پلە ئاوی کانی هەمان پازدە پلەکەی جارانەو زۆر فێنك ترە لە چاو ئاوی دەرەوە. هەربۆیە لە وەرزی هاویندا جوتیارەکان ڕوویان لەکانیو کارێزەکان دەکرد بۆ خواردنەوەی ئاوو پڕ کردنی دەفرو کوندەکانیان.

هەڵەبجە وەکوو هەموو ڕۆژانێکی ئاسایی لە کەشێکی ئارامو بێ دەنگدا بوو، ناو بازاڕ جمەی دەهات لە خەڵك، بۆنی گۆشتی برژاوو کەباب لە دوکانەکەی عەلی تەبەوە سە رتاپای شەقامی گشتی ناوبازاڕی گرتبوو، دووکەڵی وەجاخەکان دەیدا بەسەرو چاوی ڕێبواراندا. حاجی شەخەڵە لە دوکانە قەرەباڵغەکەیدا بەکەوچەکە دارەکەی باقی ژنانی دەدایەوە، میرزا تایەر لە قەیسەری




حامی بەگ بەمەترە ئاسنەکەی گەزی قوماشی دەکردو دواتر بە مقەستەکەی بەرپشتوێنی سێ مەترو چارەکی لێ دەکردەوەو دەیدا بە کڕیارێکی ناسراوی خۆی. سەید جەمیل خەریکی دەرزی لێدان بوو، حاجی عەلادین سینییەك توتنو گورزەیەك جگەرەی بەتاڵی زەلی لەبەردەستدا بوو، خەریکی تێکردنی بوو، بەهەردوو دەستی بەستەیەکی گەورەی هەڵدەگرتو دەیدا لە ناوەڕاستی سینییەکە، ئەمەی چەند جارێك دووبارە دەکردەوە بۆ ئەوەی توتنەکە بنیشێتو جگەرەکان بەتەواوی پڕ بن.

شاڵستۆنێکی سپی لە پێدابوو، لە فەرمانگەکەی خۆی هاتەوە دەرەوەو بەرەو ماڵەوە ڕۆشتەوە، لە هەیوانەکەدا پاڵی دا بە پشتییەکەوە، ماندوو شەکەت دیار بوو، نانی نیوەڕۆیان لە سینییەکدا بۆ هێناو خستیانە بەردەستی، دڵی لای شتێك بوو، فاتمەی خێزانی دەموچاوی دەخوێندەوە کە خولیایەك لە مێشکیدایەو خەیاڵی ڕۆشتووە. مەحمود کەشکۆڵ لە بیری ئەوەدابوو کە کە هەردوو هاوڕێکەی بانگهێشت

بکاتو شەو پێکەوە بڕۆن چەکەکان دەربێنن‌و ڕوو بکەنە ئەو جێگایەی کەلەگەڵ هەڤاڵەکانی تریاندا دیارییان کردووە. زۆر بە ئیشتیهاوە نانەکەی نەخواردو سینییەکەی دایە دواوە.

فاتمە خان وتی: چییە پیاوەکە خەیاڵت ڕۆشتووەو نانەکەشت تەواو نەکرد، هیچ نەبووە؟

مەحمود کەشکۆڵ دەستێکی هێنا بە سمێلە سورەکانیداو کەمێ بزەی خستە سەر لێو، وتی: فاتمە گیان هیچ نییە نەوەڵا، زۆر برسیم نەبوو، تێربووم، ئەوە نازانیت شەریف لە کوێیە؟

شەریفت بۆ چییە؟

دەمەوێت بینێرم بە شوێن تۆفیق ڕەحیم دا بۆ ئەم ئێوارەیە لێرە بێت، کاك عەلی شیعەش ئەم ئێوارەیە لەماڵی خۆمان ئەبێ.

ئەم میوانداریییە خێرە، پیاوەکە بەبۆنەی چییەوەیە؟

ژنەکە من هیچم لە تۆ نەشاردووەتەوە، ئەمشەو دنیا تاریکی کرد، دەمانەوێت بڕۆین بۆ نزیکی گوندی تەپی سەفا، ئەگەر برادەران خۆیان ئامادە کردبێت ئەوا بەیەکجاری دەچینە شاخ‌و چەك هەڵدەگرین، بڕوا ناکەم بێینەوە.

فاتمە خان ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد، خەریك بوو ئەو سینییە چایەی لەدەست بکەوێتە خوارەوە کە بۆ مێردەکەی تێکردبوو، چاکەی داناو وتی: هەیڕۆ پیاوەکە، چەك هەڵگرتنی چی؟ ئەی دایرەکەت چی بەسەردێ؟

کردوومە بە مۆڵەتی فەرمی، ئەمڕۆ مۆڵەتی مانگێکم وەرگرتووە، ئەگەر ئیشەکەمان سەری گرت، ئەوا دایرەو مایرە بۆ خۆیان، ئەگەر لەم مانگەشدا بۆمان نەکرا، ئەوا دەچمەوە سەر کاری خۆم.

ئەی من لە دووری تۆ چی بکەم؟

إن شاء الله دوور نابین لە یەکەوەو یەکتریش دەبینین‌و بە نهێنی سەردانی ماڵەوە دەکەم، هەر زۆرمان بۆ هاتو جێگەو ڕێگەمان لەبار بوو ئەوا ژن‌و ماڵیشمان دەبەینە ئەو گوندە دوورە دەستانەو چاومان لەیەك دەبێت.

فاتمە خان بەم قسانە دڵی دانەمرکایەوەو چرچ‌و لۆچ کەوتە نێو چاوانی، لەو کاتەدا شەریف خۆی کرد بە ماڵدا.

کەشکۆڵ جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی هێناو نای بە لای دەمییەوە، ڕووی کردە شەریف‌و وتی: شەریف گیان، هەر ئێستا بڕۆ بۆ لای کاك تۆفیق ڕەحیم‌و پێی بڵێ با خوا حافیزی لە ماڵ بکات‌و بۆ نانی ئێوارە لەماڵی خۆمان بێت، چەند شەوێ دەچینە ئەو شاخە بۆ ڕاوو شکار.

شەریفی لاو تەمەنی لە نزیکی پازدە ساڵاندا بوو، برازای کەشکۆڵ بوو، کوڕێکی وریاو زیتەڵ بوو، هۆگرییەکی زۆری بە مامیەوە هەبوو، لێی جیانەدەبویەوە، چووە بەر ئاوێنەکەو قژی شانەکرد وتی: بەسەر چاو مامە گیان ئێستا دەچم.

کاتێ شەریف لەماڵ چووە دەر، مەحمود سەری کردە سەر سەرینە خڕەکەی کە لە پەڕی مریشكو پەلەوەری تر دروست کرابوو، خاولییەکی دا بەسەروچاویدا، بۆ ئەوەی سەرخەوێ بشکێنێ.

پێش ئەوەی چاوی بچێتە خەو، خەیاڵو ختورەی زۆر هات بە دڵیدا، هەر خەریکی دواندنی خۆی بوو، لەدڵی خۆیدا وتی: بەخوا باش بوو دایکم لە ماڵەوە نییەو ڕۆشتووە بۆ سلێمانی، ئەگینا لەماڵ دەرچوونم زۆر ئەستەم ئەبوو، دەیکرت بە گریانو بەزمێك گەڕەکی دەهێنایە سەرم، ئیدی سۆزی دایکایەتی ئاوایە، بێ بەرامبەرو بێ کرێیە، داوای حەق دەست ناکات، فیداکاری دەنوێنێت تا ڕادەی خۆبەختکردن. دایك وا نازانێت منداڵەکەی گەورە بووەو چیتر دەتوانێت بڕیاری چارەنوس ساز بدات، ئەو هەر بەوکاتانەی دەزانێت، کە سەری دەخستە باوەشیو تێر بە ئارەزووی بۆنی قژی دەکرد، تەمەن کەیفی خۆیەتی تێپەڕیوە، ئەو هێشتا منداڵەکەی جارانە.

ئەگەر دووریو هەڵبڕان لەخۆشەویستان نەبوایە، مرۆڤ دوو ئەوەندەی ئێستا تەمەنی دەکرد، بەتایبەت دوورکەوتنەوە لەدایك، چی لەوە خۆشترە سەر دەکەیت بە بنباڵیداو بۆنی مێخەكو سمڵو عەترو ڕەیحانەی سوخمەکەی دەکەیت، چی لەو دەستە زبرانەی خۆشترە کە سەرتی پێ دەخورێنێت؟

کاتێ خەبەری بوویەوە خۆر لە ناوڕاستی ئاسمان لایدابوو، نزیکی بانگی عەسر بووبوویەوە، پشوویەکی باشی دابوو، ئەگەر شەو چەندین فرسەخ ڕێگا ببڕێت، توانای هەیەوو خەو چۆکی پێ دانادات.

تا ئەم لە خەو هەستابوو، فاتمەخان یاپراخی خۆی پێچابوویەوەو خستبوویە سەر ئاگر. تەقە درا لە دەرگای حەوشە، کەشکۆڵ خێرا خۆی کۆکردەوەو ڕووەو دەرگای حەوشە ڕۆشت، فەرمووی کرد لە میوان، پیاوێکی لەشو لار قایمو قۆڵ بە سمێڵێکی ڕەشەوە دەستێك جلی خاکی لەبەردابوو، خۆی کرد بە ژووردا، کەشکۆڵ زۆر بە گەرمی بەخێری هێناو هاتنە هەیوانەکە دانیشتن.

فاتمە خان لە چێشتخانەکەوە هاتە دەرەوەو لەچکەکەی لەسەری قایم کردو بە ماریفەتەوە بەخێرهاتنی میوانەکەی کرد.

عەلی شیعە هاوڕێی نزیکی مەحمود کەشکۆڵ بوو، ساڵانێکە هاوڕێی نزیکی یەکنو هامۆشۆی یەکتری دەکەن، هەر دوێنێ بوو ئەوان پێکەوە لە ناو شۆڕشی ئەیلولدا هاوڕێو هاوسەنگەر بوونو دوای هەرەسیش چەکیان ڕادەستی ڕژێم نەکردووەتەوەو خۆیان بۆ ماوەیەك لە سنوری گوندەکانی تەپی سەفاو شەکرالیو کولکنی خۆیان کردبوو بە میراوی جۆگەی تەوێڵەجۆو سەرپەرشتی دابەشکردنی ئاوی زەوییەکانی ئەو گوندانەیان دەکرد.

تا ئەمان سەرو چایان خواردەوە، تۆفیق ڕەحیمیش خۆی کرد بە ماڵدا، یاپراخیش بۆنو بەرامەی تا حەوت ماڵی دەستە ڕاستو چەپی گەڕەگ ڕۆشتووە، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن پێش ئەوەی دنیا تاریك دابێت فاتمە یاپراخیان بۆ تێ بکاتو ئەوانیش تەپ بدەنە سەر سینیو بیخۆن. نانێکی ناسکی هەروامیو سوزگییەك تەڕە پیازیش لەگەڵ کاسەیەك دۆی پڕ لە شویت دانرابوو، کەسێك گایەکیشی قوت دابێ ئیشتیهای بەو خواردنانە دەکرایەوە.

نان خوراو چایان بەسەردا کرد، فاتمەخان موچەیەك نانی باشی کردە تۆشەبەرەیەكو جوان گرێی داو لە تەنیشت مەحمودی مێردی دانیا، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیان بیبەن.

شەریف هەر ملەقوتەی بوو، دەرگای حەوشەی لادەداو چادێری گەڕەکی دەکرد، بۆ ئەوەی بزانێت خەڵکی لەنوێژ هاتوونەتەوەو کۆڵانەکە چۆڵ بووە، بە ڕاکردن هاتەوە وتی: مامە کەس لە کۆڵان نییە.

زۆر باشە شەریف گیان ئەو گلۆپانەش بکوژێنەرەوە، تا ئێمە دوور دەکەوینەوە، دواتر هەڵیان بکەرەوە، کەشکۆڵ ئەوەی وتو خواحافیزی لە خێزانی کرد. فاتمە خان خۆی بۆ نەگیراو دەستی کرد بە گریان، بەلەچکەکەی فرمێسکەکانی سڕیو بەدەم بەرهەنیسکەوە خواحافیزی لە دوو میوانەکەش کردو جامێ ئاوی ڕژاند بە شوێنیاندا، پاشان وتی:

خوا ئاگادارتان بێت، چاوی دوژمن لە ئاستاندا کوێر بێت.

چونکە ماڵیان لە قەراغی شاردا بوو، لە ماوەی دە خولەکدا ئەو مەودایەیان بڕی کە تەقەی کلاشنکۆف نەیانگاتێ، لەدەشتەوە بە قەراغ جۆگەو ئەو زەوییانەدا ڕۆشتن کە بە کشتوکاڵی هاوینە داچێنرابوون، ڕووەو گوندی عەنەبو دواتر بەرەو شارەزوور بوونەوە، چەند چرایەك بە کزی دەگڕانو لە دوورەوە دیار بوو کە ئەوە گوندی عەنەبە. چەکەکانیان لە ناو خەرمانێك لە نزیکی ئەو گوندە شاردبوویەوە.

فەرەج عارف مێردی خوشکی مەحمود کەشکۆڵ ئاگاداری جێگای تفەنگەکان بوو، ئەویش بەو شەوە هاتبوو بۆ لای خەرمانەکەو لە چاوەڕوانی هاتنی ئەوان دا بوو، هەر کە بە ماندوویيو عەرەقێکی زۆرەوەو بە هەناسە بڕکە گەیشتنە بەرەوە، بە قرخەو کۆکەیەك لەیەکتر ئاشکرا بوونو هاتن بۆ نزیکی خەرمانەکە.

کابرا چەند باوەشو ملۆ گزرەی لادا هەتاوەکوو چەکەکان دەرکەوتن، مەحمود کەشکۆڵ لە خۆشیدا خۆیدا بە سەریانداو فرمێسکی شادی ڕشت.

ئۆخەی شوکر ماون، کەس پێی نەزانیون، سوپاس بۆ تۆ خوایە، کەشکۆڵ ئەمەی وتو دەستی بە تفەنگەکاندا دەهێنا کە زاواکەی یەکە یەکە دەری دەهێنان.

باشت قایم کردوون، وەڵا ئافەرین دەست خۆش، عەلی شیعە ئەمەی وت.

بەخوا باشە، سێ برنەو لەگەڵ دوو کلاشینکۆف، چەکی دوو کەسی تریشمان دابین کردووە، تۆفیق ڕەحیم لەکاتی هەڵگرتنی یەکێ لە چەکەکاندا ئەمەی وت.

کابرا دوو سێ تاقمو تورەکەیەك فیشەك مابوون، ئەوانیشی دەرهێناو سێ کەسی سڤیلی کرد پێ کرد بە سێ پێشمەرگەی پارتیزانی پۆشتەوپەرداخ بە چەكو ئەسلاحە.

ناوی خوایان لێهێناو خەرمانە گزرەی نزیك بە گوندی عەنەبیان بەجێ هێشتو خواحافیزییان لە کاك فەرەج کردو هاتنە خوارەوە بەرەو شارەزوور تا گەیشتنە گوندی شەشکی خواروو، پاشان گەیشتنە گوندی تەپی سەفای سەروو. سەگەکان بۆنی تفەنگو باروت کەوتە بەرلوتیان ڕووەو ئەوان دەستیان کرد بە وەڕین، ناچار لەکەناری ئاوایییەوەو بە ناو جۆگەی کانی پاڵەواندا هاتن بۆ بەری ئاوایی تەپی سەفای خوارروو، دواتر بەرەو باخە چنارەکەی سەر جۆگەی بوزانە ڕۆشتن، بە نهێنی (بەرد) لەگەڵ هاوڕێکانیاندا لەیەك ئاشکرابوون، پاش تەوقەو ماچ ماچێنو ڕاموسینی یەکتر لەناو باخەکەدا دانیشتن. تەماشایەکی یەکتریان کرد، هەموویان شەش کەس بوون.

ئەی کوا کێ نەهاتووە؟ کەشکۆڵ ئەم پرسیارەی کرد.

پەلەی ئەوت نەبێ، ئەویش دێت، تەنها حەمە سەعید نەهاتووە، لەوانەیە بەرێگاوە بێت بۆ ئێرە، محەمەدی حاجی مەحمود ئەم قسەیەکی کرد.

وەڵا درەنگە ڕێگای ئێمە دوورتر بوو، ئەو بۆچی تا ئێستا نەهاتووە، دیارە گرفتێك هەیە، ئەو ماوەیەکە خراوەتە ژێر چاودێری، لەوانەیە دەستگیریان کردبێت، عەلی شیعە وای وت.

خەمتان نەبێ هیچ ڕووی نەداوەو ئەویش دێت، شەوکەتی حاجی مشیر لەکاتی توند کردنەوە جامانەکەیدا وای وت.

قسەو باس زۆر ئاڵوگۆڕکراو نەخشەرێگا گەڵاڵە کرا، حەمە سەعید هەر دیار نەبوو، هەموو بێ تاقەتی نەهاتنی ئەو بوون، زۆر چاوەڕێ بوون ئەو هەر نەهات.

مەحمود کەشکۆڵ: کاك حامی، ئێمە ئەمشەو لەناو تەپی سەفا خۆمان دەشارینەوە تا سبەی شەو، دەبێ تۆ بەیانی بچیت لە خورماڵ سۆراغی حەمە سەعید بکەیتو لەگەڵ خۆت بیهێنیت بۆ ئێرە.

زۆر باشە ئێوە جوان خۆتان بشارنەوە با کەس هەستتان پێ نەکات، من بەیانی حەمە سەعیدتان بۆ دەدۆزمەوە، حامی حاجی خالید وای وت.

کاتی بانگی بەیانی بوو، پێش ئەوەی دنیا ڕووناك بێتەوە، لەوێ لە ژێر خەرمانێك گزرەدا دیسان چەکەکانیان شاردەوە، کە بەسێ چەکەکەی ئەمانیشەوە بوو بە هەشت چەك، ئەم سێ کەسەی لە هەڵەبجەوە هاتن بە دزییەو خۆیان خزاندە ناو گەوڕێکی ماڵی مامە عوسمان لە تەپی سەفاو حامی حاجی خالید بەرەو

خورماڵ کەوتەڕێو هەریەکە لە محەمەدی حاجی مەحمودو شەوکەتی حاجی مشیر بەرەو ماڵو جێگای خۆیان ڕۆشتنەوە.

گەورەکە فێنكو شێدار بوو، بەهاویندا پاكو تەمیز بوو، چونکە زۆربەی کات وڵاخەکان لە دەرەوە دەبەسترانەوەو جلّەو دەکران، هەریەکەیان لەسەر بارستایی کە بەدرێژی بۆ کاپێدانی وڵاخەکان دروست کرابوون، خەویان لیّ کەوت، تا نیوەڕۆ کەس نەبوو بە خەبەریان بهێنیتەوە، برسێتیو تینوێتی زۆری بۆ هێنانو بەئاگای هێنانەوە، لەجێگای خۆیان هەستانو دەستیان کرد بە خۆ هەڵکڕاندن، کێچێکی زۆر چووبووە لاشەیان. تا ماوەیەکی تر ئۆقرەیان گرت، دواتر پەتی ئارامییان بچڕا، وتیان بە عەلی شیعە تۆ بە دزییەوە بڕۆ کەمیّ ئاومان بۆ بێنە.

کاتیّ عەلی شیعە دەرگای گەوڕ لادەدا دایە ڕەعنا[1] خێزانی باوە عوسمان لەو ناوەدا سەرقاڵی بەستنەوەی گوێرەکەیەکە، عەلی دەبینێت، ئەلێت: کابرا تۆ کێیت؟ ئەوە چی ئەکەیت لەو گەوڕا؟

پورە ڕەعنا منم عەلی، عەلی شیعە.

عەلی گیان تۆیت، خێرە چی ئەکەیت لەویا؟

چیم ئەکەم! بۆ قوڕبەسەری هاتوینەتە ناو ئەم گەورە، کێچ خواردینی، حامی خوشکەزات چووە بۆ خورماڵو ئێمەی لێردا بەجیّ هێشتووە، مەحمود کەشکۆڵو تۆفیق ڕەحیمیش لەوێن.

تۆفیق ڕەحیمو مەحمود کەشکۆڵ گوێیان لەم قسانەی دایە ڕەعناو عەلی شیعە دەبیّ، دێنە دەرەوە.

دایە ڕەعنا بە دەستێکی دەکێشێت بە سنگیداو ئەڵیّ: میمکتان بمریّ مەحمود گیان، ئیمڕۆ تا ئێوارە لەو گەورەدا بوون، ئای هەناسە سارد خۆم.

خوانەکا میمکە گیان، ئێمە فیرارین لە حکومەتو لە سەربازی هەڵهاتوین، وتمان با کەس پێمان نەزانێت، بۆیە ئەم گەوڕانەمان پیّ باش بوو.

بڕۆن، بڕۆنە سەرۆ بۆ ماڵۆ، با نانتان بۆ ئامادە بکەن، خەریکە ئەمرن لە برسیا، دایە ڕەعنا وای وت.

---

١ دایە ڕەعنا کچی محەحەد حەسەن یارەیس بووە لە هۆزی یارەیس، واتە خوشکی حاجی خالید بووە لە بەشارەت، ژنی دووەمی باوە عوسمان بووە، لە دوای مردنی ژنی یەکەمی باوە عوسمان کە خۆشکی دایە ڕەعنا بووە، شوی پیّ کردووە، واتە باوە عوسمان لە لای حاجی خالید بووە بە عوسمان (ذوالنورین) دوو خوشکی یەك لە دوای یەك مارە کردووە. دایە ڕەعنا ژنێکی زۆر ئازاو گورجو گۆڵو بەدەستو برد بووە، دیوەخانی باوە عوسمان ڕۆژانە جمەی هاتووە لە میوانو ڕێبوار، هەموو ئەو بە ڕێی کردوونو ناوچاوی لەکەس گرژ نەکردووە، لەماڵی ئەماندا لە ساڵی ١٩٦١ مام جەلال لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتو تیرەکانی ناوچەی شارەزوورو هەڵەبجەو هەوراماندا کۆبووەتەوەو میوانداریيەکی شایستە کراون. سندوقەکەی دایە ڕەعنا هەمیشە پڕ بووە لە گوێژو مێوژو بادەمو خورما، لە ساڵی ١٩٨٢ بە نەخۆشی لە خەستەخانەی سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی سەیدسادق بە خاکیان سپاردووە.

برنجی کوردی بەسەر ئاگرەوە بوو، خێرا کەڵەشێرێکی کوردیشی ئاوەڕوت کردو خستیە نا مەنجەڵێکەوەو ئەویشی لە کوانووەکە خستە سەر ئاگر، پڕی کاشییەکی گەورە دۆی تازەی خستە بەردەم میوانەکانو وتی: ڕۆڵەکان ئەزانم برسیتانە، کەمێ دان بە خۆتاندا بگرن ئێستا نان پێ دەگات.

میمکە گیان بوینە زەحمەت بۆ تۆ، مەحمود کەشکۆڵ وای وت.

نارۆڵە ئێوە فەرقتان چییە لەگەڵ مارفو تاریق دا، ئێستا ئەوانیش لە دەشت دێنەوە.

دوای ئەوەی نانیان خوارد، دنیا تاریك بوو خواحافیزییان لە ماڵی باوە عوسمان کردو بەرەو هەمان جێگای شەوی پێشوو ڕۆشتنەوە. چەکەکانیان لە خەرمان دەرهێنایەوەو دەستیان کرد بە چەورکردنو پاککردنەوەی. پاش کەمێ هاوڕێکانیان گەیشتنەوە شوێنی مەبەست، ئەمجارەیان حەمە سەعید یان لەگەڵدابوو. دوای ئەوەی حەوت کەسە ڕەنگو ڕوخسار جیاوازەکە، کە هەریەکەیان خاوەن بیرکردنەوەو بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆیان بوون، پەیمانی شەرەفیان بۆیەکتر نوێ کردەوە کە بین بە پێشمەرگە بەئامانجی ئەوەی کە گەلی کورد لەم پارچەیەکی کوردستان بگەیەنن بە مافە ڕەواکانی خۆیان. بەڵی دواتر ناوی نهێنی دانرا بۆ هەریەکێکیان وکەوتنە قسەی خۆشو پێکەنینو گفتوگۆی برایانە.

محەمەدی حاجی مەحمود بوو بە عەزیز، شەوکەتی حاجی مشیر بوو بە مەلا نوری، حامی حاجی خالید بوو بە دلێرو مەحمود کەشکۆڵ بە شێخ عەلیو حەسەعید بە دکتۆر ڕەزاو تۆفیق ڕەحیم بە حاکم کامەرانو عەلی شیعەش بە ناوی خۆی مایەوە.

دوای ئەوەی لەیەکتر دڵنیا بوونەوە کە هەمویان ئامادەن تاوەکوو مردن چەکی پێشمەرگایەتی بکەنە شانو خیانەت لەم خاكو نەتەوەیە نەکەن، هەستانو ئەو جێگەیان بەرەو پردی زەڵم بەجێ هێشت. دواتر چوونە گوندی گوڵەخانەو نانو تفاقیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتو ڕۆشتن بۆ شاخی سورێن، لەجێگایەك دانیشتن پێی دەوترێت (سیانی)، کە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی میری سورو عامورەو بانی شار.

ئەوەندە ڕێگایان بڕیبوو، قاچیان لەناو پێڵاوەکان بوو بوو بە بلۆقە. بەتایبەت قاچی حامی حاجی خالید زۆر پەرێشان بوو، ئەو هەمیشە لە قسەی خۆشو سوحبەت نەدەکەوت، تەماشای بلۆقەکانی قاچی دەکردو دەیوت: ئەو کاتانەی منداڵ بوومو لەلای دایکم دادەنیشتم کاتێ نانی هەورامی دەکرد، نانەکەی دەدا بەسەر ساجەکەدا لەم بلۆقانەی دەکرد، منیش بە چیلکەیەك دەمتەقاندن، ئەوە بۆچی قاچی خۆشم وا نەتەقێنم؟ هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین. دکتۆر ڕەزا دەستی برد لە جانتاکەیدا مەڵهەمێكو شاشێکی دەرهێنا، وتی ئەمەی لێ بدەو بە شاشەکە بیپێچە باش دەبێت. پاش ئەوەی نانیان خواردو پشویاندا سەرکەوتن بەرەو سەرەوەی چیاکە بۆ لای کانیو ئاوێك بە ناوی کانی هەرمێڵە.

بەڵی لەکانی هەرمێلەوەو بە حەوت چەکدارەوە، بەردی بناغەی شۆڕشێکی گەورەی وا دانرا، کە دواتر لەرزەی بە پایەکانی حوکمی بەعسی عەرەبی هێنا وترسی خستە ناو دڵی سەرکردایەتی ئەو حزبەو ناچاری

ئەوەی کرد پەنا بۆ گازی کیمیاییو ئەنفال کردنی خەڵکی کوردستان بەرێت، تاوەکوو شۆڕش سەرکوت بکات. بەڵام شۆڕش تا ڕادەیەکی زۆر باش ئامانجەکانی خۆی پێکاو لەگەڵ هەموو شۆڕشەکانی تری ڕزگاریخوازی کوردستاندا قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆی کوردییان لە باشوری کوردستان بەئاکام گەیاند.

بەمجۆرە لە ١٩٧٦/٦/٣٠ یەکەم مەفەرەزە چەکدارەکەی یەکێتی ڕۆشتنە دەرەکۆرە، کە نەیاندەویست خۆیان ئاشکرا بکەنو خەڵك پێیان بزانێت، تا ئەوەی دەستیان بە چەكو تەقەمەنی دەگاتو بۆئەوەش خەڵکی تر پەیوەندییان پێوە بکاتو ژمارەیان زۆرتر بێت. وە لە ١٩٧٦/٧/١٥ ئیبراهیم عەزۆ فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی لە بادینان خۆیو مەفرەزەکەی لە گوندی نێروە دەستگیر دەکرێتو تەسلیم بە قیادەی موەقەتەیان دەکەن، پاش ماوەیەك هەموویان دەکوژن[1].

١٩٧٦/٧/١٨ یەکەم مەفرەزە چەکدارەکەی یەکێتی لە گوندی ڕیشێنی بناری سورێن خۆیان ئاشکرا کردو شێخ عەلی کەشکۆڵ وەکوو ڕابەر سیاسی ئەو مەفرەزەیە کەوتە لێدوان بۆ خەڵکی گوندەکە، کەوا شۆڕشیان دەست پێکردووەتەوە[2].

١٩٧٦/٧/٢٧ یەکەم تەقەی شۆڕشی نوێ لە تەپەڕێزینە کرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## دیواری ترس ڕوخاو تەلیسمی بەعس شکا

شێخ عەلی کەشکۆڵ بەم شێوەیە باس لە یەکەم چالاکییان دەکات: شەوی ١٩٧٦/٧/٢٧ کۆبونەوەمان لەگوندی تەپە ڕێزینە کرد، لەلای پردەکەی زەڵم دوای کۆبونەوە، نزیك بوینەوە لەسەر جادەی قیر، چونکە دوکانێکی بچوکی لێ بوو برادەران ئەیان ویست پاکەت بکڕن، لەلای هەڵەبجەوە ئۆتۆمبێلێك هات ئێمە خۆمان خستە تاریکی تانزیك بوەوە، سەیرمان کرد موسەلەحەیەو پۆلیسی تیایە، بە پەلە تفەنگەکانمان ڕاکێشا، لەو کاتەشدا ئەو هێواشی کردەوە بە نەشارەزایی دامان گرتەوە، شۆفێرەکەی زۆر ئازاو شارەزابوو، توانی دەری کات، بێ ئەوەی کەسیان بێنە دەست. لە پاشان بیستمان ٣ پۆلیسی تیا کوژرابوو. بەڵام سەیر ئەوە بوو فیشەکی بڕنەوەکان نەئەتەقین، چونکە لە ژێر خۆڵدا باروتەکانیان تەڕەشوعی کردبوو. گۆمەکە شڵەقا، بوو بە هەراو دەنگو باس (شۆڕش هەڵگیرساوەتەوە پێشمەرگە پەیدا بوەوە) حکومەتی بەعس بڵاوی کردەوە ئەوانە قاچاخچین بۆیە لە موسەلەحەی گومرگیان داوە، قسەکەیش ڕێی تێ ئەچوو، وە هەندێ کەس بڕوای ئەکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

٢ محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی یەکەم، ل٣٢.

## شاییان لیّ کردن بە شیوەن و گریان

١٩٧٦/٧/٢٨ نایلۆنی سەوزو سورو ڕەنگاو ڕەنگ بەقەدی دارەکانەوە بەسترابوو، چەند ئالآیەکی عێراقیش بەپەت لە نێوانی درەختەکاندا بەسترابوونەوە. شۆڤرلێتێك لە خورماڵەوە هاتبوو، بە پڕتاو خۆی کرد بە سەیرانگاکەدا. چەند ئەمن و ڕەفیق حزبی لیّ دابەزی. لەلایەن چەند چەکدارێکەوە پێشوازی کران. ڕێك و ڕاست چوون لەسەر ئەو مێزانە دانیشتن کە سەرەکەی پڕ کرابوو لە شەراب و بیرە و میوەی جۆراو جۆر. دواتر جێبێکی کورتی چادری شین وەستاو گۆرانی بێژێك لە پێشەوە دابەزی و لە دواوەش دەهۆڵ بەدەستێك و زوڕناژەنێك، خۆیان هەڵدایە خوارەوەو بەرەو ژێر سێبەری دارەکان بەڕێکەوتن. چەندین ئۆتۆمبێلی جێب و دۆج و بیجۆ و مارسیدس لەو ناوەدا وەستێنرابوون. ژێر دارەکانی ئەحمەدئاواو بەرەو سەرتریش بۆ گوندی زەڵم، پڕ بوون لەو خەڵکانەی بۆ کات بەسەربردن و لەزەت بردن لەشارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە هاتبوون. ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، دەرزیت هەڵدایە نەدەکەوتە سەرزەوی. ئەحمەد ئاوا دەکەوێتە دامێنی شاخی هەورامانەوەو بە یەکێك لە هاوینە هەوارەکانی عێراق دەژمێررێت. لە هاویندا خەڵکی لەهەموو شارەکانی عێراقەوە ڕوویان لەو شوێنە دەکرد و لە دیمەنە جوانەکانی سروشتەکەی و هەوا پاکەکەی کەڵکیان وەردەگرت. لەسەروی ئەحمەد ئاواشەوە گوندی زەڵم هەبوو، کە دڵگیرترین گوندە لەو ناوچەیەداو ئەو تاڤگەیەش لە چیاکەوە دەڕژێتە خوارەوە بەناوی ئەو گوندەوە ناونراوە. ئاهەنگ دەستی پێکرد، کابرای دەهۆڵ کوت، دارەکانی ئەوەندە بە توندی لە دەهۆڵەکە دەدا، ئەگەر شەماڵیش نەبوایە ئەو بەس بوو بۆ لەرینەوەی گەڵای دارەکان. زوڕناژەن کابرایەکی بە تەنگە زل بوو، پڕی گوپەکانی کردبوو لە هەواو زوڕنای دەژەنی. گۆرانی بێژ ڕیزی هەڵپەڕکێکەی وا گەرم و گوڕ کردبوو، قاچیان بەرزدەکردەوەو دەیاندا بەزەوی دا، تۆز لەژێر پێیان هەڵدەستا. چەند پیاوێك بەجلی شاڵەوەو هەندێکی تر بە پانتۆڵەوە، ژنە کوردەکان بە جلی کوردی ڕەنگاو ڕەنگەوەو ژنانی عەرەبیش بە عەزی و تەنورەوە، دەهاتن و دەچوون و جار دەستیان دەگرت و سوڕێك هەڵدەپەڕین و ماندوو دەبون و دەستیان بەردەدا. مانگی تەموز بوو، هەموو شەلاڵی عارەق بوو بوون. ڕەفیق حزبیەکان و ئەمنەکان سەرگەرمی مەی خواردنەوە بوون. چەند کەسێکیتر لەوناوەدا دەهاتن و دەچوون، خەریکی خزمەت کردنی ئەوان بوون.

حزبی بەعس هەموو ساڵێك لە ١٧ و ٣٠ی تەموزدا بە بۆنەی سەرکەوتنیان بەسەر نەیارەکانیاندا ئاهەنگیان لە هەموو شوێنێکی عێراقدا دەگێڕاو بەدەستکەوتی مەزنیان دادەنا. دەنگی دەسترێژێکی گوللە هات، ئەمنەکان لەسەر زەوییەکە خۆیان تەخت کرد. بوو بە قیژەو دەنگ و زایەڵەی ژن و منداڵ. تەقەکان زیاتر بوون. ویزەی گوللە بەوناوەدا دەهات. ئۆتۆمبێلەکان کەوتنە جموجوڵ، ئەمنەکان و پیاوەکانی ڕژێم خۆیان هەڵدایە ناو ئۆتۆمبێلەکانیان و لە ئاپۆرای ئاهەنگەکە دوور کەوتنەوەو ڕویان لە ئەحمەد ئاواکرد. ئەو چەکدارانەی لەویّ بوون هەموو سەنگەریان گرتبوو، تەقەیان بەرەو شوێنی دەنگی

تفەنگەکانی بەرامبەر دەکرد. بروسکە کرا سریەیەك سەرباز گەشتنە شوێنی ڕوداوەکەو لەپەنای درەختەکان سەنگەریان گرتو تەقەیان بەرەو ژوور دەکرد. نیو کاتژمێری مابوو خۆر ئاوا ببێت، دەنگی تەقە کز بوو. سەیرانگا جگە لە خوڕەی ئاوی زەڵم سروەیەکی تری لێ نەدەبیسترا. ترسو دڵ ڕاوکێ باڵی بەسەر ئەو ناوچەیەدا کێشابوو. ئاپۆرای سەیرانکەران بەرەو خورماڵ بەربوونەوەو لەوێ خۆیان دەپشکنی، بزانن گوللەیەکیان بەر نەکەوتووە! خەڵکی خورماڵ دەهاتنو دەچوونو هەندێکیان زانیبویان پێشمەرگە دروستبووەتەوەو چوونەتەوە شاخ، کەیفیان لە بارودۆخەکە دەهات. هەندێ تریش لەوان پێیان ناخۆش بوو، دیسانەوە ناوچەکە بکەوێتەوە بەر هەڕەشەو مەترسییەکانی حزبی بەعس. دوای تەقەکان مەفرەزەکە بەسەلامەتی گەڕانەوە بۆ گوندی دەرەی مەڕو دواتر بە نهێنی هاتنەوە بۆ چەمو بێشەکانی شارەزوور.

١٩٧٦/٨/٨ پەیوەندی کردنی عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، سەعدی گچکە، مەلای حاجی ڕەسول، تایەر عەلی والی، قادر مستەفا، سەید کاکە، قادر عەزیز بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، ئەمانە بۆ ناوچە دوورەکانی عێراق دوورخرابونەوە، بەڵام توانییان خۆیان بگەیەننەوە کوردستان[١].

١٩٧٦/٨/١٤ مام جەلال نامەیەکی ئاراستەی عەلی عەبدوڵا کرد، بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانی نێوان یەکێتیو سەرکردایەتی کاتی پارتی بکەن، هەروەها نامەیەکی تریشی ئاراستەی مەسعود بارزانیو ئیدریس بارزانی کرد.

١٩٧٦/٨/١٥ گولەباران کردنی ١٨ پێشمەرگەی دەستەکەی ئیبراهیم عەزۆ، لەلایەن پارتییەوە.

١٩٧٦/٨/٢١ ڕژێمی بەعس بڕیاری دا گوندە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بە قوڵایی ٢٠کلم بهێنێتە خوارەوە بۆ نزیك شارەکان.

١٩٧٦/٨/٣٠ پاشماوەی مەفرەزەکانی بادینان بەفەرماندەیی جەباری مەلا غەنی لەسەر کانییەك لە ناوچەی سندی لەکاتی چا لێناندا لەلایەن تاقمێك چەکداری سەرکردایەتی کاتی پارتییەوە بەسەرکردایەتی محەمەد خالید تەقەیان لێ دەکرێت، جەبارو سێ هاوڕێی لەوێدا دەکوژرێن، ئەوڕەحمان حەسەن شەنگالیو سێ پێشمەرگە لەو ئابڵوقەیە دەرباز بوون، بەڵام کەوتنە داوی جاشی عێراقەوەو بەدیل گیران، دواتر لە شاری موسڵ لە سێدارە دران.

١٩٧٦/٩/١ باوکم (یونس محەمەد عەلی سان ئەحمەد ناسراو بە هاوار) لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا چەکی پێشمەرگایەتی کردە شانیو چووە دەرەوە.

---

١ ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی ٢٠٠٨، ل٥٩.

ماندوو شەکەت، دوو کاتژمێرە بە ڕێگاوەیە، لە کەنار دەریاچەکەدا لەسەر تەپۆڵکەیەك دانیشت. هێشتا لەشی گەرم بوو، تاقمەکەی لە خۆی کردەوەو ڕاکشا، دنیا کشو ماتو بێ دەنگ بوو. لە دوورەوە دەنگی باڵندەیەك دەهات، بەتەنها دەیخوێند، جار جاریش حەپە حەپی سەگەلی ئاوایی خولامی دەهاتە بەرگوێی، ئەویش کز دەبوو نەدەما. چەند ساتێك لە ئەستێرەکان ڕاما، تیرەستێرەیەك کشاو دواتر کوژایەوە. دەستی ڕاپسکاند، مێرولەیەکی ڕەش بە دەمە بچوکەکەی خۆی نوساندبوو بە باسکییەوە، بەدەستەکەی تری لێی کردەوە، نزیك بە شارە مێرولەیەك پاڵ کەوتبوو، هەستا شوێنەکەی گواستەوە. نەی دەتوانی سەرخەوێك بشکێنێت، هەر ئەوەندەی چاوی بچوایەتە خەو، تا ڕۆژ نەچوایەتە ناوەڕاستی ئاسمان خەبەری نەدەبویەوە. ئەستێرەکان بەرە بەرە کز دەبونو خەریك بوو ئاسۆ ڕوناك دەبویەوە، لەترسی ئەوەی نەبادا یەکێك بیبینێت، خۆی خزاندە ناو قامیشەڵانەکە، لەوێدا تۆقێك قەڕامو نەیجە پانتاییەکی نیو دۆنمییان داگیر کردبوو، مرە ڕەشەو مراویو چەند جۆر باڵندەی تر هێلانەیان تێدا کربوو. تەونی جاڵجاڵۆکە لەدەمو چاوی ئاڵاو دەستی برد لێی کردەوە، بۆرە مارێك لەپەنای قاچەکانیەوە دەرچوو. کزەبایەکی فێنك لە دەریاچەکەی بەرامبەریەوە دەهات، هەستی بە فێنکاییەکی دڵگیر دەکرد. لە مانگی پوشپەڕدا ڕووی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەکە بە ڕۆژدا گەرمو بە شەودا سارد بوو. چاوەڕوانی کەسێك بوو، بیگەیەنێت بە شوێنی مەبەست. دەبوایە حەمە ئەمین لە گوندی قارەمانییەوە بێتو بە بەلەمە تەختەکەی بیکاتە ئەوبەرەوە، بۆ گوندی تۆقوت. نابێت ڕۆژ بێتەوەو ئەم هێشتا لەم بەرەوە بێت، بەلەمەوانەکان دێنو کەناری دەریاچەکە قەرەباڵغ دەبێت. ئەگەر تا کاتژمێرێکی تر لەو ناوەدا بوایە، دەبوایە لە جێگای خۆی نەبزوێت، تا زەوی سوڕێکی تر دەخواتو شەو دادێت. گەرووەکە بۆ ئەوبەر زۆر نەبوو، ئەگەر سەوڵەکان باش لێ بدرانایە بە دەخولەك دەچونە ئەوبەرەوە. ئەو دوێنێ لە ناو بازاڕی دوجەیلە چاوی بە حەمە ئەمین کەوتو وردوکردی ئەوەیان کرد، کە سبەینێ مەلا بانگدان هەردوکیان لەو شوێنەدا بەیەك بگەن. کەچی هۆکاری دواکەوتنی ئەوی نەدەزانی. لەبیری ئەوەدابوو، کە ئەگەر حەمە ئەمین پەیدا نەبێت، پێش ئەوەی خۆر بەرز بێتەوە تاقمو تفەنگەکەی لەو شوێنەدا بشارێتەوەو بەرەو خوار بڕوات بۆ گوندی قارەمانی. هێشتا لەم خەیاڵانەدا بوو، دەنگی سەوڵی بەلەمێك هاتە گوێی کە دڕی بە ئاوەکە دەدا. هەستایە سەر پێ، بەپەلە تاقمەکەی بەستو کلاشنکۆفەکەی گرت بەدەستەوەو لە بێشەڵانەکە هاتە دەرەوە، بەرەو ڕووی دەریاچەکە ڕۆشت. لەبەر خۆیەوە وتی: هیچ لە چاوەڕوانی ناخۆش تر نییە، ئەگەر ئەم بەلەمە حەمە مینیش نەبێن، من هەر دەبێت بچمە ئەوبەر. ئەم قسەیەی کردو پەشیمان بویەوە: نا. نا. چۆن دەبێت لەگەڵ یەکێکیتر کە متمانەم پێی نییە، بەم چەكو تفاقەوە بچمە ئەو بەرەوە، کێ دەڵێت توشی کەسێکی ئەمین دەبم. تا بەو حاڵە حەمەمینم دەست کەوتووە، گیان گەشتە لوتم، ئێستا بەدەستی خۆم، خۆم بخەمە ناو داوەکەوە. شتی وا

نابێت، ئەگەر ئەم هەواڵە بگاتەوە بە دوجەیلە، بەیانی وەکوو شارە زەردەواڵە ئەو ناوە پڕ لە جاش‌و جەیش دەبێت.

دەنگێك هات: كاك یونس ... كاك یونس، تۆ لە كوێیت؟

دڵی خۆش بوو، بەرەو خوارتر هات: حەمەمین هاتی؟

حەمەمین: كاك یونس گیان هاتم برا، بێرە قەراغی ئاوەكە.

سواری بەلەمەكە بوو، خۆشحاڵی بەدەم‌و چاویەوە دیار بوو، هەر ئەوەندەی بچێتە ئەو بەر، ئەرخەیان دەبێت‌و لەم دڵە ڕاوكەیە ڕزگاری دەبێت. لەسەر پێشی بەلەمەكەوە بەرەو ڕووی حەمەمین دانیشتبوو، دەستی شۆڕ كردەوە بۆ ناو ئاوەكە، پڕی هەردوو مشتی ئاوی هەڵگرت‌و دەموچاوی پێ شت. دەستماڵێكی لە گیرفانی دەرهێناو ڕوخساری خۆی وشك كردەوە. حەمەمینیش سەوڵی لە ئاوەكە توند دەكردو بەلەمی بەرەو پێش تاو دەدا. حەمەمین كوڕی حاجی ساڵحی قارەمانی بوو. گەنجێكی باڵا بەرزی باریكی گەنم ڕەنگ بوو، سمێڵ‌و ڕیشێكی تەنكی هەبوو، تەمەنی نزیكی حەڤدە ساڵێك دەبوو، جێگای متمانەی پێشمەرگە بوو. هەربۆیە ئەویان بۆ دەستنیشان كردبوو تا لە ئاوەكە بیپەڕێنێتەوە.

تا چوونە كەناری ئەو بەر، ئاسۆ بەتەواوی ڕوناك بویەوە، بەڵام هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو. دەنگی زەنگۆڵەی ئاژەڵەكانی ماڵی ئەحمەدی حاجی ئەلی ئەو ناوەی گرتبوو. كاتی چوونە دەرەوەیان بوو بەرەو پاوانەكە. سەگەكان دەستیان كرد بە وەڕین، دیارە هەستیان بە بۆنی بێگانەیەك كردبوو لەو ناوەدا.

لە بەلەمەكە دابەزی‌و سوپاس‌و ماڵ ئاوایی لە حەمەمین كرد، بەرەو ژوور بەرەو ناو دێ بویەوە. گەماڵەكان بەرەو خوار بەرەو ڕووی هاتن، دەمانچەكەی لە قەدی كردەوەو فیشەكی بردە پێشەوە. ترسا تا دەنگی بە كاك ئەحمەد دەگات، گەماڵەكان هێرشی بۆ بێنن. تاوێك ڕاوەستا، حەپە حەپی ئەوان زیاتر بوو، پیاوێك لە ماڵەكان ڕای كردە خوارەوە، چغە چغەی لە سەگەكان كرد: كێی ڕێبوار؟

یونس: منم كاك ئەحمەد، یونسی لالە حەمەم.

كاك ئەحمەد: یونس گیان تۆی، یاخوا وەخێر بێت بانی ئەو چاوانمە، ئەوە خەیرە وەم بەیانی زووە، بزانم كێ هاوردیتی؟

یونس: با بگەینە ماڵ، هەموییت بۆ باس دەكەم.

كاك ئەحمەد: ئامین. میوانمان هات. بزانە كێ هات. یونسی لالەمە. منالەكان هەڵسێنە.

دادە ئامینە: یونس گیان، یاخوا وەخێربێیت بانی ئەو چاوانەم. ئەم تفەنگ‌و دەمانچە چییە پێت برا ڕۆ؟ ئەترسم بوی وە پێشمەرگە؟

یونس: ئامین گیان ئەوە سێ مانگە شۆڕش دروستبووە، حەوت كەسەكە خەریكن ئەبن بە حەفتا كەس، ئەی عەیب‌و شورەیی نییە، من پەیوەندییان پێوە نەكەم؟

داده ئامینە: برا گیان خوای گەورە بتپارێزێت، بەخوا خەمی منالەکانتمە، ئافتاو هێشتا گەنجە، بۆچی بەم گەنجیە بێوەژن بکەوێتو منالەکان هەتیوو ببێ.

یونس: ئامین گیان خوا کەریمە، ئەجەلی هەموو کەس دیاری کراوە، خەلك پێشمەرگەش نییە لە مالدا ئەتلێتەوەو ئەمرێت.

کاك ئەحمەد: رۆلە گیان من پیاوی مەردم خۆشگەرەکە، مادەم خۆت حەزت لە پێشمەرگایەتییە، من دەست ناهێنمە رێگات. من خۆم چەند سال پێشمەرگە بووم، بە حەزو ویستی خۆم بووم بە پێشمەرگە، ئەگەر مەلا مستەفا خۆی نەیوتایە چەك دانێن، هەتا ئێستاش پێشەرگە ئەبووم.

ئەحمەدی حاجی ئەلی پیاوێکی ئەسمەری بالا مامناوەند بوو، چاوەکانی رەشو بچوك بوون، کەسێکی ئازاو بەغیرەت بوو، تفەنگچییەکی بەدەستو برد بوو. ئەو لە عەشیرەتی هاروونی جاف بوو، گوندی تۆقتی ئاوەدان کردبووەوە. خاوەنی مەرو مالاتێکی زۆر بوو، ئەسپێکی رەشی کوێتی هەبوو، ئاوت لەسەر ملی بکردایە لە کلکی دەهاتە خوارەوە. کورەکانی هێشتا ورد بوون، بۆ خۆی لە جێگای دە پیاو بوو، خزمو کەسوکاریشی لە دەوری خۆی خڕ کردبوونەوە. ئەحمەدی حاجی ئەلی پورزای باوكو مامەی یونس بوو، هەموو جار بەو ئەسپە رەش کوێتییەوە بەکەلەك لە دەریاچەی سیروان دەپەریەوەو دەهاتە شەکرالی، یەك دوو رۆژ لە مالی خالوانی دەمایەوەو پاشان لە دوجەیلە پێداویستی مالی دەکڕیو دەرۆشتەوە بۆ گوندی تۆقوت.

داده ئامینە سینییەکی گەورە کە موچەیەك نانو دوو جام ماستی مەڕی پڕ سەرتوێژی بەسەرەوە بوو، لەگەل دوو چادا هێنایە بەردەم کاك ئەحمەدو میوانەکەی. بەدەم باسو خواستی پێشمەرگایەتییەوە نانیان نۆش کرد. دواتر دوو چای تالیان کرد بەسەریدا.

کاك ئەحمەد: ئامین. لە ژوورەکەی پشتەوە جێگایەك بۆ یونس دانجە، با بخەوێت ئەم شەو نەخەوتووە، هیلاکە چاوەکانی سور بووە.

داده ئامینە: باشە ئەحمەد ئێستا جێگای بۆ رائەخەم، یونس گیان ژوورەکە فێنکە تاقێکی تیایە هەواگۆڕکێ ئەکات، کەسیش نازانێت تۆ لەویایت، بۆ خۆت ئیسراحەت بکە.

یونس: مالتان ئاوا بێت یاخوا، من لەم مالەدا میوان نیم، مالی باوکمە. لەوانە نییە زۆر لێرە بمێنمەوە، چاوەڕێی کاك حامی حاجی غالی دەکەم بێت بۆ ئێرە لەگەلیان برۆم.

میوان لە ژوورەکەی پشتەوە چووە ناو جێگای خەوەکەی، چونکە زۆر شەکەتو ماندوو بوو، یەکسەر چاوی چووە خەو. کاك ئەحمەدیش لە دەرەوە ئاوقەدی کافەی خوشکی بوو، بۆ ناو ڕان دەچوو.

کافە مەرحەبا.

سەرچاو ئەحمەدی برام.

خەیرە بۆ کویێ ئەچیت؟

ئەچم بۆ ناو ڕانەکە، بزنێکمان هەرەش ئاوسە، کاتی زاینیەتی، بزانم نەزاوە.

کافە یونسی لالەم ها لەیرە.

تو خوا ... ئەحمەد بۆ قسەت بۆ نەکردم شەو بێم بۆ لای، یونسم بە قەد عومەری کوڕم خۆشگەرەکە.

کافە بەخوا شەو لەیرا نەبووە، ئەم بەیانییە خۆر نەکەوتبوو خۆی کرد وە مالاً.

هەیرۆ ئەحمەد بۆچی وەم بەیانی زووە؟

کافە چی لە تۆ بشارمۆ، کوڕەکە بوەتە پێشمەرگە.

هەیرۆ ئەحمەد لالەم چۆن یەلآیەتی ئەو کوڕە بوێتە پێشمەرگە؟

بەخوا تازە بووە، تویێ ئێمە چاومان پێوەی وێت. ئیسا خەوتووە، نیوەڕۆ بیێ بۆ لای.

کافە منیش تێم بۆ ناو ڕانەکە، گێسکێکی قەڵەوی هاتیا، ئەیهێرمۆ سەری ئەوڕم بۆ یونس.

کاك ئەحمەدو میمکە کافە بەدەم قسەکردنەوە چون بۆ لای ماڵیاتەکە، دادە ئامینیش سیەنییەك برنجی لە تەنەکەکە دەرهێناو دەستی کرد بە بژنینی.

کاك ئەحمەد گۆچانەکەی لە ملی گیسکە نێرێکدا بوو بەرەو ماڵ ئەهاتەوە، گەشتە بەری ماڵ وتی: ئادەی ئامین چەقۆ تیژەکەم بۆ بیرە.

کامە ئەحمەد، ئەوەی وا لە هەڵەوجە هاوردت؟

ئا ئەوە ژنەکە، زووکە درەنگە، با تا ئەو کوڕە خەوەری ئەوێتۆ من گێسکەکە کەوڵ بکەم

کاك ئەحمەد گیسکی سەربڕیو خێرا کەوڵی کرد، بە کۆڵەکەی بەری خانوی هەنگدانەکەدا هەڵی واسی، بە تەورزێن ئێسقانەکانی ورد کرد، نەرمەکەی جیاکردەوە. لە سەر تولێنەیەك داینا و خوێی کرد.

ئادەی ئامین، ئەو ساجە بخەرە سەر ئارەکە.

یونس تێر خەو بوبوو، خۆی کۆکردەوەو جامانەکەی لەسەر کردو هاتە بەر هەیوانەکە، کاك ئەحمەدی لەناو چرە دوکەڵدا بینی وتی: ئەوە چییە کاك ئەحمەد، بیێ قەزا بیت، من وتم میوان نیم، بۆچی زەحمەتت کێشاوە.

کاك ئەحمەد: زەحمەتی چی برا، ئەی نایەژن میوان جەژنی ساحێو ماڵە.

نانی نیوەڕۆ خوراو قاپو قاچاخ کۆکرایەوە، کاك ئەحمەد جگەرەیەکی جمهوری بە پاکەتە سپییەکە دەرهێناو بە پشکۆیەك کە لە ژێر ساجەکەدا مابوو دایگیرساند، نەفەسێکی قوڵی لە جگەرەکەی دا، هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: یونس گیان کوڕەکەم، برا جوانەکەم، بیرت لەوە کردووەتەوە کە ئەم ڕێگایە پڕە لە زەحمەتو ناخۆشی؟ پڕە لە گیروگرفتو ماندوو بون؟ کوژران، دەربەدەری، زیندانی، ئەشکەنجەدان، سەرلیێ شێوانی ماڵو منالێ، هەموو ئەمانە وا دابنیێ دێنە ڕێگات.

یونس: بەڵێ کاك ئەحمەد گیان، بیرم لە هەموو ئەوانە کردووەتەوە. سەرێکە هێناومەو نایگەڕێنمەوە، دوا بڕیارم پێشمەرگایەتییە. یەکێتی وەرم نەگرێت، دەبمە قیادەی موەقەت، ئەوانیش هیچ، دەبمە شیوعی.

کاك ئەحمەد: باشە براکەم، من بۆیە ئەمانەم خستە پێش چاوت، تاوەکوو سبەی ڕۆژ ماندوو بویت گلەیی نەکەیت بڵێیت کاك ئەحمەدی پورزام ئامۆژگارییەکی نەکردم! یاخوا تەمەن درێژبیت ڕۆڵە گیان، خوا پشتو پەنات بێت، منیش تا بمێنم یارمەتیت ئەدەمو بۆ هەر کارێك پێویستت بەمن بێت، درێغی ناکەم.

یونس: خوای گەورە تۆمان بۆ بهێلێت کاکە گیان، ئەگەر بەیانی چویت بۆ دوجەیلە خەبەرێك بدە بە ماڵ ئێمە.

کاك ئەحمەد: خەمت نەوێت ڕۆڵە گیان، بەیانی ئەحمەدی لالەیشم نەبینم لە دوجەیلە، ئەسپە ڕەشم ها لە ژێرا یێژی دڵدڵی ئیمامی عەلییە، وە دوو غار خۆم ئەگەینمە شەکرالی. تۆش بۆ خۆت بچۆ قەراخی ئەو بەحرە، هەلزنێ وە یاڵەکا، بێ تاقەتی خۆت دەرکە.

یونس دەمانچەکەی کرد بە بەر پشتوێنیدا وگۆچانێکی گرت بەدەستەوە، لە ئاوایی دوور کەوتەوە، لەسەر بەرزیاییەك دانیشتو نیگای بڕییە شەپۆلی دەریاچەکە، باڵندەکان لە بەرزاییەوە خۆیان شۆڕ دەکردەوە بۆ ناو ئاوەکەو ماسییەکیان هەڵدەگرتو بەرز دەبونەوە، پۆلێك مەل قەتاریان بەستبوو بەرەو کوێستان دەچوون، دەنگی زەنگۆڵەی ئاژەڵەکان لەگەڵ بلوێری شوانەکەیاندا سەمفۆنیایەکی خەم بزوێنیان دروست کردبوو، تا خۆرەکە لە پشتی کەلەوە ئاوابوو ئەم لە دەریای بیرکردنەوەدا بوو، دواتر هەستاو هاتەوە بۆ ناو ئاوایی.

یونس بۆ ماوەی هەفتەیەك لەماڵی کاك ئەحمەد دەمێنێتەوەو دواتر مەفرەزەیەك بە فەرماندەیی کاك حامیدی حاجی خالید دێن بە شوێنیداو لەگەڵ خۆیان دەیبەن.

ناوی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ بوون ئەمانەی خوارەوە بوون: هەڤاڵ ئارام، هەڤاڵ سالار، مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، شەهید عەلی عەسکەری، شەهید دکتۆر خالید، عومەر مستەفا، شەهید تایەر عەلی والی، هەڤاڵ مەلا بەختیار، شەهید حسێن بابەشێخ یەزیدی، شەهید عەلی سالّح، هەڤاڵ عەلی شامار، شەهید سەعدی گچکە، هەڤاڵ سەید کاکە، هەڤاڵ قادر عەزیز، شەهید قادر مستەفا، شەهید ئازاد هەورامی، شەهید فاروق سدیق، شەهید فەیسەڵ (سیروان تاڵەبانی)، شەهید حەمە غەفور ئاغجەلەری، شەهید عوسمان لاوە —شەهید جەوهەر سەعید، شەهید سەرباز، شەهید شەماڵ، شەهید خەلیل، شەهید هاوار، شەهید ئەنوەر مەجید سوڵتان، شەهید سەید کەریم، شەهید ملازم حەسەن خۆشناو، شەهید ملازم جەمال، شەهید عەباس، شەهید یاسین قادر، شەهید مەحمود سەیدە، شەهید خدر سۆفی مەلا، شەهید نەبەز (هەولێر)، شەهید نەبەزە ڕەش (سلێمانی)، شەهید جەمالی عەلی باپیر، شەهید مەلای حاجی ڕەسولی کەرزوری، هەڤاڵ سوڵتان دێهاتی —شەهید عەبدولرەحمان سونەگوڵی،

شەهید سلێمان بیریژی، هەڤاڵ ڕەسوڵ مامەند، هەڤاڵ دکتۆر مەحمود عوسمان، شەهید محەمەد عەجەم، هەڤاڵ شاخەوان، هەڤاڵ ڕێباز، هەڤاڵ ئازاد خۆشناو زیارەتیو هەڤاڵ خۆشناو (تەسلیم بونەوە)، هەڤاڵ نەریمان (تەسلیم بووەوە)، هەڤاڵ حامیدی حاجی غالی، هەڤاڵ مام ڕۆستەم، هەڤاڵ شێخ جەعفەر، هەڤاڵ شەوکەتی حاجی مشیر، هەڤاڵ سامان گەرمیانی، هەڤاڵ عادل گەرمیانی، شەهید عەلی چوارتایی، هەڤاڵ حەمەی مام سەلام (تەسلیم بویەوە)، هەڤاڵ چەتۆی کەریمەسور، کانەبی چاوشینو خولەی برای (تەسلیم بوونەوە)، سەعدی شوشە (تەسلیم بویەوە، جەلالی کوێخا ڕەفیق (تەسلیم بویەوە)، شەهید سەلیم کویشکە، مەلای مەلا قادر (تەسلیم بویەوە)، کوێخا ڕەسولی بێتواتە (تەسلیم بویەوە)، هەڤاڵ عومەرە ڕەش، قادر فەرەج (تەسلیم بویەوەو بەدەستی پێشمەرگە کوژرا)، حەمەی شێخ حەسەن بەفراوی (تەسلیم بویەوەو بەدەستی پێشمەرگە کوژرا)، تەحسین شاوەیس (تەسلیم بویەوە)، هەڤاڵ ئاوات قارەمانی، هەڤاڵ ئاوات، هەڤاڵ شۆڕش بچکۆڵ، شەهید عەلی ئامەخان، هەڤاڵ دلێر سەید مەجید، هاوڕێ جەبار، هەڤاڵ حەمە سەعید، هەڤاڵ ئازاد سەگرمەیی، هەڤاڵ تالیب ڕۆستەم، شەهید عەولا سور، هەڤاڵ حاجی حاجی برایم، هەڤاڵ حەمەی مەلا شەریف، هەڤاڵ عەلی کۆ (تەسلیم بویەوە)، ئەحمەد نەبی (تەسلیم بویەوە)، شەهید سەید عەبدولا، هەڤاڵ قادر خەبات، شەهید ئەحمەد فەقێ ڕەش، شەهید سەیدحسێن گۆمەشین، شەهید حەمە تاڵ، شەهید نەعمانە گۆج، هەڤاڵ بەکر حەمە ، شەهید کەریمەسور، شەهید محەمەد سێ گرکانی، شەهید حەوێز هیرانی، هەڤاڵ بەکری حاجی سەفەر، شەهید قادر عەولا، شەهید فارس خورخوری، ملازم عەبدولمەلیك (تەسلیم بویەوە)، هەڤاڵ نەسرەدین مستەفا، ئەبوعەنتەر، هەڤاڵ عەبدولرەحمان بێداوی، هەڤاڵ جەعفەر حسێن، عەبدولرەحمان بیشەیی (تەسلیم بویەوە)، عەولا بەرزە (لەبەر پیری تەسلیم بویەوە)، شەهید ئەسعەد ئاومالێ، عەباس کانی سلێمانەیی، شەهید ئەحمەد قەمبەری، هەڤاڵ ملازم عومەر عەبدولا، هەڤاڵ برایم جەلال، هەڤاڵ مامۆستا جەعفەر، هەڤاڵ عەولا بۆر، هەڤاڵ ئازاد مەریوانی، هەڤاڵ زیاد خورانی، شەهید عەزیزی ڕابێ، مستەفا حاجی کوێخا (تەسلیم بویەوە)، شەهید برایمی حاجی کوێخا، هەڤاڵ ئازاد خەفاف –خدر پشتاشانی، عەلی ئاغای بۆرەیی، هەڤاڵ برایم ئەحمەد حسێن، شەهید هاوڕێ کاوە، شەهید حسین شیوەلوکی، مام حەمید باتاسی، نەبی چالاك، مامەند مەنتك، خالید گەرمیانی، سەلاحی موهەندیس، شەهید ئاشتی، شەهید شوان، مەحمودی حاجی فەرەج، مەحمود گەرمیانی، حەمید گەرمیانی، کاکە ڕەش، دلێر شێخ بابارسول، میرزا گومەرەز، شەهید بەختیار باغ، نەسرین دەربەندی، شەهید هیوا حەمە فەرەج، شەهید کاکە عەبە، سەرکەوت بچکۆل، شەهید سەیفەدین هاوارییی، شەهید عەلی شیعە، شەهید دکتۆر ڕەزا، شەهید هاوڕێ، شەهید غەفور دەرەشیشی، ملازم فوئاد، ملازم عەلی، ڕەحمان ڕەشید، عومەر ئاغای دۆڵەمەڕی، ملازم هەجەر، سەید مورسەل، ئەحمەد جەمیل، غازی قادر ئاغای نازەنینی، خدر سوارە، وەستا یونس، سەلاح چاوشین. هەڤاڵ محەمەدی حاجی

مەحمود، شەهید مەحمود کەشکۆڵ (شێخ عەلی)، هەڤاڵ محەمەدی حاجی سابیر، شەهید ڕەوفی خەلیفە سەعید. توفیقی ڕەعنا (تەسلیم بویەوە)، شەهید فەرەج تریفەیی، حەمەی حەمە سەعید، حەمە هاواری.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٦/١٠/٢٤ کۆچی دوایی ئەحمەد موختار بابان لە شاری بۆنی ئەڵمانیا.

١٩٧٦/١٠/١٩ کوژرانی ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانی لە لایەن قیادە موەقەتەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## خەزەڵوەرو تێکدانی هێلانەکان

١٩٧٦/١١/٣ گوندی شەکرالی کۆتایی مانگی خەزەلوەر بوو، گەڵای دارەکان بەڕەنگی زەعفەرانییانەوە، لە هەوادا سەمایان دەکردو هێندێکیشیان خۆیان بۆ کەوتنە خوارەوە ئامادە دەکرد. حاجی لەق لەقەکان بارگەو بنەیان دەپێچایەوەو ماڵئاواییان لە کوێستانێ دەکردو بەرەو گەرمەسێر قەتاریان دەبەست. مێش هەنگەکان شوێن نەمابوو هەنگوینی بۆنو بەرامە خۆشی ئاڵتون ئاسای تێ بکەن، بە زمانی حاڵ بە جوتیارەکانیان دەگوت، وەرن هەمباری سەرڕێژ لەشیلەو گوڵاوی عەنبەر ئاسا خاڵی بکەن. دەشتو دەر یەکپارچە سپی بوو، دەتگوت بەو پایزەی بەفری باریوە. قۆزاخەکان هەموو تەقی بوونو لە زۆر جێگاش جوتیاری ئازا بەری دووەمی دەچنی. مەرەزەش لەخەرمان دەکراو گۆخڵەکان لە چاوەڕوانی خەرمانی سورکراودا بوون، بۆ ئەوەی مەینەتو ئەزیەتی هاوینیان بیر بچێتەوە. ئاوی چاوگەکەش کەمی کردبوو، مراوییەکان خۆیان بۆ ناوەڕاستی چەمەکە دەکوتا. هێشتا سەرێك ئاو بە بەرماڵدا تێدەپەڕی بەجۆگەی ئاواییدا بەرەو گوندی لامەرکەزی گوزەری دەکرد. کات دوای نیوەڕۆ بوو، شەهلا بە یاری ماڵە باجێنەوە خەریك بوو، دایکیشم لەو کاتەدا لە هەیوانەکەدا شیری بە ئەمیر دەداو نیازی وابوو دواتر لە بێشکە قایمی بکاتو بیخەوێنێت. منو ئەسعەدیش لەژێر دارتووەکانی بەرماڵدا دیلانێمان دەکرد. ماڵی باوام کەبەرامبەری یەکتربوین کەسیان لەماڵ نەبوون، تەنها نەنە نایلە نەبێت، دیاربوو ئەویش بە ئیشو کاری ناوماڵەوە خەریك بوو. دنیا بەشێوەیەك بێ دەنگ بوو، تەنها خشەی گەڵای دارەکان دەبیسترا. مریشکەکان بە شوێن مشکێکدا ڕایان دەکرد، کە لە کایانەکەوە ئەجەل هەڵی گرتبوو، بەرەو دەرەوە ڕای دەکرد. کۆترەکان دوای گەشتێکی چەند فەرسەخی گەڕانەوە ناو هێلانەکانیان. لەپڕ گرمەیەك پەیدابوو. تۆ بڵێی گرمەی چی بێت؟ دەنگەکە زیاتر نزیك بویەوە، پێشی ماشێنێکی شۆڤرلێت دەرکەوت، زیاتر نزیك بویەوە، ڕووی لە ئێمەکرد کە لەژێر سێبەری دارتووەکاندا بوین. لوتی نا بە ئێمەوەو تەپوتۆزی تایەکانی کرد بەسەرماندا، ئێمەش بەرەو دایکم کە لە هەیوانەکەدا بوو، ڕامان کرد. دایکم تەزوویەك بە سەرتاپای لەشیدا تێپەڕی:

یا الله خێر بێت. معاون عەلی خۆیەتی، ئەی ئەو ژنو دوو منالّە کێن؟

دایکم پێشتر چەند جار بانگ کرابوو بۆ فەرمانگەی ئەمنو پۆلیسی سیروان، معاون عەلی باش دەناسییەوە. ئەو کەسێکی درێژو ڕەقو تەق بوو، چەناکەیەکی پانی هەبوو. لەکاتی قسەکردندا کەفی دەپژاند. جنێو فرۆشو توڕەو تەوسن بوو، ڕقێکی زۆری لە کوردبوو، نەشی دەتوانی ڕقەکەی خۆی بشارێتەوە، هەرچی جنێو بەدەمیدا بهاتایە نەیدەگێڕایەوە. معاون عەلی مەئمور مەرکەزی شارەدێی سیروان بوو. خۆی بۆ ڕاوەدونانو گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە دەچووە لادێکان، بەعسییەکی دڕندە بوو. ئەوە معاون عەلییەو ئەوەش ئەمنو پۆلیسەکانی یاوەری، ئەی ئەو ژنە بەم دوو منالّەوە کێیە؟

چەند پۆلیسو ئەمنێك لە شۆڤرلێتەکە دابەزین، معاون عەلی وتی: ئێرە مالّی موخەریب "یونس محەمەد عەلی" یە؟

ئەو باش دەیزانی ئێرە مالّی ئەوە، بەلاّم دەیویست سەرەتای قسەکانی بە پرسیارێك دەست پێ بکات. دایکم لە حالّەتێکی ترسو شلّەژاویدا، وەکوو دلّی خەبەری دابێت کە ئەمجارە، بارودۆخەکە وەکوو جارەکانی دیکە نییە، ئەم جارە ڕەنگو ڕووی معاون عەلی تەواو جیاوازەو زۆر توڕەیە، غەزەب لە نێوچاوانی دەبارێت، بە کزێکەوە وتی: بەلّی ئێرە مالّی (یونس محەمەد)ە

معاون عەلی: هەر ئێستا خۆتان کۆ بکەنەوەو بچنە ناو سەیارەکە، فەرمانی گرتنان دەرچووە.

باشە خۆم دێم لەگەلّتان. ئەمەقسەی دایکم بوو بە پەشۆکاوییەوە.

معاون عەلی: تەنها خۆت نا بەلّکو دەبێت هەموو منالّەکانیشت بهێنیت.

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو پەلاماری منو ئەسعەدی داو فڕەی داینە دواوەی شۆڤرلێتەکە، شەهلا ترسا بەرەو جۆگە تەمەلّ[1] ڕایکرد، دوو ئەمن کەوتنە شوێنی، هەرچیان کرد بۆیان نەگیرا. ناچار یەکێکیان تفەنگەکەی دا بە هاوڕێکەیو پێلاّوەکانی داکەند، ئەمجارە وەکوو وەرزشەوانێك ڕای دەکرد، بەو شیوەیە توانی بیگرێتەوە. کە گرتنی دوو زلەی تێ سرەواند، پێی وت: "کلب ابنه کلب لیش تهرب؟" واتە سەگی کچی سەگ بۆچی ڕادەکەیت، بەوشێوەیە گرتیانو خستیانە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە.

دایکیشم ناچار ئەگەر بەجێشیان بهێشتایە دەبوو بە شوێن ئۆتۆمبێلەکەشدا ڕابکاتو سوار ببێت، چونکە هەموو منالّەکانی بارکراون. ئەمیری دایە دەست ژنەکەو خۆی گەڕایەوە بۆ بێشکەکە، ئەویشی هێنا باری کرد. ئێستا خێزانێکی پێنج نەفەری چونە پالّ خێزانێکی سێ نەفەریو لە دوای ماشێنێکی پۆلیس قایم کران، دوو چەکداریش لەسەر تەنیشتی بۆدییەکە دانیشتن. معاون عەلی هەندێ جنێو قسەی

---

١ جۆگە تەمەلّ لقێکی جۆکەی ئاوی چاوگی شەکرالی بوو لە پشتی مالّی باوامەوە بەرەو مالّی حاجی خورشیدە لێدرابوو، ئاوەکەی بە زەحمەت ڕادەکێشا، لەبەر ئەوە ناونرابوو جۆگە تەمەلّ.

ناشیرینی به هەوادا کردو خۆی لە پێشی ماشێن قایم کرد، فەرمانی جوڵەی بۆ شۆفێر دەرکرد. سەرنشینەکان ئەوەندە پەستو غەمبار بوون کەس مته‌قی لێوە نەدەهات. نە دایکم دەیوت ئافرەت تۆ کێیت بەم منالآنەوە، نە ئەو ژنەش دەیوت ئێوە کێنو بۆ کوێمان دەبەنو کاریان بە ئێمە چییە؟ شۆفێر ئەوەندە بە خێرایی لێ دەخوڕی، لەماوەی شەش تا حەوت خولەکدا خۆی کرد بە بنکەی پۆلیسی سیروان‌دا. دەرگا شەبەکەکەی مەرکەز کرابویەوە، پۆلیسێك ئاوڕشێنی ئەو ناوەی دەکرد، دوو ئەمن لەوناوەدا یەکی جگەرەیەك بە دەمیانەوە بوو پیاسەیان دەکرد. فەرمانی دابەزینیان بۆ ئێمە دەرکرد، ژنەکە دابەزی ئەمیری لە دایکم گرت. دایکیشم بێشکەکەی داگرتو ئێمەش بەشوێنی ئەودا پیادە بوین. دەنگی ڕاکێشانی شەوژەنی دەرگای بەندیخانە بچوکەکەی مەرکەز هات، پۆلیسێك خەریك بوو دەیکردەوە. بەسەر ئاماژەیان بۆ کردین کەبەرەو ئەوێ بڕۆین. دەرگا ئاوەڵابوو، هەموو چوینە ژوورەوە. دیار بوو ئەو ڕۆژە هیچ تۆمەتبارێك لەوێ نەماوەتەوە، ئێمە ئەم دوو خێزانە ئاوەدانمان کردەوە. ژوورەکە زۆر گەورە نەبوو، ڕووبەرەکەی بیست مەتر دووجا کەمتر نەبێت، زیاتر نەبوو. دەلاقەیەکی بچوکی لەبەرزیدا تێدا بوو. چەند بەتانییەکی بەکارهاتوو لە سوچێکدا کەوتبوو، دایکم ڕایخستو وتی: منالەکان، وەرن لێرەدا دانیشن.

بۆ ماوەیەك ژوورەکە کشو مات بوو، دایکم لەو ژنە وورد بویەوە کە بووە بە هاوڕێی سەفەرێکی نادیارمان. لەبەر خۆیەوە وتی: بەخوا ژنەکە من تۆم بینیوە! ئەتناسم!

ژن: من ڕابیعەم، خێزانی عەریف مەحمود[1] لەگوندی تەپەتۆڵەکە.

دایکم: وای ڕابە گیان، بەخوا ئەم سەگبابانە بەرچاویان ڕەش کردم بۆیە نەمناسیتەوە.

ژن: ئافتاو گیان وابزانم تۆش کچی مامە عوسمانیت لە تەپی سەفا. وا نییە؟ ژنی کاك یونس؟.

بەڵی خوشکە گیان، هەردوکمان هاوخەمو هاوچارەنوسین، ئەمە قسەی دایکم بوو.

کوڕەکەی دادە ڕابیعە ناوی شاکر بوو، هاوتەمەنی ئەسعەدی برام بوو، کە دوو ساڵ لەمن بچوکتر بوو کوڕێکی سپیکەلانەی جوان بوو. کچەکەشی ناوی شوکریە بوو، لەو بچوکتر بوو.

پۆلیسێك دیار بوو هەستی مرۆڤانەی لەدەست نەدابوو، یەکی قەواڵەیەك نانو تەماتەی هێنا بۆ منالەکان. زۆر بە ئیشتیهاوە قەپاڵمان لەو نانو تەماتەیە دەدا هەروەك ئەوەی پڕ لە کەبابو گۆشت بێت. تێر بوینو ئاهێکمان وەبەردا هاتەوە، دواتر کردمان بە هەڵبەزو دابەز، دایکم ئەمیری خستە بێشکەکەو دەستی کرد بە خەواندنی. ئێمەش بۆ ماوەیەك لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا بێ دەنگ بوین.

---

١ عەریف مەحمود پێیان دەوت خولە سەر چەور پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانەو شەهید بووە.

پاش تێپەڕ بوونی کاتژمێرێك، دەرگانی ژوورەکە کرایەوە، دوو ژنو دوو منالّی تریان کرد بە ژووردا، ژنەکان لەبەر تاریکی ژوورەکە نەیاندەزانی ئەمانە کە لە ژوورەوە مۆلّیان داوە کێن؟ دایکم هاواری کرد: بەهیە، ناهی ئێوەشیان هێنا؟ کاتێ دادە بەهیەو دادە ناهی بەرچاویان ڕوناك بویەوە، هاواریان کرد: ئافتاو گیان ئێوە چی دەکەن لێرە؟ باوەشیان کرد بەیەکدا بوو بە شیوەنو گریان. پاش ماوەیك هەموو دانیشتنو منالّەکانیش ئارام بوونەوە.

دادە بەهیە خێزانی گەورەی کاك حامیدی حاجی خالید بوو لە گوندی بەشارەت، خۆیو ئاریانی کچیان دەست بەسەر کردبوو، لەو کاتەدا ئاشتی کچی لەمالّی میرزا حەسەنی باوای دەبێت لە خێلّی حەمە و بەردەست نابێت تائەویش لەگەلّ دایكو خوشکەکەی بگرن. دادە ناهیش خێزانی بچوکی کاك حامید بوو خۆیو ڕێبواری کوڕی لە گوندی بەشارەت دەست بەسەر کرابوونو هێنایانن بۆ لای ئێمە. بۆماوەی پێنج ڕۆژو پێنج شەو لەو زیندانەی مەرکەزی سیروان دا بوین.

١٩٧٦/١١/٣ لەشالاّوی گرتنی کەسو کاری پێشمەرگەدا مالّو منالّی کاك شەوکەت حاجی مشیر کەدەکاتە (پورە دلوستانو ئارامو ئالانو ئەسیری کوڕی) لە ئەمنی خورمالّ دەست بەسەر کران. هەروەها مالّو منالّی کاك محەمەدی حاجی مەحمود (باجی گەردەو عەتیەو کوێستانی کچی) لە گولّەخانەو خێزانو کچی کاك حەمەی حاجی سابیر (دادە خورشیدە (عەتیە)و میدیای کچی)و دایكو هەردوو خوشکەکەی دکتۆر ڕەزا لە خورمالّو مالّو منالّی عەلی شیعە بەهەمان شێوە لە خورمالّو چەند مالێکی تر لە هەلّەبجە لەوانە مالّی کاك عوسمان عەبدولقادر باوکی مامۆستا سەرکەوت،و خێزانی شێخ عەلی کەشکۆلّ هەموو ئەوانیش دەست بەسەر کران. بەهەمان شێوە لەو ڕۆژەدا لە شارو شارۆچکەکانی تر هەرچی مالّو منالّی پێشمەرگە بەردەست بوایە دەست بەسەر دەکران.

١٩٧٦/١١/٣ سەر ڕێگاکە پڕ بوو لە گەلاّی زەرد، دارەکان بەکەناری جۆگەی کانی پالّەوانەوە بە ڕەنگی زەردەوە باوەشیان کردبوو بە یەکدا، لەگەلّ هاتنی هەر کزە بایەکدا شەلّتەیەك گەلاّ دەوکەوتە خوارەوە. پورە دلوستان نانی نیوەڕۆی دابوو بە منالّەکان، پێنج سالّ پێشترو لە سالّی ١٩٧١ لەگەلّ کاك شەوکەتی حاجی مشیردا زەماوەندیان کردبوو، دوو منالّیان هەبوو، تەمەنیان ٥ سالّو ٤ سالّ بوون، منالّی سێهەمیشیان دوو مانگی مابوو بێتە دنیاوە. لە خانویەکی گلّی دوو هۆدەو هەیواندا کە دیوارەکانی دەرەوەو ناوەوەی بە گلێکی سپی وەکوو شیر سواخ درابوون، ژیانیان دەبردە سەر. حاجی مشیری خەزوورەشی لەهەمان حەوشو باندا بوو، حەوشو مەیدانەکە زۆر گەورە بوو، قەلو مریشكو قازو مراوی لەبنی دارو دەوەنەکاندا هەریەك ل ئاوازێك دەیانخوێند.

شۆڤرلێتێك بە پڕتاو خۆی کرد بەناو ئاواییدا، دوو کەس لە پێشەوەو چواریش لە دواوە تفەنگ بەدەستەوە خۆیان پیادە کرد. خۆیان کرد بە ناو حەوشو بانی حاجی مشیرداو ڕوویان کردە مالّەکەی پورە

دلوستان. وەکوو دەستپێکی قسە پرسیاری ماڵی شەوکەتی حاجی مشیریان لە پورە دلوستان کرد: ئێرە ماڵی شەوکەتە؟

پورە دلوستان لەو کاتەدا خەریکی پاککردنی مریشکێکی کوردی بووە بۆ ئێوارە، دەستی لە توکەکەدا بوو، هەستایە سەر پیێو بە نێوچەوانێکی کرژو مۆنەوە: بەڵی ماڵی شەوکەتە، بۆچی دەپرسن؟

ئەو موخەریبە لە کوێیە، کارمان پێیەتی؟ ئادەی ژوورەوە بپشکنن.

ئەو لەماڵەوە نییە، نازانین لە کوێیە، پورە دلوستان وای وت.

دوو لە پۆلیسو ئەمنەکان خۆیان کرد بە ژوورداو پاش کەمێ هاتنە دەرەوە، وتیان گەورەم چۆڵە کەسی لێ نییە.

ئادەی زۆر باشە، ماڵی باوکیشی بپشکنن.

دیسانەوە ماوەیەك خۆیان سەرقاڵ کرد بە پشکنینی خانووەکانی ماڵی حاجی مشیرو تەنانەت گەورو کایەنی ولآخەکانو کولانەی مریشكو پەلەورەکانیش گەڕان، تا ئەمەیان کرد پورە دلوستان مریشکەکەی پاك کردو خستیە ناو مەنجەڵێك، ئامادەی کرد تاوێکی تر بیخاتە سەر ئاگرو بۆ ئێوارە بکولێت، بێ ئاگا لەوەی نابێت بە نسیبیان.

پیاوانی ڕژێم هاتنەوە بۆ لای پورە دلوستانو دوو کوڕەکەی، وتیان ئێوە دەست بەسەرنو دەبێ سوار بن دەچین بۆ مەرکەزی پۆلیسی خورماڵ.

پورم هەرچەندە هاواری کرد، کە ئەو ژنێکی دوو گیانەو ناتوانێت سواری ئۆتۆمبێل بێت، تەندروستی باش نییە، بەڵام ئەوان هیچیان نەبیستو پەلی هەرسێکیان گرتو هەڵیاندانە ناو دواوەی شۆڤرلێتەکە.

لەماوەی پازدە خولەکدا ماشێنی پۆلیس خۆی کرد بە ناو مەرکەزی پۆلیسی خورماڵداو خێزانێکی سێ کەسییان داگرتو ڕاپێچی ژوورێکی تاریکیان کردن.

چەند خێزانێکی تری پێشمەرگە کە سەر بە ناحیەی خورماڵ بوون تێکەڵ بەوان کرانو بۆ ماوەی پێنج ڕۆژو شەو لەو زیندانەدا مانەوە، خزمو کەسوکار سەردانی دەکردنو کەلوپەلی پێویستی بۆ دەبردن. دوای ئەو پێنج ڕۆژە ڕەوانەی زیندانی گەورەی سلێمانی کرانو لەوێش پاش بەسەر بردنی زیاتر لە بیست ڕۆژ بەرەو باشوری عێراق برانو لە زیندانێکی پیسو پۆخڵ توند کران. دوای ماوەیەك دێنەوە بۆ هەمان گوندو حاجی مشیری باوکی کاك شەوکەت دەستگیر دەکەنو ئەویش ڕەوانەی زیندانی ناسرییە دەکەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## لە پرسەی باوکیەوە بۆ زیندان

هێشتا قوڕەکەی سەریو فرمێسکەکانی وشك نەبووبوونەوە، جێگای چڕنوکەکانی بەسەر ڕوومەتەکانییەوە مابوونو قەتماغەیان گرتبوو، سەرتاپا ڕەشی پۆشیبوو. کوێخا عەبدولرەحمانی باوکی وا چەند ڕۆژێکە ماڵئاوایی لە دنیا کردووە، خزمو کەسوکار هەموو لە ماتەمدا بوون بۆی. وەزیرە خانم ئەو ئێوارەیە دەستی منالەکانی گرتو هاتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. کاتژمێرێکی مابوو بۆ بانگی شێوان، خۆرەکە بە زەردهەڵگەڕاوی بەرەو ڕۆژئاوا کەناری گرتبوو. حەمەی مێردی نزیکەی مانگێکە چووەتە شاخو چەکی پێشمەرگایەتی کردووەتە شانی. وەزیرە بە خۆیو منالە وردەکانیەوە لەلای کوێخا عەبدولرەحمانی باوکی خەمەکانی بەبا دەدا، وا ئەویش گەشتی بۆ قیامەت کردووەو ماڵو خانەوادەی ڕەشپۆش کردووە.

ڕۆنی کردە ناو مەنجەڵەکەو خستییە سەر عەلادینەکە، لە دەفرێکدا کەمێ برنجی شۆردەوەو ئامادەی کرد بیکاتە ناو مەنجەڵەکەوە، گرمە گرمی ماشێنێك لە دەرەوە پەیدا بوو. منالەکان شڵەژانو ڕایان کردە ژوورەوە، سەرکەوت هاواری کرد: دایە گیان پڕی دەرەوەیە لە سەربازو ئەمن، وەرە دەرەوە.

بەزیادم نەکرد ڕۆڵە گیان بەم ئێوارەیە ئیشیان چییە؟

وەزیرە لەچکەکەی لەسەری قایم کردو هاتە دەرەوە، ڕووی کردە چەکدارەکانو وتی: پیاومان لە ماڵەوە نییە فەرموون کێتان ئەوێ؟

کابرایەکی زلی ناقۆڵا دەمانچەیەکی بە کەلەکەوە بوو لەگەڵ ڕیزێك شانە، بریسکەکی قۆندەرەکانی دەهات، نێوچاوانی گرژو مۆن، سمێڵێکی درێژو پڕ کە بە دوکەڵی جگەرە ڕەنگی زەرد بوو بوو، نەڕاندی: ها ئێرە ماڵی محەمەدە؟ کوڕی غەفور ئاغجەلەری؟ بزانم لە کوێیە؟

وەزیرە بە ترسو لەرزەوە وەڵامی دایەوە: گەورەم محەمەد لەماڵەوە نییە، بەجێی هێشتوینو ڕۆشتووە نازانین لە کوێیە؟

بەڵێ بەڵی، لە ماڵەوە نییە! دەتەوێت خۆت لە گێلی بدەیت، یاڵا خۆتان کۆ بکەنەوە ئێوە دەستبەسەرن، خۆتو منالەکانت بەند دەکرێنو ئازادیش نابن تا محەمەدی مێردت چەك دانەنێت، ئەوە فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕشە لەبەغداوە دەرچووە.

وەزیرەو منالە وردەکانی دەستیان کرد بە گریانو شیوەن، سەرکەوتو هێرۆ کەمێ گەورەتر بوون، بەڵام سەردارو لەیلا ساڵو دوو ساڵ تەمەنیان بوو، ئەمنو پۆلیس پەلی منالەکانیان گرتو بەرەو مسەلەحەکە ڕاپێچیان کردن، دایك بەدوای منالدا خۆی هاویشتە ناو ماشێنەوە، وەزیرە هەرچەند هاواری کرد با کەلوپەلو جلو بەرگی ئەم منالانە کۆ بکەمەوە، هیچ دەرفەتێکیان نەداو شۆفێر ماشێنی ئاژود، لە ماوەی چەند خولەکێکدا گەشتنە بەر بینای ئەمنی ئاغجەلەر.

ژنو منداڵ ڕاپێچی زیندان کرانو لە گۆشەی ژوورێکی تاریکدا لەسەر پارچە ڕاخەرێك دانیشتن، پاش کاتژمێرێك چەند خێزانێکی تریان دەستگیرکردو هێنایانن بۆ لای ئەمان.

پاش هەفتەیەك مانەوە لەو جێگایەو سەردانیکردنی کەسوکار بۆ لایانو دابین کردنی خواردنو کەلوپەلی پێویست، لە سپێدەیەکی بەیانیاندا ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی زیندانی لە گرتووخانەکە ئامادە کراو ژنو منداڵو گەورەو بچوکیان خستە ناویەوە بەرەو چەمچەماڵیان بردن، هاوکات لەو ڕۆژەدا مام غەفور ئەحمەدو ئافتابە خانمی خێزانی کە دایكو باوکی شەهید حەمە غەفورن دەهێنن بۆ زیندانی چەمچەماڵو پاش چەند ڕۆژێك ڕاپێچی زیندانی گەورەی سلێمانی دەکرێن. پیاوە دڵڕەقەکای بەعس لە زیندانی چەمچەماڵ کۆناغە تفەنگێك دەدەن لەسەری وەزیرە خانمو سەری شەلاڵی خوێن دەکەن، چونکە شێر ئاسا بەگژیاندا چووبووەوەو جنێوی پێ داوبوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## سەرەتای گەشتێکی دوورو درێژ

١٩٧٦/١١/٨ پاش تێپەڕ بوونی پێنج شەوو پێنج ڕۆژ، لە بنکەی پۆلیسی سیروان، بۆ سەرلەبەیانی ڕۆژی شەشەم معاون عەلی بە هەمان ڕوخساری دزێوی پێشوویەوە، خۆی کرد بە ژووردا. بەدەنگێکی گڕو ناخۆش: یالا خۆتان کۆبکەنەوە.

دایکمو ژنەکان لەیەك کاتدا: ئۆخەی بەر ئەبین، وا نییە گەورەم؟

منداڵ کردیان بە هەرا: گیبیان ئەڕۆینەوە.

معاون عەلی برۆکانی هەڵبڕینو بە ئاوازێکی ناخۆش: قسە مەکەن، دەنگە دەنگو ژاوەژاو بەس بێت، چیتان پێ دەڵێم وابکەن. هەرکەس لە فەرمانم دەرچێت بەم دەمانچە دەمی دەشکێنم. کۆڵو بارتان بپێچنەوەو بێ دەنگ سواری ئەو جێبە ستێشنە بن. بۆ سجنی سلێمانی دەچین، لەوێ بڕیار دەدرێت ئازاد بکرێن یان نا. ئەوە لە دەسەلاتی ئەواندایە.

ژنەکان تروسکە ڕۆشنایی لە دەمو چاویاندا نەما، دیسان ترسو دڵەڕاوکە دایگرتنەوە. هەریەکەیان لەبەر خۆیانەوە: باوکەڕۆ ... تازە حسابمان ڕۆشت، بەرەو سلێمانیمان ئەبەن. کێ ئەڵێت لەوێ لەسیدارەمان نادەن؟ بەخوا ئاوارەی ولاتمان ئەکەن. خوا گەورەیە ئارام بگرن، بەخوا لەوێ بەرمان ئەدەن.

خێرا کەن، بجولێن، دەبێت بە زووترین کات لەوێ بین، ئەمە قسەی معاون عەلی بوو بە توڕەییەوە.

ژنەکان بەگریانو منداڵ بە حەپەسانو چاوی پڕ لە فرمێسك سواری جێب کراین، دایکم دەیوست بێشکەکەی ئەمیر باربکات، معاون عەلی توڕبوو، نەیدەهێشت بار بکرێت. دایکم بەگریانو هاوار کردن بنکەی پۆلیسی سیروانی هێنایە یەك. معاون عەلی ڕیزێك جنێوی گەرمی بەدایکم داو وتی سەگباب، باشە باری بکە.

ئۆتۆمبێلی جێب بۆ ئەوە هێنرابوو کە کەس نەزانێت ئێمە بە چی ئۆتۆمبێلێك دەبرێین بۆ سلێمانی. ئەوان مەترسی ئەوەیان هەبوو پێشمەرگە لەنێوان گوندە نزیکەکانی سەر جادەی قیرەوە بێنە سەر جادەو بەندییەکان لە پۆلیس وەربگرنەوە. هەر بۆیە ئۆتۆمبێلێکی بێ شکیان هێنابوو، بەڵام معاون عەلی خۆی لێ دەخوڕی. و دوورو نزیکیش ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە ئەمنو پۆلیس چاودێری ئەم ئۆتۆمبێلەی ئێمەیان دەکرد. معاون عەلی پێی لەسەر ئەکسێدەری بەنزینەکە قایم کردبوو، بەوپەڕی خێرایی لێ دەخوڕی. جارجاریش لە ئاوێنەکەی بەرامبەرییەوە تەماشایەکی ئێمەی دەکردو ڕیزێك جنێوی ڕەوانە دەکرد. سەیدسادقو سەراومان بەجێ هێشت، لەنزیك گوندی گرێزەدا، ئەسعەد کە تەمەنی چوار ساڵ بوو، هاواری کرد: دایە میز دەکەم

دایکم: معاون گیان، ئەم کوڕە میزی دێت، تۆزێك ڕاوەستە با میزەکەی بکات.

معاون عەلی وەك سەگ ڕشایەوە: سەگی سەگباب، کەی وەختی میزە، بیشمرێت من ناوەستم.

دایکم هاواری کرد: خوای گەورە لەناوت بەرێت، منداڵ کاتو ناکاتی بۆ نییە، خۆمان فڕە دەدەینە خوارەوە نەوەستیت.

معاون وا پێی لە ئیستۆپ توند کرد خەریك بوو ئەوانەی دوواوە لە جامی پێشەوە بچنە دەرەوە. ئۆتۆمبێلی وەستاند، خۆیو دوو پاسەوانە پۆلیسەکە دابەزین. جنێوبارانی دایکمی کرد: دابەزن، ملتان بشکێنن، خێرا با میزەکەی بکاتو سواربینەوە.

دوای ئەوەی ئەسعەد میزڵدانی ئاسودەبوو، سەرکەوتنەوە. معاون ڕۆشتەوە پشتی سوکانەکەو ئۆتۆمبێلی تاودایەوە. بە نیو کاتژمێری تر خۆی کرد بە ناو سلێمانیدا. ڕاستەوڕاست بەرەو بەندیخانەی گەورەی سلێمانی بەڕێکەت، کە لەسەرووی جادەی پیرەمێردەوە بوو. دەرگای گەراجیان بۆلادا، بە پڕتاو خۆی کرد بە حەوشەی بەندیخانەکە دا. پۆلیس هاتنە پێشەوە. معاون عەلی بە خۆیو ئەوراقی دەستیەوە چووە ژوورەوە بۆ کارگێڕی بەندیخانەکە. پۆلیس ئێمەیان ڕاپێچی ژوورەوە کرد. کە چوینە ژوورەوە، قاوشێکی گەورە بوو، پڕ بوو لە ژنو منداڵو پیاوی پیرو کوڕی هەرزەکار. زیندان زڵەی دەهات، تاوێ نا تاوێ چەند خێزانێکی تریان دەهێنایە ئەوێ. شەهلا چاوی بۆلای گۆشەیەکی قاوشەکە گێڕا، هاواری کرد: دایە دایە ئەوە پورە دلوستانە.

دایکم: کوا ڕۆڵە لە کوێیایە؟

ئەوەتا لەو گۆشەیەدان.

دایکم سەری بۆ ئەوە لایە وەرچەرخاند کە شەهلا ئاماژەی بۆ کردبوو. چەند ژنێك پێکەوە دانیشتبوونو منداڵەکانیان بەو ناوەدا پەرشو بڵاو بووبوونەوە. پەرەو ئەو جێگایە چوو، هاواری کرد: دلوستان گیان، ئەوە ئێوەن؟

پوره دلوستان: ئافتاو گیان، ئێوه کەی هاتن؟ ئەی کوا منالّەکانت؟

دایکم بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە باوەشی بە پوره دلوستاندا کردو بە گریانو شیوەن ماوەیەك سەریان لەسەر شانی یەك دانابوو وتی: ئەوە منالّەکانە بە قوربان، لای ناهیو بەهیەو ڕابە دانیشتوون. ئێمە چوار مالّ پێکەوەین.

پوره دلوستان: ئەوەتا ئێمەش زۆرین، ئەم خوشکانە بەدریە خانمو سەبریە خانم خوشکەکانی دکتۆر ڕەزانو ئەوەش پوره سەلمای دایکیانە. ئەو ژنەش گەردە خانم خێزانی کاك حەمە ی حاجی مەحمودی گولّەخانەیە. ئەوەش عەتیە خانم خێزانی کاك حەمە ی حاجی سابیرە. بەو شێوەیە یەکە یەکە ژنەکانی هاوەلّی بەدایکم ناساندو هاوخەمی خۆیان بۆیەك دەربڕی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٦/١١/١٣ چەند شەوو ڕۆژێك لە بەندیخانەی گەورەی سلێمانی بوین. لە هەموو شوێنێکەوە ژنو منالّو کەسوکاری پێشمەرگەیان هێنا بۆ ئەوێ. جێگا نەما کەسی تری تێ بکەن، چونکە جێگاکە توانای لەخۆگرتنی چەند سەد بەندییەکی دەکرد, جگە لە ئێمەش کە بە هۆکاری سیاسی دەست بەسەر کرابوین، کەسانێکی زۆری تریش لەوێ بەهۆی تاوانی جۆراو جۆرەوە بەند کرابوونو چاوەڕوانی بڕیاری دادگایان دەکرد. وە زۆرێك لەوانیش بڕیاری دادگایان لەسەر دەرچوو بوو. جێگاکە دەبوایە چۆلّ بکرایە بۆ ئەو بەندیانەی ڕۆژانە دەهێنران بۆ ئەوێ.

بەیانییەك پێمان ڕاگەیەنرا کە خۆتان کۆبکەنەوە، دەتانبەین بۆ جێگایەکی فراوانتر کە پێی ناوترێت زیندان، لەوێ بە ئاسودەییو دوور لە سزادراوانی تاوانە جۆربەجۆرەکان بۆ خۆتان دەخۆنو دەخەون، ئەو جێگایە ئێمەی بۆ دەبراین، نەخۆشخانەی سیلەکەیان پێ دەوت.

ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی بەندکراویان هێنا کە قەفەسی ئاسن بوو. کاتێك ئەو چەند مالّەی پێکەوە بوین سواری ئۆتۆمبێلەکە بوین، پۆلیس دەرگای قەفەسەکەی داخست، دەرگای قەفەسەکە کێشای بەسەری ئەسعەدی برام داو زیرەی لێ هەستاند، لەگەلّ هاواری ئەودا دایکمو دادە ناهی دەستیان کرد بە هاوار، پۆلیس ڕای کرد بەپەلە دەرگایان کردەوەو سەری ئەسعەد کە شەلالّی خوین بوو بە پەڕۆیەك کە لە جلو بەرگەکانی خۆیان کردەوە، بەست. دەنگی گریانی ئەو منالّەو ژنەکان حەشرێکی بەرپا کرد. منالّیکی چوار سالّە لە ئازاردا دەتلایەوەو نە دەرمانێك، نە لەفافێك، بوونی هەبوو. ئەگە ئەو پارچە قوماشەش نەبوایە کە لە جلەکانی خۆیان کردەوە تا دەگەشتینە ئەو شوێنە خوێنی لەبەر دەڕۆشت. بەو شێوەیە کەس نەیزانی چۆن گەشتینە زیندانی نوێمان. لەوێ دایان گرتینو براینە ژوورەوە. جێگایەکی ساردو بۆنی شوێنی هەلّگرتنی تەرمی لێ دەهات.

له ١٩٧٦/١١/٣٠ دوای تێپەڕبوونی بیستو دوو ڕۆژ له بەندیخانەی گەورەو نەخۆشخانەی سیلەکە. بەیانیەك لەخەو هەستاین، گرمەیەکی زۆر لەدەرەوە دەهات. گەورەکان کەوتنە جم وجوڵو مقۆ مقۆ، دەبێت ئەم گرمە زۆرە چی بێت؟ لەپەنجەرەوە تەماشای دەرەوە کرا، پاسێکی زۆری هەژدە نەفەری له دەوروبەری خەستەخانەکە ئیشیان دەکردو نەیان کوژاندبووەوە. چاوەڕێکی سەرخستنی سەرنشینەکانیان دەکرد. پرسیاریان له پاسەوانەکان کرد: کاکە برا بێ زەحمەت، ئەو پاسانە چیە هاتون لێرە وەستاون؟

هیچ نییە، بڕیار وایە ئازاد بکرێنو بتانبەنەوە بۆ شوێنی خۆتان. ئەمە وتەی پاسەوانێك بوو.

گیییییان. سوپاس بۆ خوا، ئازاد کراین. بەندییەك وای وت.

ئەڵاهو ئەکبەر، بەربویین، خوایە له تۆ بەزیاد بێت، نەجاتمان بوو. ئەمە قسەی ژنێك بوو.

هەندێك له بەندییەکان هێشتا دڵنیا نەبوون، لەو قسانە فریویان نەدەخوارد، بەو سانایيە بەربدرێن، بە ئیشارەت پەرستارێکی نەخۆشخانەکەیان تێگەیاند، کە ئەو پاسانە چیین؟ پەرستارەکە ئاگای لەبارودۆخەکە بوو وتی: ماڵتان کاول بێت، پێکەنینو خۆشیتان له چییە، بۆ ناسرییەی باشوری عێراق دەبرێن.

دوای قسەی پەرستارەکە، بوو بە شیوەنو گریانێك، وەکوو ڕۆژی حەشر کەس ئاگای له کەس نەما. هەر خێزانێك بۆ خۆی دەگریاو له خەفەتی خۆیدا بوو.

پۆلیس بەم شیوەنو گریانەیان زانی هاتنە ژوورەوە:

ئەوە چییە ؟ چی ڕوی داوە؟ بۆچی وا کردوتانە بە شیوەنو گریان؟

بەندییەکان: بۆچی نەگرین، مەگەر بڕیار نییە بمانبەن بۆ خوارووی عێراق؟ ئەم درۆو دەلەسەیە چییە، بەرتان دەدەنو دەڕۆنەوە بۆ شوێنی خۆتان!

نا بابە گیان هەرکەس ئەو قسەیەی کردووە، درۆ دەکات. ئێوە بۆ ماڵ دەگەڕێنەوە. ئەمە قسەی ئەفسەرێکی پۆلیس بوو.

کەس باوەڕی بە قسەی ئەفسەر نەکرد، هەموو خۆیان بۆ سەفەرو چارەنوسێکی نادیار ئامادەکرد.

چەند کەسێك لەدەرەوەی بەندیخانەکە هاتوچۆیان بوو، پۆلیسو پاسەوانەکان دووریان دەخستنەوە لەو شوێنە. ئەوانە بۆ هەواڵی ئێمە هاتبوون، بزانن بەرەو کوێمان دەبەن. پاش تێپەڕبوونی نیو کاتژمێر، ژمارەیەکی زۆر ئەمنو پۆلیس بەدارەوە خۆیان کرد بە ناو بەندییەکاندا. وە ژمارەیەکی زۆریش له دەرەوە خۆیان بۆ هەر ئەگەرێکی پەلاماردان له لایەن ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە ئامادە کردبوو. ئەو ناوەیان بە تەواوی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. بە شەقو پاڵ هەرچی پیاوو ژنو منداڵ هەیە، بەرەو پاسەکان ڕاپێچ کران. قیژەی ژنو منداڵ ئەو ناوەی گرتبوو، خەڵکی سلێمانی وێڕای ئەو پەرژینە ئەمنییە توندوتۆڵە ڕژانە ناوچەکە، هەموو دەستیان بە گریان کردبوو. سڵاوی خواحافیزییان دەکردو هاوخەمی خۆیان دەردەبڕی. نزیکەی سی پاسی هەژدە نەفەری پڕ کرا له بەندکراو، وە نێوان هەر دوو پاسێکیش

ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن یاوەری دەکرد. فەرمانی جوڵەیان بۆ قافڵەی ئۆتۆمبێلەکان دەرکرد. هەموو ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل بەدوای یەکەوە، لە وارگۆنی شەمەندەفەر دەچوو، خۆی درێژ کێشابوو، بۆ گەشتێکی دوورو درێژ.

ئێمەی منالّ کە سنوری جوگرافی دوورکەوتنەوەمان لە زێدی خۆمان تەنها سلێمانی بوو. بەو ڕێگا دوورو درێژە ئاشنا نەبوینو خێرا ماندوو بوین. لەم شارەوە بۆ ئەو شارو لەوێوە بۆ شارۆچکەیەکی تر، لە ناوچەیەکی شاخاوییەوە بۆ دۆلّ وبانو تەپی بچکۆلەو لەوێوە بۆ بیابانو زەوی تەختو بیّ ئاوو لماوی. لە داری توو و گوێزو بەڕووەوە بۆ داری خورماو زۆنگاو و زەلکاو. هەموو ئەو دیمەنانە ئێمەی لەگەلّ خۆیدا بردبووە دنیایەکی ترەوە. وەك ئەوە وابوو لە دنیاوە بەرەو قیامەت براین. هەموو ئەو نەمامە ناسکانەی باکوری ولاّت نامۆ بوون بە ئاوو هەوای باشورو هەموو تەنگە نەفەس ئەهاتنە بەرچاو. نزیکی شاری دیوانییە بوینەوە خۆر لە نیشتندا بوو، چونکە شوێنەکە تەختو بیابانە، هاوارم کرد: دایکە. دایکە. خۆرەکە کەوتە سەر زەوی!

هەموو منالّەکانی تریش وەکوو من چاویان ئەبلّەق بوو بوو. هەموو تەماشای دیمەکانی دەرەوەیان دەکرد، ئەوانیش چاویان بڕیبووە خۆرەکەو پیّ دەکەنین.

دایکم بە کزێکەوە: ڕۆڵە گیان ئێرە بیابانە، خۆر بەو شێوەیە ئاوا دەبێت. لای خۆمان هەموو شاخو کێوە بۆیە پێش ئەوەی خوار بێتەوە لە پشتی شاخەکەوە ئاوا دەبێت.

دوای ئەوەی یەك ڕۆژ لەناو ئۆتۆمبێلدا بوین، بەشەوەکەشی هەر بە ڕێگاوە بوین. لە سەعات هەشتی شەودا گەشتینە مەرکەزی پارێزگای ناسرییە لە باشوری عێراق. سەرنشینەکان هەموو شەکەتو ماندوو، چونکە هێشتا ڕێگای وامان نەبڕیبوو، هەموومان قاچمان ئاوسابوو. کە دابەزین کەس قاچی نەدەچووە ناو پێلاّوەکانی. دوای تێپەربوونی چەند شەقامو گەڕەکێك کاروانی ئۆتۆمبێلەکان لەبەردەم زیندانی گەورەی ناسرییەدا وەستا. لە پاسی یەکەمەوە دەستکرا بە داگرتنی بەندییەکان، لە دەرگایەکی نزمەوە لەبەر چاو ون دەبون. کاتێك سەرەی پاسی ئێمە هات، ترسێك دایگرتین وەك ئەوەی بەرەو پەتی سێدارە ببرێین ئاوا بوو. هەرکەس دەچووە ژوورەوە نەدەگەڕایەوە. کاتێك بۆ دەرگای یەکەم براین، دەرگایەکی نزم بوو، دەبوایە مرۆڤ چەند بالاّشی کورت بوایە خۆی بچەمانتایەتەوە بۆئەوەی سەری بەر چوارچێوەی دەرگاکە نەکەوێت. دوای ئەوە دەرگای دووەمیش دوای چەند مەترێك. پاشان دەرگای سێهەمو چوارەمو پێنجەم، دواتر لە دەرگای شەشەمەوە چوینە ناو حەوشێکی چۆڵی بۆگەن. دەرگای ژوورەکان لەسەر ئەو حەوشەیە بوون. چەند ژوورێك لەوانە پڕ بوون لە زیندانی عەرەب، کە لەسەر تاوانی ڕەوشتو کوشتنو دزی گیرابوون. بەندکراوە کوردەکان کاتێك ئەوانیان بینی وتیان ئێمە ناچینە ئەم ژوورانەوە تاوەکوو ئەم زیندانییە پیاوانە لێرەدابن. سیّ سەد کەس لە ژنو منالّو کوڕی مێردمنالّ، لە حەوشەدا مانیان گرت. کەس سیّ ڕۆژ مان گرتن

بەردەوام بوو. هەموو برسیو نەخۆش، هەرچی منالْ بوو نەخۆش کەوتن. پۆلیس نانەڕەقەی لەناو حەوشەکە بلاّو کردەوە. هەر کەس دەستی بۆ ببردایە بە شەقو دار تێی بەر دەبوون. وەکوو جەنگێکی دەروونی مامەڵەیان لەگەڵ گەورەو بچوك دەکرد. دوای سێ ڕۆژ بڕیاریاندا زیندانییە عەرەبەکان بگوێزنەوە بۆ ژوورەکانی پشتەوەو پەیوەندیان بەم حەوشەیەی پێشەوە نەمێنێت. بەو شێوەیە کۆتایی بە مانگرتن هاتو چوینە ژوورەکانەوە. ئەوانەی کە خزمو ناسراوی یەکتری بوین، کراینە یەك ژووری پێنج بەشەش. کە ژمارەمان هەشتا کەس بوو. سێ ژوری تریش هەشتا هەشتا پڕ کران. هەرکە چوینە ژوورەوەو دەرگایان لەسەرمان داخست، ئەسپێ بەربووە گیانمان.

ئەو ژوورەی کە وەك ژوورێکی ئاسایی مالاّن وابوو، هەشتا کەسی تێدابوو. هەرچەند مالّێك، مەوجێکیان ڕادەخستو لەسەر ئەو مەوجە کۆدەبونەوەو نە دەبوایە سنور ببەزێنن. چونکە دەچونە ناو سنوری چەند مالّێکی ترەوە. ئێمەو مالْ پورە دلوستانم، هەشت کەس بووین، کەسێکیتریش بە ڕێگاوە بوو، تەنها مانگێك یان چل شەوی مابوو بێتە دنیا، بەوەش دەبوین بە نۆ کەس.

دەرگای ژوورەکە موشەبەك بوو. ئەگەر ژمارەی زۆری بەکاربردنی ئۆکسجین نەبوایە لە دەمی هەشتا نەفەرەوە دەردەچوو، ژوورەکە گەرم نەدەبوو. چونکە هیچ ئامێرێکی گەرم کەرەوەی تێدا نەبوو. هەموو چەند مالّێکیش لەسەر پارچەیەك مەوج دەیانخواردو دەخەوتن. هیچ مەرجێکیکی تەندروستی لەو زیندانەدا نەبوو، بۆنی ناخۆش، ئاوی سارد، مامەڵەی خراپی پاسەوانو بەرپرسی زیندانەکە، هەمووی بوو بە هۆی نەخۆشی جەستەییو دەروونی. ئەسپێ وەکوو شارە مێرولە ڕێگای دەکرد. سەرو لاشەی هەرچی ژنو منالّو مێرد منالْ هەیە پڕ بوو لە ئەسپێ. هیچ جۆرە دەرمانێکیش نەبوو تا ئەسپێکانی پێ قڕ بکرێتو لەناو ببرێن. ئاوی گەرمیش نەبوو، تا ئەو خەڵکە خۆی پێ بشوات. بە تەواوی هەموو دەرگایەکی ئومێد داخرابوو.

وە ١٩٧٦/١٢/٢ جەژنی قوربانی پیرۆز بوو، ئێمە جەژنمان لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان دەکردو هەرئاگاشمان لەوە نەبوو جەژنە یان جەژن نییە.

١٩٧٦/١٢/١١ زەوی لە خولانەوەی خۆی بەردەوام بوو، لەو ساتەوەی پێمان خستبووە ناو سجنە بۆگەنە، دە جار بە دەوری خۆیدا خولابویەوەو دە شەوو ڕۆژی دروست کردبوو. زیندانیەکان چلّکنو بۆن ناخۆش. ئەسپێ دەیان خانەخوێی چەوری مفتی لەبەردەستدا بوو، بەئارەزووی خۆیان خوێنیان هەڵدەمژیو گەرایان دادەنا. ژنان بەردەوام خەریکی ئەسپێ کوشتن بوون. بەهیچ شێوەیەك بن بڕ نەدەبوون. دادە ئامینە خێزانی شەهید ڕەوفی خەلیفە سەعید، سەری منالّەکانی بژنی بوو، ویستی بچێت لە دەرەوە ئاوێك بکات بە دەستیدا، پاسەوان دەرگای نەدەکردەوە. ئەمیش زۆر پەستو بێزار بوو، دوو سێ جنێوی گەرمی بۆ پاسەوانو حزبی بەعس هەڵدا. کابرای پاسەوان تێگەشت جنێو باران دەکرێت، دەرگای کردەوە، بە

سۆندەکەی دەستی بەربووە گیانی دادە ئامینە. ئەوەندەی لێدا تا شلوکوتی کرد. ژنەکان هەموو پەلاماری پۆلیسەکەیان داو لە ژێر دەستی دەریان هێنا. ئەمەش تاوانی ئەسپێی دوابڕاو، خوێنی هەڵدەمژینو بە فەلاقەشی دەداین.

دوای ماوەیەك پەتای سك چوون، لەناو هەموو بەندییەکاندا بڵاوبویەوە. لە ژنو منالو گەورە کەس نەمابوو توش نەبێتو ڕۆژی دەجار بۆ سەر ئاوی نەفرێنێت. کاك حەیدری علەی شیعە لەناو کوڕەکاندا لە هەمووی گەورەتر بوو، سکچوون زۆری بۆ هێنا، پۆلیسیش لەو کاتەدا بەڕق کەوتن دەرگایان نەکردەوە. کاك حەیدەر تەواو زۆری بۆهات نەیدەزانی چی بکات! ناچار وتی: ژنەکان ڕەحمەتتان لێ بێت چاوتان بنوقێنن من لە دەرگا شەبەکەکەوە ئەتوڕێنم.

ژنو منالْ هەموو پشتیان هەڵکرد، کاك حەیدەر پشتی نا بە دەرگاکەوە بۆ دەرەوە خۆی ڕزگار کرد. پۆلیس هاتن دیسان لەسەر ئەوەش دارکاری کاك حەیدەریان کرد. کە بۆچی ئەو ناوەی پیس کردووە.

زۆرچڵکن بوین بۆنی لاشەمان دەهات، دایکم ویستی لە حەوشی بەندیخانەکەدا لەبەر ئەو بەلوعە ساردە بمانشوات. چار نییە دەبێت ئەوە بکات. منو ئەسعەدی برد بۆ شتن، یەکەم جار منی ڕووت کردەوە سۆندەی ئاوی ساردی لەسەر سەرم کردەوە. هەموو لەشم بوو بە تەختە. هەناسەم بەرودوای نەدەکرد. سابونی دا لەسەرم هیچ کەفێکی نەبوو، لە ئاوی ساردا صابون کەف ناکاتو چڵك پاك نابێتەوە. ئەو خۆشتنە تەنها لابردنی بۆنو بەرامەی ناخۆش بوو، ئەگینا چڵكو ئەسپێ وەکوو خۆیان باقی بوون. ئەو خۆ شتنە تەنها منالەکانی دەگرتەوە، ئەوەش دەبوایە چەند دەقیقەیەکدا تەواو بکرایە. ئەگەر ژنێك بە دەست وبرد نەبوایەو کاتەکەی تەواو ببوایە پۆلیس بەخۆیو منالی کەفاوییەوە دەیانکردە ژوورەوە. ژنەکان هیچ بەختی ئەوەیان نەبوو وەکوو منالەکانیش خۆشتنێکی ئاوایان بە نسیب بێت. چونکە ئەو بەشەی ئێمە گەرماوی لێ نەبوو.

ئەو ژوورەی ئێمەی لێ بەند کرابوو، لە پشتییەوە ژوورێکی تر هەبوو. زیندانییە عەرەبەکانی پێش ئێمە کونێکی بچوکیان بە قەباری شمشاڵێك کربووە دیوارەکە. ئەگەر دەمت بنایە بە دیوارەکەوە، یەکێکیش لەو دیوەوە گوێی بنایە بە کونەکەوە دەتوانرا قسە ئاڵوگۆڕ بکرێت. دیوارەکە قایمو ئەستور بوو، کونی هەردوو دیو لە ئاستی یەك نەبوون، کەس یەکتری نەدەبینی تەنها قسە ئاڵوگۆڕ دەکرا. پێشتر ئەو ژوورە ژنی عەرەبی تیدا بەند کرابوو. شەوانە سەمایان دەکردو گۆرانییان دەوت. هەرگیز بێزار نەدەبوون لە جرتو چەقەنە. بەدرێژایی ئەو دوو هەفتەیەی سەرەتا کە ئێمە لەو ژوورەدابوین هەموو شەوێ ئەو دەنگە بەردەوام بوو. ئێمە دەبوایە لەگەڵ ئاوازی ئەواندا چاومان بچوایەتە خەو. خەویش چۆن خەوێك. وەکوو پولی دۆمینە هەموو تێهەڵکێش دەخەوتین. گەورەکان تێر بە دڵی خۆیان نەدەخەوتن، چونکە جێگاکە ئەوەندە تەسك بوو جێگای ڕاکشانی ئەوان نەدەبویەوە. دەیانتوانی بە دەستنوێژی عیشاوە

نوێژی بەیانی بکەن. شەوێك دەنگی ژنە عەرەبەکان نەما بوو، هەموو سەریان لەوە سوڕما، کە بۆچی ئەمشەو دەنگ نایە؟ ژن گەل کەوتنە پرسیار کردن:

تۆ بلێی دەرمانی بێ هۆشییان بۆ کرابێتە ناو خواردنەوە؟

ئەی ئەگەر وایە ئەو دەنگی پیاوانە چی دەکات لەوێ؟

ئەرەوەڵا ... بەخوا پیاوەکان بە کوردی قسە دەکەن.

چی؟ کوردن ؟ مادەم کوردن، یەکێك لەو کونەوە پرسیارێك بکات، با بزانین ئەو پیاوانە کێن؟

ئادەی حەیدەر گیان، تۆ پرسیار بکە.

کاك حەیدەر دەمی نا بە کونەکەوەو قیژاندی: ئێوە کێن؟ کەی هاتوون؟

یەکێك لەو دیو وەڵامی دایەوە: ئێمە کوردین، لە سلێمانییەوە هاتوین، ئەی ئێوە کێن؟ کێتان لەگەڵدایە؟ ژنو منالّتان لەگەڵدایە؟

کاك حەیدر: بەڵێ ئێمەش لە هەڵەبجەو شارەزوورەوە هاتوین. دیارە ئێوەش کەسوکاری ئێمەن.

کاك حەیدەر ناوی زیندانییەکانی یەکە یەکە هەڵدا، ئەوانیش ناوی خۆیان بەم دەوت. بەو شێوەیە پیاوەکانیش هەموو باوكو برای پێشمەرگە بوونو لە کاروانێکی تری دوای ئێمەدا هێنابونیان.

مامە حاجی مشیر دەمی نابوو بە کونەکەوە: دلوستان، ئافتاو، بەهیە، ناهی، ژنەکان، خەم مەخۆن من باشم لێرە لە تەنیشتانم، إن شاء الله خوای گەورە دەرووی خێرمان لێ دەکاتەوە.

پورە دلوستان: مامە گیان، بێ خەم بە، ئێمە شوکر باشین، ژنەکان هەموویان سەلامت لێ دەکەن، دەستت ماچ دەکەن.

دوای مامە حاجی مشیر، پیاوەکانی تریش هەموو هەواڵی کەسو کارو ماڵو منالّی خۆیان پرسیو لە حاڵی یەکتر خەبەردار بوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## هاتنە دنیای پەپولەیەك لە بیابان

١٩٧٦/١٢/١٩ ئەسیر شەوکەت حاجی مشیر لە زیندانی ناسرییە لە دایك بوو. سروشتی دنیا وایە، ئەو کەسانی لە ناو نازو نیعمەتدان شەوو ڕۆژیان زۆر بە خێرایی لەلا تێپەڕ دەبێت. بەڵام ئەوانەش خەفەتبارو لە سزاو ئازاردابن بە پێچەوانەی ئەوانەی پێشوو، هەر شەوو ڕۆژێکیان لێ دەبێت هەفتەیەكو لە جێگای خۆیدا دەچەقێتو ناڕوات. ئێمەی زیندانیش چونکە جێگاو خواردنو خەوو تەندروستیمان باش نەبوو شەو ڕۆژمان بە مانگ لێ دەگوزەرا. بەروار نۆزدەی کانونی یەکەمی ساڵی (٧٦)ەو نزیکەی بیست ڕۆژێکمان لە سجنە بۆگەنە بەڕێ کردووە. باری تەندروستی گەورەو بچوك بە تەواوی شێوابوو، بزەو شادی لە دەم وچاوی کەسدا نەدەخوێندرایەوە. هەموو کزو داماوو ماتو مەلول، بەدوای کلاوڕۆژنەیەکی ئومێد

دا دەگەڕاین. ئەو خۆراکانەی دەهێنرایە زیندان، هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبوو. منالّ هەموو قژ درێژو چلّکن، ئەسپێ بە ڕۆژی ڕوناك بەلاملی هەموماندا دەهاتە خوارەوە. لە ناو ئەم ژوورە تەسکەدا کە جێگای قاچ ڕاکێشانی تێدا نابێتەوە، پورە دلوستانم کە خێزانی کاك شەوکەتی حاجی مشیر بوو، پێش ئەوەی لە گوندی تەپی سەفا دەست بەسەر بکرێن دوو مانگی مابوو منالّی سێهەمیان بێتە دنیاوە. ئەوە بوو لەم ڕۆژە ناخۆشەی ناو زیندان‌دا کاتی منالّ بوونی هاتە پێشەوە. ژنەکان داوایان لە پاسەوانو بەرپرسەکانی زیندان کرد، کە ئەم ژنەی لەگەڵماندایە ژان دەیگرێتو خەریکە منالّی دەبێت. با هیچ نەبێت ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنی بۆ بانگ بکرێتو ببرێتە نەخۆشخانە. بەلاّم ئەو داوایەش ڕەد کرایەوەو دەرگای زیندانیشیان بەڕوودا داخستین. ناچار ژنەکان لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا بەتانییەکیان بەدەوری پورمدا گێڕایەوەو هەموو ئەوانی تریش لە شوێنی خۆیاندا بەبێ دەنگ خۆیان کرد بە ژێر جێگاوە. بەم شێوەیە ئەسیر هاتە دنیاوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٦/١٢/٢٢ کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عەبدولعەزیز پاڕەزانی. شایانی باسە ئەم زانا پایەبەرزە خاوەنی کتێبی سیرەی پێغەمبەرە درودی خوای لەسەر بێت، وە چەندین سالّ لە مەدرەسەی حاجی مستەفای یاروەیسیدا لە تەپی سەفا وانەبێژ بووە. لەم وێنەیەدا کەلە سالّی ١٩٥٣ لە گوندی تەپی سەفا گیراوە، مامۆستا شێخ عەزیزی تێدایە لەگەڵ چەند مامۆستاو فەقێی تر کە زۆبەیان




دەناسرێنەوە لەوانە: مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز، مامۆستا ڕەشید غولاّمی، مامۆستا مەلاکەریم مۆردینی، کە ئەو کات فەقێ بوون لە خزمەت مامۆستای پارەزانی، حاجی مشیر، کاك عەبدولاّی شامراد، کاك محەمەدی حاجی موشیر، کاك شەوکەتی حاجی موشیر کە یەکێك لە منالەکانە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی سالّی ١٩٧٧

کۆتایی مانگی شوباتی سالّی حەفتاو حەوت بوو، تەنها لە سەر کێوەکان بەفر دەبینرا. ئاسمان سافو بێگەرد، شنەی هەوایەکی خۆش گولاّلە مۆرە بەهارییەکانی خستبووە سەما، فەرشێکی سەوز لە ژێر پوشو پاوانی پایزی ڕابووردووە ڕاخرابوو، چرۆی سەوزە دەنوك سورەکان تێکەلاّو بە گولّە ئالّ وسپییەکانی دارە بەردارەکان بوو بوو. ڕیزێك مەل بە ئاسمانەوە قەتاریان بەستبوو، پۆلێ پێشمەرگە ش لە خوارەوە بە

فەرووی بەریانەوەو بە گۆچانی دەستیانەوە، تفەنگ لەشان بەناو گوندەکانی شەمێراندا ڕێگایان دەبڕی. ڕێگایان دوور، بەڵام ئامانجیان پڕ بایەخو بەهادار بوو.

شۆڕشی نوێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتر دەبوو، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە شاخ دەکردو دەبوونە پێشمەرگە. یەکێتی وەکوو هێزێکی نوێ لەناو جەماوەرەوە سەری هەڵدابوو، زیاتر شۆڕی چینی کرێکارو هەژاران بوو، تا ئەوەی لەلایەن بنەماڵەو دەرەبەگەوە قۆرخ بکرێت. کەسانی سادەو ساکارو بێ پشت دەیتوانی لە ناو ئەو حزبەدا بگاتە سەرکردایەتی، یان فەرماندەی هێزێکی گەورە بکات. لەلایەکی تریشەوە هێزە پەرتەوازە بووەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژێر فەرماندەییەکی کاتیدا خۆیان ڕێك خستبووەوە، کە پێیان دەوتن سەرکردایەتی کاتی (القيادة المؤقتة). لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای کوردستاندا پێگەو بارەگایان هەبوو. بەڵام ئەم دوو هێزە، دانولەیەیان لە یەك مەنجەڵدا نەدەکولا. هەر لەسەرەتاوە کەوتنە دژایەتی کردنی یەکتریو جار جار شەڕو پێکدادانی سەربازی ڕووی دەدا، وە کوژراوو بریندارى لێ دەکەوتەوە. لێپرسراوە سەربازییەکانی هەردولا ڕۆڵیان هەبوو، لە کپ کردنەوەو ڕووبەڕوو نەبوونەوەی یەکتریداو خۆلادان لە یەکتری بۆ ئەوەی هیچ نەبێت خوێنی چەند کەسێك بە ناحەق نەڕژێت. یان بە پێچەوانەوە دەبونە هۆکاری کوشتنی کورد بە دەستی کورد. زیاتر کەسە بنەماڵەییو عەشایەرییەکان هەستیان بەم بەرپرسیارییەتییە دەکرد. بەڵام کەسانی ئایدۆلۆجی چەپڕەو کە کە شیعاری ئازادیخوازییان بەرزدەکردەوەو ئایینیان بەیەکجاری وەلا نابوو، سڵیان لە کوشتنی سوپایەکی بەرامبەر نەدەکردەوەو هۆکاری کارەساتی دڵتەزێنو دڵهەژێن بوون. ناکرێت بە تەنها ئۆباڵی ئەم نەهامەتییانە بخرێتە سەر شانی لایەنێکی دیاری کراوو ئەوی تر بە ئەستۆ پاکی دەربچێ. پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای هەرەسی حەفتاو پێنج، پێی خۆش نەبوو هیچ هێزێك لە ناو هەرێمی کوردستاندا، ببێت بە جێگرەوەو میراتگری. وە سەرکردایەتی ئەو هێزەش بەدەستی چەند کەسێکەوە بێت کە پێشتر لە هەناوی خۆیدا پێگەیشتبوون. لەلایەکی ترەوە، ناوچەگەرێتی لە سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی کورددا ڕۆڵی خۆی هەبوو. بارزانییەکان بە ڕێبەری خوالێخۆش بوو مەلا مستەفای بارزانی بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەژموونی خۆیان بەسەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا سەپاندبوو. هەرگیز پێیان خۆش نەبوو ڕێبەرایەتی شۆڕش بکەوێتە ناوچەی سلێمانی کە سۆرانی نشینەو بە تایبەت تریش بکەوێتە دەستی مام جەلال، کە چەند ساڵێك وەکوو نەیاری ئەوان سەنگەری لێ گرتبوون. هەربۆیە لەسەرەتاوە نییەتێکی باش بۆ هەماهەنگی نەبوو. ئەگەر تەماشای دیوەکەی تری پێکەوە نەسازانی ئەم دوو هێزە بکەین. ئەوا ناکرێت باسی ڕۆڵی سەلبی تەوژمێکی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەکرێ، کە هۆکار بوون بۆ زیاتر ئاڵۆزاندنی کێشەکەو داخستنی دەرگای گفتوگۆو لێك گەیشتن. ئەم تەوژمە لەبەر ئەوەی بە بیروباوەڕێکی چەپی توندڕەوەوە

هاتبوونه ناو شۆڕش، هیچ هێزێکی کۆنەخوازیان پێ قبوڵ نەبوو، کە بۆنی دەرەبەگایەتیو عەشایەری لێ بێ. بەهیچ شتێك ڕازی نەبوون جگە لە سڕینەوەی بەرامبەر نەبێ.

قادری حەمە ساڵح تاوگۆزی یەکێك بوو لەو فەرماندە سەربازییانەی پارتی پێش هەرەسو قیادە موەقەتەی دوای هەرەس. ئەو بە هێزێکەوە لە ناوچەی تاوگۆزی تەسلیم بە ڕژێمی بەعس نەبویەوەو بڕیاری دابوو درێژە بە شۆڕش بدات. کەسێك بوو دەتوانرا وتووێژی لەگەڵ بکرێو گوێی لێ بگیرێت. قادر حەمە ساڵح لەناوچەکەی خۆی بنکەو بارەگای هەبوو کە ئەو شوێنەش پێی دەوترێت ناوچەی تاوگۆزی[1].

هێزێکی یەکێتی لە پێشمەرگەو فەرماندە ئازاکان بە سەرپەرشتی ڕەوف بەگی قلیجەو یاوەری شەوکەتی حاجی موشیرو یونس محەمەد عەلی ناسراو بە هاوارو دلێر جافو عومەر حەمە ساڵح



بەشارەتیو مامە ڕەشەی کەچەو چەند پێشمەرگەیەکی تر سەردانی قادری حەمە ساڵح دەکەن، ئەوەش لە ڕێگای ڕەوف بەگەوە بووە، چونکە لەگەڵ قادری حەمە ساڵح دا تێکەڵاویو خزمایەتی نزیکیان هەبووە. لەو سەردانەدا کە چەند ڕۆژێکیان پێ چووە، هەردوولا ڕێك دەکەون هەماهەنگیو هاوکاری یەکتری بکەنو بەسنوری یەکتردا تێپەڕ بنو هیچ کۆسپو تەگەرەیەك بۆ یەکتر دروست نەکەن. بەڵام دواتر بە بۆنەی هێزێکی تری یەکێتییەوە ئەو متمانەیە شێواو پوچەڵ بویەوە، چونکە چەند کەسێکی پارتییان لە کاتی میوانداریدا کوشتو خیانەتیان لێ کردن، ئەو ڕووداوە لە گوندی

---

١ ناوچەی تاوگۆزی، ناوچەیەکی فراوانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، سنوریان درێژ دەبێتەوە تاوەکو شارەکانی جوانرۆ و سەلاس لە پارێزگای کرماشان. وە لەگەڵ هۆزەکانی باوەجانی و کلاشی و ئیمامی و قوبادی و جوانرۆییدا هاوسنورن. لە کوردستانی باشوریش درێژ دەبێتەوە تا هەردوو شاری هەڵەبجەو دەربەندیخان. خاوەنی سی و یەك گوندن، وەکو ملە ڕەش – قەلاجێ – دۆڵی گوێزی – لاپیرسا– پری مەلا عەلی – دۆڵەتا– بانی لوان– بەشی ناوخاس – ئالیخانی– هۆزی ستە – ئاوایی حەمەجان– ملەکەوە – پوینە– گەزەنە – دریمی– بەشی مەحمود – ئەشکێ – بناوەچ– ڕەجەوی – شێخ سێڵە– گمە – پشتە– قەڵپ– مۆرتکە – بانی بۆلان– زارێن– کانی ژەنان– سەرشاتەی سەروو– سەرشاتەی خواروو– پشت قەلا– گورگەچیای شارەزوور. سەید عەبدوڕڕەحیمی تاوگۆزی ناسراو بە مەولەوی شاعیری گەورە و ناوداری کورد لەم هۆزە هەڵکەوتووە.

کانی ژەنانی ناوچەی تاوگۆزی ڕویدا.هەرچەندە یەکێتییەکان پاکانەی ئەوە دەکەنو دەڵێن: پارتی لە ڕێگەی عەزیزی حەمە ساڵحەوە ویستویەتی یەکێتییەکان بخاتە داوەوەو بەنیازی کارێك ئەو میوانداریيەیان ڕێك خستووە. یەکێتیش دەستپێشخەری کردووەو ڕووداوەکەی پوچەڵ کردووەتەوە، وە بەنیازیش نەبوون کەس بکوژرێت، بەڵام پێشمەرگەیەك تەقەی کردووەو کار لەکار ترازاوەو ئەو ڕووداوە ناخۆشەی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەم پاکانەو پاساوە هیچ لەگەورەیی تاوانەکەو قێزەونی ئەو کارە کەم ناکاتەوە. چونکە دەتوانرا خۆیان لەوەها میوانداریيەك بدزنەوەو بەدەم داوای میوانداری پارتییەوە نەچونایە.

هەر ئەم هێزە توندڕەوەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە باڵی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانو دواتر کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا خۆیان دەبینییەوە، غروری ئەوەیان هەبوو کە ئەوان باڵی زۆرینەنو دەبێ خاوەنی هەموو بڕیارێك بن. ئەم توندڕەوییە زەبرێکی کوشندەی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان داو ڕەوتێکی گەورەو بەهێزی وەکوو بزوتنەوەیان لە یەکێتی جیاکردەوە، دواتر کاك محەمەدی حاجی مەحمودیان تەنگەتاو کردو هەر ڕۆژێك بیانوویەکیان بۆ دروست دەکرد، تا بەهێزێکی زۆرەوە پەیوەندی کرد بە حزبی سۆسیالیستەوەو سنورێکی فراوانی وەکوو زنجیرە چیای سورێنو ناوچەی شارەزووری لە یەکێتی بەرتەسك کردەوەو هەژموونی سۆسیالیستی بەسەر ناوچەکەدا سەپاند.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕەشەی ساڵحو ئێوارە خوانێك لە گوندی شەکرالی

لە زیندانی ناسرییە ساڵی ٧٦ مان بەڕێ کردووو پێمان خستبووە ناو ساڵی نوێوە کە ساڵی ١٩٧٧ی زایینی دەکات، باوکم خاوەنی وێنەکە، هیچ هەواڵێکی ئێمەی نەدەزانی، لەگەڵ هەڤاڵە پێشمەرگەکانیدا شاخەوشاخو دۆڵەو دۆڵی بوو، هەر ڕۆژەی لە گوندێكو ناوچەیەك بوون. ڕۆژێك لە شارباژێڕو ڕۆژێك لە هاوارو ناوچەی هەڵەبجەو ڕۆژێك لە چیای سورێن بوون.



بەپێی گێرانەوەکانی ماڵی باوام لەوەرزی پایزی ساڵی ١٩٧٧ ئەو کاتەی هەنار پێ دەگاتو شەوگار درێژ دەبێت، باوکم (شەهید هاوار) دێتەوە بۆ شەکرالی بۆ ماڵی باوکی، خۆی دەشواتو جلو بەرگی دەگۆڕێتو پشویەك دەدات. ماڵی باوام مریشکی بۆ سەر دەبڕن لەگەڵ برنجی کوردی بە ڕۆنی خۆمانەوە بۆی ئامادە دەکەن. ڕەشەی ساڵحەی گەورەجاش بەخۆیو چەند مەفرەزە جاشێکەوە خۆیان دەکەن بە ئاواییدا.

ماڵی باوام هیچ هەواڵێکیان لەهاتنی ئەم جاشانە نییەو باوکیشم لە ژوورەوەیە. دادە ئایشێی خێزانی کاك حامیدی ئامۆزامان کە ژنێکی وریاو بەدەست وبردە، دەزانێت باوکم لە ماڵی باوامدایەو ئاگاشیان لە هاتنی جاش نییە. بەپەلە ڕادەکاتو هەواڵی جاش بە ماڵی باوامو باوکم دەگەیەنێت. تا ئەم دەگاتە ئەو

شوێنە جاش بەدوایدا خۆیان دەکەن بە ماڵی باوامدا. باوام کەسێکی بە ویقارو شۆڕەسواری زەمەنی خۆی بووە هیچ نەشڵەژاوە، فەرمووی لێکردوون بۆ ژوورەوە. ڕەشەی ساڵحەو چەند گەورە جاشێك دەچنە ژووری میوانو باوکیشم لە ژووری پشتەوە دەبێت. جاشێکیش لەدەرەوە پاسەوانی دەکات، باوام دەڵێت کوڕم خەمت نەبێت وەرە ژوورەوە ئاوایی ئێمە کەسی بۆ نایەت، ڕەشەی ساڵحە لەبەر ویقاری باوام جاشەکە بانگهێشتی ژوورەوە دەکاتو لە دەرەوە نامێنێت. دادە ئایشێ تاقمو تفەنگەکەی باوکم دەخاتە ژێر جلەکانیو سەتڵێك دەگرێت بەدەستەوەو خۆی دەکات بە پشتی ماڵدا، کەچەمو بێشە بووە، ماڵی باوام کۆتا ماڵی ئاوایی بوونو پشتەوەیان چەمو ئاوی چاوگەکەی شەکرالییە. باوکیشم بەدوای دادە ئایشێدا بەبێ تفەنگ بەرەو پشتی ماڵەوە دەڕواتو لەوێ تاقمو تفەنگەکەی دەبەستێتو بەرەو بەشارەت بەڕێ دەکەوێت. چەند هەنگاوێك دەڕواتو دەبینێت کاك حامیدی حاجی خالید بەرەو شەکرالی دێت. باوکم دەڵێت خێراکە با بەزوترین کات ئەم ناوە بەجێ بهێڵین. کاك حامید چەند هەنارێکی پێ بووە هێناویەتی پێکەوە بیخۆن، سفرەو خوانەکەیان کەوتەوە ناو چەمو توترکو جاشیش لەسەر سفرەی حازر ژەمی چەوری خۆیان حەپەلوش کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## مەرگی پەپولەیەك لە بیابان

**١٩٧٧/١/٥** ئەمیری برام لە زیندانی ناسرییە کۆچی دواییکرد. گۆڕەکەی لە قەبرستانێکدایە لە نێوان هەردوو شاری بەسرەو ناسرییەدا. بە تێپەڕ بوونی کات وزەو تینی زیندانییەکانیش کەمی دەکردو نەخۆشی زیاتر بەسەریاندا زاڵ دەبوو. بەتایبەت منالی ساوا کە هێشتا لە ناو بێشکەدا بێ، چۆن بەرگەی وەها دۆخێکی نالەبار دەگرێ. ئەمیر یەکێك بوو لەو منالە ساوایانە کە نە شیر هەبوو بیدرێتێ، نە دایکیشم بە هۆی نەبوونی خۆراکی پێویستەوە خۆی شیری هەبوو بیداتێ. وە سەرەڕای پیسو پۆخلی ناو ژوورەکەو نەبوونی هیچ مەرجێکی تەندروستی، ناکرێ منالێکی وا بە زیندویی بمێنێ. پێمان خستبووە ناو ساڵی حەفتاو حەوتەوە، ئەمیر بەرەو کزی دەڕۆشت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سیسو لاواز دەبوو. هیچ ئاو لە جەستەیدا نەما. نە حەبێك، نە شروبێك، نە ئاوێك بۆی هەڵواسرێت، نە دەرمانێکی کوردەواری، هیچ شتێك نەبوو بیخوات. نە ڕێگەش دەدرا ببرێت بۆ نەخۆشخانە. دایکمو ژنەکانی هاوەڵی بەدیار منالەوە دانیشتن بزانن کەی ڕۆحی پاکی پەپولە ئاسای بۆ لای پەروەردگاری بەرز دەبێتەوە. باجی بەدریەی خوشکی شەهید دکتۆر ڕەزا، یەخەی بەرپرسێکی گرتو ڕایوەشاند ناوی عەبد بوو: بیکە بە خاتری خوا، تۆزێك ویژدانتان هەبێت. ئەم ژنە خەریکە منالەکە لە باوەشیدا دەمرێت، بۆچی نایبەن بۆ نەخۆشخانە؟ یان هیچ نەبێت پزیشکێك بانگ بکەن شتێکی لێ بکات؟

مفەوەز عەبد: ئەوە بەدەستی من نییە، من سەرووی خۆم ئاگادار دەکەمەوە، ئەوان بڕیار دەدەن.

باجی بەدریە: ئەو خەریکە دەمرێت، تۆش هەرکات میزت کەفی کرد، دەچی پێیان دەڵێیت!

مفەوەز عەبد: کێشەی من نییە، کاتژمێر نۆ جەنابیان دێن، دەبێت تا ئەو کاتە ڕاوەستن.

دایکم هەروا بە دیار کۆرپەی نەخۆشەوە هۆن هۆن فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە. ئێمەی منالێش کزو ماتو مەلول سەرمان لەناو کۆشمان دانابوو.

کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی بوو، دوو پۆلیس هاتنو دایکمیان بە ئەمیرەوە بردە دەرەوە. بەڵام ئەمیر هیچ نەدەجوڵایەوەو لە پەلوپۆ کەوتبوو. نەیانهێشت کەسی تر لەگەڵیدا بچێت. دوای ئەوەی چووبوونە نەخۆشخانەیەکی ناو پارێزگای ناسرییە، پزیشکێك هاتبووە سەری، پێڵووی چاوەکانی بەرز کردبووەوەو ئامێری پشکنینەکەی نابوو بە سنگیەوە وتبووی: تەواو ... ئەم منالە دەمێکە تەواو بووە.

دایکم هەناسەی گیرا: چی؟ ... ئەڵێ چی دکتۆر؟ تەواو ... یەعنی مردووە؟

پزیشك: بۆ خۆتان خۆش بن، پشتی هەڵکردو ڕۆشت.

دایکم بەگریان ئەو هەرچی کەس بوو لەو نەخۆشخانەیە هێنایە سەر جەستەی ساردەوە بووی کۆرپەکەی. گەورەو بچوكو ژنو منالّ هەموو تەماشای دایکمیان دەکرد. بە زمانی کوردی کۆرپەی دەلاواندەوە. پۆلیسەکان فایلێکیان بە دەستەوە بوو، دەهاتنو دەچون، دیاربوو ڕاپۆرتی پزیشکییان دەویست، بۆ ئەوەی بیبەنەوە بۆ بەندیخانەکە. تا نزیکەی کاتژمێرێك ئەوان سەروخواریان دەکرد، دایکیشم بە منالّی مردووی باوەشیوە دەنگی وورده وورده کز دەبوو. ئەوەی بەو ناوەدا تێپەڕ دەبوو، تەماشایەکی دایكو کۆرپەیان دەکرد،و سەرێکیان دەلەقاند، بە زمانی عەرەبی سەرەخۆشییەکیان لە دایکم دەکرد. پۆلیسەکان پەیدا بوونەوە: یالا با بڕۆین.

دایکم: بۆ کوێ؟

پولیس: بۆ مەیتخانە. لەوێ دەیخەینە ژووری سارد کەرەوە تا ئەوەی شارەوانی بە خاکی دەسپێرن.

دایکم: مەگەر منیش لەگەڵ ئەودا بخەنە مەیتخانەوەو دەرگای ساردکەرەوەکەمان لەسەر داخەن، ئەگینا لەم منالە جیا نابمەوە.

پۆلیسەکان تەماشایەکی یەکتریان کرد، وەك بڵێن چی بکەین؟

دایکم دیسانەوە بە دەنگێکی کزەوە نیوەی بەعەرەبییەکی تێك شکاوو نیوەکەی تری بە کوردی: تا نەیبەمەوە بەندیخانەکەو ژنەکان هەموو خواحافیزی لێ نەکەنو خۆم لەگەڵیدا نەیەم بۆ سەرقەبران مەگەر بمکوژن لێی جیاببمەوە.

یەکێ لە پۆلیسەکان پەلی دایکمی گرتو خستییە ناو ئۆتۆمبێلەکە، وتی: باشە دەتبەینەوە بۆ زیندان، بەڵام لەوێ ڕێگات پێ نادرێ بەم جەنازەوە، بچیتە ژوورەوە، دەبێ لەو دەرەوە لەبەری ئەو سەرمایە بکەویت.

هەمویان هاتنەوە بەر دەرگای زیندان، پۆلیسەکان چوونە ژوورەوەو دایکیشم بە جەنازەی باوەشییەوە لەناوەوەی حەوشەکەدا دەگریا. نە کەسێك دەناسیێو نە ویژدانێك دەجولێ، ئەم جەنازە لە باوەشی دەربێنێ!

تا نزیکی بانگی ئێوارە بەم شێوەیە ماوەتەوە، بە بێ نانو بە بێ ئاو. پێش بانگی ئێوارە بەرپرسی زیندانەکە لە ژوورەکەی دێتە دەرەوەو بە پۆلیسەکان دەڵێ: بۆ ماوەی پێنج خولەك بیکەنە ژوورەوە، بۆ لای زیندانییەکان. دواتر بیبەن بۆ مەیتخانە.

پۆلیس پەلی دایکم بە نیوەگیانی دەگرێو دەیهێنێتە ژوورەوە. هەر کە دایکم بە جەنازەی باوەشییەوە دەرکەوت، ژنو منداڵ کردیان بە ڕۆژی حەشر. بوو بە گریانو لەخۆدانو فرمێسك ڕشتن. پۆلیسەکان هاتنە ژوورەوە، دیسانەوە هەردوو قۆڵی دایکمیان گرتو بە جەنازەوە بەرەو دەرەوە بردیان. پاش ئەوەی دەگەنە مەیتخانە، بانگی ئێوارە دەداو دنیا تاریك دەبێ. دایکم دڵی نایەت لە منداڵ جیا ببێتەوە. پۆلیس هەرچی هاواری لێ دەکات: وەرە دەرەوە. ئێرە دادەخرێ، ساردەو جێگای کەسی زیندوو نییە.

دایکم لە تاو خەفەت هیچ نابیستێ، چاوی لە کۆرپەکەی بڕیوە دەیخەنە ناو چەکمەجێکی ساردکەرەوەوە. لە شوێنی خۆیدا ڕەپ دەوەستێ. نە دەتوانێ چاو لە شوێنە کەلا بکا، نە دەشتوانێ هەنگاوێك بەرەو دەرەوە بنێت. پۆلیسەکانو کارمەندی ئەو شوێنە دەچنە دەرەوە. کاتێك ناو مەیتخانەکە چۆڵ دەبێ، دایکم ترسێك دای دەگرێ، دەقیژێنێو بەرەو دەرەوە ڕا دەکا.

کاتێك هێنایانەوە بۆ لامان، هەر هاواری دەکردو تەماشای ئەملاولای خۆی دەکرد، دەیوت: هاتن بۆم، دلوستان گیان، مردووەکان هاتن.

ژنەکان جگە لە شیوەن بۆ کوڕەکە، بۆ باری دەروونی دایکیشم دەگریان، کە بە تەواوی تێکچووبوو. ئەو شەوە تا بەیانی خەو لە چاوی ژنەکان نەکەوت، هەموو بەدیار دایکمەوە فرمێسکیان دەڕشت.

ڕۆژی دواتر هاتن بە دوای دیکم داو لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ گۆڕستانێك لە دەرەوەی شار لەسەر ڕێگای بەسرە، دوو کرێکاری شارەوانی بە پاسەوانی چەند پۆلیسێك تەرمی ئەمیریان بەخاك سپاردو دایکمیان هێنایەوە بۆ زیندان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## قسەکردن لە درزی دیوارەوە

شەوانە لە ژوورەکەی ئێمەوە، بۆ ژوورەکەی پشتمان کە پیاوەکان لەوێ زیندانی کرابوون، لە ڕێگەی ئەو کونە بچوکەوە کە کرابووە دیوارەکەی نێوانیان، قسە دەکراو زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکرا. ئەو دیوارەی نێوانمان وەکوو سنورە دەستکردەکانی نێوان هەرچوارپارچەکەی کوردستان وابوو. یان سنوری نێوان هەردوو کۆریا بوو، یان وەکوو دیواری بەرلین کەسو کارو باوكو براو خێزانەکانی لێك جیاکربووەوە. ئەگەر پاچو خاکەناز هەبوایە بە نیو کاتژمێر تەختی زەوی دەکراو خۆشەویستان بە یەکتر شاد دەبوونەوە. مامە حاجی

مشیر باوکی کاك شەوکەتە کە یەکێك بوو لەو حەوت کەسەی دەستەی مەفرەزە سەرەتاییەکانیان پێکهێناوە. دوای ئەوەی پورە دلوستانو مناڵەکانی دەست بەسەر دەکەنو ڕەوانەی ئێرەی دەکەن، چەند ڕۆژ دواتر مامە حاجی مشیریش دەگرنو دەیهێنن بۆ ناسرییە. ئەگەر ئەو کونە نەبوایە لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا لە سجنە بۆگەنە بە مامە حاجی مشیرو پیاوەکانی ترمان نەدەزانی. شەوانە مامە حاجی مشیر کە خەزووی پورە دلوستانم بوو، لەهەمان کاتیشدا ئامۆزای دایکمو دادە ناهی بوو، لە حاڵو ئەحواڵی ئێمەی دەپرسیو ژنەکانیش هەواڵی ئەوانیان دەپرسی. ڕۆژێك مژدەیان پێدا کە بوکەکەت کوڕێکی بووە، ناویان ناوە ئەسیر. وە چەند ڕۆژ دوتر هەواڵی مەرگی ئەمیری پێ دەدرێ.

پورە جەمیلە خێزانی عەریف شەریف گوڵخە ژنێکی خانو مانو دەنگ خۆش بوو، بە گریانە بە کوڵەکەی هەرچی زیندانییەکان بوو دەیکردنە گریان، دەنگێکی غەمگینی بەسۆزی هەبوو، شەوانە خەمو خەفەتی هەرچی هاوڕێکانی هەیە لە سنگی خۆیدا کۆدەکردەوەو لە ڕێگەی فرمێسکەکانیەوە هەڵی دەڕشتنە ناو ژوورە تەسكو تاریکەکەی زیندان. هەرکات پۆلیسەکان گوێیان لە دەنگی بوو، کە پێشمەرگەی دەلاواندەوە خێرا بە سۆندەیەکەوە خۆیان دەکرد بە ژوورداو دەکەوتنە هەڕەشە لێ کردنی، بێ دەنگیان دەکرد. بەڵام چەندین جاری تر دیواری ترسو تۆقاندنی دەڕوخاندو دەیچرپاند بەگوێی هەسارەکانی شەودا. دەنگە بەسۆزەکەی وەکوو سەمفۆنیایەکی غەمرەوێن تێکەڵ بە هەواوی بیابان دەبوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گەڕانەوە لە مردن

١٩٧٧/١/١٠ دوای ئەوەی ئەمیری برام کۆچی دواییکرد، هێشتا خەمی لەدەستدانی ئەو یەخەی دایکمی بەرنەدابوو، خەمی منیشی هاتە سەر. ئەوەبوو توشی نەخۆشییەکی سەخت بوومو کەوتمە سەرجێگای مردن. بەبێ حەبو دەرمانو چارەسەر لەناو سجنە بۆگەنەدا لە لێواری مردن دا بووم. تەنها ئەوەبوو فەرمانی مردنم لە لایەن خوای گەورەوە بۆ دەرنەچوو بوو، ئەگینا وەکوو جەستە مردبووم. دایکمو شەهلای خوشکمو پورە دلوستانم دەگێڕنەوەو خۆشم باش بیرم ماوە کە نەخۆش کەوتم، ئەیانوت کە گوێیان ناوە بە سنگمەوە بزانن هەناسە دەدەمو دڵم لێ دەدات یان نا؟

دایکم بەتەواوی مەرگی ئەمیری بیر چووبوویەوەو لەخەمی من دابوو. ئەگەر منیش لەوێ بمردمایە ئەوا بڕوا ناکەم ئەویش بەرگەی جەرگ سوتانی دووەمی بگرتایەو لەگەڵ ئێمەدا خاکی غەریبی ناسرییە دەبوو بە کۆتا مەنزڵی. وەکوو دەڵێن پاش هەفتەیەك هاتوومەتەوە هۆشی خۆمو چاوم هەڵهێناوەتەوە.

١٩٧٧/٢/٢ پێمان خستووەتە مانگی شوباتی ساڵی حەفتاو حەوتەوە، سجنە بۆگەنە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پیسو پۆخڵو بۆگەن تر دەبوو، ئەو تۆزە ژیانەش تێیدا دەگوزەرا بەهۆی ئەو ژنە ئازاو بەجەرگانە بوو، کە هەرکات پێنج خولەك دەرگا ئاوەڵا بکرایە ئەوان دەستێکیان دەهێنا بە ژوورەکەداو پاکیان دەکردەوە.

حانوتی سجنەکە نیوبەرمیل چای دەنایە سەرو هەر ماڵێك کترییەك چای بە بیستو پێنج فلس دەکڕی. ئەو کترییە چایە هەر لە حانوتەکە ڕاستەوخۆ شیرین دەکرا، چونکە ئێمە تەنها دۆلکەمان لەلا بوو، نە شەکر هەبوو، نە چاپاڵێو هەبوو. ئیتر ئەو چایە دەخورا بە سەمونەوە. منالەکان ئەوە بەرەو چوار مانگ دەچێت سەریان چاك نەکردووەو هەموو پرچیان درێژ بووە، کەس کوڕو کچی لێك جیا نەدەکردەوە. قژمان بوو بوو بە تەپکە، شانەی تێ نەدەچوو. هەمیشە دەستمان لە سەرماندا بوو دەمانخوراند. ژنەکانیش بەردەوام ئەسپێیان دەدۆزییەوە.

## گەمارۆدانی هەڵۆکان

١٩٧٧/٢/١٠ جەیشێکی زۆر هەڵیان کوتایە سەر گوندی قاینەجەی بناری سورێن. پێشمەرگە لە ماڵی کاك حەمە ڕەشید قاینەجەییدا بوون، هەمویان گەمارۆدران. دواتر کاك شەوکەتو کاك حامیدو عەریف مەحمودو چەند کەسێکیتر بە شەڕێکی قورس توانییان گەمارۆکە بشکێننو بێنە دەرەوە، دەیان سەربازی ڕژێم کوژران. یەکەم کەسیش لە شۆڕشی نوێدا گیانی بەختکرد فاتیحی شێخ حەیدەر بوو. کاك محەمەدی کاك حەمە فەرەجو کاك ناسری مامە ڕەشەو کاك حەمە ڕەشیدی خاوەن ماڵو کەسێکیتر بەناوی کاك وەهاب زەڵمی، بەدیل گیرانو دواتر لە موسڵ لە سێدارە دران.

کات دوای عەسر بوو، سورێن خۆی دابوویە بەر هەتاوی ئێواران، سەر لوتکەکانی تارای سپی پۆشیبوو، ئاسمانی وەکوو نقیمێکی شین لە پەنجە کردبوو، تا چاو بڕ بکات دەشتی شارەزوور بە گردو جۆگەو ڕووبارەکانیەوە لە تابلۆیەکی ڕەنگینی پڕ نەخشو نیگار دەچوو، ڕووی شاخی زەردەو سۆڵەو ئەو زنجیرە چیایەی بەرەو زمناکۆ درێژ دەبویەوە بە تیشکێکی خەنەییو سورباو داپۆشرابوون، تا درەنگ تر دەبوو هەوا ساردی دەکرد. پۆلێك پێشمەرگە کە ژمارەیان نزیکەی پازدە کەس دەبوو، لە گوندی کانی ئاسکانەوە بەرەو گوندی قاینەجە بەڕێکەوتن، دەبێ لەکاتی خۆرئاوا بووندا بگەنە ناو ئاواییو لەماڵی حەمە ڕەشیدی حاجی سەعید دەعوەت بن.

ناوبراو ئەو مێرخاسە ئازاو چاونەترسە بوو کە لەگەڵ دروستبوونەوەی شۆڕشی نوێدا وەکوو یەکەم دەستەی ڕێکخستن پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردو بوو ئەلقەی گرێدانی پەیوەندی نێوان گوندو شارو چیاکانو بەردەوام لە هاتوچۆو دۆڵاو دۆڵ دا بوو. ئەو بەیانییە نامەیەکی ناردبوو بۆ کاك شەوکەت کە دەبێ بۆ نانی ئێوارە خۆیو کاك حامیو کاك تۆفیق ڕەحیمو کاك حەمەی حاجی سابیرو شەهید یونسو عەریف مەحمودو چەند کەسی تر لە قاینەجەو لەماڵی ئەوان داوەت بن.

تا پێشمەرگەکان نزیکی ناو گوند بوونەوە خۆریش لەو دیوی کەلەوە خۆی ون کرد، وەڕە وەڕی سەگ لەناو ئاواییەوە دەبیسترا، ئەوان خێرا بۆنی باروتیان دەکردو دەکەوتنە ملەقوتەو وەڕین، کەسێ تەجروبەی

هەبوایە دەیزانی تفەنگ نزیکی ئاوایی بووەتەوە. کاتێ نزیکی ئاوایی بوونەوە کاك حەمەی حاجی سابیرو شەهید یونسو کەسێکیتر لەوان جیابوونەوەو بەرەو گوندی ڕیشێن ڕۆشتن دیارە ئەوان ئەرکێکی تریان پێ سپێردرا بوو، نەدەبوایە ئەو ئێوارەیە لەو داوەتە بخۆن.

ماڵی شەهید حەمە ڕەشید زۆپا دارەکەیان گەرم کردبوو، کترییەکی گەورەی بەسەرەوە بوو خەریك بوو دەهاتە کوڵ، دادە فاتم دەهاتو دەچوو سێ مەنجەڵی گەورە لە برنجو شلەو گۆشت بەسەر ئاگردانەوەیە، هەڵمیان لێ هەڵدەستێت، جار جار کەوگیرێك دەخاتە ناو برنجەکەو تێکی دەدات، دواتر تۆزێك بەسەر کەوگیرەکەوە دەهێنێتە دەرەوەو تامی دەکات، بۆ ئەوەی بزانێت دەمی کێشاوە. حەمە ڕەشید دێتو دەچێت، لە پاساری حەوشەکەوە سەر دەباتە دەرەوە بزانێت میوانەکان نەهاتن. نوێژخوێنان هەموو لە مزگەوت هاتنەوە ئەوان هەر دیار نەبوون، دیارە دەیانەوێت هەموو خەڵکی بچنە ماڵەوە ئەو کاتە ئەوان بێنە ئاوایی. لەپێش بانگی عیشاوە خۆیان کرد بە ماڵی کاك حەمە ڕەشید دا، کە ماڵیان پشتی کردبووە شاخی سورێنو ڕویان کردبووە قیبلە. لەو کاتەدا مانگ هەڵهاتبوو، تفەنگەکانیان بەر شەوقی مانگ دەکەوتو دەدرەوشایەوە.

هەموو خۆیان کرد بە ژووری میوان دا، تاقمو تفەنگیان لە خۆیان کردەوەو هاتنە دەرەوە دەستو دەموچاویان شت، ئەحمەدو عەتاو کچەکان هەر دەروماڵیان بوو، جار جار لە تاقەکەوە تەماشایەکی میوانەکانیان دەکرد، کاك حەمە ڕەشیدو دادە فاتم سفرەیان ڕاخستو نانیان بۆ میوانەکان هێنا، یەکێ لە پێشمەرگەکان لە حەوشەکەدا ئێشکی دەگرت، دواتر یەکێ لەوانەی شەهید حەمەی کاك حەمە فەرەج چوو لە جێگاکەی ئەودا بوو بە حەرەسو ئەوی باردە ژوورەوە بۆ نان خواردن.

نان خوراو سفرە کۆکرایەوە، کاك حەمە ڕەشەید مشتێك چای کردە ناو کتری سەر زۆپاکە، خێرا چا هاتە کوڵو بۆنو بەرامەی ژوورەکەی داگیر کرد. دادە فاتم سوزگیو سینی پیاڵەکانی لەگەڵ شەکرەکەدا هێناو لە خواری ژوورەکەوە دانیشت بۆ چا تێکردن، ڕیزێكو دوانو سیان چا خورایەوە. دەمەتەقەو قسەی خۆش بەردەوام بوو، باس هاتە سەر باسی وەرگرتنی پێشمەرگەی تازەو کڕینی چەكو تفاقو کەرەستەی پێشمەرگایەتی، جار جار کاك حامی نوکتەیەکی خۆشی دەکرد بەسەرداو هەمویانی دەهێنایە پێکەنین.

کات نزیکی کاتژمێر دوازدەی شەو بوویەوە، مناڵەکانی شەهید حەمە ڕەشید لە کڕی خەودابوون، بەڵام دادە فاتم نەنوستووەو لە خزمەتی میوانەکاندا تاوێ ئاو دەهێنێتو تاوێ چا تازە دەکاتەوە، دەبێ دواتر جێگای نوستنیشیان بۆ ڕابخات، هەر دێتو دەچێت، فاتیحی شێخ حەیدەر لە بن پاساری دەرەوە لە ئێشکدایەو دەستی بەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەوەیە. مانگ تریفەی دێت ئاوایی کشو مات وەڕە وەڕی سەگەکانیش خەریکە نامێنن، دادە فاتم دێتە دەرەوە بۆ پێویستییەك تەماشا دەکات سێبەری چەند کەسێك لەبەر مانگەشەوەکەوە دەرکەوتن، فاتیح بەمە نازانێت، بەڵام ئەو مل هەڵدەبڕێتو دەیانبینێت،

خێرا دێتە ژوورەوە بۆ لای میوانەکان، ڕەنگی پەشۆکاوەو گیانی وەکوو بیی ناو دەلەرزێت، ئەڵێت: بەخوا پڕی ئاواییە لە چەکدارو دیارە سەربازیشن.

کاك حامی بە پێکەنینەوە ئەڵێت: فاتە قالە دانیشە بزانە چیت لێ بووە بە سەرباز بەم نیوە شەوە کێ دێتە ناو ئەم ئاواییە.

دادە فاتم ئەڵێت: بەخوا چەکدارنو بەوەشدا دەزانم سەربازن کە شەوقی مانگەشەوەکە بەر نەجمەو تاجی بێرییەکانیان دەکەوێتو دەبریسکێتەوە، هەستن خێرا کەن خۆتان ڕزگار بکەن.

پێشمەرگەکان خێرا خۆیان کۆ دەکەنەوەو بە ئاسپایی دێنە هەیوانەکە، فاتیح هێشتا لەبن پاسارەکەدایە، شەهید عەریف مەحمود سەرێك هەڵدەبڕێت ئەزانێت سەر بانەکانیش سەربازیان بەسەرەوەیە.

ئەمان پێنج تا شەشە تفەنگ دەبنو ئەوانی تریان بێ چەك دەبنو تازە هاتوون بن بە پێشمەرگە. عەریف مەحمود گۆمی بێ دەنگی دەشڵەقێنێتو بە دەستڕێژی گولە چەند سەربازێك دەتلیسێنێتەوە، لەو کاتەدا نارنجۆکێك هەڵئەدەنە ناو حەوشەی ماڵی شەهید حەمە ڕەشید دەبێ بە تەپوتۆزو گەردەلولێك، لەبەختی ئەمان دەشکێتەوە، خۆیان دەخەنە بن پاسارو هەیوانەکە بەجێ دەهێڵن. مناڵەکان هەموو بە خەبەر هاتوونو لە زیرەو گریاندان، چەندین دەستڕێژی گولە خۆی دەکات بە حەوشو ماڵدا. لەکاتی دەرچوونی کاك حامی بۆ دەرەوە سەربازێك هەڵدەپەڕێتە کۆڵیو دەڵێت: (منو انت) واتە تۆ کێییت؟

کاك حامی دەڵێت عەریف مەحمود (منو انت) کوشتمی، عەریف مەحمود لەبەر ئەوەی عەریفی سەربازی بوو عەرەبی باش دەزانیو نهێنی سەربازەکانی وەرگرتبوو، سەرباز لە کۆڵی کاك حامی دەکاتەوەو دواتر دەیکوژێت.

تەقە بەردەوامەو فیشەکە گڕدارەکان سەرو خواری ئاوایی دەکەن، لاشەی چەندین سەربازو ئەفسەر کەوتوونو لەخوێندا شەلاڵن. شەهید فاتیح لەپەرێزی حەوشەکەوە خۆی دەخاتە کۆڵانو دەکەوێتە بەر تیشکی مانگەشەو، قەرەوڵی لێ دەگرنو چەند دەستڕێژێکی گولە بەدوایدا دەکەن، یەکێ لە گولەکان بەر سكو کەمەری دەکەوێتو دەیخات، بە ئازارو چنگەکوڕە خۆی دەخاتە بن دیوارەکە، کاك شەوکەت بەدەم دەقەکردنەوە خۆی پێ دەگەیەنێتو دەچێتە سەری بە جامانەمەکەی خۆی برینەکەو ناوقەدی دەپێچێت، تفەنگەی فاتیح دەکاتە شانیو دەچێتە بن باڵی بۆ ئەوەی دەری بکات، فاتیح چەند هەنگاوێك دەچێتو دەکەوێت. عەریف مەحمودو تۆفیق ڕەحیمو حامیدی حاجی خالیدو شەهید حەمە ڕەشید دەگەنەوە بە کاك شەوکەتو شەهید فاتیح کە کەوتوونەتە پشتەوەی ماڵی شەهید حەمە ڕەشید. فاتیح وردە وردە هێزی نامێنێتو گیانی سارد دەبێتەوە، دەڵێت: ئێوە بڕۆن من تازە کۆتاییم پێ هاتووە، دەستڕێژی گولە بەردەوام بەرەو ڕویان دێت، کاك حەمە ڕەشید سەری دەخاتە کۆشی تا چاو لێك دەنێت، فرمێسکەکانی کاك حەمە

ڕەشید وەکوو تەرزە دەرژێنە سەر گۆنای شەهید فاتیح، چەند ئەستێرەیەك لە ئاسماندا کشان، پەڵە هەورێك پێشی بە مانگ گرتو تاریکی کرد، وەکوو بیەوێت پێشی دایکی شیوەن بۆ فاتیحی جوانەمەرگ بگێرێتو لەچکی ڕەش بدات بە سەریدا.

مەفرەزەکە بەبێ فاتیح لە ئاوایی دەرچوون، شەهید حەمە ڕەشید ئاوڕ بۆ لای دواوە دەداتەوەو قاچەکانی ڕێگای ڕۆشتنی پێ نادەن، دەڵێت من دەگەڕێمەوە، ئەوە منداڵەکانی خۆم قەیناکات لە ناو ئاگرو فیشەكو نارنجۆکدا بەجێم هێشتوون، ئەی ناسرو وەهابو محەمەد چی لێ بکەم ئەوان ئێستا بەدیل گیراون، دەبێ من بڕۆمەوەو هەوڵی بەربونیان بدەم.

هەرچەندە کاك شەوکەتو حاك حامیو عەریف مەحمود هەوڵ دەدەن شەهید حەمە ڕەشید نەگەڕێتەوە، بەڵام غیرەتو مەردایەتی لێ ناگەڕێن تەنها خەمی خۆی بێتو ئەوانی تر بەجێ بهێڵێت. خێرا ڕوو دەکاتەوە ئاواییو خۆی دەکاتەوە بە ماڵی خۆیانا، سەربازەکان لەمەڵاسدا بوون بۆ گرتنی، خێرا کەلەبچەی دەکەنو لەگەڵ هەریەکە لە وەهاب زەڵمیو حەمەی کاك حەمە فەرەجو ناسری مامە ڕەشەدا بەرەو بارەگای لیوا ڕاپێچیان دەکەن. ئەم چوار قارەمانە لە ڕۆژی ١٩٧٧/٣/١٠ لە قەسابخانەی موسڵ لە سێدارە درانو گیانی خۆیان کرد بە قوربانی گەلو خاکی کوردستان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٧/٢/١٩ پێشمەرگە تراکتۆرەکانی دائیرەی ئیسلاحی زەراعی لای گامێش تەپە ڕفاند، دواتر جەیشێکی زۆر کەوتنە ئەو بناری سورێنە بۆ وەرگرتنەوەی تراکتۆرەکانو لەناوبردنی پێشمەرگە.

١٩٧٧/٢/٢٢ کارەساتی خڕنوك لەنێوان هێزی پێشمەرگەی یەکێتیدا ڕویدا، ئەوەش لەسەر دابەشکردنەوەی هێزەکان بوو لەنێوان ئەو فەرماندانەدا. ئەوەبوو هەریەکە لە شێخ عەلی کەشکۆڵو مامۆستا سەرکەوتو عەلی شامار لەلایەكو شەوکەتی حاجی مشیرو شێروان شێرەوەندیو عەلی شیعە لەلایەکی ترەوە سەنگەریان لەیەك گرت، بەڵام دواتر بەهەوڵو کۆششی ئەوانی تر بارودۆخەکە ئاسایی کرایەوەو بەرەی کاك شەوکەتو عەلی شیعەو شێروان شێرەوەندی بوون بە بزوتنەوە.

١٩٧٧/٢/٢٧ ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆککۆماری عێراق، محەمەد تاهیر ئەلنعێمی بانگ کرد، کردی بە فەرماندەی فەیلەقی یەکی سوپای عێراقو ئەرکی لەسەرکوت کردنی شۆڕشی کوردی پێ سپارد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## جێگای حوشترەکان

١٩٧٧/٢/٢٨ پاش تێپەڕ بوونی سێ مانگ لە سجنە بۆگەنە، دەروویەکی خێرمان لێ کرایەوەو بڕیار درا جێگایەکی پاکترو فراوانترمان بۆ دابین بکرێت. منداڵەکانو مێردمنداڵەکان پرچیان درێژو چڵکنو پڕ لە ئەسپێ. زۆربەی زیندانییەکان کزو بێ شەوق. ڕۆژانەوو شەوانە دەبوایە ئەوحەشیمەتە زۆرە لەم ژوورە

بچوکە هەڵیان بکردایەو هەرکام ببوایە بە خەمڕەوێنی ئەوانی دیکە. بەیانییەك دوای هەتاو کەوتن، بەرپرسی زیندانەکە گەڕا بەسەر ئەو چەند ژوورەدا کە پێکەوە زیندانی کرابوین. بە کەش‌و فشێکەوە: ها ... چۆنن؟ بێتاقەتن، وانییە؟

ژنان هەریەکە لەبەری خۆیەوە: هیچ باش نین ... نامانبینیت ... ئەمە کەی حاڵە!

بەرپرسی زیندان بزەیەکی هاتە سەر لێو، برۆکانی هەڵبڕین: نا نا ... تەواو ... ئیتر ئێوە لە زەحمەتتدا نامێننەوە، بڕیاردراوە بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی فراوانتر. هەموتان لەوێ ئیسراحەت دەکەن.

باجی بەدرییە خوشکی شەهید دکتۆر ڕەزا: وامانزانی مژدەی بەربونمان پێ دەدەن! تازە لەجێگایەکی تر ماڵ خۆش بکەین؟

کابرای بەرپرس: دەی ئەوەندە بێزارن، بۆچی ناڵێن بەکەسوکارتان چەك فڕێ بدەن‌و بێنەوە باوەشی میللەت. ئێوەش بە ئیسراحەت‌و سەرفرازی بژین.

باجی بەدرییە: دەی ئێوەش مافی گەلی کورد بدەن، با ئەوانیش بێنەوە.

کابرای بەرپرس: ئەوە نییە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەستەبەر کردووە. ئێوە ئێستا خاوەنی هەموو مافێکی خۆتانن، ئەنجومەنی یاسادانان‌و جێبەجێکردنتان هەیە.

باجی بەدرییە: هەموو ئەوانە کارتۆنییەو پیاوەکانی خۆتان بەڕێوەی دەبەن.

کابرای بەرپرس بە پێکەنینەوە: وەڵا ئێوەش (مخرب) تێکدەرن، ئێوە هەموتان بە گەورەو بچوکەوە، هەر ئەوانەی شاخن، حەق نییە جارێکیتر هەوای شیمال هەڵبمژن.

برۆکانی نزیکی یەك کردەوەو بە دەنگێکی گەورە: هەر ئەمڕۆ لێرەن، خۆتان ئامادە بکەن سبەی بەیانی دەبرێن بۆ جێگایەکی تر. بڕواناکەم هەموتان لەوێ جێگیر بکرێن، چەند ماڵێکتان لێ دەبرێ بۆ ناحیەکانی شەترەو ڕەفاعیە.

دوای ئەوە پەیامی خۆی گەیاند، لە ژوورەکە چووە دەرەوە. ژنەکان کەتنە چرپ‌و چاپ. هەریەکە لەبەری خۆیەوە قسەیەکی دەکرد: بەخوا باشە، هیچ نەبێت ئەو جێگایە لەمە باشترە.

ئا ئا بە دڵنییای هەر لەمە باشتر ئەبێ.

بەخوا لەوە ئەترسم لەیەك دابڕێین. ئەم گەماڵ باوکانە شتێکیان بە دەستەوەیە.

خوا کەریمە، ئەمانەی ئەم ژوورە لەیەك دوور ناکەوینەوە.

خۆ بەدەستی خۆمان نییە، لەکوێ دامان بنێن ئارەزووی خۆیانە.

ئێوە ئەمشەو بخەون، خەوی باش ببینن، لە خۆتانەوە نوقلانەی خراپ لێ مەدەن، ئەمە قسەی باجی بەدرییە بوو.

بەیانی لەخەو هەستاین، چەند ئۆتۆمبێلێکی قەفەس لەدەرەوەی زیندان ئامادەکرابوو. ژمارەیەکی زۆر پۆلیسو ئەمنی پارێزگاکە بۆ پاسەوانی زیندانییەکان هێنرابوون. ڕژانە ناو زیندانەکە، فەرمانی چوونە دەرەوەیان بە خەڵکەکە ڕاگەیاند. هەموو بەندییەکانی ژوورەکەی ئێمە باری گوێدرێژێ کەلوپەلمان پێ نەبوو. یەکە یەکە لە شەش دەرگای نزمەوە بە کوڕە کوڕ هاتینە دەرەوەی زیندان. یەکە یەکە ئۆتۆمبێلە قەفەسەکان پڕ کران. دواتر بەناو کوچەو کۆڵانەکانی ناسرییەدا بەڕێکەوتین. پاش چارەکە سەعاتێك، گەشیتنە پەڕی شار. لەبەردەمی دوو جەمالۆنی گەورەدا ڕایان گرتین. بۆ چوونە ژوورەوەی ئەو زیندانە نوێیە، دەبوایە بەناو بنکەی پۆلیسە پاسەوانەکاندا تێپەڕ ببوینایە، کە چەند ژوورو هەیوانێ بوو. دواتر لەدەرگایەکی ترەوە دەچوینە ناو حەوشی زیندانەکە، کە هەردوو جەمالۆنە گەورەکە لەسەر ئەو حەوشەیە بوون. پۆلیسو ئەمن ڕژانە بەردەمی دەرگای زیندانەکە. هەمووومان چوینە ژوورەوە، بە بینینی حەوشە گەورەکە کەمێ ئاسودە بوین. دواتر هەرچی خەڵکی ناوچەی سلێمانیو هەڵەبجەو گەرمیان بوون کرانە یەکێك لە جەمالۆنەکان کە لە دەستی چەپ دا بوو. ئەوانی تر کە خەڵکی ناوچەی بتوێنو ڕانیەو قەڵادزە بوونو کەلتوریان جیاواز بوو لە خەڵکی سلێمانی کرانە جەمالۆنی دەستەڕاست. بەڵام هەموو وەکوو خوشكو براو خزمی نزیك لە یەکتریان دەڕوانیو هیچ جیاوازییو شارچییەتیو ناوچەگەرێتی لەکایەدا نەبوو. ئەم زیندانە تازەیەی ئێمەی بۆ براین، لە ڕاستیدا زیندان نەبوو، وە بۆ ئەو مەبەستە دروست نەکرابوو. بەڵکو جێگای حوشتر بەخێو کردن بوو. چەند ڕۆژ پێش ئەوەی ئێمەی بۆ بگوێزنەوە، پاکیان کردبوونەوەو حەسیر ڕێژیان کردبوو. حەسیرەکان هەموو لە پوشی خورما دروست کرابوون. ڕووبەری هەر جەمالۆنێك لەوانە ٦٠٠ مەتر دووجا دەبوو، واتە پازدە بەچل بوو، لە ناوەوە هەموو پایە پایە بوو. هەر خێزانێك نێوانی دوو پایەی دەکرد بە ماڵی خۆی. حەسیرەکان زۆر بوون، ڕاڕەوەکەش حەسیری لێ ڕاخرابوو، ئەوانەی کە زیاد بوون لەگەڵ بەتانی زیادە دەکران بە دیواری پایەکانو خێزانەکانی لەیەك جیادەکردەوە.

پورە دلوستانم وتی: ئافتاوی خوشکم، توخوا با خۆمان هەر پێکەوە بین. حەز ناکەم ببین بە دوو ماڵ.

دایکم: دلوستانی خوشکم، بەخوا منیش حەز ئەکەم پێکەوە بین. بەڵام پیاوەکانیش هاتوونەتەوە بۆ ناو خۆمان، تۆ مامە حاجی مشیرت لەگەڵدایە، لەوانەیە حەز بکات پێکەوە بن.

پورە دلوستان: باشە ئەزانم ئەویش هەیە، با ئەو بەتەنیا ماڵێکی هەبێتو منو تۆش لەگەڵ منداڵەکان ماڵێك، لەوانەیە ئەویش وا ئاسودە بێ.

دایکم: باشە خوشکم بەخوا حەز ئەگەم لە هەموو شوێنێك هەمیشە پێکەوبین.

ماڵ چاك کرا، دیوارەکان پێویستیان بە کەرەستەی بیناسازی نەبوو، بە حەسیرو بەتانی جۆر دەکرا. ئێستا هەموو کەس خاوەنی ماڵۆچکەی خۆیەتی. جێگا فراوانو خۆشتر لە جێگای پێشوو کە سجنە

بۆگەنە بوو. یەکەم خەوی ئەو زیندانە نوێیەمان خۆشترین خەومان بووە لەدوای نزیکەی چوار مانگ بەندبوغان.

١٩٧٧/٣/١ منالّەکان هەموو چڵکنو مووی سەر هاتوو، هەریەکەیان بە قەد لبادێك توك بەسەریانەوە بوو، خۆشم یەکێك بووم لەو منالّە چڵکنانەی کە ئەسپێ بەسەر شانو ملماندا دەهاتە خوارێ. بەرپرسی زیندانی نوێ خۆی کرد بە ژووردا. ئەو کەسێکی باڵابەرزی ڕەش تاڵە بوو، دار حەیزەرانێکی لەبن دەست دا بوو. قەفی سمێڵی بەقەد دەسکی کەوەرێك دەبوو، بەرچاوەکانی کیسیان کردبوو. هاتە ژورێو دوای سلاّوو ماندوو نەبی وتی: چۆنن؟ حالّتان چۆنە؟ جێگاکەتان باشە. وانییە؟

مامە حاجی مشیر وەلاّمی دایەوە: ئێمە چۆن بین، مەگەر دەکرێ بەکەسێك دوور لە دیارو مەسکەنی خۆیو لە گۆشەی بەندینخانەدا پێی بوترێت باش! هەموو چڵکنو نەخۆشو داماو. چاو لە منالّەکان بکە، یەکی بەشی بەرماڵێك توك بەسەریانەوەیە، ئەسپێ خواردوونی!

کابرای بەرپرس بە پێکەنینەوە: حاجی بێ هیوا مەبە، ڕزگارتان دەبێت. با ئەو یاخییانە لە چیا بێنە خوارێ، ئێوەش دەچنەوە جێگاو مەسکەنی خۆتان. نامەیان بۆ بنوسن، باسی بارودۆخی خراپی خۆتانیان بۆ بکەن، مەگەر ئەوان مرۆڤ نین؟ هەستیان نییە وا گوێ بە ئێوە نادەن؟

دواتر دەستی بە هاتوچۆ کرد، دەهاتو دەچوو، جار جار دار حەیزەرانەی لە ناولەپی دەدا. برۆکانی بەرزکردنەوەو بە دەنگێکی نێرانەوە وتی: ئێرە پێی ناوترێت زیندان، لە چاو جێگای پێشوتاندا وەکوو ئەوە وایە لە ماڵی خۆتاندا بن. جێگاکە پاكو تەمیزەو دەتوانن بە بێ کێشە لێرەدا بمێننەوە. ئەمڕۆش چەند سەرتاشێکتان بۆ دەنێرم، سەری پیاوو منالّەکان چاك بکەن. دواتر ئەوە گەرماوە بیکەن بە نۆرە لە نێوان خۆتاندا. هەفتەی جارێك بەرتان دەکەوێت.

بەم قسانە بزەیەك کەوتە دەموچاوی زیندانییەکان، ژنەکان باسی گەرماویان بیست ئاهێکیان وەبەردا هاتەوە. هیچ نەبێت دەتوان بۆ لەمەولا وەکوو مرۆڤ بژین.

تا درەنگانی شەو هەموو خەریکی ڕێك خستنی جێگاکەی خۆی بوو. بەتانی بەپایەکانەوە دادەکوتران‌و لە ژوورەوە جێگای خواردن‌و خەوتن دەستنیشان دەکرا. ئەو شەوە خەوێکی ئاسودە خەوتین، بەڵام هێشتا ئاو بەری لاشەمان نەکەوتووەو پرچمان وەکوو خۆی ئاڵۆزکاوو درێژەو شانەی تێ ناچێت.

کاتێ بەیانی خەبەرمان بویەوە، حەوشی زیندان زڵەی دەهات. چەند سەرتاشێکیان بە مەکینەی دەستیو شانەو ئاوێنەوە هێنابوو، یەکە یەکە پیاوەکان چوونە بەردەستیان‌و لەسەر تەنەکەیەك دادەنیشتن، چارەکەیەکی سپییان دەکردە شان‌و ملیان. سەری هەموویان چاك کراو کشانە دوواوە. دواتر سەرەی ئێمەی منالّ هات. وا پێنج مانگ زیاترە مەکینە بەری سەرمان نەکەوتووەو دەلاك ختوکەی پشت ملی نەداوین. کابرای دەلاك لە پشتی ملەوە مەکینەی دادەناو لە پێشی سەرەوە دەستی هەڵدەگرت، یەکسەر لە پێشەوە


ملۆیەك توك دەكەوتە خوارەوە. دەمویست ئاوێنەكە بەرزبكەمەوەو تەماشای ئەو هێڵە بكەم كە سەرمی كردبوو بە دوو بەشەوە. كابرای دەلاك هاواری كرد: مەجوڵێ ... بوەستە ... با بریندارت نەكەم.

ئاوێنەم دانایەوە، زۆر حەزم دەكرم بزانم دیمەنی دوای سەرتاشینم چۆنە، بەڵام هیچ پێویستی بە ئاوێنە نەدەكرد، چونكە بە دیمەنی هاوڕێكانم كە لەژێر دەستی دەلاكی تردا كەوڵ دەكران، دیمەنی خۆم دەهاتە بەرچاو. دوای ئەوەی كۆتا هێڵی لەسەرم داو بەروانكەكەی لەملم لابرد، بە دەنگێكی گڕەوە مەبروك مەبروكی نایەوە, واتە پیرۆزت بێت. ئەمجارە دەتوانم لە ئاوێنەدا تێر تەماشای خۆم بكەم. لەگەڵ مناڵەكانی تردا كە یەكێ لەخۆم گەورەترو یەكێ بچوكتر تێر بەسەری تاشراوی یەكتر پێ دەكەنین. دوای سەر چاككردن یەكی مەسینەیەك ئاویان بەسەردا دەكردین‌و توك‌و كرێشیان لەسەر دەكردینەوە. ئیتر جێگایەك نەمابوو ئەسپێ خۆی تێدا حەشار بدات، ناچار لە لوتكەوە دابەزین بۆ پێ دەشتەكان. ئەوەی لەگەڵ توكە تاشراوەكەدا كەوتبووە خوارەوە، گەڕانەوەی نەبوو، ئەوەش فرسەتی هێنابوو، لە ملیوانی كراس‌و لۆچی شەرواڵ‌و شوێنە نهێنییەكاندا خۆی حەشار دابوو. دیارە گلۆڵەیان كەوتووەتە لێژی‌و چیتر ئەو خانە خوێ چەورەیان نامێنێ بە ئارەزووی خۆیان بخۆن‌و بخەون. دوو كابرای شڕۆڵە دزداشەیان لەبەردابوو. یەكی جامانەیەكی چڵكنیان وەكوو عەگاڵ لەسەر دانابوو، یەكی بە گەسكێكەوە هاتن‌و توك‌و شەخەڵی حەوشەكەیان ڕاماڵی‌و لە تەنەكەیان دەهاویشت. حەوش پاك كرایەوەو دەلاكەكان بەڕێ كران بۆ جێگاو كاری خۆیان. ئەو گەرماوەی لە بەندینخانەكە هەبوو كرا بەسەرە، هەر خێزانێك لە هەفتەیەكدا جارێك بۆی هەبوو خۆیان‌و جل‌و پەرگەكانیان بشۆن. ئێمە شەوانی چوار شەمەمان بەر كەوتبوو. لەو شەوەدا دەبراینە گەرماوەكەو چڵكی هەفتەیەكمان جوان دەخوسایەوەو دواتر بەئاوی گەرم‌و سابونی ڕەقی پاك دەبوینەوەو دەبوین بە گوڵ. هەریەكەمان دوو دەست جلوبەرگمان هەبوو، دەستێك لەبەرمانداو ئەوی دیكەیان بۆ سەرە گەرماوێكی تر لەبەرمان دەكرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**١٩٧٧/٣/١** مام جەلال‌و كاك مەسعود بارزانی‌و باقر یاسین لە حزبی بەعسی سوریا ڕێكەوتننامەیەكی هاریكاری واژۆ دەكەن.


**١٩٧٧/٣/١٠** محەمەدی كاك حەمە فەرەج‌و ناسری مامە ڕەشەو حەمە ڕەشیدی حاجی سەعیدی قاینەجەو وەهاب زەڵمی، پێشتر لە قاینەیجە بەدیل گیرابوون لە موسڵ لە سێدارە دران.



محەمەد حەمە فەرەج محەمەد سەید ئەحمەد ناسراو بە محەمەد تەپی سەفایی لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی تەپی سەفای شارەزوور چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی تەپی سەفاو ناوەندی لە


خورماڵ تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٧٤ پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەداتو دەبێت بە باوکی سێ کچ. لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو کاری ڕێکخستن بە گورجو گۆڵی ئەنجام دەدات. هەر لەکۆتایی ئەو ساڵەدا پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەوەو دەچێتە شاخ. بەشداری داستانی گوندی قاینەجە دەکات کە زەرەرو زیانێکی زۆریان دا لە ڕژێم. هەر لەو داستانەدا بەدیل دەگیرێتو ڕەوانەی موسڵ دەکرێت. لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٧٧/٣/١٠ لەگەڵ هاوڕێو هاوسەنگەرەکانیدا (شەهید ناسری مامە ڕەشە تەپی سەفاییو شەهید وەهابو شەهید حەمە ڕەشید قاینەجەیی) لە سێدارە دەدرێنو دەچنە کاروانی نەمرانەوە.

وە ناسر حاجی ڕەشید ناسراو بە ناسری مامە ڕەشە لە١٩٤٦/٤/١٠ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك دەبێت. ئەو هێشتا مێردمناڵ بووە، خێزانەکەی دێنە گوندی تەپی سەفاو بۆ هەمیشەیی لەوێ



نیشتەجێ دەبن. شەهید ناسر لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو کاری ڕێکخستن بە گورجو گۆڵی ئەنجام دەدات. هەر لەکۆتایی ئەو ساڵەدا پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەوەو دەچێتە شاخ. بەشداری داستانی گوندی قاینەجە دەکات کە زەرەرو زیانێکی زۆریان دا لە ڕژێم. هەر لەو داستانەدا بەدیل دەگیرێتو ڕەوانەی موسڵ دەکرێت. لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٧٧/٣/١٠ لەگەڵ هاوسەنگەرەکانیدا (شەهید محەمەد حەمە فەرەج تەپی سەفاییو شەهید وەهابو شەهید حەمە ڕەشید قاینەجەیی) لە سێدارە دەدرێنو دەچنە کاروانی نەمرانەوە.

وە حەمە ڕەشید محەمەد سەعید قادر ناسراو حەمە ڕەشی حاجی سەعید لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی قاینەجەی بناری سورێن لە خێزانێکی جوتیارو کوردپەروەر لە دایك بووە. حاجی سەعی باوکی پیاوێکی موسڵمانی ئەهلی حەلقەو زیکر بووەو دیوەخانەکەی جێگای میوانو خەڵکی ڕێبوارو هەژاران بووە. شەهید حەمە ڕەشید کەسێکی هەڵکەوتوو بووەو لە ساڵی ١٩٦٥ ژیانی خێزانی پێك دەهێنێت. لەم



تەمەنەوە تێکەڵاوی خەڵك دەکاتو ئاشنایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی خەڵکی ناوچەکەدا پەیدا دەکات. هەربۆیە کاتێ شۆڕشی نوێ سەری هەڵدا، ماڵی شەهید حەمە ڕەشید بوو بە جێگای کۆبونەوەو حەڵقەی گرێدانی کەسانی شۆڕشگێڕ لە ناوچەکەدا. کاتێ ڕژێم بەمە دەزانێت لە کاتژمێر دووی شەوی بەروای ١٩٧٧/٢/١٠ جەیشێکی زۆری زۆر هەڵدەکوتنە سەر گوندی قاینەجەو بەتایبەت ماڵی شەهید حەمە ڕەشید گەمارۆ دەدەن، کە پۆلێك پێشمەرگەی سەرەتایی لەوێ دەبن. لەئەنجامی شەڕێکی سەختو

قورسداو دەستكەوتنی نهینی سەربازیو كوشتنی چەند ئەفسەرو سەربازێك، شەهید شەوكەتی حاجی مشیرو حامی حاجی غالیو عەریف مەحمودو چەند پێشمەرگەیەك كە چەكیان پیێ بووە دەردەچن، ئەمانی تر كەبیێ چەك دەبن وەك شەهید حەمە ڕەشیدو شەهید ناسری مامە ڕەشەو شەهید محەمەد حەمە فەرەج تەپی سەفاییو شەهید وەهاب زەڵمی بەدیل دەگیرێنو ڕەوانەی زیندانی موسڵ دەكرێن. پاش مانگێكو لە ڕۆژی ١٩٧٧/٣/١٠ لە سێدارە دەدرێنو بۆ هەمیشەیی دەچنە كاروانی نەمرانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ماڵ جیاكردنەوە

١٩٧٧/٣/١٩ ماڵی ئێمەو پورە دلوستان بۆ ماوەی بیست ڕۆژێك پێكەوە بوینو بەتێكەڵاو نانمان دەخواردو دەخەوتین. هیچ كێشەیەكمان نەبوو، ئەوە نەبێت ئێمە دوو منالو ئەوانیش دوو منال، ئەسیر منالی سێهەمیان بوو، بەڵام هێشتا ساوابوو. هەموو ڕۆژێك ئەم چوار منالە لەئەنجامی یاری كردنەوە، بەردەبوینە گیانی یەكترو پاش نیو كاتژمێر دیسان ئاشت دەبوینەوە. ئەمەش خوی هەموو منالێكی ساغو سەلیمە، حەز بە جوڵەو یاری دەكاتو هاوڕێكانی بێزار دەكاتو دەیانتۆرێنێتو پاشان ئاشت دەبنەوەو بیێ یەكتریش ناژین. ئێمەش ئەم چوار منالە ئاوا بوین. بەڵام مامە حاجی مشیر كە باوای ئارامو ئالان بوو، كەمیێ بێتاقەت بوو لەم بە یەكدا هەڵگژانەو هەمیشە چاوێكی لەسەر ئێمە بوو، بۆ ئەوەی بزانێت ئێمە ئازاری ئارامو ئالان نادەین یان نا؟ چونكە ئەم چوارە تەمەنمان لەیەك نزیك بوو، زۆر جار دەكرا ئەوانیش ئازاری ئێمە بدەن. بەڵام مامە حاجی ئەوەی كەمیێ لەلا گران بوو. نەك كەم بەڵكو زۆریشی لەلا گران بوو، هەمیشە سەركۆنەی ئێمەی دەكردو بە پورە دلوستانی دەوت كە دەبێت جیاببنەوە لەیەك. هەربۆیە دایكیشم وا ئەرخەیان بوو كە ئەوان جیاببنەوەو ئەو فشارە دەروونییەش لەسەر دڵی مامە حاجی مشیر نەمێنێت. بڕیاری جیابونەوەی داو پورمو منالەكانی چوونەوە بەشە ژوورە دروست كراوەكەی مامە حاجی مشیرو ئێمەش بەسەر بەخۆماینەوە. ئەم جیابونەوەیە پەیوەندییەكانی ئێمەی هیچ كەم نەكردەوە. بەڵكو لەجاران زیاتر یاریو لەیەكدانو تۆرانو ئاشت بوونەوە ڕوی دەدا. بەڵام خەوی هەردوو لا ئاسودە تر بوو، وە دڵی مامە حاجی بیێ خەم تر بوو. وە نەبیێ مامە حاجی هیچ گرنگی بە ئێمە نەدابیێ! بەڵكو هەرچوارمانی پێكەوە كۆدەكردەوەو پیتەكانی لەسەر دەفتەرێك بۆ دەنوسینەوەو زۆر جاریش چیرۆكی خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە. من گەورەی چوار منالەكە بووم حەزم لە پرسیار كردن بوو مامە حاجیم بە گیر دەهێناو دەموت: مامە حاجی، وێنەی بەرازمان بۆ بكێشە.

مامە حاجی لەسەر دەفتەرەكە كە لەلای ئوم حسێن كڕیبومان، وێنەی بەرازی بۆ دەكێشاینو ئیتوارەكانی بەرازی بۆ باس دەكردین كە گیانەوەرێكی بە زیانە بۆ كشتوكاڵو هەموو جار بە ڕەو كەوتوونەتە ناو تەڕەكاڵو شوتیو كشتوكاڵی ترو هەمویان شێلاوەو هەڵیان كەندووە. ئەمیش بۆسەی بۆ

داناوەو تەقەی لێ کردوونو چەند دانەیەکی لێ کوشتوون[1]. ئێمەی منالیش زۆر سەرسام بوین بەم داستانانەو هەمویان لە بیرەوەرییەکانمانا تۆمار دەبوون. مامە حاجی هاوڕێی هەمیشەییمان بوو، فێری زۆر شتی باشی دەکردین.

## فێربوونی ئەلفو بێی کوردی

دەبوایە سالی حەفتاو شەش من لە یەکی سەرەتایی بومایە، بەلاّم بێ بەش بووم لە خوێندن، دەفتەری سی پەڕەییم لای ئوم حسین دەکڕی کە لە گۆشەیەکی حەوشی پۆلیسەکاندا دوکانێکی دانابوو، پێداویستییەکانی ڕۆژانەی زیندانییەکانی دابین دەکرد لەلایەن مامەندی شەهید ڕەسولّ مامەندەوە خۆم فێری پیتەکان دەکرد، دیار بوو ئەو پێش من خرابویە قوتابخانەو هەموو پیتەکانی دەناسی.

ئوم حسێنی دوکاندار ئافرەتێکی عابا بەسەری قەلەو بوو، دانیشتووی پارێزگاکە بوو. ڕۆژانە لە گەلّ حسێنی کوڕیدا دەهاتنە زیندانو دوکانەکەیان دەکردەوە. ساردیو بسکیتو لوقمو نوقلّو بنێشتو بستەو گولّە بەڕۆژەو دەفتەرو قەلەمو چەند پێداویستییەکی تری لەلا دەس دەکەوت. هەندێ جاریش مێردەکەی لەبری خۆی دەهات. ئوم حسێن مامەلّەی خۆش بوو، لەکەس توڕەو بێزار نەدەبوو، هەرچۆن شتومەکەکانیمان بەسەر یەکدا بدایە گرنگی پێ نەدەداو تاقەتو حەوسەلّەی هەبوو. ئێمەی منالّ ئەوەندە مامەلّەو تێکەلاّویمان لەگەلّیدا هەبوو، هەموو فێری زمانی عەرەبی جلّفە بوو بووین. لەپەڕ خۆم دەکرد بە دوکانکەیدا: ئوم حسێن

ها فەرموو، بەزمانی عەرەبی.

ساردیم دەوێ.

بیستو پێنج فلس دابنێو لە ناو تەپەدۆرەکە ساردییەك دەرکە، ئەوەش ساردی هەلّپچڕەکەیە.

شوکرەن.

---

١ مامە حاجی مشیر تفەنگچییەکی کارامەو دەستومشت ڕاست بووە، وەکوو هاوڕێکانی گێراویانەتەوە لەکاتی غارداو بەسەر پشتی ئەسپو ماینەوە بەیەك دەست دەقەی لە نێچیرەکەی کردووەو کوشتوویەتی. لالە مەجید حەمە نەسیم خەلّکی گوندی تەپی سەفاو هاوڕێی نزیکی حاجی مشیر بووە دەگێڕێتەوە کە جارێکیان لەگەلّ حاجی مشیر لەناو شاری سلێمانی دەبن، حاجی مشیر ئەسپە کوێتی خۆی دەناسێتەوە کە پێشتر فرۆشتبووی. وتویەتی مەجید تەماشای ئەسپە کوێت بکە لە ژێر عەرەبانەدایە، من چەند بەرازم بەسەرەوە کوشتووە. کابرایەکی دوکاندار گوێی لەم قسەیە دەبێت، دەلێت: بەخوا خالّم فشەی باش دەکات. لالە مەجید دەلێت بە دووکاندارەکە بەخوا خالّت فشە ناکات، بەم چاوانەی خۆم بینیومە زیاتر لە ٥٠ بەرازی بەسەرەوە کوشتووە، بەوەش دوکاندارەکە بێ دەنگ دەکات.

جگە لە ئوم حسێن، یاریو گاڵتەشمان لەگەڵ پۆلیسەکان دەکرد. ئەوان ئیتر بۆ ئێمە بێگانە نەبوون. پێکەوەیی با بە دوژمنایەتیش دەست پیٚ بکات، لە کۆتاییدا ئالودەیی دروست دەکاتو هاوخەمییەك دێنێتە کایەوە. وەك ئەو هەوییەیان لیٚ دیٚ کە پیاوەکەیان هەردوکیانی لەیەك ماڵدا داناوەو ڕۆژانە بەسەری یەکدا دێنو دەڕۆن. وا بەیەکەوە ئالودە دەبن، بە ڕۆشتنی یەکێکیان بۆ ئەوی تریان جۆرە خەمێك بەجیٚ دەهێڵیٚ. ڕۆژانە گویٚ بۆ چرپەی قاچی یەکتریش ڕادەگرن، کوڵە لەیەك دەگرن. زەمی یەکتری دەکەنو یەکتر دەشکێنن، بەڵام ناتوانن لێك جیا ببنەوە. عەباس، شەنان، عەبد، مەحمود، حسێن، قەحتان، خلێوی، جومعە، شوکر، هەموو ئەم ناوانە بۆ ئێمە ئاشنا بوونو دەمانتوانی بیان نێرین بۆ بازاڕیش شتمان بۆ بکڕن، بەڵام لە بەرامبەردا دەبوایە شتێکیشیان بۆ خۆیان بکڕیایە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٧/٣/٢٠ ئێوارەی نەورۆز بوو، وەکوو بۆنەیەکی نەتەوەیی زیندانییەکان ماخۆلانی ئەوەیان بوو چۆن ئاگر بکەنەوە. باجی بەدریە خوشکی شەهید دکتۆر ڕەزا خورماڵی، ئافرەتێکی زۆر ئازاو لێهاتوو بوو، لەرێکخستن کاری دەکردو هەواڵەکانی زیندانی دەگەیاندەوە بە شۆڕش، ئەو ئێوارەیە هەرچی دەفتەری کۆنی مناڵانو کەلوپەلی زیادەو شەخەڵی زیندانەکە هەبوو کۆی کردەوەو هێنای لە حەوشی زیندانەکە ئاگری پێوەناو ئێمەش لەدەوری ئاگرەکە خڕ بوین. عەباسی پۆلیس بەمەی زانی خێرا بەمەسینەیەك ئاوەوە گەشتە سەر ئاگرەکەو کوژاندییەوەو خۆی توڕە کرد لە باجی بەدریە. وتی ها دەتانەوێت عیدی نەوروز بکەن؟ لێرە عیدی نەورۆز مەمنوعە. باجی بەدرییە هوتافی خۆی کێشاو کردی بە چەپڵەڕێزان، ئەم دێرە هۆنراوەیەی پیرەمێردی وتەوە کە حەسەن زیرەك کردی بە سرود وگۆرانی:

ئەم ڕۆژیساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە ... جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشیو بە هاتەوە.

١٩٧٧/٣/٢٢ ژیان لەناو زیندان وەکوو ڕۆژانی تر ئاسایی بوو، حاجی عەبدولکەریم حسێن سوارە دەرەدۆینی بەخزمایەتی پێمان دەگەیشتەوە چونکە کاك سابیری کوڕی زاوای باوام بوو. حاجی پیاوێکی قسەخۆش بوو لە سەر خالیدی کوڕی گیرابوو، ڕۆژانە هۆرەی دەکردو کچە بچوکەکانی دەلاواندەوەو لەگەڵ مامە حاجی مشیر چیرۆکی کۆنو تازەی ژیانی خۆیان بۆیەك دەگێرایەوە. مام حاجی مشیر وەکوو عادەتی ئاسایی ڕۆژانەی خۆی سەری دەنایە سەر مام حەمەدەمینو پیاوانی ناوچەی بتوێن. لای ئەوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەك ناجۆرو ناپەسەند هەبوو کە بەلای ئێمەی هەڵەبجەییو شارەزوورییەوە زۆر ناشیرین بوو، ئەویش ڕەدوو کەوتنی ژنان بوو لەو دەڤەرە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## مام حەمەدەمین‌و شکانی ئاوێنەی ئۆرزدی

١٩٧٧/٤/٢٥ قۆڵەکانی هەڵکردبوون‌و مشکییەکەی کەمێ بردبووە بەشی دواوەی سەری. خەریك بوو دەستنوێژی دەگرت. شەهلای خوشکم ئاوی دەکرد بە دەستیا، هەموو جار نیازی دەستنوێژ هەڵگرتنی هەبوایە تەماشایەکی شەهلای دەکرد، ئەویش خێرا تێ دەگەیشت کە دەیەوێت ئاو بکات بە دەستیدا. هاورێ بەندییەکانی دەڤەری بیتوێن‌و قەڵادزە بە شەهلایان دەوت کیژەکەی حاجی مشیر، هەموو وایان دەزانی کچی مامەحاجی مشیر خۆیەتی. شەهلا لە تەمەنی نۆ ساڵاندا بوو. کچێکی چاوکاڵی سپی پێستی باریکەڵە بوو، جلی کوردی لەبەر دەکرد، بەو جلانەوە ئەوەندەی تر جوانتر دەردەکەوت. مام حەمەدەمین خەڵکی گوندێکی دوورە دەستی ناوچەی بتوێن بوو، دەیوت: حاجی مشیر، ڕەبی خوا ئەم کیژە جوانەت لێ نەسەنێ، زۆر عاقڵ‌و گوێگرە.

مامە حاجی مشیر بە خەندەیەکەوە: خوا دەوامی عومرت با حەمەدەمین، کیژی خۆم نییە، ئەمە وەکوو کوڕەزاو کچەزای خۆم وایە. باوکی لە چیا پێشمەرگەیە.



بەخودای وامزانی کیژی خۆتە، مەگەر تۆ کیژی مندارت نییە؟،

با دوو کیژم هەیە ئامینەو پەروین، کوڕەکەم عومەر لە تەمەنی ئەم کیژەدایە، قوربانتم عومەر گیان زۆرت بیر دەکەم.

ئەی لەبیری دایکیاندا نیت؟، مامە حاجی مشیر بە پێکەنینەوە: ئۆو حەمەدەمین هەر مەپرسە، چۆن بیری داکیان ناکەم، ئەمن جەرگم لۆ تەلیعە بووە بە کەباب.

مامە حاجی مشیرو مام حەمەدەمین زۆر نێوانیان خۆش بوو، هەمیشە کۆدەبونەوەو دەمەتەقەیان دەکردو باس‌و خواسی ڕۆژانی لاوێتی‌و ڕاووشکارو نیشانە شکاندنیان بۆ یەکتری دەکرد. هەندێ جاریش بە کلتوری ناوچەی یەکتری پێ دەکەنین. مام حەمەدەمین هاوتەمەنی مامە حاجی مشیر بوو. کەسێکی دڵ پاك‌و سینە ساف بوو، هەرچی ڕوودا بەسەری هاتبوو بێ سڵەمینەوە دەیگێڕایەوە. باسی لە ڕۆژگارانە دەکرد کە دوور بوون لە شارەوەو ئۆتۆمبێل‌و ڕادیۆو کارەباو تەنانەت باسی لە نەبونی ئاوێنەش دەکرد. بزەیەکی کردو وتی: حاجی مشیر یەکەم جارم بوو بێمە شار، خێزانم لەگەڵ بوو، پشتوێنێکی پانم بەستبوو، خەنجەرێکی دەبانم کربوو بە بەرۆکما. سمێڵەکانم بادابوون خەریك بوو دەچونە پشتی گوێچکەکانم. کڵاوو مێزەرم بەسەرەوە بوو، ڕۆشتینە ئۆرزدی، لە زۆر جێگا ئاوێنەی گەورە گەورە هەڵواسرابوون. کە چوومە بەری ئاوێنەیەك، وامزانی کابرایەکی دیکە بەرامبەرم وەستاوە. لە جێگای خۆم وشك بووم، کابراش وەکوو من وەستا، دەستێکم بە سمێڵەکانمدا هێنا، کابرا لاسایی کردمەوەو دەستی بە سمێڵیا هێنا. خۆم گرژ کرد،

ئەویش خۆی گرژ کرد. دەستم خستە سەر خەنجەرەکەم، ئەویش دەستی برد بۆ خەنجەرەکەی. غیرەتم هاتەوە بەرخۆم خەنجەرم هەڵکێشا لەگەڵ مندا کابرا خەنجەری هەڵکێشا بەهەموو هێزم خەنجەرم ڕوو لە کابرا کرد.

مامە حاجی مشیر لەتاو پێکەنیندا دەستی گرتبوو بە کەمەرییەوە: ئیٚ دواتر چیت کرد ماڵ خراپ؟

چم کرد حاجی مشیر! هەر کە خەنجەر بەر سەری کابرا کەوت بوو بە شوشەی شکاوو هاڕەی کردە خوارەوە. تەماشا دەکەم کابرا نەماو بوو بە تۆزو چوو بە ئاسمانا.

ئیٚ دواتر

دواتر فەرمانبەرانی ئۆرزدی ڕژان بەسەرمدا.

ئەوە چی بووە، ئەو دەنگە چی بوو ؟ چیت شکاند؟

وەڵا قوربان، ئەمن بووم، نەمزانی ئەم شوشەیەم شکاند، وێنەی خۆم دیت لە ناویدا، وامزانی کابرایەکی بێگانەیەو هاتیتە بەرامبەرمو خێسەم لیٚ دەکات. خەنجەرم لەبان سەری دانا، بوو بە هەورو بەئاسماندا چوو.

ماڵ کاول بۆچی نازانی ئەوە ئاوێنەیە؟

ناوەڵا ئەگەر بزانیبام وام نەدەکرد.

دەبێت حەقی ئەو زەرەرەی بدەیت.

بەسەر چاوان دەیدەم بەڵام ئابڕوم مەبە.

مام حەمەدەمین بەو شێوەیە فەرمانبەرانی ئۆرزدی لە کۆڵی خۆی کردبووەوەو بۆ کڕینی ئاوێنەیەکی گەورە دینارو نیوێکیان لیٚ سەندبوو.

مام حەمەدەمین دەمی نەدەوەستا باسی ڕەدوو کەوتنی ژنانی ناوچەکەیو هەرچی بەسەر هاتبوو بۆ مامە حاجی مشیرو پیاوەکانی دەگێرایەوە. ئەوانیش ڕۆژانە باسی چالاکییەکانی ئەویان دەکردو دەماودەم دەیانگێڕایەوەو دەیان کرد بە مەزەی کۆڕو دانشتنەکانیان.

بەهەمان شێوەی مام حەمەدەمین، مام غەفور ئاغجەلەریش نێوانی خۆش بوو لەگەڵ مام حاجی مشیر، وەکوو خزمو برایان لێهاتبوو، بەڵێنیان بەیەکدا کە ئەگەر ئازادیش بکرێن ئەو پەیوەندیە هەر بمێنێتو سەردانی یەکتری بکەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## داستانی تووەقوتو مەرگی حەوت پڵنگ

١٩٧٧/٦/٩ ژمارەیەکی زۆر جاشو جەیش هێرشیان کردە سەر حەوت پێشمەرگەی یەکێتی لە شیوەوشکی گوندی تووەقوتو سەر دەریاچەی سیروان. پاش شەڕێکی سەختو دژوارو کوژرانی جەیشێکی زۆر پێشمەرگەکان فیشەکیان پیٚ نەماو گەمارۆ دران، هەر لەوێدا هەمویان دەکوژرێن، کە ئەمانە بوون:

فەرماندەی مەفرەزە عومەری حەمە ساڵح بەشارەتی، ساڵح مەحمود مارف گەرمیانی، هیدایەت هەڵەبجەیی، حەمە عەلی ئەوڕەحمان میراولی، کامیل ئیبراهیم حسێن، ئیبراهیم عەبدوڵا زێرانی، ئیبراهیم خەلیل ناسراو بە دکتۆر ئەحمەد کەرکوکی.

عومەر کوڕی شەهید حەمە ساڵح لە ساڵی ١٩٤٦ لە بنەماڵەیەکی جوتیاری ماندوونەناسو شۆڕشگێڕو لە گوندی بەشارەتی سەر بە ناحیەی سیروان لە پارێزگای هەڵەبجە هاتووەتە دنیاوە. لە ساڵی ١٩٥٣ خراوەتە بەر خوێندن، قۆناغی سەرەتاییو ناوەندی لە سیروانو هەڵەبجە تەواو کردووە. دوای ئەوەی شەهید حەمە ساڵحی باوکی لەبەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی زەعیم سدیق دا بۆ سەر ناوچەکە شەهید دەبێت، ئەرکی سەرشانی قورس دەبێتو ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات، وە خەریکی کرێکاریو کشتوکاڵ کردن دەبێت بۆ بژێوی خێزانەکەیان. سەرەڕای ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەیان کە ئەم کوڕی گەورەی ماڵ بووە، خەریکی کاری ڕێکخستنیش دەبێت. لە ساڵی ١٩٦٩ خێزان پێك دەهێنێت، هەر لەو ساڵەدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە دەستگیر دەکرێتو سێ مانگ دەخرێتە زیندانەوە. پاش ئازاد بوونی دەبرێت بۆ خزمەتی سەربازی، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی یەکەم مۆڵەتیدا لە سەربازی هەڵدێتو دەست



دەکات بە کاری حزبی. لە ساڵی ١٩٧٠ دەبێ بە ئەندامی ناوچەی هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە مامۆستای مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەوارییو خەڵکی گوندەکەی فێری خوێندەواری دەکات. هەر لەو ساڵەدا پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوەو کادرێکی هەڵسوڕاو چالاکی لێ دەردەچێت. پاش ئەوەی لە مانگی شوباتی ١٩٧٧دا لەلایەن سیخوڕێکەوە ئاشکرا دەبێت، خێرا پەیوەندی دەکات بە شاخەوەو چەکی پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دەکاتە شانی. لەبەر ئازایەتی دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە. لە ڕێکەوتی ١٩٧٧/٦/٩ لە نزیك گوندی تۆقوتی شارەزوور خۆیو پێنج پێشمەرگەی قارەمانی تر لەلایەن ژمارەیەکی زۆر جاشو جەیشەوە گەمارۆ دەدرێن، وە چەند کۆپتەرێکیش لە ئاسمانەوە شوێنیان هەڵدەگرێتو دەستڕێژیان لێ دەکات. شەرێکی قارەمانانەو بێ وێنە دەکەن، وە ژمارەیەکی زۆر جاشو جەیش دەکوژرێت، بەڵام دوای نیوەڕۆ فیشەکیان پێ نامێنێت، شەهید عومەرو هاوڕێکانی دەکوژرێنو دەگەن بەکاروانی نەمران. شەهید لە دوای خۆی پێنج کوڕ بۆ خزمەتی ئەم نیشتمانە بەجێ دەهێڵێت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٧/٦/١٢ کۆپتەرەکانی ڕژێمی بەعس هاتنە سەر دەریاچەی سیروانو هەرچی بەلەم لە دەریاچەکەدا بەرچاویان کەوتبوو هەمویان تێك شکاند.

**١٩٧٧/٧/٣** محەمەد حاجی عوسمان تەپی سەفایی لەگەڵ کاك عەبدولی ئەوڕەحمان لە گوندی شەشك‌و وەستا ئەنوەر لە هەڵەبجە لەلایەن جاش‌و جەیشەوە دەستگیر کران‌و ڕەوانەی هەیئەی کەرکوك کران. وەستا ئەنوەر هەر لەو زیندانەدا بە هۆی ئەشکەنجەو ئازاری زۆرەوە گیانی لەدەست دا.

**١٩٧٧/٧/٧** ئەنوەر عەبدولرەحمان عەبدولقادر ناسراو بە وەستا ئەنوەر لە زیندانی هەیئەی کەرکوك لە کاتی ئەشکەنجەدا گیانی سپارد.

ئەنوەر عەبدولرەحمان عەبدولقادر ناسراو بە وەستا ئەنوەر، لە دایك بووی ساڵی ١٩٤٥ شاری



هەڵەبجەیە، خوێندنی سەرەتایی‌و ئامادەیی هەرلەو شارەدا تەواو کردووە. شەهید وەستا ئەنوەر لێپرسراوی شانە نهێنیەکانی هەڵەبجەو هەورامان‌و شارەزوور بووەو لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەوە پەیوەندی هەبووەو ئەندامی کارای ئەو ڕێکخراوە بووە، لە بەرواری ١٩٧٧/٥/٥ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا دەستگیر دەکرێن‌و ڕەوانەی هەیئەی کەرکوك دەکرێن. شەهید وەستا ئەنوەر لەبەرئەوەی خۆڕاگرو ئازاو بەجەرگ بووە لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا هیچ نادرکێنن‌و بەخۆڕاگری دەمێننەوە، هەربۆیە جەلادەکانی بەعس ئەشکەنجەی وەستا ئەنوەر توند تر دەکەن‌و ئێسکەکانی پەنجەی دەشکێنن‌و پاشان سەری دەشکێنن‌و مێرۆلەی تێ بەردەدەن، بەوەشەوە وەستا ئەنوەر هیچ نهێنیەکی نەدرکاندووە، دواتر فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت، بەڵام لەبەر سەختی برینەکانی پێش جێبەجێکردنی سزای لە سێدارە دانەکە لەبەرواری ١٩٧٧/٧/٧ ماڵئاوایی لە ژیان دەکات‌و بۆ هەمیشە دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. وە ڕژێم تەرمەکەشی ڕادەستی کەسوکاری ناکەن‌و بۆ خۆیان لە جێگایەکی نهێنی دەیشارنەوە، تا لە حوزەیرانی ٢٠١٥ جێگای شاردنەوەکەی ئاشکرا دەبێت‌و لەمەراسیمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی عەبابەیلێ بەخاکی دەسپێرنەوە. شەهید ئەنوەر برای سەرکردەی کۆچکردوو شێخ عەلی کەشکۆڵەو باوکی ئەفسەری ئاسایش سەیوان ئەنوەرە ومامی شەریف کەشکۆڵ‌و لەتیف کەشکۆڵە کەدوو پێشمەرگەی دێرینن‌و لەخەبات دانەبڕاون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**١٩٧٧/٧/١٢** سەربازەکانی ڕژێم لەگەڵ جاشەکانی سالە خەیات هەڵیان کوتایە سەر هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە گوندی دەرەی مەڕی هەورامان، تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو.

**١٩٧٧/٧/٢٣** سەرکردەی یەکێتی حەمە غەفور ئاغجەلەری‌و پۆلێك پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی ئەنوەر کەریم، عەبدوڵا تۆفیق، ئەحمەد محەمەد، حامید مەلا ئەحمەد، کەریم مەلا ئەحمەد، سەعید عومەر، ڕەزا عومەر لە گوندی کانی بی کۆیە دەکوژرێن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## خەوبینینی مام غەفور ئاغجەلەری

١٩٧٧/٧/٢٤ تا نیوەشەو لەگەڵ حاجی مشیرو حاجی عەبدولکەریمو مام حەمەدەمین دەمەتەقەیان دەکردو کۆڕی باسو بەسەرهاتی زەمەنی جاحێڵیو ئەسپ سواریو ڕاو وشکار گەرم کرابوو، دوای ئەوەی خەو زۆری بۆ هێنان مام غەفور هاتەوە بۆ جێگاکەی خۆیو مێزەرەکەی لەسەری لابردو لە جێگاکەیدا ڕاکشا. شەوگار گەرم بوو هیچی بەخۆیدا نەدا، پاش ماوەیەك چاوەکانی چوونە خەوو بەهەموو هەستو نەستییەوە لە جێهانی بێداری بڕاو خەوی لێکەوت.

کەم کەس هەیە شەوانە یان چەند شەو جارێك خەوێك نەبینێت، ئیتر ئەو خەوە (تێکەڵو پێکەڵ) یان (خەوی ڕاستەقینە) بێت. دیارە جۆری دووەمیان کەمتر دەبینرێتو بۆ هەموو کەس مەیسەر نابێت، یان دەبێت کەسەکە زۆر ئیماندار بێت، یان سادەو دڵسافو بێ گوناه بێت، یان زوڵم لێکراوو ستەمدیدە بێت، ئەگەر بەو دڵ غەمبارو پاکەیانەوە بخەون خەوەی ڕاستەقینە دەبینن.

مام غەفور ئەو شەوە دەچێتە ناو قوڵایی خەوەوەو دەچێتەوە بۆ زێدی خۆی لە ئاغجەلەرو تەماشای ماڵی خۆیان دەکات، لەپڕ گڵۆپی بەر هەیوانەکەیان دەتەقێتو دەکەوێتە خوارەوەو دنیا لەبەرچاوی تاریك دەبێت. کاتێ خەبەری دەبێتەوە هەموو گیانی لەناو عەرەقی لاشەیدا تەڕ بووەو وەکوو بی ناو ئاو دەلەرزێت، چەند جارێك سڵاوات لێ دەداتو دەڵێت: خوایە بەخێری بگێڕیت هەر حەمە هیچی بەسەر نەهاتبێت ئیتر باکم لە هیچ شتێکی تر نییە.

ئافتاب خانم لە دەنگی مام غەفور خەبەری دەبێتەوەو دەڵێت: ها پیاوەکە چیتە؟ بۆچی بەخەبر هاتوویت؟

ژنەکە خوا بەخێری بگێڕێت خەوێکی ناخۆشم بینی، لە خەومدا گڵۆپی بەرهەیوانەکەمان شکاو کەوتە خوارەوە، بەوەش دنیا لەبەرچاوم تاریك بوو، بەرپێی خۆم نەدەبینی.

هیچ نییە پیاوەکە نییەتی خێرێك بهێنە ئیشەڵا بەخێر دەگوزەرێت.

بەم قسانەی ئافتاب خانم مامە غەفور کەمێ هاتەوە سەر خۆییو ڕاکشایەوەو هەر خەریکی زیکر کردن بوو. بەیانیش کاتێ هەستاو هاتەوە ناو هاوڕێکانی خەوەکەی بۆ گێڕانەوە, ئەوانیش دڵخۆشییان دایەوەو وتیان هیچ نییە شەو سوعبەتی زۆرمان کردووە.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێك بەسەر ئەو خەوەدا، لەکاتژمێری نۆی بەیانییەکدا ئەفسەرێك خۆی کرد بە ناو زینداندا، کاغەزێکی بەدەستەوە بوو، لەسەر خۆکردییەوەو وتی:

وەرنە پێشەوە هەموتان خڕ بن.

زیندانییەکان هەموو چوونە پێشەوە بۆ لایو گوێ قوڵاغ بوون، تۆ بڵێی هەواڵێکی خۆشی هێنابێت؟

غەفور ئەحمەد کێیە؟ ئەفسەرەکە وای وتو سەری بەرزکردەوە بۆ زیندانییەکان.

بەڵێ من ئەوم، مام غەفور وای وت.

زۆر باشە وەرە ئەملاوە، ئەفسەرەکە پەلی مام غەفوری گرتو خستیە تەنیشتی خۆی. دواتر ناوی هەریەکە لە ئەفتاب حامیدو وەزیرە عەبدولرەحمانو منداڵەکانیشی خوێندەوە، پێی ڕاگەیاندن کە محەمەدی کوڕیان تەسلیم بە حکومەت بووەتەوەو ئەمانیش لەبری ئەوە ئازاد دەکرێن.

مام غەفور ڕەنگی ڕەش داگیرساو لێوەکانی کەوتنە لەرزین ڕووی کردە حاجی مشیرو هاوڕێکانیو وتی: من کوڕی خۆم بناسم هەرگیز تەسلیم بە حکومەت نابێتەوەو چەکی پێشمەرگایەتی لەشانی داناگرێت، ئەوە کوژراوە بۆیە ئێمە ئازاد دەکەن.

حاجی مشیرو هەموو ئەو پیاوو ژنانەی لەو ناوە بوون وتیان نا ئیشەڵا هیچی بەسەر نەهاتووەو دیارە لەبەر خاتری ئێوە خۆی ڕادەست کردووەتەوە.

مام غەفوور سەرێکی باداو وتی:

یاخوا وابێت بەخوا خەوەکەی خۆمە حەمە کوژراوەو گلۆپەکەی من کوژاوەتەوە.

تا پەڕاوی ئازادبونیان تەواو کرا بوو بەشەو، هەر بەو شەوە هاتن بە شوێنیاندا، مام غەفور لەگەڵ پیاوەکان باوەشیان کرد بەیەکداو ئەملاولای یەکتریان ماچ کردو گەردن ئازادییان لەیەکتری کرد، لەو لاشەوە بە هەمان شێوە پورە ئافتابو باجی وەزیرە لەگەڵ ژنەکان دەست لەملانو خواحافیزییان لەیەکتری کردو فرمێسکی خەمو شادییان تێکەڵاو کرد.

مام غەفور بە ئەفسەرو پۆلیسەکانی وت: ئێمەیەکی نەشارەزا بەم شەوە بۆ کوێ بڕۆین با ئەمشەو بمێنینەوەو بەیانی بەڕێدەکەوین.

ئەفسەرەکە وتی: نا بەهیچ شێوەیەك مافی مانەوەتان نییە لەم جێگایەداو دەبێ بڕۆن.

باوە گەورەو دایە گەورە لە لەگەڵ بوکەکەیاندا دەستی منداڵەکانیان گرتو لە زیندانی ناسرییە چوونە دەرەوە، بەرەو شەقامێك ڕۆشتن، لەوێ شۆفێرێکی تاکسی ئیشارەتی لای ڕاستی داگیرساندو خۆی بۆ خستنە کەنار شەقامەکە بۆیانو سەری لەجامەوە دەرهێناو وتی:

مامە گیان ئەوە بەو شەوە ئۆغر بێت، بۆ کوێ دەڕۆنو لە چی دەگەڕێن؟

مام غەفورو خانەوادەکەی توشی شۆك بوون، لەخۆشیدا نەیانزانی چی بکەن، ئەوە چییە خۆ بە کوردی قسە دەکات.

کاکە گیان تۆ کێیتو چی دەکەیت لێرە، خوا بۆ ئێمەی ناردوویت، مام غەفور وای وت.

من کوردمو لەو خێزانانەم کە پێیان دەوترێت (عائدون) ڕەهەندی ئێرە کراومو لێرە کاری تاکسی دەکەم، ئێوەم بە جلی کوردییەوە بینی بۆیە وەستام.

یاخوا بێوەی بیت کوڕم ئێمەش هەر ئێستا لە زیندان هاتینە دەرەوەو دەمانەوێت بەرەو گەراجی بەغدا بڕۆین، مام غەفور دەستی خستبووە سەر دەرگای تاکسییەکەو وای وت.

وەرن سەرکەون، من دەتانگەیەنم، شۆفێرەکە وای وت.

مام غەفور خێرا لەپێشی ئۆتۆمبێلەوە خۆی گەیاندە لای سەکنو سوار بوو، خێزانو بوكو کوڕەزاکانیشی لە دواوە دانیشتنو دەرگایان پێوەدا، شۆفێر دوای بەخێر هێنان ڕووی لە مام غەفور کردو وتی: مامە گیان کەفارەتی زەحمەتتان بێت، پێم نالێن خەڵکی چ شوێنێکنو بۆچی گیراون؟

مام غەفور هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو بەدەنگێکی غەمگینەوە وتی: برا گیان چی لە تۆ نهێنی بێت، ئێمە لەسەر کوڕەکەمان گیراوین کە بووە بە پێشمەرگەو شۆڕشیان لە دژی ئەم حکومەتو دەسەڵاتە هەڵگیرساندووەتەوە، خەڵکی ئاغجەلەرینو کوڕەکەشمان ناوی محەمەدە، لەو کاتەدا لای کردەوە بۆ دواوەو وتی محەمەد مێردی ئەم ژنەو باوکی ئەم منداڵانەیە.

شۆفێر بە بیستنی ئەم هەواڵە تاساو پێی لەسەر دۆسەی بەنزینەکە هەڵبڕی، ماشێن خاوی کردەوەو بە ئەسپایی ڕێگای دەبڕی، فرمێسك لە چاوەکانی قەتیس بوون، بەڵام شاردییەوەو نەیهێشت هەستی پێ بکەن. ئەو ماوەیەك لەمەوبەر هەواڵی شەهید بوونی پۆلێك پێشمەرگەی بیستووە کە لەناویاندا محەمەد غەفور ئاغجەلەری ناوێك هەیە، بۆیە لای کردەوە بە لای مام غەفورداو وتی: مامە گیان ئەمشەو لەماڵی برازای خۆت میوان بنو بەیانی بکەونە ڕێ.

مام غەفور وتی: نا برا گیان بەخوا دەبێ بڕۆین، ماڵت ئاوەدان بێت زەحمەت بکێشەو بمانگەیەنەرە نقلیاتی بەغدا، هەرچۆن بووە دەبێت خێرا وەڕێ کەوین.

شۆفێرە کوردەکە بۆی دەرکەوت کە مام غەفور پێداگری دەکاتو نامێنێتەوە، ماشێنەکەی خێرا کردو ڕووی کردە نقلیاتی بەغدا، لەوێ دابەزینو پیادە بوون بەڵام لەبەرئەوەی کاتژمێر دووی شەو بوو، هیچ نەفەرێك نەبوو پاسەکە پڕ بێتو بکەونەڕێ. ناچار لەبەردەم دوکانێکی ماسی فرۆش تا بەیانی مانەوەو ڕۆژیان کردەوە، سەگەلی ئەو ناوەش بەبۆنەی خواردنی پاشەڕۆی ماسییەوە تا بەیانی وازی لێ نەهێناونو پەلاماری داون.

لە بەرەبەیانێکی زوودا پاس بەرەو شاری بەغدا بەڕێدەکەوێت، هەموو خانەوادەکە بە گەورەو بچوکەوە ژمارەیان حەوت کەس دەبێت جێگای پێنج نەفەریان گرتووەو لە جامەکانەوە تەماشای شارە پیس وپۆخڵەکەی ناسرییە دەکەنو لە شەقامو کۆڵانو دیمەکانی تر ڕادەمێنن. مام غەفور بە ڕدێنی سپییەوە لە جامی پاسەکەوە نیگای خستووەتە سەر ئەو بڕکە حوشترەی لە قەراغی ڕێگەکەدا دڕكو داڵی بیابان دەخۆنو کاوێژ دەکەنەوە، سەرەڕای ئەو خەفەتەی لە دڵیدا بوو، هەستێکی خۆشی بۆ دروست کردبوو، کەوتەوە خەیاڵی مەڕو مانگا لەوەڕاندنی ناو گژوگیای سەوزو جوانی کوردستان.

لەدڵی خۆیدا دەیوت خەوێکەو بەس کێ دەڵێ ئەم خەوەی من وەڕاست گەڕێت، لەوانەیە حەمەی کوڕم تاقەتی دووری ژنو منداڵەکانی نەبوبێتو خۆی ڕادەستی ڕژێم کردبێتەوە، یان چوزانم لەوانەیە تەنها لەبەر ئەوە هاتبێتەوە ئێمە ئازاد بکرێینو پاشان بچێتەوە شاخ، لەبەری خۆیەوە ئەو وورد وکردانەی دەکرد، بەڵام هیچ نەیدەویست خەیاڵی خۆشی خێزانیو بوكو منداڵەکانی تێکبداتو باسی خەوەکەیان بۆ زیندوو بکاتەوە.

لە پێش نیوەڕۆ گەیشتنە شاری بەغدای پڕ حەشیمەت، منداڵەکان برسییان بوو لەپاس دابەزینو بە تاکسییەك بەرەو نقلیاتی کەرکوك ڕۆشتن، کاتێ دابەزین لە دوکانێك ساردیو بسکیتیان خواردو کەمێ سکیان تێر بوو، مام غەفورو پورە ئافتاب هەر لە ناسرییە نیەتی ڕۆژوویان هێنابوو یەکی دوو دەنك خورمایان وەکوو پارشێو بە ئاوەوە خواردبوو، لە ڕێگا هیچیان نەخوارد، پێشینانمان ئەوەندە خاوەن عەزیمەت بوون لەسەفەرو ناخۆشیشدا لە مانگی ڕەمەزانیان نەخواردووەو بەرگەی گەرمای هاوینو دژوارییەکانی ڕێگایان گرتووە. دواتر هاتنە ناو نقلیاتەکەوە، شۆفێرەکان پرسییان: بۆ کوێ دەڕۆن؟

مام غەفور وتی: لە زیندانی ناسرییە ئازاد کراوینو دەچینەوە بۆ ئاغجەلەر.

سواری ئامانەیەکی هەژدە نەفەری بوونو بەرەو شاری کەرکوك وەڕێ کەوتن، پاس تاوی دەداو باخە خورماو پرتەقاڵەکانی دەدایە دوای خۆی، تا لە کەرکوك نزیك بوونەوە خۆرەکە لە ناوەڕاستی ئاسمانەوە هات بۆ لای دەستەچەپی پاسەکە. بانگی عەسر بوو گەشتنە شاری کەرکوك، لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە لە هەرچی مزگەوتەوەیە دەنگی بانگ بەرزبوویەوە، مام غەفور ماندووو شەکەت بوو، وتی لەماڵی پیرۆزی خوشکم لادەدەینو پشوو دەدەین، لەئامانەکە دابەزینو سواری تاکسییەك بوون بەرەو ماڵی پورە پیرۆز.

کاتێ گەشتنە بەر دەرگای ماڵەکەو لە دەرگایاندا، ژنێکی ڕەشپۆش هاتو دەرگای کردەوە.

ژن لەبەر دەرگای حەوش وەستاوەو لە میوانەکان ڕادەمێنێت، یەك وشە چییە بۆی ناوترێت، مام غەفوری برایو ئافتابو وەزیرەش تەماشای بەرگە ڕەشەکەی پیرۆز دەکەن دەتاسێنو تف لە گوڕگیان وشك دەبێت، منداڵەکانیش سەربەرز دەکەنەوەو ئەوڵەق دەبن، بۆچی کەس ناڵێت فەرموونو بۆچی هەمویان وەستاون. لەناکاو بورکانی گریان فرمێسك دەتەقێتەوەو دەبێت بە شیوەنو گریان، پورە پیرۆز باوەش بە منداڵەکاندا دەکاتو هەرچواریان لەناو دەستیدا کۆدەکاتەوە، بە گریانو فرمێسکەوە یەکە یەکە ڕایان دەموسێت، دواتر باوەش بە وەزیرەدا دەکاتو دەیلاوێنێتەوە، مام غەفور هۆن هۆن فرمێسك دەڕێژێتو باوەش بە پیرۆزی خوشکیدا دەکاتو دەڵێت: خوشکم خەوەکەی خۆم بوو، وانییە؟ حەمە کوژراوە؟

خوشك نە دەتوانێت بڵێت ئا، وەنەدەتوانێت نکولی بکاتو بڵێت نا، جلکە ڕەشەکانی بەری گەواهی ئەوە دەدەن کە ئازیزترین کەسیان لەدەست داوە.

دواتر خەڵکی گەڕەکیش دەڕژێت بە سەریانداو بەشداری ئەو شیوەنە دەکەنو ماتەم دەگێرن. ئەو شەوە لەماڵی پورە پیرۆز پرسە نوێ کرایەوەو جۆگەو کانیاوی فرمێسکەکان تەقینەوەو تا بەرەبەیان کەس جگە لە منالە دڵ شکاوەکان کەس خەو نەچووە چاوی، ناو بەناو هەواڵی زیندانو دەنگوباسی زیندانییەکان ناوکێشی شیوەنو گریانەکەیان دەکراو وەکوو تاوی بارانی بەهار کەمێ ژێر دەبوونەوەو لە فرمێسك دەکەوتن، پاش کەمێك هەوری ڕەشی خەفەت سەرتاپای دڵی مام غەفورو پورە ئافتابو وەزیرەی دادەپۆشیو سێلاوێك فرمێسکیان هەڵدەڕشتەوە.

لەگەڵ سپێدەی بەیاندا میوانو خانەخوێ هەموو خۆیان کۆکردەوەو بەرەو ئاغجەلەر کەوتنەڕێ، کاتێ خۆیان کرد بە گەڕەکدا دیسانەوە بوو بە شیوەنو گریانو لەخۆدانێك، تەواوی شارۆچکەکە بوو بە ماتەمو پرسە، هەموو پێشوازییان کرد لە خانەوادەیەکی ماندووی دڵشکاوی چاو پڕ لە خوێن. هێشتا تەپوتۆزی بیابان بەسەرو ڕوخساریانەوە دیارەو سوێراوی باشور پێستی سوڕهەڵگەڕاندوون، جگە لە جاشو ئەمنەکانی ئەو دەڤەرە کەس نەبوو بزە لەسەر لێوی بێتو فرمێسکی نەڕشتبێت، تەنانەت ئاسمانیش چەند نمە بارانێکی خستە سەر گۆنای زەویو شاخەکانیش ڕەش هەڵگەڕان.

ئەو خێزانە ماندووە خێر لەخۆ نەدیوە دوای ئەوەی ڕاپێچی زیندان دەکرێن، ماڵەکەشیان هەڕاج فرۆش دەکەنو دەست دەگرن بەسەر خانووەکەیاندا، دوای دوو ساڵ لە ئازادبونیان خانووەکەیان پێ دەدرێتەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٧/٧/٢٤ کۆچی دوایی مێژوونوسی گەلی کورد مامۆستا گیو موکریانی لەشاری هەولێر.

١٩٧٧/٧/٢٥جێگای حوشترەکان بوو بە دیوەخانو جێگای ڕازو نیاز گۆڕینەوەی ژنە پێشمەرگەو منالەکانیان. شەوان سەردانی یەکتر دەکراو بەتەواوی ئالودەی یەکتر بووبوین، لە بری دەقولباب دەقولبەتانی دەکرا چونکە دەرگاو دیواری هەموو ماڵەکان بەتانی بوو. ناو ئەو بەتانیەی وەکوو دیوارو حەوشە هەموو ماڵێك دروستی کردبوو لەیەك کاتدا ژووری میوانو نوستنو مەتبەخیش بوو. کەلوپەلەکانیش بریتی بوون لە تەباخێکی نەوتو تاقمێکی قۆریو کتری وپیاڵەی چاو چەند قاپو قاچاخێکی نان خواردنو چەند بەتانییەك بۆ نوستن بەپێی ژمارەی ئەندامی خێزانەکەو لەوە زیاتر جلەکانی بەرمان بوولەگەڵ دەستێك جلوبەرگی زیادە. شەوانە گوێمان لە چیرۆکی (ڕۆستەمو زۆراب)و (مام گورگ)و (داپیرە کلکە کولەم وێدە)و (وڵکنە) دەگرت کە دایکمان لەبری کتێب بۆی دەخوێندینەوە. ئێمەی منالّ حەزمان لە دەفتەرو قەلەم بوو لای ئوم حسێن دەمانکڕی بەلاّم بێ بەش بوین لە مەکتەبو خوێندن هەموو جار مام حاجی مشیر بەرەحمەت بێت وێنەی بۆ دەکێشاینو دەیهێنایـنە پێکەنین بەوێنە باسی لە ڕاوە بەرازو ڕاوی ئاژەڵە کێوی بۆ دەکردینو خولیای وێنەکێشانی لە ئێمەدا وروژاند، مامەندی کوڕی شەهید ڕەسوڵ مامەند نازانم لەمن گەورەتر بوو، یان هاوتەمەن بوینو بەلاّم ئەو خرابووە بەر خوێندن، پیتەکانی

خوێندبوو هەموو جار لای ئەو سەیری دەستیمان دەکرد ئەلفوبێی بۆ دەنوسینەوە. من بەتەواوی پیتە کوردییەکانم ناسییەوەو فێریان بووم.

## دەرمانخواردکردنی زیندانییەکان

١٩٧٧/٧/٢٧ نیوەڕۆیەك نانو چێشت تەوزیع کرا دوای نان خواردن زۆربەی زیندانییەکان کەوتنە ڕشانەوەو سك چوون، بەپەلە تیمی تەندروستییان هێنایە ناو زیندان. لەئەنجامی پشکنین بۆیان دەرکەوت کە مەوادی زیانبەخش کراوەتە ناو چێشتو شلەکە، هەربۆیە زیندانیان دەستیان کرد بە مانگرتن کە بەهیچ شێوەیەك نان وەرناگرنو نایخۆن، لەئەنجامدا ناچار کران بۆ هەموو ژەمە خۆراکێك دکتۆرێك یان کارمەندێك تەندروستی ئامادەبێت لە پێش خەڵکەکەوە لێی بخواتو زیندانییەکان دڵنیا بکاتەوە ئەو کاتە ئێمەش دەیخۆین. ماوەیەك دواتر مەوادێکی خراپیان کردبووە ناو پرتەقاڵەوە ئەوەی لێی خواردبوو بەهەمان شێوەی پێشوو باری تەندروستی کەوتە مەترسییەوەو ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا. ئەم کارە قێزەونەیان چەند جارێك لە نانو میوەو ئاودا دووبارە کردەوە. تا کار گەیشتە ئەوەی سکاڵا گەیشتبوو بە دەسەڵاتدارانی باڵاو بەڕێوەبەری تەندروستی، ئەوانیش تاڕادەیەك بەدەم سکاڵاکەوە هاتنو بارودۆخیان ئاسایی کردەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٧/٨/١٥ سەرەتای مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بوو، گەورەکان هەموو بە ڕۆژوو بوون، گەرمای ناسرییەو ئاوە سوێرەکەی ڕۆژووەکەی ئەوەندەی تر لەسەر قورس کردبوون، بەڵام کورد بەڕاستی موسڵمانەو هیچ تەنگانەو ناخۆشییەکدا خوای گەورەو فەرمانەکانی بیرناچێتەوە.

١٩٧٧/٨/٢٠ ڕۆژوەوانان لە مانگی ڕەمەزاندا ئارەزوویان لە خواردنێکی کوردەواری بوو کەبەدەستی خۆیان لێ بنرێت. هەربۆ ئەو مەبەستە پارەیان دەدا بە پۆلیسەکان لە بازاڕی ناسرییە مریشکی زیندوویان بۆ بهێنن لە گەڵ خورما بۆ شکاندنی ڕۆژووەکانیان. ئای ئەو ئێوارانە چەند خۆش بوو مریشکمان هەبوو، عەباسی پۆلیس کەمێك چڵێس بوو، ئەو مریشکەکەی بۆ ئێمە دەهێنا، ئێوارە نانێکی دەگرت بەدەستەوەو دەیوت بەدایکم، بەشم. دایکیشم لەبەر ئەوەی هەموو جار ئەو مریشکی بۆ دەهێنایەن پارچەیەکی بۆ دەکردنە ناو نانەکە، بە سوپاس کردنەوە قەپی لە مریشکەکە دەگرتو دەچووە بۆ حەوشی پۆلیسەکان. پۆلیسەکانی تریش هەر بەو شێوەیە مریشکیان بۆ هەرماڵێك هێنابێت، ئێوارە بە نانێکەوە داوای بەشی خۆیان دەکرد.

١٩٧٧/٩/٣ عەلی محەمەد سلێمان ناسراو بە جوامێرو حەوت پێشمەرگەی تر لەناویاندا شوان عەلیو مەلا ئەحمەدی مەسۆیی لە گوندی قازانقایەی قەرەداغو لەسەر حەوز وئاوەکەی ئەو گوندە لە لایەن جاشەکانی تەحسین شاوەیسەوە شەهید دەکرێن.

١٩٧٧/٩/١٤ وا دوو جەژنە ئێمە لە زیندانینو گەردن ئازادیو پیرۆزبایی جەژن لەیەکتری دەکەین، هیچ شوێنێکیش نییە بۆی بچین تەنها چوار دیواری حەوشی زیندان نەبێت، ئوم حسێن هەموو دەرچونو

دوكانو بازاڕێكی ئێمە بوو ڕۆژانی جەژن هەمان دەستە جلوبەرگی پێش جەژنمان لەبەردا بوو لەماوەی نیو كاتژمێردا جەژن ماڵ ئاوایی دەكردو تەواو دەبوو.

١٩٧٧/٩/١٦ دوای دابڕانێكی زۆر لەخزمو كەسو خۆشەویستانمان تاسەی بینینی یەك بەیەكی ئەوانمان دەكرد. وا ماوەیەكی زۆرە بێ بەشین لە نازی دایە گەورەكانو باوە گەورەكانو خاڵو مامو پور، بێ بەش بووین لەو ساتانەی دەستیان دەكرد بەگیرفانیانداو ١٠٠ فلسو ڕوبعە دینار بدەن بە دەستمانەوە، بێ بەش بوین لە گوێزو مێوژی ناو سندوقە تەختەكەی دایە ڕەعنا. دایە ڕەعنا یەكێك بوو لەو ژنانەی نەك خەڵكی لای خۆمان بەڵكو خەڵكانی هەورامانی تەختو پاوەو هانەگەرمەڵە شایەتی بۆ دەدەن كە چی ژنێك بووەو چۆن دیوەخانی باوە عوسمانی بە سینە سافیو دەستگوشادی بەڕێوە بردووەو سەخاوەتی ئەو ئێستاش باس دەكرێت بەر ڕەحمەتی خوا بكەوێت. هەروەها نەنە بەهێ كە خێزانی دووەمی باوە حاجی عوسمانم بوو، كە دەكاتە دایكی پورە دلوستان، زۆر بە پەرۆش بوو بۆ دۆزینەوەمانو چەند جارێك پێش ئەوەی مواجەهە بكرێتەوە بە ناشارەزاییو بەتەنها خۆی گەیاندبووە شاری ناسرییە، خوالێی خۆش بێت.

نەنە نایلەم خێزانی باوە حەمەم بوو، ئەویش كەسێكی میوان پەزیرو ئازاو گورجو گۆڵ بوو، وا ماوەیەكی زۆرە لێی دابڕاوینو تەشییەكەی ناخولێنینەوە، ئەو بەڕەحمەت بێت كاساوسێی[1] تا ناوەڕاستی ئاوایی دەچوو، هەرچی لێ دەنا بەبێ دراوسێ نەیدەخوارد.

ڕۆژێك قەربالغی لە دەرەوەی زیندان دروستبوو پۆلیسو ئەمن ڕژانە ناو زیندانەكە، دوای ئەوان كۆمەڵێك كەس بەجلی كوردییەوە خۆیان كرد بەحەوشەكەدا، بلێی ئەمانە كێ بن؟ خۆناشێت ئەمانەش دەست بەسەری تازە بنو كەسوكاریان بوبێتن بە پێشمەرگە؟ ئێمەی منالْ پێش دایكمان بەرەو میوانەكان چوین، هەر ئەوەندەمان زانی ئێمەیان لەئامێز گرتو گریانو خۆشی تێكەڵاو بەیەكتر بوون. تێر تێر بۆنی یەكترمان دەكرد. باوە گەورەكانو دایە گەورەكانو مامو خاڵو پورو خزمی نزیكو دوور هەموو هاتبون بۆ سەردانمان. هەرچەند ئێمە بێ بەش بوین لە جەژن بەڵام هاتنی ئەوان ئەو ڕۆژەی بۆ كردین بە جەژن، ئای كەتامی ئەو ساتانە ئەوەندە خۆشە هەرگیز بەدەم وەسف ناكرێت. دوای دوو سێ كاتژمێر مۆڵەت جارێكی تر ئالودەیان بوینەوەو پێمان ناخۆش بوو لێمان دابڕێن، بەڵام چار چییە! هەر ئەوەندە مۆڵەت هەیەو دەبێت ماڵئاوایی بكەنو بڕۆن، لەكاتی خواحافیزیدا دیسانەوە بوو بەگریان. میوانەكان تەنها ئەوەیان پێ كرا دڵخۆشیمان بدەنەوەو بڵێن ئیشەڵا بەم زوانە بەیەكتر شاد دەبینەوە.

---

١ كاساوسێ واتە كاسەی هاوسێ. ئەو خواردنەیە كە لە قاپێكدا نانێكی هەروامی دەدرا بەسەرداو دەبرا بۆ ماڵێكی دراوسێ. خەڵكی لادێ بەسروشت سەخی بوونو هیچیان بێ یەك نەدەخوارد، ئەم سیفەتە تا ئێستاش بە كەمی ماوە.

یادگارییەکی تری ناو زیندان کە بیرم ناچێتەوە گاڵتەوگەپی پۆلیسەکان بوو لە نێوان خۆیاندا، عەباسو مەشکورو بەرزان، عەبدە بچکۆلەیان دەبەستەوەو ئازاریان دەدا هەمیشە لەو کاتانەدا دەچومە پێشەوەو تەماشای ئەوانم دەکرد زۆر بەزەییم بە عەبدە بچکۆلەدا دەهاتەوە جاری وابوو دەیانکردە گریان، چونکە باڵایەکی کورتی پێوەبوو ئەوانی تر باڵادەست بوون بەسەریداو بێویژدانیان لەگەڵ دەکرد. جگە لەخەفەت بۆ خۆمان خەفەتی عەبدی پۆلیسیش هاتە سەر خەفەتەکان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## قۆرییە چاکەی دایکمو سوتانی دەستی کچەکەی ڕەسوڵ مامەند

یادگارییەکی تری زیندان بیرم مابێت ڕۆژێك دایکم قۆرییەك چای گەرمی بەدەستەوە بوو نازانم لە کوێ کوڵاندبوی ئەیهێنایەوە بۆ ناو ژورە لەبەتانی دروستکراوەکەی خۆمان. منداڵان یاریمان دەکرد لەپڕ کچێکی شەهید ڕەسوڵ مامەند خۆی کێشا بە دایکمداو قۆرییە چاکە ڕژا بەدەستیاو دەستی بەخەستی سوتا، ئەوەش ئازارێکی تربوو چووە بان ئازارەکانی زیندان. چونکە لەلایەکەوە بوو بەخەفەت بۆ دایکمو لەلایەکی تریشەوە بۆ کەسوکاری کچە سوتاوەکە، بەڕاستی فاتمە خانی خێزانی شەهید ڕەسوڵ مامەند ژنێکی زۆر مەردو بەغیرەت بوو، دڵی دایکمی دەدایەوەو یەك وشە قسەی لەسەر سوتانی دەستی کچەکەی بەرامبەر بە دایکم نەکردو ناوچاوی گرژ نەکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## سەددام حسێن بەنیاز بوو بێت بۆ ناو زیندان

**١٩٧٧/٩/٣٠** لەمرۆدا ژمارەیەك کەناس هاتنەوە ناو حەوشی زیندانەکەوەو دەستیان کرد بە گسك لێدانو پاککردنەوەی حەوشی زیندانەکەو ئاوڕشێن کردنی، وە ئەو ڕۆژە خزمەتێکی باشی زیندانییەکانیان کرد، وتیان سەددام حسێن جێگری سەرۆککۆماری عێراق سەردانی زیندانییەکان دەکات. بەڵام دواتر پارێزگاری ناسرییە هاتو سەردانی زیندانییەکانی کردو لە حاڵو ئەحواڵی  پرسیینەوە، دواتر وتی جەنابی جێگری سەرۆککۆمار بۆی نەکراوە سەردانتان بکاتو منی ڕاسپاردووە بۆ ئەم کارە. تەنها ئەو یەك ڕۆژە بەباشی خزمەتکراین ، ڕۆژەکانی تر لەکەسیان نەدەپرسییەوە.

**١٩٧٧/١٠/١٣** ملازم حەسەن خۆشناوو چەند هاوڕێیەکی لە گوندی باویان لەلایەن قیادەی موەقەت وخەڵکی گوندەکەوە کوژران.

**١٩٧٧/١٠/١٧** سەرژمێری دانیشتوان کرا لە عێراق، بەپێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی دانیشتوانی عێراق بوو بە دوازدە ملیۆنو چوار سەدو نەوەدو حەوت کەس.

**١٩٧٧/١٠/٢٣** لە گوندی عیزەت ئاوای ناوچەی پێنجوین حەمە حەسەن عەلی دەرەدۆینی لە شەڕێکدا دژ بە ڕژێمی بەعس کوژرا.

۱۹۷۷/۱۱/۲۱ جەژنی قوربانی پیرۆز بوو. ئەمە سێهەم جەژنە کە ئێمە لە زێدو نیشتمانی خۆمان دوورینو لەناو چوار دیواری زیندانی ناسرییەداین. ڕۆژی جەژن وەکوو هەمان ڕۆژانی ئاسایی بە بێ زەوقو بە بێ شەوق بەڕێوەچوو، پیاوانو ژنان لەبەر حورمەتی ئەو ڕۆژە پیرۆزە ڕۆژی عەرەفە بەڕۆژوو بوون، پارەیان بە پۆلیسەکاندا نارد لە بازاڕ یەکی مریشکێکیان بۆ بکڕن، بەشێکیان ئێوارە لێناو بەشەکەی تری بۆ ڕۆژی جەژن هەڵگیرا. منالەکان بە هەمان دەستە جلە کۆنەکانی جارانیانەوەو بەبێ خۆگۆڕین، لە حانوتی سجنەکە ساردیو بسکیتو شیرینییان دەکڕیو بەگەمەو گاڵتە بەناو یەکدا دەهاتنو دەچوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۷۸

دوو ڕووداوی گەورە بەسەر خێزانەکەماندا هات کە یەکەمیان شادیو خۆشی بوو، دووەمیان شیوەنو گریان. ڕووداوی یەکەمیان ئازاد بوونمان بوون لە زیندانی ناسرییە کە ساڵێكو سێ مانگو یازدە ڕۆژ لە ناو چوار دیواری زیندان دا بوینو ئازادیمان لێ زەوت کرابوو. ڕژێمی بەعس دوای ئەوەی نائومێد بوو لەوەی کە ئەو پێشمەرگانەی شۆڕشی نوێیان هەڵگیرساندووە چەك دانانێنو ماڵو منالی خۆیان کردووە بە قوربانی شۆڕشەکە، ئەوا بە لێبوردنێك هەمومانیان ئازاد کردو بە خۆشیو سەری بەرزەوە هاتینەوە بۆ زێدی خۆمان. بەڵی ئێمە کە ڕۆشتین خێزانێکی پێنج کەسی بوین بەلاَم چوار کەسمان گەڕایەوەو ئەمیر برای بچوکمان خاکی غەریبی بوو بە ماواو مەنزڵی هەمیشەیی. ئەو ئێستا گڵکۆکەی لە قەبرستانێکی نێوان ناسرییەو بەسرەدایە. ڕووداوی دووەم کوژرانی باوکم بوو لەسەنگەری پێشمەرگایەتیدا، کەلە زیندان ئازادکراین تەنها یەك جار بینیمانو ئیتر دیارو قیامەت کەوتینو چاومان بە چاوی نەکەوتەوە. لەشوێنی خۆیدا درێژەمان بە هەردوو ڕوداوەکە داوە.

وە هەر لەم ساڵەدا ڕژێمی بەعس نزیکەی ۱٤٥۲ گوندی باشوری کوردستانی تەخت کرد، بەبیانووی دروستکردنی پشتێنەی ئاسایش لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عێراقو ئێراندا. هەر لەم ساڵەدا خۆپیشاندان لە شاری قومی ئێران دەستی پێکرد.

سەدام حسێن لەکۆبونەوەی لەگەڵ وەفدی پیاوانی ئاینی سلێمانی بەئامادەبوونی شێخ قادری چوێسەو محەمەد قەرەداغی خەتیبی سلێمانیو پارێزگار، لە ناوەڕاستی هەشتاکان[۱]. دەڵێت: گوندە سنورییەکانی کوردستانم ڕاگواست، لەبەر ئەوەی فرۆکەکانمان دانیشتوانی ئەو گوندانەی لێ تێکەڵ دەبوو بەچەکدارەکان. چەکدارەکانیش دەچوونە ئەو دێهاتانەو خەڵکیان ناچاردەکرد خواردنو شوێنیان بدەنێ. منیش ڕامگواستنو

---

۱ توانا عوسمان، نوسەرو ڕۆژنامەنوس، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك ۲۰۱٦/۸/۳۱.

لەبری ئەوە قەرەبووم کردنەوە، بەشێوەیەکی زۆر سەخی قەرەبووم کردنەوە. وایلێهات کەدەچوومە کوردستان خەڵکی گوندەکان بەهەزاران عەریزەیان بۆ دەهێنام دەیانووت تکایە گوندەکەمان ڕابگوازە (دەیانویست قەرەبوو وەربگرن). بەڵام لەهەمان کاتدا دەشیانویست هەم قەرەبوو وەربگرن، هەم گوندەکەشیان بمێنێ! منیش ئەوەم قبوڵ نەبوو.

١٩٧٨/١/٢٥ ڕژێم ڕەبیەی سەربازی لەسەر گردی گۆی شارەزوور دانا. گردی گۆ گوندێکی شارەزوورەو دەکەوێتە سەر سێ ڕیانی خورماڵ، سەیدسادقو سیروان، لەهەموو شۆڕشەکاندا بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە زەرەرمەندی یەکەم بوون، لەجەنگی عێراق-ئێرانیشدا هەمیشە لە ژێر بۆردومانی تۆپەکانی ئێراندا بوون.

١٩٧٨/١/٣١ سەرکردەی یەکێتی ئارام لە گوندی تەنگی سەر گیانی بەختکرد.

١٩٧٨/٢/٨ لە هەڵەبجە تەقە کرا لە حەمە شەمێرانی کەلە دوکانی شێخ محەمەدی بۆفی فرۆشدا بوو هەر لەو ڕۆژەدا گیانی سپارد. نابراو فەرماندەیەکی ئازای شۆڕشی ئەیلول بوو.

١٩٧٨/٢/١٢ کوژرانی بەختیاری مەجید خان لە لایەن یەکێتییەوە.

١٩٧٨/٢/١٣ کۆپتەرەکانی ڕژێمی بەعس لە گوندی سماقەی نزیك تەق تەق دوو پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی کوشت ئەوانیش سەید مورسەلو قادر مەحموری بوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## خەوبینینی دایکم

١٩٧٨/٢/١٤ پاش بەسەر بردنی ساڵێكو سێ مانگو یازدە ڕۆژ بەهۆی لێبوردنی تایبەتەوە لە زیندانی ناسرییە ئازاد کراینو گەڕاینەوە بۆ کوردستان. ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو هەموو خەڵکی تەپی سەفاو بەشێك لەخەڵکی شەکرالی و گوندەکانی دەوروبەر بەپیریمانەوە هاتنو تا ناو ئاوایی تەپی سەفا بەخێریان هێناینەوە.

پێش سێ ڕۆژ لە ئازادبونمان دایکم خەوێکی بینی کە دڵی زیندانەکانی بە تەواوی خۆش کرد ئەوەبوو لەخەویدا شێخ عومەری بیارە (قدس سره) گۆچانێکی بەدەستەوە بووە داویەتی لە پشتی زیندانییەکانو پێی وتوون لەم زیندانە بچنە دەرەوە، بەزۆر پاڵی بە خەڵکەکەوە ناوە، بۆ بەیانی بۆ مام حاجی مشیرو حاجی عەبدولکەریمو مام حەمەدەمینو کۆمەڵێك پیاو باشی گێڕایەوە هەموو دڵخۆش بونو وتیان (إن شاء الله) کۆتایی بەم ناخۆشییە دێتو ڕزگارمان دەبێت.

دوای ئەوەی دایکم ئەو خەوەی بینی زیندانیەکان هەموو دڵخۆش بوونو ڕووناکییەك لەناو دڵیان دروستبوو، بەڵام هێشتا هیچ کەس خەبەرێکی خۆشی نەبیستبوو، دوای سێ ڕۆژ بەسەر تێپەڕبوونی ئەو خەوەدا کاربەدەستێکی باڵا بەخۆیو بەیانێکی فەرمییەوە هاتە ناو زیندانو زیندانیانی هەموو کۆکردەوە

وتی:، با هەواڵێکی خۆشتان پێ بدەم. ئێوە لەمڕۆوە ئازادن حکومەت لێبوردنی دەرکردووە بۆ سەرجەم زیندانیانی دەست بەسەر کەلە باکورەوە هێنراون بۆ ئێرە، خۆتان کۆ بکەنەوەو بەیانی ئۆتۆمبێل ئامادە دەکرێت تا باکور ناوەستێتو هەرکەس بۆ شوێنو جێگای خۆی بڕواتەوە.

قسە لەدەمی کابرای بەرپرس نەکەوتە خوارەوە بوو بە خۆشیو شادییەك هەر مەپرسە. حەوشی زیندان بۆ یەکەم جار بوو بە هۆڵی بۆنەکانو ئاهەنگو هەڵپەرکێ دەستی پێ کرد، ئەو شەوە کەس تا بەیانی خەو نەچووە چاوی، منالان چاوشارکێو هەڵبەزو دابەز تا خەو دەیبردنەوە بەو شێوەیە ئەو شەوەمان بەشادیو خۆشی بەسەر برد، بەیانی دوای ئەوە یەکی نیوکاتژمێرێك سەرمان نابویەوە هەستاینو خۆمان بۆ هاتنی ئۆتۆمبێلی گواستنەوە ئامادە کرد. تا ئەو ساتەی بڕیاری ئازادبوونمان بۆ دەرچوو جگە لە چوار دیواری زیندانەکە نەماندەزانی لەچواردەورمان چی هەیەو چی دەگوزەرێت. لەگەڵ شەهلای خوشکمو چەند منالی تریش ڕۆشتینە سەر بانی زیندانەکە کە بەشێکی کەمی چواردەورەکەی کۆنکرێت بوو، ناوەڕاستەکەشی لەوحی ئەستور بوو چین چین بە برغوو بەسترابوون بەیەکەوە. بۆ یەکەم جار لە سەربانەوە تەماشای شاری ناسرییەمان کرد، ماڵەکان زۆر نزیك بوون لە زیندانەکەوە، لەبیرمە ماڵێك لە حەوشەکەیدا بزنێکیان بەستبوویەوە، وەکوو باڵندە وابوین کە لەقەفەسەکەی دەرچوبێت یەکەم جار هەڵفرێنە سەر بەرزاییو دواتریش لەشەقەی باڵمانداو بەرەو کوێستان بووینەوە.

ئوم حسێنی دوکاندارو پیاوەکەی دەستیان کرد بەگریان. ئەوان بەڕاستی ئالودەی ئێمە بوو بوون، ڕۆژانە بایی چەند دیناری ئەو کاتە لەپارەی زیندانییەکان دەڕژایە ناو حسابەکەیان، ئیتر گوێیان لەدەنگی شلۆنچ ئوم حسێن نابێت، ئیتر هاك کاکە هاچ دادەیان نامێنێتو دەبێت سۆپەرمارکێتەکەیان بگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە. دابڕان سەختە ئەگەر ئەو دابڕانە بەرژەوەندی ئابوریشی لەگەڵدا بێت سەختترو نالەبار ترە، بەهەر حاڵ خوای گەورە کلاوی بۆ بەڕوو کردووەو سەری بێ ڕزق لەژێر خاکدایە، کێ دەڵێت گوزەرانیان باشتریش نەبوبێت، بەڵام ماڵئاوایی یەکجاریمان لەیەك کردو دیدارو قیامەت کەوتین. پۆلیسەکانیش بەهەمان شێوە دڵتەنگ بوون بە ڕۆیشتنمان، هەرچۆن بێت سواری ئۆتۆمبێل کراینو ماڵئاواییمان لە شاری (ناسرییە) کردو بەرەو کوردستانی خۆشەویست گەڕاینەوە.

سەفەری ئەم جارەمان پڕبوو لە دڵخۆشیو تاسەی بینینی نیشتمان، ئەم جارەکە هاتینەوە سلێمانی شەو بوو، داخڵ بە زیندانی گەورەی سلێمانی کراینەوە تا بەیانی ڕۆژ بوویەوە. بۆ بەیانی پاسیان گرت بۆ هەموو خێزانەکانو هەریەکە بەرەو زێدی خۆی ڕەوانەیان کردین. ئێمەش لەگەڵ ماڵ پورم لە پاسێکدا بوین هاتینە گردی گۆ (ئەو فەرعەی بۆ خورماڵ دەچێت) لەوێ دابەزین. لەبیرمە ئێمەی منال لەو قەراغ جادەیە کەوتبوینە شوێن بۆقێك زۆر خۆش بوو بەلامانەوە دنیا سەوزو جوانو هەوای پاكو تەمیزو دیمەی ئەو ناوچەیە زۆر دڵگیر بوو، ئێمە لە بیابانەوەو لە خواردنەوەی ئاوی سوێری ناسرییەوە هاتبوینەوە بۆ

بەهەشتێك. ڕێگای تەپی سەفا قوڕ بوو دەبوایە بە پێ بچینەوە ئاوایی خەڵکی شەکرالیو تەپی سەفاو گردی گۆو کولکنیو گردی قازیو تەپەڕێزینەو تەپەسەرقوڵەو گێڵەكو هەموو هاتن بە پیرمانەوە.

ئەو یادگارییەم بیر ناچێتەوە کە تا ناو ئاوایی عەبدوڵای خالۆ حەمە خستمیە سەر ملی خۆی. قسەی عەرەبیم بۆ دەکردنو ژمارەم بە عەرەبی تا سەد بۆ دەژماردن. لەزەتەکانی ئەو ئازاد بوونە ناتوانرێت بەنوسین باس بکرێت.

هەرچۆن باسی ئازارو مەینەتییەکانی ناو زیندان بکرێت هێشتا ناتوانرێت بەتەواوی گوزارشتی لێ بکرێت، بەڵام تامو لەزەتی فیداکاری بۆ خاكو نەتەوە هەموو ئەو ئازارانە دەشواتەوە. ئێمە تا ئێستاش سەرمان بەرزە کە ساڵو نیوێك لە بیابان لەژێر دەستی پیسترین ڕژێمی دیکتاتۆریدا بوینو ئازادییان لێ زەوت کردبوینو دواتریش باوکمان شەهید بووە. یان بۆ هەندێکی ترمان ئێستاش باوکیان پێشمەرگەیەو لەڕیزەکانی پێشەوەی خەباتدایە لەهەموو شوێنێکی ئەم وڵاتەی خۆماندا ڕێزیان لێ ناوینو بەحورمەتەوە پێشوازیان لێ دەکرێت (جگە لای بەرپرسەکان). کەواتە داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێت قەت بەرناگرێت سەربەخۆیی بێ فیداکاری هەرگیز سەرناگرێت.

ئەو کەسانەی لە زیندانی ناسرییەو دەوربەری پێکەوە بوین ئەمانەی خوارەوەمان لەبیر ماوە کە نزیکە ١٢٠ کەس دەبین، وە داوای لێبوردن لەو کەسانەش دەکەین کە ناوەکەیان بیر نەماوە: (حاجی مشیر محەمەد مەحمود یاروەیس تەپی سەفایی باوکی شەهید شەوکەت خوالێیان خۆش بێت،مام حەمەدەمین، ئافتاو خانم کچی عوسمان عومەر مەحمود یاروەیس خێزانی شەهید هاوار لە گوندی شەکرالی، کە دەکاتە دایکی ئێمە، دلوستان خانم کچی عوسمان عومەر مەحمود یاروەیس خێزانی شەهیدی سەرکردە شەوکەت حاجی مشیر، "سەرحەد (نوسەری ئەم بیرەوەریانە)، ئەسعەد، شەهلا، ئەمیری برامان (لەوێ کۆچی دواییکرد)" منداڵانی شەهید یونس محەمەد عەلی ناسراو بە شەهید هاوار، "ئارام، ئالان، ئەسیر" (لەوێ لەدایك بووەو لە ٢٠١٢ لە شاری لەندەن کۆچی دواییکردووە) منداڵانی شەهید شەوکەت حاجی مشیر، بەهیە خانم کچی میرزا حەسەن نەورۆڵی خێزانی حامید حاجی خالید لەگەڵ ئاریانی کچی، ناهی خانم کچی مام عەلی خێزانی دووەمی حامید حاجی خالید لەگەڵ ڕێبواری کوڕی، خوالێی خۆش بێت ڕابیعە خانم خێزانی شەهید عەریف مەحمود ومناڵەکانی شاکرو شوکریە، خوالێی خۆش بێت فاتمە خانم خێزانی شەهید عەلی شیعە، شەهید حەیدەر کوڕی شەهید عەلی شیعە، "خۆشناو، خەیروڵا، بەیان، ژیان، سکاڵا، سزا" منداڵانی شەهید عەلی شیعە، سەبریە خانمو بەدریە خانم خوشکانی شەهید دکتۆر ڕەزا وپورە سەلمای دایکیان خوالێی خۆش بێت، مام خدر خەڵکی دەڤەری ڕاپەڕین لەوێ کۆچی دواییکرد خوالێی خۆش بێت، پورە هەمین خەڵکی دەڤەری ڕاپەڕین، غەفور ئەحمەدو ئەفتاب حامید باوكو دایکی شەهید حەمە غەفور ئاغجەلەری، وەزیرە عەبدولرەحمان خێزانی شەهید حەمە غەفور ئاغجەلەری، "سەرکەوت، هێرۆ، سەردار،

لەیلا" منالآنی شەهید حەمە غەفور ئاغجەلەری، باجی فەیم ئاغجەلەری، مام سابیر ناوێك، لیرە خانم خەڵکی قەڵادزێ بوو، حەپسە خانم برازای شەهید عەلی عەسکری، لەگەڵ ماڵی خەزووری شەهید علی کە لەسەر محەمەدی کوڕیان گیرابوون، فاتمە خانم خێزانی شەهید ڕەسول مامەند لەگەڵ منالەکانی "ئاڤێستا، سارا" هەروەهاو ئامینە خانمی ژنخوشکی شەهید ڕەسول مامەند، خوالێی خۆش بێت جەواهێر خانم خێزانی شەهید کەریم برایم بەگو ئومێدی کوڕیو هەلآڵەی کچی، باجی فەیم خێزانی حەمە ی نادر عەرەب، پورە تەلیعەی خوشکی حاجی عەبدولکەریم دەرەدۆینی کە دەکاتە دایکی شەهید حەمە ی تەلە لەگەڵ هادی کوڕی، خوالێی خۆش بێت ئامینە خانم خیزانی شەهید ڕەوف خەلیفە سەعید، "کاوە، هیوا، ئارامو خوشکەکانیان ئاسۆو چرۆ" منالآنی شەهید ڕەوف خەلیفە سەعید، گەردە خانم خێزانی محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، عەتیەو کوێستان کچانی محەمەد حاجی مەحمود، پەروین خانم خێزانی مام سلێمان، فاتمە خانم خەڵکی ناوچەی ڕاپەڕین بوو، لیرە خانمو پورە مێرێ خەڵکی ناوچەی ڕاپەڕین بوون، مامە قادر هەسەن شوانو پورە پەریزادی خێزانیو تەلیعەی بوکیان، فاتمە خانمی خێزانی شەهید مەحمود کەشکۆڵ شێخ عەلی، عەتیە خانم خێزانی محەمەد حاجی سابیرو میدیای کچی، عوسمان عەبدولقادر هەڵەبجەییو دادە سۆیبەی خێزانیو ڕزگارو نەبەزی کوڕیانو ڕوخۆش وخوشکی واتە خانەوادەی شەهید مامۆستا سەرکەوت، حاجی عەبدولکەریم دەرەدۆینی باوکی خالید، کافیە خانمی خێزانی بەکری حاجی سەفەرو منالەکانی ئەریڤانو کەنار، قەدریە خانمی خێزانی عومەری قالە گوڵباخ، جەمیلە خانم خیزانی عەریف شەریف گوڵخە لەگەڵ دوو کوڕو کچێکی بەناوەکانی مشیرو ئەحمەدو بێناز، پورە زوبێدە دایکی حەسەن زبەو تەلیعەی کچی، پورە ناهی خێزانی سەعید خەڵەف ومژدەی کچی، مام ئەحمەد میرەدێی، دایکی سەلاح چاوشین ناوەکەیان لەیدا نەماوە، مەلا محەمەد هەڵەبجەییو کچەکانی، ڕابیعە خانمی خێزانی شەهید حەمە نەگرەییو ڕزگارو یادگاری کوڕی، پورە جەمینە دایکی عەلی عارف گردەنازێیی، مام سابیر ئاغجەلەریو خێزانی، بەهیە خێزانی حەمە ی سەعە پونگڵەیی لەگەڵ منالەکانی مهاباتو سەرگوڵو منیرەو ناسیحو فاتیحو ئەسیر، جەمیلە خانمو پەروین خانم هەویەی یەك بوون ژنی پێشمەرگەیەکی هەولێری بوون، مەلا حەبیبو سۆیبە خانمی خێزانیو حەوت منالی، نەعنا خانم کچی مام خدر بێتواتەیی، پورە ڕەعنا دایکی توفیق ڕەحیم، پورە ڕابیعە دایکی شەهید مەحمود گەرمیانیو برایمی کوڕی، پورە کافیە دایکی شەهید ڕەوفی خەلیفە سەعیدو والی کوڕی، باجی فەیم سێوسێنانی، ڕوناك خانم خەڵکی سەیدسادق بوو، سەبریە خانم خێزانی شەهید والی حاجی عارف لە گردەنازێ، مام حەمەدەمین بێتواتەیی، فاتمە خان سەنگەسەری، نەسرین خانم خێزانی عەبدولمەلیك،حاجی مستەفاو گوڵێی کچی، حاجی عەلی پێنجوێنیو ئامینە خانی خێزانی لەگەڵ قومریەو سۆیبەی کچیان، شێخ جەلالو ژنو

کچەکەی بە ناوی ڕزگار، مام قادر منەوەرو خێزانی کە دەکەنە باوکو دایکی عوسمانی قالە منەوەر، باوکو دوو خوشکی عەلی چوارتایی، خێزانی حەمە مۆریاسیو کوڕو کچێکی، خانەوادەی حەمە قلرخی[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

پەیڤی مامۆستا مەلا تایەر بامۆکی[2] بۆ نوسینەوەی بیرەوەرییەکانم لە زیندانی ناسرییە:

کاك سەرحەد دەستتخۆش ماڵت ئاوا خۆزگە هەموو کوردێك ئاوا داستانی ژیانی خۆیو خێزانەکەی بە ئەمانەتەوە دەنوسییەوە، جا ئەو کاتە دەبووین بە خاوەنی گەورەترین کتێبی مێژووی پڕ مەرگە سات کە شاهید حاڵەکان خۆیان نوسیویانتەوە نەك خەلك دوای چەند ساڵ بێت بە میزاجی حکومەت یا حزب بینوسێتەوە خوا لە مردوە کانمان خۆشببیت زیندوەکانیش عاقیبەت خێر بکات تۆش تەمەن درێژو قەڵەم ڕەنگینتر ببیت، کاك سەرحەد من لە ناسرییە زیندانی نەکراوم بەڵام جاریك ڕۆشتم بۆ لای زیندانیەکی بامۆکی لە ناسرییە. جا ناسرییە ناو شارەکەی ناخۆشەو پیسە نەك ناو زیندانەکانی، شەویك لەئوتێلێك دوو سەعات خەوتین ئیستاش ناوشانم هەر ئەخورێت.

---

١ بۆ بەسەرهاتو ڕوداوەکانی ناو زیندانو چۆنێتی زیندانی بوونمان لە سەرەتاوە تا کۆتاییو هەروەها بیرهێنانەوەی ئەو ناوانەی لەگەڵمان زیندانی کرابوون هەریەکە لە دایکم ( ئافتاو حاجی عوسمان)و تاقە خوشکی ناو زیندانم ( شەهلا یونسو پورم (دلوستان حاجی عوسمان)و پورزام (ئالان شەهید شەوکەت حاجی مشیر)و هاوڕێم (سەردار شەهید حەمەغەفور ئاغجەلەری) هاوکارییان کردووم، سوپاسیان ئەکەم.

٢ مامۆستا تاهیر بامۆکی ناوی تەواوی (تاهیر ئەحمەد قادر نادر) بامۆکی، دایکی (عائیشە مەحمودمحەمەد)کچی کوێخا(مەحمودی ڕێیحان)، لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە گوندی بامۆك لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی بامۆکی سەرەتایی تەواو کردووە، ناوەندیی لە شاری هەڵەبجەو ئامادەیی لە شاری سلێمانیو پەیمانگای لە شاری بەغداد تەواو کردووە. پاشان کۆلێژی کوردستانی بۆ پێگەیاندنی پێش نوێژو وتار خوێن لە شاری هەڵەبجە تەواو کردووە. پێنج ساڵ مامۆستای ئامادەیی پیشەسازی هەڵەبجە بووەو وانەی وتووەتەوە. لە بامۆكو گوندی بندەری نزیك پاوەو شارۆچکەی برایەتیو سەید سادقو هەڵەبجە پێش نوێژیو وتارخوێنیی کردووەو تا ئێستاش بەردەوامە، لەساڵی ١٩٨٦دا هاوسەر گیریی کردووەو چوار منالی هەیە، لە ساڵی١٩٩١دا ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی مامۆستا مەلا سەید نەجمەدین تەهادا وەرگرتووە، لە ساڵی حەفتاکانەوە بەشداری ڕابوونی ئیسلامیی کردووەو زۆر چالاك بووە لە بانگەوازو وتاردانو ئاشتاوابیدا، لەساڵی ٢٠٠٦ دا بە یەکجاری وازی لە حیزبایەتی هێناوەو خۆی یەکلا کردووەتەوە بۆ کاری بانگەواز ومەلایەتی، هەموو جۆرە ئیشێکی گوندی کردووە لە کرێکاریو کشتوکاڵو مەڕو ماڵات لەوەڕاندنو دوکانداری بەتایبەتی دوکانی سیم پێچی ماتۆڕی کارەبایی بووە. لەساڵی ٢٠٠٦و لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا بەیاوەری چەند پیاوێکی بەڕێز مەراسیمی عەمرەی وەك مورشیدی حاجیو عەمرەکاران بەجێهیناوە، لە هەمان ساڵدا لە تاقی کردنەوەی وەزارەتی ئەوقافو تیرو پشکدا ناوی دەرچووە بۆ سەفەری حەجو ئەو مەراسیمەشی بە جێهێناوە، وتارەکانی لە زۆرێك لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لەوانە ڕادیۆو تیڤیو سایتو تۆڕە کۆمەڵایەتی یەکانو گۆڤارەکان پەخش دەکرێت

وە شاعیر ڕزگار محەمەد ئەمین ساڵح[1]، بە بۆنەی نوسینەوەی یاداشتەکانی زیندانەوە ئەم هۆنراوەی بۆ بەندە نوسیوە:

که بە منالّی کەوتیتە زیندان ... هەستت کرد دوژمن نییەتی ویژدان
لاپەڕەی مێژووت لە مێشك نوسی ... هەردەم دوژمنی دەستەی جاسوسی
ئێستاکە ورد ورد کە دای ئەڕێژی ... پێشمەرگە سەربەرز دوژمن دەنێژی
ڕۆڵەی شەهیدی بێشەتان دیارە ... نوسینەکانت گشت یادگارە
ناوت سەرحەد لەلای من سەرهات ... بەتەمەنێ کورت زۆرت بەسەر هات
نوسینەکانت ڕۆمان نین ڕاستین ... بۆ نەوەی دوارۆژ پێخۆری ئاشتین
ئەوەی نوسیوتە دەچێتە مێژوو ... بۆ ڕەگو ڕیشەت ئەبێتە تێشوو
ڕزگار تێدەگات لە هەستو بیرت ... دەمێکە گەشتووم لە ئەقڵی ژیرت

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ئیختیفا لەناو باخە چنارەکە

١٥/٤/١٩٧٨ باوکم (یونس محەمەد ناسراو بە هاوار)و کاك عەلی خێڵی حەمە یی‌و کاك حسین ئیمامی زامنی‌و کاك عەزیز زەمەقی بە نهێنی هاتبوونە ناو چەمو باخە چنارەکەی خۆمان لە گوندی شەکرالی, ئەوەندەم لەبیرە دایکم خواردنی بۆ پێچانەوەو هەمووی کردە سەتڵێکی فافۆنو نای بەسەرییەوە، ڕۆشت بۆ چەمەکەو نانەکەی بۆ بردن، بۆ ئەوەی کەس شك نەبات کە ئەم نانە بۆ کێ دەبات. با خەڵك وا بزانێت ئاو دەهێنێت. دایکم دەیگێڕایەوە دەیوت: کاك حسێن شەمێرانی لەو کاتەدا سەرخەوێکی شکاندووە من چووم خەبەری بووەتەوە، وتویەتی بەخوا خەوێکی ناخۆشم بینی، لەخەوما جاشو جەیش چواردەوری لێ گرتوینو مەجالی دەرچونمان نەبووە. ئەوەبوو دوای ماوەیەکی کەم خەوەکەی هاتە دی‌و هەرچواریان پێکەوە لە میری سور لەلایەن جاشە خۆفرۆشەکانەوە تەوق کرانو ڕۆشتنە کاروانی نەمرانەوە.

---

١ شاعیرو پێشمەرگەو ئەفسەری ئاسایش ڕزگار محەمەد ئەمین ساڵح لە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی تەپی سەفا لە دایك بووە، خوێندی سەرەتایی لەهەمان گوندو ناوەندی لە سیروان تەواو کردووە، لە تەمەنی لاوییەوە دەستی داوەتە کاری ڕێکخستنو بەردەوام لە هاوکاری پێشمەرگەدابووە، تا ساڵی ١٩٨٧ دەبێت بە پێشمەرگە لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانداو دواتر خانەوادەکەیان ئاوارەی ئێران دەبن، باوکی لەوێ کۆچی دوایی دەکات، بەشداری ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ی کردووە، لە حکومەتی هەرێم دا دەبێت بە ئەفسەری ئاسایشو لەسەر کاری خۆی بەردەوامە، ناوبراو برای شەهید حەمە سیاسی‌و شەهید جەمال تەپی سەفاییە، هەروەها خاوەنی دیوانێك شیعری چاپ کراوە.

## میری سورو مەرگی هەڵۆکان

١٩٧٨/٤/١٩ باوکم (یونس محەمەد عەلی) ناسراو بە شەهید هاوار لەگەڵ سێ هاوڕێیدا لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە میری سور لە چیای سورێن[١] کەوتنە ناو کەمینی جاشەکانی ڕەشەی ساڵحەو سالە خەیاتەوە. پاش شەڕێکی قورسو کوژرانی چەند جاشێك، یونس محەمەد عەلی کە فەرماندەی مەفرەزەکەبوو لەگەڵ عەلی حەمە عەبدولقادر ناسراو بە عەلی خڕە خێڵی حەمە یی لەوێدا کوژرانو حسین شەمێرانی لە گوندی ئیمامی زامنو عەزیز عەلی مەجید زەمەقی بە برینداریو بەدیل گیران دواتر لە موسڵ لە سێدارە دران.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بەهاری شادی بوو بە پایزی غەم

١٩٧٨/٤/١٩ گوندی شەکرالی لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا، لەناو کەشو هەوایەکی بەهارانەی خۆشدا بوین، یەك پەڵە هەور بە ئاسمانەوە نەبوو، دوای نوێژی عەسرو نزیك لە بانگی مەغریب، تیشکی خۆرەکە بە زەردی کەوتبووە سەر شاخی هەورامان، دیمەنێکی ئەوەندە جوانی هەبوو دڵانی حەیران دەکرد. دەنگی بۆقەکان لە چەمەکەی بەر ماڵدا سەمفۆنیایەکی دڵڕفێنی ناوازەی دەدا بە گوێی خاوەن هەستەکاندا، ئێستاش لە دەنگی بۆق بێزار نەبووم، لەم وەرزەدا لەلای هەر چەمو ئاوێکەوە بڕۆم بۆ ماوەیەك دەوەستمو گوێ بۆ ئەو دەنگە خۆشەیان ڕادەگرم، ئەوانیش نەتەوەیەکن وەکوو ئێمە قسەو باسو ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە، لەوەدا یەکسانین کە هەردوولامان مەخلوقی دەستی پەروەردگارین. ئای لەو دیمەنە چەند جوان بوو، گژوگیا تا ئەژنۆی پیاوێك هاتبوو، باڵندەکان دەهاتنو دەچوونو لەشەقەی باڵیان دەدا، هێلانە کۆترەکان بە بن پاساری ماڵی باوامەوە بوو ڕوویان کردبووە خۆری ئێوارە. پیاوەکانیش لە ڕۆژگاری ساردی زستاندا هەرکات هەتاو بوایە لەبنی دیوارە دەمەتەقێیان گەرم دەکرد. بەڵێ دەرودەشت فەرشێکی سەوزی جوانی ڕستبوو. زۆر جار ئێواران خۆم دەدا بە سەر ئەو پردە چیمەنتۆی کە لەنێوان ماڵی خۆمانو ماڵی خاڵۆ حەمە ساڵح دا بەسەر جۆگەکەوە دانرابوو بۆ پەڕینەوە. لەوێوە تەماشای مراوییەکانم دەکرد بۆخۆیانو بێچووەکانیانە دەهاتنە ناو ئاوەکە. لە خۆشتنی مراوییەکان سەرم سوڕ دەما کە بۆچی ئاو بە توکەکانیانەوە ناوەستێت، دواتر لەو پەندە کوردییە تێگەیشتم بە کەسی بێ ڕووو بێ شەرم کە دەچێتە ناو ژیانی خەڵکییەوە دەڵێن (ئەڵێی سۆنەیە تەڕ نابێت).

---


١ زنجیرە چیای سورێن دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانیو لە گوندی زەڵمەوە درێژ دەبێتەوە تا گوندی کانی مانگای پێنجوێنو لەوێ کۆتایی پێ دێت. ئەم چیایە دەکەوێتە نێوان هەرێمی کوردستانو کۆماری ئیسلامی ئێرانو بووە بە سنورێکی سروشتی.

ژیان بە ئاسایی وەکوو ڕۆژەکانی تر دەگوزەرا، خۆشیو شادی لەسەر لێوانمان بوو، ماوەی دوو مانگ دەبوو لە زیندانی ناسرییە ئازاد کرابوین. ئێوارە پێش مەلا بانگدان کەسێك بە ماتۆڕێکەوە لەناو ئاواییەوە هات بەرەو ماڵەکانی ئێمە، کەلە باشوری لادێکەوە بوین، دایکم وتی ئەوە برایمی مەلا مەحمودی گردەنازێیە کە پورزای باوکم بوو، یائەڵا خێر بێت. کاك ئیبراهیم هاتە پێشەوە باوامو دایکمو مامەو پورەکانم هەموو چون بۆ بەخێرهاتنی. کاك ئیبراهیم گریان لە قوڕگیدا بوو، نەیدەزانی چۆن ئەو خزمانەی تێ بگەیەنێت، بە باوامی وت خاڵۆ وەرە بچین تا هەڵەبجە. باوام وتی چییە برایم یونس کوژراوە؟ کاك برایم دەستی کرد بەگریانو باوکەڕۆ، یەکسەر ئاشکرابوو کە باوکم شەهید بووەو دەبێت بچن بۆ هەڵەبجە جەنازەکەی لە حکومەت وەربگرنەوە. ئەوەبوو بەو ئێوارە بوو بە شیوەنو قوڕ پێوانو خەڵکی ئاوایی چوون بۆ هەڵەبجە جەنازەکە وەربگرنەوە، ئەمنی هەڵەبجە وتبویان جەنازە نادرێتەوە بڕۆن لەم ناوەدا مەوەستن. کەسوکاری شەهید عەلی خێڵی حەمە بیش هاتبون بۆ وەرگرتنەوەی جەنازەی شەهید عەلی. ناچار هەردوو بنەماڵە پەنایان بردبوو بۆ کەسێکی دەسەڵاتدار لە هەڵەبجە، تا لە ئەمن تکایەکیان بۆ بکاتو جەنازەکان وەربگرێتەوە. لە نیوەشەودا بەتکای ئەو کەسە جەنازەکانیان وەرگرتبووەوو هێنابویانەوە. بۆ بەیانی لە مەراسیمێکی قەرەباڵغدا کە هەرچی خەڵکی ناوچەکە هەیە ئامادەبوون لەگۆڕستانی سەیدسادق بەخاکیان سپارد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شەهید یونس محەمەد عەلی ناسراو بە شەهید هاوار

یونس محەمەد عەلی سان ئەحمەد لە گوندی تەپی سەفا لە ساڵی ١٩٤٥ لە بنەماڵەیەکی خانەدانو کوردپەروەر چاوی بەدنیا هەڵهێناوە. هێشتا یونس تەمەنی یەك ساڵ دەبێت ماڵی باوکی لە تەپی سەفاوە بار دەکات بۆ شەکرالی بۆ سەر زەوییەکانی حەسەن بەگی جاف. لەتەمەنی ٧ ساڵیدا دەینێرنە بەر خوێندن، قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات، پاشان دەبێتە یاریدەدەری باوکی بۆ ئیشوکاری کشتوکاڵو ماڵداریو حسابو کتابی زەوییەکانی حەسەن بەگ، چونکە زیاتر لە پێنج سەد دۆنم زەوی ناوبراو لەژێر چاودێری ئەماندا دراوە بە جوتیارەکانی ناوچەکە. لە ساڵی ١٩٦٣و لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی ئەیلولەوەو بۆ



ماوەی دوو ساڵ دەبێت بە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٦٥ هاوسەرگیری دەکاتو خانوو بۆ خۆی دروست دەکات. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٣ زەوی خاوەن موڵکەکان دابەش کرا، ئەویش بوو بە خاوەنی زەوی خۆیو کاری کشتوکاڵی دەکرد. لەدوای هەرەس لە ڕێگەی شێخ عەلی کەشکۆڵەوە پەیوەندی دەکات بە

ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو خۆی ئامادە دەکات لەگەڵ ئەواندا بچێتەشاخ، بەڵام بەهۆی ئیش وکاری کشتوکاڵ کردنو ماڵدارییەوە چونە دەرەوەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ دواکەوتو لە ١٩٧٦/٩/١ بەچەکی خۆیەوە پەیوەندی کرد بە ڕیزەکانی شۆڕشی نوێوە. لەبەر ئازایەتیو چاو نەترسی خۆی کرا بە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی سێی هەرێمی یەکی هەورامان. پاش ٣ مانگ لە چوونە دەرەوەی ڕژێمی بەعس خێزانەکەیو هەر چوار منداڵەکەی ڕەوانەی زیندانی ناسرییە دەکەن لە باشوری عێراق، بۆ ئەوەی شەهید هاوار ناچار بە خۆبەدەستەوە دان بکەنو چەکی پێ دابنێن. بەڵام ئەو زۆر لەوە خۆگرتر بوو بەو شێوەیە پەشیمانی بکەنەوە لە شۆڕشو پێشمەرگایەتی. ئەوەبوو کوڕێکی بەناوی ئەمیر لە زیندانی ناسرییە کۆچی دوایی دەکاتو ئەوانی تریش دوای بەسەر بردنی ساڵێكو سێ مانگو یازدە ڕۆژ بە لێبوردن ئازاد دەکرێن. شەهید هاوار لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆربەی نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگەی کردووە لە شارەزوورو سورێنو شارباژێرو ناوچەی پێنجوێنو شلێرو ناوچەی شەمێرانو تاوگۆزی، وە جارێکیش بریندار بووە. وە لەکاری حزبیدا دەچێتە ڕیزەکانی بزوتنەوەو واز لە کۆمەڵە دەهێنێت. چەند ڕۆژێك پێش شەهید بوونی پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ فەرماندەی کەرت، بەڵام لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٩ لە کاتی دابەزینیان بۆ گوندی میری سور لەگەڵ سێ پێشمەرگەی قارەماندا دەکەونە ناو ئابلۆقەی جاشەکانی ڕەشەی ساڵحەو سالە خەیاتەوەو لەهەر چوار لاوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گولە. دوای کاتژمێرێك شەڕو بەرگریو کوژرانی چەند جاشێك، شەهید هاوارو شەهید عەلی حەمە عەبدولقادر خێڵی حەمە یی لەوێدا دەکوژرێنو شەهیدان عەزیز عەلی مەجید زەمەقیو حسێن شەمێرانی ئیمامی زامنی بە برینداری دەگیرێنو پاش ماوەیەك لە قەسابخانەکەی موسڵ لە سێدارە دەدرێن. ئەو کەرتەش بڕیار بوو بدرێت بە شەهید هاوار ناونرا کەرتی هاوارو دواتر لەساڵانی هەشتاکاندا چەندین فەرماندەی قارەمان بوون بە فەرماندەی، یەکێك لەوانە فەرماندەی قارەمان شەهید ئەحمەد شاتوانی بوو.


. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## چالاکییەك لە تۆڵەی شەهیدانی میری سوردا

هەزاران سڵاوو درووود بۆ ڕۆحی پاکی شەهید هاوارو هاوڕێکانی ڕۆحیان شاد بێت، یادیان بەخێر. دوای شەهید بوونی شەهید هاوارو شەهید عەلیو بەدیل گیرانی دوان هاوڕێکانیان، لە تۆڵەی ئەواندا وەکوو ڕێخکستنەکانی سەیدسادق، ڕێکخراوی شەهید بەهمەن بڕیارماندا تۆڵەیان بکەینەوە. ئەوەبوو ڕەشەی ساڵحەو دارو دەستەکەی هاتنە ناو سەیدسادق بۆ گرتنی ئەندامانی ڕێکخستن، لەوێ لە ماڵێك مانەوە، ئێمە لێ نەگەڕاین نانی ئێوارە بخۆن لەگەڕەکی بەرکێو تەقەمان لێ کردن، ئۆتۆمبێلێکی جی ئێڵیان پێ بوو، هەرلەوێدا گڕی گرتو سوتاو بوو بە خۆڵەمێش، پەیامێکمان پێدان کە هەموو بستە

خاکێکی کوردستانیان لێ دەکەین بە دۆزەخ، ڕووڕەشی بۆ جاشو خۆفرۆشان، سەربەرزی بۆ شەهیدانو خانەوادەکانیان[1].

شەهید عەلی حەمە عەبدولقادر (١٩٥٧-١٩٧٨): عەلی حەمە عەبدولقادر ناسراو بە شەهید عەلە



خڕە لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی خێڵی حەمەی شارەزوور لە خێزانێکی جوتیارو نیشتمان پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو کاری ڕێکخستن بە چوستو چالاکی ئەنجام دەدات. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا لەخزمەتی سەربازی زۆرەملێ هەڵدێتو چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانیو لە هەرێمی هەورامان دەبێت بە پێشمەرگە. شەهید عەلی کەسێکی ئازاو چاو نەترس وجەربەزە بووە، بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٨ هێزەکانی یەکێتی بەرەو هەکاری دەچن، شەهید عەلە خڕە لەلای شەهید هاوار دەبێتو بەردەوام پێکەوە دەبن ولەو مەفرەزانە دەبن کە بۆ چاوترساندی ڕژێمی بەعس لە ناوچەکەدا دەمێننەوە. لە ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٩ لەگەڵ شەهید هاوارو شەهیدان عەزیز عەلی مەجید زەمەقیو حسێن شەمێرانی ئیمامی زامنی بەرەو گوندی میری سوری بناری سورێن دەگەڕێنەوە دەکەونە ناو کەمینی جاشەکانی ڕەشەی ساڵحەو سالە خەیاتو لە هەر چوار لاوە دەستڕێژی گوللەیان لێ دەکرێت. پاش کاتژمێرێك شەڕو بەرگریو کوشتنی چەند جاشێك، شەهید علیو شەهید هاوار لەوێدا دەکوژرێنو هەردوو شەهیدان عەزیز عەلی مەجید زەمەقیو حسێن شەمێرانی ئیمامی زامنی بە بریندادی دەگیرێنو پاش ماوەیەك لە قەسابخانەکەی موسڵ لە سێدارە دەدرێن. شەهید عەلی سەڵت بووەو بەرگری لە خاكو نیشتمان دەرفەتی پرۆسەی هاوسەرگیری پێ نەداوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٨/٦/٢ حەمە ئەمین خەلیفە قادر پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی لە گوندی بازێی سەر بە جولەمێرگ لە کوردستانی باکور گیانی بەختکرد.

شەهید حەمە ئەمین خەڵکی گوندی کۆزەڕەقەی نزیك بەشاری سلێمانی بووە، کەسێکی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەر بووە، هەروەها دەستی نوسینی شیعری هەبووەو چەندین شیعری بڵاونەکراوەی بەهۆی

---

١ حەسەن قادر گەرمیانی، پێشمەرگەی دێرین، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٧.

نەنوسینەوەو چاپ نەکردنیەوە لەناوچووە. مەگەر بیرەوەری دۆستانیدا مابێتەوە، وەکوو ئەم پارچە شیعرەی کەلە زاکیرەی مامۆستا مەلا تایەر یاروەیسی دا بەپارێزراوی ماوەتەوە:

وەرە لە داخ کورد خۆت مەخەرە قورِ ... هەندێ لە هەندێ بووە بە سیخورِ

چرپەی ئینزیبات ڕاپەڕینی دز ... دزییە سەری بە کورد کردووە کز

ئای لە دزی کورد چەندە ئازایە ... ڕۆڵە ئەفرێنێ لە بەری دایە

دەی کوردە جەرگت بدرێتە بەر سیخ ... خەڵك وا هەوڵی دا چووە ناو مەریخ

خەڵك وا گەیشتە مەریخو زوحەل ... کاك سەددام هێشتا بە کورد نالێت گەل

خەڵك وا گەیشت بە هایدرۆجینو زەڕە ... تازە بە بڕنەو کورد خەریك شەڕە

شەهید حەمە ئەمین دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی کەیهانو شاهۆ. ئەمەش وەسیەتی پێش چەند ساڵ بەر لە شەهید بونیەتی:


یاسین مەخوێننو تەلقینی مەیتم مەکەن ... لەبری یاسینو تەلقین چەپکێ گوڵی نێرگسو شەوبۆ بێ

ئارامگاکەم با لەسەر لوتکەی باڵانبۆ بێ ... کیلی قەبرەکەشم با ساروخی میكو سیخۆ بێ.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## هەڵۆیەك لە هەکارییەوە دەدوێت

حامیدی حاجی خالید لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا بەم شێوەیە باس لە شەڕی هەکاریو کوژرانی بوونی هاوەڵەکانیو دەستگیرکردنی خۆی دەکات: من لە سەرەتادا تەنیا ناوی عەلی عەسکەریم لە دوورەوە بیستبوو، ئێمە ئەو کاتە کەسانێك نە بووین کە هەموو ڕۆژێك بتوانین بچین کاك عەلی عەسکەری ببینین، نابێت پیاو خۆی هەڵ بکێشێتو ئێستا بڵێت من هەموو ڕۆژێك لە گەڵ ئەو بووم، مام جەلالو کاك نەوشیروان مستەفا بە تایبەت منیان زۆر خۆش دەویست، ڕۆژێك کاك نەوشیروان هاتو وتی: وەرە دەعوەتین لای حاجی برایم لەو کوێستانە، هەموو برادەران ڕۆیشتن بۆ ئەوێ (ئەوە ساڵی ١٩٧٧ بوو) کاك



عەلی عەسکەریشمان لەوێ لە گەڵ بوو، ئەو کاتە حاجی برایم یان لە سەرکردایەتی بزووتنەوە بوو یان مورەشەح بوو بۆ سەرکردایەتی. کە ئێمە گەیشتینە بەردەمی ڕەشماڵەکە حاجی ڕیشی دەتاشی. ئێمەی بینی یەکسەر خۆی شپرزە کردو بانگی برایەکی کردو بە تووڕەیی وتی: وەرە ئەو ئاوە لابەرەو شوێنەکە ڕێك بخە. کاك عەلی عەسکەری زۆر لێی تووڕە بوو وتی: حاجی ڕاستە ئەمڕۆ ئەو حاجی برایمەی بەڵام حەقە شەرمی برا گەورەیەتی لێ بکەی. لەوەوە من کاك عەلی عەسکەریم ناسیو زۆرم خۆش ویستو ئەویش منی خۆش دەویست. جارێکی تریش دانیشتبووین بە دووربین سەیری دێهاتەکانمان دەکردو وتی:

حامید بە ناشوکری نەبێت دەبێت بە دووربین سەیری وڵاتەکەمان بکەین. یان زۆر جار منی بانگ دەکردە لای خۆیو دەیوت وەرە با پێکەوە دانیشین، خۆی پیاوێکی زۆر سادەو باش بوو. زۆریشی ڕق لە شەڕی ناوخۆ بوو. قەت لە گەڵ شەڕی برا کوژی نەبوو. من بۆ مێژوو ئەمە دەڵێم: بزووتنەوە کە کاک عەلی عەسکەری مەسئولیان بوو، ئەگەر بە گوێی ئێمەی بکردایە قەت وای بەسەر نەدەهات.

هەروەها لەبارەی گرتنەکەیەوە دەڵێت: ئێمە هەواڵی گرتنی ئەومان هەر نەزانی تا چەند ڕۆژێکیش، ئێمە (منو کاك شێخ عەلیو ملازم عومەرو ئازاد هەورامیو حوسێن بابە شێخ) ئەوانە بووین، کاك ڕەئوف بەگ شەهید بوو، کاك تایەریش بریندار بوو بوو، ئێمە لە لایەن عەشیرەتی (ژیرکی) تورکیاوە گیراین. سێ ڕۆژ لە لای ئەوان ماینەوە، زۆریان عەزیەت داین بە ڕاستی، هەرچییەکمان پێ بوو لە سەعاتو پێڵاوی باش هەموویان لێ سەندین. دوای سێ ڕۆژ (جەوهەر نامیق) بە ماینێکی گەورەوە هات. لە دەم ئاوەکەوە کۆبوونەوەی پێ کردینو کاك خالید هەستا چووە سەر بەردێكو قسەی کردوو ڕووی کردە جەوهەر نامیقو وتی: ئێمە هێزێکین هاتووینو من مەسئولیانم، بە ئەمری ئێمە هاتوونو ئێمە خاوەنی فکرەیەکی شۆڕشگێڕینو مەبەستمان خەمی میللەتەکەمان بووە، ئەو گەنجانە هیچ گوناهێکیان نییەو هەر گوناهێك هەبێت هی منە. منیش لێتان مەمنوون نیمو هەر بتڵە خوێنێکتان لامەو وەرن بیبەن. بزانین ئێوە چیتان پێیە بۆ میللەت! بە کوشتنی ئێمە لە مێژوودا ئەکەونە بەر نەفرەتی میللەتو ڕیسواو ڕوو ڕەش دەبن.

جەوهەر نامیق وەڵامی دایەوە بەڵام بە تووڕە بوونو قسەی ناشرین نا، کاك خالید بەم شێوەیە قسەی کرد، پاشان جەوهەر نامیق ئێمەی جیا کردەوە لە کاك خالیدو شێخ حوسێنو (سولاقەش کە لە بەر چاوی ئێمە ڕەمییان کرد) هەروەها منو کاك ئازاد هەورامیو شێخ عەلیو عەلی شیعەیان لە پێشمەرگەکان جیا کردەوەو بردینیان بۆ سجنێكو دەرگاکەیان لە سەر داخستین.

هەروەها لەبارەی شەهید سولاقەوە کە بۆچی لەوێدا شەهیدیان کردووە دەڵێت: ئەو کاتەی شەهید ئیبراهیم عەزۆیان شەهید کرد ئەو چووبووە ژێر جەنازەکەی ئەوانەوە، دوایش لە دەستی ئەوان ڕایی کردبوو، بۆیە ڕەمییان کرد.

جگە لە دکتۆر خالید کەسی تر قسەی نەکرد چونکە ئەو ئۆباڵەکەی هەمووی خستە ئەستۆی خۆی. پاشان ئێمەیان هێنایەوە بۆ ناوچەی هەرکیو ملازم سەربەستو ملازم محەمەدو ملازم عەلی (زەعیم عەلی) هاتن بۆ لامانو پێیان وتین: هەر یەکەم شەو عەلی عەسکەری گیراوە. دوایی هەندێك خەڵکی سلێمانی لەوێ گیرا بوونو هاتن بۆ لامانو وتیان: کاك خالیدو عەلی عەسکەریو شێخ حوسێنیان لە گەڵ یەك بردووە، لە ڕاستیدا من خۆم ئەوانم نەبینی. بەڵام برادەرەکانمان ئەوانیان بینیبوو کە چۆن هەرسێکیان بە بەر چاوی ئەوانەوە ڕەت کراون بەرەو کوردستانی خۆمان.

ئەو شەڕە برا کوژییە نەگریسەی کە پێی دەوترێ شەڕی هەکاریو پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچاوی کوردەوەو ئازارو لێکەوتەکانی تا ئێستاش کە ٣٩ ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە بەردەوامە. لەو هێزە ٨٠٠ کەسییە ١٧٢ کەسیان بۆ خۆڕزگارکردن تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە، وە سێ کەسیش بە ناوەکانی حەمە هاواریو حسێن مەجید کۆکۆییو دارا عەبدولقادر خۆیان گەیاندبووە سوریا، وە چەندین سەرکردەو فەرماندەش بەدیل گیران لەوانە: حامیدی حاجی خالیدو عەلی شیعەو شێخ عەلی کەشکۆڵو ئازاد هەورامیو ملاز عومەرو شێخ حسێنو عەلی عەسکەریو ملازم تاهیرو عوسمانی قادر منەوەرو نەبەزو.

هەروەها تەنها هەشت پێشمەرگە توانییان بە بڕینی ڕێگایەکی دوورو درێژو پڕ مەترسی بگەنەوە جێگاکانی خۆیان لە کوردستانی عێراق ئەوانیش: محەمەدی حاجی مەحمود، ڕەفیق پاڕەزانی، مەحمود زەردۆیی، جەمالی عەلی باپیر، حەمە ڕەش گرێزەیی، ئاوات گەڕەدێی، تاهیری حاجی عەزیز[١].


. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٨/٦/١٧ پێشمەرگە ئەبوبەکر نوری قادر کەلە گوندی قارەمان دەستگیرکرا، لە سێدارە درا.

١٩٧٨/٧/٧ لە ناوچەی هەکاری سەرکردەی یەکێتی عەلی عەسکەری بەدیلی گولەباران کرا.

١٩٧٨/٧/١١ هەردوو برا پێشمەرگە حەمە ئەمین حاجی ساڵحو حەسەن حاجی ساڵح کە خەڵکی گوندی بێسەڵمێن بوون، پاش ئەوەی پێشتر لە شەڕێکدا بە بریندار بەدیل گیران لەم شەوی سێ شەمەیەدا لەموسڵ لە سێدارە دران.

١٩٧٨/٧/١٤ ڕەوف بەگ قلیجەیی سەرکردەی یەکێتی لە شەڕی هەکاری دا کوژرا.



ڕەوف مستەفا میران بەگ: لە ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی (قلیجە)ی شارەزوور لە دایك بووە، لە یەکەم ڕۆژی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولەوە بووە بە پێشمەرگە. پلەکانی پێشمەرگایەتی بە ئازایەتیو لێهاتووی بڕیووە تا ساڵی ١٩٦٩ کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆن. ساڵی ١٩٦٨ لە نەبەردییەکدا بە سەختی بریندار بووە. لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول چەند جارێك لە لایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمەوە گیراوە. ساڵی ١٩٧٥ یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆشیالستی کوردستان. ساڵی ١٩٧٦ وەك فەرماندەیەکی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شارەزوور پەیامی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانیان ڕاگەیاند. ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆشیالستی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووەو فەرماندەی هەرێمی

---

١ محەمەدی حاجی مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦-٢١٧.

(١)ی ئەو سەردەمە بووە. لە تەمووزی ساڵی ١٩٧٨ لە کارەساتی هەکاری لە دوای بەدیل گیرانی بە برینداری شەهید کراوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٨/٩/٣ یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بوو. ئەم جەژنە هیچ خۆشیو شادییەکی بۆ ئێمەی منداڵ نەبوو، چونکە یەکەم نۆجەژنی باوکم بوو کەلە بەهاری ئەمساڵەدا بەدەستی نۆکەرانی ڕژێمی بەعس شەهید کرابوو. لەو سەردەمەدا ئەم نۆجەژنانە لە گوندەکاندا زیندووکردنەوەی پرسەی مردوو بوو، هەموو کەسوکارو خەڵکی گوند بەگشتی دەبوایە لە ماڵی ئێمە ئامادەبونایەو خەمبارو بێ دەنگ تا ئێوارە لە پێشوازی میوانی ئەملاولا بونایە. بەڵی ژنان شیوەنو گریان قەتماغەی برینەکانیان دەکولاندەوەو بەیانی زوو سواری چەند ئۆتۆمبێلێکی جێب بوونو ئێمەی منداڵیشیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ سەر گڵکۆی باوکم لە شارۆچکەی سەیدسادق. پاش شیوەنو گریان، بەهەمان ڕێگادا هاتینەوە بۆ گوندی شەکرالی، میوانەکان تا ئێوارە بەجێیان نەهێشتین.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٨/٩/١٦ حسێن محەمەد ئەحمەد یاروەیسیو محەمەد سەعید ئەمین ناسراو بە دکتۆر ڕەزاو ئازاد حسێن باپیر مۆریاسیو تۆفیق مەحمود ناسراو بە ئازاد بەرزنجی لەلایەن سەرکردایەتی کاتی پارتییەوە لەنزیك هانەئەحمەد گولەباران کران.



حسێن محەمەد ئەحمەد فەتاح یاروەیسی ناسراو بە حسێن تەپی سەفایی لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی تەپی سەفای شارەزوور لە خێزانێکی جوتیاری کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە گوندەکەیانو شارۆچکەی خورماڵ تەواو کردووە. شەهید حسێن کەسێکی ڕۆشنبیرو بە هەڵویست بووەو دەستی شیعر نوسینیشی هەبووە، زۆربەی شیعرەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی لەبەر بووە. دیوانێکی شیعری خۆی هەبووەو هەمیشە لە کۆڵەپشتەکەیدا بووە، بەداخەوە دیوانەکەش لەگەڵ خۆیدا شەهید بوو. ساڵی ١٩٧٦ ئەو کاتەی لە قۆناغی ئامادەییدا بووە، پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوەو دواتر شانەیەکی بەهێزی ڕێکخستنی لە گوندەکەی خۆیانو ناوچەکەدا دروست کردووە. ڕژێم بە کەینو بەینەکانی دەزانێتو دەستگیر دەکرێت، پاش سێ مانگو دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆرو پاش ئەوەی هیچ نهێنییەك نادرکێنێت ئازاد دەکرێت. لە ساڵی ١٩٧٧ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی. دوای ساڵێك دەبێت بە ڕابەر سیاسی هەرێمی یەك. لە ڕۆژی ١٩٧٨/٩/١٦ لەگەڵ سێ هاوڕێیدا لە شەڕێکدا لەلایەن قیادەی موەقەتەی ئەو کاتەوە دەستگیر دەکرێنو گولەباران دەکرێنو بۆ هەمیشەیی دەچنە

کاروانی نەمرانەوە. وە جێگای گولەبارانەکەشیان بە نەزانراوی مایەوە، تا ساڵی ١٩٨٧ جێگاکەیان دۆزرایەوە، کەتەنها جلوبەرگو ئێسکەکانیان مابوو. لە ناوچەی دزڵی بەخاکیان سپاردن. کوژرانی حسێنی مامە حەمۆل لەدوای کوژرانی باوکم خەمو خەفەتێکی تر بوو بۆ خزمو کەسوکار، هێشتا جلی ڕەش دانەکەنرابوو کۆستێکی تر هاتە بانیو ژمارەی ڕەشپۆشەکان زیاتر بوون، کاك حسێن کە لەلایەن قیادەی موەقەتەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەشاخی هەورامان گولەباران کرابوونو خرابوونە ناو کەنێکی زۆر قوڵ کە هیچ کەس نەیدەزانی لەو شوێنەدا کۆتایی بە ژیانیان هاتووە، تا چەند ساڵ دواتر بەهۆی شوانێکەوە دۆزرانەوەو بەخاکیان سپاردن. چەند ڕۆژێك دوای کوژرانیان هەواڵ گەیشت کە نەماون، حەشیمەتێکی زۆر ڕویان کردە ئاواییو لەماڵی مامە حەمۆلی جەرگ سوتاو گردبوونەوە، ژنانی شینگێڕ پرسەیان گەرم گرد، ئێمەش لە شەکرالییەوە هاتین بۆ تەپی سەفا. دایکم دەیکێشا بەسنگیداو لەبەری خۆیەوە دەیوت: حسێن گیان تۆ کەی وەختی ڕۆشتنت بوو! تۆ هێشتا مووەکانی ڕیشو سمێلت پڕ نەبووەتەوە. کراسی دایکم ڕاکێشاو دامە بەرپرسیار، دایە ئەم کاك حسێنە چی تۆیە وا بۆی دەگریت؟ بەو گریانەی ئەوو نەنكو پورەکانم زۆر پەست بووم، چونکە فرمێسکەکانی شینی باوکم هێشتا وشك نەبووبوونەوە، هێشتا جلە ڕەشەکان وەکوو خۆیان ڕەش بوونو سەرقەبرانی ڕۆژانی هەینی بەردەوام بوو. دایکم وتی ڕۆڵە گیان حسێن ئامۆزای منەو خالۆزای نەنکتە. ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو، مامۆژن زەینەب جەرگی سوتابوو، مامەحەمۆل وەکوو ژنان دەڵێین بەنی دڵی بڕابوو، لەدوای ئەو کارەساتەوە مامە حەمە کەی جاران نەماو خەفەت هێنای بەچۆکداو هەمیشە لەگریاندا بوو بۆ ئەو کوڕە خۆشەویستەی کە نازانێت لەکوێدا لاشەکەی فڕێ دراوەو چی بەسەرهاتووە، ئەوەبوو لە دوای چەند ساڵێك بەهۆی ئەو خەفەتەوە سەری نایەوە، دایکیشی بەهەمان شێوەی باوکی هەمیشە نەخۆشو دڵ بریندار بوو، ئەویش چەند مانگێك دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە سەری نایەوە.

........................................................................

" لەژێر ڕەهێڵەی باران و بەفرو ، قوڕی ڕێگای نێوان لادێکان و بەناو گژوگیای تولە ڕێگەی نێوان کێڵگەکاندا ، منداڵانی پۆلە ناوەندییەکانی تەپی سەفای ساڵەکانی حەفتاکان هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە هەموو ڕۆژێك دوو سەعات ڕێگەمان دەبڕی ، سەعاتێك چوون و سەعاتێك هاتنەوە ، بۆ گەیشتن بە خوێندنگای ناوەندی ناحیەی خورماڵ کە مامۆستا شێخ محەمەد نەقشبەندی بەڕێوەبەری بوو .

هەموو ئەو هاوڕێیانەی سەردەمی منداڵیم یادگارییەکی نەبڕاوەن لەلام ، کاتێك کە چاو دەخشێنمەوە بە ئەرشیفی سەردەمی منداڵیمداو یەکە یەکە ناوی هاوەڵەکانی ناو ئاواییم لەگەڵ ناوی ئەو خوێندکارانەدا دێتەوە پێشچاو ، خاڵێك هەیە تیایدا ڕادەوەستم و ماتەمینی دەمگرێت ، ئەویش ناوی مامۆستا ( کاکە شەهید حسێن ) مەشهور بە (حسێنی مامە حەمۆل) ە .

کاکە حسێن لەگەڵ هەندێکی تر لەو خوێندکارانەدا ، هەرچەندە منداڵ بوون ، لە پۆلی دووی ناوەندیدا داواکران بۆ خزمەتی سەربازی ، چونکە لەو سەردەمەدا ساڵی لە دایکبوون بە تایبەتی لە گوندەکاندا زۆر بە وردی دیاری نەدەکرا .

بە چوونی ئەو بۆ سەربازی من لە هاتوچۆمدا بۆ خوێندگا تەنیا نەبووم بەڵام لە لایەنی ڕۆحی و عاتفییەوە هەستم بە تەنیایی دەکرد ، چونکە لە پۆلێکدا بووین و هەمیشە پێکەوە سەعیمان دەکرد و لە ڕێگەشدا قسەوباسەکانی هەمیشە زۆرتر لەگەڵ مندا بوو ، کە سەرمای زستان دەشکاو دنیا سەوز دەبوو ئیتر ڕۆژانە پێکەوە لەو دەشت و دەرە سەعیمان دەکرد ، بە تایبەتی لەژێر سێبەری درەختەکانی چەمی( کانی بوزانە) ، وشەی( بووز ) بە لەهجەی هەولێری واتە سەهۆڵ ، ئاوی ئەم کانییە زۆر سارد بوو هەر بۆیە لە مێژەوە ناو نرابوو (کانی بووزانە) واتە (کانی سەهۆڵ) ، چەند کانییەك لە ڕیزی یەکدا بوون ، یەکێك لەوانە بەردێکی ڕەشی زۆر گەورەی کە هەڵگرتنی لە توانای مرۆڤدا نییە لە تەنیشتەوە دانراوە ، دەڵێن وەختی خۆی (شێخەکانی بیارە) هێناویانەتە ئەوێ بۆ جێگەی نوێژکردن.

لەگەڵ مامۆستای شەهید هەر لەوێدا سەعیمان دەکردو لەسەر بەردەکەش نوێژمان دەکرد .

شارەزایی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا هەبوو ، قسەی لە هەموو شتێك دەکرد ، یەکێك بوو لەو خوێنکارانەی کە پەیوەندی بە هێزی لەگەڵ یەکە یەکەی مامۆستاکاندا هەبوو ، زۆرتر گرنگی بە وانەی جوگرافیا دەدا ، جارجار دەیگوت حەز دەکەم ببم بە مامۆستای جوگرافیا ، نەخشەی کوردستانی گەورەی لەسەر خەریتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە کتێبەکەماندا هەبوو دیاری دەکرد و نیشانی دەدام و دەیوت ئەمە هەمووی خاکی کوردستانەو دابەش کراوین بۆ چوار پارچە ، ئەوکات ئێمە نەخشەی کوردستانمان نەدیبوو ، جارێکیان لە پۆلدا داوای کرد لە مامۆستای جوگرافیا کە ئەویش ناوی حسێن بوو ، خەڵکی خانەقین بوو کە نەخشەی کوردستانی گەورەمان لەسەر تەختەڕەشەکە بۆ دروست بکات ، مامۆستا بەرەو ڕووی تەختەکە ڕۆشت ، ئێمە وامانزانی درووستی دەکات ، بەڵام پشتی کردە تەختەکە و وتی : ئێمە مێژووی کوردیشمان لێ قەدەغە کراوە نەك تەنها نەخشەی کوردستان و من نەخشەی کوردستانم نەدیوە .

شەهید حسێن لەبەر ئەوەی کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ مامۆستادا هەبوو ، بەبێ ئەوەی ڕوخسەت لە مامۆستا وەربگرێت هەستا تەباشیرەکەی لێ وەرگرتوو دەستی کرد بە دروستکردنی نەخشەکە ، بەڵام دیاربوو مامۆستا دەترسا لەلایەن ڕژێمی ئەو سەردەمەوە تاوانبار بکرێت ، هەر زوو تەباشیرەکەی لە دەست سەندو نەیهێشت تەواوی بکات .

لەو ساڵانەدا ڕژێمی ئەو سەردەمە هەوڵی دەدا ئاگری نەورۆز قەدەغە بکات گوایە حەرامە .

ڕۆژی جەژنی نەورۆز بوو ، بەیانی زوو بەلامەوە سەیر بوو کاکە حسێن هاتبوو بە شوێنمدا ، وتی وەرە لەگەڵم با بچین بۆ خورماڵ

وتم : خۆ ئەمڕۆ دەوامان نییە ،

وتی : دوێنێ مامۆستا سەعدولاّ کە خەڵکی سلێمانی بوو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بوو ، پێی وتم وەرە بۆ خورماڵ بۆ ئەوەی ئەگەر ئاگری نەورۆز نەکرایەوە یارمەتیم بدەن با ئەگەر بە سوتاندنی یەك تایەش بێت ئەو یادە زیندوو بکەینەوە ، ئینجا لەبەری خۆیەوە دەیگوت : سەیرکە ، حەوتی نیسان و حەڤدەی تەمووز حەرام ناکەن بەلاّم جەژنی نەورۆز چونکە هی کوردە قەدەغەی دەکەن.

دڵیم نەشکاند دوو بە دوو لەگەڵیا بە پێیان ڕۆشتین بۆ خورماڵ ، تا نزیکی ئێوارە لەماڵ مامۆستا سەعدولاّ بووین ، یەك تایەی ئامادە کردبوو ، ترسا لەوەی کە ئێمە دەستگیر بکرێین نەیتوانی لە دەرەوە ئاگرەکەمان پێ بکاتەوە ، خۆشی لەگەڵماندا بوو ، تایەکەی پێ بردینە سەربانی خانووەکەی خۆی و وتی: ئەگەر ماڵەکەشم بسوتێ دەبێ ئەم ئاگرە بکەمەوە ، خۆشی لەگەڵمان هاتە سەربان ، باسی ئەوەی بۆ دەکردین کە چۆن پیرەمێردی شاعیر لە ڕۆژی نەورۆزدا خانوەکەی خۆی سوتاندووە ، چونکە ئاگری نەورۆز لەلایەنی حکومەتی ئەو سەردەمەوە قەدەغە کرابوو.

ئێمە ئاگرەکەمان کردەوە ، بینیم خەڵکی وشیارو چاو نەترسی خورماڵیش لەسەر قەڵای خورماڵ ئاگریان بەز کردۆتەوە.

هەرگیز گوێم لێ نەدەبوو شەهید حسێن گۆرانی بڵێت بەڵام گۆرانییەکی نیشتمانی حسێن عەلی هەبوو کە تێیدا دەڵێت (لە زرڕەی زنجیر دڵت نەلەرزێ) ، کە بیویستایە گۆرانی بڵێ تەنها ئەوەی دەوت .

حەزی لە هەندێك زانستی بەکەڵك دەکرد ، ڕۆژێکیان وتی با سەردانێکی مامۆستا نەوزاد بکەین ، ئەم مامۆستا نەوزادە مامۆستای سەردەمی خوێندنی سەرەتایمان بوو ، یەکێك بوو لە مامۆستایانی خوێندنگای تەپی سەفا ، خەڵکی سلێمانی بوو ، ماڵو منداڵەکەشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو . دوای نیوەڕوانیش دەمانبینی لە حەوشەی خوێندنگاکەدا خەریکی هەندێك کاری هونەری دەبوو ، وەك دروستکردنی نەخشە و هەنێك نیگاری هونەری مانادار لەسەر پارچە معاکسی گەورەو بچوك ، مێزێکی لە حەوشەکەدا ، بەتایبەتی لەوەرزی بەهاردا ، پڕبوو لە مشاری بچوکو دەرنەفیزو کەتەرو پلایس و هەندێك پێویستی تر ، چەندین قتوی بۆیاغی ڕەنگاوڕەنگی دانابوو ، ئێمە پێشتریش چەندین سەردانمان کردبوو بەڵام ئەمجارەیان زۆر لەلای ماینەوە ، بەدەم کارکردنەوە لەگەڵمان دەدوا ، جارجار پێنوسەکەی پشت گوێچکەی دادەگرتوو دیسان لە شوێنی خۆی دایدەنایەوە .

حسێن بەناوی منیشەوە وتی : مامۆستا ئێمەش حەزدەکەین فێری ئەم کارە ببین .

مامۆستا کەوتە وەسفی هونەر ، دەیوت کارە هونەریەکان زمانن ، دەتوانیت لە ڕێگەی هونەرەوە هەر بیرۆکەیەکت هەبێ بە خەڵکی بگەیەنیت ، زۆر لە بارەیەوە دواو پاشان وتی : من کارێکی ترتان پێدەسپێرم ئەگەر بتوانن بیکەن ، خشتەیەکی لەسەر وەرەقەیەك گەورە دروست کرد ، خانەکانی زۆر زۆر بوو ، وتی

دەمەوێت فێری کاری (**احصاء**)ی واتە سەرژمێریتان بکەم ، چونکە ئەم زانستە بەسودە ، ئێوە کە دەگەنە کۆلێژەکان دەیخوێنن ، وتی سبەینێ بەناو ئاواییدا ماڵ بە ماڵ بگەڕێن ئەم خانانەم بۆ پڕ بکەنەوە ، هەندێك لە خانەکان تەرخانکرابوو بۆ ژمارەی شتێکی تایبەتی بۆنموونە :

ژمارەی پیاو ، ژن ، کوڕ ، کچ ، خوێندەوار ، نەخوێندەوار ، جوتیار ، کارمەند . بەشێکی تریشی بریتی بوو لە ژمارەی هەموو جۆری ئەو گیانلەبەرانەی کە لە ئاواییەکەدا هەیە. ئێمە کارەکەمان جێبەجێ کردو ئەنجامەکەمان بۆ هێنایەوە. کە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی موسڵ وەگیرام ، بەشی بیرکاری ، دیتم (**مقدمة في الاحصاء**) یەکێکە لە مەنهەجەکانمان.

ڕۆژێکیان دەنگێك لەناو ئاوایی دا بڵاو بویەوە کە ئەو وێنەیەی ئەحمەد حەسەن بەکری سەرکۆماری عێراق کە لە خوێندنگاکەدا هەڵواسراوە ، ئەمشەو کەسێك شکاندویەتی ، خەبەر درا بە ناحیە ، چونکە ئاوەها کارێك لەو سەردەمەدا بڤە بوو کەس نەیدەوێرا هەتا بە نهێنیش ئەنجامی بدات ، لەڕێگەی مزگەوتا شەهید حسێنم بینی وتی : بەینی خۆمانبێت ئەو وێنەیە من شکاندم . وتم : جابۆچی شکاندت ؟ وتی : ئەی کابرایەکی سەرکەچەڵی بێگانەی ئاوەها چی ئێمەیە ، ئەی وێنەی ( شێخ سەعیدی پیران ) بۆ هەڵناواسن ؟

دیاربوو هەر لە منداڵییەوە هەڵگری بیری نەتەوایەتی و نیشتمانی هەبووە ، هەر بۆیە لە (مانگی نۆی ساڵی ١٩٧٨)ەوە پەیوەندی کرد بە شۆڕشی نوێوەو چەکی شەرەفی لە شان کرد لە سەردەمێکدا ئەگەر ڕژێم بیزانیایە تاقە پێشمەرگەیەك لە فڵانە شوێندا هەیە بە دەیان هێلیکۆپتەری دەنارده سەری.

ڕۆژێك شەهید کاك شەوکەتی حاجی مشیر بە دوو پێشمەرگەوە هاتە ناو تەپی سەفاوە یەکێکیان شەهید حسێن بوو ، ئیتر ئەوە دواجار بوو بینیم ، لە پێناوی حەقی مللەتێکدا پلەی شەهیدی بە دەست هێنا.

لە بنەماڵەی هۆزی یارەیسی جاف بوو ، کەسوکارەکەی لەپاش هەوڵ و گەڕانێکی زۆر و بەردەوام توانیان پاش چەند ساڵێك ئێسك و پروسکەکەی بدۆزنەوەو بەخاکی بسپێرن.

ئەوەی شایانی باسە ، دیارە مەعلوم ڕۆحیەتەکان پێکەوە بەستراون ، ئەوەش ئیرادەی خوای گەورەیە ، ساڵێك پاش شەهید بوونی ، لەخەومدا بە قاتێك پۆشاکی سپییەوە بەرەو ڕووم هات ،من تەنها یەك لەحزە بینیم ، ئەویش تەنها یەك ڕستەی کورتی پێڕاگەیاندم ئەوەبوو وتی : من نەمردوم .

هەزار ڕەحمەت و فاتیحە بۆ گیانی پاکی مامۆستای بیری ئازادی کاکە حسین و هاوشێوەکانی" [١] .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

[١] – مامۆستا عەبدولکەریم محەمەد فەرەج تەپی سەفایی، هاوڕێی شەهید حسێن، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٨.

## یەکەم ڕۆژی چونم بۆ قوتابخانە

١٩٧٨/١٠/١ ڕۆژی یەك شەممە بوو لە قوتابخانەی تەپی سەفا خرامە بەر خوێندن لە پۆلی یەکی سەرەتایی. مامۆستا سەرکۆ عەزیز بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەپی سەفا بوو، مامۆستا غالب داقوقیو مامۆستا عەلی مشیرو مامۆستا شاهۆ نەقشبەندیو مامۆستا جاسم خانەقینی لەوێ مامۆستا بوون. مامۆستاکان هەمویان هەستو سۆزی کوردایەتییان زۆر بەهێز بوو، قەدرو ڕێزی شەهیدو پێشمەرگەیان لابوو، کاك سەید حەسەنی حاجی سەید عەلی منی ناساند بە مامۆستا غالب، وتی ئەمە کوڕی شەهید هاوارەو ئەمساڵ داخڵی قوتابخانە دەبێت، ساڵێکی بەبۆنەی زیندانی ناسرییەوە فەوتاوە. مامۆستا غالب باوەشی پێدا کردمو ماچی کردم، وتی بەسەرچاو هەر ئێستا ناوی تۆمار دەکەین. لەپاشدا بووم بە زیرەکترین قوتابی هاوپۆلەکانی خۆمو تا دەرچووم بۆ یەکی ناوەندی بەیەکەم دەرچووم، هەموو ساڵێکیش خەڵات دەکرام بە دەستێك جل وبەرگ یان پێڵاو یان کراسو ئەو بابەتانە.

ناوم تۆمار کراو لە چاوەڕوانی کتێب وەرگرتندا بووم، منالێك سورکاڵ ڕاوڕاوێنی بوو، بزێوو خڕەڵە بەڵام پێوەی دیاربوو کە لە منالە هارو بزێوەکانەو سەر بە گۆبەندە. دواتر کەوتە پۆلمانەوەو لەکاتی ناو خوێندنەوەدا مامۆستا سەرکۆ گەیشتە سەر ناوەکەی:

عوسمان فەتاح عەلی

ئا


نا ڕۆڵە بڵێ بەڵی

بەڵی مامۆسا

ئافەرین

ئەو قوتابییانەی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بیرم مابێت ئەمانە بووین: بەندە، عوسمان حاجی فەتاح، لوقمان حاجی فەتاح، لوقمان محەمەد، عومەر مەجید، ئارام شەوکەت، ئالان شەوکەت، شوکریە محێدین، پەری محەمەد، جوان محەمەد، شەهلا محەمەد مشیر، کەمال سالح، سەلاح سالح شەشکی. بایەر عەبدوڵا، نوعمان حاجی عەلیو چەند کوڕو کچێکی تر.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .



## کانی پەروونیو مەرگی بەورێك

١٩٧٨/١١/١٣ فەرماندەی ئازاو چاونەترس ئەحمەد کەریم ڕەزا ناسراو بە ئەحمەد گریانەیی لە سنوری هاوار لە شەڕی براکاندا دەکوژرێت. کاك حەمەی حەمە سەعید لە (دەنگی خاك) دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوو کەس بە ناوەکانی (ئەنوەر عەبدولخالقو فەتاح عەبدوڵا) دێن بۆ لای کاك

ئەحمەد گریانەیی‌و پێی دەڵێن کە قیادە موەقەتە بە نیازن بێنە سەرتان لەکانی پەروونی‌و شەڕتان لەگەڵدا بکەن، وە ژمارەی هێزەکەشیان هەشتا کەسە، نادر هەورامی فەرماندەیانە، هاتوونەتە ئاوایی شوشمێی خواروو. ژمارەی پێشمەرگەکانی یەکێتی ١٥ کەس دەبن، لەوانیش ٤ کەسیان بێ چەك دەبن‌و سێ دیلیشیان لەلا دەبێ کە عەزیز حەمە ساڵحی تاوگۆزی یەکێك بووە لە دیلەکان. شەهید ئەحمەد هێزەکەی خۆی دابەش دەکات‌و لە حاڵەتی چاوەڕوانی هێزەکەی قیادە موەقەتە دەبن. ئەوانیش لە سێ قۆڵەوە دێنە سەر هێزەکەی یەکێتی. ئامانجی سەرەکییان ڕاوکردنی کاك ئەحمەد بووە. کاك ئەحمەد دوو پێشمەرگەی نەکردە دەکات بە حەرەس، یەکێکیان بەتانی دەدات بەخۆیداو دەخەوێت، زۆراب ناوێك دێتە سەری‌و دەیگرێت، حەرەسەکەی تر بەرەو کاك ئەحمەد ڕادەکات‌و دەڵێت هاتن. کاك ئەحمەد خێرا بەرەو شوێنی حەرەسەکان دەچێت نازانێ گیراون، لەناکاو گولەیەك دەدات لەسەر سنگی‌و پاشماوەیەك لە شوێنێکدا دەکەوێت‌و گیان دەسپێرێت. کاتێ هێزەکەی قیادە موەقەتە دەچنە سەری دەزانن ١٥٠٠ دیناری پێیە. پارەکە هی ئەو بنێشتە بوو کە پایزی ئەو ساڵە کاك ئەحمەد بە ڕەنج‌و ماندووبونی خۆی‌و پێشمەرگەکانی توانی لە کۆچەڵەی بەجێماوی خەڵکی ناوچەکە کۆی بکاتەوە کە ڕژێم ڕایگواستبون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان‌و بیکات بە بنێشت، بۆ ئەوەی بیفرۆشێت‌و چەك‌و تفاق بۆ هێزەکەی بکڕێت. کاك ئەحمەد لە گۆڕستانی بازی بێ گوناح لەلایەن خەڵکی ئاواییەکانی شێخان‌و شۆشمێ‌و شێنێ وە بەخاك دەسپێردرێت. عەزیز حەمە ساڵحیش کەبە مەفرەزەکەی مامۆستا پشکۆ دەبێت لە شەڕەکەدا هەڵدێت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٩

چرایەکی دیوارکۆ بە ئاوێنەیەکی ڕوون‌و سافی پشتییەوە لەتاقێکی ژوورەکەدا دانرابوو، جار جار بە لادانی دەرگا تەختەکە هەوایەکی ساردی پاییز دەهاتە ژوورەوەو شەوقی بە چراو عەلادینەکە زیاد دەکردو نایلۆنی داکوتراوی قەد دیوارەکەشی کەمێك بەرز دەکردەوە.

چوار دەست لەو نوێنانە لە تەنیشتی یەکترەوە ڕاخرابوون‌و یەکە یەکە دەچوینە ناوی‌و لێفەکانمان تا ژێر چەناکەمان دەدا بە خۆمانداو بە بەزمی منالانە دەمانوت:

دایە گیان تۆش وەرە ناو جێگاکەو حیکایەتی مام گورگمان بۆ بگێڕەوە

نا نا دوێنێ شەو مام گورگی گێڕایەوە من حەزم لە ڕۆستەم‌و زۆرابە

نا وەڵا دەبێ وڵکنەمان بۆ بگێڕیتەوە، ئەمە داوای دوو براو خۆشکێك بوو لە دایکمان

دایکم فویەکی لە عەلادینەکە دەکردو دەستی دەبرد لە تاقەکە جەرەی چراکەی بەلای چەپدا دەسوڕاندو کزی دەکرد. پاشان دەهاتە جێگاکەی، ئەسعەد لە هەمووومان بچوکتر بوو خێرا خۆی دەخزاندە بن دەستی دایکم‌و دەستی لە هێلەکەکەی گیر دەکردو وردە وردە چاوی دەچووە خەو.

ماڵمان لە چەمو چاوگی ئاواییەوە نزیك بوو وە لە پەڕی ئاواییدا بوین، خوڕەی چەمو ئاوەکە دەهاتو تێکەڵاو بە دەنگی گورگ وچەقەڵو سەگەلی ناو ئاوایی دەبوو. سەگەکان دەیانوت حەوت حەوت حەوت گورگەکان دەیان وت هوو هوو هوو وتم دایە بۆچی دەنگی سەگو گورگ لەیەك جیاوازەو هەریەکەیان بە شێوەیەك دەوەڕنو دەلورێنن؟ وتی ڕۆڵە ئەوە گورگو سەگ پێشتر ڕێکەوتوون کە هەریەکەیان ساڵێك لە ناو ئاواییدا بێتو ئەوی تر لە دەرو دەشت، نۆرەی سەگ کۆتایی هاتووەو گورگەکان دەڵێن هەی هوو هەی هوو واتە لەکەیەوە نۆبەی ئێوە تەواو بووەو کاتی ئەوە هاتووە ئێمە بێینە ناو ئاواییو ئێوە بێنە دەرەوە، سەگیش دەڵێن حەوت حەوت حەوت واتە حەوت ڕۆژی تر مۆڵەتمان بدەن بەم شێوەیە حەوت بەردەوام دەبێت بێ ئەوەی ڕۆژێکی لێ کەم بێتەوە.

دواتر لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکی ڕۆستەمو زۆراب دا کە لەو کاتەی ڕۆستەم لە جەنگەڵی مازندەراندا دەگات بە دێوسپیو دەبێت بە شەڕیان ترسێك سەرتاپای دادەگرتمو زیاتر لێفەکەم لەخۆم قایم دەکرد. منی منداڵ مازندەرانم بە چەمو چاوگەکەی ئاوایی دەزانیو گەر بەڕۆژیشدا لەوێوە تێپەڕ ببومایە بیری دێو سپیم دەکردەوەو خێرا تێپەڕم دەکرد.

چراکە زۆر بەخامۆشی ئیشی دەکرد، خرمەی بارانیش کە لە سەربانە گڵەکەی دەدا تاسەی خەوی خۆشتر دەکرد. دایکم لە گێڕانەوەی خۆی بەردەوام بوو بەڵام هەرگیز نەدەگەیشتە کۆتایی هیچ چیرۆکێك ئێمە چووبوینە ناو جیهانە قوڵەکەی خەوەوەو بارانو شەوو تاریکیو دەنگی ئاژەڵەکانمان بەجێ دەهێشت.

دوو براو خوشکێك لەگەڵ دایکمان پێکەوە لە خانوویەکی گڵی دوو هۆدەو هەیوانیدا لە گوندی



شەکرالی، پاش شەهید بوونی باوکم درێژەمان بە ژیاندا. زەوییە کشتوکاڵییەکەمان لەبەری ماڵی خۆماندا بوو تەنها جۆگەیەك لەنێوانماندا بوو، تەماتەو خەیارو بامیەو گوڵەبەڕۆژەمان دەکردو داهاتێکمان بۆ خۆمان پێکەوە دەنا. باوکیشم باخێك چناری ناشت بوو، وایان لێهاتبوو کە بۆ سەری خانوو بشێنو بفرۆشرێن, بەڵام وتیان با زیاتر گەورە بن ساڵێکی تر دەیفرۆشین. هەر لەم ساڵەدا بوو مامەڵەی پێناسی باری شارستانییان بۆ کردینو بوین بە خاوەنی تەسکەرەی خۆمان. حکومەتی بەعس موچەی مانگانەی بۆ خێزانانە دابین دەکرد کە پیاوەکەیان پێشمەرگە بوبێتو کوژرابێت، مانگی ٣٦ دیناری بۆ دەبڕینەوە، لەژێر ناوی (حوادث شمال). دایکم ئەو

مامەڵەیەی تەواو کردو پیشەکی ئیکرامییەکی باشیان داینێ کە زیاتر لە ٢٠٠ دینار بوو، وە هەموو مانگێك لەکاتی خۆیدا لە بانکی هەڵەبجە ٣٦ دینارەکەمان وەردەگرت. ئەو پارەیە داهاتێکی باش بوو بۆ خێزانێکی ٤ کەسیو بەشی دەکردین.

هەرلەم ساڵەدا بوو شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەڵگیرساو خومەینی هاتە سەر حوکمو نەیارەکانی وڵاتیان بەجێ هێشتو ئاوارەی ئەوروپاو ئەمریکا بوون. وێنەی هونەرمەندەکانی وەکوو گوگوشو هایدەو مەهەستی بە ڕەنگاو ڕەنگ چاپ دەکراو دەفرۆشرا، ئێمە لە شەکرالی وێنەی چەند هونەرمەندێك لەوانەمان هەبوو. ئەو زەمەنە چونکە هەموو شتێك وەکوو ئێستاو زۆرو فەراهەم نەبوو ئەوا هەموو شتێك جوان بوو، ڕەنگەکان جوان بوون، دەنگەکان خۆش بوون، خواردنەکانو میوەکان بەتام بوون، ئاسمان شینو جوان بوو، ئاو سازگار بوو، خزمایەتیو سیلەی ڕەحمو مرۆڤدۆستی هەبوو.

هەرلەم ساڵەدا بوو وزەی کارەبا گەیشت بە لادێکانی شەکرالیو تەپی سەفاو ڕووناك بونەوە، ستونی کارەباکە دوو ساڵ پێشتر دانرابوو بەڵام تەزووەکە درەنگ وەخت درا بە چەند لادێیەكو چەندین لادێی تر هەربێ بەش بوون لە کارەبا. بەر لە کۆتایی بیستەکان یەك لەدوای یەك کارەبا گەیشتە شارەکانی کوردستانی عێراقیش.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## سەردانی خانەقای بیارە

لەگەڵ دایکمو پورە دلوستانو خاڵۆ مارفو کۆمەڵێك خزم بە هەر سێ لاداکەی کاك سەروەرو کاك عوسمانی مام فەتاحو کاك حەمە ئەمینی حاجی سەید نەجمەدین چوین بۆ بیارە بۆ خزمەتی حەزرەتی شێخ عوسمانی نەقشبندی، کە لە لە ئێرانەوە هاتبووەوە لە بیارە دادەنیشت. خەڵکی زۆر هاتبون بۆ میوانی، لەوانە ماڵێك لە لوبنانەوە هاتبون. نانی نیوەڕۆ خوراو دوای عەسر هاتینەوە.

چاوم ئازاری هەبوو سور هەڵدەگەڕاو بەردەوام خرۆشی هەبوو بەتایبەت لەکاتی سەرماو سۆڵەداو لەکاتی گەرماو تەپوتۆزدا، بەوەش زۆر نیگەران دەبوومو شتێکی ناخۆشو بێزار کەر بوو بەلامەوە، دایکم بردمییە بەردەستی حەزرەتی شێخ عوسمانو باسی نەخۆشییەکەی بۆ کرد، ئەویش دەستی پیرۆزی خۆی پێدا هێناو دوعای چاك بوونەوەی بۆ خوێندم، دواتر دەرمانێکی هێنا کردیە چاوم زۆر تیژ بوو، یەکسەر چاوەکانم دەستیان کرد بە کزانەوەو فرمێسك ڕشتن، تا ڕادەیەك بەسود بوو، بەڵام فەرمووی لەوانەیە ئەمە نەخۆشییەکی درێژخایەن بێتو بە تێپەڕبوونی کاتو تەمەن باش بێت.

پیشەی دەرمانسازیو حەکیمی لە حەزرەتی شێخ عەلادینەوە مابویەوە بۆ حەزرەتی شێخ عوسمان، کە مورشیدی بووەو لەهەمان کاتیشدا باوکی بووە. زۆرێك لە خەڵکی شیفایان لەسەر دەستیان وەرگرتووە.

لەبارەی حەکیمی حەزرەتی شێخ عەلادینەوە (قدس سرە) خالۆ مەلا تایەر حاجی عوسمان یارەویسی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لە ساڵی ١٩٤٨و لە وەرزی گزرەبڕین دا، لەگەڵ باوکمو کاکە حەمەمو مامە حاجی مەحمودو حاجی عەبدولمحەمەد دا لە خزمەتی شێخ عەلائەدین نەقشبەندیدا بوین لە زانکۆی ئەزهەری دووەم لە بیارە، خەڵکێکی زۆر ڕوی دەکردە خانەقاو لە ڕووی مەعنەوییاتەوە خۆیان نوێ دەکردەوەو کەسێکیش نەخۆش بوایە لەسەر دەستی حەزرەتی شێخ دا بە داودەرمانی کوردەواریو دوعای گیرابووی حەزرەتی شێخو پیاوچاکان شیفای بۆ دەهات. کاتێ لەوێ بوین کوڕێکی گەنجی مەریوانییان هێنا، کە دەمو چاوی بە تەواوی تێك چووبوو، خوارو خێچ بوو بوو. نەیدەتوانی قسە بکات. کەسوکاری هەمووی پیاوی پیاوانەو مێژەر بەسەر لەگەڵی هاتبوون. کوڕەکەش باڵابەرزێکی بە هەیکەلی جوانخاس بوو. کەسوکاری نەخۆشەکە پەلاماری پێڵاوەکانی حەزرەتی شێخیان دا، حەزرەتی شێخ عەلائەدین کشایە دواوەو لێیان نیگەران بوو. فەرمووی ئەوە چی دەکەن؟ بۆ پەلاماری قاچی من دەدەن؟ ئێمە هەموومان بەندەی خوای گەورەینو داوای شیفا لەو دەکەین. دواتر بە کوڕەکەی وت وەرە پێشەوە، ئەژنۆکانت بلکێنە بە ئەژنۆکانی منەوەو تەماشام بکە. پاش ئەوەی لە دەموچاوی کوڕەکە ورد بویەوە فەرمووی کوڕم تۆ گۆشتی سیاون (بزن)ت خواردووە، شیلانە (قەیسی) تەڕت کردووە بە سەریداو خەیاریشت خواردووە، دواتریش بە ئاوی سارد خۆت شۆردووە. باوکی کوڕەکە هەستایە سەرپێو وتی: ئەرێ بەخوا ڕاست دەفەرمویت جەنابی شێخ. دواتر حەزرەتی شێخ حەمەی عیسای بانگ کرد کە لەبەردەستیدا کاری گرتنەوەی داودەرمانی کوردەواری دەکرد. پێی فەرموو بڕۆ بزانە سێپەڕە ماوە لەگەڵ گەڵای قەزواندا بۆم بێنە، جوان بیانکوڵێنەو بیکە بە چا. ئێوارە دوو چای بدەنێ، وە بۆ ژەمی ئێوارەش شۆربایەکی کەم چەوری بۆ بکەن، ئێمەش دوعای شیفای بۆ دەکەین. کاتێ بەیانی هەستاین ئەزانین کوڕەکە شیفای بۆ هاتووەو ساغو سەلیم وەکوو گوێزی کوێری لێ هاتووە. کەسوکاری لەخۆشیدا نەیاندەزانی چی بکەن! و چۆن حەزرەتی شێخ ماچ بکەنو ئیخلاسو وەلائی خۆیانی بۆ دوپات بکەنەوە. هەمویان پەلاماری حەزرەتی شێخیان دا. باوکم هاواری کرد، براینە حەزرەتی شێخ ماندوو مەکەن[١]. بەو شێوەیە لە ڕووی مادیو مەعنەوییەوە بیارەی شەریفە بوو بوو بە جێگای شیفای نەخۆشییەکان. خەڵکانێکی زۆر لەو زانکۆیەدا پێگەیشتنو بە کوردستاندا بڵاوەیان کردو ماڵەکانیان ڕووناك کردەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١ دیمانە لە گەڵ مەلا تایەر حاجی عوسمان، تەپی سەفا، ٢٠١٦.

## قانعو لەتە خشت

هەر لەم ساڵەدا بوو دیوانی قانع لە لایەن بورهان قانعەوە بەچاپ گەیەنراو کەوتە بازاڕەوە، ماڵی خاڵۆ تایەرم نوسخەیەکیان لێ کڕیو هێنایانەوە بۆ تەپی سەفا. شیعرەکانی زۆر سادەو خۆش بوون, بەو منالّییە چێژم لێ وەردەگرتو حەزم بە گوێگرتن بوو کاتێ عەبدولرەحمانو عەبدولڕەحیم دەیانخوێندەوە. چەند ساڵ دواتر کە خوێندەواریم باش بوو هەموویم تەواو کردو زۆرێك لە شیعرەکانیم لەبەر کرد. ئەمەش شیعرێکی بلاّو نەکراوەی مامۆستا قانعە کە بەدەستنوس لای خاڵۆ مەلا تایەر پاێزراوەو لە دیوانەکەیدا بەرچاو ناکەوێت:

لەتە خشت

یاران یەك وەختێ یاران یەك وەختێ ... لە ڕۆژان ڕۆژێ لە وەختان وەختێ
ڕۆژێ لە ڕۆژان بتکا ڕوو بەتاڵ ... ئاسودەو ڕاحەت لە نەبوونی ماڵ
بێ یارو یاوەر بێ براو هاودەم ... بێ ڕەفیقی شەو دەروون پڕ لە غەم
پاڵ دام وە سەرین حەریری گوڵ ڕەنگ ... بیر دام وە کردار چەرخی شێوە ڕەنگ
مزگەوت بێ ڕەونەق دیوەخان وێران ... ئاوایی بێ شەوق نۆکەر سەرگەردان
وتم خاس وایە توێشە پەیدا کەم ... ئیقلیم بگەڕێم سەیری دنیا کەم
هەتا بزانم چۆنە وەجاخان ... چۆنە دەسەلاّت خاوەن بەیداخان
کێ بە حورمەتە کێ بێ حورمەتە ... کێ خاوەن شەوقە کێ لە زەحمەتە
بۆچی سەلوێنك بووە بە تەلار ... پەنجەرەو هەیوان بوون نگون سار
نەجیب نانەجیب نەجیب ... تفلێ خاوەن موڵك خاوەن موڵك غەریب
کەشکۆڵم هەڵگرت عابام خستە شان ... زرەی چوار ئایین وێنەی دەروێشان
تەسبیحو شانە سوجادەو تاعەت ... سەد وانەی رونی تەختەی سەداقەت
بەیداخی عەشرەت سەجەرەی شێخان ... دایەرەی میحنەت حەمە یالّی شان
هەم سەفەرنامەو بەیازو دەفتەر ... بەردو بەرد ئەستێ ئەساسەی سەفەر
بەساعەتی خاس ڕۆژی موبارەك ... لە ڕۆژی جومعە کردم تەدارەك
بە یاهوو یاهوو ڕێگەم گرتە بەر ... پەنام برد بە زات شافیعی مەحشەر
گایە زیکری دڵ گا گایە گریان ... گایە سۆزی دڵ گۆرانی شێخان
گا فەردی پڕ شۆر شێخی مەولەوی ... گا گوریسی حەق مەولای مەسنەوی
چەند چۆڵم تەی کرد چەند دێو چەند شاران ... چەند مەنزڵگای خۆش لەبەر موغاران
چەند سەیری جێگای شاهانی قەدیم ... چەند وارسی کۆن قەلاّچەی عەزیم

چەند بڕۆ بڕۆی بەزمی دیوەخان ... چەند خاوەن مەنسەب لەپای بەیداخان

سێ ساڵ بەم نەوعە خەریك سەیرات بووم ... گا لە دێهاتو گا لە سەیران بووم

نە ئاو بوو نە دار نە پووش نە گییا ... غەیری زاتی پاك خۆم تاق تەنیا

خەیلێ تێ فكرام نیگام كرد لە دوور ... كەوتە بەرچاوم لەتە خشتێ سوور

لە دییەن ئەو خشتە خەیلێ عەجەب مام ... خشتم بەرزۆ كرد بەسەد ئیحتیرام

وتم هی كێ بێ؟ كێ دروستی كرد؟ ... كێ نایە چین ماڵ؟ كێ لە دوای مرد؟

كێ خستیە قاڵب كێ شێلای بە ئاو ... كێ خستیە كوورە بلێسەی بە تاو

بە ئەمری خودا لێم هاتە زمان ... ووتی ئەی قانع گێلی ماڵ وێران

من خاكی كەللەی دە پادشاهم ... پادشای بێ باك حیشمەت پەناهم

دەورەیان ڕۆیی نۆبەیان تەواو ... گومەزیان لەگەڵ خاكا تێكەڵاو

گومەزییان ڕووخاو گۆڕچەیان دەرهات ... ئەڵحەدیان نەماو كەوتنە سەر بسات

زەڕە زەڕە بوون بوون بە غوبارێ ... تۆزی هەر یەكێ ڕۆیی بۆ شارێ

بە تەقدیری حەق بینای لایەنام ... لەو دروستكراوە من دروست كرام

سەد ساڵ لەسەر یەك من خشتی كاڵ بووم ... لە خووتەن زەمین بن ڕەتی ماڵ بووم

لە دوای دووسەد ساڵ ئەو ماڵ وێران بوو ... بوو بە وێرانە جێگای سەیران بوو

من بوومۆ بەخاك هەر وەكوو ئەوەڵ ... بە ئەمری بێ چوون پادشای ئەفڵەك

لە دوای ئەمانە باز هەم سەر لەنۆ ... ژنی هەور گەڕ منی جیاكردۆ

كردمی بە حاجەت بۆ گۆزەڵەی دەس ... خۆشی گەرەك بووم نەی دەدام بە كەس

سەر هەڤدە ساڵە وورد بوومو شكام ... پیرەژن هەستا خێرا فڕێی دام

سواڵەتیشم كرد سێ سەد ساڵ تەواو ... هەتا سەر لەنوێ ڕزامو پووام

بووم بە مشتێ خاك لە پەنای ماڵێ ... پێیان پیا ئەنام هەموو منالێ

لەدوای ئەمانە كرام بە ئاجۆڕ ... نرامۆ دیوار قەڵای سەڵمو توور

سێ سەدو شەست ساڵ لەو قەڵای عەزیم ... ساكن بووم بە ئەمر پادشای كەریم

سەڵمو توور تەواو ئاساریان نەما ... چەرخی چەپ كردار گەردی داوە وەباد

ئێستا یادگار شاهانی دەورم ... لەم بیابانە پڕجەفاو جەورم

دنیا ئاوا بوو بۆم بەیان كردی ... تۆش فكری خۆكە دەخیل ها مردی

ئەزانم عومری منیش تەواوە ... بۆ شاهو گەدا هەر تۆپێ جاوە

وتیان یا خالق تاكو تەنیای فەرد ... فریادڕەس بەماڵ هەناسانی سەرد

لەسەکەراتی مەوت هەر تۆ هەی پەنام ... من عەبدی زەلیل عاسی ڕوو سیام
لەو وەختا زوبان لاڵو لەنگ ئەبێ ... تەواو ڕووی دنیا لەمن تەنگ ئەبێ
بانگی ڕەستا خێز قوڕ پیّوانو شین ... تێکەڵە لەگەڵ ئایاتی یاسین
دەم هەڵتەکاندن غەرقی جواناو ... سەدا هەی هانا بۆ قەترەیەك ئاو
قابض الارواح بە گازوو قووەت ... ڕووح دەر ئەهێنێ بەچەندە زەحمەت
بە خەجاڵەت باری ئەی بەن بۆ قەبران ... تەسلیمی ئەکەن بەسەهلو ئاسان
لەوێ جێی دێلن بەتەنیاو بێ کەس ... هیچ کەس شك نابا غەیری فریادڕەس
هەزاران سەلات هەزاران سەلام ... ذووما بر محمد علیه السلام[1]

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بەجێمانی پڵنگێك لە نیوەشەودا

لە مانگی یەکی ئەم ساڵەدا فەرماندەی یەکێتی فەرەج تریفەیی شەهید کرا.



پشکۆ نەجمەدین لە (ئەزمونو یاد) دا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئێستاش بیرمە درەنگ ئێوارەیەکی مانگی یەنیوەری لە (کونەسوتاو)دا سەرما تا سەر ئێسك ڕۆچووە، فەرەج تریفەیی دەستم دەگرێو دەچینە بن گابەردێك.

ئەو چەکەی خۆت بدە بەمنو ئەم دەمانچەیەی من با لای تۆ بێت!

ئەی ئەوەی خۆت؟، چەکەکەی خۆم دەدەم بە ڕۆستەم، ئێمە بۆ هەندێك کار دەچینە هەڵەبجە

تەنها تۆو ڕۆستەم؟

کارەکە قەرەباڵغی پێ ناوێت، دەمەوبەیان دەگەینەوە لاتان.

ئەوان ڕۆیشتن، ئێمە نانو چامان ساز کردو شیومان کرد. دواتر لە دەوری ئاگرێك کۆبوینەوەو شەوگارمان بەدەم قسەو باسەوە دووکەرت کرد. دوا پاسەوانی ئەو شەوە هاواری کرد: ڕۆستەم بە تەنها هاتووەتەوەو بریندارە

ڕۆستەم دەستی لە ملی هەڵپێچابوو، بێ هێزو بڕست لێبڕاو، لەبەردەم کونە سوتاودا دانیشتو پاڵی بە گابەردێکەوە دا، هەر کە گەیشتینە گۆڕستانەکەی شێخ سمایل، بەدەستڕێژی گوللە ئاگریان داین، کاك

---

[1] دیمانە لەگەڵ مەلا تایەر حاجی عوسمان، تەپی سەفا، ٢٠١٧.

فەرەج لە جێدا کەوتو منیش دەستم دوو گوللەی وێکەوتن! تەواو ... کاك فەرەج شەهید بوو! تەرمو چەکەکەشی دەست جاشەکان کەوتن! بۆسەیەکی گەورەو ورد چنرابوو.

بەڵێ هەرچی کوڕی یەکی یەکییە ئاوا لەسەر دەستی جاشەکان چرای تەمەنیان دەکوژایەوەو خامۆش دەبوو، ئاواتی لەسەر یەك هەڵچنراویان دەبردە ناو گۆڕ، ماڵو منالیان بە هەتیویو بێوەژنی بەجێ دەهێشت، کەسوکاریان ڕەش پۆشو ماتەم دەکرد. دەاتریش کەس سزای جاشو پیاوکوژانی نەداو هاتنە سەر سفرەی حازو لە تەڕ دەیانخوردو لەوشك دەنوستن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**١٩٧٩/١/٨** کاك مەسعود بارزانی لە وڵاتی نەمسا لە هەوڵێکی تیرۆر کردن ڕزگاری بوو.


**١٩٧٩/١/١٦** حەمە ڕەزا شای ئێران وڵاتی تەسلیم بە شاپور بەختیار کردو ئێرانی بەجێ هێشت.

**١٩٧٩/٢/١** ئیمام خومەینی لە پاریسەوە گەڕایەوە بۆ تاران.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## کۆچی پیرە هەڵۆیەك لە غەریبیدا

**١٩٧٩/٣/١** کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی لە ئەمریکا. مەلا مستەفا بارزانی یەکێکە لە سەرکردە مەزنەکانی کورد کە کەس ناتوانێت نکولی لە نیو سەدە خەباتو ماندووبوونی بکات، لێرەدا بە کورتی گوزەرێك دەکەین بەناو ژیانو خەباتیدا: مەلا مستەفا کوڕی شێخ محەمەدی بارزانییە، ساڵی ١٩٠٣ لەگوندی بارزان هاتۆتە دنیاوە، بەماوەیەکی کەم پێش لەدایکبوونی باوکی کۆچی دوایی دەکات. هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە سێ ساڵان تورکەکان لە ١٩٠٦دا هێرش دەکەنە سەر خێڵەکانی کورد، شێخ



عەبدولسەلامی برا گەورەی بەدیل دەگرن، ئەویش لەگەڵ دایکی دەخەنە زیندانەوە. نۆ مانگی تێیدا بەسەر دەبەن. بزوتنەوە شۆڕش گێڕانەکەی لە ١٩٤٣وە دەستپێدەکات، دوا بەدوای خۆ بەدەستەوەدانی شێخ ئەحمەدی برای، ئەو سەر لەنوێ دەست پێ دەکاتەوە، دەسەڵاتدارانی عێراق بڕیاری دوور خستنەوەی بۆ ئێران دەدەن. لە شوباتی ساڵی ١٩٤٥دا دێتە بەغدا میری بەداواکارییەکەی ڕازی دەبێت، کەبگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆیو چەکەکان کۆبکاتەوە. بەڵام کەوتە سەردانو گەڕان لەناو گوندەکانو هاندانی خەڵك بۆ شۆڕش کردن.

لەشوباتی ١٩٤٥دا هێزێکی سوپاییان ناردەسەری، بۆ ناوچەی زێبارو بارزانیان ڕەتاند، ناچاریان کرد لەتشرینی یەکەمی ئەوساڵەدا لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای پەنا بەرنە

بەر سنووری ئێران، پاشان شێخ ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ عێراق. بەڵام مەلامستەفا بەخۆیو دوو هەزار لایەنگرانی بەرەو مەهاباد دەڕوات، لەکاتێکدا قازی محەمەد لەپازدەی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی بەیارمەتی یەکێتی سۆڤیێت ڕاگەیاند، هاوسنوور بوو لەگەڵ فەرمانڕەوایی ئازربایجان، ئەوەی لەتەوریز پێکهاتبوو.

کاتێ دەسەڵاتدارانی ئێران لەساڵی ١٩٤٦دا کۆماری مەهابادی لەناوبرد، مەلا مستەفاو جەنگاوەرانی پەنایان بردەبەر ڕووسیا، بۆ ماوەی دوازدە ساڵ لەوێ مانەوە. لەسەرەتاوە مەلا مستەفا لەئازربایجانو ئۆزبکستان نیشتەجێ بوو، پاشان بۆ مۆسکۆ گواسترایەوە، زمانی ڕووسیو هونەری سەربازیو زانیاری ئابووری لەو وڵاتە خوێندووە، لە ١٩٥٨/١٠/٢٦دا گەڕایەوە بۆعێراق. لەکاتی گەڕانەوەی بۆ عێراق ڕێزو نەوازشێکی زۆری لێنرا، بەڵام چەند ساڵ دواتر لە ئەیلوولی ١٩٦١دا شۆڕشی دژی دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕاگەیاند، لەبەگژداچوونی دژی دەسەڵاتدارانی عێراق تا ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو. وە لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ هەوڵی تیرۆرکردنی درا، بارەگەکەی لە حاجی ئۆمەران، ئەوەی تێیدا نیشتەجێ بوو وێران بوو، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سەیر لەو هەوڵەتیرۆرکردنە ڕزگاری بوو.

دەسەڵاتدارانی عێراق لە١١ی ئازاری ١٩٧٤دا مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردو کوردستان ڕاگەیاند، بەڵام مەلا مستەفا بەشێوەی ئۆتۆنۆمییەکە ڕازی نەبوو، بۆیەدووبارەکەوتەوە شۆڕش دژی ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق. بەڵام پاش پیلانو ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەنێوان عێراقو ئێران بەسەرپەرشتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەم شۆڕشەشکستی هێناو مەلا مستەفا ناچاربوو بەبەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ ڕازی بێت. لە ساڵی ١٩٧٦دا بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی بەرەو واشنتۆنی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڕێکەوت. لە ١ی ئازاری ١٩٧٩ەوە لەوێ جیهان بەجێدەهێڵێتو تەرمەکەی بۆ ئێران دەگوێزرێتەوە. لەیەکێك لەسەنگەرەکانی چیای کوردستان لەسەر سنووی ڕۆژئاوای نزیك عێراق بەخاك دەسپێردرێت. لە ساڵی ١٩٩٣ پاش ئازادبوونی بەشێکی باشوری کوردستان لەگەڵ تەرمی ئیدریسی کوڕی دەیان هێننەوەو لەگوندی بارزان بەخاکیان دەسپێرنەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٩/٣/٢١ جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

١٩٧٩/٣/٢٨ قاسملۆ بەیاوەری غەنی بلوریانو حەمەدەمینی سیراجی سەردانی خومەینی دەکەن لەشاری قوم بۆ وەرگرتنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام بێ سود بوو، چونکە شیعە باوەڕیان بەو مافانە نەبوو.

١٩٧٩/٤/٨ دنیا لە شکۆفەی بەهارو جوانیدابوو، گوڵاڵە سورەکان تێکەڵاو بە گوڵە زەردەکان بووبوون، تابلۆیەکی ناوازەیان نەخشاندبوو، ئاسمان پەڵە هەوری سپی وەکوو ملوانکەیەك لەمل کردبوو، بەفری کێوەکان وەکوو تارای سپی درابوو بەسەر بووکی هەوراماندا‌و خۆریش وەکوو زاوایەکی شەرمن لەپشتی




پەڵە هەورەکانەوە بەتیلەی چاو تیشکی زێڕینی دەخستە سەر ڕوومەتی سپیو ئاڵی. لەم ڕۆژە خۆشەدا ژنیان گواستنەوە بۆ کاك عەلی حاجی عەبدولمحەمەد لە گوندی تەپی سەفا. شاییەکی گەورەیان سازکردبوو، هەڵپەڕکێو گۆرانی دەوترا، حەمە لامەرکەزی گەنجێکی جوانخاس بوو،، زۆرێك لە شاییەکان لەو گوندانەدا ئەو گەرمی دەکرد، بەیتی بەسەر گەنجانو خەڵکی پارەدارو هەڵپەڕکێکەراندا دەوت، ئەوانیش لەکاتی هەڵپەڕکێدا بڕێك پارەیان وەکوو شاباش بۆ هەڵدەدا. حەمە بەدەم گۆرانی وتنەوە پارەکەی کۆ دەکردەوەو دەیخستە گیرفانی، دەبوایە شاگردێك وەکوو تێبینی لای خۆی بینوسیایە کە ئەو کەسانە یەکی چەند دیناریان بۆ هەڵداوە، بۆ ئەوەی لەدوای هەڵپەڕکێکە پارەکەی بۆ بگەڕاندنایەتەوەو بەشی خۆی لێ هەڵبگرتایە. ئەو ئاهەنگو شاییانەش کە حەمە لامەرکەزی ئامادە نەبوایە خوالێخۆشبوو ئەحمەدی حەمەی سلێمانو حەمە ساڵحی مامە قادر کە هەردوکیان خەڵکی تەپی سەفا بوون گۆرانییان دەوتو جۆشو خرۆشیان بەشاییەکان دەدا.

١٩٧٩/٥/٢٦ وەرزی چەوەندەر هەڵکەندن بوو، گوندەکانی شارەزوور بڕێکی زۆر لەو کەرەستەخاوەی پیشەسازی شەکر داچێنرابوو، لەگەڵ گەورەکان دەچوین چەوەندەرمان هەڵدەکەندو لە تراکتۆرو گەلابەی یابوردە بارمان دەکرد.

١٩٧٩/٥/٣١ کاتی درەوی گەنم نزیك بووبوویەوە، بێشەی شارەزوور دابووی بەیەکدا، جریوەی عەیانە مەلو ڕیشۆڵە ئاسمانیان پڕ کرد بوو لە دەنگو هەرا، توو پێگەیشتبوو، کوللەیەکی زۆریش بەسەر لقو چڵی گوڵەگەنمو درەختەکانەوە نیشتبوونەوە، ئەمانە لەکۆتایی بەهاردا ڕزقێکی باش بوون بە باڵندەکان، هەربۆیە لەم مانگەدا هەرچی نەتەوەی مێرو باڵندەکانە بەدەرەوە بوونو یەك بۆ یەکتر دەبوون بە ڕزقو خۆراکی پێویست. لەم کۆتایی بەهارەدا کە بیست ڕۆژێکمان مابوو پێ بخەینە ناو هاوینی گەرمو تاوسانەوە، ئاهەنگی ژن گواستنەوەی کاك حەمە ئەمین حاجی سەید نەجمەدین سازکرا. لە گوندی تەپی

سەفاو لەم شاییەدا کە خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوون، هەڵپەڕکێ‌و ڕەشبەڵەك سازکرابوو، حەمە ساڵحی مامە قادرو خوالێخۆش بوو ئەحمەدی حەمەی سلێمان گۆرانییان دەوت‌و ئاهەنگەکەیان گەرم دەکرد. ئۆتۆمبێلەکان بەرەو گوندی دۆڵاش چوون‌و بوکیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە. کاتێ بوك گەیشتە بەرەوە کەسێك لە زەرفێکدا هەندێ چکلێت‌و گەنم‌و پارەی وردەی تێکەڵاو کردبوو هەڵی دەدا بەسەر بوکەکەدا، بۆ ئەوەی بوکێکی سەر بە ڕزق بێت‌و نەبوونی ڕوونەکاتە ئەوماڵە. ئێمەی منالێش لە کەمین‌و مەلاسی ئەوەدابووین چکلێت‌و پارە هەڵبکرێت بە ئاسماندا‌و خۆمانی بۆ هەڵدەین‌و بیگرینەوە. زۆر جار دەبوین بە ژێر پێی گەورەکانەوە. دوایی بە شانازی دەمانگێڕایەوە کە من ئەوەندە پارە‌و ئەوەندە چکلێتم چنیوەتەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**١٩٧٩/٦/١** لەشەڕی گوندی قەرەنگوێدا مەجید سەرگەڵویی‌و عەبدولرەحمان حسێن مارف کوژران.

**١٩٧٩/٦/١١** دانانی لوغمێك لەلایەن مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید هاوارەوە هەرێمی (١) لە سێتەپان لە ئەنجامدا دوو سەرباز کوژران.

**١٩٧٩/٦/١٢** لەکاتی دەرهێنان‌و پوچەڵکردنەوەی مین دا لە نێوان باشماخ‌و بایەوە هەرگێنەدا مینێك تەقییەوە بە فایەق مام خەلیفە برای کاك حسێن خەلیفە هەردوو چاوی لەدەست دا.

**١٩٧٩/٦/١٤** ڕژێمی بەعس لە ناوچەی مەسۆیی قەرەداغ ئینزالی کرد. پاش زەرەر زیانێکی زۆر لە دوژمن، هەردوو پێشمەرگە ئەکرەم عەبدولقادرو محەمەد نەجات کوژران.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## لە هاوارە کۆنەوە بۆ ماڵی موختاری تەپەتۆڵەکە

مانگی تەموزی **١٩٧٩** مەفرەزەیەك پێشمەرگەی یەکێتی بە فەرماندەیی کەمال شاکیر لە هاوارەکۆنەوە دابەزین بۆ شارەزوورو دواتر لە گوندی تەپەکوڕە گیرسانەوە، شەریف کەشکۆڵ پێشمەرگەی دێرین باس لەو دابەزینەیان دەکات‌و دەنوسێت: لە کۆتایی مانگی تەموزی ساڵی **١٩٧٩** دا گڕەی گەرمای هاوین، دەت ووت هەناسەی قوڕگی بورکانەو ڕووی فووی لە پێدەشتی شارەزوور دەکات، ئاخر دەڤەری ئێمە بەجۆرێك پێستی پشت مل‌و ناوچەوانی کرێکاران‌و جوتیارانی زەحمەتکێشی ئەم پێدەشتانە دەسوتێنێت، کە بەئاسانی دەتوانرێت لە شاردا خەڵکی خوداپێداوو بن سێبەر بناسنەوە، چ جای ئێمەی کوڕە شاری‌و پێست ناسك‌و مێردمنداڵی ئەوێ ڕۆژێ، خەونمان بە کۆمەڵەو شۆڕشەوە ئاگرێکی لەدڵماندا بەرپاکردبوو، گڕەی سوتان وگڕەی پێدەشتی ئەم هاوینەو هێزی بەعس‌و تانك‌و تەیارەو سەربازو جاشەکانیمان بەهۆرەو گۆرانی‌و چەپڵەوە پێشوازی لێدەکرد. من ئەوێ ڕۆژێ حەڤدە بەهاری تەمەنم لاسکی لەشان‌و باڵی کۆمەڵەو شۆڕش ئاڵاندبوو، شوێن‌و ڕێگاو دەورمان پێدەشتی شارەزوور بوو، کات کاتی دوورینەوەی دەغڵ‌و دان بوو، لە یەکێك لە چاو ئەنگوستەکانی نیوەشەوداو بەهاوەڵی حەوت پێشمەرگە،

هاوارەکۆمان بەجێهێشتو شۆڕبووینەوە بەرەو شارەزوور، ئەوکات منی هەرزەکارو کاك کەمال شاکیر لەتەپەکوڕە پێکەوە بووین، کاك کەمال شاکیر لە کادیرە بەتواناکانو خۆشەویستەکانی ناوچەکەبوو، بەندەیش مێرد منداڵێکی عەجولو جێ بەخۆنەگرو مێشك پڕلەخەیاڵو هامڕای کاك کەمال شاکیر بووم. هەمان شەو چوینە تەپەتۆڵەکە، ئەوەی زەمانی شۆڕش وەك هەموو شۆڕشە پارتیزانەکانی پێش خۆمانو وڵاتانی چەوساوەی خوارووی ئەمریکاو چین، پارتیزانەکان بەشەو ڕێیان دەکردوو بەڕۆژ خۆیان مەڵاس دەدا.

وا پلان بوو کاك کەمال بۆ چەندکارێکی حزبی دەمەوبەیان خۆی بگەیەنێتە ناحیەی سیروان، منیش لەماڵی کاك تۆفیق کە هەم دۆستی شۆڕشو هەم موختاری ئاواییش بوو مامەوە، کاك تۆفیق خۆیو ماڵو منداڵی لەخزمەت شۆڕشو پێشمەرگەدا بوون. دەیان جار ژیانی خۆیانو ماڵو منداڵیان خستبوویە ئەوپەڕی مەترسییەوەو بێ باكو بەردەوام لەخزمەتی یەکێتیو پێشمەرگەدابوون.

هەموو چەند کاتژمێرێك بوو کە چاوم چووبووە خەو، کاك تۆفیقو خێزانی بەپڕتاو هاتنو بەخەبەریان هێنامو تکایان کرد کە بەپەلە خۆم بخزێنمە گەوڕەکەیانەوە، سەرباز دەورەی پێدەشتو دێکەیان دابوو، ئەوەی جێی سەرسوڕمانی ئەوانو پێکەنین بوو لای خۆم، ئەوەبوو لەبری چەکێك دووچەکم پێ بوو، ئاخر کاك کەمال چەکەکەی خۆیشی لای من بەجێ هێشتبوو، چاوی خەواڵووم خستە ناوچاوانی کاك تۆفیقو پێم وت، کاك تۆفیق گیان خەمت نەوێ، وەکەلامی خوا گەر کوشتووگیانیشم مل نادەم لە ناو گەوڕەکا، تۆ بڕۆ بەدەم سەربازەکانەوەو منیش کاری خۆم مەیسەر دەکەم، دیارە کاك تۆفیقیش خاوەن تەجروبەو ئازابوو، بێ ترس لەودیوو حەوشەوە کەوتە فەرموو فەرموو لە سەربازەکانو منیش دووچەکەکەم لەژێر هەندێك جاجمو دۆشەکدا بە میل هاتوویی بەجێ هێشت، خۆم تۆزێك لێ شل کردەوەو وەك کوڕەلادێیەك خۆم هاوێشتە ناوەڕاستی هەیوانەکەوە، کە بەڕاستی هەموو ئاوایی لێوە دیاربوو، منیش بێ ترس خۆم نزیك کردەوە لە سەربازوو زابتەکەیانو کەوتمە تەوقەکردنو قسەکردن لە تەکیان، ئاخر بەحوکمی ئەوەی کاك تۆفیق موختاری دێ بوو، ئەوان ڕووی گوێو دەمیان لەموختار دەکرد، منیش میوانی ماڵی موختار، تاکەکەس بووم لە گونددا کە جێی شك نەبووم، کاك تۆفیق فەرموو فەرموو زابتەکەیانی هێنایەوە ماڵو هەموو تێکراو منی پێشمەرگەش بەرامبەر سەربازوو زابتەکەیان دانیشتبووین.

خێزانی کاك تۆفیق ترسو شەپۆکانی تێکەڵ کردبوو، جار جار بە لا چاوێك تیلێکی پڕ لەترسی تێدەگرتم، وەك ئەوەی بڵێت خەونەو بەردەوام باوەڕی بەخۆیشی نەدەکرد، دیارە ترسەکەی ئەوان چەندە لەگیانی خۆیان بوو دووئەوەندە لە گیانی منی پێشمەرگەی مێردمنداڵو کوڕی شۆڕش بوو، ئاخر ئەوان چوزانن من کێمو کێم پێدەڵێنو کوڕی کێمو سەر بەکام عەشیرەتو شاروو دێم، ئەوان گیانی خۆیان فیدای شۆڕش کردبوو. منیش کوڕە تازەکەی میوانی ئەوانو ئامانەتی لای ئەوانو کوڕی شۆڕش، خێزانی کاك تۆفیق ئیشارەتێکی تێ گرتم، منیش زانیم بانگم دەکات، بە ئەسپایی وە دووی کەوتم، جامیك دۆی ساردی

خستە ناو لەپەو وتی کوڕی باوکم، جێگاکانم هەڵگرتنو تفەنگەکانیشتم لە ژێر نوێنەکاندا داناوون، منیش بە جامە دۆکەوە گەڕامەوەو بەئاسپایی لەشوێنی خۆمدا دانیشتم، زابتەکە ڕووی ناوچاوانی گرژی خستە ناو چاوەکانمو ئیتر زەنگی گومان ئارامی ناو ماڵەکەی شێواند، پرسی ماڵمان لە کوێیەو چیدەکەم لێرە، منیش وەڵامەکانم ڕووی هەواری لای گوێی ئەویانگرتو هەرچی هەوڵمدا نەمتوانی بە عەرەبییەکی شەقو شڕ قسان بکەم، زابتەکە واقی وڕماو گوتی تۆ ئەم زوبانە باشە لەکوێ فێربوویت، منیش گوتم لەشار من لە مەکتەبی عەرەبییمو ساڵانە جار جار بۆ ماڵی خاڵم سەردانی ئەم گوندە دەکەم، کاکی زابت بێ ئاگا لەدەردی دڵی من، منێك بۆماوەی دووساڵ لەگەڵ مێرد منداڵە هەڵەبجەییەکانی هاوڕێم داو مێردمنداڵە عەرەبەکانی ناوزیندان لە بەغدا دووساڵ زیندان بووم، لەگەرمەی قساندا بووین، جێبێکی لاندرۆڤەری شین ڕووی ماڵی موختار کردو شۆفێرەکەی دابەزی کە کاك جەمالی حەمە ساڵح بوو، کاك جەماڵ هەم خزمێکی نزیکو هاوڕێو کاری نهێنی ناوشاری بۆ شۆڕش ڕادەپەڕاند، دابەزینو سوابوونەوەی دوو دەقەی نەبرد، کاك جەمال لەلایەن کاك کەمال شاکیرەوە نێردرابوو بۆ بردنی ئەو بڵاوکراوانەی شۆڕش کە لەلای من دابنابوون، کاك جەمالی شۆفێر وای زانی بوو من تەسلیم بوومەتەوەو چی بینی بوو بەزیادەوە بۆ کاك کەمالی گێڕابوویەوە، کاك کەمالیش بەئەزموونی زۆری ناو خەباتو ڕۆژەکانی ژیانی خەباتی لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە دەیزانی من کێمو چ پیاوێکم هەربۆیە وتبووی کاك جەمال گوێی زۆر مەدەرێ بزانین چی لێدەردەچێت. ئێوارە سەربازەکان لەگەڵ دەڕاسەی زەراعەو زیلو کەلوپەلەکانیاندا کەوتنەڕێ، منو کاك تۆفیق هەتا سەر جادەکە بەڕێمان کردن، شەوێ کاك کەمال کە هاتەوە ئاسایی سەیرێکی سەلامەتی بۆ چاوانم کردە تیلکەو بزەیەك دایگرت، ئەویش مانای دڵخۆشی ئەوبوو بەوریاییو متمانەی پێشمەرگەیەکی سەربەرز لێمی دەڕوانی، خۆمان کۆکردەوەو گوندەکەمان بەجێهێشتو ڕوومان نا بەرەو چەمی زەڵمو پانتایی پشتی خورماڵ[1].

١٩٧٩/٧/١٦ ئەحمەد حەسەن بەکر دەستی لەکار کێشایەوەو سەددام حسێن بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقی بەعسی. لەکۆبونەوەی سەرکردایەتی ١٦ تەمووزی ١٩٧٩ دا، ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك بە کتوپڕی وتی بڕیارمداوە دەستلەکاربکێشمەوە. منو محیێ شەمەریو عەدنان حەمدانی ناڕەزاییمان دەربڕی. من تکام لێکرد کەوەك چەتری حزب بمێنێتەوەو هەر سەرۆکمان بێت، بەڵام کۆی ئەندامانی تر قسەیان نەکرد، سەرۆکیش داواکەی ئێمەی ڕەتکردەوەو وتی ئەوە بڕیاری کۆتاییمەو بڕایەوە.

---

١ شەریف ئەحمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە شەریف کەشکۆڵ، لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری هەڵەبجە لەدایك بووە، دەرچووی ئامادەییە، برازای هەردوو سەرکردەی یەکێتی وەستا ئەنوەرو مەحمود کەشکۆڵە، لە ساڵی ١٩٧٩ بووە بە پێشمەرگە، بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە هەندەران بووەو دواتر گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانو لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.

دوای کۆبونەوەکە، عیزەت دووری ئەندامی سەرکردایەتی کە زۆر هاورێم بوو. وتی برۆ خێرا لەگەڵ سەددام قسە بکە، دڵنیام تورەیە لەقسەکانت. منیش چووم بۆ ئۆفیسەکەی سەددام کەلە ئەنجومەنی نوێنەران بوو، گەیشتمە بەردەم ئۆفیسەکە، سەددام هاتە دەرەوەو ئەڕۆیشت، سلاوم لێکرد زۆر بەساردی وەلامی دامەوەو وتی تۆ لەکۆدەنگی سەرکردایەتی هاتیتە دەرەوە. پێویستە نەیەیتە کۆنگرەی داهاتووی سەرکردایەتی حزبەوە، منیش بەدەم ڕێگەوە وتم ئەگەر جەنابت دەتەوێت، هەر ئەمرۆ دەست لەکار ئەکێشمەوە، ئیتر ڕۆیشتو قسەی نەکرد.

بۆ دوایی قسەکانم بۆ عیزەت دوری گێرایەوە، وتی: شالا باسی ئیستقالەت نەکردایەو بەشداری کۆبونەوەش بکە، منیش نامەیەکی دەستخەتم بۆ سەددام ناردو شەرحی هەڵوێستی خۆمم بۆ کرد. ئەوەبوو دواتر سەددام لەلای سکرتێرە شەخسیەکەی وتبووی: هەڵوێستەکەی هاوڕێ تایەر لەوەی محیٚو عەدنان ناچێت، ئەوەی ئەم دڵپاکانە بووە. محیٚو عەدنان دوای چەند مانگێك گولەباران کران[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## کەسمان ناتوانین ئیستیقالە بکەین

**١٩٧٩/٧/١٧** سەددام حسێن پاش ئەوەی ئەحمەد حەسەن بەکری لاداو بوو بە سەرۆککۆماری عێراق به سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکرم ووت دەمەوێت دەست لەپۆستی وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی کۆمار بکێشمەوە.

ئەویش وتی: پۆستێکی ترت ئەیەمیٚ

وتم: نامەوێت هیچم ناوێت، ئیستقالە دەکەم

سەرۆك وتی: کەسمان ناتوانین ئیستقالە بکەین، تۆ ئیستقالە ئەکەیتو ئەیدەیت بەمن، ئەی من ئیسقالەکەم بدەم بەکیٚ؟


وتم: بۆچی کەسمان ناتوانین؟

وتی: چونکە بەدەست خۆمان نیە، هەموومان دیلین، دیلین لەلای سەددام[2].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## پاوە بوو بەگۆڕستانی دوژمنان

**١٩٧٩/٨/٨** ڕاپەڕینی خەڵکی پاوە لە دژی دەوڵەتی ئێران. پشکۆ نەجمەدین لە کتێبی (ئەزمونو یاد) دا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "من لە هەورامان مامەوەو لەگەڵ ئەو



١ توانا عوسمان، سەرچاوەی پێشوو.

٢ بیرەوەرییەکانی حامد جبوری وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی کۆماری عێراق.

مەفرەزەیەدا کە غەفور دەرەشیشی لێپرسراوی بوو، هاوکاری هێزەکانی حزبی دیموکراتمان لەشاری (پاوە)دا کرد. ئەو شەڕەی گەر هەڵەو کەمتەرخەمی حزبی دیموکرات نەبا (چەمران) بەدیل دەگیرا. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی تەمەن ١٨ ساڵەی یەکێتی بەناوی کەریمی حەمەی مەلا گیانی بەختکرد. لە ناوچەکانی دیکەش کادرانی وەکوو (عەلی شیعەو حەمە نەگرەیی‌و ئەنوەری مەجید سوڵتان)و زۆری دیکەش گیانیان بەخشی".

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٧٩/٨/١٩ دەستپێکردنی شەڕی سێ مانگەی نێوان پێشمەرگەکانی خۆرهەڵاتو دەوڵەتی ئێران.

١٩٧٩/٨/٢٦ عومەر قاینەجەیی لە دەستەی کاك شەوکەتو شێروان شێرەوەندی لە گوێزەرەش گیانی بەختکرد.

١٩٧٩/٩/٦ فەرماندەی یەکێتی ئاسۆی دەلاك لەناو شاری سلێمانی دەستگیر کرا، دواتر بە شێوەیەکی دڕندانە کوژراو تا ئێستاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.

١٩٧٩/١٠/١ دەرگای قوتابخانە کرایەوە، لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بووم.

١٩٧٩/١١/٤ پارتی دیموکراتی کوردستان نۆیەم کۆنگرەی خۆی لە ئۆردوگای زێوەی خۆرهەڵاتی کوردستان بەست .

١٩٧٩/١١/٤ گرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لەلایەن خوێندکارە توندڕەوە شیعەکانی سەر بە ڕژێمی خومەینی، کەبووبەهۆی بە بارمتەگرتنی سەرجەم ئەندامانی باڵیۆزخانەکەو هاتنە کایەی جەنگی دیبلۆماسی نێوان ئێرانو ئەمریکا. دواتر باڵیۆزخانەکە درا بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین.

١٩٧٩/١١/١٧ ڕاگەیاندنی (درۆنامە، بەیاننامە)کەی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستانو دانانی بە مافەکانیاندا, بەڵام ئەو بەڵێنانە تەنها دروشمی سەر کاغەز بوون.

١٩٧٩/١٢/١٠ کۆبونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەماڵی شێخ عیزەدینی حوسێنی لە شاری مهاباد، لەبارەی چۆنێتی وتووێژکردن لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا.

١٩٧٩/١٢/٢٣ کاك عەبدوڵای حاجی عەلی برایم تەپی سەفایی کە پێشمەرگەی یەکێتی بوو، لە گوندی پاڕەزان فیشەکێك لە دەستی دەرچوو، بەر حسێن بەگ کەوتو ڕەوانەی بلەکێ کرا بۆ تەداوی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠

لەم ساڵەدا چەند ڕوداوێکی گرنگ ڕویاندا لەوانە هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراقو ئێران. کە گەلی کورد لە هەردوو پارچەی باشورو ڕۆژهەڵات توشی زەرەرو زیانێکی زۆر بوونو هەزاران کەسیان لێ کوژراو بە هەزارانی تریان لێ بریندارو بێ سەروشوێن بوون. چەندین شارو شارۆچکەی سنوری

هەردوو لا بەرهێرشی تۆپو موشەكو فڕۆكە دەكەوتنو خاپووركران. هەر لەم ساڵەدا حزبی ڕزگاری لەلایەن دەستوپێوەندەكانی حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدینەوە دروستكرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## وەرزی کنگرو هاز

منداڵ بووم لەگەڵ دایکمو خەڵکی شەکرالی لەوەرزی بەهاردا ڕۆشتین بۆ نزیکی گوندی خارگێلان، بۆ کنگرو هازو گیا وەرزییەکان کە بۆ خۆراك دەشیان، گوندەکە پڕبوو لە پێشمەرگە چونکە بارەگایان لەوێ بوو. لەبیرمە گەورەکان دەیانوت ئەوانە پێشمەرگەی ڕزگارییەو سەر بە شێخ عوسمانن. یەکێ لەو پێشمەرگانە تاقمێکی جوانی ٨ مەخزەنی ٤٠ فیشەکی بەستبوو، جگە لەو مەخزەنە چلییەی سەر تفەنگەکەی، بەئەسپێکی جوانەوە غارغارێنی دەکرد، ماوەیەك لای ئێمە وەستا، کوڕە گەورەکان کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵیدا دواتر ڕۆشتەوە بۆ ناو گوندی خارگێلان. دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو تا ئێستاش کە ساڵی ٢٠١٧ یە وێنەکەی لە زەینم دا ماوە.




ساڵی ١٩٨٠ عێراق لە دۆخێکی ئابوری باش دا بوو، بەهای دیناری عێراقی زۆر بەرز بوو، شتومەكو خواردەمەنی زۆر هەرزان بوو، موچەی فەرمانبەران لە بیست دینارەوە هەڵکشا بۆ ١٥٠ دینار. ئەگەر ماڵێك ٣٠ دینار مانگانەی هەبوایە بەشی خەرجیو بژێوی ئەو خێزانەی دەکرد، بەمەرجێك کەمێك دەست پێوەگر بوایە. مامۆستایانو فەرمانبەران دوای چوار ساڵ موچەکەیان نزیك دەبویەوە لە ١٠٠ دینارو نرخی ساردییەکی بیبسی ٢٥ فلس بوو، تۆپێك بسکیتی شەمائل ٣٣ دانەی تێدابوو بە ١٠٠ فلس دواتر بوو بە ١٥٠ فلس. نەفەرێك کەباب ٥٠٠ فلس بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## سینەمای گوند

لە گوندی شەکرالی ماڵی خوالیخۆش بوو کاك حەسەنی لالە حەمەی سۆفی هەسەن تەلەفزیۆنێکی ئی ئای سی ڕەشو سپییان کڕی. ئەم تەلەفزیۆنە بوو بە سینەمای خەڵکی ئاواییو هەموو شەوێك ماڵیان جمەی دەهات لە ژنو منداڵو گەورە. من چونکە لە گەڵ بەختیاری کوڕیدا هاوتەمەنو هاوڕێ بوومو هەمیشە پێکەوە یاریمان دەکرد، ئەوا زۆر شەو لەوێ میوان بووم. بەڕاستی ماڵێکی دەستو دڵ گوشاد بوونو خۆیان بە خاوەن ماڵ نەدەزانی. شەوانی سێ شەممان تەمسیلی کوردی دەکرد. وامان لێهات هەفتەی شەوێك دەچوین بۆ ماڵیان، ئەویش بۆ تەماشاکردنی ئەو تەمیسلە کوردیانەبوو، وەکوو جەنابی موفەتیش، پیسکەی تەڕپیر، بەهاری دزراو، مەرەزە، چەخماخە ... هتد. دوای ماڵی کاك حەسەن ماڵی خوالێخۆش بوو مام کەریم کە خۆی لەژیاندا نەمابوو لە ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دواییکردبوو، خێزانی ناوی حاجی

خورشیده بوو ڕەحمەتی خوای لێ بێت ژنێکی خانەدانو ڕوخۆشو قسەخۆشو میوان پەزێر بوو، حەزی ئەکرد ماڵەکەی پڕ بێت لە میوان. تەلەفزێۆنیان کڕی بوو، ئێمەش بە حوکمی دراوسێیەتی شەوانی سێ شەممە دەچوین بۆ تەماشاکردنی تەمسیلی کوردی. نازانم ئەو زەمەنە بۆچی منالّ نەیدەتوانی تا کاتژمێر دەی شەو خۆی بگرێتو نەخەوێت, ئەو شەوەی تەمسیلی کوردی دەکرد چەند جارێك دەمو چاوم بە ئاوی سارد دەشت بۆ ئەوەی خەوەکەم بزڕێتو بتوانم تەماشای ئەو تەمسیلانە بکەم، بەلاّم لە ناوەڕاستیدا خەوم لێ دەکەوتو دوای تەمسیلەکە وەکوو سەرخۆش دەیانهێنامەوە بۆ سەر جێگای خەوەکەم.

لە هاوینی ئەم ساڵەدا ماڵی خوالێخشبوو حەسەنی حەمە گوڵخە هاتبوونە شەکرالیو خەریکی توتن کردن بوون، ئێمەی منالّیش بەکرێ شریتی توتنمان بە ٥٠ فلس لێ دەدا، خوالێی خۆش بێت دادە بەهیە گلاڵی خێزانی کاك حەسەن منی جیادەکردەوە لە منالّەکانی ترو بۆ هەر شریتێك ٥٥ فلسی پێ دەدام، ئەیوت تۆ جیاوازیت، خۆشم ئەمزانی جیاوازییەکە تەنها هەتیوییەکەبوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## زرك وەشاندنی دەروێشەکان

بیرەوەرییەکی تری ئەم ساڵە هاتنی شێخی سۆڵەو دەروێشەکانی بوو بۆ گوندی شەکرالیو شارەزوور. هەموو ساڵ لەوەرزی بەهاردا شێخ حەمە تایەری سۆڵە بەخۆیو موریدو مەنسوبانو دەفو دایەرەیانەوە ڕوویان دەکردە چەند گوندێکی شارەزوور کە خەلیفەیان لەو گوندانەدا هەبوو، بە مەبەستی بانگەوازو ئیرشادی خەڵکی بۆ ناو بازنەی تەریقەتی قادری کە جادەیەکی فراوانی ئەهلی سوننەو جەماعەیەو ڕێڕەوانی ئەو ڕێگایە شوێنکەوتەی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانین ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

حاجی حەمە کاڵە لە گوندی شەکرالی خەلیفەی شێخ حەمە تایەر بوو، هەروەها حەمە چەرمەڵو عەبدولقادری حاجی فەرەجو چەند کەسی تریش لەموریدانی شێخ بوونو ساڵانە میونداری دایەرەی شێخیان دەکردو چەندین سەر مەڕو ماڵاتیان سەردەبڕیو حەلقەی زیکریان بۆ چەند ڕۆژێك گەرم دەکرد.

لەسەربانی خۆمانەوە تەماشای ئەو حەڵقەی زیکرەم دەکرد کە لەناوەڕاستی ئاواییدا گەرم دەکرا، دەروێشەکان بە پرچی درێژیانەوە دەهاتنو دەچونو تۆبەیان بە گەنجانی ئاوایی دا ئەدا. و زركو تیرو شیریان لەخۆیان دەداو هەرکەس بیوتایە تۆبە ناکەم ئەوا خەنجەریان دەخستە سەر سنگیو ترسیان دەهاویشتە ناو دڵییەوە، بەوەش کابرا خۆی تەسلیم دەکردو بە ناچاری تۆبەی دەکرد.

بنەماڵەی ئێمە لە گوندی شەکرالی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بونو بەشداری ئەو حەڵقەی زیکرانەیان نەدەکرد. هەربۆیە دەروێشەکان جار جار بەغار خولێکیان بەدەوری ماڵەکانی ئێمەدا دەخوارو ئۆپراسیۆنێکیان دەکرد. دوای کۆتایی هاتنی حەڵقەی زیکرو گرتك خواردن بارگەو بنەیان دەپێچایەوەو بەرەو گوندی تەپەکوڕە دەڕۆیشتن، لەوێش بەهەمان شێوە موریدو مەنسوبی خۆیان هەبوو.

هەربەم بۆنەیەوە بەکورتی تیشك دەخەینە سەر ژیانی یەکێك لە شێخانی تەریقەت کە تائێستاش لە تەکییەکەی خۆیدا لە هەڵەبجەی تازە خەریکی ئیرشادو ڕێنمایی موسڵمانانە. ئەویش شێخ باباعەلی کوڕی شێخ حەمە تایەری کوڕی شێخ قادر قەمچی ڕەشە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## قەمچی ڕەشێك لە زیندان

سۆڵە شێخەدێیەکەو بە(سۆڵەی شێخ قادر) ناسراوە، ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی قەرەداخەوە. لە دەربەندیخانەوە بەرەو قەرەداخ برۆی! بەلای دەستە ڕاستدا بە گەردنی شاخی سۆڵەوە، گومەزی مەزارەکانی



سەوزەکاتەوە. ماوای شێخە گەورەکانی بەو بەرزییەوە لە دوور دیارن.

سۆڵە، جێی ڕێزی تیرو تایەفەکانی جافو گلاڵیو خەڵکی ناوچەکەیە. دڵیان وابەستەیەتی.

شێخ بابا عەلی ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی سۆڵەی شێخ قادر، لە خانەوادەیەکی سەیدزادە لە دایکبووە. باوکو باپیری شێخی تەریقەت بوونەو موریدیان هەبووە. ئەمانە، لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی تر کەلە چەند ناوچەیەکی تر هەن، ناسراون بە شێخانی سۆڵە یان سەیدەکانی سۆڵە، ئەم شێخانەی سۆڵە لە ساداتی بەرزنجەنو بنەچەیان ئەچێتەوە سەر شێخ عیسای بەرزنجە.

شێخانی سۆڵە سەر بە تەریقەتی قادریین. قادریی ڕێبازێکی تەسەوفی ئیسلامی سوننە مەزهەبەو (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) دایمەزراندووە، لە ناو شوێنکەوتوانیدا بە(غەوسی ئەعزەم) یان (سوڵتانی ئەولیا) ناسراوە. ناوی تەریقەتەکەش هەر بەناوی خۆیەوە ناونراوە "قادریی".

شێخ بابا عەلی، بە منداڵی چۆتە قەسری شیرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لەوێ چۆتە بەر خوێندن، دواتر ماوەیەك لە (زەڕایەن)ی شارەزوور خوێندویەتی، دواتر چۆتە سلێمانیو قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. هەر لە منداڵییەوە زیرەك بووە، خودا چەندین بەهرەی پێ بەخشیوە کەلە منداڵێکی ئاساییدا نەبوون، زۆر حەزی لە هاوڕێیەتی نوسینو کتێبو خوێندنەوە کردووە.

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا کاتێك شێخ بابا عەلی لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووە، لەو تەمەنەیدا هەوڵی داوە نامەی کوردی بە پیتی ئینگلیزی بنووسێ، بێ ئەوەی کەس فێری بکات، بێ ئەوەی لە کەسی بیستبێ یان دیبێتی، چەندین جار بەو شێوە کاغەزی نووسیوە، زۆر دڵی پێی خۆشبووەو وتویەتی: من ئەتوانم بە ئینگلیزی نامە بنووسم، بەڵام ئەوەندە گاڵتەیان پێکردووە وازی لێ هێناوە.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی نیو سەدە بەسەر ئەو زەمەنەدا، ئێستا خەڵك لە ڕێی ئامێرەکانی پەیوەندییەوە نامەی کوردی بە پیتی ئینگلیزی ئەنووسن‌و بە جۆرێك لە پێشکەوتنی دائەنێن.

کاتێ قوتابی بووە، لەبەر ئەوەی بەردەوام کتێبی بە دەستەوە یان لە گیرفاندا بووە، بۆتە جێی گومانی ئیتیحادییەکانی ڕژێم. هەر لەناوەندی بووە ڕەفیق حزبییەکانی بەعس گێچەڵیان تێ پێچاوە، سەرەنجام ساڵی ١٩٧١ لە زیندانی ئەبو غرێب توندیانکردو نزیکەی سیانزە ساڵی تەمەنی لە زیندانا بەڕێ کرد، تا لە ساڵی ١٩٨٤ ئازاد کرا. لە هەرەتی لاوێتیداو لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا زیندانی کراوە.

شێخ بابا عەلی ئەدیبێکی زیندانە، کە خاوەنی بیرێکی وردو زەوقێکی جوانە. ئەمانە بە نووسینەکانییەوە دیارن، لە زینداندا بەنهێنی‌و زۆر بە زەحمەت شەوان دوای ئەوەی کەس بەخەبەر نەماوە، ئەم دەستی کردووە بەنووسین، چەندین شەو بەو حاڵەوە خەریك بووە، لە ناکاوا جەللادەکانی زیندان پێیانزانیوەو نووسراوەکانیان بردووەو سووتاندوویانە.

ئەڵێ: هەر قەڵەمیان بە دەستمەوە ئەدی، ئیتر بە کوفریان ئەزانی‌و تووڕە ئەبوون.

لێم پرسی: توانیوتە چێژ لە تەمەنی خۆت ببینی؟ وەك منالێ، وەك لاو؟

وتی: هەرگیز.

لێم پرسی: قەت خۆزگەت خواستووە بەوەی کە نەخوێنەوار بوویتایە؟

وتی: نا. نەخێر.

لێم پرسی: ئەگەر نەچوویتایەتە زیندان! بەرهەم‌و نووسینت زیاتر ئەبوو؟

وتی: نازانم. ئەوە قەدەرە، ناتوانم قسە لە قەدەری خوا بکەم.

لێم پرسی: چیتداوە لە نووسین؟ بۆ لە زیندانا یان ئێستاش وەکوو ئەو خەڵکە پشوو نادەیت؟ بۆ خۆت عەزیەت ئەدەیت؟

لە وەڵامدا وتی: نووسین وەك ئەو منداڵەیە کە لە ڕەحمی دایکیدایەو، ژانێکی قووڵ بە دایکی ئەچێژێ ئینجا دێتە دنیاوە، کەچی دایکەکە بەو ژانە قووڵەشەوە هێشتا پێی دڵخۆشە.

شێخ بابا عەلی، خاوەن تەکیەو دائیرەی دەروێشانەو وەك شێخێکی تەریقەت سەرپەرشتی تەکیەو موریدەکانی ئەکات، شەوانی هەینی تەکیەکەی دوای نوێژی جەماعەت‌و ویردی سوننەتەکان، بە سەدای دڵهەژێنی تەپڵی دایم دایم و، زرمەی زوڵاڵی دەفی سینەپان و، نەعرەتەی "یا حەی. یا قەییوم"ی موریدان گەرم ئەبێت، دەروێشەکان لە ئەوجی زیکردا هەڵهەڵەیانە. ناڵەی دەف‌و گرمەی تەپڵی تێکەڵ بە ئاوازی موناجات، بەشەر سەرسام ئەکەن.

شێخ، زیاتر وەکوو کەسایەتییەکی ئاینی‌و کۆمەڵایەتی ناسراوە، ڕەنگە زۆر کەس وەك نووسەر نەیناسن، بەڵام ئەو خاوەنی ئەم کتێبانەیە: (بە دەوری زەویدا لە هەشتا ڕۆژدا، بەرزاییەکانی وەزەرین،

ڕۆمانی ئۆلیڤەر تویست، خوا حافیز ئەی چەك، زنجەکەی مام تۆم، لە پێناوی تاجا، دەستی قەدەر، کشکول، الاسلِحة الفتاكة التي أستخدِمَت في حرب ١٩٧٣ بين العربء إسرائيل، یەك لە هەزاری ڕووداوەکانی ئەبو غرێب، كَيفَ تَتَعَلَّم اللغة العربية، الفضيلة).

دانیشتنو باسوخواس لەگەڵ شێخ بابا عەلی چێژێکی تایبەتی هەیە، پیاوێکی ڕۆشنبیرە، زۆر ڕاشکاوانە وەڵامی ئەدامەوە، لەگەڵ ڕۆچوونمان بە ناو دەمەدەقەداو لەگەڵ هەڵبڕینی ئاستی پرسیارەکانما، هەستم ئەکرد ئەویش لێڤڵی وەڵامەکانی بەرزتر ئەکردەوە. پیاوێکی زۆر لەسەر خۆو نتمە، بەڵام ئەوەنە هەستیارە، جووڵەو دەنگو تەماشای هەمووی پەیامە. لە بێدەنگیشا لە ژێر لێوەوە بە تەسبیحەکەی دەستی زیکری ئەژمارد.

ئەڵێ: تەمەن کەمەو بەشی ئەوە ناکات ئینسان قسەی ناو دڵی خۆی تێدا بکات!

پڕ قورگیەتی لە وتەی نەوتراو. دڵ پڕە لە ڕازی پەنهان. کە قسەی بۆ ئەکردم وامدەزانی هەستی کۆترێکەو لەناو دەستیا توند گرتوویەتی. هاکا دای لە شەقەی باڵو فڕی.

ئەیوت: ئەوندەم شت لەخەیاڵایەو ئەوەندە بێ دەرفەتم نازانم کامیان بنووسمو لە کامیانەوە دەست پێبکەم[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠:

١٩٨٠/١/١٤ هەردوو پێشمەرگەی یەکێتی سامانی حاجی قادرو تاریق گوڵپی لە گەڕەکی قەڵای خورماڵ بەدەستی پیاوەکانی ڕژێمی بەعس کوژران. ئاواتی مستەفا فەنیش لەو چالاکییەدا بریندار بوو. هەروەها کەسێکیش لەو نێوەندەدا بە ناوی عەلی کۆزەڕەقەیی بوو بە قوربانی.

١٩٨٠/١/١٦ لە شارەزوور بستێك بەفر باری. خۆشترین شت بەلامەوە بەفر بارین بوو، هەر ساڵێك بەفر دەباری قولێنەیەکم دەکرد بە تەڵەو دەچووم لە دووری ماڵ دەمنایەوەو بەهەڵەوگەڕاوی دارێکم دەکرد بەژێرییەوەو پەتێك یان گوریسێکم لە دارەکە دەست، گەنم دەکردە ژێری قولێنەکە، چۆلەکەکان برسی بوو دەچوون بۆ خواردنی گەنمی ژێر قولێنەکە، کاتێ دەمزانی چەند دانەیەك چوونەتە ناوەڕاستی قولێنەکە، یەکسەر گوریسەکەم ڕادەکێشاو چۆلەکەکان دەبوون بە ژێرەوە. قولێنەی تەڵە دەبوایە کونێك کە دەستی پیا بچوایە لەبنەکەیدا هەبوایە لەکاتی هەڵگەڕانەوەدا ئەو کونە دەکەوتە سەرەوە، پارچە قوماشێکمان دەدا بەسەریدا بۆ ئەوەی چۆلەکەکان لەوێوە دەرنەچن. قوماشەکەمان لادەداو دەستمان دەکرد بەناو قولێنەکەدا

---

[1] م. کەمال ئەحمەد تەپەکەلی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٧.

بۆ گرتنی چۆلەکەکان. بەو شێوەیە چۆلەکەی داماومان یەك لە دوای یەك دەردەهێنا بۆ سەربڕین. هیوادارم منالآنی ئەمڕۆ ئەم کارانەی ئێمە دووبارە نەکەنەوەو ئازاری هیچ گیاندارێك نەدەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٠/٢/٢ دایکم مەکینەیەکی درومانی جۆری پەپولەی کڕی, لەگەڵ کورسییەك لەسەری خەیاتی دەکرد، جلو بەرگی بۆ ژنانو کچانی ئاوایی دەدروویی.


. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## مەزادخانەکەی شانەدەری

١٩٨٠/٣/٦ شانەدەری گوندێکی سەر بە قەزای سەیدسادقەو لە ئێستادا کە ساڵی ٢٠١٦ یە خەریکە لەگەڵ قەزاکەدا تێکەڵ دەبێت، کاتێ لە ساڵی ١٩٧٨ حکومەتی عێراقی گوندەکانی سنوری ڕاگواست، ئۆردوگایەکی لە شانەدەری کردەوەو خەڵکی سنوری چیای سورێنو ناڵپارێزو گوندەکانی سنوری پێنجوێنی تێدا جێگیر کرد. خەڵکی ناوچەکە لەو ئۆردوگا زۆرە ملێیەدا بازاڕێکیان بۆ کەلوپەلی ئێرانی کردەوە، کە بە قاچاغ دەهێنرانو لەوێ دەفرۆشران. بەو بازاڕەیان دەوت مەزادخانەکەی شانەدەری. بیرم دێت چەند جارێك لەوێ قەمسەڵەو دەستکێشو بەتانیو کەلوپەلی ترمان کڕیوە. مام خالید عەبدولرەحمان کانی شێخی لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە لەم ڕۆژەدا لە شانەدەری ڕادیۆو تەسجیلێکی لە جۆری سلڤەر کڕیوە بە نرخی ٤٢ دیناری سویسری ئەو کاتە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٠/٤/٢٤ فەرماندە لە پارتی دیموکراتی کوردستان قادر حەمە ساڵح تاوگۆزی لەم ڕۆژەدا گیانی بەختکرد.



شەهیدی فەرماندە قادر حەمە ساڵح ڕەشید، ناسراو بە قالە سور، لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی زارێنی تاوگۆزی لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لەدایك بووە. لەپاشدا ماڵیان دەچێتە هەڵەبجەو لە گەڕەکی شێخ ئیسماعیل نیشتەجێ دەبن. لە ساڵی ١٩٥٩ بووە بە پۆلیسی سنورو گومرك لە کفری. پاشان گواستراوەتەوە بۆ زاخۆ، هەرلەوێ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك) وە لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول دا لە ١٩٦١/٩/١١ توانیان ئەو مەفرەزە پۆلیسە تەسلیم بەشۆڕش بکەن. لەو کاتەوە پێشمەرگایەتی کاك قادر دەستی پێ کرد. زۆر بەتواناو ئازاو چالاك بوو ناوبانگی ئازایەتی هەرزوو بڵاو بویەوە. چەندین جار دەچێتە خزمەتی خوالێخۆشبوو ملا مستەفا بارزانیو نازناوی قالەسوری لێناوە. پلەکانی پێشمەرگایەتی زووزوو دەبڕێتو تادەگاتە پلەی جێگری بەتالیۆن، بەشداری

داستانە کانی گەروی عومەر ئاغا، سەرتیژ، زۆزگ، هەندرێن، حەسەن بەگ، قەرەداغ، گەرمیان، مەحمود قەجەر، شارەزوور، کانی سێف ی کردووە لە پاش ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ دەکرێت بە فەرماندەی سریە ی پاسەوانی سنور لە فەوجی ملازم تاهیر عەلی والی بەگ. لە ساڵی ١٩٧٦ دەچێتە دیداری بارزانی لە کەرەج جەنابیان فەرمانی پێ دەکات بگەڕێتەوە شاخ لە ناوچەی بەمۆ. دوو جار چاو پێکەوتنی لەگەڵ مەرحوم جەنابی کاك ئیدریس بارزانی ئەنجام داوە لەماڵی کاك مەحمودی عزیز بەگ لە کەرەج. لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك گەڕایەوە ناوچەی تاوگۆزی کەخزمو کەسو کاری بوون، وەك مەفرەزەی پارتیزان چەندین چالاکی ئەنجام دەدا زۆری بۆ بەعسیە فاشیەکان هێنا لە ساڵی ١٩٧٧ لەداستانێکی کەم وێنەدا، لە گوندی بانی بۆڵان زیاتر لە ١٢ ئەفسەرو سەربازیان کوشت، بەداخەوە لەو داستانەدا دوو فەرماندەی ئازاو لێهاتوو شەهید بوون، بەناوەکانی شەهید حمە عەزیز حاجی مەحمودو شەهید جەبار ڕەحیم. دوای ڕاگواستنی زۆرەملێ لە ساڵە کانی ١٩٧٧و ١٩٧٨و ١٩٧٩و ١٩٨٠ بارەگاکانی کاك قادر دابەش بون بەسەر ناوچەی تاوگۆزی لەهەردوو دیوی عیراقو ئێران. بارەگای سەرەکی کاك قادر لە شیخ ساڵح، ئەزگەلەبوو. لە ساڵی ١٩٨٠ ڕژێمی بەعس ناچاربوو بەپیلان گێڕانو مخابەراتو بەکرێگیراوان ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٩٨٠/٤/٢٤ لەپاش شەڕێکی چەند کات ژمێریو زۆرقورس دووژمن لەچەند لاوە هێرشی کرد، پێشمەرگە ناچاردەبن دەست بکەن بە چاندنی لوغمی دەبابە لەکاتی گەڕانەوەی ئوتومبێلەکەی کاك قادر وئەوان کە دە پێشمەرگەبون بەهۆی تەقینەوەی لوغمەوە کوژران. شەهید قادر هەرلە گۆڕستانی شیخ ساڵح بەخاك سپێردرا.

١٩٨٠/٥/٣ جەمالی دەروێش نەسروڵا خەڵکی گوندی شەکرالی لە ئاوایی گردی سەفای سەروو لە بەردەم ماڵی حاجی مارف دا بەبریندار گولەباران کرا، هەروەها مەلا برایم تریفەیی لەهەمان ڕۆژدا لە تەپی سەفا گیانی بەخشی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بەهۆی خەو لێکەوتنەوە ڕزگاری بوو

عەلی مام حاجی ئەحمەد شەکرالی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لەگەڵ شەهید جەمال لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٩ پێکەوە چوینە دەرەوەو بوین بە پێشمەرگە. ڕۆژێك پێش شەهید بوونی لە سنوری ئێرانەوە دابەزین بەرەو شارەزوورو لەوێشەوە بۆگوندی کوڵکنی.



لە ڕێگا شەهید حەسەنی شێخ قادر خەوی لێ کەوتو بەجێ ما، پێمان نەزانیبوو تا هاتینە شارەزوور، دوایی لەخەو هەستابوو ئەزانێ کەس لەو ناوەدا نەماوە ملی ڕێگا دەگرێتو دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی یەکەم جارمان، شەهید جەمال لەگەڵ کاك فەلاحی حەمە بۆر وشەهید تایەرو شەهید مەلا برایم

تریفەیی‌و چەند کەسێکیتردا لەئێمە جیابویەوەو بەرەو تەپی سەفا ڕۆشتن. ئێمەش لەماڵی حاجی محەمەدی ڕۆستەم کە مێردی پورم بوو لەگوندی کوڵکنی لاماندا، بەیانی زوو کاك حەمە ڕەشید ی کوڕی وەکوو پیشەی خۆی بەیانیان زوو لەخەو هەڵ ئەستا. هاتە ژوورەوە وتی، هەستن سەربازەکان لە جادەی قیر هاتنە خوارەوە بۆ ناو ئاوایی دێن. کاك سەعدی حەمەی حاجی ناجی لێپرسراومان بوو، باوەڕی نەدەکرد، وای زانی خانەخوێ حەز دەکات زۆر لەوێ نەمێنینەوە. ئەوەندەمان زانی سەربازەکان ڕژانە ناو ئاوایی، هەرئەوەندەمان بۆ کرا، تاقمو تفەنگەکانمان گرت بەدەستەوەو خۆمان کرد بەناو چەمی زەڵم دا، چەمی زەڵمو کوڵکنی لکابوون بەیەکەوە، چەمو بێشە بوو یەکسەر خۆمان ون کرد,بەرەو تەکیێو شیرەمەڕ سەرکەوتین. مەفرەزەکەی تر لە تەپی سەفا سەربازەکان وەکوو ئێمە چووبونە سەریان لەوێ تەقە دەستی پێکرد سەربازەکان لەکوڵکنی کشانەوە بەرەو ئەوێ، شەهید جەمال لەماڵی حاجی مارف بەدیل گیراو هەرلەوێدا لە لایەن ملازم شاکرەوە گولەباران کرا، مەلا برایم تریفەییش لەو شەڕەدا کوژرا"[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

جەمال دەرویش نەسروڵا لە ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی شەکرالی لەناو خێزانێکی جوتیارو کوردپەروەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی تەپی سەفا تەواوکردووە، پاشان وازی لە خوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو بۆ ماوەی ساڵێك لە دەڤەری شارەزوور کاری ڕێکخستن دەکات، لە ساڵی ١٩٧٩ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان. کەسێکی ڕوخۆش‌و گورج‌و گۆڵ بووەو هەر ئەرکێکیان پێ سپاردبێت بێ سستی ماندوو بون جێبەجێی کردووە. لە ١٩٨٠/٥/٣ لە گوندی تەپی سەفا لەلایەن لیوایەك سەربازی ڕژێمەوە تەوق دەکرێن‌و دەکەونە شەڕەوە، شەهید جەمال لە ماڵی حاجی مارف دا بەدیل دەگیرێت‌و هەرلەوێدا لەلایەن ملازم شاکر ناوێك کە تینوو بە خوێنی کورد دەدرێتە بە دەستڕێژی گولەو شەهید دەبێت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٠/٥/١٧ جەیشێکی زۆر هاتنە گوندەکانی کاگردەڵ‌و کانی شێخ‌و چەند گوندێکی تری شارەزوور بە مەبەستی تەفتیش‌و لێپرسینەوە لە خەڵکی.

١٩٨٠/٦/١٨ خالۆ تاریق حاجی عوسمان لەتەپی سەفا کۆچی دوایی کرد. خالۆ تاریق لاوێکی ٢٣ ساڵان بوو هێشتا ژیانی خێزانی پێك نەهێنابوو، کاتێ شەهید جەمالی دەروێش نەسروڵا شەهید بوو، زۆری پێ ناخۆش بوو، خەم‌و خەفەتی جەمال لە دڵی دەرنەدەچوو کە ملازم شاکیر بەبەرچاوی خەڵکی تەپی

[1] دیمانە لە گەڵ عەلی حاجی ئەحمەد شەکرالی، هەڵەبجەی تازە، ٢٠١٦.

سەفاوە دایە بەر دەستڕێژی گوللەو مێشکی پژاند. خالۆ تاریق دوای ٤٥ شەو لە شەهید بوونی جەمال، لەناو مەزراکەی خۆیاندا توشی جەلتەی مێشك دەبێتو فریای نەخۆشخانە ناکەوێت گیان دەسپێرێت. خەڵکی ئاوایی‌و گوندەکانی دەوروبەرو خزمو کەسوکار لە شارەوە ڕژانە تەپی سەفا، پرسەکەی زۆر قەرەباڵغ بوو، هەموو کەس بەداخ بوو بۆی چونکە خۆی کەسێکی خۆشەویست بوو لەناو خەڵکدا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٠/٧/٢ چوار پێشمەرگەی یەکێتی لە گەڕەکی حاجی ئاوایی سلێمانی کوژران بە ناوەکانی (ڕەوفو بەختیارو هۆشیار) هەرسێکیان برا بوون لەگەڵ فەرهاد سەعید ئیبراهیم.

١٩٨٠/٧/١٨ کوژرانی دێوانە مەجید لە شارۆچکەی پێنجوێن، بەمەش ڕاپەڕینی خەڵکی ئەو شارۆچکەیەی بەدوای خۆیدا هێنا بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ بەردەوام بوو.

١٩٨٠/٧/١٩ لە تۆڵەی کوژرانی دێوانە مەجید ٣٠٠ ئەفسەرو سەربازو جاشی ڕژێمی بەعس لە پێنجوێن کوژران، وە شارەکە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە بەعس پاك کرایەوە.

١٩٨٠/٧/١٩ پێشمەرگەی یەکێتی عیزەتی کاك مەدحەت تەپی سەفایی‌و ڕۆستەمی زێبا لە گوندی بیَ سەڵمێن لە خانوییەکدا گەمارۆدرانو ئاگر بەردرایە خانووەنە تا وەکوو لەوێدا گیانیان سپارد.

عیزەت مەدحەت لە ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی تەپی سەفا چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خوێندنی



سەرەتایی هەرلەو گوندە تەواو کردووەو لە شارۆچکەی خورماڵیش ناوەندی خوێندووە. لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێوە پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەوەو پاشان لە ساڵی ١٩٧٨ چەکی پێشمەرگایەتی لە هەرێمی یەك دەکاتە شان. گەنجێکی ئازاو گورجو گۆڵ بووەو جێگا متمانەی هاوسەنگەرانی بووە. بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی سنوری خۆی کردووە. لە ساڵی ١٩٨٠ لە گوندی بێسەڵمێنی شارەزوور لە خانوویەکدا لەگەڵ شەهید ڕۆستەمی هاوڕێیدا لەلایەن جاشو جەیشەوە گەمارۆ دەدرێنو خۆیان نادەن بە دەستەوە. تا ئەوەی خۆفرۆشان خانووەکە ئاگر تێبەردەدەنو دەیسوتێنن. هەر دوو پێشمەرگەی ئازاو دلێر عیزەتو ڕۆستەم لە خانووەکەدا دەسوتێنو دەچنە کاروانی نەمرانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٠/٧/٢٣ کۆچی دوایی نوسەر محەرەم محەمەد ئەمین.

١٩٨٠/٧/٢٧ کۆچی دوایی شای ئێران محەمەد ڕەزا پەهلەوی لە وڵاتی میسر.

١٩٨٠/٨/١٠ پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان حسێن حاجی حەسەن (گۆران)و دکتۆر عەلی قادر شەریف لە بناری شاخی خاوێ لە قارەمانێتییەکدا کوژران.

١٩٨٠/٩/٢ قەسابخانەی گوندی قارنەی ناوچەی نەغەدە لە لایەن پاسدارانی ئێرانەوە، کەبووە هۆی کوژرانی ٦٥ کەسی ئەو گوندە.

١٩٨٠/٩/٥ دەوڵەتی ئێران تەواوی شارو شارۆچکەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانی داگیر کردەوە.

١٩٨٠/٩/١٢ ڕودانی کودەتایەکی سەربازی لە وڵاتی تورکیا، کەنعان ئەفرێن بوو بە سەرۆککۆمار، بەهۆی ئەم کودەتایەوە کوردەکان بەر شاڵاوی گرتنو ڕاوەدونان کەوتن.

١٩٨٠/٩/١٦ هێزێکی یەکێتی بە سەرکردایەتی محەمەدی حاجی مەحمود لە تەپی سەفا بوون. شەوەکەی لە گەڵ جاشەکانی ڕەشەی ساڵحەو سالە خەیات بەشەڕ هاتن. مینەی عەینا کوژراو سالە خەیات دەستی بریندار بوو. لە پێشمەرگەش جەمال ناوگردانی بەخەستی بریندار بوو. سەر لە ئێوارە پێشمەرگەکان هاتنە ناو گوندی تەپی سەفا، دوای نانخواردنی ئێوارە حەمەی حاجی مەحمود لە مزگەوت وتاری بۆ خەڵکەکە دەدا، زۆری پێ چوو، نەنە ڕەعنام خوالێی خۆش بێت وتی: بەخوا حەمە نەیبڕییەوە شتێکی بەدەمەوەیە، (واتە شتێك ڕوودەدات). پاش ماوەیەك ئەو جاشانە لە ناو گوندی تەپی سەفای سەرووەوە بەرەو تەپی سەفای خواروو هاتن. لەو کاتەدا شەهید جەمال ناوگردانی لەماڵێك دێتە دەرەوە جاشەکان دەکەونە بەر ڕوناکی گڵۆپەکان. جەمال هاواریان لێ دەکات: ئێوە کێن؟ یەکسەر ئەوان میلی تفەنگ ڕادەکێشنو خۆیان لە زەوی قایم دەکەن. شەهید جەمال دەستڕێژی گولە دەکات بەناویانداو شپرزیان دەکات. بەڵام کاتێك ویستی بەرەو ناو ئاوایی بگەڕێنەوە جلەکانی لە تەلی دڕکاوی ماڵێك گیر دەبێتو تا لێی دەکاتەوە دەپێکرێتو بە خەستی بریندار دەبێت. ئەو شەوە بوو بە ئاگرباران، ماڵی خالۆ تایەر کە لە هەموو گوندەکە بەرزتر بوو گەوڕو کایانی وڵاخەکانیان بە هۆی فیشەکی گڕدارەوە گڕ دەگرێت. لەو ئاگر بارانەدا بەسەتڵ ئاویان دەهێناو ئاگرەکەیان دەکوژاندەوە. شەوێکی زۆر ناخۆش بوو، ماڵی کاك نەسرەدینو کاك نەجمەدینو کاك سەید کەریمی برا گەورەیان هاتبوونە ماڵی باوامو لە ژوورێکی ژێر قادرمەکاندا هەموویان خەریکی دوعاو پاڕانەوە بوون کە ئەم ئاگرە ئاوی ڕەحمەتی بەسەردا بڕژێتو کەس زەرەر نەکات. منالێکیشیان لەناو بێشکەدا لە دەرەوە بەجێ هێشتبوو، شەڕەکە لەبەردەمی ماڵی ئەواندا بوو، دەرفەتی ئەوەش نەبوو بچن منالەکە بهێنن، هەربۆیە مایەوە تا دوای شەڕەکە، بەدەنگی تەقەکان گڕوگاڵی خۆی کردبوو. تا نیوەشەو شەڕ بەردەوام بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٠/٩/٢٠ دوای سێ ڕۆژ بریندار بوونی لە تەپی سەفا جەمال ناوگردانی کۆچی دواییکرد لە گوندی مرانە بەخاکیان سپارد.

١٩٨٠/٩/٢٢ دەست پێكردنی جەنگی ٨ ساڵەی نێوان عێراقو ئێران. شایانی باسە عێراق چەند ناوچەیەكی ئێرانی داگیركرد. دوای نیوەڕۆیەك بوو كاك سەروەری حەمەی حاجی ناجی هەڵەبجەیی كە خوشكەزای باوام بوو، زۆر جار لە تەپی سەفا دەمایەوە، لە هەڵەبجە هاتەوە وتی: مارفی خاڵۆم ئەمڕۆ شەڕی عێراقو ئێران دەستی پێكرد، چەند فەردەیەك برنجو شەكرو هەندێ چاو خۆراكی تر بكڕە، دڵنیام شت گران دەبێت.

١٩٨٠/٩/٢٨ فڕۆكە جەنگییەكانی ئێران شاری سلێمانییان بۆردومان كرد.

١٩٨٠/١٠/١ دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێكردەوە لە قوتابخانەی تەپی سەفا لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم.

١٩٨٠/١٠/٤ فڕۆكە جەنگییەكانی ئێران خورماڵو دەربەندیخانیان بۆردومان كرد.

١٩٨٠/١٠/١٢ پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەكانی یەكێتی تاهیری حاجی عەزیز كە فەرماندەی كەرت بوو لەم ڕۆژەدا كوژرا.

١٩٨٠/١٠/٢٨ ڕاگەیاندنی بەرەی جود كەلەو حزبانە پێكهاتبوو (پارتی، حسك، پاسۆك، شیوعی). (جود) كورتكراوەی (جبهة وطنية ديمقراطية) بوو، واتە بەرەی نیشتمانی دیموكراتی.

١٩٨٠/١١/١٨ كوژرانی فەتاح محەمەد ئەمین ناسراو بە فەتاح ئاغا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولو فەرماندەی هێزی خەباتی پارتی دیموكراتی كوردستان لە حاجی هۆمەران.

١٩٨٠/١١/٢٩ محەمەدی حاجی مەحمود پەیوەندی كرد بە سۆسیالیستەوە.

محەمەدی حاجی مەحمود یەكێك بوو لەو حەوت كەسەی كە یەكەم دەستەی چەكدارییان لەناوچەی هەڵەبجەو هەورامانو شارەزوور دروست كردو یەكەم فیشەك ئەوان بەڕووی دوژمندا تەقاندیان لە شارەزوور. ناوبراو فەرماندەی هەرێمی یەكی یەكێتی بوو، كە هەرێمێكی گەورەو چالاك بوو لە ڕووی سەربازیو ڕێكخراوەییەوە. فەرماندەكەشی كەسێكی ئازا وبوێرو خاوەن بڕیار بوو، باڵی كۆمەڵەی یەكێتی تەنگەتاویان كردو هەر ڕۆژەی بیانوویەكیان پێ دەگرت، ناچار بڕیاری دا لە یەكێتی جیا ببێتەوەو شاخی سورێنی كرد بە جێگای مانەوەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی. وە دواتر حزبی سۆسیالیست كەڵكی لەو ناكۆیانەی ناو یەكێتی بینیو پەیوەندییان كرد بە كاكە حەمە وەو كردیان بە سۆسیالیست. بەمەش زەبرێكی كوشندە لە یەكێتی كەوت، كەتا ئێستاش ٢٠١٧ یە پێوەی دیارەو ئەو برینە سارێژ نەبووە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٠/١٢/٨ لەم ڕۆژەدا پێشمەرگەی ئازاو چاو نەترس خالید گەرمیانی كوژرا.

١٩٨٠/١٢/٩ لەم شەوەدا دزو جەردە هەڵیان كوتایە سەر گوندی ١٢ئیمامو تالانیان كردن.

١٩٨٠/١٢/١٠ لەم شەوەدا دزو جەردە هەڵیان کوتایە سەر گوندی کاگردەڵو تالآنیان کردن. ئەم دزانە لەبەر ئەوەی جاش بوونو چەکیان پێ بوو کەس نەیدەتوانی قسە بکاتو شکاتیان لێ بکات، هەر شەوەی لە گوندێك کە پێشمەرگەی بۆ نەچوایە دزیو تالآنییان دەکرد.

١٩٨٠/١٢/١٩ کۆچی دوایی مەلا محەمەدی لەیلێ لە گوندی تەپەکورە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨١

لەگەرمەی شەڕی ئێرانو عێراق دا بوین، شاروشارۆچکە سنورییەکان بەردەوان لە ژێر بوردومانی تۆپو فڕۆکەدا بون. شارۆچکەی خورماڵ یەکێ بوو لە شوێنانەی بەردەوام لەلایەن ئێرانەوە تۆپ باران دەکرا، خەڵکەکەی بە ناچاری چۆڵیان کردبوو، هاتبوونە ئەو لادێ نزیکانەی خۆیان وەك شیرەمەڕو تەکێو تازەدێو گۆمەلارو خێڵی حەمەو تەپەکورەو بەشارەتو شەشكو تەپی سەفای خواروو سەرووو شەکرالیو خاکوخۆڵو تەپەتۆڵەکەو کوڵکنییەکان، لەوێ خەریکی کشتوکاڵ کردن بوون.

ماڵی ئێمە هەر لە شەکرالی بوو، بەڵام خوێندنمان لە تەپی سەفابوو، هەموو ڕۆژێك لەگەڵ مامۆستا زاهیددا کە مامەمەو دوو ساڵ لە من گەورەترە، هەروەها عومەرو بەکر کوڕەکانی خوالێی خۆش بێت کاك عەلی ئەڵماسو عوسمانی حاجی عەبدوڵا پێکەوە دەچوین بۆ تەپی سەفا بۆ مەکتەبو دەگەڕاینەوە. مامۆستا جاسم خەڵکی خانەقین بوو، لە دوای ڕۆشتنی مامۆستا سەرکۆ بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەپی سەفا. مامۆستا جاسم ماڵی هێنابووە گوندی شەکرالیو زۆر جار لەڕێگادا بەرەو تەپی سەفا بەیەکەوە دەڕۆشتین، بەڵام شەرمان لێ دەکرد، حەزمان دەکرد پێشمان بکەوێتو بڕوات. مامۆستا سامو هەیبەتی خۆی هەبوو، کەس پڕکێشی ئەوەی نەدەکرد چەلەحانێیان لەگەڵدا بکاتو بێ ئەدەبییان بەرامبەر بنوێنێت، مامۆستا لە باوکی قوتابییەکان دڵسۆز تر بوو. بۆچی دەمانوێرا بەبەرچاوی مامۆستاوە دارلاستیك هەڵبگرین؟ یان تۆپ تۆپێن بکەین؟ یان هەڵماتێنو هەلوکێن بکەین؟ هەمویان دەیانوت نابێت لە وەرزی خوێندندا هەموو کاتەکانتان بەیاری کردنو شتی بێ سودەوە بکوژن. هاوینان پشوی خۆتانەو دەتوانن لەبەیانییەوە تا ئێوارە بەئارەزووی دڵی خۆتان یاری بکەن. بەڕاستی دڵسۆز بوون، وڵات بەوانەوە ئاوەدان بوو، هەر ئەوان بوو شەوگاری نوتەكو تاریکیان کرد بە ڕۆژی ڕوناك.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ماڵ بار کردن

لەم ساڵەدا ماڵمان لە شەکرالییەوە بارکرد بۆ تەپی سەفا، لەلای ماڵە باوایەکەوە چوینە ئامێزی ماڵە باوایەکی ترەوە. ئەم بارکردنەکەشمان چەند هۆکارێکی لە پشتەوە هەبوو، یەکێ لەوانە ئەوەبوو منو ئەسعەدی برام لە تەپی سەفا دەمانخوێند، لەکاتی بەفرو سەرماو بەفرو بارانو تەمو مژدا دەبوایە بەیانیان

بەپێ لە شەکرالییەوە بەناو قوڕو لیتەو جۆگەو ئاودا بڕۆین بۆ تەپی سەفا بۆ خوێندن، ئەمەش زۆر ئەستەم بوو بۆ ئێمە. دووەم هۆکار ئەوەبوو دایکی دایکم واتە نەنە ڕەعنام نەخۆش کەوتبوو، توانای ماڵ بەڕیوەبردنی نەمابوو، دەبوایە دایکم زۆر کات لەوێ بوایەو خزمەتی ماڵەکەی بکردایە. چونکە کەیبانوی تریان نەبوو، وە خاڵۆ مارفم لە ژنی یەکەمی جیابوبویەوەو سەڵت بوو. ئەوە بوو باوا عوسمانم ڕەزامەندی باوا حەمەی وەرگرتو ماڵمان لە شەکرالییەوە هێنا بۆ تەپی سەفاو تا ڕوخانی لادێکان لەوێ جێگیر بوین.

ماڵی باوا عوسمانم وەکوو قەیسەری وابوو هەیوانێکی دوورودرێژ بەشێوەی پیتی ئێڵی ئینگلیزی شەش هۆدەی گەورەی لەسەر بوو، دەرگاکانی دارگوێز بوونو پەنجەرەکانیشی لە تەختەو ئاسن بە تێکەڵاو دروست کرابوون. کاك فەرەج ئێرانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەیگێڕایەوەو دەیوت: کاتێ ئەم خانووە دروست کراوە ٣٦٥ باری گوێدرێژ زەلو پیکەو کورتووم بڕیوەو هێنامەتەوە بۆیو بەسەر دارەکانیدا ڕام خستووە. وتم مام فەرەج پارەت وەردەگرت بۆ ئەم کارەت؟ پێکەنی وتی پارەی چی؟ بەخوا بەنانەسك کردوومە. ئەم خانووە هەیوانە درێژەکەی چیمەنتۆیەکی سافی جوان کرابوو، دەرگای لاماڵی دەرگایەکی دوو تاکی تەختەبوو وەکوو دەرگای مەدخەلی ئێستا وەهابوو، زۆر بەی میوانو خەڵکی ئاوایی لەو دەرگایەوە دەهاتنە ژوورەوە. ئەم خانووە قادرمەیەکی داخڵی هەبوو بۆ سەربانو لەسەرەوەش هەورەبانێکی هەبوو، بانەکەی لکابوو بەماڵی مامە حاجی عەبدوڵمحەمەدی ئامۆزای باوامەوە، مامە حاجی خوالێی خۆش بێت هەموو بەیانییەك لە ماڵی خۆیانەوە بەسەربانەکەدا دەهاتو بەقادرمەکەدا دەهاتە خوارەوە، دەیوت:

مارف. مارف. هەستە لەخەو.

خاڵۆ مارفیش خێرا هەڵئەستاو بەپەلە خۆی ئەخزاندە ناو شەرواڵەکەی.

بەخێربێت مامە گیان. بەخوا دوێنێ هیلاك بووم بۆیە درەنگ خەبەرم بویەوە. لە ژێرەوەش دەستی دەکرد بە پرتەو بۆڵە، چونکە لە خەوی شیرین بەخەبەریان هێناوە.

ماڵەکەی ئێمە لە ژووری ژێر قادرمەکاندابوین، کەبەتەنیشت ژوورەکەی باوامەوە بوو پێیان دەوت دیوەخان، هەرچی میوانە لەو ژوورەدا دادەنیشتو نانی دەخوارد.

ئەم خانووەی باوام حەوشەکەی زیاتر لە دۆنمێك دەبوو، کاتی خۆی لە پەنجاو شەستەکاندا باخو باخاتێکی زۆر جوانو قەشەنگی تێدابووە لە هەنارو مێوو هەڵوژەو قەیسی، تا هەشتاکانیش هەنارەکان مابوونو دارەکانیان ئەستورو پیر بووبوون. وەلەتەنیشتەوە گەوری ولاخەکانو کایەنو تاقمێ خانوی تری تێدابوو، کە هەر ساڵەو ماڵێکی ئاوارەی خورماڵی تێدابوو. لەوانە ماڵی عومەر خورماڵی، عەریف تایەر سەرگەتی، حاجی ئەحمەد هانەی دنی، حەمە ئەمین سۆفی ئێلانپێییو بۆ ماوەیەکیش لە ساڵی ١٩٨٤ دا ماڵی کاك بەهجەت حاجی خالیدی تێدابوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨١:

**١٩٨١/١/٣** نەوشیروان مستەفا لەلایەن هێزێکی هاوبەشی سۆسیالیستو محەمەدی حاجی مەحمودەوە لە گوندی قەویلە لە ماڵی حاجی عەلی قەویلەیی دا لە گەڵ حەمەی حاجی سابیردا بەدیل گیران[١].

**١٩٨١/١/٥** ئێران لە سنوری خەفاجیەوە هێرشی کردە سەر عێراق، لەو شەڕەدا زیاتر لە هەزار سەربازی عێراقی بەدیل گیران.

**١٩٨١/١/١٤** شەڕێکی گەورە لە بێڕەشکەو گردی شەریفو مەسەکانی شارەزوور ڕویدا.

**١٩٨١/١/٢١** ئێران تەواوی بارمتەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکای ئازاد کرد.


**١٩٨١/١/٢٤** کۆچی دوایی مامۆستا عەلی مەردان، ناوبراویان لە شاری کەرکوکو لە گۆڕستانی شێخ محێدین لەبەر تەکیّ بەخاك سپارد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## داڵاشەکان گوند بەگوند بە شوێن هەڵۆکانەوە بوون

**١٩٨١/٢/٢٠** جاشو جەیش هەڵیان کوتایە سەر هێزێکی پارتی لە گوندی خێڵی حەمە . دوو پێشمەرگە بەدیل گیران بە ناوەکانی (ڕەئیس عورەفا یونس)و (کاك عابید) دواتر لە سێدارە دران. پێشمەرگەکانی پارتی بەرەو تەپی سەفا هاتن، لەویّ بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بەرەو گوندی شەکرالی چوون، ئەوانە سەلامەت بوون. بەڵام ئەو بەشەیان کە بە سەرپەرشتی کاك حەمە زەمەقی بەرەو کوڵکنی چوون، درانە بەر تەقە، بە داخەوە لە نێوان گوندی کوڵکنیو شیرەمەڕدا کاك حەمە زەمەقی کوژرا. دواتر جاشو سەربازەکان تەرمی کاکە حەمە یان لە نزیکی خورماڵ خستە ناو بیرێکەوە، بەئەستەم بۆ کەسوکاری دەرهات، وە نەیان هێشت پرسەی بۆ دابنرێت.

لەو شەڕەدا خاوەنی ئەم وێنەیە کاك نوری خاڵۆ حەمەی حاجی میرئەحمەدی تەپەکوڕەی تێدا بوو کە پێشمەرگەی پارتی بوو [٢]. کاك نوری کەسێکی قارەمانو کوردێکی دڵسۆزەو لە شۆڕشی گوڵاندا خزمەتی بەرچاوی کردووە، بەدرێژایی تەمەنی نە جاشایەتیو نە خیانەتی لەم خاکو نیشتمانە نەکردووەو کەسێکی کۆمەڵایەتی خاوەن پێگەیەو کوڕی پیاوێکی ناوداری وەکوو خوالێخۆش بوو حاجی محەمەدی حاجی میرئەحمەدی تەپەکوڕەیە. کاك نوری ئێستا وەکوو کەسێکی بیّ لایەن لەشاری سلێمانی نیشتەجێیە.



---

١ محەمەدی حاجی مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٥.

٢ دیمانە لەگەڵ نوری محەمەد حاجی میر ئەحمەد تەپەکوڕەیی، سلێمانی، ٢٠١٦.

## هەسەن محەو مەرگی پڵنگێك

١٩٨١/٣/٧فەرماندەی یەکێتی محەمەد مەحمود مەعروف ناسراو بە کاوە گەرمیانی (پورزای باوکم بوو) لەگوندی هەسەن محەی گەرمیان گیانی بەختکرد.



کاوە گەرمیانی برای شەهید ساڵح گەرمیانییە کەلە داستانی تۆقتدا لەنزیك دەریاچەی دەربەندیخان لەگەڵ شەهید عومەری حەمە ساڵح بەشارەتیو پێنج کەسی تردا شەهید کران. شەهید کاوە خێزاندار بووەو دوو کوڕی لەدوا بەجێماوە بەناوەکانی سامانو ئەرکان.

ئەحمەد مەجید[١] دەگێڕێتەوەو دەڵێت: باوکم بەسەردان ڕۆشت بۆ گوندی هەسەن محەی گەرمیان بۆ ماڵی حاجی قادری حەمەی مەحموی کەوەل کە مێردی پوری بوو. شەو لە ماڵی حاجی قادرو خێزانی بەناوی حاجی پیرۆز مابویەوە، ئەو شەوە شەهید محەمەد مەحمود ناسراو بە کاوە گەرمیانی کە پورزای باوکم بوو لەهەمان کاتدا خوشکەزای حاجی پیرۆز بوو هاتبوو بۆ ئەوێ. باوکم وتبووی حەمە گیان، بۆچی هاتووی بۆ ئێرە، ئەم شوێنە مەترسیدارە. جاشو جەیش بێت ناتوانیت دەرچیت. حەمە وتبوی لالە مەجید مەترسە هیچ نییە. ئەوەبوو تا درەنگی شەو دەمەتەقەیان کردبوو، دواتر جێگایان بۆ ڕاخستبوونو خەوتبوون. لەنیوە شەودا باوکم خەبەری دەبێتەوە، زۆر شڵەژاوەو عارەقی کردووە، یائەڵا خێربێت، تەماشا ئەکات حەمە خەوتووە، ڕایدەوەشێنێت، حەمە حەمە . هەستە برۆ خەریکە ڕۆژ ئەبێتەوە، خەوێکی خراپم بینی. لالە چیت بینی؟ لەخەوما جاش هاتوونو چوار دەوری ئاواییان گرتووە, هەستە برۆ من زۆر ئەترسم. حەمە وەك ئەم قسانەی نەبیستبێت، ئەڵێ لالە خەمت نەبێت دوای بانگی بەیانی ئەچم. کاتێ دنیا کەمێ ڕوناك دەبێتەوە، زڵە دەکەوێتە ئاواییو جاشو جەیش گوندەکە تەوق ئەکەن. ماڵ بەماڵ دەگەڕێنو ژوور بە ژوور دەیپشکنن. دەگەنە ماڵی حاجی قادر، حەمەدەرگای ژورێك لەخۆیو حەمەی حەسەنی حاجی قادر لەسەر خۆیان دادەخات. سەربازەکان دەرگای ئەو ژوورە دەدەنە بەر شەق، لەو کاتەدا حەمە زۆر بە شێنەیی جامانەکەی چاك دەکات، حەمەی کاك حەسەن لەگەڵیدا ئەم قسەیەی گێراوەتەوە. دواتر لە کونێکی دواوەی ئەو ژوورەوە دەچنە دەرەوەو حەمە لەناو ئاواییدا تێکەڵاو بە جاشەکان دەبێتو کەس نازانێت پێشمەرگەیە. تا ئەوەی بەرەو دەرەوەی گوند دەچێت لەسەر بەرزاییەك چەند جاشێك دانیشتوون، ئەڵێن بە حەمە کاکە بۆ کوێ دەڕۆیت؟ مەگەر تۆش

---

١ ئەحمەد مەجید حەمە نەسیم حاجی مارف لە ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی تەپی سەفا لە دایك بووە خوێندی سەرەتایی لە گوندی تەپی سەفاو ناوەندی لە سیروانو ئامادەیی لە ئەحمەد موختارو مەولەوی لە هەڵەبجەی شەهیدو هەڵەبجەی تازە تەواو کردووە، فەرمانبەرە لە شارەوانی شارەزوور، خێزاندارەو لە قەزای شارەزوور نیشتەجێیە.

فرسان نیت؟ ئەویش لەو کاتەدا دەسترێژێك دەکات بەناو جاشەکاندا، یەکێکیان دەکوژێتو دوانیان بریندار دەکات. دوای ئەوە زۆر بە شێنەیی لە ئاوایی دوور دەکەوێتەوەو ڕاناکات. جاشەکان بە بڕنەو تەقەی لێ دەکەنو شەهیدی دەکەن.

دواتر داوای پێناس لە باوکم دەکەن، ئەڵێن تۆ خەڵکی ئێرە نیت، کارت چییە لێرە، یان پێشمەرگەیت یان ڕێکخستن. دوای تکاو ڕجایەکی زۆر ئەوەندەی لێ دەدەن هەموو گیانی کفت دەکەنو قاچەکانی خوێناوی دەکەنو دەیشکێنن. باوکم بە نیوەمردوویی هاتەوە بۆ تەپی سەفا. ماڵی حاجی قادریش دەسوتێننو هیچ شتێکیان بۆ دەرناچێت[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨١/٣/١١ ئێران سەربازگەی گوڵەخانەی دایە بەر تۆپ.


١٩٨١/٣/٢٠ ئێران سەیدسادقی دایە بەر تۆپ، زیانی گیانیو مادی بەدواوە بوو.

١٩٨١/٣/٢١ کۆچی دوایی حاجی شێخ ساحێب شێخ نەجمەدین شێخ عومەری بیارەی نەقشبەندی.

١٩٨١/٤/١ شورای مەرکەزی سوننەت بۆ داکۆکی لە مافی کەمینەکانی وڵاتی ئێران بە سەرۆکایەتی مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە دامەزرا، وە مامۆستا ناسری سوبحانی کرابە جێگری.

١٩٨١/٤/١٧ داستانی گوندی ئالانو حاسڵی ناوچەی شارەزوور کرا کە دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت. لەم داستانەدا دە پێشمەرگەو چوار هاوڵاتی بوونە قوربانی. لەو داستانەدا فەرماندەی لیوای ٩٩ بەناوی خالید ئەزهەر ئەلعوبێدی کوژراو تەرمەکەی کەوتە بەردەستی پێشمەرگە.

١٩٨١/٤/١٧ پێشمەرگەی یەکێتی ئەکرەمی مەحمودی مستەفا تەپی سەفایی لە شەڕی جاشو جەیشدا لە شارەزوور نزیکی زەڕایەن گیانی بەختکرد.



ئەکرەم مەحمود مستەفا لەساڵی ١٩٥٩ لە گوندی تەپی سەفای شارەزوور چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوەو لەهەرێمی یەك لەکەرتی ٣ی شەهید هاوار دەبێت بە پێشمەرگە. لەبەر ئازایەتیو دڵسۆزی دەبێت بە فەرماندەی مەفرەزە. بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی کردووە، لەوانە شەڕەکانی گوێزەڕەشو چنگیانو سورێن.

---

١ دیمانە لەگەڵ ئەحمەد مەجید حەمەنەسیم تەپی سەفایی، شارەزوور، ٢٠١٦.


لە بەرواری ١٩٨١/٤/١٧ لە داستانی ئالانو حاسلّدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە، مەخابن هەر لەو شەڕەدا گیان بەخت دەکاتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. شەهید ئەکرەم لە ساڵی ١٩٨٨ یازدە ئەندامی خێزانەی بەر چەکی کیمیایی دەکەونو شەهید دەبن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨١/٤/١٩ لە ئەنجامی تۆپ بارانی گوندی ڕەمکان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە پێشمەرگە خەلیل جەلال گیانی بەختکرد.

١٩٨١/٥/٢٤ پێشمەرگە ئاوات سابیر پاش ئەوەی لە لایەن خۆفرۆشانەوە درا بە دەستەوە، لەناو شاری سلێمانی لەلایەن خوێنڕێژ ملازم موحسینەوە گولەباران کراو تەرمەکەشیان بە ناو شاردا گێڕا.

١٩٨١/٥/٣١ جەمال حەمە ئەمین ساڵح تەپی سەفایی لەشەڕی ناوخۆدا لەگەڵ عومەر حەمە عەلی قوت کولّکنی لە دەوروبەری ناوگردانی شارەزوور گیانیان بەختکرد.



جەمال حەمە ئەمین ساڵح تەپی سەفایی لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی تەپی سەفای خواروو لە دایك بووە,تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو کادیرێکی چالاكو دڵسۆز بووە. لە ساڵی ١٩٨١/٥/٣٠ لە کەرتی ٤ی تیپی ١١ی هەورامان دەبێت بە پیشمەرگە، تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بوو لە ڕۆژی ١٩٨١/٥/٣١ واتە دوای ڕۆژێك لە چەك هەڵگرتنی لە شەڕێکی نابەرابەردا لە گوندی ناوگردانی شارەزوور لە گەڵ عومەر حەمە عەلیدا گیانیان بەخت دەکەنو بۆ هەمیشە دەچنە کاروانی نەمراوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨١/٦/٧ ئیسرائیل بە فڕۆکەی ئێف ١٦ کە لە سیناوە بەناو خاکی سعودییەدا تێپەڕی، بۆردومانی وێستگەی تەموزی ئەتۆمی عێراقی کرد کە بەنهێنی دایمەزراندبوو. بەوەش کۆتایی بەخەونی عێراقییەکان هێنا کە دەیانەویست ببن بە خاوەنی وێستگەی ئەتۆمی.

١٩٨١/٦/٢٢ لەسەرکار لاچوونی ئەبوحەسەن بەنی سەدر لە سەرۆککۆماری ئێرانو هاوکاری کردنی لەگەڵ موجاهیدینی خەلق دا.

١٩٨١/٦/٢٣ شەش پێشمەرگەی یەکێتی لە گوندی گەڕەدێ لەلایەن پاسۆکەوە کوژران.

١٩٨١/٦/٢٥ سیاسەت مەدارو ڕوناکبیری کورد ساڵح یوسفی بە نامەیەکی مینرێژکراو لەشاری بەغدا تیرۆر کرا.

١٩٨١/٧/١ لە سێدارەدانی هونەرمەند قادر کابان لە شاری بەغدا.

١٩٨١/٧/٢٢ ڕەوف خەلیفە سەعید پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانو سەرکردە لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە قەدەفەری کوژرا.



شەهید ڕەوف لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٦ ی گوندی قەدەفەرییەو یەکێك بووە لە پێشمەرگەو فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. ئامینە خانمی خێزانیو کاوەو هیواو ئارامی کوڕی لەگەڵ چرۆو ئاسۆی کچی لەگەڵ ئێمەدا لە زیندانی ناسرییە بۆ ماوەی ساڵێكو سێ مانگو یازدە ڕۆژ زیندان بوون.

ئەمەش شیعرێکی شەهید ڕەوفە کە لە ساڵی ١٩٧٧ دایناوە:

ئەگەر شەهید بووم لە ڕێگای سەرکەوتنی کورد دا ... یان خوێنم ڕژا بەسەر دارو دەوەنو بەرد دا
ئەگە هاوڕێکانم گوللەیەکیان لەسەر هاویشتم ... یان تەرمەکەیان لە مەیدانی شەڕدا بەجێ هێشتم
ئەگەر بریندار بوومو دوژمن گرتمی بە دیل ... یان بەگیرهاتم لە شوێنێکدا بێ ڕێنیشاندەرو دەلیل
ئەگەر لەناکاو خۆت بینی لەناو داوی دوژمن ... یا قەلەڕەش دەنوکی ڕەنگ بکات بە خوێنی من
وەسیەت بێ یاران قەت بۆم مەکەن گرینو شین ... ئاهەنگێ بگێڕنو بیکەن بە بەزمو هەڵپەڕین[1]

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨١/٨/١٧ عوسمان محەمەد عەبدولقادر کوڵکنی پێشمەرگەی یەکێتی لە گوندی شیرەمەڕ گیانی بەختکرد.

عوسمان حاجی محەمەد عەبدولقادر ناسراو بە عوسمان کوڵکنی لە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی کوڵکنی خواروو لە خێزانێکی جوتیارو نیشتمان پەروەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لە ساڵی ١٩٧٩ دەبێت بە پێشمەرگە لە ناو هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا. شەهید عوسمان بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووەو ڕۆڵی جوامێرانەو بەرچاوی بینیوە. دوا پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی مەفرەزە بووە. لە ڕۆژی ١٩٨١/٨/١٧ لە گوندی شیرەمەڕی بناری سورێن دەکوژرێتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.



. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .


---

١ محەمەدی حاجی مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١-٤٦٢.

## ناوگردان و شەڕی براکان

١٩٨١/٨/٢٥ لەشەڕی براکاندا لە گوندەکانی بێڕەشکەو ناوگردان لە یەکێتی غەفور دەرەشیشیو حەیدەری حاجی عوسمانو لە پارتی جەمالی مەلا عەلیو جەباری حاجی شەریفو ساڵحی خاڵەو ئەحمەد ئەسکەندەر دەبنە قوربانیو چەند کەسێکیتر لە هەردولا بریندار دەکرێن.

"لە خەندەقی بەردەم ئاوایی دەرباز دەبمو لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا ب ژێر دار بییەکاندا سەرەو خوار بۆ بەسەرکردنەوەی سەنگەرەکان دەڕۆم، پێشمەرگەیەك بەرەو ڕوومان دێتو غەفور دەرەشیشی لەکۆڵ ناوە، لەگەڵ ئەوان بۆ ناو ئاوایی دەگەڕێمەوە، لە پشتەوە لە غەفور دەڕوانم، خەڵتانی خوێنە. دەچینە ماڵێكو لەسەر سەکۆیەك غەفور دادەنێین، دکتۆر دێتو برین تیمار دەکات، چەند گوللە نێو زکیان بڕیوە، ئەو خوێنڕێژی ناوەکی هەیەو دکتۆر دەڵێت دۆخی ئەو مەترسیدارە. یەکسەر نامە بۆ شار دەنوسمو داوای یارمەتیو داو دەرمان دەکەم، کاتژمێرێك نابات دکتۆرو دەرمان دەگەن، لە ڕێکخستنی شارەوە کەسانێك ئامادە دەبن کە لە هەموو دۆخە دژوارەکاندا وەکوو ئامبولانس ئامادە دەبوون. کاوە، حەمەی حاجی شەریفو فەرهەنگی حەمە ئەمینی عەلی شاکەو کەسانی تریش. ڕەنگی غەفور تا دێت زەردو زەردتر هەڵدەگەڕێتو دکتۆر دەستەوەستانە. لە چاوەکانی غەفور دەڕوانم، دەست لە نێو دەستی دەنێمو دەمەوێت دڵخۆشی بدەمەوە. ئەو سەیرم دەکاتو چاوەکانی زۆر شتم پێ دەڵێن، ئەو زۆر نەبوو لە سەرکردایەتی گەڕابووەوەو ماوەی هەڵپەساردنی تەواوکردبوو. ئەو بە نیگا ساردەکانی پێی دەگوتم: زوڵمیان لێ کردم، هەموو ئەو شتانە دروست کرابوون، من پاکترین کەسێکم بە داخەوە لە شەڕی نەیاراندا دەکوژرێم. هێشتا غەفور گیانی دەرنەچوبوو، تەرمی حەیدەری حاجی عوسمانیان گەیاندە لامان. غەفور فەرماندەی کەرتو پێشمەرگەی سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ بوو، ئەو لێزانترینو ئازاترینو قسەخۆشترین کەسێك بوو کەمن زۆر هۆگری بووم، گەلێکمان یادگاری تاڵو شیرین پێکەوە هەبوو، داخەکەم لەبەردەستماندا گیانی سپارد. حەیدەر کەسێکی ئازاو بە ئەمەكو جوامێر بوو، ئەو سێ ساڵ زیاتر بوو پێشمەرگە بوو، ڕۆژی دواتر تەرمی هەردوکیان بۆ هەڵەبجە نێررانەوە"[١].




### شەهید غەفور دەرەشیشی (١٩٤٩-١٩٨١)

غەفور حەمە سەعید فەتاح ناسراو بە غەفور دەرەشیشی لە ساڵی ١٩٤٩ لە خێزانێکی جوتیار هاتووەتە دنیا. خێزانەکەیان بە ئەسڵ خەڵکی نوریاوی لای پاوەیە لە کوردستانی ڕۆژهەلات، لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا هاتوونەتە

---

١ پشکۆ نەجمەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

گوندی دەرەشیش لە پارێزگای هەڵەبجە. شەهید غەفور لە ١٩٧٦/١١/٢٠ دا چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو دەچێتە شاخ، کەسێکی ئازاو بەغیرەتو دڵسۆز بووە بۆ خاكو نیشتمانەکەی. پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا بووە بە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی یەك، بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی کردووە لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمەکەدا. لە ڕۆژی ١٩٨١/٨/٢٥ لە نێوان گوندی بێڕەشکەو ناوگردانا لە گەڵ حەیدەری حاجی عوسمان عەنەبیدا دەکژرێنو دەچنە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید غەفورو شەهید حەیدەرو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨١/٨/٣٠ هێرشێکی پارتی بۆ سەر بنکەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی مەرگەوەر، بوو بە هۆی کوژرانی ٨ پێشمەرگەی دیموکرات.

١٩٨١/٩/١٦ هێرشی دەوڵەتی ئێرانو پارتی بۆ سەر حزبی دیموکرات گەیشتە سۆفیانو جەلدیان، پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات لەو ناوچانەدا کشانەوە.

١٩٨١/٩/١٦ عەبدولرەحمان حەسەن بەشارەتی لە ڕەزڵە لەشەڕی براکوژیدا گیانی بەختکرد.

١٩٨١/٩/٢٨ ئێران سەیدسادقی دایە بەر تۆپ. فاروقی مەلا ڕەوفو دوو کەسی تری ئەندامانی خێزانەکەی گیان لەدەست دەدەنو دایکیشیان بریندار دەبێت، دواتر بەهۆی ئەو برینەوە گیانی لەدەست دا.

١٩٨١/١٠/٣ مام ئاراسو کۆمەڵێك پێشمەرگەی سۆسیالیستو چەند کەسێکی پاسۆك لە گوندی سۆیلەمیش کەوتنە کەمینی هێزی یەکێتییەوە، لەئەنجامدا لەتیف عومەر ساڵح ناسراو بە لەتیفی سالە گاکوژ، بەرزان عوسمان مەعروف خەرابەیی، محەمەد عەزیز ناسراو بە حەمەی عەزە کەچەڵ، خالیدی حاجی کەریم بێ کراس، فارسی مەلا گورون، عومەر گەڕەدێی کوژران.

١٩٨١/١٠/٦ ئەنوەر سادات سەرۆکی میسر تیرۆر کرا. محەمەد حوسنی موبارەك جێگای گرتەوە.

١٩٨١/١٠/٨ یاسین کەریم ناسراو بە مام ئاراس گولەباران کرا کە چەند ڕۆژێك پێشتر لە گوندی سۆیلەمیش لەلایەن یەکێتییەوە دەستگیرکرابوو.

١٩٨١/١٠/٩ حکومەتی عێراق زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر گواستەوە.

١٩٨١/١٠/١٣ لە گوندی ناوگردانی شارەزوور پێشمەرگەی سۆسیالیست کامەرانی حەمە تاتە کوژرا. خالە نەجم هۆنگەرێنەیی ئاربی جیبەکی لەدەست دەرچوو دای لەسەر دڵی کامەرانو هەرلەوێدا گیانی سپارد.

١٩٨١/١٠/١٩ شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو جاشو جەیشی ڕژێمی بەعس لە گوندی قاجری شارەزوور ڕویدا، چەندین کۆپتەرو زرێپۆش تا ئێوارە بۆردومانی پێشمەرگەیان دەکرد، چەندین جاشو سەرباز کوژران. زیانی پێشمەرگە تەنها برینداربوونی پێشمەرگەی

ئازاو دلێر کاوه حەمه ساڵح بوو. پێشمەرگە بەشداربووەکانی ئەم شەڕە بریتی بوون لە کەرتەکانی بناری هەڵەبجەو هەرەوامانو شارەزوور لە هەرێمی یەکی هەورامان، کەرتێکی هەرێمی سێی شارباژێڕو کەرتێکی هەرێمی پێنجی قەرەداغ، کاك شەوکەتی حاجی مشیریش سەرپەرشتیارو فەرماندەی یەکەمی شەڕەکەبوو. چەندین فەرماندەی قارەمانی وەکوو شێخ جەعفەرو وەهابو حامیدی حاجی خالیدو حەمەی حەمە سەعید بەشداربوون.

١٩٨١/١١/١٧ بەفەرمانی نەوشیروان مستەفا هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی هێرشی کردە سەر بەرەی جود لە ناوچەی وینوی ئەستێرۆکانو لوتکەکانی هەڵموندو کاروخ، پاش دوو ڕۆژ شەڕ بەرەی جود بۆ ناوچەکانی پشتئاشانو کریسکانو کونەکۆتر کشانەوە[١].

١٩٨١/١١/٢٨ بەرەی (جود) کە کورتکراوەی، (جبهة وطنية ديمقراطية) يە پێکهێنرا.

١٩٨١/١٢/٢٩ لەم شەوەدا زەمین لەرزەیەکی بەهێز ناوچەی شارەزووری هەژاند, دایکم لە سلێمانی بەدیار نەنە ڕەعنامەوە لە نەخۆشخانە بوون. لە تەپی سەفا بوین شەوێکی باراناوی بوو لەگەڵ شەهلای خوشکمو ئەسعەدی برامو عەبدوڵای خاڵۆ حەمەم سەیری تەلەفزیۆنمان ئەکرد، لەپڕ زەمین هەژاو خانوو کەوتە جوڵەجوڵ لەو کاتەشدا کارەبا بڕا، ئێمە منداڵ بوین زۆر ترساین دایکم لەنەخۆشخانەی سلێمانی لەلای نەنەم بوو کەسی گەورە لەماڵا نەبوو. ئەو شەوەمان بە ترسمو بیم بردە سەر.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٢

تەمەنم تەنها ١٢ بەهار بوو، ئەو تەمەنەش تێیادا چاو جوان دەبینێت، هەرچی ڕەنگەکان بوو لە جوانترین شێوەیاندا بوون، گوێ قوڵاخە بۆ هەموو دەنگێك، وە هەمویان لێك جیادەکاتەوە ،لوت بەهەمان شێوە لەدووری فەرسەخێك ڕێگاوە بۆنو بەرامەی عەترینی گوڵو خونچەو گەڵاو شەونمی هەڵدەمژی.

تەمەنی گوڵی نازناز زۆر کورتە، خونچەکان بەهەڵهاتنی خۆر دەکرانەوەو دوای کاتژمێرێك ماڵئاواییان لە ژیان دەکردو پێڕستو بەرنامەی ژیانیان دەسپارد بە تۆوە وردیلەکانو ئەوانیش وەکوو باروتی فیشەك لە قاوغێکدا وشك دەبوون. ماڵی باوام لە گوندی شەکرالی بوو، پورە کوبرام لەبەری ماڵدا دوو تەشتی گەورە گوڵی ڕەنگاوڕەنگی نازنازی ڕواندبوو، بەیانیان بەدیار ئەو تەشتەوە دادەنیشتمو لە دایك بوونو مردنی گوڵەکانم دەڕوانی، ژمارەیەکی زۆر گوڵ لە دایك دەبوونو دوای تەمەنێکی کورت ماڵئاواییان لە ژیان دەکرد. بە خەندەوە پێشوازیم لەدایکبووان دەکرد، دواتر فرمێسکم بۆ کۆچکردوان

---

١ هاوڕێ باخەوان، هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستانو کورد، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٠٦.

هەڵدەڕشت. وەك ئیبراهیمی سەردارمان علیه السلام فەرمووی (لا احب الافلین) من شتی ئاوابووم خۆش ناوێت. بەهەمان شێوە بۆ مەرگی گوڵەکان تازیەبار دەبووم. دوای چەندین ساڵ لەوە گەشتم کە ئەوان نەمردوون بەڵکو چەندین گوڵی زیندوویان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتووەو بەردەوامییان داوە بە ژیان. ئێوارانیش دەچووم بۆ سەیری لالە عەباسەکان، ئەوان بە پیچەوانەی نازنازەوە لە فێنکی ئێوارەدا دەکرانەوەو کاتێ خۆر هەڵدەهات یاسینی خۆیان دەخوێندوماڵیاواییان لە ژیان دەکرد، بە هەمانشێوە نیگەران بووم بۆ مەرگی ئەوانیش بەڵام کەمتر چونکە تەمەنیان بە درێژایی تەنها شەوێك بەردەوام بوو.

لەم ساڵەدا جەنگی نێوان عێراقو ئێران لە کڵپەو جۆشدا بوو، هەر ڕۆژەی هەواڵێکی نوێ لە شاشەی تیڤییەکانەوە بڵاو دەکرایەوە, ڕاگەیاندنی عێراق بەهێزبوو، کێچێکی دەکرد بەگایەك. ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوورو هەورامان بەردەوام لە ژێر ڕەحمەتی تۆپخانەی ئێراندا بوو، هەر پاسدارێك لە ڕەبییەکەی خۆی بهاتایەتە دەرەوە بۆ دەست بەئاو گەیاندن، بۆ خۆشی تۆپێکی هەواڵەی ناوچەکەی ئێمە دەکرد. شارۆچکەی خورماڵ یەکێ لەو شوێنانە بوو کە ژیان تیایدا ئەستەم بوو. وامان لێ هاتبوو کە تۆپ بۆ خورماڵ بهاتایە دەمانوت: (هیچ نییە خورماڵە).

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ئۆرزدی هەڵەبجە

لەم ساڵەدا ئۆرزدی هەڵەبجە کەلوپەلی ناوماڵی بەنرخی هەرزانتر لەبازاڕ دەفرۆشت. دیارە ئەوەش هەموو جار نەبوو، بەڵکو لەهەفتەیەکدا جارێك یان دوو جار ئەو هەلە بۆ خەڵك هەڵدەکەوت، کە سەرە بگرێتو شتێك بکڕێت. ئەگەر یەکێك ناسراوییەکی لەگەڵ فەرمانبەرانی ئەوێدا هەبوایە بەختی باشتر بوو. لەبیرمە لەو ساڵەدا (بەفرگرەیەكو زۆپایەکی عەشتاری یابانیو تەلەفزیۆنێکی شاشە شازدەی ڕەشوسپی ئی ئای سی)مان بەیەك جار لەو ئۆرزدییە کڕی هەرسێکیان بە ١٦٠ دینار. ئەوەش بەهاوکاری پورزایەکی باوکم بەناوی کاك ئیبراهیمی مەلا مەحمود بوو.

یادەوەرییەك لەلایەن مامۆستا حەمە تۆفیق حاجی کەریمەوە: "لەبیرمە کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە هەڵەبجە ئۆرزدی کرایەوە، ڕۆژی کردنەوە دیاری کراو قردێلەیان دانا، تا بە مەقەست بیبڕن. وتیان پیاڵەی زەڕلییان هێناوە، لەو جۆرە پیاڵەیە یەکەم جار هاتووە، منیش ڕۆشتم تا دەستەیەك لەو پیاڵە زەڕلییە بکڕم. چوومە پێشەوە کە قردێلەکەیان بڕی، من یەکەم کەس چوومە ژوورەوە، وەسڵی دەستەیەك لەو پیاڵەیەم بڕیو چووم بۆ لای ئەو بەشەی کە پیاڵەکانی لێبوو. وەسڵەکەم دا بە فەرمانبەری فرۆشیار، سەیری وەسڵەکەی کردو پاشان سەیرێکی منی کرد، وتی بەداخەوە پیاڵە نەماوە، منیش وتم کاکە من یەکەم کەس هاتوومەتە ژوورەوەو پێش من کەس وەسڵی نەبڕیوە، چۆن تەواو بوو؟ من ئەزانم یەك پیاڵە نەفرۆشراوە! چۆن دەڵێی نەماوە؟ کابرا وتی نەماوە! منیش وتم هۆی چییە بەبێ فرۆشتن پیاڵە نەماوە؟ وتی

کاکە ئەی بۆ ئێمە مەگەر خزمو کەسوکارمان نییە لەم جۆرە پیاڵەیەی بۆ دابنێین! منیش وتم یان دەستەیەك لەو پیاڵەم دەدەیتێ، یان هەموو ئەوانەی هاتوون بۆ مەراسیمی کردنەوەی ئۆرزدییەکە ئاگادار دەکەم! زانی واز ناهێنم بەنابەدڵ دەستەیەك لەو پیاڵانەی پێدام. ئیدی ئاوایە هەرکەس بۆ خۆی دەخوات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٢:

١٩٨٢/١/١ خافێر پیریز دی کویلار خەڵکی پیرۆ وەکوو سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست بەکاربوو.

١٩٨٢/١/٧خۆپیشاندانی خوێندکارانی سلێمانی کە بۆ پێشوازی ئەو جەیش شەعبییانە برابوون لە بەرەکانی شەڕ لە تەوێڵە گەڕابوونەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بەفرە زۆرەکەی هەڵەبجە

١٩٨٢/١/١٤ دنیا ساماڵ بوو ئاسمان سافو بێگەرد وشین پەڵە هەوری سپی بەسەر لوتکەکانەوە



دەبینرا، گژوگیای سەوزی جوان لەناو پوشو پاوانی پارساڵەوە سەری دەرهێنابوو، لەپۆلی چواری سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی گوندەکەمان (قوتابخانەی تەپی سەفای سەرەتایی تێکەڵاو)، دوای ئەوەی دەرسی کۆتاییمان خوێند زەنگی قوتابخانە لێدراو جانتامان گرت بە کۆڵەوەو بەرەو ماڵ گەڕاینەوە.

تاوەیەکی فافۆنیان خستە سەر عەلادینەکەو کەوچێك ڕۆنی خۆمانەیان تێکرد، ڕام کرد بە پەلە دوو هێلکەم لە کولانەی مریشکەکان دەرهێناو تێیان شکاندو کەمێك خوێیان بەسەرا پژاند. زەردێنەی پرتەقاڵی تۆخ لەناو سپێنەی سەدەف ڕەنگدا لەگەڵ بۆنو بەرامەی ڕۆنی کوردیو نانی تەنکی هەورامیدا بەچای شیرینەوە ئەوەندەی تر ئیشتیهای گەدەی دەکردەوەو پاروو لەدوای پاروو ئەیوت بابێت. شەهلای خوشکم گۆرەوییەکانی بۆ شۆردمو لەتەنافی هەڵخست. دەبوایە کالە لاستیکەکانم بەبێ گۆرەوی لەپێ بکردایە نەمزانی خەیاڵی ماڵی باوام لە گوندی شەکرالی دەکەوێتە سەرو ئەو ئێوارەیە بەرەو ئەوێ دەکەومەڕێ. ئەو ڕۆژە پێنج شەممە بوو بۆ بەیانی دەوامی قوتابخانە نەبوو دنیاش هەتاو بوو وتم گۆرەویم بۆ چییە، وەکوو ئێستاش نەبوو دوو جوت گۆرەوی ئەحتیات لە ماڵەوە هەبێت. بۆ نزیکی بانگی عەسر وەکوو بروسکە بە هەڵبەزو دابەزو

بەتەماشای سروشتی جوانی ناوچەکەوە گەیشتمە شەکرالی. نێوانی شەکرالیو تەپی سەفا کیلۆمەترو نیوێك دەبوو، تا من گەشتمە ئەویٚ هەورێکی سپی بەری ئاسمانی گرتو کردی بەکەوەڕۆژ. وورده وورده هەورەکە سپی دەبویەوەو بۆشکی دەخستە سەر زەوی. کاتژمێرێك پێش بانگە ئێوارە کلوی سپی گەورە گەورە هاتە خوارەوەو لەسەر وشکی لەماوەیەکی کەمدا دنیای سپی کرد. دەباریو دەباری هەموو سەوزاییەکی داپۆشی، تا بانگی ئێوارەیدا بستێك بەرز بوویەوە. دنیا کپو خامۆشو بێ دەنگ بوو، خەڵکی چونە سەربانو بە بەفرماڵ بەفرەکەیان فڕە دەدایە خوارەوە. گلۆپە سەدیو شەستییە زەردەکان لە هەیوانی ماڵەکانەوە تیشکی خۆیان خستبووە سەر بەفرەکە، تا دنیا تاریك تری دەکرد بەفرەکە زیادی دەکرد. سۆپای داری ماڵی باوام کلپەی دەهات، منو مامە زاهید کە تەمەنمان لەیەکترەوە نزیکەو سەباحی مامە ئەحمەد کە ئەویش ساڵێ لەمن بچوکتر بوو، بەو ئێوایە کەوتینە تەی کردنی ناو ئاوایی ولە خۆشی بەفر ئۆقرەمان نەبوو دەهاتینو دەچوین. تا نیوە شەو چەندین جار بانەکانیان خاوێن دەکردەوەو دیسان پڕ دەبوویەوە. تا بەیانی بەر هەیوانو پەنجەرەی ماڵی باوام بەقەد بەرزی خانووەکە بەفری تێدا کەوتبوو. شارەزوور یەك پارچە لەناو سپیایی بەفردا ون بوو. ئای چی دیمەنێکی جوانی هەبوو، هەرچی دارو دەوەنو توترکە لەژێر قورسایی بەفردا لە پەلوپۆ کەوتبوو. کارەبای ناوچەکە بڕا بەفر ستونی سەرەکی کارەبای هەڵەبجەی خستبووە سەر زەوی.

تا نزیکی نیوەڕۆ دنیا لەناو تەمومژی بەفردا دیار نەبوو، وورده وورده ناوچەکە ڕووناك بوویەوەو گوندەکانی تر دەرکەوتن، بەدەرکەوتنی تەپی سەفا خەیاڵی سەرگردو شەڕە بەفرو ڕاوە چۆلەکە کەوتە سەرمو کەوتمە بیانووی ڕۆشتنەوە بۆ تەپی سەفا. بەڵام بەفر لەسەرووی ئەژنۆمەوە بوو کەسیش ئامادە نەبوو ڕەوانەم بکاتەوە، منیش لەبەر ئەوەی گۆرەویم لە پێدا نەبوو نەمدەتوانی بەرزی نیو مەتر بەفر شەق بکەمو ڕێگا ببڕم، دەچوومە پشتەوەی ماڵ باوامو کەمێ دوور دەکەوتمەوە، هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی ڕێگای بەفراوی تەی بکەمو پاشەوپاش دەگەڕامەوە. مامە دارام گەنجێکی بزێوو بەگوڕ بوو هەمیشە لەبەفردا دارلاستیکەکەی لەملیدابوو لەگەڵ گیرفانێکی پڕ لە وردە بەرد دەستیشی زۆر ڕاست بوو نەمبینیوە بۆ نێچیرێك بیکات بە دوو بەرد، لەگەڵ تەقاندنی یەکەم بەرددا هەناسەی لێ دەبڕی. چاوی بە منەوە بوو دەهاتمو دەچووم، وتی حەز ئەکەیت بتگەیەنمە نزیکی تەپی سەفا، وتم ئەرەوەڵا مامە گیان دەستیشت ماچ ئەکەم. ووتی وەرە سەرشانم، کەوتەڕێو بەفری شەق دەکرد منیش بەو بەرزاییەوە دەستم گرتبوو بە سەرییەوەو دوعام دەکرد ماندوو نەبێتو پەشیمان نەبێتەوە، ناحەقی نەبوو بگەڕێتەوە گوێم لە هەناسەی توندی بوو گەرمای سنگی دەهاتە دەرەوەو هەڵمێکی گەورەی دروست دەکرد. لە ڕێگای خوارەوە ڕۆشتین لەوێ دەگەشتین بە جۆگەی بوزانەو ڕێگای سەرەکی تەپی سەفا کە تراکتۆرەکان ڕێگاکەیان کردبوویەوەو هەموو کەس دەیتوانی لە جێگا تایەی تراکتۆرەکانەوە بەئاسانی ڕێگا ببڕێت. وتی لێرە باشە؟

وتم بەڵێ تۆ بگەڕێوە. لەخۆشیدا بە پێنج خولەك خۆم گەیاندە ناو ئاوایی. ئەوبەفرە زۆرە بۆ ماوەی هەژدە ڕۆژ لە تەختی شارەزووردا مایەوە، بەرزاییو بناری شاخ درەنگتر توایەوە. ئەوە شاخەكان تا چلەی هاوین بەفری پێوە مابوو. ساڵێكی ساردو بەفراویو سەرماو سۆڵە بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٢/١/١٥ پێشمەرگەیەكی زۆر لەناو تەپی سەفادا بوون، كاك شەوكەتو كاك حامی لێپرسراویان بوون، ئەو ڕۆژە مامە حاجی عەبدولمحەمەد مۆری موختارییەكەی تەسلیم بە كاك حامی كردبوو، دەیوت ئیتر من موختاری ناكەم. كاك شەوكەت كەوتبووە نێوانیانو مۆرەكەی بۆ مامە حاجی گێڕایەوە.

١٩٨٢/١/٢٧ ڕژێمی بەعس بە ٧ كۆپتەرو جاشو جەیشێكی زۆرەوە هێرشی كردە سەر پێشمەرگەكانی حزبی سۆسیالیستو یەكێتی نیشتمانیو حزبی شیوعی لە سێكانیان. لەبەر ئەوەی پێشمەرگەكانی حسك دوو پسپۆری فەرەنسییان فڕاندبوو، هەرچەندە ئەم سێ لایەنە نەیاری یەك بوون، بەڵام شەڕێكی باشیان كردو زەرەو زیانی زۆریان لە دوژمن دا. لەم شەڕەدا ١٣ پێشمەرگە كوژران، كە زۆربەیان لە حزبی شیوعی بوون.

١٩٨٢/٢/١٢ تەرمی مەحمود عەلی نادر یان هێنایەوە بۆ گوندی كانی شێخ كە سەرباز بوو لە خەفاجیە لەبەرواری ٢/١٠ ١٩٨٢ دا كوژرابوو.

١٩٨٢/٢/١٤ كۆچی دوایی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاكەلی.

١٩٨٢/٢/٢٠ پێشمەرگە ئەحمەد دوانزەئیمامی لە ناوچەی گەرمیان گیانی بەختكرد.

١٩٨٢/٢/٢١ نزیكەی ٤ سانتیمەتر بەفر باری لە شارەزوور.

١٩٨٢/٢/٢٧ لە هێرشی دوژمندا بۆ سەر گوندی جێشانە چوار پێشمەرگە كوژران بە ناوەكانی ئەنوەر باڕۆیی، نوری هورمرزیار، عەبدول شێخ ویساڵ، بەكر خەمە.

١٩٨٢/٣/٥ لە داستانی قازان دا فەرماندە ئەنوەر حەسەنو یازدە پێشمەرگەی تر كوژران.

١٩٨٢/٣/١٨ هێزەكانی ئێران لە ناوچەی شوشو دیزەفولەوە هێرشیان كردە سەر سوپای عێراق، بەماوەیەكی كەم ناوچەكەیان لەدەستی عێراق سەندەوەو هەزاران سەربازیان لێ كوشتن. وە لەو شەڕەدا كە دوو ڕۆژی خایاند ١٩ هەزار سەربازی عێراق بەدیل گیران.

١٩٨٢/٣/٢١ پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەكانی یەكێتی لە ناوچەی ساڵەیی (عەلی ساڵح) دوای ئەوەی بریندار كرا، بۆئەوەی بە برینداری نەكەوێتە دەستی دوژمن خۆی كوشت.

١٩٨٢/٣/٣٠ شەڕی پێشمەرگەو ڕژێم لە ناوگردان ڕویدا لەم شەڕەدا عوسمان كاكە ڕەشو حەمە حەسەن دەرەدۆینی گیانیان بەختكرد.

١٩٨٢/٣/٣١ هەژدە پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە گوندی بەکربایەفی گەرمیان بەدەستی جاش‌و جەیشی بەعس کوژران.

١٩٨٢/٤/٢٤ ڕادیۆی تاران بلاّوی کردەوە کە سوپای ئێران ڕێگای سەردەشت‌و بانەیان گرتووەتەوە.

١٩٨٢/٤/٢٨ هێرشی عێراق بۆ سەر شارەکانی ئێران بەردەوام بوو لە ناوچەکانی خەفاجییەو ئەهوازی عەرەب نشین.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕاپەڕینەکەی سەیدسادق

١٩٨٢/٥/٣ ڕاپەڕینێك لە سەیدسادق بەرپابوو. مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد[١]) لە تۆڕی کۆمەلاّیەتی فەیسبوك باس لە ڕوداوێك دەکات کە لەم ڕۆژەدا لە سەیدسادق ڕویداوە: ئەمڕۆ سەید سادق وەك سەرجەم شارەکانی تری پارێزگای سلێمانی ڕاپەڕی بەڕووی زولّمدا. ئەو کاتە قوتابی پۆلی یەکی ناوەندی بووم شۆڕش لە ڕێگەی ڕیکخستنەکانیەوە، ئەوانیش بە بەکارهێنانی مکەبەرەی مزگەوتەکان‌و بلاّوکردنەوەی بەیاننامەو بەنوسینی سەردیوارە کان، خەلّکی سەیدسادقیان ئاگادارکردەوە، خەلّکەکەش بەدەم داواکاریەکانیانەوە هاتن، کەس دوکان‌و بازاڕی نەکردەوە، قوتابیانیش دەوامیان نەکرد. پاشان حکومەت هات قوفلّی دەڕابەکانی شکاند بۆ ئەوەی خەلّك بێت دوکانەکەی بکاتەوە، هەر بۆیە یەکێك لە دروشمی دەنگمان بریتی بوو لە (سەربازی سەددام حسێن قوفلّ‌و دەبابە شکێن). دەسکەوتەکانی ئەم ڕاپەرینە ئەوەی کەمن بیرم مابێت‌و هەستم پێ کردبێت، ئەو سەردەمە نزیکەی چوار وانەی قوتابخانەکان بە عەرەبی دەخۆێنران بۆ سالّی داهاتوو لەژێر گوشاری ئەو ڕاپەرینەدا کران بە کوردی، تەنانەت من بیرم دێت لە یەکی ناوەندیدا جوگرافیاو مێژوو وپەروەردەی نیشتمانی بەعەرەبی بوو، کەخوێندنی سالّی ئایندەمان هات لە دووی ناوەندی ئەو خوێندنانە بوون بە کوردی. وە دەستەکەوتێکی تری ئەوتوندو تیژییە کە هەی بوو لە سەر سەربازە کوردەکان کە لە سەربازی هەلّدەهاتن، لە سەر ئێمە نەما مەگەر یەکێك بە ئاسانی بکەوتایەتە بەردەستیان دەیانگرت، ئەگینا زۆر بەدوایدا نەدەگەڕان. زیانەکانی ئەم ڕاپەڕینە کوژرانی پێنج کەس بوو کە ئەمە ناوەکانیانە:

١. حەسەنی مەلا ڕەحیمی گرێزە، کەقوتابی سێی ناوەندی بوو، بە ڕەحمەت بێت بە بیرم دێت کتێبی کیمیاکەی پولی سێی ناوەندی پێ بوو لە کۆلانی قوتابخانەی ڕێبازی ئێستەدا کتیبەکەی بە خۆینەوە بەجێ مابوو.

---

١ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پێشنوێژو وتارخوێن لە سەیدسادق، ٢٠١٦.

٢. محەمەد سدیق مەلاوەیسەیی، بە ڕەحمەت بێت نەیان دەزانی چی لێبکەن ئەویش ماوەیەکی زۆر بە برینداری لە ناو تابوتێکدا لە مزگەوتی حاجی فەتاحدا ڕایان کێشابوو توخوا فەقیرە قسەیشی دەکرد کۆمەڵێك بووین بە سەریەوە ڕاوەستا بووین ئەی ووت چیم لێ دەکەن کەسیش نەی دەتوانی بیبات بۆ نەخۆشخانە.

٣. ژنێکی گەرمیانی ناوی (عەینا) بوو لە سەر بەرزاییەکەی وەیسدا کوژرا.

٤. گوڵچینی حاجی مەحمودی کانی ئاسکانی کە خالۆزای خۆم بوو.

٥. کوڕی حاجی ساڵحی لاوەلای شاتری.

وە هەروەها حکومەت دوو قوتابخانەی ناوەندی لە گەڕەکی حەسار بوو یەکێکیان لەجێگەی قوتابخانەی ئیستەی سەیدسادقی بنەڕەتی، وە ئەوی تریان لە جێگەی قوتابخانەی کوردستانی نوێ، ئەوەی کە ئێستە خەریکی دروست کردنەوەین لە بنەڕەتەوە، هەردووکیان گواستەوە بۆ بەری ناوچە حوکومییەکان، یەکێکیان بۆ شۆینی چیای ئێستە ئەوەی تریان بۆ شوێنی ئاسۆی ئێستە، بۆ ئەوەی دەست بگرێت بە سەر قوتابیاندا کە فرەستیان بۆ ڕێنەکەوێت خۆ پیشاندان بکەن. وە هەروەها لەکارە نادروستەکانی ڕژێم شکاندنی قوفلو دەڕابەیەکی زۆری ناوبازار وە هەروەها لە کارە ناڕەواکانی پشکنینی ماڵەکانی گەڕەکی حەسار بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٢/٥/٢٦ حەمەی برای ڕەشەی ساڵحە لە گردەنازێو دەوروبەری. بەدەستی پێشمەرگەی شیوعیو سۆشیالیست کوژرا[١].

لەگەڵ مێردمناڵەکانی ئاوایی (ئومێد محەمەد، نوعمان حاجی عەلی، عومەر مەجیدو چەند کەسی تر) لەسەر جادەی قیر لەنێوان گوندەکانی تەپەنۆڵەکەو لامەکەزیدا بە لای وڵاخەوە بوین، ڕۆژانە مانگامان دەهێنا لەوێ دەمان لەوەڕاندن. پیاوێكو مناڵێك بەسواری گوێدرێژێکەوە دایان بەلاماندا، پیاوە خێرا ورزەنگی دەدا لە گوێدرێژەکە بۆ ئەوەی بە خێرایی ئەو ناوە بە جێ بهێڵێت، وتمان خاڵۆ گیان چی ڕویداوە، مناڵەکە وتی: پێشمەرگە، باوك نەیهێشت قسەکە تەواو بکاتو لەئێمە دوور کەوتنەوە. چەند ئۆتۆمبێلێك دایان بەلاماندا خەڵك لە جامەکانەوە یان لەدوای جێبە چادرەکانەوە دەیان وت: بڕۆن ئێرە بەجێ بهێڵن. ئێمە لەم قسانە کەوتینە گومان! بۆچی ئێرە بەجێ بهێڵین؟ بێ ئاگا لەوەی پۆلێك پێشمەرگەی شیوعی لەنزیکە ئێمەدا بۆسەیان بۆ ڕژێم داناوەو دەیانەوێت هەر ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لەوێوە بێت تەقەی لێ

---

١ محەمەدی حاجی مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

بکەن. ئەو ڕۆژە لە نێوان سەیدسادق و سیرواندا چەند بۆسەیەك دانرابوون. لەوە تێگەیشتین کە بۆسەیەك لە نزیکان هەیە، ولآخەکانمان دایە بەر بەرەو ڕێگای تەپی سەفا، پێش ئەوە بگەینە ڕێگاکە ئیڤایەکی سەربازی بەرەو ڕوومان هات. زۆر ترساین وتمان ئێستا دەبێت بە تەقە. ئێمە بووین بە مایەی ئەوەی ئامانجەکە پوچەڵ بکەینەوە، چونکە ئێمە لە ئاستی پێشمەرگەکان بوین دەبوایە ئیڤاکە لە جێگاکەی ئێمەدا تەقەی لێ بکرایە، بەڵام پێشمەرگە نەخشەکەی لێ تێکچوو سەد مەترێك پێشتر دەستیان نا بە پەلەپیتکەی (ئار بی جی)داو شریخە هەستا، چاومان لێ بوو گولله ئاربیجی بەرەو تەپی سەفا ڕۆشتەو تەقییەوە، ئامانجەکەی نەپێکا، ئیڤاکە تا خۆی گرتەوە هاتە ناو ئێمە، لەگەڵ سەربازەکان تێکەڵاو بوین، بوو بە قرچەو ناڵە، ڕەبیەی سەر گردەکەی تەپەگوڵاویش بەچەکی (بی کەی سی) ئەو ناوەیان داگرتەوە. بەناو جۆگەیەکدا بەسکەخشە لە نێوان گوندی شەکرالیو تەپی سەفا بەرو ژوور بوینەوەو گەشتینەوە شوێنی سەلامەت. کەس نەیزانی مانگاکان بەرەو کوێ بڵاوەیان لێ کردبوو. بۆ ئێوارە گەورەکان کەوتنە سۆراخی دۆزینەوەیان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٢/٥/٣٠ هێزێکی هاوبەشی سۆشیالیستو پارتیو شیوعی لە قاجر توشی شەڕ بوون. لەو شەڕەدا لەپارتی حەمە قوتەی سەرگەڵوو وە لە سۆسیالیست بەرزان عەلی حسێن ولە هاوڵاتی حاجی مەحمودی تەپەسەرقوڵە کوژران[١].

١٩٨٢/٦/٨ لەشارۆچکەی دوجەیل کە شارۆچکەیەکی سوننە نشینە هەوڵی کوشتنی سەددام حسێن درا. بەڵام هەوڵەکە بێ سود بوو. سەددام بەرنەکەوت. دواتر سەدان کەسی ئەو شارۆچکەیە زیندانی کرانو لە سێدارە دران. وە زەویو زارەکانیان لێ سەندراو شاربەدەر کران.

١٩٨٢/٦/١٢ فەرماندە عوسمان مەستەکانی لە گوندی گامێش تەپە کوژرا.

١٩٨٢/٦/١٣ پاشای سعودیە خالید بن عەبدولعەزیز کۆچی دواییکرد.

١٩٨٢/٦/٢٥ لەناوچەی شارباژێڕو گوندەکانی ڕەزڵەو پاڕەزانو حاجی مامەند، یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵیان کوتایە سەر لەشکری ئیسلامی کە لەلایەن ئێرانەوە دروست کرابوو، بەتەواوی ئەو لەشکرەی بەکەمترین زیان چەك کردو سەرکردەکانی دیل کرد. ئەو لەشکرە بۆ جارێکیتر نەکەوتەوە سەرپێی خۆیو بەتەواوی تواپەوەو چەكو جبەخانەکەی کەوتە دەست یەکێتی. لەو شەڕەدا جەلالی مەلا

١ محەمەدی حاجی مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

نەجمە هەڵەبجەیی‌و مامە حەمە کەلای کاکە حەمەی حاجی سابیر بوو شەهید بوون. وە کاك حامیدی حاجی خالیدو کاك ئەحمەدی برای‌و عەبدولی حاجی حەمە شەریف بریندار بوون.

جەلالی مەلا نەجمە لەگەڵ ماڵی کاکە حەمەی حاجی ناجیدا تێکەڵاوی هەبوو، ئەوان لادایەکی سەوزیان هەبوو ماوەیەك شۆفێری بۆ دەکردن، لەگەڵ خوالێخۆشبوو سەرکەوتی کوڕیان هاوتەمەن‌و هاوڕێی خۆشەویستی یەك بوون، هاوینی ساڵی ١٩٨٠ هەردوکیان لە تەپی سەفا بوون، منیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ ئەحمەدئاوا، من منداڵ بووم جوتێك نەعلی پەنجەم لەپێدابوو. ساردی‌و بسکیت‌و ئایسکرێم‌و ترۆزی بەترشو خوێوە خواردو چەند وێنەیەکی فەوریمان گرت، هاتینەوە بۆ خورماڵ، لەناو بازاڕەکە جەلال‌و سەرکەوت دابەزین‌و لەگەڵ پیاوێك لە تەمەنی چل ساڵ بەرەو ژووردا دەستیان دایە یەخەی یەك‌و بوو بەشەڕ. ئێستاش نەمزانی ئەو شەڕە لەسەر چی ڕویدا، زۆر جوان لەیادم ماوە کابرا وتی دەچم شکاتتان لێ دەکەم‌و بەرەو مەرکەزی پۆلیس بەڕێکەوت. سواری لاداکە بوینەوەو دامان بەلای کابرادا تایەیەکیان لەجادە بۆ خستە سەرخۆڵ هەندێ تەپوتۆزیان بەسەردا کردو هاتینەوە بۆ تەپی سەفا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٢/٦/٢٦ عەزیز حەمە ساڵح تاوگۆزی کە بە فەرمانی مام جەلال کرا بە فەرماندەی کەرت لەناو یەکێتی دا، هەر بە فەرمانی یەکێتی لە شارباژێڕ لە لایەن یەکێتییەوە لەتۆڵەی کوشتنی کەسێکدا دەکوژرێتەوە. هەرچەندە هەوڵی زۆر درا کار نەگەیەت بە تۆڵەو کوشتنەوە بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی کەوتنە ژێر فشاری خزمانی کەسە کوژراوەکەو بڕیاری کوشتنی ناوبراویان دەرکرد.

١٩٨٢/٦/٢٧ شەشەم ڕۆژی ڕەمەزان بوو. لە دەشت پاچەکۆڵەمان دەکرد، دایکم‌و گەورەکان بەڕۆژوو بوون، ئێمەش حەزمان دەکرد بڵێین بە ڕۆژووین بەڵام نەماندەتوانی تەواوی بکەین‌و نیوەڕۆ دەمان شکاند.

١٩٨٢/٨/١ حسێن عەزیز قادر موکری گڵاڵی باوکی عەلی‌و عومەرو ئەبوبەکر لە گوندی مالوانی ڕەشید ڕەمەزان کۆچی دواییکرد.

١٩٨٢/٨/٦ کۆچی دوایی شاعیر محەمەد ئەمین کاردۆخی.

١٩٨٢/٨/٢٥ شەڕو هەرایەك ڕویدا لە گوندی ئیمامی زامن چەند کەسێك بریندار بوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## قەترە بێتامیتازۆنەکەی دکتۆر هەژارو چاوی من

١٩٨٢/٨/٣١ کات لەکۆتایی مانگی ئاب دا بوو، بڵێسەی گەرمای شارەزوور کەف‌و کوڵی خۆی ڕشتبوو بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی ئەستێرەی گەلاوێژەوە دنیا بە شەودا فێنك‌و بە ڕۆژدا گەرم بوو. پەڵە پەڵەی هەور بە ئاسمانەوە قەتیس بوو بوو، دوکەڵێکی سپی سەرتاپای چەمی زەڵمی لەخۆیدا شاربوویەوە. لەسەر جادەی سیروان، سەیدسادق نزیك بە گوندی تەپەتۆڵەکە لەقەراغ ڕێگاکەدا وەستابوین، چاوەڕوانی

هاتنی ماشێنێك بوین لە سیروانەوە بۆ سەیدسادق بچێت، ئیڤایەکی سەربازی بەلاماندا تێپەڕی، یەکێکی تر بەدوای ئەودا هاتو هەوای تایەکانیان کەمێ تەپوتۆزی قەراغی جادەکەی کرد بەسەرمانداو هەوایەکی فێنکی بەیانیانی لەگەڵ خۆدا هێنا. ماشێنێك لە گوندی لامەرکەزییەوە دەرکەوت وا دیار بوو کە جێب بێت! ئەو ماشێنانەی کە نەفەریان دەگواستەوە لەو خەتەدا زۆربەیان جێبی درێژو کورتو پاسی ١٨ نەفەریو ڕاڤو پۆڵەنی بوون.

یاالله ئەم جێبە کەسی تیا نەبێتو بەتاڵ بێت، ئەمە قسەی خاڵۆ مارف بوو لەکاتی چاککردنی جامانەکەی سەریدا.

بەخوا شوکر چۆڵ دیارە، خاڵۆ حەمە وای وت.

جێبەکە پێش ئەوەی بگات بە ئێمە هۆڕنێکی لێدا، ئەوەش نیشانەی ئەوەبوو کە بەتاڵەو پێی خۆشە نەفەر دەستی لێ بگرێت. خاڵۆ مارف خێرا دەستی ڕاستی تانزیکی جادە قیرەکە درێژ کردو کەمێ بەهەوادا وەستاندی، ماشێن خێرا ئیستۆپەکانی شێلا، دۆسەیەك دوان سیانو لە چوارەمدا لەقیر خۆی خستە سەر چەوەکەو چەند مەترێك ئێمەی ڕەت کردو وەستا.

خاڵۆ مارف دەرگای پێشەوەی ماشێنی لاداو کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ شۆفێردا. دواتر وتی وەرن سەرکەون خۆیو خاڵۆ حەمە لە پێشەوە دانیشتنو ئێمەش دوو منال لەگەڵ سێ ژن لەدواوە دانیشتین.

شۆفێر لە ماشێنی خوڕیو خستییەوە سەر قیر، گردی گۆمان تێپەڕاندو گەیشتین بە پردی زەڵم، چەند سەربازێك لەناو گوێنیە خۆڵەکانی سەر پردەکەدا بە خودەکانی سەریانەوە بە پێوە وەستابوونو چاودێری جادەکەیان دەکرد. ئەو ڕەبیەی سەر پردە ڕۆژانە لە ژێر بۆردومانی تۆپەکانی ئێراندا بوو کە لە دزڵیەوە هەڵی دەکرد، بۆ ئەوەی هێلی هاتووچۆی هەڵەبجەو ناوچەکە ببڕێت.

پاش تێپەڕبوونی بیست خولەك گەشتینە شارۆچکەی سەیدسادقو لەوێ لە نزیکی گەراجی ناڵپارێزو پێنجوێن دابەزین. ئێستا دەبێ جێبێکی تایبەت بگرین ڕاستەوخۆ بۆ گوندی ڕەزڵە بڕواتو لەهیچ جێگایەکی تر لانەدات. ئێمەی مێردمنال لە تاسەی ئەوەدا بوین کەی بگەین بە ئارامو ئالانو بەیەك شاد ببینەوە، کێشەی ئێمە گرتنی ماشێنو سەودا مامەڵە نەبوو، ئەوە کاری گەورەکان بوو.

(سەرحەدو ئەسعەد) لەگەڵ (ئارامو ئالان) لفەو دوانەی زەمەنی زیندانی ناسرییەو یاریو شەڕەشەقی ناو ئاوایی تەپی سەفا بوینو هەر دابڕانێك لەیەکتر دنیامان لەبەرچاو تەسك دەبویەوەو ئۆقرەمان لێ دەبڕا. قەدەری دەستنیشانکراوی ئێمە وابوو بە شەهید بوونی باوکمان لە جێگایەکدا جێگیر ببینو بەردوام بین لە خوێندن، قەدەری ئەوانیش وابوو هەر ساڵەو لە جێگاو ناوچەیەك بن بەبۆنەی کاك شەوکەتی حاجی مشیری باوکیانەوە، ماوەیەك لە تەپی سەفا خرانە بەر خوێندن دواتر بۆ شاریاژێڕو دوای ئەوە ناوچەی بێتواتەو دواتر قەرەداغو لەوێوە بۆ سەقزو سنەو دواتر لە بەریتانیا بگیرسێنەوە. ئەم چوار پورزایە تا

ئێستاش بە جیاوازی بیروبۆچوونمانەوە هەر بەو نەفەسی منالّیەوە سۆزو خۆشەویستیمان بۆیەکتری هەیەو لە دوورو نزیك پەیوەندیمان نەپچڕاوە.

جێبە ستێشنەکە گەیشتە نالّپارێزو بەدەستی چەپ دا کەوتە سەر ڕێگایەکی خاکی. ماوەیەك ڕێگای بڕی چەند کەسێکی پیادەڕەو ڕووبەڕوو هاتن، لەترسی تەپوتۆزی ماشێنەکە خۆیان خستە ئەو بەرەی کە هەواکەی بۆ نەدەچوو، شۆفێر هۆڕنی بۆ لێدانو ئەوانیش بە دەست سلاّوەکەیان سەندەوەو ڕەت بوون.

دوای تێپەڕاندنی گوندەکانی گولاّنی سەرو خواروو لەگەلّ چەند هەورازو نشێوێك خۆی کرد بە ناو ئاواییەکی بچوکی گەمارۆدراو بە زنجیرە بەرزاییو شاخێك کە تەنها ئاسمانی لێوە دیار بوو. وتیان ئێرە گوندی ڕەزلّەیە.

هەموومان لە ماشێن پیادە بوینو بەرەو خانوویەکی خنجیلانە ڕۆشتین کەدیوارەکانی بە قوڕێکی سپی وەکوو بەفر سواغ درابوون، وە دارگوێزێکی گەورە لە حەوشەکەیدا بوو، سێبەرێکی چڕی بەسەر سەکۆیەکەوە دروست کردبوو، دیمەنێکی جوانی بەو دەوروبەرە بەخشیبوو. وتیان ئێرە مالّی کاك شەوکەتە. پورە دلوستانم خوشكو براو براژنەکانی بەخێرهێناو ئێمەشی لە ئامێز گرت. قالّییەکی ئێرانی لەسەر سەکۆکە لە ژێر سێبەری دار گوێزەکە ڕاخرابوو، کورسیەکی درێژی تەختەش کە دارەکانی لەبەر بارانی زستان کالّ بوبوبیەوە دانرابوو، کەسێك بیویستایە پێلاوەکانی دانەکەنێتو نەیەتە سەر قالّییەکە لەسەری دادەنیشت.

ئاوایی جمەی دەهات لە پێشمەرگە، بنکەو بارەگاکانیان لەناو دێ بوو، پاش کەمێ کاك شەوکەت هاتەوەو دکتۆر هەژاری لەگەلّدا بوو بەخێریان هێناین. دکتۆر کاتێ منی بینی وتی ئادەی وەرە چاوەکانت بۆچی سوور بوون؟ دەستی برد پێلّووەکانی بەرز کردمەوەو تەماشای کرد وتی ئەم کوڕە هەستیارییەکی زۆر زۆری هەیەو تا تەمەنی نەبێت بە بیست سالّ ئەم نەخۆشییە ناپەڕێنێت, دەستی برد لە جانتاکەیدا قەترەیەکی بیتامیتازۆن-نیوماسینی دەرهێناو دوو دلۆپی لێ کردە چاوم، وتی ماوەیەك چاوت دابخە تا کاری خۆی بکات، دوای نیو کاتژمێر شیفایەکی زۆر باشم بۆ هاتو چاوم لەسور بوونو خوران ڕزگاری بوو. قەترەکەی پێدام وتی هەموو ڕۆژێك دوو جار بەکاری بێنەو ئەگەر تەواویش بوو لەشار وەری بگرنەوە.

من چونکە لەشارەزوورێکی تەختەوە هاتبووم بۆ جێگایەك تەنها ئاسمانی لێوە دیار بوو دلّم زۆر تەنگو گیرا بوو، هەستم بە تەنگەنەفەسی دەکرد. وەکوو ئەو کەوەم لێهاتبوو کە دەرگای قەفەسەکەی لێ دەگرنو بەندی دەکەن.

دوای عەسر لەگەلّ ئارامو ئالان بەرەو ژووری ئاوایی ڕۆشتین بۆ ئەوەی بچین بۆ لوتکەی ئاخی الله اکبر لە دەرەوەی ئاوایی ریزێك قابلەمەی گەورەی فافۆن بەسەر ئاگری داربەڕووە بوو لە جۆشی کولاّندا بوون. کاك سالّحی مەجیلانو لوقمانی کاك حەمە سالّح بەشارەتیو کاك عەزیز کولکنیو چەند پێشمەرگەی تر

سەرگەرمی سەروپێ کولاندن بوون، ئەو مەنجەلانە هەموو سەروپێ بوون، نازانم بەچی بۆنەبەکەوە ئەو ئێوارەیە گوندیان هەموو گرتبووە سەروپێ.

لەگەڵ ئارام ئالانو ئەسعەدی برام لوتکەی شاخ گەڕاینو هەندێ تاوێرو بەردمان بۆ خوارەوە بەردایەوەو بەگەمەو گاڵتەو پێکەنینو گوێزی تەڕ خواردنەوە ڕۆژمان تەواو کردو بەدەستی ڕەشەوە هاتینە خوارەوە بۆ ناو ئاوایی.

شەوی ڕەزڵە لەسەر سەکۆی بەرماڵ لەناو نوێنی ساردو لەبەر تریفەی ئەستێرەکاندا شەوگارمان دوولەت کرد، شەماڵ گەڵای دار گوێزی زۆر بە ئەسپایی دەجولاندو ئەو مێشولانەشی دوور دەخستەوە کە جار جار بەلای گوێماندا گۆرانییان دەوت. لەنیوە شەودا ئاوایی کشو ماتو بێ دەنگ بوو، جگە لە دەنگی پەپویەك کە لە دوورەوە دەیخوێندو زەڕەی گوێدرێژێك کە لەتەویلەیماڵێکدا بەسترابویەوە هیچ دەنگێکی تر نەدەبیسترا، تا ئەو کاتەی پێشمەرگەکان نۆبەتی پاسەوانییان تەواو دەبوو لەکاتی هەستاندنی هاوڕێکانیان غەڵبەغەڵبێ پەیدا دەبوو، دواتر ئەویش نەدەماو دنیا لە بێ دەنگیو تاریکیدا نوقم دەبویەوە.

١٩٨٢/٩/١ بۆ دووەم ڕۆژ لە ڕەزڵە بوین، گوێز تازە پێ دەگەشت دەچوینە سەر داری گوێزو ئەوەندە گوێزمان خواردبوو بە تەڕی، دەستو دەممان هەموو ڕەش بوو بوو. بەتەما بوین زیاتر بمێنینەوە بەڵام هەواڵ هات وتیان مامە حەمۆل لە تەپی سەفا باوکی کاك حەسەنو حاجی خالیو حاجی عومەرو لوقمان کۆچی دواییکردووە، بەو بۆنەیەوە گەڕاینەوە بۆ تەپی سەفا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٢/٩/٤ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێزێکی خۆی ڕەوانەی خۆرهەلات کرد، تاوەکوو یارمەتی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بدەن لەشەڕی دژ بە ئێران دا[١].

١٩٨٢/٩/٣٠ عوسمانی عەلی چەتون کە جاشی ڕژێم بوو لە گوندی سۆیلەمیشی شارەزوور کوژرا.

١٩٨٢/١٠/٢ ڕۆژی شەممە دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە لە قوتابخانەی تەپی سەفا لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم.

١٩٨٢/١٠/٤ کۆچی دوایی ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆککۆماری پێشوی عێراق.

١٩٨٢/١٠/٩ عیزەدین محێدین نەورۆڵی لە ئالۆەتان گیانی بەختکرد.

---

١ ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

١٩٨٢/١١/١٧ لە شەڕی یەکێتی دا لەگەڵ هێزەکانی سوپای پاسداران، چەندین پێشمەرگەی یەکێتی کوژران، لەوانە فاتیح مستەفا ئێناخی فەرماندەی مەفرەزە، فەیسەڵ مەلا عەلی ناسراو بە کاکەشێخ فەرماندەی کەرت، عومەر حەمە عەلی ناسراو بە عومەر چاوجوان فەرماندەی مەفرەزە، سەعدی عەبولە فەرماندەی مەفرەزە. وە کەیکاوس‌و هاشم بۆینی بەسەختی بریندار بوون. ئەم پێشمەرگانە لەسنوری هەڵەبجەوە لەلایەن مام جەلالەوە بانگهێشتی ئەو شەڕە کرابوون[1].

١٩٨٢/١٢/٢٥ لەم ڕۆژەدا ملازم تایەر عەلی والی بەگو ملازم عوسمان والی بەگو مامۆستا کامەران سەعید والی بەگو مامۆستا کەمال عەبدوڵا فەرەج لە چیای قەندیل گیانیان بەختکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٣

بە پەلە لەگەڵ عەتاو ئارام خۆمان کرد بە دوکانی ڕەیسدا، چاومان بۆ ڕەفەی پیلەکان گێڕا:

ڕەیس گیان پیل، پیل، من بە هەناسەبڕکێ وام وت

ڕەیس بە کاوەخۆو بە پێکەنینەوە ئەهـ - ئەهـ دش حەمە لاو گیان کام جۆرەی پیل، گەورە، وەسەت، قەڵەمی؟

گەورە گەورە درەنگە با هەڵنەفڕن عەتا وای وت

ئەهـ ئەهـ چی هەڵئەفڕێ مریشك، چۆلەکە، کۆتر ؟ ڕەیس بۆ هەموو قسەیەك قەشمەرییەکی دەکرد

نا بۆ چۆلەکەو پۆڕمانە ئەچین بۆ چەمی بوزانە من وام وت .لەڕاستیشدا کوڕی چەمی بوزانە نەبوین بەو شەوە تاریکە

ڕەیس پیلەکانی داگرت‌و شەش پەنجاییمان دایەو سێ پیلی گەورەمان لێ وەرگرت، کردمە ناو لایتە سێ پیلییەکە. سەری دەرچەی دواوەی لایتەکە سپرینگەکەی نەوی بوو دەبوایە پارەیەکی کانزاییمان لە پشتی پیلەکانەوە دانایەو دواتر سەری دەرچەکەمان قەپات بکردایە بۆ ئەوەی وزەکە بگەیەنێت‌و هەڵ ببێت.لایتم داگیرساندو شەوقەکەیم خڕ کرد بۆ ئەوەی دوور بڕوات

دوکانی ڕەیسمان بەجێ هێشت‌و بەرەو ناوەڕاستی ئاوایی بوینەوە.

دنیا کش‌و مات‌و بێ دەنگ بوو، ئاسمان هەوراوی‌و دنیا نوتەك‌و تاریك بوو، شەوگاری درێژی پایز لە لادێدا هەروا بە سانایی تەواو نەدەبوو، کرۆکاڵ لەچەند ماڵێك کۆ دەبونەوەو یاری کلاوێن‌و دۆمینەو ئەزنیفیان دەکرد، قوتابییە زیرەکەکانیش بە دەرس‌و دەورەکانیانەوە سەرقاڵ بوون

---

١ حەمەی حەمەسەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٣.

جار جار وەڕینی سەگێك‌و دوان گۆمی بێ دەنگی ئاواییان دەشلەقاند، تنوکە بارانیش لەسەر گەڵا زەردەکانی پایز خرمەی دەکردو دەیخستنە خوارەوە. شەوقی زەردی گلۆپە شەستییەکان لە تاقی ماڵەکانەوە ڕەنگی ئاوایی کردبوو بە ڕەنگێکی ئاڵتونی

دەبوایە بۆ پەرێزی ئەو دارتووانە بچین کە دوورە لە ڕۆشنایی گلۆپەوەو لە تاریکی شەوی باراناوی پایزادا ون بوە، دارێك دوان سیان گەڕاین. لایت بەدەستی منەوە بوو،دارلاستیك‌و بەردیش بە عەتاو ئارام . کالە لاستیکەکانمان وردە وردە قوڕی هەڵدەگرت‌و گەورە دەبوو، لەگەڵ گەڵای وەریوی تووەکانیشدا پێکەوە دەلکان‌و یەکیان دەگرت‌و قورس دەبون، پاشان لەقاچمان دەبونەوە. هەستمان بە سوکی جەستەمان دەکرد

ڕیزێك فیشەکی گڕدار بەشیوەی تەپڵ بە ئاسماندا کرا، عەتا وتی ئەوە مامە عەبدوڕەحمانەو دەنگی تەپڵەکانی دەناسمەوە. کاك عەبدوڕەحمان پێشمەرگەی سۆسیالیست بوو زۆر جار بە تەنها دەهاتەوە ناو ئاوایی ڕیزێك فیشەکی دەکرد بە ئاسمان وەکوو جفرەیەك بۆ ئەوەی هاوڕێکانی بزانن ئەو هاتووەتە ناو ئاوایی. دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ لە شاخی سورێن شەهید بوو

ئارام وەرە ئەم دارە زڵەی دێت هەمویان سنگیان سپی دەکاتەوە، ئەمە قسەی من بوو بە ئەسپایی

ئارام دەستی زۆر ڕاست بوو یەکەم بەرد چۆلەکەی بەستەزمانی دەخستە خوارەوە ،بەچاوی خۆم بینیومە بە بەردێك دوو چۆلەکەی لەئاستی یەك لەسەر چڵێك خستووەتە خوارەوە. ئەو شەوەش بوو بە جەللادی ١٠ چۆلەکە، عەتاش کۆیدەکردنەوەو سەری لەلاشە جیادەکردنەوە

نیوەی ئەو شەوەمان لە شەوارەدا بەسەر بردو نیوەکەی تری لەماڵی خۆمان خەریکی دەمەتەقێ‌و گۆشتی چۆلەکە خواردن بوین

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## تەنها یەك فیشەکی دەمانچەی پێ مابوو

لەم ساڵەدا هێزێکی یەکێتی بە سەرکردایەتی کاك شەوکەتی حاجی مشیر کە بریتی بوون لە ٣٢ پێشمەرگە لە گوندی تەپەتۆڵەکەی شارەزوور بۆسەیەکیان نایەوە بۆ لیوایەك سەربازی ڕژێمی بەعس کە لە سەیدسادقەوە بۆ هەڵەبجە تێدەپەڕین. شەڕ لە دوای نوێژی عەسر دەستی پێکرد، تاوەکوو دنیا تاریك بوو شەڕ بەردەوام بوو، کاك شەوکەت ئەوەندە شەڕی کردبوو، فیشەکی پێ نەمابوو، بە دەمانچەکەی تەقەی کردبوو، لیوا سەربازەکە چووبووە سەریان بۆ گوندی تەپەتۆڵەکە، ئەویش خۆی خستبووە ژێر پردێکی چیمەنتۆ، دەبابەکە ڕۆشتبووە سەر پردەکە، تەنها فیشەکێکی دەمانچەی پێ مابوو، ئەویش بۆ کۆتایی هێنان بەخۆی بووە. بەڵام دواتر سوپاکە دەگەڕێتەوەو ناوچەکە چۆڵ دەکات. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەك دەکوژرێت‌و دوانی تریش بریندار دەبن. ئێمە لە تەپی سەفاوە لە پەنجەرەی باڵەخانەکەی ماڵی خاڵۆ

تایەرەوە کە دەیڕوانی بەسەر ڕێگای گشتی سەیدسادق-هەڵەبجەدا، تەماشای ئەو شەڕەمان دەکرد، کاتێ شەڕ تەواو بوو چەند پیاوێك ڕۆشتن بۆ گوندی تەپەتۆڵەکەو هەواڵی شەڕەکەیان هێنایەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

هەر لە هاوینی ئەم ساڵەدا، کوڕێك لە گوندی تەپەتۆڵەکە بەناوی محەمەد کە پێیان دەوت حەمە لە، ڕێکخستنی سۆسیالیست بوو، هاتە سەر جادەی گشتی سەیدسادق-هەڵەبجە لە ئاستی گوندی تەپەتۆڵەکەی شارەزوور. لۆرییەکی گەورە ئاردی بۆ هەڵەبجە دەبرد، حەمەدەستی هێنایە ڕێگایو لۆرییە ئاردەکەی لادایەوە بۆ گوندی تەپی سەفا. لەوێ لۆرییەکەیان خاڵی کردو هەر ئەو شەوە دابەشیان کردن بەسەر تراکتۆرەکانی ئاواییدا بۆ ئەوەی بیانگوێزنەوە بۆ شاخی سورێنو بۆ بارەگاکانی سۆسیالیست.

بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە لەگەڵ عەبدوڵای خاڵۆ حەمە و ئومیدی کاکە حەمە کە ئێستا ئەفسەرە بە پلەی مقەدەم لەناو هێزی پێشمەرگەدا ڕۆشتین بۆ پردی کۆن لەسەر دەریاچەی سیروان بۆ لای بێستانی شوتی کەلەوێ کردبوویان. ئێمە نزیك بووینەوە لە بێستانەکەو دەنگی کۆپتەر هات. کاتێ سەرمان هەڵبڕی، ئەزانین سێ کۆپتەر لە ئاستی سەیدسادقەوە بەرەو پردی زەڵمو خورماڵ دەڕۆن، ئێمەش لەترسی ئەوەی چەندین جار خەڵکێکی زۆری لەسەر دەریاچەکە شەهید کردبوو، بەپەلەو بەڕاکردن بەرەو سیروان گەڕاینەوە. کۆپتەرەکان بۆ مەبەستی بەدواداچوونو زانیاری وەرگرتن بوو لەبارەی ئەو لورییە ئاردەوە کە ڕۆژی پێشتر بە چەند تراکتۆرێك ڕەوانەی ئەحمەد ئاواو وشکەناو کرا.

ئەو ڕۆژەی لە ترسی کۆپتەر ڕامانکرد، پارەمان پێ نەبوو بیدەین بە نانو کرێ ی ئۆتۆمبێل. هەربۆیە لە سیروانەوە بەپێ ڕۆشتین بۆ گوندی بەشارەت، لەچەمەکە دەستمان کرد بەمەلە کردن، منالی بەشارەت پێیان ناخۆش بوو، کەوتنە دوورە بەرد تەقاندن بۆمان، ئومیدو عەبدوڵا لەمن گەورەترن بوون، کەوتنە هەڕەشە لە منالەکان بەرەو بەشارەت دوریان خستنەوە، دواتر ڕۆشتین بۆ ماڵی کاك ئەحمەی حاجی خالید کەخاڵۆزاو پورزای یەکترین خۆی لەدەرەوە پێشمەرگە بوو بەڵام دادە لەیلای خێزای لەوێ مابوو، نانمان خواردو پشومان دا. دواتر بەپێ بەشارەتمان بەجێ هێشتو لەشەکرالیەوە بەرەو تەپی سەفا ڕۆشتینەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ١٩٨٣:

١٩٨٣/٢/٦ ڕودانی شەڕی براکوژی لە گوندی نێرەگێن لە نێوان یەکێتیو حسكو شیوعیدا، لەم شەڕەدا ٩ پێشمەرگەی حسكو سێ پێشمەرگەی شیوعیو ٧ پێشمەرگەی یەکێتی کوژران.

١٩٨٣/٣/١١ ئێران سەیدسادقی دایە بەر تۆپ لە ئەنجامدا سێ کەس کوژران.

١٩٨٣/٤/١ لە نەبەردییەکدا لە گوندی هەڕێنە پێشمەرگە ئەیوب ڕەشید تاڵەبانی کوژرا.

١٩٨٣/٤/٢ لە گوندی گۆڕەدێم ٨ پێشمەرگەی یەکێتی لە بۆسەیەکدا لە لایەن پارتییەوە کوژران.

١٩٨٣/٤/١٥ كوژرانی شێخ شەماڵی باخ‌و هاوڕێكانی لە گوندی باداوانی دۆڵی خەلەكان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## داستانی كانی بەردینەو قەڵبەزە

١٩٨٣/٤/٢١ جاش‌و جەیشێكی زۆر هێرشیان كردە سەر پێشمەرگەی سۆشیالیست لە گوندەكانی كانی بەردینەو قەڵبەزە. زۆریكیان لێ كوژرا. پێشمەرگەش حەسەن قارەمانی‌و حەسەن جاف‌و حمەئەمین قاڵیجۆیی‌و دوو پێشمەرگەی تر كوژران.

فەرماندەو پێشمەرگەی دێرین فایەق قادر حەمە ساڵح لە تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوك دەربارەی ئەو شەڕە دەنوسێت: هێزەكەمان شەوی ١٩٨٣/٤/٢٠ لە گوندی شیرەمەڕی بناری چیای سورێنەوە دابەزینە دەشتی شارەزوور، هەمان شەو مەفرەزەیەكمان لێ جودا بویەوە، كاتژمێر ١٠ی شەو دەستیان گرت بەسەر یەكێك لە ڕەبییەكانی پشتی هاوینەهەواری سەراوی سوبحان ئاغا. ئەو چالاكییەش بە هۆی هاوكاری سەربازێكی كوردی ناو ڕەبییەكەوە بوو بە ناوی سەردار تەپی كەرەمی.

ئێمەش هێزەكەمان لە نێوان گوندی ئالان‌و حاسڵ بوین كە دوو گوندی سەر بە ناحیەی وارماوان‌و لە عەشیرەتی گلاڵین. وە نهێنی نێوانمان ئاگر تێبەردانی ڕەبیەیەك بوو، دوای ئەنجامدانی چالاكییەكە. دواتر بینیمان ئاگر بەرزبویەوەو تەواوی سەربازەكانیش دەستگیركران. ئێمەش بە كەلوپەل‌و چەكەكانیانەوە بەسەلامەتی‌و بێ زیان گەیشتینە شوێنی دیاری كراو. دوای ئەوە ئێمە بوین بە دوو بەشەوە، نزیكەی ٥٠ پێشمەرگەمان لەگەڵ كاك محەمەدی حاجی مەحمود لە گوندی كانی بەردینە مانەوەو دە بۆ دوازدە پێشمەرگەش چونە گوندی قەڵبەزە، كە چەند گردۆڵكەیەك هەردوو گوندەكە لێك جیا دەكاتەوە.

بۆ بەیانی كاتی دابەش بونمان بەسەر ماڵی هاوڵاتیاندا بۆ نان خواردن قەدەری خوا وابوو من‌و دوو پێشمەرگە بە ناوەكانی ئازاد قلیجەیی‌و شاخەوان خانەقینی (كە بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٥ لە خۆرنەوەزان شەهید كرا) بەر ماڵێك كەوتین لە بەرزایی گوندی كانی بەردینەدا بوو. لەو كاتەدا دوو كۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی گوندەكە بەڵام بەرز بوون، ئێمە هێشتا چامان نەخواردبوویەوە، كاتێ زانیمان كاكە حەمە خۆی گەیاندە لامان‌و چەكی ئاربیجی خستە سەرشانی‌و گولەیەكی ئاراستەی كۆپتەرەكان كرد. دوای ئەوە لەماوەیەكی كەمدا سێ كۆپتەری سەمتی ڕووسی زۆر بە نزمی هاتنە سەر گوندەكەو دوانی تریش لە بەرزاییدا چاودێری ناوچەكەیان دەكرد. ئێمەش لەوە تێگەیشتین كە شەڕەكە قورس دەبێت، هەربۆیە دابەش بوین بەناو گوندەكەدا. هەرچی جاش‌و جەیش لەناوچەكەدا هەبوو لە زەمینەوە هێرشیان بۆ كردین‌و بەرزاییەكانی پشتی گوندەكەیان لێ گرتین، وە كۆپتەرەكانیش لە سەرەوە بە دۆشكەو شەست تیرو چەكی قەرس گوندەكەیان بۆردومان كرد، كە هێشتا خەڵكەكەش لەناو گوندەكەدا بوون.

لە هەمان کاتیشدا شەڕ لە گوندی قەڵبەزە دەستی پێکرد، لەگەڵ دوو پێشمەرگە ڕۆشتین بۆلای ئامۆزای گەورەو ئازیزم شەهید ڕۆستەم مستەفا بەگ، کە ئەو کاتە فەرماندەی هێزەکەمان بوو بەناوی هێزی سیروان. چوینە خانوویەکی گڵ لەتەنیشت مزگەوتەکەوە، بۆردومانێکی چڕمان لەسەر بوو، کاتێ تەماشامان کرد بەرزایی ئەو بەری مزگەوتەکە لەلایەن سەربازەکانەوە گیراو چەکی (بی کەی سی)یان لەسەری دابەست. کاتژمێر بوو بە ٤ی پاش نیوەڕۆ لەبەر مەترسی هاتنە ناوەوەی سەربازەکان بۆ ناو گوندەکەو بۆردومانی فڕۆکەوە کە تەوقمان بکەن، پاشەکشەمان کرد بۆ دەرەوەی گوند، لەگەڵ دەرچونمان دوو چەکی قورس‌و چەندین چەکی سوك لولەکانیان ئاراستەکردین، بەخەستی تەقەیان لێ دەکردین کە ئەملاولامان بە گولە بێژرا. بەرەو خوارەوەی گوند هاتین وەرزی بەهار بوو گژوگیا مەترێك زیاتر هەستابوو، لە ئاسمانەوە تەقەمان لێ دەکرا، بەڵام سەرباز نەیتوانی بێتە ناو گوند، لە دەوروبەری دەریاچەی سیروانیش سوپایان جوڵاندبوو، مەبەستیان ئەوەبوو کەس دەرنەچێت. ئێمە ٤ پێشمەرگە کەوتینە ناو کۆمەڵێك سەرباز ژمارەیان نزیکەی ١٥ کەس دەبوو، ئێمە بە کوردی‌و ئەوان بە عەرەبی داوای خۆبەدەستەوەدانمان دەکرد لەیەکتر. ناچار دەستیان بەرزکردەوەو وتیان (خاتر مەلا مستەفا لا تقتلونا)، تەقەمان لێ نەکردن، چەکەکانمان لێ وەرگرتن، من ئاگام لە خۆم نەبوو سەربازێك لە دواوە لولەی چەکەکەی نا بە پشتمەوە، تا ئەوەی پێشمەرگەیەك تەقەی لێ کردو کوشتی. ئەفسەرو دیلەکانمان بە دوو جیهازی بێ تەلەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کۆپتەرەکانەوە هەبوو گرت‌و کۆپتەرەکان کشانەوەو نەمان، پاشماوەی سوپاکەش بە جاشەکانەوە ڕایانکردەوە بەرەو جادەی وارماوا. دیلەکانمان گەیاندە لای کاکە حەمە و یەکێك لە جیهازەکانم بە هەدیە بەناوی هێزی سیروانەوە پێشکەش کرد. کاکە حەمە زۆر دەستخۆشی لێ کردین‌و ئەگەر بیری مابێت دوو جار نێوچاوانی ماچ کردم‌و وتی: ئاگام لێ بوو چۆن تەقەتان لێ دەکرا، خەریك بوو شەرمەزاری بنەماڵەکەتان بم کە تازە دوو قارەمانتان لێ شەهید کراوە.

بەڵام بە داخەوە ژمارەیەك پێشمەرگەی ئازاو چاونەترس شەهید بوو بوون لەوانە(حەسەن جاف، حەسەن قارەمانی، برایم حاجی عەولا، عەزیز زێڕینجۆیی)، وەچەند پێشمەرگەیەکی تریش بریندار بوون لەوانە سالح قارەمانی، وە لە خوا بەزیاد بێت دانیشتوانی گوند سەلامەت بوون [١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٣/٤/٢٧ ئەحمەد قەمبەر کە یەکێك بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان‌و ئەندامی کۆمەڵەو فەرماندەی کەرتی دوو لە هێزی دەشتی هەولێر، دەکوژرێت.

---

١ فایەق قادر حەمەسالح تاوگۆزی، پێشمەرگەی دێرین، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٦/١٢/٧.

۱۹۸۳/٤/۲۹ دروستبوونی شەڕی پشتاشان لە نێوان یەکێتی لەلایەكو بەرەی جود (پارتی، حسك، پاسۆك-شیوعی) لە لایەکی ترەوە.

۱۹۸۳/٥/۱ پێشمەرگەی سۆسیالیست مەحمودی حەمە تاتە لە پشت ئاشان کوژرا.

۱۹۸۳/٥/۲٦ دەوڵەتی تورکیا بە قوڵایی ٤۰ کم هاتە ناو خاکی باشوری کوردستان، بۆ لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە. ئەمەش بە یەکەم هێرشی گەورەی تورکیا دادەنرێت بۆ سەر ئەو حزبە.

۱۹۸۳/٦/۱۰ لوغمێك لە ژێر ناقیلەی سەر ڕێگەی تەپی سەفاو تەپەتۆڵەکە تەقییەوە کە چاودێری جموجوڵی پێشمەرگەی دەکرد، لە ئەنجامدا هەموو سەرنشینەکانی ناوی کوژران، لە تەپی سەفاوە تەماشای دوکەڵەکەیمان دەکرد.

۱۹۸۳/٦/۱۰ پێشمەرگەی پارتی کاوە عەبدوڵا قادر ئاغا کە لە دایك بووی ساڵی ۱۹٦۷ی گوندی موبرەی شارباژێڕ بوو، لە ناوچەی شلێر گیانی بەختکردو بۆ هەمیشە چووە کاروانی نەمرانەوە.


۱۹۸۳/٦/۱۱ یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گۆمە گەورەکە چۆن دروست کرا؟

۱۹۸۳/٦/۱٥ لەگەڵ ئەسعەدی برامو غەفوری مەلا ئەحمەد گوڵپی کەماڵیان لەماڵی خاڵۆ مارف دا بوو لە جۆگەی تەوێڵەجۆ لای تووە گەورەکان مەلەمان دەکرد، جێگایەکمان چاك کرد بۆ مەلەکردنو هەموو پوشو شەخڵی ئەو شوێنەمان خستە بەردەمی جۆگەکە گۆمێکی چاکی لێ دروستبوو، دواتر کوڕە گەورەکانی ئاوایی بنە دارێکیان شکاندەوەو خستیانە بەری ئاوەکەو گۆمەکەیان بە تەواوی گەورە کرد. ئەو گۆمە بوو بە شوێنی مەلەکردنی گەورەو بچوکی ئاوایی تائەو کاتەی لادێکان ڕوخانو بارکران.

۱۹۸۳/٦/۱۹ لەگەڵ دایکمو ئەسعەدی برام خاڵۆ مارفو خێزانی بەپێ لە تەپی سەفاوە ڕۆشتین بۆ گوندی تەپەکوڕە بۆ ماڵی خاڵۆ حەمەی حاجی میرئەحمەد، نانی نیوەڕۆکان لەماڵی ئەوان خوارد، پاش نوێژی عەسر گەڕاینەوە بۆ تەپی سەفا. هەرگیز ئەو ڕۆژە خۆشانەم بیر ناچێتەوە، خزمایەتی هەبوو، سیلەی ڕەحم هەبوو، ڕێزو ئیحتیرامی گەورەکان مابوو، خۆشەویستیو دەست هێنان بەسەر منداڵدا مابوو، خواردن تامی خۆش بوو، ژینگە پاكو خاوێن بوو.



۲۹۸۳/٦/۲۸ لە گوندی قرگەی نزیکی سلێمانی کە ئێستا بەشێکە لە شارەکە ۱۷ پێشمەرگەی یەکێتی لەناو تراکتۆردا بوون کەوتنە ناو کەمینی جاشەوەو هەمویان لەوێدا گیانیان بەخشی بە نیشتمان.

١٩٨٣/٧/٩ کۆچی دوایی ستران بێژ حەسەن جەزراوی.

١٩٨٣/٧/١١ لەگەڵ منالآنی ئاوایی هاتین بۆ هەڵەبجە بۆ سواری پاسکیل وسەیرکردنی سینەماو هەر یارییەکی خۆشی تر کە لە جەژندا دەکرا. بۆ ئێوارەکەی لەماڵی کاکە حەمەی حاجی ناجی بووم.

١٩٨٣/٧/١٤ کۆچی دوایی مامۆستا جەمال تاهیر بەکارەساتی ئۆتۆمبێل لە بالیسان.

١٩٨٣/٧/٢٢ هێرشی ئێران بۆ سەر حاجی ئۆمەرانو گرتنی هەردوو چیای کۆدۆو گردەمەندیل.

١٩٨٣/٧/٢٦ عیزەت کانی شێخی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیست لە گامێش تەپە کوژرا.

١٩٨٣/٧/٣١ شەڕێکی گەرم لە نێوان جاشو پێشمەرگەکانی سۆشیالیست لە مەسەکان ڕوویدا.

١٩٨٣/٧/٣١ بێ سەرو شوێن کردنی ٨٠٠٠ بارزانی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شەڕ لە شەکرالیو خاکوخۆڵ


١٩٨٣/٨/٢ هێزێکی سۆسیالیست بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی مەحمودو هێزێکی یەکێتی بە فەرماندەیی جەلال کوڵکنی لەنێوان هەردوو گوندی شەکرالیو خاکوخۆڵدا بەشەڕ هاتن، لەئەنجامدا کەریمە ڕیشە کوژراو ئەحمەد قەدەفەری بەسەختی بریندار بوو، هەردوو نابراو لە حزبی سۆسیالیست بوون.

پێشتر هێزەکەی سۆسیالیست لەگوندی تەپی سەفا چەند گەنجێکی گوندەکەیان دەستگیرکردو بردنیان بۆ تەپی سەفای سەروو لەوێ خستنیانە حەوزی مزگەوتەکەو دوایی دارکارییان کردن. ئەو گەنجانە لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی کاریان دەکرد. دواتر لەگەڵ خۆیان بردنیان بەرەو خاکو خۆڵو شەکرالی، لەوێ کەوتن بەسەر کەمینی یەکێتیداو ئەو شەڕە دروستبوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٣/٨/٥ ڕۆژی هەڵبژاردنی مەجلیسی تەشریعی بوو. ئەم مەجلیسە حزبی بەعس بە شێوەیەکی کارتۆنی دروستی کردبوو، وەکوو پەرلەمانی کوردی وابوو، بەڵام یەك یاسای تێدا دەرنەدەکراو مەجلیسی جێبەجێکردنیش کە هاوتای بوو یەك بڕیار نەبوو جێبەجێی بکات.

١٩٨٣/٨/١٣ شەڕی یەکێتیو بەرەی جود لەناوچەی قەندیل، ئەم شەڕە بیست ڕۆژی خایاند.



١٩٨٣/٨/٢٥ مەحمود حەسەن ژاڵەناوی لە گوندی چنارە کوژرا.

مەحمود حەسەن ئەحمەد لە ساڵی١٩٥٠ لە گوندی ژاڵە ناوی نزیك دەربەندیخان لە دایك بووە. لە تەمەنی١٣ ساڵی پە یوە ندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقەوەو تا ڕۆژی کوژرانی. لە ساڵی ١٩٧٠ هاوسەرگیری کردووە. لە ساڵی ١٩٧٨ زیندانی کراوە.

بەشداری چەند داستانێکی گەورەی کردووە لە گەرمیانو شارەزوورو چەند

جارێك بە سەختی بریندار بووە لە ١٩٨٣/٨/٢٥ لەگوندی چنارە کوژرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .


١٩٨٣/٩/٩ لە ئۆردوگای شانەدەری لە ئەنجامی تۆپبارانی ئێرانەوە بۆ سەر ئۆردوگاکە، تۆپێك کەوتە ناو ئاهەنگی شایی‌و زەماوەندی مەحمود حسێن بانی شاری. لە ئەنجامدا ١٧کەس لە ئامادەبوانی شاییەکە بوونە قوربانی‌و ٧ کەسی تریش بریندارو کەمئەندام بوون. بەپێی وتەی خاوەن ماڵ، تۆپەکە بەر شلێفێك پونگە کەوتووە کەپێشتر لە حەوشەکەدا دانراوە بۆ ئەوەی لەشار بفرۆشرێت. ئەو شلیفە پونگە زەرەرو زیانەکانی تۆپەکەی کەمتر کردووەتەوە، ئەگینا قوربانییەکان زۆر لەوە زیاتر دەبوون، چونکە شاییەکە زۆر قەرەباڵغ بووە.

١٩٨٣/١٠/١ ڕۆژی شەممە دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە لە قوتابخانەی تەپی سەفا لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## داستانی گوندی شیرەمەڕ

١٩٨٣/١٠/٧ جاش‌و جەیش بە کۆپتەرو دەبابەو تۆپخانەوە هێرشیان کردە سەر گوندی شیرەمەڕ کە پێشمەرگەی سۆشیالیستی تێدابوو لە گەڵ مەفرەزەیەکی پاسۆك.




لە گوندی تەپی سەفاوە تەماشای ئەو شەڕەمان دەکرد، کۆپتەرەکان بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوەو بۆردومانی گوندی شیرەمەڕیان دەکرد، شەهید عەبدولرەحمانی خاڵۆ تایەر کە گەنجێکی خوێن گەرمی عاشق بە پێشمەرگە بوو تەسجیل‌و ڕادیۆیەکی گەورەی هەبوو، ئەنتێنەکەی ڕاکێشابووە دەرێ‌و لە پەنجەرەی دیوەخانەکەوە بردبوویە دەرەوە بۆ ئەوەی جیهازی بێ تەلی کۆپتەرەکانی پێ وەربگرێت، چەند پێشمەرگەیەکی تری سۆشیالیست لە ناو گوندی تەپی سەفادا بوون یەکێ لەوان هاتە سەر گردەکە، بەڵام دواتر لەبەر کۆپتەرەکان هاتە خوارەوەو چووە پەنای دیواری ماڵێکەوە. ڕۆژێکی زۆر خەمناك‌و ناخۆش بوو، ئێوارە هەواڵ گەیشتە تەپی سەفا کە پێنج پێشمەرگە کوژراون یەکێ لەوان شەهید عەلی مەلا عەبدولای کولکنی بوو کە ژنبرای خاڵۆ مارف بوو لە تەپی سەفا. ئەم پێشمەرگانە لە شیرەمەڕ کوژران (مامۆستا دلشاد کە

ناوی ئەسڵی عەلی ئەکبەر فەیزوڵا خانەقینی بوو، حەمەی مامە سەعە، حەمید مەلا عەلی ڕەباتی، فایەق کەریم جەرداسنەیی، عەلی مەلا عەبدوڵا کوڵکنی، جەمال پێشمەرگەی پاسۆك بوو).

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٣/١٠/١٠ تۆپ بارانی ئۆردوگای شانەدەری لە لایەن ئێرانەوە، بوو بە هۆی کوشتنی دەیان کەس لەخەڵکی مەدەنی ئەو ئۆردوگایە، تۆپەکە وای کردبوو لە قوربانییەکان کەس نەیدەناسینەوە.

١٩٨٣/١٠/١٢ ڕژێمی بەعس بە سوپاو پشتیوانی تانكو تۆپو زرێپۆشو فڕۆکەو جاش هێرشی کردە سەر ناوچەی دۆڵی بالیسان، ئەم هێرشە تا کۆتایی ئەو مانگە بەردەوام بوو، کە ڕژێم توانی پێشڕەوی بکاتو گوندی مێرگەسەر بگرێتو بارەگای مەڵبەند بداتە بەر تەقە. لەم شەڕەدا کوژراوێکی زۆر لەهەردولا هەبوو بەتایبەت ڕژێم.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## داستانی بێتواتە

١٩٨٣/١٠/٢٠ هیرشی یەکێتی بۆ سەر بێتواتە بەسەرپەرشتی مام جەلال کەلەنزیکەوە چاودێری شەڕەکەی دەکرد، دەستی پێکرد. ئەم شەڕە کە مەڵبەندی سێ ی یەکێتیو بە هاوکاری کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەیی مامە ڕیشەو کەرتی سەگرمە بە فەرماندەیی حەمە ڕەش لەماوەی یەك ڕۆژدا هەموو ناوچەکەیان لەدەستی دوژمن سەندەوەو شارۆچکەی بێتواتەشیان گرت. لەم شەڕەدا پێشمەرگە دەستکەوتێکی زۆری هەبوو لەوان گرتنی ١٥٠٠ کلاشنکۆفو دوو هاوەنو سەدان هەزار فیشەكو دەیان ئاربیجیو گولە ئاربیجی. بەڵام لەم شەڕەدا گەلێ کاری ناشیرینی دوو لەبەهای شۆڕشگێرانە کرا وەکوو تالان کردنو شکاندنی دەرگای مالان بۆ فەرهود کردن[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٣/١١/١٠ تورگۆت ئۆزال بوو بە سەرۆککۆماری تورکیا.

١٩٨٣/١١/١٦ کۆچی دوایی نوری شاوەیس لە شاری لەندەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## پڵنگو بەور لە پەرێزی یەکتریدا

١٩٨٣/١١/٢٧ لە شەوێك لە شەوە تاریكو نوتەکەکانی دەشتی شارەزووردا، کە بستێك خاك نەمابوە ڕەش نەکرابێتەوەو نەکێڵرابێت. ڕەشی خاكو ڕەشی هەوری ئاسمان ئەوەندەی تر دنیای نوتەك

---

١ ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

کردبوو، تەنها پڵنگەکان لە دەرەوە بوون، ئەوانیش بەشوێن بەورەکاندا دەگەڕان، پڵنگو بەور گۆشتی یەکتریان دەخواردو ئێسکی یەکتریان دەهاڕی.

ڕیزێك تەقە کرا، بوو بە دوو ڕیز، گەرمتر بوو، فیشەکە گڕدارەکان بەسەرئاواییدا ڕەت بوون. بوو بە دەنگەدەنگو تێکڕژان، تەنها دەنگی مرۆڤو تەقەی تفەنگ دەبیستران، باڵندەو گوێدرێژو سەگ لە ئاواییدا بێ دەنگ بوون. پاش کەمێك تەقەکان کز بوونو هاتوهاوارێك بەرپابوو. بەورێکێکیان بە برینداری فڕاند، فیشەکی برا پڵنگەکان خەڵتانی خوێنی کردبوو.

پێنج پڵنگ بە فەرماندەیی کاك جەلال کوڵکنی (یەکێتی) لەم شەوەدا هەڵدەکوتنە سەر ماڵی خوالێ خۆش بوو کاك ڕەحیمی مام سمایل لە گوندی تەپی سەفا کە پۆلێك بەور بە فەرماندەیی کاك نوری حەمە عەلی (سۆسیالیست) لەوێ میوان دەبن. پڵنگەکان لە پەنجەرەو دەرگاوە تفەنگ دەخەنە سەر سەری بەورەکانو داوای تفەنگەکانو خۆبەدەستەوەدان دەکەن، ئەوانیش ناشڵەژێنو یاری بەکات دەکەن تا ئەوەی فریادڕەسێك لەدەرەوە پەیدا دەبێتو بەرەو ماڵی کاك ڕەحیم دێت. ئەو بەورە کاك عوسمان مەسەکانی دەبێت، پڵنەگەکان کاتێ دەنگی بەورێ لەدەرەوە دەبیستن پاشەکشەدەکەنە دواوە تەقە لەبەورەکە دەکەن، دەستڕێژی گولە بەرەو ماڵی کاك ڕەحیم دەچێتو لەماڵی ئەوانیشەوە تەقە لە دەرەوە دەکرێت، قەدەری خوا وادەبێت لەم شەڕەدا کەس نابێت بە قوربانی تەنها چەند کەس لە پێشمەرگەو خاوخێزانی کاك ڕەحیم بریندار دەبن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ئاگربەستی یەکێتی لە گەڵ حکومەتی بەعس

١٩٨٣/١٢/٣ شەڕی یەکێتیو حکومەت ڕاگیراو دانوستان لەگەڵ بەغدا دەستی پێکرد. مام جەلال بە یاوەری هەریەکە لە مەلا بەختیار، فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر خدر، شەوکەتی حاجی موشیر، مولازم سەید کەریم، بەسواری کۆپتەر لە گوندی زێخانی دۆڵی بالیسانەوە بەرەو بەغدا بەرێکەوتن. وەفدەکە چاویان بە سەددام حسێن سەرۆکی عێراق کەوتو چەند ڕۆژێك لەبەغدا مانەوە. دواتر بە ئۆتۆمبێل گەڕانەوە بۆ دۆڵی بالیسان.

مام جەلال لە دیداری تەمەندا دەڵێت: نوێنەرانی حکومەت پێیان باش بوو کۆبوونەوەکە ئاشکرا بکەین، هەتا بە تەلەفزیۆن وێنەیان گرتینو وتیان ئەوە بۆ ئارشیفەو بۆ بڵاوکردنەوە نییە، هەرچەندە دوایی بیستمان کە لە تەلەفزیۆنی ئوردوونەوە بڵاویان کردووەتەوەو بۆ ئارشیف نەبوو، دیار بوو حکومەت پێویستیان پێی بوو.

دواتر دێتە سەر باسی کۆبوونەوەکانو دەڵێت: سەرەتای کۆبوونەوەکان بە باشی بەڕێوەچوو، لە کۆبوونەوەیەکدا بوو بە شەڕ لەگەڵ تاریق عەزیز، ئەویش لەسەر قسەیەکی ناشایستەی ئەو بوو، منیش

تووڕە بوومو کاغەزەکانی خۆمم پێچایەوەو گوتم: هەر لەگەڵ تۆ دانانیشم، مەسەلەکە بەم شێوەیە بوو: باسی زانکۆی سلێمانی کرا کە لابراوەو گوێزراوەتەوە بۆ هەولێر، منیش گوتم زانکۆی سلێمانی بووەتە زانکۆی سەلاحەدین، با ئەو زانکۆیە نەگەڕێتەوەو لە هەولێر بمێنێتەوە، بەڵام ئێمە زانکۆی کوردستان لە سلێمانی دادەنێین. واتا هەردولامان زانکۆیەك بە ناوی لە سلێمانی زانکۆی کوردستانەوە دادەنێین. ئەوانیش وتیان زۆر باشە تەنها تاریق عەزیز ناڕازی بوو، ئەویش ئەوەبوو گوتی: ئێستا پارەمان نییەو کاتی شەڕە، دوای دەخەین بۆ کاتێك کە پارە هەبوو.

سەرۆکی ئەرکانی سوپا گوتی: دەباشە خۆ ئەوە کێشەی ئێوە ئاسان دەکا، ئەگەر کاکە جەلال بچێ بۆ لای هاوڕێکەی موعەممەر قەزافیو پارەمان بۆ بهێنێو زانکۆی پێ دروست بکەین.

منیش گوتم: ئەوە هیچی تێدا نییە کە پێکهاتین ئەتوانین ئەوەش بکەین. تاریق عەزیز گوتی: دوای ڕێکەوتن هەرکەس پەیوەندی بە قەزافییەوە بکات وای لێ دەکەین. منیش بەڕاستی زۆر توڕە بووم، هەموو شتەکانی بەردەمم کۆکردەوە، عەینەکەکەمم لەچاوم کردەوەو کورسییەکەم وەرگێڕاو گوتم:ئەمن قسە لەگەڵ تۆ ناکەم.

گوتی: بۆ؟ گوتم: بۆ ئایا ئێمە بەندی شەڕین یان وەفدینو هاتوین گفتوگۆ بکەین؟ بۆیە ئێمە ئەو شێوەیە ڕەت دەکەینەوە. ئێمە وەکوو دوو حزب مامەڵە لەگەڵ یەك دەکەین، ئێمە ئەو لەهجانە لە گفتوگۆدا ڕەت دەکەینەوە. ئەویش گوتی: برام من گاڵتە دەکەم. منیش گوتم: نەخێر ئەوە گاڵتە نییە، چۆن عیبارەتی وا بەکاردێنی؟ ئەسڵەن لەگەڵ تۆ هەر دانانیشمو قسە ناکەم. گوتیەوە: برام داوای لێبوردن ئەکەم، گوتم: لێبوردن چبولْ ناکەم، گوتی باشە قسەکانم سەحب دەکەمەوە، گوتم: ئەوەش قبولْ ناکەم، گوتی: داوا دەکەم کە لە مەحزەری کۆبوونەوەکە بیسڕنەوە، من بە ڕاستیم نەبووە، تۆ هەزار جار دەڵێت بەعسی فاشیو حکومەتی دیکتاتۆر کەچی ئێمە عاجز نابین. منیش گوتم: نا ئەمانە کۆبوونەوەی ڕەسمین، ئەگەر ئەمانە لە کۆبوونەوەی تایبەتدا بکرێت من قەت عاجز نابم.

لەو کاتەدا دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ کە لە کۆبوونەوەکەدا بوو نامەیەکی بچوکی دامێ، نوسیبووی:بەڕای من لێبوردنەکەی تاریق عەزیز قبولْ بکە. ڕاوێژی برادەرانم کرد، مەلا بەختیارو ملازم عومەرو ئەوان وتیان: ئێمەش پێمان باشە قبوڵی بکەیت، منیش وتم باشە قبوڵم کرد. جەلسەکە نەختێك تێکچوو، بەڵام دوایی دەستمان پێکردەوە.

هەروەها مام جەلال دەڵێت: دوای چەند کۆبوونەوەکەیەك چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ سەددام دانا کە دکتۆر قاسملۆش ئامادەبوو، بەخێرهاتنێکی گەرمی کردینو گوتی: من خۆشحاڵم، چونکە هەموو پڕۆتۆکۆلی کۆبوونەوەکانم خوێندووەتەوە، هەموو قسەکان بە نیشانەی جدی دەزانم، هەتا شەڕەکەی کاکە جەلالو تاریقیشم پێ خۆشە، نەك لەبەر ئەوەی هانیان بدەم شەڕ بکەن، بەڵکوو نیشانەی جدییەتە، ئەوە

بەڵگەی ئەوەیە کە کاکە جەلال‌و جەماعەت بەجدی هاتوون، ئەگەر بە جدی نەهاتنیایە ئەوا بە ڕێگایەکی دیبلۆماسییانە چارەسەری کێشەکەیان دەکرد.

دواتر دێتە سەر باسی ئەوەی کە سەددام کە ئەو هەڵوێستەی یەکێتی نیشتمانی‌و مام جەلال بە هەڵوێستێکی جوامێرانە دەزانێت‌و ڕووی کردووەتە عیزەت دووری‌و تاریق عەزیزو پێی وتتون کە دەبێت ئەم ڕاستییە بخەینە بەرنامەی خوێندنەوە کە عێراقییەکان لە کاتی تەنگانەو ناخۆشیدا یەك دەگرنەوەو پشتی یەکتر دەگرن‌و یەك دەنگن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٤

مانگی ئازار بوو، دارودەوەن لەسەرەتای چرۆ کردندا بوون، هەورێکی تەنکی بزرکاو وەکوو خوری شیکراوە بە ئاسمانەوە بوو، زەوی وەکوو فەرشێکی سەوزی جوان ڕاخرابوو. دوو کەرت پێشمەرگە بە تاقم‌و تفەنگی شانیانەوە لەناو ئاوایدا بوون، یەکێتی لەو کاتەدا لەگەڵ ڕژێم لە دانوستان‌و ئاگربەست دابوو، هەڵپەڕکێ‌و گۆرانی لە شەوی پێشوترەوە سازکرابوو، کاتژمێر دەی بەیانی جێبەکان لەئاوایی دەرچوون‌و ڕوویان کردە جادەی قیر، سەر دەرگای جێبەکانیش یەکی سێ نەفەر خۆی پیا هەڵواسیبوو. لەئاوایی ڕیزێك مەنجەڵی دوورو درێژ بەسەر ئاگرەوە بوون‌و بۆن‌و بەرامەیان دەشت‌و دەری گرتبوو، دادە ئافتاوو پورە ئامینەو پورە سەلماو پورە ئەمنەو چەندین ژنی خان‌و مانی گورجوگۆڵ سەرپەرشتی لێنانی چێشتەکانیان دەکرد. دەنگی هەراو هوریاو هۆڕنی جێبەکان تا دەهات نزیك تر دەبویەوە، پێشمەرگەیە ڕیزێك فیشەکی کرد بە هەوادا، باڵندەکان دایان لە شەقەی باڵ‌و بەرەو گردی بولبول فڕین.

جێبێك تارایەکی سوری بە پێشەکەدا درابوو سەرقافڵەی ئۆتۆمبێلەکان بوو، بەهۆڕن‌و فیك‌و هوڕی گەنجانەوە خۆیان کرد بە ئاواییداو لەبەردەم ماڵی حاجی حسێن سۆفی محەمەدا وەستا. کاك حەسەن بە پەلە ڕایکرد دەرگای پیشەوەی جێبی لاداو قۆڵی کرد بە قۆڵی بوکە خانمداو دایگرت. ژنێك کیسێك نوقڵ‌و چکلێت‌و پارەی وردەی کرد بە سەری بوکدا، منالانان ڕژانە بەرپێی بوك‌و زاوا بۆ کۆکردنەوەی مەتاعی دنیا، دواتر بوك‌و زاوا هەردوکیان لە سەر دوو کورسی ئەلەمنیۆمی بە لاستیك چنراو دانیشتن. هەڵپەڕکێ گەرم کرا، حەمە لامەرکەزی بە بەندە خۆشەکانی ئەوەندەی تر شاییەکەی گەرمتر کرد، تەقە بەردەوام بوو، هەردوو شەهیدان ئەحمەد شاتوانی‌و مەحمود گەرمیانی بەسەر بانی ماڵی حاجی حسێنەوە مەخزەنە حەفتاوپێنجێکەیان خاڵی کردەوە. کاتی نان خواردن هاتە بەرەوە سفرەی نایلۆن ڕاخرا. فاسۆلیای پڕ لەگۆشت‌و پلاوی برنج بەسەر سینییەوە دەهاتن‌و خاڵی دەبوون. دەنگ‌و هەرای ژن‌و منال تێکەڵاو بەیەك بووبوون، دەقەی قاپ‌و کەوچك دەهات‌و هەرمناڵێك بەجیا لەقوژبنێك دوو قاپی لەبەردەستدا بوو، بەبزەو پێکەنینەوە تەماشای یەکتریان دەکردو نانیان دەخوارد. دووبارە هەڵپەڕکێ تا لای ئێوارە گەرم کرایەوە،

میوانەکان هەتا کفت بوون قاچیان لەزەوی دەکوتاو عیویان دەکرد، دواتر پیرۆزبایی کراو هەرکەس بەرەو ماڵی خۆی گەڕایەوە، ماڵێکی شپرزو قاپو قاچاخێکی زۆریان بە پیس وپۆخڵی بۆ خانەخوێ بەجێ هێشت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٤:

**١٩٨٤/١/٥** کۆچی دوایی سیاسەتمەدارو نوسەری کورد تۆفیق وەهبی بەگ لە شاری لەندەن. پاشان تەرمەکەیان هێنایەوەو لەپیرەمەگرون بەخاکیان سپارد.

**١٩٨٤/٢/٧** مامە ڕەشەی کەچە لە گێڵەك لەلایەن یەکێتییەوە بریندار کرا.


**١٩٨٤/٣/٢١** ئاهەنگێکی گەورە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە قەشقۆڵی نزیك سورداش لەلایەن یەکێتییەوە سازکرا، شەهید عەبدولڕەحمانی خاڵۆ تایەرو محەمەد عەبدوڵا شامرادو خاڵۆ مستەفاو کۆمەڵێك کەسی تر لە تەپی سەفاوە چوون بۆ ئاهەنگەکە. مام جەلال ئامادەی ئاهەنگەکە بوو، وتارێکی پێشکەش بەو خەڵکە کرد.

**١٩٨٤/٣/٢٢** کۆچی دوایی نوسەر ئەمین میرزا کریم.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## قەڵایەك لە مەردایەتی

**١٩٨٤/٤/١١** کۆچی دوایی حاجی حەمە فەرەج حاجی حەمە نەسیم لە تەپی سەفا. ئەم پیاوە گەورەو بەڕێزە لەگەڵ باوکم خاڵۆزاو پورزا بون، بەڵام لەڕاستیدا خاڵو خوشکەزا بوون، چونکە هەمیشە



بەدەمی باوکمەو هاتووەو لە ساتە پڕ مەترسییەکانیشدا پشتی تێ نەکردووە. باوکم لە کاتی پێشمەرگایەتیدا زۆر جار لەماڵی ئەوان بەنهێنی دەمایەوەو خاڵۆ حەمە فەرەج هەموو دەنگوباسێکی بۆ دەهێنایەوە. لەبیرمە کاتێ لە زیندانی ناسرییە ئازاد کراین، بۆ ماوەی ساڵێكو حەوت مانگ دەبوو باوکمان نەبینیبوو, خاڵۆ حەمە فەرەج کاك حەمە جافری کوڕی نارد بە شوێنمانا بچین بۆ ماڵی ئەوان. منو شەهلای خوشکمیان برد بۆ لای باوکم، بەڵام وتیان بائەسعەد نەیەت چونکە منداڵەو لەئاوایی دەیگێڕێتەوەو باوکم کەشف دەکات, ئەوەبوو منو شەهلا چوین بۆ ماڵی خاڵۆ حەمە فەرەجو چاومان بە باوکمان کەوت، ئای چی تاسەیەکی هەبوو بۆمان، بەحەسرەتەوە باوەشی پێدا کردینو ماچی دەکردین، خاڵۆ حەمە فەرەجو پورە ئامینەمو خاڵۆ ژن ئامینە کەسیان خۆیان نەگرتو لە ژوورەکە چوونە دەرەوە. تفەنگەکەی باوکم دەکردەشانو بەژوورەکەدا

دەهاتمو دەچووم، نەمزانی ئەوە دوا دیدارەو ئیتر تا ڕۆژی قیامەت چاومان پێی ناکەوێتەوە. خالۆ حەمە فەرەج لەدایکبووی ١٩١٧ بووە لە گەرمیان کوڕەزای حاجی مارفی شاترییە،و خزمایەتییان لەگەڵ هۆزی یارەویس دا هەبووەو بەردەوام لە کۆچو ڕەوو نیشتەجێ بونیش دا پیکەوە بوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٤/٤/١٥ خالۆ حەمە لەلایەن سۆسیالیستەوە گیراو برا بۆ سورێن. لەوێ ئەشکەنجەیەکی زۆر درابوو دواتر لەگەڵ فەتاح ناوێك خەڵکی تەپەتۆڵەکە بوو لە لای یەکێتی دەستگیر کرابوو ئاڵوگۆڕیان پێ کردنو بەریان دان.

١٩٨٤/٤/١٦ لەشەوەکەیدا هەردوو فەرماندەی یەکێتی عەلی خەلیفە ئەحمەدو خالید تەپی کەرەمی لە گوندی موانی مەلا تایەر دەکوژرێن.

عەلی ئەحمەد محەمەد ناسراو بەعەلی خەلیفە لە ساڵی ١٩٦٢لەئاوای حەمە عەزیزی ناوچەی زەڕایەن



لەدایك بوە هەر لەو گوندە خوێندنی سەرەتای تەواو کردووە. شەهید لە ساڵی ١٩٧٨پەیوەندی کردووە بەڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران. ئەرکەکانی ڕێکخستنی چالاکانە ئەنجامداوە هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٧٩ سیخوڕوو بەکرێ گیراوانی ڕژیم هەوڵیان دا کەخۆیو کەسوکارەکەی بگرن لەوناوچەیە نەیانهێڵن، لەسیدسادق بەگرتی دەدەن. پاش هەموو جۆرە ئەشکەنجە وئازارێکی زۆر تاوان باران هیچ سودێك لەشەهید عەلی وەرناگرن ئازادی دەکەن. لەڕێکەوتی ١٩٨٠/٨/١٤پاش ئازاد کردنی پەیوەندی دەکات بەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئەبێت بەپێشمەرگە لەهەرێمی یەکی ئەو کاتە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری دەیان نەبەردی وقارەمانیەتی کردووە وەك شەڕەکانی هەڵەبجەو سەیدسادقو هەورامان لەوانە شەڕی گوندی کشەیەری کەشەهید بە سێ جۆر تفەنگ شەڕی کردووە. بەشداری نەبەردی کانی سپیلکەی کردووە، هەڤاڵی بەڕێز کاك مەلابەختیار شاهێدی قارەمانیەتی شەهید عەلی یە وەبەشداری شەڕەکانی شارەزوورو شارباژێڕی کردووە، زۆر شوێن تائەم ساڵانەش شوێنەواری لێدانی گوللەی ئاربیجی شەهیدی پێوە مابوو، وەك بینایەی فیرقەی سەراوو مەرکەزی ئەمنو پۆلیسی زەرایەن. شایەنی باسە شەهید لە هەموو نەبەردیەکاندا دژی داگیرکەران زۆر گورجوگۆڵ دەست کراوە بووە. شەهید پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تاپلەی فەرماندەی کەرت لەتیپی ١٥ی شارەزوور, شەهید ع لی خەلیفە لەئەنجامی گفتو گۆی ی ن کو ڕژیم لە ساڵی ١٩٨٤ وەزع تاڕادەیەك ئاسایی بووبوویەوە، لەوکاتەدا دەیان فەرمانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکرێنە ئامانج شەهید عەلی خەلیفەش یەکێك بوو لەو دەیان فەرماندانە. لەڕێکەوتی ١٦لەسەر١٧ی ٤ی١٩٨٤ لەگەڵ هاوڕێ یەکی دڵسۆزی خۆی بەناوی خالید محەمەد ڕۆستەم

ناسراو بەخالید تەپی کەرەمی دەکەونە بۆسەیەکی حسكو پاسۆکەوە لەگوندی موانی مەلاتاهیر دەکوژرێنو دەچنە کاروانی نەمران.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۱۹۸٤/٥/۱۲ خۆپیشاندانی خوێندکارانی قوتابخانەکانی سلێمانی دەستی پێ کرد. نزیکە بیست ئەمنیان لەسەربانی مونەزەمەوە هەڵدابویە خوارەوە. هەموو ئەو خۆپیشاندانانە پاشتر سەرکوت دەکراو چەند کەسێك دەبوو بە سوتەمەنیو گولەبارانو لە سێدارە دەدران.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## دەنگێکی بەسۆز خامۆش کرا

۱۹۸٤/٥/۱٤ لەشەڕی یەکێتیو سۆسیالیست دا لە نزیك گوندی تەپەتۆڵەکە. نەجم گردی شەریفیو ئەحمەد کەریم گردی شەریفی لە سۆسیالیستو فوئاد گەرمیانی لە یەکێتی کوژران. هەموو ئەو کەسە باشانەی لەم شەڕە نەگریسانەی ناوخۆدا دەکوژران بە زەرەری کورد تەواو دەبوو.

بەڕەحمەت بێت شەهید نەجم گردی شەریفی دەنگی خۆش بوو، کاسێتێکی تۆمارکراوی دەنگی هەبوو، یەکێ لەو بەیتانەم لەبیر ماوە کە دەیوت: دەشتی شارەزوور خۆم کردم بەرێ ئەترسم بمرم چاوم لێی بڕێ

بەڵێ زۆر پێشمەرگەی ئازاو دلێرو چاونەترسو دڵسۆز بوون بە سوتەمەنی شەڕی ناوخۆو یەك لە دوای یەك چاویان لە خاكو نیشتمان دەبڕاو ماڵئاواییان دەکرد.

جارێکیان لە گوندی تەپی سەفاو لای دوکانی ڕەیس بانگی کردم، وتی: کوڕی کێیت؟ وتم کوڕی شەهید هاوارم، زۆر ماریفەتی نواندو هەواڵی خانەوادەی پرسی، دواتر زۆر هەوڵم دا ڕەتی بکەمەوە بەڵام بەزۆر ساردییەکی بۆ بانگ کردمو وتی دەبێ بیخۆیتەوە، من لە جێگای مامتم.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۱۹۸٤/٥/۱٥ لە لامەرکەزی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵمان کرد، ئەمڕۆ یەکەم تاقی کردنەوە بوو.

۱۹۸٤/٥/۲۷ لەلای دائرەی حەریقەکەی هەڵەبجە تەقە کرا لە ساڵح دەروێش عەبدوڵاو باقی کەریمو فەتاح هانەسورەیی هەرسێکیان کوژران.

۱۹۸٤/٥/۳۱ کارتمان وەرگرتەوە، بەیەکەم دەرچووم بۆ پۆلی یەکی ناوەندی. خەڵاتی ڕێزلێنانم وەرگرت لەبەر ئەوەی بەیەکەمی ئەو سێ قوتابخانەیە دەرچووبووم.

۱۹۸٤/٦/۱ لەگەڵ دایکم لە سلێمانی بوین لە عیادەی دکتۆر سەروەر، کە نەشتەرگەری گەدەی بۆ دایکم کردبوو. دواتر لە جادەی ئۆرزدی پاسکیلێکی ژمارە ۲٤م کڕی لە سنعەتی بەغدا بە ۳۰ دینار، مەریوانی کاك عومەری مرور لە ئۆرزدییەوە بۆی هێنامەوە بۆ ماڵ کاك ڕەفیق لە گەڕەکی خەبات.

١٩٨٤/٦/٢٥ ئامینەی خوشکی کاکە حەمەی حاجی مەحمود لەگەڵ شەوکەتو ئەحمەد مام حسێنو حەسەندا بە بەیاناتی حزبییەوە گیران.


١٩٨٤/٧/٢٨ ئۆڵمپیاتی لۆس ئەنجلۆس لە ئەمریکا دەستی پێکرد. لەم خولەدا پێنج تیپی عەرەبی بەشداری یاری تۆپی پێیان کرد لەوانە: سعودیە، عێراق، قەتەر، میسر، مەغریب.

١٩٨٤/٧/٢٩ لەزەوییەکانی بەری بوزانە لە تەپی سەفا ئاوی توتنم دەدا.

١٩٨٤/٧/٣٠ لەماڵی خۆمان ژوورێکی گەورەی ماڵی باوام بوو هەیوانێکی گەورەی بەدەمەوە بوو لەگەڵ ئەسعەد ڕۆژانە سەیری یارییەکانی ئۆڵۆمپیاتی لۆس ئەنجلۆسمان دەکرد.

١٩٨٤/٩/١ کوژرانی کاک ئەحمەد شاتوانیو بریندار بوونی کاک مەحمود گەرمیانی لەماڵی کاک فەرەجە سوری تەپەڕێزینە کە کاک فەرەج خۆشی لەماڵەکەی خۆیدا کوژرا.

ناوی تەواوی شەهید (ئەحمەد مەعروف قادر)ناسراو بە(ئەحمەد شاتوانی). لە ساڵی ١٩٥٤ لە



گەرمیان لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٦٢ ماڵی باوکی هاتوونەتە شارەزوور و لە گوندی شاتوان سەربە قەزای سەیدسادق نیشتەجێ بوون. لە ساڵی (١٩٧٥) ژیانی هاوسەری پێك هێناوە لەگەڵ خاتوو سەلما.

لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە کردووە، پێشتریش پەیوەندی بەئەڵقەی ڕووناکبیری کۆمەڵەوە هەبووە لەناو پارتیدا. لە ساڵی ١٩٧٧ بووە بە پێشمەرگە لە هەرێمی یەكو تیپی١٥ی شارەزوور، لەبەر لێهاتوویی لەدوای ٣ مانگ دەکرێت بە ئامر مەفرەزە، لە ساڵی ١٩٧٩ دەکرێت بە جێگر کەرت، دواتر دەکرێت بە فەرماندەی کەرت. لە ١٩٨٤/٩/١ لە گوندی تەپەڕێزینەی شارەزوور گیانی بەختکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٤/٩/٢ ساڵح حەمە ئەمین قارەمانیو بارامی حاجی ئەحمەد تووەقوتی لە سیروان کوژران.

١٩٨٤/٩/٩ کۆچی دوایی نوسەرو ئەکتەرو دەرهێنەری سینەمای جیهانی لە کوردستانی باکور یەڵماز گۆنای لە فەرەنسا.

١٩٨٤/٩/٢١ پێشمەرگەی یەکێتی پێشڕەو حەسەن لە گوندی کەماڵانی خواروو کوژرا.

١٩٨٤/٩/٢٨ کوژرانی مەلا خدر باوزێو بەختیار قەمچوغەیی پێشمەرگەی یەکێتی.

١٩٨٤/١٠/١ ڕۆژی دوو شەممە دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە لە سانەوی هیوا لە سیروان لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم. کوڕانی ئاوایی پێکەوە دەچوینە سیروانو دەهاتینەوە لەوانە ئومێدی کاکە حەمە، حەسیبی کاك کەریم، عەلی کاك ئەحمەد، لوقمانی کاك حەسەن، عومەری لالە مەجید، محەمەدی

حاجی حسێن. کرێی ئۆتۆمبێل لە تەپی سەفاوە بۆ سیروان ١٥٠ فلس بوو، بەڵام ئەگەر لەسەر جادەی قیر سوار بوینایە تەنها ١٠٠ فلس بوو، ئەویش بە ئۆتۆمبێلی جێب، ئەگینا قەمەرە گرانتر بوو. زۆر جار سواری ئەو بارهەڵگرانەش دەبوین کە کرێکارانی شارەوانی دەگواستەوە، بە بەلاش دەگەشتینە قوتابخانەو ئەو ١٠٠ فلسەمان بۆ دەگەڕایەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## سەددام لە کەس نەدەبووری

"سەرلەبەیانی ١ تشرینی یەکەمی ١٩٨٤، بەئوتومبێلەکەی خۆم براکەم گەیاندە فڕۆکەخانەی بەغدا، دەچوە سەفەری چارەسەری پزیشکی. جێگرەکەشم کە محەمەد سەعید سەحاف بوو، منالەکەی داغلی قوتابخانە کردبوو، ئسولیش وایە یەکەم ڕۆژی دەوامی داغلکردنی منالەکەت، دەبێت دایك یان باوك لەگەڵیدا بچێتە قوتابخانە. واتە هەردووکمان بەئیش لەدەرەوەی وەزارەت بووین. سەددام تەلەفۆنی بۆ وەزارەت کردبوو، ئیشی پێم بوو، وتبویان وەزیر لێرە نییە، ئەویش وتبووی باش جێگری وەزیرم بدەنیَ، وتبویان ئەویش لەویَ نیە سەدام توڕەبوو. عەسری ئەو ڕۆژە لەکاتی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، گوێم لەڕادیۆی عێراق دەگرت لە ئوتومبێلەکەمدا، لەپڕ پەخشی ئاسایی ڕادیۆ وەستاو بێژەرەکە وتی بڕیارێك لەسەرۆکایەتی کۆمارەوە، بڕیارمان دا بە فەسلکردنی هەریەك لە وەزیری دەرەوەو جێگرەکەی بەهۆی غیاباتو دەوامنەکردنەوە"[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٤/١٠/٢٢ کۆچی دوایی مامۆستای شاعیر جگەرخوێن لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید.

١٩٨٤/١٢/١٣ مامۆستا عەلائەدین سەجادی نوسەرو ڕوناکبیر کۆچی دواییکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گەشتێك بۆ ناو بەفر

١٩٨٤/١٢/٢٥ بوو تەنها چوار ڕۆژ بوو پێمان نابویە ناو وەرزی سەرماو بەستەڵکی زستانەوە، هێزی پێشمەرگە لە شارەزوور کشابوونەوە بۆ ناوچەکانی پێشویان لە دۆڵەڕووتو سەرگەڵوو بەرگەڵوو دۆڵی جافەتیو سورداشو ناوچەکانی دیکە. گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعس لە شکستو پاشەکشەدا بوو. هێشتا ماڵە پێشمەرگەو ماڵی فەرماندەکان لە ناو سورداشدا مابوونو نەکشابوونەوە بۆ شاخو گوندە دوورە دەستەکان. سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە تەمێکی سپی لە ئاوی چەمو کانییە گەرمەکانەوە هەڵدەستاو ئاسمانی

---

١ بیرەوەرییەکانی حامد جبوری وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق.

شارەزووری تەنی بوو، ئاستی بینین بۆ ماوەی دە مەترو پازدە مەتر نزیك بووبوویەوە، خزمان لە تەپی سەفاوە بەپێ ڕێکەوتین بۆ جادەی قیر، ڕێگای خاکی گردی گۆمان هەڵبژارد لەوێوە کەمێ نزیك تر بوو، هەروەها ئەو ڕێگایە چۆڵ بوو کەس هاتوچۆی لێوە نەدەکرد، بۆ ئەوەی کەس نەزانێت بۆ کوێ دەڕۆین. لەتەنیشتی جۆگەی بوزانەوە بەرەو چەمی شێخ موسی هاتین، باڵندەکان لەسەر ڕێگاکە بەدوای خۆراکدا وێڵ بوون، ئێمەیان دەدی خۆیان دەکردەوە بە ناو چەمو توتڕەکەدا، چەند مرەڕەشەیەك لەناو پانتایی چەمەکەدا مەلەیان دەکرد، ئەوانیش بەدەنگی ئەم حەشیمەتە خۆیان خزاندە نێو شەخەڵی نێو لێرەکە.

گەشتینە جادەی قیر لەتەنیشت گوندی گردی گۆ، قاچی قوڕاویمان بە بەلەکی قەراغ جادەکەو ئاونگی سەر ئەو گیا سەوزە پاك کردەوە کە تازە سەری دەرهێنابوو. خوالێخۆش بوو کاك ڕەحیمی مام سمایلمان لەگەڵدا بوو هەمیشە قسەی خۆشو نوکتەو بەسەر هاتی پێ بوو، هەرکەس هاوسەفەری بوایە بێتاقەت نەدەبوو، ئەو جگەرەیەی دادەگیرساند دەینا بەلای لێویەوەو تا تەواو دەبوو دەستی بۆ نەدەبرد، دوکەڵی جگەرەکەی لەگەڵ تەمەکەدا تێکەڵ بەهەوا دەبوو.

گەورەکان لە ڕاوێژی ئەوەدا بوون بەچەند قۆناغ بچینە شوێنی مەبەست، ئایا بەپاس بچینە سلێمانیو دوایی بە ئۆتۆمبێلێکی دیکە بەرەو دوکان بڕۆینو لەوێ لەسەر ڕێگای سورداش دابەزین. ئەمەش کەمێ قورسە، لەناکاو جێبێکی درێژی چادر لەگردی گۆوە بەرەو سیروان کەوتەڕێ نزیك بویەوە هۆڕنی لێداو وەستا چونکە خاڵی بوو بەتەمابوو بزانێت ئەم شەش حەوت نەفەرە بۆ کوێ دەڕۆن. سڵاوی کردو ئەمانیش وەڵامیان دایەوە، شۆفێر کاك برایمی مام نەجیم بوو لە گوندی گردی گۆ، کەوتە پرسیار ئەوە بۆ بۆ کوێ تەشریف دەبەن؟ وتیان بۆ جێگایەکی دوور دەچین لەوانیە تۆ نەتوانیت بمانبەیت! برایم وتی بۆ هەرکوێ بێ دەتانبەم، وتیان بۆ سورداش دەچینو شەویش نایەینەوە، بۆ ماڵی کاك شەوکەت دەچین. برایم پێی خۆش بوو وەك دەڵێن (هەم زیارەتو هەم تیجارەت) ئامادەیی خۆی دەربڕی لەگەڵمان بێتو بۆ ڕۆژی دواتریش بمانهێنێتەوە.

سواری جێبی چادر بوین، دووپیاو لە گەورەکان چوونە پێشەوەو دوو پیاوو سێ ژنو ئێمەش دوو منال لە دواوە لەمبەرو ئەوبەری تایە سپێرەکەوە دانیشتین. جێب کەوتە ڕێو چادری سەر دەرگاکە کەوتە شەپەشەپ، منیش چمکی چادرەکەم گرتو لە ژێر بۆرییەکەیی ژێریدا لولم کرد بۆ ئەوەی چاومان لە جادەو دەرەوە بێت، سەیدسادقو قلرخو سەراومان بەجێ هێشت، تەمەکە ڕەوییەوەو دنیا ڕوناك بویەوە، دواتر گەشتینە گوندی کانی پانکە دار سنەوبەرەکان بەسەوزیو جوانی بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون، دووکەڵی گۆشتی برژاو کەباب ئەو ناوەی گرتبوو، کانی پانکە جێگای نان خواردنی ڕێبوارانو گەشتیاران بوو، بە کەبابە خۆشو گۆشتە ناسکەکەی بەناوبانگ بوو، تا ئێستاش کەبابو گۆشتی لێ نەبڕاوە. هەر گەشتینە ئەوێ بۆنی جز وهوڕی کەبابو گۆشت هات بەسەر سەرنشینانی جێبە درێژدا کەس نەیتوانی درێژە بە

بڕینی ڕێگا بدات، وتیان برایم لادە با نان بخۆین. برایم خواخوای ئەوەی بوو لەو کەبابە خۆشە نۆش بکات، هەموو دابەزین، بۆ هەر نەفەرێك دوو شیش کەباب یان گۆشت بانگ کرا، ئای لە لەزەتی ئەو نان خواردنە چەند خۆش بوو ترشمان کرد بە کەبابەوەو لەگەڵ توری سپی ناسکدا کە بە باریکی قاش کرابوو دەکردە ناو نانی گەرمەوەو بە ئیشتیهاوە ئاودیومان دەکرد, دوایی ڕزێك چای ڕەش کە لەسەر خەڵوزەکە کولابوو هێنایان ئەویشمان نۆش کرد، جگەرە کێشەکان یەکسەر پاکەتی سۆمەریان دەرهێناو سەر جگەرەیان کرد بەسەر کەبابی چەورو چای ڕەشدا، دیسان ماشێن کەوتەوە ڕێ، ئیدی چۆن دەڕوات با بڕوات تا گەشتینە سلێمانی نزیکی نیوەڕۆ بوبوویەوە. ئێستاش ئەو دیمەنەم لەبەر چاوە کە لەباخی بەختیاری دەرچوین، من هەشت ساڵ پێشترو لەکاتی ڕاگواستنمان لە زیندانی سلێمانییەوە بۆ زیندانی ناسرییە ئەو ڕێگایەم بینی بوو، ئەمە دووەم جارە بەسەریدا تێپەڕ دەبومەوە بەلام ئەم جارەیان جیاواز بوو بەرەو گەشتێکی خۆش‌و پڕ مەحەبەت دەڕۆشتین‌و کەسیش پاسەوانی نەدەکردین، بەڵی لەپاش نیوەڕۆیەکی هەوراوی تەم‌و مژدا ماشێن بەرەو سورداش لایدایەوە.

بەڵێ لە دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لەکەشێکی هەوراوی‌و سارد دا گەشتینە شارەدێی سورداش، هەورەکان سپی بوو بوونەوە ئەوەشم هەر لەمناڵیمەوە وەرگرتبوو کە هەرکات هەور کش‌و مات‌و سپی بوو ئەوە نیشانەی بەفر بارینە. سورداش چونکە لە بناری کوێستانێکدایە لەمانگی بەفرانباردا بەفری زۆری لێ دەباری. ماڵی خانەخوێمان لە خانوویەکی حکومی مسەلەح دا بوون، لەگەڵ دابەزینی ئێمە بەفریش لەگەڵمان دابەزی بۆ زەوی‌و بووین بە دوو میوانی ناوەخت. یەکێ لە حەزە زۆرەکانی مناڵیم بارینی بەفر بوو، بەڵێ جوانترین دیمەنی زستان بەلامەوە بەفر بارینەکەی بوو، هەمیشە لەو وەرزەدا گۆرەوی قایم‌و پوزەوانەم لەپێ دەکردو کلێتەیەك تەنها دەمم لەگەڵ چاوەکانم بە دەرەوە بون دەکردە سەرم‌و ئەم پەڕی ئاوایی بۆ ئەوپەڕی‌و سەرگردم تەی دەکرد، چی خۆشتر لەبەفربارین هەیە کاتێ دنیا کش‌و مات‌و بێ دەنگ دەبێت دەنگی تەپەی ماڵینی بەفری سەربانەکان لەهەموو لایەکەوە دەبیسترێت، دووکەڵی لولەی زۆپا دارەکان لەماڵەکانەوە بەرز دەبوونەوە. لەگەڵ ئارامی پورزام لەژێر کلووی سپی بەفردا تەواوی سورداشمان تەی کرد، سەیری ئۆتۆمبێلە سوتاوەکەی ملازم سەید کەریمان کرد کە لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تردا بەناوەکانی نەهرۆ عەبدولا‌و سەباح مەجید لە ڕێگای گشتی تاسلوجە، سلێمانی بەدەستی جاشەکان لەناویدا شەهید کرابوون، قاوغەکەی لەسورداش دانرابوو. تا ئێوارە بەزم‌و هەراو شەڕە تۆپەڵمان کرد، سپێتی بەفرو ڕەشی شەوگار کەوتنە زۆرانبازی، هەرچەندە شەوگار هەموو شتێك دادەپۆشێت بەلام لەبەر سپی بوونی کوچە‌و کولان‌و دارو دەوەن‌و سەرتاپای ناوچەکە نەیتوانی بەتەوای دایانپۆشێت‌و بیانشارێتەوە، هێشتا دنیا ڕووناك بوو، گلۆپی زەردی ماڵەکان وەکوو ئالتون وابوو لەناو مرواری سپیدا ئەوەندەی تر دیمەنەکەی جوانتر کردبوو.

دوای نان خواردنی ئێواره گەورەکان کەوتنه دەمەتەقیّو جار جار لەپەنجەره تەماوییەکەی ژوورەوە پەردەکەیان لادەداو تەماشایان دەکرد بزانن بەفربارین ماوه یان نا؟ ئێمەش بەو شەوه کەوتنمان نەبوو دەهاتینو دەچوین تا ئەوەی ئاگام لەخۆمان نەماو دەرگای حەوشمان بەکراوەیی بەجێ هێشت لەدوای ئێمەوە ئاسکەکەی ماڵی کاك شەوکەت فرتەی کرده دەرەوەو بۆی دەرچوو. تا ئێمه زانیمان کار لەکار ترازاو ئاسك لەچاوان وون بوو. ئادەی بەو شەوه پۆلێك پێشمەرگه کەوتنه سۆراغی دۆزینەوەی ئاسکی هەڵاتوو، دوای کاتژمێرێك بەدیلی هێنایانەوەو لەدەست دەرنەچوبوو بەوەش خۆشیمان بۆ گەڕایەوە.

بەیانی کاتێ هەستاین لەخەو دنیا وەکوو چرِی شیر سپی بوو هەتاو لەماڵەکانی دەداو تەمو مژ ڕەوی بوویەوە، سەری سەقفی جێبەکه بارستایی ٢٠سم بەفری لەسەر کەوتبوو. کاتێ لەرِێگا دەهاتینەوه هەموو کەس دەیزانی ئەم جێبه لەجێگایەکی کوێستانەوه هاتووه تا سلێمانی بەفری بەسەرەوه مابوو ورده ورده لێ دەکەوته خوارەوه لەهەندێ جێگاشدا لەکاتی وەستان خەڵکی دەستیان بۆ دەبردو بەتۆپەڵ لێیان دادەگرته خوارەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٥

ئێوارانو لەوەرزی سەرماو سۆڵەدا، یاریگای ئاوایی ڕۆژ نەبوو کوڕوکاڵ یاری تێدا نەکەنو قەرەباڵغییەك دروست نەکەن، منالێك تەشتێك گوڵەبەڕۆژەی برژاوی دەهێناو له قەراغ ساحەکەدا بەپیاڵه دەیفرۆشت، پیاڵەیەك دوان سیانمان هەر بەدەم سەیرکردنی یارییەوه دەتوکاند، چەند ژنێك یەکی کۆڵێك داروچیلکەی پاشماوەی پەمووه چنراوەکانی بەسەرەوه بوو بەرەو ئاوایی دەهاتنەوە، کەرتێك پێشمەرگه به دوو دوو که مەسافی نیوانیان چل مەترێك دەبوو به تفەنگی سەرشانو باڵیانەوه خۆیان دەکرد به ئاواییدا، قازو مراوییەکان هێشتا له چەمو جۆگەی تەوێڵەجۆ مەلەیان دەکرد، ورده ورده خۆر به زەردیو بەقەبارەی سینییەکی چا له سەری له زینجیره چیاکانی ڕۆژئاوامان گیر دەکردو سوراییەکی له ئاسماندا دروستدەکرد، پاشان دەکەوته کێوانو ون دەبوو.

ئێواره دەهاتینەوه بۆ ماڵ عەلادین مەنجەڵێکی بەسەرەوه بوو، هەر له هەیوانەکەوه بۆنو بەرامەی چێشتێکی خۆش بەدەستی دایکم دەهات بەسەرماندا، جاری وابوو نۆکاوێکی شل شل کولاّو بوو ئێسقانەکان له گۆشتەکه جیابووبوونەوە، جاری وابوو برنجێکی کوردی بەڕۆنی خۆماڵییەوه دەمی کێشابوو قاپێك ڕوبەهەناریش لەسەر سفرەکه لەگەڵ دەستکێ سەوزەو سوراحییەكو جامێکی فافۆن له ئامادەباشی نان تێکردان بوون. جاری واش بوو هەر له هەیوانەکەوه بۆنو بەرامەی مریشکی کوردی دەهات بەسەرمانداو دەچومه ژووره پێش ئەوەی بانگ بداتو نان تێ بکرێت فرسەتم دەهێناو سەری مەنجەڵم لادەداو پارچەیەك دەهێنایه دەرەوەو دەم کردنه ناو پارچەیەك نانی هەورامیو بەپەله نۆشم دەکرد. ئای له

جوانییەکانی ئەو کاتە دنیا ساف‌و بێگەردو ژینگە خاوێن‌و بۆنی زەوی خۆش، سیلەی ڕەحم‌و خزمایەتی‌و شەرم‌و حەیا هەموو جوانییەکان‌و بەها باڵاکان لەگەڵ هاتنی عەولەمەدا کۆچیان کردو لەچاو ون بوون.

هەموو هیواو ئاواتێکی خەڵکی بەش مەینەتی باشوری کوردستان ئەوەبوو کە ئەو دانوستانەی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس ئەنجامێکی هەبێت‌و کورد هیچ نەبێت بگات بە نیوەی مافەکانی. هەرچەندە سەقفی داواکارییەکانی کورد لەو ڕۆژەدا زۆر بەرز نەبوو، بەڵام لەوە باشتر بوو کە کوردستان بە تەواوی کوێر بکرێتەوەو پێنچ هەزار گوندو شاروشارۆچکەی تەختی زەوی بکرێت‌و کانیاوەکانی کوێر بکرێتەوەو خەڵکەکەشی لە بیابانەکانی باشوری وڵات زیندە بەچاڵ بکرێن‌و گازی ژەهراوی بەسەر هەڵەبجەو چەند ناوچەیەکی تردا بڕێژرێنرێت‌و هەزاران خێزانیش ئاوارەی وڵاتان بن. دڵنیام ئەگەر ئەو دانوستانەش سەری بگرتایە، ناوەندو کوردی سەر بە ناوەند پێویستیان بە چەند دانوستانێکی تر هەبوو لەگەڵ هێزەکانی تری بەرەی (جود) وەکوو پارتی‌و سۆسیالیست‌و شیوعی‌و پاسۆك، چونکە ئەوان بەشێك نەبوون لە لایەنی دانوستانکارو لەهەمان کاتیشدا لەشەڕدا بوون لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا. ئەم چوار لایەنە هەرگیز دانیان بەو مافانەدا نەدەنا کە یەکێتی بەدەستی هێنابوون‌و وەکوو ئۆپۆزسیۆنی چەکداری‌و لەشاخ دەمانەوە. ئەو کاتە ڕژێم دەبوایە شەڕی ئەوانە بسپێرێت بە یەکێتی. لەم حاڵەتەشدا دەگەڕاینەوە بۆ خاڵی سفرو جارێکیتریش شەڕی براکان بەناوێکی ترەوەو بەشێوازێکیتر گەرم دەبویەوە. باشترین چارەسەر لەو کاتەدا یەکگرتنی لایەنە کوردییەکان بوو لە یەك بەرەدا، کە دواتر بەرەی کوردستانی لیَ کەوتەوە، ئەوجا دەتوانرا دانوستانێکی ئامانجدار ئەنجام بدەن. لە کۆتاییدا یەکێتی‌و ڕژێم پێکنەهاتن‌و دانوستان کۆتایی پێهات‌و شەڕ هەڵگیرسایەوە.

یەکێکیتر لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەم ساڵەدا جیابوونەوەی بەشێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو لە هەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ژێر ناوی ئاڵای شۆڕش. وە ئاڵای شۆڕش ڕێکخراوێکی سیاسی فیکری بوو، لە هەناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە خۆی هاتەدەر، ئەگەر چی "کۆمەڵە" باڵێکی گەورەی ناو یەکێتی‌و ڕێکخراوێکی ئایدۆلۆجی‌و خاوەن دیسپلینێکی بەهێزی کاری سیاسی‌و ڕێکخراوەیی‌و پێشمەرگایەتی بوو، بەڵام دامەزرێنەرانی ئاڵای شۆڕش‌و ئەندامەکانیان، ناڕازی بوون لە دۆخی ئەو کاتەی یەکێتی‌و کۆمەڵە، پرۆژەی ئاڵای شۆڕشیان بە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ئەو کاتەی خەبات زانیوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

لە شەوێکی تاریك‌و نوتەکی هاوینی ئەم ساڵەدا، لەوکاتەی کە شەوگار چارشێوی بەسەر ڕوناکی دا دادابویەوەو ئەستێرەکان لەوپەڕی درەوشانەوەو جوانیدا بوون، مانگی سیَ شەوە لەگەڵ بانگی شێواندا خۆی خزاندە کەلەوەو ئاوا بوو، سوراییەك لەدوای خۆرنشینەوە لە ئاسۆدا مابوو بەڵام ئەویش وردە وردە

تێکەڵاو بە تاریکی بوو. ڕوناکیو تاریکی هەمیشە لە زۆرانبازیدانو بەدوای یەکتردا دەڕۆنو یەکتر دەتوێننەوە، ئەم ململانێیە تا ڕۆژی فەسڵان بەردەوام دەبێت.

دوو مەفرەزە مێردمناڵ بە چەکی دارینی شانیانەوە لە ئاواییدا دابەش دەبنو هەر مەفرەزەیەك بەشێکی گوند بە کوچەو کۆڵانەکانییەوە هەڵدەبژێرێتو دواتر سەنگەر لەیەکتری دەگرن.

تاق تاق تاق کوژرایت. ئەمە قسەی یەکێ لە پێشمەرگە مناڵەکانە

تەتەت تەتەت تەتەت نا بە خوا نەکوژراوم ئەوە تۆ کوژرایت، پێشمەرگەیەکی تر وای وت

لەکاتی تێرژانو ڕومانە هەڵدانو تاقو تیق دا من کە فەرماندەی مەفرەزەیەك بووم بە ڕاکردنو بەدەم تەقەوە لەناو تاریکیدا دەمەوێت خۆم بخزێنمە پەنا دیوارێك لەپڕ خۆم دەکێشم بە پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینەداو شەقە لە تاقمو تفەنگەکەی هەڵدەستێنم.

ئەویش باڵم دەگرێتو بە ئەوپەڕی تورەییەوە هاوار دەکات تۆ کوڕی کێیت؟ منیش دەشڵەژێمو سەر بەرز دەکەمەوە تەماشای دەمو چاوی دەکەم بزانم کێیە، ڕوناکی گڵۆپێك بەر ڕوخساری کەوت، لەبەختی باشم دا کاك عەبدولی مام عەبدولرەحمان شەشکی دەرچوو کە پێشمەرگەی سۆسیالیست بوو، وتم کاك عەبدول من کوڕی شەهید یونسم، هەر وام وت دەستی شل کرد وتی ڕۆڵە تۆ منت کوشت یاری چۆن وا دەکرێت، دوای ئەوە بەیەك ئاشنا بوین بە شەڕە تەقە خۆم کردەوە بە کۆڵانداو تا کفتو ماندوو بوینو تف لە گەرووماندا وشك بوو فیشەکمان بەخۆمان نەهیشتو ئاسمانی ئاوایيمان کرد بە دەنوکی کەو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## پیاوە ئاسنینەکە تیرۆر کرا

١٩٨٥/١/٢٤ مامە ڕیشەو سەردارو موحسین بە دەستی جاشەکانی تەحسین شاوەیس کوژران.



"زۆر باشم لەبیرە، ئەو کاتە ماڵمان لە گەڕەکی شۆرجەی شاری کەرکوك بوو، بەڵام ئێمە لە بنەڕەتا خەڵکی گوندی (خاڵۆبازیانی)ن. هەموو کەس وکارو خزمو ناسیاوم لە سنوری ئەو ناوچەیە دەژیانو هەمێشە ناوچەیەکی ڕزگار کراوبوو لە ژێر حوکمڕانی شۆڕشدا بوو. خاڵۆبازیانی گوندێکی ٣٠٠ ماڵە بوو وخەڵکەکەی دڵسوزو خاوەن هەڵویستو پێشمەرگە دۆست بوونو جێگای حەوناوەی مامە ڕیشەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، بۆ ماوەی چەند ساڵێك بوو لەو گوندە جێگیر بووبووین، بۆیە هەمیشە لە ڕووداوەکانی هێزی پێشمەرگە زۆر بە باشی ئاگادار بووین. ئەو کاتانە لەسەروبەندی کۆتایی هاتنی مفاوەزاتی ساڵی ١٩٨٤ بوو، ڕژێمی بەعسو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە حاڵەتی نەشەڕ نەئاشتی بوون.

پێشمەرگەیەك: مامە ڕیشە، بەتەنها مەڕۆ. با پۆلێك پێشمەرگەت لەگەڵدا بێت.

مامە ڕیشە: نا باوکەکەم موحسینو سەردارم بەسە، ئێمە بۆ ئەوە دەچین ڕێکەوتن بکەینو زۆرترین خەڵك بهێنینە ناو شۆڕشەوە.

دەوروبەری کاتژمێر ٩:٣٠ی سەر لە بەیانی مامە ڕیشە وموحسینو سەردار بە ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەر _شلەخەجی_ لە گوندی خاڵوبازیانیەوە بۆ جاشئاوا بەرێ کەوتنو بەو هیوایەی بتوانن دەستەیەکی خۆفروش لەگەڵ شۆڕش ئاشت بکەنەوە، ئاراستەی ڕێگاکەیان (گوندی خاڵوبازیانی، گوندی کەوەڵە، گوندی جافان، قازان بلاخ، ناوچەی مەعدەنەکان، حەسەن ئاوا) بوو کە ٣ کم مابوو بۆ ئەوەی بگەن بە جێگای مەبەست واتا جێگای کۆبونەوەی نهێنی، بەڵام لە خاڵی بەیەکگەیشتن تاوانباران ئامادە بوون بۆ پێدانی دڵنیایی بە مامە ڕێشەو هاوڕێکانیو لەسەر یەکێك لە لوتکەکانی ئەو ناوچەیە ڕادەوستنو بە پێی نەخشەیەکی پلان بۆ داڕێژراو لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەو تیرۆر کردنە ئەنجامدرا. دەستیان کرد بە تەقە کردن وفیشەکی غەدرو خەیانەت داباری بەسەر هەر یەك لە مامە ڕیشەو موحسینو سەردار دا، چرای هیوای شارێك کوژایەوەو بۆ چەند ساتێك هاواری چۆلەکەو باڵدار وئاژەڵە کێویەکانی ناوچەکە عەرشی پەروەردگاری هەژاند. پاشان لە کاتژمێر ١٠ سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٤ هەموو شتێك کۆتایی پێ هاتو مامە ڕیشەو موحسینو سەردار گیانیان بەخشی. دواتر تەرمی مامە ڕیشەو سەردار برایەوە بۆ گوندی تاڵەبانو شەهید موحسین بۆ گوندی زەنگنە[١]. وە لە ١٩٨٥/٢/١ لە هەڵمەتی پێشمەرگە بۆ سەر دوژمن لە تۆڵەی کوژرانی مامە ڕیشەدا لە گوندی گورزەبین زەرەرو زیانی زۆر بەر ڕژێم کەوت، لەو هەڵمەتەدا پێشمەرگە فەخرەدین عەلی ناسراو بە هەردی دوشیوانی کوژرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## پێشمەرگەیەکی شێوەکار

١٩٨٥/٢/٦ بارەگاکەی یەکێتی لە تەپی سەفای خواروو چۆڵ کراو پێشمەرگەکان کەوتنە جەولەکردن.



هەروەها بارەگای گوندی ناوگردانیش چۆڵ کرا. وە ئەو ماوەیەی بارەگای کەرتەکەی کاك جەلال کولکنی لە تەپی سەفا بوون، پێشمەرگەیەکیش بە ناوی کەریم حەمە ڕەحیم ناسراو بە کەریم کۆمەڵە لەوێ بوو، دەستی هونەری هەبوو تابلۆی

---

١ فەلاح سەلاح عەبدوڵا، شایەتحاڵی ڕووداوەکە، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٢/١/٢٣.

زۆر جوانی سروشتی دەکێشاو وێنەی فۆتۆگرافی بچوکی گەورە دەکرد، من بە حوکمی ئەوەی کوڕی شەهید بووم، زۆر ڕێزی لێ دەگرتم‌و هەوڵی دەدا فێری وێنەکێشانم بکات، وە فلّچەو بۆیەو فایبەری پێ دەدام‌و دەیوت سەیری دەستم بکە، بزانە کە چۆن بۆیەکان تێکەڵ دەکەم‌و ڕەنگە جواروجۆرەکان دروست دەکەم، بەڕاستی پیاوێکی دەست ڕەنگین بوو. بەڵام من بەختم نەبوو هێشتا سەرەتای فێربوونم بوو، ئەوان چوونەوە شاخ‌و لەوێ نەمان. دواتر ماوەی چەندساڵێك خەریك بووم، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتوو نەبوم‌و وازم لێ هێنا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٥/٢/٧ کاك شەوکەت نامەیەکی بە مام والی قاجردا نارد بۆ کاك محەمەدی حاجی مەحمود، کە ناوەڕۆکەکەی داوای سوڵح‌و ئاشتی دەکرد لە نێوان یەکێتی‌و سۆسیالیست دا.

١٩٨٥/٢/٩ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی مەلا بەهای خورماڵ، باوکی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهادین.

١٩٨٥/٢/١٤ هێزێکی یەکێتی کەلە قەرەداغەوە هاتبوون لە گوندی تەپەتۆڵەکەوە بەرەو گوندی تەپی سەفا ڕێچکەیان بەستبوو. بەرەتای پێشمەرگەکان گەیشتە ناو ئاوایی، بەڵام کۆتاییەکەیان لە جادەی قیربوون. مەحمودی حاجی فەرەج‌و لوقمانی کاك حەمەسالّحی بەشارەتیان لەگەڵدا بوو. ئەوان هاتبوونە تەپی سەفا لەجادەی قیر تەقە ڕویداو دایان لە شۆفرلێتێك. دۆشکەکەی سەر گردی گۆ تەقەی لەو ناوە دەکرد جار جار ڕوی لە تەپی سەفاش دەکرد. کاك مەحمودو کاك لوقمان‌و چەندین پێشمەرگەی تر لەژێر تەقەی دۆشکەدا گەڕانەوە بۆ سەر جادەی قیر. خۆیان گەیاندەوە بەو شەڕە. پاشان ئەوەی ئەفسەرێك لە شۆفرلێتەکەدا کوژرابوو ئەوانی تر هەڵهاتبوون. کاك لوقمان بڕی ئەفسەرەکەی کردبووە سەری‌و هاتنەوە بۆ تەپی سەفا.

١٩٨٥/٢/١٤ بەشەوەکەیدا لە ترسی ئەوەی بەیانی جاش‌و جەیش بێت بۆ تەپی سەفا، زۆربەی خەڵك گوندەکەی چۆڵکرد، ئێمە لەگەڵ ماڵی کاکە حەمەی مام حاجی مەحمود دا چوین بۆ بەشارەت بۆ ماڵی کاك حەمە تایەری حاجی حەمە سەعید. بۆ ڕۆژی دوایی هاتینەوە بۆ تەپی سەفا، خۆشبەختانە جاش‌و جەیش نەهاتن بۆ گوند.

١٩٨٥/٣/٧ لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکەکانی دوژمن بۆ سەر گوندی بانەمۆر سێ پێشمەرگە بە ناوەکانی فارس عومەرو عوبەید مستەفاو لوقمان قادر کوژران.

١٩٨٥/٣/١٠ عێراق بە فڕۆکە بوردومانی شاری مەریوانی ئێرانی کرد، خەڵکێکی زۆر کوژرابوو. خەڵکەکەی بەرەو کانی دینارو جوجەسازی چوو بوون. لە هەمان ڕۆژدا شاری خانەی بۆردومان کرد لە ئەنجامدا ٧٠٠ هاوڵاتی کوژرا.

١٩٨٥/٣/١٠ ئێران شارەکانی هەڵەبجەو سەیدسادق‌و خورماڵی دایە بەر تۆپ. زەرەو زیانی گیانی‌و مادی زۆری هەبوو.

١٩٨٥/٣/١٤ فڕۆکەیەکەکی ئێرانی چەند بۆمبایەکی لە نزیك سەیدسادق خستە خوارەوە.

١٩٨٥/٣/١٤ چەند موشەکێکی زەمین بەزەمین لە ئێرانەوە بۆ بەغدا ڕەوانە کرا، زەرەرو زیانی خۆی بەزۆر شوێن گەیاند لەوانە بانکی مەرکەزی عێراقی.

١٩٨٥/٣/١٤ لەبەر هێرشی دڕندانەی ڕژێمی بەعس، نزیکەی ٥٠ گوندی ناوچەی دەشتی هەولێر گوندەکانیان چۆڵ کردو بەرەو هەولێر هەڵهاتن.

١٩٨٥/٣/١٤ کۆچی دوایی شاعیر (حیلمی).

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## یەکتربینینێکی پڕ بایەخ

١٩٨٥/٣/٢١ کاك شەوکەتی حاجی مشیرو کاك محەمەدی حاجی مەحمود لە گوندی دۆلاش لە ماڵی کاك محەمەد دۆلاشی دانیشتن بۆ سولحو ئاشتی‌و ڕێککەوتن لە نێوان یەکێتی‌و سۆشیالیست. هەردوو سەرکردە زۆر بە پەرۆش بوون بۆ سولحو ڕێککەوتنی ئەو دوو حزبە، لە شەڕی براکوژیدا خۆیان لەیەکتر لادەداو ڕووبەڕووی یەکتر نەدەبوونەوە، ئەوان پێکەوە بە خەیاڵو خولیایەکی ترەوە شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە، چۆن دەبێ وزەو تینیان لەبەرامبەر یەکترەوە خاڵی بکەنەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٥/٤/١٠ تیرۆر کردنی نوسەر عەبدولخالق مەعروف لە گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر.

١٩٨٥/٤/٢١ هێزێکی گەورەی دوژمن هێرشی کردە سەر گوندی کەپەنەك ڕەشی ناوچەی قەرەچوخی هەولێر، ٨ پێشمەرگە گیانیان بەختکرد، لەناویاندا مەجیدە سور، ئەحمەدە سور، دکتۆر هەمزە.

١٩٨٥/٥/١٧ پۆلێك پێشمەرگە بە ناوەکانی ڕۆستەم مستەفا بەگو بورهان سەعید زەڵمی‌و دکتۆر مەحمودو کەسێکیتر لە تەپەسەرقوڵە لە لایەن جاشەکانەوە کوژران.

١٩٨٥/٥/١٨ لە شەڕێکدا کەریم عەبدولا تاوگۆزی‌و ئیبراهیم ئەحمەد سۆفی لەسەر جادەی تەپەتۆڵەکەو تەپی سەفا کوژران.

١٩٨٥/٦/٢ شەڕی براکوژی بەردەوام بوو، لەم ڕۆژەدا لە گوندی ئیلنجاغی ناوچەی هەولێر شەڕ لە نێوان یەکێتی‌و حزبی شیوعی دا ڕویداو چەند پێشمەرگەیەك بوون بە قوربانی. بۆ ڕۆژی دواتریش شەڕ بەرپابویەوە لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن حزبی شیوعییەوە گیرانو گولەباران کران وە گاڵتەش بە تەرمەکانیان کراوە.

١٩٨٥/٦/٤ پێشمەرگە لە گوندی تەپەتۆڵەکە کەوتنە ناو کەمین کاك حەسەنی شێخ قادر بریندارکرا.

١٩٨٥/٦/٥ دەستمان کرد بە خانوو دروستکردن. دەبوین بە دراوسێی ماڵ کاك سەید حەسەنو کاك عەلی مامە حاجی عەبدولمحەمەد، وەستا جەمالی شیوعی دیواری بۆ دەکردین.

١٩٨٥/٦/١١ پێشمەرگەی سۆشیالیست حەمەشوان لە لای گردە گڕەی شیرەمەڕ کوژرا.

١٩٨٥/٦/١٨ لە تەپی سەفاوە چوم بۆ لامەرکەزی، مامە عاسی بە بۆنەی جەژنەوە لە کەپرو چاخانەکەی کاك سابیری حەمە ڕێواسدا چەند حەیوانێکی سەربڕی بوو بۆ قازانج، دوو کیلۆ گۆشتم هێنایەوە بۆ جەژن.

١٩٨٥/٦/١٩ چوین بۆ هەڵەبجە بۆ سینەما. فیلمێکی هیندی ئیشی دەکرد. ئاخ هەڵەبجەکەی پێش کیمیا باران چەند خۆش بویت، ئاخ ئەو داخە تا قیامەت خۆش ناکەم چییان بە سەر هێنایت، هەڵەبجە کە شەهیدا کرا ئیتر جارێکی تر زیندوو نەبوویەوە، ئەمەی ئێستا هەڵەبجەیەکی ترەو لە سەر گڵکۆی هەڵەبجە دانراوەتەوە. ئێستاش وێنەی دوکانو شەقامو سینەماو سیمای پیاوانی نوورانی ئەو شارە دەکێشمەوە، عەبدوڵای جابی لە نقڵیات قاچێکی دەخستە سەر دەرگای جێبەکانو پارەی نەفەرەکانی کۆدەکردەوە، دەیقیڕاند سیروان خورماڵ سەیدسادق نەفەری بۆ شوێنانە بانگ دەکرد. قەیسەری حامی بەگو دوکانی میرزا تایەرو میرزا محمدو مەلا عەلی لەبەردەم قەیسەرییەکەدا، ئێستاش بۆنی چەرمی دوکانی قۆنەرەکان دێ بەخەیاڵما. کەبابخانەکەی عەلی تەبە نەفەری بە نیو دینار کەبابێکی بۆن خۆش توری سپی ناسکی ئاوداری بە قاشی باریك لەسەر دەورییەك دەهێنا بەو تەمەنە بچوکەوە نەفەرێکم ئاودیو دەکرد. پاسە پۆڵەنییەکانی ناو بازاڕو خەتی عەنەب، پاسە مەسڵەحەکەی خەتی هەڵەبجە-سلیمانی، حاجی عەلادینو سینییە جگەرە قامیشەکەی، حاجی عەبدولقادر ناسراو بە حاجی شەخەڵە لە دوکانە جەنجاڵەکەیدا دەهاتو دەچوو باقی ژنانی بە کەوچکە دارەکەی دەدایەوە چونکە لەناو دوکانەکەوە دەستی نەدەگەیشتە دەستیان، هەر کە دەچوومە دوکانەکەی چاوم بۆ دارلاستیك دەگێڕا، دارلاستیکی ئامادەکراوی هەبوو. ئاخ هەڵەبجە بۆچی بەناحەق شەهید کرایت، بۆچی تۆیان خستەنێو دوو بەرداشی عەرەبو عەجەمەوەو دۆستەکانیشت لەبری ئەوەی بۆت بگرین خەریکی پڕکردنی گیرفانی خۆیان بوون.

هەموو جار لە حەوشەی ماڵی خوالێ خۆش بوو کاکە حەمە ی حاجی ناجییەوە دزەمان دەکردە ناو حەوشی خانوەکەی پاشا، الله چەند دیمەنێکی جوانی هەبوو، گەر بە ئەندێشە کەمێ بگەڕاینایەتەوە بۆ مێژوو عادیلە خانمان لەبەر هەیوانەکەدا دەبینی چمکی کەواکەی کردبوو بە گیرفانەکانیداو بە فێسو کڵاوی پڕ لیرە وتاکەی سەرییەوە گوێی بۆ چریکەی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی گرتبوو لەیەکێ لە تاقەکانەوە وەکوو بولبولی عاشق ئاسمانی هەڵەبجەی پڕ کردبوو لە چریکەو ئاوازی خۆش، سەدای ئەو بەرەو بامۆكو عەبابەیلێ هەڵدەکشا وەك دەڵێن مەلی بەئاسمانەوە دەوەستاند.

هەڵەبجە هەرکات بەقەد پاڵی مێژوودا گوزەر دەکەم شیوەنت بۆ دەکەم، تۆ بە قەزایی جوان بویت تا پارێزگا، ناوی زلو دێی وێرانم بۆ چییە، با بیشتکەن بە پایتەخت نابیتەوە بەهەڵەبجەکەی جاران، هەڵەبجەی یادگارییەکان

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٥/٦/٢٦ حکومەت هێرشی کردە سەر چیای سورێنو بارەگاکانی پێشمەرگەی دایە بەر تۆپ.

١٩٨٥/٦/٢٧ کۆچی دوایی بورهان قانع نوسەرو ڕۆژنامەنوسێکی بەهەڵوێستو شۆڕشگێڕ.

١٩٨٥/٧/١ مەفرەزەیەکی ئەمن لە هەڵەبجە هەڵیان کوتایە سەر ماڵی مام بارام مەلا عەبدوڵای کولکنی، قۆڵبەستیان کردو ڕەوانەی هەیئەی کەرکوکیان کرد، لەبەر ئەوەی مام بارام پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیتەوە هەبووو کاری بۆ ئەوان دەکرد. وە برایەکی بە ناوی عەلی لە داستانی گوندی شیرەمەڕدا شەهید دەکرێت. دواتر دادگای بەعس حوکمی ١٥ ساڵ زیندانی بۆ مام بارام دەردەکات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بەدوای تانکەوە ڕایانکێشا تا گیانی سپارد

١٩٨٥/٧/٢ سەراوی سوبحان ئاغا گوندێکی جوانە لە تەنیشت شارۆچکەی سەیدسادق، پڕی سەرچاوەی ئاوو چەمو دارو دەوەنە. ئێستا بۆتە شوێنێکی گەشتیاری بۆ سەیرانکەران. ئەو کاتە بەعس کردبوویە مەعەسکەرێکی گەورە، تۆپخانەیەکی زەبەلاحی لێ دانابوو، کردبوویە بارەگای فیرقەی ٢٧ی سوپاکەی، بنکەیەکی دڕ بوو بۆ داپلۆسینی ڕاپەڕینەکانی خەڵکی ئەو ناوە. بەعس لەوێوە بەردوام تۆپبارانی گوندو شارۆچکەکانی سنورەکەی دەکردو خەڵکی ئەکوشتو بریندار ئەکردن. بۆ تۆڵە سەندنو دەستوەشاندن لەو فیرقە عەسکەرییەی ڕژێم، بڕیار دراوە بە ئەنجامدانی چالاکیەکی پێشمەرگانە دژی ئەو مەعەسکەرە، لەسەر ڕاسپاردەی کاك سامان گەرمیانیو بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکە قادری حاجی ڕەشیدو پێشمەرگەیەکی هاوڕێی بە ناوی ڕەسوڵ یار ئەحمەد ڕاسپێردرا بوون. لەسەر جادەی سەرەکی سلێمانی-سەیدسادقو لە دەروازەی ئەو شارۆچکەکەدا، ئەفسەرێکی فیرقەکەو شۆفێرەکەیان چەککردووەو بە ئۆتۆمبیلە سەربازییەکەیەوە بە ئاراستەی سلێمانیو بەرەو قوڵایی شارەزوور داویانەتە بەر. بەرلەوەی لە جادەی قیر لابدەن، گەشتوونەتە دەروازەی مەعەسکەری سەراو، لەویا شۆفێرە بارمتەکە دەستی شکاندۆتەوە بەڕووی معەسکەرەکەداو ئۆتۆمبیلەکە وەرگەڕاوە، بەو حاڵەشەوە قادری حاجی ڕەشید هاتۆتە دەستو هەردووکیانی بە سزا گەیاندووە. تووشی شەڕێکی دەستەویەخە بوون، هاوڕێکەی بە بریندای ڕزگاری بووە، خۆیشی بە شێکی جەستەی بۆتە ژێر ئۆتۆمبیلەکەوەو بە بریندای دوژمن چونەتە سەری، دوای ئەشکەنجەدانی. بۆ چاوشکاندنی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە بە دووای تانکەوە بە ناو سەید سادقدا

پەلکێشیان کردووە تا گیانی سپاردووە. ڕژێم تەنانەت دەستیان بەسەر تەرمەکەیدا گرتووەو دوای سێ ڕۆژ تەسلیمی شارەوانی سەیدسادقیان کردووە. لە مزگەوتی مەلا قادر لەلایەن چوار کەس لە خزمەکانییەوە بەناوەکانی شەریف ئەوڕەحمان مەحمود، محەمەد حەمە عەزیز، عومەر حسێن عەزیز، قازی حەمە ی عەلی لە ناو ئاپۆڕای خەڵكو لە دۆخێکی مەترسیداردا تەرمەکەیان فڕاندووە. زۆر بە نهێنی تا گوندی تەپەڕەش بە پیکابێکی خێوەتداری عوسمانی میمکە گوڵە تەرمەکەیان دەرکردوە. لەوێشەوە بە تراکتۆرە فۆڕگاسنەکەی سدیق ی حاجی کەریمی سۆیلەمیش گەیاندوویانەتە گوندەکەی خۆی واتە مالوانی ڕەشید ڕەمەزان دوای شۆردنو کفنکردنی بە لاپاڵی گۆڕستانەکەی گوندی حاسڵەوە ئەسپەردەی خاك کراوە[1].

**١٩٨٥/٧/٣** فەرماندەی یەکێتی مەحمودی حاجی فەرەجی زەڕە کۆکۆیی هەڵەبجە کە سەرتیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بوو لە ناوچەی دۆڵی ئاکۆیان لە نەبەردییەکدا گیانی بەختکرد.

مەحمود حاجی فەرەج کۆکۆیی لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی کۆکۆیی چاوگ لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٤ لە هێزی زمناکۆ دەکرێت بە سەرپەلو بەشداری شەڕو نەبەردییەکانی زمناکۆو زنجیرە چیای حەسەن بەگو زۆزگ دەکات. لە دوای نسکۆ دێتەوە بۆ هەڵەبجەو خەریکی کاروباری خۆی دەبێت. لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوەو هاوکارێکی باشی مەفرەزە سەرەتاییەکان دەبێت. لە ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیر دەکرێتو لە ئەمنی سلێمانی بۆ ماوەی چەند مانگێك دەست بەسەر دەبێت. دوای ئازاد بوونی لە ساڵی ١٩٧٨ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو پاش ماوەیەك کرا بە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی یەکی هەرێمی هەورامان. پاشتر لە ساڵی ١٩٧٩ بووە بە فەرماندەی کەرت، ساڵی ١٩٨٢ دوای ئەوەی هەرێمەکان هەڵدەوەشێتەوە شەهید مەحمود دەکرێت بە فەرماندەی تیپی ١٥ ی شارەزوور. لە ساڵی ١٩٨٥ وەکوو فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان دەستنیشان کراو ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرا. لە ڕۆژی ١٩٨٥/٧/٢ لە میانەی هێرشێکدا بۆ سەر چەند ڕەبییەکی دوژمن لە دۆڵی ئاکۆیان دەکوژرێتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. لە ساڵی ١٩٩٢ تەرمەکەی دەگوێزنەوە بۆ هەڵەبجەو لە گۆڕستانی گولان بەخاکی دەسپێرنەوە.



. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

---

١ م. کەمال ئەحمەد تەپەکەلی، سەرچاوەی پێشوو.

١٩٨٥/٨/١١ جەمال فەوزیو عومەر کیلەسپی لە داستانی ڕەبیەی گۆپاڵەدا کوژران.


١٩٨٥/٨/١٩ حاجی عەبدولکەریم سەلیم لە گوندی تەپەڕێزینە مامەی عەلی بچکۆل لەلایەن چەند جاشێکەوە لەبەرچاوی کەسوکاریدا گولەباران کراو بە ناحەق سەری نایەوە. وە چوار ماڵیشیان ئاگر پێوەناو سوتاند. جاشی بێ غیرەتو ترسنۆك لەپێناو چڵکاوخواردنی حزبی بەعسدا سڵیان لە هیچ شتێك نەدەکردەوە، کوشتن بێت، یان بەدەستەوەدان، یان ڕاوڕوتو دزی کردن.

١٩٨٥/٨/١٩ مام ئەسعەد حاجی حسێن زەنگەکە ئامۆزای حاجی برایمی شاتری بە ڕوداوی هاتوچۆ کۆچی دواییکرد. دیوەخانی مام ئەسعەد لە گوندی زەنگەکەی گەرمیان هەمیشە جمەی هاتووە لە خەڵكو کەسێکی میوان پەزێرو بەخزمەت بووە.

١٩٨٥/٨/٢٥ عەبدوڵا خان کوڕی مەحمود خانی دزڵی کۆچی دواییکرد.

١٩٨٥/٩/١٣ پەلاماری جاشەکانی زەڕایەن بۆسەر کەرتێك لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ لە گوندی باریکە، لەئەنجام دا جاشەکان تێك شکانو بەرەو دواوە گەڕانەوە.

١٩٨٥/٩/١٦ لەم شەوەدا پێشمەرگەو فەرماندەی ماندوونەناس مامە ڕەشەی کەچە لە چەمی سمۆری قەرەداغ گیانی بەختکرد.



حەمە ڕەشید حەمە ئەمین ناسراو بە مامە ڕەشەی کەچە لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی دۆڵەچەوتی نێوان سورێنو شارباژێڕ لە خێزانێکی کوردپەروەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. هەر لەسەرەتای لاویێتییەوە خولیای چەكو پێشمەرگایەتی لە کەلەی دەداتو پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی ئەیلولەوە. لە ساڵی ١٩٦٨ بەبۆنەی ئەو برنەوەی کە خاڵە ڕۆستەمی پێشکەشی کردبوو، لە پێشمەرگایەتی وەردەگیرێت.

هەر لەسەرەتاوە دەرکەوت کە پێشمەرگەیەکی چوستو چالاکە، دەیکەن بە سەرپەل لە هێزی خەبات، وە جێگا متمانەی شەهید کەمال هاواریو فەتاح ئاغا بووە. شایانی باسە مامە ڕەشە بەشداری زۆربەی نەبەردییەکانی کردووە وەکوو شەڕی کێوەڕەشو زۆزگ، شەڕەکانی شانەدەریو سەیدسادقو گرێزەو گرتنی کانی پانکە، چیای گۆیژەو ئەزمەڕ، کەوڵۆسو ناڵپارێز، پێنجوێنو چەمی شلێرو ناو شاری سلێمانی.

دوای نسکۆی شۆڕش مامە ڕەشە چەکی پێشمەرگایەتی دانەناوە تا بووە بە کۆمەڵەو تا هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ بەردەوام بووە لە خەبات. لەپاش هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مامە ڕەشە دەبێتەوە بە پێشمەرگەو هاوخەباتی پێشمەرگە سەرەتاییەکان. دوای سێ مانگ لە پێشمەرگایەتی دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی یەكو دواتر بە فەرماندەی کەرت. لە ساڵی ١٩٧٨ حەمە ئەمین کەچەی باوکی دەستگیر دەکەنو ڕەوانەی باشوری عێراقی دەکەن، دواتر بە لێبوردن

ئازاد دەکرێت. پاشتر عومەری کەچەی برای دەستگیر دەکرێت بۆ ماوەی ساڵو نیوێك، دواتر لەگەڵ ئەو سێ دیلەدا (دوو سەربازو ئەفسەرێك) ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێت کە مامە ڕەشە لە بازگەی کانی سپیکەی پەرخدا بەدیل گرتبوونی. دواتر برایەکی تری بە ناوی حەمە خان بە هۆی ئەو تەقەمەنیانەوە شەهید دەبێت کە لە ئێرانەوە بۆ شۆڕی دەهێنا. هەر دواترو لە ساڵی ١٩٨١ حەمە نەجیمی برای بۆ ماوەی ساڵێك لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت.

مامە ڕەشە لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆربەی شەڕو چالاکییەکانی کردووە لەوانە: شەڕی پردی کەولۆس، مامەندە، قەڵادزێ، سەرکردایەتی، زەلەڕەش، ئالانو حاسلێ، شەڕی باروتخانەکەی تاسلوجەو بازیان، ناو شاری سلێمانی، شاخی تالیەرو ناڵپارێز، سەیدسادق، شیرەمەڕ، ناو دێی کەولۆس. وە دوو جار بە سەختی بریندار دەبێت.

لە پێش داستانی هەکاری ڕۆژێك مامە ڕەشەو شێخ حەمە ئەمینی شاعیرو مەحمود زەردۆیی لە چەمی دۆڵەچەوتەوە بۆ کەولۆسو شارەزوور بەڕێ دەکەون، لەسەر جادەی سەیدسادق، پێنجوێن لە نزیك کەولۆس توشی قافڵەیەکی سەربازی دەبن، دواتر تەقەیان لە قافڵەکە کردووەو لە پەنای جادە قیرەکە خۆیان تەختی زەوی کردووە، سەربازەکان هیچ مۆڵەتیان نەداون سەر بەرزبکەنەوە، تا ئەوەی فیشەکێك بەر جامانەکەی مامە ڕەشە دەکەوێتو دەیخاتە خوارەوە. لەکاتی مەخزەن گۆڕیندا مامە ڕەشە فرسەت دەهێنێتو تەقە لە سەربازەکە دەکاتو لەناوی دەبات، کاتێ چوبونە سەر جەنازەکەی دەزانرێت سەرباز نییە بەڵکو ئەفسەرەو دواتر زانرابوو کە خزمی نزیکی سەدام حسێن بووە. سەعاتە زێڕەکەی دەکرێتە دەستی مەحمود زەردۆییو مامە ڕەشەش بۆ خۆشی کڵاوەکەی دەکاتە سەریو دواتر چەند وێنەیەکی پێوە دەگرێت کە ئێستا وەکوو یادگاری ماون.

مامەڕەشە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا خاوەن چەندین قسەی خۆشو نوکتە دەبێت لەوانە: لەشەڕی ئالانو حاسڵدا مامە ڕەشە ڕۆڵی کاریگەری دەبێت، ئەوەبوو جیهازی بێ تەلی دوژمن دەگرێتو بە پێشمەرگەکان دەڵێت: بە ئارەزووی خۆتان شەڕ بکەن (پەیوەندی نێوان ئاسمانو زەویم بۆ بچڕیون)! پێشمەرگەکان لەم مەتەڵە تێ ناگەن، ئەڵێن مامەڕەشە ئەم قسەیە مانای چییە؟ ئەویش دەڵێت بێ تەلەکەم گرتووە خەمتان نەبێت پەیوەندیان بەسەروی خۆیانەوە بچڕاوە.

ڕۆژێك لەسەر جادەی سەیدسادق-پێنجوێن بۆسە دادەنێت، قایمقامی پێنجوێن دەکەوێتە ناو بۆسەکەوە، مامە ڕەشە داوای پێناسی لێ دەکات، ئەویش بە ترسەوە پێناسەکەی خۆی پێ دەدات، مامە ڕەشە خوێندەواری نابێت، ماوەیەك پێناسەکە ئەمدیو ئەودیو پێ دەکاتو ئەڵێت: ها کارت چییە؟ قایمقام دەڵێت: فەڕاشم، ئەویش ئەڵێت: عەیب ناکەیت بەم سەروشکڵەوە فەڕاشی ئەکەیت، شەقێکی تێ هەڵئەداتو پێناسەکەی ئەداتەوەو ئەڵێت: بڕۆ لەم ناوەدا نەوەستیت. دوایی قایمقام ئەزانێت ئەو

پێشمەرگەیە مامە ڕەشە بووە، ئەڵێت من هەر لە سەرەتاوە لەوە ترساوم بکەومە بۆسەی ڕەشەی کەچەوە، لە خۆشیدا کە ڕزگاری بووە ١٠٠ دیناری بۆ دەنێرێت.

لە شەڕێکدا لە شارەزوور مامە ڕەشە چەکێکی (ژێ سێ)ی مزەلی پێ دەبێت، بە فیشەك لە جادەکە ئەدات‌و ئەیبڕێت، ئەڵێن ئەو جادە بۆ وای لێهاتووە؟ پێشمەرگەکانیش ئەڵێن ئەوە بە فیشەکی مامە ڕەشە وای لێهاتووە حسك عەرز ئەدرێت.

**١٩٨٥/٩/١٧** هێرشی ڕژێمی بەعس بۆ سەر گوندی کانی بەردینەی نزیك سلێمانی، لە ئەنجام دا گوندەکەیان سوتاند. هێزەکانی یەکێتی هەر لەو شەوەدا بۆ تۆڵەی ئەو گوندە چوونە ناو شاری سلێمانی‌و ٢٤ کەسیان کوشت‌و چوار ئۆتۆمبێلی سەربازییان سوتاند.


**١٩٨٥/٩/٢١** کۆچی دوایی کاك حەمە فەرەجی حەمەی سەید ئەحمەد ناسراو بە حەمە فەرەجی پۆلیس لە تەپی سەفا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## دەستڕێژێك تەقەو کەوتنی دوو هەڵۆ

**١٩٨٥/٩/٢٥** لە شەوەکەیدا مەفرەزەیەکی یەکێتی ڕژانە ناو ئاوایی تەپی سەفا، پاشان ڕۆشتنە تەپی سەفای سەروو، ماوەیەك لەوێ مانەوە، لەپڕ دەستڕێژێك تەقەکراو کپ بویەوە، دەنگە دەنگ‌و ژاوەژاوێك پەیدا بوو، قەرەباڵغی ڕوی کردە مزگەوتەکە کە لە پشتی ماڵمانەوە بوو، بەرەو مزگەوت چوین ئەزانین جەنازەی هەردوو پێشمەرگە مام وریا غەفور بیارەیی‌و موختاری شێخ ئەنوەر عەبابەیلێی لە مزگەوتەکە دانراون. پێشمەرگەکان جنێویان بە قیادەی موەقەت دەدا، بەحساب کە کەوتون بە سەر بۆسەی ئەواندا، بەڵام پێشترو دواتریش پارتی لەو ناوەدا نەبوون، وە ئەوە پشتڕاست نەکرایەوە کە پێشمەرگەی پارتی لەو گوندەدا بوونیان هەبێت. ئەوەم لە یاد ماوە گەورەکان دەیانچرپاند بەگوێی یەکتردا کە شەهیدەکان کەوتون بە سەر بۆسەی خۆیاندا.





موختار شێخ ئەنوەر هەڵەبجەیی لە ساڵی **١٩٥٩** لە شاری هەڵەبجەی شەهید چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. خوێندنی سەرەتایی‌و ئامادەیی هەر لەو شارە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو وەکوو کەسێکی دڵسۆزو چالاك لەناو شاری هەڵەبجە ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێت، چەند جارێك توشی گرتن‌و ڕاوەدونان دەبێت. لە ساڵی **١٩٨٣** چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان‌و دەچێتە شاخ.

شەهید موختار بەشداری زۆربەی نەبەردییەکانی کردووە. مەخابن لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٢٥ لەگوندی تەپی سەفای سەروو لەگەڵ شەهید مام وریا بیارەییدا دەکوژرێن‌و دەچنە کاروانی نەمرانەوە. هەر ئەو شەوە خەڵکی تەپی سەفا لەترسی ئەوەی نەبادا ڕژێم دەست بگرێت بەسەر تەرمەکانیاندا لە گۆڕستانی شێخ ڕەش ئەسپەردەی خاکیان دەکەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٥/٩/٢٨ نوسەری کورد مامۆستا حەسەن قزڵجی لە زیندانەکانی بەعس کۆچی دواییکرد.

١٩٨٥/١٠/١ ڕۆژی سێ شەممە دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە لە سانەوی هیوا لە سیروان لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووم. سێ ڕۆژ دەوامی بەیانیان بوین‌و سێ ڕۆژ ئێواران، ڕۆژێك بەرەو جادە دەچووم بەپێ، گرمەی تراکتۆرێك هات، لام کردەوە عەبدولرەحمانی خالۆ تایەر بوو، پڕی ناو عەرەبانەی تراکتۆرەکەی بوو لە فەردە توتن، ئەیبرد بۆ هەڵەبجە. وەستا منیش سوار بووم لەگەڵیدا، کاتێ گەشتینە جادەی قیر، سۆپەرێك وەستا، گەورە جاش ڕەشەی ساڵحە دابەزی، هات بەرەو ڕوومان وتی، ئەوە بۆچی بەسەر ئەو ساترەدا پەڕینەوە؟ مەگەر من ئەو ڕێگایەم نەبەستووە، ئێوە چۆن تراکتۆر دەدەن بەسەریدا؟

ڕەشە ئەو ساڵە بە شۆفلێکەوە لە جادەی قیرەوە دەروازەی چەند گوندێکی بە خۆڵ بەرز کردەوە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێل نەتوانێت هاتوچۆی ئەو گوندانە بکات، یەکێ لەو گوندا تەپی سەفابوو.

عەبدولرەحمان وتی: کاك حەمە ڕەشید ئەم توتنانە دەبەم بۆ شارو تراکتۆرەکە ناهێنمەوە، بەو شێوەیە قەناعەتی پێکرد. وە هەڕەشی کرد وتی: جارێکیتر بەتراکتۆرەوە بتانبینم خۆم دەزانم چیتان لێ دەکەم، بڕۆن لەبەرچاوم ون بن.

١٩٨٥/١٠/٨ لەگوندی شەکرالی عاسی محەمەد عەلی و حاجی عەبدولقادر عەلی ناسراو بە ئەوکەکاڵێ و عەلی و عومەری کوڕی لەلایەن مەفرەزەکانی ئەمن و جاشەکانی هەڵەبجەوە دەستگیرکران.

## بەقۆڵ‌و چاو بەستراوی ڕەوانەی هەیئەی کەرکوك کران

مەفرەزەیەك جاش‌و ئیستیخبارات‌و ئەمنی هەڵەبجە هەڵیان کوتایە سەر گوندی شەکرالی‌و حاجی عەبدولقادر ناسراو بە حاجی ئەوکەو عەلی‌و عومەری کوڕیان دەستگیر کرد. پاشان هەڵیان کوتایە سەر ماڵی باوام‌و مامە عاسییان دەستگیر کرد. هۆکاری ئەم دەستگیرکردنەش ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر چەك‌و فیشەك‌و بڵاوکراوەی یەکێتی لەو ماڵانەدا هەبوو، لەلایەن کەسێکەوە هەواڵ درابوو بە ڕژێم کە بڕێکی زۆر چەك‌و تەقەمەنی لە گوندی شەکرالی هەیەو ئەو کەسانەش خۆیان کاری ڕێکخستن ئەکەن‌و هاوکاری پێشمەرگەن.

ئەوەبوو هەرچواریان ڕەوانەی هەیئەی کەرکوك کران‌و خرانە ژێر ئەشکەنجەو ئازار، بۆ ئەوەی ڕاستی خۆیان بدرکێنن‌و بە ڕژێم بڵێن کە ئەو چەك‌و



تەقەمەنییە بەچی مەبەستێك هاتووەو بۆ کوێی دەبەن‌و لەگەڵ کێ کار دەکەن؟.


بەڵام لەکاتی دەستگیرکردنەکەیاندا کە دێنە ماڵی باوام‌و مامە عاسی دەستگیر دەکەن، کاك تۆفیقی ڕەعنا کە یەکێکە لە حەوت پێشمەرگەکەی مەفرەزە سەرەتاییەکان، قۆڵ دەکات بە قۆڵی مامە عاسی داو بە چپەوە پێی دەڵێت: نەترسیت‌و هیچ نەدرکێنیت، بڵی من ئاگام لەو چەك‌و بەیان‌و بڵاوکراوانە نییە، خەڵکی هەڵیانداوەتە ئەو شوێنە. ئەو جێگایەی ئەو چەك‌و فیشەك‌و بەیاننامەو دەفتەری سەروەری پێشمەرگەی تێدا دانرابوو دەستەیەك خانووی گڵی ئێمە بوو کە لە ساڵی ١٩٨١ بارمان کردبوو بۆ تەپی سەفاو بەچۆڵی مابووەوە. مامە عاسی ئەوانەی لەوێ شاردبوویەوە، تا ئەوکاتەی پێشمەرگە بێن‌و بیان بەن. کاك تۆفیق ڕێگایەکی ژیرانەی بۆ مامەم دانا. وتی بڵێ ئەو خانووە دەمێکە چۆڵەو لەماڵی ئێمەوە ٣٠ مەترێك دوورەو خەڵکی ئەوانەی لەوێ شاردووەتەوەو من ئاگام لێیان نییە.

ئەم نەخشەی کاك تۆفیقە زۆر باش بوو بۆ مامەم‌و ئەوانی تریش بەو شێوەیەو بەپارەیەکی باشی ئەو کاتە کە دە هەزار دیناری سویسری بوو کاك تۆفیق وەکوو بەرتیل دابووی بەکاربەدەستێکی باڵای حکومی، بەو شێوەیە ڕزگار بوون‌و دوای شەش مانگ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٤/١٩ئازاد کران.

.......................

١٩٨٥/١٠/٢٣ لە هەڵمەتێکدا بۆ سەر ڕەبیەی گوندی عەلی مستەفا پێشمەرگە یەکێتی سیروان کەریم ساڵح شەهید بوو.

١٩٨٥/١٢/٢ فەرماندەی یەکێتی مەحمود گەرمیانی لە ناوچەی گەرمیان گیانی بەختکردو بۆ هەمیشە ڕۆشتە کاروانی نەمرانەوە.



مەحمود محەمەد ئەمین ناسراو بە مەحمود گەرمیانی لە ساڵی ١٩٤٩ لەبنەماڵەیەکی هەژاری جوتیارو زەحمەتکێش لە گوندی پاریاوڵەی گەرمیان هاتوەتە دنیاوە، لەسەرەتای لاویدا دەست بەخەبات دەکات وە دەبێت بە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لە باڵی مەکتەبی سیاسی. وە پاش نسکۆی

شۆڕش ئاوارەی ئێران دەبێت، دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دەگەڕێتەوەو پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٦ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو پاش ماوەیەك لە هەرێمی یەك دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە، پاشتر لە هەمان هەرێم دەبێت بە فەرماندەی کەرت,شەهید تادواساتەکانی ژیانی کۆڵی نەداوە وەك پێشمەرگەیەك وفەرماندەیەکی ئازا بەشداری زۆربەی داستانەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردوەو لەم پێناوەشدا جگەلەگرتن وئازارو ئەشکەنجەو زیندانی ماڵ ومنداڵەکەی چوار جاربەسەختی بریندار بوەو لەکەناری مەرگ گەڕاوەتەوە. بەڵام ئەوپیاوی ڕۆژگارە سەختەکان وپیاوی شەوە ئەنگوستەچاوەکانی ئەم گەلەبوو. لەبەر ئەوە بڕیاری دابوو بە خوین مۆمی تەمەنی ئەم نیشتمانە داگیرسێنێت. شەهید(مەحمودگەرمیانی) یەکێك بوە لەو فەرماندانەی کە هەرگیز بڕیاری کۆمەڵەو یەکێتی ڕەت نەکردوەتەوەو هەمیشەپێشەنگی هاوڕێیانی بووە، نمونەی قارەمانێتی وئازایەتی وبوێری بووە، لەڕۆژی شەهیدبوونی کەجێگری فەرماندەی تیپی(٥٣)ی شێروانەبوە تەنها(٢٥٠) فلسی ئەوکاتەی لەگیرفاندابووە. فەرماندە(مەحمودگەرمیانی)لەجەولەیەکی سنوری گەرمیان لەنێوان هەردووگوندی ژاڵەی سەفەروحەسەن محە لەبەرواری شەوی ١٩٨٥/١٢/٢٨دەکەوێتە بۆسەی چەند خۆفرۆشێکەوەو دەکوژرێت دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. لەدوای خۆی سێ کچو کوڕێکی بۆ کوردستان بەجێ هێشتووە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٥/١٢/١٢ ڕاگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتی قادر عەزیز.

١٩٨٥/١٢/١٧ سێ لاوی شاری سلێمانی لەبەر دەم ڕۆشنبیری سلێمانی بە ناوەکانی حاکم ئارام محەمەد کەریم هەڵەبجەیی، سەردارو هیوا گولەباران کران.

١٩٨٥/١٢/٢٦ ساڵح کەلۆڕانی لەلای گوندی کەڵتەکە شەهیدکرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٦

ئەم ساڵ ساڵێکی پڕ هیواو ئومێد بوو بۆ گەلی کوردستان لە باشور، لەبەر ئەوەی بە هەوڵو هیممەتی هەموو لایەك، تۆوی ئاشت بوونەوەو ڕێککەوتن وەشێنراو هاتە بەرهەم. حزبە سیاسییەکانی کورد ناکۆکییەکانیان وەلا ناو پەڕەیەکی سپییان لە نێوان خۆیاندا هەڵدایەوە، بەمەش کاروچاکییان لەبەرامبەر ڕژێمی بەعس زیادی کردو وزەو توانیان بە هەدەر نەدەڕۆشت، وە لەزۆر شوێن بەرەی هاوبەشیان بۆ شەڕ دروست دەکردو پێکەوە بە گژ ڕژێمدا دەچوونەوە. هەروەها لە ڕووی جوگرافیشەوە تێکەڵاو بەیەکتر دەبوونو بەناو سنورەکانی یەکترا بێ مەترسی تێ دەپەڕین. ئەم ڕێکەوتنە گورزێکی گوچکبڕبوو بۆ ڕژێمی

بەعس، چیتر نەیدەتوانی سود لە ناکۆکییەکانی نێوانیان وەربگرێتو بە زەرەی خۆیان بیشکێنێتەوە. هەر ئەو ڕێکەوتنە بوو دواتر بەرەی کوردستانی لێ کەوتەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٦:

١٩٨٦/١/١٣ شەو لەماڵ لوقمانی مامە حەمە یارەویسی بوین لە سیروان، ئەو شەوە ئومێدی کوێخا محەمەدیش لەوێ بوو، تەلەفزیۆنی کەرکوك فیلمی کوردی (تاپۆ حەقی چییە)ی دەکرد. شەوێکی زۆر خۆشمان بەسەر برد.

١٩٨٦/١/٢٢ ئەسعەد حەمە سەعید شەمسەدین خەرپانی لە ئەحمەد ئاوا گیانی بەختکرد. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٢ لە خەرپان ی هەورامان لەدایك دەبێت، لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنە کانی پارتی دیموکراتی کوردستان، زۆر چالاك دەبێت، لە ساڵی ١٩٧٩ دەبێت بە پێشمەرگە لە هێزی هەورامان. دەوری کاریگەری دەبێت لەبەر ئازایەتی دەکرێت بە فەرماندەی کەرت، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی هەورامانو شارەزوورو بناری سورێن دەکات، لە ١٩٨٦/١/٢٢ لەشەڕێکی قارەمانانەدا لە ئەحمەد ئاوا گیانی بەخت دەکات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## جێبەکورتەکەو گوێرەکەی دوابڕاو

١٩٨٦/٢/١٠ لە پۆلی دووەمی ناوەندی بوین لەگەڵ ئارامو ئالانی کاك شەوکەت لە سانەوەی هیوا لە سیروان دەمانخوێند، ئێوارە کە هاتینەوە لە ناو جیبێکی کورت دا بووین لە لامەرکەزی وەرگەڕا, باش بوو سەلامەت دەرچوین تەنها گیانمان کوترابوو. بەڵام پیاوێکی هەورامی کەوتە ژێر تایەی سەیارەکەو گیانی سپارد.

دونیا سەوزو جوانو کەشو هەوا خۆش بوو، هەتاوێکی گەرم زەوییەکەی وشك دەکردەوە کە چەند ڕۆژ پێشتر باران شڵەقاندبووی، بەفرێکی زۆر بەچیاکانی هەورامانو سورێنەوە بوو، بە تەماشاکردنی ئاوی چاوی دەبرد وەکوو سەدەفێکی سپی لەباوەشی ئاسمانی شینو بەریندا بوو. ڕێگای گوندی تەپی سەفا چەوڕێژ بوو، لەتەنیشتی چەوەکەوە گڵ بوو ئۆتۆمبێلەکان لەبەر نەبوونی تاسەو خۆش لێخوڕین تایەیان دەخستە سەر گڵەکە، بەوەش جێگا تایەکان سافو سوڵو تەختو نەرم وخۆش بوو بۆ ڕۆشتن، ئێمەی پیادە کە نیوەڕان لەتەپی سەفاوە بە ڕێدەکەوتین بەسەر ئەو جێگا تایانەدا دەهاتین بۆ جادەی قیر، کەشو ڕێگاکە ئەوەندە خۆش بوو حەزمان دەکرد بەپێ بڕۆین بۆ جادە.

کاتێ دەهاتینە جادەی قیر خۆمان بۆ ئۆتۆمبێلی بەلاش ئامادە دەکرد، هەندێ کات بەلاشمان بۆ دەبوو، وە زۆر جاریش دەبوایە سەد فلسو سێ پەنجاییەکەمان بدایە. خەیاڵمان لای لەفەی جگەرەکەی کاك عومەر خورماڵی بوو لە حانوتی قوتابخانەکە، یەك لەفە بە سەدو پەنجا فلس بوو، ئەگەر کرێ سەیارەمان نەدایە لەفەکە مسۆگەر بوو. وانەیەكو دوانو سیانو چوار، ئەگەر شانسمان هەبوایە وانەی کۆتا وانەی وەرزش دەبوو بۆ ئەوەی تا دنیا ڕوناکە بگەڕێینە ماڵەوە، ڕۆژگاری پایز چونکە کورتە ئەوا هەندێ کات تاریکی دەکرد دەگەشتینەوە ماڵەوە.

مامۆستاکانی سانەوی هیوا نمونەی مامۆستای باشو دڵسۆز بوون لەوانەی بیرم مابێت مامۆستا ئەحمەد شێخ کەمال عەبابەیلێی، مامۆستا عەبدولمەجیدو خوالێی خۆش بێت مامۆستا ڕۆح سوكو دەستو پێ سپییەکە مامۆستا سەعدی حامید، مامۆستا سدیق هەورامیو مامۆستا مەزهەرو مامۆستا بەختیار عەبدولا هەڵەبجەییو مامۆستا ئەنوەرو مامۆستا تاراو مامۆستا شیرینو مامۆستا مژدە جەمالو مامۆستا عەلی کوردیو ... هتد.

ئێوارە لەناو بازاڕی شارۆچکەی سیروان دەستمان لە جێبێکی ستێشنی کورت ڕاگرت، زۆرتۆکمەو جوانو پاكو تەمیز بوو، زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئێمە پێی دەچوینەوە خەتی خورماڵ بوونو شۆفێرەکان هەورامی بوون، پیاوێکی هەورامی بەتەمەن لەگەڵ یەکێکیتر لە پێشەوە دانیشتبوون، منو ئارامو ئالانیش لەگەڵ نەفەرێکی تر لە دواوە بوین تایە سپێرەکە لە ناوەڕاستمان بوو. جێب ڕێگای ئاسایی خۆی دەبڕی تەماشای دیمەنی جوانی قەراغ جادەکەمان دەکرد، گۆلە ئاوەکانی ئەم بەرو ئەوبەر مرەڕەشە مەلەیان تێدا دەکرد. وێنەی خۆرەکە لەکاتی ئاوابووندا بەسەر ڕووباری سیروانەوە بوو، مەڕوماڵاتەکە لە حاجی ڕەقەوە بەرەو کێلەسپیو جان جان دەهاتنەوە شوانەکان گۆچانەگانیان بەسەر شانیانەوە بوو.

لە نێوان هەردوو گوندی شەکرالیو لامەرکەزی دا گوێرەکەیەك لەپڕ هاتە سەر جادە قیرەکەو پێشی بە جێبەکە گرت، شۆفێر هیچی بۆ نەکرا ئەوە نەبێت کە قاچی لە ستۆپ توند کرد، هەر ئەوەندەمان زانی دوای قیژەی تایەکانی ماشێن کەوتە سەر لای ڕاست، تەقلەیەكو دوانو سیان، دەنگەدەنگو تەقەتەقی پلێتو شکانی جامەکان توشی شۆکی کردین، کاتێ وەستایەوە ماشێن لەقەراغی جادەکەو لە کەنێکدا لە ڕووی شەکرالییەوە لەسەر ئەو لایەی منو ئالانی تێدا بوین ڕووەو سیروان وەستایەوە، تایە سپێرەکە بەسەر سکمەوە بوو، پالم پێوە ناو لامبرد، ئارامو نەفەریکی تر بەرامبەرمان بوو، ئارام شوشە کونێکی کردبووە بەرچاویو بە خەتێکی باریك لە خوێنی تەڕ بە ڕوومەتیدا هاتبووە خوارێ. هەرچۆنێك بوو توانیمان دابەزینو خۆمان بپشکنین بزانین چیمان بە سەر هاتووە، کاتێ تەماشای تەنیشتی جێبم کرد ئەو پیاوە هەورامییە کوڵەباڵ لەبەرەی کەلە پێشەوە دانیشتبوو، لەکاتی وەرگەڕانەکەدا دەرگاکەی کرابوییەوەو کەوتبووە ژێر تایەی پێشەوە. چەند کەسێك لە ناو گوندی لامەرکەزییەوە هاتنو پاڵیان بە جێبەکەوە نا بۆ

ئەوەی پیاوەکە ڕزگار بکەن، لەبیرمە کوڵەباڵەکە لە ژێر تایەکە مابویەوەو پیاوەکەیان بە ڕاکێشان لەناویدا هێنایە دەرێ، تا ئەمەیان کرد کار لەکار ترازابوو، فریشتەی مەرگ هەرلەوێدا گیانی ئەمانەتی لێوەرگرتبوویەوەو بەرەو چارەنوسی خۆی بردبووی.

لەگەڵ ئارامو ئالان بەرەو شەکرالی بە ڕێکەوتین ماڵی باوام لەوێ بوو، هاتن بە پیریمانەوەو ئەملاولایان ماچ کردین، بە بیستنی ڕووداوەکە تاسانو خوێنی دەموچاوی ئارامیان سڕی، وتیان دەبێ ئێستا بیبەین بۆ نەخۆشخانە، منو ئالان وتمان ئێمە هیچمان لێ نەهاتووەو باشین دەبێ بڕۆینەوە بۆ تەپی سەفا، ئەوان هەرچی پێداگرییان کرد وتیان درەنگە وا بانگی ئێوارەیە، ئێمە کۆڵمان نەداو کەوتینەرێ، دوای بانگی ئێوارە گەشتینەوە ناو ئاوایی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٦/٢/١٣ عوسمان قادر پێشمەرگەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە سەر جادەی چوارتا کەناروێ کەلە بۆسەیەکدا بۆ دوژمن دانیشتبوون دەکوژرێت.

١٩٨٦/٢/١٥ بەبۆنەی ڕووداوی هاتوچۆکەوە کە چەند ڕۆژ پێشتر بەسەرماندا هات بۆ ماوەی هەفتەیەك لەماڵی پورە زارا مامەوە لە سیروان، گەڕەکی جان جان، بۆ ئەوەی هاتوچۆ نەکەم، دوای وانە خوێندن لە سانەوی هیوا ئێواران لە گەڵ سوارەی حاجی حەمە ئەمینو غەریبی مام شەوکەت دەچوین بۆ یاری دوو گۆڵی.

١٩٨٦/٢/٢٢ سێ پێشمەرگەی یەکێتی بە ناوەکانی ئیحسان کەریم، سەباح شەوکەت، شوکر بەکر لە ئەنجامی هێرشی دوژمن بۆ سەر گوندەکانی تۆمارو گورگان پاش زەبرێکی کوشندە لە دوژمن دەکوژرێن.


١٩٨٦/٣/٧ جەلال تاڵەبانیو ئیدریس بارزانی لە ئێران کۆبونەوە. لەم کۆبونەوەیەدا کە دوو ڕۆژی خایاند هەردولا واژۆیان لەسەر ئاشتبونەوەی گشتیو کۆتایی هێنان بەشەڕی براکوژی کرد، وە لەو بارەیەوە بەیانێکی هاوبەشیان دەرکرد.

١٩٨٦/٣/١٢ عەلی حەمە غەفور لە عەشیرەتی خەڕات لە لایەن عەلی میر ئەحمەدەوە لە سیروان کوژرا. هەردوکیان یەك عەشیرەتو خەڵکی تەپە سەرقوڵە بوونو لای حەمەساڵحی ڕەشید چەکدار بوون.

١٩٨٦/٣/١٤ کوڕی شێخ حامی خورماڵی بەناوی ئاراس لەلای گوندی لامەرکەزی کوژرا.

١٩٨٦/٤/٦ کۆچی دوایی مامە حاجی مستەفا یاروەیسی لە گوندی تەپی سەفا.

مستەفا عەلی مەحمود یاروەیس ناسراو بە حاجی مستەفای یاروەیسی لە ساڵی ١٨٩٧ لە زەمەنی کۆچو ڕەوی جافایەتیدا لە دایك بووە. ئامۆزای حاجی مشیر بووەو لەهەمان کاتیشدا لەدایکەوە برای یەك بوون. حاجی مستەفا لە تەمەنی منالێدا لە حوجرە خراوەتە بەر خوێندن، فێری نوسینو خوێندنەوە بووە.



له تەمەنیدا چوار ژنی هێناوەو تەنها یەك كچی بووە بە ناوی كافیە كە پاشتر دەبێت بە یەكەم خێزانی كاك محەمەدی حاجی مشیر. حاجی مستەفا كەسێكی زۆر ئیماندارو ڕوو لە خوا بووە، لە ساڵی بیستەكان مزگەوتی تەپی سەفای خواروو دروست دەكات. پاشان لە ساڵی ١٩٤٧ تەپی سەفای سەروو ئاوەدان دەكاتەوەو لەوێش مزگەوتێك بنیات دەنێت. وە لە چەندین شوێنو جێگای تر مزگەوتی تر دروست كردووە. حاجی مستەفا لە باوكییەوە سەدان دۆنم زەوی بە تاپۆی ڕەشی عوسمانییەوە بۆ ماوەتەوەو دواتریش چەند بەشێكی حاجی مشیری برای دەكڕێتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٣ میری زەوی خاوەن موڵكەكان دابەش دەكات بەسەر جوتیارەكانداو تەنها ١٢٠ دۆنم بۆ خۆیو خێزانیو كچەكەی دەمێنێتەوە. حاجی مستەفا لە ناوەڕاستی هەشتاكاندا توشی نەخۆشی پرۆستات دەبێتو چەند ساڵێك بەو نەخۆشییەوە دەتلێتەوە، چەندین جار لە بەغدا سەردانی پزیشك دەكات، بەڵام چارەسەرەكان كاتی دەبن، تا ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٦ ماڵئاوایی لە ژیان دەكات، تەرمەكەی لە گۆڕستانی سەیدسادق بە خاك دەسپێرن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٦/٤/٧ محەمەد ئەحمەد سۆفی برای حامی ئەحمەد كەتان لە هەڵەبجە كوژرا.

١٩٨٦/٤/١٧ كۆچی دوایی شاعیر هێمن موكریانی.

١٩٨٦/٤/١٨ كۆچی دوایی حاجی مەحمودی هارونی لە گوندی پونگڵە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## مەلیك فەیسەڵی دووەم لە دیوەخانی حاجی مەحمودی هاروونی

حاجی مەحمودی پونگڵە كەسایەتی عەشیرەتی هاروونی بووەو لە ساڵی ١٩٥٦ مەلیك فەیسەڵی دووەم سەردانی ماڵیان دەكات. كەبەم سەردانە مەكانەتی حاجی مەحمود بەرز دەبێتەوەو دەبێت بەسەرۆكی ئەو هۆزە گەورەیە. پێشتر عەلی حەمە ئەمین پێوازی ڕیش سپیو دەم ڕاستی هاروونییەكان بووە، بەڵام بەم سەردانەی مەلیك پێگەو ناوبانگی حاجی مەحمودی پونگڵە دەردەكەوێتو هاروونییەكان ڕوو دەكەنە ئەو.

مام والی برازای حاجی مەحمود بووە، كەسێكی زیرەكو هۆشیار بووەو وەكوو كلیلی عەقڵی حاجی مەحمود وابووە. مەلیك فەیسەڵ هەواڵ دەنێرێت كە دەیەوێت بێتە دەشتی پێواز وناوچەی پونگڵە، بۆ ڕاوەئاسكو كارمامزو سەردانی ماڵی حاجی مەحمودیش دەكات. مام والی دەڵێت: مامە مەلیك دێتە ئێرەو دڵنییام بەگزادەكانی جاف پێیان ناخۆش دەبێت كە مەلیك نەچووەتە ماڵی ئەوانو هاتووەتە ماڵی تۆ. ئەو بەگزادانەش داود بەگو حامی بەگو حەسەن بەگو براو كەسوكاریان. ئەگەر هاتن بۆ ئێرە تۆ

مەچۆ دەرەوە بە پیرییانەوە، تۆ مەلیکی عێراق لەماڵت دانیشتووە، با ئەوان خۆیان بێنە ژوورەوە ئەو کاتە تۆ بەخێریان بهێنە.

دوای ئەوە لە دەرەوە کەوتنە پیاسە کردن، داود بەگ شان بەشانی مەلیك دەڕوات، تۆش دەبێت لەوان دوا نەکەویتو شانبەشانیان بڕۆیت, لەو کاتە داود بەگ مشکیو کلاَوو جامانەکەی فڕە دەدات بۆ تۆ، بۆ ئەوەی تۆ بیگریتەوەو لای مەلیك بچوکت بکاتەوەو بڵێت ئەمەش یەکێکە لە پیاوەکانم. تۆ ئاگات لەخۆت بێتو من فەرەجی فەتاح لەگەڵتان دەنێرم با لەتەنیشت داود بەگەوە بڕوات، هەرکات کلاَوو جامانەکەی هەڵبدات با فەرەج بیگرێتەوە.

مام والی چی وتووە بە بێ زیادو کەم قسەکانی هاتوونەتەدیو حاجی مەحمودیش بەگوێی کردووە. ئەوەبووە داود بەگ لەکاتی پیاسەکردن لەگەڵ مەلیك دا کلاَوو جامانە هەڵدەدات بۆ حاجی مەحمود، فەرەجی فەتاح دەست بەجێ دەیگرێتەوەو مەبەستەکەی دادود بەگ پوچەڵ دەکاتەوە.

لەو سەردانەدا حاجی مەحمود چل تا پەنجا سەر ئاژەڵ سەر دەبڕێت بۆ پاسەوانەکانی مەلیك فەیسەڵ کە لیواکەی عەبدولکەریم قاسم پاسەوانی کردووە. دواتر کارتێك دەدات بە حاجی مەحمودو دەڵێت: ئەگەر هاتی بۆ بەغدا لەهیچ شوێنێك کەس ناتوانێت دەست بهێنێتە ڕێگاتو چیت بوێت بۆت دەکەین[1].

١٩٨٦/٤/١٩ عاسی محەمەد عەلی و حاجی عەبدولقادر عەلی ناسراو بە ئەوکەکاڵێ و عەلی و عومەری کوڕی کە لەلایەن مەفرەزەکانی ئەمن و جاشەکانی هەڵەبجەوە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/٨ دەستگیرکرابوون، لە هەیئەی ئەمنی کەرکوك دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر ئازاد کران و هاتنەوە بۆ گوندی شەکرالی.

ئەو شەوەی مامە عاسی ئازاد کراو هاتەوە بۆ شەکرالی، ماڵی باوام میوانێکی زۆریان هەبوو، پیاوەکان لە ژوورەوە بوون و ئێمەش لە دەرەرەو هەیوانەکەدا بووین، دەمەتەقێ گەرم بوو، خۆشی و شادی بوو، ژنان خەریکی کولیچەو نان ساجی بوون بۆ بەخشینەوە بە ئاواییدا. لەناکاو چەند چەکدارێك بەماسکەوە، دەموچاوی خۆیان داپۆشی بوو، خۆیان کرد بە ماڵدا. میلی تفەنگیان هێنایەوە و لولەی کلاَشنکۆفیان خستە سەر سەری پیاوەکان و وتیان دەستان هەڵبڕن. ئێمەش وامانزانی هاتوونەتەوە بۆ گرتنی مامە عاسی، کەس گیانی تێدا نەما، ژنان لەرزیان لێهاتبوو، پیاوان هیچیان بۆ نەدەوترا، چاوەڕوانی ڕەحمی خوایان دەکرد ئەم بەلاَ تازەیان لە کۆڵ بکاتەوە. ئەم بارودۆخە چەند خولەکێکی خایاند، لەناکاو دەنگ لە ئاوایی بەرزبوویەوە، دەیان ووت ئەوانە دز بوون، کوان لە کوێن، بۆ کوێ ڕۆشتن، کاتێ

---

١ دیمانە لەگەڵ کاك محەمەدی حاجی مشیر، شارەزوور، ٢٠١٦.

ئەمان گوێیان لەم قسانەبوو، بەپەلە کشانەوە و هەڵهاتن. ئەو شەوە چەند ماڵێکی ئاوایییان تالاَن کردبوو، دەستیان بەهەرکەس گەیشتبوو، پارەو زێریان لێ سەند بوون، هەرکەسیش خۆی نەدابوو بەدەستەوە میراز کرابوو. ئەم دزانە بریتی بوون لە کۆمەڵێك جاشی دەخەڵ و شڕەخۆر بە موچەی جاشایەتی و نۆکەرایەتی ڕژێم تێریان نەدەخوارد هەڵیان دەکوتایە سەر خەڵکی بێ چەکی قوڕبەسەری گوندەکان و ڕەنج و ماندووبوونی جوتیاری و کرێکاری ئەو ساڵەیان لێ زەوت دەکرد و دەدزی و دەچوونەوە دەرخواردی ماڵومناڵی خۆیانیان دەدا، بەبێ ئەوەی لەسزای خوای گەورە بترسن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٦/٤/٢٠ جەنازەی گەورە جاش ڕەشەی ساڵحەیان هێنایەوە بۆ هەڵەبجە کە بە تۆمەتی خیانەتو ڕاکردن لە شەڕ حکومەتی بەعس گولەبارانی کردو پارەی فیشەکەکانیشی لە کەسوکاری وەرگرتەوە.

## هاتنەوەی جەنازەی ڕەشەی ساڵحە بۆ هەڵەبجە

کوتایی مانگی ٤ی ١٩٨٦ بەنیازی بینینی ئەندامانی ڕێکخستنو شانە چەکدارە نهێنیەکانمانو ئاراستەو ئامۆژگاری کردنیان لە نێو شاری هەڵەبجە, بەلێپرسراویەتی هەڤاڵی خۆشەوەیستم فاروق قادرحەمە ساڵحو بەندەو کاکە فایەق قادر حەمە ساڵحی برای وکاك مەولود عەزیز، بڕیارماندا پێکەوە بۆ ئەو ئامانجو هەرمانە گرنگە خۆمان کۆبکەینەوەو سەردانی شاری هەڵەبجە بکەین. بە سوود وەرگرتن لە تارێکایی شەو بەڕێکەوتین. ئیدی درەنگ وەختێك لە ئان وساتی دستنیشانکراوی خۆیدا گەیشتینە شوێنی مەبەست لە گەڕەکی کانی ئاشقان. لەوێندەریش کاك ئەحمەد هەڵەبجەیی کە کادرێکی چالاكو چاونەترسی نهێنی ناوشارمان بوو، بە پەروشەوە چاوەڕوانی دەکردین. دوای چەند شەوو ڕۆژێکی مانەوەمان لە ناو شاری هەڵەبجە بەبێ کات بەفیڕۆدان، سەرومڕ سەرقاڵی بینینی کەسانی خوازراو بووینو ڕەوتی ڕایی کردنی ئیش وکارەکانمان بە گوێرەی خواستی دڵمان دەچوو بەڕێوە. بەم شێوەیە دوای چەند ڕۆژێ ئیشکردن، بەرەبەیانێك لە دەوروبەری کاتژمێر ٩ی سەر لەبەیانی لە پیشهاتێکی سەیردا, لەملاو ئەولای کۆڵانەکانی کانی ئاشقان نزیکی ماڵی خانەخۆیکەمان، لە ناکاو بزاوتێکی سەربازی چاوەڕوانکراوی توقێنەر دەستی پێکرد. لەڕاستیدا ئێمەش شپرزەبووین چونکە زانیاری پێش وەختەمان لەمەڕ ئەو جوڵە سەربازیە نەبوو. ئیدی چەکداری جاش وسەربازەکانی ڕژێمی داگیرکاری بەعس ,بە شێوەیەکی بەربڵاو لەسەربانی ماڵان بڵاوەیان لێ کردبوو ,هەروەها تانك وزرێپۆش وترومبێلە سەربازهەڵگرەکانیش ئەوناوانەیان تەنیبوو. ئەوەی ڕاستی بێت سەرەتا وامان لێکدایەوە بەهەر نرخ وشێوەیەك بێت ئێمە ئاشکرا بوینە, بۆیە بەم ڕەنگە کۆڵان ولاکۆڵانەکانی ناو کانی ئاشقانیان گەمارۆ داوە. هەڤاڵ ئەحمەد هەڵەبجەییو ئێمەو ئەو ماڵەی کە داڵدەێ دابووین, شڵەژاین وترسێکی گەورەمان لێ نیشت. ئێمە نیگەرانی ئەوانو

ئەوان نیگەرانی ئێمە. ئاخر لەو سەردەمەی کە حکومەتی بەعس ئاسنی بەساردی دەکوتاو لە تروپکی هیزی خۆیدا بوو, کارێکی ئاسان نەبوو بۆ خیزانێك سەرچڵی بکاو پۆلێك پێشمەرگە لە نێو ماڵەکەیدا بشارێتەوە, بەهەمان چەشن بۆ ئیمەێش لە ناو جەرگەی شاری هەڵەبجە کارێکی هەروەها گاڵتەو سانا نەبوو بەرۆژی ڕوناك ئاشکرا ببین؟ کاك فاروق دەستپێشخەری‌و هەڵوێستێکی جوامێرانەی نواند سەبارەت بە من، ڕووی تێکردم‌و وتی: هەڤاڵ دلێر هەتا بەرەتای ئەو لەشکرە دەگاتەوە لامان بە قسەم بکە تۆ دەرفەتێکی باشت لەپێشدا هەیە کە خەڵکی ئێرە نیت‌و کەس نات ناسێتەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانی لێرە برۆیت‌و خۆت رزگار بکەیت. بە پێچەوانەی تۆوە ئێمە ئێرە زێدمانەو بەس دەرکەوین گەورەو بچوکی ئەم شارە دەماننناسنەوە ,بۆیە چارەنوس وادەخوازی تاکوو سەربەرزانە شەهید دەبین دوا گوللەی خۆمان ئەتەقێنینە ناوچاوانی داگیرکارانی کوردستان. ئەمنیش ئەو هەڵویستەم بینی پێم شەرم بوو بەجێیان بهێڵم ,یەکسەر وتم: برام,بمناسنەوە یاخود نەمناسنەوە ئیشێکی وا ترسنۆکانە هەرگیز لەمن ناوەشێتەوە ,چیتر لەسەری مەرۆ حاڵم حاڵی ئێوە دەبیت. وێڕای ئەم بینە بەردەیە هاوکاتیش ئەوە خۆمان ئامادەو تەیاردەکرد بۆ ڕوبەروبوونەوەی ئەو لەشکرە هاتبوە ئەوی‌و لە چواردەورمان مۆڵی دابوو. باش بوو کاك ئەحمەد هەڵەبجەیی بۆ سوسەکردن‌و زانینی هەواڵ ڕۆیشتبوو، لەپڕدا بە ڕەنگی گەشەوە ئامایەوەو خۆی کرد بەژوراو وتی: براینە هیچ خۆتان تێك مەدەن هیچ شتێکی مەترسیدار لە ئارادا نییە ,ئەم بزاوتە سەربازییە بۆ گیانی ئێوە نیەو کەسیش بە شوین وجێگاتان نازانێت‌و بۆ هەڵمەتی پشکنینی ماڵانیش نەهاتوون. تەنیا ئەوەندەیە گەورە جاشی ڕژێم بەناوی ڕەشەی ساڵحە ,کە ماوەیەك لەمەوبەر لەلایەن رژێمەوە بە تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ ئیران بەندکرابوو لەسێدارەیان داوە, ئێستا بۆیە بەم شێوازە سەربازییە تەرمەکەیان هێناوەتەوە, لەترسی ئەوەی نەبادا هەراوهۆریایەك بەرپا ببێت. لە ڕاستیدا بەبیستنەوەی ئەو هەواڵە ڕەنگ ڕوی هەمووومان گەشایەوەو زۆر خۆشنودو شادمان بووین‌و هۆشمان وەبەرهاتەوەو وتمان: سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە مەرگ‌و جەنگێکی مسووگەری لە کۆڵی ئێمەو ئەو خێزانە هەش بەسەرەی کردەوە. دوای ڕەوینەوەی تەم ومژی ئەم ڕوداوە بڕیارماندا هەر ئەو شەوە شاری هەڵەبجە بەجێ بهێڵین کە بەنهێنی بۆی هاتبووین. بەڵام پێش دەرچوونمان کاك فاروق وتی: ئادەی وەرە هەڤاڵ دلێر بە بۆنەی لە سێدارەدرانی ڕەشەی ساڵحەوە بەیان نامەیەکی کورت بنوسەو لە مایکرۆفۆنی ئەو مزگەوتەوە خێرا بیخوێنەرەوە، ئیتر دوای ئەوە ڕاست بۆی دەردەچین. دمای تەواوکردنی ئیش وکارەکانمان بەسەر کەوتوویی شاری هەڵەبجەمان جێ هێشت‌و بەرەو شارەزوور ملی رێگای گەڕانەوەمان گرتەبەر، ئەو شەوە بۆ خۆمان لەناوی شەخەڵ‌و

شینایی ساردو سڕی شارەزووره حەیاتەکە لەگەل لورەلوری چەقەڵو ڕێوییەکان ڕۆژمان کردوه. ئای سەرماو زوقمی ئەو شەوه چ هیلەیەکی پێ کردین[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٦/٤/٢٣ بە تەواوی ناکۆکی نێوان یەکێتیو سۆسیالیست کۆتایی پێهات.

١٩٨٦/٥/٧ هەژار دەرەویانیو هاوڕێیانی لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ لە بۆسەیەکدا لە سلێمانی کوژران.

١٩٨٦/٥/٧ حکومەتو جاش کەوتنە بڕینی کارەبای لادێکان.

دوای ئەوەی کارەبای گوندی تەپی سەفایان بڕی، بۆ ماوەیەك کارەبامان نەبوو، گەنجانی ئاوایی کەوتنە ڕاوێژی ئەوەی کە سیمی کارەباو پەیژەو دەستکێش پەیدا بکەنو بچن لە ئاستی گوندی گردی گۆ کارەباکە لە هێڵی سەر جادەکە گشتییەکە ببەستنەوە. ئەوەبوو کەرەستەیان ئامادەکردو ئێوارەیەك دوای بانگی عەسر ڕۆشتن بۆ بەستنەوەی کارەباکەی تەپی سەفا. سیمیان لە ستونەکانی سەر جادە بەستو بەکۆمەڵ سەری سیمەکەیان ڕادەکێشا بۆ ئەوەی بیگەیەنن بە یەکەم ستونی تەپی سەفا، هیچ بیری ئەوەیان نەبوو کە سیمەکە نزیك بووەتەوە لە هێڵی سەرەکی ١١ کەی ڤی کە دەچوو بۆ هەڵەبجە. لەکاتی ڕاکێشاندا سیمەکەی دەستیان بەر سیمی هێڵی گشتی کەوتو ئاگر هەستا. هەرکەس دەستی بەسیمەکەوە بوو هەموویان کارەبا گرتنیو هەریەکەی بەلایەکدا فڕێ دا. باش بوو کەسی نەکوشت. بەو شێوەیەو بەترسو لەرز کارەبا بەسترایەوە. ئای کە ڕۆژێکی خۆش بوو هاتینەوە ئەزانم دایك مەنجەڵێك یاپراخی لێناوەو دەیکاتە سینییەکی گەورە، هەڵمو بۆنی خۆشی یاپراخ چوو بەبنمیچی دارەکانی هەیوانداو سفرە ڕاخراو دۆی خۆشو نانی هەورامیو تەڕەپیاز دانرابوو، تەلەفزیۆنە ڕەشوسپییەکەم هەڵکرد. شەوێکی خۆشمان بەسەر برد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٦/٥/١٢ جاشو جەیش پەلاماری گوندەکانی بێڕەشکەو ناوگردانی دا کە پێشمەرگەیەکی زۆری تێدابوو. لە ئەنجامدا چەند شوانێك کوژران.

١٩٨٦/٥/١٣ گردەنازێ تۆپ باران کراو حاجی دێوانەی کوشتو چوار کەسی تر بریندار بوون.

١٩٨٦/٥/١٥ یەکێتیو سۆسیالیست پەلاماری ڕەبییەکانی حکومەتیاندا لە گوندەکانی کانی مرواریو دەقو کانی بەردینە، زەرەرو زیانی زۆریان پێ گەیاندن.

---

١ دلێر باجەلانی، پێشمەرگەی دێرین، تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبوك، ٢٠١٦.

١٩٨٦/٥/٢٠ چوار زیندانیەکەی ناحیەی سیروان بە لێبوردن ئازاد کران. ئەوانیش جەبار سالّح خەلیفەو محەمەد مەحمودو فایەق مەهدیو کوڕی حەمە لاو.

١٩٨٦/٥/٢٨ شەڕ لە گامێش تەپە ڕویدا کەریم حاجی مەحمود کەوتەیی‌و کەسێکیتر کوژران.

١٩٨٦/٥/٣١ سیانزەهەمین پالّەوانێتی جامی جیهانی بۆ تۆپی لە مەکسیك دەستی پێکرد. عێراق بۆ یەکەم جار بەشداری لەو پالّەوانیەتەدا کرد.

١٩٨٦/٥/٣١ شەوکەتی حاجی محەمەد بەگ برای قادر بەگ مامەی سامان بەهۆی مینەوە لە میرەدێ گیانی لە دەست دا.

١٩٨٦/٦/١ لە گوندی زەمەقی سەروو شەڕ لە نێوان مۆردینییەکان خۆیاندا ڕویداو سێ کەس کوژران‌و دوانی تر بریندار بوون.

١٩٨٦/٦/٢٨ لە شەوەکەیدا هێرش کرایە سەر جاشەکان لە گردەنازێ، دوای گرتنی بارەگاکانیان‌و کوشتن‌و بریندار‌بوونی چەند جاشێك، پێنج پێشمەرگەش بریندار بوون بەم ناوانە (ڕەمەزان دێکۆنی بە خەستی بریندار بوو، عەلی بچکۆل، شێخ تۆفیق، ئیبراهیم قاجری، مەحمود ئەحمەد حسێن).

١٩٨٦/٧/١ تۆپ بارانکردنی تەپی سەفاو دەوروبەری لەلایەن ئێرانەوە. لەگەلّ شەهلای خوشکم پاچەکۆلّەی توتنمان دەکرد، بینیمان جموجولّێکی نائاسایی دروستبوو. سەیارەیەك لە ئاوایی دەرچوو، ژن دەگریاو خەلّك لەبەری ئاوایی کۆدەبونەوە. ئێمەش ئەوەمان بینی دەستمان لەپاچەکۆلّەکردن هەلّگرت‌و هاتینەوە، وتیان حەمەی کاك کەریمی ڕەسول کارەبا گرتوویەتی‌و گیانی لەدەست داوە.

محەمەد کوڕی گەورەی کەریمی ڕەسولّ بوو، لە گوندی تەپی سەفای سەروو، ئەم کاك کەریمە لە چلەکاندا پێشمەرگەی کۆماری مهاباد دەبێت، کاتێ کۆمار هەلّدەوەشێتەوە دێتە ناوچەی پشدەرو لەلای بابەکرئاغای پشدەری دالّدە دەدرێت، دواتر دەچێتە شاری بەغداو لە کارگەیەکی هاوردەکردنی تراکتۆر کار دەکات‌و فێری شۆفێری‌و میکانیکی تراکتۆر دەبێت. کاتێ لە سالّی ١٩٥٥ مام حاجی مستەفا دەچێتە بەغدا بۆ کڕینی تراکتۆرێك پێویستی بە شۆفێرێك دەبێت، خاوەنی کارگەکەی هاوردەکردنی تراکتۆرەکە کاك کەریم دەستنیشان دەکات بۆ مام حاجی مستەفا، دەلّێ ئەم پیاوە کەسێکی ئەمینەو جێگای متمانەیە، بەو شێوەیە کاك کەریم وەکوو مەکینەچی دێتە گوندی تەپی سەفاو لەوێ جێگیر دەبێت.

١٩٨٦/٧/٩ جاشێکی زۆر لە بەرەبەیانێکی زوودا هەلّیان کوتایە سەر گوندی تەپی سەفاو بەربوونە گیانی خەلّکی ئاوایی بە لێدان‌و شەق‌و زلەو سەرشکاندن‌و جنێوی ناشیرین, هەرچی خوا پێی ناخۆش بێت بەو خەلّکەیان کردو وت. پرسیاری مالّی شەوکەتی حاجی مشیریان دەکردو بەدوای کەسوکاری ناوبراودا هاتبوون تاوەکوو بیانگرن‌و تۆلّەی خۆیانی لێ بکەنەوە. ئەوە بوو خالّۆ مەلا تایەرو شەهید عەبدولرەحمانی

کوڕی کە دەکەنە ئامۆزای کاك شەوکەت، لە گەڵ ناجی کاك محەمەدی حاجی مشیر کە دەکاتە برازای کاك شەوکەت، ئەم سیانەیان دەستگیر کردو لە گەڵ خۆیان بردنیان بۆ زەڕایەن.

هۆکاری ئەم سوکایەتییەش پەیوەندی بە ململانێی نێوان باڵەکانی یەکێتییەوە بوو لەو کاتەدا ئەوەبوو چەند پێشمەرگەیەکی ئاڵای شۆڕش تەسلیم بە ڕژێم بووبوونەوەو لای حەمە خان بووبوون بە جاش. دەیان وت سێ چەکمان لەلایەن شەوکەتی حاجی مشیرەوە گیراوەو هەروەها لە لایەن ناوبراوەوە سوکایەتیمان پێ کراوە تۆڵەی خۆمان لە کەسوکاری دەکەینەوە. ئەمە ویڕای ئەو ڕقو کینەیەی کە جاش هەیان بوو بۆ گوندی تەپی سەفاو چەندین جاری تر ئەو هەڵکوتانە سەرو سوکایەتییە بە دانیشتوانەکەی کراوە.

ئەم دوژمنایەتییە شەخسییانە لەناو شۆڕشی کورددا بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕەنگی دابوویەوەو هەرچی خەڵکی سڤیلە بوو بوون بە سوتەمەنی ئەو ململانێ سیاسییانە.

ئەوەبوو دوای دە ڕۆژ خالۆ مەلا تایەر ئازاد کرا بۆ ئەوەی بچێت چەکەکان بکڕێت، شەهید عەبدولرەحمانو شەهید ناجی بۆ ماوەی مانگێك لەوێ دەستبەسەر بوون تا سێ چەکی کلاشنکۆفیان کڕیو ڕادەستی جاشەکانیان کردن، بەم شێوەیە ئازاد کران.

ئەوەی شایانی باسە ئەو هەڵکوتانە سەر گوندی تەپی سەفا کرا لەلای ڕژێم زۆر خەست کرایەوە بوو بە مایەی ئەوەی دوای دە ڕۆژ هەردوو گوندەکە بڕوخێنن‌و دانیشتوانەکەی ئاوارەی شارو دێهاتەکانی تر بکەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## خاپوورکردنی هەردوو گوندی تەپی سەفای خواروو سەروو

١٩٨٦/٧/١٩ ڕوخاندنی هەردوو گوندی تەپی سەفای خواروو، سەروو لەلایەن جاش‌و جەیشەوە. ئەو ڕۆژە سێ دەبابەو دوو شۆفڵ‌و لیوایەك سەرباز وجاشەکانی سیروان‌و هەڵەبجە هەڵیان کوتایە سەر هەردوو گوندی تەپی سەفاو وتیان دەبێت دەست بەجێ چۆڵی بکەن. خەڵك بە پەلە پڕوزە فریای ئەوە کەوتن ئەشیاکانی ناو ماڵەکەی بێنێتە دەرەوە. هەر ئەو ڕۆژە هەردوو گوندەکەیان وێران کرد،

بەیانی تازە سپێدەی دابوو، خۆر سەری لەکەلی هەورامانەوە هێنابوویە دەر وپرشنگی خۆی دەدایە دەشتی شارەزوور. ژنان بەمەنجەڵەکانیایەوە شیریان لە چێلەکان دەدۆشی. جوتیارەکان خاکەنازیان خستە سەر شانیان‌و بەرەو مەزراکان چەند هەنگاوێکیان نابوو. هێشتا کچان نەچوبوون بۆ کانی‌و ئاوی سازگارییان کانییان نەهێنابوو. منالان خەریکی قاوەڵتی بەیانیان بوون. لەپڕ گرمەی زرێپۆش‌و شۆفڵ‌و ئۆتۆمبێلی جاش‌و جەیش گۆمی بێدەنگی شڵەقاندو ئەهریمەنی شەڕ باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشا.

خەڵکی هیچی پێ نەکرا ئەوە نەبێت کە پەلاماری کەلوپەلەکانی ناوماڵی بداتو بیانهێنێتە دەرەوە. شۆفڵ کەوتە ڕوخانی خانووەکان. خانوییەك دوان سیان کەوتنە سەر زەوی‌و تەپوتۆز گەردەلولی دەکردو دەچوو بە ئاسماندا. ئێمە هێشتا دوو ساڵی تەواو نابێت ئەو خانووەمان بەهەزار مەینەتو کوێرەوەری

دروست کردووەو هێشتا عارەقی ئیش کردنەکەیمان وشك نەبووەتەوە، زۆر دڵمان پێی خۆش بوو، ئۆخەی بوین بە خاوەنی خانووی سەربەخۆی خۆمان، بەری ڕەنجو ماندووبونی چوار ساڵ توتن کردنو شریت لێدانو تەماتە چنینو پاچەکۆڵەو ئاودان بوو. وا ئێستا بەبەرچاومانەوە تەختی زەوی دەکرێت. شۆفڵ کێلەکەی دابەزاندو ڕووی کردە ژووری میوانەکەمان لەگەڵ یەکەم قەپیدا لایەکی ڕووخاندە ناوی. پیاوێك بەپەلە ڕای کرد بۆ لای شۆفێری شۆفڵەکە، وتی: (خاتر الله هذا بیت یتیم) بیکە بەخاتری خوا ماڵی هەتیوە مەیڕوخێنە. شۆفێرەکە بە عەرەبی پێی وت خۆزگە زووتر قسەت بکردایە با ئەو دەمەشم لێ نەدایە. شۆفێری عەرەب زۆر لە جاشە کوردەکان بە ویژان تر بوو، لەبەر خوا دەستی لە ڕوخانی خانووەکەی ئێمە هەڵگرت. بەوە زۆر دڵمان خۆش بوو.

هەردوو گوندی تەپی سەفای سەرووو خواروو باریان کردو خانووەکانیان بەپێوە نەهێشت، تاكو تەرا خانوو مابون دەستیان لێ نەدابوون. ئەو هاوینە خەڵکی هەردوو ئاوایی بارمان کردە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانو کەپرمان دروست کردو تا وەرزی پایز لەوێ ماینەوە. پایز هاتینەوە بۆ ئاواییو خانووەکانمان چاك کردەوە. ئەوەی ئێمە ئاسان چاك کرایەوە لا دیوارێك بوو هەڵمان چنییەوەو گەچکاریمان کردەوەو ئەو زستانەشمان لەوێ گوزەراندو تا کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٨٧ لە گوند ماینەوە تا ئەو کاتەی ڕژێم فەرمانی چۆڵکردنی سەرجەم گوندەکانی کوردستانی داو لە ١٩٨٧/٥/١٣ بەتەوای خاپور کرا.

ناوی ئەو ماڵو خێزانانەی کەلەم ساڵەدا نیشتەجێی تەپی سەفای خواروو بوون ئەمانە بوون: ماڵی حاجی عوسمان یارەیسی، شەهید شەوکەت حاجی مشیر (تەنها خانوەکەیان مابوو خۆیان لە قەرەداغ بوون)، محەمەد حاجی عوسمان، مامۆستا مەلا تایەر حاجی عوسمان، مارف حاجی عوسمان، مستەفا حاجی عوسمان، عەبدولرەحمان مەلا تایەر، عەبدولا محەمەد حاجی عوسمان، حاجی عەبدولمحەمەد عەبدولاو شەهابی کوڕی، محەمەد حاجی مەحمود، عەلی حاجی عەبدولمحەمەد، وەهاب حاجی عەبدولمحەمەد، ئەحمەد محەمەد ڕەزا، عوسمان فەتاح، محەمەد ئەحمەد فەتاح (خالیدو عومەرو لوقمانو دایکیان) حەسەن محەمەد ئەحمەد، ئافتاو حاجی عوسمان خێزانی شەهید یونس محەمەد عەلی، حاجی حەمە فەرەج حەمە نەسیم، حەمە جافر حاجی حەمە فەرەج، سەلام حاجی حەمە فەرەج، محەمەد حاجی حەمە فەرەج، مەجید حاجی حەمە نەسیم، حەمە ڕەوف مەجید، محەمەد حاجی حەمە نەسیم، ئیبراهیم محەمەد، حاجی عەلی ئیبراهیم، عوسمان حاجی عەلی، عەبدولا حاجی عەلی، ئەحمەد حاجی عەلی، حەبیب ئیسماعیل، حەسەن حەبیب، کەریم حەبیب، ڕەحیم ئیسماعیل، حاجی سەید عەلی، حەسەن حاجی سەید عەلی، جەلال حاجی سەید عەلی، ئەحمەد محەمەد (جاف)، حەمە فەرەج محەمەد سەلیم، ئازاد حەمە فەرەج، عەلی هەسەن، کەریم نادر، پورە بەگیجو مستەفای کوڕی، مامە قادر حەمە ، حەمە ساڵح مامە قادر، حەمە ئەمین مامە قادر، عومەر ئەحمەد، عوسمان ئەحمەد، محەمەد ئەحمەد، حاجی سەید نەجمەدین، حەمە ڕەشید حاجی سەید

نەجمەدین، حەمە ئەمین حاجی سەید نەجمەدین، حەمە ئەمین ساڵح (ڕزگارو دایکی)، شەهید حەمە سیاسی، جەلال حەمە ئەمین ساڵح، حەمە فەرەج محەمەد سەید ئەحمەد (حەمیدو مەجیدو دایکی)، حامید حەمە فەرەج، (محەمەد حەمە فەرەج، ئەحمەد عەلی، حەمە ساڵح ژیرە، حاجی محەمەد ئیسماعیل (شێخ قادر)، پورە تەلیعە، پورە ئەمنەو ئەحمەدی کوڕی، حەمە ئەمین سەید حەسەن، حاجی حەمە شەریفو ئەلاکەرەمی کوڕی، محەمەد حاجی حەمە شەریف، مستەفا حاجی حەمە شەریف، حەمە ئەمین حاجی حەمە شەریف، شاوەیس حاجی حەمە شەریف، عەبدوڵا حاجی حەمە شەریف، پورە فەزیلە، جەمال حەمە فەرەج عەبابەیلێیو عومەری برای، لالە حەمەی فەرەجو عەبدولکەریمی کوڕی، عەبدولرەحمان حەمەی فەرەج، حسێن نادر، فایەق ئەحمەد، نەسرەدین سەید محەمەد، نەجمەدین سەید محەمەد، بەکر سەید محەمەد، مامۆستا مەلا مارف، سەید کەریم سەید محەمەد، حەسەن عەبدوڵا، فەرەج ئێرانیو ڕەوفی کوڕی، میرزا فەرەج، عارف محەمەد، مستەفا عەزیزو مەهدی کوڕی، هادی مستەفا, مەحمودی ماڵ مامە حاجی، مام فەتاحو پورە ئامینەی دایکی، ئەحمەد محەمەد سلێمان، مەحمود محەمەد سلێمان، عەبدولرەحمان محەمەد سلێمان. حاجی ڕەشید، ناسر حاجی ڕەشید، سەعدی محەمەد حاجی ناجی. ، حاجی عەبدول، کەمال حاجی عەبدول، حەمە جوانڕۆیی، حسێن قاسم، مامە عەلی مەلا محێدین دواتر باری کرد بۆ گوندی خێڵی حەمە ، عەلی سەید مەجید، وە چەند ماڵێکی ئاوارەی خورماڵ کە وەك خەڵکی گوندەکە وابوون لەوانە ماڵی مام حەمە یوسف، مامە سەعید، وەستا سدیق، وەستا فەرەج، عومەرو عوسمان خورماڵی، مام سادق یالانپێیی، عەریف تایەر، حەمە ئەمین پاڵەوان، مامە عەزیز، عەبدولسەمەد. حەمە خان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٦/٧/٢٢ شەڕی شەمێرانیو نەورۆڵی لە ناوچەی هەڵەبجەو ناحیەی سیروانو زەمەقی هەڵگیرسا. ئەم شەڕە خێڵەکییانە بە فیتی حکومەتی بەعسو بە دواکەوتوویيو نەخوێندەواری خەڵکی ناوچەکەوە هەڵدەگیرسا. ئامانج لێی پەنا بردن بوو بۆ پیاوانی ڕژێمو بوون بە جاش بوو، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیانو عەشیرەتیان بپارێزن. لەم نێوەندەدا چەندین کەسی بێ تاوان دەبوون بە قوربانی.

١٩٨٦/٧/٢٢ لەپاڵ جۆگەی بوزانە کەپرمان بەست ماڵمان لەوێ بوو تاپایز خەریکی توتن لێدانبوین.

١٩٨٦/٧/٢٥ لەگەڵ دایکمو کۆمەڵێك خزم چوین بۆ زەڕایەن بۆ سەردانی عەبدولرەحمانو ناجی کە دیل بوون لای حەمە خانی حاجی دارا، تا ئەو کاتەی سێ تفەنگ دەکڕنو دەیبەن بۆیان ئازادیان دەکات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## سۆپەرمارکێتێك لەناو گێڵگەی توتن

۱۹۸٦/۷/۲۸ لەپاڵ کەپرەکانی خۆمان کەپرێکی خنجیلانەم دروست کرد بۆ دوکان، کردم بە سۆپەر مارکێت، دەچوم لە هەڵەبجە لەدوکانێکی جوملەفرۆش بابەتی خواردنو جگەرەم بۆ دەهێناو دەم فرۆشت. ئەو هاوینە لەپاڵ ئیش کردنی توتنو کشتوکاڵدا لەو دووکانە شەست دینار قازانجم کرد.

ئێواران ئەو خزمانە لەو دەوروبەرە کەپریان بەستبوو دوای ئیش کردن ئەهاتن بۆ دوکانەکەی منو شتیان دەکڕیو دەمەتەقە دەکراو بۆ ئێوارە بلاوەیان لێ دەکرد. کاك نەجمەدین جەلیلەیی کەلە رێکخستنەکانی یەکێتیدا کاری دەکرد، لە تەپی سەفا خەریکی کشتوکاڵ کردن بوو، هەموو ڕۆژێك پاکەتێکی سۆمەری لێ دەکڕیم.

۱۹۸٦/۸/٦ ئێران سیروانی دایە بەرتۆپ لە ئەنجامدا بینایەك گڕی گرت، زیاتر لە ۱۲۰ کەس کوژرانو دەیانی دیکە بریندار بوون. وەکوو سەددامو ڕژێمەکەی لێ نەدەگەڕا بە ئیسراحەت بژین، خومەینیو ڕژێمەکەشی هەروابوون، ئەو شارو شارۆچکانەی سەر سنور بەردەوام لە ژێر ڕەحمەتی تۆپ بارانی ڕژێمی خومەینیدا بوون. ڕۆژی ۱۹۸٦/۷/۱۹ گوندەکەی ئێمە تەپی سەفا لەلایەن کۆمەڵێك جاشو لیوایەك سەربازو تانكو زرێپۆشەوە گەمارۆ دراو بەتەواوی وێران کراو خەڵکەکەی ئاوارەی دەشتو دەر بوون. ئەو هاوینە لە سەر زەوییەکانی خۆمان کەپرمان دروست کردو تا پایز لەوێ بوین.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## خنکانو سوتانی سەدان پەپولە

لە ڕۆژی ۱۹۸٦/۸/٦ خەریکی ئاودانی توتن بووم. تۆب بارانی ناحیەی سیروان دەستی پێ کرد، وەکوو ئەوەی سیروان سەربازگەی گەورەو کارگەی دروست کردنی ساروخی حسێنو جێگای حەوانەوەی لیوای گاردی کۆماری بێت، هەر پاسدارێك لەخەو هەڵدەستا بۆ خۆشیو لەکاتی چا خواردنی بەیانیدا چەند تۆپێکی بە سیروانەوە دەنا. ئەو ڕۆژەش چەند تۆپێك بەسەر ئێمەدا ڕەوانەی سیروان کرا، لەپڕ ئاگرو دوکەڵێکی ڕەش بەرز بویەوە، لەدڵی خۆمدا دەموت هیچ نییە بەرمیلە نەوتو گازە گڕی گرتووە. هەر دوای نیو کاتژمێر بوو یەکێك لە سیروانەوە هاتەوە وتی ماڵتان ئاوەدان بێت ئەزانن ئەو تۆپانە چی زەرەرو زیانێکی هەبووە، زیاتر لە ۲۰۰ کەسی کوشتووەو سوتاندووە لە بینا حکومییەکانی سیرواندا و ئەوەندە زیاتریش بریندار بووە، ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی جەنازەکانن. ئەو دوو سێ بینایە لە سیروان پڕ بوون لە خەڵکی ئاوارەی خورماڵ، بیناکە تۆکمەو چاك بوو لەکاتی تۆپ باران دا مەترسی نەبوو بەڵام بۆ نەگبەتی ئەوان چەند بەرمیل سوتەمەنی لەبەردەم دەرگای بیناکەدا بووە تۆپێك بەر ئەوان کەوتووەو هەرچی ئاگرو دووکەڵە خۆی بەبیناکەدا کردووەو کارەبای بیناکەش گڕی گرتووە، ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی لێ کەوتەوە کە بۆ هەتا هەتایە پەڵەیەکی شەرمەزارییە بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

١٩٨٦/٨/٢٥ ماڵمان لەناو کەپرەکان بوو. خەریکی توتن لێدان بوین، ڕۆژی ٨ تا ١٠ تا ١٢ شریتم لیَ دەدا. گەورەکان خێراو ئازاتر بوون لە ئێمە.

١٩٨٦/٨/٣٠ شەڕی نێوان عەمەڵەو هارونی لەسیروان هەڵگیرساو بوو بە تەقەو سەنگەر لەیەك گرتن. لە ئەنجامدا ٥ کەس کوژرانو ٢٠ کەسی تر بریندار بوون. حکومەتی بەعس دەستی هەبوو لە هەڵگیرسانی شەڕی عەشایەریداو بارودۆخەکەی پیَ خۆش بوو، بەو هەموو هێزو تواناوە وەکوو تەماشاکەرێك بۆ ڕوداوەکانی دەڕوانیو هەوڵی کپ کردنەوەی نەدەدا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گەڵا شکێنو توتن لێدان

١٩٨٦/٨/٣١ بەیانیان زوو لەخەو هەڵئەساین دەچوین بۆ گەڵای توتن شکاندنەوەو بەشی ٨٠ شریت گەڵای گەیشتوومان دەهێنایەوە بۆ ناو کەپرەکان، دوای نان خواردنی بەیانی دەستمان دەکرد بە توتن لێدان، توتنەکەمان دەکرد بە شیشی درێژەوەو لەویشەوە دەمان کرد بەپەتێکی مەترو نیوییەوەو هەردوو سەری پەتەکەمان هەڵەفە دەکرد بۆ ئەوە لە لەچەرداخەکان هەردوو سەری پەتەکە بکەین بە بزمارەوەو شریتەکە لەبەر هەتاو هەڵبواسین تا چەند ڕۆژ هەتاو لێی بداتو وشك ببێتەوە. دواتر دەمان خستە زیندانێکەوەو سەری زیندانەکەمان دادەپۆشی. تا چەند شەوو ڕۆژێك لە ناویدا دەمایەوەو خاو دەبویەوە. دواتر سندوقی دارمان ئامادە دەکرد، توتنەکەمان لە زیندان دەردەهێناو، سەفتە سەفتەو دوای شێلانی ناوبەناو نزیکەی سەد شریتمان دەکردە سندوقێکەوە، کەتەواو دەبوو بەردی گەورە گەورە یان بلۆکمان دەخستە سەر سندوقەکان بۆ ئەوە چەند ڕۆژ بەسەرییەوە بێتو کەپسی بکات. دوای چەند ڕۆژ سندوقەکەمان هەڵدەکێشاو توتنەکە لە ناو گونییەکەدا دەمایەوە، ئەمسەرو ئەوسەری گونییەکەمان دەگەیاندەوە بەیەكو فەردەیەك تووتنی لیَ دەردەچوو. پایز کە ئیشو کار تەواو دەبوو توتنەکان دەبران بۆ ئینحیساری هەڵەبجە لەویَ لیژنە بەپێی پاكو پیسی جۆری توتنەکە وەری دەگرتو نرخی بۆ دادەنا، فەردەی لە ٤٠ دینارەوە بۆ سەروتری دەکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٦/١٠/١ ڕۆژی چوار شەممە دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە لە سانەوی هیوا لە سیروان لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم.

١٩٨٦/١٠/٧ مامە عاسیو حاجی عەبدولقادرو کاك عەلیو کاك عومەری کوڕی لە شەکرالی لەلایەن جاشو جەیشەوە قۆڵبەست کرانو ڕەوانی هەیئەی کەرکوك کران.

١٩٨٦/١٠/٨ یەکێتیو پارتی بە نێوەندگیری ئێران ڕێککەوتنو ئاشت بوونەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## هێرش بۆ سەر بیرەنەوتەکانی کەرکوک

١٩٨٦/١٠/١٠ پاش ئەوەی دەوڵەتی ئێرانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆ ماوەی چەند مانگ نەخشەیەکیان ئامادەکرد، وە چەندین تۆپی ١٢٠ملمیان ڕەوانەی ناوچەی گەرمیان کرد. هێزێکی گەورەی یەکێتی کە پێکهاتبوو لە ٢٥٠٠ پێشمەرگە، بەهاوکاری ١٠٠ پاسداری ئێرانی، سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە لەکاتژمێر یەکی پێش سپێدەی بەیانی هێرشیان کردە سەر بیرە نەوتەکانی کرکوکو تۆپ بارانی خەستیان کرد. لەئەنجامی ئەو هێرشەدا زەرەرو زیانێکی کەم بەر ئەو بیرانە کەوت. ئێران لەسەرەتاوە لە ڕاگەیاندنەکانیدا باسی ئەو هێرشەی کرد بەبێ ئاماژەدان بە ڕۆڵو هاوکاری یەکێتی, بەڵام دواتر دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر باسی لەهاوکاری یەکێتی کرد[١]. خۆزگە ئەو باسەی هەر نەکردایەو عێراق ئەو هێرشەی تەنها بەهی ئێران بزانیایە. چونکە ئەو هێرشە بۆ سەر کەرکوك بوو بەسەرەتای نەگبەتی بۆ خەڵکی کوردستان، حکومەت جاران دەستی پاراستبێ ئەم جارە ئەوەشی نەما بە دڕندانەترین شێوە کەوتە دژایەتیو ستەم کردن، لەوانە ڕاگواستنو کیمیاباران کردنو گرتنو لەسێدارەدانو ئەنفال کردن.

١٩٨٦/١٠/٢٠ عەبدولرەحمانی خاڵۆ تایەرو حەمیدی کاك حەمە فەرەج دوکانێکیان لە پشتی مزگەوتەوە دانابوو، چونکە دوکانی ڕەیس لەو زستانەدا بەهۆی ڕوخانەکەوە نەمابوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٦/١٠/٢٢ ڕژێمی بەعس لەتۆڵەی هێرشەکەی سەر کەرکوکدا، کەلەلایەن یەکێتیو پاسداری ئێرانییەوە کرایە سەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك، هێرشی کردە سەر گوندەکانی قەشقە، کانی سلێمانە، خورخوڕ، سارتك، ئاومالْ، شەیتان، سێ کانی، سێگرتکان، ئۆمەرگۆمبەت، بەردەسپیو نێرەگێن، هێزێکی یەکێتیو شیوعی بەرەنگاریان بونەوەو چەندین کەسیان لێ کوژرا. هەر دوای ئەو هێرشە، هێرشێکی تر کرایە سەر گوندی ئیلینجاغی نزیك کۆیەو هێزەکانی یەکێتی بەرەنگاریان بویەوەو چەند زیانێکی تریشیان پێ گەیاندن. لەم هێرشەدا ٦ پێشمەرگە گیانیان بەختکرد لەوانە، یوسف جەمیل قەشقەو مەغدید.

١٩٨٦/١٠/٢٢ پێشمەرگە چەندین بار گولەتۆپو ڕاجیمەی لە تەپی سەفاوە بەرەو تەپەتۆڵکەو قاجر بەڕێ دەکرد.

١٩٨٦/١٠/٢٨ فەرماندەی پارتی ئەنوەری حاجی عوسمانو کۆمەڵێك ژنو منالْ لە هانە نەوە کەوتن بەسەر مین داو بریندار بوون، کوژراویشیان هەبوو. کاك ئەنوەرو ئەو ژنو منالانە لە تەپی سەفاوە ڕۆشتن بەرەو دێکۆنو هەورامان.

---

١ ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

١٩٨٦/١٠/٢٩ چوار گەنجی شارۆچکەی سەیدسادق لە نزیك عەربەت، بە هۆی تیژ ڕەوی‌و حساب نەکردن بۆ ماشێنی هاولاتیان، (ئیڤایەکی ڕوسی سەربازی) ڕژێم خۆی کێشا بە سەیارەکەیانداو هەرچواریانی کوشت. قوربانییەکان: تەهای مەلا محەمەد، ستار حەمە سالح مارف، ئەکرەم قادر کاکەوەیس، سالح قادر کاکەوەیس.

١٩٨٦/١١/٨ کۆچی دوایی هونەرمەند شەماڵ سائیب.

١٩٨٦/١١/٢٠ فەرماندەی یەکێتی عەبدولا تەپەڕەشی گیانی بەختکرد. عەبدولا تەپەڕەشی لە ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی تەپەڕەشی قەزای سەیدسادق لە خێزانێکی هەژاری شۆڕشگێڕ لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان‌و پاش ئاشکرابوونی لە ساڵی ١٩٧٨چەکی شەرەف‌و مەردایەتی لەشان کردووەو بووە بەپێشمەرگە لە (تیپی ١٥)ی هەورامان، وە بەشداری چەندان نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کردووە لە داستانەکانی ڕەزڵەو پاڕەزان‌و چەمی زەڵم‌و چەندین داستانی تر، وە بەشداری شەڕی دژی حوکمەتی ئێرانی کردووە هاوشانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کۆمەڵەو دیموکرات، لە شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ ی ١١ی ١٩٨٦ بەپیلانێکی کۆمەڵێك جاشو خۆفرۆش دەکوژرێت‌و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.



١٩٨٦/١١/٢٦ چەندین بار گوللە تۆپ‌و فیشەك لە تەپی سەفاوە بەرەو تەپەتۆڵەکە بەڕێکەوتبوون کە پێشمەرگە بۆ ناوچەی قەرەداغی دەبردن.

١٩٨٦/١٢/١٠ شەڕ لە گامێش تەپە ڕویداو ڕەوف ئەوڕەحمان حاجی ئەلی جەرداسنەیی کوژرا.

١٩٨٦/١٢/١٣ دەرکردنی نزیکەی ١٤٠٠ خوێندکاری کورد لە زانکۆی موسڵ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بە بیانوی ئەوەی ئەو خوێندکارانە بەشداری ڕاهێنانی هاوینەیان نەکردبوو. یەکێ لەو خوێندکارانە ناوی عەبدولکەریم محەمەد فەرەج خەڵکی گوندی تەپی سەفا بوو، دوای ڕاپەڕینەکە خوێندنەکەی تەواو کرد.

١٩٨٦/١٢/١٧ کۆچی دوایی سترانبێژ محەمەد عارف جەزراوی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٧

لەبەهاری ئەم ساڵەدابوو کاك شەوکەتی حاجی مشیر لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی یەکێتی بوو لە قەرەداغ. سەردانی ئێرانی کرد، ئارامی کوڕیشی لەگەڵ خۆی برد. لەم گەشتەدا کاك حەمەی حەمە سەعیدو کاك ئاوات قارەمانی یاوەرییان کرد، لەگەڵ دوو بەرپرسی ئێرانی کە لە قەرەداغ بوون بە ناوەکانی

ڕەحیمی‌و زولقەدر. کاکە حەمە لە کتێبەکەی (دەنگی خاك)دا لە نوسیوێتی هاوینی ١٩٨٧. بەڵام هاوین نەبوو بەهار بوو. کاك شەوکەت سەردانی ئێرانی کرد. چونکە ئێمە هێشتا لە تەپی سەفا بوین‌و لادێکان مابوون‌و بار نەکرابوون. کە گەڕانەوە هاتنەوە بۆ تەپی سەفا ئارام کە پورزاو هاوپۆلی خۆمە مەدالیایەکی هێنابویەوە کە دەکرا بە سویچی ئۆتۆمبێلەوە، فیکەت لێ بدایە ئەو جەرەسێکی لێ دەدا، بۆ ئەوەی کەسێك سویچی ئۆتۆمبێلەکەی ون بکات بەو مەدالیایە بیدۆزێتەوە. ئێمە ئەوەندە شاردمانەوەو بە فیکە دۆزیمانەوە خەریك بوو پاترییەکەی سفر بکەینەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**یادەوەریەك لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال‌و کۆمەڵێ پێشمەرگەی تیپی ١٥ی شارەزوور**

لە ساڵی ١٩٨٧ لە شەڕی قەیوان ماوەت بوین، لە زنجیرە بەرزایەکانی برزوت وبالوسە، حەوتداڵ لە خواریشەوە دۆڵی قامیش‌و سەفرەو زەروون بوو. شەوێکی ساردوو سەرما بوو پێش چەند شەوێکیش باران باریبوو، جەنابی مام جەلال لەناو جەبهەکەمانەوە سەفەری ئەکرد بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران. بەشێك لەو پێشمەرگانەی تیپی ١٥ی شارەزوور کە حیمایەتی بەڕێز مام جەلال مان دەکرد ئەوانەی کە لەیادم مابێت، بەشێك لەم شەهیدانەبوون. (ساڵح مەجیلان، ڕەمەزان گەلاڵی، ڕەفعەت ئێناخی، فازیل شیرەمەڕی، خەلیل سەراوی، عومەر کوڵکنی، برایم بۆینی، فەتاح مالوانی، زاید تەپی کەرەمی، سەریاس هاواری، تایەرە بچکۆل، مستەفای حەمە ی شەمە). بەشێك لەو پێشمەرگانەی کە ئێستا لە ژیان ماون (عەزیز کوڵکنی، سەلام کەلۆڕانی، خەلیل سەرکانی، شەهاب گردی شەریفی، حسین گردی شەریفی، برایم عەزیزو فارسی برای، مەجیدحاجی محەمەد موانی، ڕێبوارگلاڵی) لەوشەوەدا لەشانی مام جەلالەوە ئەڕۆشتین تفەنگەکانیشمان بەدەستەوە بوو مام جەلال پێی وتین: پێشمەرگەکانی تیپی ١٥ی شارەزوور ئەوەندە پەلەمەکەن‌و هێواش بڕۆن ئیشەڵا جەژنی "نەورۆز"لە کەرکوك ئەکەینەوە[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٧/١/٨ حاجی عوسمان کەریم (موختار) لە ناحیەی سیروان کۆچی دواییکرد.

١٩٨٧/١/١٤ شەڕو تەقە لە گوندی گردەنازێ دەستی پێکرد ٣ سەیارە سوتاو چەند جاشێك کوژران.

١٩٨٧/١/١٨ فڕۆکەکانی عێراق بۆردومانی شاری سنەیان کرد، لە ئەنجامدا هەزاران کوژراوو بریندارى لێ کەوتەوە.

---

١ بیرەوەری حسێنی کادیر، پێشمەرگەی کۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دانیشتووی سەیدسادق.

١٩٨٧/١/١٩ له کولکنی بووم له مالی کاك قادر. مامه ڕەحیم له چاوگەدرێژ لەبنی تووەکاندا ئاگری کربووەوه، من‌و ڕەوفیش لای دانیشتین، قسەی خۆشی بۆ دەکردین.

١٩٨٧/١/٢٣ ئێران مجەمەعی عەنەبی دایه بەر تۆپ له ئەنجامدا ٨ کەس کوژران‌و ٧ بریندار بوون.

١٩٨٧/١/٢٤ له هەڵەبجه تەقه کرا له کوڕی حەمه ڕەشید ڕەسول قەساب له ئەنجامدا کوژرا.

١٩٨٧/١/٣٠ ئێران سیروانی دایه بەر ڕاجیمه له ئەنجامدا دوو کەس کوژران.

١٩٨٧/١/٣١ کۆچی دوایی ئیدریس مستەفا بارزانی له ورمێ.

ئیدریس کوڕی گەورەی مەلا مستەفا بارزانی له ساڵی ١٩٤٤ له گوندی بارزان له دایکبووه. له نێو



هەلومەرجی شۆڕشی سێهەمی بارزان هاتۆته دنیا. ساڵی ١٩٤٧ مەلا مستەفای باوکی لەگەڵ هەڤاڵانی ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤیەتی دەبن. ئیدریس ئەو کات تەمەنی ٤ ساڵان دەبێت، لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا له لایەن ڕژێمی ئەو کاتی عێراق بۆ ماوەی ١١ ساڵ بۆ باشووری عێراق دوور دەخرێنەوەو له شارەکانی بەسره، مووسڵ‌و بەغدا تووشی ژیانێکی پڕئەستەم دەبن. ئیدریس تا گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ عێراق‌و کوردستان له ١٩٥٨ له بەغدا درێژه به خوێندن دەدات. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. له شۆڕشی ئەیلولدا دەبێت به پێشمەرگە. پلەکانی پێشمەرگایەتی‌و حزبی تا ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەبڕێت. له کاتژمێر ٦ی سەر له بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ له ناحیەی سلیڤانی سەر به شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماڵئاوایی دەکات‌و له گۆڕستانی شاری شنۆ له تەنیشتی باوکی دەنێژرێ. پاش نزیکەی ١٠ ساڵ‌و دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری گواستنەوەی تەرمی هەردوو بارزانی، باوك‌و کوڕ دەداو له ماوەی ٦ بۆ ١٩٩٣/١٠/٧ له ڕێورەسمێکی تایبەت تەرمی هەردوو دەگوازرێتەوە خاکی ئازادی کوردستان‌و له گوندی بارزان دەنێژرێن.


. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٧/١/٣١ یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و حزبی شیوعی ڕێککەوتن.

١٩٨٧/٢/١ ئێران بەخەستی شارۆچکەی سەیدسادقی بۆردومانکردو شارەکەی پێ چۆڵ کردن.

## به هێلیکۆپتەر هاتن بۆ گرتنی

١٩٨٧/٢/٦ مامۆستا مەلا حەسەن شەمێرانی[١] لەلایەن ئەمنەکانی بەعسەوە لە هەڵەبجە دەستگیر کراو بە هێلیکۆپتەر ڕەوانەی هەیئەی کەرکوك کرا.



"کاتێ لە ساڵی ١٩٨٧ گیرام‌و حوکم درام، ئێمەیان برد بۆ سجنی ئەبوغرێب، بینیم نزیکەی زیاتر لە ١٥٠٠ کەسی تیایەو پێکهاتەی هەموو حزب‌و کەسە نەیارەکانی ڕژێمن لە کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و هەموو جۆرە ئایینەکان, وەك ئەڵێن (سەددام) لە تەوزیعی زوڵما عادل بووە. جا لەوێ برادەرانی پارتی‌و یەکێتی‌و شیوعی‌و چەن کەسی تر نزیك بوونەوە لێم‌و کەوتینە گفتوگۆ، وتیان: مامۆستا تۆ لەسەر چی گیراوی؟ وتم: لەسەر دینداری، وتیان: خۆ خەڵکێکی زۆر دیندارە، ئەی ئەوان بۆ ناگیرێن؟ وتم: دینداری من‌و تێگەیشتنی من جیایەو من لە دینداری وا تێگەیشتووم کە لەگەڵ نوێژو ڕۆژو خواپەرستیدا ئەبێت بەرگری لە ماف‌و خۆشگوزەرانی خەڵکی بکەیت‌و دژایەتی داگیرکار بیت‌و هەوڵی سەربەخۆیی میللەت‌و وڵاتی خۆت بدەیت. جم‌و جوڵی من‌و هاوکارانم بەو شێوەیە بوو، وە ڕیکخستنی ئیسلامیمان هەبوو، کەشف بووین‌و گیراین. وتیان: چارەسەری میللەتی کورد تەنها لاچونی حزبی بەعس‌و خاوەندارێتی خۆمانە، ئەگەر ئەوە ببێت ئەوا گرفتمان نامێنێ، وتم: ئەوە بەشێکە لە گرفتی ئەم میللەتە، ئەی دوای نەمانی بەعس، ئەوەی حوکمی کوردستان ئەکات گرنتی چیە ئەوان دڵسۆزی میللەت ئەبن! بۆیە من ئیسلامم هەڵبژاردووە هەم خەباتی سیاسی‌و هەم خەباتی پەردوەردەیشی تیایە"[٢].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

---

١ حەسەن مەحمود ئەحمەد ناسراوە بە (حەسەن شەمێرانی) لە ساڵی ١٩٥٣ لە دێی (کانی کەوە)ی شەمێران لە دایك بووە پاشان دوای ساڵێك ماڵیان باری کردوە بۆ هەڵەبجە، لە هەڵەبجە قۆناغی سەرەتایی ئاینی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی ئیسلامی تەواو کردوە، ساڵی ١٩٧٣ چووەتە کۆلێژی شەریعەو ساڵی ١٩٧٧ تەواوی کردووە بە پلەی (امتیاز)، پاش ١٤ساڵ ماڵیان باری کرد بۆ دەربەندیخان لەبەر بارودۆخی تایبەتی هەڵەبجە، پاشان لەبەر بارودۆخی سیاسی عێراق چووەتە سەربازی‌و ساڵی ١٩٧٩ تەواوی کردووە، وە هەر لەو ساڵەدا لە دواناوەندی دەربەندیخان بە (مدرس) دامەزراوە، دوای دوو ساڵ وانە وتنەوە خۆی گواستەوە بۆ هەڵەبجە بە ماڵەوە چوونەتە ئەو شارە، لە دوا ناوەندی هەڵەبجە دەرسی وتەوە هەتا ١٩٨٢، بە هۆی سەربازییەوە فەسڵ کراوەو لە سەربازی هەڵاتووە، لە ساڵی ١٩٨٢ ڕووی لە ئێران کردووەو لە شاری پاوە جێگیر بووە، دوای ساڵێك هاتووەتەوە بۆ هەڵەبجە. ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەو لەشاری سلێمانی نیشتەجێیە، وە وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی هەڵەبجەی تازەیە.

٢ مامۆستا مەلا حەسەن شەمێرانی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، ٢٠١٦/٣/١٠.

١٩٨٧/٢/٢٥ حەمە سەعید عەبدوڵا خاسە شەمێرانی لە هەڵەبجە کوژرا.

١٩٨٧/٣/٤ بەهۆی شەڕو پێکادانەوە لەسیروان ٢ کەس کوژران یەکێکیان لایەقی مامە خەلیفە بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بە چەکی کیمیایی نەخشەی داستانی ڕزگاری پوچەڵ کرایەوە

١٩٨٧/٤/١٥ شەش فڕۆکەی ڕژێمی بەعس هەڵەدنو بەرگەڵوو دواتر ناوچەی مەرگەیان کیمیاباران کرد. وە لە هەمان ڕۆژدا گوندی شێخ وەسان کیمیاباران کراو ٤٠٠ کەس بوونە قوربانی. لەم ڕۆژەدا گوندەکانی (هەڵەدن، چاڵاوە، کانی توو، سەرگەڵو، بەرگەڵو، ئاوەژێ، سیرۆان، نولچکە، چنارنێ، شاخی گۆجاڕ)، بۆمبارانی کیمیایی کران، ژمارەی قوربانیان، برینداربونی دەیان کەسی مەدەنیو پێشمەرگە بوە. شایانی باسە ئەم بۆردومانانە لەکاتی ئەنجامی هێرشێکی گەورەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بوو بۆ سەر ناوچەکە بە ناوی داستانی ڕزگاری، سەرەڕای ئازادکردنی جەندین گوندو ناوچەو بە سەدان ڕەبایەو سەربازگەی ڕژێم، بەلام داستانەکە بەپێ ئەو نەخشەیەی کە بۆی دانرابوو نەگەیشتە ئەنجام. جونکە ڕژێم چەکی کیمیایی بەکار هێنا دژی پێشمەرگەو هاوڵاتیان. بۆمبارانی کیمیایی ڕۆژانی دوایش بەردەوامی هەبوە زیاتر لە ٣٠ هاولاتی بەرکەوتن، لە نەخۆشخانەی شۆڕش لەبەر گەڵو خەوێنراونو چارەسەر کران.

دەتوانین بلێێن ئەمە یەکەم هێرشی کیمیایی بۆ بۆسەر ناوچە ئازاد کراوەکانو پێشمەرگە، داستانی ڕزگاری لە شەوی ١٢ لەسەر ١٩٨٧/٤/١٣ دەستی پێکردو ماوەی سێ هەفتە بەردەوام بوو، زیاتر لە ١٠٥ پێشمەرگە گیانیان بەخشی بە کوردستان، بەلام نەزانراوە ئایا چەندیان بە چەکی کیمیایی شەهید بوون. ئەوەی تێبینی دەکرێ ڕژێم چەکی کیمیایی زۆرتر دژی گوندەکان بەکار هێناوە تاکو ژمارەیەکی زیاتر خەڵکی بێ دیفاع شەهید بکات"[١].

١٩٨٧/٤/١٦ گرتنی ناحیەی قەرەداغ لەلایەن هێزی هاوبەشی یەکێتیو پارتیو شیوعی سۆسیالیست. دوای زەرەرو زیانی زۆر بە دوژمن هەردوو پێشمەرگە مستەفا محەمەد عەبدوڵاو نوری محەمەد ئەحمەد گیانیان بەختکرد.



مستەفا محەمەد عەبدوڵا ناسراو بە مستەفای حەمەی شەمە لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی تەپەگوڵاوی شارەزوور لە خێزانێکی جوتیارو کوردپەروەر لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی سیروان تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو

---

١ د. ناجیح گوڵپی، شارەزا لە کەیسی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە، ماڵپەڕی ئاوێنە، ٢٠١٧.

له ساڵی ١٩٨٢ دەبێت بە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکان دەکات, لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ لەشەڕێکی دەستەو یەخەدا لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە گرتنی ناحیەی قەرداغ دا دەکوژرێتو بۆ هەمیشەیی دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. تەرمەکەشی لە گوندی ئاوەکەڵە بەخاك دەسپێرن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## وەرزی بەهاریان خنکاند

١٩٨٧/٤/١٦ لە پاریزگای هەولێر گوندەکانی (بالیسان، شێخ وەسانان، کانی بەرد، زنجیرە چیای دەرشیر، زینی بەلاّلۆکاوە، ناوچەی ساوسێوکان) بۆمباران کران بە چەکی کیمیای.

١٩٨٧/٤/١٧لە پاریزگای سلێمانی گوندەکانی (قزلەر، بیرکێ، سنگر، مێولاکە) کیمیا باران کران.

١٩٨٧/٤/١٨ شاخو گوندەکانی (قەیوان، کۆرەنگ، خەجەلەرزۆك، قەواڵ، قولەجاخ، چۆخماخ، کۆڵەردی) بەچەکی کیمیایی بۆردومانکرا.

١٩٨٧/٤/١٩ گوندەکانی (ماوەت قەیوان، پیرەمەگرون) بەچەکی کیمیایی بۆردومان کران.

١٩٨٧/٤/٢١ ناحیەی قەرەداخو گوندەکانی دەورو بەری بە چەکی کیمیایی بۆردومان کران.

١٩٨٧/٤/٢٦ شەڕی عەشیرەتی شەمێرانیو نەورۆڵی لە سیروان لەگەڕەکی چرۆستانەییەکاندا ڕوویداو لەم شەڕەدا سێ کەس کوژرا.

١٩٨٧/٥/١ لە پاریزگای دهۆك گوندی زێوە بۆردومانی کیمیایی کراو چەندین پێشمەرگە گیانیان بەختکرد.

١٩٨٧/٥/٥ لافاوێکی گەورە لەشاری سلێمانی ڕویدا کە زەرەرو زیانی گەورەی گیانیو ماددی بەدواوە بوو.

١٩٨٧/٥/١٣ دێهاتەکان بارکرانو ڕاپەڕین دەستی پێکرد دژ بە ڕژێمی بەعس. ئەم ڕاپەڕینە هەڵەبجەو سیروانو خورماڵو سەیدسادقو حەوزی شارەزووری گرتبووەوە. ئێمە هاتبوینە گوندی شەکرالی کۆپتەر بەسەر شارەزووردا دەسوڕایەوەو تەقەی لە سیروانو هەڵەبجەو چەند شوێنی تر دەکرد. حەمە ئەمین شەمێرانی لە سیروان بریندار بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## سەییدێك لە خواحافیزی حوجرەکەیدا[١]

ئەو ڕۆژەی کەل‌و پەلمان دەپێچایەوەو بە دڵشکاوی ماڵمان کۆدەکردەوە، خەڵکەکە دەهاتن‌و دەچون‌و



غەمبارو دڵتەنگ، هەریەکە لەبەری خۆیەوە دوعاو نزای لە حکومەتی بەعس دەکرد. گرمەی تراکتۆرو ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو دەنگی خەڵکەکە تێکەڵاو بەیەکتر بووبوون. مامۆستا مەلا سەید نەجمەدین تەها (خوالێی خۆش بێت) لەلای ماڵی باوامدا وەستابوو، بۆ هاوخەمی‌و دڵدانەوەی خەڵکەکە لە هەڵەبجەوە تەشریفی هێنابوو، ئەویش لە خەڵکەی ئاوایی پەست تر غەمبارتر بوو، چونکە خۆی ساڵانێکی دوورو درێژ وانەبێژ بووە لە مزگەوتەکانی هەردوو تەپی سەفاداو چەندین فەقێ لەبەردەستیدا بوون بە مەلاو مێزەری بۆ پێچاونەتەوە. یادگاری لەگەڵ کوچەو کۆڵانەکان‌و مزگەوت‌و کانی‌و ئاوەکانی تەپی سەفادا هەبوو. هۆن هۆن فرمێسکی لەچاوان دەهاتە خوارەوەو نەیدەهێشت ئێمە پێی بزانین بەدەستەسڕێك لەژێر چاویلەکەیەوە فرمێسکەکەی سڕی. ڕووی کردە کاك فەلاحی حەمە بۆر کە لەو کاتەدا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تیپی ١١ی هەورامان لە ئاواییدا بوون، وتی: شەڕی حکومەتی بەعس جیهادەو ئەگەر ئێوە خۆتان دانەبڕن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەوا پلەی موجاهیدتان هەیەو گەر بکوژێن شەهیدن‌و گەر خوای گەورە تەمەنی درێژی پێ بەخشین ئەوا دەبێت بە ئەجرو پاداشتی ڕۆژی دواییتان. بەمەش هیمەتی پێشمەرگەکانی زیاتر بەرزکردەوەو دڵخۆشی کردن. تا دوای نیوەڕۆ لەناو تەپوتۆزی ئاواییدا دەهات‌و دەچوو، دوایی بۆ چەند ساتێك لای کردەوە بە لای حوجرەکەیداو لێی ڕاما، بە دڵی شکاوو خەمبارەوە خواحافیزی لە گوندی وێرانەو چۆڵ کرد.

چەند گوندێك پێش چەند گوندێکی تر وێران دەکران، تەپی سەفاو شەکرالی دراوسێ دێ بوون‌و تەنها کیلۆمەترو نیوێك لەیەکەوە دوور بوون، هێشتا فەرمانی چۆڵکردنی شەکرالی نەدرابوو، ئێمە چونکە ماڵی

---

١ مامۆستا سەید نەجمەدین لە ١٩٣٠/٤/٢٨ لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەرو ناودار لە دایك بووە. ناوبراو هەموو تەمەنی لە خزمەتی بانگەواز بۆ لای خواو کاری چاکسازیدا بەسەر بردووەو موسڵیحێکی کۆمەڵایەتی گەورە بووە، لەو بوارانەدا چالاکانە بەردەوام بووە تا گەیشتووە بە یەقین‌و گەڕاوەتەوە بۆ لای پەروەردگار. لە ٣/١٨ بە نەخۆشیەکی کتوپڕ لە سلێمانی وەفاتی کردو، لە مەراسیمێکی شکۆدارو کەم وێنەدا تەرمەکەی لە گۆرستانی گوڵان لە هەڵەبجەی شەهید ئەسپەردەی خاك کرا، شایانی باسە ئەم مامۆستا بەڕێزە چەندین مامۆستای ئایینی پێگەیاندووەو دەرسی پێ وتونەتەوە. ماوەیەکی زۆریش لە مەدرەسەی حاجی مستەفای یاروەیسی لە تەپی سەفا وانەبێژ بووە. خوای گەورە دەرەجەی بەرزبکاتەوە بۆلای هاوەڵان‌و تابعین‌و شەهیدان.

باوام لەوێ بوون، ماڵەکەمان بار کرد بۆ ئەوێ، بەهیوای ئەوەی حکومەت لەم بڕیارەی پەشیمان بێتەوەو هیچ نەبێت چەند گوندێك بەپێوە بهێنن. بەڵام ئێمە بێ خەبەر لەوەی کە ڕژێم فەرمانی بۆ هەر ٥٢ گوندەکەی شارەزوورو تەواوی گوندەکانی کوردستان دەرکردووەو جاڕی مەرگی هەموویانی داوەو نایەوێت ژیان لە ناوچەکەدا بمێنێتو تەنانەت سڵ لە قورئانی ناو مزگەوتەکانیش ناکاتو مزگەوتیان بەسەردا خاپور دەکاتو هەر پەڕەیەك لە مەسحەفی پیرۆز بەدەم بای باروتو دینامیتەوە دەخاتە بنی دەوەنێك.

ئەوە بە گەیشتنمان بۆ گوندی شەکرالی، بە کۆپتەرەکانی ڕژێم پێشوازی کراین، کە بە ئاسمانی ناوچەکەوە ئاگربارانی خەڵکی ڕاپەڕیویان دەکرد. ناوچەکە بەتەواوی بۆنی مەرگی لێ دەهات، بایەقوشەکان دەیانخوێند، باڵندەکان پۆل پۆل دەهاتنو دەچون، بولبولەکان لە خوێندن کەوتبوونو ماتومەلول خۆیان لە هێلانەکانیان دەخزاند. سەگە بەوەفاکانو پشیلە چاو شینو کاڵەکان، بە هەستی پێش ڕوودان خەم لەنێوچاویان دەخوێنرایەوەو بۆنیان بە خانەخوێکانیانەوە دەکردو بەزمانی حاڵ دەیانوت: بەجێمان مەهێڵن، بێ کەسمان مەکەن، تاقەت ناگرین، ئیدی بۆ کێ کلکەلەقەو میاو بکەین؟ گەر ئێوە بەجێمان بێڵن ئێمە لە برسا دەمرین.

١٩٨٧/٥/١٣ ئەو ڕۆژەی تەپی سەفا چۆڵ کراو تەخت بوو پورە فاتم محەمەد ڕەشید بامۆکی خێزانی کاك حەمەفەرەج حەمەی سەید ئەحمەد تەپی سەفایی کۆچی دوایی کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٧/٥/١٣ بزوتنەوەی ئیسلامی بە ڕابەرایەتی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز ڕاگەیەنرا.

١٩٨٧/٥/١٤ کاك شەوکەتو کاك حامی بە هێزێکی زۆرەوە هاتنە گوندەکانی شەکرالیو تەپی سەفا. کاك شەوکەت لەم ساڵەدا لەگەڵ ئێرانییەکاندا لەپەیوەندیدا بوو، وەکوو ڕایەڵەی نێوان یەکێتیو ئێران کاری دەکرد، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی سوپای پاسداراندا هەبوو. لە دیوی کوردستان جگە لە تیپی ١١ی هەورامانو تیپی ١٥ی شارەزوور، بنکەی باڵانبۆشیان لە ناوچەی هەڵەبجە دانابوو. لەو سنورەوە هاتوچۆی پێشمەرگە بۆ ئێرانو هێنانی چەكو تەقەمەنی بۆ کوردستان ئەنجام دەدرا. لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا کاك شەوکەتو کاك حامید هاتنە خوارەوە بۆ دەشتی شارەزوورو چاودێریو سەرپەرشتی بارودۆخەکەیان دەکرد.

١٩٨٧/٥/١٤ مەحمودی خاڵۆ مەجیدو فوئادی کاك حەمە یوسفو ئەڵاکەرەمی حاجی حەمە شەریف تاقمو تفەنگیان بەستبوو، هاتنە گوندی شەکرالی، وتیان بوین بە پێشمەرگە. پێشمەرگایەتی هەرچەند قورسو زەحمەت بوو، کوڕی خۆی دەویست بەرگەی ئەو هەمووە تاڵاوەی ژیانی ڕۆژانەو مەترسییە زۆرەکانی دوژمن بگرێت. بەڵام کاتێ ستەمەکانی بەرامبەر زیاترو زوڵمەکەی قورستر بوایە، ئەوا بوون بە پێشمەرگە تامو چێژی زیاتر دەبوو. تاقمو تفەنگ خۆشەویست تر دەبوو. چەندین کەس لەکاتی

ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجەو هەورامانو شارەزووردا چەکی پێشمەرگایەتییان کردە شان، وە زۆر کەسیش جاش بوون ئیتر لەو بەروارەوە بوون بە پێشمەرگەو چوونە شاخ.

١٩٨٧/٥/١٥ لوقمان حەمە ساڵح بەشارەتی لە گوندی قاجر سەنگەری لە جەبار فەرمان گرت، ئەوەش لەبەرئەوەی کاك جەبار ڕووبەڕووی کاك حامی وەستابوویەوەو ڕەخنەی لە ڕێکخستنەکانی ناوچەی هەڵەبجە گرتبوو کەوا کەمترخەمییان کردووە لە ئامادەسازیدا بۆ ڕاپەڕین. جەبار فەرمان سەرکردەیەکی ئازاو لێهاتووی یەکێتی بوو، بەڵام سیکڵدانی بچوكو تەسك بوو، خێرا بڕیاری دەداو چاوپۆشی لە هاوخەباتو هاوسەنگەرەکانی خۆی نەدەکردەوەو دەمەقاڵەو شەڕی دروست دەکرد، لە جێگاو شوێنێکی تردا هەمان شەڕو دەمەقاڵەی لەگەڵ کاك حەمەی حەمە سەعید دا کردووەو پەلاماری یەکتریان داوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بەزۆری تفەنگ پاسەکەیان وەستاند

١٩٨٧/٥/١٥ لە شەکرالیەوە چوین بۆ سلێمانی بۆ ماڵی کاك ڕەفیق. لەسەر جادەی قیر سەیارە زۆر کەم بوو ئەوەش لەوێوە دەهات پڕ بوو لە خەڵك. چەند چەکدارێك لەسەر جادەی قیر بوون لە ئاستی شەکرالی، نەماندەزانی جاشن یان پێشمەرگە، چونکە پێشمەرگەش لەوناوەدا بوون. دایکم وتی برا گیان سەیارەیەکمان بۆ ڕاگرن. پاسێك لەهەڵەبجەوە هات پڕبوو لەنەفەر، یەکێ لە چەکدارەکان هەر لە دوورەوە دەستی لێ گرت، پاس نیازی نەبوو بوەستێت، کابرا چووە سەر جادە قیرەکە بۆیو تفەنگەکەی لەشانی داگرت. سایەقەکە ترساو وەستا. کابرای چەکدار وتی کاکە دەبێت ئەمانەش سوار بکەیت. شۆفێر زۆر بە نابەدڵی ئێمەی سەرخست، ناحەقیشی نەبوو چونکە پاسەکە جێگای بەتاڵی نەمابوو خەڵکیش بەپێوە وەستابوون. بەو شێوەیە سەیارەمان بۆ بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بزربوونی ٤٠٠ دیناری سویسری

١٩٨٧/٥/١٦ کۆپتەرەکانی ڕژێمی بەعس بەردەوام بەسەر شارەزووردا دەسوڕانەوەو تەقەیان لە خەڵکی مەدەنیش دەکرد، تەقەی لەماڵی باوام کرد لە شەکرالی بەرمیلە نەوتەکانی تەقاندەو خەریك بوو ئەو خەڵکەی خۆیان کرد بە خانووەکەدا بکوژرێن. خزمانی تەپی سەفا بەرەو گوندی هاوار چوونو دواتر چوونە ناو خاکی ئێرانو لە ئۆردوگای ڕەوانسەر نیشتەجێ بوون. لەکاتی ئەو ڕاکردنەی خەڵکی تەپی سەفادا، هومەیلا کچی خاڵۆ تایەر کە خێزانی محەمەد عەبدوڵا شامراد بوو، لەنێوان هەردوو گوندی تەپی سەفاو شەکرالیدا ٤٠٠ دیناری سویسری لێ کەوتو بزر بوو.

١٩٨٧/٥/١٧ ڕاپەڕینەکەی شارەزوور دامرکایەوەو حکومەت هێزێکی زۆری هێنایە ناوچەکە. خەڵکێکی زۆری لە پردی زەڵم دەستگیر کردو دواتر لە نزیك سەیدسادق گولەبارانی کردن.

ڕژێم کۆمەڵێك سەربازی ئوردونی هێنابووە ناوچەی هەڵەبجە، وا تێگەیەنرابوون کە کورد کافرەو هیچ فریان بە ئاینی ئیسلامەوە نییەو دژایەتی حکومەت دەکەنو چەتەو ڕێگرن. کاتێ سەربازە ئوردونییەکان بینییان خەڵکی ناوچەکە لە عەرەب موسڵمان ترنو هەموو بەرەو مزگەوت دەچنو ئافرەت هەموو داپۆشراوو خەڵکی ناوچەکە تەواو ڕۆشنبیرن بە ئاینی ئیسلام، لەوە تێگەشتن کە درۆیان بۆ کراوە.

١٩٨٧/٥/١٧ چوینە خانووەکەی کاك ناجی عەبدولقادر لە مجەمەعی سیروان. کاك ناجی شەمێرانی یەکێ بوو لەو خزمە باشانەی نەنە ڕەعنام کە خانووەکەی خۆی بۆ چۆڵ کردین، بۆ ماوەی ٥ مانگ لەو خانووەدا بوین.

١٩٨٧/٥/٢٢ لە پارێزگای هەولێر گوندەکانی (مەلەکان، گۆڕە شێر، کەندۆك، بلێ، بردون) کیمیاباران کران. لەپارێزگای کەرکوکیش گوندەکانی (تۆمار، گورگان، قەمەر) کیمیاباران کران.

١٩٨٧/٥/٢٦ فەرماندەی یەکێتی دلێر جافو حەوت پێشمەرگەی ترلە شەڕێکی دەستەویەخەدا لە گڵەزەردی نزیك سلێمانی گیانیان بەختکرد.

١٩٨٧/٥/٢٧ لەپاریزگای هەولێر گوندەکانی (مەلەکان، بلەی خواروو، بلەی سەروو، تارینا، کەندۆك، گۆڕە شێر، نازەنین، دۆڵی سماقۆلی) کیمیاباران کران لەئەنجامدا هەشت ٨ شەهیدو ٢٣ بەرکەوتوو، بەپێی هەواڵەکان فرۆکە جەنگیەکان بیست ٢٠ هێرشیی کیمیایان ئەنجام داوە لەو ڕۆژەدا[١].

١٩٨٧/٥/٣٠ تاقی کردنەوەی بەکالۆری بوو لەماڵ کاك حاجی ئەحمەد مارف بێسەری بووم لە سلێمانی لەگەڕەکی ریعایە، بەیانیان بەپێ لە تەنیشتی گردی زەرگەتەوە دەچووم بۆ ناوەندی ڕەنگین بۆ تاقی کردنەوە.

١٩٨٧/٦/٥ لەپارێزگای دهۆك گوندەکانی قەزای ئامێدی بۆمباران کران.

١٩٨٧/٦/٦ فرۆکەکانی ڕژێم تەپی سەفایان بۆردومان کرد.

١٩٨٧/٦/٧ گوندی کانی شێخیان تەختی زەوی کرد بە مزگەوتەکەشیەوە.

١٩٨٧/٦/٧ گوندی شەکرالی بە تەواوی ڕوخێنراو کاول کرا، لەگەڵ چەند گوندی تری ناوچەکە.

١٩٨٧/٦/١٦ ڕۆژی سێ شەممە ئێران خورماڵی دایە بەر تۆپ، کاك عەلی مامە حاجی عەبدولمحەمەد تەپی سەفایی بریندار بوو چاوێکی لەدەست دا. هەروەها چیای کچی کاکە حەمەی مام حاجی مەحمود تەپی سەفایی پارچەیەك تۆپ بەر پشتی کەوت، توشی شەلەلی هەمیشەیی کرد دوای چەند ساڵێك کۆچی دواییکرد.

---

١ د. ناجیح گوڵپی، سەرچاوەی پێشوو.

١٩٨٧/٦/١٨ کۆچی دوایی هونەرمەندی قسەخۆش فەریقە کوێر لەشاری سلێمانی.

١٩٨٧/٦/٢٢ گوندەکانی گردی شەریفو قاجر ومەسەکان لەلایەن ڕژێمەوە ڕوخێنران.

١٩٨٧/٦/٢٣ باوام محەمەد عەلی سان ئەحمەد لە مجەمەعی سیروان کۆچی دوایی کرد.

محەمەد عەلی سان ئەحمەد ناسراو بە لالە حەمەی ئەلی سانەحمەد لە ساڵی ١٩٠٥ لە کۆچو ڕەوی



جافداریدا لەدایك بووە, باوباپیرانی لە کۆچەرییەکانی عێلی گەورەی جاف بوون، سەر بە تیرەی (وەڵی). سان ئەحمەدی باوای لە موریدانی شێخانی نەقشبەندی بووەو بەردەوام هاتوچۆی کردوون. لەسەفەرێکیدا لە گەرمیانەوە بۆ هەورامان کە بە نیاز دەبێت شێخ عوسمانی تەوێڵە (قدس الله سره) ناوی کوڕەکەی بۆ بنێت، توشی دەبێت بە کۆمەڵێك جەردەوە کە کاروانێکیان بەگیر هێناوەو دەیانەوێت ڕوتیان بکەنەوە. سان ئەحمەد دەستوبرد تەقە دەکات لە سەردەستەی دزەکانو دەیکوژێت، بەمەش کاروانەکە ڕزگار دەکات. کاتێك دەگاتە بیارەو بە خزمەتی شێخ عوسمان دەگات، شێخ لە دوورەوە دەفەرموێت وا ناوم نا (فەتحی)و بەشداری ئەو فەتحەشم کە جەنابتان کردتان. بەمەش سان ئەحمەد دڵی زۆر خۆش دەبێتو بە شادمانی دەگەڕێتەوەو ناوی کوڕەکەشی دەنێت فەتحی[١]. لالە حەمە لە تەمەنی ٧ ساڵیدا لەلای مامۆستایانی ئایینی ئەو کاتە فێری نوسینو خوێندنەوە دەکرێت، بەڵام بەردەوام نابێت لەسەر خوێندنو تەنها چەند وانەیەکی خوێندووە. لالە حەمە لە گوندی کانی شێخو بە هاوماڵی عەبدەڕەحمان مەحمود خەسرەوی هارونی جێگیر دەبێت،لالە حەمە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا لە عەشیرەتی هارونی خوازبێنی خاتوو ئامینە حەمە ڕەش دەکات لە گوندی کانی شێخو خێزان پێکەوە دەنێت، دوای چەند ساڵ لەم ژنە منداڵیان نابێتو لێك جیا دەبنەوە. پاش ئەوە لەساڵی ١٩٤٠دا خێزانی دووەمی دەخوازێت کە ناوی خاتوو ئەمنەی حاجی مارفی شاتری بووە، لەم ژنە کچو کوڕێکی دەبێت بە ناوەکانی ئامینەو یونس. هێشتا یونس منداڵ دەبێت ئەمنە خانم کۆچی دوایی دەکات. پاش چەند ساڵێكو لە ساڵی ١٩٥٢ ژنی سێهەم بەناوی خاتوو نایلە عەبدوڵا محەمەد لە هۆزی یاروەیس دەخوازێت، لەم ژنەش سێ کوڕو سێ کچی دەبێت. لەساڵی ١٩٤٦ لە گوندی تەپی سەفاوە باردەکەن بۆ گوندی شەکرالیو بەیەکجاری لەوێ نیشتەجێ دەبن. هەوارگەکەیان لە تەپی سەفا بوو بە

---

١ فەتحی تەنها یەك کچی لە دوا بەجێماوە بە ناوی شەمسە، خێزانی حاجی مەحمود ناوێك بووە لە عەشیرەتی هارونیو ماڵی لە شەکرالی بووە. ئەویش تەنها یەك کچی لەدوا بە جێماوە بە ناوی فاتمە، کە دەکاتە خێزانی کاك سابیر حاجی عەبدولکەریم حسێن سوارە دەرەدۆینی لە عەشیرەتی هارونی، فاتمە لە ساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە، دوو کوڕو پێنج کچی لە دوا بەجێماوە.

جێگای نیشتەجێ بوونی ماڵی حاجی حەمە فەرەجی حاجی حەمە نەسیمو ئەوان لەو جێگایەدا نیشتەجێ بوون. وە هەر لەوێوە سەرپەرشتی زیاتر لە ٥٠٠ دۆنم لە موڵکەکانی حەسەن بەگی جاف دەکاتو چاودێری جوتیارەکان دەکات. لالە حەمەدیوەخان دارو میوان پەزێر بووە، ماڵەکەی بەردەوام جمەی هاتووە لە میوانو ڕێبوارداو وەکوو کاروان سەرا وابووە، پەیوەندی پتەوی لەگەڵ شێخانی بیارەدا هەبووە، جارێك نەخۆش دەکەوێتو بێ هیوا دەبێت، حەزرەتی شێخ عوسمان گۆچانەکەی خۆی بۆ دەنێرێت، هەر کە دەگاتە دەستی ڕاست دەبێتەوەو بە فەرمانی خوا شیفای بۆ دێت. لالە حەمە لە شۆڕشی ئەیلول دا لایەنگری سەرسەختی پارتی بووەو دژایەتی شیوعییەکانی کردووە. بەهەمان شێوەش لە شۆڕشی نوێدا هەمیشە ماڵەکەی پڕبووە لە پێشمەرگەو کوڕە گەورەکەی بەناوی یونس یەکێك دەبێت لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانو لە ساڵی ١٩٧٨ شەهید دەکرێت. کوڕی دووەمیشی بە ناوی عاسی بەردەوام لەکاری ڕێخستندا بووە تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٦ لەماڵەکی خۆیدا دەستگیر دەکرێتو ڕەوانەی هەیئەی کەرکوك دەکرێت. لالە حەمە بۆ ئازاد کردنی کوڕەکەی زیاتر لە ٥٠٠٠ دیناری سویسری بە بەرتیل دەدات بە کاربەدەستان تا کوڕەکەی ئازاد دەکەن. لالە حەمە لە سەرەتای هەشتاکاندا توشی جەڵتەی مێشك دەبێتو بۆ ماوەیەك دەکەوێتە جێگا، دواتر باش دەبێتو دەتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێتەوەو بیروهۆشی بۆ بگەڕێتەوە. دوای ڕوخانو وێران کردنی گوندەکان لە ساڵی ١٩٨٧ دا لالە حەمە خەمو خەفەت بەتەواوی گەمارۆی دەدەنو جارێکیتر نەخۆشی یەخەی دەگرێتەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٢٣ لە ناحیەی سیروان ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٧/٦/٢٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاری سەردەشت بۆردومانی کیمیایی کرا.

١٩٨٧/٦/٢٩ ئێران سیروانی دایە بەر تۆپ، ڕامان کرد هاتین بۆ لای گوندی خاکوخۆڵ، تا نیوەڕۆ لەوێ بوین، مێشولەی وردی بچوك هەراسانی کردین، دواتر تۆپەکە لولەی وەرچەرخاند بەرەو گوندی خاکوخۆڵ، لە ترساندا ئەوێشمان بەجێ هێشت.

١٩٨٧/٧/١ ڕۆشتم بۆ خورماڵ بۆ ماڵی کاك قادر، ماڵیان لە موجەمەعی خورماڵ بوو نزیك مزگەوتی تەکێییەکان. ئەو ڕۆژە خورماڵ درایە بەر تۆپ. چوینە ژێر زەمینی ماڵێکی بەرامبەریان. هەرکە تۆپەکە تەواو بوو هاتینە دەرەوەو پیاسەی ناو خورماڵمان دەکرد، بەڕاستی ئەو خەڵکە لەگەڵ تەقەو تۆپو تەیارە ڕاهاتبون، خورماڵ یەکێ بوو لەو جێگایانەی زۆرترین تۆپباران کراوە لەلایەن ئێرانەوەو زۆرترین قوربانی داوە.

١٩٨٧ /٧/٣ فەرماندەی سۆسیالیست مەلا نوری سەعید ئەحمەد برای مەلا نەجیمو کاك مەحمود لەچەمی زەڵم نزیك حاجی ڕەقەو زەردیان گیانی بەختکرد. شەهید مەلا نوری لەگەڵ ماڵی کاکە حەمەی

لاله حەمە نەسیمدا لە تەپی سەفا ژنو ژنخوازی کردبوو. لە ساڵی ١٩٨٥ جەمیلەخانم کچی کاکە حەمەی مارەبڕیو گوێزایەوە بۆ شاخی سورێن.

١٩٨٧/٧/١٥ دە پێشمەرگەی یەکێتیو چەند سەربازێکی هەڵاتوو لە گوندی هاوار لەگەڵ جاشو سوپای عێراقدا کەوتنە شەڕەوە، دوای شەڕێکی قارەمانانە کە ڕژێم دەیویست ئاوایی هاوار کۆنترۆڵ بکاتەوە، زیانی زۆر بەر ڕژێم کەوتو چەندین کەسیان لێ کوژرا کەلەناویاندا فەرماندەی فەوج هەبوو. لە پێشمەرگەش نەوشیروان عەبدوالمحەمەد تەپەکوڕەیی گیانی بەختکرد، لەگەڵ بریندازبوونی چوار پێشمەرگەی تر. ئەم شەڕە بە فەرماندەیی حەمەی حەمە سەعید کرا[١].


١٩٨٧/٧/١٧ بەستنی یەکەم کۆبونەوەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشور لەبارەگای پارتی، بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی[٢].

١٩٨٧/٧/١٩ بەردی بناغەی ئۆردوگای بارام ئاوا بۆ ئاوارە عێراقییەکان دانرا.

١٩٨٧/٧/٢٥ مەلا محەمەد ساڵح شارەزووری کۆچی دواییکرد: "یەکێك لە مۆمەکانی شارەزوور کوژایەوە، دووەم وتاربێژی مزگەوتی گەورەی شارەکەم وەفاتی کرد. زانای بەرزو نوسەری شارەکەم ماڵئاوایی لێ کردین، یەکەم مامۆستای گەنجانی حوجرەکانی سەیدسادق بوو. یەکێك بوو لە وکەسانەی ئازارو تاڵی زۆر چەشت بەدەست بەعسەوە، لەغوربەتا، بەقەدەرێکی خوا چاوەکانی لەیەك نا"[٣].

١٩٨٧/٨/١١ لە خورماڵ بووم، حکومەت هێرشی کرد بۆ ئەحمەد ئاواواو شیرەمەڕو بانی شار. ئێران خورماڵی دایە بەرتۆپ، ئەو شەوە سواری تراکتۆر بوینو لە ڕێگای گۆمەلارو خێڵی حەمەو شەشکو بەشارەتەوە هاتینەوە بۆ مجەمەعی سیروان.

١٩٨٧/٨/١٢ عەبدولرەحمانی لاله حەمەی سلێمان تەپی سەفایی لە شەڕێکدا لە چیای سورێن بەهۆی لوغمەوە گیانی بەختکرد.



عەبدولرەحمان محەمەد سلێمان ناسراو بە عەبدولرەحمانە بەچە لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی تەپی سەفا لە خێزانێکی جوتیارو نیشتمان پەروەر لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردووە، دواتر نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات. لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە دەکاتو دەبێت بە پێشمەرگە، بەشداری زۆربەی نەبەردییەکانی کردووەو جارێکیش

١ حەمەی حەمەسەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٤-٥٤٥.

٢ هاوڕێ باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥١

٣ ئیبراهیم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٥.

بریندار بووه. له ساڵی ۱۹۸۰ لەبەر ئازایەتیو لێهاتووی دەبێت بە فەرماندەی مەفرەزە. لەدوای ساڵی ۱۹۸۰ وە لەگەڵ بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود پەیوەندی دەکات بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوەو درێژە بە خەبات دەداتو دەبێت بە فەرماندەی کەرت. له ڕۆژی ۱۹۸۷/۷/۱۲ لەشەڕێکی سەختدا لەگەڵ ڕژێمی بەعس لەشاخی سورێن مینێك پیایدا دەتەقێتەوەو بۆ هەمیشە دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. شەهید باوکی دوو کوڕە بەناوەکانی وەرزێرو یادگار.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۱۹۸۷/۸/۱۵ حاجی محەمەد عەلی دوانزەی ئیمامی لەسەر زەراعەتەکەی خۆی کوژرا.

۱۹۸۷/۸/۲۰ عوسمان حەمە سەعید قادر دوانزە ئیمامی له خواری گوندەکەی خۆیان فڕۆکە کوشتی.


۱۹۸۷/۹/۳ ئێران زیاتر له ۱۰۰ ڕاجیمەی نا به مجەمەعی سیروانەوە له ئەنجامدا سێ کەس کوژرانو حەوت کەسی تریش بریندار بوون. ئێمە خۆمان له ژێرزەمین قایم کرد، پاشان ئێوارەکەی له گەڵ ماڵی خالۆمارف چوین بۆ ماڵی کاکە حەمەی حاجی ناجی له هەڵەبجە ۲ شەو لەوێ بووین.

۱۹۸۷/۹/۱٤ له پارێزگای سلێمانی ناوچەی مێرگەپان بۆمبارانی کیمیایی کرا.

۱۹۸۷/۹/۲۹ تورگۆت ئۆزال بوو بە سەرۆککۆماری تورکیا.

۱۹۸۷/۹/۳۰ له داستانی زنجیرە چیای دارە ڕەشدا فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ حەمە سەعید حاجی غەریب سێتەلانیو وەستا جەلالو حەمە لاو دەچنە کاروانی نەمرانەوە.

حەمە سەعید حاجی غەریب له ساڵی ۱۹٥٥ له گوندی سێتەلانی بناری قەرەداغ له خێزانێکی کوردپەروەر لەدایك بووە، له ساڵی ۱۹۷٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە.



له ساڵی ۱۹۷۷ چەکی پێشمەرگایەتی دەکات شان. له ژیانی پێشمەرگیەتیدا کەسێکی ئازاو چاونەترس بووەو بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی کردووە، وە بە پلەکانی پێشمەرگایەتیدا سەرکەوتووە تا بووە بە فەرماندەی تیپی ٥٥ ی قەرەداغ. له ڕۆژی ۱۹۸۷/۹/۳۰ لەکاتی هەڵمەت بردن بۆ ڕەبییەکانی زنجیرە چیای دارەڕەشدا لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تردا شەهید دەبێتو دەچنە کاروانی نەمرانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۱۹۸۷/۱۰/۱ ڕۆژی پێنج شەممە دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە له سانەوی هیوا له سیروان له پۆلی سێیەمی ناوەندی دوو ساڵە بووم.

١٩٨٧/١٠/٥ بارمان كرد بۆ خانووەكەی پورە حەبێ لە مجەمەعی سیروان. لەم خانووەدا دراوسێی ماڵی كاك یونس شەمێرانیو ماڵی حاجی حەمە ئەمین شەمێرانی بەشی پیركیو ماڵی كاك عەبدوڵاو چەند ماڵێكی باشی تر بوین.

١٩٨٧/١٠/١٦ سەرژمێری دانیشتوان كرا لە عێراق. بەپێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی دانیشتوانی عێراق بوو بە شازدە ملیۆنو سێ سەدو سیو پێنج هەزارو سەدو نەوەدو نۆ كەس.

١٩٨٧/١٠/٢٠ كۆچی دوایی گۆرانی بێژی نەتەوەیی كورد تایەر تۆفیق لەشاری هەولێر. تایەت تۆفیق وتوویەتی:"پێش ئەوەی گۆرانی كراس زەردێ بڵێم، باوی جلی ڕەشی ژنانەبوو، كەكراس زەردێم ووت، هەرچی ژن بوو لەحاجی ئۆمەرانو ڕەواندزو كۆیەو لێرە كردیانە زەرد".

١٩٨٧/١٠/٣٠ مەلا حسێن حەسەن قارەمانی كۆچی دواییكرد.

ناوی تەواوی (حسێن حەسەن قەیتولی)ە. خەڵكی گوندی قارەمانی شارەزوورە. قارەمانی گوندێكە ئەكەوێتە سەر لێواری دەریاچەی سیروان بەبەری هەڵەبجەدا، دانیشتوانی گوندی قارەمانی لە تیرەی هاروونی عەشیرەتی جافن. هەروەها قارەمانی ناوی یەكێك لە بنەماڵەكانی تیرەی هاروونییە، هاروونی لەم چەند تیرە پێكهاتوون (سەلیمی، نادرشایی، نێرنجی، وەڵەدبەگی، بەیاخی، قارەمانی). مەلا حسێن لە بیارە، عەبابەیلێ، جوانڕۆو میشیاو خوێندویەتی. مەلاحسێن ی قارەمانی مەلایەكی خوێنەوارو شەرعزان بووە، كاك حەسەنی لالە محەی ئالان ئەڵێ جارێك لەخزمەتی مامۆستا شێخ محەمەدی نێرگسەجاڕ دانیشتبوین لەو كاتەدا پیاوێك هات بۆ پرسیاركردن لەبارەی كەوتن ونەكەوتنی تەڵاقەكەی، كابرای تەڵاقخۆر وتی چووم بۆلای مەلا حسێن ی قارەمانی. لەوەڵامدا مامۆستا شێخ محەمەد پێی فەرموو: مەلاحسین شەرعزانە، جا كەتۆ چوویت بۆلای مەلاحسێن! ئیتر بۆچی هاتووی بۆلای من؟

مەلاحسێن ی قارەمانی تاكاتی وەفاتی، پیشەی هەر مەلایەتیو ئامۆژگاریكردنی خەڵك بووە. لە گوندەكانی بەشارەت، قارەمانی، كانی بەردینەی شارەزوورو ناحیەی سیروان مەلایەتی كردووە. لە شارەزوور ناوبانگی خواناسیو دینداری مەلا حسێن ئێستاش هەر ماوە. مەلا حسێن لەتەمەنی لاوێتییەوە تا كاتی وەفاتی ڕیشی نەتاشیوە. ئەگەرچی مەلایەكی شارەزا بووە، بەڵام هەرگیز جبەی مەلایەتی لەبەر نەكردووە، هەرچەند زۆری پێ وتراوە. تەنیا پاڵتۆیەكی دریژی تائەژنۆی لەبەركردووە لەكاتی سەرمادا.

مەلاحسێن لەگەڵ سۆیبە ئەحمەد حسێنی عەبابەیلێیدا خێزانی پێكەوەناوەو بەرهەمی هاوژینییەكەیان چوار كچو پێنج كوڕ بووە. ئێستا چوار كوڕی لەژیاندانو لە هەڵەبجەی تازە ئەژین. تەنها حاجی محەمەدی كوڕی كۆچی دواییكردووە. یەكێك لە كوڕەكانی ناوی مەلا سدیق ە، پیاوێكی ڕیش سپییەو عەسایەكی بەدەستەوەیە، دەنگێكیو دڵگیرو غەریبی هەیە، زۆر جار لە دانیشتنی پرسەدا بۆ خێر قورئانێكی خۆش ئەخوێنێ، ئەگەر چی ئەو من ناناسێ بەڵام من حەزەكەم هەڵئەسمو بەدڵی خۆم گوێی لێ بگرم.

کوڕەکانی مەلاحسێن خوێنەوارییان هەیەو لەناو خەڵکا بە مەلا ناسراونو خێرخوازو ئەهلی مزگەوتن، بەڵام کەسیان وەکوو مەلاحسێن ی باوکیان پیشەی مەلایەتی ناکەنو خۆیان بێ بەشکردووە لەو خزمەتە گەورەیە کە ڕێنموونیکردنی خەڵکە. مەلا حسێن تەمەنی خۆی لە پارەپەیداکردنو دنیاپەرستیدا بەخەرج نەدا، بەڵکو هەموو عومری لەگەڕانی دێ بەدێو ئەمبەروئەوبەری سنوور بۆ خوێندنو دواتریش بە مەلایەتیو بەدەم خەڵکەوەبووندا بەسەر برد. تا لە ساڵی ١٩٨٧ لە ناحیەی سیروان کۆچی دواییکردو لە گۆڕستانی ڕەقەی نەیری ئەسپەردەی خاك کرا[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٧/١١/٥ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی هێرشیان کردە سەر ڕەبیەکانی نزیك گوندی کانی خانی ناوچەی سورداش، لە ئەنجامدا چەندین کەس لە دوژمن کوژرانو چەند پێشمەرگەیەکیش گیانیان بەختکرد.

١٩٨٧/١١/٧ لە ئەنجامی پێکادانی قەمەرەکەی عوسمان ئەحمەدو پیکابەکەی سەید عەلیدا لە لای چایەکەی سیروان سێ کەس گیانیان لەدەست دا ئەوانیش عوسمان ئەحمەدو جەمال ئەحمەد حەمە ئەمینو ئیسماعیل ئەحمەد عەلی بوون.

١٩٨٧/١١/١٨ باباشێخ سدیق سەرگەتیو پێنج کەسیتر بەناوەکانی شاوەیس مەحمود ودکتۆر بەختیار جافر سەرگەتی وعوسمان عەلیو حاجی ئەبوبەکرو محەمەد ستار مەحمود لەنزیك گوندی سەرگەتی چیای هەروامان لەلایەن مەفرەزەیەك جاشەوە کە تۆفەشەل فەرماندەیان بوو کوژران. ئەم شەش کەسە سەر بە ڕابوونی ئیسلامی بوون لە کوردستانی عێراق.

١٩٨٧/١١/٣٠ ئێران بۆردومانی مجەمەعی سیروانی کرد کەسێك بەناوی حەمە ئەمین ڕابیعە چرۆستانەیی کوژراو حەوت کەسی تریش بریندار بوون.

١٩٨٧/١٢/١٨ حەسەن عەلی ساڵح دەوڵەتیار لە سەیدسادق کوژرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨

ساڵی ١٩٨٨ ساڵێکی پڕ مەرگەساتو ناخۆشی بوو بۆ ئێمەی کورد لە کوردستانی باشور، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە بەر هێرشی کیمیاییو ئەنفالو کوشتنو بڕ دەبوونەوە. ڕژێمی بەعس ئەڵقەی گەمارۆکانی لەسەر کورد زیاتر توند دەکردو بەتەواوی دەستی کراوەو ئاوەڵا بوو بۆ لەناوبردنو سڕینەوەی ئەم گەلە بەش مەینەتە. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ئاست هەموو ئەو تاوانانەی ڕژێمدا سرتەیەکیان لێوە نەدەهات.

---

١ م. کەمال ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

سوپای عێراق لە ترۆپکی بێ بەزەیی‌و جەبەروتیدا بوو، ئەوەی سۆزو بەزەیی بێت لای سەرکردەکانی بەعس نەمابوو. هەرچییەك خوای گەورە پێی ناخۆش بێت دەرهەق بەم گەلە مەزڵومە کردیان‌و درێغییان نەکرد. پێشتر کەوتنە ڕاگواستنی گوندەکان‌و شارۆچکە سنورییەکانی کوردستان‌و خەڵکەکەیان ڕاگواست‌و خانەولانەکەیان تەختی زەوی کردو مزگەوتەکانیان ڕمان بەسەر مەسحەفە پیرۆزەکانداو باخ‌و بێستان‌و سەرچاوەکانی ئاویان هەموو کوێرکردەوە. هەموو ئەو خەڵکەیان لەچەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێدا جێگیرکردو بەندیان کردن. ئەو جێگایانەش لەژێر ڕکێفی پێشمەرگەدابوو، بەر شاڵاوی ئەنفال‌و کیمیایی کەوتن‌و خەڵکەکەی شەهیدو بریندارو دەربەدەر بوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨:

١٩٨٨/١/٨ مستەفا چاوڕەش‌و چەند بەرپرسێکی یەکێتی‌و سۆسیالیست لە قەرەداغ دەرمانخوارد کران.

١٩٨٨/١/١٢ پورە دلوستانم کە دەکاتە خێزانی کاك شەوکەتی حاجی مشیر لە ئێرانەوە بە نهێنی هاتەوەو لە شارۆچکەی سیروان میوانمان بوو. چەند ڕۆژێك مایەوە.

١٩٨٨/١/١٣ کۆچی دوایی شاعیر میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## نامەیەك لە سیروانەوە بۆ سنە

١٩٨٨/١/١٤ پورە دلوستانم ڕۆشتەوە بۆ ئێران منیش نامەیەکم پێدا نارد بۆ کاك ئالانی کوڕی کە ئەمەش لە خوارەوە ناوەڕۆکی نامەکەو وێنەیەکێتی کە لەئەرشیفی کاك ئالاندا لە بەریتانیا پارێزرابوو:

بسم الله الرحمن الرحيم



پێشەکی سڵاوێکی گەرم لە کانگای دڵمەوە پێشکەش بە کاك ئالان دەکەم. وە زۆر سەلامت لێ دەکەم‌و ئەحواڵت ئەپرسم. وە زۆر سەلام لە کاك ئارام دەکەم‌و ئەحواڵی دەپرسم، وە زۆر سەلام لە ئەسیرو ئامانج دەکەم‌و چاوەکانیان ماچ دەکەم، وە زۆر سەلام لە کاك شەوکەت دەکەم‌و دەستی ماچ دەکەم. کاك ئالان بە داخەوە ئەمساڵ لە پۆلی سێ دەوام دەکەم (واتە دوو ساڵەم بە هۆی بارکردنی لادێکانەوە نەمتوانی سەعی بکەم‌و دەربچم)، ئەمساڵ زۆر باشم وە دەردەچم دەچم بۆ

(معهد المعلمين). وە هیوادارم کاك ئالان ئێوەش سەربەرزبن‌و دەربچن، وە کاك ئالان ئەمساڵ من زۆرم پێ ناخۆش بوو وتیان دەچن بۆ خارج لەبەر ئەوە نا کە بگەن بە ئامانج بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەیەك دوور دەکەوینەوە. تا ماوەیەکی زۆر یەکترمان نەدەبینییەوە. لەپاشان کاك ڕەوف سڵاوێکی گەرم لە کانگای دڵییەوە پێشکەش بە کاك ئارام‌و کاك ئالان دەکات‌و ئەحواڵی ئەسیرو ئامانج دەپرسێت. وە دایکم‌و شەهلا زۆر سەلامتان لێ دەکەن‌و ئەحواڵی کاك شەوکەت دەپرسن. وە بەداخەوە بیرم چووەوە (زۆر)[10] سەلام لە خاڵۆ سەرکەوت دەکەم‌و چاوی ماچ دەکەم هیوادارم بە خۆشی‌و شادی بژین. ١٩٨٨/١/١٤

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٨/١/٢٨ هێزێکی یەکێتی بە سەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی‌و فەرماندەیی چەندین کەسی ئازاو لێهاتووی وەکوو ڕێبازو مام غەفەو سەفینی مەلا قەرەو بورهانی سەعید سۆفی‌و بەهرۆز قەشقەیی‌و ئاسۆ ئەڵمانی‌و کەریمەڕەش لەشەوێکی ساردو بەفرو بەستەڵەکدا هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی سەری ڕەش‌و دەستیان بەسەر کۆشکی مەلیك فەیسەڵدا گرت. لەم هێرشەدا دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە گرتنی چەندین تانك‌و زرێپۆش‌و ئۆتۆمبێل‌و چەکی قورس‌و سوك بوو، کە تەنها ژمارەی کلاشنکۆفەکان ٩٠٠ دانە بوون. لەگەڵ کوژرانی ٢٠٠ ئەفسەرو سەربازو بەدیل گرتنی ٧٠ی دیکە. لەم چالاکییەدا ٧ پێشمەرگە بە گولەی دوژمن‌و ٦ پێشمەرگەش بە هۆی بەفرو سەرماوە گیانیان لەدەست دا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## لەژێر لێزمەی باران دا گەڕانەوە بۆ کەلاوە ڕووخاوەکان

١٩٨٨/١/٢٩ مانگی بەفرانبارو سەرماو سۆڵە بوو، کەش‌و هەوا بارانێکی خۆش بوو، نەرم نەرم دەباری نەبروسکەیەك هەبوو نە هەورە گرمەیەك، بارانی سەرتاسەری بەبێ دەنگ‌و گرمە دەبارێت، هەرچی گیاو گۆلە لەناو ئاودا شڵەقا بوو. لەگەڵ دایکم‌و کاك قادری زاوای‌و کاك ڕەوفی پورزام کە دەکاتە کوڕی کاك قادر لە ئاستی سنەوبەرەکانی مجەمەعی سیروان دەستمان لە جێبێك ڕاگرت‌و وەستا، دەستی درێژ کرد نیو جاماکەی لای سەکنی بە پاڵ پێوەنان‌و زەحمەت لادا، وتی بۆ کوێ دەچن؟ وتمان ئەگەر بەرەو سەیدسادق یان خورماڵ هەرکامیان بڕۆیت ئێمەش دێین‌و لەو ڕێگایانە لە شوێنێك پیادە دەبین. وتی باشە سەرکەون بۆ خورماڵ دەچم.

لەدوای جێبی چادرەوە دانیشتین، خرمەی باران دەهات دەیدانە لە چادرەکە، فلچەکانی بە زەحمەت ئەمبەرو ئەوبەریان دەکرد بە برسکاوی ئاوی جامی پێشەوەیان دەماڵی. سیروان‌و تەپەگوڵاوی‌و لامەرکەزی‌و شەکرالیمان بەجێ هێشت، ئەو گوندانە بە تەواوی خاپور کرابوون، لەسەر ڕێگای تەپی سەفاو تەپەتۆڵەکە ناقیلەیەکی بەرازیلی تایە لاستیك دۆشکەیەکی بەسەرەوە بوو، بۆ ئێشکگرتن‌و پاسەوانی ڕێگاکە وەستابوو، سەربازێك بە جلێکی نایلۆنی وەکوو چەتری لەبەردابوو، بەسەر دۆشکەکەوە بوو، کاتێ

ئێمە لە تەنیشتیان پیادە بوین دوانی تر لە ناقیلەکە هاتنە دەرەوە، بەدەست سلاوّمان بۆ کردن، زۆریش دەترساین، دایکم کەمێ عەرەبیی لە سجنی ناسرییە فێر بوو بوو، گونیەکەی بەرز کردەوە وتی سەیدی ئەچین بۆ ئەو گوندەی خۆمان بۆ کوزەڵە کردن، ئەفسەرەکەیان وتی باشە بڕۆن بەلاّم هەر لەم ڕێگایەوە بێنەوە با بزانین ئێوەن بۆ ئەوەی تەقەتان لێ نەکەین.

کاتێ لە جادەی قیر لاماندا و بەرەو تەپی سەفای وێرانە ڕۆشتین، لەخۆشیدا وامان زانی بەسەر هەوادا دەڕۆین، ئەوە بۆ ماوەی هەشت مانگە تەواوی ئەو گوندانە کاولو وێران کراونو خەڵکەکەی ئاوارەی قەزاو ناحیەو ئۆردوگاکان بوون، ئاوایی سرتەو ورەیەکی لێوە نایەت، دنیا کشو مات جگە لە خوڕەی ئاوی شێخ موسیٰو چەمی بوزانەو نمەو دڵۆپەی ئەو بارانەی دەکەوتە زەوی، گوێت لە هیچ دەنگێکی تر نەبوو، تەنانەت سەگە بەوەفاکانو باڵندەکانیش کۆچیان کردبوو، ئاوایی لە بری ئاوەدانی مەملەکەتێکی وێران بوو. ئاسمان لەشیوەندا بوو هەرچی فرمێسکی خۆی هەبوو ڕژاندییە سەر زەوی، چیاو دۆڵو بەندەنو چۆمو لێرەوار لە ماتەمدا بوون، هەرچی چۆمو کانییو کارێزە شینیان دەگێڕا. کانی مۆتە لە پلوسکەکەیەوە ئاوێکی ڕوونو ڕەوانی دەخستە باوەشی زەوی لە چاوەڕوانی کچانی ئاواییدا بوو بە گۆزەو کوندەو سەتڵەکانیانەوە بێنو ئەویش پێشوازییان لێ بکات، بەلاّم کاتێ دەیبینی کەس دیار نییە لە حەسرەت دا هەرچی ئاوە دەیکرد بە فرمێسكو ڕەوانەی چۆمو ڕوباری دەکرد.

هەردوو باڵەخانەکەی حاجی هەیەرو حاجی مستەفا کە لە ساڵانی چلەکاندا بنیات نرابوون، داروپەردوویان لەزەویدا بوو، جگە لە بەر هەیوانێکی ماڵی لالە مەجید هیچ خانویەکمان نەدی بەپێوە مابێت. وەکوو یارانی ئەشکەوتمان لێ هاتبوو کە دەیاندا بەلای ئاوایی ڕەقیمدا جگە لە گۆڕەکەی هێلین هیچ ئاوەدانییەك نەمابوو، ئەتوت سەدەیەکە ئەم ناوە چۆڵو کاولەیە، ئای خوایە گیان هەڵبڕانو دوور خستنەوە چەند سەختە لە زێدی خۆت. سەرداری مرۆڤایەتی کاتێ مەککەی بەرەو مەدینە بەجێهێشت لای کردەوە بەلایداو فەرمووی: وەڵاهی ئەگەر دەریان نەکردمایە بەجێم نەدەهێشتی، تۆ ئازیزترین خاکی بەلامەوە. لە ناو گوندی تەپی سەفاوە بەرەو گوندی کولکنیو ئەو چەمو کانیاوانە ڕۆشتین کە سەوزەی کوزەڵەی جوانی ناسکی لێبوو، بە یەك کاتژمێر دوو گونیەی گەورەمان پڕ کرد، ئەو ساڵە ساڵی بارانو تەڕو توش بوو ناوچەکەش کەسی لێ نەبوو هەرچی چەمو کانییە قەڵبەزەیەك ئاوی لەبەر دەڕۆشتو پڕ بوون لە کوزەڵەی ناسكو پاكو تەمیز کە لەماڵەوەش شۆردنەوەی نەدەویست. باران دەباریو دەباری، ڕەهێڵەی دەکرد، قەمسەڵەیەکی چەرمی کورتم لەبەردابوو لەسەر شانەکەی نوسرابوو (porsch) لە هەڵەبجە بە پازدە دینار کڕیبووم، تەنها ژێری ئەو قەمسەڵەیە تەڕ نەبوو بوو، هەموو گیانمان ئاوی لێ دەچۆڕی. لە کولکنییەوەو بەیادی جاران لەسەر ڕێگا خاکییەکە هاتینەوە بەرەو تەپی سەفا، ڕێگاکە شڵەقابوو ئاوی زەوییەکانی سەرەوە نیشتبوو لەو ڕێگایە بەناو ئاودا ڕێگامان دەبڕی، تەماشای هەر لایەکمان دەکرد بۆ

ئەوەی کەسێ ببینین جگە لە ڕەبیەکانی سەر گردی خدرو گردی گۆ کەتەنها ئەو دوو گردە ئاوەدان بوون، ئەوانیش لەبەر باران لە ژوورەوە بوون هیچ کەس نەدەبینراو ناوچەکە بە تەواوی چۆڵو هۆڵ بوو، کاتێ نزیك بووینەوە لە تەپی سەفا دووکەڵێك لەناو ئاواییدا بەرز بوویەوە، بە سپێتی دوکەڵەکەدا دەزانرا کە دوکەڵی دار سوتاندنە. هاتینە ناو گوندو ڕوومان کردە جێگای دوکەڵەکە، زیاتر نزیك بوینەوە دەنگو سەدایەکیش بە کزی دەبیسترا.

وەکوو پێشتر وتمان لە ناو ئاواییدا تەنها ئەو ژوورە گڵەی ماڵی لالە مەجید مابویەوە کە وەکوو جێگای نان کردنو چێشت لێنان کاریان پێی بوو، نەڕووخابوو، ئەو ڕۆژە ئێمە لەو ناوەدا بوین کاك حەمە فەرەجی حەمەی سەلیمو دادە ئەمنەی خێزانیشی هاتبوونە ئاوایی، ئاگرێکی خۆشیان لەو بەر هەیوانەدا هەڵکردبوو خۆیان پێ وشك کردبوویەوە. کاتێ ئێمەیان بینی وتیان وەرن خۆتان وشك بکەنەوە، خەریك بوو پێش ئێوە ئاگرەکە بکوژێنینەوەو بڕۆین، دواتر کارتان پێی نەما خامۆشی بکەن. ئەوان لێیانداو ڕۆشتن ئێمەماینەوە، دەزووی وشکمان تێدا نەمابوو، ئاومان لێ دەچۆڕی. ئاگر بڵێسەی دەهات، بەر هەیوانەکەی ڕۆشن کردبوویەوە جار جار پشکۆیەك دەتەقیو وەکوو یاری ئاگر پرشەکانی بەملاولادا بڵاوە پێ دەکرد، لەنزیکییەوە وەستابوین هەڵم لە شەرواڵەکانمان بەرز دەبویەوە، لەماوەیەکی نزیکدا جلو بەرگمان وشك بوویەوە، بەتەماش بوین کەشوهەوا لە بارین بکەوێت ئەوکاتە لەوێ دەرچین، بارانەکە کەمێ کز بوو بەڵام بە تەواوی وشکی نەکرد.

دوای ئەوەی گەرمما بوویەوەو جلەکانمان وشك بویەوە ئاگرەکەمان کوژاندەوە، دایکمو کاك قادر فەردە کوزەڵەیان نا بە سەریانەوەو لە ئاوایی دەرچوین بەرەو جادە. پێش ئەوەی بکەوینەڕێ لەگەڵ ڕەوف بە پشکۆی ئاگرەکە ئەو دوو جگەرەیەمان گڕدا کە لەگیرفانی قەمسەڵەکەدا شاربووەمەوە، لەجەوی باراناویدا جگەرە چەند هێندەی جارانی خۆشتر دەبێت، هەڵبەتە جگەرە کێشەکان هەست بەو خۆشییە دەکەن، هیوادارم وەکوو چۆن منو ڕەوف بەیەکجاری تەرکمان کرد هەموو کەس ئاوا وازی لێ بهێنێت. گەشتینە نیوەی ڕێگا ناقیلەکە لەسەر جادەکە سەلییەك فیشەکی دۆشکەی کرد بە سەرماندا، نازانم مەبەست لەو تەقەیە چی بوو، لەدوور تر خەڵکی بینیبوو، یان هەر ویستی ئێمە بترسێنێت، نەمانزانی هۆکارەکەی چی بوو. کاك قادرو دایکم بە گونییە کوزەڵەی سەریانەوە وەستانو ئێمەش بە جگەرەوە گەشتینە لایان، بەهۆی تەقەکانەوە بیرمان چوو بوو کە جگەرەمان فڕێ نەداوە، لای دایکمو کاك قادر ئاشکرا بووین. بەڵام هەردوکیان مناڵ خۆشەویست بوون سزاکەیان تەنها هەڕەشەیەکی سوك بوو.

هاتینە سەر جادە، دەستمان بۆ سەربازەکان بەرزکردەوە، بە (شکرا شکرا)، سوپاسمان دەربڕی، ئەوانیش سەرێکیان لەقاند. لەسەر جادە وەستاین تا ماشێنێك بێت، جێبێکی بەتاڵ هات فەردە کوزەڵەکانمان بار کردو بەرەو سیروان ڕۆشتینەوە. لەوێ لەئاستی گەڕەکەکەی خۆمان لە مجەمەعی سیروان

کاك قادرو دایکم دابەزینو ئێمەش ڕۆشتین بۆ هەڵەبجە بۆ فرۆشتنی کوزەڵەکە. هەر ئەو کاتەش لە لادێ بوین زۆر تامەزرۆی بازاڕی هەڵەبجە بووم، کەبابەکەی عەلی تەبە، قەیسەرییەکەی حامی بەگ، سینەماکە، ماڵی پادشا، پەڕاوگەی ڕۆشنبیر، عیادەکەی سەید جەمیل، دووکانەکی مامە حاجی جەبارو کوتاڵەکەی میرزا تایەر، سەید محەمەدی بەرگدروو، لەهەمووی خۆشتر دووکانە قەرەباڵغەکەی حاجی عەبدولقار کە پێیان دەوت حاجی شەخڵە، ماڵی شێخ ئەحمەدو شۆربای تەکیەکەی، دەف لێدانەکەی لەیلێ نابینا لەوێو گەرم کردنی مەجلیسی زیکر، باخی گشتی، عەلیە فەنی سەرتاش، حاجی عەلادینی جگەرەو توتن، مەلا عەلی لەبەردەم قەیسەرییەکە، هەرچی جوانیو خۆشییە لەو شارەدا هەبوو.

لەگەڵ ڕەوف یەکی بە فەردەیەك کوزەڵەی ناسکی پاکوتەمیزەوە خۆمان کرد بە بازاڕی سەوزە فرۆشاندا، یەکەم کەس هات بە دەممانەوە شەهیدی کیمیاباران کاك ئەحمەدی کولکنی بوو، دەمی گونیەی لادا چەپکێ کوزەڵەی دەرهێنا، کاتێ بەو جوانو ناسکییە بینی وتی ئادەی با قەپانی بکەین کیلۆی هەشت پەنجاییتان بۆ دادەنێم، پێشترو دواتریش هەر لای ئەو فرۆشتوومانە بە نیو دینارو کەمتر، کاك ئەحمەد بە ڕەحمەت بێت بووبە موشتەریمان. لەگەڵ ڕەوف یەکی دە تا پازدە دینارمان خستە گیرفانو بەناو بازاڕدا شامان بە سەپان نەدەزانی، هەرچی پێداویستی ماڵ هەبوو لە صابونو چاو شەکرو گۆشتو میوە کرێمان لە نقلیات سواری ماشێن بوینو هاتینەوە بۆ سیروان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٨/٢/٧ خالۆ مستەفا لە ئۆردوگاکانی ئێرانەوە بە قاچاخ هاتەوە بۆ دیوی کوردستانی عێراق، چەند ڕۆژێك لەماڵی ئێمە بوو لە مجەمەعی سیروان، دواتر ڕۆشتەوە. لە بازاڕی هەڵەبجە چەند دەستە گوێزانم بۆ کڕی، بۆ ئەوەی بیباتەوە لە ئێران بیفرۆشێت بەقازانج. لەعێراق ئەو شتومەکە وردانە هەرزان بوون، لە ئێران بە سێ قاتو چوار قاتی ئەو نرخە دەفرۆشرا.

١٩٨٨/٢/٢٣ یەکەم قۆناغی بەناو ئەنفال دەستی پێکرد. حکومەت هێرشی کردە سەر ناوچەکانی دوکانو بنگردو زێی بچوكو ماوەتو چوارتاو ئەزمەڕو سوسێو سورداش. هەروەها هێرشەکە دۆڵی جافەتیو بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی گرتەوە، پاش شەڕێکی درێژخایەنی هەفتەیی، هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد، ڕژێم هەموو گوندەکانی ناوچەکەی تەخت کرد، ژمارەی شەهیدەکان زۆربوون، لەبەرامبەریشدا ڕژێم کوژراوو بریندااری زۆری هەبوو. لەو هێرشەدا دەوڵەتی عێراق زیاتر لە ١٠٠ فەوجی جاشو ٣٦ لیوای سوپای بەکار هێنابوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## مەرگی باوکو کوڕێك

١٩٨٨/٢/٢٥ لە ئێوارەیەکی کش وماتدا پێش بانگی شێوان، کاتێ خۆر کەوتبووە پشتی سنەوبەرەکانی قەراغ ئەو شەقامەی کە بە درێژایی نۆ کیلۆمەتر بەرەو هەڵەبجە درێژ بوو بوویەوە، تیشکە ئاڵتون ئاساکانی لەناو لقو پەلی درەختەکانەوە کەوتبووە سەر جادە قیرەکە، لەناو حەوشەکەی خۆماندا لەسەر کورسییەکی مەکینەی درومان پاڵم بە دیواری خانووەکەوە دابوو، ڕۆژانە لەبەر هەتاوی ئێواران لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشتمو سەعیم دەکرد، لەپڕ دەنگی هاویشتنو تەقینەوەی تۆپێکی قورس گۆمی بێ دەنگی شڵەقاند، هەمووی سی مەتر لە تەنیشتی قوتابخانەیەکەوە لە تەنیشتی کۆڵانەکەی ئێمەوە دوور بوو، پارچەکان بەسەر گەڕەکو کۆڵانەکەدا بەربوونەوە.

بەپەلە خۆمانو خانەوادەمانو خەڵکی گەڕەك بەرەو ماڵی مامۆستا عومەر هەورامی ڕۆشتین کە لە خانووی کاك مەهدی وێنەگردا بوون، ژێر زەمینێکی چاکو تۆکمە لە حەوشەکەیاندا دروست کرابوو، هەرکات ئێران تۆپی بۆ ناحیەی سیروان بهاویشتایە خۆمان دەخستە ئەو ژێر زەمینە. هەر دوای تەقینەوەی تۆپەکە، دوو تۆپی تریش یەك لە دوای یەك کەوتە سەرزەمینی ئەو ناوچەو دەڤەرە.

دراوسێی دەستە چەپمان کە خانووی کاك یونس شەمێرانی بوو، خۆیان باریان کردبوو، ماڵی حاجی عەلی برایم خەڵکی کولکنی لە عەشیرەتی سادانی لەو خانووەدا کرێچی بوون. پێش ئەوە تۆپە شومەکان بەرەو سیروان بهاوێژرێن، حاجی عەلیو محەمەدی کوڕی کە گەنجێکی جوانی باڵابەرزی سوروسپی بوو تەمەنی نزیکەی هەژدە ساڵێك دەبوو، بەسواری تراکتۆرە عەنتەرە سورەکەیانەوە لە ناو بازاڕی ناحیەکەوە بەرەو مجەمەعی سیروان دەگەڕانەوە، کاتێ دەگەنە تەنیشتی ئەو قوتابخانەیە تۆپەکە بە دووری دوو مەتر لە پشتیانەوە دەدا لە زەوی.

لەگەڵ تەقینەوەی گولەتۆپدا محەمەدی لاو وەکوو چۆن چڵی نێرگسو لەکاتی شکۆفەی بەهاردا باوبۆرانو تەرزە قەدو باڵای دەژاکێنێتو گوڵەکانی هەڵدەوەرێنێت، پارچەکان قەدو باڵاو کەمەری دەپێکنو لەسەر تراکتۆر بەردەبێتەوەو قژە خاوەکەی تێکەڵاو بە زیخو چەوی کۆڵانەکە دەبێت. حاجی عەلی هەرلەوێدا ڕۆحی پاکی دەسپێرێتو سەری دەخاتە سەر سوکانی تراکتۆرەکە، وەکوو خەوی لێ کەوتبێت ئاوابوو، مەرگ دەرفەتی ئەوەی پێ نەدا خواحافیزی لە خێزانو هەر دە کچەکەی بکاتو دوا ماچی وریای منالێ بکات کە دوای محەمەد سورمەی چاوو هێزی دڵی بووە.

گەڕەك بوو بە زڵەو هەراو قاوقیژ، تەرمی حاجی عەلیو لاشەی نیوەگیانی محەمەد دەخەنە ناو ماشێنێكو بەکۆڵانەکەی خۆماندا بەرەو هەڵەبجە دەیانڕفێنن. تا نیوەشەو ئەو کچانەی حاجی عەلی کە لە ماڵەوە بەجێمابوون، بەشیوەنو گیانو لە خۆدان جولەکەیان پێ موسڵمان دەبوو، خەڵکی گەڕەك لەگەڵ ئەوان هەمووو تازیە بار بوونو کەس تامی نانی ئێوارەی نەکرد.

ئای خوایه گیان ئەم کوردە بەشمەینەتە بۆچی دەبێ هەمیشە شیوەنو گریان بەشی بێت؟ بۆچی دەبێ لە نێوان بەرداشی دەوڵەتە ناوچەییو زلهێزەکاندا ئێمە بهاڕێین؟ تۆپ هاوێژەکان لەم دیو عەرەبو لەو دیو فارس بوون، قوربانییەکانیش لەهەردوولا هەرکورد بوون، دەبێ تفو لەعنەت پێش ئەوەی بۆ ئەم دوو دەوڵەتە شەڕ کەرە بنێرین، ئاراستەی ئینگلیزی نەخشەکێشی پارچەپارچەبوونی کوردستانی بکەین، سوچی هەرچی ستەمو کوشتنو بڕینە لە ئەستۆی ئینگلیزە، کە بووە بە مامۆستای شەڕو ئاشوب لە جیهاندا. ئەوەتا سێ سەد کەس لەوان بۆ ماوەی سێ سەد ساڵ سێ سەد ملیۆن هیندییان چەوساندەوەو خوێنیان مژین، کوردستانیان کرد بە چوار پارچە، خێرو بێری ئاسیاو ئەفریقایان بە فێلو دەجەلە شەیتان ئاساکەیان بۆ خۆیان برد.

هەر ئەو شەوە محەمەدی لاو دەخەنە ناو ماشێنێکی بەرازیلی سورەوەو بەرەو نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی ڕەوانە دەکەن، بەڵام مەخابن، هەر لەو شەوەدا گیانی پاکی دەسپێرێتو بۆ ڕۆژی دوااتر ڕەوانەی هەڵەبجەی دەکەنەوە، لە گۆڕستانی گوڵانی هەڵەبجە لەگەڵ حاجی عەلی باوکی بە خاکیان دەسپێرن. ئەو ڕۆژە لەسەر قەبران بووین باران دەباری، خەڵکێکی زۆر ئامادەی ناشتنی تەرمەکان بوون، ڕۆژێکی زۆر خەماوی کارەساتبار بوو، خوای گەورە بەشەهید قبوڵیان بکات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٨/٢/٢٦ لە هەڵەبجە بوین، لەسەر قەبرستانی گوڵان. حاجی عەلی برایمو حەمەی کوڕیان ئەسپەردەی خاك دەکرد.

١٩٨٨/٢/٢٧ لە پارێزگای سلێمانی گوندەکانی (تەکیە، بەلەکجاڕ، بەڵخە، گومەتە) لە ناوچەی قەرداخ کیمیاباران کرا بە ژەهری خەردەل، دەیان پێشمەرگە بریندار بوون کە مەزندە دەکرا بە ٤٠ کەس، بەهۆی کاریگەری برینەکەیانەوە ٢ کەسیان شەهید بوون کە چەکداری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بوون بەڕەگەز عەرەب.

١٩٨٨/٢/٢٧ لەهەڵەبجە بوین لە گەڕەکی گوڵان دەگەڕاین بۆ خانوو، بەڵام دەستمان نەدەکەوت، ئێران لە دوای ڕاپەڕینەکەوە تۆپی لە هەڵەبجە نەدەدا، بەڵام سیروان بەردەوام لەژێر بۆردوماندا بوو.

١٩٨٨/٢/٢٨ هاتینەوە بۆ سیروان، ماڵی مامۆستا عومەر لە خانووی کاك مەهدی وێنەگردا بوون، دراوسێمان بوون.

١٩٨٨/٣/٩ کوژرانی مەلا عەلی بیارە ئەندامی باڵای بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان بە هۆی بۆردومانی تۆپی عێراقەوە.

١٩٨٨/٣/١٢ سەردانی سەددام حسێن بۆ شاری سلێمانی، کە ئامانج لە هاتنەکەی سەرپەرشتی کردنی هێرشەکەی دۆڵی جافەتی بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## هەڵەبجە کەوتە نێوان دوو بەردئاش

١٩٨٨/٣/١٣ هێرشی ئێران بۆ سەرناوچەی هەڵەبجەو هەورامانو شارەزوور دەستی پێکرد. لە هەموو لایەکەوە بوو بە ئاگر باران، ئێمە لە شارۆچەکەی سیروان بوین کە ٩ کیلۆمەتر لە هەڵەبجەوە دوورە، بەو بەیانی زوورە چوینە ژێر زەمینی خانووەکەی کاك مەهدی ڕەسام هەورامی کە ماڵی مامۆستا عومەری هەورامی تێدا بوو. تا نیوەڕۆ تۆپ بارانی سیروان بەردەوام بوو. نیوەڕۆ بەپەلە پرِوزە نانێکمان خواردو چاوەڕوانی پێشهاتی تازەمان دەکرد، کەئایا ئەم هێرشە تاکەی بەردەوام دەبێت؟ ئایا ئێران ناوچەکە دەگرێت یان سوپای عێراق بەرپەرچیان دەداتەوەو ڕاویان دەنێت؟ هاتینە دەرەوەی حەوشەو تەماشای قافڵەی سەربازیمان دەکرد بەرەو هەڵەبجە دەچون، سەربازەکان بە دوو پەنجە نیشانەی سەرکەوتنیان بۆ خەڵکەکە پیشان دەدا. بەڵام هێشتا بۆ ساتێکیش تۆپبارانی سێ ڕیانی سەیدسادق-خورماڵ، هەڵەبجە نەوەستابوو، ئێران زۆر بە چڕی ئەو ڕێگایەی تۆپباران دەکرد، وە زەرەرو زیانێکی زۆری لە سوپای عێراق دا، دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازیو مەدەنی بەسەر نشینەکانیانەوە تێك شکابوونو گڕیان گرتبوو، چونکە ئەو ڕێگایە تاکە دەروازە بوو سوپاو خەڵکیش پیایدا تێپەڕ دەبوون. ئەو ساڵە تەڕە ساڵ بوو، بارانێکی زۆر باری بوو، دەریاچەی دەربەندیخان گەیشتبووە خاڵی کۆتایی، پردی کۆنی داپۆشی بوو. چەمی زەڵمیش ئەوەندە هاتبوو کەس نەیدەتوانی بەتەنها لێی بداتو بپەڕێتەوە، سەدان خەڵکی سڤیلو جاشو سەرباز لەترسی گیانی خۆیان دەیانویست لەوێوە خۆیان بگەیەننە سەیدسادق کە کەمێك ئارامتر بوو، بەڵام ئاوی چەمی زەڵم کردنی بە خۆراکی ماسی ڕوبارەکەو دەریاچەی دەربەندیخان. بەڕاستی ڕۆژێکی ناخۆشو تاریك بوو، هیچ ئاسۆیەکی ڕووناکی نەدەبینرا، تەنها خۆمان دابووە دەست سۆزو بەزەیی پەروەردگار.

هەڵکوتانە سەرمناڵ و ژن وپیرو پەککەوتەکانی هەڵەبجە بۆ تەواوکردنی سیناریۆی جەنگە جیهانیە پڕ شەرمەزاریەکەی عێراق وئێران بۆکۆتایی هێنان بەوخیانەتەی لەگەلانی عێراق وئێران کرا، هەڵەبجەی بێکەس کۆتایی خیانەتەگەورەکەبووپرسیارێکی بێ وەڵامەهەتا(یوم تبلی السرائر) •ئائێستا چرکەساتی خۆئامادەکردنی سوپای پاسدارانی ئێرانە ڕۆژی ١٢ی٣ی١٩٨٨ چەکدارەکوردەکان وئێران سەعاتی(•)سفرئەمشەوە لەسنورەکانی ئێرانەوەبەچواردەوری هەورامان وهەڵەبجەوحەوزی شارەزووردا ••• لەشاخی سورێن وکەڕەجاڵ وچیاکانی هەورامان ودەرەتویێ وسازان وبەگوێ چەمی سیرواندا هەتادرۆڵە وشنروێ وزنجیرەشاخەکانی باڵامبۆ ئێران وچەکدارای کورد هەروەها قائیدی فەوج وسەرکردەکانی سوپای عێراقیش بەژێربەژێری خیانەتیان لەوڵاتی خۆیان عێراق کردوبەشداری ئەوسەعاتی (•)سفرەی هێرشەکەکردبۆسەرسەربازەبێ ئاگاکانی سوپای عێراق وهەڵەبجەی هەمیشە مەزڵوم" ئەمشەو واتەشەوی١٢لەسەر١٣ی١٩٨٨لەکاتژمێرەکانی دوای کاتژمێر(١)ی شەویاخوائەوەی ئێمەگوێ بیستی

بووین لەو شەوەداکەهەرچی تۆپخانەی دەوڵەتی زەبەلاحی ئێرانەبەشداری ئەوتۆپبارانانەیان کردکەهەرخەڵکی ئەوشارەمەگەربزانن چ تۆببارانێك بوومەگەرلەجەنگەجیهانیەکانی یەکەمو دوهەمداوەهاتۆپبارانێك ڕویدابێت ئیترخەڵکی هەڵەبجەلەپاش ڕەحموبەزەیی خواژێرزەمینەکانیان کردەشوێنی ژیان وگوزەران بۆماوەی زیاترلە٧٢کاتژمێرواتە٣شەو٣ڕۆژخەڵکی لەماڵەکەی خۆیدا ئەکوژرالەحەوشەی ماڵەکەداگۆڕی بۆهەڵ ئەکەندراو دەنێژران من خۆم وەك شایەتحاڵێك خاڵۆزایەکی باوکم لەتۆپبارانی هێرشەکەداشەهید بوو بەناوی(سەباح ئەحمەد عەلی سان ئەحمەد)دەیانی تر بەو تۆپبارانە شەهیدبوون ولەحەوشەوماڵەکاندا نێژران چونکە تۆپباران مەجالی نەدەدا لەگۆڕستان ئەسپەردەبکرێن. ئەم یادە تاڵ و ئازارانە بەیان دەکەین هەتا ئەوساتەوەختانەی سنووردەبڕین بەرەوئاوارەیی بۆناوقوڵایی وڵاتی ئێران. باس وئازارونارەحەتیەکان بەردەوامن

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٨/٣/١٣ نزیکی بانگی عەسر بوو ماڵی باوام‌و مامە عاسی لەگەڵ خوالێخۆش بوو محەمەد عەلی قادر قازاویدا کە قەمەرەیەکی فیاتی پێ بوو هاتنە لای ئێمەو وتیان خۆتان ئامادە بکەن دێینەوە بە شوێنتانا، ئەوان ڕۆشتن بۆ باریکە.

## شەهید بوونی سەباحی مام ئەحمەد

١٩٨٨/٣/١٣ تۆپخانەکانی ئێران وەکوو گەڵای دار تۆپیان دەباراند بەسەر خەڵکی ڕەشوڕوتی ناوچەکەدا. کەوتبوینە نێوان دوو بەرداشی گەورەوە، عێراق هێشتا زەرەری نەداوەو هەڵی گرتووە بۆ ڕۆژانی دواتر، بەڵام بەرداشی ئێران کاری خۆی دەکرد، ماڵی مامەی باوکم لە مجەمەعی عەنەب بوون کە لکاوە بەهەڵەبجەوە، لەترسی تۆپبارانی ئێران خۆیان لە ژێر زەمینێك قایم کردبوو، لەکاتی ساردکردنەوەی لولەی تۆپەکاندا ئەمانیش دێنە دەرەوەو هەناسەیەك هەڵدەمژن، لەناکاو تۆپباران دەست پێ دەکاتەوەو تۆپێك خۆی دەکات بە قوتابخانەی گەڕەکدا، لاشەی دەیان ژن‌و منداڵ‌و پیرو لاو تێکەڵاو دەکات. کوڕی مام حاجی ئەحمەد بەناوی سەباح تەمەنی ١٤ بەهار بوو سەردەباتە حەوشی قوتابخانەکە بۆ لای هاوڕێکانی پارچەیەك لەو تۆپە هەرلەوێدا دەیکات بەجەستەیەکی بێ گیان.

نەجمەدینی برای دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (لەو کاتەدا تۆپەکە کەوتە ناو قوتابخانەکە، زیڕەی ژن‌و منداڵ‌و قاووقیژ پەیدابوو، باوکم وتی سەباح کوژرا. بەپەلە دەستی گیرکرد لە لێواری ژێرزەمینەکە بچێتە دەرەوە قاچی دەخزاو دەکەوتە خوارەوە، بۆ سێهەم جار توانی بچێتە دەرەوە! کاتێ دەچێتە سەر لاشەی ساردو بێ گیانی سەباحی برام، هەر لەو ساتەوە بەنی دڵی دەبڕێت‌و ئیتر ئەو حاجی ئەحمەدەی جاران نامێنێت، ئەمدیوو ئەودیو بەسەباح دەکات. تەنها پارچەیەکی پێوەیەو خوێنی لەبەر نارِوات. بڕوا ناکات کە کوڕەکەی ٥ خولەك پێشتر لەگەڵیدا بووە ئێستا لاشەیەکی بێ گیانە. لەگەڵ خەڵکی گەڕەك دەیرفێنن بۆ

نەخۆشخانەی عەنەب کە لەحاڵەتی تەواریدابووە، دکتۆر دەیپشکنێتو دەڵێت (إنا لله وإنا إليه راجعون). باوکم گڕ دەگرێتو ناکوژێتەوە، پەرۆشی باوکم بۆ سەباح ئەوەبوو بەبێ دایك بەخێوی کردبوو).

لەو ڕۆژەدا کەسوکار کۆنەدەبوویەوە مەگەر زۆر بەدەگمەن هەمووی لەخەمی خۆیو ماڵ ومناڵێدا بووەو لەیەکترەوە دووربوون. ئێمە لەسیروان نەمانزانی بوو. ئەو چەند کەسەی لەوێ دەبن جەنازە دەشۆنو لەمزگەوتێك لەنزیك ئینحیسارەکە دەینێژن. دواتر هەر ئەو ڕۆژە دڵی بڕوا نادات جەنازەکە هەڵدەگرێتەوەو دەیهێنێت بۆ گۆڕستانی ڕەقەی نەیری لە ناحیەی سیروان هەمیشە قەبری ئامادەکراوی لێ بووە، لەوێ بەخاکی دەسپێرن. مام ئەحمەد دوو ساڵ دواتر لەهەمان مانگدا لە ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دواییکرد. خوای گەورە سەباحو مامە حاجی ئەحمەد پێکەوە لەبەهەشتدا کۆ بکاتەوە ئامین.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٨/٣/١٤ کاك حەمە قازاوی ڕەحمەتی خوای لێبێت ئێستا لە ژیاندا نەماوەو کۆچی دواییکردووە، قەمەرەیەکی فیاتی پێ بوو، ڕۆژێك پێش هێرشەکەی ئێران هاتبوو بۆ سیروان بۆ ماڵی خزمەکانی تەپەگوڵاوی کە لە عەشیرەتی کەڵهوڕ بوون، بۆ ماڵی کاکە حەمەی شەمە خوالێی خۆش بێت. ئەوەبوو لە ڕۆژی هێرشەکەدا ماڵی خزمەکانیو ماڵی باوامی بە دوو کاروان دەرکردبوو بۆ باریکە. بەڕاستی پیاوێکی قارەمانو چاونەترسو خێرخواز بوو، لە ژێر ئەو تۆپبارانەدا لە ڕۆژی دووەمی هێرشەکەدا هاتەوە بەشوێنی ماڵی ئێمەداو دەری کردین. بەڕاستی هەڵوێستێکە نەلەلای خوای گەورە بیر دەکرێتو نە لەلای ئێمەش بیر دەچێتەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٨/٣/١٥ بەخێزانی لە باریکەوە ڕۆشتین بۆ سلێمانی بۆ ماڵی کاك ڕەفیق حاجی ئەحمەد.

ئەمەوێت بەکورتی تیشکێك بخەمەسەر هەڵوێستو پیاوەتیو مەردایەتی کاك ڕەفیق حاجی ئەحمەد مارف بێسەری. ئەم پیاوە بەڕێزە پێش ئەوەی زاوامان بێتو مێردی پورم بێت، بەخزمایەتی دەگەیشتنەوە بە حاجی ئەحمەدی مامەی باوکم. پیاوێکی شۆڕشگێڕی نیشتمان پەروەری دڵسۆز نەك تەنها بە ئێمە بەڵکو بەتەواوی کەسوکاری پێشمەرگە. لە هەشتاکاندا. زۆر جار گیانی کەوتووەتە مەترسییەوە تەنها لەبەر ئەوەی نەیویستووە خۆی لابدات لەو ئەرکە نیشتمان پەروەرییە. بەردەوام لەهاتوچۆی قەرەداغو ئەو شوێنانەدا بووە کە پێشمەرگەی لێ بووە خواردنو پێداویستی بۆ بردوونو ئیختیفای پێکردوونو کەسوکار ومناڵەکانیانی ئەملاولا پێکردوونو ئەلبومو کتێبو بەیاننامەکانیانی پاراستووە. ئەم پیاوە ڕاستو دروستە کەپێشتر چەند ساڵ پێشمەرگایەتی کردووە، یەك خولەکی ژیانی خیانەتی تیا تۆمار نەکراوە. ئێستاش وەکوو مافی خۆی پاداشت نەکراوە وبەموچەیەکی کەم لە مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خانەنشین کراوە.

ئەو ڕۆژەی لەماڵی ئەوان دابەزین، بەحسابی خۆمان چەند ڕۆژێکمان پێ دەچێتو شەڕەکە تەواو بوو، دەگەڕێینەوە جێگای خۆمان. بەڵام کاك ڕەفیقو پورە بەگزادم خێرا ژورێکی خۆیان بۆ چۆڵ کردینو هەموو کەلوپەلێکی پێویستیان بۆ ئامادە کردینو وتیان لێرە ناجولێینو بۆ هیچ کوێ ناچن. ئەوەبوو تا هەڵەبجەی تازە دروست کرا ئێمە لەوێ بوین.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## باوکم جەنازەی خوشکەکەمی لەکۆڵ گرتبوو

بەسەرهاتی خانەوادەی حاجی محەمەدی عارف بەکراوایی لە سێهەم ڕۆژی هێرشەکەی ئێران بۆ سەر هەڵەبجە، لەسەر زاری مامۆستا کۆچەری کوڕییەوە: "خزمان هاتبوونو وتیان ئێوە ئۆتۆمبێلتان هەیە بۆ بەرەو سلێمانی بەرێناکەون؟ پاش ئەوە باوکم هاتوو وتی خۆتان بپێچنەوە بەرەو سلێمانی بەرێبکەوین، وە



ئومێد نەماوەو هەڵەبجە شەڕی تێ دەکەوێتو خەڵکەکە دەفەوتێن. بەڵێ تەواوی خانەوادەکەمان سەرکەوتینە ناو ئۆتۆمبێلە کرۆناکەمانو بەرەو پردی زەڵم بەرێ کەوتین، هەر لە ڕێوە ئۆتۆمبێلی ناسراوی باوکم دەهاتن دەیان ووت ڕێگاکە زۆربەی شەڕی تێدایەو دەرچوون زەحمەتە، بەڵێ گەیشتینە گوندی لامەرکزی ماوەیەك چاوەڕێمان کرد، بەڵام پاشان بەهۆی نەبوونی ڕێگاکە گەڕاینەوە بۆ ناحیەی سیروان (دووجیلە) بۆ ماڵی کاك حاجی محەمەدی ئەحمەدی هەسەنو کاك حاجی عوسمانی برای (کە پورزای باوکم دەکەن) ماینەوەو ئۆتۆمبێلەکەمان خستە نێو کۆڵانێکی تەنیشتیان کە لە ترسی بوردومان بە دوور بوو، بەڵێ ماوەیەکی پێچوو بوردومان دەستی پێکردو کاك حاجی محەمەد (بەڕەحمەت بێتو خودا لێ خۆش بێت) وتی ڕاکەن ئەوە ژێرزەمینەکەیەو بچنە ئەوێ، بۆ ماوەیك ماینەوەو قرشقەو زەرمەو ناڵەی تۆپ هاتو کاساین، وامانزانی ڕاستەخۆ داوێتی بەسەر سەقفی ژێر زەمینەکەدا، بەڵام یەکێك لە خانەوادەکەمان خۆی کرد بە ژێر زەمینەکەداو وتی قەمەرەکەمان سووتا، سووتانێك کە دەرفەرتی کوژانەوەی نەبوو، بەڵی هەرچی پێداویستیو مومتەلەکات هەیە سوتاو هیچمان بۆ نەماو بێ ئۆتۆمبێل کەوتین.

باوکم ڕۆشتە سەر شەقامی گشتی سیروانو ئۆتۆمبێلێکی ناسراوی خۆی بوو کە بۆ سلێمانی دەڕۆیشت، وەك ئەو هەموو خەڵکەی کە ملی ڕێگەی سەیدسادقیان گرتبوو، باوکم سەیارەکەی گرتو هاتنو هەموان بۆ جارێکی دیکە سەرکەوتین، بە هیوای ئەوەی ئەم جارە دەرچین، بەڵێ ئەم جارەیان زۆر جیاواز بوو، ڕێگە پڕبوو لە ئۆتۆمبێلی مەدەنیو زیلو ئیڤای عەسکەری پەککەوتوو، تۆپو بۆردومان تەواوی ڕێگاکەی تەنی بوو. دیسان دوورترین ڕێگامان هەر لامەرکزی بوو، لە حەیبەتی تۆپو قەسفی بەردەوام لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزینو ڕۆشتینە سەرگردەگە، بەڵام هەر ماوەیەك ماینەوە باوکم وتی بەم

بۆردومانە دەرناچینو ڕێگەی زەلّم بڕاوەو بڕیاری دا بگەڕێینەوە. لە گردەکە لەسەرتا خوار هاتین، تۆپ بەردەوام بەم لاو لای گردەکەو ڕێگاکەی دەدا. من یەکەم نەفەر چۆمە سەیارەکەو پاش من خوشکەکەم چەند برایەکم، ئەوەی چاوەڕێمان نەکرد ڕوویدا، هەر ئەوەندەزانرا قریشقەو زەرمەو ناڵە یەکجار ئەوناوەی تەنیبوو، تۆپێك لە تەنیشتمان تەقیەوەو خوڵو بەردو دوکەڵ دەوروبەرمانی پڕکرد،و هەستم بە گەرمیەك کرد لەسەروی ناوکمو سەیرم کرد خوێنی لیّ دەچۆڕیو وتم باوکە بریندارەبووم، خوشکەکەی تەنیشتم (بە ناوی قومرییە) ئەویش وتی باوکی گیان منیش لە پشتی دام، خوشکەکە گەورەکەم کەوت ناو ئاوی تەنیشتی ڕێگاو کەو ئەویش پارچەی تۆپەکە بەرسەری کەوتبوو! باوکم لەگەڵ کاکم بەهەر حاڵ بوو ئەوانی دیکەیان سەرسەیارەکە خستو ڕۆشتین، وە تۆپبارانیش هەر بەردەوامە. لەوکات تراژیدیایەدا تایەی سیارەکە پەنچەر بوو، دیسان باوکی ماندونەناسم سەیارەکەی ڕاگرتو لەو ناڕەحەتیو ترسەدا تایەی سەیارەکەی گۆڕیو چوییىنەوە بۆ سیروان بۆ ماڵی کاك حاجی محەمەد (خودا لیّ خۆش بێت) بەو برینداریو ناڕەحەتیە ماینەوە، بەڵام برینی منو خوشکەکە گەورەکەم لە چاو قومری خوشکم هیچ نەبوو، هەر بۆیە خوشکەکەم هەر گریانو (یا الله یا الله)ی بوو، دەیوەت بە باوکمو دایکم بە خوا دەمرم (پارچەکە کە لەپشتی دابوو ڕاستەخۆ فەقەراتی گرتبوو وە قاچەکانی لە کارکەوتبوون) بەو ناڕەحەتیە لە تەنیشتمەوە مایەوە تا کاتژمێر دوانزەی شەو، پاشان ئاگام لیّ بوو دایکم دەستی کرد بەگریان وتی بە باوکم بەخوا قومری مردووە، باوکیشم هاتو ئیتر هەموان لەو ناڕەحەتیو بیّ دەسەڵاتیەدا دەستمان بە گریان کرد، بەڵام باوکم هەر دڵخۆشی دەکردین.

بەڵی بۆ بەیانی ١٩٨٨/٣/١٦ کە ڕۆژ بوویەوە خوشکەکەم هەر بە جەنازەیی لە بەردەستمان بوو، ناچاربووین بگەڕێینەوە بۆ هەڵەبجە، بەڵام بەچی؟ ئۆتۆمبێل نیە، خەڵك زۆربەی هەڵهاتووە. بەڵام دیسان باوکم جەنازەکەی دا بە کۆڵی خۆیدا لە ماڵی کاك حاجی عوسمان (کە دەکەوێتەخواری سیروان خورائاوای ناحیەکە) بە کۆڵ هێنای بۆ گەڕەکی کەوتەییەکان، لەوێشەوە بۆ سەر ڕێگای سیروان هەڵەبجە، پاشان پیکابێکی داتسۆن دوابەتاڵ هاتوو، جەنازەکەو هەموان سەرکەوتین بۆ هەڵەبجە. لەویش تەواوی خزمان بە گریانو ناڕەحەتی هاتنو بردینیانە ماڵی مام حاجی کەریم کە ماڵی (پۆریّ بەدریم) دەکات جەنازەکەیان برد بۆ شۆرین. ئیتر وامانزانی تەواو، بەڵام نەخێر هەر دووکاتژمێرێك ئاسایی بوو دیسان کات نزیك بوویەوە لە نیوەڕۆ، ئەم جارەیان دەنگی جیاوازترهات کە قەد نەمان بیستبوو، کاتێك بە خۆمانزانی تەواوی شوشەی پەنجەرەو جامخانەی ماڵەکە هاتە خوارەوەو پاش کەمێك گریانو هاوار بەرز بوویەوە وتیان فرۆکەکان کیمیاییان وەشاندووە. باوکم هاتو وتی خزمان هەر کەس بڕوات بە لای خۆیداو با موسیبەتی کە نەقەومێت.

کات نزیك ئێواره بوویەو تەنها ماڵی خۆمان چەند خزمێك پێکەوە ماینەوە، جەنازەی خوشکەکەشم (کاکمو مامۆستا ئەنوەر شەمێرانی، کاك حاجی عەبدولرەحمان شوکره، کاك کەمال عەبدولاّ، مام حاجی کەریمو چەند خزمێکی دیکەمان کە ئێستا لە یادم نین)و ڕۆشتن بۆ ناشتنی جەنازەکە، بەڵێ دیسان لە کاتی ناشتنی جەنازەکەدا فرۆکەکانی بەعس ناپاڵمێکی خستبوویە خوارەوەو کاکمو کاك کەمال بریندار بوون لەوێ بە برینداری پاش ناشتنی جەنازەکە هاتنەوە.

شەوداهاتو پاش ئەوە کەتینەڕێ، لە بەرەو خوارکەکەی گۆلاّن کە ئەم ماڵانە پێکەوە بووین مام کەریم خەلیفەو کاك سەلاح مام کەریم کە ماوەیەکی زۆر بە کۆڵ هەڵی گرتبووم بە هۆی برینەکەمەوە، ماڵی کاك ئەحمەد سۆفی مەحمودو منداڵەکانی، بۆ جارێکی دیکەش فرۆکە هاتو قەسفی هەڵەبجەی کرد تراکتۆرێك لەبەرەو خوارەکەی گولاّن وەرگەڕاو کاك ئیسماعیل عەلی عەبدولاّ نەورۆڵی دەبێتە ژێر تراکتۆرەکەو وەفات دەکات خودا لیّ خۆش بێت!، چەند رۆژێك لە گوندی تریفە ماینەوەو ئێمەیش هەر برینداربن، بەلاّم سوپاس بۆ خودا زۆر هەستم بە ناڕەحەتی نەدەکرد. کورتی کەمەوە بەرەو ئێران بەڕێکەوتینو لەناو بەلەم بووین، وە دیسان فرۆکە هاتو الحمدلله دیسان سەلامەت بووین. چوینەوە ئەو بەری ئاوەکە، سەرکەوتینە سەر ئۆتۆمبێلی میك زەمینی، تەواوی خانەوادەکان بووینە سێ بەشو لە یەك دابڕاینو یەکترمان نەبینییەوە تا سێ مانگ.

نامەوێت درێژەی پیّ بدەمو زیاتر ماندوتان بکەم (لە تەواوی کارەساتەکە مامە جەلال ناسراو بە (جەلال عازەبانی)و پورە بەهارو سێ منداڵیو هاوسەرەکەی بە ناوی کاك فەریدو قومری خوشکم بونە قوربانی) خودایە لێیان خۆش بیتو شوێنیان بەهەشت بێت لەگەڵ تەواوی شەهیدانی کیمیابیاران[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## هەڵەبجەو تەواوی ناوچەکە خنکێنران

١٩٨٨/٣/١٦ لە پارێزگای هەڵەبجە، ناوەندی قەزای هەڵەبجەو شارەدێو گوندەکانی دەوروبەری بەچەکی کیمیایی بۆمباران کران (٥٠٠٠ هەزار شەهید)و دەیان هەزار کەس بریندارو ئاوارەی ولاّتی ئێران بوون. لەئەنجامی هێرشێکی بەر بلاّوی سوپای پاسدارانی ئێرانو بەهاوکاری پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی بۆ سەر قەزای هەڵەبجەی ئەوکاتە، لەچەندین قۆڵەوە لە ڕۆژانی ١٤/٣/ ١٩٨٨ بەدواوە، پاش داگیر کردنی ناوچەکە بەتەواویو ڕژێم دەستی کرد بە بۆردومانی ناوشاری هەلەبجە سەرەتا بە بۆمبی

١ مامۆستا کۆچەر محەمەد عارف، هەڵەبجەی شەهید، تۆڕی کۆمەلاّیەتی فەیسبوك، ٢٠١٧.

ئاسایی کاتژمێری ۱۱:۳۵ دەستی پێ کرد، تاخەڵك بەزۆرترین ژمارە خۆی حەشار بداتو کۆ ببنەوە، لە ژێر زەمینو حەشارگەکاندا.

ئینجا دەستیکرد بە بۆمبارانی کیمیایی لە ڕێگای فڕۆکەوە، مەزەندە ئەکرێ هەموو جۆرە گازەکانی بەکار هێنابێ وەك تاقیگەیەك (خەردەل، فۆسجین، سارین، تابون، سیانید، ڤی ئیکس)، بۆمباران بەردەوام بوو تا خەڵك لەشار هەڵهاتو ئینجا لەوێش لە ڕێگادا بەردەوام بۆمباران دەکران، بەمەبەستی بەتەواوی لە ناو بردنیان، ڕێگاکانی دەرچونی لەشار هەموی بۆردومان دەکران، ڕۆژانی دواتریش بۆمبارانی کیمیایی بەردەوام بوو، (ڕێگای عەنەب، بیاویڵە، خەرپانی، جەلیلە، عەبابەیلێ، شنروێ سازان، بالامبۆ، ناوچەی نەورۆڵی، گولان، ڕێگای هاوار، بیارە، ئەحمەداواو چەمی زەڵم ... هتد)[1].

۱۹۸۸/۳/۱٦ عومەری حاجی حەمە ساڵح مارف لەدایکبووی ساڵی ۱۹۷۱ی گوندی شەکرالی کە خاڵۆزای ئێمە بوو، لە نێوان هەڵەبجەو سیروان‌دا ونبوو. دواتریش کەس تەرمەکەشی نەبینییەوە, بۆ کەس ئاشکرا نەبوو کیمیایی شەهیدی کردووە یان تۆپ یان تەقەی پاسدار یان سەربازی عێراقی؟ ئەویش یەکێکە لەو کەسانەی کە لەهەڵەبجە بەناحەق شەهیدکرا.

۱۹۸۸/۳/۱٦ حەمیدەی مەلا مەحمودی گردەنازێ کە پورزامان بوو، دایکی منداڵێکی ساوابوو لە هەڵەبجە بەر هێرشی کیمیایی کەوتو شەهید بوو، کچە ساواکەی لەگەڵ عومەری مێردیدا هیچیان لێ نەهاتو دەرچوون. هەروەها مهاباتی مەلا عەبدوڵای کوڵکنی کە خێزانی ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح بوو لە کوڵکنی، لەشاری هەڵەبجە خۆیانو شەش منداڵیان بەر کیمیایی کەوتن، مهاباتو ٥ منداڵەکەی شەهید بوون، تەنها ئیبراهیمی مێردیو کوڕێکی بەبرینداری ڕزگاریان بوو. کاتێ دەیان بەن بۆ نەخۆشخانەی کرماشان، لەوێوە دەیانەوێت بیان نێرن بۆ نەخۆشخانە لەشاری تاران ئیبراهیم چاوی باش نەیبینیوە دەستی منداڵێك دەگرێت وا دەزانێت کوڕەکەی خۆیەتی! بەڵام کاتێ لەوێ نامێننو چاوەکانی کەمێ ڕوون دەبنەوە، ئەزانێت ئەمە کوڕەکەی خۆی نییەو ئەو بەجێماوە، بەڵام دواتر هەرچەندە سۆراخی دەکات نایدۆزێتەوەو لێی ون دەبێت. ئەو ئازارە بۆ ئیبراهیمی دڵ بریندار لەهەموو ئازاری خێزانەکەی قورسترو گەورەتر بوو، کوڕ بەدەستییەوە بێتو لەماوەیەکی کەمدا لێی ون ببێتو دیارو قیامەت بکەون.

هەروەها لەو هێرشەدا عومەری حەمە فەرەج عەبابەیلێی پێشتر دانیشتووی گوندی تەپی سەفا بوون، بەرلە کیمیاییەکە بەر هێرشی ناپاڵمەکانی ڕژێم کەوتو شەهید بوو. هەروەها حاجی محەمەدی ڕۆستەم کوێخاو ڕیش سپی گوندی کوڵکنی خواروو، کە مێردی پورە زوهرەمان بوو لەهەڵەبجە بەر ئەو شاڵاوە


---

۱ د. ناجیح گوڵپی، سەرچاوەی پێشوو.

کەوتو شەهید بوو، هەروەها محەمەد ئەحمەدی قەیتولی خەڵکی کوڵکنی خۆیو منداڵەکانی شەهید بوونو تەنها فاتمەی خێزانی دەرچوو، دوای چەندین ساڵ کوڕێکیان بەناوی زمناکۆ دۆزرایەوە کە خێزانێکی ئێرانی بەخێوی کردبوو، ناویان لێ نابوو عەلی. لەمەراسیمێکدا شادیان کردەوە بە دایکیو کەسوکاری. هەروەها ئەحمەد محەمەد قادر کوڵکنیو خێزانیو دوو منداڵیان بەچەکی کیمیایی خنکێنران.

عومەری خاوەر یەکێ بوو لەو قوربانیانەی شاری هەڵەبجە کە خۆیو نۆ کچو دوو کوڕ کە لە وێنەکاندا دیارە لەباوەشی گرتووە، بەگازی کیمیایی خنکێنران. یەکێ لە کوڕەکانی تریشی لەباوەشی دایکیا خنکاوە. عومەری خاوەر نۆ کچی دەبێتو هەمیشە دەم بە دوعا بووە بۆ کوڕێك خوای گەورە پێیان ببەخشێت، ئەوەبوو خوای گەورە دوو کوڕی پێ بەخشیون. قەدەر وابوو کچو کوڕو باوكو دایك پێکەوە گەشتی قیامەتیان کردو بەشەهیدی سەریان نایەوە. یەکێ لە کچەکانی بە ناوی ژیان دەستگیراندار بووەو بە عەلقەی دەزگیرانییەکەوە ناشتیان. هەروەها لە بۆردوومانی کیمیاییەدا حاجی تۆفیقی تەپەکوڕەو ئەشرەفی کوڕی شەهید بوون، حاجی تۆفیق باوکی شەهید محەمەدی حاجی تۆفیقە لە گوندی تەپەکوڕە کە یەکێ بوو لە پێشمەرگە ئازاو دلێرەکانی شۆڕشی نوێ لەسەرەتای هەشتاکاندا لەشەڕێکدا شەهید بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .



## لە گوندی سازان فڕۆکە بۆردومانی کردین

۱۹۸۸/۳/۱٦ سەرلەبەیانی پێش بۆردومانی کیمیایی بۆ سەر شاری هەڵەبجە،ماڵی باوە حاجی عوسمانو خاڵۆ تایەرو مام فەتاحو دایکیو ماڵی حاجی جەبارو مەلا مەحمود بەرەو سازان بەڕێکەوتنو شاریان بەجێ هێشت. خاڵۆ مارف حاجی عوسمان[۱] دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ڕۆشتم بۆ ماڵی کاکە حەمەی حاجی ناجی، بەکاك سەعدیم وتم بابڕۆین، شار بۆ ئەوە ناشێت تیایدا بمێنینەوە، سەعدی وتی ئێوە بڕۆن من نایەم. ئێمە بەرەو سازان ڕۆشتین، لەوێ بارگەو بنەمان خست ماڵی کاك خالیدی حاجی عوسمانی حاجی عەلی حەنیف لەوێ بوون، کاك خالی لاندکرۆزەرێکی ۷۹ی پێ بوو، وتی من ئەگەڕێمەوە بۆ

---

۱ مارف حاجی عوسمان هۆمەر مەحمود یاروەیس لە ساڵی ۱۹٥٤ لە گوندی تەپی سەفا لەدایك بووە، لە هەمان گوند خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، دواتر لەناو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاری کردووەو لە ساڵی ۱۹۷٤ ئاوارەی گوندی هانەگەرمەڵەی ئێران بوون. لە ساڵی ۱۹۷٦و دروست بوونی شۆڕشی نوێ دەبێتە ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنەکانی یەکێتیو بەردەوام لەهاتووچۆو پەیوەندیدا بووە لەنێوان شارو شاخدا، لە ساڵی ۱۹۸۸ دەبێت بە پێشمەرگەو ئاوارەی ئێران دەبێت. تاساڵی ۱۹۹٤ بەردەوام دەبێت لە پێشمەرگایەتیو دواتر خانەنشین دەکرێت، لە گوندی تەپی سەفا درێژە بە ژیان دەدات.

هەڵەبجە، باوکم لە هەسەن ئاوایە لەگەڵ خۆما ئەیهێنم بۆ ئێرە، منیش لەگەڵ کاك خالی سوار بووم هاتینەوە بۆ هەڵەبجە، کاتێ گەشتینە نزیکی بینای دادگای ئێستا بۆمبە کیمیاییەکان دران لەشار، بە پەلە بەرەو دواوە گەڕاینەوە بۆ گوندی بامۆكو لەوێوە بۆ دەڵەمەڕو سەروتر، کاك سەید نەسرەدین لە کانی عاشقان بەر کیمیایی کەوتو باری تەندروستی تێك چوو، شار بەتەواوی شڵەقاو ئەوەی توانای دەرچوونی هەبوو لەهەموو دەروازەکانەوە بەرەو دەرەوە بەپێو بە تراکتۆرو ئۆتۆمبێل هەڵئەهاتن.

بۆ ڕۆژی دواتر لە گوندی سازان بوین ماڵی مەلا مەحمودی گردەنازیو ماڵی حاجی جەباری ئەحمەدی حەمە وەیس لەوێ بوون لەناکاو فڕۆکەی عێراقی هاتە سەرمان، قومبەلەیەکی خستە خوارەوە بۆ ناومان هەرچی پارچە بەردو دارو پەردووی ناوچەکەیە کردی بەسەرمانا، باوکم لەشوێنی خۆی نەبزوا لەناو دووکەڵو پارچەدا ون بوو، ئێمە هەموومان خۆمان دابویەوە پاڵی کەنێك، سۆزی پەروەردگار وابوو کەسمان بەرنەکەوتینو هەموو سەلامەت بوین. دواتر لە پردی سەفەرییەوە پەڕینەوە کە ئێران لەوکاتەدا بەستبوی سواری مینوبوسی ئێرانی کراینو بەرەو ئۆردوگای گەنگاوەر براین لە پارێزگای کرماشان".

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

"لەپاش زیاتر لە هەفتەیەك لەگەڵ چەند خزم و براو پورزاو دراوسێ یەکماندا لە سازانەوە هاتینەوە بۆ بامۆك، کە ناوی ئەمانەیانم لەبیرماوە(مامۆستا فاتیح مەلاساڵح و مامۆستا ناسیح مەلا ساڵح خوا لێی خۆش ببێت،کاك بورهان ئەحمەد و شەهید قادرحەسەن و شەهید تەهای برام و کاك مەهدی مەلا هادی بامۆك و چەند خزمێکی تر کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە داوای لێبوردنیان لێ دەکەم)، حەوشەکەی ماڵی باوکمان شۆرد و پاکمان کردەوە، بۆ پشوو دان. ڕۆژی دواتر ڕۆشتین لە نزیك کانییە کوێرەدا لە ماڵی برای شەهید مامۆستا فاتیح مەلا حەمە ئەمینی جوتیاراندا، کە مێردی دادە نەسرینی پورزام کچی مامۆستا مەلا ساڵحی بامۆکی بوو، لە ژێر زەمینەکەیاندا تەرمەکەیان دەرهێنا لەگەڵ تەرمی کچێکی کاك حامیدی دراوسێیاندا لەناو بەتانیدا بردمان لە گۆڕستانی بامۆك گۆڕێکی پامان بۆ هەڵکەندن و هەردووکیانمان پێکەوە ناشت. بەردمان لە نێوانیاندا دانا بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری، لەو کاتەدا فڕۆکەکانی بەعس هاتنەوە و بەسەرماندا تێپەڕین، ئێمەش ڕامان کردە ناو کەندڕ و بن دار تووەکان تابۆردوومانەکەیان کرد و ڕۆشتنەوە، ئەوکاتە جەنازەکانمان ناشت. ڕۆژێکە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، خوا ئەو شەهیدانە لە فیردەوسدا لەخزمەت پێغەمبەری خۆشەویستدا کۆبکاتەوە و ئێمەشیان لەگەڵدا بێت" [1].

---

[1] - مامۆستا مەلا تایەر بامۆکی، سەرچاوەی پێشوو

١٩٨٨/٣/١٧ ماڵی مەحمود مستەفا تەپی سەفایی لە سیروان بەر چەکی کیمیایی کەوتن کە بریتی بوون لە خۆیو خێزانیو دایکیو پێنج کچیو دوو کوڕی. هەمویان بە بریینداری ڕەوانەی ئێران کران، بەڵام هەمویان لەوێ گیانیان سپارد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## لەبەندیخانەی ئەبوغرێب هەواڵی خنکانی هەڵەبجەی بیست

مامۆستا مەلا حەسەن شەمێرانی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ڕۆژی١٩٨٨/٣/١٧ بوو لەناو ساحەی بەندیخانەی ئەبوغرێب بووین، دەرگای بەندیخانەکەمان لێ کرابوویەوە، بۆناو ساحەکەی بەردەم ژورەکان وەك ڕۆژانی پێشوو هاتو چۆمان ئەکرد، ئاگام لێ بوو (چپە چپێك) پەیدابوو لە نێوان بەندکراوە کوردەکانا، لەناکاو هەواڵێك بەپەلە خۆی کرد بە ناومانا، هەرچەندە ڕادیۆ قەدەغەبوو لێمان بەڵام هەندێك بە دزیەوە لای بوو شەو گوێ ی لێ ئەگرتو لەو ڕێگەوە هەواڵێك لە شەوا لە(پەخشی لەندەن)بیسرا بوو کە هەڵەبجە کیمیاوی کراوە بە سەریاو خەڵکێکی زۆر کوژراوەو زامدارە، بەیانی لە ساحەکە ئەم هەواڵە گەشتە لامان بێ ئەوەی بزانین چۆن بووەو کێ ی بەرکەتووە، منیشو ئەوانەمان وەك خەڵکی هەڵەبجە زۆر نارەحەت بووین، یەکەم بە گشتی بۆ خەڵكو شاری هەڵەبجەو دووەم کەسو کارو خێزانو ڕەفیقانمان، کێ مابێ کێ نەمابێ، مەگەر خوای گەورە بزانێ چ وەزعێکمان بۆ دروستبوو هەتا کاتێ (مواجهە) هەرکەس بە تەواوی بە ڕووداوەکەو بەرکەوتوانیان بۆ باس کردین، یاخوا ئەو ڕۆژەو ئەو ڕووداوە نەبینینەوەو هەڵەبجە ئاوەدانتر ببێتەوەو شەهیدانمان شوێنیان بەهەشت بێت[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٨/٣/١٧ یەکێتی بەهۆی تەنگ پێ هەڵچنینی لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە، بارەگای سەرکردایەتی گواستەوە بۆ ناو سنوری ئێران. عێراق هێرشی دەکردە سەر دۆڵی جافەتیو ئەو شوێنانەی تر کەلە ساڵی ١٩٧٦ سەرکردایەتی لێ بوو، لەوانە: بناری قەندیل، خواکورك، نۆکان، باڵەیان، دۆڵەنێ، دەراوی گوێزێ، خڕی نازەنگ، باوەزێ، خەتێ، سورداش، مەرگە، جافەتی، قاسمەڕەشو زەڵێ.

١٩٨٨/٣/١٨ حکومەتی عێراق دەستی کرد بە وێرانکردنی سەیدسادق، تا کۆتایی مانگی سێ ئەو شارۆچکەیەی تەختی زەوی کرد.

١٩٨٨/٣/١٩ حکومەتی ئێران قائمقامێکی بۆ هەڵەبجە دانا بە ناوی ڕەزائی. لای سینەماکە شتێکی سپی پەیدابوو، پاش پرسیار کردن وتم بەڵێ خەڵکی هەڵەبجەم، وتی زۆرم پێ خۆش بوو کە کەسێکم بینی

---

١ مامۆستا حەسەن شەمێرانی، سەرچاوەی پێشوو.

خەڵکی ئەو شارە بێتو فارسیش بزانێت، چونکە لە ساڵی ١٩٨٨ لە ڕیزی سوپای پاسداران بووم لە لەشکری یەکی نەجەفو سەردانی مەیدانی ناو شاری هەڵەبجەم کردووە. شەوێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکم بەماشێنێکی شلەخەجێوە (لاندکرۆزەر) دابەزین بۆ ناو شاری هەڵەبجە کە تەنها ٣ ڕۆژ بەسەر کیمیابارانەکەی ڕژێمی بەعسدا تێ پەڕی بوو. خۆم شۆفێر بووم. لەترسی ئەوەی فڕۆکە دەگەڕاو تۆپخانەکانی عێراقیش ڕوناکییان ببینیایە بۆردومانیان دەکرد، لایتەکانم ئیش پێ نەدەکردو بەتاریکی هاتین بۆ ناو شار،، کاتێ گەشتینە ناوەڕاستی بازاڕ لای سینەماکە شتێکی سپی لەناوەڕاستی شەقامەکە پەیدابوو! بە حسێنی هاوڕێم وت: تۆ هیچ ئەبینی؟ وتی بەڵێ شتێکی سپییە. تازیاتر لێی نزیك دەبوینەوە باڵای زیاتر بەرز دەبوو. دیمەنێکی زۆر ترسناك بوو بەتەواوی لێی نزیك بوومەوەو لوتی سەیارەکەم خەریك بوو لێی بدات، سەرتاپا سپییەك بوو، لەجامەکەوە سەرم دەرهێنا هاوارم لێ کرد کێن زەلام، کەس وەڵامی نەدایەوە، ناچار لایتەکانم هەڵکرد، ئەزانم ئافرەتێکەو پیاوێکی پیریشی لەگەڵدایە لە قەراغی شەقامەکە دانیشتووە، ئافرەتەکە شتێکی بە باوەشەوەیە! لەگەڵ حسێن دابەزین پرسیارمان کرد ئافرەت بەم شەوە تاریکە چی دەکەیت؟ کەس وەلامی نەبوو، دواتر هەرچۆن بێت لەوە گەیشتین کە ئەم ژنە منداڵە مردووەکەی خۆی لەباوەش کردووەو دڵی نەهاتووە لە هەڵەبجە ئەسپەردەی خاکی بکات، خۆی لە کەرکوکەوە هاتووە بۆ ماڵی باوکی‌و پیاوەکەی هەر لە کەرکوك بووە، ژنو منداڵ لەماڵی باوکی کیمیایی لێی داونو تەنها خۆی‌و باوکی ڕزگاریان بووە، دوایی سوارمان کردنو هێنامانەوە بۆ پاسگا، لەوێ وتمان با ئەم منداڵە ئەسپەردەی خاك بکەین، ئەیوت نا شتی وا نابێت ئەیبەم لەگەڵ خۆم بۆ ئێران، چونکە باوکی نەیبینیوەو نامەوێت دیارو قیامەت بکەون. تەرمی منداڵەکە ڕەق بوو بوو وە لەوە زیاتریش نەدەبوو بەدەرەوە بێت چونکە بەرەو تێکچون دەچوو[١].

١٩٨٨/٣/٢٠ خەڵکی هەڵەبجە ئاوارەی ئێران بوو بوون، لە بینا حکومی‌و مەکتەب‌و شوێنەکانی تردا بەکاتی دانرا بوون. دواتر دابەش کران بە سەر ئۆردوگاکانی شوێشەو کەنگاوەرو دزڵی‌و بارام ئاواو وەرمەهەنگ‌و چەندین شوێنو جێگای تردا.

١٩٨٨/٣/٢٠ لەگەڵ ڕەوفی کاك قادر کە پورزام بوو لەماڵی باوکی دابڕابوو




١ دیمانە لەگەڵ ئەحمەد مەجید تەپی سەفایی، هەڵەبجەی تازە، ٢٠١٦.

لەهێرشەکەدا ئەوان ئاوارەی ئێران بوو بوون، ڕەوف لەلای ئێمە بوو، هەموو ڕۆژێك دەچوینە سەر قەبرانی سەیوان، بیٚ تاقەت بوین بۆ شوێن‌و مەسکەنی خۆمان، سەیری ئەو پۆلە هێلیکۆپتەرە زۆرانەمان دەکرد کە بەرەو شارەزوور هەڵەبجە دەچوون، لەویٚ خۆیان خاڵی دەکردەوەو دەهاتنەوە. ئەوەندە چوبوینە سەر ئەو قەبرانە هەرچی شیعری سەر کێلی کۆڕەکانە لەبەرمان کردبوو.

١٩٨٨/٣/٢١ لە سلێمانی‌و لە گەڕەکی خەبات لەسەربانی ماڵی کاك ڕەفیقەوە سەیری خەڵکمان دەکرد بە جلی ڕەنگاو ڕەنگی کوردیەوە دەچونە دەرەوە. ئێمەش دەمانوت، ئەوە چۆن لەبەر کارەساتی هەڵەبجە ڕویان دێت ئاوا خۆیان گۆڕیوەو شادی دەگێڕن؟ بەڵام ڕەوتی ڕۆژگار هەر وا ڕۆشتووە لە شوێنێك شایی‌و لە شوێنێك شیوەن بووە.


١٩٨٨/٣/٢٢ دووەم قۆناغی بە ناو ئەنفال دەستی پێکرد، حکومەتی بەعس هێرشی کردە سەر ناوچەکانی قەرەداغ‌و بازیان‌و دەربەندیخان.

١٩٨٨/٣/٢٢ لەپارێزگای سلێمانی ناوچەی قەرەداخ گوندی(سێوسینان)، ئێوارە دوای بانگی مەغریب (کاتژمێری ٦. ٣٠) کاتی پشودان‌و نان خواردن ی خەڵکی گوندەکە، لە گەڵ تاریك بونی هەوا ڕژێم لە نزیك دەربەندیخانەوە لە گوندی کانی ساردەوە بە ڕاجیمەی چل چل‌و بەچەکی کیمیایی جۆری دەمار(سارین‌و تابون) بۆردومانی ناو دیٚ ی سێوسێنانی کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## پزیشکێك لە سێوسێنانەوە دەدوێت

دکتۆر فایەق گوڵپی لەبارەی کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنانەوە دەڵێت: ئەو کاتە من‌و چەند پزیشکێك‌و ژمارەیەك کارمەندی تەندروستی، لە نزیك گوندی بەلەکجاڕی ناوچەی قەرەداغ، نەخۆشخانەیەکمان هەبوو، نەخۆشخانەکە سەر بە مەڵبەندی یەکی (ی ن ك) بوو. سەعات ٦:١٥ی ئیوارەی ١٩٨٨/٣/٢١ لە سەربازگەیەکی رژێمی بەعس، لە نزیك دەربەندیخان، بە ساروخی کاتیوشا، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا، بە چل گولەی کیمیاوی گوندی سیوسێنان بوردومان کرا. من ئەو کاتە لە نزیك گوندی بەلەکجار بووم، کە نزیکەی ٣ کم لە سیوسێنان دوربوو، گوێم لە دەنگی تەقینەوەی ساروخەکان بوو، بەڵام دەنگی تەقینەوکان نزم



بوون، بۆیە هەستم بە مەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کرد. پاش نیوسەعات بۆمان دەرکەوت، بە چەکی کیمیاوی گوندی سێوسێنان بوردومان کراوە، کاتیك بریندارەکانمان بینی، بۆمان دەرکەوت کە جۆری چەکە کیمیاویەکە گازی دەمارەکانە (nervous gaz)، کە چەکێکی زۆر کوشندەیە، ئەوە یەکەم جاربوو ڕژێمی بەعس چەکی کیمیاوی دەمارەکان بەکاربێنێت، لە بەهاریساڵی ١٩٨٧ تا بەهاری ١٩٨٨ ڕژێم

دژی پشمەرگەو خەلکی مەدەنی ناوچە ڕزگارکراوەکان، تەنها گازی خەردەلی(musterd gaz) بەکاردەهینا، کە زۆر کوشندە نەبوو، بەڵام لە کیمیابارانی هەڵەبجەوە، وسوپای ڕژێمی بەعس، دەستی بە بەکارهێنانی چەکی هەرەکوشندەی گازی دەمارەکان کرد. لە ماوەی چەند چرکەیەکدا نزیکەی هەفتا کەس شەهید بونو سەدانی تریش بە خەستی بریندار بون، هەمویان خەڵکی مەدەنی سێوسێنان بون، تەنها یەك پیشمەرگە لە ناو شەهیدەکاندا هەبوو، کە بە میوانی سەردانی ماڵە دۆستێکی خۆی لە گوندی سێوسینان کردبوو.

چەکی کیمیاوی گازی دەمارەکان، لە دەوروبەری جەنگی جیهانی دووەم دا دروستکراوە، لەو کاتەوە هیچ بەڵگەیەك نیە کە سوپای وڵاتێك ئەو چەکەی دژی وڵاتێکی تر بەکارهێنابێت، بەڵام ڕژێمی بەعس، دوای تێپەربونی نزیکەی ٤٥ چلو پێنج ساڵ بەسەر دروستکردنی ئەو چەکە کوشندەیەدا، دژی گەلەکی خۆی بەکاری هێنا.

ئەو کاتەی کە گوندی سیوسێنان بە چەکی کیمیاوی بوردومان کرا، ساڵێك زیاتر بوهیچ بارەگایەکی هیزی پیشمەرگە لە ناو گوندی سێوسێناندا نەمابوو، لەو کاتەشدا هیچ شەڕێك لە سنوری ناوچەی قەرەدەغ دا نەکرابوو. لەو کاتەدا لە نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك، بڕێکی باش دەرزی ئەتروپینمان هەبوو، کە بۆ چارەسەری برینداری گازی دەمارەکان یەکاو یەك بوو، هەر کە بریندارەکان گەیشتنە لامان، لەگەل چارەسەری تر، دەرزی ئەترۆپینامن بۆ کردن، هەر هەمویان چاك بونەوە.

بە پێچەوانەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە، لە کارەساتی کیمیابارانی گوندی سێوسێناندا، پێشمەرگە زوو فریای بریندارەکانو خەلکی گوندی سێوسێنان کەوتن، ژمارەیەك کادری سیاسیو سەربازی، بە هۆی دەرهێنانی بریندارەکانو گواستنەوەیان بۆ نەخۆشخانە، بە خەستی بە چەکی کیمیاوی بریندار بون، دوو کەسیان ژیانیان کەوتە مەترسیەوە[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**١٩٨٨/٣/٢٣** لەپارێزگای سلێمانی گوندەکانی، ناوچەی قەرەداغ (دوکان، دوکەرۆ، ولیان جافەران) بەشەو بۆمبارانی کیمییایی کرا بەلام کەس شەهید نەبوو وە دەیان کەس بەرکەوت، بەهۆی ژەهراوی بونی هەوای ناوچەکە. گوند نشینان کەوتبونە خۆیانو هۆشیار بووبوونەوە، بۆیە گوندەکانیان جێ هێشتبوو لەشاخو ئەشکەوتەکان دەمانەوە تا بەر چەکی کیمیایی نەکەون.

---

١ د. فایەق گوڵپی، پزیشك وسیاسەتمەدار، سلێمانی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٧.

**١٩٨٨/٣/٢٣** لەپارێزگای سلێمانی گوندی (شاناخسێ) لە ناوچەی شارباژێر بەچەکی کیمیایی بۆردومان کرا **٢٢** پێشمەرگە شەهید بوونو زیاتر لە **٧٢٠** کەسی مەدەنی وپێشمەرگە بەرکەوتن. لەو کاتەدا گوندی شاناخسێ یەکێك بوە لەگوندە ئاوەدانەکانو پڕ لە خەڵكو پیشمەرگەو نزیك سەر سنور بوو بۆیە ڕژێم بە چەکی کیمیاییو بەفرۆکە بۆمبارانی کرد، بەپێی بەدواداچونەکانم ئەم گوندە ڕۆژانی **٢١**و **٢٢**، **١٩٨٨/٣/٢٣** بۆردومانی کیمییایی کراوە. (کاروانی جیهاز یەکێك لەپێشمەرگە بریندارەکان ی ئەو گوندە بوو، هەروەها شایەت حاڵی دادگای بالای تاوانەکان بوو، کەلەڕۆژی **٢٠١٥/١١/٢٦** گیانی بەخشی لەنەخۆشخانەی خرونگن لە هۆلاند)[١].

**١٩٨٨/٣/٢٣** فەرماندەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دکتۆر هادی مام ساڵح کەرکوکی لە شاناخسێ گیانی بەختکرد. وە پێشتر ڕژێم لە **١٩٨٧/٣/٢٣** هەڵدەکوتنە سەر ماڵی مام ساڵح لەگەڕەکی ڕەحیم ئاوای کەرکوك، خۆیو سەعدونو ڕەفیقو سەلاحو وەهابو مەهدیو عادلی کوڕی دەکوژن.




شەهید دکتۆر هادیو مام صالحی باوکیو براکانی

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**١٩٨٨/٣/٢٤** لەپارێزگای سلێمانی گوندی (بەلەکجاڕ) ناوچەی قەرەداخ، کە بارەگا سەرەکیەکانی مەڵبەندی لێ بوو لە کات ژمێری نۆی شەو بەتاریکی، چەکی کیمییایی جۆری گازی دەمار بۆردومان کرد، کە گازێکی بێ بۆنو بێ ڕەنگە، ناودێو دەروەبەری بارەگاکانی پێشمەرگە، لەئەنجامدا تەنها یەك پێشمەرگە بەناوی هۆشیاری جیهاز شەهید بوو، جەندین پێشمەرگەش بەر ژەهری کیمیایی کەوتن.

---

١ د. ناجیح گوڵپی، سەرچاوەی پێشوو.

۱۹۸۸/۳/۲٤ حکومەتی ئێران بانکی هەڵەبجەی تەقاندەوەو هەرچی پارەی ناوی هەبوو کە ۷۰۰۰۰۰ دیناری سویسری‌و ۷۰ کیلۆ ئاڵتون بوو، هەمووی بردو تالآنی کرد.

۱۹۸۸/۳/۳۰ من‌و ڕەوف‌و ئەسعەدی برام لە سانەوی جمهوری وەرگیراین بۆ خوێندن.

۱۹۸۸/۳/۳۰ کۆچی دوایی محەمەد مستەفا کوردی.

۱۹۸۸/٤/۷ قۆناغی سێهەمی پرۆسەی بەناو ئەنفال دەستی پێکرد، کە بە ترسناکترین‌و پڕ زیانترین قۆناغی ئەنفال دادەنرێت. سنوری ئەم پرۆسەیە لە باشوری کەرکوکەوە بۆ دوزخورماتووو چەمچەماڵ‌و قەرەداغ‌و پێبازو کەلارو کفری درێژ بویەوە. لەم سنورانەدا ۵۰۰ گوندو چوار ناحیە خاپور کران‌و ۲۰۰۰۰ کەسیش بەرەو چارەنوسی نادیارو مەرگ ڕەوانەی باشوری عێراق کران.

۱۹۸۸/٤/۸ پێشمەرگەی یەکێتی سلێمان ئەحمەد عەزیز ناسراو بە مام سلێمان تەپەسپی بۆ بەرگری کردن لە خەڵکی ئەنفالکراو لە ناوچەی گەرمیان‌و لە گوندی هۆمەربل لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمدا دەکوژرێت. ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ۱۹۵۲ی گوندی سۆفی وەندی گەرمیانەو لە ساڵی هەشتا چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان‌و کەسێکی جەربەزەو قارەمان بووە، بەشداری زۆربەی نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگەی کردووەو جارێکیش بە سەختی بریندار دەبێت. لە دوای خۆی چوار منداڵی بەجێهێشتووە بە ناوەکانی جەبارو سیروان‌و فاتمەو سنور.

۱۹۸۸/٤/۱۲ پاش ئەوەی لە شەڕێکداو لە ڕۆژی ٤/۹ لە گوندی لفتی ئاغا بریندار دەبێت، پێشمەرگەی یەکێتی خەلیل حەسەن ناسراو بە خەلیل پارەپارەیی لە بناری سەنگاو گیانی بەخت دەکات‌و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

۱۹۸۸/٥/۳ لەپارێزگای سلێمانی گوندەکانی (گۆپتەپە، عەسکەر، چەمی ڕێزان، شونکە، ماهیلە، سەدی، چنار، شێخان، گڵەشێر، حاجی ژیرە بەرە، کوچبلاخ، زرزی، کلێسە) بۆمبارانی کیمیایی کران، ڕۆژی دواتریش ۱۹۸۸/٥/٤ ڕژێم هێرشی کرد گوندەکانی هەموو تەختی زەوی کرد. لەئەنجامدا سەرەتا زیاتر لە ۲۰۰ کەس بەهۆی ژەهرەوە گیانیان سپارد، سەدانی تریش بەرکەوتن، تاکو ئیستا ژمارەی شەهیدەکانیان کە بەهۆی برینداری چەکی کیمیایەوە گیانیان سپاردوە گەیشتۆتە ٥٦٠ کەس. لە گۆپتەپە مەزارێکی شەهیدانی هەیە کە ڕوفاتی ۱۰۵ شەهیدی تێدایە، سەرباری ئەوەی کە زیاتر لە ۳۰٥ ئەنفالکراوایان هەیە[۱].

۱ د. ناجیح گوڵپی، سەرچاوەی پێشوو.

۱۹۸۸/٥/۷ دروستبوونی بەرەی کوردستانی لە نێوان یەکێتی، پارتی، پارتی گەل، حسك، پاسۆكو شیوعی[1].

۱۹۸۸/٥/۱٥ قۆناغی پێنجەمو شەشەمو حەوتەمی پرۆسەی بەناو ئەنفال دەستی پێکرد.

۱۹۸۸/٥/۱٥ لە پارێزگای هەولێر ئەم گوندانە بەچەکی کیمیایی بۆردومان کران (کاموسەك، سپیندارە، عەلیاوە، بەرەکە، کەوەکیان، حەریر، سماقولی، مەلوك) لە چوارچێوە پرۆسەی ئەنفالی چوار.

۱۹۸۸/٥/۱٥ بەدواوە تا ٥/۱۸/ لەپارێزگای سلێمانیو ڕانیە گوندەکانی وەرێ، گولان بۆتێ بۆردومانی کیمیایی کران.

۱۹۸۸/٦/۱ شەریف ئاغای حسێن ئاغای گەلاڵی حاسڵی کۆچی دواییکرد لە گۆڕستانی زەڕایەن بەخاکیان سپارد.

۱۹۸۸/٦/۲۳ ئامینە خان دایکی عومەر حەمە عەلی هەڵەبجەیی کارمەندی تەندروستی لە ئۆردوگای سەراب فەش لە کەنگاوەر بەهۆی ڕوداوی تەزووی کارەباوە لە تەمەنی ٤۲ساڵیدا گیانی لەدەست دا.

۱۹۸۸/٦/۲۹ کۆچی دوایی شاعیری کورد ئەخۆل.

۱۹۸۸/۷/۱٤ سوپای ئێران پاش داگیرکردنی بۆ ماوەی ٤ مانگ پاشەکشە ی کرد لە ناوچەکانی هە ورامانو هەڵەبجە، شایەنی باسە ئەو سوپایە هەر لە خاڵی سەر سنورەوە پێشڕەوی کردبوو تاگوندی بانی شار لە شاخە وە، بۆ پانتایی دەشتەکانیش تاگوندی ریشێنو قەدەفەریو قاجر، بە دووری نزیکە ی ٦ تا ۷ کیلۆمەتر لە سەیدسادقە وە دووربوو. وە هێزی پێشەوەی سوپای عێراق لەگوندی قاینەجەوە درێژ بویەوە تا گامیش تەپەو ناوگردان، گوندەکانی قولخوردو مەسەکانو گردەنازێ کەوتوبوە نیوان هەردوسوپاکە. ئەم داگیرکردنە، زەمینەیەکی ڕەخساند بۆ سوپای عیراق کەبتوانێت ژەهری خۆی برژێتو تۆڵەی ڕاپەڕینەکەی مانگی ئایاری ساڵی ۱۹۸۷ لە شارەزوورو هە ورامان بسێنێت، ئەنجامەکەی شەهیدو بریندارکردنی ۹۰۰۰ کوردو دەربەدەرکردنی زیاتر لە ۱۷۰ هەزار دانیشتوی سەیدسادقو خورماڵو سیروانو هەڵەبجە بوو، وە خاپورکردنی تەواوی شاری سەیدسادقو هەندێك لە خانوە کانی خورماڵ وسیروانو هەڵەبجە[2].

۱۹۸۸/۷/۲۰ لەپارێزگای هەولێر بۆردومانی کیمیایی گوندەکانی (سەروچاوە، سماقولی، گەناو، شارستێنە، خەتێ، دەراش، بالیسان، نازەنین، گەرەوان) بەهۆی هێرشی بەردوامو بۆمبارانی کیمیاییەوە لەم کاتەدا زۆربەی گوندەکانی ناوچەکە چۆڵ کرابوو، ئەوەی مابویەوە لە چیاو پەناگاکاندا خۆیان حەشار دابوو،

---

۱ ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو.

۲ مامۆستا مەلا ئیبراهیم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

بەتەنها هێزی پێشمەرگە لەناوچەکەدا مابوو ئەوانیش لەشەڕدا بوون بەهۆی شالاوی ئەنفالی پێنچو شەشو حەوت نزیکەی ٧ شەهیدو چەندین بەرکەوتوو.

١٩٨٨/٧/٢٥ لەسەر ڕاسپاردەی نەوشیروان مستەفا بۆ مەڵبەندی ٣ی یەکێتی، کەبە نامە ئاماژەی بەوەدابوو شەڕی بەرەیی زەرەرو زیانی زۆری بۆ پێشمەرگە هەیەو دەبێت، شەڕی پارتی زانی لەگەڵ ڕژێم بکرێت.

١٩٨٨/٨/٢ لەپارێزگای هەولێر گوندەکانی (ئاری، سێرو، زەڕوا، هەدن، کەکلە، خێرزوکا، خەروان، بلێ) بەچەکی کیمیایی بۆردومان کراوە و(٦) پێشمەرگە شەهیدو ١١٧ کەس بەرکەوتن، هەڵبەت ئەم بۆردومانانە لە ڕۆژەکانی پێشوترو داوتربەردەوامی هەبوە لەسەر ناوچەکە بەتایبەت لەو کاتەدا، شەڕێکی قورس لەئارادا بو لە ناوچەی سێ سنور کە بەشەڕی (خواکورك) بەناوبانگە.

١٩٨٨/٨/٣ کارزان عەبدولرەحمان مەلا تایەر حاجی عوسمان یاروەیسی تەپی سەفایی لە کانی دیناری ئێران لە دایك بوو.

١٩٨٨/٨/٨ جەنگی نێوان عێراقو ئێران کۆتایی پێ هات لە سلێمانی تەقەی خۆشی دەکرا ئاسمانیان کرد بە دەنوکی کەو خەڵکێکی زۆر بریندار بوون لەبەر گولەی وێڵ نەمان دەوێرا سەر بێنینە دەرەوە.

١٩٨٨/٨/٢٥ لەپارێزگای دهۆك دەسپێکی قۆناخی هەشتەمو کۆتایی ئەنفال لەناوچەکەدا بۆ مبارانی کیمیایی بۆ سەر ناوچەی ئامێدیو بەرواری بالاً، گوندەکانی (وەرمیلی، باپیری، گەرەگوە، هیسی، ئیکمالا، ئاسهی، بازێ، میسکا، توشمبیك، مێرگا چیا، کانی بەلاڤ، بریجینی، توێکا) لە ئەنجامدا ٥ شەهیدو ٧٥ بەرکەوتن.

١٩٨٨/٨/٢٥ لەپارێزگای دهۆكو ئامێدی، سەری گارە گوندەکانی (ئیکمالا، کیری، بەلیتی، باوەکا، بەرکەڤری، گرکا، کۆڤلینك، ڕدینیا، سارکی، زێوکا، شێرانە، بلێجانی، بانێ) کیمیا باران کرا لە ئەنجامدا ٢ شەهیدو ٤٠ بەرکەوتن. هەر لەم شالاوەدا زیایر لە ٤٦ گوندی دەڤەری ئامێدی تەختی زەوی کران.

١٩٨٨/٨/٢٥ لەپارێزگای دهۆك، ئامێدی گوندەکانی (کانیا، باسکا، ئاڤۆکێ، بیمنانش) بۆردومانی کیمیایی کراو چەندین کەس بەرکەوتن.

١٩٨٨/٨/٢٥ لەپارێزگای دهۆك، ئاکرێ گوندەکانی (پریسە، جزگیرا، چەمچالی، چەمشرتی، چەم ڕەبەتکی، میروکی، بلمباس) بۆردومان کرانو چەندین کەس بەرکەوتن.

١٩٨٨/٨/٢٥ لەپارێزگای دهۆك، زاخۆ گوندەکانی (تویکا، بلیجان، زرهەوا) بۆردومان کران، لەئەنجامدا ١٤ شەهیدو ١٥ بەرکەوتن. لە هەروەها بۆردومانی کیمییایی کرا لە گوندەکانی (بریجینی، درگەلا شێخا، زیناڤا، دبانکێ)، چەندین بەرکەوتوو.

١٩٨٨/٨/٢٥ لەپارێزگای هەولێر ناوچەی (بەرۆژ، بارزان، مزوری باڵا) بۆردومانی کیمیایی کران بەلام لەبەر سەختی ناوچەکەو ژمارەی قوربانیان نەزانروە. هەروەها شەقلاوە گوندەکانی(هیرانو نازەنین) بۆردومانی کیمیایی کراون بەلام زیان نەزانراوە، لەکۆتا ڕۆژەکانی ئەنفال بوە لەو ناوچەیە. هەروەها، ڕواندوز، گوندەکانی (خەتیَ، وەرتیَ) بۆ دواجار بۆمبارانی کیمییای کراون، قوربانیەکان نەزانراوان.

١٩٨٨/٨/٢٦ قۆناغی هەشتەمو کۆتایی پرۆسەی بەناو ئەنفال دەستی پێکرد، بۆ سەر ناوچەکانی دهۆكو زاخۆو باتوفەو کانی ماسیو زێوەو دێرەلوكو ئەتروشو زاویتە. سەرجەم گوندەکانی ئەم ناوچانەش خاپور کرانو لە هەندێ شوێنیش کیمیایی بەکار هات.

١٩٨٨/٨/٢٨ لە پاریزگای دهۆك، لە نێرەوەو ڕێکان گوندەکانی (شیڤی، هیتوت، کانیا پینك، باشی، سەرنی، گارە، گەرو، باوانکیَ، زێوە، گەلی کوتکیَ) بوردومانی کیمییای کراوان.

١٩٨٨/٨/٢٩ لەپارێزگای دهۆك ناوچەی بەرواری باڵا گوندی (بازیَو گەلی بازیَ) بۆردومانی کیمیای کرانو ٢٩٨٠ کەس شەهید بوونو سەدان بەرکەوتە. ناکۆکی لەسەر ژمارەی شەهیدەکان هەیە، پیَ دەچیَ ئەم ژمارەیە (بێ سەروشوێنو ئەنفال کرابن), هەروەها گوندی (بانکیَ) کیمیاباران کراوە زیاتر لە ١٠٠٠ شەهیدو سەدان بەرکەوتوو هەبووە.

لەسەروەختی شالاوی ئەنفالدا ڕژێم هەموو گوندەکانو ناوچەکانی بادینانو کوردستان بە بۆمبی کیمیایی بۆردومان کردوە نەمان توانیوە ناوی هەموو گوندەکان بهێنین. بەپیێ بەڵگەنامەکانی سوپا لەئەنجامی بۆردومانی کیمیاییو هێرشی بەرفراوانی سوپا لە قۆناخی هەشتەمی ئەنفال، زیاترلە ١٦٠٠٠٠ کەس لە سنور پەڕینەوەو چونە ناو خاکی باکوری کوردستانو لە ولاتی تورکیا بونە پەنا بەرو ٦٦٤ گوند وێران کرانوو زیاتر لە ١٧٠٠ کەس بێ سەروشوێن کراون[1].

کۆی زیانەمادییەکانی کانی هەر هەشت قۆناغەکە، وێران کردنی ٤٠٠٠ گوندو ٤ قەزاو ٣٤ ناحیەو ٣١٠٠ مزگەوتو ١٠٠ کڵێساو تاڵانکردنی ٢ ملیۆن سەر ئاژەڵو مەڕومالاَت.

١٩٨٨/٨/٣١ ئازاد هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پاش ئەوەی لە گوندی کونەکۆتری ناوچەی باڵەیان لەلایەن فرڕۆکەیەکی پیلاتۆزی ڕژێمەوە بریندار کرا، لەکاتی گواستنەوەی لە شێخ ئایشەوە بۆ ئالۆەتان گیانی سپارد.

دکتۆر هێمن، لەدەماری منەوە بۆ دەماری کاك ئازاد: بۆ یەکەمین جارە ئەم یادەوەرییە دەنووسمەوە، زۆر کەس خۆی کردووە بەخاوەنی ئەم یادەوەرییە! ئەوەندەی من ئاگادارم، تەنیا ٢٠ کەسێك دەبین، کە

---

١ د. ناجیح گولپی، سەرچاوەی پێشوو.

ئاگامان لەو کارەساتە تراژیدییەی شەهیدی نەمر کاك (ئازاد هەورامی)یە. ئێوارەی ڕۆژی یەك شەممە، ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٣٠ کاتژمێر ٤:١٧ خولەك، کاك (ئازاد هەورامی) بە سەختی بریندار بوو لەلایان فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراقەوە، فڕۆکەکان، هێرشیان کردە سەر بارەگاو سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە(جەبهەی باڵەیان) کە سنوورێکی فراوانیان لە دەستەڵاتی ڕژێی عێراق پاك کردبۆوە. ئەو کاتەی کە کاك ئازاد بریندار بوو، بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، بەتایبەتی ئەو هاوڕێیانەی کە لەنزیکی کاك ئازادو ڕووداوەکە بوون، لەیادمە کە دکتۆرە دڵسۆزەکانی ئەو کاتە وەك(هێمن، شەماڵ، وریا، ئیسماعیل)و بەشێکی تر لە پێشمەرگەکانی دەستەی کاك ئازاد بەپەلە خۆیان گەیاندە لای کاك ئازاد وەك (هیوا چاوشین، یاسینە ڕەش، لوقمان، دارای جیهاز، ساماڵ، لوقمانە ڕەش، کاوە سەرچناریی، وەهاب، فریاد، هەژار، حەمە سەعید، خاڵە سەلاّح)و چەند کەسیتر.

چیمان بینی! جەستەیەك شەلاّڵ بوو بوو لە خوێن. لەناو دەنگە دەنگەو ئاپۆرەی پێشمەرگەکاندا دکتۆر هێمن وتی: برادەران با کاك ئازاد هەڵبگرینو بچینە یەکێك لە ژوورەکانی بارەگاکە! هەموومان پێکەوە کاك ئازادمان هەڵگرتو لەناو ژوورەکە بە پێی قسەی دکتۆر هێمن، پاڵیان خستو دەستیان کرد بە تیمارکردنی برینە قوڵەکەی. لەدوای پشکنینی دکتۆر هێمن، بۆمان دەرکەوت کە بۆ ئەوەی قووتار بکرێت لەو برینە قووڵە، دەبێت ١٨ بتڵ خوێن ببەخشین بۆ سەرلەنوێ ژیانەوەی کاك ئازاد. لەو کاتەدا کاك ئازاد ڕووی دەمی کردە هیوا چاوشینو پێی وت: هیوا گیان گیرفانەکانم بەتاڵ بکە! هیوا چاوشین، دەستی بردوو گیرفانەکانی بەتاڵ کرد، لە گیرفانی لای چەپی نامەیەکی تێدا بوو دەری هێنا. منیش ڕووم کردە هیواو پێم وت: ئاساییە نامەکە بخوێننەوە نەوەکوو شتێکی گرنگ یاخود برووسکەیەکی گرنگی تێدا بێت. خوا هەڵناگرێ بانگی یاسینە ڕەشی کردوو پێکەوە نامەکەمان خوێندەوە، کە نیوەی نامەکە خوێناوی بوو بوو، نامەکە لەلایان کاك (نەوشیروانەوە) بۆ کاك ئازاد نووسراوبوو کە داوای لێکردبوو بچێت سەرپەرشتی ئەو هێزە بکات لە باڵەیان! لەیادمە بەشێکی زۆر لە هاوڕێیان خۆیان گەیاندە بارەگاکەی کاك ئازاد. لەوانە (کۆسرەت ڕەسوڵ، حامیدی حاجی غالی، شێخ جەعفەر، شەهید عەبدولڕەزاق، ڕابەر سەید برایم) لەسەر داوای دکتۆر هێمن چەند هاوڕێیەك سەرو بتڵ خوێنیان بەخشی، یەکەم کەس (هیوا چاوشین)بوو، لەدوایدا کاك کۆسرەتو کاك شێخ جەعفەرو کاك عەبدولڕەزاقو کاك ڕابەری سەید برایمو هەڵۆ سوورو یاسینە ڕەشو چەند هاوڕییەکی تر خوێنیان بە کاك ئازاد بەخشی. لەو کاتەدا کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە لەناو ئەو داخو حەسرەتەدا کە هەر هەموومان بۆ بریندار بوونی کاك ئازاد خەمان دەخوارد. کاك (حامیدی حاجی غالی) قۆڵی کراسو چۆخەکەی هەڵکردبوو بە پەلە هاتە پێشەوەو وتی: دکتۆر هێمن (خوێن لەکەس وەرمەگرە، لە دەماری من بۆ دەماری کاك ئازاد) لەدوای ئەم قسەیە بەشێکمان لەتاو

فرمێسكو گریان كەمێك لە هاوڕێیان دووركەوتینەوەو نەماندەزانی چیٚ بلێینو چی بكەین! بۆ ئەو هەموو دڵسۆزییەی كاك حامید حاجی غالی بەرامبەر بە كاك ئازاد هەورامی. بە هەموو تەمەنم مرۆڤی ئازام وەك كاك ئازاد هەورامیم نەدیوەو تاكو ئێستاش گۆرانییەكانیو سروودەكانی لەگوێچكەكانمدا دەزرنگێنەوە. ئاخر ئەو هەموو جەستەی بریندار بوو، كەچی هێشتا ئەو مرۆڤە ئاشق بە پێشمەرگەو خەباتو چیایە، گۆرانیو سروودی بۆ شۆڕشو پێشمەرگە دەچڕی"[1].

١٩٨٨/٩/٦ حكومەتی عێراق لێبوردنی گشتی بۆ زیندانیانی سیاسی كورد دەركرد، هەروەها بۆ ئەوانەش كە لەدەرەوەی عێراق بوون دەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەكەیان.



١٩٨٨/٩/١٤ پاش بەسەر بردنی ٣ ساڵو ٢ مانگو ١٣ ڕۆژ مام بارام مەلا عەبدوڵای كوڵكنی بە لێبوردنی گشتی لە زیندانی ئەبوغرێب ئازاد دەكرێتو دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. بەڵام كە دەبینێت ماڵو منداڵەكانی لە كیمیابارانكردنی هەڵەبجەدا بەرەو ئێران ڕۆشتوون, ئەویش ڕاستەوخۆ ڕوو دەكاتە ئەو وڵاتەو پەیوەندی دەكاتەوە بە سۆسیالیستەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## دوای شەش مانگ هەواڵی شەهید بوونی خانەوادەكەی زانی

حیكمەت هەڵەبجەی بەم جۆرە باس لە بیستنی هەواڵی شەهید بوونی خانەوادەكەی دەكات لە



كارەساتی كیمیابانكردنی هەڵەبجەدا: لە ١٩٨٨/٩/١٥ هەواڵی شەهیدبونی خیزانەكەمیان پێڕاگەیاندم لە تاوانی كیمیابارانی هەلەبجە. لە دوای تاوانەكانی ئەنفالو كیمیاباران ئێمە هێزێكی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان بووین بۆ درێژە دان بە خەباتو تێكۆشانو پێشمەرگایەتی بڕیار درا لە سنورە كانی قەرەداغو گەرمیان بمینینەوەو درێژە بە خەباتی پارتیزانی بدەین كە سەخترین ڕۆژانی تێكۆشان بوو. سنوری گەرمیان هەموو ئەنفال كرابون، تە نها شتێك كەمابووی سەگە بەوەفاكان بوون لە نزیك گوندەكان، كە پاریزگاریان لە دارو بەردی ناوچەكەیان دەكرد. دوای ئە وهەموو نەهامەتیانە كە دەیان پیشمەرگەمان بەدەستی زۆڵە كورد شەهید بوون، بڕیار درا ئەو هێزەی ئێمە بگەڕێنەوە بەرەو سنورە كانی ئێران. یە كەم وێستگەمان لە گەڕانەوەمان لە گەرمیانەوە بەرەو قەرەداخ، لەوێشەوە بەرەو شارەزوورو بەرەو شاخی سورێن (كانی خەیاران، ئیران). بەڵام بیٚ ئاگا لە

---

١ دەوەن مەعروف، تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٨.

کەسوکارم. دوای گەشتنم بە ئۆردوگای سەریاس لە ڕۆژێکی وە ك ئەمڕۆدا، هەواڵی شەهید بونی خێزانەکەمیان پێ ڕاگە یاندم، کە ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژی دوایی وابوو بۆ من"[1].

۱۹۸۸/۹/۱۵ دەوڵەت ئاگاداری گوندەکانی قەرەگۆڵو زەڕایەنی کۆنو بێستان سوری کرد بۆ ڕاگواستن، کە دوانیان سەر بە شارۆچکەی عەربەت بوونو یەکێکیان سەر بە ناحیەی زەڕایەن بوو.

۱۹۸۸/۹/۱۸ لەگەلاوێژی هەشتاو هەشتا ئەو ساڵەی کەوا وڵات سەرتاپا بەرگی ڕەشی پۆشی بوو، پرچەکان نەگیرابوونە خەنەو بوکەکان بە تارای سپییەوە ڕەوانەی عەرعەرو سەلمان کرابوون. پەپولەکان لە هەڵەبجە خنکێنرابوون، کانیاوەکان کوێرکرابوونەوە، میحرابو مینبەر تەختی زەوی کرابوون، وڵات بۆنی بۆسۆی لێ دەهات تاچاو بڕیکات زەوی باوباپیر قەدەغەکرابوو، تەنانەت باڵندەکانیش چاویان بەرایی نەدەدا بەسەر ئەو ناوچەیەدا تێپەڕ بن کە سروەی مرۆڤی لێوە نەدەهات.

ئا لەم کاتە لە سلێمانییەوە بەڕێکەوتین بۆ ئۆردوگای تازە دروستکراوی باینجان لەنێوان سلێمانیو چەمچەماڵ، ماڵی کاك قادرو کاکە حەمەی برای لە ئاوارەییو لە وڵاتی ئێران گەڕابوونەوەو لە ژێر خەیمەدا بوون.

ئۆردوگاکە هێشتا زەوییەکی ڕەشو ڕووت بوو بڕیار وابوو خەڵکی ئاوارەو گوندە ڕاگوێزاروەکان لەوێ نیشتەجێ بکرێن. تا دوای عەسر لەوێ بوینو پاشان گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

۱۹۸۸/۹/۲۰ لە دەربەندیخان بووم لە ماڵی باوام. لەدوای نوێژی عەسر لە دوکانەکەی کەمالی مامە حەمەدا دانیشتبووم کە دوکانێکی ئاسنگەری هەبوو لەسەر شەقامی گشتی دەربەندیخان، باوەنور بوو، تەماشای گەڵابەیەکی مانم دەکرد لەپڕ لەو ناو بازاڕەدا دەستی شکاندەوەو گەڕایەوە بەرەو سلێمانی، لەو کاتەدا قەمەرەیەکی سپی پڕ لەسەر نشین لە دوایەوە بوو، کە گەڵابەکە دەستی شکاندەوە قەمەرەکە بە ستۆپەوە خۆی کرد بە ژێریدا، ڕوداوێکی زۆر ناخۆش بوو سەرنشینەکانی بە خەستی بریندار بوون.

ژنە باوەنورییەکە دە بەردی لە چاوەکانم دەرهێنا

۱۹۸۸/۹/۲۱ لەگەڵ کاك کەمالی مامە حەمە لە دەربەندیخانەوە ڕۆشتین بۆ باوەنور بۆ لای ژنێك دەیانوت بەرد لە چاو دەردەکات. ئێمەش چوین، بەم چاوانەی خۆم بینیم کە ۱۰ دانە بەردی وردی بچوکی لە چاوم دەرهێنا. بە هەموو شێوەیەك چاودێری دەستەکانیم دەکرد، هیچ فڕوفێڵێکم لێ نەبینی. هەرچەندە پزیشکەکان نکولی لەوە دەکەن کە بەرد لە چاودا هەبێتو جێگای ببێتەوە، بەڵام ئەو ئافرەتە دەستی بەرچاوم دەکەوتو بەردێك دەکەوتە ناو دەستی، ئیتر نازانم ئەوە ناو بنێم چی؟

---

١ حیکمەت هەڵەبجەیی، پێشمەرگەی دێرین، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٦/٩/١٥.

١٩٨٨/١٠/١ دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە لە سانەوی جمهوری لە سلێمانی لە پۆلی چوارەمی گشتی بووم.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شارەکە وێرانەیەك بوو

١٩٨٨/١٠/١٤ لەگەڵ کاك ڕەفیقی حاجی ئەحمەد لە سلێمانییەوە ڕۆشتین بۆ هەڵەبجەی شەهید، کاك ڕەفیق سڵنگ (کرێن)ێنێکی هەبوو بەکرێ بانگیان کردبوو بۆ هەڵەبجە چەند کەرەستەیەکی قورس بخاتە سەر فلات. هێشتا کەس نەچووبووەوە بۆ هەڵەبجە. شار چۆڵ‌و وێران کەسی تێدا نەبوو، تەنها باخەوانەکان‌و چەند کەسێکی کەم مۆڵەت درابوون بچنەوە بەروبومی باخە هەنارەکانیان هەڵبگرن. ئای کە ڕۆژێکی خۆش بوو بەلامەوە. لەڕێگای کانی بەردینەو توەقوتەوە بەسەر پردی سەفەریدا چوینە ئەوبەرەوە بۆ ئیمامی زامن. کاتێ تایەی ئۆتۆمبێلەکە لەقەیاغەکەوە کەوتە سەر خاکی داگیرکراو، هەستێکی زۆر خۆشم بۆ دروستبوو، لەخۆشیدا شاگەشکە بووم‌و خەریك لەجامەکەوە لەشەقەی باڵم دەدا، کاك ڕەفیق جار جار بە تیلەی چاو تەماشای دەکردم‌و هەستی بەوە کردبوو کەمن خەریکە دەفڕم. بزەیەك دەکەوتە سەرلێوانیی‌و لەزەتی لەو لەزەت بردنەی من دەبینی. لەخۆشیدا نەمدەزانی تەماشای لای دەستە ڕاستی شەقامەکە بکەم یان دەستەچەپ؟ نەمدەویست هیچ شوێنێك پەراوێز بخەم. چەند ئۆتۆمبێلێکی سوتاو تەنها پەیکەرەکانیان مابوویەوە لەقەراغ جادەی زەمەقیدا کەوتبوون. بارانێك باری بوو دنیای بەتەواوی جوان‌و ساف‌و بێگەرد کردبوو، ناوچەکە کش‌و مات‌و بێ دەنگ، تەنها دەنگی بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە دەهات، کاتێ گەشتینە ناوشاری هەڵەبجە وێرانەیەك بوو بۆ خۆی. داروپەردووی شار لەسەر شەقام‌و کۆڵانەکان بوو، دوکانەکان دەمیان ئاوەڵاو هیچیان دەرابەیان پێوە نەمابوو، زیاتر لە نیوەی شار تەختی زەوی کرابوو. لەو جێگایەی کاك ڕەفیق بارەکانی بار دەکرد بۆ سەر فلاتەکان مەڕێکی مردارەوەبوو لەسەر زەوییەکە کەوتبوو کە تەنها کەوڵ‌و پێت‌و ئێسکەکەی مابوو، ئەویش وەکوو هەزاران مرۆڤ‌و گیانلەبەران بەگاز خنکێنرابوو، بەپارچە ئاسنێك هەڵمگێڕایەوە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێوە هات کە لەبۆنی گاز دەچوو، هەستم بە دوخانەوەی قوڕکم کرد، بەڵام بابەتەکەم گەورە نەکرد، دیارە شوێنەواری کیمیایی هەربەو شارەوە مابوو، کەلاوەکان بۆنی مەرگیان لێ دەهات، باڵندەکان بەشێوەیەك تۆرابوون نەیانوێرابوو تائەو کاتە سەر لەشار بدەنەوە، ئاسمان ساف‌و بێگەرد وشین بوو، کۆکەیەك بکرایە لەو سەری شارەوە دەبیسترا، سروشتی چۆڵەوانی وایە دەنگی دووریش دەبیسترێت. دوای نیوەڕۆ ڕۆشتین بۆ باخە هەنارەکانی باوەکۆچەك، پەلوپۆی هەنار کەوتبووە خوارەوە ئەوەندە هەناری گرتبوو، چەند خاوەن باخێك بە مۆڵەت هاتبوونەوە بۆ هەڵەبجە بۆ ئەوەی هەنارەکانیان کۆبکەنەوەو بیفرۆشن، ئێمەش نیو گونیە هەنارمان لای ئەوان هێنایەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۱۹۸۸/۱۰/۱۹ حکومەتی بەعس بەردی بناغەی شارۆچکەی هەڵەبجەی تازەی دانا. ئەم شارۆچکەیە ئێستا پێی دەوترێت قەزای شارەزوور.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## باوەڵەکەم گسکی لێ درابوو

۱۹۸۸/۱۱/۱۰ ڕژێمی بەعس مۆڵەتی بە خەڵکی هەڵەبجەو سیروانو خورماڵو شارەزوور دا بچنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان هەرچی کەلوپەلێکیان ماوە بیهێننەوە، ئێمەش لە گەڵ ماڵ خاڵۆ حەمەی حاجی میرئەحمەدی تەپەکوڕەدا چوینەوە بۆ سیروان. دەبوایە لە ڕێگای کانی بەردینەو تۆقتەوە بەسەر پردی سەفەریدا بپەڕینەوە بۆ ئیمامی زامنو لەوێوە بۆ سیروان. لەبەر ئەوەی پردی زەڵم لەلایەن ئێرانەوە تەقێنرابویەوە ڕێگایان نەدا خەڵکی لە ڕێگای سیدسادقەوە بچێتەوە بۆ ناوچەکە.

لەو ماڵە سادەیەی کە هەمان بوو، هیچی تیا نەمابوو، گسکی لێ درابوو، ئەوەی مەبەستی من بوو مابێتو دڵی پێ خۆش بکەم ئەو باوەڵە تەنەکەیە بوو کە کەشکۆڵی چەند ساڵەم بوو، ئەلبومی وێنەکان، یادگاری منالّی، پێنوسی خۆشنوسیو ئامێری زەخرەفەو تەنانەت ڕەسمی بنێشتو دارلاستیكو هەڵماتو توحفەی جۆراو جۆری تێدابوو، ئەگەر ئەوانە بمانایە ئەوا هەرچیمان هەبوو ببرایە لام مەبەستو جێگای خەفەت نەبوو. هەر کە گەیشتە ئەو ژوورەی باوەڵەکەی تێدابوو، یەکەم نیگام بۆ ئەو شوێنە بوو، کاتێ تەماشام کرد (دوژمن لەماڵ نائومێد) سەری باوەڵ لادرابوو، چەند پەڕە کاغەزێکی شڕی تێدا مابوو، هەرچی تێدابوو، بردبویانو گسکیان لێ دابوو. ئێستاش کە بیستو نۆ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە، ئەو برینە سارێژ نابێتو داخی لە دڵمایە. ئەگەر ئەو چەند ئەلبومە وێنە بمانایە ئەوا ئەرشیفێکی دەوڵەمەندمی بێ هاوتام ئەبوو. چونکە سەرەڕای ئەلبومەکانی خۆمان چەند ئەلبومێکی کاك حامیدی حاجی خالیدیش لەماڵی ئێمە دانرابوو وەکوو جێگایەکی بێ شك. ئەوەی بیرم مابێت ئەلبومێك لە وێنەکانی کاك حامید ئەوانە بوون کە لە سەفەری ئەوروپای ڕۆژهەڵات گرتبونی، بیرم نەماوە هاوسەفەرەکانی کێ بوون, بەڵام پڕبوون لە وێنەی جوانو بە نرخ، لەگەڵ وێنەی مام جەلالو سەرکردەو مەفرەزە سەرەتاییەکان. ئیتر نازانم کێ بردنیو بەدەستی کێ گەیشتن ؟ تەنها خەفەتەکەی بۆ من مایەوە.

۱۹۸۸/۱۲/۲ هێرشی ڕژێمی عێراق بۆ سەر ناوچەی بەرانەتیو ڕوخاندنی سێ گوند لە ناوچەکەداو ئاوارەبوونی خەڵکەکەی.

۱۹۸۸/۱۲/۳۰ کۆچی دوای قورئان خوێنی بەناوبانگ عەبدولباست عەبدولسەمەد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٩

ئەم ساڵ ساڵی خامۆشیو بێدەنگی هەر جموجوڵێکی کوردایەتی بوو لە کوردستانی باشور، ڕژێمی بەعس لە ترۆپکی دەسەڵاتیدا بوو، شەڕی ئێرانی لەکۆڵ بوو بوویەوەو سەرگەرمی داڕشتنی پیلانە شومەکانی بوو بەرامبەر بە گەلی کورد. (تەعریبو تەبعیسو تەهجیر) بەردەوام بوو، هەرچی جێگایەك ڕۆژێك لە ڕۆژان پێشمەرگە نانێکی تێدا خواردبێت، تەختی زەوی کرابوونو خەڵکەکەی یان ئەنفال یان ڕەهەندی ئۆردوگا زۆرە ملێکان کردبوون. وە زیاتر لە پێنج سەد فەوجی جاشی سوك هەبوو، لەگەڵ چەندین مەفرەزەی جاشی سەقیلەو ئەمنو هەواڵگریو جەیشی شەعبیو کۆیلەو نۆکەرو چڵکاوخۆر. کوردایەتی زۆر قورس بوو، باجەکەشی زۆر گەورەو گران بوو، بژێوی ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکیش کەوتبووە سەر ئەو ئەو بڕە پارەیەی کە لەلای فەرماندەی سریەیەك خۆی نەشر بکردایەو واجبی بگرتایە، یان بە بەربەنیوەیی خۆی نەشر بکردایە بەڵام واجبی نەگرتایە بژێوییان لەسەر ئەوە بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## قەزای شارەزوور (هەڵەبجەی تازە)

هەڵەبجەی تازە مێژوویەکی کۆنی نییەو وەکوو هەر شارو ئاوەدانییەکی تر سەرەتایەکی دروستبوونی هەیەو پێی خستووەتە ناو کاروانی مێژووەوەو لە کۆتایی ئەمساڵی ٢٠١٧ دا بیستو هەشت ساڵ بەسەر تەمەنی دروستبوونیدا تێپەڕ دەبێتو ژیان تێیدا بەرقەرارە.

ناوی هەڵەبجەی تازە لە دوو وشەی (هەڵەبجە، تازە) پێکهاتووە، وشەی یەکەم لە هەڵەبجە، هەمان ناوی هەڵەبجەی کۆنەو خەڵکی ئەو شارو شارۆچکەو گوندانەی ناوچەی هەڵەبجەی کۆن (شەهید) لە دوای کیمیا بارانکردنی ناوچەکەیانەوە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، ئەم جێگایەیان ئاوەدان کردەوەو ناویان لێ نا هەڵەبجە، حکومەت لە ناوەندە فەرمییەکانداو لەسەر تابلۆو دەفتەر نفوسو مامەڵەکاندا (صدامیە حلبجە)ی دەنوسی، واتە هەڵەبجەی سەددام حسێن. بەڵام لەسەر زاری خەڵك هەڵەبجەی تازە بوو، وەك هەر ناوو جێگایەکی نوێ کەپێشتر هەبوبێتو دوایی هاوشێوەی دروست بکرێتەوە ئەوا بە (تازە) ناو دەبرێت، وەکوو (بغداد الجدیدة، هەواری تازە).

ناوی هەڵەبجە لە دێر زەمانەوە بەچەند شێوەیەك لێکدانەوەی بۆ کراوە، هەندێ بۆچون دەڵێن: ئەم جێگایە کەسێك ئاوەدانی کردووەتەوە ناوی (هەڵۆبەگ) بووەو دواتر بە تێپەڕ بوونی کات بووە بە هەڵەبجە. بۆچونێکی تر دەوترێت لەم جێگایەدا بەچکە هەڵۆیەك ڕاوکراوەو وتراوە جێگای (هەڵۆ بەچە)کە واتە جێگای بەچکە هەڵۆکەو دواتر بووە بە هەڵەبجە. بۆچونێکی تر پێی وایە ئەم ناوە لە ناوی (حەلەب)ی سوریاوە هاتووەو بە هەڵەبجەیان وتووە (حەلەبە بچکۆلە)و دواتر بووە بە (حەلەب چە)و دواتر پشتوێنی

کوردی بەستووەو بووە بە هەڵەبجە. وە بۆچونێکی تریش هەیە کە نزیکە لە ڕاستییەوە، ئەوەش باخی هەڵۆژە بووە لەم ناوچەیەدا بە زۆریو دواتر هەڵۆژە بووە بە هەڵەوجەو هەڵەبجە.

ناوی هەڵەبجە کە ئێستا پارێزگایە بەو شێوەیە هاتووەو هەمان ناویشە بۆ هەڵەبجەی تازە بەڵام لەسەر ڕووبەری جوگرافیایەکی نوێ. واتە ناوەکە کۆنەو پەیوەندی بەم جوگرافیا تازەوە نییە کە دەشتی بەپیتی شارەزوورەو تەنها خەڵکەکەی هەمان خەڵكو دانیشتوانی هەڵەبجەو قەزاو ناحیەو گوندەکانی بوون کە لە ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ناوچەکانی تری هەرێم بوون. دوای ئەوەی ڕژێم ڕوخاو گۆڕ بەگۆڕ بوو لە ساڵی ١٩٩٢ ناوی هەڵەبجەی تازە کرا بە ناحیەی (پێشەوا)، بەڵام لەبەر ئەوەی کەس بەو ناوە نەیدەناسیو ناوی نەدەبرد، وە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لە فراوان بووندا بوو حکومەت لە ساڵی ١٩٩٥ ناوو ناونیشانە ئیدارییەکەی گۆڕی بە قەزای شارەزوور. کە ئەم ناوەش پێشتر بە ناحیەی سەیدسادق درابوو. لەمەشدا زوڵم لە خەڵکی سەیدسادق کراو ناوی شارۆچەکەیان کە ئێستا قەزایەکی گەورەیە لێ زەوت کرا.

هەرچەندە لە ناوەندە فەرمییەکاندا ناوی قەزای شارەزوور دراوە بەم قەزایە بەڵام لە هیچ شوێنێکدا ناوترێت شارەزوور، بەڵکو لەهەموو شوێنێك دەوترێت هەڵەبجەی تازەو هیچ ناوێکی تر ناتوانێت جێگای بگرێتەوە. واتە هەڵەبجەی تازە ناوەندی قەزای شارەزوورە کە ناحیەی وارماواو چەندین گوند لەخۆ دەگرێت.

ئەم شارۆچکەیە پێش دروستبوونو بنیاتنانی دەشتێکی کشتوکاڵی بووەو گەنمو جۆو گەنمەشامیو مەرەزەو توتنو گوڵەبەڕۆژەو لۆکەو کونجیو تەماتەو بامیەو کاڵەكو شوتیو خەیارو ترۆزیو باینجان وجۆرەها کشتوکاڵی تری تێدا داچێنراوە. جێگا خانووە کۆنەکەی ئێمە کە ژمارەکەی ١٢٧٩ یەو دەکەوێتە گەڕەکی سیروانی دوو (شارەوانی ئێستا)، بامیە بوو. ئەم شارۆچکەیە بەردەوام لە زیادبوندایەو چەند ساڵ جارێکیش زەوی ئیفراز کراوەو بەسەر خەڵکیدا دابەش کراوە. لە دوای ڕوخانی ڕژێمەوە لە ٢٠٠٣ دەستی ئاوەدانیو خزمەتگوزاری ڕووی تێکردووەو چەندین قوتابخانەو فەرمانگەی حکومیو پاركو نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانی بۆ کراوە.

قەزای شارەزوور لە تەمەنی بوون بە قەزایدا ئەم قایمقامانەی تێدا دەست بەکار بوون:

١. فەرهاد محەمەد ڕەسول، دەرچوی خانەی مامۆستایان لە ١٩٩٥/٦/١٥ تا ١٩٩٥/٨/٣١.
٢. ماجید محەمەد شەریف، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی لە ١٩٩٦/١٢/٢٠ تا ١٩٩٧/٧/١.
٣. بێرون عومەر فەتاح، دەرچووی ئامادەیی لە ١٩٩٧/١٢/٣١ تا ٢٠٠٠/١/١
٤. ئەحمەد حەمە نوری مەحمود، دەرچووی ناوەندی لە ٢٠٠٠/١/١ تا ٢٠٠٦/٤/٢٩
٥. فازیل عومەر عەبدولرەحمان دەرچووی کۆلیژی یاسا لە ٢٠٠٦/٤/٣٠ تا ٢٠٠٧ بەوەکالەت. خۆی بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوا بوو.

٦. سۆران عەلی ڕەباتی، دەرچووی کۆلێژی یاسا لە ٢٠٠٧/٦/٢٥ تا ٢١/ ١٢/ ٢٠١٥

٧. ڕزگار غەفور، دەرچووی کۆلێژی یاسا لە ٢١/ ١٢/ ٢٠١٥ بەردەوامە لەسەر پۆستەکەی.

لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ژمارەی گەڕەکەکانی هەڵەبجەی تازە ٨ گەڕەك بوون، بەڵام ئێستا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ ئەو ژمارەیە زیادی کردووەو ژمارەی دانیشتوانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە زیاد بوندایە. لە ئاماری ٢٠٠٧ دا ژمارەی خێزانەکانی گەیشتبووە ٦٧٥٩ خێزان، واتە ٣٦٦٩٨ کەس. لە ساڵی ٢٠١٦ دا ئەو ژمارەیە بەرزبووەتەوە بۆ نزیکەی ٤٧٠٠٠ کەس.

هەڵەبجەی تازە سەرجەم شەقامو کۆڵانەکانی قیرتاوو کۆنکرێت کراونو نێوان شەقامە دوو سایدەکان بەدار سەوز کراون. وە پڕۆژەی ئاو بۆ ماڵان تەنها یەك گەڕەك ماوە ئاوی خواردنەوەی پێ بگات ئەویش گەڕەکی (هەواری شار)ە بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانرا ئەو پڕۆژەیە بگات بەو گەڕەکە. بەڵام سەرجەم گەڕەکەکان ئاوەڕۆی تەواو بووەو کێشەی نەماوە.

هەڵەبجەی تازە تەنها یەك کۆلێژی تێدایە، ئەویش کۆلێژی پەروەردە بەشی کورد سەر بە زانکۆی هەڵەبجەیە. ئەم قەزایە لە سەرەتای دروست بونیەوە دادگای تێدا بووەو بە درێژایی دەیان ساڵیش ئیشو کاری قەزاکانی هەڵەبجەی شەهیدو سەیدسادقو پێنجوێنی کردووە بە ناحیەو گوندەکانیانەوەو سەرجەم کێشەو مامەڵەکان لە دادگای شارەزوور ڕایی کراون، تا ئەو کاتەی دادگاو فەرمانگەی دادنوسو جێبەجێکردن لەو جێگایانەدا کراوەتەوە.

هەڵەبجەی تازە شارۆچکەیەکی نیمچە شارستانیو خێلەکییە، زیاتر هەژموونی خێڵ بەسەریدا زاڵەو زۆربەی عەشیرەتو هۆزەکانی جافی لێ نیشتەجێن لەوانە: گلاڵی، هارونی، کەڵهوڕی، تەرخانی، ڕۆغزایی، شەمێرانی، مامۆیی، باشکی، میکایەڵی، شاتری، وەڵی، وەڵەدبەگی، ئێناخی، ئیمامی، نەورۆڵی، عەمەڵە، کلاشی ... هتد.

زۆربەی دانیشتوانی ئەم قەزایە موچەخۆری دەوڵەتو حزبەکاننو لەهەمان کاتیشدا خەریکی کشتوکاڵ کردن دەبنو زەویو زاری خۆیان دادەچێنن. چینێك لە خەڵکەکەشی خەریکی ئاژەڵداریو ڕاوەماسیو دوکانداریو پیشەی دەستیو کرێکارینو داهاتی خۆیانو ماڵومناڵیان بەو شێوەیەپەیدا دەکەن.

هەڵەبجەی تازە هەر لەسەرەتاوە دوو بازاڕی تێدابووە یەکێك لە سیروانییەکانو ئەوی تر لە هەڵەبجەییەکان، بەتاك تاك لە گەڕەكو شەقامە گشتییەکانی تریش دوکانو شوێنی کار دەبینرێت[١].

١ بەهادین مەجید ئەحمەد، ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجەی تازە، توێژینەوەی دەستنوس، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧.


کاتێ دەست کرا بە دروستکردنی هەڵەبجەی تازە، ئێمە ماڵمان لە سلێمانی بوو، لە پۆلی چوارەمی گشتیدا بووم‌و بەرەو کۆتایی ئەو پۆلە دەڕۆشتم. وەکوو ماڵێکی ئاوارەی ناحیەی سیروان لە گەڕەکی سیروانییەکانی ئەو شارۆچکە تازەدا پارچە زەوییەکی ٢٢٠ مەترییان بۆ دابین کردین بە سولفەیەکی دوو هەزار دینارییەوە، بەڵام هەرکەس کەمێك واسیتەی هەبوایە سێ هەزار دیناریان بۆ دەنوسی. ئێمە لە تاقمی دوو هەزار دینارەکە بوین. لەناو جاری بامییەدا دەستمان کرد بە دانانی بەردی بناغەو بەهەر کولەمەرگییەك بێت توانیمان تا مانگی تەموز سێ هۆدەو هەیوانێك ڕاست بکەینەوەو بە کەرەستەی ساکاری ئەو کاتە وەکوو دەرگاو پەنجەرەی ئاسن‌و ئیتر پارەمان پێ نەما شوشە بکەینە پەنجەرەکانی‌و نایلۆنمان پێدا داکوتاو کارەباکەشمان بە سەیار ڕاکێشابوو. دەبوایە دوای تەواو بونیش وێنەیەکی سەرۆکی فەرماندە سەددام حسێن بە گەورەیی هەڵبواسرایە، هەرکەس ئەوەی نەکردایە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرا. کارەباو ئاوو شەقامی قیر هەمووی لەماوەیەکی کەمداو پێش ئەوەی خەڵکەکە خانووەکانیان تەواو بکەن، تەواو بوو. بەڵام ئاوەڕۆی بۆ نەکرا، ئەوەش بوو بە هۆی زۆربوون‌و پەرەسەندی مێشولەیەکی زۆر، کەبەشەودا خەویان لە خەڵکی هەراسان کردبوو.

عەبدولڕەزاق ئەو پیاوە باڵا بەرزەی ڕژێم بوو کەبوو بوو بە مێملی خەڵکی‌و پەرەی بە ڕێکخستنەکانی بەعس دەداو سەری بە هەموو شوێنێکدا دەکرد، خەڵکی ئیجبار دەکرد بن بە جەیشی شەعبی‌و ڕێکخستنی ژنانی پەرە پێ دەدا. لەبەر خزمەتە زۆرەکەی حزب ئۆتۆمبێلێکی کرۆلای مۆدێل ١٩٩٠ی سفری پێ بەخشی. دواتر لەکاتی جەنگی کوەیت دا لەبازاڕو ماڵەکاندا بە شوێن ئەو سەربازە هەڵاتووانەدا دەگەڕا کە لە شەڕی کوەیت هەڵاتبوون‌و بەتەما نەبوون بچنەوە بۆ سەربازی. عەبدولڕەزاق بەتەنیا ئەمەی پێ نەدەکرا، بەڵکو چەندین کەسی کوردی خۆمانی لەگەڵدا بوو، هاوکارییان دەکردو خەڵکیان ڕاودەنا. ئەو کوردانە کەسوکارو خزمی نزیکی خەڵکەکە بوون بەڵام بەشێوەیەك خۆیان لێ گۆڕابوو، وایان دەزانی ئەو ڕژێمە هەتا ڕۆژی قیامەت بۆیان دەمێنێت، هی وایان تێدابوو لە ماڵاندا دەرگای ژوورەکانی لادەداو دەیوت ئەوە فلان کەسی کوڕتان لێرەیە یان چووەتەوە بۆ سەربازی. بەڵام بە داخەوە کاتێ ئەو ڕژێمە بۆگەنە ڕوخا، ئەم پیاوانەی بەعس لەگوڵێك کاڵتریان پێ نەوتراو لە ناو حزبە کوردییەکانیشدا لە ڕیزی پێشەوەو ڕێزلێگیراو بوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بارام نەجیب بارام ناسراو بە بارام بەگ

بارام بەگ ناوی تەواوی (بارام نەجیب بارام)ەو ساڵی **١٩١٣** لە گوندی سۆسەکان لە ناوچەی هەورامان لە دایك بووە. ئەو گوندە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شارەدێی بیارەیە لە پارێزگەی هەڵەبجە.



بارام بەگ دوو ژنی هێناوە بەناوەکانی حەنیفەو ئایشەو ٧ منداڵی لێیان هەبووەو ئێستەش هەندێکیان لە ژیاندا ماون.ساڵی ١٩٨٩ بارام بەگی قسەخۆش لە هەڵەبجەی تازە کۆچی دواییکرد.

ئەمەش هەندێ لە قسە خۆشەکانی بەرام بەگە:

- پێش کیمیابارانی هەڵەبجە، بارام بەگ بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبوو سەردانی کەلار ئەکات لە هەڵەبجەوە، حەوت هەزار دیناری ئەوکاتی وەك قەرەبوو پێدراوە، لەکاتی گەڕانەوەی ئەچێتە گەراج، ئەڵێت: سەرەی کێیە بمباتەوە، ئیتر ئەبێتە شەڕ لەسەر سەرە هەر یەکەو ئەڵێت سەرەی منە، ئەویش ئەڵێت ڕاوەستن ڕاوەستن، بەچەند ئەچنەوە تا هەڵەبجە؟

یەکێك لە شۆفیرەکان ئەڵێت نیو دینار

- ئەویش ئەڵێ تەڵاقی کەوتبێت ئەبێت هەر هەمووتان لەگەڵم بێن، بیست سەیارەی خستووەتە دوای خۆی تا هەڵەبجە بە دەدینار.

- جارێکیان لە کاتی تاوڵە کردندا بۆ زارێکی ٦ بارام بەگ ١٤ جار زارەکەی هەڵدابوو بەڵام ٦ی بۆ نەهاتبوو، ئەویش تووڕە دەبێتو تاوڵەکەی دادەخاتو زارەکانیشی فڕێ داداتە سەر بانی چایخانەکەو دەڵێت: سێ بە سێ تەڵاقی کەوتبێت بڕۆن سەیری کەن ئێستا دوو شەشە!

- تەڵاقی کەوتبێ کەس خاوەنی تەسبیحی دەستی خۆی نیە، یان لە کەسێکی بردووە یان کەسێك لێی ئەبات.

- تەڵاقم کەوتبێ نەگبەتی گەورەی کورد لەو ڕۆژەوە دەستیپێکرد کە بەدرۆیان وت سیاسەت.

- بارام بەگ سێ بەسێ تەڵاقی خواردووە کە یاپراخ قەت سارد نابێتەوە. کە ساردیش بۆوە قەت گەرم نابێتەوە.

- سێ بە سێ تەڵاقی کەوتبێ خوێدانێك دەست ناکەوێت بە باشی خوێی پێدابێت.

- سێ بەسێ تەڵاقی کەوتبێ عەلادین قاچی خۆی گەرم ناکاتەوە، جا چۆن قاچی من گەرم دەکاتەوە.

- سێ بەسێ تەڵاقی کەوتبێ هەرکات پیاو لە ماڵەوە گۆرەوی لە پێ بێت، هەرچی نەعل هەیە لەو ماڵەدا هەمووی تەڕە.

- سێ بەسێ تەڵاقی کەوتبێ کورد بخەیتە ناو سندوقی ساردییەوە، یەکڕیزییان تێدا نابینیت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٩:

١٩٨٩/٢/١٤ خومەینی فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی دەرکرد کە کتێبێکی بەناوی (الایات الشیطانیة) نوسیبوو.



١٩٨٩/٦/١٢ ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی (مجلس التعاون العربی) لە نێوان عێراقو ئوردونو میسرو یەمەن لە شاری بەغدا پێکهێنرا. لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکە هەریەکە لە سەدام حسێنو محەمەد حوسنی موبارەكو عەلی عەبدوڵا ساڵحو شا حسێن کوڕی تەلاڵ لەناو ئۆتۆمبێلێکی بێ سەقفدا لەناو شاری بەغدا دەگەڕانو خەڵکی گوڵبارانو پێشوازی لێ دەکردن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٩/٢/١٩ مەفرەزەیەك پێشمەرگەی پارتیزانی یەکێتی بە فەرماندەیی مەلا ئەحمەد کەلاری لە گەرمیان بوون بە ژێر ئەشکەوتێکەوە بە ناوی داری خلە، هەمویان گیانیان سپارد. ئەمەش ناوی پێشمەرگەکانە: نوری قادر ڕەحیم، دارا قادر سەمین، حەیدەر محەمەد کەریم، حەمید قادر کەریم، سەلام محەمەد حسێنو ڕەحیم ڕەشید ئەحمەد.

١٩٨٩/٣/١٨ عومەری عەلی مستەفا کوڵکنی دەستگیرکراو دواتر بۆ ماوەی ٥ ساڵ حوکم درا.

١٩٨٩/٣/١٩ کۆچی دوایی سکرتێری پاسۆك ئازاد مستەفا بەنەخۆشی شێرپەنجە لە وڵاتی سوید.

١٩٨٩/٤/١٢ کاك میرزا حەسەن سەرۆك عەشیرەتی نەورۆڵی لە ڕەوانسەر کۆچی دواییکرد.

١٩٨٩/٤/٣٠ ئیفتیتاحی شاری هەڵەبجەی تازە کرا لەلایەن عیزەت دووریەوە.

١٩٨٩/٥/٤ تیرۆر کردنی عەدنان خەیروڵا لە لایەن سەددام حسەینەوە بە بۆمب ڕێژکردنی هیلیکۆپتەرەکەی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## پرسەکەی عەدنان خەیروڵام لەبیرە

ئەوکاتەی عەدنان خەیروڵا، وەزیری بەرگری سەدام لەفڕۆکە کەوتە خوارەوە. ساڵی ١٩٨٩. من منداڵ بووم، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم. ئەوکاتە لەکۆمەڵگەی زۆرە ملێی برایەتی (باریکە) نزیکی عەربەت دەژیاین. تازە بەتازە کیمیاوی هەڵەبجەو ئەنفال کرابوو، شاروشارۆچکەکان بەدەستی عەدنان خەیروڵا

خاپوور کرابوون. جا مزگەوتێك هەبوو، لەو مزگەوتەدا بڕێکی زۆر لەپیاوانی ئەو کاتە پرسەیان بۆ عەدنان خەیروڵا دانابوو. نیوەیان بەڕیز وەستابوون پێشوازییان لەخەڵك دەکرد، ئەگەر یەکێکیش نەچوایە بۆ پرسە گلەییان لێدەکرد. بێ ئەوەی عەرەبێك لەو پرسەیەدا بێت. هەموویان کوردی ناو موجەممەع بوون. ئامادەکرابوون بۆ لەناوبردن. دێهاتیان وێران کرابوو. کەچی لەسەر هەموو ماڵەکان ئاڵای ڕەش هەڵکرابوو بۆ مردنی ئەو کابرایە.

کورد ئەوەندە وشیاری لاوازە، هیچ میللەتێکی تری دنیا وانیە. کرۆمۆسۆمی جاشایەتی. هەموو جەستەی کوردی تەنیوە. باشە ئەو گەلانەی ستالین قەتڵوعامی کردنو ناردنی بۆ مەجمەعەکانی سیبریا، یان ئەوانەی فەرەنسا وێرانی کردنو لەجەزائیر بەکۆمەڵ ئامادەی کردبوون بۆ قەتڵو عامو لەمەجمەعدا کۆی کردبوونەوە، هیچیان وەك کوردیان کرد؟. باشە کورد بۆچی ئاوا تێك شکاوە، ئیلاهی؟ پرسەکەی عەدنان خەیروڵا لە مەجمەعی برایەتی. ئێستاش لەناو مێشکمدا ماوە. ئەو پیاوانەی بەڕیز وەستابوونو سەرخۆشییان لەیەکتر دەکرد. لەکاتێکدا ئامادەکرابوون بۆ لەناوبردن. بێ ئەوەی کەس باسیان بکاتو سوپاس بکرێنو کەسێك حسابیان بۆ بکات. ئەم جاشایەتییە لەناو هیچ میللەتێکی تردا هەبووە، نمونەیەکم پیشان بدەن!

بۆیە سەختە میللەتێکی وا تێکشکاو بهێنرێتەوە ڕیزی نەتەوە زیندووەکانی دنیا. بۆیە ئاساییە سەربەخۆییان نەوێت[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**١٩٨٩/٥/٥** بناغەی خانوەکەمان هەڵکەند لە هەڵەبجەی تازە.

**١٩٨٩/٥/٧** ماڵی کاك ڕەفیقو دایکم چون بۆ مواجەی کاك داراو حەمەی کاك عوسمان شەمێرانی کە لە موسڵ زیندانی کرابون.

**١٩٨٩/٦/٣** ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران خومەینی لە تەمەنی **٨٧** ساڵیدا کۆچی دواییکرد. "ڕوحوڵا کوڕی مستەفا موسەوی خومەینی"، ساڵی **١٩٠٢** لەدایکبووەو لە **٣**ی حوزەیرانی **١٩٨٩** لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاران کۆچی دواییکرد. ئەو یەکێك بوو لەسەرکردە دیارەکانی جیهانو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. توانی شۆڕشێکی گەورە بەرپا بکاتو سیستمی پاشایی برووخێنێتو بنەماڵەی پەهلەوی بەرکەنار بکات. مەراسیمی ناشتنی خومەینی بێوێنەو ڕیکۆدشکێن بوو. میدیا جیهانییو ئێرانییەکان

---

١ مەشخەڵ کەولۆسی، نوسەرو ڕۆژنامەنوس، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٧.

گوتیان ١٠ ملیۆن کەس زیاتر بەشداریی بەخاکسپاردنی خومەینییان کردووە، کە دەکاتە شەش یەکی خەڵکی هەموو ئێران لەو کاتەدا. لە هەموو جیهانەوە خەڵك بەشداریی مەراسیمەکەیان کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ئەو هاوینە حەماڵیم کرد

١٩٨٩/٦/١٠ ماڵمان لە سلێمانییەوە بار کرد بۆ هەڵەبجەی تازە، هاتینە خانووەکانی پورە خەجێ دایکی کاك حەسەنو کاك عەبدوڵا لە شەکرالی. پارەمان نەبوو، قۆڵی مەردایەتیم لێ هەڵماڵیو لە گەڵ چەند برادەرێکدا یەکێ لەوان مامە زاهیدم بوو، دەستمان کرد بە ئیش کردن لە لای مامە عاسی. مامەمو چەند کەسێکیتر لمو چەوو گەچو کەرەستەی بینایان دانابوو بۆ فرۆشتن. ئێمەش لەوێ حەماڵیمان دەکرد. عارەبانەی تراکتۆرێك لمان بار دەکرد بە یەك دینار، چەو بە دوو دینار، تەنێك گەچ پڕمان دەکرد بە یەك دینارو بارمان دەکرد بە دیناری ٚو دامان دەگرت بە یەك دینار. بەو شێوەیە ڕۆژی ١٠ دینارو زیاترو کەمترمان دەست دەکەوت، ئەوەش داهاتێکی باش بوو بۆ ئێمە، شت هەرزان بوو، مریشکێکی گەورە بە دوو دینار بوو، فەردەیەکی پەنجا کیلۆیی برنج ٥ دینار بوو. قاتێکی جلو بەرگی پیاوان لە باشترین جۆری قوماش بە دورینەوە ٢٠ تا سی دینار بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گەڕانەوەی هەڵۆکان بۆ گەرمیان

١٩٨٩/٦/٢٢ مەفرەزەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بریتی بوون لەم کەسانەی لای خوارەوە خۆیان ئامادەکرد لە ئێرانەوە بێنەوە بۆ گەرمیان کەوەکوو پێشمەرگەی پارتیزان خەبات دەست پێ بکەنەوە، ناوەکانیش ئەمانە بوون: کوردۆ قاسم، مەحمود سەنگاوی، میقداد برای شەهید شێخ جەمال، حەمە ئێرانی، حەمە پاریاوڵە، هەژار، شەهاب خانەقینی، ئازاد قەرەوڵسی، ماجد فەیلی، سوهاد داود، حەمە ئاخە، مامۆستا یاسین شێخ ئەحمەد، شەماڵ شێخ لەنگەری، حەمە چاوجوان، د. هاوڕێ ئەحمەد حەسەن شێخ لەنگەری، هەڵکەوت ئەحمەد غێدان، ئیبراهیم دیسکۆ[١].

١٩٨٩/٦/٢٣ مەفرەزە پارتیزانەکە ئوتۆمۆبیلێکیان گرت بۆ سەرووی دزلیو لەوێشەوە بە لاندکرۆزەرێکی لای برادەرانی خۆیانەوە سەرکەوتن بەرەو چیای سورێن بۆ بنکەی ڕەنگین کە پێشمەرگەی خۆیانی لێ بوو[٢].

---

١ مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٧١.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

۱۹۸۹/٦/۲٤ ئەو مەفرەزەیە لە کانی ڕەنگینەوە بەرەو شارەزوور دابەزینو بەناو کێڵگەی مینی شارەزووری کپو بێدەنگدا تێپەڕیان کرد، مەحمود سەنگاوی فەرماندە لەو مەفرەزەیە دەگێڕێتەوەو دەڵێت:



"جاران بە ناو خەڵكو ئاوادانیدا ئەڕۆشتین ئێستاش بە ناو کێڵگەی مینو چۆڵەوانیدا. شارەزاکانمان بریتی بون لە برادەران فازڵ شیرەمەڕیو ڕەوفی حاجی سابیرو خەلیل سەرکانیو حەمە سیاسیو کەماله خڕە بوون کە ئەمانە هەموویان پێشمەرگەی چالاکی شارەزوورو شارەزایەکی باشی ناوچەکە بوون ئەمانە جگە لە حەمە سیاسی هەتاکوو شارباژێر لەگەڵماندا هاتنو هەر کە لە شاخی سورێنەوە شۆڕ بووینەوە هەستمان بە شادییەك دەکرد کە گەردی خوربەتی ئەسرپەوەو شارەزوور ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو هەتا چاو بڕی کردایە هەر ڕەبایەو مۆڵگەی دوژمن بوو. بۆ شەوەکەی لای شیرەمەڕەوە دابەزینو چووینە لای کوڵکنییەکانو بەناو کێڵگەی میندا بە بێدەنگی دامان لە جادەی سەیدسادق، هەڵەبجەو گەشتینە کەلاوەکانی تەپەڕێزینە. وەختێکمان زانی لە ۱۰ مەتری نزیکی ڕەبایەکەی دوژمنین، نەمان زانی ڕەبایەی لێیە. لەو کاتەدا سەربازە پاسەوانەکە کە چەکێکی بیکەیسی پێ بوو داینا و ڕۆشت سەربازەکەی دوای خۆی بۆ پاسەوانی هەڵسێنێ، گەر بمان ویستایە چەکەکەمان ئەهێناو سەربازی داماو پێی نە ئەزانی. بە ئەسپایی تێپەڕ بووین لەوێوە چووینە دێی تەپەسەرقووڵە، لە ناو ئەو زەلو ژاژو قەڕەمەدا ماینەوە، زۆر ماندووبووین تا ئەو ڕادەیەی نانمان پێ نە ئەخورا"[1].

۱۹۸۹/٦/۲٥ مەفرەزە پارتیزانەکە لەناو چەقی شارەزووردا بەئەوپەڕی وریاییەوە گوند بەگوند ڕێگایان دەبڕی، بۆ ئەوەی لە کەمترین کاتدا بگەن بەجێگای مەبەست. با هەر لەزاری مەحمود سەنگاوی خۆیەوە بزانین چۆن ڕێگایان تەی کردووە: "بەیانیەکەی لە تەپەسەرقووڵەوە ڕۆشتینو لە ڕاستی دێی گامێش تەپەبە سەر جادەی گشتیدا گەشتینە پشتی دێی شانەدەریو دڕكو داڵ زۆر بەرز بووبوویەوە بە شێوەیەك ئەبوایە هەر جارەی یەکێك ڕچەی دڕکەکەی بشکاندایەو ڕێگەی بکردایەتەوەو زۆر زۆریش تینومان بوو لەوە دەترساین لە تینوێتیدا بخنکێین، کە نزیك چەمی چەقان بووینەوە گوێمان لە خوڕەی ئاوەکە بوو وە بە

١ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢-٢٧٣.

پەلە هوتەرەمان کردە سەریو بینجمان پێوەناو ئەونەمان ئاو خواردەوە هەناسەمان کورت بوو بوو. دوای پشویەکەی کورت لە چەمی پەریەرەوە بەرەو دۆڵی گەلاڵ ڕۆشتینو بێئاگا بووین لەوەی دوژمن بۆ کێومالّکردنی ناوچەکە دەرچووەوەو پێش ئێمە ڕۆشتووە، کە ڕۆژ بوەوە گەشتینە بەردەم قەلاّی سروچك لە دێی قەویلە، هیچ جێگایەك نەبوو بۆی بچینو لە پاڵ هەندێ گاشە بەرددا لە چەقی ڕێگاکەدا خۆمان دا بە زەویداو خەومان لێ کەوتو وەختێ خەبەرم بۆیەوە خۆر لێی دا بووینو قاچو قولمان ئەوەندە دڕكو دالّێ پیا چەقی بوو خوێناوی ببونو ئەوەندەش بە ناو سوتاویدا ڕێمان کردبوو ڕەش هەلّگەڕابووینو ڕەنگ لە ڕووماندا نەما بوو. برادەرانم لە خەو هەلّساندو زۆرمان تینوو بوو، لە سەروو خۆمانەوە ئەشکەوتێك بەرامبەر قەلاّکە هەبوو کۆتری تێ ئەچووو هەستم کرد ئاوی هەبێ بە برادەرانم وت:، من ئەچم بۆ ئەو ئەشکەوتە جیهازەکانتان بکەنەوە ئەگەر ئاوی هەبوو بە جیهاز پێتان دەلّێم وەرن بۆ لای منو ئەگەر ئاویشی نەبوو دێمەوە بۆ لاتان، کە چوومە ئەشکەوتەکە تەماشام کرد حەوزێکی پڕ ئاوی تێدایە بۆیە ئەو کۆترانە لەوێ کۆ دەبوونەوەو ئاهێکم پێدا هاتو جیهازێکم بۆ برادەران کرد، هەتا ئەوان هاتن من خۆم شۆردو هەندێك چیلکەو چەوالّم کۆ کردەوە بۆ چا لێنان. دوای پشوو دان بە دۆڵی گەلاڵدا بەرەو بەرزنجە ڕۆشتینو لە ڕێگا لە کانیەك ئاومان خواردەوەو مەتارەکانیشمان پڕ کرد, مام ڕەئوفی حاجی سابیر کە ڕێ نیشاندەرمان بوو پێی وتین لە بێ ئاوی مەترسن دێی ئەشکەوتان لە پێشمانەوە هەیە ئاوی باشو زۆری هەیە، کە چووینە ئەوێ بۆ نەگبەتی ئاوەکە وشکی کردبوو بەلاّم ئەشکەوتێکی فێنکی لێ بوو کەمێك تێیدا حەساینەوەو بەرەو دەشتی زەلّێی خوار ناحیەی بەرزنجە کەوتینە ڕێ،و زۆرمان تینوو بوو لە حەیبەتانا هەلّووژەی کالّمان ئەخستە دەممان کەچی ئەوەنەی تر دەممو لێومانی وشك کرد. چووینە دێی گێلدەرە بۆ ئاو خواردنەوە کەچی بارەگایەکەی سەربازی لێ بووو لەوێوە بەرەو دێی کاژاو ڕۆشتینو لەوێش چادر هەلّدرابوو لە ناو چادرەکاندا چرا ئەگڕا. لە تینوێتیدا ئەوەندە شپرزە بوو بووین وتمان ئەگەر بشکوژرێین دەبێ ئاو پەیدا بکەینو برادەران فازیل شیرە مەڕیو حەمە سیاسیمان نارده سەر کانی دێکە، کە ئاویان هێنا هێندە ئاومان خواردەوە زۆربەمان دلّمان تێك هەلّهاتوو ڕشاینەوەو ئینجا بەرەو خواروی دێکە کەوتینە ڕێو تەماتە چێنرا بووو وە تێگەشتین ئەمە مالّی ئەو خەلّکانەیە کە نێردراونەتەوە بۆ کشتوکالّ بۆ ئەوەی کە پێشمەرگەیان بینی خەبەری لێ بدەنو لەو ناوەدا تا کاتژمێر ٥ی ئێوارە ماینەوەو لەوێوە برادەران کەمالە خڕەو فازیل شیرەمەڕیو مام ڕەوف گەڕانەوە بۆ ئێرانو حەمە سیاسیش لەگەلّ ئێمەدا مایەوە. دوای ئەوە بە ڕێ کەوتین بۆ دێی پوشێنو کە چوینە سەر شاخەکە کاکە حەمە پاریاولّە

پەکی کەوتو ناچار بووین کە بگەڕێینەوە لە ناو دارستانەکەی نزیك پوشێندا میقدادو برایمو سوهاد م نارد بۆ ئاو لە ناو پوشێندا کە وێران کرا بوو کە گەڕانەوە وتیان خەڵکی لێیەو ئیتر لەو ناوەدا خۆمان شاردەوە وتمان با نەمان بینین"[١].

١٩٨٩/٦/٢٨ بەهۆی هاوینی گەرمی شارەزوورو بناری شارباژێڕو دەسەڵاتی فراوانی حزبی بەعس لە ناوچەکەدا کە بستێك جێگا نەمابوو ڕەبیەو بارەگای سوپای عێراقو جاشی لێ نەبێت، ئەو مەفرەزە پارتیزانە زۆر بە ئەستەمو ماندووبونێکی زۆر ڕێگایان دەبڕیو بەرەو شوێنی مەبەست خۆیان دابویە دەست چارەنوسێکی نادیار، مەحمود سەنگاوی دەڵێت: "لە پوشێن تا کاتژمێر ٥ی ئێوارە ماینەوە تینوێتی بڕستی لێ بڕیووین بە برادەرانم وت: وا خەریکە لە تینوانا ئەخنکێین ئەبێ بچین بزانین ئەو خەڵکانە کێن کە لە ناو پوشێندان ئەگەر خراپەکاربوون ئەیانگرین، برادەران ڕۆشتن بۆ سۆراخ کردنو دوای ماوەیەك هاتنەوە، وتیان ئەو خەڵکانە بوون بۆ کوشتوکاڵ دێنە ناوچەکە تا چوینە نزیکیان ئەوان بەرەو عەربەت ڕۆشتبوونەوە. ئیتر ئێمە چووینە سەر کانیو ئاوەکەو شوێنێکی خۆشو ئاوێکی ڕوونی هەبوو. دوو ساڵ بوو چای عەلەمان نە دی بوو، ئەو زەلامانە چای زۆریان دانابوو، لەسەر حسابی ئەوان ناوی خوامان لێ هێناو چایمان لێناو کاکە حەمە پاریاوڵەشمان ڕووتکردەوەو خستمانە ناو حەوزەکەوەو ئاومان پیا ئەکرد تا گورج بێتەوە، کە خۆی شۆرد هەستی بە چاك بوونەوە ئەکرد. دوای پشوودان بەرەو چیای پشتی ئەشکەوتە ڕەش ڕۆشتین هێشتا دنیا تاریك نەبوو بوو، خۆمان حەشاردا تا دنیا تاریك دابیو لەوێوە بۆ دۆڵی دوکانیان شۆڕ بینەوە کە زۆر جار بەو دۆڵەدا بە پیادە یان بە تراکتۆرو ئۆتۆمبیل ڕەتبووبوین لە کاتی هاتوو چۆکانماندا لە گەرمیانەوە بەرەو شارباژێڕو سەرکردایەتی. کە نزیکی دۆڵەکە بوینەوە گوێم لە دەنگە دەنگێ بوو ڕووانیم لە بەردەمماندا لەسەر جادەکە ڕەبایە هەیە، ٩ سەربازمان ژمارد، ناچار خۆمان ماتتدا تاکوو تارییکی بە تاواوەتی داهات. ، ئەوسا لە جادەکە پەڕینەوەوو بە شاخەکدا ڕۆشتین بۆ دیوی کەلاوەکانی دێی کۆزە ڕەقە، لەوێشەوە لە جادەی عەربەت، سلێمانی پەرینەوەو چوینە دێی یەخی ماڵی لەوێ ئاویکمان خواردەوەو دامان لە ئاوی تانجەرۆو تێمان تەقاند بۆ بناری باخچە. چوینە بەردەم هەرەسەکانی ڕۆژئاوای دێکە ئەوەندە ماندوو ببوین شلوکول بووبووین هەر کە گەشتینە ئەوێو پاڵمان دەیەوە یەکسەر خەومان لێکەوت کە خەبەرم بۆیەوە تەماشام کرد لەو لامانەوە گاگەلێك ئەلەوەڕێو سەرشاخیش پڕە لە سەربازو جەیش، وادیاربوو کێوماڵیان ئەکرد. برادەرانم وریا کردەوەو لەو شووێنەدا ماینەوە تا کاتژمێر ٦ی ئێوارە ئاومان پێنەما بوو زۆریش تینوومان بوو هەستام بە دوای ئاودا بگەڕێم هەر لە ٥٠ مەتری دووری

١ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣-٢٧٤.

خۆمانەوە ئاوێکی پاكو خاوێن هەبوو تێر ئاوم خواردەوەو گەڕامەوە لای برادەران وتیان: ئاوت دۆزیەوە؟ وتم: پەلە مەکەن با تۆزێ درەنگ بکات ئاومان لێوە نزیکە. میقداد خۆی پێ ڕانەگیراو بە شوێن پێکەی مندا هەڵسا چووە سەر ئاوەکە بە دوایدا برایم ڕۆشت ئینجا مامۆستا نەجم، وای لێ هات جاشەکانی سەر شاخ هەستیان کرد کە خەڵکی لێیە. هەندێ هاواریان کرد بەڵام نەهاتنە خوارەوە"[1].

مەفرەزە پارتیزانەکە لە گەشتەکەیان بەردەوام بوون، مەحمود سەنگاوی دەڵێت: "ئێوارەکەی بەرەو دێی میریاسی قەرەداخ مەسافەماندا لە سەر شاخ ڕەبایەی زۆر دانرا بوو لە سەر چەقی ڕێگاکە چادر هەڵدرابوو ناچار گەڕاینەوەو چووینە هەرەسەکەی پشتی دێی شەمە، کاك حەمە سیاسی وکاك سوهاد هەرچەندە زۆر ماندوو بوون ناردمانن بۆ ئاو بەڵام زۆر مەردانەو بە هیمەت بوون. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی لە ئێرانەوە دەرچووبووین پەیوەندیمان لەگەڵ برادەراندا بچرابوو. جیهازێکمان پێبوو لەگەڵ جفرەدا، من ناوم حاجی بوو، ویستم جیهاز بکەم تاکو هەواڵێك بزانم کە جیهازەکەم کردەوە کاك بەرزانی حەمە ی مینا کە بە جیهازێکەوە لە سەر سوورێن بوو بۆ پەیوەندی کردن، بانگی حاجی کرد، وەڵامم دایەوە: فەرموو حاجیت لەگەڵە. بۆ ئەوەی یەکتری بناسینەوە نهێنیمان ئەوە بوو من بڵێم سەعیدم لەگەڵدایە. لە جفرەکەدا دێی شەمە ژمارە ٢٥ بوو. ژمارەکەم پێداو دڵنیا بوو لە گەیشتنو مانەوەمانو ئاگاردیشم کردەوە وەزعمان باشە"[2].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٩/٧/٨ دەستگیرکردنی مامۆستا ناسری سوبحانی لە لایەن ئێرانەوە.

١٩٨٩/٧/١٣ دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا تیرۆر کرا.

١٩٨٩/٧/١٥ کۆچی دوایی زاناو مامۆستاو موفەسیر شێخ محەمەدی خاڵ.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## جرجە تۆپیوەکەیان بە ڕۆنەکەوە خوارد

١٩٨٩/٨/٦ پارتیزانەکان لە ژیانێکی سەختو کولەمەگیدا لە ناوچەکانی قەرەداغو گەرمیان بەردەوامییان بە خەباتو شۆڕش دەدا با لە زمانی مەحمود سەنگاوییەوە بزانین چۆن ژیانیان لێ گوزەراوە: "چەند ڕۆژێك بوو ڕۆنمان لێ بڕابوو ئاخە وتی: من لەساڵی ١٩٨٨ لە دەووری مەسۆیی لە شووێنێکدا قووتویەك ڕۆنم قایم کردووە سەرقاپی نەبووە ئەچم ئەیهێنم. چوو ڕۆنەکەی هێناو هاتەوە. ئەو قوتووە ڕۆنە یەك ساڵی بەسەرا تێپەڕیبوو پێزی نەمابوو، لەبەر خۆر سپی هەڵگەڕا بوو لەبەر نەبوونیو پێویستیش

---

١ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥-٢٧٦.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

چێشتیکمان لێکرد بۆ ژەمی دووەم کە کەوچکمان لێدا جرجێك دەرکەوت کە کەوتبووە بنیەوە، تووکی پێوە نەما بوو هەر گۆشتە سوورەکەی مابوو، برادەران ئێڵنجیان ئەدا وەزعیان خراپ تێکچوو منیش دڵم دانەوەو پێم ووتن: ئێمە تازە ڕۆنەکەمان خواردوەو هەزمان کردوە ئیتر ئێڵنجی چیتانە؟"[١].

١٩٨٩/٨/٢٩ جارێکی تر مام جەلال کادیرەکانی یەکێتی کۆکردەوەو مەسەلەی بەردانی مەلا بەختیاری خستبووە بەردەمیان ئەمجارەیان لێدوانێکی کەم کرابوو لەسەر ئەم خاڵانە:

١. گرتنیو بڕیاری کوشتنەکەی مردنێکی سیاسی بوو پێویست بە کوشتنی جەسەدی ناکات.

٢. مەلا لەمەولا خیانەت ناکاتو تەسمیلی عێراقیش نابێتەوە، مەترسی لەسەر ڕێکخستنەکانی خەڵکیش نیە.

٣. هیچمان لەسەر ناڵێ گەر وتیشی گرنگ نیەو ڕەت ئەدرێتەوە.

ئیتر دوای ماوەیەك ئازاد کراو پەڕوەندی مەسەلەکەی داخراو گەیشتەوە ناو برادەرەکانی لە ڕاژان. ئەگەرچی ئاستەکان لە دوای ئازارکردنی مەلاوە دوو لایەنی لێپەیدابوو لایەکیان دژی بوون لایەکەیتریشیان پشتیوانیان لێئەکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٩/٩/١٣ نزیکەی ٥٠ کەس لە ڕێکخراوی بەدری شیعە لە ئێرانەوە بەناو کوردستاندا بەڕێکەوتن بۆ ئەوەی بچنە ناوەڕاستو خوارووی عێراق، دەبوایە هێزی پارتیزانی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناوشار هاوکارییان بکردنایە، مەحمود سەنگاوی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "بە دەم ڕێگاوە بووین بۆ لای پەناگەکەی کاك کوردۆو برادەرانی لەم کاتە دا بروسکەیەکی هەڤاڵ مام جەلالم بە جیهازە بچوکەکان وەرگرت:

لە مام جەلالەوە

بۆ مەحمود سەنگاوی

هەندێ میوان دێنە لاتان، ئەوانە میوانی منن، هەرچی لە تواناتانا هەیە بۆیان بکەن.

میوانەکان لە جەماعەتی لەشکری بەدر بوون، بە کاروباری تایبەتی خۆیان ئەچوونە خواروو ناوەڕاستی عێراق. کاتژمێر ١٢ی شەو گەیشتینە لای کاك کوردۆ لە سەلاجەکە کە شووێنێکی نادیارو فێنكو خۆش بوو لە نزیکی دێی پاریاوڵە، میوانەکانیش کە لەلایەن برادەران سەلامی کوێخا عەزیزو مەحمودی مامە عەزەوە لە سنووری بەمۆوە گەیەنرانە پەناگەکانی سەرووی باوەنوور کە کاك کوردۆو برادەرانی تری لێ بوون. ئەمانە ژمارەیان ٥٠ کەس بوو، هەرچەندە لەم کاتەدا ئێمە خۆمان وەزعمان باش

---

١ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٦.

نەبوو دوژمن گوشاری زۆری لە سەرمان بوو تەنانەت خەڵکی ناوشاریش هەمان گوشاریان لەسەر بوو نەخوازەڵا کۆمەڵێك میوانیش بنێردرێن بۆ ڕەوانە کردنیان بەرەو خوار بێ ئەوەی تووشی شتێك بن چوونکە بە ئەمانەت نێردراون ئەبێ لەلایەن ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە تەگبیریان بۆ بکرێ"[١].

١٩٨٩/٩/١٤ کشانەوەی دوا پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی لە باشوری کوردستان.

خەڵکی باشوری کوردستان بە جۆرێك نائومێدی ڕووی تێکردبوون، کە چی تر باوەڕیان بەشۆڕش نەمابوو، چونکە ئەوە بۆ چەندەمین جارە شۆڕش لە لوتکەی هێزو دەسەڵاتەوە بەپیلانێکی گڵاوی دوژمنان کپ دەکرێتەوەو ئاش بەتاڵی پێ دەکرێت. هەر ئەم نائومێدییە بوو خەڵکێکی زۆر بەناچاری ڕوویان لە جاشایەتی کردو قوتی ڕۆژانەیان کەوتبووە سەر ئەو نانە ڕیسواییە. هەروەها خەڵکانێکی تری نەفس نزم بوون بە سیخوڕو کۆیلەو ئەڵقە لەگوێی بەعسییەکانو سڵیان لەهیچ شتێ نەدەکردەوە. کاتێ کوردستان پێشمەرگەی لێ بڕاو خەڵکی بێ ئومێد بوون، بەعسییەکان بەتەواوی زۆریان بۆ خەڵکی هێنابوو، ژنو منالی خەڵکیشیان بەزۆر بانگ دەکردو دەیان کردن بەبەعسی. دەبوایە هەموو ماڵێك وێنەیەکی سەددام حسێنی هەڵبواسییایە، ئەگینا بە پێچەوانەوە سزای خۆی هەبوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٩/١٠/١ دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە لە سانەوی جمهوری لە سلێمانی لە پۆلی پێنجەمی زانستی بووم.

١٩٨٩/١٠/٤ شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی هەڵەبجە لە تاران کۆچی دواییکرد. بە ڕەحمەت بێت شێخ ئەحمەد یەکێ بوو لە پیاوانی ئەهلی تەسەوفو خاوەنی کەشفو کەراماتو حەڵقەی زیکر بوو، تەکیەکەی جێگای میوانو ڕێبوارانو خاوەن پێداویستییەکان بوو، چەند جارێ لە گەڵ دایکمو نەنکم دا ڕۆشتوین بۆ خزمەتیو لە خانەقاکەیدا نانمان خواردووە، دوای نان خواردن ژنێکی نابینای دەف ژەن بە دەف لێدانو لا الە الا اللە حەڵقەی زیکری گەرم دەکرد.

١٩٨٩/١٠/٥ لە سانەوەی جمهوری سلێمانیەوە خۆم نقڵ کرد بۆ سانەوی مەولەوی لە هەڵەبجەی تازە. کۆمەڵێك هاوڕێی باش لە پۆلی پێنجەمی زانستی پێکەوە بوین لەوانە: عەتا حەمە ڕەحیم خورماڵی، محەمەد حاجی حەمە ئەمین شەمێرانی، فەیسەڵ ئیبراهیم عەزیز شیرەمەڕی، حەسەن خورماڵی، هەورامان نەسرەدین بەڵخەیی، سەروەر قوربانی هاواری، کوردەوانی شێخ مەحمودو برایەکی، جەمال حاجی عوسمان

---

١ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٤.

له سیروان، سێ کچ تەنها ناوی دوانیانم بیرماوە، ژیانو ئەدیبە، جەلیل ناوێك، کەریم حسێن لە وارماوا، فایەق لە وارماوا، ئەحمەد حامید، ئیبراهیم حەمە سەعیدن عەبدولاَن نەوشیروان حەمە و فاتح لە وارماوا.



١٩٨٩/١٠/٢٠ مام ڕەوف حاجی سابیر بە هۆی تەقینەوەی ڕومانەوە لە کانی دینار گیانی بەختکرد.

"بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی شەهید بوونی مام ڕەوفی حاجی سابیری برای کاکە حەمە ی حاجی سابیرمان بیست کە فەرماندەیەکی قارەمانی تیپی ١٥ی هەورامان بوو، لە هاتنە خوارەوەماندا بۆ گەرمیان لە مانگی ١٩٨٩/٦ دا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاو فرە ماندوو بوو"[١].

١٩٨٩/١١/١٠ دیواری بەرلین ڕوخاو هەردوو ئەڵمانیا یەکیان گرتەوە.

١٩٨٩/١١/١٢ لە ڕێگەی ئێزگەکانی جیهانەوە هەواڵی دەرکردنی یەك ملیۆن کرێکاری میسری لە عێراق بیسترا.

١٩٨٩/١١/١٧ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا سالحی گەورەی هەڵەبجە.

١٩٨٩/١١/١٨ کاك حسێنی خەلیفە ڕومانەیەك تەقی بە دەستیدا لە ئەنجامدا دەستی قرتاو خۆشی بە خەستی بریندار بوو.

١٩٨٩/١١/٢١ کەشفی عەقار هات بۆ هەڵەبجەی تازە، ئەو ماڵانەی سەرەیان بوو کەشفیان بۆ کرا کە هەرماڵێك شەش هەزار دیناری سویسری وەردەگرت.

١٩٨٩/١١/٢٣ هاولاَتیانی هەردوو ئەڵمانیای خۆرهەلاَتو خۆرئاوا دەستیان کرد بە ڕوخاندنی دیواری بەرلین، کە لەیەکی جیاکردبوونەوە.

١٩٨٩/١٢/١٢ پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەمین کۆنگرەی خۆی لە مەرگەوەڕی خۆرهەلاَتی کوردستان بەست.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## وشیار بیاوێڵەیی شەهیدی زیندوو

١٩٨٩/١٢/٢٨ ئەو برادەرانەی کەوتبوونە ڕێ بۆ ناوچەمی بەمۆ لە خۆرهەلاَتی ملەی سەرتەك لە پشتی کانی کەڵەوە کەوتبوونە ناو کێڵگەی مینو وشیار بیاوێڵەیی کە شارەزای مین




---

١ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢.

هەڵگرتنەوە بوو بەر ئەکەوێتو لاقێکی ئەپەڕێو برادەران پەکیان ئەکەوێو ئەگەڕێنەوە بۆ ئێران [1].

وشیار بیاوێڵەیی، کە ناوێکی دیارە لە باشوری کوردستان توانیویەتی زیاتر لە دوو هەزار مینی چەتەکانی داعش پوچەڵ بکاتەوە، هەروەها لەڕێگەی دروستکردنی مۆزەخانەیەکەوە سەرجەم ئەو مینو تەقەمەنیانە نمایش دەکات کە کۆی کردونەتەوە. وشیار عەلی بیاوێڵەیی کە بە وشیاری مین-یش ناسراوە، لە ساڵی ١٩٨١وە سەرقاڵی کۆکردنەوەو پوچەڵکردنەوەی مینو تەقەمەنییەو تا ئێستاش زیاتر لە دوو ملیۆنو ٣٨٦ هەزار مینو تەقەمەنی جۆراو جۆری لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگرتوەتەوە هەر لەو پێناوەشدا هەردوو قاچی لەدەستداوەو لەشەڕی چەتەکانی داعشیشدا بریندار بووە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٨٩/١٢/٣١ کۆچی دوایی ئەندامی بەرزی یەکێتی دکتۆر خەسرەو مستەفا خاڵ لە شاری دیمەشقی سوریا، بەهۆی نەخۆشییەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٠

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٠:

١٩٩٠/٢/١٣ ڕژێمی بەعس لە ناو شاری هەولێرو لە مەلعەبی یاریکردنەکەدا نۆ هاوڵاتی بێ تاوانی گولەباران کرد.

١٩٩٠/٢/١٩ بەفرێکی زۆر ئەبارێو دنیای داپۆشی بوو، تەمێکی تاریکیش پەیدا بوو، دواتر تەمەکە ڕەویەوە، لەبەر سپێتی بەفر هیچ شتێك بەدەرەوە نەما بوو.

١٩٩٠/٣/٤ سەعە دڕکەیی لەسەر دەستکاری کردنی ئیجازەی جاش ١١ ساڵ حوکم درابوو، لەبەر ئەوەی ٣ نۆت شوجاعەی هەبوو ٩ ساڵی بەر عافواتی ئەو نۆتانە کەوتو ئەبێ ٢ ساڵەکەی تر زیندانی بکرێت[2].

١٩٩٠/٣/٨ کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە وڵاتی ئێران، کە تایبەت بوو بەلێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کوردستانی باشور.

١٩٩٠/٣/١٦ مامە حاجی ئەحمەد عەلی سان ئەحمەد شەکرالی مامەی باوکم لە هەڵەبجەی تازە کۆچی دوایی کرد.

١٩٩٠/٣/١٨ شەهیدکردنی مامۆستا ناسری سوبحانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەمنیی ئێرانەوە.

---

١ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.

٢ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٧.

١٩٩٠/٣/٢١ له پۆلی پێنجەمی زانستی بوم سەیرانێکی خۆشمان کرد له گەڵ قوتابیانی قوتابخانەی سانەوی مەولەوی (ئالان) له سیارەو چنارە.

١٩٩٠/٣/٢٥ کۆچی دوایی حاجی عەبدولقادر حسێن تەپەرێزینەیی.

١٩٩٠/٤/٩ کۆچی دوایی شاعیر شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندنی (بێوەی).

١٩٩٠/٤/١٤ مەفرەزە پارتیزانەکەی یەکێتی به فەرماندەیی مەحمود سەنگاوی گەرمیانو قەرەداغیان بەجێ هێشتو بەرەو شارباژێر کەوتنەڕێ لەوێشەوە بۆ بارەگاکانی ناو ئێرانو شادبوونەوە به مالومنالو کەسوکار. گێرانەوەی باسی پارتیزانی تەنها بەدەمو قەڵەم کاغەز خۆشە، ئەگینا له ڕاستیدا تاقەت پڕوکێن بووەو تەنها ئەو کۆمەڵە خەڵکە بەرگەی ئەو هەموو ئازارو ناخۆشیانەیان گرتووە. نه خەویان خەو بووەو نه نانیان نان بووە، هەموو چرکەیەکیش له دڵەتەپەی ئەوەدا بوون دوژمن بێتە سەریانو بیانکوژێت. بەردەوام له ڕووبەڕووبونەودابوون له گەڵ مەرگ. شیاوی خەڵاتی ئازایەتیو پێ زانین بوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## باوکی دوو شەهید له ئاوارەییدا سەری نایەوە

١٩٩٠/٥/٢٠ کۆچی دوایی حەمە ئەمین ساڵح تەپی سەفایی باوکی شەهید حەمە سیاسیو شەهید جەمال له جوانڕۆی ئێران.

محەمەد ئەمین ساڵح مستەفا له ساڵی ١٩٢٢ له گوندی پریسی سەروو له دایك بووە، له تەمەنی ٢٠ ساڵیدا چووەتە تەپی سەفای خواروو لەوێ ژیانی هاوسەری پێك هێناوە. له ساڵی ١٩٥٩ بووە به کادیری حزبی شیوعی عێراقی، له ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. بەردەوام بووە له خزمەت تا ساڵی ١٩٨٨ بووە به پێشمەرگە له ناوەندی کۆمەڵە. لەبەرواری ١٩٩٠/٥/٢٠ له شاری جوانڕۆ له ڕۆژهەڵاتی کوردستان به ڕوداوی هاتوچۆ گیان لەدەست دەداتو بۆ هەمیشە دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٠/٥/٢١ کۆچی دوایی هیجرانی شاعیر.

١٩٩٠/٥/٢٢ هەردوو کۆماری یەمەنی میللی دیموکراتیو یەمەنی باکور به ڕێبەرایەتی عەلی عەبدوڵا ساڵح یەکیان گرتەوەو بوون به دەوڵەتێك بەناوی کۆماری یەمەنی عەرەبیو شاری سەنعا کرایە پایتەختی ئەو دەوڵەتە.

١٩٩٠/٦/٢١ بومەلەرزەیەکی بەهێز شارەکانی ڕەشتو زنجانی ئێرانی هەژاند زیاتر له ١٥٠٠ کەس بوونە قوربانی.

١٩٩٠/٧/٥ دوای ئەوەی حکومەتی عێراق لێبوردنی بۆ ئاوارە عێراقییەکان دەرکرد کە لەدەرەوە نیشتەجێ بوون، ماڵی خاڵۆ تایەرو خاڵۆ مارفو خاڵۆ مستەفاو خاڵۆ حەمەو چەند ماڵێکیتری تەپی سەفایی لە کانی دینارەوە لە ئێران هاتنەوە بۆ هەڵەبجەی تازە. ماڵی خاڵۆ مارف هاتنە ماڵی ئێمە.

١٩٩٠/٨/١ خەریکی گوڵەبەڕۆژە بارکردن بوین، مامەم لە زەوییەکانی تەنیشت هەڵەبجەی تازەدا پەڵەیەك گوڵەبەڕۆژەی کردبوو، ئەو ڕۆژە کرێکاری لە باریکەوە بۆ هێنابوو، بڕیبویانو باریان دەکرد. ئێمەش لەوێ بوین. تراکتۆرەکەش ئەنوەری کاك فەتاح بوو لە کوڵکنی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## عێراق کەوتە ناو تەڵەوە

١٩٩٠/٨/٢ عێراق کوەیتی داگیر کرد. داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت، یەکێ لەو باسانە ئەوەبوو کە کوەیت ڕەواجی بۆ پارەی عێراقی نەهێشتبوو ئەوەش بەهۆی یاری کردن بە نرخی نەوتەوە، عێراق قەرزێکی زۆری کردبوو بۆ جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە قەرزەکانی بۆ نەدەدرایەوە، کوەیتیش زیاتر نرخی نەوتی دەشکاند بەمەش عێراقی زیاتر لە خۆی توڕەکرد.

هۆکارێکی تر چاوچنۆکیو تەماعی عێراق بوو بۆ بەدەست هێنانی یەدەکێکی زۆری نەوت کە لەخاکی کوەیت دا هەبوو. هەروەها بەداگیرکردنی کوەیت وڵاتی عێراق بە ڕووی پانتاییەکی گەورەی دەریایی دا دەکرایەوەو ئابورییەکەی زیاتر دەگەشایەوە.

جگە لەم باسو هۆکارانە لەپشتی پەردەوە هۆکاری تر هەبوون کە لە ڕاگەیاندنەکاندا باس نەدەکران، لەوانە بەهێز بوونی سوپای عێراقو هاتنە دەرەوەی لە جەنگی ئێران، کە دەست کراوەبوون بۆ هەر جەنگێ لە دژی دەوڵەتی ئیسرائیل ساز بکرێت. بەمەش کیانی جولەکە خێرا کەوتنە خۆیانو بە ناڕاستەوخۆ گرژیو ئاڵۆزییان لە نێوان عێراقو کوەیت دا دروست کرد، وە هانی عێراقیان دا کە ئەگەر پەلاماری کوەیت بدات ئەوان بێ دەنگو بێ لایەن دەبن. بەڵام لە ڕاستیدا عێراقیان خستە ناو تەڵەوەو بەو دەردەیان برد کە جگە لە نیزامە سیاسییەکەی، خەڵکەکەشیان بۆ دەیان ساڵ خستە زەحمەتەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٠/٨/٦ گەمارۆی ئابوری خرایە سەر عێراق لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ عێراقییەکان، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەدا هیچ لەبازاڕدا نەماو هەموو شتێك گران بوو. بازرگانەکان هەرچی کەلوپەلی خۆراك هەبوو هەمویان لە هەمبارەکانیان قایم کردو شاردیانەوە. نرخی خۆراك چەند قاتی خۆی زیادی کرد، بەتایبەت ئاردو گەنمو دوای ئەوانیش برنجو شەکرو ڕۆنو چا.

١٩٩٠/٩/١ مامە زاهیدو عەبدولرەحمانی مام عەلی هەسەن ڕۆشتن بۆ بامەڕنی بۆ ئیشکردن، حکومەتی عێراق لەو شوێنە فڕۆکەخانەیەکی گەورەی دروست دەکرد.

١٩٩٠/١٠/١ دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە لە سانەوی مەولەوی لە هەڵەبجەی تازە لە پۆلی شەشەمی زانستی بووم. لەگەڵ کاك عەبدولڕەحیمی خاڵۆ تایەر لەسەر یەك مێز دادەنیشتین، ئەو هەرچەند دوو قۆناغ لە خوێندندا لەپێشی منەوە بوو، بەڵام بەهۆی کیمیبارانی هەڵەبجەوە ئاوارەی ئێران بوو بوونو ئەو دوو ساڵەی فەوتابوو، هاتەوە زۆر سەرکەوتووانە شەشی تەواو کردو لە کۆلیژی ئەندازیاری لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراو لەو گرانیو نەبوونییەدا تەواوی کرد.

١٩٩٠/١٠/٩ شاعیرو نوسەر کاکەی فەلاح کۆچی دواییکرد.

١٩٩٠/١٠/٢٨ کۆچی دوایی شاعیر محەمەد ساڵح (دیلان). لە شاری مهاباد سەردانی هونەرمەندی گەورە مامۆستا عەزیزی شاروخم کرد، وێنەی شاعیر دیلانی لە دوکانەکەی لە جێگایەکی بەرز دانابوو، فەرمووی ئەوە وێنەی دیلانی مەزنە، من ئیلهامم لەو وەرگرتووە.

١٩٩٠/١١/١١ لەگەڵ دایکمو ئەسعەدی برامو شەهلای خوشکم لە دائیرەی جنسیەی سلێمانی بوین. ئەو ڕۆژە ڕەگەزنامەی عێراقیمان دەرکرد.

١٩٩٠/١١/٢٧ جۆن مەیجەر جێگەی مارگرێت تاتشەری گرتەوەو بوو بە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا.

١٩٩٠/١١/٢٩ ئەنجومەنی ئاسایش دوا وادەی بۆ عێراق دیاری کرد کە لە کوەیت بکشێتەوە.

١٩٩٠/١٢/١٧ هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق دەستی پێکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١

ئەم ساڵە بە ساڵی کرانەوەی دەرگای ئومێد بە ڕووی گەلی کورددا لە کوردستانی باشور هەژمار دەکرێت. ڕژێمی بەعس لە لوتکەی دەسەڵاتەوە هاتە خوارەوە بۆ سوپایەکی بەزیوو بە لوت شکاوی لە کوەیت وەدەرنرا، ئەگەر خیانەتی جۆرج بۆشی باوك نەبوایە، دەبوایە ڕژێم بە تەواوی بکەوتایەو گەلی عێراق بەگشتی لە نەهامەتییەکانی ئەو دەسەڵاتە ڕزگاریان ببوایە، بەڵام ناوبراو دوای ڕزگار کردنی کوەیت، بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی داو چی تر سوپای ئەمریکی بەرەو بەغدا پێشڕەوییان نەکرد.

ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەشەڕی کەنداودا زیاتر مەبەستیان ڕزگارکردنی وڵاتی کوەیتوکشانەوەی سوپای عێراق بوو لەو وڵاتەو سەپاندنی هەندێ سزا بوو لەپێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا، مەبەستیان ڕزگارکردنی تەواوەتی گەلانی عێراق بەگشتیو نەتەوەی کورد بەتایبەت نەبوو. عێراق لەدانیشتنێکدا لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان لەسەفوان ملکەچی مەرجو داواکارییەکانی ئەوان بوو،

لەبەرامبەریشدا ئەمریکا جۆرێك لەنەرمیو كەمتەرخەمیو بێدەنگی لەئاستی سەركوتكردنی ڕاپەڕینەكانی ناوەڕاستو باشوری شیعەكانو ڕاپەڕینی كوردستان لەلایەن بەعسەوە نواند.

- گرنگترین ڕووداوەكانی ساڵی ١٩٩١:

**١٩٩١/١/١٧** هێرشی ئاسمانی كرایە سەر عێراق. لەم بەروارەوە تاوەكوو وەستانی جەنگەكە نزیكەی سەدو دە هەزار هێرش بە فڕۆكەو موشەك كرایە سەر عێراق، كە كۆی تەقەمەنییەكانی هەشتاو پێنج هەزار تەن بوو. ئەم هێرشانە دوژمنكارترین هێرش بوو بۆ سەر عێراقییەكان كە هەرچی دامەزراوەی گشتیو وێستەگەی كارەباو پردو نەخۆشخانەو كارگەو قوتابخانەو هێڵی ئاسنو كارگەی ڕستنو چنینو هەموو جێگایەك كە سەرچاوەی ئابوری ئەو وڵاتە بێت كرانە ئامانجو خاپورو وێران كران.

**١٩٩١/١/١٧** عێراق **٧** موشەكی زەمین بە زەمینی لە جۆری سكۆد نا بە ئیسرائیلەوە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە پەلكێشی ناو جەنگەكە بكاتو سۆزی وڵاتانی ئیسلامی بۆ خۆی مسۆگەر بكات.

**١٩٩١/١/٢٨** فڕۆكەكانی عێراق دەچوون لە ئێران دەنیشتنەوە بۆ ئەوەی ئەمریكا تێكیان نەشكێنێت.

**١٩٩١/٢/٧** پشتگیری قوتابخانەكەم برد بۆ تەجنیدی هەڵەبجەی تازە، بۆ ئەوەی نەگیرێم بۆ سەربازی تاخوێندن تەواو دەكەم. ئەو ساڵە موالیدی **١٩٧٣** گیرا بەسەربازی. منیش بە تەسكەرە ئەو موالیدە بووم.

**١٩٩١/٢/١٣** ئەمریكا مەلجەئی عامرییەی لە بەغدا بۆردومان كرد زیاتر لە **٣٠٠** كەسی تێدا كوشت كە زۆربەیان ژنو منالّ بوون.

**١٩٩١/٢/٢١** كۆچی دوایی شاعیری ناسراوی كورد هەژار موكریانی.

**١٩٩١/٢/٢٤** هێرشی زەمینی هاوپەیمانان بۆ ڕزگار كردنی كوەیت دەستی پێكرد. عێراق هەرچی بیرە نەوتی كوەیت هەیە هەمویانی ئاگر پێوەناو دنیای كرد بە چەرە دوكەڵێك كە ئەو ساڵە هەرچی باران دەباری ڕەشاوی نەوتی لەگەڵدابوو. ژینگەی ناوچەكەی بەتەواوی پیس كرد.

**١٩٩١/٢/٢٦** عێراق بڕیاریدا پاشەكشە بە هێزە شكستخوردووەكەی بكات لە كوەیت، بەوەش ئەو وڵاتە لەدەست سەددامو حزبەكەی هاتە دەرەوەو ڕزگاریان بوو لە كوشتنو بڕینو تالاّن كردن.

**١٩٩١/٢/٢٧** دەوڵەتی كوەیت بەتەواوی ڕزگار كراو هێزی هاوپەیمانان لە بەغدا نزیك بونەوە.




**١٩٩١/٢/٢٨** جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکا بڕیاریدا جەنگ لە دژی عێراق بوەستێنێت.

**١٩٩١/٣/٢** کاك عوسمانی مام ئەحمەدو کاك مەحمودی لالە مەجید دوو سەرباز بوون لە کوەیت گەڕابونەوە. ماندوو شەکەت چەند ڕۆژێك بوو بە ڕێگاوە بوون، باسی کارەساتی ئەو جەنگەو دەرچونی خۆیان بە ناڕەحەتترین شێوە دەگێڕایەوە. ماڵی کاك عوسمان لەژورێکی ماڵ باوامدا بوو لە هەڵەبجەی تازە.

ئەو ڕاپەڕینە وەکو یادەوەرییەکی خۆش لەزەتی خۆی لەدەست نەداوە

ساڵی ١٩٩١ لە جیهانە خۆشەکەی لاویدا بووین، خەم و خەفەتی ژیان چۆکی پیێ دانەدابووین، گەر ئەرکێکمان بەسەر شانەوە بووایە ئەرکێکی سوك بوو، چمکێکی بچوکی ژیانمان بگرتایە بەس بوو. لەدنیای لەهولەعب دا دەژیاین، هەستی ئاینییشمان هەستێکی تەقلیدی نامولتەزیم بوو، لەگەڵ نەبوونیدا برا بوون.

سەربازە کوردەکان زۆربەیان لەسەربازیی هەڵهاتبوون و لەماڵەوە بە نیمچە ترسێکەوە مابوونەوە. جار جار عەبدولڕەزاق لە شوعبەکەوە دادەبەزی و لەگەڵ دەستوپێوەندەکانی کە کورد بوون بازاڕ و **کۆڵانەکان** دەگەڕا بۆ سەربازی هەڵهاتوو، بەڵام حیزبی بەعس بەشێوەیەك شلوشۆڵ بوو بوو، ترسی خەڵکی بەتەواوی ڕەوی بویەوە ، لەم ڕۆژەدا کاك عوسمان مام ئەحمەد خوالێی خۆش بێت لەگەڵ کاك مەحمود مەجیددا بە کولەمەرگی لە شەڕی کوەیت گەڕابوونەوە. کاتێ تەماشای فیلمێکی جەنگی جیهانیی دەکەم ئەو دیمەنانەی فیلمەکە ڕاکردنەکەی کاك عوسمان و کاك مەحمودم بیر دەخاتەوە، کە چۆن لە بەسرەوە سواری جیب قیادەیەك بوون و بە نابەڵەدیی ملیی ڕێگایان گرتووەتەبەر و تاوێ ڕێك هاتوون و تاوێ تر بە جادەیەکی موخالیف و بەرەو عەمارە ڕۆشتوون ، توشی چەندین پردی بڕاوو بوون و ڕێگایان گۆڕیوە بۆ جێگایەکی تر بەم شێوەیە تا شاری بەغدا هاتوون لەوێشەوە بە چەند قۆناغی تر خۆیان گەیاندبووە ماڵەوە. کاتێ هاتنەوە دوو کەسی برسی و چڵکن و لاواز و ماندوویەتی ڕێگا بە جەستەیانەوە دیار بوو، هەموو ئەو بۆمبابارانەی ئەمریکایان بینی بوو کە لە ئاسمانەوە باراندبووی بەسەر سوپای عێراقدا .

ئەوان وەکو شایەتحالّی جەنگ ووتیان حیزبی بەعس ڕووخاوە و نابێتەوە بە حکومەتەکەی جاران . ئێمەش بەو مژدەیە زۆر دلّمان خۆش بوو. لەملاشەوە هەوالّی جموجولّی پێشمەرگە دەهات و ڕێکخستنەکان کەوتنەوە جموجولّ . کەسوکارمان هەموو لە ئێران بوون و لە ڕێگای ئەوانەوە هەوالّی ئامادەسازی بۆ ڕاپەڕینمان دەبیست.

لەمانگی دوودا بوو ڕۆژێکی خۆرەتاوی خۆش بوو، هێشتا ڕاپەڕین نەکرابوو، بە جێبێکی درێژ کە هی کاك جەلالی حاجی حەمەئەمین بوو خوالێی خۆش بێت بەدزییەوە و لەڕێگای گوندەکانی شارەزوورەوە ڕۆشتینەوە بۆ زێدی خۆمان لە نزیکی شاری هەلّەبجە. هەرگیز ئەو ڕۆژە خۆشەم بیر ناچێتەوە ، لادێکانی شەکرالی و تەپی سەفا بە تەواوی وێرانەیەك بوون، تەختی زەوی کرابوون، باران گلّەکەشی وەکو کلّۆی دۆینە تواندبووەوە،، وامانزانی بۆ بەهەشت چووین شارەزوور و تەواوی ناوچەکە بێ دەنگ و کشومات ، شوێنەکان لەبەرچاومان نزیك بووبوونەوە لەیەك، جاران لادێکی فراوان بوو. بەلّام ئەو ڕۆژە بە خولەکێك ئەمسەرو ئەوسەری ئاواییمان تەی دەکرد... لەتەپی سەفای خواروو قسەت بکردایە لە تەپی سەفای سەروو بەجوانی گوێت لێ بوو.. حەزم ئەکرد زەوی لە خولانەوە بوەستێت بۆ ئەوەی ڕۆژ ئاوا نەبێت.

ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان زمانحالّی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جاری ڕاپەڕینی دەدا و دەیوت ڕۆژی ٣/٥ زەماوەند گەرم بکەن. پێشمەرگە لای خەلّك زۆر خۆشەویست بوون. کوڕی خەلّك و بۆ خەلّك بوون. هیچ کامیان خاوەنی دە دینار نەبوون ، پێلّاوی زۆرێکیان لاستیك و ئەدیداس بوون ،جامانەیان لەسەر دەکرد و تاقمێکی شەش مەخزەنی، هەبوو زیاتریشی دەبەست، دووربینێك لە ملیاندا شۆڕ دەبوویەوە، مەتارەیەکی ئاو لەگەلّ لایتێکی دوو پیلی هەندێکیشیان دەمانچەیەکیشی لەسەر تاقمەکەی دەبەست، دیمەنێکی زۆر جوانیان هەبوو.

بەلّی ڕاپەڕین کرا و بەعس وەدەرنرا، ئەو تفەنگانەی پێشتر تەقەیان لە شۆڕش دەکرد، وا ئەمڕۆ لولەیان بەرەو بەعس چەرخاندووە ، بوون بە قارەمانی ڕاپەڕین و لە ئەهریمەنەوە بوون بە فریشتە. بکوژ و کوژراو لە لیستێکدا بوون بە برا. هەردووکیان بوون بە پێشمەرگەی سەنگەر.

کاتێ لەیەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین پێشمەرگە هاتنەوە ناو شارەکان خەلّکیی وەکو فریشتەی ڕزگاریی تەماشای دەکردن. حەزیان لە خزمەتیان بوو، حەمامیان بۆ گەرم دەکردن و جلوبەرکیان بۆ دەشوشتن. داوەتی خۆشترین خواردن دەکران و نەدەکەوتنە سەر زەوی. کوردستان ڕزگار کراو حکومەت و پەرلەمان درووست بوون.

پلەو پۆست دابەش کرا. حیزب خۆی بوو بە حکومەت و حکومەت بوو بە حیزب . کەس نەیتوانی لێکیان جیابکاتەوە .

تەماح و خانوو و ئۆتۆمبێل و مونافەسەی خۆدەوڵەمەند کردن دەستی پێ کرد. ژێرخان و سەرخانی ئابووری وڵات گسکی لێ درا. گیرفانەکان زۆر قوڵ بوون، هەرچی تێ دەکرا پڕ نەدەبوو، گومرگ دانرا باج زیاد کرا پڕ نەبوو، شەڕ کرا وڵات وێران کرا، ئاشت بوونەوە نەك بۆ میللەت بەڵکو پارووەکی چەورتر ، بەڵێ چەورتر لە گومرگ و باج و سەرانە و لەوح و کێبڵی سەرزەوی و ژێر زەویی. میراتی بەعس لوش درا، دواتر چاڵە نەوتەکان کەشف کران ، دابەش کران ، گیرفانەکان هەر پڕ نەبوون، ئەوەش دابوویان بە میللەت لێیان وەرگرتنەوە هەر پڕ نەبوون، هەر پڕ نابن و هەر پڕ نابن.

بژی پێشمەرگە بژی خەڵکی شۆڕشگێڕ یادی بەخێر ڕۆژانی ڕاپەڕین.

١٩٩١/٣/٣ ئەمریکا جەنگی دژ بە عێراق ڕاگرت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بەهاری ئازادی

١٩٩١/٣/٥ ڕاپەڕین لە ڕانیەو قەڵادزێ دەستی پێکرد. قەزای ڕانیە بە چینو توێژە جیاوازەکانەوە پەلاماری دەزگا ئەمنیو سیخوڕییەکانی حکومەتی بەعسیان داو لەسەرەتادا لەلایەن دامو دەزگاکانی ڕژێمەوە توانرا کپ بکرێتەوە. بەڵام دواتر ڕاپەڕین کڵپەی سەندەوەو جەماوەر بەجۆشو خرۆشەوە پەلاماریان داو توانرا شاری ڕانیە ڕزگار بکرێت. دواتر چەخماخەی ئەو ڕاپەڕینە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی باشوری گرتەوە.

/٣/٧ ١٩٩١ ڕاپەڕین لە سلێمانی دەستی پێکردو ئەمنە سورەکە گیرا، وە هەموو دامو دەزگاکانی حزبی بەعس لەشارە کەوتە ژێر دەستی خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکەو پێشمەرگە.

کێ ئەندازیاری ڕاپەڕین بوو؟، هیچ گومان لەوە نیە (ی ن ك) خاوەنی بیرۆکەی ڕاپەرین بووە، ئەویش بۆ نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە، دووەمین کەسایەتی (کۆسرەت ڕەسول) بوو، ئەوکاتی مام جەلال لەدەرەوەی وولات بە خەستی خەریکی بەرەی دیپلۆماسیەت بوو، هەر لەگەل داگیرکردنی کوەیت ئەو نەخشە گەرم بوو، خۆشم بەشداری ئەودانیشتنە سەرەتاییانە کرام کە لەنامەکانی نەوشیروان بۆ هەریەکە لە عەلی نەبیو محەمەدی کاك هەمزەو ئەرسەلانو سمایل وەرتیو. بە جیبە خراپەکەی (خدری شێخ مەلا) دەهات، ئەوە مانای ئەوە نیە حزبەکانی تری کوردستان بەشداریان نەکردبێ، بەتایبەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لەسەرەتادا، دوای (پ د ك)و باقی حزبەکانی تر، ئەوە ڕاستیەو خەڵکێکی دەسەڵات قسە لەو ڕووداوە دەکەن بە هەڵەیی، ئەوکات زۆربەی ئەوانە لەلای حکومەتی بەغدا بوون. پارتی ڕۆڵێکی وای نەبوو هەتا لەشەڕەکانی حەرەس جمهوریو موجاهدین کە هاتنەوە سلێمانیو هەولێرو کەرکوکیش، بەلام کاك مەسعود بەخۆی لەبەرەی شەڕ بوو خاڵێکی بەهێز بوو، لەوەی بەهێزتر ئەوەبوو کە یەکێتی دەستیان بەگەندەڵیو دزی وتالان وئاودیوکردن کرد، لەو کاتی هێزەکانی پارتی (ئەگەر چی لاوازیش بوون) بەلام

بەشدار نەبوون لە تالآن ودزین، لەپێش چاوی خەڵك واهەست کرا کە ئەوهێزە پاکترن وبە مەسئولیەت ترو ڕێزلە یاساو سەوابتی نیشتمان زیاتر دەگرێت[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩١/٣/٧ عومەری عەلی مستەفا کوڵکنی کە پێشتر بۆ ماوەی ٥ ساڵ حوکم درابوو بە هۆی ڕاپەڕینەوە لە سجنەکەیان هەڵهاتن‌و کۆتایی بە ماوەی زیندانییەکەیان هات.

١٩٩١/٣/٨ هەڵەبجەی تازەو ناوچەی شارەزوور ئازادکرا. کاك فەلاحی حەمە بۆرو مەفرەزەیەك پێشمەرگەی یەکێتی هاتنە هەڵەبجەی تازەو لەگەڵ جەماوەرو خەڵکی ڕاپەڕیو پەلاماری شوعبەی حزبی بەعسیان لە هەڵەبجەی تازە داو گرتیان، پاشان بە تەقەوە خۆیان کرد بە ناو سەربازگەی نزیك کانی کەوەداو هەرچی ئەفسەرو سەربازە خۆیان دا بەدەستەوە. هەرچی لە شوعبەو سەربازگەکەدا هەبوو کەوتە دەست پێشمەرگەو خەڵك‌و فەرهود کرا. سەربازەکان وەکوو گای بێ خاوەن بەناو هەڵەبجەی تازەدا دەسوڕانەوە خەڵك نان‌و خۆراکی پێ دەدان‌و دواتر ڕەوانەی خوارووی عێراقیان کردنەوە.

ئەوەی جێگای نیگەرانی بوو، ئەوەبوو نە پێشمەرگە بە پلان‌و بەرنامەوە دابەزی بوون‌و نە خەڵکیش هۆشیارییەکی وای هەبوو کە موڵك‌و ماڵی حکومەت‌و فەرمانگەکان بە هی خۆی بزانێت. ئەوە بوو پەلاماری فەرمانگەو شوێنە خزمەتگوزارییەکان دراو هەرچی تێدا بوو تالآن کرا، تەنانەت دەرگاو پەنجەرەکانیشیان پێوە دەردەهێنا. شارەوانی هەڵەبجەی تازە خاوەنی چەندین ئالیات بوو لە شۆفڵ‌و گەلآبەو تراکتۆرو گرێدەرو ئۆتۆمبێلی زبڵ‌و خاشاك‌و کەرەستەی بیناسازی، هەرهەمووی تالآن کراوو شارەکەیان وێران کرد. دوایی ئۆتۆمبێلێك نەبوو زبڵ‌و خاشاکی خەڵکی فڕە بدات. ئافەرین شۆڕشی بێ بەرنامە. ئەمە نەك تەنها لە هەڵەبجەی تازە، بەڵکو لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان وابوو. تەنانەت حزبەکان کەرەستەو کەلوپەلی بەنداوی بێخمەشیان فرۆشت‌و تالآنیان کرد کە بە ملیۆنان دیناری ئەو کاتە مەزەندە دەکرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩١/٣/٩ دەربەندیخان‌و کەلار وکفری ئازاد کرا. کاك ئەحمەدی حاجی خالید وەکوو پێشمەرگە لە ئێران گەڕابویەوە هات بۆ ماڵمان.

١٩٩١/٣/١١ خەڵکی شاری هەولێر ڕاپەڕین‌و ئەو شارە بەتەواوی ئازاد کرا. لەم ڕۆژەدا کاك مەسعود بارزانی لە قاسمەڕەشەوە گەڕایەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

---

١ مەسعود عەبدولخالق، نوسەرو لێکۆڵەر، تۆڕی کۆمەلآیەتی فەیسبوك، ٢٠١٧.

١٩٩١/٣/١١ فەرماندەی پارتیزانی یەکێتی حەمە ڕەش بەهۆی تۆپبارانی شاری دوزەوە لەو شارەدا دەکوژرێت.

١٩٩١/٣/١٣ لە گەڵ حەمەی پورم سەردانی ئەمنەسورەکەمان کرد. کە تەرمێکی زۆری ئەمنەکانی تێدابوو شۆفڵ خەریکی کۆکردنەوەی تەرمەکانیان بوو، دەیانبردن لەجێگایەك بیانکەن بە ژێر خۆڵەوە. جەماوەرێکی زۆر خرۆشابوونە ناو بینای ئەمنە سورەکە. قەرەباڵغییەکە زۆر زۆر بوو، هەموو کەس تاسەی بینینی ژوورەکانی بیناکە بوو، بۆ ئەوەی بزانن لە کوێدا خەڵکیان ئەشکەنجە داوەو لەکوێدا بەندییەکانیان هەڵواسیوە. ژوور بە ژوور گەڕاینو نوسراوی سەر دیوارەکانمان خوێندەوە. ئەوەی خوای گەورە پێی ناخۆش بێت لەو شوێنەدا بەسەر خەڵکی ڕەشوڕوتی کوردیاندا هێنابوو. لەو جێگایەدا هیچ سۆزو بەزەییەك نەبووە، هەرکەس لەوێ بووە نە خوای ناسیوەو نە گەردیلەیەك ئیمانی هەبووە.

١٩٩١/٣/١٤ ڕزگارکردنی شارەکانی دهۆكو زاخۆو چەند شوێنێکی تری بادینان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گولەیەکم بەرکەوتووە بەڵام هیچ نییە

١٩٩١/٣/١٤ شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو ڕژێمی بەعس دا لە سنوری کوڵەجۆدا بەردەوام بوو. کاك مەحمود سەنگاوی بەم شێوەیە باس لەو شەڕە دەکات: کەلار، شەڕێکی سەخت لە قۆڵی کوڵەجۆوە هەبوو، کاك عادل شکور گوێزرایەوە بۆ سەرپەرشتی یەکەی کفریو بورهانی حەمە ی مینا لە جێگەی دانرا. کە هەواڵی ئەو شەڕەمان پێگەیشت، کاك شێخ جەعفەر داوای لێکردم بچمە خوارەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی جەبهەی جەلەولا، ڕۆژی ٣/١٤ کە ڕۆیشتین لە بان ئاسیاو یەکەم کەس پێیگەیشتیم بورهانی حەمە ی مینا بوو کە کادرێکی هۆشیارو پارتیزانێکی وریا بوو لە ڕووی فکریشەوە بەتوانا بوو، ڕوانیم بریندارەو پەنجەیەکی قرتاوە، داوام لێکرد بچێت بۆ نەخۆشخانەی کەلار، بەڵام ئەو قایل نەبوو وتی: مادام ئێوە هاتوون ناڕۆم. لەو کاتەدا کاك عەدنانی حەمە ی مینای برای گەیشتە لامانو بورهان بە دەم پێکەنینەوە وتی: کاکە عەدنان مایەوە ١٨ پەنجە. چوونکە پێش ئەنفالەکان پەنجەیەکی پێی قرتا بوو. تەقە گەرم بوو، گوللەیەکی زۆر بەرەو ڕوومان ئەهات، هاوارم کرد یاڵڵا هێرش بکەن، پێشمەرگە ئازایانە خرۆشان، کە ڕۆیشتین بورهان لەگەڵ مندا بوو، بەرەو پێشەوە هەنگاومان ئەنا، لە ناکاو بورهان دەستی گرت بە سنگیەوە، پێم ووت: ئەوە چییە؟ بورهان وتی: گوللەیەکم بەرکەوتوە بەڵام هیچ نییە، کە چوومە سەری تەماشا ئەکەم وەزعی باش نییەو تا ئەهات دەنگی کز ئەبوو. هەر ئەیووت: هیچ نییە، هەتا هێزیشی تیا نەما لە ژێر لێوەوە هەر ئەیووت: هیچ نییە، بە داخەوە هەر لەوێدا گیانی سپارد، زیانێکی زۆرمان لێکەوت، لەو کاتەدا کاك عەدنانی برای هەر ئەوەندەی ووت: هەڵیگرنو ببەن با هێرشەکە بەردەوام بێت بۆ پێشەوە بڕۆن. بەڕاستی ئەمە هەڵوێستی مرۆڤی شۆڕشگێڕە لە کاتی شەهید بوونی

برایەکیدا کە برا بچووکی بێتو زۆریشی خۆش بوێتو نەیەتە سەر تەرمەکەیو تەنانەت نەشچێتە پرسەکەیو لەبەرەی شەڕەکاندا بمێنێتەوە[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## لەخۆتەوە دوای قەرەباڵغی مەکەوە

۱۹۹۱/۳/۱٦ بەبۆنەی ساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەوە ڕێپێوانێك لەشاری سلێمانی ئەنجام درا. لە ساڵی ۹۱ دوای ڕاپەرین ڕۆژێکیان لەزەرگەتەوە ڕێپێوانێك ڕێکخرا بۆ بەردەرکی سەرای سلیمانی لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، منیش بەشداربومو هەر لەگەڕەکی زەرگەتەوە تا بەردەرکی سەرا دروشمی (نان، کار، ئازادی) مان وتەوە، کەگەڕامەوە ماڵەوە زۆر هیلاك بووم، میوانێکمان هاتبوو، وتی ئەوە لەکوێ بوی؟، منیش وتم وەڵا بەشداری ڕێپێوانم کرد بەبۆنەی یادی کیمیابارانەوە، بەڵام ئەوەندە دورشم بەدەنگی بەرز وتوەتەوە قورگم دێشێ! وتی: دروشمی چیتان دەوتەوە؟ وتم: ئەوەندەمان وتوە (نان، کار، ئازادی)، وتی: جائەوە کەی پەیوەندی بە یاد کردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە هەیە؟ منیش وەستامو هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو، وتم وەڵا ئیتر هەرئەوەیان دەوت ئێمەش بەداوایاندا دەمان وتەوە.

وتی: ئەی زانیت ئەوانەی ئەو ڕێپێوانەیان ساز کردبوو کێ بوون؟ وتم: پێشمەرگەبوون وتی: پیشمەرگەی سەربەچ لایەنێك بوون؟ وتم: نازانم. وتی: دەزانی ئەوانەی کەئەو ڕێپێوانەیان ڕێك خستوە (کۆمۆنیستەکانن)، وتم: نەوەڵا.

وتی: دەی لەمەو دووا لەخۆتەوە شوێن خەڵك مەکەوە.

وتم: ڕاست دەکەیت، ئیتر لەدوای ئەم ڕوداوو ساڵەوە لەخۆمەوە وبەکوێرانە، بەدوای هیچ لایەنێك نەکەوتووم[2].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۱۹۹۱/۳/۲۰ کەرکوك ئازاد کراو ئاگری نەورۆز بۆ یەکەم جار لەو شارە کرایەوە.

۱۹۹۱/۳/۲۱ بەرەی کوردستانی ئاهەنگی نەورۆزیان گەرم کردبوو، ئەوە یەکەم هەناسەی ئازادی بوو. ڕەوفی کاك قادر هات بۆ هەڵەبجەی تازە، ڕەوف پورزامەو هاوڕێی نزیکمە، هەر لەمناڵییەوە ئەوەندە هۆگری یەك بوین، هەموو جار یەکێکمان بڕۆشتینایە بۆلای ئەوی ترمان، تاسەمان لەیەك نەدەشکاو بە پێچەوانەوە میوانداریەکەمان دووبارە دەکردەوە. ئەو ڕۆژە دوای تەماشاکردنی ئاهەنگەکە بۆ ئێوارەکەی

---


۱ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٦-٤٠٧

۲ محەمەد سان ئەحمەد، نوسەرو ڕۆژنامەنوس، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ۲۰۱٦/۱۰/۱۰.

دوو قۆڵی ڕۆشتین بۆ باریکە بۆ ماڵی ئەوان. ئۆتۆمبێل کەم بوو، ئێمەش خەرجییەکی وامان پێ نەبوو، بەپێ تا نزیکی قەرەگۆل ڕۆشتین، لەوێ سواری جێبێك بوینو خۆمان گەیاندە باریکە.

**١٩٩١/٣/٢٣** سەعدون حەمادی بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقی بەعسی.

**١٩٩١/٣/٢٧** حەمید کاك حەمە فەرەج تەپی سەفایی بە پێشمەرگایەتی لە ئێران هاتەوە بۆ هەڵەبجەی تازە بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دواییکرد.



حەمید حەمە فەرەج محەمەد سەید ئەحمەد لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی تەپی سەفای شارەزوور چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی تەپی سەفا تەواو دەکات. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوەو کاری ڕێکخستن بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدات. لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەوەو دەچێتە شاخ. لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕین دەکات، وە هەرلەو مانگەدا توشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت. لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٧ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێتو بۆ هەمیشە دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

**١٩٩١/٣/٢٨** لەهێرشێکدا بۆ سەر سەربازگەی خالید لە کەرکوك دەیان پێشمەرگەی پارتی گیانیان بەختکردو جەنازەکانیان هەر لەو شوێنەدا بەجێما.

**١٩٩١/٣/٢٩** عێراق پەلاماری کەرکوکی دایەوەو لە ژێر دەستی پێشمەرگەی دەرکرد، دواتر بەرەو چیمەن هاتو زیاتر لە سی پێشمەرگەی یەکێتی لە ناویاندا حەمە عەلی بەر خانەقاوو سیازدە پێشمەرگەی سۆشیالیست گیانیان بەختکرد.

**١٩٩١/٣/٣٠** فەرماندەو پێشمەرگەی یەکێتی جەلال حاجی محەمەد هەڵەبجەیی لە شەڕێکی سەختدا لە چیمەنی کەرکوك لە پێناو بەرگری کردن لە خاکی کوردستان گیانی بەختکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## کاتێ تفەنگ بۆنی نێچیری کرد

**١٩٩١/٣/٣٠** ئاسمان سافو بێگەردو دڵڕفێن، هەوا سروەیەکی فێنکی هەبوو نەساردو نە گەرم بوو، دیمەنی جوانی گوڵو نێرگز لەگەڵ ئاوی سازگاری کانی مۆتەو کانی کۆتەرەو حەوزی کوڵکنیو چەمی بوزانە، دڵانیان حەیران دەکرد. دنیا کشو ماتو بێدەنگ، جگە لە جریوەی چۆلەکەو دەنگی باڵندە هیچ سەدایەکی تر نەبوو. ناوچەکە یەك ماڵ ئاوەدانی تێدا نەبوو، وەکوو ئەو ڕۆژە وابوو باوامان ئادەم هاتبووە سەر زەوی، نەخانوویەك نەکەلاوەیەك، تەنها سەقفی مزگەوتەکان بەهەڵگەڕاوەیی ڕویان کردبووە ئاسمانو

هێشتا لە نزای بەکوڵ لێ نەبوو بوونەوەو چاوەڕێی مەرگی ڕژێمیان دەکرد. شارەزوور تاچاو بڕ بکات شینی دەکردەوە، هەمووی داچێنرابوو بە دانەوێڵە. خاکەکەی ئەوەندە بەپیتە یەك بەچڵو پەنجا دەبڕێت، زەوییەکانی گڵی ڕەشنو هەموو جۆرە دەغڵو دانو کشتوکاڵێکی لێ دەکرێت. ئەو ساڵە ڕژێم زەوییەکانی دابوو بە کاسەلێسو بەکرێگیراوەکانی خۆی، بۆ ئەوەی بە گەنم دای بچێننو وڵات لە قەیرانی خۆراك قوتار بکەن، هەریەکەیان چەند هێکتار زەوی ڕەشی داچێنابوو، بەخەیاڵی خۆیان هەموو ساڵێك ئەم پارووە چەورە بەردەوامەو خۆیان بوون بەخاوەنی مەزراکان. بەڵام وەکوو دەڵێن (ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لای خوا بەتاڵە)، ڕاپەڕین کلی چاوانی کاڵ کردنەوە، هەر جوتیارێك ڕۆشتەوە سەر زەوی داچێنراوی خۆیو ئەو ساڵە وەکوو برابەش لەگەڵ مستەشارەکان کردیان بە دووبەشەوە. ساڵی ئایندەش کاسەلێسان کلکی پیسیان خستە ناوگەڵیانو نیوەیان بەرەو بەغداو هەندێکیان لەناو حزبدا جێگایان بۆ خۆیان خۆش کردو هەندێکیشیان پیاوانە وازی لەهەموو شتێك هێناو ڕۆشتەوە سەر کاروکاسپی خۆی.

لەگەڵ دابەزینمان بۆ ناو ئاوایی لە خۆشیدا دەتوت بەسەر هەواوە دەڕۆین، کۆڵان بەکۆڵانیمان پشکنی، گوندە پڕی مشتێکی مابوو، خاکوخۆڵی تێکەڵاو بەیەك بووبوو، بارانی سێ ساڵیش دارو دیواری خوساندبوو وەکوو کلۆی دۆینە لە ناو ئاودا ڕژابووە ژێری خۆی. سەرگردەکە جێگای هەڵماتێنو جوغزێنو تۆپ قاڕێنو شەڕە بەفری زستانمان بوو، سەرکەوتینە سەریو تەماشای دیمەنی شارەزووری چۆڵو هۆڵمان کرد. کاتێ دنیا چۆڵ بێت دەنگ زۆر دەڕوات، دەت توانی لەسەر گردی ئەمبەرەوە بۆ ناو ئاوایی ئەو بەر دەمەتەقێ بکەیت، هاتینە خوارەوە بۆ ناو زەوییە بە پیتە ڕەشەکان کە گژوگیای بەهار هەمووی وەکوو فەرشێکی سەوز داپۆشیی بوو، دەستمان کرد بە هەڵکەندنی کنگرو هازو کوزەڵەو پونگەو کۆزروان، لە ژێر گەمارۆی ئابوریدا بوین هەموو شتێك نرخو بایەخی خۆی هەبوو، سەرەتای گرانیو قاتو قڕی بوو، کەس پارەی پێ نەمابوو، بەتەمای ڕزقو ڕۆزی خودابوین بیکات بە نسیبمان لە پەلەوەرێك یان ئاژەڵێك، چاوەڕێ بوین تا دەرگای ڕەحمەتی ئاسمان بکرێتەوە.

بەڵی ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ئەوەندە خۆش بوو بە لامانەوە خۆر بەخێرایی هەڵهاتو بەخێرایی خۆی کرد بەئەو دیوی کەلداو نەیهێشت تاسەمان لە بۆنی خاكو خۆڵی شارەزوور بشکێتو تێر تێر بۆنی گژوگیاو نێرگسی بکەین.

تفەنگێکی کلاشنکۆفم پێ بوو، لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین، سی فیشەکی پاك وتەمیزی بەسەرەوە بوو، تفەنگ بۆنی نێچیرێکی کردبوو، حەزی ئەکرد گۆمی بێ دەنگی شارەزوور بشڵەقێنێت. لەناکاو مانگایەكو گوێلکە نێرێك لەکەنار چۆمی کەنەقوڵەوە دەرچوون بەرەو بەشارەت. ئەو چێڵە لەدوای کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەو شارەزوورەوە بەبێ خاوەن مابویەوەو دواتر زاوزێی کردبوو، ئێستا گوێلکێکی بەدواوەیە ئەوەندە قەڵەو پڕ گۆشتە ئاوت بکردایە بە سەریدا لە ئاستی کلکییەوە دەردەچوو، ئەوەندە

پشتی چاڵ بوو، مەغزە پشتەکەی بەلێو دەخورا. بەڵام دایكو گوێلك یەك لەیەك سرك تر بوون. لەچاو تروکاندێکا ئەوەندە ڕێگایان دەبڕی کە کوڕی خۆی دەویست زەفەریان پیّ ببات. کاك عەلی کەسێکی گورجو گۆڵو بەهەڵمەت بوو، داوای چەکەکەی منی کردو بە ڕاکردن پێشی لیّ گرتن، فیشەکێك، دووان، سیان، گوێلك بەجێماو مانگا لە غاری خۆی بەردەوام بوو. تەماحی کاك عەلی زیاتر بوو، چەند فیشەکێکی تری بەدوای دایك دا تەقاند بەڵام ئەو خۆی نەدا بەدەستەوەو خۆی دەرباز کرد. ناچار گەڕایەوە بۆ لای گوێلکی پێکراو. چەقۆی دەرهێناو ملی لەلاشەی جیا کردەوە. جەماعەت تراکتۆرەکەیان گەیاندیّو باریان کردو هێنایانەوە بۆ ناو ئاوایی تەپی سەفا. لەویّ کەوڵ کراو پشك پشك کرا. بەپێی نەفەرەکان دابەش کرا، هەریەکەمان پێنج کیلۆ لەو ڕەشە گۆشتەمان هێنایەوە بۆ هەڵەبجەی تازە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩١/٤/٢ حاجی یونس ڕەحیم محەمەد ناسراو بە حاجی یونسی تۆپخانە لە دەربەندی بازیان لەکاتی ڕووبەڕوو بونەوەی ڕژێمی بەعسدا کوژرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## کۆڕەوی ملیۆنی

١٩٩١/٤/٢ کۆڕەوی خەڵکی کوردستان لە ترسی هێرشی ڕژێمی بەعس بۆ گرتنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان دەستی پێکرد. شایانی باسە لەم کۆڕەوەدا زۆربەی خەڵکی کوردستان ماڵو حاڵی خۆیان بەجیّ هێشتو ڕویان کردە ناوچە سنورییەکانی ئێرانو تورکیا. هەموو خەڵکی باشور ئاوارە بوونو کەوتنە بەر سەرماو بارانو برسێتیو هەزاران کەس بەهۆی تێکچونی باری تەندروستییەوە مردن. ئێمەش ئاوارە بوین بەرەو بیارەو تەوێڵەو شۆشمیّو نەوسود چوین لەبەر ئەو بارانە زۆر کەس بە هیلاك چوو. زیاتر لە دوو ملیۆن کەس ماڵو حاڵی خۆیان بەجیّ هێشت.

نزیکی بانگی ئێوارە دەنگۆیەك پەیدابوو کە ئۆتۆمبێلێکی زۆر لە سلێمانییەوە بەرەو سەیدسادقو هەڵەبجەو پێنجوێن دەڕۆن. تەنها سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنیش لەو کاتەدا ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بوو کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. ڕادیۆ سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی بەرەکانی شەڕ بوو لەگەڵ ڕژێمو بەتۆنێکی سەرکەوتووانە دەدوا، لەگەڵ هەندیّ ئاماژەدا بەشکستو پاشەکشە.

تابەرەو عیشا دەچوین ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان زۆر زیاتر دەبوونو شاری سلێمانی خەریك بوو بەتەواوی چۆڵ دەبوو ئێمەش لە قەزای شارەزوور دەستمان کرد بە خۆئامادەکردنو خۆپێچانەوە، دیارە مەترسییەك بەڕێوەیەو هێشتاش دڵنیا نەبوین چی ڕویداوە. ناچار هەندیّ خواردەمەنیو بەتانیو پێداویستیمان پێچایەوەو دامان بە کۆڵماندا لە ڕێگای موانەوە بەڕێکەوتین بەرەو سەیدسادق. لەڕێگا سواری شۆفلێك بوین تا سەراوی سوبحان ئاغا، دواتر بەپیّ تا گوندی قەدەفەری چوین. لەویّ سواری ئۆتۆمبێلێکی جێب

ستێشن بوین کە هی خوالێخۆشبوو کاك جەلالی حاجی حەمە ئەمین بوو بەرەو سیروان ڕۆشتین کە خانویان مابوو لەوێ هێشتا نەڕوخابوو. ئەو شەوە لەوێ خەوتین. بۆ بەیانی ٤/٣ لەخەو هەستاینو سواری هەمان ئۆتۆمبێل بوینەوە ڕۆشتین بەرەو هەڵەبجەو لەوێوە بۆ عەنەبو دواتر بەو ڕێگایەدا چوینە بیارە. ئەو شەوە لە بیارە ئاگرێکی زۆر خۆشمان کردەوە تابەیانی لەبەر ئەو ئاگرەدا بوین، باران ڕەهێلەی دەکردو دەباری. ئۆتۆمبێلەکان بەیەك ئاراستەو بەچەند ڕیز ڕووەو سنوری ئێران وەستابوونو چاوەڕوانی مۆڵەتی چونە ژوورەوەی ئێران بوون.

ڕۆژی ٤/٤ لەبیارە لەبەر سەرماو باران دەخەوتین، ٤/٥ هەر لە بیارە بوین ٤/٦ بەرەو تەوێڵە بەڕێکەوتینو پاشان لە سنورەکە ڕۆشتین بەودیوا تا گوندی شۆشمێ ئەو شەوە لە ژێر نایلۆنی ماڵی خاڵە تاهیردا خەوتین. بۆ سبەینێ ٤/٧ نایلۆنێکمان پەیداکردو ماڵۆچکەیەکی بچوکمان لێ ساز کرد. چوار سەر خێزان بوینو هەمومان گەورە بوین دایکمو خوشکێكو دووبرا بوین. ماڵێکی بێ لانەو بێی خۆراکی کەرکوکی کە ژنو پیاوێك بوون هاتنە لامان وتیان نە خۆراکمان هەیەو نە جێگا. ناچار جێگاو خۆراکمان بۆ ئەوانیش چێ کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩١/٤/٣ لە کاتی بەرگری کردن لەشاری سلێمانی پێشمەرگە حسێن ڕەزاو دوو هاورێی لە دوڕیانی سەرچنار کوژران.

١٩٩١/٤/٣ شاری سلێمانی کەوتەوە دەستی ڕژێم، دواتر ڕژێم بەرەو عەربەتو هەڵەبجەی تازەو دەربەندیخان هات.

١٩٩١/٤/٣ فەرماندەی یەکێتی سالاری حاجی قادر خورماڵی لە پێدەشتی قۆری چای کوژرا.

١٩٩١/٤/٤ لەنێوان تەوێلەو بیارەدا لەگەڵ دایکم بووم، گەیشتین بە شەهید عومەر کولکنی، دوای مەرحەبایيو هەواڵ پرسین، کاك عومەر وتی: کاك سالاری حاجی قادر کوژراوە بە داخەوە، جگە لەو چەندین پێشمەرگەی تر گیانیان بەختکردووە.

١٩٩١/٤/٥ لە شوشمێ بوین نایلۆنمان هەڵدابوو، لە ژێریدا دەخەوتین.

١٩٩١/٤/٥ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی لەبەرژەوەندی ئاوارە کوردەکان دەرکرد، تاوەکوو خۆراكو دەرمانو شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکرێت. وە هەڕەشەی لە عێراق کرد، دەبێت دەست لەسەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەڕیو هەڵبگرێت. ئەم بڕیارە ناونرا پرۆسەی ناردنی ئاسودەیی[١].

١ هاورێ باخەوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧٦.

## سەری بێ ڕۆزی لە ژێر خاکدایە

١٩٩١/٤/٧ ئەو حەشیمەتە زۆرە بە ژنو منداڵو پیرەوە دەستیان لەدامێنی چیاکان گیرکردبووو لەگەڵ بەفرو باران دەستەویەخە بوو بووبەنەوە، وێڕای هەموو ئەوانە پەتای سکچونیش تەڕایی لە لاشەی کەسدا نەهێشتبوو، مانگی ڕەمەزانیش بوو، من ئەو کاتە نە گەرم نوێژو نە ڕۆژووگریش بووم، هەزار پاساوم بۆ خۆم دەهێنایەوە کە کەس لەم ڕاکردنو سەرماو بێ خۆراکییەدا ڕۆژووی بۆ ناگیرێت،، هەر بەڕاستیش وابوو، ئەو کەسانە زۆر خۆڕاگرو ئیماندار بوون کە ڕۆژوویان دەگرت، لەوانە دایکمو گەورەکانی ترو کاك عەبدولڕەحیمی خالۆزام بوو بەدرێژایی کۆڕەو ڕۆژی خۆیان دەگرتو هیچیان لێ نەدەخوارد. لەشوشمێ بوین گوندێکی وێرانەی سنور بوو هیچ کەلاوەیەکی بەپێوە نەمابوو، پڕ بوو لە تەقەمەنیو مین ڕۆژ نەبوو خەڵکی بە تلۆرکردنەوەی بەردی گەورە چەندین مین نەتەقێننەوە. خەڵکی هەموو ئازوقەو خۆراکیان لێ بڕابوو، چاوەڕوانی کەرەمی خوا بوین، هەر بار هەڵگرێك لە نەوسودەوە دەهات بەرەو ڕومان بەجارێ هەزار کەس وەکوو پورەی هەنگ بارهەڵگرەکەی دەشاردەوەو خۆیانیان پێدا هەڵدەواسی. ڕۆژی ٤/٨ بێ شێو دانیشتبووم لەپڕ بارهەڵگرێك بە خۆراکەوە پەیدابوو، بەسەری ئێمەدا تێپەڕ دەبوو، ئێمە بە نزمی ١٠ مەتر لە خوارەوەی ڕێگاکەدا بوین. ئەو کەسانەی لەناو لۆرییەکادا بوون لە ئاستی من کارتۆنێك ماسی قوتویان خستە خوارەوە. هەر کە بەرزەوی کەوت وەکوو یاری گۆڕەپانو مەیدان هەر قوتووەکان بە پێشبڕکێو پەرشوبلاوی بەرەو ڕووم هاتن. یەکسەر وەکوو گۆڵپارێزێکی وریا باوەشم بۆ گرتنەوە. توانیم بەفەزڵی خوا تەنها چوار قوتوو بگرمەوە. ئەوەش بۆ ئەو ڕۆژە کەم نەبوو، سەری بێ ڕزق لە ژێر چاڵدایە، خوای گەورە خۆی دەینێرێت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩١/٤/٧ لەگەڵ عەبدولرەحمانی خالۆ تایەر ٦ تفەنگمان لە شۆشمێوە هێنایەوە بۆ بیارە، لەوێ شاردنیەوە تا ئەو کاتەی دەچینەوە دەریان بهێنێت، یان ئەگەر چوینە ئێران با لەوێ بن تا ڕۆژی خۆی.

١٩٩١/٤/٨ هەر لە شۆشمێ بوین ئاردمان نەبوو، هاتم بۆ تەوێڵە بۆ کڕینی ئارد، لەوێ عەبدوڵای خالۆ حەمەم بینی وتم بۆ ئارد دەگەڕێم دەیکڕم، هیچی نەوت، دواتر چوومە خوارەوە نەسرینی خێزانیم بینی لەناو لاندکرۆزەرەکەی خۆیاندا بوو، عەبدوڵا لە گرتنی شوعبەکەی هەڵەبجەی تازەدا ئەو لاندکرۆزەرەی گرتبوو. نەسرین وتی بۆچی دەگەڕێیت، وتم ئارد، وتی سەیارەکەمان پڕە لە ئارد بەئارەزووی خۆت چەندت دەوێ بیبە، بەڕاستی مەوقیفێکی جوانی هەبوو، زۆر بە غیرەت بوو، بەشی خۆم ئاردم هەڵگرتو بەرەو شۆشمێ ڕۆشتمەوە.

١٩٩١/٤/١١ لە کۆڕەودا لە گوندی شوشمێو سنوری تەوێڵە بوین. لەم ڕۆژەدا لەسەر بەرزاییەك دانیشتووم کە دەیڕوانی بەسەر گوندی نەوسودو ناوچە فراوانەکەی ڕۆژهەڵاتدا، دوکەڵی داری سوتاو

تەمێکی سپی بەناو ئەو چەمو دۆڵانەدا دروست کردبوو، جلو بەرگو لەشمان هەمووی بۆنی دوکەڵی داری سوتاوی دەدا، هەرچەندە وەرزی بەهار بوو بەڵام لە پایزی ماتەمو غەمگین دەچوو، ئاسۆیەکی ڕوون بەدی نەدەکرا، ئەوەی ڕادیۆ شرەیەکی لابوایە گوێی هەڵدەخست بۆ هەواڵەکانی لەندەنو مۆنتی کارلۆ، بۆ ئەوەی بزانن کەس قسەیەکی خێر بۆ ئەم میللەتە بەش مەینەتە دەکات؟ جار جار گەڵابەیەکی ئازوقەو خۆراك بەرەو شوشمێ دەهات وەکوو گەڵای دار خەڵك خۆی پێدا هەڵدەواسی تا دەگەیشتە جێگای مەبەست گسکی لێ دەدراو بەخاڵی دەگەڕایەوە بۆ پاوە.

١٩٩١/٤/١٣ وەفدی کورد بەمەبەستی گفتوگۆ گەیشتنە بەغدا.

١٩٩١/٤/١٤ ٢٩ی مانگی ڕەمەزان بوو، لە گوندی وێرانەی شۆشمێ بوین، وا دوو هەفتە زیاترە ئاو بەری سەرولەشمان نەکەوتووە، جگە لەوەی پەتای سکچون هیلاکی کردبووینو زەردولاواز بووبووین. لەسەر بەرزاییەك عاجزو غەمبار تەماشای ناوچە فراوانەکەی ڕۆژهەڵاتم دەکرد، لەخەیاڵی ئەوەدابووم کە جارێکی تر ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ زێدی خۆمانو دەبێت ئاوارەی ئۆردوگاکانی ئێران ببین. لەپڕ خەیاڵی پاوە کەوتە سەرم وتم دەبێ ئێستا بڕۆم بۆ پاوە، بەپێ کەوتمەڕێ، هیچ ئۆتۆمبێلێکی سەربازی سواری نەدەکرم، ماوەیەکی زۆر ڕێگام بڕی ماندوو بووم، هێشتا نەگەیشتبوومە گوندی نەوسود بەڵام لێی نزیك بوومەوە، من چونکە یەکەم جارم بوو لەو ڕێگایە بدەم وامزانی نزیکە بەڵام پرسیارم لەهەرکەس دەکرد نائومێدی دەکردم، ناچار گەڕامەوە بۆ شۆشمێ، بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە جەژن بوو، بەڵام جەژنێکی بێ جەژنەپیرۆزەو گەردن ئازادیو برنجو فاسۆلیاو نوقڵو شیرینی بوو! جەژنێکی نۆجەژن ئاسا بوو کەهیچ کەس بزە لەنێوچاوانیدا نەبوو، زۆربەی منداڵەکان لەبری یاری کردنو جۆلانێو جلوبەرگی ئاڵاوواڵا کزو ماتو نەخۆشو هەناسەسارد لەگۆشەی نایلۆنێکدا چاوەڕێی پارووە نانێکی وشکیان دەکرد. ناسۆرەکانی ئەو ڕۆژگارە هەروا بە ئاسانی باس ناکرێت، قەڵەمو کیبۆردیش لەرزیان لێ دێتو وشە دەبڕزکێنن.

١٩٩١/٤/١٥ هەر لە شۆشمێ بوین. یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو، بێ ئەوەی کەس ئاگای لە جەژن بێت.

١٩٩١/٤/١٦ نەتەوە یەکگرتووەکان ناوچەی دژە فڕینی بۆ فڕۆکەکانی عێراق دیاری کرد.

١٩٩١/٤/١٧ کۆچی دوایی هونەرمەند شەوکەت ڕەشید.

١٩٩١/٤/١٧ پێشمەرگەکانی پەکەکە هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق لە زاخۆ، لە ئەنجامدا چەندین سەربازیان کوشتو هەشت ئاربی جیو ١٦٠١ کلاشنکۆفو ٤ تۆپی ئاسمانیو گەڵی جبەخانەیان دەست کەوت، وە ٥٧ ئۆتۆمبیلێشیان سوتاند.

**١٩٩١/٤/١٩** دەوڵەتانی هاوپەیمان هێڵی **٣٦** ی باکوری عێراقیان کرد بە ناوچەی قەدەغەی فڕین. بەمەش فڕۆکە عێراقییەکان نەیاندەتوانی بەشێك لە ئاسمانی هەرێمی کوردستانی باشور ببەزێنن. خۆشیان لە فڕۆکەخانەی ئینجەرلیکی تورکییەوە چاودێریی ناوچەکەیان دەکرد.

**١٩٩١/٤/٢٢** لە شۆشمێ زۆر هەراسان بووین، بەتایبەت سەر ئاو کردن زۆر ئەستەم بوو، ئەو خەڵکە هەمووی توشی پەتای سك چوون بووبوون، بستێك سەر زەوی بە پاکی نەمابوویەوە، ناوچەکەش ئەوەندە پڕ حەشیمەت بوو لە هەر جێگایەك دادەنیشتی چەندین کەسی تریش لە نزیکەوە سەرئاویان هەبوو، وای لێهاتبوو کەس شەرمی نەمابوو، هەموو لە پاڵی یەك دادەنیشتن. لەم ڕۆژەدا بیستم خەڵکی دەتوانن بچنەوە بۆ بۆشارەکانی خۆیانو حکومەتی بەعس دەستی شل کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی بگەڕێنەوە، لەسەرەتا لە چەمچەماڵو سلێمانی بە توندی مامەڵەی دەکردو خەڵکی دەکوشت، بەڵام کاتێ زانی کوردستان هەموو چۆڵ بووە، نیازەکەی گۆڕیو کاری بەسەر خەڵکەوە نەما، لە بیارە سواری پاسێکی کۆستەر بوین، کە بۆ سلێمانی دەچوو، تا عەربەت هاتین، لەوێوە بە ماشێنێکی تر ڕۆشتینەوە بۆ هەڵەبجەی تازە. کە پڕ بوو لە سەربازی عێراقی. هەر کە گەشتینەوە بە حەوشەکەی خۆمان، لە خۆشیدا وتم دەبێ بچمە ئەو تەوالێتەو یەك کاتژمێری تر نەیەمە دەرەوە، ئۆخەی ئەوە منم کەسم لێوە دیار نییەو بە ئارەزووە خۆم ئاو بەکار دێنم.

گوڵباخەکانی حەوشەکە بە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ خەملی بوون، بۆنو بەرامەی عەترینیان تا کۆڵان دەڕۆشت، چونکە کەس نەبووە دەستیان بۆ بەرێتو کەشو هەوایەکی باراناوی خۆشیان هەبوو، گەڵا سەوزە بریسکەدارەکانیان لەگەڵ گوڵی ڕەنگاو ڕەنگدا تێکەڵاو بووبوون.

ئەو شەوە خەوێکم کردووە پاشا نەیکردووە، لەسەر دۆشەکێکی ئەستور خەوتمو بە ئارەزووی خۆم شتم دەدا بە خۆمدا، جەوێکی بێ دەنگو هەرا، شار چۆڵو خامۆش بوو، خەڵك زۆر بە کەمی گەڕابوونەوە، کارەباش نەبوو، دنیا تاریكو کش ومات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بۆ ریش چوین خەریك بوو سمێل بخەینە بانی

**١٩٩١/٤/٢٣** وتیان لەگەڕەکی هەڵەبجەییەکان لە هەڵەبجەی تازە ئارد دابەش دەکرێت، منو مامۆستا زاهدیش چوین بۆ ئەو جێگایەی خەڵکەکەی لێ کۆبویەوە. ئەفسەرێکی عەرەب بە پلەی ملازمی یەك سەرپەرشتی ڕیزکردنی خەڵکەکەی دەکرد، هەرکەس هەستایەتە سەرپێ سەلیەیەك فیشەکی دەتەقاند بەسەریدا، هەر لەیەکەم دەقیقەوە دانیشتم وتم ئەم کابرا عەرەبە پەنێك دەدات. لەڕیزی بەرامبەرمانەوە پیاوێك هەستایە سەرپێ، کابرای ئەفسەر مشتی لێ گرتو تەقەی لێ کرد، فیشەك قاچی پیاوەکەی

هەڵتەکاند، بوو بە ڕاکردنو خۆشاردنەوەو تەقەکردن. چاومان لێ بوو ئەفسەرو سەربازەکان خۆیان هەڵدایە ناو ئۆتۆمبێلەکانیانو لەو ناوچەیە دوور کەوتنەوە، ئێمەش بەبێ ئاردو بە ماندووی گەڕاینەوە.

١٩٩١/٤/٢٤ منو ئەحمەد مەجیدو مامۆستا زاهید چوین بۆ ئۆردوگای نەسر پاسکیلێکمان کڕی. ئەوان سواری ئۆتۆمبیل بوونو هاتنەوە منیش بە پاسکیل گەڕامەوە بۆ هەڵەبجەی تازە.

١٩٩١/٤/٢٥ باوە حاجی عوسمان کۆچی دوایی کردو هەر لە بیارە بە خاك سپێردرا. بەڕاستی باوام وەلییەك بوو بۆخۆی، ئەو تەمەنی ٩٤ ساڵ بوو، هەموو کات لە هەڵەبجەی تازە دەیوت ئەگەر مردم لە بیارە بمنێژن. ئەوەبوو لە کۆڕەوەکەدا بەرگەی ئەو ناڕەحەتیانەی ڕێگای نەگرتو کۆچی دواییکرد. ئاواتەکەی هاتەدی گۆڕستانی بیارە بوو بە نسیبی.

حاجی عوسمان عومەر (هۆمەر) حاجی مەحمود یاروەیس لەتیرەی یاروەیسی سەر بە عەشیرەتی



کلاشی، لە ساڵی ١٨٩٧ لەناوچەی کوێستان لەزەمەنی جافایەتیدا لەدایك دەبێت. حاجی مەحمودی باوای وەزیری دەستەڕاستو دارایی مەحمود پاشای جاف دەبێتو یەکێك دەبێت لەخاوەن موڵکە گەورەکان، کەبەلیرەی زێڕ چەند هەزار دۆنم زەوی لە دەوڵەتی عوسمانی دەکڕێتو تاپۆ ڕەشەکەی وەردەگرێت. حاجی عوسمان بەمناڵی خراوەتە بەر خوێندن لە حوجرەکاندا.

باوا عوسمان کوڕی بچوکی هۆمەری[1] حاجی مەحمودی یاروەیسە لە هۆزی یاروەیسی سەر بە عەشیرەتی کلاشی. برای گەورەی ئەو حاجی

---

١ هۆمەر مەحمود یاروەیس لەگەڵ کەسوکارو براو ئامۆزاکانیدا بەشداری شەڕی ڕووسەکانی کردووە لە ملەی ئاربابا لە نزیك شاری بانە، خالۆ مەلا تایەر دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەکاتی داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووسەکان شاری بانەیان داگیر کردو بەرەو ناوچەی پێنجوێن هاتن،یەکێ لە شێخانی نەقشبەندی لە هەورامانو مامۆستایانی ئایینی ئەو کاتە فتوای جیهادیان لە دژی داگیرکاریو بێناموسییەکانی ڕووس دەرکرد. لە نوێژی هەینیدا بانگی خەڵکی موسڵمانی ناوچەکەیان کرد کە بەماڵو بەگیان بەشداری ئەو جیهادە بکەن دژی دەوڵەتی ڕووس. لە هۆزی یاروەیس ( محەمەد مەحمود یاروەیسو عەزیز فەتاح مەحمود یاروەیسو پێنج تا شەش کەسی دیکە خۆیان بەستو بەسواری ئەسپ تێکەڵاو بە موجاهیدانی بیارەو هەورامان بوونو بەرەو سنوری پێنجوێن کەوتنەڕێ. لەوێ نزیکی بانە بوونەوەو لەگەڵ ڕووسەکان کەوتنە شەڕەوە. لەو شەڕانەدا زەرەرو زیانی زۆریان لە ئۆردووی پڕ چەكو تفاقی ڕووس دا. چەندین کەس لە موجاهیدانی کوردستان شەهید بوون، یەکێ لەوان محەمەد مەحمود یاروەیس باوکی حاجی مشیرو حاجی مەحمود بوو لە گوندی تەپی سەفا. مامە حەمە لە ملەی ئەربابای بانە شەهید دەبێت، هەروەها هەسەن سڵەمانی گلاڵی بەهەمان شێوە شەهید دەبێت. لەوێ تەرمی مامە حەمە دەدەن بەسەر ئەسپەکەی خۆیداو مامە عەزیزی برازای لەگەڵ دەنێرنەوە تا شارۆچکەی پێنجوێن. لەشاری پێنجوێن

هەیەر بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی دەکات. باوام پیاوێکی خواناسی ئەهلی مزگەوتو جەماعەت بوو، پیاوێك بوو باڵای زۆر بەرز نەبوو، دەستو بازووی ئەستورو سمێڵ ڕیشی پڕ بوو، برۆکانی دەشکایەوە ناو چاوەکانی. کەواو سەڵتەی لەبەر دەکردو زۆر جاریش شاڵو مرادخانی، ئەو کەسێکی ڕۆشنبیر بوو، هەموو ساڵێك لە مانگی ڕەمەزاندا زەڕەبینە گەورەکەی دەخستە سەر قورئانەکەی‌و هەموو ڕۆژێك جوزئێکی دەخوێندەوە، تا هەمووی خەتم دەکرد. ساڵانە سەری لە بەغدا دەداو لە گەڵ حەسەن بەگی جاف دۆستو هاوڕێ بوون. دوای وەفاتی حەسەن بەگیش سەری لە ئامینە خانی خێزانی دەدا. باوام لە گەڵ حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدین (قدس الله سره) برای گیانی بە گیانی بوون، ئەو تەشریفی دەهێنا بۆ تەپی سەفاو ئەمیش هەرکات تاسەی ئەوی بکردایە بەرەو بیارە سەردەکەوت. زۆر جاریش پێکەوە لە دەشتی شارەزووردا ڕاوو شکاریان دەکرد. ئەم ئەسپی ژێری خۆی بە هەدیە دەنارد بۆ حەزرەتی شێخو ئەویش کام ئەسپی جوانی لابوایە دەیناردەوە بۆ ئەم. باوام خێزانی یەکەمی خوشکی حاجی خالید دەبێت، پاش هێنانە دنیای دوو کوڕ بە ناوەکانی محەمەدو مەلا تایەر کۆچی دوایی دەکات. دواتر حاجی خالید خوشکێکی تری پێ دەدات بەناوی ڕەعنا کە دایکی دایکی منە (نوسەر). لەویش ژمارەیەکی زۆر کوڕو کچی دەبێت، بەڵام تەنها کوڕێکو سێ کچیان ماون. دوای نەنە ڕەعنام، ژنی سێهەمیش بە ناوی بەهیە حسێن کاکەسور دەخوازێتو لەویش دوو کوڕو سێ کچی دەبێت. کچی گەورەی لەو ژنە کە ناوی دلوستانە دەدات بە کاك شەوکەت کوڕی حاجی مشیری یاروەیسی کە لە پشتدا ئامۆزای خۆی بوو. باوام دوو تاقم خانوی گەورەی لە ئاواییدا دەبێت، کە یەکێکیان لەپشتی مزگەوتو ئەوی تریان لە بەردەم مزگەوتی ئاواییدا بوو، تاقمێکی زۆر گەورەو دوورو درێژ بوو. دیوارەکانی بە پانی نیومەتر لە خشتی قوڕ دروست کرابوو، وە شەش ژووری گەورەو دیوەخانێك بوو، وەکوو پیتی ئێڵی ئینگلیزی نەخشەی کێشرابوو، دەرگاکانی لە داری گوێزو پەنجەرەکانی تەختەی لە ئاسن تێهەڵکێش کراوبوو. دوو هەیوانی هەبوو لە گەڵ مەتبەخێکو قادرمەی ناوەوەی هەبوو، کە دەچووە سەربان، هەورەبانی بەسەرەوە کرابوو. سەقفەکەی هەموو سپی چنار بوو، بەشێوەیەکی پڕو جوان دارەڕا کرابوو. کاك فەرەج ئەو پیاوە باڵا بەرزە دەستو مەچەك ئەستورەی لە کوردستانی ئێرانەوە هاتبووە تەپی سەفاو بەرەنجی شانی خۆی بژێوی ماڵ ومناڵی پەیدا دەکرد، باسی لەوە دەکرد کە بۆ سەرگرتنی ئەو خانووە گەورەیە سێ سەدو شەست بار زەڵو نەیچەو

---

بەئامادەبوونی مامۆستایانو شێخانی تەریقەت دەیشۆرنو نوێژی لەسەر دەکەن، پاشان بەخاکی دەسپێرن. فەقیانەکانی مامە حەمە لەخوێندا سور بوو بوون. هەرکەس هەوڵی دەدا پارچەیەکی لێ ببڕێتو هەڵی بگرێت بۆ تەبەڕوكو موبارەکی‌و لەکاتی مردنیاندا بیخەنە گۆڕەکانیان چونکە خوێنی شەهیدی پیرۆزە، شەهیدیش لای خوای گەورە پلەی بەرزە، منیش هیوادارم بەبۆنەی ئەو خوێنە موبارەکەوە خوا بم بەخشێت.

پیکەی بە باری گویّ دریّژ، لە چەمی کانی سلّەمانەوە هیّناوە، وە بەدەستی خۆی بەسەر خانووەکەدا ڕایخستووەو پاشان گلّیّبان کراوە. ئەم خانووە حەوشەیەکی گەورەی یەك دۆنمی بە بەبەرەوە بووە، هەمووی کراوە بە باخ لە میوەی جۆراوجۆر. باوام پیاویّکی میواندار بووەو هیچ شەویّك بە بیّ میوان نەبووە. نەنە ڕەعنا بەناوبانگ بووە بۆ چیّشتە خۆشەکانی، هیچ نیوەڕۆو ئیّوارەیەك نەبووە مەنجەلّە مسە گەورەکانی بە سەر ئاگرەوە نەبن. ئەو سندوقیّکی دریّژی داری هەبوو، پڕبوو لە گویّزو میّوژو کشمیشو هەلّوژەی وشك، هەر کات بە میوانی دەچوینەوە، گیرفانەکانی پڕ دەکردین لە گویّزو میّوژ. باوە حاجی عوسمان دوای بەسەر بردنی ٩٤ بەهار لە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ لە بیارە نەخۆش دەکەویّتو پاشان لە ئەحمەد ئاوا کۆچی دوایی دەکات, لە ڕیّوڕەسمیّکی شایستەدا لە گۆڕستانی بیارە بەخاکی دەسپیّرن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩١/٤/٣٠ ژمارەیەك لە خەلّکی ناوچەی دیانا سەر جادەی گەلی علی بەگیان گرت، بۆ ئەوەی ڕیّگا لە مەسعود بارزانی بگرن، نەچیّت بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەلّ ڕژیّمی بەعس.

١٩٩١/٥/١ لەگەلّ سالّحی خالّۆ حەمە چوین بۆ گۆخلاّن شەو ڕیّمان کەوت لە مالّ کاك ڕەفیق کە لە کۆڕەوەکەدا لەویّ مابونەوە. گۆخلاّن خەلّکیّکی ئاوارەی زۆری لیّ بوو ئیّمەش بۆ مالّی کاك ڕەفیق دەگەڕاین نەمان دەدۆزییەوە، وتمان ئەگەر ئەو بازگەی ئیّرانە ڕیّگەمان پیّ بدات دەچینە ساوجیو لەویّوە بۆ مەریوان، بەلاّم شەڕیّك دروستبوو، بوو بە تەقە پاسدارەکان دەستریّژی گولەیان بەناو خەلّکدا دەکرد، ئەگەر خۆمان تەختی زەوی نەکردایە دەکوژراین. دواتر خەریك بوو دنیا تاریك دەبوو مالّی کاك ڕەفیقمان دۆزییەوە.


١٩٩١/٥/٢ لەگەلّ سالّحی خالّۆ حەمە یەکی دوو بار نەعلی پیاوانمان لە مەرزی گۆخلاّن کڕیو هاتینەوە لە عەربەت فرۆشتمان.

١٩٩١/٥/٦ وەفدی کوردی بە سەرۆکایەتی کاك مەسعود بارزانی گەڕایەوە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن.

١٩٩١/٥/١٠ لەگەلّ سالّحو مامۆستا زاهید چوین بۆ مەرزی شۆشمیّ، لەویّ باریّك کالەی ئەدیداسو چەند پاکەت پیلمان کڕی هاتینەوە شەو لە خورمالّ خەوتین. شارۆچکەی خورمالّ هیّشتا ئاوەدان نەکرابویەوە، لە نزیکی بازاڕەکەی ئیّستا لەسەر پارچە کارتۆنیّك لەبەر جریوەی ئەستیّرەکاندا ئاسمانمان کرد بە لیّفەو بەتانی خۆمان، میّشولە کاریّکی پیّکردین گەردەلول بە دەواری شڕی نەکات، بڕوا ناکەم ئەو شەوە نیو کاتژمیّر خەوتبین. بۆ بەیانی هاتینەوە بۆ هەلّەبجەی تازەو دواتر لە سلیّمانی بارەکەمان فرۆشت.

١٩٩١/٥/١٣ کۆچی دوایی پیّشمەرگەی ئازای پاسۆك مام ئیبراهیم بە کارەساتی ئۆتۆمبیّل لەنیّوان قەلاّچوالانو ئەزمەڕدا.

١٩٩١/٦/٢ ڕۆشتم بۆ گۆخلان، خەڵکی سەیدسادق گەڕابونەوە جێگا خانووەکانیانو چادریان هەڵدابوو.



١٩٩١/٧/١٦ محەمەد حەمزە ئەلزوبێدی بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق.

١٩٩١/٧/١٨ ڕاپەڕینی دووەمی شاری سلێمانی دەستی پێکرد بەتەواوی ناو شار پاك کرایەوە لە ئەمنو جەیشو جاشی ڕژێم. لەعەربەتیش شەڕ دەستی پێکرد، ئەو سەربازگەیە ناو عەربەتو باریکەی دابووە بەر هاوەنو تۆپ، دواتر دەست گیرا بە سەریانداو پاك کرانەوە. ٣ پیشمەرگەی خەڵکی سەیدسادقی تیدا کوژران، ئەوانیش (ئازاد مەحمود کاکە وەیس) کانی ئاسکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکرات لەنزیك عەربەت، دوو کوڕی محەمەد شارە زوری پیشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی لەنزیك گوندی بێستان سور.

١٩٩١/٧/١٨ سەرحەد مەلاوەیسەیی پێشمەرگەی سۆشیالیست لە عەربەت گیانی بەختکرد.


١٩٩١/٨/١٨ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە لایەن میخائیل گۆرباتشۆفەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## مەلا سدیقو جبەکەی بەری

١٩٩١/٨/٢٧ کاك شەوکەتی حاجی مشیر لەماڵمان بوو، وتی جبەی مەلاییەکەت لەبەر بکە با وێنەیەکت بگرمو بیبەمەوە بۆ لەندەن بۆ ئەوەی پورتو ئارامو ئالان ببینن کە تۆ بویت بە چی مەلایەك. ئەوەبوو وێنەکەی گرتمو بردییەوە. کاك ئالانی کوڕی لە ساڵی ٢٠١٦ وێنەکەی بۆ سکان کردمو ناردییەوە. چیرۆکی ئەم جبەیەش بەم شێوەیە بوو: ئەم جبەیە بەسەرهاتی خۆی هەیە، لەکاتی کۆڕەوەکە ماڵی کاك قادر لە کوڵکنی واتە ماڵی پورم چونە ئەو دیو بۆ ئێران لە ئۆردوگا جلوبەرگیان دابەش کردبوو بەسەریاندا ئەم جبەیان بەرکەوتبوو. کاتێ هاتنەوە بۆ گوندی کوڵکنی. وتیان ئەم جبەیەمان وەرگرتووە نازانین بیدەین بە کێ؟ منیش وتم وەڵا من دەمەوێت کارم پێیەتی. کاتی دروێنەی گەنم بوو لەبەرم کردو چوم بۆ تەپی

سەفا. کاکە حەمە ی حاجی مشیرو بەڕەحمەت بێت کاك حەسەنی مام حەمۆلو جەماعەتێك بوون لە بنی دارەکانی کانی پاڵەوان دانیشتبوون. بە سالْحی خالۆ حەمەم وت من نایەمە پێشەوە بڕۆ بڵێ مەلا سدیق



هاتووەو داوای گەنم دەکات. کاك حەسەن بە ڕەحمەت بێت هات بۆ لامو لە دوورەوە وتی مامۆستا فەرموو تەشریف بێنە لە خزمەتتدابین، منیش نەمدەوێرا سەیری بکەمو فزەم لەخۆم بڕیبوو. کاتێ هاتە پێشەوە منی ناسیەوە بەناو گەنمدا کەوتە شوێنم جبە وەکوو پەڕەشوت بەدوامەوە شەپەشەپی بوو. دوایی چوین بۆلایان لە سێبەری کانی پاڵەوان لە پێکەنین دا سور بوونەوە، کاکە حەمە وتی باوەڕ بکە وامزانی مەلا سدیقی بیارەیت وتم وا دوو فەردە گەنمی بۆ خۆی حاسڵ کرد.

کاتێ هاتمەوە بۆ هەڵەبجەی تازە بە ڕەحمەت بێت شەهید عەبدولرەحمانی خالۆ تایەر ماڵی خزم نییە منی بۆ نەبردبێتو فەرموو فەرموو وەکوو مەلا سدیق بەو ماڵانەی ناساندووم، جا ئەو کاتە چاویلکەیەکیشم لەچاو دەکرد درەنگ گومانیان لێ دەکردم. دەیان نوشتەو دوعام بۆ خزمو کەسوکار کردووەو ڕوبعو دینارم پێ وەرگرتووە، تەبعەن هەبوو لەو جێگایە ئاشکرای دەکردمو دەیناسیمەوە هەبوو خواحافیزیشم دەکرد پێی نەدەزانیم. دوایی کەسیان پارەکەیان لێ وەر نەدەگرتمەوە، منیش نۆشی گیانم دەکرد.

ئەوانەی باسم کردن هەموو کەسوکاری خۆم بوون لە نەنكو پورو پورزاو خالۆزاو خزمی نزیك تەنها بۆ شۆخی بوو. ئێستاش هەندێکیان هەر بەیادی ئەو کاتەوە پێم دەڵێن مەلا.

کۆمێنتی هەندێ لە دۆستانو خۆشەویستان کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك لە سەر ئەم وێنەیە نوسیبویان:

مامۆستا مەلا تایەر بامۆکی: کا مەلا سەرحەو گیان سڵاوت لێبێت سەرەتا ترسام بە زۆر لە مەلایەکی داماوتان سەندبێت لەو گرانی یەدا ڕوتت کردبێتەوە، بەڵام کە باسی ئۆردوگاو جل وەرگرتنەکەت کرد ئیتر دەستم کرد بە پێکەنین، ماشاء اللە تۆو کاك حەسەنیش دەورێکی جوانتان گێراوە. کاك سەرحەدی بە رێز بابەتو نوسینەکانت یەك لە یەك جوانترو خۆشترن، دە ستەکانت خۆش بێتو قەزات بکەوێت لە هەزار مەلای کەلەپوچی دەستبڕ کە وەك سەگی سپی بۆ بارخانەی لۆکە زەرەرن. زۆر مرۆڤی

نەفس نزم ئیسلامی کردوە بە پەیژەو کۆمپانیا بۆ گەورە بوونو دەوڵەمەند بوون. سڵاو لە تۆو لەزیندوەکان، خوا لە مردوەکانیش خۆش ببێت.

کارزان شەهید عەبدولرەحمان: بەسەرهاتەکانت گەوهەرپۆشن، پڕن لە جوانی پڕن لەو یادەوەریانەی دەرون ئاسودەدەکەن. نوسینی ناوی کەسەکان هەندێك جار چاوپڕلە فرمێسكو هەندێك جاریش زەردەخەنە بەدوای خۆیاندا دێنن. بۆمن هەردوو ڕووەکە وەك یەکن تەنها جوانی یادوەریەکانو کارە ناوازەکانت دەبینم، باوکی ڕەحمەتیم گۆڕی پڕنوربێت لەگەڵ شەهیدان، یادگاریەکانیو ڕۆحی پاکی لامان نەمرەو نامرێت.

ئەندازیار عەبدولڕەحیم مەلا تایەر: دەست خۆش مامۆستا لەم خەفەتو قەیرانانەدا بەسەرهاتێکی خەندە ئامێز بوو یاخوا هەر دڵخۆش بیت.

یاسین شەوکەت محەمەد: جا برا ئەو خەڵکەت هەمووی گومرگ کردوە وەڵا دەست خۆش بێت بەس لەمنت وەرگرتایە لەم قەیرانەدا بە خۆڕایی گە ردنم ئازاد نەدەکردی بەڵام سوڵحی عەشایەریم دە کرد لەگەڵت.

مامۆستا سالار محەمەد حاجی ئەحمەد لە گردی قازی: دەستت خۆش بێت، خۆزگە ئێستاش دەهاتیت چەند دڵێکت پڕدەکرد لەخۆشی وشادی ئەمەیان بە نوشتەو پارە وەرگرتن نییە بەڵکو بەپارەدانو دەرهێنانی پاشەکەوتەکەیە لەبانکی موفلیس.

ئەکرەم عەزیز لە گوندی گردی گۆ: یاخودا تەمەن درێژ بیت، یادگارییەکی زۆر جوانو خۆشە. دەستت خۆش بێت، هەزاران ڕەحمەت لە گۆڕی شەهیدان کاك شەوکەتو کاك عەبدولرەحمانو کاك حەسەن بێت.

ئالان شەوکەت حاجی مشیر: مەلا گیان ئەو سەردەمەی ئەم وینەم بەدەست گەیشتو بەسەرهاتەکەم بیست هەم دیاریەکی جوان بووو هەمیش لە غەریبیدا تێر پێکەنین. ئیستایش دووبارە کە چیرۆکەکە لە زاری خۆتەوە دەبیستمەوە دنیایەك یادەوەری ئەو سەردەمەی بیر خستینەوە. هەمیشە لە خۆشیو شادیدا بیت. تەبعەن من یادەوەری سەردەمی مندالی جەنابتم لایە لە بۆنە ئاینیەکاندا بە خاولیەکیترەوە.

١٩٩١/٩/١١ کردنەوەی یەکەم تەلەفزیۆنی کوردی (puk tv) بە وتارێکی مام جەلال لە مەلعەبەکەی سلێمانی.

١٩٩١/١٠/١ دەوامی ئاسایی خوێندن دەستی پێکردەوە لە سانەوی مەولەوی لە هەڵەبجەی تازە لە پۆلی شەشەمی زانستی دوو ساڵە بووم.

١٩٩١/١٠/١ حکومەتی بەعس بڕیاری دا ئیداراتی خۆی لە کوردستان بکێشێتەوە.

۱۹۹۱/۱۰/۷ لەسلێمانیش ڕاپەڕینی سێهەم دەستی پێکرد، هەرچی سوپای عێراقە لە شارەکەو دەوروبەری دوورخرانەوەو بە تەواوی ناوچەکە پاککرایەوە. سەدان کەس کوژرانو بریندار بوون، چونکە ڕژێم بۆردومانی ناو شاری سلێمانی دەکرد.

۱۹۹۱/۱۰/۲۵ لە فولکەی هەڵەبجەی تازە پەردە لە سەر وێنەی سەیدا ساڵح یوسفی لادرا.

۱۹۹۱/۱۱/۸ کاك بەکری مەلا مەحمودی گردەنازێ ماوەی چەند ساڵ ئاوارەی ئێران بوو بوو، لەکاتی ڕاپەڕین دا هاتەوە بۆ کوردستانو بەشداری ڕاپەڕینی کرد. هەرلەو ماوەیەدا ژنی مارەبڕیو لەم ڕۆژەدا ماڵی پێکەوەناو خێزانی گواستەوە.

۱۹۹۱/۱۱/۲۳ بوترس بوترس غالی هەڵبژێردرا بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جێگای خافێر پیریز دیکۆیلار.

۱۹۹۱/۱۲/۲۵ مام جەلال لە هەڵەبجەی تازە بوو، جەماوەرێکی زۆر کۆبونەوە قسەی بۆ دەکردن.

۱۹۹۱/۱۲/۲۶ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت. لە ماوەیەکی کورتدا هەموو هەرێمەکان سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.

۱۹۹۱/۱۲/۲۸ کۆچی دوایی سالار عەبدولقادر گوڵانی لە گوندی گوڵانی حاجی فەرەج بە هۆی تەقینەوەی لوغمەوە.



سالار حاجی عەبدولقادر لە ساڵی ۱۹۵۰ لە گوندی گوڵانی حاجی فەرەج لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو خەباتگێڕ چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، سەرەتای ساڵانی هەشتاکان پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە وکاری ڕێکخراوەیی بە سەرکەوتووی ئەنجام داوە، لە ساڵی ۱۹۸۵ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو لای بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود دەبێت بە پێشمەرگە. لە ساڵی ۱۹۸۸ بەفەرمانی حزب دەگەڕێتەوە ناو شارو کاری نهێنی بۆ حزب دەکات. لە ڕێکەوتی ۱۹۸۹/۵/۹ پیاوەکانی ڕژێمی بەعس محەمەدی برای دەگرنو شەهیدی دەکەن، وە ڕێگا بە دانانی پرسەکەشی نادەن، ئەم تاوانە قێزەونە شەهید سالار ئەوەندەی تر ڕق ئەستور دەکات بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس. لە ساڵی ۱۹۹۱ بەشداریی ڕزگارکردنی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی کردووە. دوا پلەی سەربازی فەرماندەی بەتالیۆن بووە. مەخابن لە ڕۆژی ۱۹۹۱/۱۲/۲۸ لەکاتی کردنەوەی بارەگادا لە گوندی گوڵان بە لوغم گیان لەدەست دەداتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٢

لەم ساڵەدا هەرێمی کوردستان وەرچەرخانێکی مێژوویی بە خۆوە بینی، ئەوەش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو دروستبوونی یەکەم کابینەی حکومەت بوو. گەلی کورد لە باشوور لە قۆناغی شۆڕشگێڕیو بەرخۆدانەوە هەنگاوێکی گەورەی ناو خەباتی شارستانیو دەوڵەتداری دەست پێکرد. ئەگەر چی بەیەکەم حکومەتی کوردی لە مێژووی هاوچەرخدا هەژمار ناکرێت، بەڵام لە ڕووی نەوعییەوە حکومەتێکی دامەزراوەییو خاوەن سوپاو دامو دەزگای ئەمنیو پۆلیس بوو، هەروەها بەردەوامیشی زیاتر بوو. ئەگەر چی دوای دوو ساڵ لە دروستبوونی بەهۆی شەڕی نەگریسی ناوخۆوە توشی جۆرە ئیفلیجییەك بوو، وە پەرلەمان پەك خراو هەرێمەکە کرا بە دوو بەشی سەو ز زەردەوە، بەڵام قەوارەکە بە نیمچە سەربەخۆیی مابوییەوەو لە کۆتایدا هەردوو زۆنەکە کرانەوە بە یەكو کابینەیەکی هاوبەش پێکهێنرایەوەو پەرلەمانیش خرایەوە گەڕو چەند هەڵبژاردنێکی یەك لە دوای یەك ئەنجام درا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

### مەرگی دوو پەپولە



١٩٩٢/١/٧ چنارو هێمن کە دوو منالی ئاوارە بوون لە شانەدەری تەمەنیان هەشت ساڵو یازدە ساڵ بوو لە ناو بەفردا ڕەق بوونەوە, ئێستا پەیکەرەکەیان لە سەیدسادقە.

چنار ناسیح عەلیو هێمن ناسیح عەلی کچو کوڕی پیاوێکی گەرمیانی ئەنفال کراو بوون. لەکاتی کۆڕەوە گەورەکەی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ لەگەڵ دایکیان ئاوارەی سنورەکانی ئێران دەبنو پاشان لە کەمپێکی ئاوارەکان لە شانەدەری نزیك سەیدسادق نیشتەجێ دەبن. لە قوتابخانەیەکی سەیدسادق درێژە دەدەنەوە بە خوێندن، وە دەبوایە بەپێ هاتوچۆیان بکردایە، بەڵام لە ڕۆژی ١٩٩٢/١/٧ لەکاتی بارینی بەفرێکی زۆردا، ڕێگایان لێ ون دەبێتو بەرگەی سەرماو سۆڵەی بەفر ناگرنو گیانی پاکیان دەسپێرن. ئێستا گۆڕی هەردوکیان لە گۆڕستانی وەسمان غەزاڵە لە شاری چەمچەماڵ. بەو بۆنەیەوە لە شاری سەیدسادق وەکوو وەفایەك بۆ ئەو دوو پەپولەیە پەیکەریان بۆ ساز کراوەو لە دەروازەی شار جێگیر کراون. وە قوتابخانەیەكو باخچەیەك بەناویانەوە کراوە، وە ئەو هاوڵاتییەش کە تەرمەکانی دۆزینەوە، دوو منالە خۆی ناو ناوە چنارو هێمن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

ژنێکی ڕەشپۆش لەکاتی ئیشوکاری ناوماڵدا هەمیشە گوێ قولاخە بۆ دەنگی مێردەکەی، لە پەنجەرەی کابینەکەوە جار جار تەماشای جادەی شانەدەری دەکرد، بەهیوای ئەوەی پیاوەکەی مابێتو لە سۆراغی دۆزینەوەی ژنو منالەکانیدا بێت. هەرکە ناوی ناسیح بهاتابە ئەم دادەچڵەکی، وا نزیکەی چوار ساڵە ناسیح ڕاپێچی بیابان کراوەو سۆراغی نییە، ئای چاوەڕوانی چۆن مرۆڤ پیر دەکەیتو دای دەڕزێنیت.

دایك بۆ نیوەڕۆ لەسەر زۆپای تەحالوف دوو هێلکەی کردە تاوەیەكو بۆی کردن بە هێلکەورۆن، منالەکان بەچای گەرمەوە هیلکەکەیان خواردو هەستانەوە، دواتر دەموچاویان شتو جانتا لە گونیە دروستکراوەکەیان هێنا کە کتێبەکانیانی تێدابوو، کردیانە شانیانو هەر بەجلە پینەپیناوییەکانی ماڵەوەو یەکی بە جوتێك جزمەی لاستیکەوە بەبێ گۆرەوی ڕوویان لە قوتابخانە کرد. پێش دەرچوونیان دایك سەروماچی کردنو بۆ ساتێك لە ئامێزی گرتن. دڵی ترساو خورپەیەکی کرد، دنیا ساردو کەشو هەوا نالەبار بوو، هەوری سپی داویەتی بە یەکداو هاکا ڕەشایی خاك بشارێتەوە. هەتا لە چاو ون بوون دایك نەیتوای بچێتەوە کابینەکە، هەر چاوی لە دوایان بوو بەردەوام دڵە خورپەی بوو، هەستی پێش وەختەی دایك هەرگیز هەڵە ناکاتو وەکو تەلی تەلەگراف هەواڵی داهاتوو دەگەیەنێت بە دڵ. کاتێ ئەوان لە چاو ون بوون دایك ڕۆشتەوە ناو کابینەکەی، قاپو قاچاخەکەی هەڵگرت بیانشوات هەردوو پیاڵەی چاکە کەوتنە خوارەوەو شکان، دایك داچڵەکی، هەستایەوە لە پەنجەرە تەماوییەکەی کابینەکەوە تەماشایەکی جادەی کردەوە، بەڵام هیچی نەبینی، دڵی هەر لای پەپولەکانی بوو، خوایە بەخێری بگێریت.

چنارو هێمن بە هەڵبەزو دابەزو بەزمی منالانە گەشتنە قوتابخانەکەیان، وانەیەكو دوانو سیان خوێنرا، بۆ وانەی چوارەم لە ژوورەوە بوون، بەفر دەستی کرد بە بارین، منالەکان لەپەنجەرەکەوە تەماشای دەریان دەکردو دڵیان لای بەفرەکەبوو، چنارو هێمنیش هەرکامیان لە پۆلی خۆیانەوە خەمی ڕێگای ڕۆشتنەوەیان کەوتە بەر، بەڵام هەر وەکو هەستی منالانە حەزیشیان لە بارینی بوو. بەڕێوەبەری قوتابخانە پەیامی نارد بۆ مامۆستایان کە کۆتایی بە وانە بهێننو منالەکان ڕەوانە بکەنەوە بۆ ماڵەوە.

وردە وردە بەفر دنیای سپی دەکردو ڕەشایی خاکی دەشاردەوە، منالەکان لەدەرەوەی حەوشی قوتابخانەوە دەستیان کرد بەشەڕە بەفر، چنار پەلی هێمنی گرتو کەوتنەڕێ، ڕێگای ئەوان وەکو ڕێگای منالەکانی تر نییە، ئەوان دەبێ بەپێ لە سەیدسادقەوە بڕۆنەوە بۆ شانەدەری.

کاتێ بەفر دای کرد دایك لە شانەدەرییەوە کەوتە چرپو چاپ، دەهاتو دەچو، چاوی دەبڕییە جادەکە دڵی لای چنارو هێمن بوو، جار جار ژنە دراوسێکانی دڵخۆشییان دەدایەوەو کەمێ هێمنیان دەکردەوە:

تێنۆ ... خوشکم تێنۆ ... هاونەڕێوە، هیچ مەترسێ، خوا وەڕەحمە

هیچ نییە ئیشەڵا مەترسێ خۆیشکم، ئەوە منالێ بەرەتای گەیی

دایك :نا بەخوا دڵم ئێژێ چتێکیان وەسەرتێ

بەفرەکە دەیدا لە دەمو چاوو ڕومەتیو بەرەو منالەکان کەوتەڕێ

کوا ڕۆڵە ئەی چنارو هێمن کوان؟ ئەوانتان نەبینی؟

ناوەڵا پوریێ ئەوان لەدواتر بوون

تا سەر جادە قیرەکە دەڕۆشتو دەگەڕایەوە، ئارامی لیێ بڕابوو، وا دنیا تاریکی کرد چنارو هێمن دیاریان نییە. ئەو ئێوارەیە نانو ئاوی لیێ حەرام بوو، دراوسێکانی هاتن بۆلای بۆ دڵخۆشکردنی:

خۆیشکم دڵی خۆت ناڕەحەت مەکە، وەخوا لە مالیێ لایانداوە

ئا ئا خۆ کافرسانی نییە کەسیێ ئەویێ بیانواتە مالۆ نانو ئاوێکیان بداتیێ

ئیشەڵا هیچیان وەسەر نایەت

دایك تا نیوەشەو چاوی نەچووە خەو، لەکۆتاییدا ماندوو شەکەت بوو لەپاڵ زۆپاکەدا هەڵتروشکابوو بۆ ساتێك چووە دنیای خەوەوە. لەخەویدا ناسیح بەجلی کەتافییەوە قژە ڕەشەکانی شانە کردووەو تفەنگ لە شانیدایەو بەزەوقو شەوقەوە بەرەو کابینەکە دێت، سلاوێك لە دایکی منالەکان دەکاتو ئەڵیێ:

ژنەکە کوانیێ چنارو هێمن لەکوێن؟

پیاوەکە ئەوان خەوتوون

خەوی چی هەڵیان سێنە ئەیان وەم بۆ مالەکەی خۆم

مالی چی پیاوەکە ، بۆ ئەمە مالی ئێمە نییە؟

نا مالە تازەکەمان لەناو باخچەو سەیرانگایەکی خۆشدایە، ئەوەنە خۆشە دڵ تیایا حەیران ئەویێ

ناسیح منالەکانی لەخەو هەڵساندو دەستی هەردوکیانی گرتو وەکو تیشك لەچاوان ون بوون

دایك لەخەو ڕاپەڕی، تەماشای کرد دنیا ڕوناکەو ئاسۆ ڕوون بوەتەوە، بەپەلە هاتە دەرەوە، بەفر تا دەمی دەرگای کابینەکە هاتبوو, پاتە لاستیکەکانی لەپیێ کردو گوێی هەڵخست بزانیێ چ باسە، ماشێنێك پەیدا بوو، ئاوارەکان لەدەوری ماشێنەکە خڕ بوون، ژنە ڕەشپۆشە ئەنفالکراوەکان کێشایان بە ڕوومەتی خۆیاندا، دایك لێرەوە ڕاچڵەکی، ئەژنۆی شکا، بڕستی لیێ بڕا توانای نەبوو هەنگاوێکی تر بنێت. لەسەر ئەژنۆ لەسەر بەفرەکە دانیشت، ژنەکان هاتن چواردەوریان گرت، هەڵیان ساندەوەو بەرەو ماشێنەکە بردیان.

شۆفێر: خوشکم دوو منالّ لە نەخۆشخانەنو بەفر بردوونی، ناردومیان بە دوای ئێوەدا، بەلام خەمت نەبێت ماونو نەمردوون.

دایك قەڵەمی ئەژنۆی شکابوو، زمانی گۆی نەدەکرد، وەك بی ناو ئاو دەلەرزی، ترسو سەرما پێکەوە جەستەیان ماندوو شەکەت کرد، لەگەڵ ژنە ڕەشپۆشەکانی تر خۆی هەڵدایە ناو ماشێنو بەرەو سەیدسادق ڕۆشتن.

کاتێ چوونە نەخۆشخانەکە دکتۆر شێخ فاتح کارمەندی نەخۆشخانەی (msf) بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە لەگەڵ دکتۆر جەباری هاوڕێیدا بەرەو ڕووی ژنە دڵ بریندارەکە ڕۆشتنو سەرەخۆشییان لێ کرد:

خوشکم خۆتان خۆش بن منداڵەکانی ترتان خۆش بن إنا لله وإنا إليه راجعون.

دایك چەرچەفی سپی بەسەر دوو پەپولەوە لادا، هەر ئەڵێی لەخەودا بوون، خۆی دا بەسەریاندا دەمی خستە سەر ڕوومەتی ئاڵیان کە تازە شەختە بەری دابوون، تێر تێر بۆنی کردن، هاواری کرد چنار، هێمن کۆترەکان دایان لە شەقەی باڵ، زەوی لە ماتەمدا هەرچی بەفر بوو کردی بە فرمێسك، دارو دەوەن شیوەنو ماتەمیان گێڕا، تەپو تۆز لە عەرعەرو نوگرەسەلمان هەستا، پەپولەکان لە بیابان لەژێر خاکەوە هاتنە دەرو پێشوازییان لە چنارو هێمن کرد.

بەڵی چنارو هێمن ئەو ئێوارەیە لەژێر کلوی بەفردا ڕێگا دەبڕن، بەڵام تەمومژو تاریکی شەو ڕێگایان لێ ون دەکاتو لە چۆڵەوانی نێوان سەیدسادقو شانەدەریدا سەر دەنێن بەسەری یەکەوەو بەفر جەستەی ناسكو پەپولە ئاسایان سارد دەکاتەوەو دڵیان لە لێدان دەخات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٢/١/١٢ دەرچونی ژمارە (٠)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە شاری هەولێر

١٩٩٢/١/٢٨ بەرەی کوردستانی دادگای باڵای کوردستانی لابرد.

١٩٩٢/١/٢٩ کۆچی دوایی عومەر دەبابە سەرکردەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ئاسمان کرا بە دەنووکی کەو

١٩٩٢/٢/٢ ڕۆژی هاوسەرگیریو زەماوەندی من (سەرحەد)و خاتوو (سەریاس عوسمان ئەحمەد) لە هەڵەبجەی تازە. لەبەر ئەوەی هێشتا ساڵێك بەسەر ڕاپەڕین دا تێنەپەڕی بوو، ئەوا دیاردەی چەکداری شتێکی ئاسایيو گشتی بوو، هەموو کەس خاوەنی چەكو تفاقی سەربازی خۆی بوو، هەر لە دەمانچەوە تا دەگاتە چەکی نیمچە قورسی وەکوو ئاربی جيو بیکەیسيو دۆشکە، هەموو ئەمانە بەدەست خەڵکی سڤیلەوە بوون. ڕۆژانەو شەوانە فیشەك بە خۆڕایی بە ئاسماندا دەکرا. خەڵك خواخوای بوو شایيو زەماوەندێك بکرێت بۆ ئەوەی تفەنگی خۆی تاقی بکاتەوەو ئاسمان بکات بە دەنوکی کەو. ئەوە بوو منیش زەماوەندم ساز کردو خەڵکێکی زۆرم بانگهێشت کرد. چەندین قازان برنجو شلە بەسەرەوە بوو، ژنانی بەسەلیقەو بەغیرەت سەرپەرشتییان دەکرد. هەر لە شەوەکەیەوە دەست کرا بە هەڵپەڕکيو چەندین جۆر تفەنگ تاقی کرایەوەو ئاسمانیان دایە بەر ڕێژنەی گولە. ئاهەنگو هەڵپەڕکێ تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو، پیاوانی قارەمانی دراوسێمان بوون هەموو پیاوی قسەخۆشو ئەهلی کەیف بوون، ئەوەندەی تر شاییەکەیان گەرم کرد. نیوەڕۆ بوك گوازرایەوە بۆ بەری ماڵو لەبری بەخێرهاتن چەندین شانە فیشەك

بەسەریدا تەقێنرا، ئەگەر دوای مانگێیش قورقوشمت بەسەریدا بتواندایەتەوە وێنەی ئاربیجیو بیکەیسی دەردەچوو.



کاك شەهابی خاڵۆزامان کە هەمیشە شەیدای چەكو تفەنگو ئێستا ئەفسەرە لە هێزی پێشمەرگە، سێ گولە ئاربیجی تەقاند. لیژنەی ئاسایشی بەرەی کوردستانی گوێیان لەو هەمووە تەقەو ئاربیجییە دەبێت پرسیار دەکەن ئەوە شایی کێیە؟ وا ئاسمانیان گڕداوە دەبێ بچین لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەین؟ وتبویان شایی کوڕی شەهید هاوارە، ئەو کاتانە قەدرو ڕێزی شەهید دەگیرا، نەهاتنو گەڕابونەوە. نانی نیوەڕۆ خوراو منداڵ هەریەکە دووقاپی بەدەستەوە گرتبوو داوایان لە ژنان دەکرد برنجو شلەیان بۆ تێ بکەن. هەر چەند منداڵێك لە گۆشەیەکدا بە پێکەنینو شادییەوە نانیان دەخوارد. نان خوراو شایی گەرم کرایەوە، تا ئێوارە هەڵپەڕکێ کرا، ئێوارە هەموو خواحافیزییان کردو حەوشو ماڵێکی جەنجاڵو شپرزیان بۆ بەجێ هێشتین.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٢/٢/٩ کاك ئەحمەدی موفتی زادە کۆچی دواییکرد. لەکاتی بەخاك سپاردنی تەرمی بیرمەندو موجتەهیدی هەژاردۆست کاك ئەحمەدی موفتیزادە دا مامۆستای شەهید مەلا محەمەدی ڕەبیعی فەرموی: کاك ئەحمەد ئەو پیاوە بوو هەرکات لەماڵ ئەهاتە دەرەوە، ئەگەر هەژارێکی ببینیایە کە چاکەتی لەبەردا نیە، چاکەتەکەی خۆی پێ ئەبەخشی، ئەگەر هەژارێکی ببینیایە کە پێڵاوی لەپێدا نیە، پێڵاوەکانی خۆی پێ ئەدا، بۆیە زۆرجار کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵ بە پێ خاوسیو بێ چاکەت ئەگەڕایەوە. هەژار موکریانی لەچێشتی مجێوردا دەڵێت: دوای شۆڕشی ئیسلامیی، زۆر کەس لە کوردەکانی ساباڵغو سنە خراپەی ئەحمەدی موفتی زادەیان دەگوت، بەڵام کە لەگەڵی بوومە ئاشنا، زانیم لە غەرەزێکی نەزانانەوە خراپەی دەڵێن. گوناهی هەر ئەوە بوو کە موسڵمانی بە ڕاستیيە. موفتی زادە بە دڵ ویستوویە ئازادی بۆ

کوردستان بستێنێ. لەو ساوە خۆم ڕووبەڕوو کاك ئەحمەدم دیوەو سەفەرم بۆ شیمال لەگەڵی کردووە، زۆر وەبەر دڵم کەوتووە. لایم وایە بە مردووییش هەزاران کۆمۆنیستی نەزانی دەبێ بە قوربان بکرێت[1].

۱۹۹۲/۲/۱٦ محەمەد حاجی عەلی فەتاح گردی گۆیی لە کەناری چەمی تانجەرۆ نزیکی هەڵەبجەی تازە بە شیوەیەکی نادیارو تەماوی کوژرا.

۱۹۹۲/۲/۲۹ سوڵحی نێوان هەردوو عەشیرەتی گلاڵیو یۆسوجانی کرا کە ۱۱ کەس لە نێوانیاندا کوژرابوو.

۱۹۹۲/۳/۱٦ لە هەڵەبجەی شەهید بوین بە بۆنەی یەکەمین ڤیستیڤاڵی کیمیباران کردنی هەڵەبجەوە. ئێوارە هاتمەوە لە سیروان لەماڵی خەزورم نانم خوارد، ماڵی مامۆستا عوسمانی مەلا مەحمودی گردەنازێ لەوێ بوون. ئەو ئێوارەیە لەپاڵ خواردنی تردا گنگربەماسییەکی زۆر خۆشیان کردبوو.

۱۹۹۲/۳/۱۷ لە سیروان بوین. بۆ نیوەڕۆکەی چوومەوە بۆ ڤیستیڤاڵەکە. چونکە ئەم ڤیستیڤاڵە یەکەم جاری بوو بە ئازادی لە کوردستاندا بکرێتو هێشتا خەڵکی کوردستانیش پەرۆشییان مابوو بۆ شارەکەو شەهیدەکانی، ئەوا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی کوردستانو پارچەکانی تریش بەشدارییان تێدا کرد، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ زیاتر بەردەوام بوو.

۱۹۹۲/۳/۱۸ بەرەی کوردستانی بڕیاریدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت.

۱۹۹۲/۳/۱۹ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، بڕیاری دروستکردنی دادگای تایبەتی شۆڕشی دەرکرد، فاروق جەمیل کرا بەسەرۆکی ئەو دادگایە.

۱۹۹۲/٤/٥ هەردوو پارتی پاسۆكو حسك یەکیان گرت.

۱۹۹۲/٤/۱۷ بۆ یەکەم جار نوێژی هەینی لە مزگەوتی گەورەی هەڵەبجەی تازە خوێنرا بە ئیمامەتی مامۆستا حەسەن شەمێرانی.

۱۹۹۲/٤/۱۸ حەمە ڕەشید سۆفی عەلی جان جان لەهەڵەبجەی شەهید کوژرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

### سەددام بۆیە تۆقیوە تەیارەی حسکی دیوە

۱۹۹۲/٥/۸ دکتۆر مەحمود عوسمان لە هەڵەبجەی تازە بوو، بەبۆنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە هاتبوو، وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.وتی: ئێمە وەك حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بە جۆش

---

۱ هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، ناوەندی چاپو بلاوکردنەوەی کتێبی میهرەگان، چاپی دووەم، ۲۰۰۷، ل٥۰۹.

وخرۆشەوە، شاربەشارو شوێن بە شوێنی ئەم هەرێمەمان تەی کرد، لەو میانەدا ئەوەی هەبوو لە شانازیی‌وسەروەرییەکان بۆ جەماوەر نمایش دەکران، یەکێك لەو دەستکەوتانەی کە ئێمەی دڵخۆش کردبوو، پەیکەری فڕۆکەیەك بوو، کە بەسەر بارهەڵگرێکەوە لەنێو کەژاوەی ئوتۆمبێلەکاماندا دەمانگێڕا، دەگەشتینە هەر قەرەباڵغییەك،




ئەو هەڤاڵەی تایبەت بوو بە فڕۆکەکە، دەیخستە کار، ئێمەش بە دەنگی بەرز هوتافمان دەکێشاو هاوارمان دەکرد: (سەددام بۆیە تۆقیوە، تەیارەی حسك ی دیوە)، هەرچەندە بە ئیشکردنی فڕۆکەکە، ئێمە لەخۆشییاندا خەریك بوو دەفڕین، لێ ئەو، ئێستایش‌و ئەوسایش، تا ئەو کاتەی کە فەرهوودیشیان کرد، نەیتوانی تەنها جارێك بفڕێت[1].

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٢: لەدوای ڕاپەڕین حکومەتی عێراق فەرمانگە کارگێڕییەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان کشاندەوەو ئابڵوقەی ئابووری خستە سەر هەرێم، بەمەش بۆشاییەکی یاسایی‌و کارگێڕی لەهەر سێ پارێزگاکەدا دروست کرد. دوای ئەوە بەرەی کوردستانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی دەرکرد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و یاسای ژمارە (٢)ی لەهەمان ساڵدا


دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢
[ هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ]
تکایە:
یەکێك لەم بەڕێزانەی خوارەوە هەڵبژێرەو بەپێنووس دەست نیشانی بکە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەڕێز جلال حسام الدين الطالباني | بەڕێز دکتور محمود علی عثمان | بەڕێز مسعود مصطفى البارزاني | بەڕێز عثمان عبدالعزيز محمد |

بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەری ڕزگاریخوازی گەلی کوردی لە باشور دەرکرد. ئەمەش لە ٨ی نیسانی ١٩٩٢ دا بوو"[2]. لە ١٩٩٢/٥/١٧ بڕیار وابوو لەم ڕۆژەدا هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام لەبەر مەرەکەبی دەست مۆر کردنەکە کە لە ئەڵمانیاوە دابین دەکرا، دواخرا بۆ ٥/١٩.

---

١ نەوزاد عەلی فەتاح زێروونی، ڕۆژنامەنوس، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٦/١٠/٦.

٢ سەروەر حەمە ئەحمەد، القضية الكوردية من منظور السياسة الخارجية الامريكية "دراسة حالة لإقليم كوردستان العراق ٢٠٠٠-٢٠١٢"، رسالة ماجستير، كلية التجارة والإدارة الأعمال، جامعة حلوان-القاهرة، ٢٠١٤، ص١٣٤.


**١٩٩٢/٥/١٩** هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا. لە هەڵەبجەی تازە یەك بنکەی دەنگدان هەبوو، ئەو خەڵکە تا ئێوارە سەرەی گرتبوو دەنگ بدات، بەڵام زۆر کەس بەبێ دەنگدان گەڕایەوە چونکە مەجال نەبوو دەنگ بدات. ستافی هەڵبژاردن فریای وەرگرتنی هەموو خەڵکەکە نەکەوتن.

**١٩٩٢/٥/٢٢** پارتیو یەکێتی ڕێککەوتن لەسەر پەنجا بە پەنجای کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانو دروستکردنی حکومەتی هاوبەشو دوورخستنەوەی حزبە بچوکەکانی تر لە کابینەکەدا. وە کەسیش بۆ ڕابەر هەڵنەبژێردراو کەسیش دەستنیشان نەکرا.

**١٩٩٢/٥/٢٣** ئاهەنگو خۆشی خەڵکی کوردستان لە شارو شارۆچکەکان بەردەوام بوو، بە بۆنەی دروستبوونی پەرلەمانو حکومەتەوە.

**١٩٩٢/٦/٤** پەرلەمانی کوردستان یەکەم دانیشتنی ئەنجام دا. جەوهەر نامیق سالم بوو بەیەکەم سەرۆکی پەرلەمان لە باشوری کوردستان.

**١٩٩٢/٦/١٢** کۆچی دوایی حەیدەر عەلی شیعە لەسەر ڕێگای سەیدسادق، سلێمانی بە ڕوداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلەکەی.



حەیدەر کوڕی عەلی حسێن ناسراو بە حەیدەری علی شیعە لە بەرواری ١٩٦٢/٧/١ لە خێزانێکی شۆڕشگێڕو ماندونەناس لە شارۆچکەی خورماڵ چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ئەو هێشتا منداڵ بووە باوکی لە شۆڕشی ئەیلولدا فەرماندەیەکی قارەمان بووەو لە سەنگەرەکانی دوژمندا بووە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە خورماڵ تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٧٦ لەدەستپێکی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێدا بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان باوکی یەکێك دەبێت لەو حەوت کەسەی کە یەکەم فیشەکیان بە دوژمنەوە ناوەو ڕۆڵی سەرکردایەتی ئەو مەفرەزەیەی دەبینی, ڕژێمی بەعس بۆ چاو ترسانی پێشمەرگە هەستا بە گرتنو ڕاپێچ کردنی کەسوکارو ژنو منداڵی پێشمەرگە. شەهید حەیدەر لەگەڵ دایکیو خوشكو براکانی دەگیرێنو ڕەوانەی زیندانی ناسرییەو شەترەو ڕەفاعیە دەکرێن لە باشوری عێراق. وە بۆ ماوەی ساڵێكو سێ مانگو یازدە ڕۆژ لە ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانیاندا دەبنو ئەوپەڕی تاڵیو مەینەتییەکانی زیندانیان چەشتووە. دواتر کە پێشمەرگە چەکی دانەناو بێ منەت بوو لەو کارتی فشارە، ڕژێم بە لێبوردنێك هەموویانی ئازاد کرد. شەهید حەیدەر بە گەڕانەوەی لە زیندان پەیوەندی کرد بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوەو وەکوو کەسێکی چالاكو کارا دەست بەکار بوو، چەندین جار ڕووبەڕووی مەترسیو گرتنو ڕاوەدونان بووەتەوە تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٠ دوای شەهید بوونی باوکی چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو دەچێتە شاخ. بەشداری زۆربەی نەبەردییەکانی

کردووەو بە پلەکانی پێشمەرگایەتیدا سەرکەوتووە، دوا پلەی ئەو ڕابەر سیاسی بەتالیۆنی سێی خورماڵ بووە. لە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/١٢ بە ڕوداوێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی دەکاتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٢/٦/١٣ کۆچی دوایی خاتوو ڕەوشەن بەدرخان.

١٩٩٢/٦/١٨ کوڕی ساڵح حەمە ئەلی کانی بەردینەیی لە مجەمەعی نەسر پاش پەنجا ڕۆژ لە ون بوونی لە ناوچەی پێنجوێن بە کوژراوی دۆزرایەوە.

١٩٩٢/٧/٤ پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی د. فواد مەعسوم.

یەکەم کابینەی حکومەت بەسەرۆکایەتی دکتۆر فوئاد مەعسوم دەستنیشان کرا، کە پێکهاتبوون لە ١٥ وەزارەت، شەش لەو وەزارەتانە بۆ پارتی بوو کە پێکهاتبوون لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، پیشەسازیو کارەبا، ئاوەدان کردنەوە، ئەوقاف، پەروەردە، گواستنەوەو گەیاندن. وە شەش وەزارەتیش بۆ یەکێتی بوو لەوانە: ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن، یارمەتی مرۆڤایەتی، داراییو ئابوری، کشتوکاڵ، شارەوانیو گەشتوگوزار. وە وەزارەتی تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ حزبی شیوعیو وەزارەتی بەڕیوەبردنی گشتی بۆ بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشوریو وەزارەتی دادیش بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٢/٧/٥ دانیاڵ میتران هاتە سلێمانی، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

١٩٩٢/٧/٦ دانیاڵ میترانو بێرنارد کۆشنەر بەرەو هەڵەبجەی شەهید کەوتنەڕێ، لە گەڕەکی وڵوبە ئۆتۆمبێلیك خۆی بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانیدا تەقاندەوە، لە ئەنجامدا چەندین کەس لە پێشمەرگەو پاسەوان کوژرانو بریندار بوون.

١٩٩٢/٧/١٢ لە هەڵەبجەی تازەو لە گەڕەکی سیروانییەکان شەڕێکی عەشایەری ڕویدا کە بوو بە هۆی کوژرانی دوو کەسو برینداربوونی کەسێکیتر.

١٩٩٢/٧/١٥ دەرچوونی بڕیاری ژمارە (١) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەو پێیە تەواوی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو بازگەکانی پشکنین دەچنە ژێر ڕکێفی وەزارەتی ناوخۆوە.

١٩٩٢/٧/٢٩ دەرچونی بڕیاری ژمارە (٣) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەو پێیە ئەوانەی کەلەسەر کاروباری سەربازیو پۆلیسی لەلایەن ڕژێمەوە دەرکراون، دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

١٩٩٢/٨/٣ ئەندازیار محەمەد سەعید حسێن گلاڵی لەناوچەی چوارتا دەکوژرێت.

١٩٩٢/٨/١٩ کۆچی دوایی مام حاجی مشیر محەمەد مەحمود یارەویس لە تەپی سەفا.

۱۹۹۲/۸/۱۹ فرانسۆ میتران سەرۆککۆماری فەرەنسا لە کۆشکی ئەلیزێ پێشوازی کرد لە جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانی، ئەمەش یەکەم جار بوو سەرکردەیەکی وا گەورە لە ئەوروپا پێشوازی لە نوێنەرانی کورد بکات.

۱۹۹۲/۸/۳۰ مام جەلال هات بۆ هەڵەبجەی تازە بۆ سەردانی ماڵی کاك عومەری حاجی مشیر بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکیەوە، کە مام جەلال لە کاتی پرسەکەیدا لە دەرەوە بوو.

۱۹۹۲/۹/۱۳ دۆزینەوەی تەرمی مستەفا عەلی بەرزنجی لەنزیك نەخۆشخانەی مناڵ بوون لە هەولێر، کە لاشەی هەنجن هەنجن کرابوو، دەوترا لەلایەن بزوتنەوەی ئیسلامییەوە لە سەر پەرتوکی (کلمات الله) تیرۆر کراوە.

۱۹۹۲/۹/۱۷ دکتۆر سادقی شەرەف کەندی سکرتێری حزبی دیموکراتو هاورێ لەگەڵ هەریەکە لە فەتاحی عەبدالی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبو هومایونی ئەردەڵانی نوێنەری ئەڵمانیای حزب لە چێشتخانەی میکۆنۆسی یۆنانی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا لە لایەن ئێرانەوە تیرۆر کران.

۱۹۹۲/۹/۲۰ کوژرانی رۆژنامەنوسی کورد موسا عەنتەر بە دەستی تورکە توندڕەوەکان لەشاری دیاربەکر.

۱۹۹۲/۱۰/۱ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فیدراڵی پەسەندکردو هەرێمی وەکوو ناوچەیەکی فیدراڵی لە عێراق ڕاگەیاند. هەروەها لە هەمان دانیشتن دا پەکەکەی ئاگادار کردەوە کە لە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا چالاکییە سەربازییەکانی ڕابگرێتو بنکەکانی لە کوردستانی عێراقدا دابخاتو ئیلتیزام بە بڕیارەکانەوە بکات. حکومەتی هەرێمیش لەم بارەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردو داوای لە پەکەکە کرد ناوچە سنورییەکان بە جێ بهێڵێو بگەڕێتەوە ناو سنوری چالاکی خۆیان، یان بێتە ناو کوردستانی ئازادەوەو بە پێی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەفتار بکات.

۱۹۹۲/۱۰/۳ ئەحمەد حاجی محەمەد ڕۆستەم گوڵەخانەیی لە گەڵ کەسێکیتردا لە گوڵەخانە لوغم پیایاندا تەقییەوەو کوژران.

۱۹۹۲/۱۰/٤ پەرلەمانی کوردستان جاڕی کوردستانی فیدراڵو هێرش کردن بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی پەکەکەی ڕاگەیاند.

۱۹۹۲/۱۰/۲۳ حاجی ساڵح کەریم حەمەی غوڵام مەشهور بە حاجی ساڵح دوو ژن لەسەر دەریاچەی سیروان لوغم پیایدا تەقییەوەو کوژرا.

۱۹۹۲/۱۰/۲۵ حاجی عەلی باران لە نێوان عەربەتو سلێمانیدا کوژرا.

۱۹۹۲/۱۰/۲٦ حەمە سەعید مەحمود عبدالله بەشارەتی لە شەڕی پەکەکەدا گیانی بەختکرد.

۱۹۹۲/۱۰/۲٦ کەیکاوس محەمەد ڕەشید لە چیای خواکورکی نزیك تورکیا لەشەڕی پەکەکەدا گیانی بەختکرد.

۱۹۹۲/۱۱/۳ مام جەلال لە ئاهەنگی یادی حەفتا ساڵەی حکومەتی پاشایەتی شێخ مەحمودی نەمر لە باشوری کوردستان، وتی: هەرکەسو گروپو لایەنێك سەرپێچی لە یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوا سەر بە دوژمنەو خیانەت بە کوردو کوردستانو خوێنی شەهیدان دەکات.

۱۹۹۲/۱۱/٤ بیلێ کلینتۆن هەڵبێژردرا بە سەرۆکی ئەمریکا.

۱۹۹۲/۱۱/۱٤ پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمار ۳٥ دادگای تایبەتی شۆڕشی هەڵوەشاندەوە.

۱۹۹۲/۱۱/۲۲ ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی (نەهزە) بە ڕابەرایەتی ملا سدیق عەبدولعەزیز.

## دار بڕین لە زێدی خۆمان

۱۹۹۲/۱۲/۲۷ ئاسمان ساماڵ بوو، هەتاوێکی خۆش کەوتبووە سەر کیلگەو مەزراکان، گڵە ڕەشە شێدارەکەی گەرمو وشك دەکردەوە، لوتکەی شاخی هەورامان تارایەکی سپی بۆشی بوو. گەڵای دارەکان وەکوو ئاڵتون ڕژابوونە سەر زەویو لەگەڵ ئەو گژوگیا سەوزانەی کە تازە سەریان دەرهێنابوو تێکەڵاو بووبوون. ئاوی کانیو چاوگەکەی شەکرالی بە ڕوونیو جوانی بەسەر بەردە سپییەکاندا ڕووەو خوار دەهاتو لە لای کانی مارفەوە بەرەو گوندی لامەرکەزی دەڕۆشت. ساڵی گرانی بوو هەرێمەکەمان بەدەست دوو گەمارۆی ئابوورییەوە دەیناڵاند، یەکێکیان گەمارۆی ئابوری نێودەوڵەتی بوو لە سەر هەموو دانیشتوانی عێراقو دووەمیش گەمارۆی ئابوری عێراق بوو لەسەر هەرێمی کوردستان. خواردەمەنی زۆر گران بوو، هەژاری ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی دەسەند، سوتەمەنی زۆر کەمو دەگمەن بوو، ئەوەش هەبوو هەموو کەس نەیدەتوانی بیکڕێت، خەڵکی لە وەرزی زستاندا پەنای بۆ سوتانی دار دەبرد بۆ چێشت لێنانو خۆگەرم کردنەوەو خۆشتن.


ئێمەش لە گوندی شەکرالی زێدی خۆمانو باو باپیرمان چەمو باخو دارمان هەبوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی سوتەمەنییەوە خەڵکی هەژارو بێ دەست هەمووی لەبن دەرهێنابوو، چەند بنە توییەکی گەورەی چەند ساڵەمان مابوو کە هەر دانەیەکیان بەشی زستانێکی دەکرد. لەگەڵ مامۆستا زاهید دا یەکی تەورێکی تیژمان گرت بە دەستەوەو سواری ماشێن بوین ڕۆشتین بۆ گوندەکەمان، پاش ئەوەی خەڵکی ئاوایی بەخێریان هێناین کەوتینە بڕینی پیرە دار تووەکان. خوالێخۆشبووان حاجی فەرەجو خەلیفە عەبدولقادری کوڕیو حاجی محەمەد ناسراوە مامە حەمە کالێو کوڕەکانی یارمەتییان داینو داریان لەگەڵ بڕینەوەو پەلۆپۆکانیان هەڵپاچیو ئامادەی ئەوەیان کرد کە بخرێتە ناو ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەوە. بۆ نانی نیوەڕۆ خوالێخۆش بوو خەلیفە عەبدولقادر منو مامۆستا زاهیدی بردەوە بۆ ماڵی خۆیان، شلەو برنجێکی

خۆشیان لێنا بوو لەگەڵ کوزەڵەیەکی ناسکی جوانی چاوگی شەکرالی بۆیان دانایین بەنانی هەورامییەوە، ژەمێکی زۆر خۆش بوو، تامی ئەو خواردنە سادانە لەکاتو شوێنی ئاوادا لەزەتی تەواو نابێت. کاتی نویژی عەسر دوای نوێژ لەگەڵ مامۆستا زاهیدا ڕۆشتین بۆ سیروان بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بەکرێ بگرینو دارەکە بەرینەوە بۆ هەڵەبجەی تازە. خەزوورم حاجی عوسمانی ئەحمەدی هەسەن دوو تەنییەکی بۆ گرتین بە ١٠٠ دیناری ئەو کاتە، دارمان بار کردو هاتینەوە بۆ هەڵەبجەی تازە. حاجی کەریمی شەمێرانی بەشی پیرکی ڕۆژێك هەتا ئێواری دارەکانی بۆ ورد کردم کە بۆناو زۆپا بشێت, ئەو ساڵە تا نزیکی بەهار دارەکان تەواو بوونو بەوەش زستانێکمان بەڕێ کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٢/١٢/٢٨ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا مارف تەپی سەفایی لە ناحیەی سیروان.

مارف سلێمان مستەفا لە ١٩٢٠/٧/١ لە گوندی وەیسەی نزیك شاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە. باوکی لە عەشیرەتی میکائیلی جاف بووەو لە کاتی جافداریدا لەگوندی وەیسەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر بووە. مامۆستا لە تەمەنی حەوت ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن لەلای مامۆستایانی ئایینی ئەو سەردەمە. دواتر هاتووەتە گوندی تاوێرەو لەدوای ئەوێش لە تەپی سەفا جێگیر بووە. ماوەیەکیش باری کردووە بۆ گوندی گامێش تەپە. ئافتاو خانمی خێزانی لە عەشیرەتی کلاشی بووە. مامۆستا مەلا مارف پێش ئەوەی بێتە تەپی سەفا خاوەنی ٣٠ سەر مەڕو دوو مانگا بووە، واتە باری ئابوری باش بووەو هەژار نەبووە, وە لە هەمان کاتدا کەسێکی زۆر نەفس بەرزو قسە سورو بە ویقار بووە، تەنازولی لەهیچ حەقێك نەکردووە، هەرئەوەش وای کردووە کە زۆر لە مامۆستایانی ئاینی خۆشیان نەوێت.



لە ساڵی ١٩٨٤ وانەی فێربوونی قورئانی بەمنو ئەسعەدی برام وتەوەو ڕۆژانە دوای نوێژی عەسر پێی دەخوێندینەوە، تا گەشتینە سورەی مەریەم لەگەڵمان بەردەوام بوو. دواتر وتی ئیتر بەستانە، باشی دەخوێننەوە. مامۆستا کەسێکی نەتەوەیی بوو هەستی کوردایەتی بەهێز بوو، هەرچەندە لەگەڵ منالاندا وشك بوو بەلام ئێمەی خۆش دەویست، هەرلەبەر ئەوەش بوو کە ئێمە کوڕی شەهید بوین.

لەکاتی ووتنەوی قورئاندا بە منو ئەسعەدی برام سوعبەتی خۆشی بۆ دەکردینو باسی مامۆستا قانعی شاعیری دەکرد کە پێکەوە قوتابی بوونو مامۆستاکەیان لێیان توڕە بووەو پێی وتوون سەرتان دەشکێنمو دەتانکەمە حوجرەکە. وە هەرکات نوختەیەکی ڕەشی زیادەی بەسەر پەڕەی قورئانەکەوە ببینیایە چەقۆیەکی لەگیرفانی دەردەهێناو بەنوکی چەقۆکە بەهێواشی نوختە ڕەشەکەی لادەبرد.

ماموّستا خاوەن بەسرەتێکی تیژو عەقڵێکی فراوانو ئایندە بین بوو، پێشبینییەکانی هەموو وەڕاست دەگەڕانو دەهاتنە دی. وە کەسێك بووە سڵی لە وتنی قسەی حەق نەکردووەتەوە با بەرامبەرەکەی زاڵمو ستەمکاریش بووبێت چەندین جار لەسەر هەڵوێستی کوردانی ڕاپێچی زیندان کراوە.

کاکە حەمەی مام حاجی مشیر دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەکۆتایی حەفتاکان ڕۆژێك ماموّستا بانگی کردمو وتی محەمەد بەیانی زوو وەرە ئەچین بۆ سلێمانی. منیش بێ سێو دوو کردن وتم بەسەر چاو ماموّستا بەیانی دوای خۆرکەوتن دێمو دەڕۆین. لەڕێگا وتی محەمەد ئەزانی بۆ کوێ ئەچین؟ وتم نەوەڵا ماموّستا خۆت ئەزانیت. وتی مزگەوتەکە فەرشی نییەو ئەمەوێت لە ئەوقافی سلێمانی فەرشی بۆ پەیدا بکەم. گەشتینە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانیو لە نوسینگەی بەڕێوەبەر وتیان بڵێین کێ هاتووە، وتی بڵێن مەعروف سلێمان هاتووە.

پاش پێنج خولەك بانگ کراینە ژوورەوەو بەڕێوەبەر هات لەبەرامبەری ماموّستا دانیشتو جگەرەی تەقدیم کرد، دواتر ووتی فەرموو ماموّستا ئەمرت بە چییە؟

ماموّستا بە پلار وتی: خەلیفەی موسڵمانان مزگەوتەکەی تەپی سەفا پێویستی بەو فەرشەی ژێر قۆندەرەکانی جەنابتانە.

کاکە حەمە ئەڵێت: بەڕێوەبەری ئەوقاف بەو قسەیە تاساو ڕەنگی گۆڕا، کوڕێکی گەنجی بانگ کرد وتی لەگەڵ ئەم پیاوانەدا بڕۆ چییان پێویستە بۆیان دابین بکە.

کوڕەکە دوو تۆپ فەرشی گەورەی لە کۆگا دەرهێنا وخستیە ناو پیکابێك، هەتا سیروان لەگەڵمان هات. لەوێشەوە بە تراکتۆرێك هێنامانەوە بۆ ئاوایی.

ماموّستا هەمیشە کەسێکی بە هەڵوێستو قسە لەڕوو بووەو سڵی لە هیچ کەس نەکردووەتەوە. لەدوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ئۆردوگای باریکە نیشتەجێ دەبێت. دوای ڕاپەڕین دێتەوە بۆ ناحیەی سیروانو هەر لەوێش کۆچی دواییکرد.

١٩٩٢/١٢/٣١ کۆچی دوایی ماموّستا ئیبراهیم ڕێشاوی زاناو بانگخوازی ناوچەی هەڵەبجە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٣

ساڵی ١٩٩٣ لە هەرێمی کوردستان ساڵێکی قاتو قڕیو گرانی بوو، باری ئابووری خەڵکی باش نەبوو، زۆر کەس پەنای بۆ کۆکردنەوەی لوغمو گولەتۆپو هاوەن دەبرد کە مسو ئاسنەکەیان بفرۆشێتو قوتی خۆیانوماڵو منداڵیانی پێ دابین بکەن، لەو پێناوەدا خەڵکێکی زۆر کوژرانو کەئەندام بوون. ئەمە جگە لەوەی دوو شەڕی ناوخۆ لەم ساڵەدا هەڵگیرسا، یەکێکیان لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا بوو، یەکێکیتریشیان لە نێوان پارتی دیموکراتی کودستانو حزبی

سۆسیالیست دیموکراتی کوردستاندا بوو، لەهەردوو شەڕەکە چەندین پێشمەرگەی هەر چوار حزبەکە کوژرانو بریندار بوونو سەروەتو سامانێکی زۆریش بەهەدەر درا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٣:

١٩٩٣/١/٦ نرخی یەك دەبە نەوتی بیست لیتری بە ٩٥ دیناری سویسری بوو.

١٩٩٣/١/٧ تیرۆرکردنی مامۆستا ئەحمەد سینەمۆکی لە کاتی گەڕانەوەی لە مزگەوت بەرەو ماڵی خۆیان لە چوارقوڕنە.

١٩٩٣/١/١٦ خەلیفە ڕەشید مەلاعەلی مارف مەتا خۆیو کوڕەکەی لە نێوان گردەنازیێو قەدەفەریدا لوغم پیایاندا تەقییەوەو هەردوکیان گیانیان سپارد.

١٩٩٣/١/١٦ دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان دروستبوو.

١٩٩٣/١/١٧ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆردومانی بەغدایان کرد.

١٩٩٣/١/١٩ بێل کلینتۆن بەفەرمی پۆستی سەرۆکی ئەمریکای وەرگرتو چووە ناو کۆشکی سپی.

١٩٩٣/٢/١ نرخی عەرەبانەیەکی دەستی داری وشك بە ٦٣ دیناری سویسری بوو.

١٩٩٣/٢/٨ قایمقامی هەڵەبجە دانرا، ئەوەش یەکەم قایمقام بوو لە دوای کیمیاباران کردنەکەوە.

١٩٩٣/٢/١٠ یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بەشێکی بەهێزی حزبی سۆسیالیست بە سکرتێر ڕەسول مامەندەوە یەکیان گرتەوەو سۆسیالیستەکان بونەوە بە یەکێتی.

١٩٩٣/٢/١٥ کۆچی دوایی محەمەد حاجی عەزیز قەفتان دامەزرێنەری چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی.

١٩٩٣/٢/٢١ ئازوقەی حولەفا تەوزیع کرا لە هەڵەبجەی تازە.

١٩٩٣/٢/٢٦ لەگەڵ جەمالی کاکە حەمە و کامیلی مامە عەزیزو عوسمانی مام ئەحمەدو ساڵحی خالۆ حەمە و ناجی کاکە حەمە لە بنکەی پۆلیسی سەرا بوین بۆ ئەوەی مامەڵەی دامەزراندن بکەین وەکوو دەستەی پارێزگاری کاك شەوکەتی حاجی مشیر، من بووم بە مفەوەزی دەرەجە ٧ ئەوانیش هەریەکە بە پلەیەك لەوەی من نزمتر دامەزراینو مانگانە ٢٥٠ دینارمان وەردەگرت.

١٩٩٣/٣/٥ شەڕ لە نێوان دوو بنەماڵەی عەشیرەتی گلاڵیدا ڕوویدا لە مجەمەعی نەسر کە خەڵکی گوندی قەڵبەزە بوون، لە ئەنجامدا ٦ کەس کوژرانو ٤ کەسی تریش بریندار بوون.

١٩٩٣/٣/١٦ لە هەڵەبجە بوین بە بۆنەی ڤیستیڤاڵی دووەمی هەڵەبجەی شەهیدەوە.

١٩٩٣/٣/١٧ دکتۆر فوئاد مەعسوم وەکوو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دەستی لەکارەکەی هەڵگرت.

۱۹۹۳/۳/۲۳ پێشمەرگەی یەکێتی جەمالی قادری سەدری خەڵکی کوڵکنی گیانی لەدەست دا.

۱۹۹۳/٤/۱۰ مام جەلال لە گەڵ عەبدوڵا ئۆچەلانی ڕێبەری (پ. ك. ك) کۆبویەوە.

۱۹۹۳/٤/۱۱ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بوو بە سەرۆك وەزیرانی دووەم کابینەی حکومەتی هەرێم.

۱۹۹۳/٤/۱۷ سەرۆککۆماری تورکیا تورکۆت ئۆزال کۆچی دواییکرد. شایانی باسە ناوبراو گرنگی بە چارەسەری کێشەی کورد دەداو هاوسۆز بوو لەگەڵ مافی نەتەوەی کورد لەو وڵاتەدا، هەر لەبەر ئەوە مردنەکەی جێگای گومان بوو.

۱۹۹۳/٤/۱۹ لە سلێمانی لەماڵی کاك ڕەفیق بوم لە (گەڕەکی ئاشتی) تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان یادی پازدەهەمین ساڵڕۆژی گیان بەختکردنی باوکمی کردەوە.

۱۹۹۳/٥/٦ کوژرانی حاجی سالاری فەرەجی زەڕە لە سیروان.

۱۹۹۳/٥/۱۷ (پ ك ك) ئاگربەستی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا کۆتایی پێ هێنا.

۱۹۹۳/٥/۱۳ لە هەڵەبجەی تازە یادی ڕاپەڕینەکەی ناوچەی شارەزووری ساڵی ۱۹۸۷ کرایەوە.

۱۹۹۳/٥/۲۱ لەم ڕۆژەدا نرخی خانوویەکی باش ۲۲۰ مەتری لە هەڵەبجەی تازە ۹٥۰۰ دیناری سویسری بوو.

۱۹۹۳/٦/۷ نرخی خواردەمەنی بەم شێوەیە بوو: ۱ فەردە شەکری پەنجا کیلۆیی بە ۹٤۰ دینار، یەك فەردە برنج بە ۷۱۰ دینار، یەك تەنەکە ڕۆنی ڤیتا ۱٦ کیلۆیی بە ٥٤۰ دینار، ۱ کیلۆ چای فەل بە ٤۷ دینار، ۱ کیلۆ چای ئێرانی بە ٤۸ دینار، ۱ فەردە ئاردی ٥۰ کیلۆیی ٥٤٥ دینار[۱].

۱۹۹۳/٦/۱٤ تانسۆ چیلەر بوو بە سەرۆك وەزیرانی تورکیا.

۱۹۹۳/٦/۱۸ کۆمۆنیستەکان لە شاری هەولێر گۆنگرەیان بەست، وە حزبی کۆمۆنیستی کوردستانیان دامەزراند.

۱۹۹۳/٦/۲۲ مامۆستا شێخ محەمەد کوڕی شێخ مارفی نێرگزەجاڕ باوکی مامۆستا شێخ جەمال لە مجەمەعی نەسر کۆچی دواییکرد.

۱۹۹۳/۷/۹ یەکەم نوێژی هەینی لە مزگەوتی مەلا ئەحمەدی کێلەسپی لە هەڵەبجەی تازە کرا بە ئیمامەتی خۆی.

۱۹۹۳/۷/۱٦ شێخ حیسامەدین باوکی مام جەلال کۆچی دواییکرد.

---

۱ خالید عەبدولڕەحمان کانی شێخی، شارەزوور، بیرەوەری، دەستنوس، ۲۰۱٦.

**١٩٩٣/٧/١٧** دادوەرێك لە دهۆك لەبەر ماڵەكەی خۆیدا كوژرا بەناوی تەحسین عەلی نایف، بەهۆی لەئەستۆ گرتنی دۆسیەی سەرخۆشێكەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شەڕی شیوعی و یەكێتی لەسەر بینایەك

**١٩٩٣/٧/٢٢** كوژرانی فەرماندەی یەكێتی غەریب هەڵەدنی لەلایەن شیوعییەكانەوە.

غەریب هەڵەدنی فەرماندە لیوای ٢٢ی دوكان بوو لە سوپای یەكگرتووی كوردستان دا، لیواكەی شوێنی نەبوو، دایان نابوو بچنە بینای جەیشی شەعبی لە دوكان كە چەند ماڵێكی حزبی شیوعی تێدابووە. نوسراو لە لایەن قیادەی مەنتیقەی سلێمانییەوە كراوە بۆ كۆمیتەی پارێزگای حزبی شیوعی، كە ئەو بینایە چۆڵ بكرێت. ئەوانیش وەڵامیان ئەوەبووە كە ڕۆژی ٧/٢٢ نوێنەرتان بنێرن بۆلای نوێنەری حزبی شیوعی لە دوكان، كە هاوڕێ سۆران بووە. غەریب هەڵەدنی خۆیو سمكۆی برایو پێشمەرگەیەك دەچن بۆ بارەگای حزبی شیوعی لە دوكان، كە خۆی بێ چەك ڕۆشتووە. بەگەیشتنیان لەناو بارەگاكەوە تەقەیان لێ دەكرێتو غەریب هەڵەدنی پێوە دەبێتو دەكوژرێت. دوای ئەوە خزمەكانی غەریب هەڵەدنی سۆران بەدەستی ئەو لیژنەوە دەكوژن كە ویستویانە بەبێوەی بیگەیەننە جێگای خۆیو بەیاسا كۆتایی بە كێشەكەیان بهێنن[1].

**١٩٩٣/٧/٢٤** ئاڵای شۆڕش بەسەركردایەتی مەلا بەختییار تێكەڵاو بە یەكیتی بویەوەو یەكیان گرتەوە.

**١٩٩٣/٧/٢٦** ڕاگەیاندنی یەكگرتنی پارتیو یەكگرتن (سۆسیالیست، پاسۆك، پارتی گەل). ئەو ڕۆژە لە شارەكانی هەرێم دەست كرا بە ئاهەنگو شادی بە هۆی تێكەڵ بوونی ئەو حزبانەو ناوەكەیان بوو بە پارتی دیموكراتی كوردستان/ یەكگرتن.

**١٩٩٣/٨/٥** مەلا عەبدوڵا قادر یونس سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئاینی كوردستان لە شاری هەولێر تیرۆر كرا.

**١٩٩٣/٨/١٥** ڕاگەیاندنی حزبی ڕزگاری كوردستان.

**١٩٩٣/٨/١٦** پارتی دیموكراتی كوردستان لە شاری هەولێر یانزەهەمین گۆنگرەی خۆی بەست، كە تیایدا كاك مەسعود بارزانی وەكوو سەرۆكی ئەو پارتە هەڵبژێررایەوەو هەندێ گۆڕانكاریش لە پەیڕەوو پڕۆگرامدا كرا.

---

١ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٥-٤٦٦.

۱۹۹۳/۸/۲۷ مزگەوتی نوور کرایەوە لە گەڕەکی سیروانییەکانی هەڵەبجەی تازە.

۱۹۹۳/۹/۵ کۆچی دوایی ئەندازیارو فۆلکلۆر پەروەر جەلال تەقی.

۱۹۹۳/۹/۵ ئەحمەد حسێن خزەیر سامەرائی بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقی بەعسی.

۱۹۹۳/۹/۲۹ عەلی بۆسکانی دەوڵەمەندو بازرگانی خێرخواز لە ناو شاری سلێمانی دا تیرۆر کرا.

۱۹۹۳/۱۰/٦ تەرمی مەلا مستەفا بارزانیو کاك ئیدریسی کوڕیان هێنایەوە، لە ۱۰/۷ لە سلێمانیەوە بەڕێکران. جەماوەرێکی زۆر لە سنورەوە تا بارزان لەگەڵێیاندا بوون. مام جەلالو گەورە لێپرسراوان یاوەری تەرمەکانیان دەکرد. لە ۱۰/۸ دا لە بارزان ئەسپەردەی خاکیان کردن.

۱۹۹۳/۱۰/۱۰ ناجی کاکە حەمەی حاجی مشیر لە تەپی سەفا بە هۆی وەرگەڕانی تراکتۆرەکەیەوە کۆچی دواییکرد.

۱۹۹۳/۱۰/۱۱ لەگەڵ کاك عەبدولرەحمانی خالۆ تایەر لە تەپی سەفاوە چوین بۆ سەیدسادق برنجو ڕۆنو چامان کڕی بۆ میوانی تەعزییە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامیو یەکێتی

۱۹۹۳/۱۰/۲۱ ئاڵۆزیو شەڕو پێکدادان لە نێوان یەکێتیو بزوتنەوەی ئیسلامیدا دروستبوو. لەم ڕۆژەدا ئۆتۆمبیلێکی بزوتنەوە لە بازگەی ئاسایشی تونێلەکەی دەربەندیخاندا ئامادە نابن پێناسەکانیان بدەنو وتبوویان خۆیان ئەچنە ئاسایشو خۆیان ئەناسێنن. ئەمە وەکوو تەحەدداو گاڵتە پێ کردنێك، کە ئەچنە دەربەندیخان یەکسەر ئەچنە بارەگای مەڵبەندەکەیانو گوێ نادەنە ئاسایش، ئاسایش داوا لە مەڵبەندی بزوتنەوە ئەکات کە نوینەریان بچێتە لایان بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە.

نوێنەرەکە بە هەندێ حیمایەوە ئەچێتە ئاسایش لە دەرچونیدا حیمایەکانی کە دیارە هەمان چەکدارەکانی ناو ئۆتۆمبێلەکە ئەبن تەقە لە ئاسایشەکان ئەکەنو یەکسەر ۲ ئاسایشی خەڵکی چەمچەماڵ ئەکوژنو ۳ ئاسایشی تریش بریندار ئەکەن کە هەموویان سەر بە یەکێتی ئەبن، ئیتر بارو دۆخەکە ئەشڵەقێ، تەرمی کوژراوەکان ئەبرێنەوە بۆ چەمچەماڵ.

۱۹۹۳/۱۰/۲۳ شەڕی بزوتنەوەو یەکێتی لە چەمچەماڵ هەڵدەگیرسێت. دواتر وەفدێکی هەردوولا شەڕەکە کپ دەکەنەوەو دەیوەستێنن. لەم نێوەندەدا ٦ پێشمەرگەی یەکێتیو ۱۲ ی بزوتنەوە دەکوژرێنو چەندین کەسی تریش لە هەردوولا بریندار دەبن.

۱۹۹۳/۱۰/۱۵ کاك محەمەدی حاجی مەحمود حزبی سۆسیالیستی ڕاگەیاندو لە پارتی جیابویەوە.

۱۹۹۳/۱۰/۲۸ کۆچی دوایی شاعیرو گۆرانی بێژ حەمە ساڵح دیلان لە شاری سلێمانی.

۱۹۹۳/۱۱/۳ کۆچی دوایی مامۆستای دڵسۆز عومەر عەبدولڕەحیم.

۱۹۹۳/۱۱/۲۲ نرخی فەردەیەك شەكری وردە پەنجا كیلۆیی بوو بە ۱۵۰۰ دیناری سویسری.

۱۹۹۳/۱۲/۱۱ پارتی لە هەولێر ئاگری بەردایە بارەگاكانی حزبی سۆشیالیست.

۱۹۹۳/۱۲/۱۱ شێركۆ بێكەس دەستی لە پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری هەڵگرت.

۱۹۹۳/۱۲/۱۳ پارتی لە سلێمانیو شارەزوور هێرشی كردە سەر بارەگاكانی حزبی سۆشیالیستو ماڵی كاك محەمەدی حاجی مەحمود. مام والی قاجری لەماڵی ئەواندا بوو بە قوربانی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شەڕی پارتیو حسك

هێشتا چەخماخەی تفەنگەكانی یەكێتیو بزوتنەوە خامۆش نەبوو بوون، شەڕێكی تری ناوخۆ لە نێوان پارتیو سۆسیالیست هەڵگیرسا. یەكێتیو پارتی وەكوو دوو لایەنی سەرەكی ناو حكومەتی هەرێم هەریەكەیان لەگەڵ پارتێكی تر كەوتنە شەڕەوە. ساردییەك كەوتبووە نێوان كاكە حەمە ی حاجی مەحمودی گوڵەخانەو سەركردایەتی پارتییەوە ئەمەش دوای كشانەوەی كاكە حەمە هات لەو ڕێكەوتنەی كە لەگەڵ پارتی ئەنجامی دابوو. كاكە حەمە لە پارتی كشایەوە، ئەم كشانەوەی لە پرۆسەی یەكگرتنەوە لە گەڵ پارتیدا بە واتای سەرنەكەوتنو تێكشكانی یەكگرتنەوەكە هات كە بایەخێكی سیاسی گرنگی پێ درابوو، پارتی ئەمەیان زۆر پێ ناخۆش بوو، بۆیە بە شوێنی تۆڵەدا ئەگەڕان لە هەلو مەرجی لەباری خۆیدا كاتێك ویستیان بارەگاكانی سۆسیالیست بە كەلو پەلەكانیەوە بخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆیانەوە ڕووبەڕوی كێشە بوونەوە. سەرەتا ڕۆژی ۱۹۹۳/۱۲/۱۱ شەڕ لە نێوان هێزەكانی سۆسیالیستو لیوایەكی حكومەتدا لە تانجەرۆ بەرپابوو، كە مەلا فایەقی چوچانی فەرماندەی ئەو لیوایە بوو، سۆسیالیست لیواكەیان گرت، ئیتر شەڕەكە تەشەنەی سەند، پارتیش لای خۆیانەوە چوونە سەر فەوجێكی لیوای ۲۲ی قیادەی مەنتیقەی سلێمانی لە ناڵپارێز كە ئیدارەی سۆسیالیست بوو، دەستیان بە سەردا گرتو هەرچی كەرەسەو كەلوپەلی تێدا بوو تالآنیان كرد.

دواتر لە ۱۲/۲۳ ۱۹۹۳ پارتی بەهێزێكی زۆرەوە هێرشیان كردە سەر بنكەو بارەگاكەی كاكە حەمە لە سلێمانیو شەڕ دەستی پێكرد. لەبەر نابەرانبەری هێزی هەردوولا پارتی تەنگی بە سۆسیالیست هەڵچنی. هەربۆیە لیوای تایبەتی یەكێتی دابەزینە ناو شاری سلێمانیو پەیامێكی ناڕاستەوخۆیان دایە پارتی كە لە شوێنی خۆیدا بوەستێتو هێرشەكە ڕابگرێت. كە یەكێتی هاتە ناوەوە نەخشەكەی پارتی پووچەڵ بوویەوەو ناچار هێزەكانیان كشانەوەو كاكە حەمە و سۆسیالیست لە پلانی مەرگێكی چاوەڕوانكراو ڕزگاریان بوو. لەو هێرشەدا مام والی قاجری لەسەنگەری بەرگریدا گیانی بەخشی.

۱۹۹۳/۱۲/۱۵ جەنازەی مام والی حاجی محەمەد سلێمانیان لە سەیدسادق بە خاك سپارد.

**١٩٩٣/١٢/١٧** بەهۆی نەبوونی کارەباو خراپی بارودۆخی ئاسایش‌و هەژاریی زۆرێك لە خەڵکی‌و نەبوونی موچەو گرانی بازاڕو گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی‌و عێراق لەسەر هەرێم، دوور لە هەموو پرەنسیپێکی ئاینی‌و ئەخلاقی هەندێ کەس پەنایان بۆ دزینی موڵکی گشتی دەبردو لەبازاڕی ڕەشدا ساغیان دەکردەوەو دەیان کرد بە پارە. لەم شەوەدا چەند دزێك لە گەڕەکی زەمەقییەکانی هەڵەبجەی تازەدا لە کاتی بڕینی تەلی کارەبادا گیران. بۆ سبەینێ ئەو دزانەیان کربووە ناو سەیارەیەکی دوو تەنی‌و بە ناو کۆڵانەکانی هەڵەبجەی تازەدا دەیانگێڕان، یاخوا کەس حاڵی بە حاڵی ئەوان نەبێت، تەواو ڕیسوا کران‌و سەروچاویان شکاو شەق کاری کران. بۆ ئێوارە دران بە حکومەت‌و زیندانی کران.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شەڕی بزوتنەوەو یەکێتی هەڵگیرسایەوە

**١٩٩٣/١٢/١٨** شەڕ لە نێوان یەکێتی‌و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کفری ڕویدا. ئەم شەڕە نەخوازراوە سەرەتای شەڕێکی گەورەو درێژخایەن بوو لە نێوان ئەو دوو حزبەدا، کە سەدان قوربانی لە هەردوولا لێکەوتەوەو متمانە لەنێوان لایەنەکاندا نەماو هەر پارتێك دەستی دەگرت بە وڵاتێکەوەو پارەو چەکی بۆ قڕکردنی یەکتری وەردەگرت. بزوتنەوەی ئیسلامی زۆر بێ ئەزمون بوون، لەبری ئەوەی بارودۆخی نالەباری میللەت بقۆزنەوەو پەرە بە زیاد بوون گەشەکردنی خۆیان بدەن، هاتن خۆیان گلاند بە شەڕێکی تاقەت پڕوکێنەوەو بەهۆی چەند گەنجێکی حەماسی خوێن گەرمی خۆیانەوە کە بە ئایەتەکاتی جیهادو چوونە بەهەشت گۆش کرابوون، سەنگ‌و قورسایی خۆیان لە کوردستاندا نەهێشت‌و خۆیان ترنجاندە گۆشەیەکی بچوکی وەکوو هەڵەبجەو شارەزوور. دواتر سەرکردە میانڕەوەکانی یەکگرتوو ئەو هەلەیان قۆستەوەو ئیعلانی یەکگرتوویان کردو ڕووی جەماوەریان کردە خۆیان.

ئەمەش وتووێژێکی نێوان مامۆستا مەلا عوسمان‌و مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدینە لەسەر ڕەوایی بەجیهاد زانینی شەڕی یەکێتی لەلایەن بزوتنەوەی ئیسلامییەوە:

م. عوسمانی ڕابەری بزوتنەوە: جیهادی کوفر واجبە

م. سەلاحەدینی (یەکگرتوو): ئایا یەکێتی کوفرە؟

م. عوسمان: بەڵێ.

م. سەلاحەدین: ئایا وەك زانایەك ئەمە دەڵێی یان وەك سەرۆك حزبێك؟

م. عوسمان: بەڵێ وەك زانایەك وئەمەش فەتوایە.

م. سەلاحەدین: باشە لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ کە ٤٥٠ هەزار کەس دەنگیان داوە بەیەکێتی، ئەوانەش کافرن؟

م. عوسمان: بەڵێ کافرن (من شك فی کفرهم فهو کافر).

م. سەلاحەدین: ئەوە ڕای جەنابتە ئێمە وابیر ناکەینەوە[1].

١٩٩٣/١٢/١٩ شەڕی یەکێتیو بزوتنەوەی ئیسلامی گەرم بوو. قوربانییەکانیشی خەڵکی موسڵمانی هەژاری هەردوولابوون. لەشاری ڕانیە ٥ ئەندامی یەکێتی بە ناوەکانی محەمەد سوڵتان، عەلی مام قادر، سەلمان فەخری، بەختیار محەمەد مەجید، مستەفا حەسەن دەستگیرکرانو پاشان گولەباران کرانو تەرمەکانیشیان بە دوای ئۆتۆمبێلدا ڕاکێشا.

١٩٩٣/١٢/٢٥ شەڕ لە ڕانیەو خورماڵو ناو شاری سلێمانی بەردەوام بوو.

١٩٩٣/١٢/٢٥ کەمال ئەحمەد حاجی حەمە ئەمینو بەختیاری شکۆفو ئەبوبەکر مەجیدو شیروان محێدینو ساحێب جەعفەرو جەلال بابە مەعروف لە یەکێتییەکان لە خورماڵ کوژران.

١٩٩٣/١٢/٢٥ کاك حەسەن شیرەمەڕی پێشمەرگەی یەکێتی لە خورماڵ بە بریندارى لەلایەن بزوتنەوەی ئیسلامییەوە دەستگیر کرا.

١٩٩٣/١٢/٢٦ سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لە بێتواتە کەوتە دەستی یەکێتیو مامۆستا مەلا عوسمانو سەرکردەکانی تری بزوتنەوە هەموو بەدیل گیران. مامۆستا مەلا عوسمان لێدوانێکی بۆ تەلەفزیۆنی یەکێتی دا، باسی لە مامەڵەی باشی یەکێتییەکانی دەکرد لەگەڵیدا.

١٩٩٣/١٢/٢٧ لەهەڵەبجە پێکدادانی بزوتنەوەو یەکێتی ڕویداو چەند کەسێك کوژران. یەکێك لەوانە فەرەجی حەمە کەڵهوڕ بوو. یەکێکیتریان بەکر تەپەکوڕەیی بوو. کۆتایی بە جەولەی یەکەمی شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامیو یەکێتی هات، پاشماوەی بزوتنەوە ڕویان لە ئێرانو شوێنە شاخاوییەکان کرد.

١٩٩٣/١٢/٢٧ خدر محەمەد ڕەشید سەلیم ناسراو بە کۆساری شاعیر کە سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی بوو لە شەڕی ناوخۆدا بەدیلی گولەباران کرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٤

لەم ساڵەدا بارودۆخی ئابوری خەڵکی عێراق بەگشتیو کوردستان بە تایبەتی لە بارێکی خراپو دژواردا بوو، لوتکەی گرانیو نەهامەتی بوو، ئەمە جگە لەو بارودۆخە سیاییە نالەبارەی کە لەشەڕی نێوان لایەنە سەرەکییەکانی کوردستانەوە دروستبوو بوو. شەڕێکی بێ ئامانجو پڕ مەترسی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو بزوتنەوەی ئیسلامی لە لایەكو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەکی ترەوە هەڵگیرسابوو. یەکیان دەهێناو یەکیان دەبرد، کوڕی خەڵکی بە ناحەق دەدرا بەکوشت.

---

١ د. عومەر عەبدولعەزیز، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانو پرسی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١١، ل٢٦.

دیناری عێراقی لەبەرامبەر تمەنو دۆلارەوە نزمترین ئاستی تۆمار کرد، سەد دۆلاری ئەمریکی ۸۰۰۰ دیناری سویسری دەکرد، هەروەها یەك دیناری عێراقی تەنها سێ تمەنی ئێرانی دەکرد. فەردەیەك ئاردی ٥۰ کیلۆیی هەزار دیناری سویسری تێپەڕاند، کیلۆیەك ڕۆن ۹۰ دینار بوو، کیلۆی شەکر ٥۰ دینار بوو دواتر هەڵکشا بۆ ۸۰ دینار، برنج بۆ هەموو کەس نەدەخورا، قاتێك جلو بەرگی پیاوان ۱٥۰۰ تا ۲۰۰۰ دینار بوو، خەڵکی لای بەرگدروو شەرواڵەکانیان هەڵدەگەڕاندەوە، بۆ ئەوەی ڕووە تۆخەکەی ناوەوە بکەنە دەرەوەو سوتاوو کاڵەوە بووەکەی دەرەوەش بکەنە ڕووی ناوەوە.

کابینە کرابوو بە قوتابخانەو نەخۆشخانە، خزمەتگوزاری هەر ئەوەی زەمەنی بەعس بوو، خشتێ نەخرابووە سەر خشتێ. لە زۆربەی ماڵاندا ئاگری جەژن نەدەکرایەوە، گۆشت خواردن ئەستەم بوو. خەڵکی قارچکە وشکەی دەخوارد، لە زۆرێك لە ماڵە هەژارەکاندا نان خواردن کرابوو بە نۆرە، نیوەڕۆ نیوەی خێزانەکەو ئێوارەش نیوەکەی تری نانیان دەخوارد، بۆ خۆ گەرمکردنەوەی زستانیش زۆپای دار دانرابوو، کەس نەیدەتوانی ۲۰ لیتر نەوت بکڕێت، زۆر کەس بۆ کۆکردنەوەی مسو فافۆن خۆی دەخستە ناو کێلگەی مینو گیانی لە دەست دەدا یان، یان دەستو قاچی دەپەڕی یان هەردوو چاوی کوێر دەبوون.

بەهاوینو لە وەرزی دروێنەدا ژنو منالّ دەکەوتنە دوای دەڕاسەو گوڵە گەنمیان دەچنییەوە، بەمەش بەشی چەند ژەمێك نانیان پەیدا دەکرد. سەهۆڵ لەبازاڕ بەئەستەم دەست دەکەوت، ئەگەر ئێواران فریا نەکەوتیتایە دەبوایە ئاوی گەرمت بخواردایەتەوە. دوکاندارەکان هەرچی کەلو پەلی دوکانەکانە بەشەودا لەگەڵ خۆیان دەیانبردەوە بۆ ماڵەوە، چونکە بەشەودا تالاَن دەکرا. زەویو خانوو هیچ پارەی نەدەکرد، بیستومە خانوو دراوە بە دوو فەردە ئارد. ئەوەی توانای هەبوایە دەچوو لە سنورەکانی نێوان عێراقو ئێران، یان عێراقو تورکیا کۆڵبەری دەکرد، یان دەچوون لە تارانو کەرەج کرێکارییان دەکرد.

کارەبا زۆر بەکەمی هەبوو، چرا بە هەموو شێوەکانی باوی هەبوو، خەڵکی ئێواران لە بازاڕ دەچوونەوە بۆ ماڵەوە بۆریە چرایەك لە قۆڵیاندا بوو، ئێوارە نەبوو بۆرییە چرایەك نەشکێنین. ئەوە ژیانو گوزەرانی زۆرێك لە خەڵکی بەش مەینەتی ئەم هەرێمە بوو، زۆری تریش ماوە بوترێتو نەمانوتووە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۹٤:

۱۹۹٤/۱/۲۲ باران دەباری پاسێکی کۆستەر لە نزیکی زەڕایەن لای خانوەکانی حەمە سدیق خان وەرگەڕایە ناو چەمێکەوە هەموو سەرنشینەکانی کە خەڵکی چەمچەماڵ بوون گیانیان سپاردو کەسیان دەرنەچوون. لەو کاتەدا ئێمە لەناو جێبێکدا بووین بۆ سیروان دەچوین دابەزین سەیری ئەو ڕودوەمان کرد.

۱۹۹٤/۲/٦ ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

١٩٩٤/٢/١٠ مام جەلال هەواڵی نەمانی ٥ پێشمەرگەی یەکێتی ڕاگەیاند ئەوانیش: جەباری حاجی ڕەشید، مامۆستا ئەحمەدی سەناعە، وەستا بەکری دارتاش، حەمە ڕەحیم، عەتای حاجی ئەحمەد بوون.

١٩٩٤/٢/١٦ نرخی یەك بەرمیل نەوت بە ٤٠٠ دیناری سویسری بوو.

١٩٩٤/٢/٢٥ خەڵکی هەڵەبجەی تازە چونە سەر جادەی گشتی زەڕایەن بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن ئەو لۆرییە خواردەمەنیانە بچن دەربەندیخانو کەلار چونکە عەدالەت لە دابەش کردنیدا نەبوو.

١٩٩٤/٢/٢٦ کۆچی دوایی شاعیری کورد مەدهۆش.

١٩٩٤/٣/١١ محەمەد ڕەحیم ناسراو بە خاڵە حاجی سەرکردەی سۆسیالیست تیرۆر کرا.

١٩٩٤/٣/١١ محەمەد مەحمود ڕەشید هانەژاڵەییو چەند هاوڕێیەکی لە سنوری نێوان کوردستانو ئێران لە بەفرو سەرمادا ڕەق بوونەوەو مردن.

١٩٩٤/٣/٢١ لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی خەریکی مامەڵەی دامەزراندن بووم.


١٩٩٤/٣/٢٥ لە دەربەندیخان تەقە کرا لە پاسێکی شایی دوو ژنی پونگڵەیی کوژرانو سێ کەسی تریش بریندار بوون.

١٩٩٤/٤/٣ ڕۆژنامەنوسێکی ئەڵمانی بە ناوی لیسی شمیت لە عەربەت تیرۆر کرا.

١٩٩٤/٤/١١ ڕەسوڵ مامەند سەرکردەی یەکێتیو سکرتێری پێشوی سۆسیالیست لە لەندەن کۆچی دواییکرد.

١٩٩٤/٤/١٣ یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونم لە گومرگی سلێمانی.

١٩٩٤/٤/١٤ لە پردی زەڵم دەستم کرد بە دەوام کرد، ٤ ڕۆژ لەوێ بووم، کاك بەکری حاجی حەسەن گردی شەریفیو کاك سەرکەوتی عەبدوڵا ڕیش سور هەڵەبجەییو کەریمە ڕەش مۆریاسی لەوێ فەرمانبەر بوون. بنکەکەمان ژورێکی بچوك بوو بەتەنیشتی ئاوەکەوە، هەربارێك لە دەرەی مەڕو وشکەناوو خورماڵەوە بهاتایە ئێمە گومرگمان دەکرد.



١٩٩٤/٤/١٤ کەسایەتی دیاری شارەزوور حاجی محەمەدی ئایش کۆچی دوایکرد.

(محەمەد ئەحمەد صادق)، ناسراو بە (حاجی محەمەدی ئایش)، لە ڕێکەوتی ١ی تەمووزی ١٩٣١ لە گوندی کانی هەمزە لە دایك بووە. لە کۆتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ براکانی (حاجی عەلیو حاجی عەزیزو حاجی حسێن)، هاتوونەتە گوندی زەڕایەنی کۆن. خۆیو بنەماڵەکەی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەو بەرەوپێشبردنی.

حاجی محەمەدی ئایش بەکەسایەتیەکی ناودارو ناسراوی ناوچەکە ناسرابووە. دووجار ژیانی هاوسەری پێکهێنانەوە لەگەڵ بەڕێزان خاتوو (خانمو بەسێ خان)، وە خاوەنی شەش کوڕە بەناوەکانی (م. بورهان، سەردار، سالار، سامان، بابان، م. سەروەر) و، نۆ کچ بە ناوەکانی (محبوب، لەیلێ، شیرین، فاتم، زوهرە، قومری، نیهایەت، م. پەیمان، جوانە). لە ژیانیدا بە پیشەی جوتیارییەوە سەرقاڵ بووە. لە ڕێکەوتی شەوی ۱۳ لەسەر ١٤نیسانی ١٩٩٤، بۆ هەمیشە ماڵئاوای لە ژیان کردوو کۆچی دوایکرد.

## هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی لەنێوان پارتی و یەکێتی

١٩٩٤/٥/١ عەلی نەبی فەرماندەی یەکێتی لە قەڵادزە بەدەستی عەلی حەسۆ میرخان کوژرا.

١٩٩٤/٥/٢ عەلی حەسۆ میرخان لە قەڵادزە لەگەڵ ٢٥ پێشمەرگەی پارتیدا لە لایەن یەکێتییەوە کوژرانو بەوەش شەڕی یەکێتیو پارتی هەڵگیرسا.

١٩٩٤/٥/٣ فەرماندەی یەکێتی جەلالی حەمەی محە لە گێڵەك کوژرا.

١٩٩٤/٥/٤ پارتی لە دهۆك پەلاماری بارەگاکانی یەکێتی داو داگیری کردن. بەهەمان شێوە یەکێتی لە سلێمانی تەوقی بارەگای لقی چواریان کرد.

١٩٩٤/٥/٤ کۆسرەت ڕەسولو شەوکەت حاجی مشیرو کۆمەڵێك بەرپرسی سیاسیو سەربازی یەکێتی بە هێزێکی ٣٥٠ کەسییەوە خۆیان کرد بە بارەگای کاك مەسعود بارزانیدا لە سەری ڕەش، بەمەش کاك مەسعود بارزانی کەمێك شڵەژابوو، بەزمانی شیرین وەفدەکەی ڕازی کردبوو کە ئاشتی بەرقەرار دەکەنو ناهێڵن شەڕەکە لەوە زیاتر پەرە بسێنێت.

١٩٩٤/٤/٢٢ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی یەکگرتوو دەرچوو، کە زمان حاڵی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بوو.

١٩٩٤/٥/٥ لە بنکەی گومرگی سەراو واجبمان هەبوو، بنکەکەمان بەهۆی شەڕی ناوخۆوە لە پردی زەڵمەوە هاتە سەراوی سوبحان ئاغا.

١٩٩٤/٥/٦ بزوتنەوەی ئیسلامی هاتنە خوارەوە بۆ گوڵپو باخەکۆن، ئەوانیش شەڕی پارتییان دژ بە یەکێتی بە فرسەت زانیبوو تۆڵەی خۆیان لە یەکێتی بکەنەوە، هەربۆیە تێکەڵ بە شەڕەکە بوون.

١٩٩٤/٥/٩ شەڕی پارتیو یەکێتی لەهەردوو شارۆچکەی کۆیەو شەقلاوە هەڵگیرسا.

١٩٩٤/٥/١١ نیڵسن ماندێلا دوای تەواوکردنی ٢٧ ساڵ زیندانی بوو بە سەرۆکی ئەفریقای باشور.

١٩٩٤/٥/١٤ شەڕی پارتیو یەکێتی لە هەولێر ڕویدا شەش کەس کوژرا بوون.

١٩٩٤/٥/١٤ بزوتنەوەی ئیسلامی تەپی سەفای دایە بەرتۆپ. تۆپێك بەر مزگەوتەکە کەوت، کاك سەلام خالۆ حەمە فەرەج بەخەستی بریندار بوو.

١٩٩٤/٥/١٥ پێشمەرگەی پارتی نامیق قادر حەمە ساڵح تاوگۆزی لە نزیك گوندی شیرەمەڕ کوژرا.

١٩٩٤/٥/١٧ یەکێتی هەڵەبجەی شەهیدی چۆڵ کرد، بزوتنەوەی ئیسلامی هاتنە ناو شارەکە.

١٩٩٤/٥/١٧ (حزب الله) حزبەکەی ئەدهەم بارزانی بە هاوکاری پارتی لە ڕایات حەسەن کوێستانی سەرکردەی یەکێتیو پاسەوانەکانی ناوبراویان کوشت.

١٩٩٤/٥/٢٣ ڕەحیم عوسمان کەریم سیروانی کە پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامی بوو کوژرا.

١٩٩٤/٥/٢٨ هاتوچۆی خەڵکی هەڵەبجەو سیروان کەوتە سەر خەتی کۆنی ئیمامی زامنو تۆقوت. خەڵکی بە بەلەم دەهاتنە ئەمبەرەوە. چونکە ڕێگای پردی زەڵم بڕابوو بە هۆی شەڕی یەکێتیو بزوتنەوەی ئیسلامییەوە. خێزانم لە ماڵی باوکی بوو لە سیروان، کاتێ هاتەوە وتم ئەوە لەکوێوە هاتیتەوە خۆ ئەڵێن هاتوچۆ لەپردی زەڵمەوە ناکرێت؟ وتی لە ڕێگای ئیمامی زامنەوە بە بەلەم هاتینە ئەم بەرەوەو دواتر لەجادەی کانی بەردینەوە هاتینەوە.

١٩٩٤/٥/٢٩ هێزەکانی یەکێتی لە شارەزوور هێرشیان کرد بۆ گرتنەوەی گردی گۆو گێڵەكو ئەو دەوروبەرە. هەروەها لە هەولێریش دەستیان گرت بەسەر پەرلەماندا.

١٩٩٤/٥/٢٩ سەددام حسێن بۆ دووەم جار بووەوە بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقی بەعسی.

١٩٩٤/٦/٢ پارتی لە پێنجوێنەوە هێرشی کردە سەر یەکێتیو ئەو ناوچەیەی گرت.

١٩٩٤/٦/٦ جەلیل حاجی کەریم خەڵکی گوندی زەمەقی ماڵیان لە هەڵەبجەی تازە بوو جێبێکی پێ بوو ئیشی نەفەراتی دەکرد لەسەراو لەلایەن یەکێتییەوە گیرا. هەر لەسەراودا دوای چەند ڕۆژێك لە بەدیل گرتنی گولەبارانیان کرد.

١٩٩٤/٦/٧ پارتیو بزوتنەوە قەڵادزەیان گرت، بۆ ئێوارەکەی یەکێتی لێی وەرگرتنەوە.

١٩٩٤/٦/١٠ عوسمان قادر منەوەرو حەسەن حسێن لە پارتی لە پێنجوێن کوژران.

١٩٩٤/٦/١٠ جەنازەی کوڕی غەفور کشەدەرییان هێنایەوە بۆ هەڵەبجەی تازە کە لە شەڕی ناوخۆدا کوژرابوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گومرگە ترە، فافۆنە گومرگی بکەن! جەنازەیە جەنازە

١٩٩٤/٦/١١ لە بنکەی گومرگی سەراو بوین. ڕۆژانە دەیان جەنازە دەهاتەوە لە یەکێتیو پارتیو بزوتنەوە. ئێوارەیەك کاك شەوکەتی حاجی مشیر بەسەیارەیەکی لاندکرۆزەری قوڕاوییەوە هاتە بنکەی سەراو، وتی ئەمشەو جەنازەی پارتی لێرەوە دەبەن بۆ سلێمانی، هەواڵمان بۆ هاتووە چەند پێشمەرگەیەکی پارتی لەگەڵ جەنازەکاندا بەرەو سلێمانی دەچن، دەبێت ڕێگایان لێ بگرنو ئۆتۆمبێلی جەنازەکان بپشکنو داوای پێناسە لەو کەسانە بکەن. ئەمەی بەفەرمان وتو بەجێی هێشتین. ئێمەش دەبوایە ئەو فەرمانە جێبەجێ بکەین، ئەو شەوە سەرجادەی سەراومان گرت، بەڵام تەنها ئۆتۆمبێلی جەنازەمان

دەویست. لەپڕ قیژەو هەرا پەیدا بوو، چەند ئۆتۆمبێلێك هاتن جەنازەیان پێبوو. چوینە سەر ڕێگاکەیانو بوو بەدەنگە دەنگ لەگەڵ ئەو خەڵکەی لەگەڵ جەنازەکان بوون. ژن دەستیان کرد بە جنێودان، ئێمەش زۆرمان پێ ناخۆش بوو، وتمان براینە خوشکینە ئەمە فەرمانە، ئەوان لەمە تێنەگەیشتن، جنێوەکان زیاتر بوون. تا ئەوەی یەکێك لە ئێمە نەفەرێکی ئەوانی ناسییەوە کە یەکێتی بووو جەنازەکانیش یەکێتی بوون. سوك هاتینە دواوەو کشاینەوە، ژنەکان تا گەیشتنە سەراو هەر جنێوبارانی گومرگیان ئەکرد. ئەیانوت: گومرگە تڕە، فافۆنە گومرگی بکەن! جەنازەیە جەنازە، کەسوکاری ئێمە ئەکوژرێتو ئێوە بە ئیسراحەت ئەیخۆنو ڕێگا لە جەنازەکانیش ئەگرن! ناحەقیان نەبوو، دڵیان بریندار بوو. خۆشەویستیان لەدەست دابوو.

١٩٩٤/٦/١١ نوری حاجی عارف پێشمەرگەی پارتی بوو کوژرا.

١٩٩٤/٦/١٣ مام جەلالو کاك مەسعود لە شارۆچکەی سلوپی باکوری کوردستان کۆبونەوە بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی براکوژی.

١٩٩٤/٦/١٣ جەنازەکەی عوسمان قادر منەوەریان بردەوە بۆ سلێمانی، پارتی ویستی خۆپیشاندان لەناو شاردا بە جەنازەکەوە بکات، یەکێتی تەقەی لێ کردن، چەندین کەس کوژرانو بریندار بوون.

١٩٩٤/٦/٢٠ لە بنکەی گومرگی سەراوی سوبحان ئاغا بووم، بنکەکە لە تەنیشتی فەرماندەیی یەکێتیدا بوو، ئەو بارانەی لە هەورامانو دەرەی مەڕو وشکەناوەوە دەهاتن، گومرگمان دەکردن. وە زۆر جار وەسڵی تەواوکاریشمان بۆ ئەو بارانە دەکرد کە لە سنوری پێنجوێنو کانی مانگاوە دەهاتو گومرگی کەمیان بۆ کرابوو، یان دواتر باری زیاتریان بارکردبووەوە. هەروەها هەرچی شتومەكو بارێك بۆ ئێران بچوایە تەماشای وەسڵەکانیانمان دەکردو بارەکەمان دەپشکنییەوە.

١٩٩٤/٦/٢١ لە بنکەی گومرگی سەراو بووم، ڕۆژانە بۆ نانی نیوەڕۆ دەچوین بۆ کەبابخانەکەی بەختیار هەورامی، یان ڕزگاری برای، کە دوو وەستای بەناوبانگی کەباب بوون لە شاری سەیدسادق، هەرچی بازرگانو فەرمانبەری گومرگو خەڵکی دەوڵەمەند هەبوو لای ئەوان نانیان دەخوارد. دوو کەسی قسەخۆشی ڕۆح سوك بوونو خزمەتی میوانەکانیان دەکرد. کەباب نەفەری واتە چوار شیش بە ٥٠ دیناری سویسری بوو.

١٩٩٤/٧/٢٨ کۆچی دوایی زانای ئاینی مەلا عەبدولمەجید گەڕاوی.


١٩٩٤/٨/١٠ ڕێکخراوێکی ئەڵمانی بەناوی (هاد) خانووی بۆ چەند لادێیەکی شارەزوور دروست دەکرد، لەو شوێنانە هەردوو تەپی سەفاو شەشكو بەشارەتو شەکرالیو تەپەڕێزینەو چەند گوندێکی تر. ڕێکخراوی (هاد) لەسنوری شارەزوور خەریکی ئاوەدانکردنەوەی لادێکان بوو، هەندێ کەرەستەی بیناسازی بۆ خەڵکەکە دابین دەکرد وەکوو دارو دەرگاو پەنجەرەو چیمەنتۆ. دواتر خانووەکان تەواو بوون هەرماڵێك دوو یان سێ سەر مەڕی دەدانێ بۆ ئەوەی بەخێوی بکەنو سود لە بەروبوومەکەی وەربگرن.

۱۹۹٤/۸/۲۲ پارتی هێرشی کرد بۆ سەیدسادق.

۱۹۹٤/۸/۲۲ لە بنکەی گومرگی سەراو بووم، هێرشەکە هات بەسەر ئێمەشداو تەقە هاتە قلرخ ئێمەش بنکەکەمان چۆڵ کردو بەرەو کانی سپیکە کشاینەوە، بنکەکەیان تالآن کردین‌و قاسەی پارەکەشیان برد. بەڵام هیچمان تێدا نەهێشتبوو.

۱۹۹٤/۸/۲۳ فەرماندەی یەکێتی عومەر حاجی محەمەد کوڵکنی لە شەڕی سەیدسادقدا کوژرا.

عومەر حاجی محەمەد عەبدولقادر ناسراو بە عومەر کوڵکنی لە ساڵی ۱۹٦٥ لە گوندی کوڵکنی خواروو لە خێزانێکی جوتیارو نیشتمان پەروەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ساڵی ۱۹۷۷ لەڕێگەی شەهید عوسمانی برایەوە پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، هەروەها کاریگەی باوکیشی لەسەر بووە کە یەکێك بووە لە ڕێکخستنە دڵسۆزەکانی یەکێتی. لە بەرواری ۱۹۸۲/۳/٥ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا. شەهید



عومەر بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی کردووە، لەوانە داستانی ڕزگاری، شەڕی سێ مانگەی قەیوان-ماوەت، شارەزوور، شارباژێڕ، گرتنی هەردوو ناحیەی قەرەداغو سەنگاو. لە ساڵی ۱۹۸۹ دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بنکەی پارتیزانەکانی چیای سورێن دادەنێن. وە پێشتریش لە ساڵی ۱۹۸۸ دا یەکێك دەبێت لەو پێشمەرگانەی کە ژیانی زۆرێك لە پێشمەرگەو ژن‌و منالی حزبی دیموکراتی ئێرانی ڕزگارکردووەو نەیانهێشتووە بکەونە دەست ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران. بەمەش پەیوەندی یەکێتی‌و دیموکرات بەرەو ئاستێکی باش دەباتە پێشەوە. وە سەرۆك عەبدولرەحمان قاسملۆ خەڵاتی ئەوو هاوڕێکانی کردووەو ستایشی کردوون. دوا پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی فەوجی چواری لیوای دووی شارەزوور بووە. مەخابن لە بەروای ۱۹۹٤/۸/۲۳ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە شارۆچکەی سەیدسادق دەکوژرێن‌و دەچنە کاروانی نەمرانەوە. لە دوای کوژرانیشی هەڤاڵ مام جەلال خەڵاتی پێشمەرگەی پارتیزانی پێ بەخشیوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۱۹۹٤/۸/۲۳ یەکێتی سەیدسادقی گرتەوەو تا قەدەفەری پارتی‌و بزوتنەوەی دوورخستەوە. بەهەمان شێوەش پارتی‌و بزوتنەوە لە قەڵادزە دوورخرانەوە.

۱۹۹٤/۸/۲۳ یەکێتی هێرشی بۆ هەڵەبجە کرد، کاك شەوکەتی حاجی مشیرو کاك عەدنانی حەمەی میناو کاك عیماد ئەحمەدو کاك فەلاحی حەمە بۆرو چەند فەرماندەیەکی تر گەشتنە ناو شاری هەڵەبجە، بەڵام هێز بەدەمیانەوە نەچوو، لە هەڵەبجە شکان‌و پاشەکشەیان کرد. حەمە عەلی حاجی حەمە ساڵح

شەکرالی کەلەو کاتەدا یەکێك بووە لە پێشمەرگەکانی کاك شەوکەت دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لە لەئاستی گوندی تۆقوت لەدەریاچەکە پەڕینەوە بۆ ئیمامی زامنو لەوێوە بەرەو خولامییەکانو ناوچەی نەورۆڵی



ڕۆشتین، لە هەسەن ئاواوە خۆمان کرد بە ناو هەڵەبجەدا، بەتەمابوین هێز لە سەیدسادقەوە بجولێنرێتو ئەوانیش بەرەو هەڵەبجەو خورماڵ بێنو هەردوو هێزەکە لە یەك بگرین. بەڵام کە هێزەکانی پارتیو بزوتنەوەی ئیسلامی بۆیان ڕوون بویەوە کە یەکێتی لە قۆڵی سەیدسادقەوە جوڵەی پێ نەکراوە، ئەوا بەهێزێکی زۆرەوە لە ناو بازاڕی هەڵەبجەدا هاتنەوە بە ڕووماندا و لەهەرچوار لاوە دراینە بەر دەستڕێژی گولە. تەنها چارەسەرمان کشانەوە بوو بۆ جێگایانەی کە لێیەوە هاتبوینە ناو هەڵەبجە. کاك شەوکەت وکاك عەدنانو کاك عیمادو ئەو هێزەی لەگەڵمان هاتبون بەدەم تەقەکردنەوە کەوتینە پاشەکشە. شەهید عەبدولرەحمانو خزمێکی کاك عیماد لە گەڕەکی کانی عاشقان لێمان بەجێمانو کوژران. کاك عەبدولرەحمان کەسێکی زۆر ئازاو بە غیرەت بوو، ماڵی لە هەڵەبجەی تازە بوو، بیستبووی کاك شەوکەتو هێزێك کردوویانەتە ئەوبەرەوە بۆ هەڵەبجە، ئەمیش خۆی پێ نەگیراو تاقمو تفەنگی بەستو لەدەریاچەکە کردییە ئەوبەرەوەو لەگەڵ مەفرەزەیەك پێشمەرگە کە ئەوانیش بۆ هەڵەبجە دەچوون خۆی گەیاندە کاك شەوکەتو هێزەکەی. حەمە عەلی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کاتێ لەناو بازاڕی هەڵەبجە بوین تانکییەك ئاوی خواردنەوەی تێدابوو، عەبدولرەحمان بەری دابویەوە، پێشمەرگەکان ئەیانوت لێ گەڕێ با ئاو بخۆینەوە، ئەویش ئەیوت پارتی دەرمانی تێکردووە نابێ بخورێتەوە، کاك شەوکەت وتی ڕاست ئەکات با بیڕژێت. ئەوەبوو پارتیو بزوتنەوە بەتەقەوە هاتن بەڕوماندا، دەستی کاك عەدنان بریندار بوو، کاك شەوکەت لەکاتی ئەو تەقەدا دەستی بۆ دەبەست. وردە وردە کەوتینە پاشەکشە، تا هاتینە گەڕەگی کانی عاشقان کەسمان لێ نەکوژرابوو. پارتیو بزوتنەوە هیچ مۆڵەتیان نەداین تەقە زیاتر لەسەرمان گەرمتر دەبوو. لەوێ بەرەو گۆڕستانەکەی گولان کشاینەوەو سەنگەرمان گرتەوە. جەمالی کاکە حەمە ئاربیجییەکی تەقاندو چەند سەلییە بیکەیسیو کلاشنکۆف هێرشی ئەوانی وەستاند. دواتر هاتینە گوندی هەسەن ئاوا، کاك شەوکەت وتی کوا عەبدولرەحمان بۆچی دیار نییە؟ وتیان لەکانی عاشقان بەجێماوە. کاك عیماد ئەحمەدیش بەهەمان شێوە خوشکەزای بوو یان خزمی نزیکی بەجێمابوو. دواتر زانیمان لەکاتی کشانەوەمان ئەوان پێکراونو گیانیان بەختکردووە. لە هەسەن ئاواوە بە تراکتۆری عەلی ناوێك، بەرەو زەمەقیو بەکراواو سیروان بوینەوە. لە سیروان کاك شەوکەت ڕۆشتە سەر بانی ماڵی حاجی عەلی حەمە بلانیو دەستی کرد بەلێدوان بۆ تەلەفزیۆن کەوا ئەوان لە ناو شاری هەڵەبجەدانو ناوچەکە لە ژێر کۆنترۆڵیاندایە. دواتر سیروانمان بەجێ هێشتو لە پردی کۆنەوە

هاتینەوە بۆ سەیدسادق، پارتیو بزوتنەوە کە پێشتر لە پاشەکشەیان کردبوو لە چەند جێگایەك، هاتنەوە جێگای خۆیانو پێگەی خۆیان قایم کردەوە[1].

## شەهید عەبدولرەحمان مەلا تایەر

٢٤/٨/ ١٩٩٤ عەبدولرەحمانی مەلا تایەر حاجی عوسمان تەپی سەفایی لە هەڵەبجە گیانی بەختکرد.

کاتێ باوکم شەهید بوو من هێشتا نەچووبوومە قوتابخانەو ئازاری لەدەستدانی باوکم نەدەزانی، هەربۆیە بڕوا ناکەم فرمێسکێکم بۆ ڕشتبێت، بەڵام بۆ تۆ ژیر نەدەبوومەوەو هەرچیم دەکرد سوکناییم بۆ نەدەهات، ئەو دەریایەك بوو لە سەلیقەو ژیریو خزمدۆستیو وەفاو خۆشەویستی ..چراو گڵۆپو ڕووناکی بنەماڵەو عەشرەتێك بوو، شێرێك بوو زەوی لە ژێر پێیدا دەلەرزی.. ئەو هەر بە منالی گەورە بووو زیاتر گەورە دەبوو. هەر بەبۆنەی غیرەتو وەفاو دڵسۆزیو خزمایەتییەوە بوو دای لە شەقەی باڵو بەرەو پیری مەرگ ڕۆشت، دوای ساڵێکیش بڕوام نەدەکرد ئەو شەهید بووەو لە جیهانی بینراوەوە کۆچی کردووە بۆ جیهانی بەرزەخ. ئاخر ئەو ڕۆژەی ئەو بە پیریی مەرگەوە ڕۆشت من تازە لە واجب هاتبومەوەو هەواڵی ناوچەکەی لەمن دەپرسی نەمزانی وەکوو بروسکە دەریاچەو دۆڵو بەرزاییەکانی نەورۆڵیو هەسەن ئاوا دەبڕێتو خۆی دەگەیەنێت بە هەڵەبجە. ئای لەو ئێوارەیەی جەنازەی ئەویان بردەوە بەردەستی پورمو خاڵۆم ،ئەوان بێ ئاگا لەوەی کوڕیان لەناو شەڕدا بێتو چەند کیلۆمەترێکی کەم لێیانەوە دوور بێت، ئەوان بەبۆنەی تۆپبارانەوە تەپی سەفایان بەجێ هێشتبوو لە گوندی خێڵی حەمەدانیشبوون ..کاتێ جەنازەی کوڕ دەچێتەوە بەردەستیان وەکوو لەسەربانێکی بەرزەوە بیانخەیتە خوارەوە وابوو . بڕوایان نەدەکرد. خوایە گیان ئەوەی بوو بەمایەی شەڕی براکوژی خێر لەخۆیان نەبینن،، چەندین منالێیان هەتیوخست، چەند ژنیان ڕەشپۆشو بێوەژن کرد..وڵاتیان کوێر کردەوەو سەروەتو سامانیان بەهەدەردا. دواتریش وتیان بێ تاوانین.

ئەو ڕۆژە ڕەشانەی تەمو تەمەلولو غەمو پەژارە کوشتو بڕین ئاسمانی شارەزووری داپۆشیبوو هەموو ڕۆژێك چرای چەند ماڵێك دەکوژایەوە . لە ١٩٩٤/٨/٢٤ پاڵەوانێکی مێرخاس، شێرێکی نەڕ، هەڵۆیەکی چاو بەگڕ بەبێ خواحافیزی لە دایكو باوكو براو خوشكو بنەماڵەو بەبێ لە ئامێزگرتنی خێزانو دوو کوڕو کچەکەی کۆچی ماڵئاوایی دەکاتو دوا هەناسەی لە هەڵەبجە دەسپێرێت بە فریشتەی مەرگ. ئەو ڕۆژە ئاسمانی شارەزوور ئەوەندەی تر تەماوی بوو،باڵندەکان بەرەو گۆڕستانی شێخ جنێ دایان لە شەقەی باڵو لە پێشوازی ڕۆحێکی سپیدا بوون. هەورامان زەرد هەڵگەڕاو سورێن جارێکی تر برینی کولایەوە. ئاهونزولەی پورم گەیشتە ئاسمانو فریشتەکانیش هاوبەشی غەمو پەژارەو دڵی برینداری ئەو بوون.


---

[1] دیمانە لەگەڵ بەڕێز حەمەعەلی حاجی حەمەساڵح، هەڵەبجە، ٢٠١٦.

زۆر جار کە لە گوندی گۆمەلارەوە تێپەڕ دەبم بەتایبەت لە وەرزەکانی بەهارو پایزدا سەرێك لە گۆڕستانی شێخ جنێ دەدەمو لەنزیکەوە لەگەڵ ڕۆحیانەتی پاكو بێگەردیدا وتووێژ دەکەم. شریتێك یادەوەری بەبەرچاومدا تێپەڕ دەبن کە ئەو کاراکتەری سەرەکییان بووە، جارێکیان هاتە خەوم پرسیاری ئەو ڕۆژەم لێ کرد کە تیایدا شەهید بوو، لە سەرەتاوە بۆی گێڕامەوە تا گەیشت بەو شوێنەی کە تیایدا پێکرابوو، لەوێدا خەوەکە وەکوو فیلمێك کۆتایی هات، دڵنیا بووم خەوێکی ڕاستەقینەبوو .

شەهید عەبدوڕەحمانی مەلا تایەر بەتەنیا خاڵۆزاو پورزام نەبوو بەڵکو برا گەورەم بوو، شەهید بوونی ئەو کۆستێکی گەورەو کارەساتێکی ئەوەندە ناخۆشو تاڵ بوو مەگەر ئەو کەسانەی ئازیزترین کەسیان لە دەست داوە لەو ناسۆرە تێ بگەن . خوای گەورە داخڵ بە بەهەشتی بەرینی خۆی بکات .

عەبدولرەحمانی مەلا تایەر حاجی عوسمان یاروەیسی لە ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی تەپی سەفا لە خێزانێکی تێکۆشەرو خانەدان لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردووەو پاشان تا دووی ناوەندی دەخوێنێتو دەستی لێ هەڵدەگرێت. شەهید عەبدولرەحمان لەبەر ئەوەی خوشکەزای شەهید هاوارو ئامۆزای شەهید شەوکەتی حاجی مشیر بووەو هەموو کەسوکارو زۆرێك لەخەڵکی گوندەکەی پێشمەرگە بوون، هەستی کوردایەتی لە تەمەنی مێردمناڵیەوە کڵپەی سەندووەو کەوتووەتە خزمەت کردن بە پێشمەرگە. لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە. لە ساڵی ١٩٨٧ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو لای کاك شەوکەت دەبێت بە پێشمەرگە. لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ دا بەشداری کردووە. لە ڕۆژی ١٩٩٤/٨/٢٥ لە هەڵەبجە دەکوژرێتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. شەهید باوکی دوو کوڕو کچێکە بە ناوەکانی (کامەران، کارزان، بەنان).



. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٤/٨/٢٦ کۆچی دوایی حەمە ڕەشید عەلی شەریف گوڵخە قەویلەیی لە سەیدسادق.

١٩٩٤/٨/٣٠ لیژنەیەکی ئاشتی بۆ ڕاگرتنی شەڕی براکوژی پارتیو یەکێتیو بزوتنەوەی ئیسلامی لەم کەسانە پێکهات: جەوهەر نامیق سەرۆکی پەرلەمانو عومەر فەتاحو یونادەم یوسف کەنناو کامیل حاجی عەلیو حەیدر فەیلیو عەبدولخالق زەنگەنەو غانم جەواد لە ئای ئین سی.

١٩٩٤/٩/٧ پاسێكو گەلابەیەك لای گوندی گردەنازێ بە یەکیاندا کێشا، شۆفێری پاسەکە ناوی حەمە سەعید خەڵکی تەپەکوڕە بوو خۆیو دە کەسیتر مردنو سەرجەم ئەوانی تر بریندار بوون.

١٩٩٤/٩/٩ له سلێمانی تەقەکرا له حەمه سەعید مەحمود محەمەد ڕۆیتەن شەمێرانیو هەرلەوێدا گیانی سپارد.

١٩٩٤/٩/١٠ له سجنی سلێمانی کوڕی مەلا غەریب شەمێرانی کوژرا.

١٩٩٤/١٠/١٠ له سەراوی سوبحان ئاغا له گەڵ عاسی مام ئادەمو شاخەوانی ڕەوف بەگو برادەرانی گومرگ زەلو پیکەمان بڕیو هێنامانەوه بۆ سەر کەپری بنکەکە، تازە دروستمان دەکرد، پێشتر تەنها خەیمەیەکمان هەبوو.

١٩٩٤/١٠/١٥ مام جەلالو نەوشیروان مستەفا مەدالیای ڕێزلێنانیان بەخشی به ٣٩٩ پێشمەرگەی پارتیزانی یەکێتی، که له دوای ئەنفالەکان له کوردستان مابونەوە.

١٩٩٤/١٠/٢٣ مام جەلال هێڵی کارەبای دەربەندیخان، سلێمانی کردەوە. هێڵی ١٣٢ کەی ڤی.

١٩٩٤/١٠/٢٥ دایکم سەرقاڵی دروستکردنەوەی خانووەکەی تەپی سەفا بوو بەکەرەستەی ڕێکخراوی هاد.

١٩٩٤/١٠/٢٦ ڕێکەوتننامەی نێوان ئەردەنو ئیسرائیل کرا به ئامادەبوونی بێڵ کلینتۆن.

١٩٩٤/١٠/٢٧ لەهەڵەبجەی شەهید والی عەلی مامۆ به دەستی غالی برای کوژرا.

١٩٩٤/١١/١ شەڕو پێکادان له چەمچەماڵ ڕوویدا له نێوان عیماد ئەحمەدو حەمه ڕێگردا ٨ کەس بریندار بوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## لەناو بەستەڵەکی بەفردا زۆپای دار نێڵەی دەهات

١٩٩٤/١٢/٥ فەرمانبەری گومرگ بووم لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی لەبنکەی گومرگی کانی مانگ له نزیکی پێنجوێن، لەم ڕۆژەدا بەفر دەباری ناوچەکە به چیاو دۆڵو بەندەنەوە تارای سپی پۆشی، بنکەکە له خانوویەکی دوو هۆدەو هەیواندا بوو، ژورێکیان فەرمانبەرانی تێدا بوو ژوورەکەی تر پۆلیسەکان بوون، زۆپای دارمان هەبوو بەردەوام نێڵەی دەهات، حەرەسیاتی شەومان زۆر ناخۆش بوو دەبوایە بەتەواوی سەرو دەموچاومان داپۆشیایە لەبەر سەرمای زۆری تا ڕادەی بەستن. لەو کاتە یەکێتیو پارتی بۆ ماوەیەکی کەم له ئاشتیدا بوونو فەرمانبەرانی گومرگ تێکەڵ کرابوونەوە. ئەو وەجبەیەی من هەمووی پارتی بوو بەتەنها من یەکێتی بووم، هەموو کەسانی باشو بەڕێز بوون کاك حەمه عارف بیارەیی لێپرسراوی بنکەو کاك بەکری حاجی حەسەن گردی شەریفیو کاك عادلی مام باقیو کاك ڕزگار حەمه سالّح مارف سەیدسادقیو کاك عەلی دۆڵاشی. لەو مانگەدا ئەوەندە بەفر باریو دنیا سارد بوو جادەکە دەیبەستو هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی نەفەرو بار نەدەما جگە لەوانەی زنجیریان دەبەست، بەڕەحمەت بێت شەهید حەمەدوسی به سۆپەرێکی سورەوە خۆی گەیاندە بنکەکە ئەو هەمیشە باری نەستەلەو شوشەی دەبرد بۆ

ئێران کەسێکی بەڕیزو دەست بڵاو بوو، نێوانی لەگەڵ فەرمانبەران خۆش بوو. بەڵام بەداخەوە دواتر شەڕ دروستبوویەوەو پارتیەکان ڕۆشتنەوە بۆ ناوچەی زەردو یەکێتییەکان لە جێگای خۆیاندا مانەوە.

١٩٩٤/١٢/١٨ بارودۆخی یەکێتیو پارتی ئاڵۆز بویەوەو شەڕ خەریك بوو دەستی پێ دەکردەوە.

١٩٩٤/١٢/١٩ پارتی پەلاماری شەقلاوەی داو گرتی، هەموو بارەگاکانی یەکێتی سوتاند بەماڵی مام جەلالیشەوە.

١٩٩٤/١٢/٢١ بارەگاکانی پارتی لە کفریو کەلارو باوەنور گیران.

١٩٩٤/١٢/٢٢ مەفرەزەیەکی پارتی هاتە سنوری کانی مانگ بە تەنها لە بنکەکەدا من فەرمانبەری یەکێتی بووم لەگەڵ کەسێکی سۆسیالیست هەردوکمان بەرەو سلێمانی هاتینەوەو خواحافیزیمان لە هاوڕێ پارتییەکان کرد.

١٩٩٤/١٢/٢٣ حەمەی مەدحەت گەلاڵی لە شەڕی پارتی لە هەڵەبجەی تازە کوژرا.

١٩٩٤/١٢/٢٤ لە شەڕێکی تری پارتیو یەکێتیدا، لەناوچەی شارەزوور، پارتی تا کانی پانکە هاتو لەوێدا تێکشکا، ئەکرەم حەمە عەلی قایمقامی هەڵەبجە کەسەر بە پارتی بوو لەوێدا کوژرا.

١٩٩٤/١٢/٢٤ فەرماندەی یەکێتی بارام سەمین ئەمین تەپی کەرەمی لە گوندی قاڵیجۆ گیانی بەختکرد.

١٩٩٤/١٢/٢٨ پارتی شاری سلێمانی چۆڵ کردو بە نێوەندگیری کاك محەمەدی حاجی مەحمودو شێخ محەمەد بەرزنجی بەرەو هەڵەبجە کەوتنەڕێ.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٥

ئەم ساڵیش وەکوو ساڵی ڕابووردوو، هەرێمی کوردستانی عێراق لە لەلایەك لە ژێر ئابلۆقەی ئابوری ئەمریکاو لەلایەکی ترەوە عێراق سنورەکانی خۆی بەسەردا داخستبوو، هیچ کاڵایەك بە فەرمی ڕووی لە هەرێم نەدەکرد. ئەوەی دەهاتە ناو بازاڕەکانی کوردستان کاڵای قاچاخی ئێرانو تورکیاو سوریا بوو، نرخی کەلوپەل بەڕێژەیەکی زۆر گران بوو، هەروەها سوتەمەنی زۆر بەکەمی هەبوو، خەڵکی پەنای بۆ داری کەژوکێوەکان دەبرد بۆ سوتاندن. نرخی تمەن بە بەرزی مابویەوەو هەرچی فافۆنو مسو ئاسنە لە کوردستانەوە بەرەو ئێران دەبراو بەنرخێکی گران دەفرۆشرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٥:

١٩٩٥/١/١ پارتی لە هەڵەبجەوە هێرشی بۆ سەر سەیدسادق دەست پێکرد تا کانی پانکەی گرت. قادر کۆکۆییو ئازادی کوڕی لە سەیدسادق بون بە قوربانی شەڕی براکوژی.

١٩٩٥/١/١ یەکێتی لە شاری هەولێر پەلاماری لقی دووی پارتیو بارەگای ڕاگەیاندنی ئەو حزبەی لە شیراتۆن داو کۆنترۆڵی کردن.

١٩٩٥/١/٩ پێشمەرگەو فەرماندەی دێرینی یەکێتی جەلال حاجی گیانی بەختکرد.

١٩٩٥/١/١٥ یەکێتی لقی دووی پارتی گرت، وە زیاتر لە ٣٠٠ کەسی پارتی کەوتە دەستی یەکێتی کە چەند سەرکردەیەکی تێدابوو.

١٩٩٥/١/٢٠ پردی نێوان سکتانو هیزۆپ تەقێنرایەوە. حسێن سنجاری ئەندامی یەکێتی وازی لە یەکێتی هێنا، ئەوەش لەبەر شەڕی براکوژی بوو.

١٩٩٥/١/٢١ پارتی هێرشی کردە سەر سیدسادق بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، لە نزیکی گامێش تەپەو شانەدەری ٥٢ کەسیان لێ کوژراو ١٣ی تریان لێ بەدیل گیرا.

١٩٩٥/٢/١ یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بوو. هەر لەم ڕۆژەدا ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەگەر شەڕی پارتیو یەکێتی بەردەوام بێت، ئەوا لە ئاسمانەوە ناپارزرێن، واتە کورد ئەو کاتە سود لە چەکوشی ئامادەی ئەنجەرلیك نابینێت.

١٩٩٥/٢/٣ لەبنکەی گومرگی کانی سپیکە بووم. بنکەی گومرگی سەراو گوازرایەوە بۆ ئەوێ.

١٩٩٥/٢/١٥ نقلّ کرام بۆ بازگەی گومرگی (سلێمانی، عەربەت) لە سەیتەرەکە کۆنەکەی سلێمانی.

١٩٩٥/٢/٢٢ پارتی لە پێنجوێنەوە تا نزیکی ناڵپارێز هات. ئەنوەری حاجی عوسمان بریندار بوو.

١٩٩٥/٢/٢٨ تەقینەوەیەك لە زاخۆ بوو بە هۆی کوشتنی ٨٥ کەسو برینداربوونی ٢٥٠ کەسیتر.

١٩٩٥/٣/٤ پێشمەرگە پەلاماری ڕەبییەکانی بانی مەقانی دەدا لەودیوی چەمچەماڵ. لەلایەك شەڕی یەکێتیو پارتی بوو لەلاکەی ترەوە یەکێتیو سۆشیالیستو شیوعی لەگەڵ حکومەتی بەعس.

١٩٩٥/٣/١٤ مامۆستا سەلاح ئیبراهیم هەورامی مامۆستای زانکۆ لە هەولێر کوژرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## لە یادی کیمیاباران دا وەکو دیل هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردن

١٩٩٥/٣/١٦ پارتیو بزوتنەوەی ئیسلامی لە هەڵەبجەی شەهید گرژی کەوتە نێوانیان لەسەر یادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەوە لە ئەنجامدا دوو کەس کوژران.

لەم یادەدا کاك شەوکەت عەبدوڵا گردی گۆیی دەنوسێت: لەم ڕۆژەدا بوولەگەڵ خێزانم لە هەڵەبجە بووینو بینایی کچم تەمەنی ساڵو نیوێك بوو، لەسەر یادەکە شەڕێك بوو لە نێوان پارتیو بزووتنەوەو خەڵك نەما لە شوێنەکەو پاش هێور بوونەوە ئێمەش لە گەراج سواری ئۆتۆمبیل بوین، ماڵی باوکم لە گردی گۆ بوونو ماڵی خۆم لە هەڵەبجەی تازەبوو، هاتین سەیتەرەیەك لە کۆتایی ناحیەی سیروان بوو هی پارتی بوو، من ئەو کات گەنج بووم ڕیشێکی کەمم هەبوو خێزانم لەچکی کردبوو، لەسەیتەرەکە وتیان

دابەزن! هاوڕێیان خوا شاهیدە بیکەیسیو ئاربیجی دەوریان دابووین جگە لە کلاشنکۆف، ئاربیجییەکەیان توند کردبوو لە پشتی خێزانم، تا خوا کردی کەسێك ناسینیو ڕزگاری کردین، نزیکەی سەعاتو نیوێك وەك دیل هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردین لەدوای ئەو ڕۆژە نەچومە هیچ یادێکی هەڵەبجە.

١٩٩٥/٣/١٨ لە بازگەی بەختیاری بووم کاك خالیدی مەلا قادر هەر هەفتەیەك فەرمانبەرێکی دەنارد بۆ بازگەی بەختیاری بۆ ئەوەی گومرگی سەوزەو میوە بکەن، ئەو کاتە بۆ ماوەیەك باجی سەوزەو میوەیان خستبووە سەر گومرگ.

١٩٩٥/٣/٢٧ پارتی هێرشی کرد بۆ هەولێر زەرەرو زیانێکی گیانیو ماددی زۆری لێ کەوت نزیکەی ٣٠٠ کوژراوو برینداری هەبوو لە ناویاندا عەلی شەعبان، یەکێتیش نزیکەی حەفتا کەسێك کوژراوو برینداری هەبوو لەناویاندا مام فاقە مەحموری.

١٩٩٥/٣/٢٧ پارتی لە پێنجوێن شکاو چەندین کەسیان لێ کوژرا. لەوانە نەوزاد نەورۆڵی، حەمە سەعید ئامینی موسا، عەبدولا حەمە ئەمین کافە. هادی ساڵح زغەیر. مەهدی مەحمود دەرەشیشی.

١٩٩٥/٤/١٨ شەڕ لە نێوان عەبدولا حاجی مەحمود هارونیو دوو کەسی بانی خێلانیدا ڕویدا. هەرسێکیان کوژران.

١٩٩٥/٥/١٤ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە سەیدسادق دۆزرایەوە کە ٨ کەس لەو کەسانەی تێدابوو لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٨٧ لە پردی زەڵمو خورماڵ گیرابوون. یەکێك لەوانە کاك حەمە خان هەورامی باوکی ڕەفعەت بوو.

١٩٩٥/٥/١٧ جاك شیراك بوو بە سەرۆکی فەرەنسا.

١٩٩٥/٥/١٩ لە شەڕ وهەرای نێوان گلاڵیو تەرخانیدا لە هەڵەبجەی شەهید شێخ تۆفیق شێخ حامی فەرماندەی پارتی (پێشمەرگەی کۆنی سۆسیالیست) بە گولەیەکی شەڕکەرەکان کوژرا.

١٩٩٥/٥/٢٢ ئیسماعیل وەرتێو هاوڕێکانی لە شاری ڕانیە کوژران.

١٩٩٥/٥/٢٨ کۆچی دوایی هونەرمەند تەحسین تەها لە هۆڵەندا.

١٩٩٥/٦/١ نقلێ کرام بۆ بنکەی گومرگی کەولۆس کە هاتبووە نزیکی ئاوایی حاجی نامیق. لە گەڵ مام هەڵمەتە سورو عەلی حاجی مەحمود دێکۆنیو عەتای عەلی حاجی حەساڵحی قەدەفەری پێکەوەبوین.

١٩٩٥/٦/٢١ فەرهاد محەمەد ڕەسوڵ کە سەر بە سۆشیالیست بوو کرا بە قائمقامی هەڵەبجەی تازە.

١٩٩٥/٦/٢٧ کەمالی ئەحمەد باوەلێ لە خورماڵ خۆی خنکاند.

١٩٩٥/٧/٦ بەختیاری حاجی عەلی مەلا حەسەن هانەژاڵەیی لەگەڵ جەماعەتێکی پارتیدا بوو بە شەڕیان لە ئەنجامدا بەختیار کوژراو ئاشتی برای چاوێکی لەدەست دا.

١٩٩٥/٧/٩ حەیدەر حاجی مەحمود شەمێرانی لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا.

۱۹۹٥/۷/۱۳ کۆچی دوایی زانای کۆمەڵناسی عێراق دکتۆر عەلی ئەلوەردی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## دەفری فڕیو

عەلی وەردی دەڵێت: هەموو ئەو ماوەیەی لەئەمەریکا خوێندم، لە کەسم نەبیست باسی خۆشەویسی وڵاتو باسی قوربانیدان بۆ وڵات بکات، ئەوان وڵاتیان لەبیرکردوە لەقسەکردندا، چونکە ڕۆژانە بەکردار خزمەتی دەکەن. وە دەڵێت: زستانی ساڵی ۱۹۱۰ ڕۆژنامەکانی بەغدا بڵاویانکردەوە کە ئەورووپیەکان دەفرێکیان دروستکردوە ئەفڕێت (فرۆکە). باوکم بۆی گێرامەوە وتی: شەوەکەی لەماڵی ئێمە بوبە موناقەشە، باوکم (واتە باپیری من) پێی وتین، چۆن بڕوا بەقسەی وائەکەن! خۆتان بێ عەقڵ ئەکەن! چۆن دارو ئاسن لەهەوادا بەرز ئەبێتەوە! خوا بۆ عەقڵی داونەتێ؟ بۆ ئەوە عەقڵی داونەتێ تا بیری پێبکەنەوەو بیخەنە کار. بیە لە بیرەوەریەکانی عەلی وەردیدا هاتووە کە مرۆڤ لەهەموو قۆناغێکی ژیاندا، بەقەد ئاستی عەقڵ پێشکانی خۆی، دونیا تەفسیر دەکات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۱۹۹٥/۹/۱ نقلّ بوومەوە بۆ بازگەی گومرگی کانی سپیکە. کاك شەوکەت محەمەد بەرپرسی بنکەکە بوو مام چالاك جێگری بوو.

۱۹۹٥/۹/۱٤ پرۆفیسۆر محەمەد قەرەداغی لە شاری هەولێر تیرۆر کرا.

۱۹۹٥/۱۰/۲۳ عومەر محەمەد حەمە سەلیم شەمێرانی لە دەریاچەی سیروان بەلەمەکەی ژێرئاو کەوتو خنکا، ئەوەش لەبەر ئەوەی چیمەنتۆیەکی زۆری لە بەلەمەکەی بارکردبوو. منالێکی خۆی لەگەڵدا بوو ڕزگاری بوو.

۱۹۹٥/۱۱/٤ تیرۆرکردنی ئیسحاق ڕابین سەرۆك وەزیرانی پێنجەمی ئیسرائیل.

۱۹۹٥/۱۱/٦ تەقە کرا لە محەمەد حەلاقو یانزە هاوڕێی لە بازگەی تۆپزاوەی هەولێر کە لە پارتی کاری سەربەخۆ بوون. هەمویان قەتڵو عام کران.

۱۹۹٥/۱۱/۲۰ سەعدی مەهدی ساڵح سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کۆچی دواییکرد.

۱۹۹٥/۱۲/۳ بۆ یەکەم جار لە دوای ڕوخانی سەیدسادقەوە کارەبای نیشتمانی گەیەنرایە ئەو شارە.

۱۹۹٥/۱۲/٥ بەهۆی تەقینەوەی تانکەرێکی سوتەمەنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە شەقڵاوە ۱٥ هاوڵاتی کوژران. کە یەکێکیان کەریم مەحمود عەبدولرەحمان شەمێرانی بوو.

۱۹۹٥/۱۲/۲٦ غەفور محەمەد حاجی عەلی سەمین کانی بەردینەیی لەناو بازاڕی سیروانییەکان لە هەڵەبجەی تازە کوژرا.

۱۹۹٥/۱۲/۲۷ مەلا مەحمودی گردەنازێ باوکی ئیبراهیمو عوسمانو ئەمینو بەکر کۆچی دواییکرد.

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٦

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٦:

١٩٩٦/١/٥ حاجی ئاغای محەمەدی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان بوو. بارانێکی زۆر دەباری بەو بۆنەیەوە وەفدی ئێرانییان ناونا ئاغای مەتەری، واتە ئاغای بارانی.

١٩٩٦/١/٢٨ کوژرانی مامۆستا کەمال کوردی ئەندامی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتی نیشتمانی.

١٩٩٦/٢/١ تەقەی خۆشی کرا بە بۆنەی دەرچوونی بڕیاری فرۆشتنی نەوتی عێراق بۆ کڕینی خواردەمەنی، کە پێیان دەوت نەوت بەرامبەر بە خۆراك.

١٩٩٦/٢/٦ بزوتنەوەی ئیسلامی لە ناحیەی سیروان لەگەڵ مامۆستا مەلا ئەحمەدی سیروانو کۆمەڵێك پیاوی تردا بوو بە شەڕو کێشەیان لە سەر مزگەوتەکەی کێلەسپی.

١٩٩٦/٢/١٣ سەلامە سور بەرپرسێکی باڵای سۆسیالیست بوو لە سلێمانی تیرۆر کرا.

١٩٩٦/٢/٢٠ حسێن کامیلو سەددام کامیلی برای بە لێبوردنی فرۆفێڵی سەددام حسێن گەڕانەوە عێراق کە پێشتر لە ١٩٩٥/٨/٨ ڕایان کرد بۆ ئوردونو مافی پەنابەری سیاسیان لەو وڵاتە وەرگرتبوو، هەربۆیە لە ٢٣ی ئەو مانگەدا گوللەباران کران.


١٩٩٦/٣/١ نقلّ کرام بۆ بنکەی گومرگی سەیران بەن.

١٩٩٦/٣/١٦ کۆچی دوایی ڕوناکبیر محەمەد سەعید جاف.

١٩٩٦/٣/٢٢ عەبدوڵا ئۆچەلانی سەرۆکی پەکەکە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە لەمەودوا شەڕی پارتیزانی لە کوردستانەوە دەبەینە ناوچە تورکییەکانو چالاکی خۆکوژی ئەنجام دەدەین.

١٩٩٦/٤/١ ئەسعەد گامێش تەپەیی پێشمەرگەو فەرماندەی دێرینی حزبی شیوعی عێراقی کۆچی دواییکرد.

ئەسعەدحەمە حەمە وەیس ناسراو بە هاوڕێ ئەسعەد گامێش تەپەیی لە بەرواری ١٩٥٠/٧/١ لە



گوندی گامێش تەپەی شارەزوور لە خێزانێکی جوتیارو زەحمەت کێش چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. شەهید ئەسعەد هێشتا منالّ دەبێت دایكو باوکی کۆچی دوایی دەکەن، ناچار لە قۆناغی ناوەندی دەستبەرداری خوێندن دەبێت ودەست دەکات بە کرێکاری بۆ بژێوی خۆیو خوشکە تاقانەکەی. لە ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقو دەبێتە یەکێکە لە کادرە متمانە پێکراوەکان. لە ساڵی ١٩٦٧ کە هێشتا حەڤدە ساڵان بووە شەرەفی ئەندامێتی حزبی شیوعی پێ دەبەخشرێت. لە سەرەتای حەفتاکان دەبێتە نوێنەری حزبی شیوعی لە لیژنەی جوتیارانی

شارەزوور، ئەمەش وا دەکات کە پیاوانی ڕژێم چاوی لەسەر هەڵنەگرنو سیخوڕی بەسەرەوە بکەن. پاش ئەوەی زۆری بۆ دەهێننو تەنگی پێ هەڵدەچنن، چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو وەکوو کادرو پێشمەرگەو سەرکردەیەك درێژە بەخەبات دەدات. دوای تێکچونی بەرەی نیشتمانی نێوان حزبی بەعسو حزبی شیوعی، دەکەونە بەر پەلاماری گرتنو ڕاوەدونان، هاوڕێ ئەسعەدیش لە ساڵی ١٩٧٨ دەکەوێتە بەر ئەو پەلامارە، بەڵام لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا مەفرەزەیەکی سەرەتایی دروست دەکەنو دەچنە شاخی سورێنو درێژە بە خەباتو پێشمەرگایەتی دەدەن. ڕژێم بۆ ئەوەی هاوڕێ ئەسعەد ناچار بکەن خۆی بەدەستەوە بدات، چەند جار ماڵ ومناڵی دەگیرێنو ئازاد دەکرێن، بەڵام ئەو هەر سور دەبێت لە خەباتو کۆڵنەدان. هاوڕی ئەسعەد بەشداری زۆرێك لە شەڕو نەبەردییەکانی کردووە، لەوانە شەڕی گەورەی ئالانو حاسڵو شەڕی گامێش تەپەو قەرەداغو دەربەندیخان. لە لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن حزبەوە بۆ کاری نهێنی دێتەوە ناوشارو سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی هەڵەبجەو دەربەندیخانو شارەزوورو سەیدسادق دەکات. لەڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە ئازاد کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا. وە وەکوو کەسێکی کۆمەڵایەتی بەشداری لە دامرکاندنەوەی زۆر کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتی دا کردووەو بووە بەهۆی کۆتایی هێنان بە دوژمنایەتیو کێشەکانی نێوان چەندین بنەماڵە. هاوڕێ ئەسعەد لە ڕووی پلەی حزبییەوە ئەندام مەکتەبی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی بووەو لەڕووی پلەی سەربازییەوە فەرماندەی فەرماندەیی بووە. مەخابن هاوڕێ ئەسعەد گامێش تەپەیی بەهۆی برینی کۆنو نەخۆشیو ماندوو بونی زۆرەوە لە ١٩٩٦/٤/١ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێتو ماڵ ئاوایی لە هەموان دەکاتو لە گۆڕستانی سەیدسادق بەخاك دەسپێردرێت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٦/٥/١٤ گەردەلولێکی بەهێز وڵاتی بەنگلادیشی گرتەوە ٤٣٠ کەسی کوشتو هەزارانی تر بریندارو ئاوارە بوون.

١٩٩٦/٥/١٥ کۆچی دوایی ئابوریناس مامۆستا دکتۆر فازیل قەفتان لە ئەڵمانیا.

١٩٩٦/٥/٢٠ بڕیاری فرۆشتنی نەوتی عێراق بایی ٢ ملیار دۆلار واژۆ کرا، بۆ ئەوە بدرێت بە خۆراك بۆ گەلانی عێراق.

١٩٩٦/٥/٢١ کۆچی دوایی هونەرمەندی شانۆکار مامۆستا عوسمان چێوار لە شاری سلێمانی.

١٩٩٦/٥/٢٢ کۆچی دوایی ڕۆشنبیر عەبدولڕەحمان موفتی.

١٩٩٦/٥/٣١ لە مزگەوتی گەورە لە هەڵەبجەی تازە سوڵحی هەردوو دوو بنەماڵەی بێسەڵمێنیو کانی بەردینەیی کرا.

**١٩٩٦/٦/١٣** بەردی بناغەی حسەینییەی ئەلحەکیم لە سلێمانی دانرا. بەوەش یەکەم نەخشەی بە شیعەکردنی پارێزگای سلێمانی لەلایەن ئێرانەوە گەڵاڵە کرا، بەڵام لە هەولێر ڕێگەیان پێنەدان.

**١٩٩٦/٦/١٤** کوڕی محەمەد ئەحمەد وەلی ناوگردانی برازای فایەق پەسادۆر کوژرا.

**١٩٩٦/٦/١٦** کەریم حسێن خولامی پێشمەرگەی پارتی زاوای کاك حەسەن هەسەن شەریفو دوانزە پێشمەرگەی پارتی خەڵکی ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور لە شەڕی سورکییەکاندا لە کەڵەکین کوژران.

**١٩٩٦/٦/٢٦** محەمەدی حاجی مەحمود شەمێرانی برای مامۆستا مەلا حەسەن لە هەڵەبجەی تازە کۆچی دواییکرد.

**١٩٩٦/٦/٢٩** نەجمەدین ئەربەکان بوو بە سەرۆك وەزیرانی تورکیا.

**١٩٩٦/٧/٢** لەبنکەی گومرگی سەیران بەن بووم، ئێران سنوری داخستبوو تەنها باری قاچاخ دەهات، بەو هۆیەوە کە ئێران بۆ ماوەیەك سنورەکانی داخست زیانێکی زۆر بە حکومەتی هەرێمی سەوز کەوت، چونکە داهاتی لەسەر گومرگ بوو.

**١٩٩٦/٧/٢٧** هێزێکی گەورەی ئێرانی بە ئۆتۆمبێلێکی زۆرەوە بەناو سنوری هەرێمی کوردستاندا هاتن بۆ سلێمانیو پاشان هێرشیان کردە سەر بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو زەرەرو زیانێکی زۆریان لێدان.

**١٩٩٦/٧/٢٩** مستەفا حاجی کاکەلی گورگەچیایی لای خێڵی حەمە کوژراو کەمالی عەلی حەمە جیلانو کەمال حەمە فەرەج حەمە خان بریندار بوون، وە ئەو کەسەش کە شەڕەکەی نایەوە خۆی کوژرا.

**١٩٩٦/٨/١** هەورامان شێخ مەحمود کاکە شێخ بیاوێلەیی لە شاری سلێمانی کوژرا.

**١٩٩٦/٨/٤** مەحمودی لالە حەمەی سۆفی هەسەن خەڵکی شەکرالی لەلایەن پارتییەوە گیراو لە ناحیەی سیروان سجن کرا، وە ئەشکەنجەیەکی زۆر بێ ڕەحمانە درابوو.

**١٩٩٦/٨/٧** مەحمودی لالە حەمە ئازاد کراو هاتەوە بۆ هەڵەبجەی تازە، هەموو گیانی ڕەش بوبویەوە، چونکە ئەشکەنجەی زۆریان دابوو.



**١٩٩٦/٨/١٠** کۆچی دوایی تایەر عەبدوڵا حەمە موراد لە گوندی تەپی سەفای شارەزوور. تایەر عەبدوڵا حەمە موراد لە ١٩٧٠/٥/١ لە گوندی تەپی سەفای شارەزوور لە خێزانێکی جوتیارو کوردپەروەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. خوێندی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی تەواو دەکات. لە ساڵی **١٩٨٣** کە تەمەنی هێشتا زۆر منداڵ دەبێت بەڵام ئازاو بزێوو بە بەژنو باڵا گەورە دەبێتو چەکێکی ڕژێم دەبات وپەیوەندی دەکات بە حزبی سۆسیالیستەوەو دەبێت بە پێشمەرگە. لە ساڵی **١٩٨٥**ڕیزەکانی ئەو حزبە بەجێ جەهێڵێتو دەبێت بە پێشمەرگەی پارتی. لە ساڵی **١٩٨٧** لەبەر

باروگوزەرانی خێزانەکەی چەك دادەنێتو دەست دەکات بە کاری جوتیاریو کشتوکاڵو کرێکاری. لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو لای شەهید لوقمان حەمە ساڵح بەشارەتی دەبێت بە پێشمەرگە. وە بەشداری ڕزگارکردنی زۆرێك لە شوێنەکانی کردووە. لە ساڵی ١٩٩٣ دەبێت بە یەکێك لە دەستەکەی کاك حامیدی حاجی خالید، لە ساڵی ١٩٩٤ لەکاتی ئەركو فەرماندا وەکوو دەلیل پێشمەرگە دەپەڕێنێتەوە بۆ سنوری هەڵەبجە لە نزیك کارگەی بلۆکی سیروان فیشەکێك بەر سەری دەکەوێتو بەسەختی بریندار دەبێت. لە ١٩٩٦/٨/١٠ بەهۆی کاریگەری ئەو فیشەکەوە گیان لەدەست دەداتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٦/٨/١٦ لە بنکەی گومرگی سەیرانبەن بووم. واجبمان لەوێ بوو. کاك عاسی مام ئادەم لێرسراوی بنکە بوو، لەگەڵ کاك شاخەوانی ڕەوف بەگو کاك لوقمانی حاجی عەلی شاناخسیو کاك هیوا خاوێیو کاك سەلام باڵابەرز پێکەوە بوین. شەوانە لەگەڵ کاك عاسیو کاك شاخەوان لەدووری ٥٠٠ مەتری بنکەکەوە لەناو دارستانەکانی سەیران بەندا بەرووی گوندەکانی وێنەو دارۆخاندا کەمینمان دادەنا، چونکە پێش ئێمە مەفرەزەیەکی پارتی لەنزیك بنکەی سەیرانبەن تەقەیان لە فەرمانبەرانی گومرگ کردو کەسێکیان کوشتو چەند کەسی تریش بریندار بوون. ئێمەش هەرکات هەواڵ بهاتایە کە چەکدار بینراوە، بۆسەمان لە چواردەوری بنکەکە دادەنا.

١٩٩٦/٨/١٧ لەبنکەی گومرگی سەیران بەن بووم، لە ڕادیۆوە گوێمان لە هەواڵەکان دەگرت، کە یەکێتی ناوچەکانی سیدەکانو چۆمانی کۆنترۆڵ کردووەو پارتی لە ناوچەکە دوور خستووەتەوە.

١٩٩٦/٨/٢١ تەلەفزیۆنی مەد بۆ ماوەیەك داخرابوو، دەستی بەپەخش کردەوە، لەگەڵ نوری خەیاڵ لە مەرزەکەی سەیرانبەن لە چاخانەیەك کە سەتەلایتیان هەبوو، تەماشای هەواڵەکانمان دەکرد.

١٩٩٦/٨/٢١ شێخ بابەعەلی کوڕی شێخ مەحمودی مەلیك کۆچی دواییکرد.

١٩٩٦/٨/٣٠ لە بنکەی گومرگی سلێمانی، عەربەت بووم لەسەیرانبەنەوە نقلّ کرام بۆ ئەوێ.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بەهێز دەرکراوم دەبێ بە هێز بگەڕێمەوە

١٩٩٦/٨/٣١ پارتی بە هاوکاری حکومەتی بەعس هەولێری گرتەوە. ئەم ڕۆژە لای پارتییەکان بە ڕۆژێکی گرنگو دەستکەوتی مێژووی وەسف دەکرێتو لای یەکێتییەکانو بەشێکی تری دانیشتوانی هەرێمو گەلی کورد لە هەرچوار پارچەکە بە خیانەتو سەرشۆڕیو جاشایەتی بۆ دوژمن وەسف دەکرێت.

وە بەبڕوای ئەو کەسانەش کە بێلایەننو هەستی ئایینیو نەتەوەییان تەریبەو ناکەونە ژێر کاریگەری هیچ لایەنێك، بەبۆچونی ئەوان هاتنەوەی پارتی بۆ هەولێر هەرچەندە بە شێوەیەکی دوژنکارانەو پەنا بردن

بووه بۆ حزبی بەعس بەڵام لەدوو توێی ئەو شەڕەدا خێرێك بەدی دەکرێت، ئەویش بەرتەسك کردنەوەی هەیمەنەی شیعەیە لە ناوچەکەدا. ئەگەر ئێستا یەکێتی باڵادەستی هەولێر بوایە ئەوا دەیان حوسەینییە هاوشێوەی ئەوەی سلێمانی لە هەلێر بنیات دەنراو ئەو شارە دەکرا بە لانکەی تەشەیوع.

ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی عیراقی عامر بەدر حەسون دەگێڕێتەوە: لەو چاوپێکەوتنەدا (پێش ٣١ی ئاب ساڵی ١٩٩٦) بە کاك مەسعودم وت لە ڕوی سیاسییەوە گەڕانەوەی بۆ هەولێر شیاوە. هەندێ پێشنیاری دۆستانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم بۆ گواستەوە کە تەنازولی زۆریان تیابوو، بەڵام بە ڕەهایی هەموی ڕەتکردەوە. کە داوای ڕونکردنەوەم لێکرد لەوە تێگەیشتم کە بەشێکی ئەم (عینادیە) پەیوەستە بە بەها خێڵەکییە باوەکانەوە: مادام بە هێز دەرکراوم، دەبێت بەهێزیش بگەڕێمەوە (ئەمە وەڵامی کاك مەسعود بوو دەربارەی گەڕانەوەی بۆ هەولێر).

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٦/٩/٣ ئەمریکا چەند موشەکێکی نا بە دامەزراوەکانی عێراقەوە، بەمەش لە سنوری سەوزدا خۆشحاڵییەك بەدی کرا, چونکە حکومەتی عێراق شاری هەولێری داگیرکردبوو.

١٩٩٦/٩/٧ پارتی بەهاوکاری تۆبخانەی ڕژێم لە دێگەڵە لەگەڵ یەکێتی بەشەڕ هاتن، پیشمەرگەیەکی زۆر لەوێدا کوژران، لە ناویاندا محەمەد ئەورەحمان خەڕات.

١٩٩٦/٩/٨ لە بازگەی سلێمانی بوین لەوێ واجبمان هەبوو، شەوەکەی هەرچی یەکێتی هەبوو بەرەو باشماخو سەیرانبەنو ناوچە سنورییەکان دەچوون. منو کاك محەمەدی عەبدوڵا شامراد بۆ بەیانی هاتینەوە بۆ هەڵەبجەی تازە، هێشتا خەڵکی یەکێتی لەناو شاردا مابوون.

١٩٩٦/٩/٩ کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی لە ناوچەکانی سلێمانیو قەڵاچوالانو شارەزوور، وەهەموو کەلوپولێکی بەکەڵکیان سوتاندو چەند شوێنێکیشیان تەقاندەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی پارتی. پەخشی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانیش وەستا.

١٩٩٦/٩/٩ پارتییەکانی هەڵەبجەی شەهید بەتەقەی خۆشییەوە خۆیان کرد بەناو هەڵەبجەی تازەدا.

١٩٩٦/٩/١٠ پارتی گەشتە شاری پێنجوێنو ئەوێشیان کۆنترۆڵ کرد. فایەقە ڕەشیان وەکوو پارێزگاری سلێمانی دەستنیشان کرد. هەرلەم ڕۆژەدا ڕژێمی بەعس لێبوردنی گشتی بۆ کورد دەرکردو گەمارۆی ئابوری لەسەر کوردستان هەڵگرت. نەوتو سوتەمەنی زۆر هەرزان بوو.

١٩٩٦/٩/٢١ کاك ئەمجەد حاجی خالیدو هاوەڵەکانی (ئەحمەد سۆیلەمیشیو فایەقی ڕابەو مامۆستا ستار کانی میلی) لە لایەن پارتییەوە گولەباران کران.

ئەمجەد حاجی خالید محەمەد حەسەن لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی بەشارەت لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە سیروان تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. چەندین جار دەگیرێتو دەخرێتە ژێر چاودێری. لە ساڵی ١٩٧٧ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو دەبێت بە پێشمەرگە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆربەی نەبەردییەکانی لە ناوچە جیاجیاکاندا کردووەو سێ جار بریندار بووە. دوا پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی فەرماندەیی سیروان بووە. لە ڕۆژی ١٩٩٦/٩/١٠ لەگەڵ چەند فەرماندەو پێشمەرگەیەکی تردا لە شەڕێکی قورسدا تەوق دەکرێنو بەدیل دەگیرێن, لە ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٢١ لەگەڵ شەهید ئەحمەد سۆیلەمیشیو فایەقی ڕابەو مامۆستا ستار کانی میلیدا گولەباران دەکرێنو دەچنە کاروانی نەمرانەوە.



. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## هەڵۆکانی سۆیلەمیش

لێرەدا بەبۆنەی کوژرانی فەرماندە ئەحمەد سۆیلەمیشییەوە کورتەیەك لە باسی گوندەکەو شۆڕشگێڕەکانی دەهێنین کە برای بەڕێزم کەمال ئەحمەد لە والّی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك نوسیوێتی: سۆیلەمیش ئەکەوێتە سەر قەراغی چەمی تانجەرۆ، چەند جۆگەو ئاوێك چواردەوریان داوە، خەڵکی هەردوو گوندەکە لە تیرە جیاوازەکانی (عەشیرەتی گەڵاڵی)ن، سۆیلەمیش لەبەر ئەوەی لە تەختایی دەشتی شارەزووردایەو شوێنەکەیان دوورە جادە بووە هەروەها چەم ودارودەونێکی زۆری هەبووە، لەسەردەمی شۆڕشدا بەردەوام شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە.

سۆیلەمیشییەکان چەندین شەهیدیان بەخشیوە. تەنیا ناوی دوانیان دەهێنین (شەهید ئەحمەد سۆیلەمیشی) و(شەهید حسێن دەروێش) ئەمانە لە جوانخاسیو ئازایەتییدا ناوبانگیان هەیەو ئێستاش ناووشێوەیان لە بیرەوەری خەڵکی ناوچەکەدا ماوەتەوە. ئەمان بۆ ڕزگاری نیشتمان لەدەستی داگیرکەری بێگانەو، بۆ سەربەستی میلەتەکەیان ڕیگەی پێشمەرگایەتییان گرتە بەر بەڵام داخەکەم ئەمانیش وەك هەزاران قارەمانی تر بوون بە سووتەمەرۆی شەڕی نەگریسی ناوخۆ.

سۆیلەمیش لە سەر گردێکی بچووك ئاوەدانکراوەتەوە، شارەزوور ژمارەیەکی زۆر لەم گردانەی تیایە کە هەموویان شوێنەواری کۆنو پاشماوەی ژیانیانی کۆنیان تیێدا ئەبینرێ.

سۆیلەمیش وشەیەکی تورکییەو بە مانای (خۆشویستراو) دێت، ناوێکی جوانە!، سۆیلەمیش پێنج کیلۆمەتر دوورە لە ناوەڕاستی قەزای (سەید سادق)ەوە، ئەکەوێتە لای باشوورییەوە، سۆیلەمیشو

سەیسایەق بەرامبەر بەیەکن، بەسەر شاخی سەیسایەقەوە مەرقەدی پیاوچاکێك هەیە کە شارۆچکەکەی بەناوەوە ناونراوە. جاران لە شارەزوور لە زەماوەندو هەڵپەڕیندا، کوڕوکاڵ بە گۆرانی هەڵپەڕکێیان گەرم ئەکردو ئەیانوت:

بەو سەیسایەقە. بەو سۆیلەمیشە ... خەتای من نییە، خەتای ئەویشە

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گەردەلولی تۆڵە

**١٩٩٦/٩/٢٧** دوای سی پێنج ڕۆژ لە کشانەوەیان لە سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقو ڕووکردنە ناوچە سنورییەکانی ئێران، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە هاوکاری حکومەتی ئێران دژە هێرشێکی بۆ سەر موڵگەو بارەگاو ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەست پێکرد، بەناوی گەردەلولی تۆڵە. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی پاشەکشە بە پارتی بکاتو بیگێڕێتەوە بۆ شوێنەکانی پێش **٣١**ی ئاب، جگە لە شاری هەولێرو چەند شوێنێکی تری سەر بەو پارێزگایە، کە بەیەکجاری کەوتنە دەست پارتیو هەیمەنەی خۆی بەسەردا سەپاندن، یەکێتی سلێمانیو هەڵەبجەو گەرمیانو ناوچەی ڕاپەڕینی کۆنترۆڵ کردەوە.

**١٩٩٦/١٠/١٤** لەسنوری سەرتەکی بەمۆ نزیکەی **٣٥** پێشمەرگەی پارتی گولەباران کران، زۆربەیان لە عەشیرەتی شەمێرانی بوون. هەرلەم ڕۆژەدا یەکێتی کۆیەو دێگەڵەی کۆنترۆڵ کردەوە.

**١٩٩٦/١٠/١٤** مەحمود عەزیز ناسراو خولەی مامەعەزە فەرماندەی یەکێتی لە سەرتەك کوژرا.

**١٩٩٦/١٠/١٤** ئەحمەد حاجی مەحمود قاجری لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا.

**١٩٩٦/١٠/١٦** حەمە ئەمین برای حەمە شەمێرانی کە پارتی بوو لە ناحیەی سەنگاو لەگەڵ سی کەسدا لەلایەن یەکێتییەوە دیل کران.

**١٩٩٧/١٠/١٨** لە دژە هێرشێکدا پارتی شاری کۆیەی گرتەوەو بەرەو دوکان پێشڕەوی کرد.

**١٩٩٦/١٠/٢١** ئەمریکا ئەو کەسانەی کەلە ڕێکخراوی (هاد)دا بوونو ئارەزووی چون بۆ ئەمریکایان هەبوو، ڕەوانەی تورکیا کرد، تا لەوێوە بیاننێرێت بۆ ئەمریکا.

**١٩٩٦/١٠/٢٣** هێرش کرایەوە بۆ پارتی ئەم جارەیان پارتی بە تەواوی شکا.

**١٩٩٦/١٠/٢٣** مامۆستا جەمال حاجی محەمەد هەڵەبجەیی لە شەڕی گەردەلولی تۆڵەدا بە سەختی بریندار بوو.

**١٩٩٦/١٠/٢٤** کوژرانی مامۆستا عوسمان ئەحمەد ئاغا گلاڵی لە شەڕی ناوخۆدا، ناوبراو پێشمەرگەی پارتی بوو.

١٩٩٦/١٠/٢٤ بەهاوكاری ئەمریكا شەڕی پارتیو یەكێتی وەستا. وەستانی یەكجاری نەبوو بەڵام ئیتر بۆیان نەبوو هەڵبكوتنە سەر یەكتر، دەبێت هەرلایەك لەسنوری خۆیدا بوەستێت، دێگەڵە بوو بە سنوری نێوانیان.

١٩٩٦/١١/١ كەناڵی جەزیرەی قەتەری دامەزرا.

١٩٩٦/١١/٤ چلەی ماتەمینی گیرا بۆ كاك ئەمجەد حاجی خالیدو ئەحمەد سۆیلەمیشیو فایەقی ڕابەو مامۆستا ستار لەهەڵەبجەی تازە.

١٩٩٦/١١/٧ پەیوەندیمان كردەوە بەبنكەكانی گومرگەوە. ئێمە لەبازگەی سلێمانی عەربەت بووین.

١٩٩٦/١١/١٦ سوڵحی بنەماڵەی عەبدوڵا تاماسو بنەماڵەی شێخانی سۆڵە كرا لە هەڵەبجەی شەهید كە پێشتر كامیل كوڕی عەبدوڵا تاماسیان كوشتبوو.

١٩٩٦/١٢/١ نقلّ كرام بۆ بازگەی گومرگی دۆڵەڕووت.

١٩٩٦/١٢/٤ مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەبیعی لە كوردستانی ئێران تیرۆر كرا.

١٩٩٦/١٢/٩ نەتەوە یەكگرتووەكان بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراكی بۆ عێراق پەسەند كرد. ئیتر لێرەوە سەرەتای هەرزانی دەستی پێكردەوە.

١٩٩٦/١٢/١٠ نەوتی عێراق لە توركیاوە هەناردەی بازاڕەكانی جیهان كرا، لەژێر چاودێری نەتەوە یەكگرتوەكاندا, كەبەشێك لە داهاتەكەی بۆ هەرێمی كوردستان بوو.

١٩٩٦/١٢/١٤ كوفی عەنان بوو بە سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان.

١٩٩٦/١٢/٢٦ لە هەڵەبجەی شەهید لە ئاهەنگێكدا فیشەك لەدەستی ڕەفیقی مامە عەزە دەرچوو برای حەمەی حەمە سەعید تەوێڵەیی كوشت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەكانی ساڵی ١٩٩٧

ساڵی ١٩٩٧ بەساڵی كرانەوەی دەرگای خۆشگوزەرانیو باش بوونی باری ئابووری خەڵكی هەرێم دادەنرێت. هەرچەندە هەموو دەرگاكان نەكرابوونەوە بەڵام فرۆشتنی نەوتی عێراقو كڕینی خواردەمەنی وەكوو ئاردو برنجو شەكرو ڕۆنو دەرمانو شیرو پێداویستی تر لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بوو بە هۆی بوژانەوەی هاوڵاتیانو كرانەوەی دەرگای ئومێدو خۆشی بۆ خەڵكی بەش مەینەتی ئەم هەرێمە.

لە لایەكی ترەوە بارودۆخی سیاسی كوردستان هێشتا لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدابوو، یەكێتی لەشەڕدا بوو لەگەڵ پارتیو نەگەیشتبوونە هیچ ڕێككەوتنێك، وە جەولەیەكی تری شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامیو یەكێتی لە بەهاری ئەم ساڵەدا هەڵگیرسایەوەو بوو بە هۆی كوژرانو برینداربوونی دەیان كەسو هەتیوكەوتنی سەدان مناڵی بێ تاوان.

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٧:

١٩٩٧/١/٩ کۆچی دوایی شاعیری کورد حەسیب قەرەداغی.

١٩٩٧/١/١٤ لەم ڕۆژەدا ئەحسا کراین بۆ بایعی نەوت بەرامبەر بە خۆراك. وە هەرلەم ڕۆژەدا ئەحمەد سالح بەڕێوەبەری فەرمانگەی باجی سلێمانی کوژرا.

١٩٩٧/١/١٩ بەهۆی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتیو تورکیاو هەروەها پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ پارتیدا مام جەلال هەڕەشەی لە پەکەکە کرد، کە چەکیان دەکات.

١٩٩٧/١/٢٣ چوار پێشمەرگەی یەکێتی لە لایەن بزوتنەوەی ئیسلامییەوە لە هەڵەبجە ڕفێنرانو هەر ئەو ڕۆژە هەر چواریان کوشتن، یەکێك لەوان کوڕی حەمەی حاجی عەلی شەریف بەکراوایی بوو.

١٩٩٧/١/٢٧ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسول لە سلێمانی دەست بەکار بویەوە.

١٩٩٧/١/٢٩ سیروان نەورۆڵی برای میرزا حەسەنی خێڵی حەمە لە هەولێر تیرۆر کرا. ناوبراو کەسایەتی دیاری ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور بوو، لە خولی یەکەمی پەرلەماندا لەسەر لیستی یەکێتی ئەندامی پەرلەمان بوو.

١٩٩٧/١/٢٩ شێخ مەولانا کوڕی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی برای حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدین لە وڵاتی ئێران کۆچی دواییکرد.

١٩٩٧/١/٣١ کۆچی دوایی حەزرەتی شێخ عوسمانی بیارە خوا دەرەجەی عالی بکات لە تەمەنی ١٠١ ساڵیدا لە وڵاتی تورکیا.

حەزرەتی شێخ عوسمان لەگەڵ هەردوو باوام تێکەڵاویو هاوڕێیەتی هەبوو بە تایبەت لەگەڵ ماڵی باوا عوسمانم لە تەپی سەفا، هاتوچۆی کردوونو ڕاووشکاریان پێکەوە کردووە, چەندین یادەوەری ئەو زەمەنە لەلای خاڵم مامۆستا مەلا تایەر هەیەو تەپوتۆزی زەمانە خەریکە دایان دەپۆشێت، یەکێ لەو یادەوەرییانە: "لە ساڵی ١٩٤٧ ماڵەکانی تەپی سەفا لەم بەری جۆگەی شێخ موسیو گردی گۆییەکانیش لەو بەری جۆگەکەوە بوون. هەردولامان دەوارمان هەڵدابوو، فەقێ بووم لەگەڵ مامۆستا مەلا سەید مەحمود لەسەر جۆگەی تەوێڵەجۆوە دەهاتینەوە بۆ ئاوەدانی، لەلای چاڵەڕەش تەماشامان کرد ماسییەکی گەورە لەئاوەکەدا بەرەو خوار دێت، ئاوەکە ئەوەندە زۆربوو پیاو لەکاتی پەڕینەوەدا لێی دەترسا، هەتا گوندی شەکرالی قاڵبە مەرەزەی لەبەردا دەکرا. هیچم پێ نەبوو ڕاوی ماسییەکەی پێ بکەم تەنها ئەوە نەبێ پەلاماری بەردێکی گەورەم داو کاتێ گەیشتە تەنکایی ئاوەکە هاویشتم بۆی، چونکە خوای گەورە ویستی لەسەر بوو ئەو ئێوارەیە ڕزقی ئێمەو وەلییەو وەلییە گەورەکانی خوای گەروە بدات کە حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدین بوو، بەردەکە بەر سەری ماسییەکە کەوتو گێژی کرد، بەوەش خۆی

هەڵگەڕاندەوەو کەوتە سەر ئاوەکە، خێرا خۆم خستە ناوەکەبۆیو هێنامە دەرەوە، ماسیم دا بەکۆڵماو لەگەڵ مامۆستا سەید مەحمود هاتینەوە بەرەو ئاوەدانی. لەڕێگا گەیشتین بە حەزرەتی شێخ عوسمان ئەهات بۆ لای باوکم، فەرموی بەهـ بەهـ لەم لوقمە حەڵاڵە ڕاوت کردووە. ئەو ئێوارەیە ماڵی خۆمانو میوان ماڵی مامۆستا سەید مەحمودو چەند کەسیتر لەو ڕزقە حەڵاڵەی خواردووە، کە بەدەستی پورە ڕەعنام چاك کرابوو".

یەکێکیتر لەو یادەوەرییانە: کاتێ دەوڵەتی ئیسرائیل دروست کرا، جولەکەکانی عێراق ناچاری کۆچ کران بەرەو خاکی داگیرکراوی فەلەستین. لە عێراقدا نزیکەی سەدو پەنجا هەزار جولەکە هەبوون، کە لە دێر زەمانەوە لە بابل دا ژیاون، کاتێ دەوڵەتی یەهود لەسەر ئەو خاکە داگیرکراوە دروست کرا، بەفێڵ ناچاری ئەوە کران لە عێراق کۆچ بکەن بۆ فەلەستین، کە زۆربەیان ئەو کۆچەیان بە دڵخوازی خۆیان نەکردووەو حەزیان کردووە لە عێراقدا بمرن. دەوترێت عێراق دەستی گرتووە بەسەر موڵكوماڵیانداو ڕەگەزنامەی عێراقی لێ وەرگرتوونەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا سیخوڕە یەهودییەکان هەستاون بە تێکدانی پەرستگاکانیانو توندوتیژی لە دژی ڕەمزە زیندووەکانیان، بەم شێوەیە ترساونو دەستیان کردووە بە کۆچ کردن. جولەکەکان لە چەند شارو ناوچەیەکی عێراقدا نیشتەجێ بوون لەوانە بەغداو موسڵو بەسرەو سلێمانیو حلەو عەمارەو دیوانیەو هەولێرو هەڵەبجە. لە هەڵەبجە گەڕێك بە ناوی ئەوانەوە بوو پێیان دەوت گەڕەکی جولەکان، خەڵکەکەی هەموو کاسبو دەست ڕەنگین بوونو جۆرەها پیشەیان زانیوەو هەمیشە ساماندار بوون. باوەڵیان پڕ دەکرد لە وردەو والاو بەلادێکاندا دەگەڕانو دەچونە ماڵی کوێخای دێ، لەوێ باوەڵەکەیان دادەناو خورجێکیان پڕ دەکرد لە کەرەستەی پێویستو بەناوی ئەو گوندەدا شتومەکەکەیان دەفرۆشتو دەگەڕانەوە بۆ لای باوەڵەکەیان لە ماڵی کوێخا. ئەمەش بۆ ئەوەی شتومەکەکەیان پارێزراو بێتو کەس نەتوانێت بەزۆر لێیان وەربگرێت. دواتر دەچونە گوندێکی تر بەم شێوەیە بژێوی خۆیانو ماڵومناڵیان پەیدا کردووە. ساڵح ئەو پیاوە جولەکە سەر ڕاستە دەبێت کە لەماڵی باوا حاجی عوسمان دەبێت لە تەپی سەفاو ئیشو کاریان بۆ دەکات، ئەو کەسێك بووە زۆر باوەڕی بە پەرستشەکانی یەهود نەبووەو پابەند نەبووە پێیەوە، مەگەر لەو کاتانەدا نەبێت کە ژنو مناڵەکانی نزیکی بووبن. لەو ساڵەدا کە جولەکەکان کۆچ دەکەن بۆ دەوڵەتی تازە دروستکراویان کەپێی دەوترێت دەوڵەتی ئیسرائیل. ساڵحیش داوای مۆڵەت لە ماڵی باوام دەکات کە دەیەوێت لەگەڵ خێزانو ماڵو مناڵو کەسوکاری کۆچ بکەن، لەو کاتەدا حەزرەتی شێخ عوسمانی نەقشبەندی لەماڵی باوام دەبێت. بەهەردوکیانەوە لەگەڵ باوام داوا لە ساڵح دەکەن موسڵمان ببێتو واز لەو کۆچکردنە بهێنێت. حەزرەتی شێخ دەفەرموێت من ئامادەم ماینە ڕەش کوێتی خۆم کە هەڵبژاردەی ماینەکانە لە ناوچەکەدا بەزینەکەی خۆیەوە بدەم بە ساڵح بەو مەرجەی باوەڕ بە ئاینی ئیسلام بهێنێت، ساڵح بڕوا ناهێنێت، دواتر دەفەرموێت

ئەوا با ئەم تفەنگە بڕنەوە وەسەتەی لەگەڵدا بێت، باواشم دەفەرموێت، ئەوا منیش پەنجا دۆنم زەوی لە موڵکی خۆم کە تاپۆی عوسمانی هەیە دەکەم بە ناویەوە. ساڵح دەڵێت بەخوا ئەزانم ئێوە بەڵێنی خۆتان دەبەنە سەر، بەڵام ژنو منداڵەکانم لێم جیا دەبنەوەو موسڵمان نابن! حەزرەتی شێخ دەفەرموێت: بەڵێن بێت لەگەڵ عوسمان لەم شارەزوورەدا کچی کێت بەدڵ بێت بۆت دەهێنین بەو مەرجەی لەگەڵیان نەڕۆیتو موسڵمان ببیت. ساڵح قەناعەت ناکاتو دڵی نایەت لە گەڵ ژنو منداڵەکانی جیا ببێتەوەو کۆچ دەکات بەرەو فەلەستین. (سەرچاوە: مامۆستا مەلا تایەر حاجی عوسمان یاروەیسی).

بە ڕاستی ساڵح قازانجی نەکرد، موسڵمان بوون نیعمەتەو بەختەوەری دنیاو قیامەتە، لەوانەیە بوترێت، ئەی ئەوە نییە ساڵح هاوڵاتی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییەو ئێستا نەخۆیو نە منداڵو نەوەکانی لە هیچیان کەم نییەو بە ئاسودەیی دەژین. لەوانەیە ئەمە بوترێت بەبێ ئەوەی گرنگی بەوە بدرێت کە بردنەوەو دۆڕاندنی دەعوای پاشەڕۆژ کە لێپرسینەوەو سزاو پاداشتی لە شوێنە بەکوێ دەگات. ئایا مرۆڤ هەر بۆ دنیا دروست کراوە تا هەموو خەمو خەفەتێکی هەر بۆ ئەوە بێت چۆن بژیو چۆن بخواتو چۆن دەوڵەمەند بێت؟ یان دەبێت ئاوڕ بەلای پەیامی پەروەردگاردا بداتەوەو گوێ بۆ فەرمانەکانی ڕابگرێت، بەمەش بلیتی گەشتی قیامەت بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٧/٢/٥ کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد عایشە شان.

١٩٩٧/٢/٨ یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو، چوین بۆ سلێمانی بۆ نۆجەژنی کاك ئەحمەد.

١٩٩٧/٣/٣ کۆچی دوایی مێژوو نوس مامۆستا ئەحمەد خواجا.

١٩٩٧/٣/٧ ئەم ڕۆژە دا لە گوندی تەپی سەفا بووم بەفرێکی زۆر باری ناوچەکە سپی بوو.

١٩٩٧/٣/١٨ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا سەید نەجمەدین تەها لە هەڵەبجە.

١٩٩٧/٤/٣ کۆچی دوایی هونەرمەندی گۆرانی بێژ ئەحمەدی خولە سنەیی (شەماڵ).

١٩٩٧/٤/٨ شەڕی بزوتنەوەو یەکێتی هەڵگیرسایەوە. لە ساڵانی هەشتاکاندا زۆر جار لەناو بازاڕی شاردا یەکێ لە ئەندامانی ڕێکخستن، یان پێشمەرگەیەکی ئیختیفاپێکراو تەقەی لە ئەمنێك یان ئەفسەرێکی ڕژێم دەکرد، لەئەنجامدا یان دەکوژرا یان بریندار دەبوو. دوای ئەوە پیاوانی ڕژێم دەکەوتنە بازاڕ، هەر لاوێکیان بەردەست کەوتایە دەستگیریان دەکردو بێ سەروشوێنیان دەکرد. بەو بەزمو هەرایەیان دەوت قڵیشانەوە. یەکێتیو بزوتنەوەی ئیسلامیش چەند جارێك ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوەو سەنگەریان لەیەکدی دەگرت. ئەو شەڕانە جگە لە شەهید بوونو گرفتاربوونی دەیان کەس هیچ ئامانجێکی نەبوو. سەروەتو سامانی ماددیو مرۆیی بە هەدەر دەڕۆشت، ناوچەکە گرژیو ئالۆزیو دوژمنایەتی لێ دەکەوتەوە. هێزێکی یەکێتی لە ناحیەی سیروان لە بینای مەرکەزی پۆلیسدا بارەگایان دانابوو، چەند

کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکەش سەرپەرشتی ئەو هێزەیان دەکرد، لەوانە شەهید تایەرە بچکۆل، عاسی محەمەد عەلی، خوالێخۆش بوو مەحمود ئەحمەد خوارەحمو شەهید حەسەنی حاجی تایەرو شەهید ئەحمەدی عەلی ئەمینو خوالێخۆشبوو ئەحمەدی حەمە سەعیدو مام ئەنوەر. هێزێکی بزوتنەوەش بە ناوی (هێزی لێدان) لەمان ناحیەدا بوون، زۆربەیان لەکەسانی هەرزەکارو توندڕەو پێکهاتبوون، ڕۆژانە لەبازاڕو کوچەو کۆلانەکاندا لێك دەگیرانو گرژیو ئالۆزی دروست دەبوو، لەهەر ساتێکدا ئەگەری پێکدادان هەبوو.

ماوەیەك پێش ئەو شەڕە، هەریەکە لە شەهیدان تایەرە بچکۆلو ئەحمەدی عەلی ئەمین لە هێزەکەی یەکێتی کەناریان گرتبوو، لەماڵەوە دانیشتبوون، لە ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٨ هەردوو ناوبراو لەگەڵ ئەحمەد عەبدولکەریم دەچنە سەر دەریاچەی دەربەندیخانو دەیانەوێت ئەو ڕۆژە لەوێ کات ببەنە سەر، هەر ئەو ڕۆژە مەفرەزەیەکی بزوتنەوەی ئیسلامی دەچنە سەریانو دەستگیریان دەکەن. پاش چوار ڕۆژ لە ون بوونیان تەرمەکانیان لە دوو جێگای جیاواز بە گولەبارانکراوی دەدۆزنەوە، کە ئەمەش دوور بوو لە بەهایەکی مرۆڤانە، بەتایبەت بۆ هێزێك کە ناوی پیرۆزی ئیسلامی لە خۆی نابوو، چونکە ئەوان لەشەڕدا بەدیل نەگیرابوون، بەڵکو چووبوونە سەریان. وە ١٩٩٧/٤/٨ حەسەنی حاجی تایەر لە لایەن بزوتنەوەی ئیسلامییەوە لە سیروان بە برینداری کوژرا. وە تایەرە بچکۆلو ئەحمەدی کاك عەلی ئەمین لەلایەن بزوتنەوە لەسەر دەریاچەی دەربەندیخان بە دیل گیران. دواتر لە ١٩٩٧/٤/١١ تایەرە بچکۆلیان سپارد بە خاك کە بزوتنەوەی ئیسلامی بە دیلیو بە زوڵمو ناحەقو بەشێوەیەکی وەحشیانە گولەبارانیان کردبوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٧/٤/١٣ کەسێك لە گەڕەکی بیارەییەکانی هەڵەبجەی تازە لە کاتی کردنەوەی محاویلەی کارەبادا تەزووی کارەبا گرتبوی، وە هەر بە سەر محاویلەکەوە گیانی لەدەست دابوو، وە ڕەق بوو بوو، وەکوو تەختەی لێهاتبوو. یەك شەو ڕۆژ بەسەر محاویلەکەوە مابوویەوە. پاشان مەحمود سەنگاوی هات بۆ شوێنەکە، کارەبایان کوژاندەوەو دایان گرت.


١٩٩٧/٤/١٤ گۆڕینەوەی دیلەکانی پارتیو یەکێتی لە دێگەڵەو کۆیە.

١٩٩٧/٤/١٥ لە مەراسیمی حەجو لە مینادا لە کاتی تەقینەوەی غازدا ٣٥٠ حاجی گیانیان لەدەست داو ١٣٠٠ حاجی تر بریندار بوون. کە زۆربەیان هیندیو پاکستانیو بەنگالی بوون.

١٩٩٧/٤/٢٢ بۆ یەکەم جار لۆرییە ئاردی بایعی هات بۆ هەڵەبجەی تازە. هاتنی ئاردی بایعی نرخی گەنمی لە بازاڕەکانی هەرێمدا شکاند.

١٩٩٧/٤/٢٦ لە شەڕی یەکێتیو بزوتنەوە دا سەرداری ڕیشەو ئەوڕەحیم شەمێرانی کوژران.

**١٩٩٧/٤/٢٧** محەمەد حەمە ئەمین ساڵح تەپی سەفایی ناسراو بە حەمە سیاسی لەشەڕێکی سەختدا لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی لەملەی دارێی ناوچەی نەورۆڵی گیانی بەختکرد.



محەمەد حەمە ئەمین ساڵح تەپی سەفایی ناسراو بە حەمە سیاسی لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی تەپی سەفای شارەزوور چاوی بەژیان هەڵهێناوە. ئاستی خوێندەواری ئامادەیی پیشەسازی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوەو پلەی کادیری پێ دەبەخشرێت. لە ساڵی ١٩٨٢ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو وەك کادیری کەرتی چواری تیپی ١١ی هەورامان دەست بەکار دەبێت. لە ساڵی ١٩٨٧ دەبێت بە بەرپرسی ڕێکخستنی تیپی ١١ی هەورامان. شەهید محەمەد بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی کردووەو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ی کردووە. لە ساڵی ١٩٩٣ دەکرێت بە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەڵەبجەی شەهید بە پلەی نەقیب. ساڵی ١٩٩٤ دەبێت بە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی ٩ی شارەزوور. ساڵی ١٩٩٥ دەبێت بە جێگری هەواڵگری پارێزگای سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٦ دەبێت بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ١١ی گەرمیان. لە ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٢٧ لەشەڕێکی سەختدا لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەملەی دارێی ناوچەی نەورۆڵی گیانی بەختکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**١٩٩٧/٥/١** یەکێتی نیشتمانیو بزوتنەوەی ئیسلامی پەیمانی ئاشتییان لە شاری تاران مۆر کرد.

**١٩٩٧/٥/١٠** زەمین لەرزەیەك دای لە ناوچەی خۆراسانی ئێران ٢٥٠٠ کەس کوژرانو ٤٠٠٠ کەسیتر بریندار بوون.

**١٩٩٧/٥/١٦** لە شاری هەولێر دەست گیرا بەسەر بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی باکوردا.

**١٩٩٧/٥/١٨** بارەگاکانی یەکێتی برانەوە هەڵەبجە.

**١٩٩٧/٥/٢٥** محەمەد خاتەمی بوو بە سەرۆککۆماری ئێران.

**١٩٩٧/٥/٢٩** بۆ یەکەم جار ڕۆنی بایعی نەوت بەرامبەر بە خۆراك هات بۆ هەڵەبجەی تازە.

**١٩٩٧/٥/٣٠** برنجو سابونو فاسۆلیاو نیسكو نۆكو خوێ هات بۆ بایعەکان.

**١٩٩٧/٦/٢** کوڕی فایەق مام سادق سیروانی لە تانجەرۆ کوژرا بەهۆی دەرچونی فیشەك لە نوزڵەوە.

**١٩٩٧/٦/١٨** دوای ئەوەی نەجمەدین ئەربەکان لادرا، تانسۆ چیلەر بوو بە سەرۆك وەزیرانی تورکیا.

**١٩٩٧/٧/٧** بێرون عومەر حاجی فەتاح بوو بە قایمقامی قەزای شارەزوور.

## شەكرو چا دابەش كرا

١٩٩٧/٧/١٦ شەكرو چا بۆ يەكەم جار هات بۆ بريكارەكانی خۆراك (بايعەكان).

حكومەتی عێراق پەيڕەوی لە سستەمی پسولّەی خۆراك دەكرد، كە سەرۆكی هەر خێزانێك لە هەموو ناوچەكانی عێراق دا لە باكورەوە بۆ باشورو لە ڕۆژهەلاّتەوە بۆ ڕۆژئاوا، بڕە خۆراكێكی مانگانە هەر لە ئاردو برنجو شەكرو ڕۆنو چاو سابونو پاقلەمەنييەكانو شيری وشكو شيری منالّی لە ڕێگای ٤٠٠٠ بايعەوە بۆ دابين دەكرا. وەزارەتی بازرگانی خاوەنی ٣٦ سايلۆ بوو بۆ زەخيرەكردنی ئەو خواردەمەنييانە كە بە ٣٠٠٠ ئۆتۆمبێلی بارهەلّگر دابەشی دەكردن بەسەر هەمبارەكانی خۆراك لە شارەكاندا.

١٩٩٧/٧/٢٢ يەكەم ڕۆژی دەوام كردنم بە تەنسيب لە شارەوانی پێشەوا (شارەزوور).

١٩٩٧/٧/٢٧ شاعيری عێراقیو دۆستی كورد محەمەد مەهدی جەواهێری كۆچی دواييكرد.

١٩٩٧/٨/٩ كۆچی دوايی عومەری حاجی هۆسمان لە گوندی بێسەلّمێن بەهۆی شەڕو هەراوە لەگەلّ بنەمالّەيەكی تردا.

١٩٩٧/٩/٢٠ كوژرانی قادر حاجی مەلا حەسەن نەورۆلّی لەشەڕی پەكەكەدا.

١٩٩٧/١٠/٢٣ برای حەمە كەريم تەرخانی لە حاجی ئۆمەران لە شەڕدا كوژرا.

١٩٩٧/١٠/٣٠ كوژرانی فازيل شيرەمەڕی لە بەنی هەرير لە شەڕی پارتی دا.

١٩٩٧/١١/٢ ئەمڕۆ ٨٠ سالّ تێپەڕی بەسەر دەرچونی پەيمانی بەلفۆردا، كە ئامانج لێی دروستكردنی دەولّەتێكی يەهودی بوو لەسەر خاكی فەلەستين.

پەيمانی بەلفۆر Balfour Declaration بەناوی وەزيری دەرەوەی بەريتانيا ئارسەر جيمس بەلفۆر، بۆ دروست كردنی دەولّەتێك بۆ جولەكەكان لەسەر خاكی فەلەستين. كاتێ ئەم بەلّێنو پەيمانە درا ژمارەی يەهودييەكانی فەلەستين ٥٪ بوون. وە دوای چەند ڕۆژێك خاكی فەلەستين لەلايەن بەريتانياوە داگيركرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## كۆتا پاسەوانی ئەقسا

نوسەری توركی سالّح كۆلّن لە وتارێكيدا بۆ گۆڤاری حيرا لەسەر زاری ڕۆژنامەنوسێكی توركەوە كە لە سالّی ١٩٧٢ سەردانی خاكی داگيركراوی فەلەستينی كردووە، باس لەو سەربازە عوسمانييە دەكات كە كەتيبەكەيان دوای داگيركردنی قودس لەلايەن بەريتانياوە، مزگەوتی ئەقسايان جێ نەهێشتووەو پارێزگارييان لێ كردووە. ئەم سەربازە كە ناوی عەريف حەسەن بووە، تا كۆتايی تەمەنی وەكوو دوا پاسەوانی عوسمانی بۆ ساتێكيش مزگەوتی پيرۆزی ئەقسای بيرنەچووەو بە زستان لەبەر سەرماو بەستەلّەكو بەهاوين لەبەردەم گەرمای بەتينی ڕۆژدا ئێشكی يەكەم قيبلەی موسلّمانانی گرتووە.

"بەڵێ هەر لێرەدا بوو بینیم. . چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك. محەمەدی کوڕەزای تەماشایەکی کردو پاشان بەسەرسوڕمانەوە تەماشای قوبەی مزگەوتەکەی کرد، هیچ تێنەگەیشت. باپیرەی دەگریاو فرمێسك بە چاوەکانیداو بەسەر ڕیشە سپییەکەیدا دەهاتنە خوارەوەوە. بەدەست ئاماژەی بۆ ئەو شوێنە کرد.



محەمەد زۆر بە پاکێتی پرسیاری لە باوای کرد؟

چی بووە بابەگەورە؟ چی ڕویداوە؟

باپیرەی هیچی نەبیست، لە خەیاڵی ڕابووردوودا نقوم بووبوو. محەمەد کەمێك وەستاو پاشان دەستی باپیری ڕاوەشاندو وتی: باپیرە تۆ باشی! چیتە؟ بۆچی لەپڕ گۆڕایت؟

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، کە هێشتا چاوی لەسەر قوبەکە بوو، پاشان لای کردەوە بۆ لای محەمەدو بزەیەکی بۆ کرد، بەڵام فرمێسك ڕێگای نەداو جارێکیتر ڕۆشتەوە بۆ ڕابوردوو.

کوڕەکەم ئەم قوبەیە منی گێڕایەوە بۆ پێش ٣٥ ساڵ لەمەوبەر.

کوڕەزاکەی هیچ لە باپیرەی تێ نەگەیشت. پیرەپیاو فرمێسکەکانی سڕی: بەڵێ. . ساڵانێکی دوورو درێژ وەکوو چاوتروکاندێك تێپەڕی!

کوڕەزاکەی ویستی لە مەبەستی باپیرەی بگات.

باپیرە مەبەستت لە کام ساڵانەیە؟

باپیرە خۆی دا بەسەر دارەکەی دەستیدا، پاشان لەبەرامبەر قوبەی مزگەوتی ئەقسا دانیشتو بە دڵێکی خەمبارەوە وتی: پێش سیو دوو ساڵو لە ساڵی ١٩٧٢ دا من ئەو کاتە ڕۆژنامەنوسێکی لاو بووم، ئەو کاتە باوکت لە تەمەنی ئێستای تۆدابوو نزیکەی سیازدە ساڵ دەبوو. لەو ساڵەدا هەندێ لە سیاسەتمەدارانو پیاوانی خاوەن سەرمایەو بازرگان، هەستان بە سەردانی زەویە پیرۆزە داگیرکراوەکان. ئێمەش وەکوو ڕۆژنامەنوس دەبوایە چاودێری ئەو ڕووداوو گۆڕانکارییانەمان بکردایە بوین بە یاوەری ئەو شاندە. باوکتو مامتو داپیرەتم لای باوکم بەجێ هێشت، باوکم بە ڕەحمەت بێت هەموو کات ئەیوت: ئەم کوڕەی من تا ئێستا کارێکی باشی نەدۆزیوەتەوە. خۆیو خێزانەکەی دەخاتە مەینەتو ناڕەحەتییەوە. ئەو سەردانە چوار ڕۆژی دەخایاند، لە ئێوارەیەکی گەرمی مانگی ئایاردا گەیشتینە شاری قودس. پەیوەندییە فەرمییەکان دەستی پێکرد. لە ڕۆژی چوارەمی سەردانەکەماندا گەشتێکیان بۆ شوێنە مێژووییو گەشتیارییەکان بۆ ڕێکخستین. من زۆر تامەزرۆی بینینی مزگەوتی قودس بووم. دنیا زۆر گەرم بوو لەشم

بوو به عارەق، گەشتینە مزگەوتی ئەقسا، زۆر شڵەژابووم تەنانەت کاتێ ویستم وێنە بگرم دەستم دەلەرزی. بە پلەکاندا سەرکەوتین گەشتینە گۆڕەپانێك کە بە گۆڕەپانی دوازدە هەزار مۆم ناسرابوو. چونکە سوڵتان سەلیمی یەکەم سوڵتانی عوسمانی کاتێ قودسی ڕزگارکرد لەم گۆڕەپانەدا دوازدە هەزار مۆمی داگیرساند، سوپای عوسمانی لەپاڵ ڕۆشنایی ئەو مۆمانەدا نوێژی عیشایان کرد.

کوڕەزاکەی قسەکەی پێ بڕیو بە پەرۆشی پێی وت: باپیرە مامۆستاکانمان باسی ئەوەیان بۆ کردین کە دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٥١٦ دا قودسیان فەتح کردووە.

بەڵێ کوڕم ئەوە زۆر ڕاستە.

باپیرە دواتر چی ڕویداو چیتان بینی لە مزگەوتەکە؟

باپیرە بە خەمبارییەوە کەوتە تەواوکردنی قسەکانی: دواتر پیاوێك لە گۆشەیەك لە گۆشەکانی



گۆڕەپانەکەدا سەرنجی ڕاکێشام، پیاوێك لە نەوەدەکانی تەمەنیدا بوو، پانتۆڵێکی سەربازی پینە پیناوی لەبەردابوو، زۆرێك لە پینەکان جارێکیتر پینە کرابوونەوە. هەروەها کڵاوێکی لەسەردابوو، زۆر بە ویقارو شەهامەتەوە وەستابوو، بەبینینی تاسام.

باپیرە ئەو پیاوە کێ بوو؟

منیش هەروا کەوتمە ماخۆلانی ئەوەی بزانم ئەم پیاوە کێیە، بەخۆمم وت: بۆچی ئەم پیاوە لەبەر ئەم هەتاوە گەرمەدا وەستاوە؟ بە ڕێپیشاندەرەکەم وت: ئەم پیاوە کێیە؟ وتی: ئەوە من بیرم بێت سەردەمانێکی زۆرە ئەم پیاوە لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لەبەر ئەم هەتاوەدا وەکوو بت دەوەستێت، نە قسە لەگەڵ کەسدا دەکاتو نە وەڵامی کەسیش دەداتەوە، وەکوو شێت لە جێگای خۆیدا دەچەقێت. من ئەوەندەی تر حەزم بە ناسینی ئەم پیاوە کرد، کەبۆچی لەبەر ئەم هەتاوە گەرمەدا تا ئێوارە دەوەستێت، وەکوو خولیای ڕۆژنامەوانی کە حەز دەکات هەموو شتێك بزانێت وردە وردە لێی نزیك بوومەوە، جلو بەرگەکەی کۆن بوو ڕەنگی پێوە نەمابوو، بەڵام پاكو تەمیز بوو.

پابیرە دواتر چی ڕویدا؟

دوودڵ بووم لەوەی کە بیدوێنم یان وازی لێ بێنم، دواتر زۆر لێی نزیك بوومەوە، تێبینی کرد کەمن نیازێکم هەیە، هیچی نەوت. وتم مامە سڵاوت لێ بێت، کەمێ ڕووی وەرگێرا بەرەو منو بەنیگای چاوەکانی لێم وردبویەوە بەدەنگێکی کز وتی: سڵاو لە تۆش. کتوپڕ هەموو گیانم کرژ بوو، وتم خوایە گیان

خۆ ئەوە بە زاراوەی تورکی دەچێت! تۆ بڵێی ئەم پیاوە تورك بێت؟ بەڵام ئەی چی دەكات لێرە؟ چۆن گەیشتووەتە ئەم جێگا دوورە؟ بە خولیاوە پرسیارم لێ کرد: مامە تۆ کێیت؟ چی دەکەیت لێرە؟

بە دەنگێکی لەرزۆکی نزم وتی: من عەریف حەسەنم، فەرماندەی سریەی یازدەی ڕەشاش، کەتیبەی هەشت، تابوری سی‌و شەش لە فیرقەی بیستی سوپای عوسمانی.

یەکەم جار بەدەنگێکی لەرزۆك خۆی ناساند، بەڵام دواتر بە دەنگێکی بەرزتر لە پێشوو بۆ ئەوەی بونی خۆی بسەلمێنێت خۆی ناساندەوەو وتی: من عەریف حەسەنم، فەرماندەی سریەی یازدەی ڕەشاش، کەتیبەی هەشت، تابوری سی‌و شەش لە فیرقەی بیستی سوپای عوسمانی.

جارێکیتر حەپەسام، وتم تۆ عوسمانیت؟ بە شانازییەوە وتی: بەڵێ. وتم: چی دەکەیت لێرە؟ دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی کە هەتا کۆتایی ژیانم بیرم ناچێتەوە: لە بەرەی قەنات سوپای ئینگلیز هێرشی کردە سەر کەتیبەکەمان، سوپای گەورەی عوسمانی لەزۆر بەرەو شوێنەوە لە جەنگدا بوو، بەبۆنەی کەمی تەقەمەنی‌و کەلوپەلی سەربازیی پێویست ئینگلیز سەرکەوت بەسەرمانداو ناچاری پاشەکشە بوین. وڵاتی باوباپیرمان یەك لەدوای یەك دەکەوتە دەست دوژمن‌و داگیر دەکرا. کاتێ کە دوژمن قودسی داگیر کرد، یەکەکەی ئێمە وەکوو هێزی (پاسەوانی پاشەکشەی دواوەخت) ماینەوە.

مەبەستت لە پاسەوانی پاشەکشەی دواوەخت چییە؟

کاتی خۆی لە کۆندا کە وڵاتێك شارێکی داگیردەکرد، داوا لە وڵاتی دۆڕاو دەکرا کە پاسەوانی پاشەکشەی دواوەخت لەو شارە بەجێ بهێڵن بۆ ئەوەی خەڵکی دزی‌و ڕاو ڕوت نەکەن‌و نەچن بە گژ ئەو سوپایەداو دواتر ئەوانیش لەو جێگایە پاشەکشە بکەن. هەربۆیە دەوڵەتی عوسمانی پاسەوانی پاشەکشەی دواوەختی لە قودس بەجێ هێشت.

باپیرە دواتر چی ڕویدا؟

دواتر وتی: ئێمە ٣٥ کەس وەکوو پاسەوانی قودس ماینەوە تا ئەو کاتەی ئینگلیز دێتە ناو شارەکە، دوای ئەوە هەواڵی تەسریح بوونی سوپای عوسمانیمان پێ گەیشت، بەپێی ڕێکەوتننامەی مۆندرۆس. نەقیبەکەمان پێی وتین: شێرەکانم، دەوڵەتی عوسمانی لە تەنگژەیەکی گەورەدایە، سوپا مەزنەکەمان تەسریح دەبێت، لە ئەستەنبوڵەوە بانگ کراوم دەبێت فەرمانیان جێ بەجێ بکەم, کێ لەئێوە دەیەوێت بگەڕێتەوە لەگەڵمان با بگەڕێتەوە، بەڵام پێتان دەڵێم قودس سپاردەی سوڵتان سەلیم خانە لە گەردنماندا. نابێت واز لەو سپاردەیە بێنین‌و چۆڵی بکەین. ئامۆژگاریم بۆ ئێوە ئەوەیە لێرە بمێننەوەو پاسەوانی قودس بکەن، با خەڵك نەڵێن، بەجێیان هێشتین‌و پشتیان لێ هەڵکردین. ئەگەر ئێمە پشت هەڵکەین لە قودس کە یەکەم قیبلەی موسڵمانانە، ئەوا دەبێت بەسەرکەوتن بۆ دوژمنانمان، عیزەتی ئیسلام‌و کەرامەتی دەڵەتی عوسمانی مەخەنە ژێر پێتان.

یەکە سەربازییەکەمان لە قودس مایەوە، چونکە ڕازی نەبوین خەڵك بڵێن دەوڵەتی عوسمانی پشتی لێ هەڵکردین. ویستمان مزگەوتی ئەقسا دوای چوار سەدە فرمێسك لە چاوی نەیەتە خوارەوە. ویستمان پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت ئازار نەچێژێت. دوایی کات تێپەڕیو هاوڕێکانم یەك لە دوای یەك کۆچی ماڵئاواییان لە دنیا کرد. دوژمن نەیتوانی پێشمان پێ بگرێت، بەڵام مردن وەك قەدەری هەمومان کۆتاییمان پێ دەهێنێت. وە منیش وەکوو عەریف حەسەن هێشتا لەسەر ئەرکی خۆم بەردەوامموو پاسەوانی قودسی شەریفو مزگەوتی ئەقسا دەکەم.

دوای ئەوەی چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسكو تێکەڵاو بە عارەقی نێوچەوانی بوو کە دەڕژایە سەر ڕوومەتی. بەڵام لۆچەکانی دەموچاوی نەیاندەهێشت تەنها یەك دڵۆپ لەو فرمێسكو عارەقە بڕژێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی ئەوەش لەبەر ڕێزلێنان لە پاڵەوانێتیو خۆڕاگری ئەو بوو. دواتر نیگایەکی مەردانەی بۆ کردمو وتی: کوڕم داواکارییەکم لە جەنابت هەیە، ئەمانەتێکم لەلایە چەند ساڵە پاراستوومە، دەتوانیت بیگەیەنیت بە خاوەنەکەی؟ وەڵامم دایەوە: بەڵی بە دڵنیاییەوە مامە گیان، داواکاری تۆ فەرمانە. وتی: کوڕی خۆم کاتێ گەڕایتەوە ئەنادۆڵ بڕۆ بۆ گوندی (سنجەق تۆکات) لەوێ فەرماندەکەم نەقیب مستەفای لێیە، کە منی وەکوو پاسەوان لێرە داناوەو مزگەوتی ئەقسای بە ئەمانەت لە ئەستۆ گرتووم. لەبری من هەردوو دەستی ماچ بکەو پێی بڵێ: گەورەم عەریف حەسەن ئەغدیرلی فەرماندەی سریەی یازدەی ڕەشاش، پاسەوانی مزگەوتی ئەقسا، بەردەوامە لەسەر ئەرکو کاری خۆیو بۆ یەك ساتیش شوێنەکەی چۆڵ نەکردووەو نەیسپاردووە بە کەس. داوای دوعای خێرتان لێ دەکات.

وتم: مامە فەرمانت لەسەر چاوانم بەخۆشحاڵییەوە سڵاوت دەگەیەنم. کاتێ ئەوەم نوسی فرمێسکی چاوەکانم دەسڕی. دواتر پرسیاری شارەکەمی کرد؟ وتم لە شاری ئەستەنبوڵم، خەندە کەوتە سەر لێوانیو دەموچاوی ڕوون بویەوە وتی: ئەستەنبوڵ، لانەی بەختەوەری، تۆ لەوێوە هاتویت. ئەی دەنگ وباسی دەوڵەتی عوسمانی چۆنە؟

بێ دەنگ بووم نەمتوانی پێی بڵێم ئەو دەوڵەتە مەزنە هەرەسی هێناوەو تەنها پارچەیەکی بچکۆلەی ماوە پێی دەڵێن تورکیا.

نەمتوانی پێی بڵێم کە ئینگلیزو فەرەنگو ڕۆمو ئەرمەن چییان بەسەر هێناوین، نەمتوانی پێی بڵێم ئێمە وەکوو ئێوە نەمانتوانی خۆڕاگر بین بەرامبەر بە دوژمنەکانمان. نەمتوانی پێی بڵێم ئەوانەی دوێنێ ڕەوشتو زانستیان لێ وەردەگرتین، ئەمڕۆ ئەوان فێرمان دەکەن. هەر ئەوەندەم وت: دەوڵەتەکەمان باشە، شکور باشە.

مامە پیرە وتی: باشە ئەگەر دەوڵەتەکەمان باشە بۆچی نایەن ئێرە ڕزگار بکەن لەدەست ئەم بێ باوەڕانە؟

نەمزانی چی بڵێم! هەر ئەوەندەم وت: إن شاء الله ڕۆژێك دەگەڕێتەوە. دواتر دەستە زبرەکانیم ماچ کرد وپێم وت: مامە حەسەن داوای مۆڵەتت لێ دەکەم، دەمەوێت بڕۆم، تکا دەکەم بێ بەشمان مەکە لە دوعاو نزاکانت، وە پارێزگاری خۆت بە، بە خوای گەروت ئەسپێرم. پێی وتم: خوات لێ ڕازی بێت کوڕی خۆم، سڵاوم بۆ خەڵکی ئەنادۆڵ هەیە، سڵاوم بۆ دەوڵەتی مەزن هەیە.

باپیرە دواتر چی ڕویدا؟

گەڕامەوە بۆ لای کاروانەکە بەڵام هێشتا تاسەی مامەپیرە بەری نەدابووم، وەکوو ئەوەی مێژووی باپیرانمان گەڕابێتەوەو بەرامبەرم وەستابێت. سەربازێکی دەوڵەتی مەزنی عوسمانی کە لە کرۆکی دڵمایە هێشتا بە ویقارەوە پاسەوانی قودس دەکات.

هەرچی عەریف حەسەن باسی کرد بۆ دەلیلەکەم گێڕایەوە وناونیشانەکەی خۆم پێداو پێم وت ئەبێ بەپێی توانات هەواڵی ئەم پیاوەم بۆ بنێریت.

دواتر چی ڕویدا باپیرە؟

پێویست بوو لەسەرم ئەو پەیمانەی پێم دابوو جێبەجێی بکەم، ڕۆشتم بۆ شاری (توکات) پاش ماندوو بونێکی زۆر توانیم ماڵی نەقیب مستەفا بدۆزمەوە. بەڵام بە داخەوە ساڵانێك بوو کۆچی دواییکردبوو، نەمتوانی بەڵێنەکەم جێ بەجێ بکەم.

چەند ساڵ دواتر، ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٨٢ کە من لەو کاتەدا لە ئاژانسی دەنگوباس کارم دەکرد، بروسکەیەکم لە قودسی پیرۆزەوە بۆ هات. لە دڵی خۆمدا وتم: تۆ بڵێی کێ بێت؟ کاتێ زانیم بروسکەی دەلیلەکەیە کە دەبوایە هەواڵی عەریف حەسەنم بۆ بنێرێت. بروسکەکە لە چەند وشەیەك پێکهاتبوو، کورتەکەی ئەمە بوو: (ئەمڕۆ کۆتا پاسەوانی مزگەوتی ئەقسا کۆچی دواییکرد)[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٧/١١/٨ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا مەحمودی عەنەب لە سلێمانی.

١٩٩٧/١١/٩ منو مامۆستا زاهید وکاك حەسەن هەسەن شەریفو کاك حامی ئامۆزامان چوین بۆلای مامە عاسی لە مجەمەعی شکارتە لەولای حاجیاوا. بۆ ئەوەی بزانین لەو شەڕانەدا چییان بەسەر هاتووە. وەکوو یەکێتی بۆ ماوەیەك لەو سنورەدا مابونەوەو فڕۆکەی تورکیو هێزی پارتی هێرشی کردبووە سەریان.

١٩٩٧/١١/١٠ دارا حاجی ئەحمەد مارف بێسەری پێشمەرگەی یەکێتی لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا.

---

١ صالح كولن، مجلة الحراء، العدد (٢٠)، ترجمة عن التركية: محمد ماهر قفص، ص٢٧. ترجمة إلى الكوردية: سەرحەد یونس محمد.

١٩٩٧/١١/١٠ یەکێتی پاشەکشەی لەو شوێنانە کرد کەلەم دوایانەدا دەستی بەسەردا گرتبوون.
١٩٩٧/١١/١٢ برایم مارف شەمێرانی لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا.
١٩٩٧/١١/١٢ موبارەك حاجی حامی خەڵکی دەربەندیخان لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا.
١٩٩٧/١١/٢٤ شەڕی پارتیو یەکێتی ئاسایی بوویەوەو هەریەکەیان لە سنورەکانی خۆیاندا بە بێ پێشڕەوی مانەوەو لە بێ تاقەتیو ماندوو بونی هەردولایاندا شەڕەکە وەستا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گەشتی مچەکوێر

١٩٩٧/١٢/٢٦ چوین بۆ گوندی مچەکوێر بۆ ماڵی حاجی عەبدوڵا. ئەم خزمانە بووین (بەندە، مامەحاجی عەبدولمحەمەد، کاك عەلی کوڕی، کاك شەهابی کوڕی، کاك عەبدوڵای خاڵۆ حەمە ، کاك مشیر حاجی ساڵح، مامۆستا زاهید، کاك خەلیلی کاك حەمە عەلی، کاك جەمالی کاکە حەمە ، کاك کەمالی کاکە حەمە ، کاك عوسمانی مام ئەحمەد). دوای نیوەڕۆی ١٩٩٧/١٢/٢٦ لە کەشێکی خۆرەتاودا بە جێبێکی درێژی ئینگلیزی ڕوومان کردە گوندی مچەکوێر، دنیا سەوزو جوانو ئاسمان پەڵە پەڵە هەوری پێوە بوو، گوندەکە لە دەستپێکی ناوچەی قەرەداغدا بوو هەڵکەوتوو لەسەر بەرزاییەکی دلڕفێن. مەڕەکان بەلاپاڵی گوندەکەوە دەلەوەڕان، چەند سەگێکی گەورە پاسەوانی ماڵەکانیان دەکرد، ئەگەر کەسێك بەبێ هامڕایی خەڵکی گوندەکە لەوێوە تێپەڕ ببوایە کەوڵیان دەکرد. حاجی عەبدوڵا بەخۆیو کوڕو کوڕەزاکانیەوە بڕنەوێکی کورت لەشانیدا بوو هات بۆ پێشوازیمان. ئەو کەسێکی باڵا مام ناوەند بوو تەمەنی لە هەشتاساڵ نزیك بووبوویەوە، دەستو پەنجەکانی ئەستوورو کەمێك زبر بوون، مەینەتی ڕۆژگار لەسەرو سیمایدا دیار بوو. ئەو کەسێکی خانەدانو میوان پەزێر بوو، دیوەخانەکەی هەمیشە میوانی لێ نەبڕاوە. بە گەیشتنمان بۆ ناو ئاوایی کوڕێکی گەنج ئاژەڵێکی دا بەزەویداو سەری لەلاشەی جیاکردەوە، لەگەڵ دوان سیانێکی تر خێرا کەوڵیان کردو لەداریان هەڵواسی.

دیوەخانی حاجی عەبدوڵا هۆدەیەکی گەورەی ٢٥ مەتری دەبوو لە ناوەڕاستیدا زۆپایەکی دار کە ئاخنرابوو لە دار بەڕووی وشك نێلەی دەهات. بنمیچەکانی ڕەش بووبوونەوە، ژوورەکە چەند تاقێکی تێدابوو لەناو یەکێکیاندا لۆکسێکی نەوت دەگڕا، شەوقەکەی ژوورەکەی پڕ کردبوو. چرایەکی فانۆسی دەستیش لە زەوییەکەدا دانرابوو بۆ کەسێك بیویستایە لەگەڵ خۆی بیباتە دەرەوە.

دوای نوێژی شێوان سفرەیەکی گەورە سەر بۆ خواری ژوورەکە بە دوو بەش ڕاخرا، میوانو خانەخوێ لەدەوری سفرە خڕبووین، بەسینی گەورە برنجی کوردی هەڵمی لێ هەڵدەستا خۆی دەکرد بە ژووردا، قاورمەی گۆشت شلێ شلێ کولاّیوو لەگەڵ دوو جۆر شلەی فاسۆلیاو قەیسی دانرا. بەدەم تەمەتەقێو بەسەرهاتی خۆشەوە نانی ئێوارە خورا، دواتر کوڕێکی گەنج مشتێ چای کردە ناو ئەو کترییە گەورەیەی

کەبەسەر زۆپا دارەکەوە گیزەی دەهات، بۆنی چا ژوورەکەی داگیر کرد، پیاو ئارەزووی دەکرد خێرا چا تێ بکرێتو بیکات بەسەر قاورمەی چەوردا. خوالێخۆشبووان حاجی عەبدولاو مامە حاجی عەبدولحەمەدو کاك مشیری حاجی سالّحی گێلّەك لەلای سەرەوەی ژوورەکە لەسەر لبادی خوری دانیشتبوون یەکی سەرینێکی پەڕی گەورە لە ژێر شانیاندا بوو، ئەوانی تریش ئەم بەرو ئەوبەری زۆپا دارەکە بە ڕیز دانیشتبوون، چا تێکراو کۆڕی تەمەتەقێ گەرم کرا، جار جار یەکێ لە کوڕانی خاوەن ماڵ لۆکسەکەی دادەگرتو چەند پەمپێکی لێ دەدا بۆ ئەوەی ڕووناکییەکەی زۆرببێتەوەو دواتر دەیخستەوە تاقەکە.

لەدەرەوە دنیا کشو ماتو تاریك بوو جار جار وەڕەی یەکێ لە سەگەکان دەهات، یان دەنگی زەنگۆڵەی مەڕو ماڵاتەکە دەبیسترا، ئاسمان وریجەی دەهات لە ئەستێرە، پەڵە هەوری بڕسکاو بە ئاسمانەوە دەبینراو تێپەڕ دەبوون. شەوگاری زستان بەو درێژییە هەر زۆر بەخێرایی تەواو بوو، دوای خواردنی شەوچەرە جێگای نوستنیان هێناو ڕایان خست، گەورەکان پێکەوە ڕۆشتن بۆ ژوورێکی بچوکی تەنیشتمان، ئێمەی گەنجیش لە دیوەخان ماینەوەو کۆڕی دەمەتەقەمان بردە ناو جێگای خەو، لەناو نوێنی نەرمو بەتەنیشت زۆپای دارەوە شەوگارمان دوو شەق کرد، دواتر لۆکسەکەمان کوژاندەوە تەنها چرا فانۆسەکە بە کزی دەگڕا چوینە ناو دنیای خەوەوە، خەوێکی هێندە خۆش بوو لە ناو دنیایەکی بێ دەنگو خامۆش دا ئێستاش دوای بیست ساڵ بە تاسەی شەوێکی وام دووبارە بێتەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٨

لەم ساڵەدا ڕێککەوتنی واشنتۆن لە لایەن مام جەلالو کاك مەسعودەوەو بە نێوەدگیریو سەرپەرشتی مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا واژۆکرا، ئەگەر چی ئەم ڕێککەوتنە درەنگ وەخت بوو، چونکە شەڕەکە دەبوایە لە ساڵی یەکەمیدا بوەستێنرایەو ئەمریکا نەیهێشتایە لەوە زیاتر درێژە بکێشێت، بەڵام دەکرا ناکۆکیو ئاڵۆزییەکان زیاتر قوڵ ببنەوەو بەیەکجاری دەرگای گفتوگۆو ئاشتی دابخرێت. هەربۆیە خەڵکی کوردستانی عێراقو پارچەکانی تریش لە چاوەڕوانی فریادڕەسێکدا بوون، کە ئەم شەڕە نەگریسە بوەستێنێتو کۆتایی بەو ململانێ خوێناوییە بهێنێت.

لە کۆتاییدا ئەمریکا فشاری زیاتری کرد بۆ وەستانی شەڕەکەو پارتیو یەکێتیش ماندوو بووبوونو حەزیان لە پشوو بوو، بۆئەوەی سەر بکەنە ئەو سەروەتو سامانە بێ شومارەی سەرزەویو ژێر زەویو خۆیانی پێ قەڵەو بکەن. هەرچەندە لە هەردوولا، لە زۆنی زەردو سەوز حکومەت هەبوو، بەڵام ئەو دوو حکومەتەی هەرێم بریتی بوون لە هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتیو یەکێتی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## دیوەخانی کەنار دەریاچەکە

١٩٩٨/١/١٥ مانگی ڕەمەزان بوو، لەبەرە بەیانێکی زوودا تیشکی ڕۆژ تازە لەکەل سەری دەرهێنابوو، دنیا سارد وەکوو زەمهەریر، وووردە ووردە بەستەڵەکی زەوی خۆی خاو دەکردەوە، لەگەڵ هەناسەدا هەڵمی سپی وەکوو پەڵە هەوری بچوك لە زار دەردەچوو پاشان دەڕەوییەوەو نەدەما. لەگەڵ عەبدوڵای خاڵۆ حەمە و مەحمودی لالە مەجید دا تفاقی گەشتی سەر دەریاچەکەمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتو ڕوومان کردە نقڵیاتی شار بەهیوای ئەوەی ماشێنە جێبەکەی حەسەن شەمێرانی پەیدا ببێت لەگەڵ ئەودا بچین بۆ سەر دەریاچەکە. کاتێ کاك حەسەن پەیدا بوو دواوەی ماشێنەکەی چەند تۆڕێکی ماسیو چەند دەبە بەنزینو هەندێ کەلوپەلی تری تێدابوو، دەیبردن بۆ بەلەمەوانەکان. عەبدوڵا لەگەڵ کەسێکیتر لە پێشەوە سوار بوونو منو مەحمودیش لەدواوە لەلای کەلوپەلەکان جێگای خۆمان کردەوە. لەسەر دەریاچەکە حاجی عومەرو کاك مەحمودو کاك حەمە ڕەشید سێ پیاوی ماقوڵی بەسروشت سەخیو سینەساف خەڵکی کانی گوندی بەردینە بوون، لە چاوەڕوانی ئێمەدابوون، ئەوان لەسەر دەریاچەکە لەوبەرەوە ژورێکی بچوکیان هەبوو، شەوانە لەوێ دەحەسانەوەو دەخەوتن. دوای بڕینی چەند هەورازو نشێوێك گەشتینە گوندی جەرداسنەو لەوێ دابەزین. حاجی عومەر بە بەلەمو ماتۆڕەکەوە لەمبەرەوە وەستابوو، دوای مەرحەباییو چاكو چۆنیو بەخێرهێنان بەشە کەلوپەلو بەنزینی خۆی لە کاك حەسەن وەرگرتو خستیە ناو بەلەمەکەی، ئێمەش لەگەڵیدا سواری بەلەم بوین، پەتی ماتۆڕەکەی چەند جارێك ڕاکێشاو خستییە ئیش، دوکەڵێکی سپی لێ بەرزبوویەوەو دواتر سلۆلییەکەی ساف بوو، یەدەی ماتۆڕەکەی چەرخاندو ڕوومان کردە ناوەڕاستی دەریاچەکە، کاك حەسەنو کاربرامان لەمبەرەوە بە جێ هێشت. ماتۆڕ ئاوەکەی لەدوای خۆیەوە کردبوو بە گۆلێکی درێژ، نەورەسە سپییەکان بە ئاسمانەوە لەماخۆلانی ڕاودا بوون، لە ئاسمانەوە خۆیان بەر دەدایەوە بۆ ناو ئاوەکەو بەدەنوکیان ماسییەکە بچوکیان هەڵدەگرتو بەرز دەبوونەوە، دەریاچەکە شەپۆلێکی خاوی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەهێناو تێپەڕ دەبوو، تیشکی خۆرەکە بەسەر ئاوەکەوە وریجەی دەهات، جگە لە دەنگی ئەو باڵندانەو شەپۆلە ناسکەکانی ئاوەکە کاتێ بەر کەنارەکان دەکەوتن هیچ دەنگو سەدایەکی تر نەبوو. دنیا ئەوەندە کشو مات بوو لەمبەر بۆ ئەوبەری دەریاچەکە دەمەتەقەت بکردایە. لەوبەرەوە لای کاك حەمە ڕەشیدو کاك مەحمود دابەزین، ئەوان خۆیان بۆ تۆڕ هەڵگرتنەوە ئامادە کردبوو. دوای نیوەڕۆ دنیا گەرمو خۆش بوو، لەپەڵ ژوورە بچوکەکەدا کە دەیڕوانی بەسەر دەریاچەکەدا دانیشتبووین، جار جار کزە بایەکی سارد دەهاتو ون دەبویەوە. حاجی عومەر دارو چیلەکەی کۆکردەوەو لە کوانووەکە لەسەریەکی هەڵچنین، دواتر چەند ماسییەکەی لە دەریاچەکە پاك کردو هێنای ترشو خوێی پێوە کردنو لەسەر چەند بەردێکی سپی پاكو تەمیز دانیان بۆ ئەوەی ترشو خوێکە هەڵمژن. لە مانگی سەرماوەزدا ماسییەکان دەچن بۆ قوڵایی

دەریاچەکەو زۆر لە ڕووی سەرەوە نامێنن، هەربۆیە ناوچەکە بە دەگمەن بەلەمی تێدابوو، ئەو ڕۆژە ئەو ناوە چۆڵەوانیو کشو ماتو بێ دەنگ بوو. دوای نوێژی عەسر لەگەڵ عەبدوڵاو مەحمود سواری بەلەمێکی بێ ماتۆڕ بوین سەوڵی بەسەرەوە بوو، دەستمان کرد بەسەوڵ لێدانو گەشت کردن بەناو ئاوەکەدا، تا لە ئاو هاتینە دەرەوە خۆر کەناری گرتو بەرەو ڕۆژئاوا خۆی شۆڕ کردەوە. کاك مەحمودو کاك حەمە ڕەشید لەسەرەوە لە خانۆچکەکە خەریکی گەرم کردنی زۆپا دارەکەو شێوی ئێوارە بوون، لە بەرزاییەکە چوینە سەرەوە بۆ ناو دارو دەوەنەکان یەکی باوەشێك دارو چیلکەی وشکی بەڕوومان لەگەڵ خۆمان هێنایەوە بۆ خانووەکە. حاجی عومەر ئاگری نا بە دارو چیلکەی کوانووەکەوەو بە پارچە مقەبایەك ئاگرەکەی گەش دەکردەوەو دواتر ماسییەکانی لە نزیکی ئاگرەکەدا دەکرد بەداراو بەرامبەری دەیوەستاندن, تا لەسەرەوە برنج پێگەیشت، ماسییەکانیش برژانو ئامادەی خواردن بوون. لەپاڵ ئەو ئاگرەداو لەسەر کەناری ئەو دەریاچەیە ئەوەندە کەشێکی خۆش بوو حەزم بە ئاوابوونی ئەو خۆرە نەدەکرد.

لەناو قابلەمەیەکی ڕەشدا برنجە کوردییەکەیان لێنابوو، بۆنی دوکەڵەکەی گرتبوو، بۆنو بەرامەی ئەوەندە خۆش بوو دەستو پەنجەی پێوە دەخورا، دوو سێ سەلك پیازی شیرینیان لەت کرد، موچەیەك نانی هەورامییان لە تۆشەبەرەکە دەرهێناو لەسەر سفرەکە دایان نا، چاوەڕوانی بانگی ئێوارە بوین، چونکە ناوچەکە دوورە دەستو دوور لە ئاوەدانی بوو دەبوایە بەو خشتەی ڕۆژوو شکاندنە کە لە پارچە کاغەزێکی بچوکدا بوو بە دیواری ژوورەکەدا هەڵیان واسی بوو کاتی بانگمان بزانیایە. کاتی بانگ هاتە پێشەوە بەسەرو دەنکە خورمایەك ڕۆژووەکانمان شکاندو ئاومان کرد بە شوێنیدا، پاشان نوێژمان خوێندو لەپاڵ زۆپا دارەکەو لە ژێر ڕوناکی چرایەکی گردسۆزدا نانی ئێوارەمان خوارد، کترییە ڕەش لە دەرەوە هاتبووە کوڵ، کاك حەمە ڕەشید هێنایە ژوورەوە خستیە سەر زۆپاکە، عەبدوڵا چایەکی پاکەتی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆنو بەرامەی زۆر خۆش بوو، چاکەیان کردە کتریو لێگەڕان تا بە جوانی هاتە کوڵ، ژوورەکە یەك پارچە بۆنی ئەو چایەی گرت. کاك مەحود چای تێدەکرد، حاجی عومەر جار جار دەرگای زۆپاکەی لادەداو کۆتەرەیەکی وشکی دەخستە ناویو ئاگرەکەی سەروژێر دەکرد، قرچە قرچی پشکۆکان دەهات، دەرگاکەی دەگرتەوە کڵپەکڵپ دەستی پێ دەکردەوەو ڕوومەتی زۆپاکە سور هەڵدەگەڕا. تا نیوە شەو چا خواردنو دەمەتەقەو قسەی خۆش بەردەوام بوو، بۆ پێویستیو دەستنوێژ یەك دەهاتینە دەرەوە، شەوگاری ڕەش چارشێوی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا کێشابوو، نەورەسەکانیش چووبوونە هێلانەکانیانو بێ دەنگ بووبوون، جار جار دەنگی تاق تاق کەرەیەك لە دوورەوە بە کزی دەبیسترا، دنیا کشو مات، ئەستێرەکان جریوەیان دەهات، هیچ ڕووناکییەك لە ناوچەکەدا نەبوو، وەك دەڵێن شەو قەڵای مێردانە، لەو شەوە ساردو تاریکەدا مەگەر مێردەکان بەدەرەوە بن.

پڕی عەلاگەیەك بەڕوو لە ژوورەکەدا بوو، تا نیوەشەو یەك دانەمان نەهێشتەوە هەمویمان لەناو ئاگری داربەڕووی زۆپاکەدا برژاندو خواردمان. دوای ئەوە نیەتی ڕۆژووی بەیانیمان بەبێ پارشێو هێناو چوینە ناو دنیای خەوەوە سەروبەتانیمان دا بەخۆماندا، لەبەر ئەوەی ژوورەکە بچوك بوو زۆپاکەش تا بەیانی دەگڕا بەتانییەك بەس بوو بۆ خەوتن. شەوێکی ئارامو بێ دەنگ هیچ سروەو هەرایەك نەبوو جگە لە نێڵەو قرچەی داری ناو زۆپاکە. چراکەش کوژابوویەوە، بەڵام ڕۆشنایی ئاگرەکە وەکوو گڵۆپی سفر وابوو بۆ ژوورەکە. ئەو شەوە خەوێکی خۆشمان کرد. بەیانی تا ئێمەی میوان هەستاین خانەخوێ لەناو دەرپاچەکە خەریکی تۆڕ دانان بوون. هاتینە خوارەوە بۆ لایان، دەست خۆشیو خواحافیزیمان لێ کردنو بەرەو گوندی نێرگزەجاڕ سەرکەوتین. ئەو گوندو بەرزاییو دارو دەوەنە ئەوەندە دیمەنێکی جوانی هەبوو، دڵانی حەیران دەکرد. دارو درەخت گەڵای پێوە نەمابوو، گەڵاکان لەسەر فەرشێکی سەوز هەڵڕژابوون، کاتێ ڕێگامان دەبڕی دەنگی قرچوهوڕی گەڵاکان لە ژێر قاچمان دەهات. نێوان لقو پەلی چەندین درەخت پڕ بوو لە گەڵاو پەلی ناسك کە بۆ ئاژەڵەکانیان ملۆ کردبوو، کاتێ بەفر دەباریو لەوەڕ نامێنێت لەو گەڵا کۆکراوەیان دەدەنێ. گوندو بەرزاییەکەمان تێپەڕاندو لە ئاستی گوندی جەرداسنە هاتینەوە سەر دەریاشەکە، لەوێ سواری بەلەمێك بوینو هاتینەوە ناو گوندەکە، کاك حەسەن بە جێبەکەیەوە لەوێ بوو، سوار بوینو هاتینەوە بۆ ماڵ.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٨/١/١٦ پارتی ڕەفاهی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان لە تورکیا قەدەغەکراو هەڵوەشایەوە.

١٩٩٨/١/٣١ کۆچی دوایی ڕۆشنبیر محەمەد قازی.

١٩٩٨/٢/١ ئۆتۆمبێلێکی پڕ چەکداری بزوتنەوەی ئیسلامی لە خورماڵەوە دەهات بۆ گردی گۆ کەوتە ناو چاڵاوێك هەموو نەفەرەکانی ناوی گیانیان لەدەست دا.

١٩٩٨/٢/٢٦ حاجی فایەق ئاغای گلاڵی کۆچی دواییکرد.

١٩٩٨/٣/٢ مارفی خەیات دەگاشێخانی لە دوکانەکەی خۆیدا لەهەڵەبجەی تازە کوژرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شایی و زەماوەند لە مچەکوێر

١٩٩٨/٣/١٢ جەماعەتی تەپی سەفا چوینەوە بۆ مچە کوێربۆ ماڵ حاجی عەبدوڵا ئەمانە بوین (مامەحاجی عەبدولحەمەد، کاك شەهابی کوڕی، کاکە حەمەی مامە حاجی مشیر، خاڵۆمارف، عەبدوڵای خاڵۆ حەمە ، مامە عاسی، منو ئومێدی کاکە حەمە ) شایی کوڕی کاك حسێنی حاجی عەبدوڵا بوو.

حاجی عەبدولاَ پیاوماقولَی عەشیرەتی ڕۆغزایی بوو، کەسێکی بالاَ مام ناوەندی خڕ بوو، دەستو پەنجەکانی قایم بوون، بەگەیشتنی ئێمە بۆ بەری ئاوایی مچەکوێر، وەکوو وەفاو خۆشەویستیو بەخێرهێنان چەند فیشەکێکی برنەوی تەقاند، ئەوەندە کەشێکی خزمانەو لادێیانەی جوان بوو، مەڕەکان بە زەنگۆلەکانی ملیانەوە باعەباعیان بوو، ژنان دەچون دەیاندۆشین، گەماڵەکان کەبۆپاسی مەڕەکان ڕاگیرابوون دەوەڕینو مڕیان لەو حەشیمەتو دەمو چاوە تازانە دەبردەوەو خانەخوێ هێمنیان دەکردنەوە. مریشکی کوردیو کەروێشکو قەلو قازو پەلەور دیمەنەکەیان ئەوەندەی تر جوان کردبوو. کوڕو نەوەکانی حاجی عەبدولاَ دەهاتنو دەچونو خزمەتیان دەکرد. دوو سەر مەڕیان بۆ ئەو ئێوارەیە کەوڵ کردو قازانو مەنجەڵ بەدەستوری کۆن خرایە سەر ئاگر، میوانداربییەکو سەخاوەتێکی ئەوەندە دڵپاکانەو خزمانە بوو، مرۆڤ ژیانی لەلا جوانتر دەبوو. ئەو شەوە نانو چا خوراو دەمەتەقێی خۆشو باسو بەسەرهاتی کۆنو نوکتەو سوحبەتی خزمانە کراو شەوچەرە نۆش کرا. جێگایان بۆ ڕاخستینو خەوتین. بەیانی بەهەمان دەستور خزمەت کراین. دواتر حواحافیزی کراو لە ڕێگای دەربەندیخانەوە هاتینەوە بۆ شارەزوور.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٨/٤/١ ئێرانو عێراق دیل بەدیلیان بە ٥٨٠٠ دیلی عێراقیو ٣٥٠ دیلی ئێرانی کرد. لەنێو ئازاد کراوەکاندا حەمە هاواری خەزورەی عەلی ساڵحی تێدابوو.

١٩٩٨/٥/٩ کاک شەوکەت حاجی مشیرو کاک حەمەی حەمە سەعید هاتن بۆ ماڵمان.

١٩٩٨/٦/٢ مامۆستا مەلا ساڵح ئیمامی مزگەوتی گەورەی سەیدسادق کۆچی دواییکرد.

١٩٩٨/٧/٤ تێکۆشەری دێرین مامۆستا حیلمی عەلی شەریف لە شاری بەغدا کۆچی دواییکرد.

١٩٩٨/٧/٧ سەرۆکی حکومەتو کاک شەوکەتی حاجی مشیر هاتن بۆ هەڵەبجەی تازە.

١٩٩٨/٧/١٥ یەکەم ڕۆژی دەوام کردنم لە دادگای شارەزوور. ئەوەی شایانی باسە موچەی تەواوم واتە بە بنەڕەتیو هەموو دەرماڵەیەکەوە لەم ساڵەدا ٢١٧ دیناری سویسری بوو. ئەوەش بۆ ئەو ڕۆژە پارەیەکی زۆر کەم بوو بەشی بژێوی خێزانێکی بچوکی نەدەکرد. کاک محەمەد خێڵی حەمە یی کە ئامۆزای من خێزانێتی، ڕۆژێك لەماڵمان بوو، وتی موچەکەت چەندە؟ وتم بەخوا زۆر کەمە ٢١٧ دینارەو ئەمساڵ شتێك زیاد دەکەم دەبم بە ٢٥٠ دینار, وتی: زۆر باشە خوا نەبیڕێت، لەم تەمەنی تۆدا ئەو موچەیە کەم نییە. چەند ساڵێکی تر ئەوەندە زۆر دەبێت خەڵك بەخیلیت پێ ببات. ڕاستی کرد دواترو لەدوای ڕوخانی عێراقەوە وردە وردە موچەمان سەرکەوت بەڕادەیەك کە بەشی خێزانێکی تەواوی دەکرد، ئەگەر دەسەلاَتی کوردی بەناوی قەیرانەوە کلكو گوێی موچەی فەرمانبەرانی نەکردایە هەموو کەس بە خۆش گوزەرانی پێی دەژیا.

١٩٩٨/٨/١ کۆچی دوایی خێرخوازو پیاوچاك عەلی کەمال لە شاری لەندەن.

**١٩٩٨/٨/٣١** وێستگەی کارەبا لە هەڵەبجەی تازە دانرا.

**١٩٩٨/٩/٦** مامە ئەحمەد عەلی باوکی کاك حەمە شارەزووری لە تەپی سەفا کۆچی دوایی کرد.

**١٩٩٨/٩/١٣** ڕەفعەت ئێناخیو دوو کەسیتر بە ڕوداوی هاتوچۆ گیانیان سپارد.

**١٩٩٨/٩/١٧** یەکێتیو پارتی بەسەرۆکایەتی مام جەلالو کاك مەسعودو بە نێوەندگیری مادلین ئۆڵبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکەوتننامەی واشنتۆنیان واژۆ کرد.




مام جەلال دەڵێت: (ئەمریکییەکان کەوتنە خۆیان کەدەبێ شتێك بکەن بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوانمان چاك بێتەوە، بە پێویستیان زانی بۆ ئەوەی ئەو ئەزمونەی کوردستان نەفەوتێو عێراق لەو نێوانەدا سودمەند نەبێت، بە تایبەتی کە پارتی دوای داگیرکردنی هەولێر عێراقی هێنابووە ناو کێشەکەوەو ئەیویست دەورێك ببینێ. ئەمریکا ئەیویست ئەو دەورە لە عێراق بسێنێتەوە بۆ ناوبژیکردنی ئێمەو پارتی، لەبەر ئەوە هەردوولامانی بانگ کرد بۆ واشنتۆن بۆ گفتوگۆ. من لەبیرمە یەکەم دانیشتن کە مەسعود بارزانیو من پێکەوە بوین، ئەو لە ژورێك دانیشتبوو، لەگەڵ من چوومە ژوورەوە زۆر بەگەرمی چاکیو چۆنیمان کردو پێکەوە دانیشتین، ئەوان سەریان سوڕماو چاوەڕێیان نەدەکرد ئێمە بتوانین ئەو جەوە گەرمە دروست بکەینەوە. لەپاش گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان ئێمەو پارتیدا، گەیشتینە قبوڵکردنی ئەو پرۆژەیەی ئەمریکییەکان ئامادەیان کردبوو. یەکەم جار ئەمریکییەکان پرۆژەیەکی تریان هێنابوو، ئەو پرۆژەیە زۆرتر داخوازییەکانی ئێمەی تێدا دیار بوو، بەتایبەت مەسەلەی دەرامەتو یارمەتیو گەڕانەوە بۆ هەولێر. هەندێ لە برادەرانی پارتی پێیان وابوو ئەو پرۆژە ئەمریکییە لە نوسینی دکتۆر بەرهەم بووە، بۆیە ئەوان قبوڵیان نەکرد. جارێکی کە پرۆژەیەکی تر هاتەوە، ئاخر پرۆژە ئەوە بوو بەو سیغەیەی ئێستا دەرچوو هەردولامان قبوڵمان کردووو ئیمزامان کرد)[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١ سەلاح ڕەشید، مام جەلال "دیداری تەمەن"، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢٦٧-٢٦٨.

١٩٩٨/١١/١٦ لەگەڵ کاک محەمەد عەبدوڵا شامراد لەشاری سلێمانییەوە فاکسێکمان کرد بۆ کاک شەوکەتی حاجی مشیر لە شاری لەندەن، پاش کاتژمێرێك بەم نامەیە کە وێنەکەیم لە خوارەوە داناوە وەڵامی فاکسەکەی داینەوە.


برایانی خۆشەویستم کاکە حەمەو کاک سەرحەد
هیوادارم هەمیشە ساغو سەلامەت بن، سڵاوم بۆ ماڵو منداڵتان وگشت کەسوکار هەیە
لێرەش ماڵەوەو کورەکان وسەرکەوت سڵاو ڕێزیان هەیە بۆ هەموولا،
ئەمڕۆ فاکسەکەتان گەیشتە بەدەستمان خۆشحاڵ بووین بە سەلامەتیتان.
صالح کە لە هۆڵندە هاوەتەوە لەم ڕۆژانەدا لیقاوەی بۆ دەرچوو تلفونمان
لەگەڵ کردووە زۆر باشەو دڵخۆشە گەر ئەو خەبەرە بە باوکی بڵێن زۆر باشە
ئەسعەد تائێستا تلفونی نەکردووە زۆرمان پێ خۆشبوو خەبەرمان زانی لای
ئێوەوە.
والە خوارەوە فاکسێکم نوسیوە بۆ کاک کۆسرەت ئەوەی سەرەوەی خۆتانی
لێ بکەنەوەو لەگەڵ عەریزەیەکی هەردووکتان بۆی بنێرن.
لندن ١٩٩٨/١١/١٦ هەر بژین - شوکرت

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٩

ئەم ساڵ بەستەڵەکی دوژمنایەتی پارتیو یەکێتی کەوتە بەر هەتاوی گەرمی بەهارو دەستی کرد بە توانەوە، هەرچەند بارانی پەڵە لەم ساڵدا کەوتە ناوەڕاستی زستانەوەو لە سێ مانگی پایزو مانگێکی زستاندا باران نەباری، بەڵام جوتیارەکان هەر بەتەمابوون ڕۆژێك پەڵە بداتو زەوی تێرئاو ببێت. بەهەمان شێوەش جەماوەری کوردستان لەهەموو پارچەکانیداو بە تایبەت لە هەرێمی باشور، ئارەزووی توانەوەی دووبەرەکیو دوژمنایەتییان لەنێو لایەنە سیاسییەکاندا دەکردو حەزیان دەکرد پەرلەمان کارا بکرێتەوەو حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتیمانی پێك بهێنرێت.

یەکەم هەنگاوی ئاشت بوونەوە ڕۆشتنی مام جەلال بوو بۆ هاوینەهەواری پیرمام بۆ لای کاک مەسعود بارزانی, کە ئەمەش یەکەم سەردانی سەرکردەیەکی باڵا بوو لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤.

مام جەلال سیاسەتمەدارێکی حەکیم بوو، هیچ گرێ کوێرەیەك نەبوو، ئەو نەتوانێت بیکاتەوە، کلیلی چارەسەری هەموو کێشەیەکی لەلابوو، بەو سەردانەی بۆ لای کاک مەسعود بارزانی پرۆسەی ئاشتی نێوان ئەو دوو حزبەی دەیان قۆناغ بردە پێشەوە. دوای ئەو سەردانە نەخشە ڕێگای ئاشتبوونەوەو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە گەڵاڵە بوو.

- گرنگترین ڕووداوەکانیساڵی ١٩٩٩:

**١٩٩٩/١/٧** عومەرە ڕیشە (عومەر حەسەن حەمە عەلی) چرۆستانەیی لەنێو یاریگای هەڵەبجەی تازە بە کوشتنی هەڵە کوژرا.

**١٩٩٩/١/٨** بۆیەکەم جار لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ مام جەلال سەردانی کاك مەسعود بارزانی کرد لە هاوینەهەواری سەلاحەدین.

**١٩٩٩/١/٢٣** کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەی کورد محەمەدی مامڵێ.

**١٩٩٩/١/٢٥** شاحسێن پاشای ئوردون ئەمیر حەسەنی برای لە پۆستی جێنشینی دوور خستەوەو عەبدوڵای کوڕی خستە جێگاکەی.

**١٩٩٩/٢/١٥** عەبدوڵا ئۆچەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستانی باکور لە وڵاتی کینیا دەستگیر کرا. پرۆسەی گرتنی ئۆچەلان بە هاوکاری ئەمریکاو ئیسرائیل بوو.

**١٩٩٩/٢/١٩** محەمەد سادق ئەلسەدر تیرۆر کرا کە پێشتر براکەی محەمەد باقر ئەلسەدر لە ساڵی ١٩٨٠ تیرۆر کرا بوو.

**١٩٩٩/٣/١٤** کۆچی دوایی تێکۆشەر دکتۆر سەید عەزیزی شەمزینی.

**١٩٩٩/٣/١٨** کۆچی دوایی هونەرمەند قادر دیلان.

**١٩٩٩/٣/٢٤** هێرشی ئاسمانی پەیمانی ناتۆ بۆ سەر سربییەکان دەستی پێکرد، سربەکان تۆمەتبار کرابوون بە دەست درێژی بۆ سەر موسڵمانەکانی ئەلبانیا.

**١٩٩٩/٥/١٢** کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی.

**١٩٩٩/٧/٢٣** کۆچی دوایی شا حەسەنی پادشای مەغریب.

**١٩٩٩/٨/٤** عەتا سەراویو ڕەمەزان دێکۆنی لە حسك جیابونەوەو بوون بە یەکێتی.

**١٩٩٩/٨/١١** لەم ڕۆژەدا خۆر گیرا وە دنیا تاریك بوو.

**١٩٩٩/٨/١٦** بومەلەرزەیەکی بەهێز تورکیای هەژاند کەبە هۆیەوە هەزاران کەس کوژرانو بریندار بوونو هەزارانی تر بێ ماڵو حاڵ بوون جگە لە زیانی مادی کە بە ١٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرا.

**١٩٩٩/٩/٦** کەریم فەتاح حاجی حەمە جان بێسەڵمێنی لەگەراجی هەڵەبجە کوژرا.

**١٩٩٩/٩/١٢** دانیشتنی یەکێتیو پارتی لە شاری کۆیە بەمەبەستی پیادەکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن بەڕێوەچوو.

**١٩٩٩/٩/١٣** لەشەڕو هەرای نێوان بنەماڵەی فەتاح حەمە قالەو فەتاح کەریم قوباد کە هەردولایان گلاڵێن لە گوندی میری سور دوو کەس کوژران.

١٩٩٩/٩/١٦ سەرداری حەمەی سەمین لالیخان زاوای حاجی ئەحمەد جەرداسنەیی لەگەڵ مستەفا عەلی باوەڵێ لە لای مەعەسکەری کۆنی عەربەت گولە تۆپیان پێیاندا تەقییەوەو هەردوکیان کوژران.

١٩٩٩/٩/١٩ دوو پاس لە نزیکی قەرەگۆل بەیەکیاندا کێشا ٣٦ کەس بریندار بوونو ٦ کەس مردن عەبدوڵا مەجید تەپی سەفاییو ڕزگاری حەمە ساڵح مارف لە بریندارەکان بوون. وە شۆفێری پاسێکیان ناو ساڵح سەلیم بوو ئەویش مرد.

١٩٩٩/١٠/١١ دادوەر کەمال ڕەشید عەلی بوو بە دادوەری دادگای بەرایی شارەزوور.

١٩٩٩/١٠/٢٥ دادگای تەمیزی حکومەتی هەرێمی سلێمانی کرایەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## نامەی کاک نەوشیروان بۆ مام جەلال

١٩٩٩/١٢/١١ نەوشیروان مستەفای جێگری ئەوسای جەلال تاڵەبانی دەربارەی خراپی ڕەوشی ئاسایشی یەکێتیو سلێمانی، نامەیەك ئاراستەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی حزبەکەی دەکاو دەنووسێت: بەداخەوە ئەوەی من لەسەر دەزگای ئاسایش بیستوومە، دەزگای ئاسایش لەناو خەڵکدا خۆشەویست نییە، بەڵکو بووەتە دەزگایەکی ئیرهابی، هاوڵاتیانی ئاسایی ئەوانەی کە بەرتیلو واسیتەیان نییە لێی دەترسن. دەزگای ئاسایش لە کاروباری تایبەتی هاوڵاتیانو تەنانەت لە ژیانی تایبەتیشیاندا تەداخول دەکات. وە فۆرمی جیا جیایان ڕێکخستووەو لەناو دائیرەکاندا بە خەڵکی پڕ دەکەنەوەو، هەندێ لەو فۆرمانە لەگەڵ جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤدا ناگونجێ و، ئەوپەڕی سووکایەتییە بە کەرامەتی مرۆڤ. وە هەروەها داواکارم چاو بە بەرپرسانی دەزگای ئاسایشدا بخشێننەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١٩٩٩/١١/١٣ مامۆستا مەلا عەبدوڵا گوڵپی لە نەخۆشخانەی بەغدا کۆچی دواییکرد.

١٩٩٩/١٢/٢٩ کۆچی دوایی مەلا مەحمود مەلامحەمەد عەبدوڵا ناسراوبە فەقێ یان مەلا مەحمودی مەلا محەمەدی لەرزانە لە گەرمیان.

١٩٩٩/١٢/٣١ کۆچی دوایی بیرمەندی گەورەی ئیسلامو خەڵکی هیندستان ئەبو حەسەنی نەدەوی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٠

ئەم ساڵ کۆتا ساڵی سەدەی بیستەمە لە مێژووی زایینیو ئەم ژمارەیەش بەلای تێکڕای دانیشتوانی جیهانەوە ژمارەیەکی جوانو سەرنج ڕاکێش بوو، وە لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دا بە مانشێتی گەورە دەنوسرا. بەلای خەڵکییەوە وابوو کە پێ خستنە ناو ساڵی ٢٠٠٠ گۆڕانکاری لە جیهاندا ڕوو دەداتو پێشکەوتنە زانستیو تەکنەلۆجییەکان دەگەنە لوتکەو هەموو گەلێك

دەگات بە مافی خۆی، هەموو ئەمانە نوقلانەی خەڵکی بوو لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا. بەڵام لە ڕاستیو واقیعدا ساڵی ٢٠٠٠ هەروەکوو ساڵانی پێشووی خۆی بوو، وە نەبووە هۆی بازدان بەسەر شتەکانداو کاری لەعادەت بەدەریش ڕووی نەدا، گەلی کوردیش هەر لە جێگای خۆیدا ماوەتەوەو هێشتا بە تەواوی مافەکانی نەگەیشتووە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شارەزوور

دوای ئەوەی ناوچەکانی باشوری کوردستان دوای شەڕی چاڵدێران (١٥١٤زاینی) بوون بە بەشێك لە ئیمپراتۆریی عوسمانی، دەسەڵاتدارانی عوسمانی زۆربەی ئەم ناوچانەیان لە چوارچێوەی ویلایەتێکدا ڕێکخست کە ناوی (شارەزوور)یان لێنا چونکە لە سەرەتا مەڵبەندەکەی لە دەڤەری شارەزووردا بوو پایتەختی ئەم ویلایەتەیان سەرەتا لە قەڵای زەڵم دانا، بەڵام دواتر پایتەختی ئەم ویلایەتەیان گواستەوە بۆ گوڵعەنبەر (خورماڵ). شایەنی باسە لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی شازدەهەمدا عوسمانیەکان مەڵبەندی ئەم ویلایەتەیان لە قەڵای گوڵعەنبەرەوە گواستەوە بۆ کەرکوك، بەمەش کەرکوك بووە مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور ئەمەش بە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی شاری کەرکوكو ویلایەتی شارەزووریشدا، هۆکاری ئەم گواستنەوەیە دەگەڕایەوە بۆ نزیکی سەنتەری پێشووی ویلایەتەکە واتە گوڵعەنبەر لە ئێرانەوە نزیك بوو. ئەمەش وای کردبوو ئەم دەڤەرە ببێتە شانۆی سەرەکی زۆربەی شەڕو کردە سەربازیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی، ئیتر بەم گواستنەوەیە کاری ئەم ویلایەتە کە مەڵبەندەکەی شاری کەرکوك بوو لە ڕووبەڕووبونەوەی ئێرانەوە گۆڕا بۆ سەرپەرشتی کردنی دەڤەری فراوانی شارەزوور.

لێکدانەوەی جیاواز بۆ ڕیشەی ناوی شارەزوور کراوە لەوانە: زووری کوڕی زوحاك دروستی کردووە، یان شاری زۆرو ستەم، یا شاری ژووروو یان بەپێی شیکردنەوەی ڕەحمەتی تۆفیق وەهبی بەگ، شاری قوڵی نێوان زنجیرە چیاکانە.

شوێنەوارەکانی (یاسین تەپە) و(بەکراوا)و (نەوێ) و(قورتاس)، بەڵگەی ئەوەن کە مرۆڤ هەر لە زووەوە لەم هەرێمەدا ژیاوە. ئەو گوندانەی شارەزوور کە سەر بە قەزای شارەزوورن بریتین لە ٤٨ گوند، لەوانە: قەرەگۆل، ئاوەکەڵە دسکەرە، باڵوڵ، ئەحمەدئاوا، دسکەرەی خواروو، بایزاوا، بەردەکەڕ، بێسەڵمێن، جەرداسنە، جۆڵانە، چەمو ژاڵە، خەرجانە، حاسڵ، عالان، داری قەلان، کانی بەردینە، دەق، ئاوایی ڕەشید ڕەمەزان، زەلەڕەش، گەورە قەڵا، توەقوت، کانی کوێرە، سێتەڵانی خواروو، زەڕایەنی کۆن، سێتەڵانی سەروو، قەرەگۆلی خواروو، قەڵبەزە، قلیجە، کانی ئاسکان، کانی توو، کانی کەوەی چبوغ، کانی کەوەی کۆن، کانی مرواری، کانی میل، کانی هەمزە، هەسەن ئاوا-کانی هەنجیر، کۆرەی خواروو، کۆرەی سەروو

(گەورە)، کۆڵەبی، مالوانی ئیبراهیم کەریم، مالوانی حەمەی عەزیز، مالوانی ڕەشید ڕەمەزان، ئاوایی شێخ حسێن، خاكو خۆڵ، نیسکەجۆ، نەمەڵ، مەحمودخانی خواروو، مەحمودخانی سەروو، میرەدێ، یەخشی، تەپەکەل[1].

وە ئەو گوندانەشی کە سەر بە قەزای سەیدسادقن بریتین لە: گامێش تەپە، تەپەڕەش، گرێزە، کانی پانکەی سەروو، کانی پانکەی خواروو، بنەجوت، سواری، باوەکووژیاو، شانەدەری سەروو، پەلی هێرۆ، بنەی جوت، هەنجیرە، قوماش، تاسلۆجە، کەوچکتاش، سۆیلەمیشی گردەکە، سۆیلەمیشی سەروو، گردەنازێ، قاجر، کشەیەری، ناوگردان، دۆلاش، بێڕەشکە، شاتوان، شاملوو، مەسەکانی سەروو، مەسەکانی مەلا عەلی، کەلۆڕان، هەیاس، ئاوایی حاجی قادر، تەپی کەرەم، زێڕینجۆ، مایندۆڵ، کانی سپیکە، موان، موانی میرزا، موانی مەلا تایەر، موانی حەمەی هەسەن، تەپە سەرقوڵە، کەڵتەکەی حەمەی سۆفی عەلی، کەڵتەکەی مەحموی ڕەشید، شانەدەری، ئاوایی حاجی نامیق، قلرخ، سەراوی سوبحان ئاغا.

وە ئەو گوندانەی کە سەر بە ناحیەی خورماڵن بریتین لە: تەپی سەفای خواروو، تەپی سەفای سەروو، شەشك، شەشکی حاجی عیسا، خێڵی حەمە، تەپە کوڕە، گۆمەلار، دێکۆن، ئاوایی ڕۆستەم بەگ، تازەدێ، کولکنی سمایل خەسرەو، کولکنی حاجی محەمەدی ڕۆستەم، کولکنی ئەحمەد فەقێ کەرەم، گردی گۆ، تەکیە، ئاوایی حاجی حەمە ئەمین، شیرەمەڕ، گێڵەك، گردی قازی، تەپەڕێزینە، قەدەفەری، گوڵەخانە، مەلاوەیسە، ڕیشێن، گردی مەتا.

وە ئەو گوندانەش کە سەر بە ناحیەی سیروانن بریتین لە: شەکرالی، خاکوخۆڵ، لامەرکەزی، تەپەتۆڵەکە، تەپەگولاوی، زەردیان، بەشارەتی خواروو، بەشارەتی سەروو، دوانزەی ئیمام، کاگردەڵ، کانی شێخ، گورگەچیا، ئیمامی زامن، خولامی خواروو، خولامی سەروو، قارەمانی، بێژاوا، بەکراوا، قشلاخەڕووتە، دەلێن، زەمەقی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٠:

٢٠٠٠/١/١ قومبەلەیەك لەناو تەلەفزیۆنێکدا تەقییەوە لە بازاڕی هەڵەبجەییەکانی هەڵەبجەی تازە بەکری عەبدولی حاجی عەبدولا وازۆلی کوشت.

---

١ فەرهەنگی شارەزوور، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٤٠-٤٩.

۲۰۰۰/۱/۱۲ سزای لە سێدارەدان بۆ عەبدولا ئۆچەلان لە تورکیا بەهۆی فشاری یەکێتی ئەورپاوە هەڵپەسێردرا.

۲۰۰۰/۱/۲٦ کاك ئەحمەدی کوێخا نوری بوو بە قایمقامی قەزای شارەزوور.

کاك ئەحمەد کوڕی گەورەی مام نوری مەحمود قارەمانی بوو، کە لە دروستبوونی هەڵەبجەی تازەوە لەو شارە نیشتەجێ بوونو بنەماڵەیەکی ناوداری عەشیرەتی هاروونین. کاك ئەحمەد سەرەڕای ئەوەی هیچ کۆلیژو پەیمانگایەکی تەواو نەکردبوو، بەڵام کەسێکی زۆر ئیداریو لێبڕاو بوو بۆ کارەکەی، لەماوەی خزمەتەکەیدا توانی چەندین پڕۆژەی باش بێنێتە شارەکەوەو دەروازەی شار بەدرێژایی کیلۆمەترێك بە درەخت سەوز بکات, هەروەها ئەو کەسێکی خۆشەویست بوو لای خەڵکی شارەکە وبەردەوام بەدەم گرفتیو کێشەی خەڵکەوە دەڕۆشتو لە هەموو بۆنەیەکدا ئامادەیی هەبوو.


. . . . . . . . . . . . . . . . . .

۲۰۰۰/۲/۳ ڕۆژی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە هەرێمی سەوز ئەنجامدراو حاکم قادر حەمە جان بوو بە سەرۆك شارەوانی سلێمانیو مامۆستا عەزیز بوو بەسەرۆکی شارەوانی قەزای شارەزوور.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## پێشبینی دروست بوونی مۆبایل

۲۰۰۰/۳/۱ لالە مەجید حاجی حەمە نەسیم حاجی مارف تەپی سەفایی لە هەڵەبجەی تازە کۆچی دوایی کرد.





لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا ولاخ دەکەوێتە نێو مەزرای لالە مەجید حاجی حەمە نەسیم لە گوندی تەپی سەفا، لالە مەجید لەسەر گردەکەوە تەماشای زەوییەکەی خۆی دەکاتو دوورە ناتوانێت دەستی بگات بەو ولاخە،، ئەڵێت ئاخ ئێستا جیهازێك هەبوایە لێرەوە بە فلان کەسم بوتایە کەلەو ناوەدا خەریکی کاری کشتوکاڵی بووە بێ زەحمەت ئەو مانگایە لەو زەوییەی من دەربکە لەو کاتەشدا وەکوو مۆبایلی پی بێت دەست دەبات بۆ لای گوێی.

مامۆستا مەلا مارف لەسەر گردەکە دەبێت، ئەڵێ ئادەی مەجی وەرە بۆ لام لالە مەجید نزیکی دەبێتەوە ئەلیت مامۆستا فەرموو. مامۆستا مەلا مارف ئەڵێت: مەجی ئاگام لێ بوو داوای جیهازێکی ئاواو ئاوات دەکرد دەنگت بگەیەنێت بە برادەرەکەت لەو دوورەوە، بامنیش پێت بڵێم قەسەم بەخوا ڕۆژێك دێت لەسەر ئەم گردەوە قسە لەگەڵ ئەمریکا ئەکرێت، هەموو شوانو گاوانێك دەتوانن قسە لەگەڵ دوورترین شوێندا بکەن. لالە مەجید وتی: ئای مامۆستا بێ قەزا بیت شتی وا چۆن دەبێت.

لاله مەجیدیش کەسێکی سینەسافی خۆش کەلامی مێژووزان بوو لە ساڵی ١٩١٩ لە گمەی سەر بەخانەقین دایك بووە، باسی هەرکەست بۆ بکردایە وەکوو سێرچی گوگڵ حەوت پشتی ئەو کەسەی بۆ هەڵئەدایتو دەیبردەوە سەر ئەسڵو نەسەبی خۆی.

. . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٠/٤/١ کۆچی دوایی کەسایەتی ناودار حاجی ئیبراهیمی قەڵاتۆپزان سەرۆکی عەشیرەتی شاتری.



حاجی ئیبراهیم کوڕی حاجی محەمەدی کوڕی مەحمود کوڕی ئیبراهیم کوڕی مەنسور)ە, ناسراوە بە (حاجی ئیبراهیم ی شاتری). پیاوێکی خانەدانو نیشتمانپەرەورو چاکەخواز بووە. ساڵی (١٩١٩) لە ناوچەی گەرمیان لەدایکبووە.

حاجی ئیبراهیم لەبەر ئەوەی کوڕی پیاوێکی ناودارو خواپێداو بووە، هەر بەمنداڵی باوکی مەلای بۆ هێناوەو فێری خوێندەواری کردووە، قورئانی خەتم کردووە، لە ساڵی ١٩٤١ وازی لەکۆچەرایەتی هێناوەو لەگوندی (قەڵاتەپزان)ی گەرمیان نیشتەجێ بووە، لە ٢٠٠٠/٤/١ کۆچی دواییکردووە.

حاجی برایم کەسایەتییەکی دیارو ناسراو بووە، شاعیرێکی بەتوانا بووە، بە زمانێکی پاراوو سادەو کوردانەی جافی شیعری نووسیوە، زۆربەی شیعرەکانی بەکێشی پەنجەی خۆماڵی نووسیوە، ئەو کێشەی کە شاعیری گەورە مەولەوی تاوگۆزیو چەندین شاعیری تری جاف شیعریان لەسەر داناوە. حاجی زۆربەی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بە شیعر هۆنیوەتەوە، ئەم جۆرە شیعرانە پێیان ئەوترێ (شیعری موناسەبات) شیعری بۆنەکان، بایەخی مێژوویی گرنگیان هەیە، چونکە تۆمارێکی ڕاستەقینەی ڕابردوون.

شیعرەکانی لە دوو دیواندا چاپکراون، کە برتین لە (دیوانی جاف)و (کۆچو کۆچبارو گەڕانەوە). ئەوکەسانەی کە حاجییان دیوە، ئەڵێن زۆر بەپەلە قسەی کردووە، هەموو کەسێك بە ئاسانی لە قسەکانی تێنەگەشتووە، بەتایبەت لە ئاخروئۆخری تەمەنیا.

هەروەها چونکە سەرۆکی عەشرەت بووە، ڕۆڵی زۆری گێڕاوە لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا. لە شیعرەکانیدا باسی زۆر دەردی کۆمەڵایەتی کردووەو چارەی بۆ دیاری کردوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٠/٤/٥ فەرمانبەرانی دادگای شارەزوور چوین بۆ سەیران بۆ ئەحمەد ئاواو زەڵم.

٢٠٠٠/٤/٨ کۆچی دوایی نوسەرو سیاسەتمەداری کورد ئیبراهیم ئەحمەد لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە شاری لەندەن.

٢٠٠٠/٦/١٠ مردنی حافز ئەسەد سەرۆککۆماری سوریا، هەرلەم ڕۆژەدا پەرلەمانی سوریا هەمواری مادەیەکی دەستوری کرد، کەنابێت تەمەنی سەرۆککۆمار لە ٤٠ ساڵ کەمتر بێت, بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکەن بۆ بەشار کوڕی حافز ئەسەد کە تەمەنی لە سییەکاندا بوو، ببێت بە جێگرەوەی باوکی.

٢٠٠٠/٦/١١ پەنجاوسێیەمین دانیشتنی سوڵح وئاشتی نێوان یەکێتیو پارتی ئەنجام درا لە شەقڵاوە.

٢٠٠٠/٦/١٢ کوڕی مامۆستا جەعفەر مستەفا عەبابەیلێی لە دەریاچەی سیروان خنکا.

٢٠٠٠/٨/٢٠ کۆبونەوەی پەنجاو چوارەمینی سوڵحی پارتیو یەکێتی لە کۆیە ئەنجام درا.

٢٠٠٠/٩/١٥ نۆ پێشمەرگەی یەکێتی لەشەڕی پەکەکەدا کوژران.

٢٠٠٠/١٠/١ شەڕی یەکێتیو پەکەکە گەرم بوو لە ناوچەی قەندیل ٧ پێشمەرگەی یەکێتی کوژران.

٢٠٠٠/١١/٤ من کاك بەکرو کاك جەبار چوین بۆ ماڵی کاك حەسەن قادر گەرمیانی بۆ هەواڵی ئەسعەدو مەریوان کە لەشاری وانی باکوری کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر مابوونەوە. کاك حەسەن وەکوو دەلیل لەگەڵیاندا بوو. ئەو ئێوارەیە لە سەنتەری سەرچنار تەلەفۆنمان لەگەڵدا کردن، هێشتا لەشاری وان بوون، ئیتر ئێمەش لە سەلامەتییان دڵنییا بوین گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

٢٠٠٠/١١/٥ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە سلێمانی دەرچوو.

٢٠٠٠/١١/٢٧ یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ساڵی ١٤٢١ کۆچی.

٢٠٠٠/١٢/٩ جەنازەی کوڕەکانی حەسەنی قادر گەرمیانیو نوری قاینەیجەییان هێنایەوە لە تورکیا کە لەوێ کوژرابون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠١

ئەم ساڵە یەکەم ساڵی سەرەتای سەدەی بیستو یەکەمەو جیهان پێ دەنێتە ناو قۆناغێکی نوێوە. جەنگی تیرۆر گەرمترین باسو خواسی ئەم ساڵی جیهان بوو. دوو کۆشکی ئەمریکا لە شاری نیۆرك هێرشی دەکرێتە سەرو تەختی زەوی دەکرێت. ئاژانسەکانی هەواڵ کە زۆربەیان لەلایەن جولەکەوە بەڕێوەدەبرێنو هەرچی هەواڵی جیهانە لەوانەوە وەردەگیرێت، هەر سیناریۆیەکی بوێت بەو شێوە دایدەڕێژنو جیهانی سێهەمیش وەکوو توتی هەواڵەکە چەند پات دەکەنەوەو باوەڕی تەواوی پێ دەهێنن.

تیرۆر نە پەیوەندی بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە هەیەو نە لێرەوە سەری هەڵداوەو نە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵکو تیرۆر لەناو جەرگەی بێباوەڕیدا سەری هەڵدا. هەمیشە موسڵمانان قوربانی دەستی تیرۆر بوونو زەرەرمەندی یەکەم بوون لێی. بەڵام دەوڵەتە داگیرکەرو زلهێزەکان بۆ بەرژەوەندی ئابووریو بانگەشە بۆ کوفرو بێ باوەڕی، دەستبەرداری خاکی پڕ خێروبەرەکەتی وڵاتە موسڵمان نشینەکان نەبوونو نابن.

هەمیشە چاوی تەماعیان لەسەری بووەو بۆ دەرفەتێك گەڕاون بێنەوە داگیری بکەنو سەروەتو سامانی هەڵلوشنو گەلەکەی هەژارو برسی بکەن.

بەڵێ، فێڵو دەجەلی تیرۆر باشترین هۆکارو وەسیلەی گەڕانەوەیان بوو بۆ ناوچەکە. خۆیان باش دەزانن کە موسڵمان هەرگیز نابێت بە تیرۆریست. ئەوانەی کاری تیرۆر دەکەن با هەڵگری هەر ناوێك بن، بەهیچ شێوەیەك نە موسڵمانو نەپەیوەندیان بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە. تیرۆریست ئاژاوەگێڕو تێکدەرو گومڕاو بێ باوەڕە.

نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە داڕێژراو دەوڵەتی عوسمانی پارچە پارچە کراو نیشتمانی عەرەبی کرا بە چەند دەوڵەتێكو سنوری دەستکردیان کرد بە سەنگەری دوژمنایەتی موسڵمانان. سیاسەتی (فرق تسد) یان بەکار هێناو هەر دەوڵەتێکی تازە دروستکراویان کرد بە دوژمنی ئەوانی تر. بۆ ئەوەی هەرکات بیانەوێت سود لەم ناکۆکیانە ببینن‌و بێنەوە بۆ کوێخاییو حوکم کردن.

ئەمریکا پێشتر لە جەنگی کەنداودا پێیەکی خستبووە سەر خاکی کەنداوو بنکەو بارەگای سەربازی خۆی لێ جێگیرکردبوو، بەڵام ئەم جارەیان جیاوازتر لەسالآنی نەوەدەکان، دەیەوێت بەهەموو سەنگو قورسایی خۆی ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئەوەبوو بەنەخشەیەکی زۆر وردو تۆکمە بەسیناریۆیەکی داڕێژراوی نوێوە، کە بەلای زۆربەی ئەمریکییەکانیشەوە ناڕوونو جێگای گومان بوو، ویستی خاکی ئەفغانستانو عێراق داگیر بکات.

ئەوەبوو دوو کۆشکی گەورەو زەبەلاحی خۆی لەشاری نیۆرك تەختی زەوی کرد، وە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە کە ئوسامە بن لادنی گەورە پیاوی ئەمریکا ڕابەرایەتی دەکرد، ئۆباڵی ئەو کارە تیرۆریستییەی خستە سەر خۆیو بەمەش ئامانجەکانی ئەمریکا کەوتە سەر سکەی خۆی، کە هاتنەوە بوو بۆ داگیرکردنەوەی خاکی موسڵمان نشین.

ئەوەبوو یەك لەدوای یەك ئەفغانستانو عێراقی داگیرکردو حکومەتەکانی ئەو دوو وڵاتەی ڕوخاندو سیستەمی سیاسی هەرکامیانی بەشێوەیەکی تر داڕشتەوە. ڕووداوێکی گرنگی تری ئەم ساڵ پەیوەندیدار بوو بە باشوری کوردستان، ئەویش دروستبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی بەناو (جوندولئیسلام) بوو. ئەم ڕێکخراوە بەهەمان بیروبۆچونو پەیڕەوو پڕۆگرامو یارمەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە هاتە لەدایك بوون. سەرکردەکانی لە ئەفغانستان خوێندبویانو لەوێش مەشقی سەربازییان بینی بوو.

ئەم دومەڵە نوێیە لە تەوێڵەو بیارەوە لە پارێزگای هەڵەبجە هەڵتۆقی، چونکە ناوچەیەکی شاخاوی بوو، وە کەرەستەی خاوی بیری توندوتیژی لەو ناوچەیە ئامادەبوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی پێشتر بزوتنەوەی ئیسلامی بزوتنەوەیەکی چەکداری تونڕەو بوو، سەدان ئەندامیان هەڵگری هەمان بیروباوەڕی تونوتیژی بوونو وەکوو خۆیان دەیان وت (جیهاد حەوت کوڵی داوە)، واتە جیهادی ماددیو چەك هەڵگرتنو

کوشتاری هەموو ئەوانەی کە لەسەر بیروباوەڕو بەرنامەی خۆیان نین، فەرزی عەینەو گومان هەڵناگرێت. بەمەش چەندین کەسی توندوتیژو سەرەڕۆ پەیوەندییان کرد بەو ڕێکخراوە نوێیەوەو بوون بەهۆی هەتیوکردنی سەدەها منداڵو بێوەژن خستنی چەندین ژنو بەهەدەردانی سەروەتو سامانی وڵات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .


- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠١:

٢٠٠١/١/١٠ شەڕی نێوان گلاڵیو تەرخانی لە نێوان هەردوو گوندی کۆڵەبی گلاڵیو کانی ئاسکانی تەرخانی ڕویدا لە ئەنجامدا پیاوی ناوداری تەرخانی حاجی عەلی لە کانی ئاسکان کوژراو پیاوێکی گلاڵی لە کۆڵەبی کوژرا.

٢٠٠١/١/٢٠ جۆرج بوشی کوڕ وەکوو سەرۆکی ئەمریکا دەست بەکار بوو.

٢٠٠١/١/٢٠ دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی سلێمانی.

٢٠٠١/٢/٢ کۆچی دوایی ئەحمەد ڕەشید ڕەمەزان گلاڵی لە نەخۆشخانەی سلێمانی.



ئەحمەد ڕەشید ڕەمەزان گلاڵی لە ساڵی ١٩٤٧ لە ناوچەی گەرمیان لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٤ خراوەتە بەر خوێندنو تا پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە. کاك ئەحمەد پاشتر دەبێت بە ئەندامی ڕێکخراوی وارماوای پارتی دیموکراتی کوردستان، دواتر چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو دەبێتە پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی پارتیو بەشداری خولی تۆپخانەی سەربازی شۆڕش دەکات. لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو زۆر دڵسۆزانە ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێت. ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا. کاك ئەحمەد کەسێکی دڵسۆز بوو بۆ نیشتمانو نەتەوەکەیو حەزی بەخزمەت دەکردو ماندوو بوونی نەدەزانی. مەخابن لە بەرواری ٢٠٠١/٢/٢ گەیشتە کاروانی نەمرانو ماڵ ئاوایی لە هەموان کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠١/٢/٣ مامۆستا مەلا ڕزگار بەڵخەییو خاڵۆ مارف شەو لە ماڵمان بوون. مامۆستا ڕزگار سەلیم پیاوێکی ئیمانداری خوێندەواری بە سەلیقەو بە حیکمەتە، چەند ساڵێك لە مزگەوتی تەپی سەفا پێش نوێژو وتار خوێن بوو، لەو ماوەیەدا چەند گۆڕانکارییەکی لە حەوزو سەرئاوی مزگەوتەدا کرد، هەروەها ئاوەڕۆی مزگەوتەکەی داپۆشی کە بەسەربەتاڵی بەناو ئاواییدا تێدەپەڕیو دەڕژایە جۆگەی تەوێڵەجۆ. جگە لە کاری ئیداری، خۆشەویستیو برایەتیو تەبایی بۆ خەڵکی ئاوایی گێڕابوویەوە.

۲۰۰۱/۲/۱۱ دادوەر حسێن محێدین تاماس بوو بە دادوەری دادگای بەرایی شارەزوور.

۲۰۰۱/۲/۱۸ فرانسۆ هەریری سەرکردەی پارتی لە هەولێر تیرۆر کرا.

۲۰۰۱/۳/۲ ئەسعەدی برام گەیشتە ولاتی بەریتانیا.

۲۰۰۱/۳/۱۹ لە فەرماندەیی شارەزوور لە سەراوی سوبحان ئاغا گولە هەاوەنێ تەقییەوە، بوو بە هۆی کوشتنی ۳ پێشمەرگەو بیریندار بوونی ۱۹ کەسیتر.

۲۰۰۱/۳/۲٦ تیرۆر کردنی شاعیرو نوسەری کورد مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە شاری بەغدا.

۲۰۰۱/٤/٥ ئاسۆی شێخ نوری بوو بە پارێزگاری سلێمانی.

۲۰۰۱/٤/۱۱ بنەماڵەی سەلیم بەگو کرێچییەکەیان لە سلێمانی گەڕەکی برایم پاشا بوو بە شەڕیان لە ئەنجامدا کەسێك کوژراو پێنج کەسی تر بریندار بوو لە ناویاندا شاخەوانی ڕەوف بەگ.

۲۰۰۱/٤/۱٥ دوو کاغەزم نوسی بۆ ئەسعەدو مریوان دام بە کاك شەوکەت بیبات بۆیان لە بەریتانیا.

۲۰۰۱/٥/۱۸ عوسمان حەمە ساڵح عەزیز بێسەڵمێنی کەوتە ناو مەفرەزەی گومرگەوەو کوژرا.

۲۰۰۱/٥/۲۱ بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلەکەیەوە شازاد سائیب وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی سلێمانی کۆچی دواییکرد. ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو.

۲۰۰۱/٥/۲٦ هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی حکومەتی هەرێم ناوچەی زەرد بەرێوەچوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## سەفەری پڕ دەردی سەری

۲۰۰۱/٥/۳۰ کاك شەوکەتی حاجی مشیر نامەیەکی ئەسعەدی برامی لە بەریتانیاوە بۆ هێنامەوە کەلەم بەروارەدا نوسیویێتی. لە نامەکەدا دوای ڕێزو سلاو باسی سەفەرکەکەی دەکات کە بە قاچاخی لە تورکیاوە ڕۆشتووە بۆ بەریتانیا.

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ برای بەڕێزو خۆشەویستم کاك سەرحەد گیان

دوای (یەك لاپەڕەی دوورو درێژ سلاوو ڕێزو هەواڵ پرسین)

دواتر دەنوسێت: لەنامەکەتدا داوای ئەوەت کردووە باسی ئەو ڕێگایەت بۆ بکەم، بەڵام بڕوا بکە هەزار لاپەڕەی دەوێت، بەڵام چونکە پێت خۆشە هەوڵ ئەدەم بەکورتی بۆت باس بکەم.

جابرام خۆت ئەزانی زۆر بە ئەستەم گەیشتینە وان، لەوێ پارەمان لێ برا، پورە دلوستانم ٥۰۰ دۆلاری بۆ منو ڕەوف نارد. ڕەوف گەیشتە شاری ئەستەنبوڵ، منو مەریوان بۆ ماوەی ٤۲ ڕۆژ ژیانێکی تاڵو ناخۆشمان لەشاری وان بەسەر برد. بەڵام کەچومە ئەستەنبوڵ ماجید لەوێ زۆر پیاو بوو لەگەڵماندا، ۱۲

ڕۆژیش لەوێ ماینەوە. بە ڕێگای دەریا نەمانتوانی بەرەو یۆنان بچین، ناچار ڕێگای تاکسیمان هەڵبژارد، دواتر تاکسیشمان هەر نەبینی.

دەرچوونەکەمان پیاوانەبوو لە ئەستەنبوڵەوە تا ئەسینا ٣٨ کاتژمێرمان پێ چوو، ئەویش چۆن؟ لە ناو سندوقی پاسی گەورەدا تا سلۆنیك، لەوێشەوە چوینە سەرەوە بۆ شوێنی نەفەر تا ئەسینا، یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان گەیشتینە ئەسینای پایتەختی یۆنان.

بەڵام خوا بیبڕێت چی ژیانێك هەیە لە ئەسینا، ئەو دوو سێ مانگە دۆزەخ بوو بۆ ئێمە. بەهەر حاڵ مەریوانی کاك عوسمان بە ٥٠٠ دۆلار دەرچوو لە پاترا کە شارێکی یۆنانە لەسەر ئاو بەرامبەر بە ئیتالیایە، بەسێ ڕۆژ دەرچوو، کەئەوەش بەختێکی باشە.

ئێ سەرەی من هات چووم بۆ پاترا، بڕوا بکە لەشەمەندەفەرەکەی ئەسینا، پاترا دابەزیم شەو بوو، تەنها یەك چارەك مامەوە، قومێك ئاوی پاترام نەخواردەوە، دەرچووم. ئەوەش یەکەم جارە نەفەر بەو شێوەیەی من بە ٥٠٠ دۆلارو بەو ئاسانییە دەربچێت، خەڵك بە شێوەیەکی ترو بە ١٥٠٠ لەوێ دەردەچوون، تەنها جیاوازییەکەی ئەوەبوو نەفەری ١٥٠٠ دۆلاری شۆفێرەکە خۆی دەیخستنە ناو شاحینەکە، بەڵام ئەمەی من بە دزییەوە خۆمان دەکرد بە ناو شاحینەکەداو ئەستەم تر بوو. پاشان چوومە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا، ٤٠٠ دۆلارم پێ بوو. لەوێ قاچاخچیم نەگرت، هەر خۆم بلیتی فەرەنسام بڕیو خۆم گەیاندە پاریس. پاشان لەوێ بلیتی کالاسم بڕی کە شارێکی فەرەنسییە لەسەر ئاوو هاوسنوری بەریتانیایە. لە کالاس پارەم پێ نەما بۆ ماوەی ١٣ ڕۆژ مامەوە، دەرچوون زۆر ناڕەحەت بوو بڕی ٣٠٠ دۆلاری دەویست کە من نەمبوو بیدەم، ناچار بەرگی شاحینەیەم دڕی وخۆم بە تەنهاو بە دزییەوە چوومە ناویو خۆم شاردەوە. شاحینەکە بەسەر شەمەندەفەرەوە بوو، پاش تێپەڕبوونی کاتژمێرێك خۆی کرد بە تونێلی ژێر ئاوەکەی نێوان فەرەنساو بەریتانیادا کە ماوەکەی ٣٢ دەقیقە دەبێت. لەوبەرەوە لەناو خاکی بەریتانیا شاحینەکە نەوەستا، زۆرم دا لە پلێتی شاحینەکە شۆفێرەکە نەیدەوێرا بوەستێت، چونکە لەوێ هەر کەس بگیرێت لەنێو ئەو شاحینانەدا ٣٢٠٠ دۆلار غەرامەی شۆفێرەکە دەکەن. بەهەر حاڵ لە نزیکی شاری لەندەن لە جێگایەکی چۆڵدا فڕەی دامە خوارەوە. پارەم پێ نەبوو تا تەلەفۆن بکەم بۆ ئالانی پورزام تا بێت بە دوامدا، ناچار خۆم تەسلیمی پۆلیس کرد.

پاشان لە شاری دۆڤەر دانرام، دواتر ئالان بە هەر فڕوفیلێك بوو بردمی بۆ ساوسهامبتۆن بۆ لای مەریوان. لەوێ نزیکەی ٤٠ ڕۆژ پێکەوە بوین، دوایی هەریەکەمان هەڵدراینە جێگایەك، دەسەڵاتی کەسی تێدا نییەو حکومەت خۆی بڕیار ئەدات.

براکەم من ئێستا لە بەریتانیا لە کاردیف پایتەختی وێڵز خانویان داوە پێم، ئەوێ شارێکی زۆر خۆشە ٣ کاتژمێر لە لەندەنەوە دوورە، بەڵام خەڵکی خاریجی تێدا کەمە.

ئەمە بەكورتی بەسەرهاتی ئەو ڕێگایەمان بوو کە تۆ حەزت کرد بیزانیت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠١/٥/٣١ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە ئەمیرایەتی مامۆستا عەلی باپیر ڕاگەیەنرا.

٢٠٠١/٦/٩ محەمەد خاتەمی بۆ دووەم جار بەسەرۆککۆماری ئێران هەڵبژێررایەوە.

٢٠٠١/٦/٢٤ لەدوای شەڕی ناوخۆ یەکەم وەجبەی ماڵەکانی پارتیو یەکێتی توانیان بێنەوە بۆ سلێمانیو بچنەوە بۆ هەولێر.

٢٠٠١/٦/٢٨ چوم بۆلای کاك شەوکەت لە بەریتانیا گەڕابویەوە.

٢٠٠١/٧/٨ پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی قالە سور خورماڵی کۆچی دوایی کرد.

٢٠٠١/٩/٢ هێزی دووی سۆرانی بزوتنەوەی ئیسلامیو هێزی حەماس لە ناوچەی بیارە بوون بەیەكو جوندولئیسلامیان دروست کرد کە ڕێکخراوێکی فول تیرۆریستی دەرچوو.

٢٠٠١/٩/١١ ڕوودانی کارەساتی کاول بوونی دووکۆشکی گەورە لە ئەمریکا.

٢٠٠١/٩/٢١ ڕێکخراوی تیرۆریستی بەناو جوندولئیسلام دکتۆر ڕێبوار سەید عومەریان لە هەڵەبجەوە ڕفاند بۆ بیارە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## خێڵی حەمە خلتانی خوێن کرا

٢٠٠١/٩/٢٣ جەنگی یەکێتیو بەناو ولئیسلام لە خێڵی حەمە وە دەستی پێکرد ٤١ پێشمەرگەی یەکێتیان لەناو گوندی خێڵی حەمە قەتلو عام کرد، بەم ناوانە: حسێن عەولا پیروەیس تەپی کەرەمی، خەلیل عەولا حسێن پیروەیس تەپی کەرەمی، فەرەج حەحە فەتاح قادر کانی کەوەیی، زانا فەرەج حەمە فەتاح قادر کانی کەوەیی، ڕەحیم مەحمود ئەحمەد بارام، ئیبراهیم عەزیز ئەمین شاه محەمەد لە دایك بووی دەربەندیخان، دڵشاد ڕەحیم محەمەد ساڵح ڕەشید لەدایکبووی قەرەداغ، کامەران محێدین حەمە فەتاح گلاڵی کانی کەوەیی، کاروان ئەحمەد عارف ڕۆستەم لەدایکبووی سەیدسادق، عومەر محەمەد ڕەسوڵ حەمە ڕەشید پێبازی، عومەر عارف عەولمحەمەد کەریم سەیدسادقی، ئەکبەر محەمەد سەعید عەلی کانی هەمزەیی، عەدنان عەبدولا خالید عەبدولعەزیز شەمێرانی، جەبار تۆفیق مەحمود ڕەسوڵ خەراجیانی، یاسین عومەر ئەحمەد فەرەج لەدایکبووی سلێمانی، حەسەن محەمەد ساڵح لەدایکبووی دەربەندیخان، ڕزگار محەمەد سەعید لە دایك بووی سەیدسادق، ڕەوف ئەحمەد قادر ئەحمەد شارەزووری، عەتا عوسمان ساڵح سەعید مەحمودخانی، حسێن محەمەد نەجم عەبدولقادر شێروانەیی، تەها عەلی حەمە ساڵح ئەحمەد قەرەداغی، دڵشاد محەمەد عەلی سلێمان بازیانی، مەحمود حسێن عەلی محەمەد هەڵەبجەیی، عەبدولا ڕەشید محەمەد عەبدولا ئاغجەلەری، زانا ساڵح مەحمود ساڵح لەدایکبووی سلێمانی، عەلی عەبدولا سەعید ساڵح

هەڵەدنی، سدیق ئەحمەد عەزیز قادر هەڵەدنی، ئاوات مەمەند سەعید قادر تەلایی، شەهاب ئەحمەد میرزا عەبدوڵا کەرکوکی، نازم شکور کەریم عەلان قادرکەرەمی، کەریم سەعید مەحمود هەڵەدنی، غازی عەلی قادر ساڵح قادرکەرەمی، کامیل محەمەدئەمین عەبدولرەحمان عەلیاوایی، فەتحولڵا ڕەشید محەمەد عەبدوڵا ئاغجەلەری، محەمەد محەمەدئەمین ڕەفیق ڕەزا تەوەکەلی، کەریم سەعید مەحمود ئیسماعیل هەڵەدنی، تۆفیق محەمەد ڕەشید عەولمحەمەد سەرقەڵایی، موخلێس تاهیر عەبدوڵا حسێن هەولێری.

لەگەڵ هەریەکە لە فەتاح ئەحمەد کەریم گلاڵیو سیروانو ئەرسەلانی کوڕی. ئەم سێ کەسەی کۆتایی باوکو برای مامۆستا (سەباح)ن لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.




٢٠٠١/٩/٢٣ لەهەڵەبجەی شەهید، ئەسعەد ئێناخی کوژرا.

٢٠٠١/١٠/٢٤ لە هەڵەبجەی شەهید، جەوهەر زەردۆیی کوژرا.


٢٠٠١/١٠/٣ پۆلێك پێشمەرگە لە چیای شنروێ لە شەڕی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبونەوەدا لە گەڵ تاقمی تیرۆریستی بەناو جوندولئیسلام گیانیان بەختکرد لەوانە: ئیبراهیم عەلی محەمەد نادر سیروانی، بەختیار تۆفیق ئەحمەد هانەقوڵی، حسێن حەمە محەمەد ڕەحیم بازیانی، کەمال بەشارەت ڕەشید تەیمەزئاوایی، حسێن محەمەد زێدان بازیانی، سیامەند محەمەد ئەحمەد نادر قامیشەیی، ئەبوبەکر محەمەد ڕەحیم دارتوی مەولانایی.

٢٠٠١/١٠/٨ ئەمریکاو بەریتانیا هێرشی ئاسمانییان بۆ سەر تالیبان دەست پێکرد لە ئەفغانستان.

٢٠٠١/١٠/١١ لەم شەوەدا لە شەکرالی بوم لە ماڵ حمە ئەمینی کاك حامی بستەم دەکردە گونیە. وەرزی هەڵگرتنی بەروبوم بوو، لەم ساڵانەدا گرنگی دەدرا بە چاندنی عەلی بابا (بستەی چەور) کە داهاتێکی باش بوو بۆ جوتیارەکان. منیش کاك سالاری مامە حەمە لە گوندی شەکرالی زاریعم بوو، زەوییەکەی کردبوو بە بستە بە شەریکی، واتە زەوی منو کاری ئەو دوایی بەروبومەکەمان دەکرد بە دوو بەشی یەکسانەوە.

۲۰۰۱/۱۰/۱۸ مام جەلال لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجەو هەورامان کۆبویەوە.

۲۰۰۱/۱۰/۱۸ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عومەر ڕێشاوی. ناوبراو زانایەکی ئایینی ناوداری ناوچەی هەڵەبجە بوو. ساڵی ۱۹۳٤ لە گوندی ڕێشاوی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید لەدایك بووە، مامۆستا لە سەرەتای لاویەوە بوو بە قوتابی زانستی شەرعی، لە حوجرەی مزگەوتەکانی دەڤەری سلێمانیو هەڵەبجەو کۆیە، بۆ ئەوەی ببێتە مەلایەکی شارەزاو زانستە شەرعیەکان فێر ببێتو هەستێت بە خزمەتی ئەو خەڵکەی دەوروبەرو گەلی کوردستانی ئیسلام ویست.




بە شاهیدی مامۆستاو هاوەڵانی قوتابیەکی گوێگرو زیرەكو ڕەوشت بەرزو سەرکەوتوو بوو. پاش بڕینی قۆناغەکانی زانستە شەرعیەکانو دوا مەنزڵی لە خزمەتی مامۆستای ناوداری ناوچەکە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز (خوالیی خۆش بێت) لە دێی (پریس) گیرسایەوە، ئیجازەنامەی مەلایەتی لای ئەو وەرگرت، بەم شێوە (کۆچ کردوو) بوو بە (مەلا) یەکی زاناو بەتواناو نۆرەی ئەوەی هات ئەو زانستو شارەزایی یە شەرعیەی وەری گرتووە بیبەخشێت.

لە بواری زانستە شەرعییەکاندا، لەو کەسانە بوو کە زۆر بە جوانی بەیەکەوە گرێدانی هەردوو چەمکی (اصاله)و (تجدید)ی بەرجەستە کردبوو. مامۆستا لەیەك کاتدا (عالم)و (متعلم) بوو. پیرێکی لاو و، لاوێکی پیر بوو، ماندوونەناس بوو، مامۆستاعومەر ڕێشاوی لە بەرەبەیانی (۲۰۰۱/۱۰/۱۸) کوچی دوای کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۲۰۰۱/۱۰/۲۳ دوو پێشمەرگە لە چیای شنروێ لە شەڕی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبونەوەدا لە گەڵ تاقمی تیرۆریستی بەناو جوندولئیسلام گیانی خۆیان بەختکرد ئەوانیش: ئەشرەف عەلی ڕەسوڵ شاسوار، شەریف نامیق ڕەشید

۲۰۰۱/۱۱/۳ پۆلێك پێشمەرگە لە چیای شنروێ لە شەڕی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبونەوەدا لە گەڵ تاقمی تیرۆریستی بەناو جوندولئیسلام گیانیان بەخشی بەخاكو گەلەکەیان لەوانە: سەعدون قادر محێدین قەرەوەیسی، شوان عومەر محەمەد سەعید قەیتولی، خەلیل فایەق شوکر زەینەڵ کەرکوکی، محەمەد تۆفیق محەمەد فارس چەمچەماڵی.

۲۰۰۱/۱۱/٤ هەردوو پێشمەرگە لە چیای شنروێ لە شەڕی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبونەوەدا لە گەڵ تاقمی تیرۆریستی بەناو جوندولئیسلام گیانیان بەخشی ئەوانیش: سەلام سەید سادق جافانی، ئازاد قادر حەیدەر ئۆمەرمەندانی.

٢٠٠١/١٢/٧ یەکەم نوێژی هەینی لە مزگەوتی ئەبوبەکری سدیق بە ئیمامەتی مەلا ئەحمەدی حاجی ساڵح کانی بەردینەیی ئەنجام درا.

١٢/٣٠/ ٢٠٠١ کاك محەمەدی حاجی ناجی هەڵەبجەیی کەدەکاتە خوشکەزای باوە حاجی عوسمانم لە هەڵەبجە کۆچی دوایکرد. ناوبراو کوڕی حاجی ناجی حاجی مرادخان کەسایەتی دیاری شاری هەڵەبجە بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٢

ساڵی ٢٠٠٢ بە نیسبەت هەرێمی کوردستانەوە ساڵی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان بوو، تاقمی تیرۆریستی (جند الاسلام)و دواتر (انصار الاسلام) بۆ کاری تیرۆریستی دەهاتنە سلێمانیو هەولێرو شارەکانی تری هەرێمو پەلاماری سەرکردە حزبیو حکومییەکانیان دەدا، لەوانە هەڵکوتانە سەر ماڵی دکتۆر بەرهەم ساڵحو کوشتنی پێنج پاسەوانی ناوبراو، هەروەها قەسابخانەکەی گردە درۆزنە لە تەنیشت گوندی تەپەکوڕەدا هەر لەم ساڵەدا بوو، تیرۆریستان هەڵیان کوتایە سەر پێشمەرگەکانی یەکێتیو کوشتارێکی زۆریان لێ کردن. هەروەها ئەو تاقمە تیرۆریستە مەرقەدی شێخانی بیارەو باخەکۆنیان هەڵدایەوە ڕووفاتی ئەو مەردو گەورە پیاوانەیان لە جێگایەکی تردا شاردەوە بەوەش جاڕی مەرگی خۆیان ڕاگەیاند کە دەوترێت (سەگی هار چل شەو عومری هەیە) واتە بەهۆی زۆری پەلاماردانەوە سەری خۆی دەخوات.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٢:

٢٠٠٢/١/٢١ بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان ژنێك بوو بە دادوەر، ئەویش خاتوو گەلاوێژ سەعید ئەحمەد بوو کەلەبەردەم مام جەلال دا سوێندی یاسایی خوارد.

٢٠٠٢/١/٢٤ حاجی جەزای حەمە تالیم سەرۆك عەشیرەتی میکائیلی کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٢/٣/١٧ لە هەڵەبجەی تازە سەرژمێری کراینەوە بۆ بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك، باران دەباری عەسر بوو ماڵی عەلی ڕەمەزانی لەماڵمان بوون.

٢٠٠٢/٣/٢١ لە هەولێر تەقەکرا لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی ناوچەی زەرد.

٢٠٠٢/٤/١ کۆچی دوایی بیرمەندو نوسەری کورد مامۆستا مەسعود محەمەد لە نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا.

٢٠٠٢/٤/٢ چەند تیرۆریستێك هەڵیان کوتایە سەر ماڵی دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح لە سلێمانی، دکتۆر بەرهەم سەرۆك وەزیرانی حکومەتی سلێمانی بوو، لەو هەوڵەدا پێنج پاسەوانی دکتۆر بەرهەم گیانیان بەختکرد، کە ئەمانەبوون: ئامانج عەبدولقادر عەبدولرەحمان لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٤ لە گەڕەکی

چوارباخی سلێمانی، عەبدوڵا ئیسماعیل محەمەد ناسراو بە عەبدوڵا سور لەدایکبووی ١٩٦٩ لە گەڕەکی ئازادی سلێمانی، جەزا حەمە ڕەزا حەمە ساڵح لەدایکبووی ساڵی ١٩٧١ لە گەڕەکی سەرچناری سلێمانی، شوان خدر نەبی لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٦ ی شاری قەڵادزێ، کارزان ئەنوەر لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢ لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی.

٢٠٠٢/٤/٥ کۆچی دوایی دیاری حەمە ئەمین حەمە شەریف شەمێرانی لەلایەن تاقمی تیرۆریستی بەناو ئەنسارولئیسلامەوە لە بیارە.

٢٠٠٢/٤/٨ منو ئەحمەدو حەمە عەلیو نەجمەدین چوین بۆ دەربەندیخان بۆ لای لالە حەمدی ئەحمەدی یاروەیس بانی خێلانی. لالە حەمدی پورزای باوکمان بوو، خەڵکی گوندی بانی خێلانی نزیك دەربەندیخان بوو، کەسێکی تا سەر ئێسقان شیوعی بوو، کوڕێکیشی لەو پێناوەدا دانابوو. کە چوینە ماڵەوە خۆیو پورە ئەمنەی خێزانی لە ماڵەوە بوون، لە ژورێکی نە زۆر بچوكو نە زۆر گەورەدا بون. بۆفییەکی کۆن چەند دەست نوێنی بە سەرەوە بوو، وێنەی فەهد سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی عێراقی هەڵواسرابوو لەگەڵ وێنەی کوڕە شەهیدەکەی. کتریو قۆری بەسەر زۆپاکەوە بوو، پورە ئەمنە کە ژنێکی وریاو گورجو گۆڵ بوو دەستی کرد بە چا تێکردن، لالە حەمدی قاپێك توتن کە دەفتەرێکی سیگار بەسەرییەوە بوو دانرابوو، ڕادیۆیەکی پاناسۆنێك لە تەنیشتییەوە بوو. حەمە عەلی خێرا پەڕەیەك سیگاری لێ کردەوەو پڕی کرد لە توتنو بە زمان لێوارەکانی تەڕ کردو جگەرەیەکی توندوتۆڵی لێ دەرچوو، لالە حەمدی جگەرەی نا بە لێوەکانییەوەو حەمە عەلی بە دەنکە شقارتەیەك بۆی گڕدا، دەم وچاوی لالە حەمدی لەناو دوکەڵێکی سپیدا ون بوو، منیش خەریك بووم بە ڤیدیۆ وێنەم تۆمار دەکردن. لالە حەمدی بەسەر هاتی حزبایەتی خۆیو هاتنی عومەر عەلی پارێزگاری سلێمانی بۆ ناوچەکەو دەماقەڵەی خۆی لەگەڵ حەسەن بەگی جافو دروست کردنی تونێلی دەربەندیخانو هەموو ئەو ڕووداوانەی ڕابووردووی دەگێڕایەوە.

٢٠٠٢/٤/١٣ لە هەڵەبجەی شەهید سوڵحی نێوان هەردوو عەشیرەتی ئێناخیو زەردۆیی کرا.

٢٠٠٢/٤/٢٩پرسە دانرا بۆ شاخەوانی حەمەی مام فەرەج کانی شێخیو سامانی حەمە حەسەن حاجی حەمە ساڵح شەکرالیو غازی مەحمود لالە حەمە شەکرالیو قادری کاك حسێن سیروانی کە بەنیازی سەفەر بۆ ئەوروپا لە ئاوەکانی یۆنان خنکابوون.

٢٠٠٢/٥/١٣ لە ناحیەی سیروان محەمەد عەزیز گورگەچیایی کوژرا.

٢٠٠٢/٦/٢١ کاك شەوکەت حاجی مشیر لە ماڵمان بوو. ئەمە دوا سەردانی کاك شەوکەت بوو بۆ ماڵی ئێمە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١ وەو دوای ڕاپەڕین هەمیشەو بەردەوام پێی لێ نەدەبڕینو سەردانی دەکردین. ئەو جگە لەوەی خزمی نزیکمان بوو، لەهەمان کاتدا کەسێکی بەوەفا بوو بۆ خوێنی شەهیدانو

ڕێزی ماڵو منداڵی شەهیدەکانی دەگرتو لەکاروبارییاندا کارئاسانی بۆ دەکردن. بەڕەحمەت بێت منی بە مەلا بانگ دەکرد، نێوانمان زۆر خۆش بوو، ڕێزی بەلاویش ڕێزی گەورەیەکی بۆ دادەنام. جارێکیان لە مەکتبی سیاسی بوو، بۆکارێك سەردانم کرد، بانگی کردمە ژوورەوە بە ئەندامانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی ناساندمو ڕێزیان لێ نام.

کاك شەوکەت بە ڕەحمەت بێت خەمی گەورەی کۆتایی هێنان بوو بە فیتنەی (جوندولئیسلام)و بەهەرکام لە ڕێگای سەربازی یان سوڵحو ئاشتی بوایە ئامادەبوو، خۆی بخاتە مەترسییەوەو ئەو ڕێگایەی دەگرتەبەرو خۆی لێ نەدەبوارد.

ئەوەبوو لە ڕێگای سەربازییەوە، نەخشەی چوونە ناوچەی شارەزووری بە دروستکردنی پێگەو بارەگایەك دەست پێکرد بەسەر گردەکەی تەپی سەفاوە، کە لەبەر دەستی تاقمی تیرۆریسی جوند دا بوو. ئەم بارەگایە هەیمەنەی یەکێتی گێڕایەوە بۆ شارەزوورو چەندین جار لەلایەن جوندەوە پەلامار درا بەلام هەموو هێرشەکانیان شکستی خوارد. تەپی سەفا لەو ناوەڕاستەدا وەکوو چقڵی چاوی تیرۆریستان وابوو. هەربۆیە یەکەم دوژمنیان لەناو یەکێتیدا کاك شەوکەت بوو. وە بۆ دەرفەتێك دەگەڕان زەفەر بەکاك شەوکەت بهێننو لەناوی بەرن. ئەوە بوو بەفڕوفێڵ نەخشەی سوڵحو ئاشتییان بۆ کاك شەوکەت گەڵاڵە کرد. تا بیخەنە ناو داوەوە، وە نەخشەکەیان سەری گرت، لە شوێنی خۆیدا باسی ئەوەمان کردووە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٢/٧/٣ لە شەڕی جوندولئیسلامو یەکێتی دا ئارامی مامەڕەشە یەخی ماڵی گیانی بەختکرد.

٢٠٠٢/٧/٤ لە هێرشێکی تێکشکاوی ئەنسارولئیسلام دا بۆ سەر هەردوو گوندی تەپی سەفای شارەزوور دەیان چەکداری ئەو ڕێکخراوە کوژرانو بریندار بوون. لە یەکێتیش حەسەنی شێخ قادرو جوتیاری حەمەی مستەفا کە هەردوکیان تەپی سەفایین گیانیان بەختکرد.

حەسەن محەمەد ئیسماعیل ناسراو بە حەسەنی شێخ قادر لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی تەپی سەفای



خواروو لە خێزانێکی جوتیارو زەحمەتکێش چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواو دەکات، لە ساڵی ١٩٧٩ لە هەرێمی یەکی شارەزوور دەبێ بە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٨٠ لە ناوچەی شارباژێڕ لەلایەن ڕژێمەوە بەدیل دەگیرێتو پاش دادگایی کردنو لەبەر ئەوەی منداڵ بووە ١٥ ساڵ حوکم دەدرێتو ڕەوانی زیندانی ئەبوغرێب دەکرێت. لە ساڵی ١٩٨٢ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێتو ئازاد دەکرێت. پاش ئازادبوونی پەیوەندی دەکاتەوە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوەو لە ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن ئەمنی خورماڵەوە دەستگیر دەکرێتو بەهەمان شێوەی پێشووی ١٥ ساڵ حوکم دەدرێتو ڕەوانەی ئەبوغرێب

دەکرێتەوە. ئەم جارەشیان بەخت یاوەری بووەو لە ساڵی ١٩٨٤ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێتو ئازاد دەکرێت.

شەهید حەسەن لە ساڵی ١٩٨٦ دەبێت بە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانداو بەردەوام دەبێت لە خەبات، وە بەشداری زۆربەی نەبەردییەکانی کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٠ پەیوەندی دەکات بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو پلەی جێگری فەرماندەیی زەلّمی پێ دەدرێت. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم کردووە لە دژی ڕێکخراوی بەناو جوندولئیسلامو ئەنسارولئیسلامو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پاراستنی ناوچەکەدا. لەبەرواری ٢٠٠٢/٧/٤و لەکاتی هێرش کردنی چەتە تیرۆریستەکانی ئەنساردا بۆ سەر هەردوو گوندی تەپی سەفا، حەسەنی شێخ قادر لەسەنگەرداو لەسەر گردە بچوکەکەی سەر گردە گەورەکەی تەپی سەفا کە دۆشکەیان لەسەر جێگیر کردبوو، بەسەر دۆشکەکەوە گیانی بەختکردو گەیشتە کاروانی نەمران.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٢/٧/١١ کاك حامیدی حاجی خالید دوای زیاتر لە ٨ ساڵ کە لە هۆڵەنداو سوید بوو گەڕایەوە بۆ هەرێمی کوردستان. منو خالۆ مارف چوین بۆ ناحیەی مەیدان بەپیرییەوە.


٢٠٠٢/٧/١٥ تاقمی تیرۆریستی بەناو جوندولئیسلام لە بیارەو باخەکۆن مەرقەدی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندییان هەڵکەندو لە شوێنێکی نادیار ناشتنیان، بەوەش جاڕی بێ حورمەتیو لەناوچونی خۆیان ڕاگەیاند.

٢٠٠٢/٨/٣ پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا مافە کلتورییەکانی کورد لەو وڵاتە دەستەبەر بکات، ئەوەش بە کردنەوەی پەخشی کوردیو خوێندن بە زمانی کوردی.

٢٠٠٢/٨/١٠ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە واشنتۆن بە ئامادەبوونی مام جەلالو هۆشیار زێباریو بەسەرپەرشتی ئەمریکا کۆبویەوە.

٢٠٠٢/١٠/٢ تورکیا سزای عەبدوڵا ئۆچەلانی لە سێدارەوە کرد بە زیندانی هەتاهەتایی.

٢٠٠٢/١٠/٤ پەرلەمانی کوردستان لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ یەکەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی بەڕێوەبرد بە ئامادەبوونی ٥١ پەرلەمانتاری پارتیو ٤٩ ی یەکێتیو ٦ی ئاشوری.



٢٠٠٢/١٠/١١ کاك ڕەحیمی مام سمایل لە تەپی سەفا کۆچی دوایی کرد. کاك ڕەحیم کەسێکی قسەخۆشی کۆمەڵایەتی بوو، نوکتەو بەسەرهاتو قسەی گاڵتەوگەپی زۆر لەلابوو، بەمەش لەهەر کۆڕو دانیشتنێکدا بوایە دەیهێنانە پێکەنین، سەرەڕای ئەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەکوو کەسێکی برینپێچ دەرزی

دەکرد بۆ کەسانی نەخۆش بە خۆڕایی، بەمەش ئەرکی خەڵکی سوك دەکرد تا ئەوەی بچێت لەشار دەرزییەك لەخۆی بدات، خوای گەورە بیکات بە توێشووی قیامەتی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٢/١٠/٢٠ حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی دەرکرد بۆ زیندانیانی سیاسی.

٢٠٠٢/١٠/٢٩ پشتیوان محەمەد حاجی مەحمود گوڵەخانە لەسلێمانی بە کارەساتێك کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٢/١١/٣ پارتی دادو گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

٢٠٠٢/١١/٢٨ لە مزگەوتی گەورەی هەڵەبجەی تازە سوڵحی نێوان بنەماڵەی حەمە سەعید مەحمود سان ئەحمەدو بنەماڵەی حەمە شەمێرانیو ئەوانەی تر کە هاوپەیوەند بوون بەو دۆسیەی دوژمنایەتییەوە، سوڵح کراو کۆتایی بەو دوژمنایەتییە هات کە بۆ ماوەی ٤٠ساڵ لەنێوانیاندا بە هەڵپەسێراوی مابوویەوە.

٢٠٠٢/١١/٢٩ مام جەلالو مەسعود بارزانی لەگەڵ خافێر سۆلانای ڕێکخەری کاروباری یەکێتی ئەوروپا کۆبوونەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## قەسابخانەکەی گردە درۆزنە

٢٠٠٢/١٢/٤ نزیکەی ٥٠ پێشمەرگەی یەکێتی لە گوندی تەپەکوڕەو گردەدرۆزنەی نزیك ئەو گوندە لە شەڕی بەناو ئەنسارولئیسلام داو لە پێناو بەرگری کردن لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پاراستنی ئاشتیو ئارامی گیانیان بەخشی: لەوانە: فەرماندە حەمە سەراوی، ئارام ڕۆستەم سالح یەخیمالی، ئەحمەد مەحمود کامەران زێڕینجۆیی، بورهان سالح حەمە فەرەج ڕەزڵەیی، خالید حسێن فەرەج سازانی، سلێمان ئەحمەد سلێمان تەرخانی، سیروان ڕۆستەم، سدیق مەحمود خواکەرەم پێنجوێنی، سەلاح فەتاح ڕۆستەم، عەبدولا ڕەحیم ئەحمەد، عەزیز حەمە سەعید زێڕینجۆیی، عەتا مارف محەمەد مارف بەڵخەی قەرەداغ، عومەر عەلی عەبدولقادر زێڕینجۆیی، عومەر محەمەد ئەمین حەمە چۆڵمەکی، محەمەد ئەمین هەڵەبجەیی، محەمەد عەلی کەریم ڕێشاوی، مەهدی محەمەد حەمە سەلیم تەوێڵەیی، هیوا ئەحمەد توفیق، لوقمان سالار سالح هێرۆیی، دارا محەمەد ئەحمەد هێرۆیی، کاوە عەزیز حەوێز چەمچەمالی، جەزا حەمە کەریم ئەحمەد زێڕینجۆیی، محەمەد عەلی عەبدولحەمید شەمێرانی، هەوراز عومەر قادر، ئومێد محەمەد عەلی سێتەلانی، ئەبوبەکر عەزیز ئاغل گەلالی، تاهیر محەمەد سالح پەلی هێرۆیی، سامان ئەحمەد حەمە ئەمین حاسڵی، ئومێد عەلی سلێمان، عەزیز حسێن ئەمین چواردارانی، حەمە ڕەشید ئەحمەد ئەمین زێڕینجۆیی.

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٣

ساڵی ٢٠٠٣ ساڵی ئاوابوونی حزبی بەعس بوو لە عێراق دا، ئەو حزبەی کەبۆ ماوەی ٣٥ ساڵ حوکمی هەموو عێراقی دەکردو بۆ کەمتریش لەو ماوەیە تاکە حزبی شمولی تاکڕەو بوو، کە ڕێگای بە هیچ حزبێکی تر نەدەدا لەسەر گۆڕەپانی عێراق دروست ببێت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٣:

٢٠٠٣/١/١٤ ڤیستیڤاڵی عێل بەگی جاف بەسەرپەرشتی کاك شەوکەتی حاجی مشیر لە گوندی قلیجە بەڕێوەچوو.

٢٠٠٣/٢/٨ کاك شەوکەتی حاجی مشیرو سەردار غەفور سلێمانو حیکمەت حاجی عوسمان عەنەبی لە گامێش تەپە لەکاتی دانیشتنی سوڵحو ئاشتیدا لە لایەن تاقمی تیرۆریستی بەناو جوندولئیسلامەوە شەهیدکران.

تاقمی تیرۆریستی جوندولئیسلام وەکوو گرێیەکی شێرپەنجە لە هەناوی هەورامانەوە لە ساڵی ٢٠٠١ هەڵتۆقی. هەرچی کەسە نەخۆشەکان هەیە لە بیروباوەڕو عەقیدەو ئەوانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕوخابوون خۆیان کرد بە موجاهیدی پلە یەكو جیهادیان لە ناوچەی هەڵەبجەو هەورامانو شارەزوور ڕاگەیاند. ئەو تاقمە نەگریسە چەندین پێشمەرگەی گیرفان بەتاڵیان شەهید کردو چەندین منالیان هەتیو خستو چەندین ژنیان بێوەژن خست. ئەوان تاقمێ دڕندە بوونو بەرگی پیرۆزی ئیسلامیان کردبووە بەریان.

شەوکەتی حاجی مشیر بۆ بەرگرتن لەڕشتنی هەرچی زیاتر خوێن لەناوچەکەدا، کەوتە هەوڵی کۆتاییهێنان بەو ئاڵۆزییو گرژییەی، کە ماوەیەك بوو لەناوچەکەدا سەریان هەڵدابووو هەوڵەکانیشی لەو چوارچێوەیەدا بوو، کە ئەو کوردانە بەبێ گرفتو بەئاشتی لەو زەلکاوی خیانەتو سەرگەردانیو گومڕاییە لەو گرووپە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییە جیابکاتەوە، کە لەو کاتەدا لەئەفغانستان شوێن پێیەکیان نەمابوو، بەنیازبوون کوردستانو بەتایبەتی ناوچەی هەورامان بکەنە بنکەی نوێ. ئەگەرچی هەندێك لەو هەوڵە ئاشتییانە وا پێدەچوو کە بەریان گرتبێت، بەڵام دەرکەوت ئەو کوردانەی کە ڕۆچوونەتە ئەو زەلکاوی خیانەتو گومڕاییەوە، بەجۆرێك بەلاڕێدا براون لەلایەن گەورە تیرۆریستە عەرەب ئەفغانەکانەوە، کە هەموو بنەماکانی دیالۆگو دانوستانی ئاشتیش وەك فێڵو بەشێك لەدرێژەدان بەجەنگ بەکاردەهێنن، بۆیە کە شەهید شەوکەت لەگەڵیاندا کەوتە گفتوگۆ بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخەو یەك دوو خول دانیشت لەگەڵیان لە گوندی تەپی سەفاو جێگای تر، بەڵام ئەو فرسەتەیان بۆ هەڵنەکەوت، یان دەیانویست بەتەواوی ئەو وەفدە دڵنیبیا بکەنەوەو لە جاری سێهەمدا ئەو دەستە بوەشێنن. ئەوەبوو لە شەوی ٨ی شوباتی ٢٠٠٣ دا لە گوندی گامێش تەپەی شارەزوور، دانیشتنەوە بۆ گفتوگۆ، بەڵام گفتوگۆ لەگەڵ تیرۆریستاندا هەڵەیەکی

ئەوەندە گەورەو زەقە کە کەم کەس دەتوانێت خۆی بدات لەوەها مەترسییەك. ئەوە پێی دەوترێت یاری کردن بە ئاگر، یان مار گەرم کردنەوە لە گیرفاندا. ئەوەبوو ئەوان نامەردانەو دوور لەهەموو پرەنسیپێکی ئینسانیو ئیسلامی ئەو دەرفەتەیان قۆستەوەو لەگەڵ دوو فەرماندەی هاورێیدا بەناوەکانی سەردار غەفور سلێمانو حیکمەت حاجی عوسمان تیرۆریان کردن. هەروەها لەو کارە تیرۆریستییەدا فەرماندەی قارەمان حەمە توفیق گلاڵی بەخەستی بریندار بوو، وە چاوێکی لەدەست دا. هەروەها برایەکیشی بەناوی زاهیر کەوەکوو بارمتە لەلای جوند دانرابوو، دواتر ئەویشیان گولەباران کرد.

ئەوەی جێگای باسەو لەهەمان کاتدا جێگای داخە، ماڵی خانەخوێ بوو لە گوندی گامێش تەپە بەناوی کاك ساڵح، کە پیاوێکی دڵسۆزو خۆنەویستو کوردپەروەر بوو، میوانداری کاك شەوکەتو وەفدە خیانەتکارەکەی جوندی کرد، بێ ئاگا لەوەی ماڵەکەی چەند ساتێکی تر دەبێت بە بەرەکانی جەنگو قیژەی ژنو منداڵی پەپولە ئاسا تێکەڵاو بە دەنگی بۆمبو دوکەڵی باروت دەبێتو ڕۆحی پەپولە ئاسایان بۆ بارەگای پەروەردگار بەرزدەبێتەوە. ئەوە بوو لەکاتی تەقەو تێڕژاندا ماڵیان درایە بەر دەستڕێژی گوللەو تەقینەوەی نارنجۆكو بۆمبی دەستی، ئەوەبوو مام حەسەنو هاوسەری کاك فازیل ساڵح بەناوی فاتمەخان وکوڕی کاك ساڵح بەناوی سیامەند وکوڕەزای کاك ساڵح بەناوی دادە دەروون فازیل شەهید دەبن. وە کاك ساڵحو کاك سامانی کوڕیو هێمنو هێرشی برازایان بریندداربوون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## شەهیدی سەرکردە شەوکەت حاجی مشیر

شەوکەت کوڕی حاجی مشیری محەمەدی حاجی مەحمودی یاروەیسییە، کە یەکێکە لە بنەماڵە ناودارەکانی عەشیرەتی جاف. ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی تەپی سەفای شارەزووری سەر بەقەزای هەڵەبجە هاتۆتە دنیاوە. سەرەتا لەحوجرەو لای مەلا ناودارەکانی ئەو سەردەمە خوێندنی قورئانی دەستپێکردووە. پاشان لە ساڵی ١٩٥٦ دا چۆتە قوتابخانەو خوێندنی سەرەتایی لە خورماڵو ناحیەی سیروان تەواوکردووە.



پاش تەواکردنی قۆناغی ناوەندی لەهەڵەبجەو خانەقین، بۆ درێژەدان بەخوێندن چۆتە ئامادەیی (وەتەن) لە سلێمانی هەر ئەو کاتەش لەناو یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کاریکردووە.

لەبەر ئالۆزیی بارودۆخی کوردستان کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ وازی لەخوێندن هێناوەو پەیوەندیکردوە بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە، پاشان کراوەتە لێپرسراوی کارگێڕیی لە بەتالیۆنی هەڵەبجە. لەناوەڕاستی ساڵی

١٩٦٩دا کراوە بەجێگری فەرماندەی بەتالیۆنی پێباز. پاش ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠و بڵاوەکردنی هێزەکانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان پەیوەندی کردۆتەوە بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ دا بۆ ڕێکخستنەوەی ریزەکانی پارتی هاوکاری شۆڕشی کردو لەهەمان کاتیشدا لەناو ڕێکخستنەکانی (کاژیك)دا کاری دەکرد.

دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیری نێوانی عێراقو ئێران لە ساڵی ١٩٧٥داو دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، لەگەڵ هەندێك لەڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە) بڕیاریاندا دەستبکەنەوە بە شەڕی پارتیزانی، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك نەیانتوانی بەردەوامبن، بۆیە بەناچاری تەسلیم بە ڕژێمی بەعس بوونەوە. ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دوو جار دەستگیر کراوەو پاشان ئازاد کراوە، لەکۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٧٦دا لەگەڵ شەش هاوڕێی تریدا بەبڕیاری سەرکردایەتی کۆمەڵە، یەکەم دەستەی چەکداری شۆڕشی نوێیان دروستکرد، لەو ماوەیەداو تاساڵی ١٩٧٧ لەچەندین چالاکی پارتیزانیدا بەشداری کردووە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧دا بۆ دابینکردنی چەكو تەقەمەنی بۆ شۆڕش بەرەو تورکیا بەڕێکەوتوە.

لە ساڵی ١٩٧٦ ژنو منداڵەکانی لەگەڵ باوکیدا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراونو بۆ ماوەی یەك ساڵو سێ مانگو یازدە ڕۆژ لەزیندانەکانی خوارووی عێراقو لەشاری ناسرییە بەندکراون. ئەسیری کوڕی لە زیندان لەدایك دەبێت.

ساڵی ١٩٨٠ کراوە بەفەرماندەی هەرێمی (٩)ی بەمۆ، ساڵی ١٩٨١ بوو بە فەرماندەی تیپی (١١)ی هەورامان، ساڵی ١٩٨٣کراوە بە لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی (٤)ی هەولێر، ساڵی ١٩٨٤کراوە بەلێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی (٢)ی کەرکوك، سەرەتای ساڵی ١٩٨٦کراوە بەلێپرسراوی مەڵبەندی (١)ی سلێمانی، لەنێوان ساڵی ١٩٧٦تا ١٩٨٧ وەك سەرکردەو پێشمەرگە بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردوە دژی رژێمی بەعس.

ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی نەخۆشییەوە چۆتە ئێرانو لەو ماوەیەشدا وەك لێپرسراوی پەیوەندی سەربازیی نێوان یەکێتییو حکومەتی ئێران کاریکردووە، ساڵی ١٩٨٨ لە گرتنی شاری هەڵەبجەی شەهیددا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووەو سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی شەڕەکەی کردووە.

ساڵی ١٩٨٩ بەهۆی دەرئەنجامە خراپەکانی شاڵاوی ئەنفالەوە بۆ سەر کوردستان لەگەڵ خێزانەکەیدا بەناچاری ڕویکردۆتە هەندەرانو لەبەریتانیا نیشتەجێ بووە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا گەڕاوەتەوە کوردستان بۆ درێژەدانی خەباتی پێشمەرگایەتی، لە ڕاپەڕینە گەورەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووەو ئەندامی لیژنەی سەرکردایەتی بووە بۆ ئازادکردنی شاری کەرکوكو لەو پێناوەشدا بەشداری چەندین شەڕی گەورەی کردووە، لەوانە سەربازگەی خالید. کاتێکیش ڕژێمی بەعس دژە هێرشی دەستپێکرد بۆ گرتنەوەی کەرکوكو سلێمانی، شەهیدی نەمر شەوکەتی حاجی مشیر

سەرپەرشتی بەشێکی هێزەکانی بەرەی کوردستانی کردووە، لە شەڕەکاندا دژی ڕژێم، لەوانە شەڕی چەناخچیانو سەربازگەی خەرابە لە نزیك عەربەت.

ساڵی ١٩٩١ کراوە بە لێپرسراوی مەڵبەندی (٤)ی بادینان، سەرپەرشتی یەکەم کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی بۆ پێکهێنانی لیژنەی باڵای بەرەی کوردستانی کردووە کە لە تەمموزی ١٩٩١دا بەسترا، وەك نوێنەری (ی، ن، ك)، بەشداری چەندین کۆبوونەوەی نێوان بەرەی کوردستانیو هێزە هاوپەیمانەکانی کردووە، کە لە ساڵی ١٩٩١دا هاتبوونە کوردستان، لەڕاپەڕینی دووەمدا کە لە تەموزی ساڵی ١٩٩١دا ڕوویدا سەرپەرشتی خەڵکی دهۆکی کردووە بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی ڕژێم لەو ناوچەیەدا، لەکۆتایی ١٩٩١دا کراوە بەفەرماندەی لەشکری هەولێر لە نێوان ساڵی ١٩٧٩تا ١٩٩٢ ئەندامی سەرکردایەتی (ی، ن، ك) بووە، ساڵی ١٩٩٢ لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، کراوە بەئەندام پەرلەمان، ساڵی ١٩٩٣ کراوە بەلێپرسراوی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان، ساڵی ١٩٩٦ کرا بەئەندامی فەرماندەی گشتی هەموو هێزەکانی (ی، ن، ك)و سەرپەرشتی هێزەکانی پارێزگای سلێمانیو کەرکوکی کردووە، ئەندامی سەرجەم کۆنفرانسو پلنیۆمەکانی (ی، ن، ك)و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووەو چەندین بابەتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریی لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێو الاتحادو وڵاتو برایەتی) دا بڵاوکردۆتەوە، چەند کتێبێکی لەسەر ڕوداوەکانی کوردستان بەچاپ گەیاندووە، لەمانگی مایسی ساڵی ١٩٩٧دا کراوە بەلێپرسراوی مەڵبەندی (٩)ی شارەزوورو دواتریش بۆتە لێپرسراوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی (ی، ن، ك).

شەهید شەوکەتی حاجی موشیر، هەم وەك سەرکردەیەکی (ی. ن. ك)و هەم وەك کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ئەو سنوورەی کە خەریك بوو تۆڕەکانی تیرۆریستیان تیایدا گەشەبکەن، بەئەرکی خۆی زانی کە بچێتە گۆڕەپانی مەرگ تا بتوانێ تروسکاییەك بخاتە هەناوی ئەو تاقمە دڵڕەشانەو هەلێکی دیکەی گەڕانەوەی ژیانیان پێببەخشێت. باشیش لەمەرامو مەبەستی ئەوان دڵنیابوو، بەلام کوردستانێك کە ئەوو هەڤاڵەکانیو شەهیدەکانی هاوڕێی بەچەندین ساڵ خەباتو تێکۆشان ئازادیان کردووەو ساڵانێکیشە بەئازادی دەژین، پێی ئەستەم بوو فیتنەیەکی لەوجۆرە هەموو ئەو دەستکەوتانە لەباربەرێت، بۆیە کە ئەگەرچی هەموو مەترسییەکانی ئەو چوونەی بۆلای ئەوانی دەزانی، بەڵام زیاتر هەستی بەمەترسی سەر ئەزموونی هەرێم دەکرد، بۆیە چەند جارێك لەگەڵ ئەو تیرۆریستانە دا گفتوگۆی کردو دانیشتن ئەنجامدرا، بەڵام لەدوا کۆبوونەوەیان دا لەگوندی (گامێشتەپە)ی شارەزوور خیانەتیان لێکرا، پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی ئینسانییو ئیسلامییو ئەخلاقی، کاك شەوکەتو سەردار غەفوورو حیکمەتی حاجی عوسمان، لەشەوی ٨لەسەر ٢٠٠٣/٢/٩ لەگوندی گامێش تەپەی شارەزوور بەدەستی ئەودڕندانە تیرۆرکرانو بوونە قوربانی ئاسایشو ئارامی کوردستان.

٢٠٠٣/٢/٨ هەر لەم شەوەدا کە کاك شەوکەت‌و هەڤاڵەکانی تیرۆر کران، چوار کەس لە ئەندامی خێزانەکەی کاك ساڵح گامێش تەپەیی بوون بە قوربانی‌و چوارکەسی تریشیان بریندار بوون.

چەند ساڵ دواتر کاك فازیل ساڵح گامێش تەپەیی لە ئەکاوەنتی خۆی لە فەیسبوك گلەیی لە دەسەڵاتدارانی یەکێتی‌و ڕاگەیاندنەکەیان دەکات، کە خێزانەکەی ئەویان پەراوێز خستووەو هیچ باسێکیان ناکرێت‌و یادیان ناکرێتەوە. با گلەییەکە لەخۆی ببیستین: (لای هەموان ئاشکرایە گەلی کوردستان هەرلە دێرزەمانەوە ولەپێناوی سەربەستی وسەربەخۆیی تێدەکۆشێت ولەم پێناوەشدا قوربانی زۆرو زەوەندی داوەو هەموانیش کەم وزۆر بەشداربوین لەوقوربانیە. بنەماڵەی ئێمەش کەبەشاهیدی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ناوچەکەهەمیشە لەڕیزی پێشەوەبون وهەرگیز کۆڵیان نەداوەو قوربانی قورس وگرتن‌و ڕاوەدونان‌و زیندانی کاری لێنەکردون وهەمیشەجێگە متمانەی شۆڕش بون وڕۆڵەی ئازای خۆیان بەخشیوە. بۆیەهێزە کوردیەکان ماڵی ئێمەیان بەماڵی خۆیان زانیوە. هەرئەمەش بوو وای کرد متمانەی شەهید شەوکەت تائەوپەڕی ئاستی بگات‌و بەبێ گەڕانەوەو پرس کردن وئاگاداری ئێمە ماڵمان دیاری بکات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەودەرون ڕەشانەداکە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتیان لەدڵا نەبوو. وە بۆ ئێمەش شەرەفێکی گەورەیە کەسیاسی وپێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتایەکان ئەومتمانەی پێمان هەبێت. بەڵام مەخابن ئێستا هەست دەکەین دوای ئەوشەوە کەلەماڵەکەماندا ئەوکارەساتە ڕووی دا بەهۆ بێت یان بێ هۆ سەرکردایەتی یەکێتی بەگشتی ومەکتەبی ڕاگەیاندنەکەی بەتایبەتی دەیانەوێت لە بۆنە ویادو ساڵڕۆژی ئەوشەهیدانەدا ئێمە پەراوێز بخەن وتەنانەت باسی شەهیدەکانمان ناکەن. ئاخرکەی ڕەوای حەقە بنەماڵەیەك لەیەك چرکەدا چوارشەهیدو چواربریندار پێشکەش بکەن وهەموشیان بێ تاوان بن وکەچی پەراوێزبخرێن وتەنانەت باسیش نەکرێن. ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئەوپەڕی ڕێزمان بۆکاك شەوکەتی سەرکردەو کاکە سەردای جوانەمەرگ وکاك حیکمەتی تێکۆشەر هەیەو هەمیشە یادیان بەزیندووی ڕادەگرین وبنەماڵەکانیان بەبنەماڵەی خۆمان دەزانین. بەڵام با یەکێتی نیشتمانی کوردستان ومەکتەبی ڕاگەیاندنەکەی پێمان بڵێن هۆکاری ناونەهێنانی شەهیدەکانی ئێمە چیە وبۆچی دەیانەوێت ناوی قوربانیەکانی ئێمە بسڕنەوەو ئازاری هەستمان بدەن. ئەی نازانن بەوکارەیان گەورەترین غەم‌و ناسۆرمان پێدەدەن وگومانیش دەخەنەسەر دڵسۆزیان بۆشەهیدانی تر. دەبوایە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی ئەوکارەیان نەکردایە چونکە شەهیدەکانی ئێمەش وەك ئەوانی ترشەهیدی دەستی غەدروخیانەتی تیرۆریستانن. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی سڤیل ومەدەنی بون وخوێنیان تێکەڵ بەخوێنی پێشمەرگە وسەرکردە بوو تەنها بەوەی خانەخۆیی وخاوەن ماڵ بون. لەکۆتایدا دەڵێم هەرچەن هەوڵی پەراوێزخستنی شەهیدەکانمان بدەن ئێمە بەزیندووی یادیان بەرزرادەگرین. نەفرەت لەتیرۆریستان سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدان کاك شەوکەت‌و کاك سەردارو کاك حیکمەت لەگەڵ شەهیدە سەربڵندەکانی ئێمە مامەحەسەن وهاوسەری ئازیزم فاتمەخان‌و برالاوەکەم کاکە سیامەند وکچە خنجیلانەکەم دادە

دەروون. شایانی باسە هەر لەوکارە تیرۆریستی یەدا هەرچوارئازیزمان مام سالّح حەسەن باوکم وکاکەسامانی برام وهەردوو کورە مامان هێمن وهێرش بریندداربوون).

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٣/٣/٤ سەرکردەی دیاری کۆمەڵی ئیسلامی عەبدولاّ قەسرێ لەبازگی تاسلّوجە کوژرا.

٢٠٠٣/٣/١٨ جۆرج بۆش مۆڵەتی ٤٨ سەعاتی دانا بۆ سەددام بۆ ئەوەی عیّراق چۆڵ بکات.

٢٠٠٣/٣/١٨ لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا لە لایەن خۆپیشاندەرانی تورکەوە هێرش کرایە سەر مام جەلال.

٢٠٠٣/٣/١٩ لە سلێمانی بوم لە گەڵ ماڵ پورە دلوستان هاتینەوە بۆ هەڵەبجەی تازە. لە هەمان ڕۆژدا هێرشی ئەمریکا دەستی پێکرد بۆ سەر عێراق.

٢٠٠٣/٣/٢٢ لەم شەوەدا هێرشی موشەکی ئەمریکا بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی جوندولئیسلام دەستی پێکرد. دەیان بارەگای ئەو ڕێکخراوەی خاپور کرد.

٢٠٠٣/٣/٢٢ لەم شەوەدا ئەمریکا بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەحمەد ئاوا بۆردومان کرد. لە ئەنجامدا ٤٣ کەس لە پێشمەرگەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بوون بە قوربانی. لەناویاندا ئەکرەم محەمەد سالّح خولاّمی[١]، ئومێد حەمە ئەمین حەمە سالّح نەورۆڵی[٢]، حەسەن حسێن عەبدولاّ تاوگۆزی[٣].

---

١ ئەکرەم محەمەد سالّح لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی خولاّمی نزیك ناحیەی سیروانی پارێزگای هەڵەبجە لە خێزانێکی جوتیاری موسڵمانو کوردپەروەر لەدایك بووە، لەبەهاری ساڵی ١٩٩١و کاتی ڕاپەڕینەکە پەیوەندی کردووە بە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانەوەو بەشداری ڕاپەڕینی کردووە دژ بە ڕژێمی بەعسی ڕوخاو. دواتر کە کۆمەڵی ئیسلامی لە بزوتنەوە جیادەبێتەوە شەهید ئەکرەم وەکوو فەرماندەیەکی سەربازی لەڕیزەکانی کۆمەڵدا درێژە بەخەبات دەدات. لە موشەك بارانەکەی ئەمریکادا بۆ سەر بارەگای کۆمەڵی ئیسلامی شەهید ئەکرەم دەبێتە قوربانی.

٢ مامۆستا ئومێد حەمەئەمین حەمەسالّح لە ساڵی ١٩٧١ لە گوندی هانەژاڵەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید لە خێزانێکی جوتیاری کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. مامۆستا ئومێد خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە هەڵەبجەو پاشان ئامادەیی لە قەزارە شارەزورو کۆلیژی ئاداب بەشی مێژوو لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو دەکات. دواتر دەبێت بە مامۆستا لە دواناوەندی سورێن لە ناحیەی سیروان. شەهید ئومێد لە ساڵی ١٩٩١ وە پەیوەندی کردووە بە بزوتنەوەی ئیسلامییەوەو دواتر بووە بە ئەندامی کارای کۆمەڵو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دروست بوونی (کۆمەڵی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان). لەکاتی موشەك بارانی ئەمریکا بۆ سەر تیرۆریستانی بەناو ئەنسار، موشەکێك بەر بارەگای کۆمەڵی ئیسلامی دەکەوێت لە ئەحمەدئاواو شەهید ئومێدو ٤٢ هاوڕێی دەبنە قوربانیو دەچنە کاروانی نەمرانەوە.

٣ مامۆستا حەسەن حسێن عەبدولاّ لە ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی پشتەی ناوچەی تاوگۆزی لە خێزانێکی کوردپەروەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. قوناغەکانی خوێندن دەبڕێت تا تەواوکردنی پەیمانگای دیراساتی ئیسلامی. ئەو کەسێکە قەڵەم دۆست بووەو

٢٠٠٣/٣/٢٢ لەگەڵ کاك ڕەفیقو مامۆستا زاهیدو حەمە عەلیو نەجمەدین چوین بۆ تەپی سەفا. پاش گەیشتنمان تەقینەوەیەك لە پردی زەڵم ڕوویدا. ڕۆژنامەنوسێکی ئوسترالی بەناوی پۆل مۆران کوژرا، وە کۆمەڵێك پێشمەرگە بریندار بوون لە ناویاندا نەوزاد بەشارەتی.

٢٠٠٣/٣/٢٩ تەرمی زاهیر برای حەمە توفیق گلاڵی هاتەوە کەلە بیارە لە لایەن تاقمی تیرۆریستی بەناو جندولئیسلامەوە گولەباران کرابوو. زاهیر پێشتر وەکوو بارمتەی ئەو وەفدە لە بیارە دانرابوو کە لەگەڵ شەهید شەوکەتی حاجی مشیر لە گامێش تەپە بەناو گفتوگۆیان دەکرد، بەڵام هەمووی بۆ فڕوفێڵو چاوبەست بوو، ئەگینا ئەوان وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی باوەڕیان بە گفتوگۆ نەبوو.

٢٠٠٣/٣/٢٨ شارۆچکەی تەوێڵەو بیارەو زۆربەی ئەو ناچەیە پاککرایەوە لە ئەنسارولئیسلام.

٢٠٠٣/٣/٣٠ مام جەلال بە بۆنەی پاك بونەوەی ناوچەی هەورامانەوە لە تیرۆریستان سەردانی ئەو ناوچەیەی کرد.

٢٠٠٣/٤/٦ فڕۆکەی ئەمریکی لە نزیکی موسڵ قافڵەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردە ئامانج لە ئەنجامدا ١٨ پێشمەرگەی پارتی کوژران، ٤٥ کەسی تریش بریندار بوون. وە ٦ سەربازی ئەمریکی کوژران. وەجیهە بارزانی برای کاك مەسعود بارزانی یەکێك بوو لە بریندارەکان.

٢٠٠٣/٤/٨ ئەمریکا چووە ناو بەغدا. پاش ئەوەی گاردی کۆماری بەرگرییەکی زۆر بەهێزیان لە فڕۆکەخانەی بەغدا کردو پێشیان بە پێشڕەوی سوپای ئەمریکا گرتبوو، ئەمە وای کرد کە ئەمریکا چەکی نەوەوی سنوردار لەدژی گاردی کۆماری عێراقی بەکار بهێنێتو فڕۆکەخانە داگیر بکات، بەکەوتنی فڕۆکەخانەو شکانی گاردی کۆماری هیچ بەرگرییەك نەماو سوپای ئەمریکی ڕژایە ناو شاری بەغدا.

٢٠٠٣/٤/٩ بەغدا کەوتو کۆتایی بە ڕژێمی بەعس هات. ئەم پرۆسەی کەوتنی عێراقە لای عێراقییەکانو نەتەوەی عەرەبو ئەمریکا خۆشی بە داگیر کردنی عێراق ناوبرا، بەڵام کوردەکان بە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق ناوی دەهێنن.

٢٠٠٣/٤/١٠ محەمەد ئەحمەد حەمە ئەمین وازۆڵی لە نزیك جەلەولا لە لایەن موجاهیدینی خەلقەوە کوژرا.

٢٠٠٣/٤/١٠ شارەکانی کەرکوكو خانەقینو جەلەولاو مەخمورو بەعشیقەو قەراجو پردێو کەندیناوەو توزخورماتووو دوبزو گوێر ڕزگار کرانو کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی کورد.

٢٠٠٣/٤/١١ موسڵ ڕزگار کراو کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە.

---

ئەندامی مەکتەبی دارایی کۆمەڵی ئیسلامی بووە. لەکاتی موشەك بارانی ئەمریکا بۆ سەر بارەگای کۆمەڵی ئیسلامی شەهید حەسەن دەبێتە قوربانی.

٢٠٠٣/٤/١٢ عێراق بە تەواوی کەوتە ژێر دەستی ئەمریکا. سوپاکەی بەتەواوی هەڵوەشایەوەو پەرتەوازە بوو. قەبارەی سوپای سەددام نزیك دەبێتەوە لە قەبارەی سوپای ئەمریکا، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا دە هێندەی ژمارەی دانیشتوانی عێراقە. سوپای عێراق ١١٠٠٠ جەنەراڵی لەخۆگرتووە لە نێوان (عەمیدو فەریق ڕوکن)دا، ئەمە لە کاتێکدا لە ئەمریکا ژمارەی ئەو جەنراڵانە ناگاتە ٣٠٠ کەس[١].

٢٠٠٣/٤/١٣ وەتبان ئیبراهیم تکریتی زڕ برای سەددام حسێن لە شاری موسڵ دەستگیر کرا.

٢٠٠٣/٤/١٧ تاوانبار بەرزان تکریتی زڕ برای سەددام حسێن لە شاری بەغدا دەستگیرکرا.

٢٠٠٣/٤/٢٢ جەی گارنەر حاکمی ئەمریکی لە عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. وە لە زانکۆی سلێمانی وتارێکی پێشکەش کرد.

٢٠٠٣/٤/٢٤ تاریق عەزیز وەزیری پێشوتری عێراق خۆی ڕادەستی هێزەکانی ئەمریکا کرد.

٢٠٠٣/٤/٢٨ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە ئامادەبوونی مام جەلال تاڵەبانیو کاك مەسعود بارزانی لە شاری بەغدا کۆبویەوە.

٢٠٠٣/٥/٨ جەنازەی عەلی عەزیز مەحمود ئیسافیان هێنایەوە لە شاخی هەورامان کە لە شەڕی جوند دا کوژرابوو، تەرمەکەی دوای پەنجا ڕۆژ مابویەوە لەو شاخە.

٢٠٠٣/٥/٨ دانانی دادگایەکی تایبەت بە تۆمەتبارانی ڕژێمی بەعس لە شاری بەغدا.

٢٠٠٣/٥/٩ ئازادی کاك ئەحمەد شیرەمەڕی لە بەغدا کوژرا وە لە زەڕایەن بە خاك سپێرا.

٢٠٠٣/٥/١٠ محەمەد باقر ئەلحەکیم دوای ٢٣ ساڵ ئاوارەیی لە وڵاتی ئێران گەیشتەوە شاری بەغدا.

٢٠٠٣/٥/١١ کوژرانی کاك ئەحمەدی عەلی ساڵح لە بەغدا. و بریندار بوونی حەمە ئەمین ئەحمەد محەمەد سلێمان تەپی سەفایی لەگەڵیدا.

٢٠٠٣/٥/٢٤ یەکەم موچە لەلایەن دەسەڵاتی کاتی ئەمریکاوە درا بە فەرمانبەرانی عێراقی، ئەوەش بە دۆلاری ئەمریکی بوو.

٢٠٠٣/٥/٢٦ لە ئەنجامی شەڕو هەرای نێوان دوو بنەماڵەدا لە هەڵەبجەی شەهید کوڕی عوسمان حەمە فەرەج تاماس دەلێنی لەگەڵ کەسێکیتر بەوناوەدا تێپەڕی دەکرد کوژران.

---

١ - پۆڵ بریمەر، ساڵەکەم لە عێراق، وەرگێڕانی محەمەد چیا، چاپی چوارەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٤، ل٨٠.

٢٠٠٣/٥/٣٠ ئۆتۆمبێله بەرازیلییه تاکسیەکەم فرۆشت بە ١٣٠٠٠ دیناری سویسری. ئەو ڕۆژە نرخی ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی دابەزی بۆ ٤٣٠ دیناری عێراقی چاپی سویسری. بە پارەی بەرازیلییەکە ٣٠ وەرەقەم کڕی.

٢٠٠٣/٥/٣١ چوین بۆ کەلارو سمودو کفری بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلێك بکڕین. بازاڕەکانی کوردستان پڕ بوون لەو ئۆتۆمبێلانەی کە باشو نوێ بوونو سەددام لە هاوردەی عێراقی کردبوون، بەڵام تا ڕوخانی خۆیو ڕژێمەکەی ئەو ئۆتۆمبێلانە نەگەیشتبوونە کوردستان. هەروەها نرخێکی لەبارو گونجاویان هەبوو، تا وردە وردە نرخەکانیان بەرزبوییەوەو ئیتر هەموو کەسێك نەی دەتوانی بیانکڕێت.

٢٠٠٣/٦/٢٣ ئۆتۆمبێلێکی نیسان ماکسیمای نزیك لە سفر کیلۆمەترم کڕی بە ٣٣ وەرەقە کە ٨٠٠٠ کیلۆمەتر ڕێگای بڕیبوو. ئۆتۆمبێلەکە لەوانە بوو کەبەدەست هێزەکانی فریاکەوتنەوە بوون لەشاری بەغدا، خەڵکی دەستیان بەسەردا گرتبوو، لەبازاڕەکانی کوردستان دا کە ئەمنو ئاسایشی بەرقەرار بوون دەفرۆشران.

٢٠٠٣/٧/٣ دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لە عێراق خەڵاتێکی ٢٥ ملیۆن دۆلارییان بۆ ئەو کەسە دیاری کرد کە دەبێتە هۆی دەستگیرکردنی یان کوشتنی سەددام حسێن سەرۆکی پێشووی عێراقو ١٥ ملیۆن دۆلاریش بۆ دۆزینەوەی عودەیو قوسەی بەکوشتن بێت یان دەستگیرکردن.

٢٠٠٣/٧/١٠ مامۆستا عەلی باپیرو چەند کەسێکیتر لە کۆمەڵی ئیسلامی لەنزیك دوکان لایەن هێزی ئەمریکاوە دەستگیر کرانو بۆ شوێنێکی نادیار بران.

٢٠٠٣/٧/١٣ ئەنجومەنی حوکم دروست کرا لە لایەن پۆڵ بریمەر حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عێراق. ئەم ئەنجومەنە بریتی بوو لە ٢٥ ئەندام لە گەورە سیاسەتمەدارەکانی عێراق، لەوانە مام جەلال، کاك مەسعود، دکتۆر موحسین عەبدولحەمید، ئیبراهیم جەعفەری، ئەیاد عەلاوی، غازی عەجیل یاوەر، حاکم دارا نورەدین، سەلاحەدین محەمەد بەهادین. ٨کەس لەوان هەریەکە بۆ ماوەی مانگێك سەرۆکی مەجلیسی حوکم بوو.

٢٠٠٣/٧/٢١ عەلی حەسەن مەجید لە شارۆچکەی سامەڕا لە لایەن سوپای ئەمریکاوە دەستگیرکرا.

٢٠٠٣/٧/٢٢ عودەیو قوسەی کوڕانی سەددام حسێن لە شاری موسڵ لە لایەن ئەمریکییەکانەوە کوژران.

٢٠٠٣/٨/٢ مەلا عەلی عەبدولعەزیز ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەلایەن ئەمریکاوە دەستگیرکرا.

٢٠٠٣/٨/٧ مەلا عەلی عەبدولعەزیز ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی لە زیندانی ئەمریکا ئازاد کرا.

٢٠٠٣/٨/١٩ تەها یاسین ڕەمەزان لە شاری موسڵ لەلایەن یەکێتییەوە دەستگیرکراو ڕادەستی ئەمریکییەکان کرا.

٢٠٠٣/٨/٢٩ لە دوای نوێژی هەینی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو ئایەتوڵا محەمەد باقر ئەلحەکیمی کردە ئامانجو هەر لەوێدا لەگەڵ زیاتر لە سەد کەسی تردا کوژراو پەنجا کەسی تریش بریندار بوو.

٢٠٠٣/٩/١٥ کۆڵن پاوڵو پۆڵ بریمەر سەردانی شاری هەڵەبجەیان کرد. لە لایەن مام جەلالو کاك مەسعود بارزانییەوە یاوەری کران. پاوڵ لە وتارێکدا بۆ ئامادەبووان ڕایگەیاند کە چی تر ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨ دوبارە نابێتەوە.

٢٠٠٣/٩/١٨ ئیشتراکی مۆبایلی ئاسیام کرد بە مۆبایلەکەوە بە ٢٥٠ دۆلار ٤ سەنتی ٠٧٧٠١٥٥٦١٦٧ _ئەو ژمارەیەم لە ئێستادا نەماوەو فرۆشراوە_.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەسەیدسادق بەم شێوەیە سیم کارتو مۆبایلی کڕیوە، چیرۆکی کڕینی ئەوەی منیش بەهەمان شێوەبوو: (بۆ یەکەم جار هێڵی مۆبایلی ئاسیا سێڵم کڕی لە ڕاستیدا لەو کاتەدا سیم کارت لە بازاڕدا نەدەفرۆشرا. دەبێت بچویتایە لە بینایەی عەلی نەمەڵی پارەت بخەواندایەو تەئمیناتت دابنایە. منیش پیش وەخت ١٢٥ دولارم خەواندبوو وە بۆ هێڵێکی ٤ سەنتی. ئەوددەمە ٤ سەنتیو ٢ سەنتی هەبوو وە کۆدی (٠٧٧٠) لە پیشەوە نەبوو، ڕاستەوخۆ کۆدی دووەمت لی دەدا. من ئەوکات ئەم ژمارەیەیەم لابوو بەم شیوەیە ژمارەت لی دەداو تەلەفون دەڕۆشت (٧٥٥١٢٥٩) ئێستە ئەم ژمارەیەم لانەماوە هاندێکی نیلی نۆکیام کە پێیان دەوت ئۆرال کڕی بە ١٠٢ دۆلار. هاتینە ماڵەوە لەسەیدسادق یەك دوکانی مۆبایل فرۆشی تیدانەبوو بۆ پڕکردنەوەی باڵانس لە سلێمانی بۆیان دەهێنایین. تەنانەت بورجی تۆڕی پەخشی لێ نەبوو، لە ماڵەوە لە پێج وپەنادا شەبەکەت نەدەما دەبوو بهاتیتایە دەرەوە بەهۆی بورجێکەوە لە هەڵەبجەی تازە دانرابوو، پەیوەندیمان دەکرد).

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٣/١٠/١٣ لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی هەزاران ئۆتۆمبێلی نوێو سفر کیلۆمەتر کەلەخوارو ناوەڕاستی عێراقەوە هاتبوون ڕیزیان بەستبوو بۆ ئەوەی ساڵانەو تابلۆی سلێمانییان پێبدرێت. منیش ئەو ڕۆژە ساڵانەم تەواوکرد بۆ قەمەرە سەنییەکەم. بە تابلۆی ٤٤٨٣٣/سلیمانیە.

٢٠٠٣/١٠/١٥ پارەی چاپی نوێ دەرچوو کە هەر ١٥٠ دینارێکی بەرامبەر بە ١ دیناری چاپی سویسری کۆن بوو. پارەکە کۆنەکەش بۆ ماوەی سێ مانگ کاری پێ دەکرا تا ئەوەی هەموو خەڵکی عێراق هەموو پارەکانیان بگۆڕنەوە بە پارەی نوێ.

٢٠٠٣/١١/١ مام جەلال بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم لە عێراق، ئەمەش یەکەم جار بوو کوردێك بچێتە سەروی هەرەمی دەسەڵاتداری عێراقەوە.

۲۰۰۳/۱۱/۱۵ مام جەلال‌و پۆڵ بریمەر واژۆی بە فیدراڵی بوونی پارێزگاکانی عێراقیان کرد.

۲۰۰۳/۱۱/۲٤ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو. تەنها لە پارێزگای سلێمانی شاری سلێمانی‌و لە عەربەتەوە بۆ هەڵەبجە جەژن کرا، شارەکانی تر ڕۆژێك دواتر جەژنیان کرد.

۲۰۰۳/۱۱/۲۹ بەردی بناغەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لەلایەن دکتۆر بەرهەمەوە دانرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## سەری مەنهۆڵی عێراق لادرا

۲۰۰۳/۱۲/۱۳ سەددام حسێن لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاو هێزێکی عێراقییەوە لە گوندێکی نزیك بە شاری تکریت دەستگیر کرا. سەددام حسێنیان چواندبوو بە سەری مەنهۆڵی عێراق، ئەگەر لابدرێت هەرچی پیسی هەیە دێتە دەرەوەو عێراق چی دی ئارامی‌و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت. بەڵێ لە ڕاستیدا وابوو، ئەگەر ئەم قسەیە بۆ سەددامیش نەوترابێت ئەوا پڕاوپڕی باڵای بووەو بۆ ئەم وەکوو نەخشی سەر بەردی لێ هاتووە.

وڵاتی میزۆپۆتامیا لە دێر زەمانەوە لانکەی شەڕو ئاشوب‌و فیتنەیی بووە، لە دوای دروستبوونی وەکوو دەوڵەت، سەددام حسێن کاریگەرترین سەرۆکی ئەو وڵاتە بووەو بە دیکتاتۆرترین‌و ستەمکارترین سەرۆك ناوی ڕۆشتە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە. لە زەمەنی حوکمی ئەو ستەمکارەدا گەلی کورد پشکی شێری بەرکەوتووە لە کوشتن‌و ڕاگواستن‌و ئەنفالکردن‌و کیمیاباران‌و قڕکردنی بە کۆمەڵ. هەروەها عەرەبی شیعە بەهەمان شێوەی کورد قوربانی دەستی ئەو دیکتاتۆرە بوون. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا سەددام حسێن دەرگاو بەربەستی نێوان وڵاتانی عەرەبی‌و ئێران بووەو تا ڕژێمەکەی مابوو ئێران خەونی بە هاتنە ناوەوەی وڵاتانی عەرەبی‌و ئیسلامییەوە دەبینی‌و بۆ دەرفەتێك دەگەڕا دزە بکاتە نێو ئەو وڵاتانە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۲۰۰۳/۱۲/۲۸ لە دادگای شارەزوور قەرەباڵغییەکی زۆرمان لەسەر بوو، بەهۆی ئەوەی حکومەت ناوی خەڵکی بێکاری تۆمار دەکرد بۆ ئەوەی بیانکات بەموچەخۆرو لەجێگایەك دایان بمەزرێنێت. دەبوایە ئەو خەڵکە بەڵێننامەیەکیان پڕ بکردایەتەوە. هەربۆیە ڕویان لە کاتب عەدل دەکرد بۆ پڕکردنەوەی ئەو بەڵێننامەیە. ڕۆژانە زیاتر لە هەزار کەس بۆ ئەو مەبەستە سەردانیان دەکردین.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ۲۰۰٤

ساڵی ۲۰۰٤ ساڵی کرانەوەی بەختی کورد بوو لە لوتکەی دەسەڵاتی عێراقدا، سەرکردایەتی سیاسی کورد چەندین پۆستی گرنگیان وەرگرت لەوانە سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم‌و جێگرانی ئەنجومەنی وەزیران‌و سەرۆککۆمارو سەرۆکایەتی کاتی ئەنجومەنی نیشتیمانی‌و وەزارەتی دەرەوەو چەندین پلەو پۆستی تر، کە

ئەوە یەکەم جار بوو لە مێژووی عێراقی هاوچەرخ دا کورد بەو قەبارە زۆرەوە لە لوتکەی دەسەڵاتدا بێت. هەروەها لەم ساڵەدا ئەنجومەنی حوکم دانی نا بە سیستمی فیدراڵی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەوەش دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد لە باشوری کوردستان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ۲۰۰٤:

۲۰۰٤/۱/۱ موقتەدا سەدرو سەدرەدین قەپانچی کە دوو ئیمامی شیعەن لە وتاری هەینیدا لە دژی فیدراڵی کوردستان وەستانەوە.

۲۰۰٤/۱/٦ بۆ یەکەم جار سەرۆکی سوریا سەردانی تورکیای کرد.

۲۰۰٤/۱/۸ پارتیو یەکێتی بە ئامادەبوونی پارتو هێزە عێراقییەکان لە هاوینەهەواری پیرمام کۆبوونەوە، تەوەری گفتوگۆکەیان بریتی بوو لە سیستمی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان.

۲۰۰٤/۱/۱۵ شیعەکانی عێراق خۆپیشاندانێکیان لەدژی فیدراڵی هەرێمی کوردستان ڕێکخست.

۲۰۰٤/۱/۲۲ کاك مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کە ئەو مافانەی ئەمریکییەکان دەیانەوێت بدرێت بە گەلی کورد، زۆر لەوە کەمترە کەلە ساڵی ۱۹۷٤ لەگەڵ ڕژێمی بەعس لەسەری ڕێکەوتبوین.

۲۰۰٤/۲/۱ دوو تەقینەوەی خۆکوژی لە هەردوو مەڵبەندی سێی یەکێتیو لقی دووی پارتی لە هەولێر ڕویدا، لە ئەنجامدا ۱۰۷ کەس کوژران و۱۲۵ کەسی تر بریندار بوون.

۲۰۰٤/۲/۸ کاروانو عەبدوڵاو کامەران ئەم سێ برایە خەڵکی گوندی وێڵەدەر بوون خوشکەزای وەستا جەلالی زاوای حاجی عوسمان ئەحمەد حەسەن بوون لە کێلەسپی سیروان، هەرسێکیان لەیەك ڕۆژدا لەناو گوندەکەی خۆیان بە دەستی کابرایەکی خەڵکی گوندەکەی خۆیان کوژران.

۲۰۰٤/۲/۲۹ ئەنجومەنی حوکم دانی نا بە سیستمی فیدراڵی لە عێراق دا.

۲۰۰٤/۳/۲ بەبۆنەی شینی درۆینە بۆ ئیمام حسێن کوڕی ئیمام عەلی خوای گەورە لێیان ڕازی بێت لە بەغداو کەربەلا تەقینەوە کرا ۲۸۱ کەس کوژرانو ٥٥۰ کەسی تر بریندار بوون.

۲۰۰٤/۳/۸ ئیمزاکردنی یاسای کاتیو چەسپاندنی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان.

۲۰۰٤/۳/۱۳ ئەنجومەنی حوکم لە عێراق بەیانێکی نارەزایی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە دەرکرد.

۲۰۰٤/۳/۱٦ بەبۆنەی ساڵڕۆژی یادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عێراق سەردانی ئەو شارەی کرد.

۲۰۰٤/۳/۲۸ کۆچی دوایی هونەرمەندی ناسراوی کورد سمکۆ عەزیز.

٢٠٠٤/٣/٢٩ ڕەنگی خانووەکەی سیروانم ڕشت. حکومەت پەنجا خانووی لە گەڕەگی جان جانو پەنجای تری لە کیلەسپی بۆ پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان دەکردەوە. سی وەرەقە پارەو مەوادی تەواوی خانووەکەیان دەداو دەبوایە خۆمان سەرپەرشتیمان بکردایەو وەستاو کرێکارمان بۆ بگرتایە.

٢٠٠٤/٤/٢٠ عەلی عەبدولرەحمان کانی شێخیو عەلی محەمەد عەبدولا بەشارەتی لە سجنی ئەبوغرێب بەربوون کە ماوەی ٥ مانگ گیرابوون لە لایەن ئەمریکییەکانەوە لە بەغدا.

٢٠٠٤/٥/١ کۆچی دوایی مام والی حاجی حەمە عەلی مەحمود پیروەیس لە سەراوی سوبحان ئاغا.

٢٠٠٤/٥/٣١ سەرکردەی یەکێتی دارۆی شێخ نوری لە ولاتی سوید کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٤/٦/١ ئەیاد عەلاوی بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقی ژێر دەسەلاتی ئەمریکی. وە دکتۆر بەرهەم بوو بە جێگرىو غازی عەجیل ئەلیاوەر بە سەرۆککۆمارو ڕۆژ نوری شاوەیس بوو بە جێگری.

٢٠٠٤/٦/٣ عومەری حاجی فەتاح عەلیاوایی لە سەیدسادق کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٤/٦/٩ بۆ یەکەم جار حکومەتی تورکیا پەخشی تەلەفزیۆنی کوردی بلاوکردەوە.

٢٠٠٤/٦/٩ نەتەوە یەکگرتووەکان بەبڕیاری ١٥٤٦سیادەی عێراقی گەڕاندەوە بۆ عێراقییەکان.

٢٠٠٤/٧/١ یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنی سەددام حسێن بەڕێوەچوو.

٢٠٠٤/٧/١ سەددام حسێن لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بە تاوانبارانی ڕژێمی بەعس چەندین تۆمەتی ئاراستە کرا، لەوانەش کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالی کورد.

٢٠٠٤/٧/١٤ لە خەستەخانەی کێو لە سلێمانی سێ نەشتەرگەریم بۆ کرا لە لایەن دکتۆر سیروان حەمە شەریف قەرەداغی یەوە.

٢٠٠٤/٨/٢٨ مامۆستا شێخ خالید موفتی کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٤/٩/١ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق فوئاد مەعسومیان وەکوو سەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژارد.

٢٠٠٤/١٠/١٦ ئاسایشی یەکێتی لە مزگەوتی حاجی عوسمانی عەلاف لە گەڕەکی زەرگەتە مەلا عوزێری سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی دەستگیر کرد، بەمەش نارەزایی جەماوەری لێکەوتەوە.

٢٠٠٤/١١/١١ کۆچی دوایی یاسر عەرەفات ڕێبەری فەلەستین.

٢٠٠٤/١٢/١٢ کۆچی دوایی سەرکردەی یەکێتی دکتۆر کەمال خۆشناو لە ئەمریکا.

٢٠٠٤/١٢/٢٦ بومەلەرزەیەکی بەهێز کەناراوەکانی ڕۆژهەلاتی ئاسیای هەژاند کەپێی دەوترێت تسۆنامی، زەرەرو زیانی لە زۆرێك لەو دەوڵەتانە دا وەکوو سریلانکاو ئەندەنوسیاو مالیزیاو هیندو تایلەند وە بوو بە هۆی کوشتنی زیاتر لە دەیان هەزار کەسو بێ سەروشوێن بوونو بێ خانەولانە بوونی دەیان هەزاری تر.

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٥

ساڵی ٢٠٠٥ ساڵێکی پڕ گۆڕانکاری بوو بۆ هەرێمی کوردستان، مام جەلال لەم ساڵەدا بوو بە سەرۆککۆماری عێراق، کە ئەوەش بۆ یەکەم جار بوو کوردێك بچێتە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، هەروەها هەشت وەزارەت دران بە کورد گرنگترینیان وەزارەتی دەرەوە بوو، ئەمە جگە لە دامەزراندنی پازدە کورد لەکۆی پەنجاوپێنج کەس بۆ نوسینەوەی دەستوری عێراق. هەر لەم ساڵەدا پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردراو کورد بوو بە خاوەنی ٥٨ کورسی پەرلەمان. هەروەها لەم ساڵەدا کاك مەسعود بارزانی بوو بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان, وە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا، ئەمە جگە لە کردنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کە دەروازەیەکی گرنگ بوو بۆ کرانەوەی هەرێم بە ڕووی وڵاتانی جیهانداو گەشە سەندنی ئابورییەکەی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٥:

٢٠٠٥/١/١ یەکەم وەجبەی زیارەتکارانی ماڵی خوا (حاجییان) لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتییەوە بە فڕۆکە بەرەو عەرەبستانی سعودیە بەڕێکەوتن. ئەمەش یەکەم جار بوو لەکوردستاندا سەفەری لەو جۆرە بکرێت.

٢٠٠٥/١/٥ ئەمریکییەکان لە هەولێر تەقەیان لەبەشە ناوخۆیی خەیرولڵا عەبدولکەریم کردو چوار خوێندکارو ئافرەتێك بریندار بوون. ئەم ڕووداوە کە بە بیانوی تیرۆریستێك لەو ناوچەیەدا نیگەرانی دەسەڵاتدارانو خەڵکی هەولێری لێ کەوتەوە.

٢٠٠٥/١/٢٠ جۆرج بوشی کوڕ بۆ ماوەی چوار ساڵی تر بویەوە بە سەرۆکی ئەمریکا.

٢٠٠٥/١/٣٠ پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق ئەنجامدرا.

٢٠٠٥/٢/٣ لە کۆبونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتیدا لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بڕیار درا پۆستەکانی هەرێمو بەغدا بەم شێوەیە دابەش بکرێت: مام جەلال پۆستی سەرۆکی کۆمار وەربگرێت کە بەشی کوردە. کاك مەسعود پۆستی سەرۆکی هەرێم وەربگرێت. سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ پارتیو پەرلەمان بۆ یەکێتی ئەوانیش بۆ نێچیرڤان بارزانیو عەدنان موفتی.

٢٠٠٥/٢/٩ ڕۆژی مورافەعە گەورەکە مام جەلال سەرۆککۆماری عێراق لەبەرچاوی هەموو سەرکردە باڵا عێراقییەکان نەخشەی کۆنی عێراقی لەسەر مێزی گفتوگۆ ڕاخست، وە بۆی سەلماندن بەپێی ئەو نەخشەیە شاری کەرکوك لە ئێستاو کۆندا شارێکی کوردیەو موڵکی هیچ لایەکی تر نییە.

٢٠٠٥/٢/١٤ دوا ئاماری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان بۆ کێبڕکێ لەسەر ١١١ کورسی پارلەمان، لیستی یەکێتیو پارتیو یەکگرتووی ئیسلامی وردە پارتەکانی تر ١٠٤ کورسیان مسۆگەر کرد. کۆمەڵی ئیسلامیش ٦ کورسیو زەحمەتکێشان ١ کورسی بەدەست هێناوە.

٢٠٠٥/٢/٢٢ لە پارێزگای کرمانی ئێرانو لە ناوچەی زەرەند بومەلەرزەیەك بوو بە هۆی کاولکردنی ٤٠ گوندی ناوچەکەو کوژرانی ٦٢٠ کەسو بریندار بوونی ٦٣٠ کەسی تر.

٢٠٠٥/٢/٢٧ سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن تکریتی زڕبرای سەددام حسێن لە شاری بەغدا دەستگیرکرا.

٢٠٠٥/٣/٣ ئەیاد عەلاوی باری نائاسایی لە شارەکانی عێراق درێژ کردەوە.

٢٠٠٥/٣/١٤ لە گوندی عازەبان شەڕی نێوان هەردوو بنەماڵەی حاجی حەسەن شەمێرانیو حاجی حەمە ئەمین عازەبانی هەڵگیرسا. لە ئەنجامدا جەبار حاجی حەسەن شەمێرانیو محەمەد برای حاجی حەمە ئەمین عازەبانی کوژران.

٢٠٠٥/٣/١٦ بەردی بناغەی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دانرا.

٢٠٠٥/٣/١٦ یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەچوو.

٢٠٠٥/٣/٢٩ دانا ئەحمەد مەجید بوو بە پارێزگاری سلێمانی.

٢٠٠٥/٣/٢٩ موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە دەبێت کورد دەست لە کەرکوك هەڵبگرێت، بۆ ئەوەی عێراق لە مەترسی پارچە پارچە بوون بپارێزرێت.

٢٠٠٥/٤/١ بزوتنەوەی ئیسلامی لە شاری سلێمانی هەشتەمین کۆنگرەی خۆی بەست.

٢٠٠٥/٤/٤ نەوزاد هادی کرایەوە بە پارێزگاری هەولێر.

٢٠٠٥/٤/٦ مام جەلال بوو بە سەرۆککۆماری عێراق. ئەوەش یەکەم جار بوو لە مێژووی عێراقدا کوردێك ببێت بە سەرۆککۆمار.

٢٠٠٥/٤/٢١ ڕێبازی تەسەوف لەسلێمانی یەکەم کۆنگرەی خۆیان بەست.

٢٠٠٥/٤/٢٧ پرۆژەی تونێلی پێشڕەو لە شاخی ئەزمەڕی شاری سلێمانی دەستپێکرد، کە سلێمانیو قەڵاچوالان پێکەوە دەبەستێتەوە.

٢٠٠٥/٤/٢٨ مامۆستا عەلی باپیر لە زیندانی ئەمریکییەکان لە عێراق ئازادکرا.

٢٠٠٥/٤/٢٩ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بە شێوەیەکی فەرمی کرایەوە.

٢٠٠٥/٥/٣ ئیبراهیم جەعفەری وەك سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقو دکتۆر بەرهەم وەك جێگری سەرۆك وەزیرانو کابینەکەی سوێندی یاساییان خوارد.

٢٠٠٥/٥/٣ هونەرمەند ئیبراهیم خەیات لەشاری سلێمانی کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٥/٥/٤ له ئه‌نجامی ته‌قینه‌وه‌یه‌كی خۆكوژیدا له‌شاری هه‌ولێرو له نزیك هۆڵی میدیا، په‌نجا كه‌س كوژران‌و سه‌د كه‌سی تریش بریندار بوون، كه هه‌موویان خه‌ڵكی مه‌ده‌نی ئه‌و ده‌وروبه‌ره بوون.

٢٠٠٥/٥/٥ كۆچی دوایی مه‌حمودی مه‌لا عیزه‌ت نوێنه‌ری یه‌كێتی له وڵاتی سوید.

٢٠٠٥/٥/٧ ته‌رمی سه‌باح كه‌ریم قه‌ساب كۆكۆیی شه‌مێرانی له نزیك گوندی قلیجه دۆزرایه‌وه.

٢٠٠٥/٥/١٠ دامه‌زراندنی ٥٥ كه‌سی پسپۆڕ له عێراق كه ١٥ كه‌سیان كوردبوون، بۆ نوسینه‌وه‌ی ده‌ستوری نوێی عێراق.

٢٠٠٥/٥/١٣ سیروان مه‌حمود خوامراد گوڵپی له خورماڵ كوژرا.

٢٠٠٥/٥/١٥ كۆچی دوایی یار ئه‌حمه‌د به‌گی ئه‌فراسیاب به‌گی ڕۆسته‌م سوڵتان له هه‌ڵه‌بجه‌ی شه‌هید.

٢٠٠٥/٥/٣١ هه‌ردوو مه‌كته‌بی سیاسی پارتی‌و یه‌كێتی له پیرمام كۆبونه‌وه، به‌مه‌به‌ستی كۆبونه‌وه‌ی په‌رله‌مان‌و دانانی سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان كه پارتی به‌پشكی خۆی ده‌زانی.

٢٠٠٥/٦/٤ ئه‌ندامانی خولی دووه‌می په‌رله‌مانی كوردستان به ئاماده‌بوونی نوێنه‌ری نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان، سوێندی یاساییان خوارد.

٢٠٠٥/٦/١٤ په‌رله‌مانی كوردستان به زۆرینه‌ی ده‌نگ‌و به ئاماده‌بوونی مام جه‌لال‌و گه‌وره لێپرسراوان‌و سه‌رۆك حزبه‌كان، كاك مه‌سعود بارزانی وه‌كوو سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان هه‌ڵبژارد.

٢٠٠٥/٦/١٨ هه‌ڵبژاردنی مه‌حمودی ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد به سه‌رۆككۆماری ئێران وه‌ك شه‌شه‌مین سه‌رۆككۆماری ئه‌و وڵاته له دوای ڕوخانی شاوه له ساڵی ١٩٧٩.

٢٠٠٥/٦/٢٠ له هه‌ڵه‌بجه‌ی شه‌هید له كرده‌وه‌یه‌كی خۆكوژیدا ئه‌نوه‌ری حاجی عوسمان عه‌نه‌بی به‌ڕێوه‌به‌ری ئاسایشی هه‌موو ناوچه‌ی هه‌ڵه‌بجه‌و شاره‌زوور خۆی‌و دوو پاسه‌وانی به‌ناوه‌كانی ئاری باقی‌و به‌كر عه‌لی تیرۆر كران.

٢٠٠٥/٦/٢٢ كۆچی دوایی هونه‌رمه‌ندی گۆرانی بێژ عوسمان عه‌لی.

٢٠٠٥/٧/٢٠ فڕۆكه‌خانه‌ی نێوده‌وڵه‌تی سلێمانی به فه‌رمی له‌لایه‌ن مام جه‌لاله‌وه كرایه‌وه.

٢٠٠٥/٧/٢٣ ته‌رمی سه‌ردار كوڕی داود به‌گی جاف له گۆڕستانی سه‌ید خه‌لیل به‌خاك سپێردرا.

٢٠٠٥/٨/١ شا فه‌هد كوڕی عه‌بدولعه‌زیز پادشای سعودیه كۆچی دواییكرد.

٢٠٠٥/٨/١٧ جه‌ماعه‌تی دادگای شاره‌زوور چوین بۆ كه‌ركوك بۆ ته‌عزییه‌ی باوكی حاكم نه‌جات.

٢٠٠٥/٨/٢٥ كۆچی دوایی كاك ئه‌حمه‌د خه‌سره‌و سه‌رۆكی عه‌شیره‌تی سادانی له كوڵكنی.

٢٠٠٥/٨/٢٧ عه‌دنان خالید میرزا كه‌ریم له ناوچه‌ی عوزێم له شه‌ڕی تیرۆریستاندا كوژرا.

٢٠٠٥/٨/٢٨ ڕه‌شنوسی ده‌ستوری عێراق ئیمزاكرا.

٢٠٠٥/٨/٣٠ کۆچی دوایی زاناو عارفو خواناسو موفەسیرو موفتی جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە تەمەنی ١٠٥ ساڵیدا لە شاری بەغدا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ئەو هەنارەم لە بەهەشتەوە بۆ هێناوی

دکتۆر ناسیح مەلا کەریم مۆردینی باسی هەڵگرتنی هەنار دەکات کە بتوانرێت تا بەهار سود لەو میوەیە ببینرێت، کە باوکی بەڕێزیان زۆر لێزانانە ئەو کارەی کردووە. ئەم باسە چونکە بەشێکی پەیوەندیدارە بە زانای کۆچکردوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لێرەدا باسی دەکەین: "سەرەتای بەهاری ١٩٧٦ باوکی بەڕێزم سەبەتەیەك هەنار ئەبات بۆ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە بەغدا. مامۆستا زۆری پێخۆش ئەبێتو زۆر سەرسام دەبێت، پرسیار لە باوکم ئەکاتو دەپرسێت: میکایلی برام! ئەگەر ئەڵێم ئەمە هەناری ئەمساڵە بە خوا شتی وا مەحاڵە، ئێمە هێشتا لەسەرەتای بەهاردایین، وە ئەگەر ئەڵێم ئەمە هەناریساڵی پارە عەقڵم نایبڕێت!، باوکیشم ئەڵێت: وەڵا قوربان ئەوە هەناری ساڵی ڕابردووەو لە بەهەشتەوە بۆم هێناوی، ئیزائیلیش (ملك الموت) سڵاوی بۆت هەبوو. مامۆستا دەست دەکات بە پێکەنینو دەستخۆشی لە باوکم دەکات.

تا لە لادێ بووین باوکم کاتی هەنار لێکردنەوە نزیکەی دووسەد هەناری لە ژورێکدا هەڵدەگرت، بەو پێیەی الحمد لله میوانداربووینو ئەرکمان هەبوو، وەهەندێ جاریش بە دیاری بۆ ئەملاو ئەو لای دەبرد. کارتۆنی ڕادەخست پاشان گەڵا هەنار بەسەریداو پاشان بە هێواشی هەنارەکەی لە سەر دادەناو چەند رۆژ جارێك سەردانی ئەکرد"[١].

٢٠٠٥/٩/١٨ کۆچی دوایی هونەرمەند مەرزیە فەریقی خێزانی ناسری ڕەزازی.

٢٠٠٥/٩/٢٢ دارای حاجی محەمەدی عەلی دوانزەی ئیمامی لە موسڵ کوژرا.

٢٠٠٥/١٠/١٩ سەددام حسێن دادگایی کرا.

٢٠٠٥/١٠/٢٥ لە نزیك وەزارەتی پێشمەرگەی سلێمانی سێ ئۆتۆمبێل تەقییەوە. ١٣ کەس کوژرانو ١٥ کەسی تر بریندار بوون.

٢٠٠٥/١٢/٦ بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینان لەلایەن پارتییەوە سوتێنران.

٢٠٠٥/١٢/١٥ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، شیعە یەکەم بوون ١٢٨ کورسی، کورد دووەم ٥٣ کورسیو سوننە سێهەم بوون ٤٤ کورسی، یەکگرتووی ئیسلامی ٥ کورسی، عێراقی موحد ٢٥ کورسی.

---

١ د. ناسیح مەلا کەریم، مامۆستای زانکۆ لە هەڵەبجە، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٦.

٢٠٠٥/١٢/٢٣ کۆچی دوایی حاجی حەمە عەلی خەلیفە حسێن سەرۆکی عەشیرەتی کەلهوڕ لە شارەزوور لە گوندی لامەرکەزی.

٢٠٠٥/١٢/٣٠ دایکم بەرەو حەجی ماڵی خوا بەڕێکەوت لە فڕۆکەخانەی سلێمانی خواحافیزیمان لەیەکتر کردو بەجێم هێشت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٦

ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەکە وە ساڵی خۆشگوزەرانی عێراقییەکان بوو لە ڕووی موچەو داهاتی تاکە کەسەوە، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە ساڵی تەقینەوەو کوشتو بڕ بوو لەم وڵاتەدا، ڕۆژ نەبوو ئۆتۆمبێلێکی بۆمب ڕێژکراو لە جێگایەکی پڕ حەشیمەت دا خۆی نەتەقێنەوەو دەیان کەس نەکات بە قوربانی. هەروەها شەڕی تافیفی نێوان سوننەو شیعە لە گەرمەیدا بوو، عێراقیان کردبوو بە گۆمی خوێن، لەم نێوەندەدا چەندین زانای عێراقیو پزیشكو خەڵکی ئەکادیمی تیرۆرکران، تەنها شوێنێك ئارامیو ئاسایشی هەبوو هەرێمی کوردستان بوو، خەڵکانی ئەکادیمی وەکوو مامۆستایانی زانکۆو پزیشکانو ئەندازیاران ڕوویان لێ دەکردو تێیدا ژیانیان بەبێ ترس دەبردە سەر. لەم ساڵەدا دیکتاتۆرەکەی عێراق لەسێدارە دراو پەردە بەسەر دەیان ساڵی حوکمی خۆسەپێنی ئەودا دادرایەوە. هاوکات چەندین سەرکردەی باڵای حزبی بەعس لەسێدارە دران.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٦:

٢٠٠٦/١/٦ لە ئەنجامی داڕمانی هۆتێلێکدا لە سعودیە ٧٢ حاجی مردن.

٢٠٠٦/١/١٢ لە کاتی ڕەجمی شەیتاندا لە سعودیە ٣٥٤ حاجی بوون بە ژێرەوەو مردن، هەمویان خەڵکی باشوری ئاسیاو هیندستانو میسرو سعودیە بوون.

٢٠٠٦/١/٢٢ دایکم لە فەریزەی حەج گەڕایەوە هەرێمی کوردستان.

٢٠٠٦/١/٣١ مەلا سەعید زمناکۆیی باوکی دکتۆر شێرکۆو دکتۆر شاهۆ کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٦/٢/٣ لافاوێکی گەورە سەیدسادقی گرتەوە زەرەرو زیانی مادی زۆری هەبوو لەگەڵ گیان لەدەستدانی کەسێك.

٢٠٠٦/٢/٢٢ لە شاری سامەڕا هەردوو مەرقەدی عەلی هادیو حەسەن عەسکەری تەقێنرایەوە.

٢٠٠٦/٣/١٦ لە لایەن جەماوەری شاری هەڵەبجەوە مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە سوتێنرا. وە لە ئەنجامی گرژیو ئالۆزییەوە کەسێك کوژراو ١١ کەسی تریش بریندار بوون. خۆپیشاندەران داوای خزمەتگوزاری زیاتریان دەکرد بۆ هەڵەبجە.

٢٠٠٦/٣/٢٦ نێچیرڤان بارزانی کرا بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمو عومەر فەتاح بە جێگری.

٢٠٠٦/٤/١٠ لە کانی بەردینە بووم بە بۆنەی خوێندنەوەی مەولود نامەوە. "کاتێ کە جیهان بە هاتنی نوێنەری پادشای ئەزەلو ئەبەد، کە پێغەمبەری سەروەرە (د. خ)، شادو بەهرەمەند بوو. ئەم پێغەمبەرە (د. خ) لە لایەن خواوەندی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانەوە بۆ لای سەرجەم خەڵکی سەر ڕووی زەوی ڕەوانەکراو چەندین دیاریی مەعنەویو ڕاستیی ڕوونی ئەوتۆشی لەگەڵ خۆدا هێنا کە پەیوەندییان بە هەموو بوونەوەرانەوە هەیە. لەم کاتەدا، لە لایەنی هەموو دەستەو تاقمێك لەم جۆرانەی بوونەوەرەوە، هەر یەکەیان بە زمانی تایبەتیی خۆی، نوێنەریان بۆ پێشوازی لێکردنو بەخێرهاتنی ئەم پێغەمبەرە (د. خ) هاتو هەر یەکەشیان موعجیزەی دەستەو تاقمی خۆیان لە بەردەم پێغەمبەردا (د. خ) پێشکەش کرد. بەمەش تەسدیق کردنو بەخێرهاتنی پێغەمبەریان (د. خ) دەربڕی. ئەوەبوو هەر لە بەردو دارو ئاوو مرۆڤەوە، تا دەگاتە مانگو خۆرو ئەستێرەکان، هەموو ئەم کارەیان ئەنجام دا. وەك بڵێی هەر یەکەیان بە زمانی حاڵی خۆی دەڵێت: یاخوا بەخێربێیت"[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٦/٤/٣١ سۆران عەلی ڕەباتی بوو بە قایمقامی قەزای شارەزوور لە جێگای کاك ئەحمەدی مام نوری.

٢٠٠٦/٥/٧ هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی لە کابینەیەکی هاوبەشدا یەکیان گرتەوە. کە پێکهاتبوو لە ٤٢ وەزیر، ١١ وەزیری پارتیو ١١ یەکێتیو باقی بۆ حزبەکانی تر.

٢٠٠٦/٥/٢٠ نوری کامیل ئەلمالیکی بۆ یەکەم جار بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقی ژێر دەسەڵاتی ئەمریکی.

٢٠٠٦/٦/١٥ کتێبخانەی شارەزوور لە هەڵەبجەی تازە کرایەوە.

٢٠٠٦/٦/٢١ کۆسرەت ڕەسول عەلی بوو بە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.


٢٠٠٦/١٠/٢٩ کۆچی دوایی شاعیری کورد ئەحمەد هەردی لەشاری سلێمانی.

٢٠٠٦/١١/٥ کۆتا دانیشتنی دادگایی سەددام حسێن بوو لە سەر کەیسی قەتڵو عامی شارۆچکەی دوجەیل. حوکمی سەددامو بەرزانی برایو عەواد بەندەر لە سێدارەدان بوو. تەها جەزراوی زیندانی هەتاهەتایی، ٣ کەسی تریان زیندان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، کەسێك تەبریە کرا.

٢٠٠٦/١١/١٨ کوێخا محەمەد ئەحمەد هەسەن لە کێلەسپی سیروان کۆچی دواییکرد.

---

١ بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی، وتەکان، وتەی نۆزدە، وەرگێڕانی فاروق ڕەسول یەحیا، نشر احسان، ل١٥٣.




کوێخا محەمەد کوڕی گەورەی ئەحمەدی هەسەن بووە لە عەشیرەتی نەورۆڵی، کەگوندی کێلەسپی ناحیەی سیروانی ئاوەدان کردووەتەوەو یەکەم جار وەکوو تاقە ماڵە لەوێدا ماوەتەوەو پرسی بە سەیدی هانەسورە کردووە کە وەلیو بەرچاو ڕۆشن بووە، کەئایا لەو شوێنەدا بمێنێتەوە یان بار بکات بۆ جێگایەکی تر؟ سەیدی هانەسورە جێگاکەی پێ باش بووەو پێی وتووە لەوێ بمێنەرەوە. ئەحمەدی هەسەن خانەدانو میوان پەزێر بووە، لەهەمان کاتدا کەسێکی خێرخوازو ئیماندار بووە, ماڵەکەی میوانی لێ نەبڕاوە. ئەو سێ کوڕەی لەدوا بەجێماوە (حاجی محەمەدو حاجی عەبدولڕەحیمو حاجی عوسمان)، کە هەر لەوجێگایەی باوکیاندا ماونەتەوەو منداڵو نەوەکانیان لەهەمان شوێنو نزیکی خۆیانن. حاجی کوێخا ومحەمەد پیاوێکی خانەدانو میوان پەزێرو قسەڕۆشتوو بووەو بەشداری چەندین سوڵحو ئاشتەوایی نێوان بنەماڵە ناکۆکەکانی کردووە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## فیرعەونەکەی عێراق لە سێدارە درا

٢٠٠٦/١٢/٣٠ سەددام حسێن سەرۆککۆماری پێشووی عێراق لە یەکەم ڕۆژی جەژندا لە سێدارە درا.

تارق هاشمی لە بەرنامەی "الذاکرة السیاسیة" دەڵێ: (ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ مام جەلالو عادل عەبدولمەهدی چووین لە پەرلەمان سوێند بخۆین، پێش ئەوەی بچینە هۆڵەکە سەرکردەکانی شیعە گوتیان کۆبوونەوەیەکی تایبەتمان هەیە. لەوێ حوسێن شەهرستانی قسەی کرد بە مام جەلالی گوت: ئێمە سەددام ئیعدام دەکەین پێویستمان بە مەرسوومی سەرۆکایەتییە تۆ ئیمزای دەکەی؟ مام جەلالیش گوت بووی: کێشەم نییە. پاشان ڕووی لە من کرد گوتی: تۆش هەمان بۆچوونی مام جەلالت هەیە؟ منیش گوتم سەددام هێشتا دادگایی نەکراوەو حوکمی بۆ دەرنەچووە چۆن ئیمزا لە سەر شتێك دەکەم هێشتا حوکمی نەدراوە، هەر کاتێك قەناعەتم بە حوکمەکە هات ئیمزای لە سەردەکەم. لە قسەکانی هاشمی دا ڕادەی لێهاتوویو سیاسی مام جەلال لە تێپەڕاندنی فەیرانەکانو خوێندنەوەی عەقلی شیعەکان دەردەکەوێت، مام جەلال پێویستی بەوە هەبوو سوێندەکە بخواتو ببێتە سەرۆكو کێشەی بۆ دروست نەکەن، کاتێکیش بووە سەرۆك بە شیعەکانی گوت ببوورن من پارێزەرم ئیمزام لە دژی لە سێدارەدان کردووە، کوردی لە شەڕێکی

گەورەی عەرەبی سوننەو ولاَتانی عەرەبی پاراست ئەمەش وایکرد مالیکی فەرمانێکی دیوانی بۆ لەسێدارە دانەکان دەربکات[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٧

ساڵی ٢٠٠٧ ساڵێکی خوێناوی بوو بۆ عێراقییەکان، چەندین تەقینەوەی خۆکوژی خەڵکی سڤیلی دەکردە ئامانجو ڕۆژانە بە دەیانو سەدان هاولاَتی دەبوونە قوربانیو شەلو پەت دەبون. شاری کەرکوك گەورەترین هێرشی خوێناوی بۆ کراو بەردەوام لەهەوالَی تێکدانی ئارامیو ئاسایشی ئەو شارەدا بوون، کە زۆرینەی لە ژێر دەسەلاَتی کوردا بوو، بەلاَم دەسەلاَتی کوردی وەکوو پێویست نەیتوانی ئاسایشی ئەو شارە دابین بکات چونکە وەکوو دوو پارتو دوو حکومەت چووبوونە ئەو شارە، هەریەکەیان ئاسایشی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەمە سەرەڕای ئاسایشو پۆلیسی فیدرالَی سەر بەناوەند، ئەم پەرشو بلاَوییە وای کردبوو کە تیرۆریستان دزە بکەنە ناو شارو تەقینەوو کاری خۆکوژی ئەنجام بدەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٧:

٢٠٠٧/١/١ بان کی مۆن کۆری وەکوو سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست بەکاربوو.

٢٠٠٧/١/٧ کۆچی دوایی سەرچلَی لالە سەرحەد خەلیفە یونسو عوسمانی خزمی بە هۆی ڕوداوی هاتوچۆوە.

سەرچڵ سەرحەد خەلیفە یونس نارسراو بە سەرچلَی لالە سەرحەد لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی دسکەرەی شارەزوور لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ دەبێت بە پێشمەرگەو تا کارەساتی بەناو ئەنفال پێشمەرگە بووە، دواتر لە ساڵی ١٩٩١ وە پەیوەندی دەکاتەوەو بەشداری بەرچاوی هەبووە لە ڕاپەڕین دا. پلەکانی پێشمەرگایەتی بەسەرکەوتوویی بڕیوە تا سەرتیپ, فەرمانەدەی بەتالیۆن لە لەشکرەکانی شارەزوورو خانەقین، وە جارێك بریندار بووە. پاشان کراوە بە بەڕێوەبەری ئاسایش لە هەلَەبجەی شەهیدو سەیدسادقو شارەزوور. لە ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٧ لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکو فەرمان‌دا بە ڕوداووی هاتووچۆ کۆچی دوایی دەکاتو



---

١ - مەحمود یاسین کوردی، نوسەرو ڕۆژنامەنوس، تۆڕی کۆمەلاَیەتی فەیسبوك، ٢٠١٧.

دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. شەهید سەرچڵ کەسێکی ڕۆح سوكو بەخزمەت بووەو باوکی سێ کوڕە بە ناوەکانی (شارەزوور، گەرمیان، سەردار).

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٧/١/١١ لە شاری هەولێر هێزێکی ئەمریکی هەڵی کوتایە سەر قونسوڵخانەی ئێرانو چەند کەسێکیان قۆڵبەست کردو بە چەند فایلێکەوە بەرەو جێگایەکی نادیار بران.

٢٠٠٧/١/١٥ لەسێدارە دانی بەرزان تکریتیو عەواد بەندەر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە تاوانبار کرابوون بە قەتڵوعامی عێراقییەکان لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا.

٢٠٠٧/١/٢٥ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئیلانپێ لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا.

مامۆستا شێخ ئەحمەد کاکە مەحمود ساڵی (١٩٥٠) لە گوندی یالانپێ لەدایك بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە خراوەتە بەر خوێندنی زانستە شەرعییەکان لە گوندی یالانپێ لای مامۆستا سەید حسێن، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چۆتە کوردستانی ئێرانو لای چەند مامۆستاو لە چەندین ناوچەی کوردستان درێژەی بە خوێندن داوە، دواتر دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراقو لەسەردەستی مامۆستا مەلا



عوسمان عەبدولعەزیز ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە، دوای کرانەوەی پەیمانگای ئیسلامیی لە هەڵەبجە، دەبێتە قوتابی ئەو پەیمانگایەو ساڵی (١٩٧١) خوێندنی پەیمانگای تەواو کردووە، دواتر دەبێتە ئیمامو وتاربێژو لە چەند مزگەوتی ناوچەی پێنجوێنو خورماڵو سیروان. بە وتارەکانی خەڵکی وشیار دەکاتەوە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان لە (١٩٨٧)، چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە: (خوا لەڕوانگەی زانیاریەوە، وتەی زاناکانو باوەڕ بە خوا، خواپەرستی لە ئیسلامدا، سەربەستی لە ئیسلامدا، ئاشتی لە ئیسلامدا، پەروەردە لەئیسلامدا، جیهاد لە ئیسلامدا، تەفسیری ڕامان). لە ٢٠٠٧/١/٢٥ کۆچی دواییکردووە[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٧/٢/٢٥ مام جەلال بەهۆی نەخۆشییەوە داخڵی نەخۆشخانەی مەلیك حسێن کرا لە ئوردون.

٢٠٠٧/٣/١٧ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.

٢٠٠٧/٣/١٧ سەرماو باران بوو، وە لە ناوچە شاخاوییەکان بەفر دەباری.

---

١ ئیدریس سیوەیلی، ڕەوتی ئیسلامی لەباشوری کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٠٩.

٢٠٠٧/٣/٢٠ تەها یاسین ڕەمەزان لە شاری بەغدا لە سێدارە درا.

٢٠٠٧/٤/٧ یەزیدییەکان کچێکیان بە ناوی (دوعا) بە بەردو بلۆك کوشت، بە هۆی ئەوەی کە موسڵمان بووە.

٢٠٠٧/٤/٢٢ لەسەر کوشتنی ئەو کچە یەزیدییە کە ناوی دوعا بوو لە سەر ئەوەی موسڵمان بووە بە بەرد کوشتیان، بیستو چوار کەسی یەزیدییان لە کارگەیەکدا لە شاری موسڵ کوشت.

٢٠٠٧/٥/٦ نیکۆلا سارکۆزی لە دوای جاك شیراك بوو بە سەرۆکی فەرەنسا.

٢٠٠٧/٥/١٩ بۆمبێکی چێنراو لەبەردەم ماڵی مەلا ئەحمەدی کانی بەردینەدا تەقییەوە. عەبدوڵای برای مەلا ئەحمەد بریندار بوو.

٢٠٠٧/٦/١٠ محەمەد کوڕی وەستا بورهان محەمەد نوری لە هەڵەبجەی تازە لە گەڵ دوو منالی تردا چوون بۆ مەلە کردن. محەمەد ون بوو نەهاتەوە بۆ ماڵ، ڕۆژی دواتر ٦/١١ جەنازەکەیان لە گۆمێك ئاودا بە خنکاوی دۆزییەوە.

٢٠٠٧/٦/٢٣ لەگەڵ ئەحمەد مەجید لە شاری سنە بوین، لەوێوە بەرەو تاران بەڕێکەوتین.

٢٠٠٧/٦/٢٤ سەعات ٥ ی بەیانی گەیشتینە تاران. ئێوارەکەی چوینە بیمارستانی دەی.

٢٠٠٧/٦/٢٤ دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق سزای لە سێدارەدانی سەپاند بە سەر عەلی حەسەن مەجیدو چەند گەورە بەرپرسێکی ڕژێمی بەعس.


٢٠٠٧/٦/٢٨ لەگەڵ ئەحمەد بە شەمەندەفەر لە تارانەوە چوین بۆ شاری کەرەج.

٢٠٠٧/٦/٢٩ لەگەڵ ئەحمەد بەڕێکەوتین بەرەو شاری سنە بە ٩ سەعات هاتینەوە سنە. شەو لەوێ بوین, ئێوارەکەی چوینە بەرزاییەکانی ئابییەر.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## زیارەتی قورئانەکەی نگلّ

٢٠٠٧/٦/٣٠ لە سنەوە بەڕێکەوتین بەرەو مەریوان لە ڕێگا لاماندایە مزگەوتی گوندی نگلّو زیارەتی قورئانە بەناوبانگەکەی نگلّمان کرد.



نگلّ، گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەر ڕێگای نێوان (سنەو مەریوان)ە، شەست کیلۆمەتر دوورە لە ڕۆژئاوای شاری (سنە)وە، ئەم گوندە لای خەڵك پیرۆزە چونکە قورئانێکی تێدایە کە بە خەتی کوفی لە سەر پێستی ئاسك نووسراوە و، بە ئاڵتوون

ڕازێندراوەتەوەو، لە ناو مزگەوتی گوندەکەدا لە سندوقێکدا دانراوە.

درێژی ئەم قورئانە ٦٠سمو پانیەکەشی ٢٢سمو ئەستووریەکەشی ١٥سم. چەند جارێك هەوڵی دزینی ئەم قورئانە دراوە، ساڵی ١٩٣٣ حکومەتی ئێران بڕیاری گواستنەوەی داوە، بەڵام لە بەر نارەزاییو خۆپیشاندانی خەڵکی گوندەکە قورئانەکە لە جێکەی خۆی دانراوەتەوە.

زۆربەی سەرچاوەکان ئەڵێن ئەم قورئانە پیرۆزە یەکێکە لەو نوسخانەی کە لەسەردەمی (عوسمانی کوری عەفان) خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان دا نووسراوەتەوە و، بۆ سێ هەرێمی موسڵماننشینی ئەو سەردەمە ڕەوانە کراوە. هەروەها ئەشڵێن ئەم قورئانە لەلایەن (عەبدوڵلای کوری عومەر) کە هاوەڵی پێغەمبەرە (د. خ) بۆ ئەم ناوچەیە هێنراوەو بەم هۆیەوە، مزگەوتی گوندی نگل ناونراوە مزگەوتی عەبدوڵلای کوری عومەر.

بەڵام پێ ناچێ ئەم قورئانە لەو نوسخانەی قورئان بێت کە لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا نووسراونەتەوە، چونکە:

١. قورئان لەو کاتەدا خاڵو نوختەی نەبووە.

٢. نووسینی قورئانەکانی ئەو کاتە بە خەتی کوفی نەبووە، کەچی قورئانەکەی نگڵ بە خەتی کوفی نووسراوە.

٣. قورئانەکانی سەردەمی عوسمان ئاوا زەخرەفەو جوانکارییان بۆ نەکراوە.

وە سەبارەت بە چۆنیەتی هاتنی ئەم قورئانە بۆ ئەو گوندە، چەندین حیکایەتو بەندوباوی تر هەن کە دەماودەم بڵاون لەناو خەڵکی ناوچەکەدا. گوایە هەزار ساڵ لەمەو پێش، شوانێك ڕۆژیك گوڵێکی زۆر جوانی بینیوە کە هەر پەڕەیەکی گوڵەکە ڕەنگێك بووە، زۆر سەرسامی بووە بە جۆرێك پێشتر گوڵی وەهای نەدیوە، بۆیە دەوری گوڵەکە هەڵئەکەنێت تا گوڵەکە بباتەوە بۆماڵ، لەکاتی هەڵکەندی زەوی چواردەوری گوڵەکەدا گاڵۆکەکەی ئەچێت بە بۆشایی زەوییەکەداو ئەبینێ کە سندوقێکی تێدایە، سندوقەکەی بۆ دەرنایەت، چەند کەسی تر لەگەڵی ئەچنو سندوقەقەکە دەرئەهێننو ئەیکەنەوەو ئەبینن ئەو قورئانەی تێدایە.

بۆیە خەڵکی ئەو ناوە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لەو شوێنەدا مزگەوتێك دروست بکەن، ئینجا ئاوەدانی بەدەوریدا پەیدا ئەبێت و، بە هۆی دۆزینەوەی ئەو گوڵە تازەوە گوندەکە ناو ئەنێن (نوگڵ) واتە (گوڵی نوێ) وەك چۆن ئەوترێ (نەونەمام، نەوبەهار، نەورۆز)، نوگڵ بەپێی تێپەڕ بوونی کات گۆڕاوەو بووە بە (نگڵ). بەندێکی گۆرانی فۆلکلۆر هەیە، ئەڵێ:

ئەگەر مەیلت هەس وە دیدەو وە دڵ ... حاکم بەینمان بێت، قورئانی نگڵ[1]

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٧/٧/٢٦ مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ بە ڕەسمی لە نێوان ئێرانو هەرێمدا کرایەوە.

٢٠٠٧/٧/٢٧ ڕێکەوتننامەی ستراتیجی نێوان پارتیو یەکێتی ئیمزا کرا.

٢٠٠٧/٨/٧ شارۆچکەی قەرەداغ کرا بە قەزا.

٢٠٠٧/٨/٩ جەبار فەرمان سەرکردەی یەکێتی کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٧/٨/٢٤ کۆچی دوایی عەبدولرەحمان عارف سەرۆککۆماری پێشوتری عێراق لە وڵاتی ئەردەن.

٢٠٠٧/٨/٢٩ شارۆچکەی سەیدسادق بوو بە قەزا.

٢٠٠٧/٨/٢٩ عەبدوڵا گویل بوو بە سەرۆککۆماری تورکیا.

٢٠٠٧/١١/١٢ لەشاری هەولێر بووم.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٨

دیارترین ڕووداو لەم ساڵەدا شکاندنی هەیبەتی جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا بوو لە عێراق، لە میانەی لێدوانێکی ڕۆژنامەنوسیدا لە گەڵ نوری مالیکی لە شاری بەغدا، ڕۆژنامەنوسێك بە ناوی مونتەزەر زەیدی پێڵاوەکانی بە ڕووی بۆش دا هاویشتو هەیبەتو کەرامەتی شکاند. بۆش ڕووداوەکەی بە ئاسایی وەرگرت، بەڵام دەسەڵاتی عێراق ڕۆژنامەنوسەکەیان دەستگیرکردو دایان بە دادگا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٨:

٢٠٠٨/١/١٠ بەفر لەشاری بەغداش باری. ئەوە یەکەم جار بوو دوای پەنجا ساڵ بەفر لەو شارە بباریێت.

٢٠٠٨/٢/٥ بۆیەکەم جار لە شاری بەغدا ئاڵای نوێی عێراق لەلایەن نوری مالکییەوە هەڵکرا.

٢٠٠٨/٢/١٧ کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی وەرگرتو بوو بە دەوڵەتێکیو لە سربیا جیابویەوە.

٢٠٠٨/٣/٢ سەرۆککۆماری ئێران مەحمودی ئەحمەدی نەژاد سەردانی عێراقی کرد. لە دوای ڕوخانی شاو هاتنی خومەینی، ئەوە یەکەم جار بوو سەرۆکێکی ئێرانی سەردانی بەغدا بکات.

٢٠٠٨/٣/٥ تیرۆر کردنی مامۆستای زانکۆ عەبدولستار تاهیر شەریف.

---

١ م. کەمال تەپەکەلی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ٢٠١٦.

۲۰۰۸/۳/۱۹ کۆچی دوایی نوسەرو شاعیر ئەکرەم عەنەبی.

۲۰۰۸/۳/۲۱ کۆچی دوایی عەلی مامە یارە تەپەکوڕەیی.

عەلی یارئەحمەد ناسراو بە عەلی مامە یارە لە ساڵی ۱۹۵۵ لە گوندی تەپەکوڕەی نزیك بە هەڵەبجەی



شەهید لە خێزانێکی جوتیارو زەحمەتکێش لە دایك بووە. ساڵی ۱۹۷۹ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، لە هەمان ساڵدا لە لایەن دامو دەزگاکانی بەعسەوە دەستگیر کراوە، دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر کە هیچ نهێنییەکی لەسەر ڕێکخستن نەدرکاند ئازاد دەکرێت. عەلی مامە یارە زۆر بە گورجو گۆڵیو دڵسۆزی کاروباری ڕێکخستنی ڕادەپەڕاند، تا ئەوەی لە ساڵی ۱۹۸۳ چەکی پێشمەرگایەتی دەکات شانو لە کەرتی سێی هەورامانی تیپی ۱۵ی شارەزوور دەبێتە پێشمەرگە. بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی کردووە لەوانە ئازاد کردنی هەڵەبجە لە ساڵی ۱۹۸۸دا. لە ساڵی ۱۹۸۵ دەبێت بە کادری بەشی کۆمەڵایەتی تیپی ۱۵. لە ساڵی ۱۹۹۱ بەشداری لە ئازادکردنی زۆرێك لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان کردووە. لە ساڵی ۱۹۹۲ کراوە بە جێگری هێزی ۳ی هەڵەبجە، دواتر لەبەر دڵسۆزی کراوە بەبەرپرسی ئیداری هێزەکە. لە ساڵی ۱۹۹۳ لە دروستبوونی سوپای یەکگرتووی کوردستاندا کراوە بە بەرپرسی ئیدارەی سوپا لە سنوری شارەزوور. لە ساڵی ۱۹۹۵ بووە بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری لە شارەزوور. دوای ئەوەی لە ساڵی ۱۹۹۶ خولی هەواڵگری بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات دەکرێت بە بەرپرسی بەشی هەواڵگری لەشکری شارەزوور. ساڵی ۲۰۰۳ بە پلەی عەقید دەکرێت بە جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوورو لێپرسراوی بەشی ڕامیاری لەو بەڕێوەبەرایەتییە. لە ڕۆژی ۲۰۰۸/۳/۲۱ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە ماڵئاوایی لە ژیان دەکاتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە[۱].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۲۰۰۸/۳/۲۷ حەمە خانی حاجی دارا تەرخانی لە خوارووی کەرکوكو لە نزیك داقوق کوژرا، بۆ ڕۆژی دواتر لە شاری هەولێر بە خاکیان سپارد.

۲۰۰۸/٤/۲٥ لەگوندی باخان لە قەرەداغ فیستیڤاڵی ئێلّ بەگی جاف ساز کرا.

---

۱ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٦٦٠)، ۲۰۱۱/۱۲/۲۳، ل۲٤.

٢٠٠٨/٥/٢٦ پۆلیسی پاسەوانی سنور فەتاح فایەق کاکی دانیشتووی هەڵەبجەی تازە لە ناوچەی پێنجوێن‌و گوندی کانی خان تەقەی لێ کراو بریندار بوو. وەلەبەر سەختی برینەکەی کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٨/٧/٢٩ یەکەم موچەی زیادکراومان وەرگرت من لە ٣٦٠ هەزارەوە بوم بە ٦٥٩ هەزار دینار.

٢٠٠٨/٨/١٧ ئێران مانگی دەستکردی ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد.

٢٠٠٨/٩/١ یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز.

٢٠٠٨/٩/٨ گەردەلولێکی بە هێز هەڵی کرد تەپوتۆز دونیای تاریك کرد بۆ یەکەم جارم بوو لە ژیاندا شتی وا ببینم.

٢٠٠٨/٩/١٣ لە خانەقین هەورامان کەریم عەبدوڵا خاسە لە هەڵەبجەی تازەو زولفەقارو کوڕەکەی خەڵکی هەڵەبجە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبی چێنراوەوە کوژران.

٢٠٠٨/٩/٢٣ بیست‌و سێ یەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان‌و مانگی ئەیلول بوو واتە مانگی عەربی‌و زایینی جوت بون.

٢٠٠٨/١٠/٢٠ لەگەڵ ئەحمەد مەجیدو کاك عادل کوێخا محەمەد بەرەو ئێران بەڕێکەوتین,یەکەم جار چوینە مەریوان پاشان لە بیەکەرەوە لاماندا بەرەو دزڵی وتەتەو سەر شاخی هەورامان‌و لە پشتی تەوێڵەو بیارەوە بەرەو نۆدشەو پاشان چوینە پاوە. ئەو شەوە لە پاوەماینەوە، نانی ئێوارەمان لە بازاڕ خواردو شەو چوینەوە بۆ ماڵ کاك کەریمی شوان تەنها باجی غەریبەو کچەکانی لە ماڵەوە بوون, کاك ناسر هات بۆلامان‌و بردینیەوە بۆ ماڵی خۆیان شەو لەوێ خەوتین.

٢٠٠٨/١٠/٢١ لە پاوەوە بەڕێ کەوتین بەرەو کرماشان، بە ناو شمشێرو سەریاس‌و ڕەوانسەردا تێپەڕین, وە هەمان ڕۆژ سواری پاس بوین بەرەو تاران بە ناو شارەکانی بێستون وسەحنەو کەنگاوەرو ئەسەد ئابادو هەمەدان ورەزن‌و قەزوێن‌و کەرەجدا گەیشتینە تاران.

٢٠٠٨/١٠/٢٣ لە تاران گەڕاینەوە بەرەو سنە شەو چوین بۆ ماڵ کاك ئەمین زاوای پوری کاك عادل بووماڵیان لە گەڕەکی تەپە حەنیفە بوو.

٢٠٠٨/١٠/٢٤ نیوەڕۆ لە ماڵ کاك ئەمین نانمان خوارد وە دوای نیوەڕۆ من‌و ئەحمەد چوین بۆ ماڵ کاك عەبدولرەحمان ئەحمەدپور شەو لەوێ بووین.

٢٠٠٨/١٠/٢٥ لە سنەوە بەرەو مەریوان بەڕێکەوتین‌و هاتینەوە بەرەو پێنجوێن وە عەسر گەیشتینەوە ماڵ کە سەفەرێکی زۆر خۆشی مێژووی بوو.

٢٠٠٨/١١/١١ ئەحمەد محەمەد مەحمود حاجی کاکی تەرخانی لە سنوری هەڵەبجەی تازە لە لایەن سەعیدی حاجی عەبدولەوە کوژرا.

٢٠٠٨/١١/٢٧ پەرلەمانی عێراق ڕیکەوتننامەی نێوان ئەمریکاو عێراقیان پەسەند کرد.

٢٠٠٨/١٢/١ دەست پێکردنی پەخشی ئەزموونی کەناڵی ئاسمانی پەیام (کۆمەڵی ئیسلامی).


٢٠٠٨/١٢/١١ چێشتخانەی عەبدوڵا لە کەرکوك کرایە ئامانجو بە تەقینەوەیەك زیاتر لە ٥٠ کەس کوژرانو ١٠٠ کەسی تر بریندار بوون.

٢٠٠٨/١٢/١٤ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەشاری بەغدا کە بۆ جۆرج بۆش سەرۆکی ئەمریکاو نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەسترابوو، ڕۆژنامەنوسێك بە ناوی مونتەزەر زەیدی پێڵاوەکانی تەقاند بەڕوی جۆرج بۆشداو هەیبەتی شکاند. هەر لەوێدا دەستگیریان کردو درا بەدادگا.

٢٠٠٨/١٢/٢٣ نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارێك عێراقی لە ژێر بەندی حەوتەم دەرهێنا.

٢٠٠٨/١٢/٢٨ کۆچی دوایی حاجی مەلا محەمەدی تاوگۆزی لە زەڕایەن.

حاجی مامۆستا کوڕی سەید عەبدوڵا کوڕی سەید عەزیز لە نەوەی ئەبوبەکری موسەنیفە. حاجی مەلا محەمەد زانایەکی خواناسو ئەهلی تەریقەت بووە، لە ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی سەرشاتەی ناوچەی تاوگۆزی لە دایك بووە، حاجی مەلا پیاوێکی زانست خوازو عەودالی زانست بووە هەر بۆیە لەسەر خوێندن بەردەوام بووەو هەوڵی زۆری بۆ داوەو پیشەی مەلایەتی بە گەورە زانیوەو هەڵیبژاردووەو نەوەکانیشی لەسەر



هانداوە، وە پەیوەندی بە شێخانی تەریقەتیشەوە کردووەو لە ڕووی مەعنەوی یەوە لێیان بەهرەمەند بووە, و تەمەسوکی بە شێخی عەلائەدینەوە کردووە زۆری خۆش ویستوە, وە هەرکات باسی شێخ عەلائەدین بکرایە دەیووت (ئای داخی گرانم چاوەکەم کوێرە بۆی لە بڕوامایە مەردێکی تری وەك ئەو نابێتەوە), وە هەر لەسەر تەوسیەی ئەویش لە سەرشاتەدا ماوەتەوە هەتا ڕاگواستنەکەی حکومەتی بەعس, وە سالی ١٩٦٦ تەمەسوکی بە شێخ عوسمانی کوڕیەوە تازە کردوەتەوەو زۆریشی خۆش ویستوەو ئەویش ئەمی زۆر خۆش ویستووە، وە هەر ئەویش نازناوی حاجی مەلا محەمەدی سەرشاتەی لێ ناوە، هەر بۆیە لە ناو خەلکیشدا بەو ناوەوە ناوزەند کراوە وە تاوەکوو مردنیشی لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام بووە. لە سالی ١٩٦٩ فەریزەی حەجی بە جێ هێناوەو لەوێش بە خزمەتی مامۆستا مەلا باقر گەیشتووەو ئاشنایەتی یان پێکەوە پەیدا کردوە، حاجی مەلا سەرباری مەلایەتی پیشەی کشتوکاڵیشی کردوە، سێ ژنی هێناوە لەماوەی ژیانیدا ناڕەحەتیو ناسۆری زۆری چەشتوەو مەرگی دوو کوڕی گەنجو ئازیزی خۆی بە چاو بینیوەو کە ئەمەش کایگەری یەکی زۆری کردەسەر هەستو نەستیو لەوە بەدواوە گۆڕانێکی تەواو بەسەر ژیانیدا هات، بەڵام لەگەل ئەوەشدا بە ئارامو خۆراگر بووە، وە نەوەکانی تریشی لەسەر هەمان

ڕێچکەی خۆی پەروەردەکردوون. حاجی مەلا محەمەد لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٨ پاش بەسەربردنی ساڵێك نەخۆشی کۆچی دواییکردووە لە گۆڕستانی زەڕایەن بەخاکیان سپاردووە[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٨/١٢/٢٩ لەیلا عەلی بێژەری تەلەفزیۆنی کوردسات لە شاری سلێمانیماڵەکەی خۆیدا کوژرا.

٢٠٠٨/١٢/٣١ شێخ حەمە سەعید شێخ کەمال شێخ ڕەشید عەبابەیلێی کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٨/١٢/٣١ کۆچی دوایی مامۆستا ساڵح ناسراو بە ساڵحەفەنی هەڵەبجەیی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٩

گەورەترین گۆڕانکاری لە ساڵەدا شکانی پەیکەری دوو حزبی بوو لە هەرێمی کوردستاندا، لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا بزوتنەوەیەکی نوێ بە سەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا ئەمین ڕێکخەری گشتی ئەو بزاڤە هاتە ناوکێبڕکێی هەڵبژاردنەوەو وەکوو قەوارەیەکی سەربەخۆو جیا لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆیان ناساند. لە ئەنجامدا ٢٥ کورسی پەرلەمانیان مسۆگەرکرد، بەمەش پەیکەری دوو حزبی تێکشکاو ئۆپۆزسیۆن بۆ حکومەت دروستبوو، چونکە بەشداریی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتیان نەکردو لە پەرلەمانی کوردستان وەکوو ئۆپۆزسیۆن مانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٩:

٢٠٠٩/١/١٣ مامۆستا شێخ کەمال شێخ نوری ئیمامی مزگەوتی گەورەی سلێمانی کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٩/١/١٣ لە ئەنجامی ئەو هێرشەی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززەی فەلەستین کە لە ٢٠٠٨/١٢/٢٧ وە بەردەوام بوو ژمارەی کوژراو گەیشتە ٩١٩ کەس‌و ٤٢٦٠ کەسیش بریندار بوون.

٢٠٠٩/١/١٨ هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە وەستا، دوای ئەوەی ١٢٠٨کەس لە خەڵکی مەدەنی فەلەستینی کوژران‌و ٥٣٢٠ کەسی تریش بریندار بوون.

٢٠٠٩/١/٢٠ باراك ئۆباما وەکوو سەرۆکی ژمارە ٤٤ی ئەمریکا لە کۆشکی سپی دەست بەکار بوو.

٢٠٠٩/١/٣١ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ١٤ پارێزگای عێراقدا بەڕێوەچوو، جگە لە هەولێرو سلێمانی‌و کەرکوك‌و دهۆك.

---

١ گۆڤاری پەیڕەوانی تەریقەت، ژمارە (٥) ساڵی دووەم، تەموزی ٢٠٠٩.

٢٠٠٩/٢/١٤ کۆسرەت ڕەسول عەلیو چوار ئەندامی سەرکردایەتی نامەی دەست لە کارکێشانەوەیان پێشکەش بە یەکێتی کرد، دەبوایە ئەو نامەیە عوسمانی حاجی مەحمود بیگەیەنێت بەدەستی مام جەلال لە بەغدا. بەڵام دواتر کۆسرەت ڕەسول پەشیمان کرایەوە.

٢٠٠٩/٥/٢١ قالە مەڕەی شمشاڵ ژەن لە ئێران کۆچی دواییکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## مام جەلال لە تەپی سەفا بوو

٢٠٠٩/٧/١ مام جەلال لە تەپی سەفا بوو، لە تەمەنی سیاسیو پێشمەرگایەتیدا ئەمە دووەم جار بوو سەردانی تەپی سەفا بکات. کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بوو، مام جەلال سەردانی شارو شارۆچەکەکانی دەکردو لە نزیکەوە چاوی بە هاولاتیان دەکەوتو لە کێشەو داواکانیانی دەپرسییەوە، لەم ڕۆژەدا سەردانی



هەردوو گوندی تەپی سەفای کردو لە هۆڵی بۆنەکانی تەپی سەفای سەروو چاوی بە خەڵکی هەردوو گوندەکە کەوتو وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. لەوتەکەیدا وتی بۆ پەرلەمان دەنگ بدەن بە لیستی هاوبەشی پارتیو یەکێتی، وە بۆ سەرۆکی هەرێم دەنگ بدەن بە کاك مەسعود. دواتر عەرزوحاڵی خەڵکی گوندەکە کۆکرایەوەو تەسلیم بە ڕاوێژکارانی خۆی کرانو بەڵێنی بەخەڵکەکە دا، داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات. وە پارەیەکی باشی بۆ هاولاتیانی هەردوو گوندەکە دابین کردبوو بەتاییەت بۆ ئەو کەسانەی کە شایستە بوونو عەرزوحاڵی خۆیان پێشکەش کردبوو، لە پێشمەرگەو کەم ئەندامو ماڵە شەهیدەکانو خەڵکی نەخۆشو گرفتارو زیندانی سیاسی، بەڵام لەسەدا یەکی ئەو پارەیە نەگەیشت بەدەستی ئەو خەڵکەو چەند کەسێکی کەم نەرمەقوتیان کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٩/٧/٢ تونێلی پێشڕەو لە شاخی ئەزمەڕ کرایەوە.

٢٠٠٩/٧/١٩ مام جەلال هات بۆ هەڵەبجەی تازە.

٢٠٠٩/٧/٢٥ ڕۆژی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان. لیستی کوردستانی یەکێتیو پارتی (٥٩) کورسی لیستی گۆڕان (٢٥) کورسی لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی (١٣) کورسی لیستی بزوتنەوە (٢) کورسی حزبی شیوعی (١) کورسی. لەم هەڵبژاردنەدا ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا، ئەو دەنگە زۆرە بوو کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدەستی هێناو هەردوو حزبی دەسەڵاتداری توشی شۆك کرد. گۆڕان وەکوو بزوتنەوەیەکی

سیاسی نویێو بۆ یەکەم جار توانی لەکۆی ١٠٠ کورسی ٢٥ کورسی بۆ خۆی مسۆگەر بکات, بەمەش تای تەرازووی هێز بەشێوەیەك لە شێوەکان گۆڕاو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەنگاوێکی بەرەو دیموکراسی هاویشت. لیستی گۆڕان کە نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی دەکرد لەم هەڵبژاردنەدا هیچ پارەو پولێکی نەبوو تا بەسەر خەڵکدا بیبەخشێتەوەو دەنگی خەڵکی بە تەماعو بەرتیل مسۆگەر بکات. بەڵکو ئەوەبوو هاولاتیانی ناڕازی لە سیاسەتی پارتیو یەکێتی بە ئارەزووو ڕەزامەندی خۆیان دەنگیان بە گۆڕان دا. مام جەلال لە یەکێك لە نوکتە سیاسیەکانیدا باسی وشكو برنگیو دەست قوچاوی نەوشیروان مستەفا دەکات کە لەتەمەنیدا پارەی هەڵنەگرتووەو هیچیشی نەداوە بەکەس، با لەخۆی ببیستین بزانین چۆن باسی نەوشیروان مستەفا دەکات: مام جەلال لەدەنگی ئەمریکا بەشی نوکتەی سیاسی سەرکردەکان دەڵێت: نەوشیروان مستەفا بەوە ناسراوە گیرفانی نییە پارەی تیێ بکاتو هەرگیزیش دینارێك نادات بەنزیکترین کەسەکانی خۆشی، ئەوەش سروشتی خۆیەتی نەك لە ڕەزیلی بێت.

ئەوەبوو منو کاکە نەوە لە شاخەوە بەرەو شێنیێ دەڕۆیشتین لەناو لادێیەکی ئەو دەڤەرە نەوشیروان لەگەڵ منداڵێك وەستاو ماچی کردو پێنج دیناری خستە دەستیەوە، ئیدی وشك بوومو توشی شۆك هاتم، گوتم کاك نەوشیروان ئەوە لێی کەوتبووو بۆت هەڵگرتەوە؟ گوتی نا هی خۆم بوو پێمدا، لێم دووپات کردەوە یانی ئەو پارە هی خۆتبوو؟، گوتی مام جەلال لەهەموو ژیانم ئەوە یەك کەس لەخۆم ناشیرنتربینم ئەویش ئەو منداڵەبوو بۆیە ئەو پێنج دینارەم بەحەقی خۆی زانی بیدەمیێ.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٩/٧/٢٨ سوپاو پۆلیسی عێراق هێرشیان کردە سەر موجاهدینی خەلقی ئێرانی لە ئۆردوگای ئەشرەف. لە ئەنجامدا دەیان کوژراوو سەدان بریندارایان لیێ کەوتەوە.

٢٠٠٩/٧/٣١ سیێ کەسی ئەمریکی کە هەواڵنێر بوون لە ناوچەی هەورامان لەلایەن گروپێکی چەکداری نەناسراوەوە ڕفێنران. کە ئێران بەو ڕفاندنە تۆمەتبار کرا.

٢٠٠٩/٨/٥ مەحمود ئەحمەدی نەژاد بۆ جاری دووەم بوو بە سەرۆککۆماری ئێران.

٢٠٠٩/٨/٦ ڕێبوار عەلی مەحمود تەرخانی لە هەڵەبجەی تازە لە بازگەی دەربەندیخان تەقەیان لیێ کراو کوژرا.

٢٠٠٩/٨/١٦ لە شارۆچکەی خورماڵ پەردە لەسەر پەیکەری مەحمود خانی دزڵی[١] لادرا.

---

١ ئەم تێکۆشەرە گەورەیەی کورد کوڕی عەزیز خانی کوڕی بارام بەگە، ساڵی ١٨٧٠ لە گوندی (دزڵی)ی ناوچەی هەورامانی تەخت لە بنەماڵەیەکی سەردارو دەست ڕۆیشتووی ناوچەکە لەدایك بووە. پاش مردنی عەزیز خان، مەحمود خانی کوڕی بۆتە جێنشینیو بەماوەیەکی کەمو لە ئەنجامی تواناو لێهاتوویی خۆیدا دەسەلاتی بەسەر ناوچەی دزڵیو دەوروبەری هەوراماندا

٢٠٠٩/٨/٢٦ عەبدولعەزیز ئەلحەکیم برای محەمەد باقر ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٩/٩/١٤ مونتەزەر زەیدی ئەو ڕۆژنامەنوسەی هەردوو تاکە پێڵاوەکەی بەڕووی جۆرج بوشدا تەقاند لە زیندان ئازاد کرا.

٢٠٠٩/٩/١٦ دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢٠٠٩/٩/٢١ هونەرمەند معاون پاشا (بەهادین عەبدوڵا ئیبراهیم) لە شاری ڕانیە کۆچی دواییکرد.

٢٠٠٩/٩/٢٣ وڵاتی بەریتانیا ٧٥ کوردی ڕەوانەی هەولێر کردەوە کە مافی پەنابەری پێ نەدابوون. لە ناویاندا ئەبوبەکر عەبدوڵا فەتاح گوڵپی تێدابوو.

١٠/١٨ ٢٠٠٩ منو شەهلای خوشکم بوین بە ئەندام لە کۆمکاری زیندانییە سیاسیەکانی کوردستان.

٢٠٠٩/١٠/٢٩ کۆچی دوایی جەبار حاجی مەحمود فەرەج گوڵانی. کاك جەبار یەکێك بوو لە پیاوماقوڵەکانی گوندی گوڵانی حاجی فەرەجی هاروونی، کەسێکی کۆمەڵایەتی قسەقبوڵکراو بوو. بەشداری چەندین کۆڕی ئاشتەوایی لەنێوان بنەماڵە ناکۆکەکاندا کردووەو ڕۆڵی ئیجابیو باشی بینیوە بۆ ئاشتکردنەوە. ئەم پیاوە کوڕەزای حاجی فەرەجی گوڵانە کەلێرەدا کورتەیەك لە ژیاننامەکەی باس دەکەین.



گوڵان، بووە بەناو بۆ چەندین گوندو شوێن لە کوردستان، لە شارەزوور لەسەر کەناری دەریاچەی دەربەندیخان بەبەری خۆرئاوایدا گوندێك هەیە ناوی (گوڵانی حاجی فەرەجی هاروونی). هاروونی تیرەیەکی دیارن لە هۆزی گەورەی جاف. تیرەی هاروونی لە (جافی مورادی)ن، سەرەتا لە ناوچەی (هاروون ئاباد)ی نزیك کرماشان نێشتەجێبوون، ناوەکەشیان هەر لەوەوە هاتووە. ساڵی (١٦٣٩ز) لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی دا (پەیماننامەی زەهاو) بۆ ڕێکخستنی سنووری نیوانیان مۆرکراوە، لەو پەیماننامەدا ناوی چەندین شوێنو تیرە هاتووە کە دەبوو لە ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی دا بن، یەکێك لەوانە (تیرەی هاروونی)بووە.

---

بڵاو کردۆتەوەو وەك گەورە پیاوێکی ئەو سەردەمەی کوردو سەرەك عەشرەتێکی بە دەسەڵات ناوبانگی پەیدا کردووە. ئەم پیاوە هەڵکەوتووەی کورد ساڵی ١٩٤٦ بە پیلانی کاربەدەستانی ئێران دەرمانخواردکراو لە گوندی (هانەی قوڵ) بە خاك سپێردرا.

حاجی فەرەجی حاجی مەحمودی هەسەن وەیس، لەتەمەنی ١٠٥ساڵیداو لە ساڵی ١٩٤٦ کۆچی دواییکردووە، ئەم پیاوە حەوت ژنی هێناوە، سێ برای هەبووە بەناوەکانی (عەزیز، ئەورەحمانو ئاخە) نەوەکانی عەزیزو ئەورەحمان ئێستا لە گوندی (کەرکۆڵە)ی پێپازو (گوڵەخانە)ی شارەزوور نیشتەجێن.

حاجی فەرەجی هاروونی پیاوێکی بەهەڵوێستو ڕاستگۆ بووە، خاوەن چاکەو دەوڵەمەند بووە. فەرماندە بووە لە سوپای شێخ مەحمودی مەلیك، بەشداری شەڕی (ئاوباریك)ی کردوەو لە (داری کەلی) لەگەڵ شێخ بووە.

حاجی فەرەجی هاروونی خۆیو خێڵەکەی بەردەوام جێی داڵدەی هەژارو بێ کەسو ڕێبواران بوون، سەرەتا لەناو جافدا کۆچەر بوون، کاتێ لە کوێستانەکانی پێنجوێن بووە دۆستیکی پێشنیاری بۆ کردووە کە موڵك بکڕێت. بۆ جاری دووەم، کە پێئەچێ (شێخ قادری سۆڵە) بووبێ، پێشنیاری بۆ کردووە تا سێ موڵکی حکومەت بکڕێ کە بە زیادکردنی ئاشکرا فرۆشرابوون، موڵکەکانیش بریتی بوون (گوڵان، بیاویە، لادار) بەهەرسێکیان ئەوترێ گوڵان. ئەگەر چی مەحمود پاشای جاف نیگەران بووە بەو کارەی، بەڵام حاجی فەرەج ئەو موڵکانەی هەر کڕیوە. بەگزادەکانی جاف سەرسام بوون بە دەوڵەمەنیو لێهاتوویی حاجی فەرەج، چەندین جار ململانێو دواتر ئاشتەواییو هاوکاری کەوتۆتە بەینیانەوە. ئێستا نەوەکانی حاجی فەرەج لە گوندی گوڵانو هەڵەبجەی تازە نیشتەجێنو بە(هۆزی زاڵە)ی هاروونی ناسراون.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠٠٩/١٢/٩ لە زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی بازرگانی وەرگیرابووم لە بەشی ئابووری. دواتر لەو بەشە نەمخوێندو چومە کۆلێژی یاساو ڕامیاری لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

٢٠٠٩/١٢/١٤ یەکەم ڕۆژی دەوام کردنمان بوو لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە بەشی زانستە سیاسیەکان. ئێمە بوین بە وەجبەی دووەمی ئەو زانکۆیە.



٢٠٠٩/١٢/٢٥ ڕەوف قادر زەڕایەنی لەبەردەم ماڵی خۆیاندا لە هەڵەبجەی تازە تیرۆر کرا.

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٠

لە کۆتایی ئەم ساڵەدا شۆڕشی بەهاری عەرەبی لە وڵاتی تونس کڵپەی سەندو سەرۆکی ئەو وڵاتە زەین ولعابیدین بن عەلی کە پێشتر بەرهەڵستکارەکانی دەخستە زیندانەوەو ئازادیەکانیشی بەرتەسك دەکردەوە، وڵاتی بەجێ هێشتو بەرەو دەرەوە هەڵهات. بێکاری لە ڕیزی گەنجانی خوێندەواردا لە سەردەمی ناوبراودا گەیشتە ڕێژەی ١٤٪. قەیرانی ئابوریو سیاسی وڵات لە شێوەی خۆپیشاندانی سەرتاسەریدا خۆی دەرخست. سەرەتا گەنجێکی دەرچووی زانکۆ کە پۆلیس عەرەبانەی ئیشکردنەکەیان شکاندبوو، خۆی سوتاندو گیانی لەدەستدا پاشان خۆپیشاندانەکان فراوان بو تا گەیشتە دروستبوونی هەڵگەڕانەوەی جەماوەریو هەڵهاتنی بن عەلی لە وڵاتو دروست بونی دەسەڵاتێکی نوێ لەتونس. زەینولعابدین بن عەلی ماوەی ٢٣ ساڵ حوکمی وڵاتی تونسی کرد پاشان لەژێر فشاری جەماوەردا بەرەو سعودیە هەڵهاتو وڵاتی بەجێهێشت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٠:

٢٠١٠/١/٢١ لە قوتابخانەی سەردەم کۆنفرانسی ئاوەدانکرنەوەی هەڵەبجەی تازە بەسترا بەسەرپەرشتی خەڵەف ئەحمەد شاتوانی.

٢٠١٠/١/٢٧ لە سێدارەدانی عەلی کیمیایی لە سەر کەیسی هەڵەبجە.

٢٠١٠/١/٢٧ بەهرۆز محەمەد ساڵح بوو بە پارێزگاری سلێمانی.

٢٠١٠/٣/٧ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام درا.

٢٠١٠/٣/١٨ گۆران ئەدهەم هاواری بوو بە قایمقامی هەڵەبجەی شەهید.

٢٠١٠/٣/٢٩ شێخ عەبدولمەلیك شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی کۆچی دواییکرد.

٢٠١٠/٥/٦ تەرمی زەردشت عوسمان لە موسڵ دۆزرایەوە کە پێش دوو ڕۆژ لە زانکۆی سەلاحەدین ڕفاندیانو تیرۆریان کرد.

٢٠١٠/٦/١ سێیەمین کۆنگرەی یەکێتی گرێدرا.

٢٠١٠/٦/٢٩ لەشاری سلێمانی پارێزەر ئازاد سدیق کە لە هەمان کاتیشدا ڕۆژنامەنوسو پێشکەشکاری بەرنامە بوو لە تەلەفزیۆنی کوردسات کۆچی دواییکرد.

٢٠١٠/٧/٩ شێخ عومەر شێخ مەحمود عازەبانی لە نزیکی گوندی بیرکێ لە ئاودا خنکا.

٢٠١٠/٨/١١ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە نوسراوی ژمارە (دس/١٠/٨٣) داوای دەستگیرکردنو ڕادەستکردنی ٢٥٨ موستەشارو مەفرەخاسەی پیاوانی ڕژێمی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی

پڕۆسەی بەناو ئەنفالی کرد. بەڵام دەسەڵاتدارانی کورد وەکوو هەموو جارێك خەم ساردو بێ ئەرزش تەماشای ئەو نوسراوەیان کردو کەسیان ڕادەست نەکرد.

٢٠١٠/١٠/١ حەمە جەزا حاجی عەلی هونەرمەندی گۆرانی بێژو پێشمەرگە دوای ململانێیەکی سەخت لە گەڵ نەخۆشیدا کۆچی دواییکرد.

٢٠١٠/١٠/٢٦ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سزای لە سێدارەدانی بەسەر تاریق عەزیزو عەبد حەمودو شاکر مەحمود دا سەپاند.

٢٠١٠/١١/١١ دوای هەشت مانگ بەسەر تێپەڕبوونی هەڵبژاردندا حکومەتی عێراق بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی پێکهات، وە مام جەلال کرایەوە بە سەرۆککۆمارو ئوسامە نوجەیفی بە سەرۆکی پەرلەمان.

٢٠١٠/١١/١٧ هونەرمەند تەها خەلیل لە تەمەنی ٧٠ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

٢٠١٠/١١/٢٥ نوری کامیل ئەلمالیکی بۆ دووەم جار بوو بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق.

٢٠١٠/١٢/٢ دکتۆر ئاوات محەمەد ئەمین قەرەداغی سەرکردە لە یەکگرتووی ئیسلامی بەهۆی ڕوداوی هاتوچۆوە لە ڕێگای کەرکوك-سلێمانی گیانی لەدەستدا.

٢٠١٠/١٢/١٥ نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو گەمارۆ ئابورییەکانی سەر عێراقی هەڵگرت.

٢٠١٠/١٢/١٧ محەمەد ئەلبوعەزیزی هاوڵاتییەکی تونسی ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو بوو بە سەرەتای ڕاپەڕینی گەلی تونس دژ بە دەسەڵاتی سەرۆك زەینولعابدین بن عەلیو ڕایان ماڵی. بەمەش ئاگری بەهاری عەرەبی کلپەی سەندو میسرو لیبیاو سوریاو یەمەنی گرتەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١١

ساڵی ٢٠١١ ساڵێکی پڕ گۆڕانکاری بوو لە جیهانی عەرەبیدا، چەند سەرکردەیەکی دیکتاتۆر لە سەر عەرشی فەرمانڕەوایی هێنرانە خوارەوە لەوانە زەینولعابدین بن عەلی سەرۆکی تونسو محەمەد حوسنی موبارەك سەرۆکی میسر، کوژرانی قەزافی سەرۆکی لیبیا لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە، هەروەها دوای ئەوان عەلی عەبدوڵا سالح جێگای بۆ کەسێکیتر چۆڵ کردو لەپشتی پەردەوە حوکمی دەکرد, لەسوریاش شۆڕش گەورەو فراوان بوو، تا دواتر بوو بە شۆڕشی چەکداریو ئۆپۆزسیۆنی لێ دروستبوو، ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریو هەڵکوتانە سەر یەکتری لێ کەوتەوە. بەشار ئەسەد هەرچەند لەسەر کورسی حوکم نەهاتە خوارەوە بەڵام دەسەڵاتی بەسەر پایتەختەکەی خۆشیدا نەبوو، ئەگەر ئێرانو ڕووسیا فریای نەکەوتنایە وەکوو چارەنوسی وەك قەزافی وابوو. لەهەرێمی کوردستانیش خۆپیشاندان لە دژی دەسەڵات بەرپا کرا بۆ ماوەی زیاتر لە شەست ڕۆژ گردبوونەوە لە بەردەرکی سەرای سلێمانی بەردەوام بوو، بەڵام دواتر هێزی ئەمنی بڵاوەی پێکردنو کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هێنا.

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١١:

٢٠١١/١/١٤ سەرۆکی تونس زەینولعابیدین بن عەلی بەهۆی فشاری جەماوەرەوە کە لە دژی ڕاپەڕی بوون دوای مانگێك خۆپیشاندان تونسی بەجێ هێشتو ڕۆشت بۆ وڵاتی سعودیە.

٢٠١١/١/٢٥ شەپۆلی ناڕازی لە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر بە ناوی بەهاری عەرەبییەوە گەشتە میسرو جەماوەری ئەو وڵاتە ڕژانە گۆڕەپانی تەحریر لە قاهیرە.

٢٠١١/١/٢٩ بزوتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی ٧ خاڵی دەرکرد بۆ چاکسازی لە حکومەتی هەرێمدا.

٢٠١١/٢/٤ لە فڕۆکەخانی سلێمانی فڕۆکەیەکی تورکی لە کاتی فڕیندا گڕی گرتو کەوتە خوارەوە لە ئەنجامدا دوانزە سەرنشینەکەی کە خەڵکی بیانی بوون گیانیان لەدەستدا.

٢٠١١/٢/١١ حوسنی موبارەك وازی لە دەسەڵاتی میسر هێنا ئەویش بەهۆی فشاری جەماوەرەوە.

دەگێڕنەوە کاتێك (حوسنی موبارەك) لە ئەڵمانیا لەنەخۆشخانە چارەسەری وەردەگرت لەتەنیشت ژوورەکەی ئەو، نەخۆشێکی ئەڵمانی لێ بوو. کاتێك نەخۆشە ئەڵمانییەکە سەیر دەکات پیاوانێکی زۆری ئاسایش لەوێیە. پرسیار دەکات کە ئەم نەخۆشە کێیە؟

دەڵێن: (حوسنی موبارەك)ی سەرۆکی میسرە.

ئەویش دەڵێت: ئەم پیاوە چەند ساڵ حوکمی کردووە؟

دەڵێن: ٢٥ ساڵ.

ئەڵمانیەکە دەڵێت: ئەم پیاوە پیاوێکی زاڵمو گەندەڵە!

دەڵێن: چۆن دەزانیت؟

کابرای ئەڵمانی دەڵێت: سەرۆکێك لە ماوەی ٢٥ ساڵ نەتوانێ نەخۆشخانەیەك لە وڵاتەکەی دروست بکات هەم بۆ خۆیو هەم بۆ هاونیشتیمانیەکانی، دەبێت کێ هەبێت لەم پیاوە زاڵمترو گەندەڵتر بێت!!.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١١/٢/١٧ خۆپیشاندان لە سلێمانی دروستبوو هەڵیان کوتایە سەر بارەگای لقی پارتی لە ئەنجام دا ٢ کەس کوژراو ٥٧ کەسی تر بریندار بوون.

٢٠١١/٢/١٧ بارەگای بزوتنەوەی گۆڕان لە شاری هەولێر سوتێنرا.

٢٠١١/٢/٢٠ لە شاری سلێمانی لە گوندی ئەڵمانی بینای تەلەفزیۆنی نالیا (NRT) سوتێنرا.

٢٠١١/٢/٢٣ لە هەڵەبجە خۆپیشاندان کرا، لە ئەنجامی گرژیو ئاڵۆزی پۆلیسێك بە ناوی سەرکار حەمە سەعید تەپەکوڕەیی کوژراو ٥ کەسی تریش بریندار بوون.

٢٠١١/٢/٢٥ لە چەمچەماڵو کەلارو سیدسادق خۆپیشاندان کرا، وە گرژیو ئاڵۆزی لێ کەوتەوە، لە ئەنجامدا ٣ کەس کوژرانو ٤٠ کەسی تریش بریندار بوون.

٢٠١١/٢/٢٧ كۆچی دوایی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری تورکیا نەجمەدین ئەربەکان.

٢٠١١/٣/١ کۆچی دوایی فەرماندە بەکری کوێخا قادر ئاوەکەڵەیی لە بەریتانیا.

٢٠١١/٣/١ حەسەن شێخانی بوو بە سەرۆکی شارەوانی شارەزوور _هەڵەبجەی تازە_.


٢٠١١/٣/٦ کۆتاییان بە خۆپیشاندانی بەردەرکی سەرای سلێمانی هێناو خەیمەو سەکۆکی قسەکرنەکەیان تێکداو سوتاند.

٢٠١١/٣/٢٢ جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان خولی یەکەم، بە نەخۆشی لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد.

٢٠١١/٣/٢٢ پۆلیس عەلی ڕەسوڵ عەزیز سەرگەتی لە خۆپیشاندانی هەڵەبجەدا کوژرا.

٢٠١١/٣/٢٢ مامۆستا محێدین گەلاڵی کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا محێدین گەلاڵی، پیاوێکی سەروسیما نوورانی، ڕیشێکی سپی مەیلەو شینکی کە خۆر لێی ئەدا ئەبریسکایەوە. جامانەیەکی قۆئەستووری لفکە ناسك، ڕانکوچۆغەی شاڵی تەنك، پشتوێنێکی



توندوتۆڵی گلاڵی ئاسا، سەروزمان شیرین، کەمێك سەزرمانی ئەگرت لە دەربڕینی پیتەکانی (س، ص، ژ، ز)دا، ئەو زمانگرتنەی لێ ببووە نەخش. لە پڕ تەوقەی لەگەڵ ئەکردی لەگەڵ دەستگوشینا زەردەخەنەیەکی تێ ئەگرتیو ڕێزی بە سەرتا ئەباراندو نەیدەهێشت خۆشت نەوێ

مامۆستا محێدین کوڕی ڕەشیدی ڕەمەزان، ساڵی ١٩٤٩ لە خێزانێکی دیاری تیرەی پشدەری لە هۆزی گەلاڵی لە دایکبووە. سەرەتای تەمەنی منالّیی لە (گوندی مالوان) بووە. مالوان گوندێکە لە تەختایی دەشتی شارەزووردا، لەویا سێ گوند هەن بە هەمان ناوەوە (مالوانی حەمە عەزیز، مالوانی ڕەشیدی کەریم قوباد، مالوانی ڕەشیدی ڕەمەزان). مامۆستا محێدین خەڵکی مالوانی ڕەشیدی ڕەمەزانە کە بە ناوی باوکییەوە ناونراوە. مالوان دەشتێکی تەختو بە پیتە، جۆگەو مەرەزەی مالوان وە نامێیە.

ئەوسا، بەشی هەرە زۆی لادێکانی کوردستان لە باری خزمەتگوزارییەوە فرە لە دوا بوونە، مەکتەب هەر فرە کەم بووە بە تایبەت لە شارەزوور. (گوندی حاسڵ) کە هاوسێی گوندی مالوانە، لەبەر ئەوەی بەگزادە دێ بووە، بەگزادەکانی گەلاڵی لە سەرەتای پەنجاکانەوە بە خەرجیی خۆیان مەکتەبیان تیا کردۆتەوەو مامۆستایان بۆ هێناوە. مامۆستا محێدین لەگەڵ منالّی ئاوایی بە پیێو هەندێ جاریش بە سواری وڵاخ بە ناو قوڕە مچەکەی شارەزووردا چووە بۆ مەکتەبی حاسڵ تا تۆزێك ماریفەت حاسڵ کەن. کێ دەیزانی ئەو پۆلە منالّە پیاوێکی ئاوا گەورەیان تیا هەڵئەکەوێ؟

کاك (فایەقی حەمە عەلی) کە یەکێکە لە ڕیش سپییەکانی گوندی حاسڵ، لێم پرسی: تۆ مامۆستا محێدینت دیبوو بە منالی؟، وتی: ئەرەوەڵا هەر بە منالێش منالێکی هەتا بێژی سەلار بوو.

مامۆستا محێدین ساڵی ١٩٥٥ چووەتە پۆلی یەکی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی حاسڵ، بۆ پۆلی چواری سەرتایی چووەتە قوتابخانەی سەرشەقام لە سلێمانی. بۆ پۆلی پێنج چووەتەوە بۆ گوندی حاسڵ. ساڵی ١٩٦٠ چووەتە پۆلی شەشی سەرەتایی لە سەید سادق. ساڵی ١٩٦١ لە پۆلی یەکی ناوەندی بە پلەی دووەم دەرچووە لە ئامادەیی هەڵەبجەی کوڕان. ساڵی ١٩٦٤ بە پلەی یەکەم دەرچووە لە پۆلی سێ لە ناوەندی کۆماری لە سلێمانی. ساڵی ١٩٦٥ پۆلی چوارەمی زانستی تەواو کردووە لە ئامادەیی سلێمانی کوڕان، ئەو دەمە ئامادەیی دوو ساڵ بووە، ساڵی ١٩٦٧ وەرگیراوە لە بەشی بیرکاریی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا. سالی ١٩٧١ دوای تەواو کردنی کۆلێژ، بووە بە مامۆستا لە ناوەندی سەید سادق.

ساڵی ١٩٧٢ خێزانی پێکهێناوەو دوای دوو مانگ لە زەماوەنەکەی براوە بۆ سەربازی. ساڵی ١٩٧٣ بووەتەوە بە مامۆستا لە ناوەندی سەید سادق. لە کاتی شۆڕشی ئەیلولو ساڵی ١٩٧٤ بووە بە مامۆستا لە ئامادەیی بیارە. ساڵی ١٩٧٥ بووە بە مامۆستا لە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی. لە ٢٠ی ٥ی ١٩٨٥ لە لایەن بەعسەوە فەسڵکراوەو لە گوندی شەکرالی نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٩٨٧ بە ئاوارەیی بۆ سەقزو سەریاسو کامیاران ڕۆشتووە. ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمو لە (کۆمەڵگەی نەسر) بووەتەوە بە مامۆستا لە دواناوەندی شەمێران. ساڵی ١٩٩٤ گوازراوەتەوە بۆ دواناوەندی (مەولەوی کوڕان) لە هەڵەبجەی تازە کە دواتر ناوی ئەو قوتابخانەیە گۆڕدرا بۆ (دواناوەندی ئالانی کوڕان) دواجاریش گۆڕدرا بۆ (دواناوەندی شەهید دانا). مامۆستا محێدین وانەکانی بیرکاریو فیزیاو کیمیای وتۆتەوە. ساڵی ١٩٩٤ خانەنشین بووەو خۆی تەرخانکردووە بۆ کاری بانگخوازیو پەروەردەییو سیاسی، ساڵی ٢٠١١ لە زانکۆی (سانت کلیمینتسی بەریتانی) بڕوانامەی ماستەری لە بیرکاریدا بەدەستهێناوە.

لە پاڵ مامۆستاییدا چەندین ساڵ وەکوو پێش نوێژو وتار خوێن لە مزگەوتەکانی (هەڵەبجە، شارەزوور، کامیاران، سەقز، پیرانشار، ڕەزائیە، سەریاسو پاوە) کاری کردووەو زانستە شەرعییەکانی بە قوتابیان وتۆتەوە. مامۆستا محێدین لە ساڵی ١٩٦٨ وە تێکەڵ بە ڕیزکانی (ئیخوان موسلیمین) بووەو ئەندامێکی چالاکی ئەو ڕێکخراوە بووە، هەروەها یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان. لە ناو یەکگرتوودا پیاوێکی خۆشەویستو جێی ڕێزی هەمووان بوو. لە کۆنگرەی سێی یەکگرتوودا بووە ئەندامی سەرکردایەتی و، دواتریش بووە ئەندامی ئەجومەنی شورای گشتی یەکگرتووی ئیسلامی.

مامۆستا محێدین لە تەمەنی ٦٢ ساڵیداو لە ٢٢/ ٣/ ٢٠١١ لە سلێمانی، دڵی پاکی لە لێدان کەوتو چووە بەر ڕەحمەتی خودا[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١١/٤/٣ دکتۆر نەجمەدین کەریم بوو بە پارێزگاری کەرکوك.

٢٠١١/٤/١٩ پۆلیسو ئاسایش کۆتاییان بە خۆپیشاندانی سەرای ئازادی سلێمانی هێنا.

٢٠١١/٤/٢٣ بەختیار فاروق کە پێشتر لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە بریندارکرا گیانی سپارد.

٢٠١١/٥/٢ ئوسامە بن لادن لە پاکستان لەلایەن ئەمریکاوە کوژرا.

٢٠١١/٥/٥ مامۆستا مەلا محەمەد گەزنەیی کۆچی دواییکرد.

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠١١/٥/٥ زانای گەورەو کەسایەتی ناسراوی میللەتەکەمان مامۆستا مەلا محەمەد گەزنەیی کۆچی دواییکرد، لەڕێوڕەسمێکدا بەئامادەبوونی بەرێز شێخ محەمەد شاکەلی ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم بۆ کاروباری ئاینیو ژمارەیەکی زۆر لەزانایانی ئاینی ئیسلامو کەسایەتیە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئیداریەکانو خەڵکی شاری هەولێر، تەرمی خۆلێخۆشبوو مامۆستا د. محەمەد گەزنەیی لەگوندی گەزنە بەخاك سپێردرا، خوالێخۆشبوو لە ساڵی ١٩٤٩ لەگوندی گەزنە لەدایکبوەو لەساڵانی تەمەنیدا خزمەتێکی زۆری بەزانستی ئیسلامیو بڵاوکردنەوەی گیانی پێکەوەژیانو یەکترقبوڵکردن کردوە. چەندین پۆستی وەك وەزیری ئەوقافو سەرۆکی یەکێتی زانایانو بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان لەئەستۆ گرتوە. دکتۆرای زانستە ئیسلامیەکانی لە ئەزهەر تەواو کردوەو بەشداری دەیان کۆنگرەو کۆبونەوەی ناوخۆییو عیراقیو نێودەوڵەتی کردوەو هەمیشە دیمەنی ئاشتیخوازو نیشتمانپەروەرانەی گەلی کوردی موسڵمانی گەیاندوە بەجیهانی ئیسلامیو نێودەوڵەتی[٢].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١١/٦/١٢ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ جاری سێهەم بوو بە سەرۆك وەزیرانی تورکیا.

٢٠١١/٧/٢٧ حەمایل خانم خێزانی مەلا مستەفا بارزانی دایکی سەرۆکی هەرێم کۆچی دواییکرد.

٢٠١١/٨/١ تەحسین مەلا عەلی عەبدولعەزیز لە وەزیرستانی پاکستان کوژرا.

٢٠١١/٨/١٠ شێخ ناسیح کوڕی شێخ عوسمان نەقشبەندی کۆچی دواییکرد.

٢٠١١/٩/١٢ مامۆستا شێخ سدیق سەرگەتی کۆچی دواییکرد.

---

١ م. کەمال ئەحمەد تەپەکەلی، سەرچاوەی پێشوو.

٢ م. مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەر لە وەزارەتی ئەوقاف، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١١.

٢٠١١/٩/١٨ ليژنەیەك لە خەبیری سەربازی ئەمریکی هاتن بۆ هەڵەبجە بۆ تەقاندنەوەی ئەو دوو بۆمبە کیمیاییەی کەلە ساڵی ١٩٨٨ ەوە لەو شارەدا لە ژێر خۆڵدا مابونەوەو نەتەقیبونەوە. ئەو لیژنەیە بۆمبەکانیان تەقاندەوە.

٢٠١١/١٠/٢٠ کۆتایی بە ڕژێمی موعەمەر قەزافی هات، لە شاری سرت خۆیو کورێکیو عەبدوڵا سەنوسی زاوای کوژران.

٢٠١١/١١/٢٢ دانیاڵ میتران کەسایەتی خێرخوازو خێزانی سەرۆکی پێشوتری فەرەنسا کۆچی دواییکرد.

٢٠١١/١٢/٢٩ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە گوندی ڕۆبۆسکی باکوری کوردستان هێرشیان کردە سەر قافڵەیەکی قاچاخچی نێوان عێراقو تورکیا، لە ئەنجامدا ٣٦ کەس کوژران کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٢

لە ساڵی ٢٠١٢ دا پێگەی شیعەکان لە عێراق بەهێزتر بوو، سوننەکان زیاتر بەرەو لاوازیو لەدەستدانی پۆستەکانیان دەچوون. تاریق هاشمی سەرکردەی دیاری سوننەو جێگری سەرۆککۆماری عێراق بە بیانووی کەیسی تیرۆرەوە بەرەو دەرەوەی عێراق هەڵهات، ئەو کەیسانەی بۆ سەرکردە سوننەکان ئامادە دەکران زۆر دووربوون لە ڕاستییەوەو تەنها گێچەڵ بوون بۆ ڕاوەدوونانیان. بەهەمان شێوەی سوننە کەوتنە بیانوو لە کورد، ئەبدولئەمیر ئەلزەیدی فەرماندەی ئۆپراسیۆنی دیجلە هەڕەشەی گرتنەوەی ناوچە جێناکۆکەکانی دەکردو چاوی لە کورد سوور دەکردەوە، مام جەلال بەهۆی سەرقاڵیو بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی شیعەوە توشی جەڵتەی مێشك بوو، ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا بۆ چارەسەر. بە دوور کەوتنەوەی مام جەلال لەکایەی سیاسی عێراق بالانسی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دابەزین دا بوو، گرژیو ئالۆزییەکان وردە وردە سەری هەڵدا، تا دەهات هەرێمو ناوەند لێك دوور دەکەوتنەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٢:

٢٠١٢/١/١٤ بومەلەرزەیەك ناوچەی شارەزووری هەژاند.

٢٠١٢/١/٢٣ عەلی عەبدوڵا ساڵح سەرۆکی یەمەن پاش ٣٣ ساڵ حوکمڕانی، یەمەنی بەجێ هێشت.

٢٠١٢/٢/١٠ کۆچی دوایی دکتۆر ئیبراهیم فەقێ پسپۆڕی دەرونیو گەشەپێدانی مرۆیی.

٢٠١٢/٢/١٥ ئەرسەلان بایز بوو بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢٠١٢/٢/٢٣ بۆ یەکەم جار لە خورماڵ لە دوای چەند ساڵێك بارەگای بزوتنەوەی ئیسلامی کرایەوە.


٢٠١٢/٤/١ تاریق هاشمی جێگری سەرۆککۆماری عێراقو سەرکردەی باڵای سوننەکان بەهۆی تۆمەتی نارەواوە لە لایەن شیعەکانەوە لە کوردستانەوە بەرەو قەتەر هەڵهات.

٢٠١٢/٤/١٥ تەرمی زانا حەمە ساڵح قایمقامی مەرکەزی سلێمانی لە گۆڕستانی قرگە بەخاك سپێردرا.

٢٠١٢/٦/٢٤ محەمەد مورسی بوو بە یەکەم سەرۆککۆماری هەڵبژێردراوی وڵاتی میسر.

٢٠١٢/٧/٤ کاك ئەسعەد حاجی سلێمان بێرەشکەیی کۆچی دوایی کرد.

ئەسعەد سلێمان فەرەج لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی بێرەشکەی شارەزوور چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. خوێندنی سەرەتایی لە سیدسادق تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کادرێکی چالاكو ماندوونەناس بووەو ئەرکەکانی ڕێکخستنی زۆر بە دڵسۆزانە ئەنجام داوە. لە ساڵی ١٩٨٣ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانیو دەبێت بە پێشمەرگە لە کەرتی هاوار لەلای شەهید ئەحمەد شاتوانی لە تیپی ١٥ی هەورامان.



دواتر دەبێت بە فەرماندەی مەفرەزەی دەستەی شەهید شەوکەتی حاجی مشیر. لە ساڵی ١٩٨٧ گوازراوەتەوە بۆ بنکەی باڵامبۆ، دوای ئەوە بۆ تیپی ٣٣ی سورێنو بووە بە فەرماندەی یەکێك لە کەرتەکانی ئەو تیپە. شەهید ئەسعەد بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا کردووە. وە لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ڕزگارکردنی زۆربەی شارو شارۆچکەکاندا. دوا پلەی سەربازی ئەو بە پلەی عەمید خانەنشین کراوەو وەکوو کاری حزبیش لێپرسراوی پێشمەرگە دێرینەکانی سیدسادق بووە. شەهید ئەسعەد کەسێکی خۆشەویست بوو لەلای کەسوکارو هاوڕێکانی، بەشداری دەیان سوڵحی کردووە لە نێوان بنەماڵە ناکۆکەکانداو ڕێکی خستونەتەوە. لە ٢٠١٢/٧/٤ دەنگو باسی مەرگی کاك ئەسعەد هەموانی تاساند. ئەوەبوو بە نەخۆشییەکی کتوپڕماڵئاوایی لە دۆستانو هاوڕێیانی کردو بەنەمری چووە کاروانی شەهیدانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٢/٧/١١ عیرفانی مەلا عەلی بوو بە ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان.

٢٠١٢/٨/١٥ سەعید حاجی عەبدول تەرخانی بە دەستی دوژمنەکانی کوژرا.

٢٠١٢/٨/٢٣ لەم ڕۆژەدا لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێو دۆستی خۆشەویستدا کە ژمارەمان ٢٥ کەس دەبوو، بەڕێکەوتین بەرەو تورکیا. ئامانجی سەردانەکەمان لە ڕوویەکەوە گەشتیاری بوو بۆ بینینی ئەو وڵاتەو لەڕوویەکی ترەوە بینینی ئەو شارو شارۆچکانە بوو کە مامۆستاو موجەدیدو زانای گەورەی

جیهانی ئیسلامی بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی کوردی بۆ ڕەهەندە کرابوو، وە سیو سێ ساڵ تەمەنی لەژێر چاودیری حکومەتی ئەو کاتەی تورکیا لە ئاوارەییدا بەسەر بردبوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## زیارەتی حەزرەتی بەدیعوززەمان

٢٠١٢/٨/٢٣ بەپاسێکی ٢٥ نەفەری تورکی لە هەولێرەوە بەڕێکەوتین، کاتژمێر ١١ی شەو گەیشتینە برایم خەلیل. لەو شوێنەدا لەبەر قەرەباڵغیو هاتوچۆی گەشتیاران تا چواری بەیانی ماینەوە، دواتر ڕێگای چوونە ژوورەوەی سنوری تورکیامان پێ درا.

٢٠١٢/٨/٢٤ لە کاتژمێر چواری بەیانیدا لە ئیبراهیم خەلیل دەرچوینو بە شارەکانی سلوپیو جەزیرەو نسیبینو ئورفەو نزیپو عەنتابو عوسمانیەو ئەدەنە تێپەڕمان کرد. لە کاتژمێر ٩ی شەو گەیشتینە شاری قۆنیە واتە بە ١٧ کاتژمێر. لەشاری قۆنیە شارەکەی حەزرەتی مەولانای ڕۆمی لە کاتژمێر ١٠ شەودا نانی ئێوارەمان خوارد.

٢٠١٢/٨/٢٤ دوای ئەوەی لە شاری قۆنیە نانمان خواردو نوێژمان کرد، کاتژمێر ١٠ی شەو بەڕێکەوتین بەرەو شاری ئیسپارتە سەعات ٣و نیوی شەو گەیشتینە ئەوێ. ئیسپارتە ئەو پارێزگایە بوو لە باشوری ڕۆژئاوای تورکیا لە ساڵی ١٩٢٧ مامۆستا نورسی بۆ نەفی کرا. دواتر بە خاكو ئاوییەوە بۆنی نورسی گرتو ئێستا پێڕەوانی (واتە قوتابیانی نوور) زۆرینەی خەڵکی پارێزگاکە پێك دەهێنن.

٢٠١٢/٨/٢٥ لە کاتژمێر ٩ بەیانی لەخەو هەستاینو ماندوێتی ڕێگای دوورو درێژی نێوان (ئیبراهیم خەلیل، ئیسپارتەمان) ڕەوییەوە کە زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر دەبوو. تا ئێوارە لەو باڵەخانەدا ماینەوە کەبۆ بەشە ناوخۆیی قوتابیان دروست کرابوو.

٢٠١٢/٨/٢٦ لە شاری ئیسپارتە سەردانی ئەو شوێنەمان کرد کە مامۆستا نورسی تێدا دەست بەسەر کرابوو، وە چاومان کەوت بە شوێنی مانەوەی ئەو وە هەروەها ئەو ئۆتۆمبیلەی کە قوتابیەکانی بۆیان ئامادەکردبوو وە هەروەها جلو بەرگو کەلوپەلی خەوتنو خواردنو خواردنەوەی.



شاری ئیسپارتە ئەوەندە بێ دەنگو ئارامو کشو مات بوو، وات دەزانی ئێستاش مامۆستا نورسی لەوێ میوانەو

خەڵكی لەبەر ڕێزی ئەو دەنگ بەرزناكەنەوەو ماشێنەكان لەسەرخۆ ڕێگایان دەبڕیو هیچ ژاوەژاوو دەنگەدەنگێكی پێوە نەدەبینرا.

هەر هەمان ڕۆژ بە كەناری دەریاچەكەداو بەناو شارۆچكەی ئیگریدەردا كەوەك بوكی ڕازاوەی سەر دەریاچەكە وابوو، بەڕێكەوتین بەرەو شارۆچكەی یالْڤاج كە قوتابیەكی بەتەمەنی مامۆستا نورسی لێبوو بە ناوی (عەلی عوسمان قەرەهان) تەمەنی ٨٢ ساڵ بوو, هەر لەو شارۆچكەیە نانی نیوەڕۆمان خواردو بەخزمەتی ئەو مامۆستا بەڕێزە بە ویقارە گەیشتین. مامۆستا عەلی فەرمووی لە ساڵی ١٩٥٢ بۆ یەكەم جار بەخزمەتی مامۆستا نورسی گەیشتووم، وە دواتریش چەند جارێكیتر بە خزمەتی گەیشتمەوە. وتی لە ژیانی قوتابێتی نووردا حەوت جار براومەتە دادگاو هەر حەوت جارەكە لەگەڵ هاوڕێكانم لەلایەن دادگاوە بڕیاری بێ تاوانیمان بۆ دەركراوە، چونكە ئێمە نورمان پێ بووە نەك كوتەك.

٢٠١٢/٨/٢٦ لە شارۆچكەی یالْڤاجەوە بەڕێكەوتین بەرەو ناحیەی بارلای جوانو دڵڕفێن، جێگای نوسینی پەیامەكانی نوور هەر ئەو ئێوارەیە كە گەشتینە بارلا، سەردانی شوێنی دەست بەسەر بونی مامۆستا نورسی مان كرد.

٢٠١٢/٨/٢٧ سەردانی گۆڕستانی بارلامان كرد كە ئارامگای مامۆستا نورسیو قوتابییەكانی لێ بوو. پاشان دابەزین بۆ باخی بەهەشت كە مامۆستا نورسی پەیامی بەهەشتی تیادا دانابوو, پاشان نوێژی نیوەڕۆمان لە مزگەوتی مامۆستا نورسی كرد.

٢٠١٢/٨/٢٨ بەڕیكەوتین بۆ سەر چیای چام كە ٤٠ دەقیقە بە ئۆتۆمبیل لە بارلاوە دوور بوو، ئەو شوێنەی كە خەڵوەتگای مامۆستا نورسی بوو, چاومان كەوت بەو دارەی كە مامۆستاو قوتابییەكانی دەچونە سەری لەوێ پەیامەكانیان دەنوسیو هەر لەوێ دا نوێژو زیكرو یادی خوایان تێدا كردبوو. بۆ شەوەكەی هاتینەوە بۆ شاری ئیسپارتە.

٢٠١٢/٨/٢٩ لە ئیسپارتە دەرچوین بەرەو ئەنقەرە وە بۆ نیوەڕۆ لە شاری ئافیون نانمان خوارد بە ٧ كاتژمێر گەیشتینە ئەنقەرە. لە مزگەوتی كۆجاتەپە نوێژی نیوەڕۆو عەسرمان قەسرو جەمع كرد, تا سەعات ١ی شەو لە ئەنقەرە ماینەوە هەر ئەو شەوە بەڕیكەوتین بەرەو سلوپی.

ئەو ئێوارەیەكی لە ئەنقەرە بوین، هەریەكەمان بەلایەكدا خۆمان كرد بە بازاڕەكانی ئەو شارەدا، هەموو نەشارەزا بوین هەرچوار منارەی مزگەوتەكەمان كرد بەنیشانە بۆ خۆمان كە زۆر بەرز بوو، بێینەوە بۆ ئەو جێگایە، من زۆر دوور كەوتمەوەو زمانی توركیشم نەدەزانی لەبەر باڵەخانەی بەرز منارەكانم لێ وون بوو. تەنها ناوی مزگەوتەكەم دەزانی (كۆجاتەپە) لەسەر كاغەزێك نوسی بووم، پرسیارم لەخەڵكی ناوبازاڕ كرد بە ئیشارەت ئاراستەی مزگەوتەكەیان بۆ دیاری كردمو هاتمەوە بۆ شوێنی خۆم.

ئەنقەرە حەشیمەتێکی قەرەباڵغی هەیەو زۆربەی دوکانو بازاڕەکانی ئافرەت بەڕێوەی دەبات. هەرکە پێت خستە دوکانێکەوە وەکوو لەزگە لێت دەئاڵێن، دەبێ شتێکیان لێ بکڕیت. ئاوو هەواو کوچەو کوڵانەکانیو دوکانو بازاڕی وەکوو شاری تاران دەهاتە بەرچاوم، بەڵام خەڵکەکەی جیاواز لەخەڵکی تاران. لەوێ ئافرەتەکانی نیوەڕوتو سەربەستن، قاوەخانەکانی بازاڕ پڕن لەو کوڕو کچانەی کە هاوڕێی یەکترنو پێکەوە نێرگەلە دەکێشن. وەکوو چۆن لە تاران سواڵکردنی مۆدێرن هەیە کابرا کڵاوقوچێك دەکاتە سەریو بەخت دەگرێتەوەو دوعا بۆ گەنجان دەکات ئەوانیش دەستەسڕەکەی بەردەمی پڕ دەکەن لە لیرە. لە ئەنقەرەش دوو کوڕو دوو کچ پێکەوە لەسەر شەقامی گشتی لەسەر پارچە ڕاخەرێك دانیشتوونو کەمانچەو گیتار دەژەنن، خەڵکیش لیرە دەکەنە ناو پارچە ڕاخەرەکە. یان کابرا بەکەمانچەیەکەوە دێتە ناو پاسو مۆسیقا دەژەنێتو داوای لیرە دەکات. شتێکی نامۆم بینی چەند کەسێك لەشەقامێکی گشتیدا لەپێشمانەوە دەڕۆشتن وێنەی ڕوتیان هەڵدەدایە سەر شەقامەکانو بەردەوام لەڕۆشتندا وێنەیان لێ دەکەوتە خوارەوە، پرسیمان ئەمە چییە بۆچی وادەکەن؟ وتیان لێرە چەندین ڕێکخراوی نهێنی هەن دەیانەوێت بەو کارانە گەنجانی ئەم وڵاتە لەڕێ لادەنو شوێن هەواو ئارەزوو بکەونو بیر لەشتی تر نەکەنەوە.

٢٠١٢/٨/٣٠ سەعات ٦ی ئێوارە گەیشتینەوە ئیبرایم خەلیل، بۆ ڕۆژی دواتر سەعات ٦ی بەیانی گەیشتینەوە ماڵ.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٢/٩/٢٤ مام جەلالو نەوشیروان مستەفا لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش ڕێك کەوتن.

٢٠١٢/١٠/١٣ دانا جەمال حەمە عەزیز قوتابی پۆلی شەشەمی زانستی لە ئاکامی ڕوخانی دیواری حەوشەی قوتابخانەی دواناوەندی ئالان لە قەزای شارەزوور بە سەریدا کۆچی دواییکرد.

٢٠١٢/١١/١ عەبدولئەمیر ئەلزەیدی فەرماندەی ئۆپراسیۆنی دیجلە لە سوپای عێراق هاتە قەرەتەپەو هێزە کوردیەکان کەوتنە ئامادەباشی بۆ هەر لەسنور دەرچونێکی ئەو فەرماندەیە.

٢٠١٢/١١/٢٦ مەلا ئەوڕەحمان محەمەد سان ئەحمەد شەمێرانی کۆچی دواییکرد لە دەربەندیخان.



٢٠١٢/١١/٢٧ کۆچی دوایی ڕائد ئازاد مەحمود ڕەشید گلاڵی لە هەڵەبجەی تازە.

ئازاد مەحمود ڕەشید ناسراو بە ئازاد گلاڵی لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی حاسڵی شارەزوور لە بنەماڵەیەکی جوتیاری کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. پاش ماوەیەك بنەماڵەکەیان دەچنە گوندی ئالانو لەوێ جێگیر دەبن. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی حاسڵ تەواو دەکاتو بۆ قۆناغی ناوەندی دەچێتە شاری دەربەندیخان. لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات بە

ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو ساڵی ١٩٨١ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانو لە تیپی ١٥ی شارەزوور دەبێت بە پێشمەرگە. لەبەر ئازایەتیو لێهاتویی خۆی کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی برایم کۆیی، پاشان کراوە بە جێگری کەرت لە تیپی ١٥ی شارەزوور، بەشداری بەرچاوی هەبووە لە زۆربەی نەبەردییەکاندا لەوانە شارەزوورو قەرەداغو سەنگاو وناوگردانو سەرکردایەتیو قەیوان ماوەت. ساڵی ١٩٨٦ ژیانی هاوسەری پێك هێناوەو باوکی پێنج کوڕو دوو کچە، لە شەوی ٢٠١٢/١١/٢٧ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتو بۆ هەمیشە چووە ڕیزی نەمرانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٢/١٢/٢ ئەسیری کاك شەوکەتی حاجی مشیر بە نەخۆشی لە وڵاتی بەریتانیا کۆچی دواییکرد.

٢٠١٢/١٢/١٨ بەڕێز مام جەلال لە شاری بەغدا توشی جەڵتەی دەماغ بوو. بەمەش کەلێنێکی گەورە کەوتە ناو کۆی گشتی سیاسەتی بەڕێوەبردنی عێراقو پایەیەك لە پایە سەرەکییەکانی ئاشتیو پێکەوە ژیان هەرەسی هێنا. مام جەلال بە حوکمی پێگەکەیو کەسایەتییە بەهێزەکەی کە زیاتر لە نیوسەدە لەناو سیاسەتو خەبات دا قاڵ بوو بوو، بە باوکی عێراقییەکان ناو دەبراو هۆکاری پێکەوەژیانو کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بوو. ئەم ڕاستییە بۆ مێژوو دەڵێم کە مام جەلال لەبەر خاتری پێکەوە ژیانو ئاشتیو ئارامی کوردستانو عێراق، زیانی بە یەکێتییەکەی خۆی گەیاند کەچەند ساڵ خەباتی بۆ کردبوو. ئەوەندە لە خەمی پێکەوە ژیاندا بوو ئاگای لە هەرەسی یەکێتی نەمابوو، کە دەیان درزی تێکەوتبوو. مام جەلال کەسێکی ئەوەندە بەهێز بوو یەکێتی لەخۆیدا قوت دابوو، هەربۆیە کەسانی پسپۆڕو شارەزا هەستیان بەو مەترسیە دەکرد، کە ئەگەر مام جەلال توشی نەخۆشی ببێت یان کۆچی دوایی بکات، بومەلەرزەیەکی گەورە لە یەکێتی دەداتو هێزو پێگەکەی جارانی نامێنێت.

٢٠١٢/١٢/٢٠ مام جەلال گەیەنرایە ئەڵمانیا بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی.

٢٠١٢/١٢/٢٩ حەمید عەلی مستەفا خەڵکی گوندی بەشارەتی حاجی حەمە سەعید کوژرا.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٣

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٣:

٢٠١٣/١/٩ سێ ژنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ك ك) لە فەرەنسا تیرۆر کران.

٢٠١٣/١/٢٥ لە شارەکانی ڕومادیو فەلوجە بە دەیان هەزار کەس ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ نارەزایی لە دژی حکومەتەکەی نوری مالیکی کە بە حکومەتێکی تائیفی وەسفیان دەکرد.

٢٠١٣/١/٢٩ مەلا ڕەمەزان شکور سەلەفی لە نێوان چەمچەماڵو کەرکوك دا تەقەی لێ کراو تیرۆرکرا.

٢٠١٣/٢/٤ له گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی بەهۆی شۆرتی کارەباوە پەیمانگای فیردەوسی تەکنیکی گڕی گرت، له ئەنجامدا ٢ قوتابی مردنو ١٦ی تریش جەستەیان سوتا.

٢٠١٣/٢/٢٣ خالیدی خوله سور غەواره لەشاری سلێمانی تیرۆر کرا.

٢٠١٣/٣/٢١ عەبدوڵا ئۆچەلان له پەیامێکدا داوای له (پ ك ك) کرد چەك دابنێنو لەخاکی تورکیا بکشێنەوەو خەباتی مەدەنی بکەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## کاتێ سکاڵاکەم خوێندەوە توشی شۆك بووم

٢٠١٣/٣/١٠ له پۆلیسی ئەزمەڕەوە تەلەفۆنێکم بۆهات، وەڵامم دایەوە فەرموو، لێکۆڵەری پۆلیس وتی: کاکه بێ زەحمەت وەرە بۆ پۆلیسی ئەزمەڕ. وتم خوایە خێربێت، هیچ شك نابەم نه سەرپێچییەکم کردووەو نەتاوان، بۆچی پۆلیس بانگم دەکات. لەکاتی دەوامی فەرمیدا بووم له دادگای شارەزوور. ئۆقرەم نەبوو وتم دەبێت ئێستا بڕۆم بزانم بابەتەکە چییە؟ کاتێ خۆم کرد به پۆلیسی ئەزمەڕدا، لێپرسراوی بنکەو جەنابی لێکۆڵەر لەوێ بوون، وتیان تۆ لێرە دەست بەسەریت. وتم بۆچی خێرە چی ڕویداوە؟ وتیان سکاڵات لەسەر تۆمارکراوە، وتم بێ زەحمەت با ئەو سکاڵایە بخوێنمەوە، وتیان فەرموو. کاتێ سکاڵام خوێندەوە توشی شۆك بووم. جەنابی سکاڵاکار له دهۆکەوە سکاڵای له دژی منو سێ کەسی تر بەرزکردبووەوە، که هەرسێکمان له سنوری پارێزگای سلێمانی نیشتەجێ بوینو خاوەنی پیك ئاپی دەبڵ بوین. بەپێی ئەو سکاڵایە منو ئەو سێ کەسە نەوتمان به قاچاخ بردووەتە دەرەوەی هەرێم! ، وتم جەنابی ئەفسەر نەوت به پیکاب بۆ دەرەوەی هەرێم؟ وتی نەخێر به تانکەر! ئەو سێ برادەرەکەش هاتنو بەهەمان شێوەی من سەریان له سکاڵاکە سوڕمابوو. وتمان قوربان تانکەری چی مەگەر ئێمە هەرچوارمان پیکابمان پێ نییە؟ ئەفسەرو لێکۆڵەر وتیان نازانین ئەم چوار ژمارەیە لەم دۆسیەیەدایە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانی ئێوەیەو نەوتتان بردووەتە دەرەوەی هەرێم. ئێ باشە قسە تەواو ئیفادە نوسرایەوەو چوار تاوانبار کراینە ژورێکی پیسو پۆخڵو ناخۆشو دەرگایان داخست. هەرچی وتم کاکە من بە ناخێری گیانم لە هاوکارانی ئێوەمو فەرمانبەری دادگام، بۆچی دەمانخەنە ئەم ژوورە پیسەوە؟ وتیان زەمان نییە ڕانەکەنو هەڵ نەیەن ناتوانین لای خۆمان داتان بنێین. بەهەرحاڵ تەماشای چرکەچرکی کاتژمێربوین تا شەو بێتو دادوەری خەفەر دابنیشێتو ئەوراقەکانمان ببینێت. دوای نانی ئێوارەو نزیکی بانگی عیشا سواری فۆردی تاوانبارانیان کردینو پاسەوان ئەملاو ئەولایان گرتینو له هێڵی خێراوە فۆرد سەدوبیستی قەپات کرد، تا بازرگانەکانی نەوتیان کرد به هۆڵی دادگادا. لەوێ چەند لێکۆڵەرێکی خەفەری لێبوو دیسانەوە وتەکانیان وەرگرتینو واژۆیان پێکردین، وتیان چاوەڕوان بن تا جەنابی دادوەر تەشریف دەهێنێت. کاتێ منیان کردە ژوورەوە باش بوو ئەندامی داواکاری گشتی ناوی کاك ئالان بوو، چەند ساڵ پێشتر لای خۆمان بوو لەوێ لای دادوەر

دانیشتبوو، زۆر بەگەرمی بە خێرهاتنی کردو ڕێزی لێنام‌و بە جەنابی دادوەریشی ناساندم، وتی ئەم پیاوە فەرمانبەری خۆمانە. کاتێ کاك ئالان‌و جەنابی دادوەر دۆسیەکەیان خوێندەوە، دەستیان کرد بە پێکەنین، وتیان خۆش حکومەت‌و نیزام‌و ئاسایش، ئەوانەی نەوتەکەیان بردووە بیست تانکەر زیاتر بوون‌و هەمویان ژمارەو سالآنەی ساختەیان بۆ کردوون‌و لە خۆیانەوە ژمارەی ئۆتۆمبێلی باریان داناوە بۆ خۆیان، هەر ژمارەیەك سوتفەی ئۆتۆمبێلێکی باری کردووە لە پیکاب‌و گەلآبەو دوو تەنی. ئێوە ئەم چوار کەسە بەو شێوەیە توش بوون. جەنابی دادوەر یەکی بە کەفالەتی ١٥٠ هەزار دینار ئازادی کردین, بەلآم ئۆتۆمبێلەکانمان هێشتا بەرنەدراوە. بەو شەوە کاك سەلام حەمە فەرەج وازۆلی خزمم زەحمەتی کێشاوەو هاتووە بووە بە کەفیلم. بۆ ڕۆژی دوایی تەکلیفم لە حاکم کاروان ووریا عەلی سۆرانی کردووە کە دادوەری خۆمان بوو، بە حاکم سیروان بلێت ئۆتۆمبێلەکەم بۆ ئازاد بکات، بەو شێوەیە ڕزگارمان بوو. ئاوایە ولآتی من ڕۆژانە سەدان تانکەر بەڕۆژی ڕوناك نەوتی ژێر زەوی ئەم ولآتە بە تالآن بۆ دەرەوە دەبات‌و کەس نییە بلێت پشتی چاوتان برۆیە. زەحمەتی خەلکی فەقیرو هەژار دەدەن‌و دۆسیەی بۆ دەکەنەوەو بە کەفالەت‌و بە زەحمەت ئازادی دەکەن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٣/٣/٢٢ مامۆستاو زانای ئاینی محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتانی بە دەستی تیرۆرستان تیرۆر کرا. مامۆستای خوالێخۆشبوو هەوێنی ئاشتی بوو لە ولآتی سوریا، لەکاتی بەرپابوونی ئەو گرژی‌و ئالۆزییەی لەو ولآتەدا بەرپابوو هەولی زۆری دا کە ئاگری فیتنە تەشەنە نەسەنێت‌و ولآت بەرەو وێران بوون نەڕوات، بەلآم دەستێکی ڕەش ئەوی بەلەمپەری بەردەم پرۆسەی تێکدان‌و ئاژاوەگێڕی دەزانی، هەربۆیە خێرا هەولی لەناوبردنیان داو تیرۆریان کرد، وە ولآتی شامیان بەتەواوی کوێر کردەوەو هەرچی دەرگای فیتنە هەیە بە ڕووی ئەو ولآتەدا کردیانەوە.

٢٠١٣/٣/٣١ کۆچی دوایی فەلەکەدین کاکەیی سیاسەتمەداری کوردستان.

٢٠١٣/٥/٢٨ نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێلەیی لە سلێمانی بە فەرمی کرایەوە.

٢٠١٣/٥/٢٩ کەنالی ئاسمانی رووداو بە فەرمی کرایەوە.

٢٠١٣/٦/١٢ ڕوناك حاجی ئەحمەد شەمێرانی کارمەندی تەندروستی نەخۆشخانەی شارەزوور خێزانی مامۆستا فەتاح ئیمامی بەڕێوەبەری کارگێڕی دادگای شارەزوور بە ڕووداوی هاتوچۆ کۆچی دواییکرد.

٢٠١٣/٦/١٥ لە هەلبژاردنەکانی ئێراندا حەسەن ڕۆحانی دەرچوو بۆ سەرۆککۆماری ئێران.

٢٠١٣/٦/٢٦ نادر عەلی هەورامی سەرکردەو فەرمانەدەی دێرین لە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆچی دواییکرد.

٢٠١٣/٦/٢٩ کارتمان وەرگرتەوە دەرچوم بە پلەی زۆرباش، وە کۆتایم بە خوێندن هێناو بووم بە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی سیاسەت دا هەزاران سوپاسو ستایش بۆ خوای گەورە.

٢٠١٣/٦/٣٠ پەرلەمانی کوردستان ویلایەتی بارزانی بۆ دوو ساڵی دیکە درێژ کردەوە.

٢٠١٣/٧/٣ بە کودەتایەك لە لایەن عەبدولفەتاح سیسیەوە محەمەد مورسی سەرۆکی شەرعی میسر لەسەر کار لابراو زیندانی کرا.

٢٠١٣/٨/٤ کۆچی دوایی شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس لە وڵاتی سوید بە نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکان، وە تەرمەکەی لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

٢٠١٣/٩/٢١ ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو.

٢٠١٣/٩/٢٣ هونەرمەند محەمەد ساڵح شەریف ناسراو بە حەمەی نێرگز کۆچی دواییکرد.

٢٠١٣/٩/٢٥ کۆچی دوایی هونەرمەند جیهاد دڵپاك لە وڵاتی ئەڵمانیا.

٢٠١٣/٩/٢٩ بەهۆی تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لە شاری هەولێر ٦ کارمەندی ئاسایشو ٧ تیرۆریست کوژران، وە ٦٢ کەسی تر بریندار بوون.

٢٠١٣/٩/٣٠ فەرماندەو پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولو مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ قادر خەبات کۆچی دواییکرد.

قادر خەبات لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی خەزێنەی بناری چیای قەندیلی دەڤەری باڵەکایەتی لەدایك بووە. ساڵی ١٩٥٥ چۆتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە



ساڵی ١٩٦١ بووەتە پێشمەرگەو چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیوە. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول قادر خەبات وەك پێشمەرگەیەك لە چیای قەندیل دەمێنێتەوەو درێژە بەخەبات دەدات.

لە سەرەتای شۆڕشی نوێدا، لەسەر داوای سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ١٩٧٦/٤/١٤ یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە پێکدەهێنێتو بارەگای لە بناری قەندیل دەکاتەوە. لەبەر لێهاتوویيو قارەمانیەتی چەندین پلەی پێشمەرگایەتی دەبڕێتو لە ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە جێگری هەرێمی ٧ی باڵەكو دوای ساڵێك دەکرێتە فەرماندەی ئەو هەرێمە. دوای پێکهێنانی تیپەکان، دەکرێتە سەرتیپی ٧٤ی باڵەكو ٩٣ی سەفینو ٩١ی پشدەر. ساڵی ١٩٨٨ پلەی ئەندامی مەکتەبی عەسکەری پێدەبەخشرێت. لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ دەورێکی باڵا ئەبینێت لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانو شاری هەولێرو ڕزگارکردنی کەرکوكو لە دوا ساتەکانی ڕزگارکردنی کەرکوکیشدا بەسەختی بریندار دەبێت.

له دوای ڕاپەڕینیش وەك کادرێکی سەربازی لێهاتوو درێژە بەخەباتی پێشمەرگایەتی دەداتو دوا پلەی ئەندامی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە. قادر خەبات لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریو سەرپەرشتی دەیان داستانو نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە. ئەندامی هەرسێ کۆنفرانسی کۆمەڵەو هەرسی کۆنگرەی (ی. ن. ك) بووەو مەدالیای ڕێزلێنانی وەك پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێی پێبەخشراوە. بەهۆی نەخۆشییەوە لە ئێوارەی ٢٠١٣/٩/٣٠ لە تەمەنی ٧٦ ساڵی دا لە شاری سلێمانی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٣/١٠/٢ ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە بوو: پارتی ٣٨ کورسی، گۆڕان ٢٤ کورسی، یەکێتی ١٨ کورسی، یەکگرتوو ١٠ کورسی، کۆمەڵ ٦ کورسی، حسكو بزوتنەوەو شیوعی یەکی کورسییەك. یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا لەشەریکە ستراتیجییەکەی جیابویەوەو بەتەنها بەشداری هەڵبژاردنی کرد، زۆرێك لە ئەندامانو لایەنگرانی یەکێتی ڕەخنەیان لەو ڕێکەوتنە ستراتیجییەی پارتیو یەکێتی هەبوو، وە پێیان وابوو ئەو ڕێکەوتنە پارتی بەهێز کردووەو یەکێتیش لاوازو بێ دەسەلات. نوسەرو ڕۆژنامەنوس ڕێبین هەردی لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەت ی فەیسبوك ڕاو سەرنجی خۆی لەسەر ئەو ڕێکەوتنە دەربڕیوە: ئەو ڕۆژانەی ڕێکەوتنی ستراتیژی ئیمزا کرا، میوانی بەرنامەی تەوەرو گفتوگۆ بوم لە کەناڵی کوردسات، کە هاوڕێم کاك جەمال حسێن پێشکەشی ئەکرد، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕێکەوتنە. زۆر دژی ئەو ڕێکەوتنە بوومو بیرمە گوتم ئەمە ڕێکەوتنی سیاسی نیە، بەڵکو لە ڕێکەوتنی دوو کۆمپانیای بازرگانی ئەچێت، ئەوساو ئێستاش ترسی گەورەم ئەوە بوو ئەم ڕێکەوتنە دوو هیزە سەرەکیەکەی ئەوسای کوردستان وەك یەك لێ بکاتو بەڕاستیش یەکێك لە بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنە پەویەندی بە بێدەنگ کردنی ڕاگەیاندنی یەکتر بوو لەیەکتر کە هەر ئەوسا زۆر دژی بووم. ئەوساو ئێستاش ڕام وابوو ئەم ڕیکەوتنە پرۆسەی دیموکراسی لەناو ئەبات، زیانێکی گەورە بە ئازادی بیرواو بەکۆی هەوڵەکانی دیموکراسی ئەگەیەنێت. بەڕاستیش پێم وایە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا هیچ ڕێکەوتنێك هێندەی ئەم ڕێکەوتنە زیانی بۆ کوردستان نەبووە،و بگرە چی پاشهاتو ڕوداوەکانی دوای ئەمە، هیچ نەبون جگە لەبەرهەمی ئەم ڕێکەوتنە. ڕێکەوتنەکە لێك تێگەیشتنی دوو هیزی سیاسی نەبوو، بەڵکو دابەشکردنێکی دەسەلاتو بیدەنگ کردنو هاوکاریکردنی یەك بوو بۆ بەڕێوەچوونی ئەو دوو دەسەلاتە. (من حوکمرانی خۆم ئەکەمو چیم کرد تۆ قسە مەکە، تۆش حوکمرانی خۆت بکەو چی ئەکەیت بیکە، من قسە ناکەم) ئەمە ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتنە بوو کەلە ئەرزی واقعدا بیدەنگیو پێشێلکاریو گەندەڵیەکی گەورەی بەرهەم هێنا کە تەنانەت ئێستا خۆشیان کەلە ترسناکی ڕادەکەی گەیشتوون، نازانن چۆن چارەسەری بکەن.

ئەمڕۆ کە بەهۆی دەرهاویشتەکانی هەڵبژاردنەوە، ئەم ڕیکەوتنە کاڵ بۆتەوەو لە مردنی یەکجاری نزیك بۆتەوە، یەکێتیو پارتی دوا هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ڕاگرتنو بە زیندوو هێشتنەوەی بەهەرجۆریك بووە. بەڵکو ئەمجارە هەوڵ ئەدەن گۆرانیش بۆ ئەم ڕێکەوتنە ڕاکێشن. بەڵام لەڕاستیدا کاری ڕاست نەك ژیاندنەوەی ئەم ڕێکەوتنەو ڕاکیشانی هێزی تر نیە بۆی، بەڵکو کاری ڕاست ناشتنێتی بۆ هەتا هەتایە. ئەم ڕێکەوتنە نەك خێری بۆ کوردستان تیا نەبووە، بەڵکو هەرچیەك بەرهەمی هێناوە ئەوەندە خراپو بیٚ کەڵکە کە ساڵانیکی زۆرمان ئەوێت تەنانەت دەرهاویشتەکانی بسڕینەوە، لە هەرێمێکدا کە حکومەت هەیە، پەرلەمان هەیە، هەڵبژاردن هەیە، ڕێکەوتنی ستراتیژی چ پێویستیەکی هەیە؟ ڕێکەوتنی ستراتیژی سەرەکیو کاریگەر ملدانە بۆ هەلبژاردنو ڕێزگرتن لەڕای خەڵكو حکومڕانیەك لە ژێر چاودێریو لێپرسینەوەدا، ڕێکەوتنی ستراتیژی سەرەکیو کاریگەر پابەندبونی هێزەکانە بە ڕێساکانی دیموکراسیو ملدان بۆ گەمەو پێشهاتەکانی، نەك دروستکردنی ڕێکەوتنێك بۆ لەباربردنی دەرهایشتەکانی هەڵبژاردنو ڕێساکانی دیموکراسی.

هەر ڕێکەوتنێك بە ئامانجی بێدەنگ بوونو سڕینەوەی جیاوازی یەکدیو نەهێشتنی ململانێی سیاسی بکرێت، لەژێر هەر ناوێکدا بێت (وەك یەك ڕیزی کوردو نازانم چی) ڕێکەوتنێکە بۆ لەباردنی دیموکراسیو فێڵکردن لە خەڵكو دەستەبەسەراگرتنی حوکمرانی لەلایەن دوو یان سێ گروپی دەسترۆیشتووەوە. کاری عاقڵانە ناشتنی ڕێکەوتنی ستراتیژیەو ڕاگەیاندی پابەندبونە بە دیمکراسیو هەڵبژاردنو پێشهاتەکانی، هەر شتێکیش جگە لەمانە خێری بۆ کورد تیا نابێت، بەڵکو گەندەڵی زیاترو ستەمی زیاترو بێدادی زیاترو بێدەنگکردنی زیاتر بەرهەم دێنێت[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٣/١١/٢٠ عەقید سەروەت محەمەد ڕەشید قاینەیحەیی پاسەوانی تایبەتی مام جەلال لە ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی کوژرا.

٢٠١٣/١١/٢١ جوتیار عومەر ئەحمەد تەپی سەفایی لە سلێمانی بە دەستی ئاسایش لە ماڵی خۆیدا کوژرا. وەلەکاتی هەڵکوتانە سەر ماڵی جوتیار، لوقمان حەمە ڕەشید ئیمامی زامنی کوژرا.

٢٠١٣/١٢/٥ کاوە گەرمیانی ڕۆژنامەنوس لە کەلار تیرۆر کرا.

٢٠١٣/١٢/٦ نیلسۆن ماندیلا لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

---

١ ڕێبین هەردی، نوسەرو ڕۆژنامەنوس، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٤/١٠/٢١.

ماندێلا دەڵێت: ویستم وینی هاوسەرم فێری شۆفێری بکەم، ئەوکات شۆفێری ژن کەم بوو، بەڵام ئەو پێداگربوو لەسەری. لەوانەیە من مامۆستایەکی بێ سەبر یان ئەو قوتابییەکی سەرکەش بوبێت. لە شەقامیکی چۆڵو سافی ئۆرلاندۆ هەوڵم لەگەڵی ئەدا، بێ کێشە نەبوینو ئەو گوێی بەمن نەئەدا! تورە بوم، دابەزیمو بە پێ هاتمەوە بۆ ماڵ، بەڵام وینی بێ ماموستا باشتر بووبوو نزیکەی سەعاتێ بەتەنها شۆفیری کردبوو[1].

٢٠١٣/١٢/١٣ لەماوەی ١١٢ساڵی ڕابوردوودا بۆ یەکەم جار لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەفر باریو ناوچەکەی سپی کرد.

٢٠١٣/١٢/٢٣ کۆچی دوایی میخائیل کلاشنکۆف دروستکەری چەکی کلاشنکۆف لە ڕوسیا.

٢٠١٣/١٢/٢٤ بەرەو تورکیا بەڕێکەوتین ١٢ نەفەر بوین بە سەیارەکانی خۆمان تاوەکوو ئیبراهیم خەلیل چوین. لەوێ سەیارەکانمان لەگەراج دانا شەوی بە ٣ هەزار دینار، شەو کاتژمێر ١١ لە زاخۆ نانمان خوارد، ٢ی شەو لە شارۆچکەی سلوپی بوین هەر لەوێ خەوتین تا بەیانی.

٢٠١٣/١٢/٢٥ لە سلوپی بەڕێکەوتین بەرەو جەزیرە لەو شوێنە چوینە خزمەتی مەزاری حەزرەتی نوح علیە السلام، پاشان بەرەو شاری ئورفە ڕۆیشتین. سەعات ٣ لەو شارە دابەزین. هەر ئەو شەوە لە خەستەخانەی شەرقی ئەوسەت نانی ئێوارەمان خواردو بە تێروتەسەلی سەیری هەموو بەشەکانی خەستەخانەکەمان کرد کە بزاڤی خزمەت دروستیان کردبوو.

٢٠١٣/١٢/٢٦ لە شاری ئورفە بوین نوێژی بەیانیمان بە جەماعەت لە مزگەوتێ (خەلیلوڕەحمان) کرد کە مەزاری پێشوی مامۆستا نورسی لێ بوو ئەو نوێژە زۆر گەرمو گوڕ بوو یەك سەعاتی خایاند بە زیکرو ویردەوە.

٢٠١٣/١٢/٢٧ لە زانکۆی زەرڤە سەردانی بەشی پزیشکی زانکۆکەمان کردو دواتر سەردانی بازاڕو مەیدانی ئەسپ سواریمان کرد. نوێژی هەینیمان لەو شارە کرد. دواتر چوین بۆ باخچەی ئاژەڵان تامەغریب لەوێ بوین، نانی ئێوارەمان خواردو لە مۆڵێك برادەران شتیان کڕیو بەڕێکەوتینەوە بەرەو سلوپی.

٢٠١٣/١٢/٢٨ سەعات ٥ی بەیانی گەیشتینەوە سلوپیو پاشان هاتینەوە برایم خلیل نوێژی بەیانیمان کرد بە ئاوێکی زۆر سارد. پاشان بە سەیارەکانی خۆمانەوە بەرەو ماڵ بەڕێکەوتینەوە لە زاخۆو دهۆكو فایدەو شۆڤینو بەردەڕەشو کەڵەكو خەباتو هەولێرو پردێو کەرکوكو چەمچەماڵەوە گەیشتینەوە سلێمانی.

١ سیروان حەمەشەریف، پارێزەر، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٦/١٠/٢١.

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٤

لەم ساڵەدا کۆتایی بە خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان هات کە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەددامەوە دەرگای بە ڕووی خەڵکیدا کردبووەوە. لە مانگی نیسانی ٢٠٠٣ ڕژێمی سەددام ڕوخا، بەوەش دەرگای شارەکانی عێراق بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا کرایەوە، لێشاوی ئۆتۆمبێلی هەرزانو ئامێرو کەرەستەی بازرگانیو بیناسازیو کەلوپەلی تر ڕویان لە هەرێم کرد. هەروەها فەرمانبەرانو موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بوون بە برابەش لەداهاتی نەوتی عێراقداو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخی نەوت بەرز دەبویەوەو موچە زیادی دەکردو داهاتی تاکەکەس بەرێژەیەکی بەرچاو لە هەڵکشاندا بوو. تا ئەوەی خەڵکی بەتایبەت موچەخۆران بوون بە خاوەنی خانووو ئۆتۆمبێلی خۆیانو ساڵانە کەلوپەلەکانی ناوماڵیان دەگۆڕیو مۆدێلی نوێیان دەکڕی. ئەم کرانەوەو خۆشگوزەرانییە بۆ ماوەی دە ساڵ بەردەوامی هەبوو، زۆرێك لە خەڵکیش بەشێوەیەك کە نەشەرعی خواو نە عەقڵی سەلیم قبوڵیان نەبوو، ساڵانە کەلوپەلەکانی ناوماڵیان دەگۆڕی وبە قیستی مانگانە کەلوپەلی گرانبەهایان دەخستە شوێنەکەی. بەمەش چینی فەرمانبەر بوبون بە قەرزداری کۆمپانیاکانو هەرچی موچەیان هەبوو بۆ ئەوان بوو. خوای گەورە دەفەرموێت: ئەگەر سوپاسم بکەن بۆتان زیاد دەکەمو ئەگەریش نرخی نیعمەتتان نەزانی سزاتان دەدەم. بەڵی دەتوانرێ بوترێت خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی نرخی نیعمەتیان نەزانیو سوپاسگوزار نەبوون، وەکوو باس دەکرا خەڵکی وا هەبووە بۆ ڕەنگڕێژانی نەخشەی خانووەکەی لەبری گەچ ئاردی نانی بەکارهێناوە، هەروەها حاویەو زبڵدانەکان پڕ بوون لەخواردەمەنی، کە خەڵکی لە ئیسرافو زیادەبەکاهێناندا هەستاون بەو کارە. جگە لە هۆکاری تریش کە خەشمو تورەیی خوای پەروەردگار دەجولێنێتو دەرگای خۆش گوزەرانی پێ دادەخات. بەڵی لەم ساڵەدا نرخی نەوت دەستی کرد بە دابەزین ودواتریش شەڕی داسەپاوی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بەرۆکی خەڵکی هەرێمی کوردستانی گرت.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش

داعش ڕێکخراوێکی چەکداری تیرۆریستی ئیسلامی سەلەفی سوننە مەزهەبە، ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیە لەسەر بنچینەی گێڕانەوەی خەلافەتو چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام لە هەر دوو وڵاتی ئێراقو سوریادا. ئەو پێناسەیە پێناسەیەکی ڕواڵەتییەو تەنها بەرگێکە کراوەتە بەری ئەو ڕێکخراوە بە ئامانجی ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی پێ ناشیرین بکەن.

پێناسەی ڕاستەقینەی داعش: ڕێکخراوێکی چەکداری تیرۆریستی جیهانییە، ئامانجی دروستکردنەکەی کاولو کردنو وێرانکردنو لە بنەوە هەڵکەندنی ناوچە سوننییەکانی عێراقو سوریایەو

ئاوارە کردنیانە بە وڵاتانی جیهاندا وسەپاندندنی هەیمەنەو دەسەڵاتی شیعەیە لە لەو ناوچانەدا کە ساڵانێکی دوورو درێژ بەدەستی سوننەوە بووەو خەلافەتی ڕاستەقینەی ئیسلامی تێدا بەرقەرار بووە.

کێ لە پشتی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییەوە بوو؟ دیارە نەبەپارەی دزیو سەرانەو نە بە فرۆشتنی نەوتی قاچاخو نەبە پارەی یارمەتی وڵاتانی عەرەبیو تورکیا ئەو نەفەقە گەورەیە پەیدا ناکرێت کە داعشی بەڕێوە دەبرد. لای هەموان ئاشکرایە کە داعش پانتاییەکی فراوانی خاکی سوریاو عێراقی لە ژێر دەست دا بوو. ژمارەیەکی زۆر چەکداری هەبوو کە دەبوایە پارێزگاری لەو خاکە بکات. چەکی پێشکەوتووو ئۆتۆمبێلو تانكو تۆپو موچەكو تەنانەت فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانو چەکی کیمیاییو مەشقی سەربازی، هەموو ئەمانە بەسواڵو سەدەقەی ئەملاولا پەیدا ناکرێت. هەربۆیە گومان لەوەدا نییە کە دەوڵەتێکی زلهێزی وەکوو ئەمریکاو دەوڵەتی ئیسرائیلو ئێران وەکوو پلانو نەخشە لەپشتی دروستکردنو تەمویل کردنی داعشەوە بوون. ئەگەر ئێستا لای زۆرینەی خەڵکی باوەڕ پێکراو نییەو تەنها بەچاوی سەر ئەم ڕووداوانە دەبینن، بەڵام هەرکەس خاوەنی بینایی دڵ بێتو کاکڵەی ڕووداوەکان بخوێنێتەوە ئەوا تێدەگات کە دەوڵەتێکی وەکوو تورکیا گەورەترین زەرەرمەندنی هاتنی داعشە بۆ ناوچەکەو دەوڵەتی ئێران گەورەترین سودو قازانجی لێ کردووەو هەژمونی خۆی سەپاندووە بەسەر عێراقو سوریاداو ناڕاستەخۆ بەڕێوەیان دەباتو تا ئێستا هیچ تەقینەوەیەك لە خاکی ئێراندا نەکراوە. بەڵام بە پێچەوانەوە دەیان تەقینەوە لە شارەکانی تورکیادا کراونو ئاگریان بەرداوەتە سنورەکانیو ئابوری ئەو وڵاتەیان بەرەو هەرەسهێناوە.

سەرەتاکانی دامەزراندنی داعش لە ساڵی ٢٠٠٤وە دەست پێدەکات، دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی یەکتاپەرستیو جیهاد بە ڕابەرایەتی ئەبو مەسعەب زەرقاوی، کە ڕاستەوخۆ سەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەبوون، بن لادن ئەو کات بە ڕێکخستنەکانی قاعیدە لە وڵاتی ڕافیدەین ناویدەبردن، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٦دا، لە تۆمارێکی دەنگو ڕەنگیدا لەسەر زاری زەرقاوی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تر بەناوی ئەنجومەنی شورای موجاهدین بە ڕابەرایەتی عەبدوڵڵا ڕەشید بەغدادی ڕاگەیەنرا، هەر لە هەمان مانگدا دوای کوژرانی زەرقاوی لە ئێراق، ئەبو حەمزەی موهاجیر بووە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی قاعیدە لە جێی زەرقاوی، هەر لەکۆتایی هەمان ساڵدا دەوڵەتی ئیسلامی ئێراقیان دامەزراند بە ڕابەرایەتی ئەبو عومەر ئەلبەغدادی.

لە ٢٠١٠/٣/١٩ دا، لە هێرشیکی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکاو عێراقدا لە ناوچەی سەرسار، هەر دوو سەرکردە ئەبو عومەر ئەلبەغدادیو ئەبو حەمزەی موهاجیر کوژران، دە ڕۆژ دوای کوژرانیان ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی ئیسلامی ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم عەلی ئەلبەدری کە بە ئەبوبەکر ئەلبەغدادی ناسراوە بە خەلیفەو ڕابەرو هەروەها ناسرەدین سلێمانیان بە وەزیری جەنگ دەستنیشانکرد،

هەموو ئەوانەی باسکران لە ژێر ناوی جیا جیادا تا دەگاتە دەوڵەتی ئیسلامی لە ئێراق، لە ڕاپۆرتە فەرمیە هەواڵگریەکانی ڕۆژئاوادا بە گشتی ناویان بە ڕێکخستنەکانی قاعیدە لە ئێراقدا هاتووە.

دەوڵەتی ئیسلامی عێراق، دوای سەرهەڵدانەکانی سوریا بەشێك لە چالاکیەکانی گواستەوە بۆ ئەو وڵاتە، هەر لە ساڵی ٢٠١١دا ڕێکخراوێکی دیکەی سەلەفی تیرۆریست هاوشێوەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق لە سوریا دامەزرا بەناوی جەبهەتول نوسرە بە ڕابەرایەتی ئەبو محەمەد ئەلجۆلانی، کەلە ڕووی هزری ئیسلامیەوە زۆر نزیك بوون لە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیو ئەوانیش بریتی بوون لە سوننە مەزهەبە سەلەفیەکانی سوریاو بە پێی ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی ئەمریکا لقێك بوون لە ڕێکخستنەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئێراق، دوای ماوەیەك ئەبوبەکر ئەلبەغدادی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەنگێکی تۆمارکراوی خۆیدا ڕایگەیاند، کە جەبهەتول نوسرە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق بوونە یەك ڕێکخراوو ئەو دووناوە دەگۆڕن بە ناوێکی تر کە ئەویش دەوڵەتی ئیسلامیە لە عێراقو شام، کە بە داعش ناسراون، هەرچەندە دواتر ئەبو محەمەد ئەلجۆلانیش لە تۆمارێکی دەنگیدا ڕایگەیاند، کە ئەوان بەشێك نین لەو ڕێکخراوەو یەکگرتنیشی لەگەڵ ئەواندا ڕەتکردەوە، دوا بەدوای ئەو تێك گیرانەش ئەبو ئەیمەن زەواهیری بە فەرمی ڕایگەیاند جەبهەتول نوسرە تاکە ڕێکخراوی ڕێکخستنەکانی قاعیدەن لە سوریا، بەڵام بەغدادی ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەوان ببنە بەشێك لە ئەوانو بڕیاریدا هەر لەژێر ناوی داعشدا بمێننەوەو چالاکیەکانیشیان لە هەر دوو وڵاتی سوریاو ئێراق درێژە پێبدەن.

کوردو داعش: لە دوو ساڵی ڕابردوودا، سنوری چالاکیو کارە تیرۆریستیەکانی داعش بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، لە باکورەوە بۆ هەڵکوتانە سەر ناوچە کوردیەکانی ڕۆژئاوا، وێڕای ئەوەی لە سنوری ژێر دەسەڵاتی سوننەکانی سوریاشەوە هەر هێرشدەکەنە سەر ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوا، لە عێراقیشدا بەشێك لەو ناوچانەی کە بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ناسراونو بەشێکن لە خاکی باشوری کوردستان، هاوسنورن لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە بە سێگۆشەی سوننەکان ناسراون، بەردەوام لەوێشەوە هێرش دەکرێتە سەر ناوچە کوردستانیەکانو ڕۆژانە تەقینەوەو کاری تیرۆریستی تێدا ئەنجام دەدرێت، هەموو ئەو هێرشانەش لەلایەن داعشەوە دەکرێتە سەر خەڵکی کوردو خاکی کوردستان.

ئەگەر داعش ڕێکخراوێکی سوننی مەزهەب بێتو پارێزگاری لە تائیفەی سوننە دەکات، بۆچی پەلاماری کورد دەدات کە بە مەزهەبب سەر بە تائیفەی سوننەنو لە عەرەبیش زیاتر دەستیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە گرتووە! دیارە ماستەکە لەبری مویەك گوریسێکی تێدایە.

ئەگەر داعش دوژمنی شیعەیە بۆچی تەواوی پارێزگای ئەنباریان کۆنترۆڵ کردو نزیك بوونەوە لە سنورەکانی پارێزگای کەربەلا، بەڵام بەرەو ئەو شارە هیچ هەنگاوێکیان نەنا! شتێکی بەڵگەنەویستە کە

داعش لەبەرژەوەندی شیعە کاری کردووەو سودمەندی یەکەم شیعەکان بوون لەعێراقدا کە چزووو نینۆك ی سوننەیان بەتەواوی لەبن دەرکێشاو وڵاتیان بۆ یەکلایی بویەوەو چیان پێ خۆش بێت دەیکەن.

یەکێ لەو دەستکەوتە گەورانە دروست کردنی حەشدی شەعبییە کە کۆپی سوپای پاسدارانی ئێرانەوەو بەهەمان ئامانجو مەبەست دروست کراوە. حەشدی شەعبی ئەگەر لەبارودۆخی ناجێگری ئەمنیدا نەبوایە کە داعش لە عێراقدا دروستی کردبوو، ئەوا هەلی دروستبوونی بۆ نەدەڕەخساو وەکوو خەونێکی شیعەکان بە نەزۆکی دەمایەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٤/١/٢ لە ئەنجامی ئەو ڕاپەڕینەی لە سەیدسادق کرا دژی گەندەڵیو نەبوونی خزمەتگوزاری گەنجێکی ناوگردانی بە ناوی بڕیار حەسەن کوژرا.

٢٠١٤/١/١١ دوای هەشت ساڵ بێهۆشیو لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێری ورددا ئارێل شارۆن سەرۆك وەزیرانی پێشووتری ئیسرائیل لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

٢٠١٤/١/١٣ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر بوو درودی خوای لەسەر بێت.

٢٠١٤/٢/١١ بەرێکەوتین بەرەو فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ ئەوەی سونەتی عەمرە بەجێ بگەیەنین. ئەم کەسانە بوین: بەندەو کاك عادل باوە ساڵحو کاك حاکم فایەقو کاك عوسمانو کاك عومەر کە هەمویان گلێجاڵی بوونو کۆمەڵێك براو خوشکی موسڵمانی تر لەوانە مامۆستا ئەحمەد بێسەڵمێنیو کاك جەزاو وەستا سیروان نامیقو کاك محەمەد کاکەوەیسو خێزانی، هەمومان لە قافڵەی مامۆستا عەبدولجەبار ڕۆستەم بوین کە ئەو کاتە بەشێك بوو لە کۆمپانیای پاڕەزان بۆ حەجو عەمرە.

٢٠١٤/٢/١٢ سەعات پێنجی سەرلەبەیانی گەیشتینە شاری جەددەو پاشان بەرەو مەدینەی پیرۆز بەڕێکەوتین سەعات ٥ی ئێوارە گەیشتینە شاری مەدینە. کاتێ پێم خستە سەر خاکی حیجاز دڵم بە ئەندێشەمی وت لەوە بگەڕێ کە ئێستا خاکی حیجاز کۆمەڵێ گامیشی بێ شیرو بێ شیاکەی بەسود بەڵکو کۆمەڵێ ترخنی زۆر خۆری شەهوانی بەڕێوەی دەبەنو خۆیان کردووە بە کوێخاو دەمڕاستی موسڵمانان. لەوە بگەڕێو بە ئەندێشەت بگەڕێوە بۆ ١٤٤٠ ساڵ پێشتر، لەکاتی سەفەرماندا لە جەددەوە بۆ مەدینە بەکەناری دەریای سووردا سەرم نابوو بە جامی ئامانەکەوەو بەئەندێشەم گەڕامەوە بۆ چەرخی بەختەوەری . تەماشای خاکی سوتاکو بێ دارودەوەنو ڕەش هەڵگەڕاوی ناوچەکەم دەکرد جگە لە ڕووەکی ئالیکی حوشتر (حوشترالوك) هیچی تری لێ نەڕوابوو. حەزم نەدەکرد گوێم لەدەنگی هاوڕێکانمو سەرنشینی ئامانەکە بێت بۆ ئەوەی ئەو کەشە ڕۆحییەم لێ نەشێوێنن. تا چاو بڕیکات بەرزاییو نزماییو شاخی ڕەش هەڵگەڕاو بوو. جار جارِ بڕکەیەك مەیمون یان چەند حوشترێك دیار بوون دەلەوەڕان. گەورەییو ئازایەتیو مەردایەتی مرۆڤی ئەو سەردەمەم بۆ دەرکەوت کە ئەو هەمووە ڕێگایان بە وڵاخو بەپێ چۆن

بڕیوە؟ بچوکیو کەمتوانایی خۆشمانم بۆ دەرکەوت کە بەرگەی هیچ ناگرینو سەرەڕای ئەم هەمووە هۆکارە ئاسانە هێشتا بیانوو دەهێنینەوەو پۆز بەسەر زەویدا لیٚ دەدەین.

بەڵیٚ داروبەردی حیجاز بۆنی سەروەرو یارانی گرتبوو، جێگا پێکانیانو جێگای سمی وڵاخەکانیان بە ئەندێشە دەبینرا. حەزم ئەکرد ئەو گەشتە کۆتایی نەیەتو بەردەوام بێت تا ئەو دیوی زەمانو لە وێستگەی قیامەتدا بەیەکتر شادبوینایەتەوە . تا لە مەدینە زیاتر نزیك دەبوینەوە تاسەو شەوقمان بۆ بینینی سەروەرمان زیاتر دەبوو، دارخورماکانی شار دەرکەوتن دیسان گەڕامەوە بۆ ڕۆژی داخلٚ بوونی سەروەرمان بۆ ئەو شارەو ملەقوتەو پەرۆشی خەڵکەکەی بۆ بینینی کە چووبوونە سەر بەرزاییو لوتکەی دارخورماکانو وتنی سرودی (طلع البدر)، گەر بە پیٚ بڕۆشتمایە خۆم لەناو خاكو خۆڵی مەدینەدا دەگەوزاند بەهیوای ئەوەی یەکیٚ لەو گەردیلانەی خاکوخۆڵم بەنسیب بوایە کە بەر سمی ئەسپەکانیشیان کەوتبێت. وای لەو تاسەو شەوقەی کە یەکەم جار خۆت دەکەیت بە ناو مزگەوتەکەیداو لەنزیك گڵکۆی موبارەکیەوە سڵاواتی بۆ دەنێریت، وای خۆزگە ئەوەندە ئیماندار بوومایە وڕکم لیٚ بگرتایە تا دەستی موبارەکت نەهێنیتە دەرەوەو تێر ماچی نەکەم ئێرە بەجیٚ ناهێڵم. وای خۆزگە هیچ نەبێت لە گۆڕستانی بەقیعو لەنزیکی تۆوە بومایە، ئای نزیکیت چی ئێکسیرێکە بەرد دەکات بە ئاڵتون، تەنەکە دەکات بە زێڕ، فیدات بم یا رسول الله.

٢٠١٤/٢/١٤ هەر لە مەدینەی پیرۆز بوین سەردانی گۆڕستانی بەقیعمان کرد پاشان نوێژی هەینیمان لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا کرد هەزاران سەلاتو سەلامی خوای لێبێت.

٢٠١٤/٢/١٥ لەناو مەدینە سەردانی هەردوو مزگەوتی قیبلەتەینو قوبامان کرد.

٢٠١٤/٢/١٧ لە مەدینەوە بەڕێکەوتین بەرەو مەککەی پیرۆز سەعات ٢ی شەو گەیشتینە حەرەمی مەککیو واجباتی عومرەکەمان بەجێهێنا. مەککەی سەنتەری زەوی، چەقەخاڵی کۆکردنەوەی موسڵمانان، جێگای دابەزینی سروشی پەروەردگار، شوێنی لەدایك بوونی سەروەری مرۆڤایەتی حەزرەتی محەمەد درودو سەلامی خوای لەسەر بێت. کاتیٚ بەرگی ئیحرام دەپۆشیتو بەدەم وتنەوەی (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ، وَالنِّعْمَةَ، لَكَ وَالْمُلْكَ، لاَ شَرِيكَ لَكَ) شاری مەدینە بە جێدەهێڵیت، هەستێکی غەمناك بۆ مرۆڤ دەبێت، لە تاسەی ئەوەدایت کەی بگەیت بە حەرەمی مەککیو لە نزیکەوە قیبلەی موسڵمانان ببینیت. بیابانی پڕ دڕكو داڵو شیوو دۆڵو شاخە ڕەشهەڵگەڕاوەکانی حیجاز دەدەیتە دوای خۆت وبە ئەندێشە دەچیتەوە بۆ چەرخی بەختەوەری. تەپوتۆزی کاروانی کەلوپەلەکانی ئەبوسوفیان دێت بە ڕووتدا کاتیٚ لە دەستی موسڵمانان قوتار بووەو بەرەو مەکە دەگەڕێتەوە، سوپای قورەیش بە سەرکردایەتی ئەبوجەهلو بە هەزار چەکداری سوارەو پیادەوە لەناو عارەقی خۆیاندا گەوزاونو بە پێچەوانەی کاروانەکەوە بەرەو مەدینە دێنو بارگەو بنەی خۆیان لە نزیکی بەدر دەخەن. ئا ئەوە دوو

سواری بەشانو شەوکەتەو بە دوو قۆڵی ڕێگای پڕ مەترسییان گرتووەتە بەرو بەرەو مەدینە دێن، خالیدو عەمر سەرکردەی جەنگاوەرانو دانایانی قورەیش دوای ساڵانێك لە جەنگو ململانێ وا ئاینی حەقیان بۆ ڕوون بووەتەوە بە قەناعەتی خۆیانو بێ هیچ ترسێك پەیوەندی دەکەن بە سالاری مەدینەوەو شایەتی ئەدەن کە ئەو لە لایەن پەروەردگارەوە نێردراوەو ڕاستگۆیە. بەڵێ یەك بەیەك دیمەنەکانی سەرەتای نازڵبوونی سروش لەسەر شاشەی ئەدێشە وەکوو فیلمێکی سینەمایی نمایش دەکرێن. کاتێ زیاتر نزیك دەبیتەوەو کۆشكو تەلارەکانی شار دەردەکەون، کاتژمێرێکی گەورە لەسەر لوتکەی کۆشکێکی بڵندو لەتەنیشتی حەرەم دا بە ڕەنگێکی سەوز دەدرەوشێتەوە. کەسێك یەکەم جاری بێت پێ بخاتە ئەو شارە ملەقوتەی ئەوە دەکات کە حەرەم ببینێتو بزانێ ئایا هەر ئەوەیە کە پێشتر لە وێنەکاندا بینیوێتی، یان نەخێر لە ڕاستیدا جۆرێکی ترەو هەموو تەنی مرۆڤ یەکپارچە دەبێت بە چاوو دەیەوێت هیچ شتێکی لەدەست دەرنەچێت . بەڵی هەر وایە یەکەم جار دەچیتە ژوورەوە پەلەی ئەوەتە بینای حەرەم کە لە ناوەڕاستی حەوشەی داخراوی مزگەوتەکەدایە ببینیت، یەکەم چاوپێکەوتن هەستێکی خۆشت بۆ دروست دەبێت، دڵ پەلە پەل لێدەدات، لە دنیا دەبڕێتو خۆت لە ساحەی مەحشەر دەبینیتەوە. دوای ئەوەی حەوت جار بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە بە دەوری بەیت دا دەسوڕییتەوە، دوو ڕکات نوێژ مەقامی ئیبراهیم دا دەکەیتو دەڕۆیت بۆ نێوان هەردوو گردی سەفاو مەروە کە کەوتوونەتە ناو بینای حەرەمەوەو سەری گیراوەو کراوە بە چەند قاتێك. لەوێ حەوت جار لە سەفاوە بۆ مەروە بە پێچەوانەوە کە هەر سەرێکی ٤٠٠ مەترە دەبڕیتو دوعای تایبەتی خۆی دەخوێنیت. پاشان بەرەو دوکانی سەرتاشەکان دەچیتو لەوێ سەرت کورت دەکەیتەوە یان بە تەواوی سفری دەکەیت کە ئەمەیان خێری زۆرترە. ئەو شەوە لە حەرەم بوین یەك کاژمێر پێش نوێژی بەیانی لە مەراسیمەکە لێبوینەوە.تەنها کاتژمێرێك خەومان لێ کەوتو بانگی بەیانی داو دیسانەوە هاتینەوە بۆ حەرەم.

٢٠١٤/٢/١٨ لەمەککەی پیرۆز بوین ڕۆژانە ٥ فەرزەی نوێژەکانو سونەتەکانمان لە حەرەمی مەککە بەجێ دەگەیاند بە جەماعەتو تەوافی کەعبەمان دەکردو بۆ کاتی نان خواردنو خەوتن دەچوینەوە بۆ میوانخانە کە ٢٠ دەقیقە بە پێ لێمانەوە دوور بوو.

٢٠١٤/٢/١٩ سەردانی ئەشکەوتی سەورو کێوی عەرەفاتو میناو موزدەلیفەو کێوی ئوحود.

٢٠١٤/٢/٢٢ دوای نوێژی عەسر لە مەککەوە بەرەو جەددە گەڕاینەوەو کاتژمێر یەكو نیوی شەو سواری فڕۆکە بوین بەرەو سلێمانی کاتژمێر چوارو بیست دەقیقە گەیشتینە فڕۆکەخانەی سلێمانی.

٢٠١٤/٢/٢٣ قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوەو موچەی فەرمانبەران لە وادەی خۆی دوادەکەوت.

٢٠١٤/٢/٢٧ بەهۆی بۆنەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لە گەرمیان لە گوندی ساڵح ئاغا بوین.

٢٠١٤/٣/٦ فرۆکەیەکی مالیزی بە ٣٦٠ نەفەرەوە کەوتە ناو دەریاو سەرجەم سەرنشینەکانی مردن.

٢٠١٤/٣/١٣ سەرۆکی حکومەتی هەرێم نێچیرڤان بارزانی واژۆی لەسەر بڕیاری بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە کرد.

٢٠١٤/٣/١٦ سەرۆکی هەرێم واژۆی پارێزگا بوونی هەڵەبجەی کرد.

٢٠١٤/٣/٢٢ محەمەد بدێوی ڕۆژنامەنوس لەلایەن حیمایەکانی مام جەلالەوە لە بەغدا کوژرا.

٢٠١٤/٣/٢٢ کاك عەلی سۆفی کەسایەتی عەشیرەتی شاتریو خەڵکی سەیدسادق کۆچی دواییکرد.

٢٠١٤/٤/٩ ڕەوتێك بە ناوی باڵی چاکسازی حسدك لە حسدك جیابویەوە، دوو لە ناودارترین سەرکردە لەم ڕەوتە هەریەکە لە بێرون عومەر فەتاحو حسێن خەلیفە محەمەد بوون.

٢٠١٤/٤/١٦ بومەلەرزەیەکی بەهێز شاری سلێمانی هەژاند.

٢٠١٤/٤/١٧ پارتیو گۆڕان ڕێککەوتن کەوا گۆڕان بەشداری حکومەت بکات.

٢٠١٤/٤/٢٨ دەنگدانی تایبەت دەستی پێکردو یەکێتیش گرتەیەکی ڤیدیۆی مام جەلالی بڵاو کردەوە کەلە ئەڵمانیا دەنگی دابوو.

٢٠١٤/٤/٢٩ یوسف محەمەد سادق لە لیستی گۆڕان بوو بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢٠١٤/٤/٣٠ ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقو ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بوو.

٢٠١٤/٥/١٩ ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەم شێوەیە بوو: کوتلەی نوری مالکی ٩٢ کورسی، هاوپەیمانی کوردستان ٦٢ کورسی: پارتی٢٥، یەکێتی٢١، گۆڕان٩، یەکگرتوو٤، کۆمەڵ٣.

٢٠١٤/٥/٢٢ هونەرمەند عەباسی کەمەندی لەتەمەنی ٦٢ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

٢٠١٤/٦/٧ داعش هێرشی کردە سەر شاری موسڵ. ئەم شارەو دەوروبەری بە تەوای کەوتە دەستی داعشو داگیر کرا، خەڵکێکی زۆری شارەکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. کشانەوەی سوپاو هێزە ئەمنییەکامی عێراق لەسەرەتاوە لە ناوچەکانی ئەنبارو موسڵو تەواوی ناوچە سوننەنشینەکان، پلانێکی گەورەی ئەمریکی-ئێرانی-عێراقی بوو بۆ سەرکوت کردنو خاپورکردنو لەناوبردنی ئەهلی سوننە لەم وڵاتەدا. وە هیچ کاتێك نە ئازایەتیو بەهێزی داعش بوو، وە نە بێ هێزی سوپای عێراق بوو کە بێ چەكو تەقەمەنی ناوچەکانی چۆڵ کرد. بەهێزی ئەهلی سوننەو بونی هەرێمێك لەو ناوەڕاستەدا قەڵغانێکی باش بوو بۆ کورد. بەڵام ئێستا نەهەرێمی وا دروست دەبێتو ڕێگای پێ دەدرێت! وە نە کوردیش سنورێکی ئەمین وئەمانی دەبێت! ئەو سوپاو حەشدە زۆرە دەستیان لە شەڕی داعش ببێتەوە، ئامانجی دووەمیان گەڵاڵە دەکەن کە شەڕ فرۆشتنە بەکوردو داگیرکردنەوەی ناوچە جێ ناکۆکەکانە. ئێمەی کوردیش لەهەموو کات بێ هێز ترین، چونکە پەرتەوازەو ناکۆكو بێ سەروبەرین، هەرلایەنێك گای بۆ شوێنێك دەهۆڵێنێت.

٢٠١٤/٦/١٣ کۆچی دوایی مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.

٢٠١٤/٦/١٤ شێخ عەلی (مەحمود کەشکۆڵ) ئەندمی دەستەی یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی شۆڕشی نوێ بە نەخۆشی کۆچی دواییکرد.

٢٠١٤/٦/١٨ پشتیوان حسێن تەرخانی لە جەلەولا لە شەڕی داعش دا کوژرا.

٢٠١٤/٦/٣٠ کۆچی دوایی ماهیر عەبدوڕەشید قائد فەیلەقی ٧ی ڕژێمی سەددام لە هەولێر.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## یادەوەری سەربازێکی ون

٢٠١٤/٧/١ شێخ حامید ئەحمەد شەریف خانەنشین کراو گەڕایەوە بۆماڵ، ناوبراو دوای خزمەتی زیاتر لە ٣٩ ساڵ لە فەرمانگەکانی باری شارستانی، خانەنشین کراو گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی.



لەسەرەتای سالی ١٩٧٥ پێنج ڕاژەی دامەزراندن لەبەرێوەبەرێتی باری شارستانی سلێمانی ئاشکرا دەکرێت بەشێوەی کێبرکێ، زیاتر لە ١٣٠ کەس خاوەن بروانامە تاقی کردنەوەی کردبوو بۆ یەکێك لەو ٥ پۆستە، لەوانە بەرێز کاك (حامید ئەحمەد شەریف) بە یەکەم دەرچوو بە پلەی باڵا، هەر لە هەمان کاتو دوای تەواویی مەرجەکانی دامەزراندن ناوبراو لە ١٩٧٥/٤/٢٨ دامەزرا بە ناونیشانی (نوسەری باری شارستانی).

دوای ٢٨ ڕۆژ ڕاهێنان لە بەرێوەبەرێتی باری شارستانی سلێمانی ناوبراو بۆ یەکەم جار فەرمانگەی (باری شارستانی بازیان)ی کردەوەو وەك سەرۆکی فەرمانگە دەست بەکار بوو، دوای ٦ مانگ لەلایەن پارێزگاری سلێمانی دەستخۆشیو پاداشت کراو لەڕۆژنامەی هاوکاری ئەوکات ناوی وەك دڵسۆزو چالاك پەخش کرا، دوای ساڵو نیوێك زیاتر لەسەر داوای خۆی ئەگوێزرێتەوە بۆ ناحیەی بەرزنجە لەوێ وەك سەرۆکی فەرمانگە دەست بەکار دەبێ. دوای زیاتر لە چوار ساڵو نیو لەلایەن ئەمینداری کاروباری ناوخۆی حوکمی زاتی ئەوکات سوپاسو پێزانینی ئاراستە ئەکرێت. هەروەها لە لایەن بەرێوەبەرێتی گشتی باری شارستانی حوکمی زاتیەوە وەك کەسێکی دڵسۆو کارامە لەو دەڤەرە ناوی دەرکردوە. دواتر ئەکرێت بە سەربازی ئەحتیاتو دوای تەسریح بوون لەسەر داوای خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ دەربەندیخانو پاش ماوەیەك بۆ تانجەرۆ وەك سەرۆکی فەرمانگەی ئەو شوێنانە. هەر لەسەر کێشەی نیشتەجێ بوونی خانەوادەکەی لەسەر داوای خۆی لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٦ دێتە زەڕایەن (وارماوا)، لە ساڵی ١٩٨٧ تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٦ سەرۆکی فەرمانگە بووە لە وارماوا، لەو ماوەیەدا چەندین سوپاسو پێزانینو دەست خۆشیو پاداشت ئەکرێت لە لایەن بەرێوەبەرێتی گشتی بەغداو سلێمانیەوە، هەر لەو کاتانەدا فەرمانگەی باری شارستانی وارماوا (زەڕایەن) لەسەر دەستی کاك حامید فەرمانگەی باری شارستانی پارێزگای سلێمانی بە یەکەم دەردەچێت لەسەرجەم بوارەکاندا. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩١ لە

کاتی ڕاپەریندا خەڵکانێکی خراپ فەرمانگەکانی میریان تالآن دەکردو سەرجەم کەلو پەلەکانیان دەسوتاند بەڵام ناوبراو کەلوپەلو تۆمارەکانی نفوسی بۆ خەڵك ئەپاراست لە ماڵی خۆیدا. دواتر لە لایەن پارێزگاری سلێمانیەوە سوپاسو پاداشت ئەکرێت. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٦ ئەکرێتە نوێنەری سەرجەم فەرمانگەکانی دەڤەری هەڵەبجەو شارەزورو دەوروبەری لە دادگاکانی باری کەسێتیدا، زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە فەرمانگە جیا جیاکان سەرۆکی فەرمانگە بووەو ١٩ سال نوێنەری فەرمانگەکان بووە. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٠ لەلایەن بەرێوەبەری گشتی سلێمانیەوە سیمبولی رێزلێنانو چەند پاداشتێك ئەکرێت. شایەنی باسە دۆسیەی خزمەتی ناوبراو شایات حاڵی ڕاستیەکانە. دوا کاروانی خزمەتی (فەرمانگەی باری شارستانی وارماوا) بووە، لەگەرمەی کارکردنو خزمەتیدا بەو تەمەنە زۆرەشەوە بەگوێرەی یاسای خانەنشینی تەمەن ڕێگای نەدا بەردەوام بێت لە خزمەت کردن، بۆیە لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١ پاش تەمەنێکی پر بەرەکەت لە خزمەتکردن بە خاكو نیشتمانو گەلەکەی، زۆر بەڕێزو سەربەرزیەوە خانەنشین کراو گەڕایەوە ناو خانەوادە بەرێزەکەی خۆی. بەڕاستی دڵسۆزی کارەکەیو هاوەڵانو هاوڵاتیان بوو، ئەمە مشتێك بوو لە خەرمانی خزمەتی ماندوو نەناسانەی ئەم پیاوە بەڕێزە، هیوای تەندروستییەکی باشت بۆ دەخوازین، دەست خۆش بۆ هەموو ئەو ماندوو بونانەت[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٤/٧/٢ کۆچی دوایی کوێخا سمایلی تەلان لە قەزای دوکان.

٢٠١٤/٧/٨ مامۆستا مەلا حسێن ئەحمەد تەرخانی کانی کەوەی چوخ لە هەڵەبجەی تازە کۆچی دواییکرد.

٢٠١٤/٧/١٢ ئەحمەد محەمەد یوسفو بەختیاری ئەحمەد حەمە سەعید لە جەلەولا کوژران. وە زاهید محەمەد عەبدولکریم خولامی بریندار بوو.



ئەحمەد محەمەد یوسف لە ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی بێسەڵمێنی سەر بە ناحیەی وارماو لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو جوتیار چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. لە تەمەنی ٦ ساڵیدا لە گوندەکەی خۆی خراوەتە بەر خوێندنو سەرەتایی تەواو دەکات، دواتر لە دواناوەندی هیوا لە ناحیەی سیروان پۆلی یەکەمی ناوەندی تەواو دەکاتو خولیای سیاسەتو پێشمەرگایەتی نایەڵێت درێژە بە خوێندنەکەی بدات. لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە دەکات. لەکاری

---

١ ڕزگار ئەحمەد هەڵەبجەیی، هاوڕێی شێخ حامید لە فەرمانگەی باری شارستانی وارماوا، تۆڕی فەیسبوک، ٢٠١٤.

ڕێکخراوەیدا کەسێکی سەرکەوتوو بووە. سەرەتا بووە بە ئەندامی ڕێکخراوی سیروان، دواتر لێپرسراوی ڕێکخراوەکە ولەسالآنی نەوەدەکان کراوە بە لێپرسراوی کۆمیتەی ناوچەی هەڵەبجەی تازەی حزب. دواتریش لە هەمان پلەدا لە هەڵەبجەی شەهید خزمەتی کردووە. شەهید ئەحمەد چونکە کەسێکی دڵسۆزو چالاكو دەست پاك بووە کراوە بە لێپرسراوی دەزگای ڕێکخستنی پێشمەرگەی سۆسیالیست. وە لە ڕووی سەربازییەوە پلەی نەقیبی هەبووەو فەرماندەی سریەی (٤)ی فەوجی (٤)ی لیوای (٥)ی شارەزوور بووە. شەهید ئەحمەد لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆرێك لە نەبەردییەکانی کردووە، لەوانە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٨٧ لە دەڤەری شارەزوورو هەڵەبجە، ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١، دەست بەسەراگرتنی ڕەبییەکانی حزبی بەعس لە بانی مەقان ١٩٩٥، پرۆسەی ئازادکردنی ناوچە جێناکۆکەکان لە سنوری جەلەولاو خانەقین لە ساڵی ٢٠٠٣. لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١٢و لە کاتی هەڵمەت بردنە سەر مۆڵگەکانی تیرۆریستانی داعش لە شارۆچکەی جەلەولا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تریدا شەهید دەکرێنو دەچنە ڕیزی نەمرەکانەوە. وە پێنجەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی. هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید ئەحمەدو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٤/٧/١٩ مام جەلال لە دوای نەخۆش کەوتنی بۆ یەکەمجار لە ئەڵمانیاوە گەڕایەوە بۆ کوردستان.

٢٠١٤/٧/٢٣ نەقیب رۆستەم حەمە ڕەشید فەتاح دەرەدۆینی لە جەلەولا لە شەڕی داعشدا کوژرا.

٢٠١٤/٧/٢٤ عەمید سەرباز گڕاوی لە سەنگەری ڕووبەڕووبونەوەی داعش دا لە جەلەولا گیانی بەختکرد.

٢٠١٤/٧/٢٤ فواد مەعسوم بوو بە سەرۆککۆماری عێراق.

٢٠١٤/٧/٢٨ فەلاحی حەمە ڕەشی سۆفی عەلی لە جەلەولا کوژرا.

٢٠١٤/٧/٣٠ لە هەڵەبجە جەبار جێڵەیی بەهۆی تەزووی کارەباوە گیانی لە دەستدا.

٢٠١٤/٨/١ کامەران محەمەد گلێجاڵی لە جەنگی تیرۆرستانی داعش گیانی بەختکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## کەوتنی شەنگال

٢٠١٤/٨/٣ لەم ڕۆژەدا ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشی کردە سەر قەزای شەنگالو شارەکەی داگیر کرد، لە ئاکامدا سەدان خەڵکی ئەو شارە کوژرانو بریندار بون، وە بەهەزاران کەس ماڵو حاڵی خۆیان بەجێ هێشتو ئاوارە بوون. جگە لەوەی بە دەیان ژنو کچی ئیزدی کەوتە دەست داعشو هەتکی ناموسیان کراو لە بازاڕەکانی موسڵدا فرۆشران. لەدەرەوەی لە عاتیفەو دوور لەجەدەلی مێژوویی‌و جوگرافی، سێ ئاراستەی سەرەکی لەناو پێکهاتەی ئێزیدی هەیە یەکێك کە زۆرینەن پێداگریی لەسەر کورد

بوون دەکەن بەتایبەت ئەوانەی دەوروبەری دهۆك، هەندێکیش خۆیان پێ عەرەبەو زیاتر لە شەنگال بلاَون، ڕای سێیەمیش پێی وایە میللەتو ئاینێکی جیاو سەربەخۆو دێرینی عێراقن وەك هەموو پێکهاتەکانیتر[1].

٢٠١٤/٨/١٢ تایەری برای حاجی حەمە تۆفیق گلاَڵی لە جەلەولا کوژرا.

٢٠١٤/٨/١٢ ئەو کۆپتەرەی کە کۆمەکی بۆ ئاوارەکانی شەنگال برد لە چیاکەی نزیك شەنگال کەوتە خوارەوەو فڕۆکەوانەکەو کەسێکیتر مردنو ١٧ کەسی تر بریندار بوون.

٢٠١٤/٨/١٥ حەیدر عەبادی لە جێگای نوری مالیکی بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق.

٢٠١٤/٨/٢٣ حەمە ڕەشید ئەحمەد زاوای حاجی تۆفیقی تەپەکوڕە لە جەلەولا کوژرا.

٢٠١٤/٨/٢٨ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بوو بە دوانزەیەمین سەرۆککۆماری تورکیا. وە ئەحمەد داود ئۆغلۆ بوو بە سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە.

٢٠١٤/٩/٤ ئەشرەف ئێناخی لە جەلەولا لە شەڕی دژ بە داعش گیانی بەختکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانی

٢٠١٤/٩/١٤ داعش هێرشی کردە سەر شاری کۆبانی لە خۆرئاوای کوردستان. کۆبانی شارێکی هاوسنورە لەگەڵ تورکیاو سەر بە پارێزگای حەلەبە، لە زەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا پێی وتراوە (عرب بینار) واتە (عين العرب) بەکوردی (کانی عارەبان)، بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٤ ژمارەی دانیشتوانەکەی ٤٤ هەزار کەسە. ئەم شارە لە ساڵی ١٨٩٢ دا دروستبووەو لەکاتی دروستبوونی هێڵی شەمەندۆفێری نێوان بەرلینو بەغدا دا ١٩١١ بووە بە جێگایەکی گرنگی نیشتەجێ بوون. سەرجەم دانیشتوانەکەی کوردنو خەریکی کشتوکاڵ کردنن، وە دەستیان هەبووە لە برەو دان بە دروستکردنی ئامێرە کشتوکاڵییەکانی دروێنە کردنو ئاودانو بیر هەڵکەندن. شاری کۆبانی سەنتەری ڕۆشنبیریو بانكو پۆستەو گەیاندنو قوتابخانەو پەیمانگاو بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵو دانەوێڵە وبانکی کشتوکاڵیو زۆر لە خزمەتگوزارییەکانی تری تێدابووە.

٢٠١٤/٩/٣٠ ئیبراهیم حاجی ساڵح حەسەن گورگەچیایی لە ناحیەی سیروان لە شەڕی داعشدا لە جەلەولا گیانی بەختکرد.

---

١ یاسین تەها، نوسەرو ڕۆژنامەنوس، تۆڕی کۆمەلاَیەتی فەیسبوك، ٢٠١٦/٩/١٨.



٢٠١٤/١٠/١٥ كۆچی دوایی حاجی محەمەد حەمە ئەمین بەگ لە زەڕایەنی كۆن.

حاجی محەمەد حەمە ئەمین بەگ: پیاو ماقوڵی ناوچەی زەڕایەن ناوی تەواوی محەمەد حەمە ئەمین ئەحمەد محەمەد بەكر ناسراو بە محەمەد حەمە ئەمین بەگ لە ساڵی ١٩٣٩ لەكانی ڕەشی زەڕایەن لەدایك بووە. ساڵی ١٩٦٤ خێزانی پێك هێناوەو باوكی حەوت كچو شەش كوڕە. حاجی محەمەد بەهۆی نەخۆشی دڵەوە لە ٢٠١٤/١٠/١٥ دنیا بەجێ دەهێڵێتو لە گۆڕستانی چوارتاقی زەڕایەن بەخاك دەسپێردرێت.

٢٠١٤/١٠/٢٠ بەگزاد بەختیار هاوڕێی زانكۆمان لە شەڕی داعش دا گیانی بەختكرد.

٢٠١٤/١٠/٢٢ سەركردەی یەكێتی بەكری حاجی سەفەر پێنجوێنی لە سلێمانی كۆچی دواییكرد.

٢٠١٤/١٠/٢٨ هێزێكی پێشمەرگە لە باشورەوەو لە ڕێگای ئیبراهیم خەلیلەوەو بەناو توركیا ڕۆشتن بۆ شاری كۆبانی سوریا بۆ یارمەتی كوردەكان لە شەڕی داسەپاوی داعشدا.

٢٠١٤/١١/١٦ دكتۆر كەمال فواد سەركردەی پێشووی یەكێتی كۆچی دواییكرد.

٢٠١٤/١١/٢٣ لەمڕۆدا پێشمەرگە هێرشی كرد بۆ جەلەولا و لە چەتەكانی داعش پاكی كردەوە.

٢٠١٤/١١/٢٣ سیروان ساڵح حەمە سەعیدو كۆسرەت محەمەدو لوقمان ئەنوەر محەمەد عەزیز چڕۆستانەییو حەردان عەبدوڵا فەتاح بێسەڵمێنیو كۆمەڵێك پێشمەرگەی تر لە جەلەولا گیانیان بەختكرد.



سیروان ساڵح حەمە سەعید لە ساڵی ١٩٧٤ لە شارۆچكەی سیروان گەڕەكی جان جان لە خانەوادەیەكی جوتیاری كورد پەروەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. هێشتا تەمەنی ٥ ساڵ دەبێت دایكی كۆچی دوایی دەكاتو لە نازی دایك بێ بەش دەبێت. شەهید سیروان لەبەر هەژاریو دەست كورتی خێزانەكەیان تەنها قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێتو ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات، تا ئەوەی لەم ساڵانەی پێش شەهید بونیدا قۆناغی ناوەندی تەواو دەكات. ساڵی ١٩٩١ پەیوەندی دەكات بە ڕیزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان. دواتر لە سوپای ڕزگاری درێژە بە ژیانی پێشمەرگایەتی دەدات. لە ساڵی ١٩٩٤ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو دلوستان مەجید ئەنجام دەداتو دەبێت بە باوكی پێنج منداڵ. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەددام بەردەوام دەبێت لە ئەركی پێشمەرگایەتیو لە فەرماندەیی سلێمانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان درێژە بە خزمەت كردن دەدات. پلەكانی سەربازی بە سەركەوتوویی بڕیوە تا بووە بە ڕائید. شەهید سیروان لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی داسەپاوی داعشەوە لە میحوەری گەرمەسێر بەردەوام لە ئەركو واجب دا بووەو زۆر

دڵسۆزانه بەرامبەر چەتەکانی داعش جەنگیوە. هەر لەو شەڕانەدا ئامۆزایەکی بە ناوی (بەختیار ئەحمەد حەمە سەعید) گیانی بەخت دەکات. لە ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٣ لەکاتی ڕزگار کردنی شارۆچکەی جەلەولادا بە دەستی تیرۆریستانی داعش دەکوژرێتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٤/١١/٢٦ عەتا محەمەد حاجی مەحمود لە تەلوەرد لە نزیك کەرکوك گیانی بەختکرد.


شەهید عەتا محەمەد حاجی مەحمود: شەهید عەتا لە ساڵی ١٩٧٩ لە زیندانی ئەمندا لە دایك بووەو



کوڕە گەورەی محەمەد حاجی مەحمودو گەردەخانی هاوسەرێتی، ئەو بەمنداڵی لەگەڵ خانەوادەکەیدا چۆتە ئێرانو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە ئێران تەواوکردووە، پاشان چۆتە ئەوروپاو لە وڵاتی سویدو ئەڵمانیا ژیانی بەسەر بردووە، پاشانیش ماوەی چەند ساڵێکە گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستانو لە کۆنگرەی چوارەمو پێنجەمو شەشەمی حزبەکەیدا خۆی پاڵاوتووەو وەك ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەی حزبی سۆسیالیست هەڵبژێردراوە، هەروەها بەرپرسی دەزگای چاودێریو بەدواداچونی حزبەکەشی بووە، لە هەمان کاتیشدا خوێندکاری قۆناغی سێهەم بووە لە زانکۆی جیهانو لە کۆلێژی بەڕێوەبردنی کار خوێندویەتیو خێزاندار بووەو منداڵێکیی ٥ ساڵانیشی هەبووە.

شەهید عەتا لە ٢٠١٤/١١/٢٦و لە هێرشێکی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی تەلووەرد، پاش ئەوەی هێرشیان بردووە بۆ ئازادکردنی دواین ڕەبییەی ناوچەکە، لە نزیك باوکییەوەو بە گوللەی قەناس پێکراوەو پاش ئەوەی بە سەختی بریندار بوو، دواتر گیانی لەدەستداوەو لە نێو ئاپۆرای جەماوەردا لە زێدی باوکی لە گوندی گوڵخانە بە خاکیان سپارد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .



٢٠١٤/١٢/٢١ کۆچی دوایی مەلا ئەحمەدی دسکەرە.

شەهید مەلا ئەحمەدی دسکەرە: لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە گوندی دسکەرە لەدایك بوە خوێندنی سەرەتایو ناوەندیو دواناوەندیو دواتریش کۆلێژی کشتوکاڵی تەواوکردوە وەك خوێندکارێك پەیوەندی کردوە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوەو چالاکانە کارەکانی ئەنجام داوە، لە ساڵی ١٩٨٠دا پەیوەندی کردوە بە شۆڕشی نوێیی گەلەکەمانەوە بوتە پێشمەرگە لە ناوەندی کۆمەڵە دواتر گوزراوەتەوە بەڕابەر سیاسی لەکەرتی چواری جەباری کە ئەوکات شەهیدی نەمر مامە ڕیشە فەرماندەی ئەوکەرتەبوە، دواتر بوەتە فەرماندەی کەرتی پێنج لەقەرەداخ، هەر لەبەر لێهاتویی خۆی کراوەتە جێگری

تیپی ١٧ی زمناکۆ تا ڕاپەڕین بەردوام بووە لەخەبات وتێکۆشان، لەڕاپەڕین فەرماندەی بەتالیۆنی تانجەڕۆ بووە، هەموو خولەکانی فەرماندەیی بەسەرکەوتویی بڕیوە تادواین پلە کە ئەویش فەرماندەی لیوای پاسەوانانی سنوری سلێمانی بووە. لەژیانی پێشمەرگایەتیدا ٥ جار بەخەستی بریندارکراوەو برایەکی قارەمانیشی گیانی بەختکردووە، لەشەوی ٢٠١٤/١٢/٢١ بەنەخۆشی کۆچی دواییکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٤/١٢/٢٥ موقەدەم ئەنوەر مەحمود محەمەد تەرخانی داری قەلانی لە ناحیەی گوێرو لە شەڕی داعشدا کوژرا.

٢٠١٤/١٢/٢٦ عیماد ئەحمەد گلاڵی خەڵکی گوندی حاسڵ لە کۆبانی گیانی بەختکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٥

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٥:

٢٠١٥/١/١٠ حەیرانبێژی کورد حەسەن سیساوایی لە شاری هەولێرکۆچی دواییکرد.

٢٠١٥/١/١٥ بارمان کرد بۆ بینای تازەی دادگا کەلە پاڵی ماڵی خۆماندا بوو. پێشتر لە بەشێکی بینای شارەوانی شارەزووردا بوین.

٢٠١٥/١/٢٦ شاری کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دوای ١٣٢ ڕۆژ داگیرکردن، لە لایەن هێزی پێشمەرگەو شەڕڤانانەوە لە چەتەکانی داعش پاك کرایەوە.

٢٠١٥/١/٣٠ داعش هێرشی کردە سەر شاری کەرکوكو عەمید شێرکۆ فاتیح گیانی بەختکرد.

٢٠١٥/١/٣١ لیوا حسێن مەنسور لە گوندی مەلا عەبدوڵا نزیك کەرکوك گیانی بەختکرد.

٢٠١٥/١/٣١ هەردوو پێشمەرگە شێرکۆ کەمال عەزیزو عەتا سەید مەحمود دەقی لە محیوەری کەرکوك لە شەڕی داعشدا کوژران.

٢٠١٥/٢/١ جەنازەی گەریلا شڤان عەبدوڵا قادر کانی کەوەی چوخ تەرخانی کەلە کۆبانی کوژرابوو هێنایەوەو لە زێدی خۆی ناشتیان.

٢٠١٥/٢/٣ فڕۆکەوانێکی ئوردونی لە لایەن داعشەوە بە سزای سوتاندن لە ناو قەفەسدا سوتێنرا.

٢٠١٥/٢/٢٨ کۆچی دوایی ڕۆمان نوسی بە توانای کورد یەشار کەمال لە وڵاتی تورکیا. ئەم نوسەرە خاوەنی ڕۆمانی حەمەدۆك (ئینجەمەمەد) بوو، کە عەبدوڵای حەسەن زادە کردوویە بە کوردیو کۆتا بەرگیشی نوسەرێکی کورد لە زمانی سویدییەوە وەری گێڕا بۆ کوردی.

٢٠١٥/٣/٥ بەرەو تورکیا بە ڕێکەوتین.

٢٠١٥/٣/٦ لە ١ی شەو بە ڕێکەوتین بۆ شەشی بەیانی گەشتینە شاری دیاربەکر.

٢٠١٥/٣/٦ ئەو ڕۆژە لە شاری دیاربکر ماینەوەو نوێژی جومعەمان لەو شارە کردو چەند شوێنێکی مێژووی گەڕاین وەکوو شورای کۆنی شارو مەرقەدی سلێمان کوڕی خالیدی کوڕی ولید.

٢٠١٥/٣/٦ گەشتینە شاری غازی عەنتاب.

٢٠١٥/٣/٧ لە شاری عەنتاب سەردانی باخچەی ئاژەڵانی ئەو شارەمان کردو دوای نانی ئێوارەو نوێژی عیشا بەرەو شاری ئورفە گەڕاینەوە.

٢٠١٥/٣/٨ لە ئورفە بووینو سەردانی شوێنە مێژوویەکانمان کرد لەوانە گۆڕی پیرۆزی یەکەمی مامۆستا نورسیو جێگای خەڵوەتی حەزرەتی ئیبراهیمو مەنجەنیقی سەر بەرزاییەکەو مزگەوتە مێژوییەکەو شوێنی خەڵوەتی حەزرەتی ئەیوبو ئوتێلی ئیپەك پالاس کە مامۆستا نورسی لەوێ کۆچی دواییکرد.

٢٠١٥/٣/٨ دوای نیوەڕۆ بەڕێکەوتینەوە بۆ شاری دیاربەکرو پێش مەغریب گەشتینە ناو حەرەمی زانکۆی دیجلەو لە مزگەوتی ئەو زانکۆیە لاماندا لە ژێری مزگەوتەکە داخلییەکی گەورەی قوتابیانی نوور بوو, نانی ئێوارەمان لەوێ نۆش کردو هەرلەوێش خەوتین.

٢٠١٥/٣/٩ پاش خواردنی قاوەڵتی هاتینە نقلیاتو بەرەو کوردستانی باشور بەڕێکەوتینو بە شارەکانی باتمانو حەسەن کێفو جەزیرەو سلوپی بانگی ئێوارە گەشتینەوە خاپور (ئیبراهیم خەلیل).

٢٠١٥/٣/١٠ سەعات چواری بەیانی گەشتینەوە ماڵ.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## لە نیشتمانی دوورەوە

برای بەڕێزو هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا کەمال ئەحمەد تەپەکەلی کە بیستبوی من زیارەتی ئارامگای یەکەمی بەدیعوززەمان سەعیدی نورسیم کردووە لە شاری ئۆرفەی باکوری کوردستان ئەم پۆستە جوانەی لە فەیسبوك بەبۆنەی گەشتەکەی منەوە نوسی بوو، وە منی کۆلێك منەتبار کردبوو، زۆر سوپاسی ئەکەم هیوای سەرکەوتنی لە ژیاندا بۆ دەخوازم. ئەمەش دەقی نامەکەیەتی:

کاك (سەرحەد یونس محەمەد) خەڵکی گوندی (تەپی سەفا)ی شارەزوورە، کاك سەرحەد سروشتێکی وای هەیە تەنیا یەکجار بینینی بەسە بۆ ئەوەی ببێت بە دۆستێکی هەرە نزیکت! یەکێکە لەو کەسانەی کە من بە بینینی کۆڵی فەریحیم بۆ دێ.

خوێنەوارێکی بەدیقەتەو بەردەوام پەیامەکانی نوور لە فەیسبوك پۆست ئەکات، بۆ کەسێ کە مەجالی کتێب خوێندنەوەی نەبێت ئەتوانێ سوودمەند بێت لە پۆستەکانی. سەرەتای ئەم بەهارە سەفەرێکی کرد بۆ (شاری ئورفە)ی باکوری کوردستانو زیارەتی ئارامگای یەکەمی (بەدیعوززەمان شێخ سەعیدی نورسی)

کرد، من درەنگ بە سەفەرەکەیم زانی، بە واجبم زانی کە هەواڵی بپرسم بۆیە نامەیەکم بۆ نووسی کە ئەمە دەقەیەکەیەتی:

لە نیشتمانی دوورەوە . . . لە دەشتی پڕ لە نوورەوە

لە شاری شارەزوورەوە . . . لە زێدی گوڵاڵە سوورەرە

لە وەتەنی چاکانەوە . . . لە خاکی دڵپاکانەوە

لەگەڵ شنەبای بەهارا . . . ئینجا بەرامەی گوڵزارا

بۆت ئەنێرم تایەك سڵاو . . . تاکەی تری پڕ لە عەتر، لە گوڵاو

بە کۆڵێ ڕێزو وەفاوە . . . لە ئاوی (تەپی سەفا)وە


لەگەڵ پوونگەی تەپەکەلا[1] . . . کە سەوزە لە سایەی زەلا

بۆت ئەنێرم هەواڵی خۆشی ئەم ناوە . . . وڵات ئاوانە پڕ ئاوە

ئەی سەفیرەکەی ڕێگای دوور . . . سەرێ بە! لە مەملەکەتی نوور

لە (نورسی)ی لە ئێمە دوور . . . نا دوور نییە! ئا لێرەیە، لە شارەزوور

سەفەری نەدەویست ڕێی دوور . . . نوور هەر نوورە، لە وێ بێ، یا لە شارەزوور[2].



. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٥/٣/١١ کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین ئاوات عەبدولغەفور.

٢٠١٥/٣/١٢ حارس زاری ئەمینداری گشتی دەستەی زانایانی موسڵمان کۆچی دواییکرد.

---

١ تەپەکەل: دێیەکە لە شارەزوور لەسەر کەناری چەمی تانجەرۆ، پوونگەی زۆری لێیەو لە سێبەری زەلا ڕوواوە.

٢ م. کەمال ئەحمەد تەپەکەلی، سەرچاوەی پێشوو.

٢٠١٥/٣/٢٥ لەناو پەرلەمانی کوردستان بوو بە شەڕ، دوو ئەندام پەرلەمانی پارتی بە بۆکس عەلی حەمە سالّحیان داگرتەوە کە ئەندامی لیستی گۆڕان بوو.

٢٠١٥/٤/٤ ئەمڕۆ ٧٦ ساڵ تێپەڕ دەبێت بە سەر تیرۆرکردنی مەلیك غازیدا کە دووەم پادشای عێراق بوو، وە کەسێکی نیشتمان پەروەرو ڕاستگۆو سادەو خۆبەکەمزان بوو، لەبەر هەڵوێستی نیشتماپەروەرانەی کە دژی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بوو بەپیلانی شومی ئەوان لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لە ١٩٣٩/٤/٤ لەشاری بەغدا کۆتایی بە ژیانی هات.

فوئاد عارف کە یەکێك بوو لە یاوەرانی شا غازی لە یاداشتەکانیدا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (لەو



کاتەوەی کەلە کۆلیژی سەربازی لە گەڵ شا غازی پێکەوەبوینو ئەو کاتانەش کە یاوەری بووم لە کۆشکی پاشایەتی، بۆم دەرکەوت کە چەند پیاوێکی خاکیو خۆبەکەمزانو بەڕێزە. وە پارێزگاری لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە دەکرد کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەیبوو. هەر جارێ لەکاتی دەوامی فەرمیدا قاچمان بۆ بدایە بە زەویدا زۆری پێ ناخۆش بوو، ئەیوت ئێوە سەربەستیم لێ زەوت دەکەن. زۆر حەزی بە قەرەباڵغیو پاسەوان نەدەکرد، بەگوێی منیدا دەدا کە چەندی پێ خۆشە لە چاخانەی (ئەبو عەلی) لە شەقامی ئەبونەواس دابنیشێت. وە زۆر جار پێی دەوتم: ئەزانی کاك فوئاد من بەندکراوێکی ڕێزلێگیراوم. ئای چەندم پێ خۆشە بە بازاڕی سەراو شەقامی ڕەشیددا بەپێ بڕۆشتمایە)[١].

هەروەها فوئاد عارف یاوەری شا غازی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (شا غازی هەروەکوو چۆن بەڕێزو خۆبەکەمزان بوو لە ئاست هاوەڵانیدا ئاواش سادەبوو لە کاتی دەوامی فەرمیو پێشوازی نوێنەری وڵاتاندا. کاتێ کە محەمەد ڕەزا پەهلەوی کە ئەو کاتە جێنشینی شای ئێران بوو سەردانی عێراقی کرد، شا غازی لەگەڵ ئەمیر عەبدولئیلاو سەرۆکی دیوانی پاشایەتی بە ئۆتۆمبێلێکەوە تا سەر سنوری مونزیرییە چون بۆ پێشوازی لێکردنی. هەروەها بە فڕۆکە سەردانی میسری کردو خۆی چوو بۆ داوای خوشکی شا فاروقی میسری بۆ خۆی. کاتێ محەمەد ڕەزا پەهلەوی ئەم سیفەتانەی شا غازی دەبینی سەری سوڕ دەما، خۆی چای بۆ وەزیرەکانی دادەناو جگەرەی بۆ ڕادەگرتنو شقارتەی بۆ گڕدانی جگەرەکانیان دادەگیرساند).

---

١ مذكرات فؤاد عارف، د. كمال مظهر احمد، دار اراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠١١، ص٥٣.

هەروەها باس لە سادەیی شا غازی دەکاتو دەڵێت: (لەگەڵ شا غازی بەرەو (تل الملح) دەڕۆشتین کات عەسر بوو، ساڵی سییەکان ئۆتۆمبێل لە شەقامەکاندا کەم بوو. ئۆتۆمبێلە تایبەتەکان جیانەدەکرانەوە لە ئۆتۆمبێلی کرێ. کابرایەکی ئەعرابی دەستی لێ گرتینو ڕایگرتین، شا غازی لێ دەخوڕی. سەری هێنایە پێشەوەو بە شێوەزاری لادێیی وتی: کوڕە گەنجەکە بەڕوپییەیەك دەمبەیت بۆ (خان زاڕی)؟

شا غازی وتی: نا بە دوو ڕوپییە دەتبەم.

ئەعرابییەکە پێ داگری لەسەر ڕوپییەك کردو شا غازیش ڕازی بوو.

کاتێ زانی شا غازی ڕازی بوو، وتی بە شاغازی، کوڕە دابەزە ئەو کۆڵەش بخەرە ناو سندوقەکە. لەگەڵ شا غازی دابەزیمو کۆڵو کەلوپەلەکەیان خستە ناو ئۆتۆمبێلەکە. هات لە دواوە دانیشت. کاتێ کەوتینەڕێ. شا غازی وتی دەتگەیەنمە ئەو جێگایە بەلاّم دوو ڕوپیەت لێ وەردەگرم.

هەر کە ئەم قسەیە لە زاری شا غازی دەرچوو، ئەعرابی هەستایە سەر چۆكو لە دوا دەستی خستە ملی شا غازی، خەریك بوو بیخنکێنێت! وتی: تۆ نەت وت بە یەك ڕوپیە دەتگەیەنم؟ ئێستا پەشیمان دەبیتەوە!، شا غازی دەستی کرد بە پێکەنین، وتی: باشە مەمامخنێکینە بە ڕوپییەیەك دەتگەیەنم.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٥/٤/٧ محەمەد بەحر ئەلعلوم لە شاری نەجەف کۆچی دواییکرد.

٢٠١٥/٤/١٧ کۆچی دوایی کەریم ئاغای هەمەوەند ڕیش سپیو سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەند.

٢٠١٥/٤/١٨ مقەدەم خەلیل ئیبراهیم ناسراو بە هەژاری ئاسایش لەبەرەکانی جەنگی داعش لەگەڵ دوو ئاسایشی تردا بە تەقینەوەی لوغم گیانیان بەختکرد.

٢٠١٥/٤/٢١ پێشمەرگە زمناکۆ عەلی خەڵکی شارۆچکەی سیروان لە شەڕی داعش دا کوژرا.

٢٠١٥/٤/٣٠ کۆمەڵێك مامۆستا لە شاری دیاربەکرو لە قوتابیانی نوورلە گەڵ پارێزەر گوڵتەکین سایکۆل کە لە ژیاند چەند جارێ بە خزمەتی مامۆستا نورسی گەیشتووە هاتن بۆ هەڵەبجەی تازە لە ڕێکخراوی بریسکە تا درەنگی شەو لەوێ بوون، پاشان چوون بۆ هەڵەبجە.

٢٠١٥/٥/١٢ لیوا سەلاح دیلمانی لە شەڕی دژ بە داعشدا گیانی بەخشی.

٢٠١٥/٥/١٦ دادگای میسر بڕیاری لە سێدارانی بۆ محەمەد مورسی سەرۆکی شەرعی ئەو وڵاتە دەرکرد.

٢٠١٥/٦/٥ تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی زەمەنی سەددام حسێن لە ناسرییە کۆچی دواییکرد.

تاریق عەزیز: بڕیارمدا نەبم بە ئیسلامو بە مەسیحی بمێنمەوە: "من مەسیحیم، هەرچەندە ئاینی ئیسلامیشم خۆشدەوێت، جارێکیان پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەتاڵ بوو، لەکۆبونەوەی سەرکردایەتی کە منیش بەشداربووم، باسی ئەوە کرا کێ بکەین بەسەرۆك وەزیران؟. سەدام وتی حەزم ئەکرد تاریق

عەزیز بکەین، بەڵام مەسیحیە، ئەگەر ئیسلام بوایە ئەومان ئەکرد، منیش قسەم نەکردو پێکەنیم. دواتر برای بەرێز ئەحمەد حسێنیان کرد بە سەرۆك وەزیرانی عێراق. لەو ڕۆژەوە بەدواوە لەگەڵ خۆم بڕیارمدا قەت نەبم بەئیسلامو بەمەسیحی بمێنمەوە چونکە ئەگەر ئاینی خۆم بگۆڕیایە، لەسەرکردایەتیدا ئەیانوت ئەوە بۆ سەرۆك وەزیری وای کرد".

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٥/٦/١٠ بەدەسترێژی گولە لە شاری کەلار سەلاح شێخ لەنگەری کوژرا.

٢٠١٥/٦/١١ عەبدولا نەورۆڵی وەکوو پارێزگاری هەڵەبجە لەسەر لیستی گۆڕان دەست بەکار بوو.

٢٠١٥/٦/٢٥ داعش هێرشی کردە سەر شاری کۆبانی **٢٣٣** خەڵکی مەدەنی ئەو شارە کوژرانو **٢٧٣** کەسیش بریندار بوون لەگەڵ کوژرانی **٣٦** چەکداری کۆبانی.

٢٠١٥/٧/٢٣ هێمن محەمەد مەلا حسێن بوو بە بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان.

٢٠١٥/٨/١ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا گوندی زارگەلی ناحیەی وەرتێی قەزای ڕەواندزیان بۆردومان کرد، لەم بۆردومانەدا ٨ هاوڵاتی گوندەکەو دوو گەریلای پەکەکە کوژرانو ١١ کەسی تریش بریندار بوون.

٢٠١٥/٨/٦ میسر کە لەڕیزی وڵاتانی جیهانی سێیەمدایە لەماوەی ٣٦٥ ڕۆژی تەواودا پڕۆژەی سایدی دووەمی نۆکەندی سویسی بەگوژمەی ٨ ملیارد دۆلار بەئەنجام گەیاند کە بریتییە لەپەیوەستکردنی ئاوی دەریای ناوەڕاست بەدەریای سورەوەو ئەمڕۆ ٦ئاب لەئاهەنگێکی ئەفسانەییدا دەکرێتەوە. ئەم نۆکەندە نوێیە درێژییەکەی ٣٥ کمو پانییەکەی زیاتر لە ٣٠٠مو قوڵییەکەی نزیکەی ٣٠م، لەگەڵ دروستکردنی لێواری کۆنکرێتیو چەندین پڕۆژەی تر لەجەزرەی نێوان هەردوو ڕاڕەوی نۆکەندەکە[١].

٢٠١٥/٨/١٨ لە هەڵەبجە ئاهەنگی بەیەك شادبونەوە لەگەڵ کەسوکاری بۆ ئەو کچە کرا کە ناوی هاوناز بوو لە کیمیابارانەکەی هەڵەبجەدا ون بوو بوو، خێزانی ئێرانی بەخێویان کربوو ناویان نابوو مریەم[٢].

٢٠١٥/٨/٢٧ تەرمی عەمید ڕوکن سەفین مەلا مەجید گوێری هاتەوە بۆ هەولێر کەلەشەڕی داعشدا کوژرابوو.

٢٠١٥/٨/٢٧ فەرەیدون جوانڕۆیی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە ڕوداوێکی تەمو مژاویدا کوژرا.

٢٠١٥/٩/٥ حکومەتی تورکیا جەنازەی ئایلانو غالبو دایکیان کە خێزانێکی کۆبانی بوونو لە کەناراوەکانی تورکیا لەکاتی سەفەریان بە قاچاخ بۆ ئەوروپا خنکابوون، ڕەوانەی کۆبانی کردەوە، لەزێدی خۆیان ناشتنیان.

---

١ یاسین تەها، سەرچاوەی پێشوو.

٢ دواتر بە پشکنینی DNA دەرکەوت کە کچی ئەوماڵەش نییە.

٢٠١٥/٩/١١ شەوكەتی حەمەی عەلی دوانزەی ئیمامی لە داقوق گیانی بەختكرد.

٢٠١٥/٩/١١ بەهۆی كەوتنە خوارەوەی ڕافیعەیەك لە حەرەمی مەككەی پیرۆز سەدان حاجی بوونە قوربانیو سەدانی تر بریندار بوون.


٢٠١٥/٩/٢٤ لەشاری مەككەو لە میّنادا بەهۆی پاڵەپەستۆو قەرەباڵغییەوە كە دەوترا حاجییە ئێرانییەكان بەمەبەست ئەوەیان دروست كردووە، ٧٦٩ حاجی گیانیان لەدەست داو ٩٣٤ حاجی تریش بریندار بوون.

٢٠١٥/١٠/٤ لەگەڵ ئەحمەد مەجیدو كاك سەید كەریمو كاك حەسیبی كوڕی، خێزانمو سوفیان بەرەو ئێران بەڕێكەوتین، لە مەرزی پەرویزخانەوە ڕۆشتین بەرەو كرماشان.

٢٠١٥/١٠/٩ خۆپیشاندان لە قەڵادزە كراو سێ كەس كوژران.

٢٠١٥/١٠/١٢ لەبازگەی پردێ ڕێگری كرا لە سەرۆكی پەرلەمانو چەندین پەرلەمانتاری تری گۆڕان كە بچنە ناو شاری هەولێر. ناچار گەڕانەوە بۆ شاری سلێمانی. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی كە پەرلەمان وەكوو دەزگایەكی یاسادانانو چاودێری پەكی بكەوێتو هەرێم بۆ ماوەیەكی دورو درێژ لە حاڵەتی باری نائاسایی دا بمێنێتەوە.

٢٠١٥/١٠/٢٣ حاجی ئەحمەد حەمە سەعید حەمە ئەمین سیروانی پاش ئەوەی لە فەریزەی حەج گەڕایەوە، بۆ ماوەیەك لە نەخۆشخانە مایەوە، دوای ململانێیەكی سەخت لەگەڵ نەخۆشی لەناحیەی سیروان كۆچی دواییكرد.



شایانی باسە حاجی ئەحمەد كەسێكی كۆمەڵایەتی دیاری ناوچەكە بوو، پێش كۆچی دوایی خۆی كوڕێكو برازایەكی لە سەنگەرەكانی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریستانی داعشدا لە جەلەولا گیانیان بەخشی. وە دوو كوڕی تریشی پێشتر كۆچی دوایی دەكەن، خۆشی لەساڵی ١٩٩١ ەوە تا ڕۆژی وەفات كردنی پێشمەرگە بووە لە ڕیزەكانی یەكێتیو سۆسیالیست دا.

٢٠١٥/١١/٢ سەركردەی عێراقی ئەحمەد چەلەبی كۆچی دواییكرد.

٢٠١٥/١٢/١٩ هونەرمەندی گەورە حاجی مەكی لە تەمەنی ٧٦ساڵیدا كۆچی دواییكرد.

٢٠١٥/١٢/٢٠ كوردۆ قاسم سەركردەی دیاری پێشتری یەكێتیو ئەندامی گۆڕان بەهۆی نەخۆشییەوە كۆچی دواییكرد.

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٦

لەم ساڵدا سەرەڕای قەیرانی دارایی‌و دابەزینی نرخی نەوت کەسەرچاوەی سەرەکی داهاتی خەڵکی کوردستان بوو، ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانیش بارگرانییەکی بۆ خەڵکی هەرێم دروست کردبوو، وە نرخی شتومەك‌و کەل‌و پەل‌و خواردەمەنی گران کردبوو.

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٦:

٢٠١٦/١/١٤ کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد کەریم کابان لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا.

٢٠١٦/١/١٧ دەنگۆی ئەوە کەوتە بازاڕەوە کە حکومەت موچەی فەرمانبەران دەکات بە نیوە.

٢٠١٦/١/٢٠ خۆپیشاندان لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێم کرا بەبۆنەی دواکەوتنی موچەوە.

٢٠١٦/١/٢٤ ئەمڕۆ ٥١ ڕۆژە موچەمان وەر نەگرتووە.


٢٠١٦/٢/٣ حکومەت لە کۆبونەوەی چاکسازیدا بڕیاریدا موچەی فەرمانبەران کەمبکرێتەوەو موچەی فەوتاویشیان وەکوو قەرز لەلا بمێنێت. هەرکات پارەیان هەبووو بۆیان قەرەبوو بکەنەوە.

٢٠١٦/٢/٤ شێخ جەنگی تاڵەبانی برای مام جەلال کۆچی دواییکرد.

٢٠١٦/٢/١٦ کۆچی دوایی سکرتێری پێشوتری نەتەوە یەکگرتووەکان بوترس بوترس غالی بە ڕەگەز میسری لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا.

٢٠١٦/٢/١٧ کۆچی دوایی نوسەرو سیاسەتمەداری میسری محەمەد حەسەنەین هەیکەل.

٢٠١٦/٢/١٩ مامۆستا شەماڵ موفتی بانگخوازی ئیسلامی کۆچی دواییکرد.



ناوی تەواوی شەماڵ عەبدولرەحمان موفتی یە، لەنەوەی (موفتی چاومار)ە لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری بەغدا لەبنەماڵەیەکی خانەدان‌و ئایین پەروەر لەدایك بووەو سەرەتای قۆناغی خوێندنی دەست پێکردووە. مامۆستا شەماڵ دەرچووی (بی سی) کۆلێژی بەغدای ئەمریکییە لە ساڵی ١٩٧٢، هەروەها دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ، بەشی زانستی گڵی زانکۆی سلێمانی بووە لە ساڵی ١٩٧٧.

مامۆستا بۆ ماوەی ٩ساڵ لەفێرگەی ناوەندی‌و ئامادەییەکانی شاری سلێمانی سەرگەرمی وتنەوەی وانەی ئینگلیزی بووە، لەمانە (ناوەندی کاوەی کوڕان‌و بناری کچان‌و نەخۆشەوانی کچان‌و کوڕان). لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو چەندەها بابەتی زانستی لەگۆڤاری (علوم)و (نەورۆز عێراق) دا بڵاوکردۆتەوە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی خەڵاتی (نۆبڵ) یان لەسەر وەرگیراوە، لەزمانی ئینگلیزیەوە کردوویەتی بەعەرەبی.

ماموّستا شەماڵ لە ساڵی ١٩٨٨ ویستوویەتی کوّمەڵگەیەکی ژینگە پارێزی لەعێراق دامەزرێنێ، بەڵام ڕێگەی پێنەدرا، پاشان دوای ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ چەند کەسێکی دڵسۆزدا (کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز) ی دامەزراندووە.

شەماڵ موفتی دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر ململانێ لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەوە ئەمرۆ هەینی بەرواری ٢٠١٦/٢/١٩ لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا ماڵئاوایی لەژیان کرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/٢/٢٣ موچەی مانگی یەکمان وەرگرت. کە لەسەدا شەستیان لێ بڕیبووم، جگە لەوەی مانگەکانی ٩و١٠و١١و١٢ی ساڵی ٢٠١٥ پاشەکەوت کراوەو لای حکومەت ماوەتەوە.

٢٠١٦/٢/٢٥ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دوای ١٥ ساڵو ٤ مانگ لە بڵاوبوونەوە ڕاگیرا. ١٧٤٧ ژمارەی لێ دەرچوو بوو.

٢٠١٦/٣/١ لەم ڕۆژەدا بووم بە باوا. منداڵەکەی یادی کچم (بارلا) لەدایك بوو.

## بۆچی ناو نرا (بارلا)؟

بۆچی ناو نرا (بارلا)؟، بارلا ئەو شارەدێ جوانە دڵڕفێنەیە کە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای ئەنادۆڵو سەر بە پارێزگای ئیسپارتەیە لە وڵاتی تورکیا. لە ساڵی ١٩٢٧ ڕژێمی کەمالی ماموّستاو نوێخوازی سەردەم بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی وەکوو ڕەهەندە بۆ ڕەوانە دەکەن. نزیکەی هەشت ساڵ لەو شوێنە دەست بەسەر دەبێت، هەر بە گەیشتنی بۆ ئەو جێگایە دەست دەکات بە نوسینی پەیامەکانی نوورو یەکەم



جار شارۆچکەکە ڕوناك دەکاتەوەو ئیمانی خەڵکەکە نوێ دەکاتەوە، پاشان وەکوو چرایەکی درەخشان تیشکی ئەو نوورو ڕوناکییە دەگات بە هەموو ئەنادۆڵ. لە هاوینی ٢٠١٢ دا بەیاوەری چەند دۆستێك سەردانی ئەو شارۆچەکەیەمان کردو لە نزیکەوە بە خزمەت شوێنەوارو جێگای نوێژو خواپەرستیو جێگای خەو و مانەوەی ماموّستا کەوتو چاومانی پێ ڕوناك بویەوە. ئیتر لە خۆشی پەیامی (پاشبەندەکان) کە بەشێکی پێی دەوترێت (پاشکۆی بارلا)و لە بەر جوانی دیمەنە سروشتییە بەهەشت ئاسای شارەدێکە، شیرینی ئەو ناوە چویە دڵمەوەو حەزم کرد منداڵی خزمێك ناسراوێك ناو بنێم بارلا. کاتێ ئەم نەوەیەی خۆم لە دایك بوو، بەشوێن ناودا دەگەڕان،

منیش پێشنیاری ئەم ناوەم بۆ کردنو محەمەدو یاد بە ئەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وەریان گرتو مناڵەکەیان ناونا (بارلا) بەهیوای ئەوەی وەکوو کچانی بارلا بە ئیمانو ڕەوشتەوە گەورە بێتو ببێت بە یەکێ لە قوتابیانی نوور.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/٣/١ عەقید حامید عومەر جەلیلەیی کۆچی دواییکرد.

حامید عومەر محەمەد لە بەرواری ١٩٦٣/٧/١ لە گوندی جەلیلەی نزیك بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید لە خێزانێکی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەر لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە عەنەب تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، پاش ساڵێك دەبێت بە پێشمەرگە لە هەرێمی یەکی هەورامان. ساڵی ١٩٩٦ دەبێت بە لێپرسراوی ئیداری میحوەری هەڵەبجەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ساڵی ١٩٩٧ دەبێت بە لێپرسراوی ئیدارەی فەرماندەیی هەڵەبجە، وە لە شەڕەکانی ڕاوەدونانی تیرۆریستانی بەناو (ئەنسارولئیسلام)دا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە. ساڵی ٢٠٠٣ کۆلیژی سەربازی لە قەڵاچوالان بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات. پلەکانی سەربازی بەسەرکەوتوویی بڕیوە تا بووە بە عەمید. دوا لێپرسراوێتی ئەو بە بەرپرسی (پشکنینو بەدواداچون) بووە لە لیوای٣ ی سلێمانی. لە ڕۆژی ٢٠١٦/٣/١ بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی دەکاتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.



. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/٣/١٤ زانکۆی ئەمریکی لە پارێزگای دهۆك کرایەوە.

٢٠١٦/٣/١٧ دادگای نەرویج بڕیاری ئازادکردنی مەلا کرێکاری دەرکرد.

٢٠١٦/٣/٢٣ کەسایەتی دیاری عەشیرەتی ڕۆغزایی لالە ئەنوەر خەلیفە یونس کۆچی دواییکرد.

٢٠١٦/٣/٣٠ زوها حەدید بەناو بانگترین ئەندازیاری تەلارسازی جیهان کۆچی دواییکرد. ئەم ژنە بەناوبانگە عێراقییە، دیزاینەری زیاتر لە سەد پڕۆژەی گەورەی ئەندازیارییە لەسەرتاسەری جیهاندا، لە تەلارو مۆزەخانەو فرۆکەخانەو وێستگەی شەمەندەفەرو ناوەندی فەرهەنگیو زانستی.

٢٠١٦/٤/٩ کۆچی دوایی (محەمەد حاجی عوسمان یاروەیسی) تەپی سەفایی لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە هەڵەبجەی شەهید، لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی لە شارۆچکەی بیارە بەخاك سپێردرا.

ناوبراو لەگوندی تەپی سەفای خواروو هاتووەتە دنیاوە، لەتەمەنی منالّیدا لە حوجرەی گوندەکەیاندا خراوەتە بەرخوێندن، بەلاّم درێژەی پێ نەداوەو خەریکی ئەسپ سواریو ڕاوو شکار بووە. لەشۆڕشی ئەیلولدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووەو بنەماڵەکەیان هەمیشە لەلایەن شیوعییەکانەوە نەیاری کراوە.



لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێدا وەکوو هاوڕێی نزیکی وەستا ئەنوەر عەبدولڕەحمان هەڵەبجەیی پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوەو هەر لەگەڵ وەستا ئەنوەریشدا دەستگیر دەکرێنو ڕەوانەی هەیئەی کەرکوك دەکرێن. بۆ ماوە ساڵێك لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بوون، بەلاّم هیچ نادرکێنن. محەمەد حاجی عوسمان هاوڕێ لەگەڵ کاك عەبدولی ئەوڕەحمان شەشکی کە ئەویش لەگەڵ ئەماندا دەستگیرکراوە، دوای ئەوەی هیچ نادرکێنن ئازاد دەکرێن.

محەمەد حاجی عوسمان لەشەڕی ناوخۆدا چەندین جار دەستگیر کراوەو ئەشکەنجەی قورس کراوە،و چەکیان پێ کرپیوە، هەر بەردەوام بووە لە خەباتو کۆڵی نەداوە. لە ساڵی ١٩٨٧ ئاوارەی ئێران دەبێت. لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە وەکوو ئەندامی ناوەندی کۆمەڵایەتی یەکێتی دەستنیشان کراوەو پاشتر نەخۆشی یەخەی دەگرێتو چەند ساڵێك دەکەوێتە سەر جێگە. لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/٩ کۆچی دوایی دەکاتو لە مەراسیمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی بیارە لەنزیك گڵکۆی حاجی عوسمانی باوکییەوە بەخاکی دەسپێرن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/٤/١٤ پێشمەرگە یونس حسێن ڕەحیم تاوگۆزی لە گوندی حەسەن شام بەدەستی داعش گیانی بەخشی.

٢٠١٦/٤/١٦ کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین لیوا سەلام حاجی ڕەسول جاف بە ڕوداوی هاتوچۆ.

٢٠١٦/٤/٢٠ پشوی فەرمی بوو، بەبۆنەی جەژنی چوارشەممەی سۆری یەزیدییەکان.

٢٠١٦/٤/٢٣ کەسایەتی ناوداری گەرمیان خالۆ شاوازی کاکەیی کۆچی دواییکرد.

٢٠١٦/٤/٢٤ عەمید سیروان شەقلاّوەییو عەقید شالاّو دەربەن فەقەرەیی لە شەڕی حەشدی شەعبیدا لە دوزخورماتوو گیانیان بەختکرد.

٢٠١٦/٤/٢٥ نەقیب تالیب عەبدولاّ لە دوزخورماتوو لەڕووبەڕووبونەوەی داعش دا کوژرا.

٢٠١٦/٤/٢٥ وەسفیە بەنی وەیس ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیو لێپرسراوی مەکتەبی شەهیدان بە ڕوداوی هاتوچۆ کۆچی دواییکرد.

٢٠١٦/٤/٢٦ وەستا عەلی سەعید محەمەد کەبابچی هەڵەبجەیی ناسراو بە عەلی تەبە کۆچی دواییکرد. ناوبراو لە ساڵی هەشتاکاندا لە هەڵەبجە دوکانی کەبابخانەی هەبوو، بەنابانگ بوو بۆ نانی خۆش‌و پاك‌و خاوێن.

٢٠١٦/٤/٢٨ نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان دوای سەفەرێکی چەند مانگی بۆ ئەوروپا گەڕایەوە هەرێمی کوردستان.

٢٠١٦/٤/٣٠ لایەنگرانی موقتەدا سەدر هەڵیان کوتایە سەر پەرلەمانی عێراق‌و زۆرێك لە پەرلەمانتارەکانیان دایە بەر شەق‌و بۆکس‌و هەمویان ڕەوانەی ماڵەوە کردەوە.

٢٠١٦/٥/٢ سێ پێشمەرگە بە ناوەکانی عوسمان عەلی ئەحمەد سەراوی‌و ئیبراهیم ئەحمەد قلرخی‌و خالید شێخەڵمارێنی لە سەنگەری ڕووبەڕوو بونەوەی داعش دا بە هۆی بۆمبی چێنراوەوە کوژران.

٢٠١٦/٥/٨ کۆچی دوایی سەلاح محەمەد کەریم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی عێراقی‌و جێگری لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بە ڕوداوی هاتوچۆ لە گەڵ چەند کەسێکیتردا لە ڕێگای عوزێم-بەغدا.

٢٠١٦/٥/٢٨ یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان حەوتەمین کۆنگرەی خۆی بەست، مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین وەکوو ئەمینداری گشتی یەکگرتوو هەڵبژێردرایەوە. محەمەد فەرەج ئەمینداری پێشووو کاندید بۆ ئەمینداری نوێ پێش دەنگدان لە پاڵێوراو خۆی کشاندەوە، هەردوو کاندیدی تر بۆ پۆستی ئەمیندار ئەبوبەکر کاروانی‌و محەمەد ڕەوف بەپلەی دووەم‌و سێهەم هاتن لە ڕێژەی دەنگداندا.

٢٠١٦/٥/٢٩ عەمید ڕزگار حەمە ئەمین ئاغای سیوەیل لە میحوەری خازر لەشەڕی داعشدا کوژرا.

٢٠١٦/٦/٣ عەقید سەربەست مەنتك لە ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریستانی داعشدا گیانی بەختکرد.

٢٠١٦/٦/٣ کۆچی دوایی پاڵەوانی بۆکسێنی ئەمریکی موسڵمان محەمەد عەلی کلای لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا.

٢٠١٦/٦/٤ پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی لەشاری هەولێر کۆچی دواییکرد. لە مەراسیمێکدا لە شارۆچکەی خورماڵ بەخاکیان سپارد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ساڵ بە ساڵ خۆزگە بە پار

ئەوسا دوو لە ئیسا کە ڕادیۆ ئەی وت بەیانی ڕەمەزانە لە ناودێ‌و مزگەوتەکانەوە دەنگی دەف‌و تەپڵ‌و سەڵاکردن لەگەڵ شنەی شەماڵ وجریوەی ئەستێرەو قیژەی منداڵی ئاوایی دا تێکەڵ دەبوون نەك دڵێك سەد دڵ شەیدای دەبوو، لەپاش نوێژی عیشایش یەکێ لەو پیاوانەی ئەهلی جەماعەت‌و تەراویح ئەیوت: نێتی ڕۆژووی سبەینێ بێنن بەهەق ڕەحمەتی خواتان لێبێت، هەرئەوەنەی خۆش بوو لە نێت هێنانەکە دەبوونەوە ئیتر بەیەکجار وەك بومەلەرزە تیپی سرودی مزگەوت بەکۆرسێکی زۆر ڕێك‌و پێك

ئەیان وت: (سُبْحَانَ الدَّائِمِ الْقَائِمِ، سُبْحَانَ الْقَائِمِ الدَّائِمِ، سُبْحَانَ الْوَاحِدِ الآحَدِ، سُبْحَانَ الْفَرْدِ الصَّمَدِ، سُبْحَانَ الْحَيِّ الْقَيُّومِ، سُبْحَانَ اللَّهِ بِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ الْحَيِّ الَّذِي لا يَمُوتُ، سُبْحَانَ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ، سُبْحَانَ رَبِّ الْمَلَائِكَةِ الرُّوحِ، سُبْحَانَ الْعَلِيِّ الآعْلَى، سُبْحَانَهُ تَعَالَى)، دە هەزار سەڵاوات لەسەر حەزرەتی فەخری عالەم لێ دەدراو بەیەکجار ئەهلی مزگەوت ئەیان وت صلی الله علیه وسلم، لە دوای ئەوە دووڕکات نوێژی تەراویحیان دەکردو ئەیان وت بیست هەزار سەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا بێت صلی الله علیه وسلم دووڕکاتی تر تەراویحیان دەکرد وهەمیسان سبحان القائم الدائمی دووبارە دەکرایەوە، هەتا بیست ڕکات تەراویحەکە تەواو دەبوو لە پاش بیست ڕکات تەراویحەکە سێ ڕکات وەتریشیان دەکرد جا هەمووی بە جارێ ئەیوت:(یاحنان یا منان یا ذا الجود والاحسان ثبت قلبنا علي الایمان نرجو عفوك والغفران، یاحنان یامنان یاذا الکرم والاحسان ثبت قلبنا علي الایمان نرجو عفوك والغفران، یاحنان یامنان یاذا الفضل والاحسان ثبت قلبنا علي لایمان نرجو عفوك والغفران، الله لااله الا الله ادم صفي الله، الله لااله الا الله نوح نجي الله، الله لااله الا الله ابراهیم خلیل الله، الله لااله الا الله اسماعیل ذبیح الله، الله لااله الا الله موسی کلیم الله، الله لااله الا الله عیسي روح الله، الله لااله الا الله محمد رسول الله صلي اللة علیه وسلم تسلیما کثیرا، جا لەپاش ئەم ویردانە بەیانی هەرچەندی ڕەمەزان بوایە بەدەنگی بەرز ئەیان وت ئەوەندە هەزار سەڵاوات لەسەر حەزرەتی محەمەد، لەجیاتی لوقمە قازیو مۆزو لەبزینە جاران کولیچەو ناوساجی یان ئەهێنا بۆ مزگەوت لە شەوانی ڕەمەزاندا، بەتایبەتی دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان کە دادەنیشتن بۆ لیلە القدر، ئەمە یادو یادگارییەك بوو هاتەوە یادم، قورئان بە هەقت ئەم بیدعە بیدعە هەرچی زیکرو عیبادەتمانە وەك مریشکی مەسڵەحەو خەیاری ژووری پلاستیکی ومیوەی کودی کیماوی پێوە کراو بێ تامی کرد، بەڵام ئەو خەڵکە عەوامە ماندووەی جاران کە کرێکارو جوتیارو دوکاندارو فەقێو مەلاو موسڵمانی سادەو بێ لایەنو دەروێشو سۆفی بوون وەك بامێو تەماتە وخەیارو میوەو مریشك وگۆشتو برنجی جاران هەمووی سروشتیو تامی خۆشو بۆنی خۆش وبێ کینەو کەم مەسرەفو بێ درۆو دڵ ساف وساڵح بوون، بۆیە دەڵێم ساڵ بە ساڵ خۆزگەمان بە پار[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/٦/١٥ مامۆستا مەلا عەلی لە سەراوی سوبحان ئاغا بەرووداوی هاتوچۆ کۆچی دواییکرد.

٢٠١٦/٦/١٦ شێخ کەمال شێخ خالید نەقشبەندی کەپێشتر لەهەشتاکاندا لە گوندی لامەرکەزی دادەنیشت لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکرد.

---

١ مامۆستا تایەر بامۆکی، سەرچاوەی پێشوو.

٢٠١٦/٦/٢٣ لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا ڕیفراندۆم ئەنجام درا بۆ (مانەوە یان بەجیٚ هێشتن)ی یەکێتی ئەوروپا. بەریتانیا لە ساڵی ١٩٧٣ وە ئەندامە لەو یەکێتییەدا، وە بەهای دراوی خۆی پاراستووە کە پاوەنی ئیستەرلینییە.

٢٠١٦/٦/٢٤ ئەنجامی گشتپرسیەکەی بەریتانیا بۆ (مانەوە یان دەرچون) لە یەکێتی ئەوروپا ئاشکرا کرا. لە ٥١,٩٪ دەنگیان بە بەڵی دا بۆ دەرچون لە یەکێتی ئەوروپاو لە ٤٨,١٪ دەنگیان بە نەخێر دا. دوای تەواو بوونی پرۆسەکە دەیڤید کامیرۆن سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە.

٢٠١٦/٧/٥ لە یەکەم ڕۆژی جەژندا ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی ئەڵمانی مارتین لیجوین لەبەردەم ژمارەیەکی زۆری موسڵمانانداا لە مزگەوتی ئارێسالا موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند.

٢٠١٦/٧/٦ یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بوو لە عێراقو سعودیە بەڵام زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی ڕۆژێك پێشتریان کرد بە جەژن لەوانە تورکیا.

٢٠١٦/٧/١٢ لە ڕوداوێکی دەگمەندا فڕۆکەیەك لە نزیك گوندی ١٢ ئیمامی کفری جۆرێك لە سیسرکی کێڵگەیی فڕیٚ داوەتە خوارەوە. جوتیارەکانی ناوچەکە بەچاوی خۆیان ئەمەیان بینیوە. کە ئەمەش ڕوداوێکی ترسناکە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمو بارودۆخی ئابوریو تەندروستیو ئاسایشی خۆراك. لە ساڵی نەوەدەکان خەڵکی هاوشێوەی ئەم ڕوداوەیان بینی بوو کە سنو کوللەیان بڵاو کردووەتەوە، بەڵام زۆر کەس باوەڕی بەوەها هەواڵێك نەبوو.

٢٠١٦/٧/١٢ ئەبو عومەری شیشانی سەرکردە لە ناو ڕێکخراوی داعش لە موسڵ کوژرا.

٢٠١٦/٧/١٣ ئەمریکاو هەرێمی کوردستان پرۆتۆکۆڵێکیان واژۆ کرد، بەپێی ئەو پرۆتۆکۆڵە ئەمریکا بەبڕی ٤٥٠ ملیۆن دۆلار هاوکاری هێزی پێشمەرگە دەکات لە ماوەی ٦ مانگدا، لە شەڕی دژ بەداعشدا بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ.

٢٠١٦/٧/١٤ یادی ئینقیلابی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ئەوکاتەی کۆمەڵیٚ دڕندە بە ناوی حەرەکە زوبات ئەلئەحرار یان وەتەنیین، لە بەرەبەیانی ١٤ی تەموز ئینقیلابێکی خوێناویان ئەنجامداو مەلیك فەیسەڵی دووەم کە تەمەنی تەنها ٢٣ ساڵ بووو تەواوی خانەوادەکەی بە دڕندەترین شێوە پەل پەل کران.

٢٠١٦/٧/١٦ لەم شەوەدا کودەتایەکی سەربازی لە لایەن چەند فەرماندەیەکی سوپای تورکیاوە ڕاگەیەندرا، کودەتاچییەکان ڕایانگەیاند کە تەواوی جومگەکانی دەسەڵات لە دەستیاندایە. بەڵام ئەردۆغانو لایەنگرانی خێرا دەستیان گرتەوە بەسەر بارودۆخەکەداو ٧٠٠ کەسیان لە کودەتاچییەکان دەستگیر کردو باردۆخەکەیان هێور کردەوە. ئەردۆغان بە ناڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر مامۆستا فەتحوڵا گولەن ڕێبەری بزوتنەوەی خزمەت کە لە ئەمریکا نیشتەجێیە، لە پشتی ڕووداوەکەوە بێت، بەڵام ناوبراو

ئیدانەی ڕوداوەکەی کرد. لەم کودەتایەدا ٢٠٠ کەس کوژرانو ١٤٤٠ کەس بریندار بوونو زیاتر لەحەوت هەزار کەسیش دەستگیر کران، ژمارەی دەستگیرکراوەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەبەرزبوونەوەدا بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

کودەتاکەی تورکیاو دووڕوویی جیهانییو ناوچەییو هەڵوێستی کورد

ئەمەش بابەتێکی نوسەرو ڕۆژنامەنوس شوان هەورامییە (کودەتاکەی تورکیاو دووڕوویی جیهانییو ناوچەییو هەڵوێستی کورد) کە لەدیواری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بوك دایناوبوو، بەپێویستم زانی لێرەدا بۆ خوێنەرانی بەڕێزی دابنێمەوە. هەرچەندە نوسەر بەپێنج بەش شیکردنەوەی بۆ ڕوداوەکە کردبوو، بەڵام من تەنها بەشی پێنجەمم وەرگرتووە، چونکە لەبەر درێژی بابەتەکە نەدەکرا هەر پێنج بەشەکە دابنێینو وە ئەم بەشی پێنجەمەش وەکوو بەشێکی سەربەخۆ وابوو پەیوەندی دار بوو بە کوردەوەو مانای تەواوی دەدا بەدەستەوە.

"ئاساییە گەلی کورد بە گشتییو پارتەکانی زۆر هاوخەم نەبن لەگەڵ قەیرانو کێشەی حکومەتەکانی ناوچەکەدا، بە تایبەتیی ئەوانەیان کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، بەڵام سەبارەت بە تورکیا ئەوەی کە هەمیشە هەڕەشە بووە بۆ سەر بوونو ناسنامەی کورد، دڕندایەتی سوپای ئەو وڵاتە بووە. بەڵام دوای کودەتا سەربازییەکان ئەگەر گەلانی تورکیا باجی پاشەکشەی دیموکراسییان دابێت، گەلی کورد باجی ئەوەو کوردبوونیشیان داوەو ستەمکارییەکانی سوپایان لەسەر چەند بەرانبەر کراوەتەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لە باشووری کوردستان، هەر لەگەڵ یەکەمین ساتی ڕاگەیاندنی کودەتاکەدا زۆربەی ئەوانەی خۆیان بە عەلمانییو لیبراڵ ناو دەبەن، دیوارەکانیان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك پڕ کرد لە بژیو بڕۆخیو نوقڵانە بەخشینەوەی ڕووخانی ئەردۆغانو لەوێشەوە هێرشکردنە سەر هەموو ئیسلامیەکان، بە تایبەتیی ئیسلامیەکانی کوردستان. گەرچی دوای شکستی کودەتاکە هەندێکیان پۆستەکانیان سڕیەوە، بەڵام پۆستەکانی پێشوویان نێوەڕۆکی ئەوانی نیشاندا

دەکرێ ئەمانە بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن:

١. عەلمانیە ئایدیۆلۆژییەکان، کە هەمان مۆدێلی عەلمانیەتی ئەتاتورکین، ئەمانیش گشت هیواو ئاواتیان ئەوەیە کە ئەگەر بۆیان بکرێت لەسەر بنەمای ڕقو کینەی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامیەکان ڕیشەکێش بکەن، باوەکوو لە یەك نیشتماندا بنو هاوسەنگەری یەکتریش بن.

٢. لیبراڵەکان، کە خۆیان بە ئاوێنەی لیبراڵیەتی خۆرئاوا پێناسە دەکەن، کە هەروەکوو لە میسرو وڵاتانی بەهاری عەرەبیشدا دەرکەوت، ئەمانە کاتێ جەماوەر لە هەڵبژاردنەکاندا متمانەی پێنەکردنو متمانەی دایە ئیسلامیەکان، ئیتر بوونە هاوپەیمانی شەیتانو لەگەڵ ژەنراڵو پاشماوەکانی دیکتاتۆراندا

بوونەوە بە هاوپەیمانو بوونە سەربازی دڵسۆزی کودەتا بۆ گەڕاندنەوەی دیکتاتۆریەت، بۆیە لیبراڵەکانی کوردستانیش لەم جۆرە هەڵوێستانەدا حەقیقەتی خۆیان بە جوانیی دەردەخەن.

٣. چەپەکان، کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە پەنای بلۆکی خۆرهەڵاتدا ویستیان بیروباوەڕی موسوڵمانان بە تلیاكو سرکەر لەناو ببەن، کاتێ ئەوەیان پێنەکراو بلۆکی خۆرهەڵات هەرەسی هێنا، ناخو پەروەردەی ڕابردوویان هەر مایەوەو بۆیاخێکی خۆرئاواییان کرد بەبەردا. ئەمجارەیان ئەو کۆنە کۆمۆنیستانە لە پەنای بۆرژوازیەتو کاپیتالیستی خۆرئاوادا دەیانەوێت تۆڵە لە گەلانی موسوڵمانو شارستانیەتەکەیان بکەنەوە، بۆیە بە دوای هەر فرسەتێکدا دەگەڕێن کە هەلپەرستانە ئەوانیش ببنە پاڵپشتی دیکتاتۆرو ستەمکاران.

٤. لایەنگرانی سەنگەری شیعەو هاوپەیمانێتیەکەیان کە نیگەرانن بە پارتی دادوگەشەپێدان، خۆشحاڵ بوون بە کودەتاکەی تورکیا.

٥. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لە کوردستان بزووتنەوەی گۆڕان بۆ خۆی قوربانیی کودەتاکەی پارتیە، بەڵام خۆشحاڵ بوون بە کودەتاکەی تورکیا، لەوانەیە تەنیا هۆکاریش بۆ ئەوە ئەوە بووبێت بە گومانی ئەوان ئەردۆغان پشتیوانی پارتیەو بە ڕووخانی ئەو ئیتر پارتیی بێهێز دەبێت، بەڵام ئەوەیان لەبیر چووە، کە ئەو کاتەی هێشتا ئەوان بەشێك بوون لە یەکێتیی، لە ساڵی ١٩٩٧ دا تورکیا بە تانكو زرێپۆشو تۆپخانەو فڕۆکەکانی هاتنە یارمەتیدانی پارتیو یەکێتیان تێکشکاند، کە ئەوێ ڕۆژێ ئەردۆغان دەسەڵاتی لە دەستدا نەبوو، دەبوو بیانزانیایە کە تورکیا دەوڵەتی دامەزراوەیەو هەر حکومەتێکی تریش بێت هەمان دۆسیەی پێشوو جێبەجێ دەکات.

٦. هەروەها ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە کاتێکدا هەندێ لە کادیرە چەپەکانیان خۆشحاڵیی خۆیان بۆ کودەتاکە دەربڕی، نێچیرڤان بارزانی دوای شکستی کودەتاکە خۆشحاڵیی خۆی بۆ سەرنەکەوتنی کودەتاکە دەربڕیی بەوەی کە ئیرادەی گەلی تورکیا بەسەر کودەتادا سەرکەوتووە، ئەمە لە کاتێکدایە پارتی بۆ خۆی ساڵێکە کودەتای بەسەرپەرلەمانی کوردستاندا کردووەو ئامادە نیە شەرعیەت بگەڕێنێتەوە بۆ گەورەترین دەزگای یاسادانانی هەرێمەکە.

٧. ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ئەوە بوو پارتی دیموکراتی گەلان (هادەپ) کودەتاکەیان شەرمەزار کرد، بەڵام لە لێدوانێکی ڕاستەوخۆی کەناڵی جەزیرەدا، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی ئەو حزبە نیگەرانی خۆی لە دروشمی لایەنگرانی حکومەتو شەرعیەت دەربڕی، کە لە مزگەوتەکانەوە بەرز دەکرێنەوە بۆ ئەوەی خەڵك برژێنە سەر شەقامو گۆڕەپانەکان، دەیگوت نابێ ئایدیۆلۆژییەکان بەرگریی لە دیموکراسیی بکەن، وەکوو بڵێی چەپییو لیبراڵو عەلمانیە کەمالیستەکان بەفری بێ پەڵەو فریشتەی بێ هەڵەنو خاڵین لە ئایدیۆلۆژیی، چونکە دروشمی " الله أکبر" بە مەترسیی دەزانن لەسەر داهاتوویان.

جێی سەرسوڕمانە ئەو بەناو ڕۆشنبیرو دیموکراتو لیبراڵو چەپانەی کورد، کە داوای ژیانێکی باشتر دەکەن بۆ گەلەکەمان، لەم کودەتایەدا کێیان لە ئەردۆغانو (ئاکەپە) بە باشتر دەزانیی؟ ئایا ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەو حاڵەتەی تورکیا کێ بوو ؟ ئەمانە لەوە دەترسن ئەردۆغان دەستووری تورکیا بگۆڕێت، بەبێ ئەوەی بزانن کە ئەو دەستوورەی تورکیا کە (ئاکەپە) چەندین گۆڕانکاریشی تێدا کردووە، هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئاستی دەستووری وڵاتێکی دیموکراسیی، ئەو دەستوورەیە کە ساڵی ١٩٨١ لە لایەن "کەنعان ئێڤرن"ی سەرۆکی کودەتای ئەیلولی ١٩٨٠ وە ڕاگەیەنراوە، کە پارێزبەندیی بەخشیە ئێڤرنو ژەنراڵە تاوانبارەکانو پاراستنی عەلمانیەتی کەمالیی بە سوپای وڵات پاراست، بۆ ئەوەی بە هەر بیانوویەك کودەتا بکەنو حزبەکان هەڵوەشێننەوە. ئەردۆغان دەیەوێت ئەو دەستوورە کەمالیە بگۆڕێت بە دەستوورێکی نوێ.

مەخابن پارتی دیموکراتی گەلان لە دوای هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا کە سەرکەوتنێکی باشی تۆمار کرد، ژیرانە مامەڵەی نەکردو لە جیاتی ئەوەی ببێتە پارسەنگێکی باش بۆ پارتی دادوگەشەپێدانو بۆ یەکەمجار کورد بکاتە بەشداری حکومەتی تورکیا، گرەوی لەسەر ئەوە دەکرد کە هەرگیز پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیلو خۆرئاوا باش نابێتەوە، بۆیە پێویستە زیاتر گوشار بخاتە سەر حکومەتی ئەو وڵاتە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی دژبەریی حکومەتو (ئاکەپە)ی گرتەبەر. جگە لەوەش هاودەنگ لەگەڵ میدیای خۆرئاواییدا حکومەتی تورکیای بە هاوپەیمانی داعش ناو دەبرد، جگە لەمانەش دواجار جەمیل بایك هەڕەشەکانی خۆی کردە کردارو شەڕی ناو شارەکانی باکووری کوردستانو سەنگەربەندییو خەندەق لێدان تیایاندا دەستی پێکرد، بەڵام ئەوە بوو لە دوای هەڵبژاردنەکەی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ زۆرێك لە دەنگدەرانی باکووری کوردستان لە دەنگەکانیان پەشیمان بوونەوە و(ئاکەپە) زۆرینەی دەنگەکانی باکووری کوردستانیشی بەدەست هێناو ڕێژەی (٣٠٪) خۆی گۆڕیی بۆ (٤٧٪)و ڕێژەی (٤٥ ٪) ی (هادەپ)یش دابەزیی بۆ (٣٥ ٪)، جگە لەوەش لە جەنگی شارەکانی باکووردا سوپای تورکیا سەرکەوتو ستراتیژەکەی (پ ك ك) شکستی خوارد، چونکە لە جەنگی کلاسیکیدا جەنگی بەرەیی لە نێوان دوو سوپادا دەکرێت نەك لە نێوان پارتیزانو خەڵکی بێچەكو سوپایەکی بەهێزی خاوەن تانكو تۆپو فڕۆکەو موشەك.

بە پێی زانیارییەکانی دوای کودەتاش دەرکەوتووە کە کودەتاچییان لیستێکی (٤٠) هەزار کەسیان ئامادە کردووە کە بە ناوی ئەردۆغانو ئەندامانی حکومەتو پارتی دادوگەشەپێدان دەستی پێکردووەو بە ئەندامانی پارتی دیموکراتی گەلان کۆتایی هاتووە، کە لە کودەتاکەو دوای سەرکەوتنیدا قۆڵبەست بکرێن، لە هەمان کاتدا تیمێك سەرپەرشتی ڕفاندنی ئۆجەلانو کوشتنی بکات بۆ ئەوەی لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا (واتە باکووری کوردستان) ئاژاوەو پشێویی دروست ببێت، تا بەو بیانووەوە باشتر زەمینە بڕەخسێنن بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی کودەتاکەیان!

ئەوەی کە موتابەعەی هەواڵەکانی تورکیا بکات بۆی دەردەکەوێت جگە لە ئیدانەی کودەتاکە، (هادەپ) لە سەرکەوتنەکەی (ئاکەپە) نیگەرانە، بەڵام ئەم کودەتایە فرسەتێکی باش بوو کە کورد لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ پارتی دەسەڵاتداردا بکاتەوە، لە لایەك (هادەپ) زۆر بە گەرمتر پشتیوانیی لە حکومەتی ئەو وڵاتە بکردایەو (پ ك ك)ش بە ڕاگرتنی شەڕ بۆ جارێکی تر ویستی خۆی بۆ ئاشتی بکردایەتە کردار، بەڵام نیگەرانیی (هادەپ) لە درووشمی لایەنگرانی ئەردۆغانو بەردەوامیی جەنگ لە باکوور بۆ جارێکی تر فرسەتی ئاشتیی بێهێز دەکاتەوە.


بە کورتیی ئەڵتەرناتیڤی ئەردۆغانو (ئاکەپە) ئەو ژەنەڕاڵو کەمالیستانەن کە کورد بە تورکی شاخاویی هەژمار دەکەن، کەواتە خۆشحاڵیی بە کودەتا زۆر نالۆژیکی بوو بۆ هەر کوردێ کە بیەوێت ڕەوشی کوردایەتیی لە باکوور باشتر ببێت، چونکە هیچ کاتێ کودەتاچیو سەرباز لە هیچ شوێنێکی دونیادا خێریان بۆ وڵاتان نەهێناوە، ئەوانەش کە ئایدیۆلۆژیانە بیر دەکەنەوەو جیاوازیی دەخەنە نێو پێکهاتە هزرییو سیاسییەکانی وڵاتەوە، بیانووەکەش هەڵوێست وەرگرتنی ئایدیۆلۆژیانەیە لە کودەتای وڵاتێکی دراوسێ، ئەمە گەورەترین مەترسییە بۆ ئاسایشی نەتەوەییو یەکڕیزیی نیشتمانیی کوردستان[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/٧/١٨ دوای ئەوەی بۆ ماوەی هەفتەیەك ون بوو، دارا موحسین شوانی مەخموری تەرمەکەی بە کوژراوی دۆزرایەوە.

٢٠١٦/٧/١٩ کەسایەتی دیاری شاری هەولێر بەهرام عەلی حەوێز کوچی دواییکرد.

٢٠١٦/٧/٢٥ فەرهادی دووەم ماڵئاوایی کرد، لالە حسەین کۆهکەن کە بە فەرهادی دووەم ناسرابوو لە عەشیرەتی ئیمامی لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دواییکرد. ئەم پیاوە ماندوو نەناسە لە ساڵی ١٩٨٤ ەوە بە یەك قاچەوە توانی بە پاچ لە کێوێك چەند ژوور داتاشێتو شوێنەکە بکات بە جێگایەکی گەشتیاری. لالە حسین خەڵکی بانەوڕێیە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان.




٢٠١٦/٧/٢٧ کۆچی دوایی مامۆستای ئاینی مامۆستا مەلا فەلاح شێخ جەمیل قەرەداغی لەشاری سلێمانی.

٢٠١٦/٧/٢٨ کوژرانی عەقید لوقمان مەحمود ئەحمەد سەنگاوی بە دەستی تیرۆریستان.

---

١ شوان هەورامی، نوسەرو ڕۆژنامەنوس، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك ٢٠١٦/٧/٢١.


٢٠١٦/٧/٢٩ كۆچی دوایی عەبدولرەحمان حەمە عەلی بەڕێوەبەری کارگێڕی دادگای هەڵەبجەی شەهید.



عەبدوڕەرحمان حەمە عەلی ئەحمەد تەشاری لە بنەڕەتدا باپیری خەڵکی گوندی تەشاری نزیك دوو ئاو لە نێوان نەوسوودو پاوەدا یە، ئەحمەد تەشاری هاتووەتە گوندی کۆساوا نزیك سازان لەوێ ژیاوە لە بامۆك (زوبەیدەی حاجی کاکە عەبدولاّی حەمە ی عەولاّ جافی) مارە کردووە حەمە عەلی یان بووە باوکی عەبدوڕەرحمان. حەمە عەلی کە پێ گەیشتووە لە بامۆك حولیّمای مەلا عەلی مەلا محەمەدی گەورەی بامۆکی هێناوە کاك عەبدولرەحمانو عەبدوڕەزاقو چەند کچێکیان بووە، دایکی دادە حولیما ناوی (پەری) یە خوشکەزای حاجی سەید فەتاحی میراولی یە لەگەل جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز دا پورزاو خالۆزای یەکترن، دایکیشی بامۆکی یە زۆربەی مردووەکانیشیان لە گۆرستانی بامۆکدا نێژراون بۆیە خۆشی لەوێ بەخاك سپێررا هەزار ڕەحمەتی خوای لێبێت گۆری پڕ نوور بێتو خوا لە هەڵەو گوناحەکانی خۆش ببێت. خزمایەتی منو کاك عەبدولرەحمان بەم جۆرەیە:

تاهیر ئەحمەد فاتمە زێبا حاجی کاکە عەبدولاّ = عەبدولرەحمان حەمە عەلی زوبەیدە حاجی کاکە عەبدولاّ[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .



٢٠١٦/٧/٣١ کۆچی دوایی مامۆستا کەریم عەبدولرەحمان خولاّمی لە هەڵەبجەی تازە.

کەریم عەبدولرەحمان فەتاح ناسراو بە مامۆستا کەریم لە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی خولاّمی سەر بەناحیەی سیروانی پارێزگای هەڵەبجە لە خێزانێکی جوتیاری نیشتمان پەروەر لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە ناحیەی سیروان تەواو کردووە. بۆ تەواو کردنی ئامادەیی دەچێتە هەڵەبجەی شەهیدو لە قوتابخانەی ئەحمەد موختار جاف ئامادەیی تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٩٣ کۆلیژی کارگێڕیو ئابوری لە زانکۆی بەغدا تەواو دەکاتو لە قەزای شارەزوور دەبێت بە مامۆستا. لەسەرەتای

١ مامۆستا تایەر بامۆکی، سەرچاوەی پێشوو.

ساڵی ۲۰۰۷ بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگییەکی قورس ڕوو دەکاتە وڵاتی ئەڵمانیا، لەبەرواری ۲۰۰۷/۳/٤ دوای وەرگرتنی چارەسەر دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانو دەچێتەوە سەر کارەکەی خۆی. لە ساڵی ۲۰۱۱ دەبێت بە سەرپەرشتیار لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەزوور. مامۆستا کەریم لەگەڵ دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە تا کۆچی دواییکردووە، ئەندامی کارای ئەو حزبە بووەو کەسێکی چالاكو ئیماندارو زیرەك بووە، چەندین قوتابی دەستو دەم پاکی پێ گەیاندووە. مامۆستا کەریم لە ناو کەسوکارو دۆستو هاوڕێکانیدا زۆر خۆشەویست بووەو گوێی بۆ گیراوەو قسەکانی کاریگەری هەبووە. چارەسەری چەندین کێشەی خەڵکی کردووەو بووە بە هەوێنی ئاشتی بۆ زۆر کێشەو ناکۆکی. لە ڕۆژی ۲۰۱٦/۷/۳۱ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێتو حەسرەتو دڵتەنگی بۆ هاوڕێ و خزمو کەسو دۆستانی بە جێ دەهێڵێت, لە گۆڕستانی وارماوا بەخاکی دەسپێرن.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۲۰۱٦/۸/۲ کۆچی دوایی عومەر عەبدوڵا کەلە ناو مەفرەزەکانی سوپای ڕزگاری کوردستاندا (سرك) لە دوای ئەنفالەکان دروستبوو، ناسرا بوو بە هاوڕێ شەمێران.

۲۰۱٦/۸/۳ کۆماری ئیسلامی ئێران لەم ڕۆژەدا ٤۹ کوردی سوننی لەسێدارە دا، لە ناویاندا عەلی عەبدولکەریم شەمێرانی ناسراو بە عەلی موجاهید، کە ماوەی نۆ ساڵ لە زیندانی ئەو ڕژێمەدا بوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## هەڵەبجە لە هێرۆشیمایە

۲۰۱٦/۸/٤ شاندێکی هەڵەبجە گەیشتنە تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن، بەمەبەستی بەشداریکردن لەیادی ۷۱ ساڵەی جینۆسایدی هێرۆشیماو ناکاساکی. مامۆستا (ئاوارە حسێن) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بەم شێوەیە باس لە سەردانەکەی دەکات:

لەپاش ئەوەی بە داوەتنامەیەکی فەرمی لەلایەن شارەوانی هێرۆشیمای ژاپۆنەوە داوەتکراین بۆ بەشداریکردن لە ۷۱ مین ساڵیادی جینۆسایدی هێرۆشیماو ناگاساکی، وەك ڕاوێژکاری کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەو بە نوێنەرایەتی ئەوان ڕۆژی ۲۰۱٦/۸/٤ گەشتمە فرۆکەخانەی هانیدا لە تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆنو لەلایەن وەفدێك بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەکاس چۆلاك سکرتێری ڕێکخراوی دۆستایەتی کوردستان، ژاپۆن، پێشوازیمان لێکرا.

بەشدارانی ئەو یادە پێکهاتبووین لە بەندەو کاك خدر کەریم وەك یەکێك لە پانزە جێگرەکانی سەرۆکی ڕێکخراوی شارەوانییەکانی جیهان بۆ ئاشتی. هەروەها کاك ڕێبین یار ئەحمەد پەیامنێری تۆڕی میدیایی ڕووداوو کاك دیاری وێنەگری ڕووداو لە هەڵەبجە ئەوانیش بۆ ڕومالکردنی هەردوو یادەکە، چوار کاتژمێر پێش ئێمە گەشتبوونە ژاپۆن.

ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٥ بەرەو شاری هیرۆشیما بەڕێککەوتین، بەگەشتنمان بە وێستگەی شەمەندەفەری شارەکە لەلایەن وەفدێکی شارەوانی هیرۆشیماوە پێشوازیمان لێکرا. پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دیدارێکمان هەبوو لەگەڵ بەڕێز (کازومی ماتسیۆ) سەرۆکی شارەوانی هیرۆشیماو سەرۆکی ڕێکخراوی شارەوانییەکانی جیهان بۆ ئاشتی کۆبوینەوە. لە کۆبونەوەکەداو لەو دەرفەتە کەمەی کە بۆ من هەبوو پاش ئەوەی بە گەرمی بەخێرهاتنو خۆشحاڵی پیشاندان، کە وەك گەنجێك بەشداری ئەو یادەمو تێدەکۆشم بۆ چەسپاندنی ئاشتیو جیهانێکی بێ جینۆسایدو بنبڕکردنی چەکی ئەتۆمیو کیمیاوی.

تیایدا ماستەرنامەکەم بە زمانی ئینگلیزی کە لەسەر جینۆسایدی باشووری کوردستان بوو، پێشکەش بە بەڕێزیان کردو وتارێکی ٨٠٠ وشەیم بەزمانی ئینگلیزی لەسەر ٧١مینساڵیادی جینۆسایدی هیرۆشیماو ناگاساکی نوسی بوو، پێشکەش بە بەڕێزیانم کرد،و لە وتارەکەدا بۆ یەکەمین جار بە بەڵگەی یاسایی سەلماندبووم کە ئەو تاوانەی لە هیرۆشیماو ناگاساکی ئەنجام درابوو، سەرەڕای ئەوەی کە تاوانەکانی (دوژمنکاری، جەنگ، دژ بە مرۆڤایەتی)یە تاوانی جینۆسایدیشە. هەروەها چوار داواکاریم بە زمانی ئینگلیزی ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی ژاپۆنو سەرۆکی پەرلەمانی ژاپۆن کرد لە ڕێگای بەڕێزیانەوەو داوام لێکرد کەهەوڵی جدیو دڵسۆزانە بدات بەمەبەستی جێبەجێکردنی هەریەکێکیان، کە بریتی بوون لە:

١. بنیادنانی پەیکەری عومەری خاوەر کە سیمبۆلی جینۆسایدی هەڵەبجەیە لەبەردەم شارەوانی هیرۆشیما یان پارکی ئاشتی هیرۆشیما.

٢. ناساندنی جینۆسایدی هەڵەبجەو ئەو جینۆسایدانەی تری کورد کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی سەددامەوە دژ بە کورد ئەنجام دراون بە جینۆساید لە پەرلەمانی ژاپۆنو دەرکردنی یاسایەك بۆ سزدانی داراییو بەندکردنی ئەوانەی کە نکوڵی دەکەن لەوەی کە جینۆسایدی کورد ئەنجام درابێت.

٣. دانانی جینۆسایدی هەڵەبجە لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆکانی ژاپۆن بەتایبەتی زانکۆی هیرۆشیماو فاکەڵتی یاسا هەردوو بەشی یاساو سیاسەتی نێودەوڵەتی. هەروەك چۆن جینۆسایدی هیرۆشیماو ناگاساکی لە وانەی جینۆساید لە بەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجە دەخوێندرێت.

٤. دانانی سیمبۆڵی جینۆسایدی هیرۆشیماو ناگاساکی لە هەڵەبجە. هەڵەبجە وەك شارێکی جینۆسایدیکراو ساڵانە میوانێکی زۆر ڕووی تێدەکات، لێرەشەوە میوانان ئاشنا دەبن بە جینۆسایدی هەردوو شارو ئەو پەیامە ئاشتیو هاوسۆزییە بە ئەوانیش دەگات، کە دوو شار لە خۆرهەڵاتی دوور لە

ژاپۆن جینۆساید کراون‌و لە هەڵەبجە یاددەکرێنەوەو دەناسرێن. سەرەڕای ئەوەش ساڵانە لە هەڵەبجە ئەو یادە دەکرێتەوە، با یادەکە لە بەردەم سیمبۆڵەکەدا بەرز ڕابگیرێت[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/٨/٨ حاجی عەبدولڕەحمان شێخ وەسانی ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان‌و پێشمەرگەی کۆن لە کۆماری مهاباد لە تەمەنی ١٠٠ ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

٢٠١٦/٨/٩ کۆچی دوایی حاجی مستەفا محەمەد سلێمان گردی شەریفی. بەم بۆنەیەوە مامۆستا مەلا تایەر بامۆکی بەم شێوەیە ستایشی حاجی مستەفا دەکات‌و دەنوسێت: ماڵئاوا کاك حاجی مستەفای حاجی محەمەد ی گردی شەریف، سەفەرت بەخێرو گۆڕت پڕ نوورو فراوان بێت، خوا بە میهرەبانی خۆی



قەڵەمی لێخۆشبوون بهێنێ بەسەر گوناح‌و تاوانەکانتا، بەڕێزو قسە خۆش، دەبێت لێم ببوریت کە تۆ تەنها یەك تەلْقینت کەوتە من نەمتوانی بۆت جێ بەجێ بکەم لەسەر گۆڕەکەت. بەڵام دڵنیابە لە ماڵەوە دۆعای خێری زۆرم بۆ کردیت، پێشم ناخۆش بوو وا زوو مردیت چونکە بڕیار بوو من‌و جەنابی باوکم‌و خەزوورەم‌و کاك محەمەدی دەرەشیش پێکەوە بێینە خزمەتت بەرخ‌و قەڵمان بۆ سەر ببڕیت بەلام مەخابن دیدارمان کەوتە قیامەت‌و وا من‌و میوانەکانت دێین بۆ پرسەکەت، کوڕو کچەکانت چاك‌و بەڕێزن بەڵام کەس تامی خۆت نادات، بەداوای لێبوردنەوە لەو بەڕێزانە، سی‌و چوار ساڵە من‌و تۆ یەکترمان ناسیوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆشەویستیمان بۆ یەکتر لە زیاد بووندا بوو، بەگەنجی قوسورت نەکردووە لە کەیف‌و سەیران وبەزمی هەرزەکارانەو سواری‌و ڕاوو سەفەرو بە پیاوەتیش خاوەن دەرماڵ‌و دیواخان بوویت. لە پاش حەج کردن‌و بیرکردنەوەو تۆبە کردنیش ئەهلی نوێژو تاعەت وزیکر بوویت، لەگەڵ ئەمانەشدا دەستت لە قسەی خۆش‌و سوعبەت هەڵنەگرت، بە نەخۆشیش هەر داوای ژنت لێدەکردین، زوو زوو گلەیت دەکرد بۆ دیار نیت ؟ حەزت دەکرد هەمیشە دەورت قەرە باڵغ ومەجلیست گەرم بوایە، جل‌و بەرگی جوان، کڵاوو مشکی جوان، خواردنی خۆش ئاواتی تۆ بوون لەم ژیانەدا، ڕۆژێك برای بەڕێزو هاوماڵی ژیرت عەبدولڕەحمانی حاجی ئەحمەد بۆی گێڕامەوە وتی: چەند چەند فەلاحێکی گردی شەریف بۆ زەراعە دەڕۆشتین بۆ داوای هەندێك پێویستی کشتوکاڵ وتمان مامۆ حاجی مستەفا ناوی تۆش بنوسین لە

---

١ مامۆستا ئاوارە حسین، ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی، زانکۆی هەڵەبجە، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك ٢٠١٦

زەراعە بۆ فلآنە شتو فیسارە شت؟ مامە حاجی وتی باوکم ئەگەر وتیان حکومەت هەلیکۆبتەر تەوزیع دەکات پرسم پیٚ مەکەنو ناوم بنوسن وبۆم وەربگرن، یادگاریمان زۆرە پیٚکەوە لە هەڵەبجە لە سەید سادق لە شارەزوور لە هەورامان لە ڕیشیٚن، (انا لله وانا الیه راجعون) خوا عەفوت بکات وسەبووری منالّەکانت بداتو ڕەحم بە ئیٚمەش بکات، دۆستانم یەك یەك ڕۆشتن پیٚریٚ حاجی برایمی شاتری وحەمە ی مستەفاو ئەولکەریمی مارف وحاجی قادری بیٚستان سوورو حەمە ی مینا وحاجی عەبدوڵای کەماڵەیی وحاجی فەریقی کانی پانکە وحەمە ڕەشید بەگی قوماشو کاکە والی حەمە عەلی وقادری تۆفیقی ئەمین تەپەڕەشی وحاجی خاوەری قادری مارف وحاجی حەمە عەزیزی جافو حاجی نامیقی شیٚخ سمایلی وحاجی تایەربەگو حاجی ڕەشید مارفی توتاقاجی ومامە خولەو حەمە ی قەمەری کەولۆسیو عومەری حەمە سالّحی سیامیٚوەیی وحاجی سابیرو حاجی محەمەدی مەجیدی زەنگی سەری خواحافیزیان کردو دوێنیٚیش حاجی شیٚخ عەبدولی کەلّورانی وحاجی عەلی شاوەیس، وا ئەمرۆیش تۆ بەجیٚت هیٚشتین وئەو جۆرە پیاوانەی وەك ئیٚوە کە سولّحیان پیٚ دەکراو دەرمالّتان هەبوو، گوزەشتتان هەبوو گەرمیانو شارەزورو هەڵەبجەو هەورامانتان چۆلّکرد، بەداخەوە ئەمڕۆ جیلی فەیسبووكو مۆبایل نەدینی تەواویان هەیە نەکۆمەلاّیەتیو خزمایەتی ئەزانن، نەگوزەشت وگەورەیی، نەنیشتمان پەروەریو نەتەوایەتی ڕاستە قینە باوی ماوە لە بازاڕ وناو عەشرەت ومزگەوت وخانەقاکاندا، جاران ئیٚوە مانان سەرگوزەشتەو ڕووداوی واقیعیو ڕاوو شکارو شایی وجەنگاوەریتان بۆ منالّو میوانەکانتان دەگیٚڕایەوە، بەلاّم ئەمڕۆ قسە بووە بە قسەی تەلە فزویٚنی درۆزن وبڕیار بووە بە بە بڕیاری سیاسەت مەداری بازرگانو شەرمو شکۆ باری کردو ئازادی سنگو بەرۆك وسمت وپوزی ڕووت جیٚگەی گرتەوە، گەورەو بچووك خرایە مەتحەفو تۆچیتو من چیم هاتە کایەوە، زانای خواناسو شیٚخی بە تەقوا تۆوی بڕا دیکۆرو دیبلۆماسییەت جیٚگەی گرتەوە، دکتۆری دڵسۆزو مامۆستای خەمخۆر شەراو گڕە بردنی قەسابی گرانجانو مامۆستای تایبەت بە دینارو دۆلار بوون بە لوقمانی حەکیم. زۆرم ماوە بیلّیٚم بەلاّم حەوسەلّەی گویٚگرتن نەماوە، خواحافیزتان بیٚت بخەونو سەربنیٚنەوە خوا دەزانیٚ چیتریش بە ڕیٚوەیە لە تاعونو ئافاتی ئەخلاقیو کۆمەلاّیەتیو سیاسی وقەیرانی گیرفانو قاسەو کاسە[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

---

١ مامۆستا تایەر بامۆکی، سەرچاوەی پیٚشوو.

۲۰۱٦/۸/۱۰ حزبی ئایندەی کوردستان بە سەرۆکایەتی قادر عەزیز لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا یەکی گرت، قادر عەزیز بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو چەند پلەو پۆستێکی تریان لەلایەن یەکێتییەوە پێ درا.

۲۰۱٦/۸/۱۱ زاینی بەرامبەر بە ۱٤۳۷/۱۱/۸ کۆچی، ئەم بەرواره پێچەوانە ۵۰۰ ساڵ جارێك ڕوو دەدات.

۲۰۱٦/۸/۱۲ زانای عێراقیو ئەهلی سوننە مەکی حسێن ئەلکوبێسی لە هەرێمی کوردستان کۆچی دواییکرد.

۲۰۱٦/۸/۲۱ کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرینی پارتی حاجی مەحمودی گەورەدێ.

۲۰۱٦/۸/۲۵ سەلام عەبدوڵا گردی گۆیی کەپێشتر لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بریندار کرابوو، ئەمڕۆ کۆچی دواییکرد.

۲۰۱٦/۹/۱ بەهۆی ناکۆکیو ململانێکانی نێو یەکێتییەوە جێگرانی سکرتێری گشتیو ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێك، باڵێکی نوێیان بەناوی ناوەندی بڕیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕاگەیاند. بە گوێرەی زانیارییەکان، ئەو سەرکردانە بریتین لە: کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح، حاکم قادر، جەعفەر شێخ مستەفا، ڕزگار عەلی، ئازاد جوندیانی، مەحموود سەنگاوی، شاڵاو عەلی عەسکەری، عەدنانی حەمە ی مینا، مستەفا چاوڕەش، نەرمین عوسمان، بارزان کوردە، جەمیل هەورامی, مامۆستا جەلال، محەمەد وەتمان، شێخ محەمەد سەرگەڵوویی، شاڵاو کۆسرەت رەسوڵ، مامۆستا بەکر مستەفا، ئیسماعیل مەحموود، حامید حاجی غالی، ڕێواز فایەقو دەرباز کۆسرەت ڕەسول.

۲۰۱٦/۹/۲ یاریزانی دێرینی شارەزوور خالید حەمە عەلی عارف شەمێرانی ناسراو بە خالیدی کاکەم دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دواییکرد.

۲۰۱٦/۹/۲ لەسەنگەرەکانی ڕووبەڕووبونەوەی داعشدا هەردوو پێشمەرگە لە لیوای پێنجی شارەزوور، فەوجی دوو حسێن نادرو ئیدریس بەکر گیانیان بەختکرد.

۲۰۱٦/۹/۷ کۆچی دوایی حاجی زەینەب ساڵح زاناوێر خەڵکی ناحیەی خەلیفان لەشاری مەککەی پیرۆز لەکاتی مەراسیمی حەجدا.

۲۰۱٦/۹/۸ عیسا پەژمان کۆچی دواییکردو تەرمەکەی گەڕایەوە بۆ ئێران.

۲۰۱٦/۹/۱۱ ڕۆژی عەرەفە بوو حاجیانی ماڵی خوا ئەمڕۆ لە کێوی عەرەفەن کە ڕوکنێکی گەورەی حەجە، وە تیاییدا (۱) ملیۆنو (۸۵۵) هەزارو (٤۰٦) هاوڵاتی ئەمڕۆ لە کێوی عەرەفە فەریزەی حەج ئەنجام دەدن، لەو ڕێژەیەش (۱) ملیۆنو (٦۸۹) هەزارو (۷۰۸) کەسیان بیانینو لە وڵاتانی دیکەوە

هاتوونەتە سعودیە، وە (١٦٥) هەزارو (٥٩٩) کەسی دیکە هاولاتی ئەو ولاتەن، وە لەکۆی گشتی حاجیانی ئەم ساڵ (١) ملیۆنو (٧٦) هەزارو (٦٨٩) لە ڕەگەزی نێرنو (٧٧٨) هەزارو (٧٠٨) کەسی دیکەیان لە ڕەگەزی مێن[1].

٢٠١٦/٩/١١ لە میانەی گرژیو ئالۆزییەکانی نێوان ئێرانو سعودیە ئەم ساڵ خەڵکی ئێران سەردانی سعودییەیان نەکرد بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج. خامەنەئی فەتوای داوە کە ڕۆژی عەرەفەی ئەوان لە کەربەلایە نەك مەککە هەربۆیە ملیۆنێك شیعەی ئێرانی بیٚ جەوازو ڕەزامەندی حوکمەتی شیعەی عیراقی چوونەتە ئەو شارە!. کەناڵی سکای نیوزعەرەبی[2].

٢٠١٦/٩/١٢ ڕۆژی جەژنی قوربانی پیرۆز بوو.

بەپێی نوقڵەکان بووبێت یەك ماڵ لەم سلێمانیە تووشی قەیرانی دارایی نەبوە، لە ژیانما نازانم ئەو نوقڵەی هەڵم گرتووە هی کام ماڵە. بەلام وتم: هەر بەڕاستی بزانم قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر جۆری نوقڵ هەبووە. ئاخر وەلایی من جکلێتێکم کڕیوە کیلۆی بە (٣) هەزار، ڕۆژی یەکەمی جەژن دوای بەسەرکردنەوەی ماڵە دراوسێکان گیرفانم قورس بوو، گەڕامەوە خۆم سووك کەم. (مەبەستم دانانی نوقڵەکان)ە، نزیکەی (٥٠) نوقڵم داناو هی خۆیشم لەگەڵیدا تێکەڵکرد، لەو کاتە ناسیاوێکم هات، کە لەبازاڕ بابەتی جەژنی دەفرۆشت، وتم: یاخوا بەخێربێیت. وەرە هەرزانترین نوقڵم ئا لەمانە بدۆزەرەوە، وتی: ئەمەیان لەهەموویان هەرزانترە. هەرزانترینەکە هی خۆم بوو، نوقڵی جیڕی ئەرجەنتینی بوو.

بە پێی عارفە بازاڕ بێت لە جەژنەکانی تر قەرەباڵغتر بووە. بەئیمانم، ڕۆژی عارفە ڕیٚ بەر ڕێیار نەئەکەوت. تۆ سەیری ئەوە مەکە. کڕوزانەوە هەیە. خۆی دوکاندار هەر وایە بیست ملیۆن خێر کا. ئەڵێ: بازاڕ بە قوڕگیراوە. ئەمە هەر خۆی سولوکی تاکی دوکاندارە.

خۆ ئەگەر بەپێی لیٚدوانی کابرای کوشتارگە بێت بۆ کەناڵی پەیام ئەنجامدانی قوربانی لەیەکەم ڕۆژی جەژندا بەچاو جەژنەکانی تر زۆرتر بووە. هەرچەند من خۆم تا ئێستاش هیچ بەشە خێرێکم بۆ نەهاتووە. بەلام لەکاتی نوسینی ئەم پۆستە لەدەرگا درا وتم، بەقورئان هات. قوربانی هات سوبحانەلا چەند دڵم پاکە. کە دەرگام کردەوە. کابرای خۆڵەکە بوو. وتی: عارفە لە ماڵ نەبوون. بیلازەحمە جەژنانە.

زۆرکەس هەر بۆ بیانوو ئەگەڕیٚ، ئەڵێی ئەوە بۆ دیار نیت، ئەڵێ وەلا جەژن وەك جاران نەماوە، مەشغەڵەتە. خۆزگە بە ڕابوردوو مەخوازە، ئێستا بکەرە ڕابوردوویەکی پڕ یادەوەری، من پێم وا نیە کە ئەم جەژنە لە جەژنەکانی تر ساردو سڕ تر بووبێت. ڕۆژەکە هەروەك خۆیەتی، ئەوە مرۆڤەکانە مانای

١ سەروەر حەمە ئەحمەد، مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبوك، ٢٠١٦/٩/١١.

٢ عەبدولڕەحمان محەمەد عارف، مامۆستای لە زانکۆی هەڵەبجە، فەیسوك، ٢٠١٦/٩/١١.

پێدەبەخشن. هەیە جوان بیر ئەکاتەوە مانای جوانی پێدەبەخشێتو هەیشە ئەڵێی پەڵە هەوری پایزە. لەدوای خۆی کەئابە دەبارێنیٚ.

دوێنیٚ مامم هات بۆ ماڵمان بۆ جەژنە پیرۆزە، وتی: ئەم بارودۆخە وەك نەخۆشی وایە، بەهۆی (حزب)ەکانەوە تووشمان بووە. هەندێکی ئەباتو هەندێکی تریش بەرگەی ئەگریٚ. ئەبێت دەورانی خۆی تەواو کا ئینجا چاك دەبێت. "بیلاهی ئیبن خەلدونیش هەروادەڵێت"[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/٩/١٣ کۆچی دوایی لەتیف حاجی فەرەج ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی.

٢٠١٦/٩/١٥ ئەمرۆ بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لە ڕێگای نێوان (هەڵەبجەی تازە-سەیدسادق) هەشت کەسی دانیشتووی شارەزوور بونە قوربانی کەلە دوو خێزان بوون ئەمە ناوەکانیانە:، زۆراب محەمەد، سەرکەوت یونس، شەرافەت ئەحمەد، ئەمیر زۆراب، ئاکار سەرکەوت، ئاسان سەرکەوت، سەمیر ئەحمەد، ئەوین سەرکەوت.

٢٠١٦/٩/١٦ کچێکی یەزیدی بە ناوی نادیە موراد لە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ کرا بە باڵویزی نیازپاکی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

### هەموو ژنێکی ئەم کوردستانە باڵێۆزی نیازپاکیە

توێژەری کۆمەڵایەتی ئازاد جەلال بۆ ئەم مەبەستە لە ئەکاوەنتی خۆی لە فەیس بوك ئەم بابەتەی نوسیبوو: لە ژێر هەر بن بەردو دارمازوویەکدا پیاو ترەکەڵەکێکی دروست کردبێت، ژنی کورد بۆ پیاو بووەتە کۆڵەکە، باڵیۆزی نیازپاکی مێردەکەی بووە. پیاوەکەی بوبێتەوە بە جاش، ئەو هەر بەدوای پیاوەکەیەوە بووە. بووبێتە عەسکەری فیرار لەگەڵیبووە. ئەگەر پیاوەکەیشی بووبێت بە بەرپرس، ژن ئەرکی دوو هێند قورستر بووە، جا ئیبن خەلدون دەڵێت: ژیانی خەڵکی ئاساییو ڕەشۆك لە ژیانی کەسێکی بەرپرس خۆشترە، چونکە لەم کۆمەڵگایەدا بەرپرس بێوەفاترین مەخلووقن، لە هەمبەر ژنەکانیان. بەڵام هەر باڵیۆزی نیازپاکی بووە بۆ مێردە گویٚ زلەکەی.

ئەوژنە کوردانەی کە بەجەوەنەی کەر ئاویان بۆ ئەهێنانو لە ترسی مارو مێرو دوو سیٚ سەعات خەو نەدەچووە چاویان. هەموو ڕۆژێك دەستیان لەسەر دڵیان داناوە، کاتێك پیاوەکانیان چوونەتە جەولە، ئیتر داماوە ڕۆحی لەناو مشتی بووەو هەزارو یەك ختوورەی کردووە، تا پیاوەکەی گەڕاوەتەوە. کە هاتوونەتەوە

---

١ ئازاد جەلال، نوسەرو توێژەری کۆمەڵایەتی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٦/٩/١٢.

شاریش، لەپای وەفا بۆ ئەو هەموو ماندووبوونەی، کەچی بەرپرسەکەی تەماعی کردتە کچۆڵەیەکو فریوی داوەو هێناویەتی. کۆنە ژنە داماوەکەی کردووە بە باڵێۆزی خەم.

ژنی بەرپرسێك دەڵێت: پیاوەکەم خەباتی لەپێناوی گونیا کردووە نەك نیشتمان، چونکە ئەگەر مرۆڤێك وەفای بۆ ژنەکەی نەبێت نیشتمانیش دەفرۆشێت، ئێستا خەڵك بە من دەڵێن کۆنە ژنی فلان کەس.

هەموو ژنێکی ئەم کوردستانە نادیە مورادەو باڵێۆزی نیازپاکیە. ژنی کورد بە وەفاترین ژنن لەو سەر زەوییە، میوان دۆسترین ژنن، بەئەمەکترین ژنن، وەڵاهی بەس پیاو بەحاڵ هەستێکی خۆشەویستی بۆ دابین بکات خوا ئاگادارە وەك گۆچانی دەستی پیاو وایە، یەك تەشت جلو دوو هێڵەك نانی کردووە، کەچی لەبەر خاتری دڵی تۆ یەك هەناسەی توندی هەڵنەکێشاوە، دڵخۆشی داویتەوە، ئاڵتوونەکانی دەستی بۆفرۆشتووی، مردووی لەبەر عەیبەو عار پرچی سپی هۆنیوەتەوەو جوانیەکەی خۆی تەسلیمی قەدەر کردووە.

ژنانی ئەوروپی دوای شووکردنیش پەیوەندییان لەگەڵ دۆستەکانیان ناپچڕنو لە پیاو بێ منەتن. لە فەڕەنسا ئەگەر پیاو تووشی فتق بێت بە ڕۆژی ڕوناك دۆستەکەی دەهێنێتە ژوورەوە، بەڵام ژنی کورد جێگەی سەرنجی هەرچی ئەنسرۆپۆلۆجستەکانی جیهان بوون کە هاتوونەتە ناو ئەم میللەتەوە، زۆربەیان خۆزگەیان خواستووە کە کورد بونایە لە کوردستان بژیانایە. ژنی کورد ئەگەر پیاوەکەی لەپیاوەتیش بکەوێ، تا مردن بۆی پۆشیوە، ژنی کورد زەعیفە نیە، تەنیا کولتووری کوردییە کە ستەمی لە هەمبەر دەکات، نەك ئاین.

ڕۆشنبیرەکانی ئەم وڵاتانە بۆ بانگەشەی ئازادی دەیانکەنە ئامرازی خاڵیکردنەوە. ژن بەمەفهومە کوردەوارییەکەی خۆمان هەموو قوربانیەکی داوە، دەوەن بەدەوەن، شار بەشار، دێ بە دێ لەگەڵ ئەم پیاوەدابووە، بێ ئەوەی گازندەیەك بکات. ژنی کورد بۆنی مێخەکو دارمازووی لێدێ، وەك دامێنی چیا دەبێتە سێبەر، کەچی تازە دێن بەشانو باڵی ژنێکدا هەڵدەدەنو دەیکەنە پاڵەوان کە بووەتە باڵێۆزی نیازپاکی[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

١ ئازاد جەلال، سەرچاوەی پێشوو.

۲۰۱٦/۹/۱۸ ئەمڕۆ _۱۸ی ئەیلول/سێپتەمبەری ۲۰۱٦_، ۱۱۱ ملیۆن دەنگدەری ڕووسی لە ۹۵ هەزار بنکەی دەنگدانو بە بەشداری ۱٤ پارتو کێبرکێی ٦,٥۱۰ کاندید، دەنگ بۆ هەڵبژاردنی ٤٥۰ کورسی پەرلەمانی ڕووسیا _ئەنجوومەنی دۆما_ دەدەن[۱].

۲۰۱٦/۹/۲۰ ئەمڕۆ ۲۰ی سێپتەمبەری ۲۰۱٦، زیاتر لە ٤ ملیۆن دەنگدەری ئوردنی لە ۲۳ بازنەی هەڵبژاردن لە ۱۲ پارێزگای ئەو وڵاتەو بە بەشداری ۲۲٦ لیستو کێبرکێی ۱,۲٥۲ کاندید، دەنگ بۆ هەڵبژاردنی ۱۳۰ کورسی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئوردن دەدەن [۲].

۲۰۱٦/۹/۲۱ پەرلەمانی عێراق متمانەی لە هۆشیار زێباری وەزیری دارایی وەرگرتەوە، ناوبراو تۆمەتبار کرابوو بە گەندەڵیو دزینی پارەی میللەت لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا.

۲۰۱٦/۹/۲۸ شەمعون پێرێزی سەرۆکی ئیسرائیل لەتەمەنی ۹۳ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

بەبۆنەی کۆچی دوایی شەمعون پێرێزەوە لە شاری دهۆك پرسەی ماتەمینی بۆ ناوبراو دانرا. لەم بارەیەوە دکتۆر ئەحمەد وەرتی لە ئەکاوەنتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك ئەم بابەتەی خوارەوەی نوسی بوو: دوێنێ شەمعۆن پێرێز-ی سەرۆکی پێشووی ئیسرائیل لە تەمەنی ۹۳ ساڵیدا کۆچی دواییکرد، بەڵام پێش مەراسیمی ناشتنی تەرمەکەی کە ئەمڕۆ بەڕێوەچوو، هەر دوێنێ لە کوردستان (دهۆك) مەراسیمی پرسەی بۆ دانراو بە (کۆتری ئاشتی) ناوزەد کرا، ئایا حیکمەت لەمەدا چی بوو؟، ئایا بەڕاستی ئەو پیاوە کۆتری ئاشتی بوو، هەر لەبەر ئەمەشە پرسەی لە کوردستان بۆ دانرا؟، شەمعۆن پێرێز یەکێکە لە ئەندازیارانی بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیلو قەوارەی زایۆنی لە فەلەستینو هەر لە سەرەتاکانییەوە تا کۆتایی تەمەنی نزیك بە ۷۰ ساڵ لە قۆناغە جیاجیاکاندا خزمەتی بەو قەوارەیە کردووە.

ساڵی ۱۹٤۷ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل پێرێز دەچێتە نێو گروپەکانی هاگانای توندڕەو کە چەكو تەقەمەنی ئامادە دەکەن بۆ دەوڵەتی داهاتوویان کە دواتر دەبنە بەردی بناغەی بنیاتنانی سوپای جوولەکە کە ئەو خۆی بەرپرسی یەکەم بووە لە چەکدار کردنیانو ئەندازیاری توانا مرۆییەکانیان. لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتەکەیان، ناوبراو دەبێتە بەرپرسی هێزی دەریایی ئیسرائیلو پاشان جێگری بەڕێوەبەری وەزارەتی بەرگری ساڵی ۱۹٥۲، لە ماوەی نێوان ۱۹٥۳، ۱۹٥۹ بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی بەرگری بووە کە لەو ماوەیەدا هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر ئەنجام درا. لە نێوان ساڵانی ۱۹٥۹، ۱۹٦٥ دەبێتە وەزیری بەرگریو ئینجا وەزیری کۆچو ڕاگەیاندن تا ساڵی ۱۹۷۰، ساڵی ۱۹۷۰، ۱۹۷٤ وەزیری گەیاندنو پەیوەندی بووە.

---

۱ سەروەر حەمە ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

۲ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دیسان لە ١٩٧٤، ١٩٧٧ دەبێتەوە وەزیری بەرگریو پاشان پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانو سەرۆك وەزیرانو وەزیری دەرەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤، ١٩٨٨ وەردەگرێت. دوای ئەوە تا ١٩٩٠ وەزیری دارایی دەبێت، لە ١٩٩٢، ١٩٩٥ دەبێتە وەزیری دەرەوە، لە ١٩٩٥، ١٩٩٦ پۆستی سەرۆك وەزیران وەردەگرێتەوە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧، ٢٠١٤ دەبێتە سەرۆکی ئیسرائیل.

پێریز بە ئەندازیاری بەرنامەی ناوەکی (ئەتۆمی) ئیسرائیل دەناسرێت، کاتێکیش ئەو سەرۆك وەزیران بوو قەسابخانەی (قانا) لەسەر دەستی سوپاکەی لە لوبنان ئەنجام درا، کاتێ بۆمبارانی پەناگەیەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی کردو زیاتر لە ١٠٠ کەسی مەدەنی تێدا کوژرا کە زۆربەیان ژنو منداڵ بوون، ئەوانە بەشێك لەو ٨٠٠ کەسە بوون لە ترسی بۆمبارانی وەحشیانەی سوپای جوولەکە پەنایان بردبووە بەر ئەو شوێنە. هەروەك ناوبراو ناسراوە بەوەی کەسێك بووە دەستی داوەتە سیاسەتی نیشتەجێکردنی جوولەکەکان لە خاکی فەلەستینو دەرکردنی زۆرەملێیان لە زێدی باوباپیرانیان.

شیمۆن پێریز زیاتر ئەو کاتە ناوبانگی نێو دەوڵەتی پەیدا کرد کە ڕێککەتنی ئاشتی (ئۆسلۆ)ی لەگەڵ یاسر عەرەفات دا مۆر کرد کاتێ وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بوو ساڵی ١٩٩٣، هەر بۆیەش ساڵی دواتری (١٩٩٤) خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە هاوبەشی لەگەڵ ئیسحاق ڕابین ی سەرۆك وەزیرانی قەوارەکەیو یاسر عەرەفاتی سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی دا پێ بەخشرا.

جا گەر کۆتری ئاشتی پێریز لەو ڕێککەوتنەوە هاتبێت کە خەڵاتی لەسەر وەرگرتووە، ئەبێ بزانین کە ئەو ڕێککەوتنە جێ بەجێ نەکرا کە ئەبوایە دوو دەوڵەت یەك بۆ جوولەکەو یەکیش بۆ فەلەستینیەکان بە پێی ئەو ڕێککەوتنە پێکبهاتنایە، ئەوە جگە لەوەی کە هەموو بڕیارەکانی تری ئەنجومەنی ئاسایشو نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە فەلەستینو دروستبوونی دەوڵەتێك بۆ فەلەستینییەکان لە پەنای دەوڵەتی ئیسرائیلدا لە لایەن دەوڵەتەکەی پێریزەوە خراونەتە ژێر پێو بە دەیان شەڕی دژی فەلەستینییەکانو عەرەبەکان هەڵگیرساندووە، هەر لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا هێرشی دڕندانەی سەر کەرتی غەززە ئەنجامدراو بەهەزاران مرۆڤی بێ تاوان کوژرانو بریندار بوون، بە هەزاران فەلەستینیش لە زیندانەکانی دەوڵەتەکەیاندا بەند کراون چونکە داوای کۆتایی هاتنی داگیرکاریی جوولەکە بەسەر خاكو وڵاتەکەیانەوە دەکەنو ملیۆنانیش لە تاراوگە ڕێگەیان پێ نادرێت بگەڕێنەوە خاکی خۆیان.

پێریز لە کتێبەکەی خۆی (الشرق الاوسط الجدید) دا تەنها ئۆتۆنۆمییەکی کارتۆنی لە ژێر سایەی ئیسرائیلدا بە فەلەستینییەکان ڕەوا دەبینێت، یاخود داوا دەکات بینە بەشێك لە قەوارەی ئوردن لە داهاتوودا.

جا نازانم حیکمەتی ئەوە کە پێش ئیسرائیل لە کوردستان پرسەی بۆ دانراوە هەر ئەو مێژووەیەتی کە باسمان کردو بۆیە بووەتە(کۆتری ئاشتی)، یان نهێنی تر هەیە لە پەنای ئەمەدا[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**٢٠١٦/٩/٢٩** وەفدێکی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانیو یاوەری چەند سەرۆك حزبو بەرپرسێك سەردانی شاری بەغدایان کرد، بەمەستی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمو بەغدا وچارەسەرکردنی قەیرانی دارایی هەرێمو فرۆشتی نەوتو پشکی هەرێم لە داهاتی نەوت لەحاڵەتی ڕادەستکردنی فرۆشتنی نەوت بە ناوەند.

**٢٠١٦/١٠/٣** مامۆستایانی شارەزوور بایکۆتی دەوامیان کردو لە دەروازەی شارۆچەکەی زەڕایەن گردبونەوەیەکی ناڕەزاییان لە دژی حکومەت ڕێکخست بەبۆنەی دواکەوتنو کەم کردنەوەی موچەکانیانەوە. هەر لەمڕۆدا مامۆستا کامیل عەبدولقادر هەڵەبجەیی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی بەمەبەستی چارەسەر بەرەو وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێ کرا.

**٢٠١٦/١٠/٦** پاش ئەو هەموو زوڵمو ستەمەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم خەڵکە بەش مەینەتەی هەرێمی دەکاتو موچەی دەبڕێتو دەیکات بە ژێر قەرزێکی زۆری کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوتەوە، کە مەزەندە دەکرێت بە ٢٠ بیست ملیار دۆلار. هیچیان بۆ نەماوەتەوە، خەریکە زەوییە کشتوکاڵییەکانیش وەکوو ساڵانی پێشوو دابەش دەکەنو لە موڵکی گشتییەوە دەیکەن بە موڵکی تایبەت. وەزارەتی شارەوانی بەڵێن بە فەرمانبەران دەدات زەوییان بەسەر دابەش بکات.



لەبارەی زەوی دابەش کردنەوە ئەندازیار خاتوو (خەدیجە عەبدولجەبار)[2] ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە دیواری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك باس لە مەترسییەکانی دابەش کردنی زەوی دەکات ولەکۆنو نوێدا بەکارێکی هەڵەی دەزانێت: وەزارەتی شارەوانی لەڕۆژانی

---

١ د. ئەحمەد وەرتی، پەرلەمانتاری خانەنشین، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، **٢٠١٦/٩/٢٩**.

٢ خەدیجە عەبدولجەبار ئەحمەد لە ساڵی **١٩٧١** لە شاری هەڵەبجە لەدایك بووە، دەرچووی کۆلیژی ئەندازیارییە لە زانکۆی سەلاحەدین، لەشارەوانی سیروان وەکوو ئەندزیاری شارستانی دامەزراوە، پاشتر ڕاژەکەی گواستووەتەوە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە بەشی ئەندازە، ئەندامی چالاكو کارای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەو لە ساڵی **٢٠١٣** هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، هاوژینی ئەندارزیار عەبدولڕەحیم مەلا تایەر حاجی عوسمانە لە گوندی تەپی سەفا، دایکی سێ منداڵە و لەهەڵەبجە ژیان دەبەنە سەر.

ڕابردوو وەك موژدەیەك باسی دابەشکردنی هەزاران پارچە زەوی دەکات، بمبورن، لەگەڵ دابەشکردنی زەویدا نیم!

یەکێك لە هەڵە هەرە گەورەکەی ئەم حکومەتە لە ڕابردوودا دابەشکردنی بێ بەرنامەی زەوی بووە بە سەر خەڵك‌و فەرمانبەرو کەسانی حزبی، جگە لە داگیرکردنی تۆپزی زەویە هەوایەکان بە بەرنامەیەکی گەندەڵی بۆ داڕێژراو، لە کاتی ڕزگارکردنی عێراق لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب) ڕەزای خوای لێ بێت، کە داواکرا زەوی دابەش بکرێت بەسەر موجاهیدیندا، ڕێگری کردو وتی ئەوە موڵکی گشتی یەو موڵکی نەوەکانی داهاتووەو دەکرێت سودی لێ وەربگیرێت بەڵام نابێت لەسەر کەس تاپۆ بکرێت! بەڵام دوای چواردە سەدە ئێستا لە هەرێمی کوردستان وا خەریکە زەویە کشتوکاڵی یەکانیش هەڕاج ئەکەین بۆ مەبەستی نیشتەجێ بە هۆی نەمانی زەوی لە نێو شارەکاندا کە ئەمە بە کوفری ئابوری‌و گەشەپێدان ئەژماردەکرێت. شارەکانمان هەرگیز جوان نابن بەهۆی ئەم هەڵە سەقەتەی بەرپرسانی ئیداری ئەم هەرێمە، کە دەبوایە هەوڵ بدرایە شارەکانمان لە بری گەشەی ئاسۆیی بە شێوەیەکی ستوونی بونیادبنایەتەوە، بەڵام ئەفسوس ئێستا لە ناو شارەکاندا زەوی بۆ پارك‌و خزمەتگوزاریش نەماوە چ جای نیشتەجێکردن! ئێوە چیتان کرد لەم هەرێمە. ئێستا دەزانن کە ئێوە هەر سامانی ژێر زەویتان تالاّن فرۆش نەکردووە، بەڵکو بە زەوی نێو شارو کشتوکاڵی یەکانیشەوە نەوەستان ئەوە خەریکن شاخەکانیشمان سیاج دەکریت‌و وەك میراتی بەش بەش دەکرێت.

ئاخر ئێوە کە تەنها ئەزمونی شۆڕشگێڕی شاختان هەبوو بۆچی حکومڕانی نێو شارو بونیادنانی شارستانی وپلانڕێژی شارو تەلارسازی‌و بیناسازی‌و گەشەپێدانتان نەسپارد بە پسپۆڕانی خۆی؟

لادێکانیشتان چۆڵ کرد لە خەڵکی ڕەسەنیان‌و بواری گەشەی کشتوکاڵیشتان بە دەردێك برد کە کەوەرو کەرەوزیشمان بۆ هاوردە بکەن، ئێستا دەزانن دروشمەکەی (سەددام) جەندە لە شوێنی خۆیدا بوو کە دەیووت (الارض لمن یزرعها)، بەڵام ئێستا زەوی کشتوکاڵیش بووە بە کۆشك‌و ڤێلاو مەلەوانگەو شوێنی حەوانەوەتان. تکایە بەسە، زەوی موڵکی گشتی یە، ئەوەی کە لێتان ماوەتەوە با هەر بە موڵکی گشتیش بمێنێتەوەو بۆ پینەی ناتەواویەکانتان دابەشی مەکەن".

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/١٠/٦ "لەبەر ڕوناکایی ماددەی ٩٧ی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایش (ئەنتۆنیۆ گوتێرێس)ی پورتوگالی بۆ سکرتێری گشتی ڕێکخراوەکە کاندید کردو کۆمەڵەی گشتییش لە ٢٠١٦/١٠/١٤ بە فەرمی ئەنتۆنیۆی وەك نۆیەم سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبژارد، بەوەش ئەنتۆنیۆ جێگای بانکی مۆنی گرتەوە.

٢٠١٦/١٠/٨ یەکێك لەگەورە حاخامە کوردەکان بەناوی (یەشو رون کوردی) کۆچی دواییکرد، ئەم حاخامە کوردە لە ساڵی ١٩١٨ لەگوندێکی نێوان باشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بوەو ماوەی ١٠ساڵ لەهەڵەبجە ژیاوەو لەچلەکانی سەدەی رابردو وەك زۆربەی جوەکانی عیراقو ناوچەکە بۆ ئیسرائیل کۆچپێکران، حاخام یەشورون لەتەمەنی ٩٨ساڵید لەئیسرائیل کۆچی دواییکرد.

٢٠١٦/١٠/١٣ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا سەید محەمەد ئەبوبەکری موسەنیف مامۆستای ناودارو کەسایەتی دیاری کوردستانو دەڤەری ڕۆژهەڵاتمانو مەریوان بەتایبەتی.

٢٠١٦/١٠/١٧ شەڕی گرتنەوەی شاری موسڵو دەوروبەری دەستی پێکرد. لەم هێرشانەدا بۆ سەر شارەکەو دەوروبەری هێزی پێشمەرگە بەشدارییان کرد. لەمرۆدا پێشمەرگە ٨ گوندی کۆنترۆڵ کرد.

٢٠١٦/١٠/١٧ پێشمەرگەو یاریدەدەری پزیشکی تاریق عەبدوڵا بەشارەتی لە شەڕی گرتنەوەی موسڵدا گیانی بەختکرد.

٢٠١٦/١٠/٢٠ هێرشەکانی سوپای عێراقو پێشمەرگە بۆ گرتنەوەی موسڵ بەردەوام بوو.

٢٠١٦/١٠/٢١ تیرۆریستانی داعش ئۆپراسیۆنی ئازاد کردنەوەی موسڵیان بەهەل زانیو لەبەرەبەیاندا تاقمێك لەو بەربەریانە هێرشیان کردە سەر شاری کەرکوكو وێستگەی کارەبای دوبز. نزیکەی ١٠٠ کەسیان کوشتو زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون. ژمارەی تیرۆریستان بەدیاریکراوی نەدەزانرا، ئەوانیش نزیکەی ١٠٠ کەس دەبوون کەدابەش بوو بوون بۆ سەر ٥ گروپی ٢٠ کەسی، دەیانویست تەواوی جومگەکانی شاری کەرکوك کۆنترۆڵ بکەن.

٢٠١٦/١٠/٢١ کۆچی دوایی شەفیق ئەحمەد عەلی هەیاسی کادرو ئەندام لە یەکێتی نیشتمانی.

٢٠١٦/١٠/٢٢ تا بەرەبەیانی ئەمرۆش تیرۆریستان لەشاری کەرکوك مابونەوەو کۆتاییان پێ نەهێنرابوو، دواتر هێزی سوات بەشداری شەڕەکەی کرد، شەڕ تا ئێوارەش بەردەوام بوو. لەلایەکی ترەوە سوپای عێراق توانی بچێتە قەزای حەمدانیەو نیمچە کۆنترۆڵی کرد.

٢٠١٦/١٠/٢٣ کۆتایی بە پاشماوەی تیرۆریستەکانی شاری کەرکوك هێنرا.

٢٠١٦/١٠/٢٣ شێخ خەلیفە بن حەمەد ئال سانی ئەمیری پێشووی قەتەر لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

٢٠١٦/١٠/٢٥ مامۆستا حەمە ڕەشید حاجی سەید نەجمەدین تەپی سەفایی لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکرد.

٢٠١٦/١٠/٢٦ کۆچی دوایی شاعیری کورد خالید ئاغای حیسامی ناسراو بە هێدی لە شاری هەولێر.

٢٠١٦/١١/٤ حکومەتی تورکیا ١١ پەرلەمانتاری کوردی دەستگیر کرد، لەناویاندا سەلاحەدین دەمیرتاشی تێدابوو، کە هاوسەرۆکی هەدەپە بوو.

٢٠١٦/١١/٨ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا بەڕێوەچوو، بەهێزترین کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمریکا لە دیموکراتەکان هیلاری کلینتۆنو لە کۆمارییەکان دۆناڵد ترەمپ بوون لەگەڵ پێنج کاندیدی تر کە دەنگو سەدایەکی وایان نەبوو.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## بومەلەرزەیەکی سیاسی گەورە

٢٠١٦/١١/٩ لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا دۆناڵد ترەمپ بە ٢٧٤ دەنگ بوو بە سەرۆکی چلو پێنجەمینی ئەو وڵاتەو شکستی بە هیلاری کلینتۆن هێنا کە خاوەنی ٢١٥ دەنگ بوو، کە دەبوایە بەلایەنی کەمەوە ٢٧٠ دەنگی مسۆگەر بکردایە.

لەبارەی هەڵبژاردنی ترامپ وەکوو سەرۆکی نوێی ئەمریکا (ئالان شەوکەت حاجی مشیر)[1] لە فەیسبوك دەنوسێت: خەلکی ئەمریکا جارێکی تریش جیهانیان سەرسام کردەوە، بومەلەرزەیەکی سیاسی ڕوویداوە، کۆماریەکانیان گەڕاندەوە سەر حوکمو ترەمپێکی دوور لە سیاسەتی، دەوڵەمەندی شێتۆکەیان هەڵبژارد بە سەرۆکی خۆیان بۆ چوار ساڵی تر. لە ژێر پەیامی "ئەمریکا مەزن دەکەینەوە" کۆماریەکان بردیانەوەو دۆناڵد ترەمپ دەبێت بە بەهێزترینو دەسەلاتدارترین پیاوی جیهان. دەبێتە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان. کۆماریەکان لە پارلەمانیشو لە ئەنجومەنی پیرانیش زۆرینەیان بردوەتەوە. هەموولایەك لە شۆکدانو ئەوەی چاوەروان نەدەکرا ڕوویدا.



١ ئالان شەوکەت حاجی مشیر یاروەیسی لە ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی تەپی سەفای سەروو چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی تەپی سەفا تەواو کردووە، پاشان ناوەندی لە سانەوەی هیوا لە سیروان، لەگەڵ خێزانەکەیاندا بە بۆنەی باوکیانەوە کە سەرکردەو فەرماندەیەکی یەکێتی بووە بە ماڵەوە چەند شوێنێکی کوردستان گەڕاون لەوانە: ڕەزڵەو گوێزەکوێرو بالیسانو ناوچەی قەرەداغو هاوارو پاشان لە شارەکانی پاوەو سەقزو سنە لە ڕۆژهەلات. لە وڵاتی ئێران دەخرێتەوە بەر خوێندن، لە ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ باوكو دایكو براکانیدا ڕوو دەکاتە وڵاتی بەریتانیاو بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەوێ نیشتەجێ دەبن. هەر لەوێ کۆلیژی ئەندازیاری تەواو دەکات، لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانو لە نوسینگەی دکتۆر بەرهەم ساڵح لە سلێمانی بە پلەی ڕاوێژکار دادەمەزرێت.

ئۆبامای تەمەن ٥٥ساڵیش دوای ٨ ساڵ سەرۆکایەتی لە ئەمڕۆوە وردە وردە دەگەڕێتەوە ژیانی مەدەنی خۆیو وەك چوار سەرۆکە پێشوەکەی خۆی، کە هەموو لە ژیاندا ماوون، نازناوی سەرۆکی پێشووی لێ دەنرێت. لە هەرشوێنێکدا ناوی بهێنرێت بە سەرۆك ئۆباما ناو دەبرێت، بەردەوام ڕاوێژی پێدەکرێتو مووچەیەکی باش (ساڵی ٢١ دەفتەرو نیو)و پاسەوانو ژیانێکی شکۆمەندانەی بۆ دابین دەکریت.

زۆربەی جیهانو پارتی دیموکراتی ئەمریکا دەیانووت هیلاری بێ بەدیلە، دەیانووت هیلاری مێردەکەی چەندەها ساڵ سەرۆك بوەو خۆیشی چەندەها پۆستی حزبیو حکومی هەبوەو مێژویەکیان لە سیاسەتدا هەیە، وەك ترەمپ نیە، دیارە خەڵکی ئەمریکاش بڕیاریانداو بە جیهانیان نیشاندا بێ بەدیل یانی چی.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/١١/١٢ کۆچی دوایی قادر جەباری سەرکردە لە حزبی سۆسیالیست.


٢٠١٦/١١/١٢ هێزە عێراقییەکان بەردەوام بوون لە پێشڕەوی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵو چەند گەڕەکێکی ئەو شارەیان کۆنترۆڵ کردەوەو لە ناوەڕاستی موسڵ نزیك بوونەوە.

٢٠١٦/١١/١٣ شارۆچکەی نەمرود لە پارێزگای نەینەوا لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە کۆنترۆڵ کرایەوە.

٢٠١٦/١١/١٥ شەڕی گرتنەوەی موسڵو دەوروبەری بەردەوام بوو.

٢٠١٦/١١/١٦ کۆچی دوایی مەجید کاك حەمە فەرەج تەپی سەفایی بە مردنی کتوپڕ.

"سەیری ئینتەرنێتم کرد بینیم برای بەڕێز کاك سەرحەد یونس لە پەیجەکەی خۆی بڵاوی کردبوویەوە



کە ئێستا بەڕێز کاك مەجید حەمە فەرەج سەید ئەحمەدی تەپی سەفا کۆچی دواییکردووە. انا للە وانا الیە راجعون، جێی دڵخۆشی یە کە نوێژی کردووەو سڵاوی داوەتەوە وتویەتی سەردڵو سنگم زۆر ئێش دەکات، خێرا دەیبەن بۆ نەخۆشخانە بەڵام کۆچی دوایی دەکاتو دەگەڕێتەوە بۆلای خوای باڵا دەستو میهرەبان، کاك مەجید دایکی بامۆکی یەو پورزای دایکمە(فاتمەی حەمە ڕەشید حەمە ئەمین قادر) دایکی پوورە فاتمە ناوی (خاتوونی محەمەدی دەروێش مستەفایە) دایکی منیش مامۆستا مەلا تاهیر بامۆکی ناوی (عائیشەی کوێخا مەحمودی محەمەدی دەروێش مستەفایە) خوا لە هەموویان خۆش ببێت، لە مزگەوتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس شۆراو نوێژمان لە سەر کردو بردمان بۆ گۆڕستانی شێخ ڕەش لە نزیکی شەشکو تەپی سەفاو ناشتمان سوپاس بۆ خوا نوێژو تەڵقینەکەی من کردم، پرسەکەشی لە مزگەوتی ئەبوبەکری سدیقە لە گەڕەکی گوڵان لە پارێزگای هەڵەبجە، خوا سەبووری منداڵەکانیو هاوسەری براو خزمانی بدات، شایانی

باسە ژمارەیەکی زۆری خزمانو دراوسیّو ناسراوانیو هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش ئامادەی ڕێو ڕەسمی بەخاك سپاردنەکە بوون، کاتژمێر دوانزەو نیوی شەو گەیشتینەوە ماڵەوە"[1].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/١١/٢٢ لەم شەوەدا زانای ئایینی شاری هەولێر کە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بوو بە ناوی دکتۆر هۆشیار ئیسماعیل لەبەر ماڵی خۆیاندا تەقەی لیّ کراو کوژرا.

بەم بۆنەیەوە نوسەر مەریوان وریا قانع لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك دەنوسێت: "کە سەیری کوشتنو بڕینە ڕۆژانییەکانی ناو کوردستان دەکەم، هەستدەکەم دۆخێکی دەرونیی لەئارادایە کە پاڵ بە نووسەرانی کوردەوە بنێت هەمان ئەو ڕوانینەی سەرەوەی ئەدۆرنۆو دەروێشو ئەدۆنیس دووبارەبکەنەوە. ئایا لە دوای کوشتنی سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمانو کاوە گەرمیانیو وەداتو دکتۆر هۆشیارو، زۆرانێکی تر کە بەڕێوەن، نووسین هیچ نرخێکی ماوە؟ دوای ئەم هەموو تاوانو کوشتنە شیعرو چیرۆك ڕۆمان نووسین، وتارو کاری فیکرییو تیۆریی چ بەهاو نرخێکیان ماوە؟ لەدوای ئەو هەموو دزییو جەردەییو برسیکردنو ڕاونانو سوکایەتییە، دوای ئەو هەموو خیانەتو ناپاکییە، مرۆڤ بۆ بنووسێت؟ وەڵامی من بەم پرسیارانە ئەوەیە کە بەداخەوە هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی بەردەوامبین. کەسمان ناتوانین بەرەو دواووە بگەڕێینەوە، ناتوانین میلەتێکی ترو سیاسەتمەداری ترو مێژوویەکی تر قەرزبکەینو لە ڕێگای ئەوانەوە خۆمان لە کوردبوونو کارەساتەکانی ڕزگاربکەین. وەك چۆن لەدوای ئەوشفیتزەوە شیعر هەر نووسرا، لەدوای دەرکردنی فەلەستینییەکانەوە لە بەیروت مەحمود دەروێش لە نووسین نەکەوت، لەدوای تراژیدیاکانی دونیای عەرەبەوە ئەدۆنیس بێدەنگ نەبووە، بەهەمان شێوە ئێمەش ناتوانینو نابێت بێدەنگبین. یەکێك لە وەفادارییە گەورەکانمان بۆ سۆرانو سەردەشتو کاوەو وەداتو دکتۆر هۆشیار ئەوەیە بەردەوام بین. بنووسین، قسەبکەین، توڕەببین، ناڕەزاییدەرببڕین، بێدەنگ نەبین. نەهێڵین نائومێدمان بکەن، لێنەگەڕێین بەزینو شکست لەناوماندا بچێنین، شەتڵی ئومێدێك، هەرچەندە بچووكو ناسکیش بێت، لەناو خۆماندا گەورەبکەین. هەموو پاشەکشەیەك بۆ دواوە جۆرێکە لەبەشدارییکردن لە تاوانەکاندا، دەبێت بنووسینو قسەبکەین بۆئەوەی نەبین بە شەریکی تاوانەکانیان"[2].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٦/١١/٢٥ کۆچی دوایی میرزا عەبدوڵای شەرەفکەندی کەسایەتی دیاری شاری مهابات، ناوبراو برای هەردوو کەسایەتی سیاسیو ئەدەبی کورد هەژار موکریانیو دکتۆر سادقی شەرەفکەندییە.

---

١ مامۆستا تایەر بامۆکی، سەرچاوەی پێشوو.

٢ د. مەریوان وریا قانع، نوسەر، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکو ئاوێنە وچەند ماڵپەڕێکی دیکە، ٢٠١٦.

٢٠١٦/١١/٢٥ كۆچی دوایی فیدڵ کاسترۆ سەرۆکی پێشووی کوبا لە تەمەنی ٩٠ساڵیدا.

٢٠١٦/١٢/٤ چەند تیرۆریستێك لە ناوچەی پونگڵەی دەربەندیخان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کوژران. لەو ئۆپراسیۆنەدا هاوڵاتی حەمەی مام والی پونگڵەیی گیانی بەخشی.

٢٠١٦/١٢/٤ هاوڵاتی عەلی محەمەد حەمە خان بەگی کانی ئاسکان لە سەیدسادق بە کوژراوی دۆزرایەوە.

٢٠١٦/١٢/٤ پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارەکانی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٧ پەسەند کرد.

٢٠١٦/١٢/٧ کۆچی دوایی شێخ بورهان شێخ عوسمان نەقشبەندی خەزوورەی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهادین ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، کە لەهەمان کاتدا خەزووری مامۆستا لوقمان محەمەدە لە تەپی سەفا.

٢٠١٦/١٢/٨ کۆچی دوایی مامۆستا جوامێر پێشنوێژی مزگەوتی ئەبوبەکری سدیق لە سەیدسادق.

٢٠١٦/١٢/١٩ باڵیۆزی ڕوسیا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بەدەستی کارمەندێکی ئەمنی کوژرا، وەکوو باسی لێوەدەکرا بکوژەکە لە تۆڵەی خەڵکی حەلەب ئەو کارەی کردووە.

٢٠١٦/١٢/٢٨ دەزگای تەندروستی پێشمەرگە ئاماری شەهیدو بریندارو بێ سەروشوێنانی پێشمەرگەی لە شەڕی دژ بە داعشدا ڕاگەیاند. تا ئەم بەرواره زیانەکانی هێزی پێشمەرگە بریتی بووە لە: (٩٧٠٧) بریندارو (١٦٥٤) شەهیدو (٦٢) بێسەروشوێن، لە قوربانیانی پێشمەرگەی کوردستانن.

٢٠١٦/١٢/٢٩ ئاگربەست لە نێوان دەوڵەتی سوریاو ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە بە سەرپەرشتی ڕوسیاو تورکیا ڕاگەیەنرا. بەپێی ئاگربەستەکە دەبێت هەردوولا شەڕ ڕابگرنو دەست بکەن بە گفتوگۆی ئاشتی. لەلایەکی ترەوە پەیەدە ناوی فیدراڵی ڕۆژئاوای کوردستانی گۆڕی بۆ فیدراڵی باکوری سوریا.

٢٠١٦/١٢/٣٠ کۆچی دوایی پزیشکی نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵ بوون د. خاوەر ئەحمەد مستەفا لەکاتی منداڵ بووندا لە شاری هەولێر.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## گۆڕی خۆیان بەدەستی خۆیان هەڵکەند

٢٠١٦/١٢/٣١ کۆچی دوایی منداڵێك لە چەمی تانجەرۆ لە ڕوداوێکی تەمومژاویدا. دواتر لە دادگا دەرکەوت کە دوو کەس هەستاون بەم کارە یەکێکیان برای خۆی بووە.

کەس نازانێ کەی دەمرێو لە کوێ دەمرێت؟

مامۆستا محەمەدی گەرمکی ئیمامی مزگەوتی حاجی ساڵحی ماوەتی لەگەڕەکی خەبات، گێڕایەوە کە لەدێی سووراوی پێنجوێن پیاوێك دەمرێو گیانی بەخوای خۆی دەسپێرێت، خەڵکی ئاواییش

کۆدەبنەوە،و لەتەکیا دەچن بۆ گۆڕستان،و لەوێ گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن. دوو پیاویش بەناوی شێخ عومەری شێخ محەمەدی سوراو،و کاك جەمالی حاجی ڕەحیم یەکی پاچێ بەدەستەوە دەگرنو دەڵێن: ئێمە هەر لێرەدا وەستاوین با یەکی گۆڕێك هەڵبکەنین، خۆ هیچ زیانێکی نییە،و کێشەیەك دروست ناکات.

لەگەڵ گۆڕەکەی تردا ئەم دوو گۆڕەی ئەمانیش تەواودەبێت. ئەو ڕۆژە مردووەکە دەنێژنو دەگەڕێنەوە بۆ ناو ئاوایی. پاش چەند ڕۆژێك ئافرەتێك دەمرێت،و فەرمانی خوا بەجێ دێنێ، خەڵکی لەگەڵ تەرمەکەیدا دەڕۆن بۆ سەر قەبران، شێخ عومەرو کاك جەمالیش لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی تری ئاوایی سوار تراکتۆر دەبن، بۆئەوەی ئەوانیش لەگەڵ جەنازەکەدا بن، ولە بەخاك سپاردنیا هاوبەشی بکەن. ڕێی گۆڕستانەکەی سووراو بەرزاییەکی سەخت،و بەرەوژوورەیەکی کووڕە، سایەقەکەش میرمنداڵێکی لێ نەزان دەبێت، ناتوانێت لە بەرزاییەکە سەری بخات، تراکتۆر پاشەوپاش دەگەڕێتەوە،و وەردەگەڕێت، بەڵام تەنیا شێخ عومەرو کاك جەمالی تیا دەمرێت، ئەو باقییەکەی تری یابریندار دەبن، یا بەسەلامەتی دەردەچن، بەڵام ئەو دوانە دەمرنو دەگەڕێنەوە بۆ بارەگای پەروردگاریان. کەئەمانیش دەبەن بۆ گۆڕستان مردووەکان دەبن بە سیان ئافرەتەکە، شیخ عومەر، کاك جەمال، شێخ عومەر دەخەنە ئەو گۆڕەوە کەخۆی هەڵی کەندبوو، جەمالیش دەخەنە هەمان گۆڕ کە خۆی هەڵی کەندبوو، گۆڕیکی تر بۆ ئافرەتەکە هەڵدەکەنن.

بەڵێ، ئازیزان ئینسان نازانێ کەی دەمرێو لە کوێ دەمرێت؟ قورئانیش دەفەرموێ: "وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا ؟ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ؟" ئەو دوو پیاوە ئەگەر بیان زانیبایە ئەو گۆڕانە بۆ خۆیان هەڵدەکەنن ئایا هەڵیان دەکەند"[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٧

ساڵی ٢٠١٧ ساڵێکی ڕەشو تاریك بوو بۆ کورد، بارودۆخی ئابوری خەڵکی باش نەبوو، چەندین سەرکردەو سیاسەتمەدار کۆچی دواییان کرد لەوانە مام جەلالو نەوشیروان مستەفاو کەریم زەندو عەزیز محەمەد، هەروەها بەهۆی بیانووی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە حکومەتی عێراقی هێرشی کردەوە بۆ سەر شارو شارۆچکە جێناکۆکەکانو هەموویانی خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی. هەر لەم ساڵەدا چەندین بومەلەرزەی بەهێزو بچوك هەرێمی کوردستانو بەتایبەت ناوچەی هەڵەبجەو دەربەندیخانو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەژاند، جگە لە زیانی گیانیو ماددی خەڵکی خستە دڵەڕاوکێ ترسی بەردەوامەوە. گوزەرانی خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی باش نەبوو، بێکاریو نەبوونی موچە گرفتی سەرەکی دانیشتوانی هەرێم بوو.

---

١ د. حەسەن پێنجوێنی، نوسەر، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٦.

- گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ۲۰۱۷:

۲۰۱۷/۱/۱ هێزە عێراقییەکان گەڕەکێکی تری شاری موسڵیان لەدەستی داعش وەرگرتەوە.

۲۰۱۷/۱/۲ فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. ئەو سەردا زۆر بە گرنگ ئەژمارکرا، چونکە فەرەنسا دەوڵەتێکی زلهێزی ئەوروپیو یەکێتی ئەوروپاو پایەیەکی بنەڕەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەو خاوەنی مافی ڤیتۆیە، ئەمە جگە لە پێگە فراوانەکەی لە جیهاندا، کە هەژموونی هەیە بەسەر نیوەی ئەفریقادا.

۲۰۱۷/۱/٦ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر خالید سەعید مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین.

۲۰۱۷/۱/۹ کۆچی دوایی هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆککۆماری پێشوتری ئێران لە تەمەنی ۹۲ ساڵیدا.

۲۰۱۷/۲/۸ مامۆستا جەمیل عەبدولرەحمان قایمقامی پێشووتری هەڵەبجە کۆچی دواییکرد.

۲۰۱۷/۲/۲۵ شیفا گەردی پەیامنێری رووداو لە موسڵ کوژرا.

۲۰۱۷/۲/۲۷ هونەرمەندی کۆمیدیا زاهیر غەریب کۆچی دواییکرد.

۲۰۱۷/۳/۳ پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیو هونەرمەندی شێوەکار کەریم حەمە ڕەحیم ماچۆ ناسراو بە شۆڕش جاف پاش ئەوەی بەنەخۆشی لە ئەڵمانیا گەڕایەوە بۆ کوردستان کۆچی دواییکرد.

۲۰۱۷/۳/۱۲ حەمەی مەلا کەریم نوسەرو وەرگێڕ کۆچی دواییکرد.


۲۰۱۷/۳/۱۷ شوعلە عەلی خێزانی نەوشیروان مستەفا ئەمین لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکرد.

۲۰۱۷/۵/۵ جەمال قلرخی لە کەرکوك بەهۆی بۆمبی چێنراوەوە گیانی بەخشی.

.....................

## سەرکردە خاوەن فیکرە دنیا بینەکە ماڵئاوایی کرد

۲۰۱۷/۵/۱۹ نەوشیروان مستەفا ئەمین ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان لە تەمەنی ۷۳ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی فاروق لەشاری سلێمانی کۆچی دواییکرد.



نەوشیروان کەسێکی بە ئەزمونو سیاسییەکی منەوەر بوو، ئەو سیاسەتمەدارێك بوو، خاوەن فیکرو دنیابینی وبەرنامەی کاری سیاسی تایبەت بەخۆی. ئەو بە درێژایی ئەو ساڵانەی خەباتی شاخ، بە پشویەکی درێژەوە کاری بۆ جێکەوتنی نوڕینەکانی خۆی دەکرد. نەوشیروان مستەفا لە گفتوگۆو دیالۆگدا، کەسێکی کەمدوو، قسەلەڕوو، هەندەك جاریش توندو ڕووشکێن بوو، ئەو سەرکردەیەکی خاکی بێ فیزو دەعیە بوو، لە ژیاندا سادە، لە جلوبەرگو پۆشاکدا لەسادە سادەترو ئەم

خەسڵەتانەشی تا ڕۆژگاری ئێستاو دەورانی دەسەڵاتو دەرکەوتنی فیرعەونەکانیش هەروەکوو خۆیانن‌و زۆر نەگۆڕاون[1]

ساڵی ١٩٤٤ لە گەڕەکی سەرشەقام (بەرخانەقا)ی شاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتاییی‌و ناوەندیی‌و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٧ کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. لە سەرەتای حەفتاکان چووەتە نەمساو ماستەری لە یاسای نێودەوڵەتی لە نەمسا خوێندووە. سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو دەستی بە کارو چالاکی سیاسی کردووەو یەکەم وێستگەی ژیانی سیاسی لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە، ساڵانی ١٩٦٣و ١٩٦٤ بووەتە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان. لە ساڵی ١٩٦٧ بووەتە ئەندامی لقی سلێمانی، پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی. وە ساڵی ١٩٦٩ خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری رزگاری بووە. سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووە، وە یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دواتر هەستا بە درووستکەری باڵی ریفۆرم لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٦ وازی لە کاری حزبی لە نێو یەکێتی هێنا. دواتر کۆمپانیای وشەی دامەزراند. لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لیستی گۆڕانی دروستکرد. ، چەندین کتێبی لە بواری سیاسیی‌و مێژوویی‌و ئەدەبی هەیە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٧/٥/١٩ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران بەڕێوەچوو، پاش ڕۆژێك ئەنجامەکان ڕاگەیەنراو حەسەن ڕۆحانی بۆ دووەم خول بوویەوە بەسەرۆککۆماری ئەو وڵاتە.

٢٠١٧/٥/٢٠ لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا تەرمی نەوشیروان مستەفا لە گردی زەرگەتەی شاری سلێمانی بە خاك سپێردرا.

٢٠١٧/٥/٣١ عەزیز محەمەد سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی عێراقی کۆچی دواییکرد.

٢٠١٧/٨/٢٦ مەحمودی باوە عەزە لە کاتی بردنی وەجبەیەك پێشمەرگەدا بۆ واجب بۆمبێك تەقییەوە بە پاسەکەیداو گیانی لە دەستدا.

٢٠١٧/٩/١١ کۆچی دوایی حەمە ئاوات شێخ سدیق عەبابەیلێی.

٢٠١٧/٩/١٥ پەرلەمانی کوردستان بە بێ بەشداری گۆڕان‌و کۆمەڵ کارا کرایەوە.

٢٠١٧/٩/٢٥ ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە هەرێم ئەنجام درا.

---


١ پشکۆ نەجمەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## مەوسوعەیەکی سیاسی گەورە ماڵئاوایی کرد

٢٠١٧/١٠/٣ سەرۆك مام جەلال سكرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

مام جەلال مەوسوعەیەکی سیاسی گەورە بوو ژیاننامەکەی بەچەندین کتێب دوایی نایەت، چونکە لەسەرەتایی لاوێتییەوە تا چونە سەر تەختی کۆشکی کۆماریی‌و دواتر نەخۆش کەوتنی، هەموو ڕۆژێك لەو ڕۆژانە نامیلکەیەك نوسین‌و باس هەڵدەگرێت. وا لە خوارەوە ئاماژە بە قۆناغە جیا جیاکانی ژیانی ئەو دەکەین:



مام جەلال کوڕی شێخ حیسامەدین کوڕی شێخ نوری کوڕی شێخ غەفوور. هاوینی ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی کەلکانی قەتپاڵی چیای کۆسرەت لە دایك بووە، کە دەڕوانێتە دەریاچەی دوکان. لەوێ چۆتە قوتابخانەی سەرەتاییو بە سەرکەوتوویی خوێندنی تەواو کردووە، خوێندکارێکی زیرەك لێهاتوو بووە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە نیشانەکانی سەرکردایەتی بە جۆرێ لێدەرکەوتووە کە پێش هاوڕێکانی دەکەوت بۆ کۆڕی پرسەو ئەو بۆنانەی لەو سەردەمەدا بەڕێوە دەچوون، بەیانیان لە کاتی ڕیزبوونی قوتابییاندا، مامۆستاکان پێش هەمووان ئەویان هەڵدەبژارد بۆ خوێندنەوەی شیعری نیشتمانییو نەتەوەیی. لەوێوە بیرۆکەی نەتەوایەتی لای ئەو چەکەرەی کرد تا وای لێهات وردە وردە بەسەریدا زاڵ بوو، کە گەیشتە پۆلی چوارەمی سەرەتایی یەکێك بوو لە پێشەنگەکانی خوێندکاران کە بە پەرۆشەوە بەشداری لە چالاکیەکانی قوتابخانەدا دەکردو بەشداری لە وتار خوێندنەوەو شانۆدا دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤٦ دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندکارو بە ئامۆژگاری یەکێك لە مامۆستاکانی کۆمەڵەیەکی فێرکاری نهێنی دامەزراند بە ناوی کۆمەڵەی پێشخستنی خوێندنەوە، لە هەمان ساڵداو دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ کەوتە ژێر کاریگەری بەرنامەی پارتیو لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکانیدا کەوتە چالاکی خوێندکارانە. دوای چوونە ناو کاری سیاسییەوە، ڕۆژنامەی ڕزگاری کە پارتی دیموکراتی کورد بە نهێنی دەری دەکرد، کورتە وتاری لەژێر نازناوی ئاگر دا بۆ بڵاودەکردەوە.

ساڵی ١٩٤٧ بوو بە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردو چالاكو لێهاتوو بوو لەو ئەركو فەرمانە حزبیانەی پێی دەسپێردران. ساڵی ١٩٤٩و لە سایەی حوکمی عورفیو تۆقاندن کە کوردستانو عیراقی

گرتەوە، تاڵەبانی لە حزبدا سەرکەوتو بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیە. لە شوباتی ١٩٥١ داو لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد، بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بەڵام لەبەر پاراستنی ڕیزەکانی پارتی پلەکەی خۆی بە هەڤاڵێکی خۆی بەخشی کە دوای دەرچوونی لە زیندانی بەشداری لە کۆنگرەدا کردبوو. هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا گیراو بۆ شاری موسڵ دوور خرایەوە، لەوێش لە خەباتی سیاسیدا بەردەوام بووو دواتر چووە کەرکوك بۆ تەواوکردنی خوێندنو سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی ڕێکخستنەکانی حزبو بووە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کەرکوك. لە هەمان ساڵیشدا ئەرکی چاپو بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی بە شێوەیەکی نهێنی گرتە ئەستۆ تا ئەو ڕۆژەی گیرایەوە.

ساڵی ١٩٥٢ چووە کۆلیژی ماف _حقوق_ لە بەغداد کە ئەو دەمە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد پەرتەوازە بوو، بەڵام مام جەلال توانیی ڕێکخستنەکانی حزب تۆکمە بکاتەوە.

لە کانوونی دووەمی ١٩٥٣ دا بەشداریی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو لە مانگی شوباتدا سەرپەرشتی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کردو لە کۆنگرەیەدا بە سکرتێری گشتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردراو لە هەمان ساڵیشدا یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، هەر لەو کاتانەدا نوێنەری پارتی بوو لای زۆربەی حزبە نهێنیو ئاشکراکانی عیراقی.

ساڵی ١٩٥٤ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٥٥ سەفەری دەرەوەی عیراقی کردو لە فیستیڤاڵی لاوانو قوتابیانی جیهانی لە وارشۆ بەشداری کردو لەوێوە سەردانی یەکێتی شوورەوی ئەوساو چینی کرد.

لە یەکەمین ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨، سەرپەرشتی ڕێکخستنی خۆپێشاندانی جەماوەری سلێمانی کردو بە هاوکاری هەڤاڵانی حزب لە نێو شاردا، پاشان چووە بەغدادو بەشداریی لە کاروباری مەکتەبی سیاسیو دەرکردنی گۆڤاری ڕزگاری التحرير دا کرد، هەروەها ئەرکی ئەو خەباتەی لە ئەستۆ گرت کە لە نێو ڕیزەکانی حزبدا فراوان دەبوو، وەك پێویستییەکی بوونی حزبێکی پێشڕەوی کوردستانیو ڕێکخراوە پێشەییەکان بەرهەڵستکاری کردنی ئەو هەوڵانەی کە دەیانویست پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنە پاشکۆی حزبێکی عیراقی.

ساڵی ١٩٥٩ جارێکی تر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانو مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراو، ساڵی ١٩٦٠ بەرپرسی لقی سلێمانیو ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو کە خولێکی هۆشیاری بۆ کادێرەکان کردەوە.

ساڵی ١٩٦١ بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانو دوای داخستنی ڕۆژنامەی خەبات دووچاری ڕاوونان بوو لە بەغداد، بەڵام لە شەوی نەورۆزی هەمان ساڵدا وتارێکی دژی دیکتاتۆریەت خوێندەوەو

بەرگری لە بارزانی خوالیێخۆشبوو کرد کە ئەو سەردەمە قاسم کۆمەڵێك تاوانی دابۆوە پاڵ لە ئەنجامی ئەوەدا فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووو بە نهێنی گەڕایەوە سلێمانیو خۆی شاردەوەو بەشداری لە ڕێکخستنی مانگرتنی گشتیدا کرد کە لە شەشی ئەیلولدا کرا.

لە ئەیلولی ١٩٦١ دا کە شۆڕش هەڵگیرسا، بەرپرسی ناوچەی سلێمانی بوو، یەکەمین بنکەی شۆڕشی لە چەمی ڕێزان کردەوەو سەرپەرشتی کردو فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی لیوای سلێمانی کرد تا وای لێهات زۆر فراوان بووو بووە هێزێکی گەورە، ئەوە بوو کرا بە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

لە نەورۆزی ١٩٦٢ دا، سەرکردایەتی ئەو هێرشە بەر فراوانەی کرد بۆ سەر ناوچەی شارباژێڕو لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دەست بەسەر هەموو بنکەی پۆلیسی ناحیەی بناوەسووتەو چوارتادا گیراو هێزەکانی بەرەو قەزای پێنجوێن بردو تەواو ناوچەکەیان ئازاد کرد.

بەم شێوەیە هەردوو ناوچەی شارباژێڕو پێنجوین بوونە دوو ناوەندی شۆڕشو سەرکردایەتی. لە ١٩٦٢ ١٩٦٣ زۆربەی ناوچەکانی قەرەداغو قەڵاسێوکەو گەرمیانو سەنگاو ئازاد کران. ئەو دەمە مام جەلال فەرماندەی هێزی ڕزگاری بوو، لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتی دامەزراندنی ناوەندەکانی بەمۆو هەڵەبجەو تەوێڵەو بیارەی دەکرد.

ساڵی ١٩٧٠ ڕۆڵی کاریگەری خۆی بینی لە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشتر ببوونە دوو باڵو ناکۆکیەکی تاڵو خوێناوی لە نێوانیاندا هەبوو.

لە ١٩٧٥/٦/١ لە دیمەشق لەگەڵ دەستەیەك لە هەڤاڵانیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیی دامەزراندو نەخشەی بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دانا کە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ ڕاگەیەنراو بووە سکرتێری گشتی یەکێتی.

لە ساڵانی دوای دامەزراندنی یەکێتی لەسەر چالاکی سیاسیو سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بەردەوام بوو لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە چیاو ئەشکەوتەکانی کوردستاندا دەژیا. بە گەواهی زۆر لە چاودێرە سیاسیەکان یەکێك بووە لە بزوێنەری سەرەکی بۆ لێك نزیك کردنەوەی بۆچوونەکان لە نێو ڕیزی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە کۆنگرەکانی نیویۆركو لەندەنو سەلاحەدینو هەموو دانیشتنەکانی دوای ئەوانەش کە پەیوەندی بە ڕێکخستنو نزیکبوونەوەی ماڵی عیراقییەوە هەبوو، میوانداری زۆربەی زۆری هێزە عیراقیەکانی کردەوە لە کوردستانو پشتگیری هەمە جۆرەی کردوون.

لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیش، تاڵەبانی بەشداری چەندین کۆنگرەو کۆبوونەوەی ئیشتراکی نێودەوڵەتی کردەوەو چاوی بە سەرکردە سیاسیە نێو دەوڵەتیەکانی زۆر وڵاتانی جیهانی کەوتووە.

دوای ئازادکردنی عیراق بە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم هەڵبژێردراو لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٣ دا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کردو لەم ماوەیەدا کارامەیی خۆی لە هەڵسوڕاندنی کاروباری حوکم نیشاندا. لە ٦ی نیسانی ٢٠٠٥، مام جەلال بە یەکەمین سەرۆکی عێراق هەڵبژێردرا، بەم جۆرە تاڵەبانی لە فراوانترین دەروازەکانەوە چووە ناو مێژووی کوردو هەروەها لە جوانترین دەروازەشەوە چووە ناو مێژووی عێراقو لە ناودارترین دەروازەشەوە چووە نێو مێژووی سیاسیو دیموکراسی جیهانەوە، تا ساتی نەخۆش کەوتنی بەردەوام بووە لەسەر هەوڵی بێوچانو شەوخستنە سەر ڕۆژ بۆ هێنانەدی مافەکانی کوردو گەشەکردنی عێراقو بیاتنانەوەیو قەڵاچۆکردنی تیرۆریستانو پەیوەندی فراوان پەیداکردن لەگەڵ دەرو دراوسێو دەوڵەتانی عەرەبیو ئیسلامیو ڕۆژئاواو هاوپەیمانان. لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٣ لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دواییکرد. دواتر لە ٢٠١٧/١٠/٦ تەرمی سەرۆك تاڵەبانی لە بەرلینەوە گەیشتەوە شاری سلێمانیو لە مەراسیمێکی شایستەدا تەرمەکەی لە فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی سلێمانییەوە بەرەو مزگەوتی گەورە بەرێ کراو پاشان دوای نوێژی مردوو بەرەو ئارامگەکەی لە دەباشان بەرێکرا. تەرمی مام جەلال لەکاتی هاتنەوەدا بەئاڵای کوردستانەوە پێچرابوو، ئەمەش وای کرد کە زۆرێك لە سەرکردە عێراقیو ئێرانییەکان نیگەران بکاتو چەندین کەناڵی عەرەبی بەهۆی ئەو ئاڵایەوە پەخشی ڕاستەوخۆیان ڕاگرت[١].

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٧/١٠/١٠ گەڕیدەو جوگرافیاناسی کورد کەریم زەند لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕۆژە ڕەشەکەی ئۆکتۆبەر

٢٠١٧/١٠/١٦ لەبەرەبەیانی ئەم ڕۆژەدا سوپای عێراقو حەشدی شەعبی پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دا لە ناوچە جێناکۆکەکانو هەموو ئەو ناوچانەیان داگیر کردەوە کە پێشمەرگە لەدوای هاتنی داعش باڵا دەست بوو تیایاندا وەکوو شارەکانی کەرکوكو دووزخورماتووو جەلەولاو خانەقینو مەخمورو شەنگالو چەندین شوێنو جێگای تر. ئەم ڕۆژە ناخۆشترین ڕۆژ بوو بە لامەوە، سوپای عێراقو حەشدی شەعبی ڕژانە نێو شاری کەرکوکەوەو پێشمەرگە لەو شارە کشایەوە، وە خەڵکەکەی وەکوو کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ بەرەو دەرەوەی شارەکە هەڵهاتن.

٢٠١٧/١٠/١٦ چەندین پێشمەرگە لەسنوری شاری کەرکوك گیانیان بەختکرد، یەکێك لەوان هێرش عومەر حەمە شەریف نەمەڵی بوو.

---

١ سەلاح ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو.

هێرش عومەر حەمە شەریف نەمەڵی لە ساڵی ١٩٧٨ لە خێزانێکی کوردپەروەرو زەحمەتکێش لەدایك بووە. خوێندنی تا پۆلی دووەمی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆی بەسەرکەوتووی تەواو کردووە، دواتر لە ئامادەیی پێشمەرگە شەشەمی وێژەیی تەواو ئەکات. لە ساڵی ١٩٩٤ لەدەستەی بەڕێز کاك سەلاّح چاوشین ئەبێتە پێشمەرگە. درێژە بە کاری پێشمەرگایەتی ئەداتو چەندین کاری سەر سوڕهێنەری ئەنجامداوە بۆ خزمەتی (ی ن ك)و خەڵکی کوردستان. پلەکانی



پێشمەرگایەتی بڕیوە تا جێگری فەرماندەی تیپی هێزی تایبەتی زانیاری پێشمەرگە. لە ساڵی ٢٠٠٠ خولی پێنجی فەرماندەیی لە کۆلێژی سەربازی قەلاّچوالان بە سەرکەوتووی تەواو کردووەو پلەی ملازمی دووی پێ بەخشراوە.

لە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە شەڕێکی دەستەو یەخەی نابەرامبەر لەگەڵ سوپای داگیرکەری عێراقو حەشدی شیعی لەگەڵ کۆمەڵێك هەڤاڵ وهاوسەنگەریدا بڕیار ئەدەن تا گیان بەخت ئەکەن بەرگری لە کەرکوکی سامان دزراوو فرشراوی بێ کەس بکەن. بە خوێنی خۆیان مێژوو ی پڕ لەسەروەریو بەرخودانی خۆیان لە سەرخاکی کەرکوك نوسیەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٧/١٠/١٧ شوان قەلاّدزەیی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان بە ڕووداوی هاتوچۆ کە ڕۆژی داگیر کردنی کەرکوك بەرەو ئەو شارە ڕۆشتبوو گیانی لەدەست دا.

٢٠١٧/١٠/٢٠ سوپای عێراقو حەشدی شەعبی شارۆچکەی پردێی سەر بە کەرکوکیان بەشەڕ گرتەوە. بە پێی زانیارییەکان چەندین حەشدی شەعبی کوژراونو بریندار بوون، وە چەندین ئامێری سەربازییان تێك شکا لەوانە تانکێك لە جۆری (ئەبرامز)ی ئەمریکی.

٢٠١٧/١٠/٢٤ عەلی عەبدولاّ سکرتێری پێشوو و جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تەمەنی ٩٥ساڵیدا لە شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.

٢٠١٧/١٠/٢٥ حکومەتی هەرێم لەبەر فشارەکانی عێراقو ئێرانو تورکیاو ئەمەریکا ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی سڕ کرد. هێشتا عێراق بەوەش ڕازی نەبوو، داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکرد.

٢٠١٧/١٠/٢٧ جەمال فەقێ محەمەد بەڕێوەبەری ئاماری شارەزوور کۆچی دواییکرد.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## قیامەت بەرپابوو

۲۰۱۷/۱۱/۱۲ کاتژمێر ۹و ۱۸ دەقیقە لایدابوو، خەریکی نوسینەوەی وەڵام دانەوەی کۆمێنتی هاوڕێکانم بووم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك سەبارەت بە پۆستێکی ساڵانی هەشتاکان، خۆم دابوو بەسەر شانی ڕاستدا، باڵم کەمێك تەزی بوو، وتم با هەستم ئۆتۆمبێلەکەم بخەمە گەراجی حەوشەوە. کەمێك بای باڵم دەدەم با تەزووەکەی دەرچێتو هەوایەکی پاکیش هەڵدەمژم. لەدەرگای حەوشەوە چوومە دەرەوەو خێزانیشم بەدوامدا دەرگای گەراجی حەوشەی بۆ کردمەوە، سولفم لە ئۆتۆمبێلەکە دا خولەکێك وەستام لەسەری، هەستم بە هەڵبەزو دابەزی ئۆتۆمبێلەکە کرد، وامزانی دووکەس لەدواوە لەناو بۆدییەکەدا هەڵپەڕکێ دەکەن، لامکردەوە بۆ دواوە کەسی لێ نەبوو، وتم خوایە ئەم ماشێنە بۆ وا دەکات. لەپڕ سەرم هەڵبڕی تەماشای خانووەکەم کرد، وەکوو سەما بکات ئاوا دەلەرییەوە، محاویلەی کارەباکە کە لە بەری ماڵماندایە گرێکی لێ بەرزبویەوە، ئەو کات زانیم کە زەمین لەرزە ڕویداوە، دەستم نا بە هۆڕینی ماشێنەکەدا وتم وەرنە دەرەوە، خێزانیشم بەهەمان شێوە دەستی بە دەرگای حەوشەوە بوو هاواری بۆ ژوورەوە دەکرد بۆ ئەوەی دایکمو سێ منداڵمان لەماڵەوە بوون بێنە دەرەوە، باش بوو ئەوانیش لەیەکەم ساتدا هەستیان پێ کردبوو چوبونە ژێر باڵی دایکم بە هێواشی ڕێگایان دەبڕی، هەر ئەوەندەم بۆ کرا ماشێنم لە خانوو محاویلەکە دوورخستەوە.

شار بە جارێ هەموو شڵەژابوون، دەستم برد بۆ مۆبایل جەرەس بۆ کەسوکار بکەم خەت زۆر سەرقاڵ بوو پەیوەندی وەرنەدەگیرا، لەناو ماشێنەکە خەتی ئینتەرنێتم کردەوە وتم بزانم ئەم زەمین لەرزەیە هەر لای ئێمە بووە یان لە جێگای تریش ڕوویداوە. کاتێ چوومە ناو فەیسبوك هەر مەپرسە، پۆست لە دوای پۆست دەهاتو باسی لە ترسناکی بارودۆخەکە دەکرد، ڕووداوەکە سنورێکی جوگرافی فراوانی گرتبووەوە، کوردستانی باشورو لەوێشەوە ڕۆژهەڵات. شارەکانی دەربەندیخانو هەڵەبجەو قەسری شیرین لەلای خۆمان زیانی گیانی هەبوون لەگەڵ زیانی ماددی زۆر، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتو لە شارەکانی کرماشانو قەسرو سەرپێڵی زەهاو چەند ناوچەیەکی تر بە سەدان هاوڵاتی بوو بوونە قوربانیو هەزارانی تریش بریندار بوو بوون، لەگەڵ زیانێکی زۆری ماددی.

بوومەلەرزەکە بوو بە هۆی شڵەژانی باری دەروونی خەڵکیو ئەو شەوە کەس نەیدەوێرا لەناو ماڵی خۆیدا بخەوێت، هەموو هاتبوونە سەرجادەو شەقامەکانو لەناو ماشێنو خەیمەی بچوكو بەر ئاگر ڕۆژیان کردەوە، پلەی زەمینلەرزەکە بەپێی کەشناسی هەرێم ۷,۲ پلەی ڕێختەر بوو کە پلەیەکی ڕوخێنەرەو لەهەر وڵاتێکی بیانیدا بوایە کە قەرەباڵغنو بیناکانیان بەرزو ستونین ئەوا کارەساتێکی گەورەی مرۆیی لێ دەکەوتەوە، بەڵام کوردستان بەکەمترین زیان لێی دەرچوو ئەمەش فەزڵی خوای پەروەردگارە. بەڕاستی شەوێکی ناخۆش بوو یاخوا بڕواتو نەیەتەوە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

۲۰۱۷/۱۱/۲۰ دادگای فیدراڵی عێراق ئەنجامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندەوە.

۲۰۱۷/۱۱/۲۷ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان واژۆی لەسەر بڕیاری دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر کرد وەکوو پارێزگاری نوێی سلێمانی لەسەر لیستی گۆڕان.

۲۰۱۷/۱۱/۲۸ زەمین لەرزەیەك پارێزگای سلێمانیو هەڵەبجەو شارەزوورو دەربەندیخانی هەژاند، بەڵام بێ زیان بوو. خەڵکی کەوتنە هەڵدانی خەیمەو چادرو دانانی کابینەو دروستکردنی زنج بە نایلۆن بۆ ئەوەی تیایدا بمێننەوە، کەس نەیدەوێرا لە ناو ماڵەکانیان بخەوێتو بمێنێتەوە، بومەلەرزە یەك لە دوای یەکەکان ترسو شڵەژانێکی دەروونی بۆ خەڵك دروست کردبوو.

۲۰۱۷/۱۲/٤ سەرۆکی پیشووی یەمەن عەلی عەبدولا ساڵح لەلایەن حوسییەکانەوە کوژرا.

۲۰۱۷/۱۲/٤ زەمین لەرزەیەك ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی کوردستانو ڕۆژهەڵاتی هەژاند.

۲۰۱۷/۱۲/٦ ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بڕیاریدا باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تەل ئەبیبەوە بگوێزێتەوە بۆ شاری قودس. بەمەش ڕایگەیاند کە قودس پایتەختی ئیسرائیلە. ئەم بڕیارەی ترەمپ نیگەرانی دەوڵەتە عەرەبیو ئیسلامییەکانی لێ کەوتەوە.

مامۆستا (دڵشاد نامیق)[1] لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك وتارێك بەناونیشانی (لەقودس، عەرەب چیان ویست وبەچی گەیشتن؟) بڵاو کردەوە ئەمەی خوارەوە ناوەڕۆکەکەیەتی: لە ساڵی ۱۹٤۷ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، بڕیاری ژمارە ۱۸۱ دەرچوو، کەتیایدا سەرەڕای ئەوەی ئینتدابی بەریتانی کۆتایی پێ هێنا لەسەر فەلەستین، بڕیاریدا کە خاکی فەلەستین بکرێت بەسێ بەشەوە:

۱. دەوڵەتێك بۆ عەرەبەکان دروست بکرێت لەسەر ڕوبەری ٤٥٪ی خاکەکەی.

۲. دەوڵەتێك بۆ جولەکە دروست بکرێت لەسەر ڕوبەری ٥٥٪ی خاکەکەی.

۳. هەردو شاری قودس وبەیت لەحم بکرێتە ناوچەیەکی تایبەتو بخرێتە ژێرچاودێری نێودەوڵەتیو لەژێر دەسەڵاتی عەرەب وجولەکەدا نەبێت.

جولەکەکان ئەم بڕیارەیان قبوڵ کردو لە ساڵی ۱۹٤۸ دەوڵەتی خۆیانیان ڕاگەیاند بەناوی "ئیسرائیل"، بەڵام عەرەبەکان بڕیارەکەیان ڕەتکردەوە، بڕیاریاندا ئیسرائیل لەناوببەنو دەبێت قودس پایتەختی دەوڵەتی عەرەبی فەلەستین بێت. ئیدی هێزی عەرەبی کەوتەخۆی بۆ لەناوبردنی ئیسرائیل، ئەم

---

۱ دڵشاد نامیق، جێگری بەڕێوەبەری گشتی لە فەرمانگەی هەڵەبجەی کۆمیسیۆن، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ۲۰۱۷.

هێزە پێکهاتبوو لە سوپای دەوڵەتە عەرەبییەکانی (عێراق، سوریا، ئوردن، میسر، لبنان، ژمارەیەك چەکداری عەرەبی فەلەستینی) دوای دروستبوونی شەڕ لەنێوان سوپای عەرەب ودەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ عەرەبەکان تێکشکان وئیسرائیل توانی چەندین ناوچەی تر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بەبەشی ڕۆژئاوای شاری قودسیشەوە، ئینجا ئاگربەستی "ڕودس" هاتەکایەوەو ئیسرائیل سنورەکەی فراوان بوو وە بووبەخاوەنی ٧٧٪ خاکی فەلەستین.

لە ساڵی ١٩٦٧ جارێکی تر شەڕ لەنێوان عەرەب وئیسرائیل ڕویدایەوەو لەماوەی ٦ ڕۆژدا جارێکیتر سوپای عەرەبەکان تێکشکایەوەو ئەم جارە بەشی ڕۆژهەڵاتی قودسیش کەوتە دەست ئێسرائیل لەگەڵ بەشێك لەهەریەك لە میسرو سوریاو ئوردن (بیابانی سینا، بەرزاییەکانی جۆلان، کەرتی ڕۆژاوا)!

لەوکاتەوە شاری قودس بەرۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایەوە بەتەواوی لەژێر ئیدارەی ئیسرائیلدایەو لەڕوی ئاینیشەوە بەپایتەختی خۆی زانیوە، فەلەستینیەکانیش دوایی ڕێکەوتن نامەی ئاشتیان لەگەڵ ئیسرائیل ساڵی ١٩٩٣، ئیتر وازیان لەوە هێنا داوای هەموو قودس بکەن تەنها داوای بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەیان کردوە. لە ساڵی ١٩٨٠ پەرلەمانی ئیسرائیل یاسایەکی دەرکردو هەموو شاری قودسی وەك پایتەختی هەمیشەیی ئیسرائیل ناساند، دەوڵەتانی عەرەبی ونەتەوەیەکگرتووەکانیش UN بڕیارەکەیان ڕەتکردەوە.

بەڵام ئیسرائیل بەردەوام لەهەوڵی زەمینە سازیدابووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی خۆی، تەنها لەبەر مجامەلەی هەندێ وڵاتی عەرەبی وئیسلامی بڕیارەکەی بەتەواوی جێبەجێ نەکردووە، چونکە زۆرێك لەوڵاتانی ئیسلامی وعەرەبی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاساییە وباڵیۆزیان لای یەکتر هەیە.

بەکورتی عەرەب دەوڵەتی فەلەستینیان لەسەر ٤٥٪ی خاکی فەلەستین بەکەمزانیو لە ساڵی ١٩٤٧ نەیانویست، ئێستا دوای ئەو هەموو دەردیسەریەی بەسەریان هات، داوای ئەوەدەکەن ئیسرائیل ڕازی بێت بەدەوڵەتێك بۆیان لەسەر لەسەدا ٣٣٪ی خاکی فەلەستین.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

٢٠١٧/١٢/٨ بومەلەرزەیەك بە گوڕی ٤,٨ پلە هەڵەبجەو شارەزوورو سلێمانیو کرماشانو سنەی هەژاند.

٢٠١٧/١٢/١١ دوو بومەلەرزە بە گوڕی ٦و ٤,٨ پلە سلێمانیو هەڵەبجەو شارەزوورو دەربەندیخانو پێنجوێنو چەند ناوچەو شوێنی تری لە هەرێمی کوردستانو چەند شارو شارۆچەکەو گوندێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەژاند.

٢٠١٧/١٢/١٩ خۆپیشاندان لە چەند شارو شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو، ئەوەش بەهۆی نەبوونی موچەو خزمەتگوزارییەکانی وەکوو کارەباو سوتەمەنیو خراپی دۆخی بازاڕ وەکوو

قۆرخکردنو بەتاڵانبردنی سەروەتو سامانی میللەت لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە. لە ئەنجامی ئەو خۆپیشاندانەدا لە ڕانیە ٥ کەس کوژرانو ٨٠ کەسی دیکە بریندار بوون.

٢٠١٧/١٢/٣١ ئەمڕۆ کۆتا ڕۆژی ساڵی ٢٠١٧یە، خوات لەگەڵ ساڵە پڕ لە کارەساتو ناخۆشییەکان، هیوادارم کۆتا ساڵی ناخۆشیو ماتەم بێتو دەرگای ئومێدو خۆشی بە ڕووی گەلی کوردو گەلانی تری ناوچەکەدا بکرێتەوەو چی دی هەموان وەکوو برا لە ئاشتیو ئارامیدا بژین.

## دیارترین سەرچاوە بەکارهاتووەکان:

- **کتێب:**


١. بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی، وتەکان، وەرگێڕانی فاروق ڕەسول یەحیا.

٢. پشکۆ نەجمەدین، ئەزمونو یاد، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٣. پۆل بریمەر، ساڵەکەم لە عێراق، وەرگێڕانی محەمەد چیا، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، ٢٠١٤.

٤. حەسەن بارام، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستانو عێراق، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥. حەمەی حەمە سەعید، دەنگی خاك، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦.

٦. د. عومەر عەبدولعەزیز، یەکگرتووی ئیسلامیو پرسی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١١.

٧. د.یاسین سەردەشتی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی ٢٠٠٧.

٨. ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٣.

٩. سەلاح ڕەشید، مام جەلال "دیداری تەمەن"، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠١٧.

١٠. فەرهەنگی شارەزوور، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠١٦.

١١. کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تأریخی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، ١٩٩٥.

١٢. مامۆستا هەژار، چێشتی مجێور، ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوەی میهرەگان، چاپی دووەم ٢٠٠٧.

١٣. مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٤. محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی دووەم، ١٩٩٩.

١٥. مذکرات فؤاد عارف، اعداد وتقدیم د. کمال مظهر احمد، دار اراس للطباعة والنشر، اربیل.

١٦. نەوشیروان مستەفا امین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن.

١٧. نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکان ١٩٧٥-١٩٧٨، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٧.

١٨. هاوڕێ باخەوان، هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستانو کورد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٩. ئەیوب ڕۆستەم، هۆزی وەڵی لە ڕابردووو ئێستادا، چاپخانەی بابان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٠. ئیدریس سیوەیلی، ڕەوتی ئیسلامی لە باشوری کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٠٩.

- **گۆڤارو ڕۆژنامە:**

٢١. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٦٦٠) لە ٢٠١١/١٢/٢٣

٢٢. ڕۆژنامەی ئاوێنە

٢٣. گۆفاری پەیڕەوانی تەریقەت، ژمارە (٥) ساڵی دووەم، تەموزی ٢٠٠٩.

٢٤. مجلە الحراو، العدد (٢٠)

- **دیمانەو چاوپێکەوتن‌و پەیوەندی تەلەفۆنی:**

٢٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مەلا تایەر حاجی عوسمان یارەویسی لە چەند ڕۆژو جێگای جیاجیادا.

٢٦. چاوپێکەوتن لە گەڵ بەڕێز محەمەد حاجی مشیر یارەویسی. ٢٠١٥

٢٧. چاوپێکەوتن لە گەڵ بەڕێز مارف حاجی عوسمان یارەویسی . ٢٠١٤

٢٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەلی حاجی ئەحمەد شەکرالی ٢٠١٦

٢٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد مەجید تەپی سەفایی ٢٠١٥

٣٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز حەمەعەلی حاجی حەمەساڵح شەکرالی ٢٠١٦

٣١. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز نەجمەدین حاجی ئەحمەد شەکرالی ٢٠١٦

٣٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز نوری محەمەد حاجی تەپەکوڕەیی ٢٠١٦

٣٣. پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز شەفیق بانی شاری ٢٠١٦

٣٤. پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز عەتا شەهید حەمەڕەشید قاینەجەیی ٢٠١٦

- **توێژینەوە:**

٣٥. سەروەر حەمە ئەحمەد، القضیة الکوردیة من منظور السیاسة الخارجیة الامریکیة: "دراسة حالة لإقلیم کوردستان العراق ٢٠٠٠-٢٠١٢، رسالة ماجستیر، کلیة التجارة والإدارة الأعمال، جامعة حلوان- القاهرة، ٢٠١٤.

٣٦. بەهادین مەجید ئەحمەد، ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجەی تازە، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧.

- **دەستنووس:**

٣٧. یاداشتەکانی بەڕێز مام خالید عەبدولرەحمان کانی شێخی کە لەناو ڕۆژمێری هاوسەردا تۆماری کردوون لە نێوان ساڵەکانی (١٩٧٥-٢٠١٦).

- **تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان:**

٣٨. خەدیجە عەبدولجەبار (ئەندازیار)

٣٩.  دکتۆر سەلام عەبدولکەریم (نوسەرو مامۆستای زانکۆ)

٤٠.  حەمەتوفیق حاجی کەریم (مامۆستا)

٤١.  توانا عوسمان (نوسەرو ڕاگەیاندکار)

٤٢.  حسن حاجی قادر گەرمیانی  (پێشمەرگەی دێرین)

٤٣.  حسێنی کادیر ( پێشمەرگەی دێرین).

٤٤.  حیکمەت هەڵەبجەیی (پێشمەرگەی دێرین)

٤٥.  خالید سلێمان (نوسەرو ڕۆژنامەنوس)

٤٦.  دەوەن مەعروف (پێشمەرگەی کۆن)

٤٧.  دکتۆر حەسەن پێنجوێنی (بانگخوازو نوسەر)

٤٨.  دکتۆر مەریوان وریا قانع (نوسەر)

٤٩.  دکتۆر ناصح مەلا کەریم  (مۆردینی) مامۆستای زانکۆ

٥٠.  دکتۆر ئەحمەد وەرتی (پەرلەمانتار)

٥١.  دڵشاد نامیق (نوسەر )

٥٢.  دلێر باجەلانی (پێشمەرگەی دێرین)

٥٣.  ڕزگار ئەحمەد هەڵەبجەیی (مافناس)

٥٤.  ڕێبین هەردی  (نوسەر)

٥٥.  سەروەر حەمە ئەحمەد (نوسەرو مامۆستای زانکۆ)

٥٦.  سەلاح سالار (نوسەرو ڕاگەیاندکار)

٥٧.  سلێمان عەبدولا یونس (نوسەر)

٥٨.  سۆران عومەر (پەرلەمانتار)

٥٩.  سیروان حەمەشەریف زێڕینجۆیی ( پارێزەر)

٦٠.  شادمان مەلا حەسەن (پێشمەرگەی دێرین)

٦١.  شەریف کەشکۆڵ (پێشمەرگەی دێرین)

٦٢.  شەوکەت عەبدولا  (گردی گۆیی) کارمەندی تەندروستی)

٦٣.  شوان هەورامی (نوسەر)

٦٤. عەبدوڕەحمان محەمەد عارف (مامۆستای زانکۆ)

٦٥. عەلی حەمەساڵح تەها (پەرلەمانتار)

٦٦. فاتیح شێخ محەمەد سەمیع ( نوسەرو ڕاگەیاندکار)

٦٧. فازیل ساڵح (گامێش تەپەیی) هاوڵاتی

٦٨. فایەق قادر حەمەساڵح تاوگۆزی ( پێشمەرگەی دێرین)

٦٩. فەلاح سەلاح عەبدوڵا (مامۆستا)

٧٠. کەمال ئەحمەد تەپەکەلی (نوسەر)

٧١. مامۆستا کۆچەر محەمەد عارف

٧٢. مامۆستا مەلا تایەر بامۆکی (وتاربێژ)

٧٣. مامۆستا مەلا حەسەن شەمێرانی (وتاربێژ)

٧٤. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سەیدسادقی ( مامۆستای ئاینی)

٧٥. مەحمود یاسین کوردی (ڕاگەیاندکار)

٧٦. مەحمود یاسین کوردی ، ڕۆژنامەنوس

٧٧. مەریوان نەقشبەندی ( بەرێوەر لە وەزارەتی ئەوقاف)

٧٨. مەسعود عەبدولخالق (نوسەر)

٧٩. مەشخەڵ کەولۆسی (نوسەرو وەرگێڕ)

٨٠. محەمەد سان ئەحمەد (نوسەر)

٨١. نەوزاد عەلی فەتاح (ڕۆژنامەنوس)

٨٢. نوری محەمەد حاجی میرئەحمەد ( پێشمەرگەی دێرین)

٨٣. هۆمەر دزەیی ( هونەرمەندو ڕاگەیاندکار)

٨٤. هیوا جەمال ( ڕاگەیاندکار)

٨٥. ئازاد جەلال (توێژەری کۆمەڵایەتی)

٨٦. یاسین تەها (نوسەرو ڕاگەیاندکار)

٨٧. ئالان شەوکەت (ئەندازیار)

٨٨. ئاوارە حسێن (مامۆستای زانکۆ)

٨٩. یوسف ئەحمەد محەمەد (مامۆستا)

٩٠. عەبدولرەحیم مەلا تایەر (ئەندازیار)

## ناوەڕۆك:


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ٥ |
| دەروازە | ٧ |
| كورتەیەك لە ژیانو ڕەچەڵەكی خۆم | ١٧ |
| هۆزی وەڵی | ٢٠ |
| هۆزی یاروەیس | ٢٣ |
| بەسەرهاتی شەهید بوونی عەبدولرەحمانی مەحمودی یاروەیس | ٢٧ |
| كورتەیەك لە مێژووی ژیانی حاجی مەحمودی یاروەیس | ٢٩ |
| ژیاننامەی مەلا تایەر حاجی عوسمان عومەر مەحمود یاروەیس | ٣١ |
| گوندی شەكرالیو نیشتەجێ بوونی باوام بەیەكجاری لەوێ | ٣٧ |
| **ڕووداوەكانی ساڵی ١٩٧٥** | ٤١ |
| ڕێكەوتننامەی جەزائیرو كاردانەوەی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی كورد | ٤٣ |
| ژیانو بارودۆخی ئابوریو كۆمەڵایەتیمان لە گوندی شەكرالی لە ساڵی ١٩٧٥ دا | ٤٧ |
| نەشتەرگەری | ٥٠ |
| **ڕووداوەكانی ساڵی ١٩٧٦** | ٥٢ |
| ئامادەكاری بۆ چوونە دەرەوە | ٥٤ |
| فڕینی حەوت هەڵۆ بەرە چیا | ٦٠ |
| دیواری ترس ڕوخاو تەلیسمی بەعس شكا | ٦٧ |
| شاییان لێ كردن بە شیوەنو گریان | ٦٨ |
| خەزەڵوەرو تێكدانی هێلانەكان | ٧٦ |
| لە پرسەی باوكیەوە بۆ زیندان | ٨١ |
| سەرەتای گەشتێكی دوورو درێژ | ٨٢ |
| هاتنە دنیای پەپولەیەك لە بیابان | ٨٩ |
| **ڕووداوەكانی ساڵی ١٩٧٧** | ٩٠ |
| ڕەشەی ساڵحو ئێوارە خوانێك لە گوندی شەكرالی | ٩٣ |

| | |
|---|---|
| ٩٤ | مەرگی پەپولەیەك لە بیابان |
| ٩٦ | قسەکردن لە درزی دیوارەوە |
| ٩٧ | گەڕانەوە لە مردن |
| ٩٨ | گەمارۆدانی هەڵۆکان |
| ١٠١ | جێگای حوشترەکان |
| ١٠٧ | ماڵ جیاکردنەوە |
| ١١١ | داستانی تووەقوتو مەرگی حەوت پڵنگ |
| ١١٤ | خەوبینینی مام غەفور ئاغجەلەری |
| ١٢٠ | دەرمانخواردکردنی زیندانییەکان |
| ١٢٣ | **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٨** |
| ١٢٤ | خەوبینینی دایکم |
| ١٢٩ | ئیختیفا لەناو باخە چنارەکە |
| ١٣٠ | میری سورو مەرگی هەڵۆکان |
| ١٣٠ | بەهاری شادی بوو بە پایزی غەم |
| ١٣١ | شەهید یونس محەمەد عەلی ناسراو بە شەهید هاوار |
| ١٣٢ | چالاکییەك لە تۆڵەی شەهیدانی میری سوردا |
| ١٤٢ | یەکەم ڕۆژی چونم بۆ قوتابخانە |
| ١٤٢ | کانی پەروونیو مەرگی بەورێك |
| ١٤٣ | **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٩** |
| ١٤٥ | سەردانی خانەقای بیارە |
| ١٤٧ | قانعو لەتە خشت |
| ١٤٩ | بەجێمانی پڵنگێك لە نیوە شەودا |
| ١٥٠ | کۆچی پیرە هەڵۆیەك لە غەریبیدا |
| ١٥١ | لەهاوارە کۆنەوە بۆ ماڵی موختاری تەپەتۆڵەکە |
| ١٥٦ | کەسمان ناتوانین ئیستیقالە بکەین |
| ١٥٦ | پاوە بوو بە گۆڕستانی دوژمنان |
| ١٥٩ | **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠** |

| | |
|---|---|
| وەرزی کنگرو هاز | ١٥٩ |
| سینەمای گوند | ١٦٠ |
| زرك وەشاندنی دەروێشەکان | ١٦٠ |
| قەمچی ڕەشێك لە زیندان | ١٦١ |
| مەزادخانەکەی شانەدەری | ١٦٤ |
| بەهۆی خەولێکەوتنەوە ڕزگاری بوو | ١٦٦ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨١** | ١٧٠ |
| ماڵ بار کردن | ١٧١ |
| دالاشەکان گوند بەگوند بە شوێن هەڵۆکانەوە بوون | ١٧٢ |
| ناوگردانو شەڕی براکان | ١٧٨ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٢** | ١٨٠ |
| ئۆرزدی هەڵەبجە | ١٨١ |
| بەفرە زۆرەکەی شارەزوور | ١٨٢ |
| ڕاپەڕینەکەی سەیدسادق | ١٨٥ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٣** | ١٩٢ |
| تەنها یەك فیشەکی دەمانچەی پێ مابوو | ١٩٣ |
| داستانی کانی بەردینەو قەڵبەزە | ١٩٥ |
| گۆمە گەورەکە چۆن دروست کرا؟ | ١٩٧ |
| شەڕ لە شەکرالیو خاکوخۆڵ | ١٩٨ |
| داستانی گوندی شیرەمەڕ | ١٩٩ |
| پڵنگو بەور لە پەرێزی یەکتریدا | ٢٠٠ |
| ئاگربەستی یەکێتی لەگەڵ حکومەتی بەعس | ٢٠١ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٤** | ٢٠٣ |
| قەڵایەك لە مەردایەتی | ٢٠٤ |
| دەنگێکی بەسۆز خامۆش کرا | ٢٠٦ |
| سەددام لەکەس نەدەبووری | ٢٠٨ |
| گەشتێك بۆ ناو بەفر | ٢٠٨ |

| | |
|---|---|
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٥** | ٢١١ |
| پیاوە ئاسنینەکە تیرۆر کرا | ٢١٣ |
| پێشمەرگەیەکی شێوەکار | ٢١٤ |
| یەکتربینینێکی پڕ بایەخ | ٢١٦ |
| بەدوای تانکەوە ڕایانکێشا تا گیانی سپارد | ٢١٨ |
| دەستڕێژێك تەقەو کەوتنی دوو هەڵۆ | ٢٢٢ |
| بەقۆڵو چاو بەستراوی ڕەوانەی هەیئەی کەرکوك کران | ٢٢٢ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٦** | ٢٢٥ |
| جێبە کورتەکەو گوێرەکەی دوابڕاو | ٢٢٦ |
| مەلیك فەیسەڵی دووەم لە دیوەخانی حاجی مەحمودی هاروونی | ٢٢٩ |
| هاتنەوەی جەنازەی ڕەشەی ساڵحە بۆ هەڵەبجە | ٢٣١ |
| خاپوورکردنی هەردوو گوندی تەپی سەفای خوارووو سەروو | ٢٣٥ |
| سۆپەرمارکێتێك لەناو کێڵگەی توتن | ٢٣٨ |
| خنکانو سوتانی سەدان پەپولە | ٢٢٨ |
| گەڵاشکێنو توتن لێدان | ٢٢٩ |
| هێرش بۆ سەر بیرەنەوتەکانی کەرکوك | ٢٤٠ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٧** | ٢٤١ |
| بە هێلیکۆپتەر هاتن بۆ گرتنی | ٢٤٤ |
| بەچەکی کیمیایی نەخشەی داستانی ڕزگاری پوچەڵ کرایەوە | ٢٤٥ |
| وەرزی بەهاریان خنکاند | ٢٤٦ |
| سەیدێك لە خواحافیزی حوجرەکەیدا | ٢٤٧ |
| بەزۆری تفەنگ پاسەکەیان وەستاند | ٢٤٩ |
| بزربوونی چوارسەد دیناری سویسری | ٢٤٩ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨** | ٢٥٦ |
| نامەیەك لە سیروانەوە بۆ سنە | ٢٥٧ |
| لە ژێر لێزمەی باراندا گەڕانەوە بۆ کەلاوە ڕووخاوەکان | ٢٥٨ |
| مەرگی باوكو کوڕێك | ٢٦٢ |

| | |
|---|---|
| هەڵەبجە کەوتە نێوان دوو بەردئاش | ٢٦٤ |
| شەهید بوونی سەباحی مام ئەحمەد | ٢٦٥ |
| هەڵەبجەو تەواوی ناوچەکە خنکێنران | ٢٦٩ |
| لە گوندی سازان فڕۆکە بۆردومانی کردین | ٢٧١ |
| لە بەندیخانەی ئەوغریب هەواڵی خنکانی هەڵەبجەی بیست | ٢٧٣ |
| پزیشکێك لە سێوسێنانەوە دەدوێت | ٢٧٥ |
| دوای شەش مانگ هەواڵی شەهید بوونی خانەوادەکەی زانی | ٢٨٣ |
| شارەکە وێرانەیەك بوو | ٢٨٥ |
| باوەڵەکەم گسکی لێ درابوو | ٢٨٦ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٩** | ٢٨٧ |
| قەزای شارەزوور (هەڵەبجەی تازە) | ٢٨٧ |
| بارام نەجیب بارام ناسراو بە بارام بەگ | ٢٩٠ |
| پرسەکەی عەدنان خەیروڵڵام لەبیرە | ٢٩٢ |
| ئەو هاوینە حەماڵیم کرد | ٢٩٤ |
| گەڕانەوەی هەڵۆکان بۆ گەرمیان | ٢٩٤ |
| وشیار بیاوێڵەیی شەهیدی زیندوو | ٣٠١ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٠** | ٣٠٢ |
| باوکی دوو شەهید لە ئاوارەییدا سەری نایەوە | ٣٠٣ |
| عێراق کەوتە ناو تەڵەوە | ٣٠٤ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١** | ٣٠٥ |
| بەهاری ئازادی | ٣٠٩ |
| گولەیەکم بەرکەوتووە بەڵام هیچ نییە | ٣١١ |
| لەخۆتەوە دوای قەرەباڵغی مەکەوە | ٣١٢ |
| کاتێ تفەنگ بۆنی نێچیری کرد | ٣١٣ |
| کۆڕەوی ملیۆنی | ٣١٥ |
| سەری بێ ڕۆژی لە ژێر خاکدایە | ٣١٧ |
| بۆ ڕیش چوین خەریك بوو سمێڵ بخەینە بانی | ٣١٩ |

| | |
|---|---|
| مەلا سدیق‌و جبەکەی بەری | ٣٢٣ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٢** | ٣٢٧ |
| مەرگی دوو پەپولە | ٣٢٧ |
| ئاسمان کرا بە دەنووکی کەو | ٣٣٠ |
| سەددام بۆیە تۆقیوە تەیارەی حسکی دیوە | ٣٣٢ |
| دار بڕین لە زێدی خۆمان | ٣٣٧ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٣** | ٣٣٩ |
| شەڕی شیوعی‌و یەکێتی لەسەر بینایەك | ٣٤٢ |
| شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامی‌و یەکێتی | ٣٤٣ |
| شەڕی پارتی‌و حسك | ٣٤٤ |
| شەڕی بزوتنەوەو یەکێتی هەڵگیرسایەوە | ٣٤٥ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٤** | ٣٤٦ |
| هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی لەنێوان پارتی‌و یەکێتی | ٣٤٨ |
| گومرگە تڕە، فافۆنە گومرگی بکەن! جەنازەیە جەنازە | ٣٤٩ |
| شەهید عەبدولرەحمان مەلا تایەر | ٣٥٣ |
| لەناو بەستەڵەکی بەفردا زۆپای دار نێڵەی دەهات | ٣٥٥ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٥** | ٣٥٦ |
| لەیادی کیمیاباران دا وەکو دیل هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردن | ٣٥٧ |
| دەفری فڕیو | ٣٥٩ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٦** | ٣٦٠ |
| بەهێز دەرکراوم دەبێ بە هێز بگەڕێمەوە | ٣٦٣ |
| هەڵۆکانی سۆیلەمیش | ٣٦٥ |
| گەردەلولی تۆڵە | ٣٦٦ |
| **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٧** | ٣٦٧ |
| شەکرو چا دابەش کرا | ٣٧٣ |
| کۆتا پاسەوانی ئەقسا | ٣٧٣ |
| گەشتی مچەکوێر | ٣٧٩ |

| | |
|---|---|
| ٣٨٠ | **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٨** |
| ٣٨١ | دیوەخانی کەنار دەریاچەکە |
| ٣٨٣ | شاییو زەماوەند لە مچەکوێر |
| ٣٨٦ | **ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٩** |
| ٣٨٨ | نامەی کاك نەوشیروان بۆ مام جەلال |
| ٣٨٨ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٠** |
| ٣٨٩ | شارەزوور |
| ٣٩١ | پێشبینی دروست بوونی مۆبایل |
| ٣٩٣ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠١** |
| ٣٩٦ | سەفەری پڕ دەردی سەری |
| ٣٩٨ | خێڵی حەمە خلێتانی خوێن کرا |
| ٤٠١ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٢** |
| ٤٠٥ | قەسابخانەکەی گردە درۆزنە |
| ٤٠٦ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٣** |
| ٤٠٧ | شەهیدی سەرکردە شەوکەتی حاجی مشیر |
| ٤١٦ | سەری مەنهۆڵی عێراق لادرا |
| ٤١٦ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٤** |
| ٤١٩ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٥** |
| ٤٢٢ | ئەو هەنارەم لە بەهەشتەوە بۆم هێناوی |
| ٤٢٣ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٦** |
| ٤٢٥ | فیرعەونەکەی عێراق لە سێدارە درا |
| ٤٢٦ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٧** |
| ٤٢٨ | زیارەتی قورئانەکەی نگڵ |
| ٤٣٠ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٨** |
| ٤٣٤ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٩** |
| ٤٣٥ | مام جەلال لە تەپی سەفا بوو |
| ٤٣٩ | **ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٠** |

| | |
|---|---|
| ٤٤٠ | **ڕووداوەكانی ساڵی ٢٠١١** |
| ٤٤٥ | **ڕووداوەكانی ساڵی ٢٠١٢** |
| ٤٤٧ | زیارەتی حەزرەتی بەدیعوززەمان |
| ٤٥٠ | **ڕووداوەكانی ساڵی ٢٠١٣** |
| ٤٥١ | كاتێ سكاڵاكەم خوێندەوە توشی شۆك بووم |
| ٤٥٧ | **ڕووداوەكانی ساڵی ٢٠١٤** |
| ٤٥٧ | ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش |
| ٤٦٤ | یادەوەری سەربازێكی ون |
| ٤٦٦ | كەوتنی شەنگال |
| ٤٦٧ | هێرشی داعش بۆ سەر كۆبانی |
| ٤٧٠ | **ڕووداوەكانی ساڵی ٢٠١٥** |
| ٤٧١ | لە نیشتمانی دوورەوە |
| ٤٧٧ | **ڕووداوەكانی ساڵی ٢٠١٦** |
| ٤٧٨ | بۆچی ناو نرا (بارلا)؟ |
| ٤٨١ | ساڵ بە ساڵ خۆزگە بە پار |
| ٤٨٩ | هەڵەبجە لە هێرۆشیمایە |
| ٤٩٥ | هەموو ژنێكی ئەم كوردستانە باڵێۆزی نیازپاكیە |
| ٥٠٢ | بومەلەرزەیەكی سیاسی گەورە |
| ٥٠٥ | گۆڕی خۆیان بەدەستی خۆیان هەڵكەند |
| ٥٠٦ | **ڕووداوەكانی ساڵی ٢٠١٧** |
| ٥٠٧ | سەركردە خاوەن فیكرە دنیا بینەكە ماڵئاوایی كرد |
| ٥٠٩ | مەوسوعەیەكی سیاسی گەورە ماڵئاوایی كرد |
| ٥١٢ | ڕۆژە ڕەشەكەی ئۆكتۆبەر |
| ٥١٤ | قیامەت بەرپابوو |
| ٥١٨ | سەرچاوەكان |